عبدالله/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2071- د. کەریم ککو/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2072- د. عەباس عەلی سلێمان/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2073- د. ئادەم عبدالجبار عبدالله/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2074- م. ڕەقیب سعید شرف/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2075- م. ئەردەوان ئیسماعیل/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2076- د. مراد جبار سعید/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2077- م. عمران محمد اسماعیل/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2078- د. سەردار حمدامین اسماعیل/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2079- د. فتحی جوهر قرمزی/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2080- د. شکر محمود عبدالله/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2081- د. ئومێد نجم الدین جمیل/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2082- د. محمد شاکر محمد صالح/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2083- د. ڕەمەزان صالح ڕەحمان/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2084- د. عبدالوهاب غفوور کەریم/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2085- م. ئەیوب محمد عەسمان/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2086- م. ئەحمەد مەحموود سەیدۆک/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2087- هاوژین محەمەد مەحموود/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2088- م. هدی فەرهاد موسی/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2089- پاوان اصغر تالیب/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2090- د. قادر مجید/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2091- د. حەسەن خالید مستەفا/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2092- د. عادل عبدالله حەمەد/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2093- د. فائز ئەبوبەکر قادر/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2094- د. جەمیل عەلی ڕەسول/ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین 2095- هیپم بترس شمعون/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2096- ئەمین یاسین/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2097- ڤیان عەباس/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2098- محەمەد ئیبراهیم ئامێدی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2099- عەدنان یوسف حسێن/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2100- عایشە شەوکەت تەیب عەلی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2101- ڕائید جەرجیس اوراها/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2102- میرنا بترس شەمعون/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2103- سالم سەمیر ابلحد/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2104- سامر صباح زێرۆ/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2105- ئومێد ڕەقیب عبدالله/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2106- نوسرەت هادی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2107- دلێر فازل محەمەد ئەمین/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2108- هەدار ئەنوەر تاهیر/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2109- ئیسماعیل حەمید حەمەد/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2010- خالد محمد عبدالرحمن/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2111- پەروەر محەمەد عەلی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2112- ئازاد ناجی شوکری/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2113- شڤان حەمید عبدالرحمن/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2114- ئیسماعیل سەلیم/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2115- حەسەن عارف ئەحمەد/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2116- نەسرەت عرفان عەبدی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2117- حەسەن حەجی حەسەن چەمانی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2118- ڕەشید نەجیا سەلیم/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2119 -ئیبراهیم محەمەد نووری/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2120- کەمال محەمەد سەبری/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2121- ئەمین خەلات الیزیدی/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2122- ئازاد عبدالله سەمەد/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2123- مللەت عیصمت اقبال/ نووسەر/ دهۆک 2124- سەردار ئەبابەکر/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2125- خەلیل کەمال خەلیل/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2126- ئەحمەد عەبدوڵلا زوبێر/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2127- نیهاد ئەکرەم شەهباز/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2128- نزار مووسا/ هونەرمەند/ دهۆک 2129- ماهر عادل یەزدین/ هونەرمەند/ دهۆک 2130- هەڤاڵ صبحی/ هونەرمەند/ دهۆک 2131- ڕێژین ئازاد چەلەبی/ هونەرمەند/ دهۆک 2132- نەجات شەکر صەمەد/ هونەرمەند/ دهۆک 2133- نێچیرڤان سلێمان عەلی/ هونەرمەند/ دهۆک 2134- ئارام محەمەد ڕەشید/ هونەرمەند/ دهۆک 2135- سیهاد دێوانی محەمەد/ هونەرمەند/ دهۆک 2136- بێوار عەلی براخ/ هونەرمەند/ دهۆک 2137- کاژین زوهیر ڕەمەزان/ هونەرمەند/ دهۆک 2138- ژڤان عبدالرحمن کلحو/ هونەرمەند/ دهۆک 2139- حسیبە حسن عومەر/ هونەرمەند/ دهۆک 2140- سامان حەجی مستەفا/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2141- ایاد محەمەد سمو/ ڕۆژنامەنووس/ دهۆک 2142- محەمەد سەعید محمد محمد سەعید/ نووسەر/ دهۆک 2143- پژان حەسەن یوونس/ نووسەر/ دهۆک 2144- سیروان عبدالله صالح/ نووسەر/ دهۆک ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان: 2145- علی حسین أحمد (علی جزیری)/ نووسەر و لێکۆڵەر 2146- عبد الصمد حسین محمود/ شاعیر -2147 عبد الصمد داوود/ شاعیر و چیرۆکنووس 2148- لقمان عواد یوسف/ چیرۆکنووس 2149- نایف علی محمی (نایف جبیرو)/ نووسەر و لێکۆڵەر 2150- ماریا محمد عباس/ ڕۆمانووس 2151- عیسی إبراهیم قاسم (عیسی میرانی)/ نووسەر و لێکۆڵەر 2152- سلمان عپمان عبدو (کۆنی رەش)/

شاعیر و لێکۆڵەر 2153- فرهاد عبد الباقی عجمو / شاعیر 2154- میدیا عبد المجید محمود/ نووسەر و لێکۆڵەر 2155- فواز عبدی / شاعیر و چیرۆکنووس 2156- علی محمد إبراهیم (بخت رەش کۆچەر)/ نووسەر و شاعیر -2157 محمد زکی حسین محمد (برزان حسین)/ شاعیر و شانۆکار 2158- قاسم مرعو مرعیکا (جبر)/ شاعیر و فۆلکلۆریست 2159- محمد زکی حسن حسین (محمد زکی کرکری)/ شاعیر -2160 سلیمان علی علی (لقمان شرف)/ شاعیر و نووسەر 2161- أحمد محمود محمد(أحمد لوند)/ شاعیر و نووسەر 2162- فواز حسین (دلێر)/ شاعیر و شانۆکار 2163- فرحان سلیمان مرعی (فرحان مرعی)/ نووسەر و لێکۆڵەر 2164- عبد العزیز قاسم عمر/ نووسەر و وەرگێر 2165- زهره أحمد محمد (زهره قاسم)/ نووسەر و چیرۆکنووس 2166- شێرکۆ حسن حجی/ نووسەر و لێکۆڵەر 2167- هاشم محمد بشیر مصگفی (شمال شبکی)/ شاعیر و نووسەر 2168- أحمد حسین محمد/ نووسەر و وەرگێر 2169- محمد خلیل أیوب/ نووسەر و لێکۆڵەر 2170- لزکین یوسف عبدالله (لزکین کفر دنی)/ شاعیر و نووسەر 2171- پەیمان قاسم عمر / شاعیر و نووسەر 2172- إسماعیل عبدالرحمن / شاعیر و نووسەر 2173- عمر عبدی إسماعیل/ شاعیر و نووسەر 2174- محمد أحمد رشید/ نووسەر و لێکۆڵەر 2175- سیف الدین علی حسین/ شاعیر و نووسەر 2176- بهروز عبد الکریم عبد الله/ شاعیر و نووسەر 2177- عدنان محمد سلیمان / شاعیر و نووسەر 2178- جاسم حاجی إبراهیم/ نووسەر 2179- علی عبدی إسماعیل/ شاعیر و لێکۆڵەر 2180- هێڤی عبدالعزیز علی/ شاعیر -2181 ڕۆژین إبراهیم أحمد/ شاعیر -2182 جمانه خلیل أحمد/ شاعیر -2183 عبد الرحمن محی الدین إبراهیم (عبد الرحمن شکاکی)/شاعیر 2184- شیرین حامد إبراهیم/ فۆلکلۆریست -2185 جیان حاجی عمر / شاعیر -2186لیلی قاسم قاسم/ چیرۆکنووس 2187- عائشه إبراهیم حسین/ شاعیر -2188 محمد قاسم حسین(أبن الجزیره) / نووسەر و لێکۆڵەر 2189- أحمد حسن صوفی / شاعیر و نووسەر 2190- رنده عبدالله إبراهیم / شاعیر -2191 خالد قاسم قاسم (جاویدان)/ شاعیر -2192 عبد اللگیف سلیمان حسین (هێمن مندانی)/ شاعیر و نووسەر 2193- عدنان بشیر الرسول / نووسەر و لێکۆڵەر 2194- نێچیرڤان ملا بدری/ شاعیر -2195 حلیمه عمر سیف الدین(نارین عمر)/ شاعیر و ڕۆمانووس 2196- رچوان علی رمو/ نووسەر و شانۆکار 2197- أدریس کوری / نووسەر 2198- سناو نوری حسین / شاعیر -2199 محمد أمین رشید سعدون (دیار أحمد)/ نووسەر و لێکۆڵەر 2200- محمد مراد حسین (أجدر روباری)/ شاعیر 2201- نافع محمد بیرو/ شاعیر و نووسەر 2202- أحمد محمد شیخی/ شاعیر -2203 أحمد رمچان یونس/ شاعیر -2204 عبد الرحمن عبد العزیز حمی / شاعیر -2205 أهین عپمان علی/ شاعیر -2206 أحمد شیخ صالح أحمد/ شاعیر -2207 صابر أحمد عبدالله/ شاعیر و نووسەر 2208- صالح محمد حسن / شاعیر -2209 توفیق عبد المجید حسن/ شاعیر و نووسەر -2210 هسام حسین علی (مالفا علی)/ نووسەر و ڕۆژنامەنووس 2211- أڤین شکاکی/ شاعیر و لێکۆڵەر 2212- خالد جمیل محمد/ نووسەر و لێکۆڵەر 2213- هوزان احمد دیرشوی/ شاعیر و نووسەر 2214- اسیا خلیل/ شاعیر -2215 مسعود رمچان علی(دیرک جان)/ شاعیر و نووسەر 2216- عمر کوجری/ شاعیر و نووسەر 2217- سیبان خلیل/ نووسەر 2218- ابراهیم عبدی/ نووسەر 2219- فرمان بونجق/ نووسەر و لێکۆڵەر 2220- جان کورد (محرم دودری)/ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس 2221- سمکو بوگانی/ شاعیر -2222 هشیار بوگانی/ شاعیر -2223فیندار بوگانی/ شاعیر -2224 دیا جوان/ شاعیر -2225 محمد حسکو/ نووسەر 2226- ادریس حسو/ نووسەر 2227- فدوی گیلانی/ شاعیر -2228 جمیل اوسی/ نووسەر 2229- موسی زاخورانی/ نووسەر 2230- سیامند بریم/ شاعیر و وەرگێر 2231- بهیه اسماعیل/ شاعیر -2232 م. مستەفا محەمەد کەریم/ مامۆستای زانکۆ 2233- بەهمەنی شەهبازی/ مەریوان – هونەرمەندی فۆتۆگرافەر 2234- خالید ئیسماعیل مام قادری/ مهاباد- هونەرمەندی فۆتۆگرافەر 2235- قەدری کورت/ سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی باکووری کوردستان 2236- بەدرەدین/ جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی باکووری کوردستان 2237- محەمەد بەکر ئۆسکار/ هونەرمەندی فۆتۆگرافەر 2238- سەمیر ئاکرەیی/ هونەرمەندی فۆتۆگرافەر 2239- جەلال عەزیز زەینەڵ/ هونەرمەندی موزیکژەن 2240- جەبار عەزیز زەینەڵ/هونەرمەندی موزیکژەن 2241- سەمیرە محەمەد عەزیز کەریم/ نووسەر و یاساناس (ڕۆژهەڵات) 2242- پۆلس شەمعون ئیسحاق/ نووسەر (سەرۆکی کۆمەڵەی کلدانی لە هەولێر) 2243- خوسرەو جاف/ ڕۆماننووس و هونەرمەند 2244- ئازاد عەبدولواحید/ نووسەر و ڕۆژنامەنووس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •ه‍زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 5

## 33سەرکردەی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان ئیمزا دژی پەرلەمانتارەکانیان دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062401251085610



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
جۆری دۆکومێنت: •ه‍زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باکوور - بادینی
شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 6

## 42بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگە هۆشداری دەدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080811372885828

بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆکایەتیی حکوومەتی کوردستان
حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان
جەماوەری بەشەرەفی کوردستان .
سڵاو و ڕێز .....
ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەی کوردستان کە ناومان لە خوارەوە هاتووە، لە ڕوانگەی هەستکردنمان بە بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەم قوناغەی کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، بە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی خۆمانمان زانی ئەم پەیامە ڕابگەیەنین :
بەڕێزان،
بە شاهیدیی هەموو دونیا، ئەوە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بە درێژاییی زیاتر لە (1000) کیلۆمەتر لە خانەقین و جەلەولاوە تا شنگال و زوممار، تا دەگاتە کۆبانی، دەیان هەزار پێشمەرگە و خۆبەخش لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە خێرنەدیوە لە بەرەکانی پێشەوەی بەرگریکردنن لە خاک و گەلی کوردستان لە دژی دڕندەترین تیرۆرستانی ئەم سەردەمە و لە قورسترین بارودۆخدا بەسەرما و گەرما، شەوونخوونی دەکەن لە سەنگەرەکاندا و زیاتر لە (1200) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون، بە هەزارانیش بریندار و پەککەوتە بوون، کەچی بەداخەوە لە بارودۆخێکی هەستیار و مەترسیدار

لەسەر هەرێمی کوردستان، لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە ململانێیەکی نادروست و ناوەخت، کە خەریکە هەرێم بەرە و ئاراستەیەکی نادیار دەبات .
بۆیە ئێمە بەناوی خۆمان و برا پێشمەرگە قارەمانەکان، داوا دەکەین بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدانمان و ماندووبوونی پێشمەرگە قارەمانەکان و بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان، کە ئێمە لە هەموو کەس زیاتر هەستی پێ دەکەین و بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزیی گەلەکەمان، هەروەها لەبەرچاوگرتنی بار و گوزەرانی هاوولاتیانی کوردستان، کە بەدەست دەیان کێشە و گرفتەوە دەناڵێنن، داواتان لێ دەکەین هەرچی زووە بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و دوور لە نەفەسی حیزبایەتی و بە ڕۆحێکی نیشتیمانپەروەرانە هەنگاو بنێن بو چارەسەرێکی ئاشتیانە و دوور لە هەر دەمارگیرییەک، کە لە دەرەنجامدا گەلی کوردستان باجەکەی دەدات .
داوا دەکەین ماندووبوون و خەباتی پێشمەرگە ڕێزی لێ بگیرێت. ئەمە قوناغێکی هەستیارە و پێویستە بە ڕۆحێکی بەرزی نیشتیمانی و نەتەوەیی، مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بە هەنگاوێکی دلخۆشکەر، ورەی پێشمەرگە بەرزتر دەکەنەوە و ڕۆحی فیداکارییان بەهێزتر دەکەن .
بەڕێزان ساڵێک لەمەوبەر کەس لە ماڵ و چارەنووسی خۆی دڵنیا نەبوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وڵاتی پاراست و گەیشتین بە ئەمرۆ، بۆیە دەرەنجامە خراپەکانی ئەم بارودۆخە کە کاریگەری بەسەر هەموو گەلی کوردستانەوە دەبێت، کاریگەری بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشەوە دەبێت. دەبێ هەموو لایەک بزانن هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەریی کێشەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پشتیوانی دەکرێت و لەلایەن گەلی کوردستانیشەوە بە ڕێزەوە حیسابی بۆ دەکرێت. چاوەڕوانی هیممەت و هەڵوێستی بەرزی کوردایەتی و دڵسۆزانەتانین .
لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان .
7/8/2015
تێبینی: بۆ ئاگاداریی هەموو لایەک، دەیان پێشمەرگەی تر پەیوەندییان کردووە بۆ پشتگیریی ئەم هەڵویستە و بەردەوامیشی هەیە .
-1محەمەدی حاجی مەحموود
-2مەحموود سەنگاوی
-3زەعیم عەلی
-4شێخ جەعفەر شێخ مستەفا
-5فەرەیدوون جوانڕۆیی
-6مستەفا چاورەش
-7حەمید ئەفەندی
-8جەمیل هەورامی
-10قادر قادر
-10عەدنانی حەمەی مینە
-11ملازم یوونس
-12حامدی حاجی غالی
-13محەمەد مەلا عەلی هەڵەبجەیی
-14مامۆستا جەلال
-15ئەنوەری حاجی عوسمان
-16فەریق جەمال ئێمنکی
-17وەستا ڕەسوول
-18سەید کاکە
-19عەبدوڵڵا بۆر
-20جەمال مورتکە
-21عەزیز وەیسی
-22حەمە ڕەشید قەرەداخی
-23موحسین دەشتی
-24محەمەد حاجی قادر
-25بەڵێن عەبدوڵڵا
-26بەهمەن حسێن

27-سەعد خالد
28-مام غەفوور
29-شێخ عەلی
30-محەمەد خالد بۆسەڵی
31-عوسمان قاسم
32-عەلی تێلی
33-قاسم شەشۆ
34-خالد کۆچەر
35-خالد بانی
36-عادل ڕەش
37-مەریوان کەریم ئاغا
38-سەید هەژار
39-شێخ زرار شێخ قادر
40-حەسەن نووری
41-تارق هەرنی
42-سەعدی عەلی پرنۆ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 7

## 61ڕۆژنامەنوس لە پرۆسەی هەڵبژاردندا سکاڵایان لە میترۆ تۆمارکردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130925171509885l0

لە پرۆسەی دەنگداندا 21 ڕۆژنامەنوس توندوتیژی و پێشێلکاری یاساییان بەرامبەر کراوە 25ی ئەیلولی 2013، هەرێمی کوردستان: سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت، لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا رواڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان زیادیکردووە، داواش لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکاریانە بکات، بەتایبەتیش کە هەندێکیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ئەنجامدراون.
سەنتەری میترۆ لە کۆتایی رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە بەیاننامەیکدا رایگەیاند لە رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن دا کە لە 28ی ئابی 2013 دەستیپێکرد و لە 19ی ئەیلول کۆتایی هات دەیان پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر (40) ڕۆژنامەنوس لەلایەن جەماوەری لیستە رکابەرەکان و هێزە ئەمنییەکانەوە ئەنجامدراون، هەندێک پێشێلکاریش لە دەرەوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون.
سەنتەری میترۆ رایدەگەنێت لە هەردوو دوو رۆژی دەنگدانی تایبەت و گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان 19 - 21 ئەیلولی 2013 (21) ڕۆژنامەنوس و راگەیاندنکار پەیوەندییان بە بەشی تۆمار لە سەنتەری میترووە کردوە، سکاڵایان هەبووە. بەمەش کۆی ژمارەی پێشێلکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەرامبەر 61 ڕۆژنامەنوس بوون.
یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی جەختدەکاتەوە، "هەر کەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بەرۆژنامەنوس بکات، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەرێک لەکاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە". لەم هەڵبژاردنەدا هێزەکان بە بەرگی رەسمییەوە هێرشیان کردۆتە سەر رۆژنامەنوسان. دامودەزگای

تری حکومی و حزبی، پاسەوانی تایبەتی بەرپرسان بەڵام کەس لەسەر پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان وێرای تۆمارکردنی داوای یاسایی، ڕوبەڕوی لێپرسینەوەی یاسایی نەبۆتەوە".
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت، ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان و میدیکاران لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون پێچەوانەی بڕگەکان یاسای کاری ڕۆژنامەنوسین و هەندێکیان بە تاوان ئەژمار دەکرێن.
ڕواڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن و کاتی دەنگدانی گشتی لەژێر هەر پاساوێک بێت جێگەی قبوڵکردن نین و ئیدانەی دەکەین. سەنتەری میترۆ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکاریانە بکات بەتایبەتیش کە هەندێکیان هێزە ئەمنییەکان ئەنجامیان داون.
ئەمەش ئەو کەیسانەن کە لە دوو ڕۆژانی دەنگدانی تایبەت و گشتیدا لە میترۆ تۆمارکراون:

•جەلال مجید فەرهاد پەیامنێری کەناڵی ڕوودا بە میترۆی ڕاگەیاند ڕۆژی 19ی ئەیلول لە کاتی دەنگدانی تایبەتدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هاوکارانم ڕێبوار حامید، سۆران حسین، کۆسار عوسمان، وێنەگرانی کەناڵەکمان و سالم توفیق تەکنیکار، لە بنکەیەکی دەنگدان ڕاستەوخۆ پەخشمان دەکرد هێزێکی سوات هێرشیان کردە سەر تیمەکەمان وتی"هێزێکی سوات بەجنێودانەوە بۆمان هاتن کیبڵ و کامێرای بەخشیان برد، بیانویان ئەوە بوو کە پێشتر ئێمە بەرنامەیەکمان ئامادە کردوە وێنەی ئەوانمان بەکارهێناوە".

•هێڤی خالید پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بە میترۆی ڕاگەیاند ڕۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە بنکەی پیرەمێرد لە شاری سلێمانی کە تەرخانکرابوو بۆ ڕۆژنامەنوسان لەلایەن بەرپرسی بنکەکە کراینە دەرەوە. هیڤی وتی" بنکەکە تەرخانکرابوو بۆ ڕۆژنامەنوسان بەڵام من و کاروان سابیر پەیامنێری تەلەفزیۆنی ئێستا، هاوڕێ خەلیل کامێرامان، گۆنا عومەر پەیامنێری هاوڵاتی دەرکراین وتیان ممنوعە"

•ڕەنجە جەمال پەیامنێری کەناڵی ڕووداو ڕایگەیاند ڕۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەشاری کۆیە لە بەردەم بنکەیەکی دەنگدان لەلایەن ئاسیشەوە هێرشیکراوەتە سەری. وتی" لەکاتی وێنەگرتندا خۆم و شوفێری ڕووداو لەلایەن ئاسایشەوە هێرشیان بۆ هێناین لە یەکێک لە بنکەکانیان زۆریان لێداین دەستیان گرت بەسەر کەلوپەلی ڕۆژنامەنوسی و مۆبایلەکەم".

•عەبدوڵڵا تەها یاسین پەیامنێری کەناڵی وار لە شاری دهۆک بە میترۆی ڕاگەیاند ڕۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ناحیەی قەسرۆکی سەر بە پارێزگای دهۆک لەگەڵ وێنگری کەناڵەکەمان ڕۆژان ئەزهەر لە بەردەم بنکەیەکی دەنگدان کە تایبەت بووە بۆ ڕۆژنامەنوسان ڕێگریان لێکراوە. عەبدوڵڵا وتی" نازانین هۆکاری ڕێگرییەکە چییە بەڵام وتیان بۆتان نییە وێنە بگرن".

•دەریا کامەران عەلی پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کەرکوک بە میترۆی ڕاگەیاند ڕۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ناحییەی کەسنەزانی سەر بە پارێزگای لەبەردەم بنکەی باوەڕی بنەڕەتی لایەنگرانی لیستێک هێرشیان کردە سەر تیمی کەناڵەکەمان و کامێرای کەناڵەکەیان شکاند. دەریا وتی" بەردبارانیان کردین پاشان هاتنە سەرمان، وێنەگرەکەمان ئازاری زۆری پێگەیشت". وێنەگری کەناڵەکە ئەحمەد میدحەت بە میترۆی وت"من دەربازبوم لە ژێردەستاین بەڵام وێنەگری کەناڵی گەلی کوردستان سەرهەنگ ئەحمەد ئازاری پێگەیشت". سەرهەنگ بە میترۆی وت"بەبەردو بلۆک هێرشیان بۆ هێنیان بریندار بوم کامێراکەم شکا".

•محەمەد خدر سەلیم پەیامنێری کەناڵی KNN بە میترۆی ڕاگەیاند ڕاگەیاند ڕۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە گوندی کانی مارانی سەر بە ناحیەی حاجی ئاوای قەزا ڕانیە هێزێکی پێشمەرگە نەیانهێشتوە ڕومالی هەواڵ بکەن و دەستیانگرتوە بەسەر

کامێراکەیان. محەمەد بە میترۆی وت"حیمایەکانی ئامر لیوایەک هێرشیان بۆ هێناین کامێراکەیان زەوتکرد" مەجید خدر پەیامنێری کەناڵەکە بە میترۆی وت" 20 پێشمەرگە هێرشیان بۆ هێناین کامێراکەیان بردو وێنەکانیان سڕییەوە".

•زانا عەلی پەیامنێری رادیۆی گۆران لە قەزای سەید سادقی سەبە پارێزگای سلێمانی بە مترۆی راگەیاند رۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم بنکەی قوتابخانەی ماد لە گەڕەکی سەراو کۆمەڵێک لایەنگری لیستێکی هەڵبژاردن پەلامار درام. زانا وتی" کۆمەڵێک لایەنگری لیستێکی هەڵبژاردن هێرشیان بۆ هێنام و بۆکسێکیان لێدام، کۆمەڵێک لە لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆران شاهێدحاڵن بەسەر روداوەکەوە."

•هۆشمەند سادق رەمەزان پەیامنێری کەناڵی KNN بە میترۆی راگەیاند رۆژی 19ی ئەیلول رۆژی دەنگدانی تایبەت بۆ پەرلەمانی کوردستان هێزێک لەبەردەم وەزارەتی پێشمەگە پەلاماریان داین و کاسێتی کامێرای وێنەگرەکەیان برد. هاوکار عەلی وێنەگری کەناڵەکە بە میترۆی وت" کۆبونەوە بوو لەبەردەم وەزارەت ئەو هێزە هێرشیان بۆ هێناین ویستیان کامێراکەم بەرن پاشان کاسێتەکەیان بردو لەبەرچاوی خۆمان شکاندیان".
•سەلام رەئوف فەرەج پەیامنێری کەناڵی گەلی کوردستان بە سەنتەری میترۆی رایگەیاند رۆژی 21 ئەیلول لە کاتی دەنگدانی گشتیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکە کاروان ئەنوەر لەبەردەم بنکەی ئازادی لە قەزای دەربەندیخان رێگرییان لێکراوە. سەلام وتی" هەر زانیان ئێمە وێنە دەگرین بەرپرسی بنکەکە شالاوی بۆ بردین بەلام پۆلیسەکانی ناوبژییان کرد ئەگینا نیازی بوو پەلاماربدات"

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە لە ساڵی 2009 لە شاری سلێمانی لە لایەن کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسەوە دامەزراوە، لە ساڵی 2010 لە کۆنفرانسێکدا لە شاری هەولێر ئەندامانی بۆردی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردران .

بۆ پەیوەندیکردن:
ئاوات عەلی ڕێکخەری سەنتەری میترۆ – 07701435822
بەشی تۆمارکردن : 07708079999

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 8

## KJKپەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری شەهید نەقیب رەنگین دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141015113709777 66

سڵاو لە رۆحی ئەو ژنانەی لە سەنگەرەکان بەرگری لە خاک و وڵات و کەرامەتی ژنان و گەلی کورد دەکەن.
سەرتا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهید نەقیب رەنگین یوسف و کەسوکاری هەموو ژنانی کوردستان و گەلی کورد دەکەین. هیواداارین داوا خەمی بنەماڵەکەیان بێت، شەهید رەنگین تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەی و باشوری کوردستان نییە، بەڵکو شەهیدی

هەر چوار پارچەی کوردستانە.
تێکۆشانی گەلی کورد ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتی ژنانی کورد گەپشتوەتە لوتکە، دوژمنانی گەلی کورد لەبەرامبەر ئیرادەی ژن و خۆڕاگریان لە هەموو سەنگەرکانی وڵات تێک دەشکێن، هەتا شەهیدانی وەکو ئارین و ڕەنگین هەبن کەس ناتوانێت خاکی پیرۆزی کوردستان داگیربکات. ئەوان ئەو ژنە قارەمانانەن کە گیانی خۆیان دەکەن بە قەڵغان و ڕێگا بە هیچ هێزی داگیرکار نادەن کە پێلاوی گڵاویان بێتە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان.
شەهید ڕەنگینیش یەکێکە لەو شەهیدانەی بە کار و خەباتی خۆی لە هەرێمی باشوری کوردستان توانی ڕۆڵی پێشەنگایەتی خۆی چالاکانە بگیرێت. شەهید نەقیب ڕەنگین یوسف یەکەم شەهیدی ژنە کە لە هەرێمی باشوری کوردستان لەم قۆناغەدا توانی مێژووی ژنەقارەمانەکانی وەک لەیلا قاسم و هەموو ئەو ژنانەی کە لە پارچەی کوردستان هەمیشە خاوەن ڕۆڵی پێشەنگایەتی بوون زیندوو بکاتەوە. هەروەها ژنی کورد لە یەکێتی نەتەوەیش خاوەن ڕۆڵ بوون، ئێستاش ئەوەی لە سەنگەرەکان و لە پرۆسەی ئاشتی و گۆڕەپانی سیاسەت چالاکانە ڕۆڵ دەگێرن ژنان. ژنانی کورد لە ئاستێکدا وڵات دەپارێزن و تێکۆشان دەکەن کە هەموو جیهان بە بوێریان سەرسام بووە .
ئێمە وەک کۆمەڵەی ژنانی کوردستان(KJK) درێژە پێدەری ڕێگای ئەو قارامانانە دەبین بۆ یەکتی گەلی کورد و یەکێتی نەتەوەیی، هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەر و بەهەموو هێزی خۆمانەوە کاردەکەین بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی ئەو شەهیدانە. بە بەرزراگرتن و خاوەنداری کردن لە شەهیدان لە هەموو گۆڕەپانەکانی کاروخەبات، بە ڕۆحی شەهید ڕەنگین و ئارینەکان تێکۆشان دەکەین .
سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان
ڕوو ڕەشی بۆ دوژمنان و داعش
کۆمەڵەی ژنانی کوردستانKJK
2014 - 10 – 13

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 9

## KNKبانگەوازیەک ئاراستەی هەموو لایەنەسیاسیەکوردیەکان دەکات - 2014-08-06

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806213337284 43

جارێکی تر بانگی هێزە سیاسیەکان و گەلی کورد بەگشتی دەکەین، هەرچی زووە هێزی پاراستنی نەتەوەیی هاوبەش سازبکرێ. دوا بەدوای هێرشی داگیرکەری چەتەکانی داعش بۆ سەر شنگال، دیسانەوە گرنگی و زەروریەتی نەتەوەیی لەژێر چەتری ئەو یەکێتیەدا، سازدانی هێزی پاراستنی هاوبەشی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات. ئەم پرسە بە شێوەیەک کە پەلەی لێبکرێ بۆهەمان ئەو پێویستیە کەوتە نێو ڕۆژەڤی ئێمەی کوردەوە.
لە و سەروبەندەدا ئاشکرابوو کە لەو شەڕە گەورەیەدا، گەلی کورد و کوردستان ئامانجێکی سەرەکیە تێیدا. ئەزانرێ کە ئەوهێرشانەی پێشووتر، بە ئامانجی لەناوبردنی شۆڕشی ڕۆژاوای کوردستان لە سەرێکانی پێکهات. هێرشەکەی تریان بە پلانکراوی دوای داگیرکردنی موسڵ لە دژی کۆبانی بە ئەنجامگەیێنرا. ئەمڕۆش، لە دژی شنگال و دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە هێرشکردندان و هەردێ و هێرشەکانیان بەرفراوان و دژوارتر دەبن. پێویستە کورد، پارتە کوردیەکان و ڕۆناکبیرانی کورد. چەتەکانی داعش، وەکو کۆمەڵێکی توندڕەوی ئاینی و خەیاڵی سەیر نەکەن و واش بە بچوکی وەک هێزێکی گوزەر نەنرخێنن. داعش دەرەنجامی ستراتیژیەتێکی نەگریسی چەپەڵە لە دژی هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو گەمەیە گەورەیەدان. هەر بۆیە چەتەکانی داعش، بە بلانرێژی و پرۆگرامی توکمەو ئامانجدار دەجووڵێرێ و بەکاردەهێنرێن.
پێش چەند ڕۆژێک، میتی دەوڵەتی تورکیا ڕایگەیاند، کە; شنگال بووەتە قەندیلی دووەهەم;. هەر

دوای ئەو راگەیێنراوەی دەزگای;میت; بە چەند رۆژێک چەتەکانی داعش هێرشیان بۆ سەر شنگال هێنا. دوابەدوای هەوڵی بەشداری YPG و YPJ لە ناوچەکا، هێزە لەشکریەکانی کورد بە گشتی لە یەک سەنگەردا کۆبوونەوە و لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی داعشیەکان کرد.
ئەمڕۆ، هێرشی چەتەکانی داعش لە سەر سنووری باشوری کوردستان لە ڕەبیعە، حەسەکە تاوکو دەگاتە شنگال بەرفراوانتر بوون. ئەمە وا دەردەکەوێ کەرۆژئاوا، باشور و بەگشتی تەواوی پارچەکانی کوردستان و هەموو دەستکەوتەکانی گەلانی کوردستان، نرخ و پیرۆزیەکانی گەلی کورد و ئاشوری-سریانی- کلدانی، ئەرمەنی، تورکمان، عەرەب لەژێر مەترسیدان. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە جارێکی تر بانگی هێزە سیاسی و تەواوی گەلی کورد دەکەین کە یەکێتی نەتەوەیی سازبکەن و لەژێر چەتری ئەو یەکێتیەدا هێزگەلی پاراستنی نەتەوەیی هاوبەش و هەماهەنگ وەک پێویستیەکی ژیانی هەرچی زووەە سازبدرێ.
ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانKNK – ، بەرخۆدان و تێکۆشانی خەڵکی شنگال وهەلوێستی لاوان و گەنجانی کورد کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەوانەی کە دەنگیان بەرزدەکەنەوە کە فریای شنگال بکەون، سڵاو دەکەین. دووبارە ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانKNK – ، بانگی هێزە سیاسەکان وتێکڕای پێشەنگانی گەلی کورد دەکەین هەرچی زووە یەکڕیزی خۆمان سازبدەین و بۆ پاراستنی نرخ و بەها و پیرۆزیەکانی گەلی کورد بەگشتی، شان بەشانی یەکتری و بەیەک دەنگ و یەک ستراتیژی لە دژی دوژمنانمان تێبکۆشین.
کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانKNK –

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 10

## KNKراگەیەندراوێک لەبارەی دۆخی مەخمور و هەماهەنگی پێشمەرگە وگەریلا بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080901064453376

با هەموومان لە ڕێکەوتنی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەرخۆدانی مەخمور، خاوەندارێتی بکەین.
لە سەر لە بەیانی ئەمڕۆوە بە دواوە، لە پێناو پاراستنی مەخمور، گەریلاکانی (ە پ گ) هێزی پاراستنی گەل، (ی ژ ئا – ستار) یەکینەکانی ژنانی ئازاد – ستار و پێشمەرگەکانی (ی ن ک) و (پ د ک)، تێکۆشان و بەرخودانی هاوبەش لە یەک سەنگەر دا دەست پێدەکەن.
ئێمە بۆ ئەو هەماهەنگی و یەک سەنگەریەی پارێزەرانی خاک و وڵاتی کوردستانیان سڵاو ئەکەین. لە هەمان کاتدا ئێمە یەک سەنگەری گەریلاکانی ە پ گ، ی ژ ئا – ستار و پێشمەرگە نەبەزەکانی ی ن ک و پ د ک بە مایەی ئازادی گەلی کورد دەبینین، تێکۆشان و بەرخۆدانی هاوبەشی ئەوان بە هەنگاوێکی پیرۆز دەنرخێنین .
لەو باوەڕە داین کە ئەو هەماهەنگی و ڕێکەوتنەی لە نێوان هێزە چەکداریەکانی کوردستان لە بەرەکانی مقاومەت و پارێزگاری گەل و نیشتیمان پێکهاتووە، لە کاتێکی نزیکدا لە سەرانسەری کوردستان ئەو یەکێتی و یەکڕیزی یە باڵەکێشێتە سەر تەواوی ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان. بۆ ئەم مەبەست و پێوەرە ئومێد بەخشە، ئێمە بانگی گەلی کوردستان بە گشتی دەکەین کە بە دڵسۆزی و گیانفیدایی وبە هەست بەبەرپرسیاریەتیکردنەوە، تێکۆشان و یەکسەنگەری هێزەکانی گەریلا و پێشمەرگە خاوەندارێتی بکەن .
سەرکەوتنی گەلەکامان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە بەرامبەر چەتە تیرۆرستەکان، شایەتی ئەوە دەدەن کە هیچ هێز و ڕێکخستنێک ناتوانێ زەفەر بەهێزی لەبنەهاتو و قارەمانێتی مێژووی کوردستانیان ببات. خۆراگری و جەنگاوەری هاوبەشی گەلانی کوردستان، هەمیشە هێزی دوژمنانیان تێکشکاندووە. چەتە تیرۆرستەکانیش وەکو شمشێری دەموکلێس و داقوقی هیماندی لە دژی گەلان بەکاردەهێنرێن، بۆ ئەوەی حیسابیان بۆ بکرێ، لە ڕێگای میدیا کانیانەوە گەورە دەکرێن و بە هێزێکی لەبنەهاتوو پیشانی دونیایان دەدەن.
ئەو چەتە تیرۆرستانە، لە ڕۆژئاوا تێکشکێنران، ئێستاش ئەیانەوەی رق و کینی ئەو دۆراندنەیان لە

باشور تۆڵە بکەنەوە. لە شنگال دەستیان بە هێرشی دڕندانەی خۆیانیان کرد و ئەیانەوەی بەرەو شارەکانی تری کوردستان هەڵکشێن.
لە شنگال، بەرخۆدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (ی پ گ) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (ی پ ژ) لە هەرچوارپارچەی کوردستان بە جۆش و خرۆش و دڵخۆشیەوە دەنگی دایەوە. ئەمڕۆ لە مەخموریش، ڕێکەوتنی تێکۆشان و یەکسەنگەری، لەسەر بنەمای هەمان ئەو باوەڕی و جۆش و خرۆشە مەزنە بێکهاتووە. بۆیە ئەم سەرکەوتنە مەزن و مێژووییانە بەرفراوانتر دەبن .
لەو قۆناغە گرنگ و مێژووییە دا، بانگی هێزە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بە گشتی دەکەین کە لە بەرامبەر ئەم هەنگاوە پیرۆزەی پاراستنی نەتەوەیی و نیشتیمانیە، ئەرک و بەرپسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن.
گومانی تێدا نی یە کە یەکیەتی، یەکڕیزی و هاوسەنگەری ئازادی و سەرفەرازی مسۆگەر دەکات.
ئێمە بانگی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەکەین، ئەو یەکیەتیە نەتەوەیی و نیشتیمانییەی کە لە کوردستان سەریهەڵداوە وەکو تەهدیدێک چاولێنەکەن، بەڵکو وەکو مسۆگەرکردنی ئاشتەوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەم هەنگاوە مێژووییە وەک دەرفەت وهێزی هاتنەکایەوەی ئاشتی وئارامی لە هەرێمەکە دا بنرخێندرێت، هەروەها لە بەرامبەری ئەوەش بەرپرسیاری و ئەرکداری بەجێبگەیەنرێن .
داعش، دەستەیەک چەتەن کە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کردارو تاوانی دژە مرۆیی ئەنجام دەدەن. لە بەرامبەر ئەم ماشێنی تاوان و دڕندانەیە، پێویستە هێزەکانی هەرێمی و ئێودەوڵەتی هەڵوێستی دژە تیرۆری خۆیان جێبەجێبکەن. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو چەتە دڕندانەی داعش ئاکتیڤ دەکەن و یارمەتیان دەدەن، بە بەرپەرچدانەوەی سیاسی – ئابوری و دیپلۆماتیک و یاسایی زسا بدرێن .
لە بەر ئەوەی کە چەتەکانی داعش، بە یارمەتی دان و ئاکتیڤکردن لە لایەن چەند وڵاتێکەوە دروستکراون و بە هاوکاری ئەوان تاوانی گەورەیان دژبە بەشەریەت ئەنجامداوە، لەو چوارچێوەدا ئێمە چاوەڕوانی لە سەروویانەوە : لە نەتەوە یەکگرتوەکان، هەمو هێزە نێونەتەوەییەکان، خەمخۆرانی مرۆڤایەتی کە هاوکاری مرۆیی و پێداویستیەکانی پاراستن هەرچی زووە بگەیەنرێنە ناوچەکە و زەرەرپێکەوتوانی ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە لە کوردستان.
بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کنک، ئەو ڕێکەوتنەی نێوان هێزە کوردستانیەکان و ئەو هێزانەی کە تێکۆشان و بەرخۆدان دەکەن بۆ پاراستنی گەل و وڵات، جارێکی تر سڵاو دەکەین و بە پیرۆزیەکی مەزنەوە دەینرخێنین و بە ئومێدی سەرکەوتن.
کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
08.08.2014برۆکسل

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 11

## ئازەڵەکان، هیچ عەیبیان نییە، تەنیا یەک عەیب نەبێ، ئەویش باوەڕ کردنیانە بە مرۆڤ!....

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121408505787264



ئێمە لە کۆمەڵەی سەوزی هەڵگورد بە توندی ڕەخنە لە و کەسانە دەگرین کە ڕێز لە سروشت و ژینگەی ئە و وڵاتە ناگرن و داوای یاساییش لەسەر ئە و کەسانە تۆمار دەکەین کە دەبنە هۆی پیسکردنی ژینگە و شێواندنی باری کۆمەڵایەتی و نیگەرانی هاوڵاتیان و ڕێز نەگرتن لە ئاژەڵەکان.
ماوەی دوو ڕۆژە بە هۆی ئە و شەپۆلە سەرماو سۆڵەیەی هەرێمی گرتووەتەوە هەست دەکرێت چەندین گوێ درێژ بەرەڵا کراون هەم بێ ویژدانیە تا کارت پێیانە بەکاریان ئەهێنن دواتر بەرەڵایان دەکەن وە هەروەها دەبێتە تێکدانی ژینگە.
بۆیە لێرەوە رایدەگەینین، هەر کەسێک زانیاری لەسەر خاوەنی ئە و ئاژەڵانە هەیە سوپاسی هەستی نیشتیمان پەروەریان دەکەین پێمان رابگەیەنێت بۆ ئەوەی ئێمەش ڕێکاری یاسایی لە دژی ئە و کەسانە بگرینە بەر.
بەهۆی باشبوونی گوزەرانی بەشێک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ئاسانکاری لە زیاتر گەیاندنی هۆیەکانی گواستنەوە، بەشێکی زۆر لە گوندنشینان پێویستیان بە گوێدرێژ نەماوە، کە پێشتر زۆربەی کارەکانیان پێ رایی دەکردن، بۆیە زۆرێک لەوانە ئاژەڵەکانیان بەرەڵا کردوە، ئەمەش ئەم دیاردە نا سروشتی و نا مرۆییەی بە دوای خۆیدا هێناوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 12

## ئاگادارییەک دەربارەی کاندیدی سەرۆک کۆماری عیراق

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071710082377026

بە سوپاسەوە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەسووربوون لەسەر دابینکردنی پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق ئەمجارەش سەرۆک کۆمار بۆ کورد دەستەبەر کرا، لە ناو کوردیشدا بەرەزامەندی هەموولایەک سەرۆک کۆماری بە شایستەی هەڵبژاردن بەر (ی.ن.ک) کەوتەوە، بەم ڕوونکردنەوەیە هەمووڵایەک ئاگادار دەکەینەوە بەتایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عیراق کە لەسێ ڕۆژی ئایندەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوا بڕیار لەسەر کاندیدی سەرۆک کۆماری عیراق پەسەند دەکات و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو بڕیارە ئاگادار دەکاتەوە تەنیا مەکتەبی سیاسیی دەسەڵاتی تەواوی هەیە کاندیدی یەکێتی بۆ سەرۆک کۆمار دیاری بکات و بەس، هەر هەنگاوێک پێچەوانەی بڕیاری شەرعی مەکتەبی سیاسی بۆ سەرۆک کۆماری بنرێت هەرگیز قبوڵناکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 13

## ئاگادارییەک لەگروپی بەدواداچونی کەیسی شەهید کاوە گەرمیانی 07-01-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140107145852867783

ئاگاداری رای گشتی و کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەین کە گروپەکەمان چالاکییەکانی بۆ ئەم هەفتەیە رادەگرێت بەهۆی سەرقاڵبوون بەئامادەکارییەکانی چلەی ماتەمینی شەهیدی قەڵەم کاوە گەرمیانی کە بڕیارە رۆژی 15ی کانونی دووەم لەشاری کەلار بەڕێوەبچێت.

لەهەمانکاتدا گروپەکەمان پێشوازی لە هەنگاوی چونی بەرپرسێکی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات بۆ بەردەم دادگا و لێرەوە داوادەکەین سەرجەم داواکراوانی تری ئەم کەیسە و کەیسەکانی پێشوی وەک 17ی شوبات و شەهیدان سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامە حەمە عەبدولسەتار شەریف راپێچی بەردەم دادگا بکرێن.

هەروەها داواکارین ئەم هەنگاوە ببێتە سەرەتایەک بۆ نەهێشتن و لێسەندنەوەی ئەو حەسانە ناشەرعییەی بەناوی یاسا و راسپاردەوە بەخشراوەتە بەرپرسانی باڵای حکومی و حزبی.

گروپی بەدواداچونی کەیسی شەهید کاوە گەرمیانی
7\1\2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 14

## ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ڕێفراندۆمێکی واتادار

http://www.kurdipedia.org/?q=20130618084706783303

هاونیشتمانە ئازادیخوازەکان !
خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
تینوان وهۆگرانی ئاڵوگۆر لە ئێران!
ڕۆژی 24ی جۆزەردانی ئەمساڵ، خەلکی ئێران بۆ جارێکی دیکە چوونەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا وێرای هەڵبژاردنی شووراکانی شار و دێ، لە نێو 6 کاندیدای پۆستی سەرکۆماریی ئێران دا، یەکێکیان هەڵبژێرن.
هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێران دا لە بارودۆخێک دا بەڕێوە چوو کە:
-دوو لە بەهێزترین کاندیداکانی خولی پێشوو(میرحوسێن مووسەوی و مێهدیی کەڕروبی) کە یەکەمیان براوەی هەڵبژاردنی خولی پێشووی سەرکۆماری بوو، وێرای سەدان نارازیی دیکە لە دەسکاریی ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە هەر وا لە دەستبەسەری و بەندیخانە دابوون،
-زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کاندیدایانەی دەیانتوانی نوێنەرایەتیی بەشێک لە ویست و

داخوازەکانی خەڵک یان تەنانەت ریفۆرمخوازانی دەرەوە و ناوەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەن، لە لایەن شووڕای نیگابانەوە، سەلاحیەتیان ڕەت کرابۆوە و مەیدانەکە بە تایبەتی بۆ کۆنەپارێزان و ئوسوولگەراکانی نزیک بە ناوکەی ئەسلیی دەسەڵات، ئاوەڵا هێشترابۆوە،
-حیزب و و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، هەر وەها زۆر کەسایەتیی جۆراوجۆر و چالاکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات، بە هۆی دژەدیموکراتیکبوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی و رێزدانەنانی رێبەری و دامەزراوە داسەپاوەکانی دیکەی ئەو رێژیمە بۆ ئاکام و پەیامی هەلبژاردنەکان، هەڵبژاردنەکانی 24ی جۆزەردانیان تەحریم کردبوو.
لە لایەکی دیکەوە خەڵکی وڵاتی ئێران لە هەلومەرجێک دا بەرەو دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکانی شار و دێ چوون کە :
-ئەزموونی تاڵی 8سال دەسەڵاتدارەتی و بەڕێوەبەرێتیی سەرکۆمار و دەوڵەتێکی گوێ لە مستی بەیتی رێبەری و سوپای پاسداران و دەزگا و دامەزراوە نیزامی و ئەمنییەتییەکانیان بە نرخێکی گران تێدەپەڕاند،
-لە ئاکامی هەرچی یەکدەستکرانی دەسەڵات لە هەر سێ بیاڤی یاسادانان و بەڕێوەبەرێتی(دەوڵەت)، قەزایی دا،سەرکوت و دەمکوتکردنی نەک هەر چەشنە دەنگێکی جیابیر و ناڕازیی نێو خەڵک، بەڵکوو هی نێوخۆی نیزامیش، ببووە رەواڵێکی ئاسایی و، خەفەقان و زەبروزەنگ باڵی بە سەر هەموو ولات دا کێشابوو،
-سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد و دەزگا و دامەزراوەکانی دیکە لە هەر دوو ئاستی نیوخۆیی و دەرەوە دا، کە شەخسی رێبەری نیزام هاندەر و پشتیوانیان بوو، خەڵک و وڵاتی ئێرانیان لە گەڵ گوشار وتەحریمی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەی جیهانی و کێشە و قەیرانی جۆراوجۆریی نیوخۆیی بەرەوروو کردبوو.
بەم جۆرە هەڵبژاردنەکانی 24ی جۆزەردان، وێڕای بەربەستە جۆراوجۆرەکان لە سەرڕێی خۆپالاوتنی کاندیداکان و سەرەڕای موهەندیسی کرانیان لە لایەن بەیتی رەهبەری و فەرماندەرانی سوپای پاسداران و شووڕای نیگابان، دەرفەتێک بوون لە بەردەم خەڵکی ئێران دا. جارێکی دیکە دەنگدەرانی ئێران کەوتنەوە سەر دووڕیانێک. لە خێری هەڵبژاردنێکی نائازادی پڕ لەکەموکووری و بەربەست، چاوپۆشی بکەن و مەیدانەکە بۆ تاقمێک پریاربەدەستی نیزامی کۆماری ئیسلامی چۆل بکەن بۆ ئەوەی لە رێگای هەڵبژاردنێکی موهەندیسیی کراوەوە، بێ هیچ گرفتێک پاشماوەی بەرنامەکانیان ببەنە پێش؟ یان بە وشیاری و زیرەکییەوە بێنە نێو مەیدانەکە و لە چوارچێوەی زەرفییەتی بەرتەسکی هەرئەو جۆرە هەڵبژاردنانەش دا، ئیرادە و پەیامی خۆیان بە شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی بە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی و بە دنیا نیشان بدەن؟
لە گەڵ ئەوەی ئەندازیارانی هەڵبژاردن لە ئێران، کاندیدایەکی ئەوتۆیان لە مەیدانی ململانێ دا نەهێشتبۆوە کە پێکهاتە و توێژ و تەیفە جیاوازەکانی خەڵکی وڵات، داخوازەکانی خۆیان لە دروشم و بەرنامەکانی ئەو دا بدۆزنەوە، زۆرینەیەکی گەورە لە دەنگدەران، دەنگیان بە ئاغای حەسەنی رووحانی دا کە دروشم و بەرنامەکانی تا رادەیەکی بەرچاو لە دروشم و بەرنامەکانی 5کاندیدای دیکەی سەرکۆماری، جیاواز بوون. نزیکەی 19 میلیۆن دەنگدەر، کە لە نێویاندا زۆر کەس هەبوون بەرنامە و کاندیدایەکی تەواو دڵخوازی خۆیان شک نەدەبرد، لە رێگای دەنگدان بە تاکە کاندیدایەک کە خوازیاری" ئیعتدال ومیانەڕەوی" و چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، شکستێکی گەورە و تاڵیان بە ئوسوولگەراکان و کۆنەپارێزانی نێو کۆماری ئیسلامی چێشت و ئاکامی هەڵبژاردنی یازدەیەمین خولی سەرکۆمارییان، بە زیانی ویستی خامنەیی و بەیتی رەهبەری وسوپای پاسداران و هتد گۆڕی.
دیارە لە هەڵبژاردنی شووراکانی شار و گوندەکانیش دا، ئەگەر چی سەلاحیەتی ژمارەیەکی زۆر لە کاندیداکانی جێی پەسەند و پشتیوانیی خەڵک، لە لایەن دامەزراوەکانی سەر بە رێژیم رەتکرابۆوە و پێشگیری لە خۆپاڵاوتنی رێژەیەکی زۆر لە کەسانی جێی متمانەی خەڵک کرابوو، کۆمەلانی خەڵک بە ئیمکاناتی خۆماڵی، پشتیوانییان لە کاندیداکانی خۆیان کرد و لە گەڵ دەست و پێوەندەکانی دام و دەزگا سەرکوتکەر و سیخورییەکانی رێژیم، کەوتنە ململانێ و سەرەرای نایەکسانبوونی توانا و ئیمکانات و شانسەکان، لە زۆر شار و ناوچە و گوند، توانیان رێژەیەکی بەرچاو لە کاندیداکانی خۆیان سەرخەن .
حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی 24ی جۆزەردان، هەر وەک پێشتریش رای گەیاندبوو بۆ تەشخیش و بڕیاری خەڵکی کوردستان و ئێران لە پیوەندی لە گەڵ ئەم

هەڵبژاردنانەدا ڕێز دادەنێ. هەڵوێستی پێشترمان بەرامبەربەم هەڵبژاردنانە، ئێمە لە دەرکی گرنگیی ئاکامەکانیان بە تایبەتی ئاکامی یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، دوورناخاتەوە. بە باوەڕی ئێمە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە، پێویستیی بە لێکدانەوەیەکی واقیع بینانە و بوێرانەی هەموو لایەک و هەڵوێستەکردنی جیددی و بەرپرسانەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە سەر پەیامەکانی خەڵکی ئێران هەیە. بە لێکدانەوەی ئێمە:

-ئەوخەڵکەی چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، نەک بۆ نیشاندانی پشتیوانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خوڵقاندنی "حەماسەی سیاسی" بەو جۆرە کە خامنەیی وراگەیەنەکانی ڕێژیم ئیددیعای دەکەن، بەڵکوو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان کە داوای گۆران ونارەزایەتیدەربڕین لە سیاسەتە نیوخۆیی و دەرەکییەکانی چەندساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارانە، لە هەڵبژاردن دا بەشداربوون .

-هەروا کە هەڵوێستی تەحریمی هەڵبژاردن و پشتکردن لە سندووقەکانی دەنگدان، جۆرێکە لە ناڕەزایەتیدەربڕین لە دەسەڵاتی وڵات و نیشاندەری نادیموکراتیکبوون و وڵامدەرنەبوونی پرۆسە و سیستەمی هەڵبژاردنە، بەشداریی واتاداری خەڵک لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستەمێکی داخراوی وەک کۆماری ئیسلامییش دا، وەک بە تەجرەبە دەرکەوتووە، جۆرێکی دیکە لە نارەزایەتیدەربڕین و "نا"گوتنە بە دەسەڵاتی وڵات و سیاسەتەکانی، کە لە هێندێک قۆناغ دا دەتوانێ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەبێ.

-دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دا و بە تایبەتی چڵەپۆپەی ئەم دەسەڵاتە واتە وەلیی فەقیە، دەبێ پەیامی نزیکەی 19میلیۆن دەنگدەری ئێرانی بە دروستی تێ بگا و ئەم هەڵبژاردنە وەک ڕێفراندۆمێک سەیر بکا کە زۆرایەتییەکی گەورە لە دەنگدەران، لە ڕێگای دەنگەکانیانەوە پەیامێکی روونیان بەوان داوە. خەڵکی ئێران خوازیاری گۆرانن. گۆران لەو سیاسەتانە دا کە وڵاتەکەی ئەوانی لە جیهان داپریوە و بەرەورووی گوشار و گەمارۆی جیهانی و هەژاری وبرسیەتیی کردوونەوە، گۆران لە جۆری دەسەلاتدارەتییەک دا کە کەمترین ماف و ئازادی بە هاونیشتمانان رەوا نابینێ و ولاتی خۆیانی لێ کردوون بە زیندان و دۆزەخ. گۆران لەو قانوون وچوارچێوە و ڕێوشوێنانە دا کە بەرهەمی بڕیار و ئیرادەی خەڵک نین و تاقمێک بە ناوی دین وشەریعەتەوە بە سەر ئەوانیان دا سەپاندوون.

-سەرکۆماری هەڵبژێردراو ئاغای حەسەنی رەوحانی، کە توانیویەتی دەنگ و متمانەی ئەم ژمارە زۆرەی دەنگدەران بە دەست بێنێ و لە ململانێ لە گەڵ5 کاندیدای دیکە دا سەربکەوێ، بەرپرسیارەتییەکی میژوویی کەوتۆتە سەر شان.ئەگەر ترۆپکی ئەو نیزامە وسروشتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییش، هاندەر و یارمەتیدەری نەبن و تەنانەت لە بەردەمی دا ڕێگر بن، لە سەریەتی بە بەڵێنەکانی خۆی وەفادار بێ. ئەزموونی سەرکۆمارەکانی پێشوو، کە رەزامەندیی وەلیی فەقیە و رەچاوکردنی بەرژەوەندی نیهاد و ناوەندە ناخەڵکی و داسەپاوەکانیان خستە سەرووی پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵک وهەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییەکانیان، دەتوانێ زۆر دەرسی بە نرخی بۆ ئەم سەرکۆمارە تێدا بێ. دەنگدانی خەڵک لە 2ی جۆزەردانی 1376، 22ی جۆزەردانی 1388 و 24ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا،دەریان خستوە کە هەر کاندیدایەکی سەرکۆماری،ئاور لە ویست و داخوازەکانی خەلکی وڵاتەکەی بداتەوە، خەڵک بوێرانە بە پێشوازییەوە دەچن و سەری دەخەن.شاراوەش نییە کە هەر سەرکۆمارێک خەڵکی لە پشت بێ، تەنانەت ئەگەر لە نیوخۆی سیستەمی دەسەڵاتیش دا کارشکێنیی بکەن، هەم لە ئاستی نیوخۆیی و هەم لە ئاستی نیودەوڵەتی دا،دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ .

-خەڵکێک کە سەرەڕای هەموو کۆسپ و لەمپەرەکان، بە یەکگرتوویی و وشیاریی سیاسی و دەنگدانی واتاداری خۆیان، توانیان ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا تووشی شکستێکی سەرسوڕهێن بکەن، دەبێ ئەم سەرکەوتنە بکەنە دەسمایەی خەبات و ململانێی لەمەودوای خۆیان لە گەل دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی. بە تایبەتی پێشەنگان و چالاکانی خەباتی هێمنانە و مەدەنی لە نیوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە رۆڵیان لە خستنە رووی پرسی کورد و سەرنجراکێشانی کاندیداکانی سەرکۆماری بۆ لای ستەملێکراویی نەتەوە بندەستەکان و بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە ئێران راکێشا، پێویستە بە پروابەخۆبوونێکی زیاترەوە کاری خۆیان درێژە بدەن. دەنگەکانی رێژەیەکی جێگای سەرنجی خەڵک لە کوردستان بە ئاغای حەسەنی روحانی، هەڵگری واتا و وپەیامێکی زۆر روونن. ئەو دەنگانە، پێوەندیی راستەوخۆیان بەو مافانەی نەتەوەی کوردەوە هەیە کە زیاتر لە 30 ساڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، پشتگوێ خراون و ئێستا سەرکۆماری هەڵبژێردراو بەرعۆدە بوو، لانی کەمێک لەوان، دابین و دەستەبەر بکا. نەک هەر نابێ

ڕێگا بە سەرکۆماری نوێ بدرێ ئەم بەڵێنانە لە بیر خۆی بباتەوە، بەڵکوو دەبێ هان بدرێ ڕێخۆشکەری هەنگاوی گەورەتر و ئالوگۆڕی زیاتر بێ.
حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم لێکدانەوە و خوێندنەوەیە ڕیزبۆ بڕیاری خەڵکی ئێران و ئاکامی هەڵبژاردنی ئەوان دادەنێ. هەر لەو کاتەش دا بە پێی ئالوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران، ڕوانگە و هەڵوێستی خۆی بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
27ی جۆزەردانی 1392ی هەتاوی
17ی ژوئەنی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 15

## ئایا هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژنامەنووسان شاری بێ حاکمە؟

http://www.kurdipedia.org/?q=20150411215143670 75

بەپێی بەیاننامەیەک کە گۆڤاری لڤین ئەمڕۆ (4/11) بڵاویکردۆتەوە، دوێنێ هێزێک بە جلی مەدەنییەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر ئەو کۆمپانیایەی گۆڤارەکە دابەش دەکات و سەرجەمی ژمارە (299)ی گۆڤاری لڤینیان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان پێچاوەتەوەو بردوویانە! لەوەش سەیرتر ئەوەیە، سەرنووسەری گۆڤارەکە دەڵێت کاتێک پەیوەندیمان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کردووە، پێیان گوتووین، ئێمە ئاگاردار نین!

ئێمە دەپرسین: ئایا دەکرێت لەناوجەرگەی پایتەختی هەرێمەکەماندا، هێزێکی نەناسراو بە ڕۆژی ڕووناک دەست بەسەر گۆڤارێکدا بگرێت، کە مۆڵەتی یاسایی هەیەو ساڵانێکە لەم هەرێمەدا بڵاو دەبێتەوە، کەچی هێزە ئەمنییەکانو "لایەنە پەیوەندیدارەکان" هەر هەواڵیشیان پێ نەگەیشتبێ؟ باشە تەنانەت ئەگەر لە "فەرزی مەحاڵ"دا کتوپڕ ڕووداوێکی وا ڕوویداتو بەڕاست ئەوان ئاگادار نەبن، ئایا وەڵامی دروست ئەوەیە خۆیان بێبەری بکەن، یان یەکسەر بکەونە کارو بەڵێنی دۆزینەوەی تاوانبارانو سزادانیان بدەن؟ ئایا لە پایتەخت شتێک هەیە ناوی حوکمی یاساو دامودەزگای یاسایی بێت؟ ئەگەر هەیە چۆن ڕووداوی وا ڕوودەداتو، کە ڕووش دەدات کوا کاردانەوەو بەدواداچوونو دەستگیرکردنی تۆمەتباران؟

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی دەقێکی ڕوونو ئاشکرای یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی ژمارە (35)ی ساڵی (2007)، ڕۆژنامەوانی لەکوردستاندا ئازادە، ڕۆژنامە داناخرێتو دەستی بەسەردا ناگیرێت، بە بڕیاری دادگا نەبێت. واتە هەر کەسو لایەنێک سەربەرخۆ دەست بەسەر بڵاوکراوەیەکدا بگرێت، بێ چەندوچوون، یاسای شکاندووەو تاوانی ئەنجام داوە. لێرەشەوە ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە بیدۆزنەوەو تەسلیمی دادگای بکەن بۆ ئەوەی سزای یاسایی خۆی وەرگرێت.

جگە لەم ڕووداوە لەلای دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای دهۆک ماوەی زیاتر لە دوو مانگە ڕۆژنامەنووس سەباح ئەتروشی دەستگیرکراوەو تا ئێستا دەستبەسەرە کەسیش نازانێت بەپێی چ یاسایەکی بەرکاری هەرێم ئەو ڕۆژنامەنووسە دەستبەسەرە.
پێشتریش بۆ ماوەی هەفتەیەک لە گەرمیان لەسەر هاککردنی ئەکاونتی ڕۆژنامەنووس محەمەد شەهاب لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەو ڕۆژنامەنووسە دەستگیرکرا .

ئێمە پێمان وایە مانەوەی سەباح ئەتروشی لە زینداناو دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسێک بۆ ماوەی هەفتەیەک و دەستبەسەردا گرتنی گۆڤاری لڤین، جگە لەوەی تاوانێکە دەرهەق بە یاساو رێکارە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەو پێشێلکاریو دەستدرێژیانەی دەکرێنە سەر ئازادی بیروڕادەربڕینو ئازادی رۆژنامەگەری لە وڵاتەکەماندا.
نەدۆزینەوەی تاوانبارانو بەسزا نەگەیاندنیشیان، بەڵگەی ئەو راستییەیە کە تاکو ئێستاش ئازادیو مافەکانی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە لەژێر هەڕەشەدانو هێزگەلێک هەن بە ئاسانیو بە مەزاجی خۆیان دەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەریان، بێ ئەوەی ترسیان لە لێپێچینەوە هەبێت. بۆیە ئەرکی سەرشانی هێزە ئەمنییەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەگشتی سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێن. بەپێچەوانەوە، دەبێ هەر چاوەڕێی ئەوەبن، کە ساڵ لەدوای ساڵ، ناوی حکومەتو هەرێمەکەمان جێگەی خۆی لەلیستی رەشی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی چاودێری ئازادیو مافەکانی مرۆڤدا، جێگیر بکەن .

رۆژنامەی ئاوێنە
رۆژنامەی هاوڵاتی
سپی میدیا
شار
لڤین
11/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 16

## ئێمەش یارسانین

http://www.kurdipedia.org/?q=20130609093717778318



هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن لە چەند رۆژی رابردوودا هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری هەمەدان بێڕیزییان بە ئایینی یارسان کە ئاینێکی دێرینی کوردانە کردووە و دوابەدوای ئەم بێڕێزیکردنە دوو کەس لە پەیرەوانی ئایینی یارسان بۆ نارەزایی دەربڕین ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردا.
گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژانە بەدەستی دەزگا سەرکووتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەچەوسێتەوە بەڵام پەیرەوانی ئایینی یارسان لە کوردستان زیاتر لە هەموو لایەک رووبەرووی توندوتیژی و نەهامەتی بوونەتەوە و بیرێزی بە خۆیان و ئایینەکەیان کراوە و دەکرێت.
ئێمە کە لە خوارەوە ناومان هاتووە بە هەموو شێوەیەک بێڕێزیکردن بە ئایینی یارسان و پەیرەوانی سەر بەو ئایینە مەحکوم دەکەین و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر بە پەیرەوانی ئەو ئایینە بە سیاسەتی نامرۆڤانە و دژگەلی دەزانین و داوا لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بەرگری لە خوشک و برایانمان لە ئایینی یارسان بکەن و لە کور و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا باس لەو نەهامەتیانە بکەن کە بەسەر پەیرەوانی ئەو ئایینە لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتووە.
لەسەر ئەو باوەڕەشین دەبێت لە داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستاندا مافی

پەیرەوانی ئایینی یارسان پارێزراو بێت و بێبەش نەکرێن لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.
لە هەمان کاتدا داوا لە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین لەبەرانبەر رووداوەکەی شاری هەمەدان دا نارەزایی دەربڕن و پشتیوانی لە پەیرەوانی ئایینی یارسان بکەن و دەنگی ئەوان بە گوێی جیهانیان بگەیەنن و بڵێن ئێمەش یارسانین.

شکوفە قوبادی- سوئێد
حوسام حەیدەری- تورکیا
هاوار بازیان- سوئێد
هیوا مولانیا (کوردستانی)- کوردستان
ئارام ئیبراهیم خاس – تورکیا
سوهراب کەریمی- تورکیا
جەمشید بەهرامی- ئاڵمان
عەدنان هونەروەر- ئاڵمان
هێرش ناسری- سوئێد
جەواد حەیدەری- کوردستان
جەمال نەجاری- فەرەنسا
ئارام عوسمانی- فەرەنسا
چیا عەبدوڵڵاپوور(کوردستانی)- فینلەند
عەلی ئەحمەدی- تورکیا
ئاکۆ کاکەیی- تورکیا
محەمەد جەمشیدی- کوردستان
شاهۆ حوسێنی- کوردستان
ئاسۆ خەبات- نورویژ
فواد مەحموودی ئاڵمان
ماردین فەرەجی- کوردستان
پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان
تاهیر مەهابادی- هوڵەند
عەلی قادری- دانمارک
کیانووش دۆستی پوور- ئاڵمان
پێشەوا عەلیپوور- کوردستان
هێژا مەنگور-سوئیس
رامیار فەتحی (منبری)-نورویژ
رەحمەت مەولانپوور- کوردستان
هەژار عەزیزی- کوردستان
ئەمجەد حوسێن پەناهی- ئاڵمان
تەوار وڵات کوردستان
کەریم فەرخەپوور- فینلاند
شیرکۆ موکریانی- کوردستان
سەباح مەجیدی نورویژ
عەلی قادری- کوردستان
شەماڵ میرزا- ئیرلەند
دیمەن سوهرابی- کوردستان
ئەفشین ئیبراهیمیان- تورکیا
کەمال کەریمی- هوڵەند
ئیبراهیم جیهانگیری- کانادا
کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی
سمکۆ بێکەس- نورویژ
تاهیر مەولانی- کوردستان

بەهرام مورادی- کوردستان
محەمەد خادمیانی- کانادا
هیوا عەلیزادە- کوردستان
ئاسۆ کرماشانی- کوردستان
سۆران رەزایی- نورویژ
هادی حجت الساداتی- ئاڵمان
شێرزاد ئیبراهیمی- فینلەند
ئارام محەمەدیان- فینلەند
محەمەد کۆنەپۆشی(حەمە ئاڵا)- کوردستان
رەحمەت بەهەشتی- کوردستان
سۆران ساڵحی- کوردستان
سامان ئەمینی- کوردستان
ساموئێل کرماشانی- سوئێد
سەحەر دیناروەند- کوردستان
مێهدی (هیوا) ئەعزەمی –سوئێد
ئاتووسا مورادی- کوردستان
رزگار جەباری- کوردستان
موحسین رەسوڵ پور- کوردستان
کانی کوردستانی- ئینگلیس
ئیسماعیل ئاروەند- دانمارک
فەرهاد دەلویی- بەغدا
عەلی لەیلاخ- کوردستان
عەلی مەحموود- کوردستان
سۆران ئەمینی- سوئێد
فەرەیدون قادرپور- نورویژ
عادڵ رەفیق- هۆڵەند
هیوا بەهرامی- ئاڵمان
رەفیق حوسین پەناهی- کوردستان
مەهین شوکروڵڵاپوور- فەرەنسا
دڵشاد قادر- کوردستان
پەیمان قادری- کوردستان
جەلال هانیسی- کوردستان
هێرۆ مەولوودی- کوردستان
رەحیم دەستیار- نورویژ
عادل محەمەدی- تورکیا
ئەمین عەبدی- دانمارک
سیامەک حەیدەری سوئیس
رەشید حەیدەری – سوئێد
بەهمەن نادری- نورویژ
هیدایەت جان- کوردستان
سیروان پاڵانی- فینلەند
دڵشاد جەمشیدی- فینلەند
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-06-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 17

**ئەم پڕە پارەیە خراوەتە سەر حساب بانکی هەرێم؛ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082120031657462

سەرەڕای گرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری، و کاری تێکدان و دزی لە هێڵی بۆری هەناردەی نەوتی کوردستان لەناو تورکیادا، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان توانیویەتی هەناردەی نەوتی خاو زیاد بکات و ئەوەندەش داهاتی بەدەستهێناوە کە بتوانێت پلانی حکومەتی هەرێم بەدی بهێنێت.
سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیادکردنی فرۆشی ڕاستەوخۆی نەوت (کە بەهاوبەشی لە مانگی حوزەیراندا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر پێنج حزبە سیاسیەکەی ناو حکومەتی بنکە فراوان پەسەند کرا) توانای بەخشی بە حکومەتی هەرێم دەست بکات بە دانی تێچووەکانی حکومەت و مووچەی فەرمانبەران. هەروەها بشتوانێت دەستبکات بە دانی موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتیەکان تاکو بتوانن بمێننەوە و ئاستەکانی هەناردەی نەوتیان زیاد بکەن، کە زۆر گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی ئابووری هەرێم .
لە ساڵی 2014 دا حکومەتەکەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو د. نوری مالیکی تەواوی بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی کە بووە مایەی دروستبوونی قەیرانێکی دارایی گەورە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.
لەو کاتەدا، سەرەڕای توانای سنوورداری هەناردەکردنی نەوت، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، بە پشتگیری ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، خێرا هەستا بە دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بەدیل بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگای 1) زیادکردنی توانای گواستنەوەی هێڵی بۆری نەوت، 2) زیادکردنی بڕی هەناردەی نەوت، 3) مسۆگەرکردن و وەرگرتنی پارەی پێشینە لە کڕیارانەوە بەرامبەر دابینکردنی نەوت بۆیان لە داهاتوودا.
لە بەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێوشوێنانەی سەرەوە، هەرچەندە مووچەی وەزارەتەکانی حکومەت نەتونرا لە کاتی خۆیاندا بدرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لە رووی داراییەوە بۆ ساڵی 2014 خۆی لە زۆربەی قەیرانەکە دەرباز بکات. بەڵام هەندێک هۆکاری چاوەڕواننەکراوی تر هاتنە ئاراوە و بەشێوەیەکی یەکجار زۆر کاریگەریان هەبوو لەسەر دۆخی دارایی هەرێم، وەکو تێچووەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و بارگرانی ئابووری بەهۆی نیشتەجێبوونی یەک ملیۆن و هەشسەد هەزار ئاوارەوە لە هەرێمی کوردستان.
پاشان لە کۆتایی 2014 دا، دوابەدوای چەند گفتوگۆیەکی نوێ لەسەر بودجەی حکومەتی فیدراڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان (بە هەر پێنج حزبەکەی ناو حکومەتی بنکەفراوانەوە) بڕیاریان دا هەلێک بدەنەوە بە حکومەتی نوێی بەغدا بە سەرۆکایەتی د. حەیدەر عەبادی.
هەموو سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان هانی ئەو هاوکاری و هەماهەنگیەیان دا کە لەگەڵ بەغدادا بەدیهات، کە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە پلانێک بۆ دابینکردنی بڕێکی دیاریکراو لە نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ سۆمۆ بەرامبەر تەواوی موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی ساڵی 2015 کە مانگانە بە نزیکەی یەک ملیار دۆلار دەخەمڵێنرا و ئەمەش لە یاسای بودجەی فیدراڵی 2015 دا چەسپێنرا.
هەرچەندە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زۆر خۆشحاڵ بوو بە ڕێکەوتنەکە لەگەڵ بەغدا، بەڵام چونکە شکستخواردنی هەموو ڕێکەوتنەکانی پێشوومان لەبەرچاو بوو لەبەرئەوە گومانمان هەبوو کە ئایا لە واقعدا بەغدا پابەند دەبێت بە بەدیهێنانی هەموو ئیلتیزاماتە داراییەکانیەوە بەرامبەر بە کوردستان بەپێی ڕێکەوتنەکە. سەربارى ئەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە تەواوی هاندەری بڕیارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ بەردەوامبوون و چالاکانە هەموو ئەوەی مومکین بوو بەجێی هێنا لەپێناوی ئەوەی پلانەکە بۆ هەردوو لا سەربکەوێت.
بەداخەوە، وەک وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێشبینی کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

یەکەم پێنج مانگی 2015 دا تەنها نزیکەی یەک لەسەر سێی موستەحەقاتەکەی لە بودجەی فیدراڵی لە بەغداوە بۆ هات. ئەمەش بووە مایەی خراپتر بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و بووە هۆی دواکەوتنێکی بەرچاوی مووچەی کارمەندانی حکومەت لەوانەش مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ.
لەبەرئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێشبینی قوڵبوونەوەی مانگانەی قەیرانەکەی کرد، لە بەهاری 2015 دا هەستا بە رێکخستنی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غازی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران و سەرکردایەتی سیاسی پێنج حزبەکەی کوردستان و پەرلەمانتارانی کوردستان و پەرلەمانتارە کوردەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ روونکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیان لەوەی کە چی لەپێشمان چاوەڕێمان دەکات.
وەزیری سامانە سروشتیەکان واقعە ئابووریەکانی ئەو بارودۆخەی روونکردەوە کە رووبەرووی هەرێم بووەتەوە و هانی دان کردار بنوێنن بۆ پشتگیریکردنی ریفۆرمەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان.
وەزیری دارایی، کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پشتگیری کرا، پێشەنگ بوو لەمەدا و پلانی ریفۆرمکردنی داڕشت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانی حکومەت و زیادکردنی داهاتی ناپەیوەست بە نەوتەوە لە هەرێمدا.
بەداخەوە، وەزیری دارایی پشتگیری سیاسی پێویستی بەدەست نەهێنا (بە تایبەتی لە هەندێک بڕیار بە دەستی سەرەکی حزبەکەی خۆیەوە) بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەی ریفۆرمە. بەم پێیە، کەمیی بودجەی بەغدا لەگەڵ خەرجیی بەردەوام زیادبووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی دواکەوتنی زیاتری مووچەی حکومەت و پشتگیریەکان بۆ پێشمەرگە و هێزەکانی تری ناوخۆ.
لە کۆتایی بەهاری 2015 دا، ئامادەنەبوون یان نەتوانینی بەغدا بۆ ناردنی بەشە بودجەی شایستەی هەرێمی کوردستان ئاشکرا بوو بۆ حکومەتی هەرێم و تەواوی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان. بەڵام سەرباری ئەو بەڵگە روون و ئاشکرایانە، سەرکردایەتی سیاسی هەرێم هیچ کردارێکی نەنواند بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو واقعە نوێیەی کە بەرەوخراپتر دەچوو.
تەنها لە ناوەڕاستی حوزەیراندا حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە نابەدڵیەوە رازی بوون بەو پێشنیارەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە دەمێک بوو پێشکەشی کردبوو بۆ فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی هەرێم لەپێناو دابینکردنی هێڵێکی ژیانی راستەوخۆ و پێشبینی کراوی ئابووری بۆ هەرێمەکەمان.
ئەو بڕیارە سیاسیە لە 24ی حوزەیرانی 2015 دا چووە واری جێبەجێ کردنەوە. بەرنامەکەش پێکهاتبوو لەمەی خوارەوە:
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەستێت بە زیادکردنی هەناردە بۆ 500 هەزار بەرمیلی رۆژانە لە نەوتی خاوی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بە گریمانەی ئەوەی هیچ وەستانێکی دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەت لە بۆری نەوتدا و هیچ دەستێوەردانێکی سیاسی یان پەشیمانبوونەوەیەک لە بڕیارەکە روونادات.
گریمانەی ئەوە کرا و ئومێد هەبوو کە تێکڕای نرخی بەرمیلێک لە 55 دۆلاردا دەمێنێتەوە بۆ باقی ساڵی 2015.
لەبەرئەو گریمانانەی سەرەوە، چاوەڕوان دەکرا مانگانە نزیکەی 850 ملیۆن دۆلار بەدی بێت بۆ دانی تێچووە بەردەوامەکان و مووچەی حکومەت و هەروەها بۆ دانەوەی مووچە دواکەوتووەکان.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی کڕیارەکانی نەوتی خاوی پێ سپێردرا و هەروەها داوای لێکرا بگاتە رێکەوتن لەگەڵ کڕیارانی پێشووی نەوتی هەرێمدا بۆ دواخستنی دانەوەی موستەحەقاتەکانی 2014یان بەرامبەر پارەی پێشینە تاکو 2016 بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت مانگانە 850 ملیۆن دۆلاری تەواو بەدەست بهێنێت لە ماوەی 2015 دا.
گریمانەی ئەوە کرا کە مانگانە 850 ملیۆن دۆلار بەس دەبێت بۆ لادانی بڕێک پارە بۆ دانی موستەحەقاتی ئەو کۆمپانیا نەوتیە نێودەوڵەتیانەی کە نەوت هەناردە دەکەن تاوەکو بتوانن ئاستەکانی هەناردەکردن بپارێزن و زیادیشی بکەن، بەمەش داهات زیاتر بکرێت.
هەروەها رێکەوتنیش کرا لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی دارایی بەرپرس دەبێت لە وەرگرتنی هەموو داهاتی نەوت لە بانکی نێودەوڵەتی کوردستان و هاڵک بانک (لە تورکیا.(
لە سەرەتای تەممووزدا، بڕیارێکی تری حکومەتی هەرێم کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە ئیمزا کرا، دەسەڵاتی بەخشی بە وەزیری دارایی بۆ بەڕێوەبردنی جوڵەی پارە لە حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هاڵک بانک.

هەروەها ڕێکەوتن کرا لەسەر ئەوەی کە هەموو داهاتێکی تریش، کە ناچێتە سەر حسابی هاڵک بانک لەبەر هەر هۆکارێک، دەبێت ئاراستەی حسابی وەزارەتی دارایی بکرێت لە بانکی نێودەوڵەتی کوردستان.
بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەمانەی خوارەوەی ئەنجامدا:
دەستبەجێ گرێبەستی لەگەڵ بازرگان و کڕیاری بەئەزموونی نێودەوڵەتی نەوت ئیمزاکرد، ئەمەش پرۆسەیەک بوو لە هەفتەی سێهەمی حوزەیرانی 2015 دا لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای نەوت و غازی هەرێمەوە پەسەند کرا.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کڕیارانی ناچار کرد مانگانە گەرەنتیی دانی 850 ملیۆن دۆلار بدەن بە گریمانەی ئەوەی تێکڕای ئاستەکانی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەدی دێن.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە ڕێکەوتن هەموو ئەو بازرگانانەی قایل کرد بە دواخستنی وەرگرتنەوەی نەوت لەبەرامبەر پارەکانیان کە پێشینە لە 2014دا درابوون تاکو ساڵی 2016.
هەرچەندە، لە رووی کرداریەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رووبەڕووی چەندین وەستانی گەورە بووەوە لە بۆری نەوتەکەدا لەناو تورکیا بەهۆی کاری تێکدەرانە و دزینەوە، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی ئاستەکانی هەنارده و بەفیڕۆچوونی داهات بە بڕی 501 ملیۆن دۆلار (هەفتەی رابردوو ووردەکاریەکان لەمبارەیەوە بڵاوکرایەوە)، بەداخەوە هەندێک لە سیاسەتمەدارانی ناوخۆمان پێدەچوو زۆر هێواش بن لە ئیدانەکردنی ئەو کارە تێکدەرانانە کە روویاندا لە تورکیا تاکو کردەوەی هاوشێوە لە داهاتوودا دووبارە نەبێتەوە.
کەمی هەناردەکردن لەلایەن هەرێمەوە کە لە گرێبەستەکاندا ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو وای لە کڕیاران کرد بتوانن پابەند نەبن بە دانی بڕی 850 ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش دووبارە بازرگانەکان قایل کران کە دانی بڕە پارەکان لەو حاڵەتانەشدا نەبڕن.
سەرباری هەموو ئەم گرفتانە، نرخی نەوتی خاو لە ئێستادا بە بەراورد بە نرخەکەی لە ناوەڕاستی حوزەیرانی 2014 دا بە نزیکەیی بە ڕێژەی 20% دابەزیوە.
سەرباری هەموو ئەو کۆسپانەی سەرەوە، ئەم بڕە پارانەی خوارەوە لە ماوەی شەست رۆژدا لە 24ی حوزەیرانەوە بۆ 24ی ئاب دەستەبەرکراون و دەکرێن.
ئ) لە 20ی ئابەوە، کڕیارەکانی نەوتی هەرێم بڕی 1.24 ملیار دۆلاریان خستووەتە سەر حساب لە بانکی نێودەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی وەزارەتی دارایی – بەدواداچوونکردن لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی کوردستاندا دەربارەی بەڕێوەبردن و جوڵەی ئەو بڕە پارە وەگیراوانە ئیشی وەزارەتی داراییە.
ب) بڕێکی تر کە بریتیە لە 187.5 ملیۆن دۆلار لە 21ی ئابدا لەلایەن کڕیارەکانەوە دەخرێتە سەر هەمان حساب لە بانکی نێودەوڵەتی کوردستان (واتە ئەمڕۆ.(
ت) بڕێکی تر کە بریتیە لە 125 ملیۆن دۆلار لە 24ی ئابدا دەخرێتە سەر هەمان حساب لەلایەن کڕیارەکانی نەوتی هەرێمەوە.
پ) واتە کۆی گشتی 1.55 ملیار دۆلار بەدەستهاتووە کە زیاترە لەو بڕەی بەڵێنی لێدرابوو بەپێی ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ بازرگانەکاندا کرابوو سەرباری کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوت بەهۆی وەستانەکانەوە و بە لەبەرچاوگرتنی تێچووی ئەو بەرهەمە پاڵێوراوانەی کە کڕراون و لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە.
ج) هەروەها حکومەتی هەرێم هەستاوە بە کڕینی بەرهەمە پاڵێوراوەکان، کە بایی 134.0 ملیۆن دۆلار بووە بە ئاڵوگۆڕی نەوتی هەناردەکراو بەرامبەر دیزڵ بۆ ویستگەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زۆر باش لەپێش خشتەکەیە بۆ کۆکردنەوەی پارە بە بەراورد لەگەڵ بەرنامە پەسەندکراوەکە سەرباری کۆسپەکان و وەستانەکانی بۆری هەناردەکردن.
بەڕێوەبردنی پارە و حەواڵەکردنی لەڕێگەی بانکی نێودەوڵەتی کوردستان و هاڵک بانکەوە تەنها بە وەزارەتی دارایی سپێردراون. بەڵام وەزارەتی دارایی نەیتوانیوە هەموو داهاتەکانی نەوت بهێنێتەوە ناو هەرێمی کوردستان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:
وەزارەتی دارایی نەیتوانیوە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ ئەوەی وەزیری دارایی بەرپرسیارێتی دارایی وەربگرێت بەرامبەر هاڵک بانک بۆ گواستنەوەی پارە بۆ کوردستان. دەوترێت ئەمەش بەهۆی دەستێوەردانی راستەوخۆی سیاسیەوە بوبێت لەلایەن هەندێ کەسی ناو حزبەکەی خۆیەوە بۆ

ئەوەی پەنجەی لۆمەکردن ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکرێت لەسەر دواکەوتنی مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی حکومەت.
هەروەها چەند کۆسپێکی زانراو هەن دەربارەی هێنانی دۆلار بۆ ناو کوردستان لە کاتی گونجاودا لە رێگەی بانکی نێودەوڵەتی کوردستانەوە و لە گۆرینەوەیدا بۆ دینار بۆ پێدانی مووچە. وەزارەتی دارایی سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەم کۆسپانە، و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش هەمیشە ئامادەبووە بۆ هاوکاریکردن گەر پێویست بوو بێت.
بە کورتی
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پابەندە بە ئەرکەکانیەوە و بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی بە خەڵکی کوردستان.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەسەر بنەمای پیشەیی و تەکنیکی کار دەکات لە هەموو بەشەکانیدا، بە پێچەوانەی ئەو خورافاتانەی کە لە لایەن هەندێک سیاسەتمەدار و میدیاکانیانەوە بڵاو دەکرێنەوە؛ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رێگە بە دەستێوەردانی حزبی نادات لە کارەکانیدا.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەرگری لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەکات دژی دەستێوەردانی سیاسی نەگونجاو و پێشەنگە لە زامنکردنی سەقامگیری ئابووریدا بۆ کوردستان و داهاتووەکەی.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێی وایە وەزیری دارایی ئیشێکی زۆر باش دەکات لە وەزارەتەکەیدا، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەرتر و سەرکەوتووتر بێت، نابێت بەهۆی دەستێوەردانی سیاسیەوە کۆسپی بۆ دروست بکرێت بەشێوەیەک ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان.
پێویستە دەستبەجێ وەزیری دارایی پشتگیری بکرێت و رێگەی پێبدرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەربارەی ریفۆرمی ئابووری، و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش شان بە شان ئامادەی هاوکاریە لەم پرۆسەیەدا.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان متمانەی هەیە کە، بە مەرجێک وەستانی گەورە لە هەناردەکردنی نەوتدا روو نەدات ئیدی لەرێگەی کاری تێکدەرانەوە بێت یان لەرێگەی دزیەوە یان لەرێگەی دەستێوەردانی سیاسیەوە یان لەرێگەی پەشیمان بوونەوەوە لە سیاسەتە پەسەندکراوەکانی هەناردەکردن، ئەوا دەکرێت پێداویستیە دەستبەجێکانی خەڵکی کوردستان بەدی بهێنرێن لەرێگەی فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتەوە.
هەروەها پێویستە دەرگاکانی هەرێمی کوردستان هەمیشە کراوە بمێننەوە بۆ دایەلۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ هاورێ بەرپرسەکانمان لە بەغدا لەسەر دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ هەموو کێشە هەڵپەسێراوەکان سەبارەت بە نەوت و غاز و پەرەپێدانی هاوکاری درێژخایەن.
لە کۆتاییدا، ئەگەر حزبە سیاسیەکانمان پێشتر پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بکردایە بۆ ئەوەی زووتر مامەڵەیان لەگەڵ پابەندنەبوونی بەغدادا بکردایە بۆ نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم، ئەوا دەمانتوانی بارگرانی قەیرانە داراییەکە لەسەر هەرێمەکەمان کەمتر بکەینەوە. بەڵام لەم قەیرانەی ئێستادا، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان داوا لە هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان دەکات ئەجێندا کورتبین و زیانبەخشەکانیان وەلاوەنێن و نەوت وەک فوتبۆڵیکی سیاسی بەکارنەهێنن چونکە ئەمە بووەتە مایەی پەک خستنی توانامان بۆ پاراستنی متمانەی کڕیاران و بەردەوامبوونی وەبەرهێنانی کۆمپانیا نەوتیەکان لە هەرێمەکەماندا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 18

## ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم کوژرانی بەرپرسی سەربازیی ویلایەتی نەینەوای تیرۆریستان پشتڕاست دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140917080336775000



ئەنجومەنی ئاسایش پشتڕاستی دەکاتەوە کە گەورە تیرۆریست (ئەبو عەبدوللا) بەرپرسی سەربازیی ویلایەتی موسڵی تیرۆریستان ئەمڕۆ لە ناوچەی خازر کوژراوە. تیرۆریست ئەبو عەبدوللا ناوی تەواوی (یاسین عەلی سلێمان شلاش)ە و خەلکی موصلە و لە دایکبووی ساڵی 1974 و دەرچووی کۆلێجی ئاداب بەشی عەرەبی بووە و ماوەیەک مامۆستا بووە. ناوبراو لە ساڵی 2003 پەیوەندی بە رێکخراوی تیرۆریستی تەوحید و جیهاد کردبوو و نازناوی حەجی تارقی هەبوو. لە ساڵی 2006 ناوبراو بەیعەتی دایە رێکخرواوی قاعیدە و کەسێکی نزیکی زەرقاوی بوو و بە ئەبوو سومەیە دەناسرا. لە ساڵی 2007 ئەم تیرۆریستە سەرپەرشت و پلاندانەری سەرەکیی تەقینەوەی رێکەوتی 2007/5/9ی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر بوو. لە ساڵێ 2010 ناوبراو لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکا دەستگیر کرا و رادەستی لایەنی عێراقی کرا و بە هەتاهەتایی حوکم درا و رەوانەی زیندانی ئەبو غرێب کرا. لە ساڵی 2013 لە کرداری شکاندنی زیندانی ئەبو غرێبدا لە گەل ژمارەیەک تیرۆریست بەرەو سوریا ڕای کرد و لە هەمان ساڵ پەیوەندی بە داعش کرد و لە ناو ئەم گروپەدا بە ئەبو عەبدوللا دەناسرا. ناوبراو بەرپرسی گشتیی سەربازیی ویلایەتی نەینەوای تیرۆریستان بوو. لە چەند مانگی رابردوودا سەرپەرشتی هەموو کردارە سەربازییەکانی سنووری نەینەوای کردووە. ناوبراو بەرپرسی یەکەمی کرداری رفاندنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی و شوێن بزرکردنیان بووە.
ئەم تیرۆریستە ئەمڕۆ لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی حەسەن شام و دەورووبەری کە بە هەماهەنگیی هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا ئەنجام درا لە گەل ژمارەیەک تیرۆریستی تری هاورێی کوژرا بە سزای خۆی گەیشت.
ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان
16/9/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 19

## ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەنگۆی کوژرانی ئەو کەسەی پشتڕاست کردەوە کە هوجام سورچی شەهید کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150403185907699333

راگەیاندراوێک لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە
ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پشتڕاستی دەکاتەوە کە شەوی رابردوو، کاتژمێر 8:45 خولەکی شەو، لە گەڕەکی قاهیرەی شاری موسڵ، تیرۆریست (موفق اسعد اسکندر) کوژرا و دوو لە هاوکارەکانیشی بە سەختی بریندار کران .
جێگەی ئاماژەپێدانە، تیرۆریست (موفق اسعد اسکندر) سەرەڕای ئەنجامدانی چەند کارێکی تیرۆریستی، لە رێکەوتی 2015/1/25 لە شاری موسڵ، ئەفسەرێکی پێشمەرگەی بە ناوی (هوجام سورچی) بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کردبوو.
ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

3/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 20

## ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەتوندی ئیدانەی تاوانی کوشتنی منداڵکێکی 15 ساڵی دەکات لەلایەن مێردەکەیەوە لە ناوچەی کەلەکچی سەر بە قەزای شێخان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140526140638764 97

لەپێشوازی رۆژی جیهانیی منداڵاندا، جارێکی تر رەشەبای ژنکوژی لە ناوچەیەکی تری هەرێمەکەمان هەڵی کردوو، ئەمجارەیان پەپوولەیەکی 15 ساڵانەی کردە قوربانی، کە هێشتا لە تەمەنی منداڵی دایە.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەتوندی ئیدانەی کوشتنی دونیا دەکات... شەوی 23-5-2014 لە ناحیەی کەلەکچی سەر بە قەزای شێخان منداڵێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی دونیا بە دڕندەترین شێوە لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا، دواتر بکوژەکە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهات و تا ئێستا هیچ زانیاریەک لە بارەی شوێنی ئەو تۆمەتبارە دیار نییە.

دونیا ئەو کچە تەمەن 15 ساڵانەی ناحیەی کەلەکچی پارێزگای دهۆکە، کە لەلایەن مێردەکەیەوە لە حاڵەتێکی تەمومژاویدا کوژراو جەستەی شێویندرا، پیاوەکەش دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە هەڵاتووە... ئەم تاوانە دەکرێت بە یەکێک لە تاوانە دەگمەنەکان، هەژماربکرێت کە لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا ڕوودەدەن.

لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان پێداگری دەکەین کە بەپەلە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تاوانە بکرێت لەلایەن پەرلەمان و دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەربارەی مارەکردنی کچێکی 14 ساڵان بەدەر لە یاساو هەروەها ئەم قوربانییە ژنی دووەمی بکوژەکەیە، چۆن مارەکراوە؟!!...، لەسەر ئەو تاوانە هەڵوێست وەربگرن..

داواکارین لە حکومەت بەزووترین کات تاوانبار دەستگیر بکرێت و لێکۆڵینەوە لەم تاوانەو سزادانی بکوژەکەو گرتنەبەری رێوشوێنی توند بۆ سنووردانان بۆ ئەم جۆرە تاوانانە کە بۆتە مایەی ڕوودانی کارەساتی رۆژانەی دوور لە گشت بەهایەکی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و ئایینی، لە هەرێمەکەماندا، بۆ پاراستنی کەرامەت و ژیانی هاووڵاتیان.

پێشێلکردنی یاساو چاوپۆشین و ئاسانکاری بەرامبەر بە تاوانباران و سستی لە جێبەجێکردنی ستراتیژو نەخشەو پلانی تایبەت بە بارودۆخی ژنان و مەسەلەکانی توندوتیژی، زمانی سیاسی زبر و گەلێک هۆکاری دیکە رێگەخۆش دەکەن بۆ ئەم جۆرە کارەساتانە کە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی بەگشتی گرتۆتەوە.

بەپێویستی دەزانین زۆر بەجددی لەلایەن دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانەوە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و هەنگاوبنرێت بەرەو جێبەجێکردنی گشت ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بە مافەکانی ژنانەوە هەیە.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
25/5/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 21

## ئەنجومەنی دادوەری سەرلەنوێ بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی ئەنفالی دەرکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050714484585252



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 22

## ئەنجومەنی ناوەندی لەسەر دەستگیرکردنی حەیدەر قاسم شەشۆ لەبەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئەو کارە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040721075167079

شەوی 6/5 ی نیسانی 2015 هەڤاڵ حەیدەر قاسم شەشۆ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی و ئەندامی پێشوتری پەرلەمانی عیراق و فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شەنگال لە کۆمەڵگەی خانکێ ی سەر بەقەزای سمێل لەلایەن هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەڕفێنرێت، لەساتە وەختێکدا کە شەنگال بەدەستەوە دەدرێت و ئێزیدییەکان بە ژن و پیاو پیرو گەنج و مناڵەوە قەتل و عام و بێسەرو شوێن دەکرێن، حەیدەر شەشۆ و هەڤاڵەکانی دەچنە چیای شەنگال و چەکی بەرگری و بەرخودان لەشان دەکەن و چەندان شەهیدو قوربانی دەدەن بۆ پاراستنی شەنگال و ئێزیدییەکان و خاکی کوردستان، جێگای سەرسورمان! و پرسیارە؟ لەبری ئەوەی ئەوانەی شەنگال و ناوچەکانی تریان بەدەستەوەدا سزا بدرێن کەچی بەرگریکاران لەشەنگال و ئێزیدییەکان دەڕفێنرێن و بە تاقم و دەرچوو لەیاسا ناودەبرێن.
لە کاتێکیشدا کە هەرێمی کوردستان پێوستی بە یەکڕیزی نیشتمانی و کۆدەنگی لایەنە سیاسییەکان هەیە بۆ رووبەڕوو بوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە هەنووکەیی و چارەنووسسازەکان هەر لەشەڕی داعش و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تا دەگاتە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستور، ئەم جۆرە کردەوانە ئەنجام دەدرێن، کە بێگومان ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە ئێمە وەکو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەم کارە دەکەین و داوای دەستبەجێ ئازادکردنی هەڤاڵ حەیدەر قاسم شەشۆ و هاوڕێکانی دەکەین و هەر دەرەنجامێکیش کە لەم کردەوەیە بکەوێتەوە ئۆباڵەکەی لەئەستۆی ئەو لایەنەیە کە کردارەکەی ئەنجامداوە.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
7-4-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 23

## ئەنجومەنی وەزیران هێرشەکەی خانەقین رسوا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140428222726760009

بە توندی ئەو هێرشە تیرۆرستییە خوکوژییە ڕسوا و شەرمەزار دەکەین کە ئێوارەی ئەمڕۆ کرایە سەر هاوڵاتیانی کوردستان کاتێک لە بەردەم بارەگای مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری خانەقین، بە بۆنەی دەرکەوتنی ڤیدیۆی جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵەوە، ئاهەنگیان دەگێڕا و خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی، کە بەداخەوە بووە هۆی شەهید و بریندابوونی چەندین هاووڵاتی.
تیرۆریستان دەیانەوێ بەم هێرشە دڕندانە ورەی خەڵکی کوردستان بڕووخێنن و لە گەرمیی دەنگدان و هەڵبژاردن و کەشوهەوای ئازادی و دیموکراسی ساردیان بکەنەوە، بەڵام گەلی کوردستان هەرگیز بەم کارە ترسنۆکانە نالەرزێ و ورەی ناڕووخێ، بەڵکو وەک هەمیشە سوورتر دەبێ لەسەر هەنگاونان بەرەو ئازادی و هەرگیز بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

لەم بۆنە خەمناکەدا ئەوپەڕی هاوخەمی و پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەیە هەر چییەک پێویست بێت پێشکەش بە قوربانیان بکات.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

28ی نیسانی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 24

## ئەنجومەنی وەزیران، پیرۆزبایی لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150515150053853320

لە یادی 53 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە یەکێتیی مامۆستایان دەکەین کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ، ڕۆڵێکی گەورەی لە داکۆکیکردن و پاراستنی مافەکانی ماموستایانی کوردستاندا گێڕاوە و هەمیشە لە هەوڵی باشترکردنی ڕەوش و گوزەرانی مامۆستایان و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەییدا بووە.
هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە تەواوی مامۆستایانی کوردستان دەکەین کە هەمیشە ڕۆڵێکی مەزنیان لە پێگەیاندنی زانستیانەی نەوەکانی کوردستان و جۆشدانیان بە بنەما و پرەنسیپەکانی خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئازادیی گەل و نیشتیماندا گێڕاوە و هەرگیز نەیانهێشتووە گوشار و بێ مووچەیی و ئاڵۆزیی بارودۆخەکان، لەبەردەم پرۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کوردستاندا ببنە ڕێگر و هەمیشە بە دڵسۆزی و بە گیانێکی گەورەی لەخۆبوردەییەوە، بەردەوامییان

بە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن داوە.
هەر لەم بۆنەیەدا بۆ یەکێتیی مامۆستایان و تەواوی مامۆستایانی کوردستان دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەرنامە و پلانەکانی بۆ خزمەتکردنی زیاتری مامۆستایان و کەرتی پەروەردە، لە هەوڵ و کۆششەکانی خۆی بەردەوام دەبێت. دووبارە پیرۆزبایی لە یەکێتیی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
15/5/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 25

## ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەبارەی تەقینەوەکەی دوێنێ ئێوارە لەناو گردبوونەوە جەماوەرییەکەی HDP بەیاننامەیەک دەردەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060614192385495

به توندی ئیدانەی ئەو تەقینەوەیە دەکەین کە دوێنێ ئێوارە گربوونەوەیەکی جەماوەریی HDPی لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە شاری دیاربەکر کردە ئامانج و تیایدا چەند هاووڵاتییەک گیانیان لە دەست دا و بە دەیانی دیکەش بریندار بوون .

وێرای پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیمان لەگەڵ خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان، هیوای زووچاکبوونەش بۆ برینداران دەخوازین.

هیواداریین هەموو لایەنەکان دان بە خۆیاندا بگرن، ڕێکارە یاساییەکان بگەنە ئەنجام و ئەم کارە ترسنۆکە نەبێتە هۆی کاردانەوەی نابەرپرسانە و لە دوایین ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کەشی گشتی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان نەشێوێنێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
6-6-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 26

## ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێک لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن داعشەوە بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031420305284863

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەڵگەی لەبەردەستە، کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە بەرەکانی شەڕ دژی هێزەکانی پێشمەرگە مەوادی کیمیاوی بەکارهێناوە.
پاش ئەوەی ڕۆژی 23ی کانوونی دووەمی ڕابردوو ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو خۆی بە هێزەکانی

پێشمەرگە تەقاندەوە، هێزەکانی پێشمەرگە بە مەبەستی ئەنجامدانی شیکردنەوە سەمپڵی خۆڵ و پاشماوەی تەقینەوەکەی کۆکردەوە و رەوانەی تاقیگەی ولاتێکی بەشدار لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد. شیکردنەوەکە، کە لە تاقیگەیەکی باوەڕپێکراوی یەکێتی ئەورووپا ئەنجامدراوە، دەریخستووە سەمپڵەکان رێژەیەکی بەرچاو لە ماددەی کلۆریان تێدایە، کە لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی بەکاردێت. ئەمەش یەکەم لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتییە، کە دەیسەلمێنێ داعش لە دروستکردنی چەکدا سوودی لە ماددەی کلۆر وەرگرتووە .

ئەنجوومەنی ئاسایش زۆر بە توندی ئیدانەی بەکارهاتنی ئەم چەکە یا هەر چەکێکی قەدەغەکراوی دیکە دەکات. راستی پشتبەستنی داعش بە تاکتیکی وا بەڵگەی ئەوەیە، کە داعش لە پاشەکشە دایە، بۆیە نا ئومێدانە پەنا بۆ هەر ئامرازێک دەبات.

هێرشەکەی 23ی کانوونی دووەمی رابردوو لە شارێی 47 ی نێوان مووسڵ و سوریا لە چوارریانی کەسکێ روویدا، لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە لە رێگەی بەرگریدابوون لە پاش هێرشێکی دوو رۆژە بۆ سەر داعش، کە لە و هێرشەدا 200 کیلۆمەتر چوارگۆشە لە داعش پاککرایەوە و زیاتر لە 200 تیرۆریستیشی لێ کوژرا. هەروەها نزیکەی 20 بوتڵە غازی پرکراو لە ماددەی کلۆر لە لۆریەک بارکرابوو تا لە تەقینەوەکە سوودی لی وەربگرێ.

ماوەیەکی زۆرە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان گومانیان هەیە، کە داعش لە شەڕەکانیدا مادەی کیمیاوی بەکاردەهێنێ، تەنانەت لەم شەڕەی دوایی، کە لە دەوروبەری تکریت روویدا، لە هێرشێکی هاوشێوەی تۆمارکراو بە ڤیدیۆدا دوکەڵی پرتەقاڵی بەرز دەبێتەوە، ئەمەش نیشانەی بەکارهێنانی ماددەی کلۆرە. واتە داعش جارێکی دیکە دوای لە دەستدانی شارەکە ئەم چەکەی بەکارهێنایەوە، ئەمەش دەریدەخات هەر کاتێک داعش تووشی شکستی گەورە بێتەوە کلۆر وەک چەک بەکاردەهێنێ. ئەم دوو نموونەیەش نیشانەی ئەوەن داعش لەژێر گوشار دایە و بەردەوام خاک لە دەست دەدات.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

14ی ئاداری 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 27

## ئەو موستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی بەغداوە تاوانبارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2011041619552156684

سەرجەم ئەو موستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی بەغداوە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە

1.ئاوات ئەحمەد حەسەن رەش
2.ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک
3.ئیبراهیم بالول ئاغا
4.ئیبراهیم عەلی ملو ئەزوری
5.ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی
6.ئەبوبەکر فەقێ ساڵحی
7.ئەحمەد بیجۆ
8.ئەحمەد جەبار جەباری

9.ئەحمەد جەمیل ئەمین
10.ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵح
11.ئەحمەد کوێخا ڕەجەب
12.ئەرشەد ئەحمەد زێباری
13.ئەسعەد جانکیز هەرکی
14.ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا
15.ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگنە
16.ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری
17.ئەنوەر حەسۆ
18.ئەنوەر ڕەشید خزر میران
19.ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف
20.ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گلی
21.بابەکر وسو محەمەد
22.باییز عەزیز ڕەشید باوەجانی
23.برهان شوانی
24.بەکر عەلی حاجی مشیر
25.بەکر کەریم غەفور
26.بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمن محەمەد
27.تەحسین شاوەیس سەعید
28.تۆفیق حەمەفرج حەمە ڕۆستەم نەورۆڵی
29.تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری
30.جاسم محەمەد زێباری
31.جاسم محەمەد فارس محەمەد
32.جەبارە درێژ
33.جەبار شێخ هادی
34.جەبار موسی قەرەهەنجیری (جیهاد(
35.جەعفەر ئەنوەر سلێمان
36.جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی
37.جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگایی
38.جەلال شێخ نەجمەدین کەریم
39.جەلال محەمەد عەبدولڕەحمان هلالی
40.جەلال مەحمود ساڵح دۆستی
41.جەمال حسێن دوزیی
42.جەمال خزر خالید
43.جەمال فەقی حسێن
44.جەمال نەسرەدین عەزیز
45.جەمیل کەریم مەجید ئاغا کوری
46.جەوهەر محی جانکیز هەرکی
47.حاجی عەلی نبیاوە
48.حەجاج عەبدولغەفور خالد دوبەردانی
49.حەسەن مەحمود بەگ ئەمین هەواری
50.حەسیب محەمەد نەجم جەباری
51.حسێن جیهانگیر جادر مزوری
52.حسێن حەمە سور ئاغا
53.حسێن حەمە فەتاح قادر
54.حسێن خزر حەمەد
55.حسێن محەمەد عوسمان
56.حیلمی سەعید قادر محەمەد جاف
57.حەمە بوخچی

58.حەمە رەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم
59.حەمە کەریم حەمە
60.حەمەخان دارە رەشید
61.حەمەی حاجی حسێن
62.حەمەدئەمین حەمە شاسوار
63.حەمزە عەباس مامەند ئاکو
64.حەمود عومەر ساڵح تاجەدین میرنی
65.خالید شێخۆ مراد
66.خالید قاسم محەمەدئەمین
67.خالید مەحمود ئەحمەد عەلی غوارە
68.خزر عەبدوڵڵا حسێن
69.خضیر رەشید بەحری
70.خضیر فەتاح حسێن گامیش
71.خەلیل عەبدڵا ئیبراهیم
72.خورشید ئەسعەد رەسوڵ
73.خەیروڵا دوزی
74.دڵسۆز خزر مینە بلباس
75.رەحیم کەریم قادر
76.رەسوڵ مامەند قیردولی
77.رەشید حەمەئەمین عەزیز
78.رەشید ساڵح رەشید ئەتروشی
79.رەزا تەها محێدین
80.رەفعەت محەمەد عەلی
81.زاهیر تاهیر تۆفیق
82.زەید سورچی
83.زیرەک تاهیر سەعید
84.سالار نەسروڵا قادر
85.سعاد فەیزوڵا محەمەد
86.سەعید ئەحمەد شیشە
87.سەعید عەدنان جەباری
88.سەعید غیدان (حەمە سەعید)
89.سەعید قادر محەمەد جاف
90.سەعید محێدین ئەحمەد زەنگنە
91.سەلیم مەند رەسوڵ
92.سمکۆ عەبدی حەسەن زدکی
93.سوارە فەتاح فەرج جاف
94.سەید رەزا سەید تەها(سەید مانکا)
95.سەید قدرەت
96.سەید مەجنون
97.شامل دەروێش
98.شەریف حەمە شەریف(شەفەی خاتون)
99.شەریف حەمەد کرداوی
100.شەریف مەحمود مەعروف
101.شوکر جندی عەنتەر مزوری
102.شمال رەفعەت کلی
103.شەهاب ئەحمەد وایەرمەن
104.شێخ ئەحمەد بەرزنجی
105.شێخ بورهان
106.شێخ جەلال ساڵەیی

107.شێخ روناک
108.شێخ سعاد تالنی
109.شێخ سەلاح نەقشبەندی
110.شێخ کەریم شێخ شەهاب
111.شێخ مەجید باییز حەسەن
112.شێخ مەحمود سەید گوڵ
113.شێرزاد عەلی بەلەکە
114.سابیر ئەحمەد رەقیب
115.سادق زەید وایەرمەن
116.ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل الرفعی
117.ساڵح ئەحمەد حسێن
118.سەباح ئیسماعیل خزر
119.سەباح سورچی
120.سەباح نازم رەقیب سورچی
121.سدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی
122.سەلاحەدین خزر رەسوڵ
123.سەلاح شینە
124.چیا سورچی
125.تاریق سەعید ئیبراهیم مزوری
126.تاریق شفیع کافروش
127.تاریق عەزیز رەزا ئاغا
128.تاریق کاکەیی
129.تاهیر عوسمان رۆستم
130.تاهیر عەلی عبدولڕەحمان
131.گرکیس حمید حیدر
132.تەیب محەمەد عوسمان (شێخ تەیب(
133.زاهیر ئاغا کۆیە
134.عادل تۆفیق رەشید
135.عاسف ئەحمەد زێباری
136.عاسی حەمە دیزە
137.عەباس باییز بالو ئاغا
138.عەباس حاجی ئەخاسر سیان
139.عەباس حاجی ئاغا رەسوڵ
140.عەبدولرەحمان عاسی عیزەدین
141.عەبدولقادر مستەفا محەمەد
142.عەبدولکەریم حسێن خالید
143.عەبدولکەریم سەعدی سلێمان سەعدی
144.عەبدولکەریم محەمەد سلیم شوش زێباری
145.عەبدوڵلا حەسەن ساڵح
146.عەبدوڵلا حەسەن ساڵح بابان
147.عەبدوڵلا فەیسەڵ عەبدوڵلا ماوانی
148.عەبدوڵلا کاک ئەمیر(عەبە کەرکوکی(
149.عەبدولمەجید حسێن ئیسماعیل شێخکی
150.عوسمان عەبدولرەحمان فەتحوڵا
151.عەدنان دیسکو
152.عەدنان عەبدوڵلا ئەحمەد جەبارە
153.عدنان عەبدوڵلا نەجم جاف
154.عەرەب ساڵح عومەر قادر
155.عیسمەت دینو بیری

156.عەقید حەمید عوسمان
157.عەلا و محەمەد ئەمین عیسی
158.عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان
159.عەلی ئەحمەد محەمەد هارونی
160.عەلی ئەورەحمان ئەسعەد
161.عەلی سەلمە چوارتایی
162.عەلی سلێمان حسێن
163.عەلی عبوش عەبدی غزالە
164.عەلی لوت ماسی
165.عومەر ئەحمەد عەلی
166.عومەر ئاغا
167.عومەر بابەکر سەلیم
168.عومەر بەشار ساڵح
169.عومەر حاجی بادینان
170.عومەر حاجی ساڵح
171.عومەر حەسەن رەسول کردی
172.عومەر حەسەن(عومەر عەرب(
173.عومەر حەمە رۆستەم
174.عومەر حەمە عەلی چەرمەگا
175.عومەر خزر حەمەد سورچی
176.عومەر سۆفی
177.عومەر محەمەد حەیدر
178.عومەر مەحمود محەمەد ماموی
179.عومەر موراد خان جەلیلە
180.عەمید فەتاح بەگ جاف
181.عەونی حاجی مستەفا جبرائیل
182.غیاث تۆفیق سلێمان یاسین
183.فواد کەریم بایز هەمەوەند
184.فاتح تاهیر مستەف عبدولقادر
185.فارس محەمەد قادر عەزیز سورچی
186.فاروق رەشید عەلی محەمەد نەورۆلی
187.فازل مستەفا حەسەن بروای
188.فەتاح کەریم فەتاح
189.فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر
190.فەرهاد مامەند حەمەد
191.فەرهاد مامەند حەمەد مەولود
192.قادر شەفیق نعمان
193.قادر محەمەد رەشید عەبدولقادر
194.قادر مەحمود خلیفە عەبدولسەمەد
195.قاسم رەشید دزەیی
196.قاسم فاوس تاهیر مستەفا ئاغا
197.قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود
198.قالەی عەزە ناڵبەند
199.کامەران ئەحمەد(کامەران سور(
200.کامل شێخ هادی
201.کەریم خان مەحمود خەلیفە
202.کەریم عەبدوڵلا محەمەد
203.کەمال حەمە مام سۆرانی
204.کەمال محەمەد حەیدر(کمال شەمە(

205.کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح
206.لەتیف ئەحمەد محەمەد الزیباری
207.مام یحی(کۆیە(
208.مامەند حەمەد مەولود
209.مامەند قشقە
210.مەجید سلێمان ئەحمەد جاف
211.مەجید غیدان
212.موحسین کرچی رحی
213.موحسین محەمەد یاسین
214.محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵح
215.محەمەد جەوهەر گۆران
216.محەمەد حەسەن عەلی میرزا
217.محەمەد حەمەئەمین حسێن زراری
218.محەمەد حەمزە ژاژڵەیی
219.محەمەد سەعید مەحمود شەمێرانی
220.محەمەد سەلیم قادر عوسمان
221.محەمەد شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی
222.محەمەد شێخ مەعروف پیرداود
223.محەمەد سادق محەمەد شوانی
224.محەمەد تاهیر رەشید حەمەئەمین
225.محەمەد تاهیر یونس محەمەد(رینکاوی(
226.محەمەد عەلی رەسوڵ
227.محەمەد عومەر ئەمین جەمیل(باساکی(
228.محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف
229.محەمەد قادر ئاغا سورچی
230.محەمەد کانبی بانو ئاغا
231.محەمەد کاوانی
232.محەمەد کەریم شوش زێباری
233.محەمەد کلحی ریکان
234.محەمەد نجیب سادق بەهادین
235.مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە
236.مەحمود حسێن مەحمود عەلی
237.مەحمود حەمە رەسوڵ ئاغا
238.مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح
239.محێدین حەمە رەحیم
240.محێدین عەزیز محەمەد باباعەلی
241.مەدحەت تۆفیق داودی
242.مشیر ئیبراهیم ئەحمەد
243.مشیر هادی حەمەد ئاغا
244.مستەفا سلێمان وزە
245.مەلا حەسەن روغزایی
246.مەلا عوزێر
247.میرزا ئیسماعیل شەرەف رەزا
248.میرزا حەسەن
249.نامیق رەقیب سورچی
250.نامیق عبدولکەریم
251.نەجمەدین ساڵح محەمەد بەرزنجی
252.نوری حەسەن موراد بەرزنجی
253.نەوزاد ئەنور بێتواتە

254.هەڵگورد عەبدولکەریم کەسنەزانی
255.هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا
256.وەهاب رەحمان حەمەدئەمین
257.یەحیا جاف
258.یونس رەمەزان غەواره
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (سەرجەم ئەو موستەشارانەی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی بەغداوە بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە)
لە: 16-4-2011 19:47:19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 28

## ئەو نوسینەی بوە هۆی ئەوەی چەند پەرلەمانتارێکی پارتی پەلاماری عەلی حەمەساڵح بدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032620213184998

لەبارەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە قسە دروستکردن بەناوی گۆران و نەوشیروان مستەفا عەلی حمە ساڵح لێرە و لەوێ قسەی ئەوە دەکرێت کە گۆران رازی بووە ویلایەتی مەسعود بارزانی بەم شێوەی ئێستای کە لە پۆستی سەرۆکی هەرێم درێژبکاتەوە و کاک نەوشیروان ئەمەی پێوتوون.
بەدڵنیایەوە ئەمە راست نییە، ئە و کارە نایاساییەی لە 2013 دا، بەڕێوەچوو بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم قابیلی دوو بارە بوونەوە نیە و بە خیانەت لە دیموکراسی و پێشێلکردنی یاسایی دەزانین. ئەوەش دەڵێت کاک مەسعود بەنیاز نیە بێتەوە سەرۆکی هەرێم و گۆران پێی باشە بێت !! کاک مەسعود، کارێکی باش دەکات نایەوێت بێتەوە سەرۆکی هەرێم و هیواداریین ئەم نیەتەی کەهەیەتی وەک باس دەکرێت بێتە کردار، بە دڵنیایی تەکلیف لە کەسیش ناکەین بێتە سەرۆکی هەرێم. هەموو لایەکیش دڵنیابن یاسا شکێنی بۆکەس ناکەین و تەنیا لە خەمی سیستمێکی حوکمڕانیداین، کە دیموکراسی بەرهەمبهێنێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 29

## با بکوژانی رۆژنامەنووس یەعقوب رەسول سزای یاسایی بدرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091919230888663

شەوی 19|2013/9/20 رۆژنامەنووسی ئازاو بوێرو ئەندامی کارای لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یەعقوب رەسول.. بەدەستی چەند کەسێک تیرۆر کراو کۆتایی بە ژیانی هێنرا..
لەهەرێمێکدا کە یاسا سەروەر بێت و مافی تاکەکان بەیاسا پارێزراو بێت کوژرانی رۆژنامەنووسێک بەدەستی چەند کەسێک (کە ئێستا چەند کەسێک بەگومانی ئەوتاوانە دەستگیرکراون) مایەی راچڵەکین و هەڵوەستەیە، بۆیە ئێمە وەک لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەتوندی ئیدانەی ئەو تاوانە قێزەونە دەکەین و داواکارین هەرچی زووترە لایەنە بەرپرسەکان بێ سڵەمینەوە بەپێی یاسا سزای تاوانباران رابگەیەنن و نەهێڵن مافی خوراو خوێنی ڕژاوی کاکە یەعقوبی رۆژنامەنووس بەهەدەر پروات..

لقی سلێمانی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
20/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 30

# با بەتەواوی تواناوە بەرامبەر بەهەوڵی کۆنەپەرستان بۆ سەپاندنی سەوابتی ئیسلامی و زاڵکردنی فەزای کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەڵگادا، راوەستین!

http://www.kurdipedia.org/?q=201310272161588154

سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، جارێکی تر پەردەی لەسەر ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە هەڵدایەوە، کە حزبەکانی بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، هەموویان ئەندامانی یەک خێزانی بەرەی بۆرژوا ناسیونال-ئیسلامین و بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی چەوسێنەرانەو نایەکسانی مشتێک ملیاردێری کوردستان، لە بەرەیەکی دژ بە خەڵکی کوردستاندان. ئێستا دەبێ بۆ هیچ کەسێک ئەو گومانە نەمابێتەوە، کە کێشمەکێش و ململانێی نێوان دەسەڵات و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، تەنیا لەسەر بردنی بەشی زیاترە لە پارووی دەمی خەڵک و هیچ پەیوەندیەکی بەقازانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوە نیەو نوێنەرایەتی خواستە ڕەواکانی ئەوان ناکەن و بە ناڕەوا سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی بزووتنەوەی 17شوباتی خەڵکی کورستان بوون، تا بەش و جێگەیەکی زیاترو باشتریان لە دامودەزگای دەسەڵاتی سەرتاپا نایەکسان و کۆنەپەرستی ئێستای کوردستاندا پێ ببرێت.
هێشتا هیچ یەکێک لە سیناریۆ پێشبینی کراوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی هەرێم لە جێگایەک نەگیرساوە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆران لە زمانی سەرۆکەکەیەوە، بەڵێنی ئەوە بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و تەنانەت جمهوری ئیسلامی ئێرانیش، کە پێگەیەکی بەهێزی تەنانەت لە دیاریکردنی چارەنووسی حزبەکانی زۆنی سەوزدا هەیە، دەدەن و خاتر جەمیان دەکەن لەوەی کە ئەگەر بەشداریەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەریان لە پەیکەرەی حکومەتی ئایندەی هەرێمدا پێ بکرێت، ئەوا هاوشانی دەسەڵات هەوڵ دەدەن، ئەوەی کە دەسەڵات تا ئێستا بۆ داخستنی دەروازە زۆر تەنگەکانی ئازادی لە کوردستان پێی نەکراوە، ئەوان دەیکەن!. نەوشیروان مستەفاو حزبەکەی، دەسەڵات دڵنیا دەکاتەوە لەوەی، کەدەسەڵاتی هاوبەشی سبەینێیان، دەتوانێ شانسی لەدایکبوونی سەرلەنوێی یاسای "پاراستنی پیرۆزە ئاینیەکان"، کە لە خولی سێهەمی پەرلەماندا، بەهیمەتی ئازادیخوازان لە باربرا، مسۆگەر بکرێت!. تەنانەت نەوشیروان مستەفاو بزوتنەوەی گۆران بەپشتیوانی هاوپەیمانە ئیسلامیەکانی، دەسەڵات لەوە دڵنیا دەکەنەوە، کە ئەگەر شەریکی ڕاستەقینە بن لە دەسەڵاتی کابینەی نوێدا، تەواوی یاساکانی لەمەڕ ئازادی خۆپیشاندان، ئازادی بیروراو دەربرین، ماف و ئازادیەکانی ژنان و لاوان، بەکونە دەرزی ژەنگاوی پاراستنی سەوابتە دینیەکان و ئادابی گشتیدا دەبەن.!
نۆبەرەی ئەم هەلومەرجە کۆنەپەرستانە تازەیەی دوای سیناریۆی هەڵبژاردن، سوتاندنی پەیکەری خۆشەیستی و شێواندنی گڵکۆی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیرە لەشاری سلێمانی!. پاشان بەخەبەرهاتنی خێرای بەناو "داواکاری گشتی"یە، بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو دوو لاوەی کە بۆ ناڕازەیەتی دەربرین لە دژی سووتاندنی پەیکەری خۆشەویستی، ڕێگای ماچیان هەڵبژارد!. ئەم ڕووداوانە سادەو لەخۆوە نین، دەنا بۆچی دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار ساڵ بەسەر دانانی ئەو پەیکەرەدا لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی دەست بۆ سوتاندنی دەبرێت؟!، و دواتر گڵکۆی

(شێرکۆبێکەس) دەشێوێنرێت؟!. ئەم ڕووداوە تەقاندنەوەو سوتاندنی ئارایشتگاکانی ژنان و هۆڵەکانی سەرگەرمی لاوان و ڕشتنی تێزاب بەقاچی ژنانی مەدەنی پۆشمان لەساڵەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بیر دەخاتەوە.
ئەمە ئاکامی پاشەکشەی بزووتنەوەی 17شوباتی 2011ی خەڵکی دڵپڕ لە هیوای کوردستان و خۆشباوەڕی تا ئێستایانە بەبەرەی کۆنەپەرستی ئۆپۆزسیۆن.
جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!
کرێکاران، ژنانی ستەمدیدە، لاوانی دڵپرلەهیوا!
هەموو دەزانین، داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی کوردستان، هەتا دێت گەورەتر و فراوانتر دەبێت و لەبەرامبەردا قڵشتی چینایەتی و هەژاری و بێکاری و گرانی هەتا دێت ئاستێکی مەترسیدارتر بە خۆیەوە دەگرێت. بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەم هەلومەرجە بەسەر ژیانی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستانەوە، دەسەڵاتێکی یەکدەستتر، کۆنەپەرستانەتر، دژی ئازادی تر، بۆ دەستەی فەرمانڕەوای کوردستان پێوستە، تا کۆمەڵگە لەپێدەنگیدا ڕابگرن. ئەرکی ئۆپۆزسیۆنیش تەنیا ئەوەیەکە لە توانای خۆی و خۆشباوەڕی خەڵک بەسیاسەتەکانی، کەڵک وەرگرێت و بەشێک لە بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەم ئەزموونە، کە نانی مانەوەی لەسەر دەخوات لە ئەستۆ بگرێت. تەجروبە سەدان جار ئەو ڕاستیەی سەلماندووە، کە ڕادەی بەهرەمەندبوونی خەڵک لە سەرەتاییترین مافەکانیان بەستراوە بە ڕادەی ڕێکخراوبوون و بەرچاورۆشنیی جەماوەری ناڕازی خەڵک بە قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان، نەک بە وەعدو بەڵێنی ئەم حزب و ئەو حزب.
بۆیە دەبێ ئەوە بۆ جەماوەری ناڕازی کوردستان ڕۆشن بێت کە سوتاندنی پەیکەری خۆشەیستی و شێواندنی گڵکۆی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر لە شاری سلێمانی و پشتیوانی(داواکاری گشتی) لە تاوانباران لەژێر ناوی ئادابی گشتیداو مەحکومکردنی شێوازی ناڕەزایەتی دوولاوەکەی پارکی ئازادی لەلایەن هەردوو حزبی ئیسلامی(کۆمەڵ و یەکگرتوو) و هاوکات بەڵێنی (نەوشیروان مستەفا) و پەرلەمانتارانی حزبەکەی بەپاراستنی سەوابتە دینیەکان لە پەرلەمانی داهاتوودا..
هەموو ئەمانە، تەقەڵ بە تەقەڵی چادرێکی ڕەشن، کە ئەگەر بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان پاشەکشەی پێ نەکەن، سبەینێ دەیکەنە بەری کۆمەڵگەی کوردستان. ئەم پەلامارەی کە بەرەی کۆنەپەرستان بە پێشنگی بزووتنەوەی گۆران بۆسەر سکولاریزم و مەدەنیەتی کۆمەڵگاو ئازادیەکان دەستی بۆبراوە، ئەڵقەی سیاسەتێکە بۆ هێنانە سەرکاری حوکمەت و پەرلەمانێکی کۆنەپەرستترو دەستورێکی ئیسلامیتر بەسەر ژیانی هاوڵاتیانی کوردستاندا. کەوایە نابێ بهێڵین، ئەم سیاسەتەو ئەم هەوڵە کۆنەپەرستانەیە بە ئامانجی خۆیان بگەن. نابێ بهێڵین جوانیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکوژن و فەزای کۆنەپەرستی داسەپێنن، بەهەر شێوەیەک بۆتان دەکرێت، لەدژی پەلاماری کۆنەپەرستان و سەپاندنی سەوابتی ئاینی بەسەر دەستور و یاسا و مەدەنیەتی کۆمەڵگادا دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن.
نەبەردی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی چینایەتی کرێکاران و لاوان و بێبەشانی ملیۆنی کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ بەدستهێنانی خواستە ڕەواکانیان، لێرەبەدوا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوەو ئارایشێکی تازە بەخۆی دەدات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، وەک هەمیشە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو مۆدێرن و یەکسان و شایستەی ئینسانی لە پەنای دەستداندایە.
حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان
26/10/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 31

## با تاوانبارانی کومەڵکوژییەکەی کامپی ئەشرەف بدرێنە دادگا!

http://www.kurdipedia.org/?q=20150904184953859 62

نوری مالیکی لە ماوەی هەشت ساڵ دەسەڵاتدارێتیدا زۆرێک تاوانی گەورە و بچووکی ئەنجام داوە.. یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکانی، کۆمەڵکوژییەکەی کامپی ئەشرەف بوو لە رۆژی 1ی ئەیلوولی ساڵی 2013 کە بە رۆژی رووناک هێزی دەمامکداری ناردە سەر ئەو کامپە و دانیشتووانی قەتڵوعام کرد کە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوون. مالیکی هەر خۆی بوو کە رێگەی نەدا لێکۆڵینەوە لەو کەیسە بکرێت و تەرمی کوژراوەکانیشی بە نهێنی ناشت و رادەستی کەس و کاری نەکردنەوە لە کامپی لیبرتی.
تا ئێستا لەسەر دەستی حکومەتی نوری مالیکی و لە چەندین پەلاماری دڕندانەدا 117 کەس لەو پەنابەرانە بوونەتە قوربانی و 1380 کەسیشیان بریندار کراون و 7کەسیشیان بێ سەروشوێن کراون. لەگەڵ ئەوانەشدا 26 کەسیان بە هۆی ئابڵۆقەی پزیشکییەوە گیانیان لە دەست داوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت دۆسێیەی ئەو پەنابەرانە لە ژێر سەرپەرشتیی دەست و پێوەندەکانی نوری مالیکیدایە و لە لایەن باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغداوە کۆنترۆڵ دەکرێت.
ئێمە وەک کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان، لە ساڵیادی ئەو کۆمەڵکوژییە دژەمرۆییەدا داوا لە حکومەتی عێراق و لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەین تاوانباران و بە پلە (یەک) نوری مالیکی وەک گەورەی تاوانبارانی ئەم کۆمەڵکوژییە بخرێنە بەردەم دادگا و بە توندی سزا بدرێن.
کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان
30-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 32

## با گیانی رۆژنامەنووسان پارێزراوبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20131011213413883 48

رۆژی 2013/10/11 لەشاری سلێمانی، دەستێکی شاراوە لەماڵی رۆژنامەنووس کوردۆ عەلی پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان بۆمبێکیان دانابوو، پێش تەقینەوەی ئەو بۆمبە هێزە تایبەتەکان پوچەڵیان کردەوەو بێ زەرەرو زیان کۆتایی هات..

ئەم رووداوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە لە (لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی)، داوا بکەین بۆ دۆزینەوەو سزادانی ئەو دەستەی بۆمبەکەی داناوە، هەوڵەکانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا تایبەتەکان چڕتر بکرێنەوە، تا چیتر کەسانێک بیر لە ترساندن و تۆقاندن یان تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان نەکەنەوە.

لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی

11/10/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ولّات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 33

## بابەت: هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت، راوێژکاری تایبەتی ئەمریکا تاووتوێی گەندەڵی، ئازادی راگەیاندن دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121209091087305

ئای دی: BAGHDAD377608

سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا

بەروار: 1ی کانونی یەکەمی 2008

پۆلێن: زۆر تایبەت

لەمیانی سەردانێکی راوێژکاری ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان، بەرپرسانی حکومی و ناحکومیش باسیان لەوە کردوە کە ململانێی دەسەلات لەنێوان دو پارتە دەسەلاتدارەکەی هەرێمی کوردستان زۆر قوڵە، حکومەتی هەرێمیش رێز لەئازادی رۆژنامەگەریی ناگرێت و گەندەڵی ئابوری لەهەرێم پێویستی بەچاکسازیی هەیە. هەریەک لەمەسرور بارزانی، بەرپرسی پاراستنی پارتی و نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسوڵ لەگەڵ راوێژکارەکەی ئەمریکا باسیان لە و تەوەرانە کردوە.

ئازادی رۆژنامەوانی و کوشتنی رۆژنامەنوسێک لەکەرکوک
گەورە راوێژکاری باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا بۆ کاروباری باکوری عێراق، تۆماس کراجێسکی سەردانی چەند بەرپرسێکی حکومی و ناحکومی کرد لەهەولێر و سلێمانی لەرۆژی 25 و 26ی تشرینی دوەم. مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوابو یەکێتی نیشتمانی کوردستان پیلانی لەدژی خۆی و پارتی گێراوە، بەتایبەتی لەمەسەلەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە-دا کە ناوبراو راپۆرتی لەسەر گەندەڵیەکانی حکومەتی هەرێم بڵاوکردبوەوە. بارزانی بێئاگایی خۆی دەربری لەدەستگیرکردنی هەرکەسێک لەسەر ئە و کەیسە، بەڵام رایگەیاند، کوشتنی سۆرانی مامە حەمە پلانڕێژیی بوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستان .

مەسرور پشتیوانی حکومەتی هەرێمی نیشاندا بۆ لێکۆڵینەوەی ورد لەبارەی کوشتنی سۆرانی مامە حەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەوە کرد کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگی زۆرتر دەدات بەکوشتنی رۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ وەک لەکوشتنی رۆژنامەنوسێکی سەر بەحکومەت. وتیشی، "ئەمە دەریدەخات ژیانی ئەوانەی رەخنە لەحکومەت دەگرن زۆر بەبایەختر بێت لەوانەی پشتیوانی لەحکومەت دەکەن." بارزانی ئاماژەی بەوەش کرد، کە زۆرێک هەوڵدەدەن لەرێگەی میدیا و (کوژرانی سۆران)ەوە، سەرکەوتنەکانی حکومەتی هەرێم کەمبایەخ بکەن." لەلایەن خۆیەوە باڵیۆز هاورابو لەسەر ئەوەی پاراستنی رۆژنامەنوسان زۆر گرنگە، لەهەمانکاتدا فشاری خستەسەر مەسرور بارزانی تا بەردەوامبێت لەدۆزینەوەی بکوژانی سۆرانی مامە حەمە .

نەوشیروان مستەفا پارتی تۆمەتباردەکات
لەلایەن خۆیەوە، میدیاکاری دیاری کورد، نەوشیروان مستەفا بەهەمانشێوە بێئاگایی خۆی نیشاندا لەدەستگیرکردنی بکەرانی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە، بەڵام بێ دودڵی ئۆباڵی تەواوی ئە و کردەوەیەی خستە ئەستۆی مەسرور بارزانی و پارتی. کاتێکیش تەئکیدی لێکرایەوە، مستەفا دانی بەوەدا نا کە هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ سەلماندنی ئە و وتەیەی. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێویستی نەزانی بەڵگە بهێنێتەوە و وتی، "زۆرینەی سەرکردەکانی سوپای ئایرلەندا بەلای حکومەتی بەریتانیاوە ناسراوبون، بەڵام دەستگیریان نەکردن لەبەرئەوەی بەڵگەی سەلمێنەریان لەسەر نەبو."

سەبارەت بەبابەتی ئازادی ڕاگەیاندن بەگشتیی، مستەفا وتی، چەندین فشاری دیکە لەسەر ڕۆژنامەنوسان هەن، لەوانە پیادەکردنی سیاسەتی نانیرین و دەرکردنیان هەرکاتێک پێویست بێت. وتیشی، مەحاڵە بۆ ڕۆژنامەنوسانی میدیای سەربەخۆ کێبڕکێ لەگەڵ میدیای سەر بەیەکێتی و پارتی بکەن: "یەکێتی و پارتی نزیکەی 8 هەزار کەسیان هەیە. ئەمەش قورسە کێبڕکێ لەگەڵ میدیایەکی لەوشێوەیە بکەیت."

کۆسرەت ڕەسوڵ ئیدانەی دەکات

لەلایەن خۆیشیەوە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سەرۆکی هەرێم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەهەمانشێوە هیچ زانیاریەکی نەبو لەسەر دەستگیرکردنی کەسانێک پەیوەست بەکوشتنی سۆرانی مامە حەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدورودرێژی باسی لەوە کرد کە چۆن کوژرانی ئە و ڕۆژنامەنوسە دژ بەئیرادەی کورد بوە. ناوبراو ئیدانەی ئە و کردەوەیەی کردو وتی، "بۆ ماوەی 37 ساڵە، حزبی بەعس نکوڵی لەئازادی ڕادەربڕینی کورد کردوە. ئێمە پێویستە نەگەڕێینەوە دواوە و هەمان شت بکەین بەرامبەر کوردانی دیکە."

گەندەڵی هەرێمی کوردستان

سەبارەت بەگەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا، کۆسرەت ڕەسوڵ ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەتی هەرێم پێویستە پەلەبکات لەپیادەکردنی شەفافیەت لەبودجەدا. هەرچەندە کۆسرەت، جێگری سەرۆکی هەرێمە، بەڵام ئەویش نازانێت بەچ شێوەیەک بودجە سەرفدەکرێت. ڕەسوڵ دانی بەوەدا نا کە یەکەمین شوێن کە پێویستە لەگەندەڵی پاکبکرێتەوە، ئەنجومەنی وەزیرانە.

کۆمێنت:

ئێمە توشی سەرسورمان بوین لەوەی مەسرور بارزانی زانیاری نەبو لەسەر دەستگیرکردنی دو گومانلێکراو بەتۆمەتی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە. تەنها دو هەفتە لەوەوپێش، بەرپرسێکی ناو ئۆفیسی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت کە ئامۆزاو زاوای مەسرور بارزانیە، دەستگیرکردنی ئە و دو کەسەی بۆ ئێمە تەئکیدکردەوە و دڵنیایکردینەوە کە نێچیرڤان بارزانی خۆی سەرپەرشتی لێکۆڵینەوە دەکات لە و بابەتە. مەسرور بارزانی یان درۆدەکات یان لەلایەن ئۆفیسەکەی نێچیرڤان بارزانیەوە ئاگادارنەکراوەتەوە، کە ئەمەش جێگەی سەرسورمانە بەوپێیەی مەسرور بەرپرسی ئاسایشی پارتیە. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کێ چی دەزانێت لەبارەی کەیسی سۆرانی مامە حەمەوە، ئێمە بەردەوامدەبین لەداواکردنی لێکۆڵینەوەی تەواوەتی لەوبارەیەوە. وەک چۆن کراجێسکی لەدوای کۆبونەوەکە، بەشێوەیەکی نهێنی پێیراگەیاند: "ئەم کەیسە هەروا تێناپەڕێت."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 34

## بابەتی ناڕاست ڕاستیمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082221255865568

لەسەرو بەندی ڕوداوەکانی ئەم دواییەداو لەگەڵ هێرشە دڕندەکانی داعش بۆ سەر شارو شارۆچکەو گوندەکانی ناوچە کوردنشینەکان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.. قسەو باسی ئێجگار زۆر لەسەر میدیای کوردی کراوەو دەکرێت، لە زۆر شوێن ناهەقی دەرهەق بە میدیا دەکرێت، لە زۆر شوێنیش هەندێک لە میدیاکان بەدەر لە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لە ژێر پرو بیانوی بێلایەنی و ستراتیژی کەناڵ، ئەرکی خۆیان لە ڕوی ئیتیک و کارکردنی کوردانەوە خستۆتە ژێر پرسیاری قورس و نەبوردراوەوە.. هەندێک لەم کەناڵانە بەبێ گوێدانە بەرپرسیارێتی سەرشانیان و هەستیاری قۆناغەکەو ترسناکی لایەنی بەرامبەر کە (داعش)ە، ئەو بەیاننامەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەیان پشتگوێ خست کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و

ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان و ڕێنماییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لەسەر بارودۆخی هەرێم و ڕەفتاری میدیاکارانەوە بڵاوکرابوونەوە..
بەداخەوە دەڵێین تا ئەمرۆش هەندێک لە کەناڵەکان ڕێز لە شەهیدەکان ناگرن و بە زاراوەی قوربانی و گیان لەدەستدان و چەندین وشەی داتاشراوی تر گوزارشت لە پێشمەرگەی شەهید دەکەن و لە هەندێک کەناڵیش هەواڵ و ڕاپۆرتی هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە کە سەرلەبەری گیانفیدایی هێزەکان و خۆبەخشینی هەرێم و پارچەکانی تری کوردستان مایەپوچ دەکەنەوە، هەندێک کەناڵی تریش نهێنی سەربازی و جۆری چەک و جوڵەی هێزەکان بەجۆرێک بڵاودەکەنەوە کە دەبێتە مایەی سود بۆ دوژمن و مایەی زیان بۆ سەرجەم هێزە چەکدارەکانمان کە لە شەری سەروماڵی بەرگریدان چ لە باشوری وڵات یان لە رۆژئاوا، ئەمەش بوە مایەی نیگەرانی شەقامی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان و گوێ نەدان بەو بانگەوازەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و (IFJ)لە بەرواری (16)ی حوزەیرانی (2014) بڵاویان کردەوە..
بۆ ڕێگرتن لەم پێشێلکاریەی بەرامبەر بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دەکرێت و بەهەند وەرنەگرتنی بیرو هەستی کوردانەو نەتەوایەتی، وا ئێمە جارێکی تریش لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان رووی دەممان دەکەینە سەرجەم خوشک و برا ڕۆژنامەنووسەکانمان لە کەناڵەکانی بینراو بیستراو خوێنراو ئەلکترۆنی و داوایان لێ دەکەین پابەند بن بەو ڕێنمایی و پرنسیپە جیهانیانەی کە کاری ڕۆژنامەوانی دەکەنە زانست و کاری ڕاستەقینەی میدیایی لەسەر بنیات دەنرێت.
سەلامەتی بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنوسان و سەرکەوتن بۆ کوردستان
18/8/2014
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 35
## بارزانی بڕیارێکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگ دەرکرد
http://www.kurdipedia.org/?q=20140811111112865270
بڕیار

لەپێناو پابەندبوون بە بنەما نیشتیمانییەکان و دیسپلینی سەربازی و یەکخستنەوەی گشت توانا مەعنەوی و سیاسی و جەماوەرییەکانی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها پاڵپشتیکردنی زیاتری هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەدا، بڕیارماندا کە نابێ ئەو هێزانەی لە بەرەکانی جەنگ بەشدارن بە هیچ شێوەیەکجگە لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئاڵایەکی دیکە هەڵبکەن، ئەگینا ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
11ـی 8ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 36

## بارزانی بۆی نیە خۆی کاندیدکاتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و نابێ لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە رێگای پێبدرێ!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130611210922783I3

کێشمەکێشی لایەنەکانو پرسی هەڵبژاردنەوەی سێبارەی مەسعود بارزانی، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، رەوتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستانی لەبەردەم کۆلانێکی داخراودا راگرتووە. هەوڵەکانی پارتیو دەسەڵاتەکەیو پێداگریان بۆ دانانەوەی مەسعود بارزانی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی، جگە لەوەی کە سروشتی سیاسەتی پاوانخوازیو راگرتنی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئیستای کوردستان لەدەستی بنەماڵەی بارزانیدا، ئاشکرادەکات، هاوکات تاکتیکێکە بۆ پاراستنو درێژەدان بە سیاسەتو ستراتیژێک کە پارتیو سەرۆکەکەی لەماوەی 8 ساڵی سەرۆکایەتیەکەیدا بەسەر کوردستاندا سەپاندوویانەو بەڕێوەیان بردووە.

پارتیو بارزانی لەماوەی 8 ساڵی رابردوودا هەوڵیان داوە دەسەڵاتی یەکحزبیو بنەماڵەیی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا داسەپێنن، دەزگای ئەمنیو میلیشیای زەبەلاحی دژە خەڵکی فراوان کردووەو دەستی ئاوەڵاکردوون لە سەرکوتی نارەزایەتیەکانی جەماوەرو پێشێلکردنی مافو ئازادیە سیاسیو فەردیەکانی خەڵکدا. یاسای سەرکوتگەرانەو ناوزراوی رێکخستنی خۆپیشاندانەکانیان سەپاند کە بە کردەوە دامێنی ئازادیەکانی لە کوردستاندا بەرتەسک کردۆتەوە. پارتیو مەسعود بارزانی نەخشەمەندانە کاریان کردووە بۆ پەرەدانو داسەپاندنی کەشوهەوای کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، یاسای فرەژنیان پەسەندکردووەو هەوڵیان دا یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئاینیەکان تێپەرێنن، بەڵام لەبەردەم بەرگریو وەستانەوەی بەرەی ئازادیخوازیی کوردستاندا شکستی هێنا. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ نانو ئازادیو کەرامەتی ئینسانی خەڵتانی خوێن کرا. داهاتی کوردستانو نەوت لەلایەن دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی بارزانیەوە بەتاڵان دەبرێ. خێزانی بارزانی لە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی جیهانو سەدان هەزار لاوی کوردستانیش بەدەست بێکاریەوە گیرۆدەبوونو هەزاران خێزانیش لەخوار هێڵی هەژاریەوە ژیان دەگوزەرێنن.. لەژێرسایەی دەسەڵاتدارێتی بارزانیدا هەزاران ژن تیرۆرکراون، دەزگای جاسوسی وولاتان لە کوردستاندا تەراتێن دەکەن، سوپای وولاتانی ناوچەکە بۆمبارانی هاولاتیانی مەدەنی کوردستان دەکەن، نانبرین، رفاندن، تیرۆر لەدژی روناکبیر، رۆژنامەنووس، مامۆستای زانکۆ، هونەرمەند، گۆرانی بێژ، سیاسی، چەپ و کۆمۆنیست... بەڕیوە دەچێت.

ئەگەر ئەوە کارنامەی بارزانی بێت، ئایا شایستەی ئەوەیە کە جارێکی دیکە بێتەوە بە سەرۆکی هەرێمو باڵاترین پۆستی سیاسیو ئیداری کوردستانی بدرێتەدەست.. ئایا یەکێک لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان بەهەمان شیوەی جەماوەری راپەریوی ناوچەکە لەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەری بۆرژوایی، کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بنەماڵەییو گواستنەوەی دەسەڵات نەبوو لەباوکەوە بۆنەوەکانی!؟ ئایا ئەوە بەس نیە بۆئەوەی بارزانی بۆی نەبێت کە جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کاندید بکاتەوە!؟ لەلایەکی دیکەوە بارزانی دوو دەورەی سەرۆکایەتی تەواو کردووەو بەپێی یاساکانی خۆشیان بۆی نیە بۆ جاری سێهەم خۆی کاندید بکاتەوە. بەڵام پارتیو بارزانی ئەوەیان بەلاوە گرنگ نیە کە لەپێناو تەواوکردنی ستراتیژەکەیان، واتە بە داسەپاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی بەسەر خەڵکی کوردستاندا، هەرچی یاسایەک کە خۆیان بریاریان لەسەر داوە پێشێلی بکەن.

مەسعود بارزانی بە هیچ جۆرێک بۆی نیە خۆی کاندیدکاتەوەو نابێ رێگای خۆکاندید کردنەوەی پێبدرێ. تەنانەت بەپێوانەی خودی یاسا و رێسا و دەستورێکەوە کەپارتی یەک لایەنە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بەڕیوەی دەبات ئەو مافەی لە بارزانی سەندۆتەوەو نابێ ریگای گەڕانەوەی بۆ نێو بازنەی سەرۆکایەتی، بەهیچ پاساوێک پی بدرێ.

خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، لاوانو ژنانو ئازادیخوازان، کە بەدرێژایی 8 ساڵی رابردوو، بەشیوازی جۆراوجۆر نارەزایەتیان دەرپریوەو بزووتنەوەیەکی جەماوەرییان بەدژی دەسەڵاتی بنەماڵەییو پارتیو سیاسەتەکانی بەئاستی جیاواز لەخۆ نیشانداوە، نەک هەر نابێ بەرامبەر

کاندیدکردنەوەی سێبارەی مەسعود بارزانی بێدەنگبن بن، بەڵکو دەبێ هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ گێرانەوەی بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لەژێرناوی هەموارکردنەوەی دەستوردا پووچەڵ بکەنەوەو هاوکات لەپێناو دەستکۆتاکردنی سەرتاپای دەسەڵاتی بنەماڵەو کارکردە سیاسیەکانی پارتی، لەسەر ژیانی ئێستاو داهاتویان بێنە مەیدانەوە. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە خەباتی هوشیارانەو یەکگرتووی خۆیانو بەکۆبوونەوە لەدەوری شیعاری "مەسعود بارزانی، بۆی نیە خۆی کاندیدکاتەوە" و "نا بۆ دەسەڵاتی بنەماڵە" دەتوانن هەنگاوێکی گەورە بە ئاقاری پێکهێنانی ئالوگۆڕێکی ریشەیی لەسیستەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانیدا هەڵبێننەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدا رادەوەستێ .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
11/6/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 37

## بارزانی پەیامێک ئاڕاستەی یەکێتی دەکات - 2015-05-31

http://www.kurdipedia.org/?q=20150531143053854277

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
بەڕێزان جێگرانی سکرتێری گشتیی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
بە بۆنەی چلەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکەم.
یادکردنەوەی دامەزراندنی یەکێتی لە کاتێکدایە کە گەلەکەمان لەبەردەم تەحەدیاتی گەورەدایە و لە هەمانکاتیشدا دەرفەتی کەموێنە بۆ پێشخستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هاتووەتە ئاراوە. باشترین زامنی رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و تەحەدییاتی بەردەم خەڵکی کوردستانیش قووڵکردنەوەی یەکڕیزی و گیانی تەبایی و برایەتیی نێوان لایەنە سیاسییەکانە. مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەڕوونی پێشان دەدات کە تەنیا لە کاتی یەکڕیزی و تەباییدا دەستکەوتی مەزن بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر کراوە. بە پێچەوانەیشەوە هەمیشە دوژمنانی گەلی کوردستان سوودیان لە دووبەرەکی و پەرتەوازەیی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بینیوە.
لە سایەی خوێنی پاکی شەهیدانمان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەبەرانبەر تیرۆریستاندا و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە و جیهاندا لە ئارادان، پێگە و کاریگەریی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و جیهان بە چاوی ستاییشەوە سەیری گەلی کوردستان دەکات. ئەوەیان دەرفەتێکی مەزنە بۆ ئەوەی بە هیمەتی هەموو لایەک، گەلەکەمان لە هەڕەشەکان دوور بکەینەوە و لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین دۆزی رەوای گەلەکەمان بەرەو پێشەوە ببەین.
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە خەباتی خۆیدا قوربانیی زۆری لەڕێگەی رزگاریی گەلی کوردستان داوە و لە گشت قۆناغەکاندا رۆڵێکی بەرچاو و نیشتیمانپەروەرانەی گێڕاوە. گەلی کوردستان ئەو چاوەڕوانییەی لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و تێکڕای حزبە خەباتگێڕ و تێکۆشەرەکانی دیکەی کوردستان هەیە کە لەو قۆناغە چارەنوسسازی ئێستایشدا

دەستلەناودەست و یەکڕیز بن بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەش بۆ گەلەکەمان بنیات بنێین.
بە پێویستی دەزانم لەو بۆنەیەدا هیوای چاکبوونەوە بۆ برای بەڕێزم جەنابی مام جەلال و ئومێدی سەرکەوتنیش بۆ هەموو ئەندام و هەوادارانی یەکێتیی بخوازم.
مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
31ی 5ی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-•زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 38

## بارزانی شەڕی لە دژی داعش ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140805105217255522

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
جەماوەری سەربەرزی کوردستان
گەلی کوردستان لەسەر کلتوری ئایین پارێزی و فرەئایینی و پێکەوەژیان ڕاهاتووە و تەعەدای لەکەس نەکردوەو بەدرێژایی مێژوو تەنیا بەرگریی لەخۆی کردووە. بەڵام دوژمنان وازیان نەهێناو هەرجارە و بەشێوەیەک دەیانەوێ زیان بەگەلەکەمان بگەیەنن، لەدوای ڕووداوەکانی موسڵ کوردستان تەنیا بەرگریی لەخۆی کرد، بەڵام تیرۆریستان کەوتنە شەڕفرۆشتن و پەلاماردانی کوردستان و ڕووداوە ناخۆشەکانی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوی لێکەوتەوە، بۆیە بڕیارماندا لەدۆخی بەرگری بێینەدەرو هەتا دوایین هەناسە شەڕی تیرۆریستان بکەین.

فەرمانمان بەهێزەکانی پێشمەرگەو لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بەهەموو توانایەک پەلاماری تیرۆریستان و دوژمنانی خاک و خەڵکی کوردستان بدەن.

روداوەکانی ئەم دواییەی دەڤەری زوممارو شنگال و ئەو کارەساتەی بەسەر خوشک و برا ئێزیدیەکانمان هاتووە دڵتەزێنەو گەلی کوردستان لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە دەستبەرداری بستێک لەخاکی کوردستان نابین و شنگال و خوشک و برا ئێزیدییەکانمان وەک گلێنەی چاومان دەپارێزن و چیای شنگال بەخۆڕاگری و سەرکەشی دەمێنێتەوە، ئەو بەشە ئازیزو ڕەسەنەی گەلەکەمان هەر سەربەرزەو ئەرکی تاک تاکی ئێمەیە شکۆیەکەی بپارێزین.

تیرۆر پرسێکی جیهانییەو ڕوبەڕووبوونەوەی هەوڵێکی نێودەوڵەتی پێویستە، چەندین ساڵە کوردستان قوربانی هەڕەشەی تیرۆرو تیرۆریستان بووەو جێگەی داخە کە ئێمە تەنیا بووین و کەس یارمەتیی گەلی کوردستانی نەداوە لەدژی تیرۆر بەرگری لەخۆی بکات.
لەگەڵ ئەوەیشدا لەشەڕی تیرۆرو شەڕانگێزیدا پشتمان بەگەلی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەو دەزگە ئەمنییەکانی کوردستان بەستووەو هەمیشەیش پابەندی بنەماکانی ئازادیخوازی و کلتوری ڕەسەنی پێکەوەژیان و لێبوردەیی کوردستانی بووین و ئەوە خاڵی بەهێزی سەرکەوتنمانە بەسەر دوژمن و دڵڕەش و تیرۆریستاندا.

لە بەرەبەیانیی ئەمڕۆوە ڕۆڵە قارەمانەکانمان هێرشیان بۆ سەر تیرۆریستان دەستپێکردووەو لەپێشڕەوییدان، داوا لە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان و میدیا کوردستانییەکان دەکەم بەورەی بەرزو بەوپەڕی چاوکراوەیی و هەست بەبەرپرسیارێتی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و زیاتر لە هەر کاتێک یەکڕیزیی نیشتمانی و نەتەوەیی بپارێزن.

پێشمەرگە قارەمانەکانیش لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە گەلی کوردستان بەهەموو توانایەک پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەن و چاویان لە ورەی پۆڵایین و گیانفیدایی و قارەمانێتی ئێوەی سەربەرزە.

لە کۆتاییدا سوپاسی خۆراگریی هەموو خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزە خۆبەخشەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم و لەوە دڵنیا بن کە ئاییندەیەکی گەش چاوەڕوانی گەلی کوردستانە.
بژی کوردستان
نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی

مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2014/8/4

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 39

## بارزانی لەسەر گیرانی حەیدەر شەشۆ وەڵامی یەکێتی دەداتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040817054185094

بەڕێزان سەرۆکایەتیی پارلەمانی کوردستان
سڵاوێکی گەرم...

یادداشتەکەی فراکسیۆنی سەوز لە ڕێکەوتی 7ـی 4ـی 2015 لەبارەی دەستگیرکردنی حەیدەر شەشۆ گەییشت، بۆ ئەوەی بزانن ڕاستیی بابەتەکە چۆنە پێتان ڕادەگەیێنین کە،
دوای ئەوەی بە خوێنی سەدان پێشمەرگەی قارەمان لە میحوەری زومار شنگال تیرۆریستانی داعش تێکشکێندران و تووشی گەورەترین شکست هاتن و هەموو ڕێگاکان کرانەوە و ئابڵۆقەی چیای شنگال شکێندرا و ناوچەیەکی بەرفراوان ئازاد کرا، داوامان لە وەزارەتی پێشمەرگە کرد هەموو ئەو هێزانە بە هێزەکەی حەیدەر (شەشۆ)یشەوە ڕێکبخرێن کە لەدژی تیرۆریستان شەڕیان کردووە و بخرێنە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی حەیدەر شەشۆ بێت و لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە وەک هێزێکی سەر بە وەزارەت دەستبەکار بێت، لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە هێزێکی دروست کرد و بە بێ ئاگاداریی هەرێم پارەی لە شوێنی تر وەرگرت و تەحەدای دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی کرد.

ئەم دەڤەرە ناوچەیەکی سەربازییە و هێشتا شەڕی تێدایە و سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی ئەم میحوەرە دەکات. بۆیە پێویستە هەموو هێزەکان لەژێر فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن و هەموو هێزەکان لە لایەن یەک فەرماندەییەوە سەرپەرشتی و ئیدارە بکرێن.

کەچی ئەم تاقمە بە پیلانێک کە لای ئێمە زۆر ئاشکرایە ویستویانە هێزێکی جیاواز و ئیدارەیەکی جیاواز و ئاڵایەکی جیاواز بۆ ئەم دەڤەرە دروست بکەن بە بێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ هەرێمی کوردستان و سیادە و دەستەڵاتەکانی بکەن. بۆ ماوەی دوو مانگ مۆڵەتمان پێدا کە دەبێ وەک

هێزەکانی تر لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە خۆیان ڕێکبخەن بۆ ئەوەی ئیمکانیاتیشیان پێ بدرێت، کۆتایی مۆڵەتەکەیان 30ـی 3ـی 2015 بوو بەڵام قبووڵیان نەکرد بەشێک بن لە هێزی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.

ئەم بابەتە پرسێکی حزبی و سیاسی نییە و هیچ پەیوەندییشی بە پارتییەوە نییە بەڵکو بارودۆخ و ئاساییشی هەرێم و یەکدەستیی سەرکردایەتیکردنی هێزی پێشمەرگە ئەو پێویستییە دەسەپێنێ کە هەموو هێزەکان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکبخرێن. بۆیەشە ڕێگە نادرێت کە هێزێک لە دەرەوەی یاسا و وەزارەتی پێشمەرگە بوونی هەبێت. بۆ ئەوەی زیاتریش بۆتان ڕوون بێت ئەم گرفتە لە پیلانێکی کۆنەوە دێت. هەموو بەڵگەکان لەبەردەستن کە پارەیان لە کێ وەرگرتووە و، چۆن نەخشەی پیلانێکی گوماناویان بۆ دەڤەری شنگال کێشاوە.هەر لە دەستپێکەوە لەگەڵ برایانی سەرکردایەتی یەکێتی باسی ئەم بابەتە کراوە و لە هەموو هەنگاوەکان ئاگادار کراون.

دووبارەی دەکەمەوە کە نابێ هیچ هێزێک لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە دروست بکرێت و ئەگەر تا ئێستا هەندێ هێزی تایبەت بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییەکان دروست کراوە هەمووی لە چوارچێوە و لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدان. داوایش دەکەم بابەتەکە وەک خۆی و دوور لە تێروانینی سیاسی و حزبی سەیر بکرێت .

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
8ـی 4ـی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 40

## بارزانی: شێوازی کودەتا هیچ ئەنجامێکی نابێت و قابیلی قبوڵیش نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150810024513858 44

جەماوەری سەربەرزی کوردستان....
سوپاس بۆ خوای گەورە کە لە گشت قۆناغەکانی خەبات و، لە هەموو ڕووداوەکان و گشت بەرپرسیارێتییە شۆرشگێری و حیزبی و ڕەسمییەکاندا لەگەڵ گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد ڕاستگۆبوومە. هەموو کاتێک لەبەر بەرژەوەندی گشتیی هەموو راستییەکان ناگوترێن، بەڵام هەمیشە خۆم لەژێر ئەو بەرپرسیارێتییەدا بینیوە پێویستە هەر شتێک کە بە گەلەکەمان دەڵێم، راستگۆیانە بێت.
زۆر بەداخەوە کە دۆخی سیاسی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەم ئاستەی ئێستا.
لەبارەی ئەو قەیرانەی کە ئێستا گەلی کوردستانی پێوە سەرقاڵکراوە، دەمەوێ هەندێ ڕاستی بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا بکەم و ڕوونبکەمەوە. پێش هەموو شتێکیش دەمەوێ باسی هەندێ قۆناغی سیاسی دوای راپەڕین بکەم، کە خۆم ڕۆڵم تێدا گێراوە.
شۆڕشی کوردستان لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریدا هەڵگیرساوە. لەو ڕوانگەیەشەوە لەدوای ڕاپەڕین لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریی فراواندا لە شاری کۆیە لە ئاداری 1991 بە خەڵکی کوردستانم ڕاگەیاند کە دەبێ هەڵبژاردن بکرێت و، شەرعیەتی شۆڕشگێری جێگەی خۆی بداتە شەرعیەتی هەڵبژاردن و دیموکراسی و دەستوور. شانازیش بەوەوە دەکەم کە خەباتم لەپێناو دیموکراسیدا کردووە و بانگەوازم بۆ یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراسیانە کردووە لە کوردستاندا. بە

قوربانیدان بە ئەنجامە راستەقینەکانیش، وامانکرد کە گەلەکەمان لە یەکەم هەڵبژاردنی کوردستاندا رەنج بەخەسار نەبێت، بەوشێوەیەش یەکەم پەرلەمان و حکوومەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەمێژووی کوردستاندا دروستبوون، بۆ ئەوەی حوکمی یاسا جێگیربێت و کوردستان ببێتە وڵاتێکی دامەزراوەیی. شانازی دەکەم کە گوتوومە نابێ کەس لە کوردستاندا لە یاسا بەرزتربێت و، بەدرێژایی کاری فەرمیی خۆم پابەندی بووم و هەوڵمداوە بنچینەکانی باڵادەستبوونی یاسا بچەسپێنرێن. لەکاتی کێشە و تووندوتیژییە ناوخۆییەکانیشدا هەمیشە هەوڵمداوە کوردستان لە شەڕ دووربخەمەوەو، کە شەڕیش هەڵگیرساوە هەوڵی دروستکردنی ئاشتیم داوە بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا بەردەوام بێت. لەو بوارەدا ناتوانم ڕۆڵی برای بەڕێزم جەنابی مام جەلال لەبیر بکەم، کە سەرەڕای ڕێگریی ئەوانەی حەزیان لە ئاشتی نەبووە، هەوڵیدا بۆ ئاشتی و، سوپاس بۆ خوا توانیمان پێکەوە ئاشتی لە کوردستاندا دروستبکەینەوە و، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە، جارێکی دیکە درێژە بە پرۆسەی دیموکراسی بدەینەوە. هەرچەندە زۆر کەس و لایەن کەوتنە دژایەتیکردنی، بەڵام ڕێککەوتنەکە لەناوخۆ و عێراق و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ گەلی کوردستان زۆر پێشکەوتنی بەدیهێنا.

لەساڵی 2005 لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، هیچ کێشەیەکمان نەبوو کە سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت یان لەلایەن خەڵکەوە. هەرچەندە هەمیشە لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک بووم لەلایەن خەڵکەوە. بەلای منەوە ئەوە گرنگ بوو کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی لە کوردستاندا دروست ببێت و سەرۆکێک بێت بتوانێ خزمەتی گەل و نیشتیمان بکات، چونکە کوردستان لە دۆخێکدا بوو پێویست بوو پایەکانی دەسەڵاتدارێتی خۆی بەهێز بکات. بەڵام ئەو کات زۆر لەوانەی ئێستا فرمێسک بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک لە پەرلەمان دەڕێژن، بە خەڵکیان دەگوت "کە پارلەمانتارەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک تووشی ئیحراج دەبن و ناوێرن بە ئازادیی تەواو و بە باشی دەنگ بە سەرۆک بدەن. بۆیە ئەو سەرۆکەی لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، سەرۆکێکی شەرعی نییە، و زادەی ڕێککەوتنی حزبەکانە و دەیانگوت دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت". ئەوەو هەندێ بابەتی دیکە وای کرد لەساڵی 2009 کە بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگرمەوە سەر شانم و پێداگیریم کرد کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. بەوشێوەیە هەڵبژاردن کرا و هەموو لایەکیش دەزانێ سەرەڕای هەموو چەواشەکارییەکان، ئەنجامەکەی چۆن بوو.

کەچی ئێستا دەبینین بەشێوازێ خۆسەپاندن و، دوور لە بنەما و ڕۆحیەتی تەوافوق و پێکەوەبوون کە سەرۆکایەتیی پارلەمان و کابینەی هەشتەمی لەسەر دامەزراوە و دەسەڵاتی پێ بەڕێوەدەبرێت، هەندێ لایەن دەیانەوێت شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی بگۆڕن، و ئەوەیش مەبەستی شەخسی و سیاسی لە پشتە.

گەلی خۆشەویستی کوردستان شایەتی ئەوەم بۆ دەدات کە بەدرێژایی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵمداوە ئارامییەکی سیاسی ناوخۆیی لە کوردستاندا هەبێت، حیزبەکان نەکەونە وێزەی یەکتر، بەڵکو وزەی خۆیان لە پێشخستنی وڵاتدا بەکار بهێنن. هەوڵمانداوە حیزبەکان بەسەر گرفتە ناوخۆییەکانیاندا زاڵ بن بۆ ئەوەی لە عێراقدا بەهێز بین و بتوانین یارمەتیدەری بەشخوراوانی دیکەش بین. سەرباری ئەو قەیرانە داسەپاوانەیش توانیمان ڕووبەڕووی داعش ببینەوە، هەروەکچۆن پێشتریش توانیمان لەبەردەم هێزی دیجلە و لەشکرکێشییەکانی دیکەیشدا بوەستین.

ئەو نەفەسەی لە 23ی حوزەیرانی ئەمساڵدا ویستی لە پەرلەمانی کوردستاندا خۆی بسەپێنێت لەنیازی تێکدانی سازان هەڵقوڵا بوو. چونکە پێش هەمووان لە 2013/7/16 داوام کرد لە پەرلەمان و هەموو لایەنەکان کە سازان لەسەر پرۆژەی دەستوور بکەن، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوپەڕی ئامادەیی ئێمە بۆ لەبەرچاوگرتنی تێبینی و ویستی هەموو لایەنەکان. بۆ ئەوەی دەستوورێک دابنێین کە تەوافوقی هەمووانی لەسەربێت و سیستەمی وڵاتەکەمان ڕێکبخات، بە شێوازی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە کە ئەوانیش بەشێکن لە پرۆژەی دەستوور. بۆ ڕوونکردنەوەی راستییەکان و بە بیرهێنانەوەش، دەقی ئەو دێرانە وەک خۆیان لێرەدا دەهێنمەوە کە لە پەیامەکەمدا هەبوون : " داوا لە سەرۆکایەتیی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو نامەیەم کە لە 12ـی 6ـی 2013ـدا ئاراستەی سەرۆکایەتیی خولی ئێستای پەرلەمانم کردبوو، دوای هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 دەستبەجێ لە کۆبوونەوە دەستپێکییەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەماندا بە زووترین کات میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ

ئەوەی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بگەنە تەوافوق لەسەر هەموارکردنی پڕۆژەی دەستوور و ئالییەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم. ئەو کات هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و ئەو ئەمانەتەی لە دەست ئێمە دایە بدەینە هەر بەڕێزێکی دیکە کە متمانەی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنێت" ئایا ئەم داوایە مانای ئەوە بووە کە من دەمەوێ لەسەر کورسی بمێنمەوە؟ یان بەو مانایە بوو وڵاتەکەمان ببێتە خاوەنی دەستوور و پرۆسەی سیاسی لە دەنگی گەل و سازاندا بەرجەستە ببێت؟ دەیانەوێ ڕاستییەکان پێچەوانە بکەنەوە و وا پێشانی خەڵک بدەن کە ئێمە دژی بنەماکانی دیموکراسی و یاساین و خۆیان پارێزەری یاسا و دیموکراسین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە من بە ڕوونی داوای هەڵبژاردن و سازان و چارەسەرم لە لایەنەکان کردووە و ئامادەیش بوومە بۆ جێبەجێکردن و پابەندبوون بە یاسا .
ئێمە دەمانویست بەوشێوەیە بە گفتوگۆ و سازان لەسەر هەموو یاساکان رێکبکەوین. گەورەترین بەڵگەی ئەو هەڵوێست و روانگەیەی ئێمە، ئەوە بوو کە لەبارەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە نواندمان.
ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بە کۆدەنگیی 36 حیزبی کوردستانی لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان لە کۆیە رێککەوتنی لەسەرکرابوو. ئینجا لە پەرلەمانی کوردستاندا بە دەنگی 96 پەرلەمانتار پەسەندکراو، تەنیا ئەوە مابوو گەلی کوردستان لە ریفراندۆمێکدا دەنگی لەسەر بدات، بەڵام لەپێناو گەشەپێدانی ئەو سازانەی دروستببوو، ڕازیبووین پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەخرێتە ریفراندۆمەوە. بەڵام بەداخەوە هەڵپەی سەپاندنی ئیرادەی دوور لە تەوافوق و هەوڵدان بۆ ڕووشاندنی هێز و کەسایەتی و ڕەمزە سیاسییەکان لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان، وای لێکردن تەوافوق تێکبدەن. ئەوەی ئێمە پێش دووساڵ داوامان دەکرد لەسەری رێککەون و، بە ڕۆحیەتی سازان ڕەفتارمان کرد و نەرمیمان نواند لە نەناردنی پڕۆژەی دەستوور بۆ ریفراندۆم. لەکاتێکدا هەموو لایەنەکان خەریک بوون لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەیەکتر دەچوونە پێشەوە بۆ گفتوگۆکردن، ئەوانەی بە ڕک و کینەوە بیریاندەکردەوە، لێدوانیان دەدا و دەیانگوت: "چۆن پڕۆژەی دەستوورمان پێ هەڵوەشاندنەوە بە هەمانشێوەش ناچاریان دەکەین ملکەچبن بۆ گۆڕینی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نا دەبێ لە هەولێریش دەریان بکەین". لە کاتێکدا هەموو دۆخەکە زۆر ئاسایی بوو و پێویستی بەو ئاڵۆزکردن..
هەوڵی تێکدانی یەکڕیزییەکە بە ئاشکرا لەناو پەرلەمانیشدا کاری لەسەرکرا، بە پێشکەشکردنی پڕۆژەی هەندێک لە حیزبەکان بۆ گۆڕینی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە زیادەی یەک دەنگ بتوانن یاساکان بگۆڕن و، دروشمەکەی خۆیان بەلاوەنا کە دەیانگوت: "دەبێ هەموو ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە بە سازان بڕیاریان لەسەر بدرێت نەک بە زۆرینە و کەمینە"، کە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم یەکێکە لەو یاسایانە. لەگەڵ ئەوەشدا دیسان هەوڵماندا تەوافوق بپارێزم و لە 18ـی 5ـی 2015 لەگەڵ حیزبە بەشدارەکانی حکومەت و پەرلەماندا کۆبووینەوە و داوامان لێکردن بە سازان و بەشێوەیەکی یاسایی ئەو پرسە چارەسەر بکەن، بەڵام بەهۆی ئەو کەشوهەوایەی بە ڕق و کینەوە دروستکرابوو، هەنگاوی بۆ نەنرا.
وەک ئەرک و پابەندبوونمان بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و، لە 2015/6/13 داوامان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد کە رێوشوێنە پێویستەکان بگرنە بەر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەڵامی کۆمسیۆن ئەوەبوو کە ناتوانێ هەڵبژاردن بکات.
هاووڵاتیانی خۆشەویست
شانازی دەکەم کە بەشدارێکی سەرەکیی دانانی بناغەی دیموکراسی و ئاشتیم لە وڵاتەکەماندا، شانازی دەکەم هەر لە لاوێتییەوە پێشمەرگەی ئازادیی گەل و وڵاتەکەی خۆمم. ئەو وڵاتەی خەباتم بۆ دەکرد سەرۆکی هەتاهەتایی تێدا نەبووە و، ئێستاش دژی ئەوەین کە سەرۆکی هەتا مردنی هەبێت. هەر وەکوو دڵنیام گەلی کوردستان ڕێگە نادات بکەوێتە ژێر باری سەپاندنی ئیرادەیەکی خۆسەپێنەر. ئێستا گەلی کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە. ئەوانەی دەڵێن ئەوە بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک و پاساو هێنانەوەیە، خۆیان دەزانن ئەوانە راستین و بەوشێوەیە گەلی کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبەن.
کۆبوونەوەی پارلەمان لە 23ی حوزەیران هەڵگەڕانەوە بوو لە بنەمای ئەو سازانەی کە چەندین ساڵە پەیڕەومان کردووە و لەسەری ڕێککەوتبووین. هەموو داوایەکیان بۆ دواخستنی کۆبوونەوەکە و دەرفەتدان بە تەوافوق ڕەتکردەوە و ئەوەیش تێکدانێکی تەواوی ئەو متمانە و سازانە بوو کە خۆیشیان چەند ساڵ بوو بانگەشەیان بۆ دەکرد. کەچی پۆستەکان و لیژنەکانی پەرلەمانی

کوردستان و عێراق لەسەر بنچینەی ئەو تەوافوقە دابەشکراون، لەوانەیش پۆستی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان هەرچەندە ئێستا بێلایەنی و میسداقیەتی خۆی لەدەست داوە. ئەگەر تەوافوقیش نەمێنێت دەبێ پێداچوونەوە بە هەموو ئەو ڕێککەوتنانە بکرێت کە لەسەر بنەمای تەوافوق لەنێوان لایەنەکان ئەنجام دراوە.
ڕۆژی 2015/4/16 پەیامێکمان ئاراستەی گەلی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو لایەنە سیاسییەکان کرد، لەوێدا ئاگادارمان کردنەوە کە هەوڵێکی مەترسیدار هەیە بۆ دروستکردنەوەی دووبەرەکی و دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوکات کەسانێک بە خەڵکیان دەگوت ئەوە بۆ ترساندن و چەواشەکردنە، ئێستا دوای 23ی حوزەیران، جەماوەری کوردستان دەزانێت ئەو مەترسییەی ئەوکات خستمانەڕوو، بەداخەوە بەشێوەیەکی زۆر زەق دەرکەوت. هەر وەک لە چەند لێدوانێکیشدا ئەو کەسانە بێ پێچ و پەنا حەزی خۆیان بۆ پارچەکردنی کوردستان نەشاردەوە. ئێمە لە 2004 ڕێگەمان بە فیدرالی پارێزگاکان و پارچەکردنی کوردستان نەدا و ئێستاش رێگە بە پارچەکردنی خاک و گەلی هەرێمی کوردستان نادەین.
گەلی خۆراگری کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە...
لەکاتێکدا ئێمە لەشەڕێکی بەرفراوان و درێژخایەنداین لەگەڵ داعش، هەمووومان ماتەمبار و خەمگینین بۆ سەدان پێشمەرگەی شەهید و بریندار، سەدان کچ و ئافرەتی رفێندراوومان، بەشێکی زۆری ئاوارەی میللەتەکەمان لەژێر چادردا دەژین. بۆیە بەڕاستی نەمدەویست هیچ پەیامێک بەمشێوەیە لەمکاتەدا بڵاوبکەمەوە، بەڵام چونکە دۆخەکەیان گەیاندە ئەو ئاستە ناخۆشە، کە وڵاتانی دراوسێ و دۆست پێماندەڵێن دروستبوونی ئەم قەیرانە هەڵەیە و زیانتان پێدەگەیەنێت. هەروەها لەبەرئەوەی مەسەلەکە بە شەخسی منەوە پەیوەستکراوە، بە پێویستم زانی ئەو پەیامە بە ئێوەی خۆشەویست رابگەیێنم.
من خۆم بە قوتابیی قوتابخانەیەکی پیرۆز دادەنێم. لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی فێری کولتووری پێکەوەژیان و قوربانیدان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بووین. لە شێخ ئەحمەدی بارزانی فێری ئەوەبووین کە دین پێش هەموو شتێک ئەخلاقە و، بیروباوەڕ لە کۆت و زنجیرەکان بەهێزترە. لە مەلا مستەفای بارزانی فێری ژیانی پێشمەرگایەتی و گیانفیدایی بووین. یەکەم شتیش کە دوور لە باوک و بنەماڵەکەمەوە فێری بووم، دایکم فێری کردم کە ئەویش راستگۆیی بوو. لە تەریقەت و، مەولانا شێخ خالدی نەقشبەندی فێری تەحەممول بووین. لە پارتی و شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان فێری کوردستان یان نەمان بووم، هەروەکو فێر بووم بە ئومێدەوە بەرەو ئایندە بچم. لە دایکی شەهیدانەوە فێری بەرەنگاریی بەردەوام و خۆراگری بووم و لە پێشمەرگەش فێری بەرخودان و رەتکردنەوەی هەموو ئیرادە سەپاندنێک بووم. بڕوای تەواویشم بەوەیە سەرکەوتنی گەلی کوردستان لە یەکڕیزی دایە و ڕاپەڕینی 1991 نیشانیدا کە یەکڕیزی مەرجی سەرکەوتنە.
لە مانگی ئایاری ئەمساڵ لەدوای ئەوەی لەگەڵ شاندێک کە سەفەری ئەمەریکا و ئەوروپامان کرد، ئاسۆیەکی ڕوونتر لەجاران لەبەردەم پرسی سەربەخۆیی گەلی کوردستان هاتە کایەوە. بەڵام بە دروستکردنی ئەم قەیرانە ئەم ئاسۆیە دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. ئەو ئاسۆیەی کە گەلی کوردستان ساڵهای ساڵە خەباتی بۆ دەکات خەڵکێک هەیە وای بۆ دەچێ ئەگەر لەسەر دەستی مەسعود بارزانی بهێتە دی ئەوە نامانەوێ بەڵام من مەمنوونی ئەو کەسە دەبم ئەو ئاواتەی گەلی کوردستان بێنێتە دی و هەر ئەوەیشە جیاوازیی نێوان من و ئەوان.
کوردستانیانی ئازیز، پێشمەرگە قارەمانەکان
هاورێ لەگەڵ ئێوە رێز لە سەروەری هەموو یاساکانی وڵاتەکەی خۆمان دەگرم، سومعەی پێشمەرگایەتی خۆیشم بەهیچ شتێک ناگۆڕمەوە، پێشمەرگەی سەربەخۆییم و ئەوەیش لە هەموو پۆستێک گەورەتر دەزانم و هەر کەس بڕوای بەو ئامانجە هەبێت هەڤاڵ و برای ئێمەیە. هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان بە کور و کچ و کەسی خۆم دەزانم. هەموو گەلانی ناوچەکەش بە دراوسێ و دۆستی خۆمان دادەنێین. پابەندبوونی خۆیشمان بە فەرهەنگی پێکەوەژیان و ئاشتی و پاراستنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دووپات دەکەینەوە.
سەبارەت بە سیستەمی سیاسیش، سیستەمی کوردستان پەرلەمانییە و ئەوە زۆر بە ڕوونی لە مادەی 1ـی ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووریشدا هاتووە. لەوانەیە تێڕوانینی جیاواز لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەبێت. لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم بابەتە گەل یەکلایی بکاتەوە و ڕاپرسی بکرێت لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک. چونکە خەڵکی کوردستان هەموویان حزبی نین و نابێ مافی خەڵک زەوت بکرێت.

هەتا لە ژیاندا مابم من خۆم بە پێشمەرگەی نیشتیمانەکەم و هەموو گەلی کوردستان دادەنێم.
هەموو گەلی کوردستان لای من خۆشەویستە، هەموو تەمەنی خۆیشم بۆ ئەو گەل و وڵاتە تەرخانکرد و، هەمیشە ئەوەم بە ئەرک تەماشاکردووە و لەهەموو شتێکیش زیاتر شانازی پێوە دەکەم. ئەوەی بۆ من گرنگە هەڵسەنگاندنی پێشمەرگە و خێزانی شەهیدان و خەڵکی خاوەن ویژدانی وڵاتەکەمە.
لە کۆتاییدا بۆچوونی خۆم بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بۆ ئێوەی خۆشەویست دەردەبڕم:
یەکەم: بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خۆسەپاندن و شێوازی کودەتا هیچ ئەنجامێکی نابێت و قابیلی قبوڵیش نییە.
دووەم: هەموو حزبەکانی ناو حکوومەت و پارلەمان پەلە بکەن لە ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرێک بە سازان کە لە بەرژەوەندیی گەل و نیشتیماندا بێت.
سێیەم: ئەگەر نەگەیشتینە سازان دەبێ بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختە بچین.
لە کۆتاییدا دەبێ هەموومان دڵسۆزانە بەردەوام بین لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی کوردستانی عێراق و زەمینەسازیی زیاتر بۆ مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان.
داوا لە پێشمەرگە خۆشەویستەکان دەکەم قەیرانی سیاسی و کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم بە هیچ جۆرێک کاریگەری لەسەر ورە و خۆڕاگریی ئێوەی قارەمان نەکات و چۆن تا ئێستا دلێرانە لەبەرانبەر دوژمن وەستاون و بەرپەرچی تیرۆریستانتان داوە هەر ئەوەهایش بە ورەیەکی پۆڵایین بمێننەوە و منیش لەگەڵ ئێوەی خۆشەویستم و پاڵپشتتانم.
داوا لە خەڵکی سەربەرزی کوردستانیش دەکەم وریا و ئاگادار بن و ڕێگە نەدەن یاری بە چارەنووسیان بکرێت.
سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان
سڵاو لە پێشمەرگە
سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
09-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 41

## بانگهێشتێک بۆ هۆشیاربوونەوە لە مەترسییەکان و هەڵوێستوەرگرتن - نامەیەکی کراوە بۆ ڕای گشتیی کوردستانی و ناوچەیی و جیهانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080901333585838

دەتوانین لەسەر دوو ئاست قسە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیا و باکوور و ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بکەین، ئاستێکی ڕووکەش کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنانەی پرۆسەی ئاشتی لە لایەن حکومەتی تورکیا و پەلاماردانی ئازادیخواز و چالاکانی مەدەنی لە باکوور، هێرشی سەربازی و بۆمبارانکردنی بارەگاکانی پەکەکە و خەڵکی مەدەنی، سووتاندنی باخ و گوند و بژێویی خەڵکی بناری قەندیل و هێرشکردنە سەر ئەزموونی خۆجێیەتی لە ڕۆژئاوا و هەوڵدان بۆ یەکنەگرتنەوەی کانتۆنەکان لەوێ و ڕاگەیاندنی ناوچەی قەدەغەکراوی سەربازیی فراوان لە باکوور، هەموو ئەمەش بە بیانووی ئەوەی گوایە P.K.K و H.D.P لەگەڵ

پرۆسەی ئاشتیدا نین. بەکارهێنانی چەند کەناڵێکی میدیایی باشوور بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پروپاگەندەیە و یەکسانکردنی پ.ک.ک و دەوڵەتی ئیسلامی وەک دوو هێزی ترۆریستی کە بە داخەوە دەرکەوت لە باشوور گوێیەکی گوێڕایەڵ هەیە بۆ بیستنی ئەم ناڕاستی و پڕوپاگەندانە.

بەڵام لەسەر ئاستێکی قووڵتر ڕووداوەکان دەربارەی دۆزی کورد لە باکوورەوە بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، باس لە کۆمەڵێک مەترسیی گەورەتر دەکەن:

پێچەوانەی پڕوپاگەندەی باو و بیروبۆچوونی ڕەواجپێدراو کە گوایە حکومەتی AKP و ئەردوگان، پرۆسەی ئاشتییان سەر ڕێگە خستووە و ئەوە P.K.K و H.D.P ن لەگەڵ ئاشتیدا نین، ئەوەی ڕاستی بێت، وەرچەرخانێکی گەورە لە دونیابینی و لە خەباتی کوردان و سیاسەتمەداران و چالاکانی باکوور و سەرکردایەتی P.K.K دا لە چەندین ساڵ بەر لە ئێستاوە ڕووی داوە و جەختکردنەکە گواستراوەتەوە بۆ سەر پێداگیری لەسەر خەباتی سیاسی و مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لە مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەیەک کە کەمایەتی نییە، بەڵکو نەتەوەیەکی بیست ملیۆنییە و بەگوێرەی گشت جاڕنامە و گەڵاڵەنامەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیەکان دەبێت وەک نەتەوەیەک لە ناو خاکی خۆیدا ددانی پێدا بنرێت، نەتەوەیەک کە خوازیاری ئەوەیە لەتەک نەتەوەکانی دی بە ئاشتی بژی، ئاشتی نەک زەلیلی. ئاشتیی دەوێت، بەڵام بەو مەرجەی ددان بە مافەکانیدا بنرێت. گەریلاکان چەک دادەنێن، بەڵام ئەو کاتەی بە ڕەسمی و لە ڕێگەی دەستوورەوە زەمانەتی مافەکانی کورد دەکرێت. ئەوان ئاشتییان دەوێت لەتەک مافە بنەڕەتییەکانیاندا، لە کاتێکدا حکومەتەکەی ئەردۆگان چەندین ساڵە باس لە ئاشتی دەکات، بەڵام ئەوەی دەیخوازێت، بریتییە لە درێژەدان بە سیاسەتی خودی دەوڵەتی تورکیا کە خۆی لە ئینکارکردنی بوونی نەتەوەیەکدا دەبینێتەوە. ئەو حکومەتە خوازیاری تەسلیمبوونی خەباتگێڕ و ئازادیخوازانی کوردە لە باکوور، لای ئەوان ئاشتی یەک مانای هەیە، مەحفکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تورکیا و ترۆرکردنی هەتاهەتایی خەونبینین بە کۆمەڵێک مافەوە، کە بێ ئەو مافانە مرۆڤی کورد نەک هاونیشتیمانیی پلە دووە، بەڵکو کەرامەتی ئینسانیی مرۆڤی کورد ناپارێزرێت و دەڕوشێت. کاتێک ئەوە بۆ حکومەتی تورکیا ئاشکرا دەبێت کە ئازادیخوازان و وڵاتپارێزان تەسلیم نابن و بە ئیرادەوە پێداگیری لە بەشێک لە مافەکان دەکەن، ئیدی نەخشەی جەنگێکی دیکە و پەلامار و ترۆرکردن و گرتن و ڕاوەدوونانی ئازادیخوازانی گەریلا جارێکی دیکە لەسەر مێزی نەگریسی سیاسەتمەدارانی تورکیا قوت دەکرێتەوە.

لای هەموان ئاشکرایە کە ڕژیمی تورکیا ئامادەییەکی گەورەی هەیە لە باشووری کوردستان، هەر لە ئامادەیی سەربازییەوە، کە سوپای تورکیا لە باشووری کوردستانە، تا ئامادەیی دەزگای هەواڵگری و ئامادەیی ئابووری، واتا سەدان کۆمپانیای تورکی لە باشوور لە خێر و بەرەکەت و سامانی ئەم وڵاتە دەبەن، بگرە ئابووریناسان و ڕۆژنامەنووسە بەویژدانەکانی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کە جگە لەوەی کوردستانی باشوور بووەتە بازاڕێکی تورکی و ئەو داهاتەی لە ماوەی چەندین ساڵدا لە باشوور بە دەستی هێناوە، ئابووریی تورکیای بوژاندووەتەوە. ئەم ئامادەییە بێ کاریگەریی سیاسی نییە، واتا دانانی کاریگەریی سیاسی لە باشوور و دروستکردنی هێزی ئابووری و سیاسی کە پابەند بێت بە سیاسەتەکانی ئەنکەرەوە، ئەمە گورزی گەورەی لە دۆزی کورد داوە و لە دیدی تورکیاوە کوردی دابەش کردووە بۆ کوردی باش کە سەرقاڵی پڕوپاگەندەیە بۆ تورکیا و بە ئاشتیخواز لە قەڵەمی دەدا و کوردی خراپ کە کوردی باکوور و ڕۆژئاوایە و گوایە لێرە لە باشوور میوانە و جارجار داوا دەکرێت ئێرە جێ بهێڵێت. ئاخۆ دەبێت بە کەسێک یا هێزێک کە لە نیشتیمانی خۆیدایە، بگوترێت میوان؟ بەرزکردنەوەی ئەم دەنگە نەشازە یەکێکە لە کاریگەرییەکانی ئامادەیی تورکیا لە باشوور P.K.K. لە قەندیل پاڵی لێنەداوەتەوە و هیچ لە خێروبێری ئەم وڵاتەش سودمەند نەبووە، گەریلا لە شەنگال و کەرکوک و مەخمور دژ بە ترۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی دەجەنگێت و داکۆکی لە ژیان و ناموسی خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەن و قەڵغانێکن دژ بە بەربەریەتی هاوچەرخ. لێدان لە P.K.K بە هەزار ڕایەڵ بەستراوەتەوە بە ترسی تورکیا لە دروستبوونی کیانێکی سیاسی لە ڕۆژئاوا. هەموومان دەزانین ئەزموونێکی بێئەندازە گرنگ لە ڕۆژئاوا لە حاڵەتی سەرڕێگەخستندایە، خەباتێکی مەدەنی-سیاسیی لێوانلێو لە کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەهای گەورە لە گەشەکردندایە، پێکەوەژیانێکی مەدەنییانەی هاوچەرخی نێوان پێکهاتەکانی ڕۆژئاوا کە خۆی لە چەند کانتۆنێکدا دەبینێتەوە، لە نێوان کورد و عەرەب و مەسیحی و کەمایەتیی دیکە لە خۆنمایشکردندایە. ئەوەش دەزانین کە خەباتگێڕانی باکوور لە ڕۆژئاوا دەجەنگێن و شەهید دەکرێن، بە واتایەکی دیکە، بەستنەوەی خەباتی ئینسانی کورد لە باکوور بە خەباتی ئینسانی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی ئەو ناوچانەوە، سەرکەوتنی حوکمی خۆجێی لە ڕۆژئاوا بە تایبەت لە حاڵەتی

بەستنەوەی کانتۆنەکاندا بە یەکەوە کە خودبەخود دەروازەیەک بە سەر دەریادا دەخاتە سەر پشت و شکاندنی دۆستەکانی تورکیا، واتا دەوڵەتی ئیسلامی لە بەشێکی زۆری باکووری سوریا، هەموو ئەمانە ترسی گەورەی لای تورکیا دروست کردووە. واتا لە سەر ئاستێکی قووڵ دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین لە لایەکەوە بەرخۆدانی مەدەنییانە و سەرهەڵدانی هۆشیاریی مەدەنی و سیاسی لە باکوور و ئەزموونی خۆجێیەتی کانتۆنەکان لە ڕۆژئاوا، بنەڕەتی گیروگرفتەکەن بۆ تورکیا. سەرگرتنی ئەم ئەزموونانە، واتا بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد، ترسوبیمی تورکیا لەم دۆخە تازەیەی دۆزی کوردە، نەک ئەوەی کە P.K.K ئاگربەستی شکاندووە یاخود پرۆسەی ئاشتی ڕەت دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە بنەڕەتی کێشەکە ئەوەیە چەند وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە سوریا و عێراق، لە حاڵەتی هەڵوەشانەوە و پارچەپارچەبووندان، ئەمەش لە نەخشەی جوگرافیای تازەدا هەلێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد دەڕەخسێنێت تا ئامادەگیی خۆی بسەپێنێت، بە مانای دروستبوونی هەلێکی گەورە بۆ سەرهەڵدان و دامەزراندنی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆ نەتەوەیەکی گەورەی بێدەوڵەت، کە نەتەوەی کوردە، واتە ڕاستکردنەوەی نەک هەڵە گەورەکەی سایکس-بیکۆ، بەڵکو پیلانە شومەکەی کۆڵۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
تورکیا زۆر بە باشی لەم ڕاستییە گەیشتووە، هەر بۆیە بەربنەمای ستراتیژێکی دوورمەودا کە ڕێگری بکات لە ڕوودانی ئەوە، دەستپیشخەری دەکات و هانا بۆ ئەمەریکا و خۆرئاوا دەبات، وەک ڕۆژنامەنووسێکی بەویژدانی تورک، بیگدێل دەڵێت "تورکیا بە ناتۆ و ئەمەریکا پێدەکەنێت و دەیانخەڵەتێنێت بەوەی گوایە شەڕی داعش دەکات" و دەیەوێت نەک P.K.K و داعش لە خانەیەکدا دابنێت، بەڵکو هەر کوردێک کە خواستی سەروەری و ئازادیی هەبێت، بە تیرۆریست لە قەڵەم بدات.
شایانی سەرنجدانە کە ئەمەریکا وەک زلهێزێک کە بە تەواوی مانا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستی خواردووە و ڕۆژانە بەرووبوومی شکستەکانی خۆی دەچنێتەوە، لە ئێستادا و لێرە جارێکی دیکە پشتی کردووەتە داخوازییە ڕەواکانی کورد، نەک ئەمە بە تەنها، بەڵکو گەمژانە خۆی لەو ڕاستییە دەبوێرێ کە ئێستا و لێرە تاکە هێزێک دژ بە تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی بجەنگێ، هێزی پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلاکانی کوردن. ئەمە نەک ناپاکییەکی دیکەی ئەمەریکایە دەربارەی کورد و مافە ڕەواکانی، بەڵکو شکستێکی دیکەشە دەچێتە سەر خەرمانی شکستەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
ئێمە لەم دیدەوە و لە بەرپرسارێتیی نەتەوەییمانەوە دەڵێین: ڕووداوەکان سکپڕن بە ئەگەری ترسناک، لە هەمان کاتیشدا بە ئەگەری ئەرێنی. ئەوە ئێمەین، ئیرادەی ئێمەیە، ئیرادەی ژیاندۆستی و چاوپرینمانە لە سەروەری کە دەتوانین گوێ لە بانگی ڕووداوەکان بگرین و کێشە و پرسەکان بەو شاڕێگەیەدا بەرین، کە دەبنە مایەی هێنانەدیی خەونە نەتەوەییەکانمان کە خۆیان لە سەروەری و ئازادیدا بەیان دەکەن، بەو مەرجەی وریا ببینەوە و ئاستی هۆشیاریمان بەرینە ئاستی ئەگەرەکان. ئەگەر نا، جارێکی دیکە و بۆ سەد ساڵی دی دەبینەوە کۆیلەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
ئێمە وەک سێ دامەزراوەی فیکری و فەرهەنگی هەست بە مەترسییەکان دەکەین و کێشەکان لەسەر ئاستی ڕووکەشی ڕووداوەکان نابینین و باوەڕیشمان بەو دابەشکردنە حیزبییە ماڵکاولکەرە نییە کە پەیڕەو دەکرێت. ئێمە لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا کورد وەک نەتەوەیەک دەبینین، دۆزەکە دۆزی هیچ دەستەوتاقمێکی حیزبی نییە، دۆزی ڕەوای نەتەوەیەکی گەورەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێمە وەک بەشێک لە ئەرکی سەرشان و هەستکردنمان بە بەرپرسیارێتی، بە توندی ئیدانەی تورکیا و دەستێوەردانەکانی و ڕەشەکوژییەکانی بۆ سەر نەتەوەی کورد دەکەین و هێزە کوردییەکانیش ئاگادار دەکەینەوە کە هۆشیارییەک لە سەرهەڵداندایە، کە بە باشی دەتوانێت پێناسەکانمان بۆ بکا و گەر واز لە ناوچەگەری و مێنتەڵێتیی خێڵ و قەبیلە و بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبایەتی نەهێنن، لە داهاتوویەکی نزیکدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵین و لە ڕێگەی چالاکیی دیکەوە بۆ ڕیسواکردنی ئەو سیاسەتە دژ بە کوردەی خۆی مانیفێست دەکات، تیدەکۆشین.

خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی
ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکوڵێنەوە لە ئایین و ئەفسانە
ناوەندی غەزەلنووس (ناوەندێکی کولتووریی گشتییە(
8/8/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: ••زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 42

## بانگەواز بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ (کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) لە هۆڵەندا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140523135821764411

بۆ سەرجەم خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە هۆڵەندا،
سڵاوی خەبات و کۆڵنەدانتان لێ بێت،
وەک دەزانن هەمیشە ڕۆڵی خوێندکاران و لاوانی کورد، لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا، پێشەنگ بووە و لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشووە، خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و دینەمۆ و پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلول بوون، لە پاش نسکۆی ساڵی 1975 یش، بەڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خوێندکاران بزوێنەر و هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون لە باشوری کوردستان.
ئەمڕۆش جێگەی شانازیمانە لە پاش کۆمەڵێک دەستکەوت بۆ کورد بە گشتی و یەکێتیەکەمان بە تایبەتی لە هۆڵەندا، وەک جێگیرکردنی مۆنمێنتی هەڵەبجە لە ناو بارەگای ڕێکخراوی دژی چەکی کیمیاوی (OPCW) و کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەسەرکەوتوویی و زیادبوونی کورسیەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە گشتی و هەڵکشان و گەشانەوەی دەنگەکان و بەرزبونەوەی کورسیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ 21 کورسی پەرلەمانی، هەروەها سەرکەوتنی بەرچاوی لیستی کوردستانی لە کەرکوک بۆ 6+2 کورسی، بە گەرمی و لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم کوردستانیانی هۆڵەندا و هەڤاڵانی ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە تایبەتی دەکەین، هەستانەوە و شەکانەوەی ئاڵا سەوزەکەی یەکێتیی لە هەڵبژاردنەکاندا و سەرکەوتنی بەرچاوی لیستی 266 جێگەی دڵخۆشی و جۆشدانەوەی خەباتمانە.
بەم بۆنەیەوە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی (کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) لە هۆڵەندا، داواکارین لەسەرجەم خوێندکاران و لاوانی کوردستانیی، ڕۆژی 25-05-2014 ئامادەبن بۆ سەرخستنی کۆنفرانسی کۆمەڵەکەمان، کە لە ژێر چاودێری ناوەندی دەرەوە و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی هۆڵەندا بەڕێوە دەچێت. تا بەهەمووومان بتوانین پێداچوونەوەیەکی وورد بە شێوازی کارکردن و میکانیزمی هەڵسوراندنی کارەکانی لەوە و پێشوو خوێندنەوەی ورد بۆ ئایندەی کۆمەڵەکەمان بکەینەوە، بەمەش گەشە بە ڕێکخستنەکانمان و نوێکردنەوە و بە زیندوو هێشتنەوەی بدەین.
بۆ ئەم مەبەستە داواکارین لە ئێوەی بەڕێز و باوک و دایکە خۆشەویستەکانمان، لێبراوانە بەدەنگ داواکاریەکەمانەوە بێن. هەروەها دەخوازین سەرجەم ئۆرگانەکانی دیکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەندا،(کۆمیتەی ڕێکخستن، نوێنەرایەتی یەکێتیی،کۆمەڵەی پ.م دێرینەکان، ڕاگەیاندن) لەم پێناوەدا پشتگیر و هاوکارمان بن. هەموو ئەو خوێندکار و لاوانەی تەمەنیان 16 ساڵ و بەرەوژوور ترن هان بدرێن، کە بە شەوقەوە ئامادەی کۆنفرانسەکە ببن، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی خوێندکاران و لاوانی ئەندام و دۆست و هەوادارانی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کوردستانیانی بێ لایەنی دڵسۆزی نیشتەجێی هۆڵەنداش، لە پێناوی خۆنوێکردنەوە و هەستانەوەی زیاتری ڕێکخستنەکانمان، بێگومان خوێندکاران و لاوانی کورد لە تاراوگە، هەمیشە دینەمۆ و دڵی زیندووی ڕێکخستنەکانی یەکێتییمان بوون.... هەر بژین بە شادی و سەرفرازی.

بۆ پێشەوە بۆ بەستن و سەرخستنی کۆنفرانسی خۆ نوێکردنەوەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە هۆڵەندا.
بژی خەباتی نەپساوەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان، لە تاراوگە لە پێناو هێنانەدی داخوازیە پیشەیی و دیموکراتیەکانی خوێندکارانی کورد.. بژی کورد و کوردستان... نەمری و سەروەری بۆ شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان.
سەرنج: بە زووترین کات لە کات و شوێنی کۆنفرانسەکە ئاگادارتان دەکەینەوە..
ئالان ئەفراسیاب
سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە هۆڵەندا
لە جیاتی دەستەی سەرپەرشتی و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: 🌐دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 43
## بانگەواز بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ راگرتنی گرتن و ئازادکردنی بە پەلەی گیراوەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150515144209853 13

خەڵکی دلێری شاری مەهاباد رۆژی پێنجشەممە 17ی گوڵان (بانەمەڕ) لە درێژەی راپەڕینی قارەمانانەی خۆیاندا پەلاماری ئیدارەی ئیتلاعاتی رژێمیان دا. ئەوان هەروەها لە شوێنە جیاجیاکانی شار وێنەی شوومی خامنەئی و خومەینییان سوتاند و بەرەنگاری هێزەکانی گاری دژەشۆرش بوونەوە. ئەم راپەڕینە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ئاست گیان لەدەستدانی فەریناز خوسرەوانی، کچە کوردی 26 ساڵانی مەهاباد رووی دا کە لە رۆژی 14ی گوڵان بە هۆی بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە مەئموورێکی ئیتلاعاتی رژێم خۆی لە نهۆمی چوارەمی ئەو هوتێلە فڕێ دایە خوارەوە کە شوێنی کارکردنی بوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە لە دوانیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە دەستی پێکرد بەدوای هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەت و بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکرێژ و تەقەکردن بە تفەنگی ساچمەیی و بریندارکردنی دەیان کەس لە خەڵکی ئەو شارە، تێهەڵچوونی بەربڵاوی خەڵک بەرانبەر بە بەکرێگیراوانی رژێمی لێکەوتەوە. خەڵکی توورەی شاری مەهاباد لە تێهەڵچوون لەگەڵ مێگەلی هێزە سەرکوتکەرەکان درووشمی دژەحکومەتی و لە ناویاندا (مەرگ بۆ بەسیجی)، (مەرگ بۆ دیکتاتۆر)یان بەرز کردەوە. ئەوان هەروەها ئەو درووشمەیان دووپات دەکردەوە کە (فەرینازی خوشکم). لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەربڵاوی ئەو دەستەواژەیە بڵاوکراوەتەوە (من فەرینازم.(

بە پەرەسەندنی شەپۆلی تێهەڵچوونەکان، رژێمی دژەمرۆی ئاخوندی پەنای بردووەتە بەر رێوشوێنی سەرکوتکەرانەی بەربڵاو لە ناو شاری مەهاباد. ئامار و ئەژماری گیراوەکان کە تا کۆتایی رۆژی پێنجشەممە لە 60 کەس تێپەڕیبوو لە بەرەبەیانی رۆژی هەینی زۆر زیادی کردووە. پاسداران و مەئموورانی ئیتلاعاتی رژێم لە ئاستی شارەکەدا بە پەلاماردانی ماڵەکان ژمارێکی زۆریان دەستبەسەر کردووە و بە ئوتوبوس (پاس) گواستراونەتەوە بۆ ورمێ. ژمارێکیشیان بۆ زیندانەکانی شارەکانی میاندواو نەغەدە گواستراونەتەوە.

هێزی گاری تایبەتی دژەشۆرش، هێزی پاسداران و بەکرێگیرانی ئیتلاعات و بەسیجی کە ژمارێکیان لە شارەکانی میاندواوو و ورمێ و نەغەدەوە گواستراونەتەوە بۆ شاری مەهاباد، بە لێشاو لە ئاستی شاردا جێگیر بوون و حکومەتێکی سەربازیی رانەگەیاندراویان بەرپا کردووە. ئەوان رێگری

دەکەن لە کۆبوونەوەی هاووڵاتییان بە تایبەت لە شوێنەکانی ناوەندی شاری مەهاباد. لە دەروازەکانی شاری مەهاباد هەموو هاتوچۆکردنێک کۆنترۆڵ دەکرێت.

موقاومەتی ئێران وێڕای بانگەواز بۆ پشتیوانیکردن و هاوبەندیی سەرجەم خەڵکی ئێران لە خەڵکی کوردستان دژ بە دیکتاتۆرییەتی مەزهەبیی دەسەڵاتدار لە ئێران و دووپاتکردنەوەی پێویسیی گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری بۆ خەڵک و لاوانی دلێری مەهاباد، داوا لە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە و رێکخراوە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکات کە بە هەنگاونێکی خێرا و کارا، جینایەتکارانی دەسەڵاتدار لە ئێران ناچار بکەن کە رەوتی سەرکوتکردن و گرتنی خودسەرانەی خەڵک لە مەهاباد رابگرن و سەرجەم گیراوەکان بە پەلە ئازاد بکرێن.

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران - پاریس

18ی گوڵانی 1394 (8ی ئایاری 2015)

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 44

## بانگەوازی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی 24ەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاورێیانی خەڵکی بەئەمەگ و ئازادیخوازی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062914140189768

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لەرۆژی22پووشپەریسالیی. هەتاوی، بەرامبەربە 13یژوئیەیی.ز، دیپلۆمات-تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەشاری ویەن، بەهۆی پلانێکی لەپێشدا دارێژراوو لەسەر مێزیوتوووێژ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب،کاک عەبدوڵڵاقادریئازەر، ئەندامیکۆمیتەی ناوەندی و نوێنەریحیزب لەئورووپا و دوکتور فازل رەسووڵیان کردەئامانجی تێرۆرو شەهیدیان کردن. لەراستیدا رێژیم بە و کارەی، لەهەمبەرنیازپاکی و پرەنسیپیئاشتیخوازانەی د.قاسملوو بەمەبەستی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی نەتەوەیی،رێوشوێنی تێرۆریستیی گرتەبەرو بە و کردارە و گەلێک کردەوەی هاوچەشنی دیکە،لەپێوەندی لەگەڵ جیابیران و نەیارانی و لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات، "تێرۆریسم"ی کردووەتەناسنامە و سیاسەتێکی رەسمی و هەمیشەیی خۆی، سیاسەتێک کەرەوتێکی دانەپراوەی بەدواوەبووەلەسەرکوت و داپڵۆسینی جیابیران، تێکۆشەران و ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان.
خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان؛
لەبەرەبەری 24ەمین ساڵوەگەڕی شەهید کرانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاورێیانیدا،هەر وەک ساڵانی پێشوو،بۆ رێز گرتن لەخەبات و تێکۆشانی شەهیدانی ویەن و نیشاندانی وەفاداری بەرێبازیان،هەروەها بۆ مەحکووم کردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران،لەهەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان داواکارین کەلە22ی پووشپەڕی ئەمساڵدا بەهەر شێوەیەک و لەهەر شوێنێک پێتان دەکرێ بەرەچاو کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، ناڕەزایەتی و بیریی هاوخەباتی خۆتان دەرببڕن:

-لەبەر کردنی جل و بەرگی کوردی
-هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و کەڵک وەرگرتن لەرەنگی" ئاوی ئاسمانی" بەشێوەی جۆراوجۆر
-کوژاندنەوەی چرایماڵەکان بۆ ماوەی 3 دەقیقە،لەکاتژمێر 11ی شەو و بەکاتی تاران(لەشەوی 22ی پووشپەڕدا)

با بەحەرەکەتیئێعترازی،یادی قوربانیانی دەستی تاوان و تێرۆریزم بکەینەهەوێنی یەکڕیزی و هاوخەباتی،هەر وەک رابردوو بسەلمێنین کە،ڕێبازی قاسملووی ڕێبەر،ڕێبازی نەتەوەیی-دێموکراتیکی نەتەوەی خەباتکارو ماف ویستی کوردە،با بە ئەمەگ ناسییەوەوەفاداریی خۆمان بەڕێبازی شەهیدانی وپیەنچەند پات بکەینەوە، و بە هەڵوێستی بوێرانە و بیری شۆرشگێرانەمان،بەرهەڵستی دوژمنانی ئازادی ببینەوەویاد وڕێبازی شەهیدانی 22ی پووشپەڕ بەرز رابگرین.

وەفاداری وبەردەوامی بۆ ڕێبازی شەهیدانی وییەن

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی نەتەویی-دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان؛

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

پووشپەڕی 1392ی.ه

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 45

## بانگەوازی کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان بۆ پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و دانیشتووانی (کامپی لیبرتی)

http://www.kurdipedia.org/?q=2015072300273385777

دوای ئەوەی پرۆژە ناوکەییە ترسناکەکانی حکومەتی ئێران یەکەمجار لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە ئاشکرا کرا دەوڵەتانی رۆژئاوای پێ سەرسام بوو. چون تا ئەو کات بەوەیان نەدەزانی کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی تا چ رادەیەک مەترسیدارن بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی..

دوای ئەو رووداوە گرینگە بوو کە رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی وەخۆ کەوتن بۆ ئەوەی رێگر بن بەرامبەر بەو هەنگاوەی حکومەتی ئێران کە ئەگەر ئاشکرا نەکرابا، مەگەر خوای گەورە بیزانیبا جیهانمان چی بەسەر دەهات و چارەنووس بەرەو کوێ ملی دەنا .

بەڵام رۆژئاوا لە پری ئەوەی قەرەبووی ئەم خزمەتە گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بداتەوە، نە تەنها دەستی کرد بە دانوستانێکی بێ پرانەوە لەگەڵ حکومەتی ئێران کە تا ئەمرۆ بەردەوامە، بەڵکو ئەوندەی پێی کرا لە بەرژەوەندیی حکومەتی ئێران بواری دا بە سنووردارکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتان و ناودێرکردنیان لە لیستی تیرۆر و قەتلوعامکردنی ئەندامانی لە عێراق و لە ناوخۆی ئێرانیشی گرتن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی لایەنگرانی بە لێشاو. لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵی ئەوەیان دا بەدیلیکی هاوتەریبی رۆژئاوا بۆ حکومەتی ئێران داتاشن تا بەڵکو ئەم رژێمە (عاقڵ) بکەن و بیکەن بە (میانرۆ)!

بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بە گشتی و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بە تایبەتی، نەسرەوت و خۆی گرت و ئەمرۆ تۆکمەتر لە رابردوو لە گۆرەپانەکەدا ماوەتەوە و کاریگەریی خۆی بەسەر دۆزی ئێراندا سەلماندووە کە ناکرێ پشت گوێ بخرێت و وەک رابردوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.. کۆبوونەوەکانی ئەمدواییانەی ئۆپۆزیسیۆن لە پاریس

دیمەنێک بوون لەو ڕاستییە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیی ئەو بەدیلەی دووپات کرد کە خۆی ئامادە کردووە بۆ قۆناغێکی نوێ کە بەمزووانە لە ناوچەکە ڕوو دەدات. خاڵی جێی سەرنجی کۆبوونەوەکان ئەوە بوو لە هەموو وڵاتانەوە شاندی باڵا ئامادە ببوو بۆ پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە بەڕاستی جێی تێرامانە و واتای زۆر هەڵدەگرێت. هۆی چیە لە هەموو جیهانەوە لە دەوری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە خاتوو مریەم رەجەوی ڕێبەرایەتیی دەکات کۆبوونەتەوە؟!
دانوستانی وڵاتانی 5 + 1 و حکومەتی ئێران بەردەوامە و پێویستە خێراتر یەکلایی بکرێتەوە. چۆن وەرچەرخانێکە بە ڕووی هەر دوو دیوی واژۆکردن یا نەکردنیدا بەرەو قۆناغێکی نوێ بە سوودی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا.
کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان وێرای پشتیوانیکردنی خۆی لە کۆبوونەوەکانی پاریس داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد دەکات هەستن بە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بە تایبەت پەنابەرانی ئێرانی کە دوای ئەوەی لە (ئەشرەف)وە گواسترانەوە بۆ (لیبرتی) لە ڕەوشێکی زۆر سەختدا ئەژین و گیان لە مەترسیدایە.
کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان
12-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ‎•زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 46

## بانگەوازێک بۆ سەرجەم ئەندامانی لقی سلێمانی - سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092816321688478

سڵاوتان لێبێت
ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بڕیاری داوە کە لە بەرواری (2013/10/1) تا ڕۆژی (2013/12/31) وەک دوایین مۆڵەت، ئابونەی ئەو ئەندامانە وەربگرێت کە پێشتر قەرزاربوون.. ئەگینا لە ساڵی (2014)وە مافی بە ئەندام بوونیان نامێنێت و ناویان لە تۆمارەکانی سەندیکا دەسڕێتەوە.
لەگەڵ ڕێزماندا.
کاروان ئەنور
سکرتێری لقی سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 47

**بانگەوازێک بۆ هەموو هاوبیران و هاورێیان و دڵسۆزان و لایەنە پێوەندیدارەکان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031815080284904

وەک هەموومان ئاگادارین، ڕەوتی ئیسلامیی سیاسی، کە دروستکراو و بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن، ئەمڕۆ لە جاران زۆر چالاکتر و لە رووی جەماوەر و پارەداری و پشتیوانییەوە بەهێزتر و بەدەسەلاتترن، خاوەنی چەندین کەناڵی تیڤی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامە و پێگەی ئەلەکترۆنین، بە زەبری پارەبەخشینەوە و بەهۆی راگەیاندنە سۆزئامێز و چەواشەکارییەکانیانەوە، توانیویانە دۆستی و لایەنگریی جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی هەژار و بێکار و کرێچی و دانیشتوانی گوندنشین و شارۆچکەکانی کوردستان بەلای خۆیاندا رابکێشن. زۆربەی زۆری مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکان و فەقێ و شێخ و دەروێش و نووشتەچی و جادووگەرەکانی کوردستانیان بە پارە کڕیوە و ئێستا زۆربەی زۆریان سەر بەوان و بۆ ئیسلامیی سیاسییەکان کار دەکەن و لە خزمەتی ڕەوتی ئیسلامیی سیاسیدان. ئێستا لە باشووری کوردستاندا، بە ئاماری وەزارەتی ئەوقاف، 5508 مزگەوت و زۆتر لە دوو هەزار حوجرە و تەکیە و خانەقا و خوێندنگەی جۆراوجۆری ئیسلامی هەیە. ئەمانە هەموویان ژێربەژێر کار بۆ ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و وەهابیزم و سەلەفیزم و داعشیزم دەکەن، زۆربەی زۆریان هاوسۆزی لەشکری تێرۆریستی داعشن و خەوی گەورەیان دروستکردنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، ئە و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، هەموویان مانگانە پارە و بوودجەی زۆر و موفت لە دەسەڵاتی کوردی وەردەگرن و جگە لەمە، سەرچاوەی دیکەیشیان زۆرە، خاوەنی چەندین کەناڵی پشتیوانی و کۆمەک و هاوکاریی ماددی و مانەوین، خاوەنی پشتیوانیی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و سعوودییە و قەتەر و گەلێک کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی ئیسلامیی نێودەڵەتین. بەردەوام هاوکاری و کۆمەکیان پێدەکرێت و پارەیەکی زۆریان بەسەردا رژاندوون، ئەمانیش ئە و پارەیە بۆ گەوجاندن و دواخستنی کۆمەڵگە و بە ئیسلامکردنی کوردستان و بەعەرەبکردبنی کورد بەکار دەهێنن. بەرامبەر هەموو ئەم هەوڵ و چالاکییە بەربڵاوانەی ئیسلامییە سیاسییەکان، هیچ بەرهەڵستییەک و بەربەستێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەری بەهێز و ڕەوتێکی نەتەوەیی کوردی و کوردستانی بوونی نییە و دەسەڵاتی کوردیش هەموو کۆمەک و پشتیوانی ئاسان کارییەک بۆ ئیسلامییە سیاسییەکان دەکەن و بە هیچ شێوەیەک ناوێرن و ناتوانن لێپرسینەوە لە هیچ مەلایەک و بانگخاوزێک و مامۆستایەکی ئایینی بکەن کە رۆژانە لە وتار و گفتارەکانیاندا بیروباوەڕی توندڕەوی و توندوتیژانەی سەلەفیزم و وەهابیزم و تێرۆریزم و داعشیزم و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی بڵاو دەکەنەوە. لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان و لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، وتاری ئاگرین و توندوتیژانە دژی دەسەڵات و دژی ئافرەتانی بێ لەچک و سفوور دەدەن، بە ئاشکرا هەڕەشە لە کچان و ژنانی نوێژنەکەر رۆژوونەگر دەکەن. بە کورتییەکەی ئەوەی رۆژانە دەیبینین و دەیبیستین، هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە تەواو شووڵیان لێهەڵکێشاوە و ناخۆشیان کردووە و بارودۆخێکی ئیسلامچێتی و تەعریبچیێتیی تەواو هەڕەشەئامێزیان و ترسناکیان دروست کردووە. شایانی باسە پێشتر زۆرمان لەسەر ئەم دیاردە خراپ و ترسناکانە نووسیوە و لێرەدا بۆئەوەی ئەم بابەتە زۆرتر درێژ نەبێتەوە، ئەم پێشنیازانە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بە گرنگ و پێویست دەزانین کە وەکو ئاگاداری و هۆشدارییەک، بۆ دەسەڵات و بەرپرسان و و سیاسەتمەداران و پارتە دەسەڵاتدارەکان و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بەیان دەکەین:

ئەگەر بمانەوێت چارەنووسمان هەمان چارەنووسی ئێران و ئەفگانستان نەبێت، پێویستە و دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێن:

-1بە یاسا، هەموو باند و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و گشت هەوڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییەکی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و داعشیزم، یاساخ بکرێن و سزای یاساییان بۆ دابنرێت.

-2وەزارەتی ئەوقاف، یان دابخرێت، یان دەسەڵات و بوودجەیان کەم بکرێتەوە و کاروبار و چالاکییەکانیان، لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە سەرپەرشتی و کۆنتڕۆڵ بکرێت.
-3کۆنتڕۆڵی هەموو مزگەوتەکان و گفتار و وتاری مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئاینییەکان بکرێت و دەبێت ئەوانە هەموویان لەژێر سەرپەرشتی و کۆنتڕۆڵی لایەنە پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستاندا بن.
-4یارمەتی و هاوکاریی کەسان و کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەییەکان بکرێت و هەوڵ بدرێت لە هەموویان، پارتێکی نەتەوەیی سەردەمیانەی پێشکەوتوویان لێپێکبهێنرێت و لەلایەن دەستەڵاتی سیاسیی کوردییەوە مۆڵەتی یاسایی هەبوون و کار و چالاکییان پێبدرێت و بوودجەیان بۆ تەرخان بکرێت و کەناڵی تیڤی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامە و میدیای تایبەتیی خۆیان هەبێت.
-تکایە ئێوەی بەڕێز و دڵسۆزیش هەر پێشنیاز و سەرنج و تێبینییەکتان لەسەر ئەم مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازە هەیە، بە راشکاوی بیاننووسن.... زۆر سوپاس بۆ هاوکاری و یارمەتیدان و بەشداریی هەموو لایەکتان.
بەختیاری شەمەیی
08.03.2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 48

## بانگەوازێک بۆ کوردستانیانی هۆڵەندا بۆ بەرەوپیرەوەچوونی سندوقەکانی دەنگدان رۆژانی 27 و 28-04-2014 لە شاری رۆتردام

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042513192575976

بەناوی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردیەکانی هۆڵەنداوە داواکارین، لە سەرجەم کۆچبەرانی کورد، بەوپەڕی هۆشیاری هەست بە بەرپرسیارێتیەوە ڕۆژانی 27 و 28 -04-2014 بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ ئاسودەکردنی ویژدانی خۆتان، بۆ ئەوەی کێش و سەنگی سیاسی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقدا، هەمیشە گەش و دیار بیت و لە هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانیەکاندا، کاریگەری کورد حساب بۆکراو بێت.
خۆشەویستان داواتان لێدەکەین.. ویژدانی خۆتان ئاسودە بکەن، خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان هەڵەبجە و ئەنفال لەبیرمەکەن، بۆ جێبەجێکردنی دەستور- کۆنفیدڕاڵی لە عێراقدا، دەنگ بدەن بە پاڵێوروەکانی لیستی 266 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پێناوی هاوسەنگی سیاسی و بەزیندو هێشتنەوەی دیموکراسیەت لە ناوچەکەدا.
بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەندا، لە زۆربەی شارەگەورەکانی هۆڵەندا، پاصی ئامادەکردوە بۆ گواستنەوەی دەنگدەران و هەوادارانیی خۆی، بەخۆشحاڵیەوە دەتوانن لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبن و پەیوەندی بکەن، بەم تەلەفۆنانەی لای خوارەوە:
لە شاری ئەلکمارەوە: صەلاح شەریف کەرکوکی: 0617396699
ڕۆژی یەکشەممە لە وێستگەی CS ی ناوەندی شاری ئەلکمار و بێڤەرڤایکەوە پاص دەردەچێت بەرەو بنکەی دەنگدان لە ڕۆتردام :
Station Alkmar van 10:30 uur tot 11:00 uur
Station beverwijk van 11:00 uur tot 11:30 uur
Bestemming Van Nelleweg 1، 3044 BC Rotterdam
ڕۆژی یەکشەممە لە وێستگەی CS ی ناوەندی شاری ئەلمیرە ستادەوە، پاص دەردەچێت بەرەو بنکەی دەنگدان لە ڕۆتردام:
وریا شامار 0648131655
Hengelostr 54
1324GS Almere stad

ڕۆژی یەکشەممە لە وێستگەی CS ی سلۆتەردایک لە شاری ئەمستردامەوە پاس بەرەو بنکەی دەنگدان لە ڕۆتردام:
جوان عومەر 0612255179
Station Sloterdijk 10:00 uur
سەرنج: بۆ زانیاری زیاتر لە سەرجەم شارەکانی تری هۆڵەندا (نامێخن و ئارنێم و ئەنیشخدەی و خرۆنیگن، لیواردن و برێدا و ئوترێخت و ئایندهۆڤن، دەتونن پەیوەندی بە هەڤاڵان: بەڕێز نەجم: 0645550545،ئازاد عەبدولڕەزاق: 0684596634، نەبەز مستەفا: 0619197705، وە بکەن، لەگەڵ ڕێزی رێپایانماندا.
سەرپەرشتیاری کاروباری ڕێکخراوەکانی هۆڵەندا
ناوەندی دەرەوەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 49

## بانگەوازێک بە هیوای ئەوەی گوێرابگیرێ لێی - جەمال نەبەز

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081121594589183

02-08-2008

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 50

## بانگەوازێک لەوەزارەتی پێشمەرگەوە بۆ هاوڵاتیانی کاکەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112813230178089

ئەو هاوڵاتیە بەڕێزانەی کەخۆیان ناونوس کردوە لەبەڕێوەبەرایەتی خۆبەخشەکان لە رێکەوتی 2014/12/3 پەیوەندی بکەن بەیەکەی مەشقەوە بەمشێوەیەی خوارەوە.
1ـ ئەوانەی لەبەڕێوەبەرایەتی خۆبەخشەکانی هەولێر ناوی خۆیان تۆمارکردوە پەیوەندی بکەن بەبنکەی مەشقی (باپیشتیان) لە سۆران.
2ـ ئەوانەی لەبەڕێوەبەرایەتی خۆبەخشەکانی کەرکوک ناوی خۆیان تۆمارکردوە پەیوەندی بکەن بەبنکەی مەشقی سلێمانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 51

## بروسکەی سەرکەوتنی سوڵتان هاشم فەرماندەی پرۆسەی ئەنفال بۆ سەددام حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130505102614786670

...



کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 52

## بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر راپۆرتەکەی ویکلیکس هاتە دەنگ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150623094120855601

روونکرنەوەیەک بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان

السلام علیکم

برایان و خوشکانی بەڕێز: ماوەیەک لەمەوبەر کۆمەڵێک بەڵگەنامە گوایە لە سەرچاوەیەکی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیەوە دزراوە و بڵاوکرایەوە و تێیدا ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی هێنراوە کە هەندێک ناحەز بۆ شێواندنی رای گشتی دەیانەوێت وا لە خەڵکی بگەیەنن کە بزووتنەوەی ئیسلامی پارەی لە سعودیە وەرگرتووە، لەم بارەیەوە ئەمە وەڵامی ئێمەیە:

-1هەموو ئەو رێکخراوە ئیسلامییە خێرخوازییانەی کە لە کوردستان لە دوای ساڵی 1991 کاریان کردووە لەسەر داوا و بە تەزکیەی بزووتنەوە هاتوونەتە کوردستان، بەڵام دواتر بزووتنەوەی ئیسلامی ئازادی کردوون لەوەی چۆن کاری خزمەتگوزاری ئەنجام بدەن. بۆیە ئێمە ئاگامان لە چۆنێتی وەرگرتن و خەرجکردنی داراییان نییە.

-2رێکخراوی (بری ئیسلامی) هیچ پەیوەندیەکی بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە نییە و رێکخراوێکی سعودیەیە.

-3لەو نامەدا کە سەرنجی زۆرمان لە سەری هەیە هاتووە کە سعودیە بری 500،000$ (پێنج سەد هەزار دۆلار)ی داوە بە رێکخراوی بری ئیسلامی کە سەر بە بزووتنەوەیە بۆ کاری خێرخوازی (مزگەوت و خوێندنگا و...) لە عیراق، لەکاتێکدا ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەو رێکخراوەوە نییە و رێکخراوی لەو شێوەیەمان نەبووە.

-4تێکەڵکردنی ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی بە رێکخراوی خێرخوازی جێگەی گومانە، چونکە بە

دەیان ڕێکخراوی بیانی گومانلێکراو کاردەکات، بەڵام کەس باسی ناکات و لێی ناکۆڵێتەوە کەچی دەکات، بەڵام ڕێکخراوێک مزگەوت دروستبکات و پارە بۆ کاری خێرخوازی وەربگرێت لەسەر بزووتنەوە هەژمار بکرێت جیگاری سەرسورمانە!

نوسینگەی رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 53

## بيان قيادة لواء الكورد الفيليين بشأن إسناد الحشد الشعبي

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081812583185889

يستمر لواء الكورد الفيليين بنشاطاته وفعالياته بالتنسيق مع مصرف عبر العراق الأهلي وهيئة الحشد الشعبي وقوات الشهيد الصدر الأول (قدس) في توزيع المساعدات الغذائية والتموينية والعينية إلى فصائل الحشد الشعبي المقدس بشكل مستمر تعبيراً عن المشاركة الحقيقية في دعم وإسناد المجهود الحربي ورفع معنويات المجاهدين في ساحات القتال مع عصابات داعش الإرهابية، وتأكيداً على التلاحم الإنساني بين أبناء الشعب الواحد في هذه المرحلة الصعبة التي تتطلب تظافر الجهود لدرء الخطر الداهم وتلبية فتوى الجهاد الكفائي التي أصدرتها المرجعية الدينية العليا الرشيدة والدفاع عن سلامة عراقنا العزيز والذود عن أرضه ومُقدساته والتضحية بالغالي والنفيس... حيث قام لواء الكورد الفيليين بتأمين الحماية والحراسة لقوافل الإغاثة وإيصالها إلى قوات الحشد الشعبي في الخطوط الأمامية للجبهات العسكرية ووزارة الداخلية / مديرية المرور العامة، كما تشرف لوائنا المظفر بزيارة الحاج المجاهد (أبو حوراء) مدير الدعم اللوجستي في رئاسة مجلس الوزراء / هيئة الحشد الشعبي لغرض الإشراف على شؤون مجاهدينا وسير عمليات الإغاثة وتعهدنا بأن نكون أول المتبرعين بالمال والروح والسلاح وآخر الصامدين في ساحات القتال وقد قام الحاج المجاهد (أبو حوراء) بتكريم عدد من أبطال اللواء، إضافةً إلى قيام لوائنا بتنظيم الدورات والمحاضرات في الجامعة المستنصرية لغرض تدريب وتعليم الطلبة على إستعمال الأسلحة الخفيفة خلال العطلة الصيفية.

وبالرغم من كل التضحيات الجسام والدماء الطاهرة الزكية للشهداء الفيليين التي أمتزجت على أرض الوطن وترابه الغالي في الماضي والحاضر... فلازالنا نعاني من الإقصاء والتهميش والإلغاء والتمييز العنصري البغيض الموروث عن النظام المباد وعدم إسترجاع المواطنة الكاملة والحقوق المغتصبة ونعاني من مظلوميتين (عامة، وخاصة)، فالمظلومية الأولى هي نشترك بها مع عموم المواطنين بسبب سوء الخدمات والكهرباء والمطاليب الجماهيرية التي عبرت عنها التظاهرات السلمية، وأما المظلومية الثانية فهي خاصة بالمكون الفيلي وتبدو أزلية لا تنتهي وبدون حكومي جذري والتي تتمثل بـ إشكالية الهوية الوطنية وإعادة الجنسية العراقية إلى الفيليين والمتراكمة لأكثر من (80) سنة منذ تأسيس الدولة العراقية السابقة في عام / 1921 والمستمرة لحد الآن!!!
وبصفتنا الممثل الوحيد للمكون الفيلي في الحشد الشعبي وجزء أساسي أصيل من مكونات الشعب العراقي المذكورة في ديباجة الدستور... نأكد بأننا نقف إلى جانب النظام الديمقراطي الجديد بالرغم من كونه همشنا... ونساند العملية السياسية بالرغم من كونها ظلمتنا... وندعم الشراكة الوطنية بالرغم من كونها أقصتنا... ونؤيد وثيقة الإتفاق السياسي لتشكيل الحكومة بالرغم من كونها أهملتنا... مع ذلك فنحن قوم مسالمون ولدينا مطاليب عادلة ليست صعبة ونؤمن

بسيادة القانون في إسترداد الحقوق بنفس طويل ولم نستخدم القوة مطلقاً فهذا ليس من عاداتنا وتقاليدنا وشيمنا... ولكن للصبر حدود... هل يحتاج تطبيق العدالة إلى مدة طويلة تستغرقت أكثر من (12) سنة مضت على سقوط الصنم المقبور في 2003/4/9) !!! فـ أحذروا الحليم لو غضب)، حيث أصبحت ثقتنا معدومة نتيجةً لسلسلة الإجراءات الإدارية والحلقات الروتينية الزائدة والمراجعات الطويلة وأساليب الدوائر الحكومية المعقدة التي بخست حقوقنا، وحتى ونحن نقاتل تحت رايات الحشد الشعبي فهنالك أطراف عدة ومدفوعة من جهات شتى تستكثر ويستثقل مشاركتنا الجهادية وتستخدم شتى الأساليب الملتوية لوضع العصا في العجلة ومنعنا من تأدية واجب الجهاد الكفائي وفتوى المرجعية الدينية العليا... ونحذر من إتباع إساليب ليّ الأذرع وهذا يحتم علينا اللجوء إلى وسائل الإعلام من أجل كشف وعرض الحقائق بالأدلة القاطعة والدامغة وزيارة مكتب سماحة الإمام المرجع الأعلى السيّد علي السيستاني (دام ظله) ووضعها تحت أنظاره لتكون الأمور في نصابها الصحيح بإعتبار فتوى الجهاد الكفائي واجب شرعي مقدس لا يجوز لأحد منعنا من أدائه.

كما ونطالب بتنفيذ قرار رئيس الجمهورية رقم (6) لسنة 2012 وتوجيهات رئيس الوزراء / القائد العام للقوات المسلحة وتعهد الحكومة العراقية وبيانها الرسمي بموجب قرار مجلس الوزراء رقم (426) لسنة 2010 وقرار مجلس النواب رقم (18) لسنة 2011 بشأن إعتبار ما تعرض له مكوننا الفيلي جريمة إبادة جماعية بكل المقاييس والأعراف، وجعلها موضع التطبيق الفعلي وعدم بقائها مجرد حبراً على ورق وجبراً للخواطر بل يجب إدراجها في ورقة الإصلاحات التي أعلنت عنها الحكومة العراقية وصادق عليها مجلس النواب وحصلت على إجماع وطني وشعبي.

ماهر الفيلي
أمر لواء الكورد الفيليين
الأمين العام للجبهة الوطنية العليا للكورد الفيليين

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •ـزمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 54

## بڕیاری خانەنشینکردنی 253 کەس بە ناونیشانی بەڕێوەبەری گشتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130524203406784 76




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 55

## بۆ تایەر گرێزەیی سەگباب

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112202259118751



بۆ: تایەر گرێزەیی سەگباب
بچیتە سەر هەر ماڵێک وەکو سەگ ئەت تۆپێنم باشە هیچ و پوچ..

سالار عەزیز
نوسینگەی پارێزگار

تێبینی: ئەم بەڵگەنامەیە لە گۆڤاری بزاڤەوە وەرگیراوە و کوردیپێدیا لە ڕاستیی بەڵگەنامەکە دڵنیا نییە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 56

## بۆ دۆست و دەنگدەرو لایەنگرانی گۆڕان نیگەرانیتان، وانەیەکی گرنگ دەبێت بۆ گۆڕان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050120210476033

عەلی حەمە ساڵح
هاوڕییان، هەمووومان چاوەڕوانی ئەنجامێکی زۆر باشترمان دەکرد، بەڵام ئەوەی بەدەستهات لە ئاست خواستی ئێمەدا نەبوو بە تایبەت لە هەولێر، بەڵام ئەمە ئامازەیەکە بۆ ئەوەی ئێمە کاری گەورەمان لە پێشە و دەبێت بیکەین
زۆر هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەپێی خواستی ئێمە نەبوو، گرنگترینی ئەوە بوو: نەتواندرا وەک پێویست شیکردنەوە بۆ ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەت بکرێت و لایەنێکی دیکەش کەخۆی لە چەند ڕۆژی ئایندەدا دێتە حکومەتەوە توانی بەدروستکردنی تۆمەت هەستی دەنگدەری ئێمە بجوڵێنێ.
ئەمەی ڕوویدا، بەتایبەت لە پارێزگای هەولێر، من بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانم و دەبێتە وانەیەکی گرنگ بۆ گۆڕان.
گۆڕان هێزێکی نوێیە و پڕە لە ئەزمون و توانای نوێ، ئێستا ئێمە قۆناغێکی نوێمان لە پێشە، گۆڕان سەرۆکی پەرلەمان و پارێزگاری سلێمانی و وەزارەتەکانی دارایی و پێشمەرگە و ئەوقاف و پیشەسازی و بازرگانی و دەستەی وەبەرهێنان و چەندین پۆستی دیکەی دەکەوێتە دەست، بتوانین هەمووومان پێکەوە نمونەیەکی جوانی حوکمڕانی پڕ خزمەت دوور لە گەندەڵی و پڕ لەشەفافییەت پێشکەش بکەین بە دڵنیاییەوە دەنگی گۆڕان و هێزی گۆڕان و بیرکردنەوە لە گۆڕانکارییەکان زیاتر دەبێت و گۆڕان دەکاتە هێزێک لە هەموو کوردستان ڕەگداکوتێت.
کەواتە: بانیگەرانییەکانمان بکەین بەکارکردن بۆ چاودێری حوکمڕانی گۆڕان و هاوکاری حوکمڕانییەتێکی خزمەتگوزار.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 57

## بۆ ساڵی نوێی خوێندنی 2015-2016، 38 بەشی نوێ لە زانکۆکان کراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150824114159696 26



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 58

## بۆ وریا ماملێسی و ئاسۆس شەفیق 1994-1998

http://www.kurdipedia.org/?q=20150125233712119044



نامەکانی مەسعود محەمەد بۆ وریا ماملێسی و ئاسۆس شەفیق 1994-1998

سەرچاوە: مامۆستانێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری بڵاوکراوە: دەستنووس

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 59

## بۆ کاک هەڵۆ بەرزنجی 1995-1999

http://www.kurdipedia.org/?q=20150125231307119043

نامەکانی مەسعود محەمەد بۆ هەڵۆ بەرزنجی



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری بڵاوکراوە: ✒دەستنووس

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

## بۆری نەوتی هەرێم - تورکیا چەندی تێچووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150406195331671 84

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 61

## بە تووندترین شێوە ڕووبەڕووی سیاسەتە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبینەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150621102502855 81

کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەوامی سیاسەتەکانی دووبەرەکی ساز کردندا، دەستی بە ناردنی تیمی بەکرێگیراوی دژە پەژاک بە جل و بەرگی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بۆ ئەو ناوچانە کردووە کە لە ژێر کۆنترۆڵی گەریلاکانماندایە. ئەم تیمانەی دژە پەژاک لە ناوچەکانی مەریوان، بانە، سەردەشت و مەهاباد لە جوڵەدان و بە ناساندنی خۆیان وەکوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، دەستیان بە پروپاگەندە دژی بزوتنەوەکەمان و باجگیری لە خەلک و هەرەشەکردن لە کەسایەتیە وڵاتپارێزان کردووە. سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەم مژارە بە گەلەکەمان لە هەبوونی ئەم پیلانە چەپەڵە و مەترسیدارە، وابەستە بوونی ئەم تیمانە بە کۆماری ئیسلامی ئێران رادەگەیەنین و لە ئەگەری بینین ئەم گروپانە بە تووندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە. هاوکات، هێزەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ ئەوەی کە لە ناوچەی سەردەشت پایەگا کۆنەکانیان پر کردۆتەوە لە هێزی لەشکەری زۆر شوێنی نوێی نیزامیان درووست کردوە و بەم شێوازە دەیهەوێت رۆژهەڵاتی کوردستان ملیتاریزە بکات. ملیتاریزە کردنی کوردستان لە لایەن ئیمەوە قبوول ناکریت و بە تووندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبینەوە.

فەرمانداری قەرارگای ناوەندی هێزەکانی پاراستنی رۆژهەڵاتی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 62

## بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم هەموو نمایشێکی عەسکەری لە هەولێر قەدەغە کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150812152419125150



بەپێی ڕاگەینراوێکی فەرمی کە بە ئیمزای نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەرچووە، ڕاگەینرا، بۆ هیچ دەزگایەکی عەسکەری و حکومی و حزبی نیە نمایشی عەسکەری و ڕێپێوان لەناو شاری هەولێر بکەن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنادرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 63

## بەبۆنەی سەری ساڵی ئاشووری بابلی و جەژنەکانی ئەکیتۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033112342985081

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەبۆنەی سەری ساڵی ئاشووری بابلی و جەژنەکانی ئەکیتۆ، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خوشک و برا ئاشووری و کلدانی و سریانییەکانی کوردستان و عیراق و جیهان دەکەم.
ئەمساڵ لەکاتێکدا بەشداریی لە و جەژنەی ئێوەی خۆشەویست دەکەین کە گەلەکەمان بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە بەرە و ڕووی شەڕێکی داسەپاوی تیرۆریستانی دڕندە و هەڵگرانی بیری نکۆڵیکاری و شۆڤێنیزم بووەتەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوشک و برایانی کریستیانی پارێزگای موسڵ لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئە و پارێزگایە ناچار بوونە ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێبهێڵن و ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، هەرێمی کوردستانیش وەک هەمیشە نەوایەکی ئارام و ماڵی هەموو لێقەوماوانە و ئە و بەها بەرزانەی گەلەکەمان لە هەموو ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بووەتە جێی ستایش و پێزانین.
لێرەوە جارێکی دیکە داوا لە ئێوەی خۆشەویست دەکەم بیر لە بەجێهێشتنی وڵات نەکەنەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە کە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان وەک چۆن ئێستا تیرۆریستان تێک دەشکێنن و زۆربەی ناوچە داگیرکراوەکانیان لە دوژمنانی مرۆڤایەتی پاک کردووەتەوە و بەرگرییان لە

هەموو پێکهاتەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کردووە، لە داهاتوویشدا هەروا کوردستان سەروماڵی ئێوە و هەموو هاونیشتیمانیان دەپارێزێت، تیرۆریستانیش هیچ داهاتوویەکیان نییە و هەموو ئەوانەی ناچار بوونە ناوچەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان.
هیوادارم ئێوەی ئازیز هەموو ساڵێک لەژێر سایەی ئارامی و ئاسوودەییدا جەژن و شادییەکانتان بە خۆشی بگێڕن.
مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
31/3/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 64

## بەبۆنەی گەڕانەوەی سەرۆک مام جەلال بۆ نیشتمان، مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامێک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072017514777045

مام جەلال گەڕانەوەیەکی پڕ لە چاوەڕوانی بەرەو کوردستان
مام جەلال.. سەرۆکی عیراق و سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا بە فڕۆکەیەکی تایبەتی لە ئاسمانە بەرەو نیشتمان دەگەڕێتەوە، گەڕانەوەیەک، پڕاوپڕە لە مانا جوانەکانی گەڕانەوەی سەرۆکێک، کە دەوڵەتان، هێزە سیاسیەکان، بەتایبەتی نەتەوەی کوردو خەڵکی سەراپای عێراق، بەچاوی ئومێدەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆک تاڵەبانین، هەڵبەتە یەکێتیەکانیش، کە رابەرەکەیان، مامۆستاو هەڤاڵەکەیان دەگەڕێتەوە، جگە لە خۆشحاڵی گەڕانەوەی مام جەلال، خۆشحاڵترن کە بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا، دەگاتەوە کوردستان و عیراق، چونکە ئەم گەڕانەوەیە، هەمان یادەوەری گەڕاندنەوەی مام جەلال لە یادەوەری پێشمەرگەو گەلەکەماندا، دەژێنێتەوە کە لە ساڵی (1976 – 1977) دا، تەواوی خەڵک چاوەڕێی مژدەی گەڕانەوەی بوون بۆ رابەرایەتیکردنی شۆڕشی نوێ، مام بە گۆجانێک گەڕایەوە، بەڵام هەتا راپەڕین و رووخاندنی سەدام و عیراقی فیدراڵ، درێژەی بە خەبات دا.

گەلی کوردستان!
هەڤاڵانی یەکێتی!
مەکتەبی سیاسی، بە ناوی سەرجەم هەڤاڵانی یەکێتیەوە، لە ناخەوە پێشوازی لە گەڕانەوەی سەرۆک مام جەلال دەکات. بەهیواشین لە کوردستان، لەناو گەلەکەمان، لەناو خۆشەویستی هەڤاڵان و دۆستانی یەکێتیدا، تەندروستی جەنابی مام جەلال، باشتر بێت.

زۆر سوپاسی هەموو وڵاتان و ئەو بەڕێزانە لە حیزبەکان، کەسایەتییەکان و یەکە یەکەی هاووڵاتیان دەکەین، کە خۆشحاڵییان لە گەڕانەوەی سەرۆک تاڵەبانی دەربڕی.

بەخێربێیتەوە مام جەلال، لەخۆشی گەڕانەوەت، بە تەندروستی باشەوە، چاومان فرمێسکی هیوا دەڕێژێ.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
19/7/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:        یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات:        باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 65

# بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵ و دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتیی خەڵک لە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031216333967040

ەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کومەڵە
پوشپەڕ گەلاوێژی 1380
پێشەکی

لە روانگەی ئێمەوە، دەستەبەربوونی ماف و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی شایستە و پایەدار، لە رێگەی دامەزرانی سیستمێکی دیمۆکراتیکی پەیگیرەوە لە ئێران کە بێ ئەملا و ئەولا و بە تەواوی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان دا بە رەسمی دەناسێ و لە دەستوور (یاسای بنە رە تی)ی خۆیدا رایدەگەیەنێ، ئیمکانی هەیە.
ئیمە خوازیاری پێکهاتنی ئێرانێکی فیدراتیف و دیمۆکراتیکین کە لە کۆمەڵێک حکوومەتی فیدراڵی هاوماف پێک دێ و حکوومەتی فیدراڵی ناوەندی تێیدا نوێنەری هاوبەش و هەڵبژاردەی هەموو ئەم گەل و ناوچە فیدراڵانەیە.
ئێمە لێرەدا بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهاتنی کوردستانێکی فیدراڵ رادەگەیەنین؛ بەرنامەیەک کە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکان و ستراتیژیی گشتیی کۆمەڵە هەیە و، بەدیهاتنی لە خزمەت دیمۆکراتیزە کردنی ساختاری سیاسیی ئێران، پەرەپێدانی مەیدانی بەشداریی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا و هەروەها لە خزمەت لاچوونی ستەمی نەتەوەیی لە سەر نەتەوەی کورد و دامەزرانی دیمۆکراسی لە کوردستاندایە.
ئێمە بۆ بە دست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەدیهێنانی ئە و ئامانجانەی لەم بەرنامەیەدا راگەیەندراون، لە رێگەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کۆمەڵانی گەلی کوردەوە خەبات دەکەین و، جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستان بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم بزووتنەوەیە و بەدیهێنانی ئەم داخوازانە کۆدەکەینەوە و رێکیان دەخەین. لە هەمان کاتدا ئێمە، ئەم داخوازانە بە پشت بەستن بە خەباتی جەماوەر لە هەموو کوومەتێکی ناوەندیش داوا دەکەین.
فەسڵی یەکەم-
سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستان
-1هەرێمی فیدراڵی کوردستان، لە یەکگرتنەوەی ئازادانە و دڵخوازنەی ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای ئێران، کە کەوتوونەتە ناو چەند پارێزگا، لە یەکەیەکی سیاسی و ئیداریدا، پێک دێ .
-2هەموو کاروباری پەیوەندیدار بە یاسادانان، دادوەری، پۆلیس، ماڵیات، ئیداری و فەرهەنگیی کوردستان لە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵی کوردستانە. خەڵکی کوردستان حکوومەتە فیدراڵەکەی، وەک هەموو ناوچە فیدراڵەکانی ئێران، لە هەمان کاتدا بەشێک لە دەزگاکانی یاسادانان و بەڕێوەبەرێتی حکوومەتی فیدراتیڤی ئێران پێک دێنن.
- 3کاروباری پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە، پارێزگاری بەرانبەر بە هێرشی دەرەکی، بەرنامە و سیاسەت داڕشتنی درێژماوەی ئابووریی، سەراسەری و سیستمی دراوی وڵات و تۆرێ پەیوەندەکانی وڵات، لە دەسەلای حکوومەتی فیدراتیڤی سەراسەریدایە. بەلام لە هەر کام لەم بوارانەدا بڕیارێک کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندکانی گەلی کوردەوە، هەبێ، بە راوێژ کردن لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵێ کوردستان دەبڕێتەوە.
-4پۆلیس (انتظامات)ی ناوخۆی کوردستان لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستاندایە و هەرچەشنە راگواستنێکی چەکدارانەی هێزی چەکداری حکوومەتی فیدراڵی سەراسەری لە هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا، بە رەزامەندی و چاوەدێریی بەرزترین دەزگای حکوومەتی فیدراڵی

کوردستان دەکرێ.

-5حکوومەتی فیدراتیڤی سەراسەری هەموو ساڵێ بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان لە چاو هەموو دانیشتوانی ئێران و بە لە بەرچاوگرتنی پێویستی قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویە ئابوورییەکان و بردنە سەری ئاستی گوزەران و ئاسوودەیی خەڵکی کوردستان، بەشێک لە بوودجەی وڵات بۆ کوردستان تەرخان دەکا. چۆنێتی دابەشکردنی ئە و بوودجەیە، لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی کوردستاندایە.

-6لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا، لە خوێندنگەکان و زانکۆکانی کوردستان و دەزگا ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی بەکار دەبرێ. زمانی فارسیش لە کوردستان زمانێکی ڕەسمییە و لە خوێندنگەکان دەوخوێندرێ. زمانی ڕەسمیی نامە گورینەوە و پەیوەندی گرتن لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی سەراسەری، زمانی فارسییە.

فەسڵی دووهەم سەرخەتەکانی بەرنامەی حکوومەتی فیدراڵی

سەرخەتەکانی سیاسەت و بەرنامەی کاری حکوومەتی فیدراڵی کوردستان بریتین لە:

1جیایی دین لە دەوڵەت؛ دین بە مەسەلەی خوسووسیی کەسەکان دادەندرێ و، هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێ یان هیچ دینێکی نەبێ، ئازادیی هەموو دینەکان و ئازادیی پەیڕەوانی دینە جۆراوجۆرەکان لە بەڕێوەبردنی بردنی ڕێوڕەسمە دینییەکانی خۆیان دا.

- 2یەکسانیی مافی ژن وپیاو لە هەموو بوارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌دا و دانانی یاسا و ڕێسای وا کە هەموو ئە و نابەرابەرییانەی هەن هەڵوەشێنێتەوە و لە ژیان و فەرهەنگی کۆمەڵیان بسڕێتەوە.

-3هەڵبژاردە بوونی دەزگاکانی بەڕێوەبەری و کاربەدەستان.

-4زەمانەت کردنی ئازادیی تەواوی بیروباوەڕ، دەربڕین و چاپەمەنی و هەڵسووڕانی سیاسی، ئازادیی تەواوی ڕێکخراوەکان و حیزبەکان و کۆڕوکۆمەڵە لە ئەدەبی و هونەری و پیشەییەکان، ئازادی تەواوی سەندیکاکان و شوورا کرێکارییەکان هەڵسووڕانی پیشەیی و سیاسییان.

-5 .هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کەم کردنەوەی مەینەت و بێ‌بەشییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و دابین کردنەوەی پێویستییە سەرەکییەکانی لەش ساغی و خوێندن و تەئمینی کۆمەڵایەتی.

-6بەڕێوەبردنی گرینگ ترین و سەرەتایی‌ترین داخوازە کرێکارییەکان، وەک دیاری کردنی لانی کەمی هەقدەستی کرێکاران بە پێی ئاستی گرانی و پێویستییەکانی بژیوی خانەوادە کرێکارییەکان، دامەزراندنی سیستمێکی تەئمینی کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری.

-7پێکهێنانی سیستمێکی ماڵیاتی هەتا کۆتایی تەمەنی 16 ساڵی.

دامەزراندنی سیستمێکی خوێندن و پەروەردەی زانستی و پێشکەوتوو کە بە بێ هەڵاواردن لە دەسڕەسی هەمواندا بێ. بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری لەڕێگەی بەڕێوەبردنی پەیگیرانە و خێرای پرۆژەی خوێندەوار کردنی گەورەساڵانەوە.

-9پاراستن و باش کردنی ژینگە، لە پاراستنی دارستانەکان و ئاو و سەرچاوە تەبیعییەکان و، دروست کەڵک لێ وەرگرتنیان لە پێناو ئاوەدانی و ئاسوودەیی گشتیدا.

-10پەرەپێدان و گەشەپێدانی فەرهەنگ و هونەر، ڕۆژنامەکان، کتێبخانە گشتییەکان و، دانانی ڕێگا و شوێنێک کە دەسکەوتەکانی تکنۆلۆژی و زانست و پەیوەندی‌کان لە دەسڕەسی لاوان و کۆمەلانی خەڵک دا بن.

-11خەبات لە دژی هۆکارەکانی گیرۆدەیی بە مادده سڕکەرەکان، پێکهێنانی دەرفەت و پێویستییەکانی وچاندان، وەرزش کار فێر بوون و پەروەردە بوون بۆ تازە لاوان و لاوانی کوردستان.

-12پەرەپێدانی ڕۆحی برایەتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران، دابین کردنی مافەکانی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان لە کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 66

## بەرهەم ساڵح، بەبۆنەی یادی 24 ساڵەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانەوە پەیامێک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030512362984854

ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991، لە ڕانیەی سەر بڵندی دەروازەی ڕاپەڕینەوە بۆ گشت کوردستان، دەرگای بەسەر سەردەمێکی تازەی کوردایەتیدا کردەوە، ڕاپەڕین سەرەتای حوکمی خۆبەخۆی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی دامودەزگا شەرعی و قانونییەکانی بوو. یادکردنەوەی ڕاپەڕین یادکردنەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان و قوربانی و سەرجەم دەستکەوتەکانیەتی، هاوکات وەبیرهێنانەوەی بەرپرسیارێتی پاراستن و پێشخستنیانە لەسەر ئاستی کوردستان و تەواوکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانی نەتەوەیە کە 24 ساڵ دەستی پێکرد، ئەویش بەگەڕاندنەوەی سەرجەم ناوچە داپڕێندراوەکان و بەرقەرارکردنی دادپەروەری و خزمەتکردنی خەڵک و چەسپاندنی حوکمی قانوون و حکومەتی هاوڵاتی.
لەم بۆنەیەدا، یادی شەهیدەکان بەرز ڕادەگرین و دەستی پێشمەرگە جوامێرەکان دەگوشین کە ئێستا بەرگری لە خەڵکی کوردستان دەکەن. خۆراگری هێزی پێشمەرگە بووە مایەی ئەوەی جیهان بەچاوی ڕێزەوە لە کورد و ڕۆڵی لە شەڕی دژ بە تیرۆر بڕوانن.
دوای 24 ساڵ ئێستا ناوچەکە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و هەژانێکی گەورە بووەتەوە، دەرفەتی مەزن بۆ گەیشتن بە تەواوی مافەکانمان لە ئارادایە، و هاوکاتیش ڕووبەڕووی هەڕەشەی پڕ مەترسی دەبینەوە. لەم ساتە مێژووییەدا، پێویستە بە گەڕانەوە بۆ هیوای خەڵک لە ڕاپەڕین لە ئازادی و دادپەروەری، بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی حوکمڕانی کوردستان، بە چەسپاندنی حوکمی قانوون و بەرجەستەکردنی حکومەتی هاوڵاتی، بە یەکخستنی تواناکانمان بۆ بەرژەوەندی گەل، ڕاپەڕین بە ئاواتی خەڵک لە مافی چارەنووس و ئازادی و ڕزگاربوون لە تەوقی پیلانگێڕی ناحەزانی کورد، بگەیەنین.
05-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 67

## بەرەو چارەسەرێکی نیشتمانی بۆ قەیرانی حوکمڕانی کوردستان - بەرهەم ئەحمەد ساڵح

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081100045669447

بەرەو چارەسەرێکی نیشتمانی بۆ قەیرانی حوکمڕانی کوردستان
لە سەردەمی گۆڕانگاریەکانی ڕۆژهەڵات، لە ساتی دەرفەت و هەڕەشە بۆ کوردستان، لەکاتی چاوەڕوانی ڕەوای خەڵک بۆ ژیانێکی ئاسوودە و ئازاد، حوکمڕانی کوردستان دووچاری کێشەی بنەڕەتی بۆتەوە. لە دووای 24 ساڵ، سەرەڕای دەسکەوت و پێشکەوتنی گەورە، کۆمەڵێ کێشەی کەڵەکە بووی ساڵ دووای ساڵ، و پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆ، بوونەتە هۆکاری قەیرانێکی سیاسی، قەیرانێکی ئابووری سەخت، هەڕەشەی سەربازی و ئەمنی قەومی چارەنوسساز کە بە کۆیان لە قەیرانی بنەڕەتی سیستەم و بڕیاری حوکمڕانی کوردستان چڕبۆتەوە.
باری سیاسی ئاڵۆز و ململانیی ژێر بە ژێری نێوان بەناو هاوپەیمانەکانی حوکمڕان، تێڕوانینی ناکۆک لەسەر پرسەکانی ئەمنی قەومی، چ دەربارەی عیراق، چ دەربارەی کوردی باکور و ڕۆژئاوا، چ پەیوەندیەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا، پرسی مافی چارەنووس، هەڕەشەی لەتکردنەوەی حکومەتی کوردستان و بگرە هەڕەشەی شەڕی ناوخۆش، مشتێکن لە خەرواری دەرهاوێشتەکانی قەیرانی

سیاسی کوردستان.
لە بەرنامە و هیوای ئاوەدانی و گەشەسەندنی ئابووری کوردستان و دڵنیایی وەبەرهینان، وا ئێستا هاوڵاتیانی کوردستان کەوتوونەتە گێژاوی دڵەڕاوکێی بوون و نەبوونی مووچە، و تارمایی مایەپووچی کەرتی تایبەت و بانکەکان و ڕاوەستانی بازاڕ و کەسابەتی خەلک ئاماژەی قەیرانێکی ئابووری سەخت و مەترسیداری کوردستانە.
پێشمەرگە، بە خۆبەختکردن و ئازایەتی، و بە پشتیوانی هاوپەیمانان و ئێران و تاڕادەیەک عێراق، جوامێرانە و قارەمانانە بەرگری لە کوردستان دەکەن لە ڕووی هێرشی دڕندانەی داعش. تا ئێستا پێشمەرگە یەکگرتوو نیە، گیرۆدەی کێشەی شیرازەی فەرماندەییە. نەک نەبۆتە هێزێکی نیشتمانی، بەڵکە فرە فەرماندەیی و کێشەی لۆجیستی و مووچەی قوڵتر بۆتەوە. بێگومان ئەم کێشانە بوونەتە ڕێگر لەوەی پێشمەرگە سوودمەند بێت بە شێوەی گونجاوتر لە هاوکاری نێودەوڵەتی.
ئەم قەیرانەی حوکمڕانی گشتگیر و بنەڕەتیە و بۆتە مایە کێشەی ڕۆژانەی خەڵک و مەترسی بۆ خزمەتگوزاری و بژێویان، و تارماییشە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان. کوردستان بەمجۆرە بەڕێوە ناچێت. بەردەوامبوونی وەزعی ئێستا بەرەو هەڵدێرمان دەبات. بە ڕوونی، بە کوردی بە کورتی، بەردەوامبوونی وەزعی ئێستا ناکرێ، بۆیە سیستەمی ئێستای حوکمڕانی کوردستان پێویستی بە پیاچوونەوە و ڕاستکردنەوە هەیە بە تایبەتی لەم قۆناغە کە پرسەکانی دەستوور و سەرۆکایەتی هەریم بوونەتە باس و پرسی ئیستا.
ناکرێ بە (سەفقە)ی ژێربەژێر، و سەودا و معامەلە، برابەشکردن و پیاچوونەوەی پشکەکان، پرسەکانی (سەرۆکایەتی هەریم) و سیستەمی حوکمڕانی بەڕێ بکرێت. پەردەپۆشکردن و ڕاییکردن تا سەر نابێت، و دادی بژێوی و کەسابەتی هاوڵاتیان و پاراستنی ئەمنی قەومی و زامن کردنی بەرنامەی ئازادی کوردستان نادات.
بەرپرسیاریەتی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لە ئەستۆی پەرلەمان و هێزە سیاسیەکانە. چارەسەر بە ڕێکەوتنی سیاسی و یاسایی دەبێت بۆ ڕەواندنەوەی قەیرانی بژێوی و ئابووری هاوڵاتیان، بۆ یەکخستنەوەی بەڕاستی حکومەتی هەرێم و هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی کوردستان، بۆ چەسپاندنی حکومەتی هاوڵاتی و ڕێزگرتن لە چەمکی دەستاودەستکردنی دەسەڵات. چارەسەر دەبێ نیشتمانی بێت، دوور بێت لە ئاماژە و دەستەواژەکانی دووبەرەکی و تاڵاوەکانی شەڕی ناوخۆ و دەبێت هەر لە سەر بنەمای پاراستنی یەکڕیزی گەل و یەکبوونی حوکمڕانی کوردستان بێت.
سەرۆک، سەرۆکی نیشتمانە، و ڕەمزی یەکبوونی گەلە. دەستوور چوارچێوەی پێکەوە ژیان و بەڕێوەبردنی جیاوازیەکان و حوکمڕانی وڵات و زامنکردنی مافی هاوڵاتیە. ئەم پرسە بۆ تاکە کەس و حیزب و لایەنێک نیە، بۆ زۆرینەیەکی ئاساییش دیاری ناکرێت. بۆیە پێویستە لەگەڵ هەموو جیاوازیەکان ئەم قەیرانەی ئێستا بە ئاڕاستەی قەیرانێکی قوڵتر و مەترسیدارتر نەبەین. پێویستە بە پەرۆشی بۆ گەل، بۆ ئایندەمان، ئەم پرۆسەیە، بەم جیاوازیانەوە، بەرەو چارەسەرێکی نیشتمانی ئاڕاستە بکەین و لە سایەی پەرلەمانەکەی خۆمان و بە ڕێکەوتنی هێزە سەرەکیەکان بسازێین لە سەر نەخشە ڕێگەی دەرباز بوون لە قەیرانی ئەمڕۆی حوکمڕانی کوردستان:
قۆناغی انتقالی (ئێستا بۆ 2017 کاتی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان(
لە ئێستاوە تا کاتی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان (دوو ساڵ تێپەر نەکات)، ڕێکەوتن لە سەر شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکیەکانی حوکمڕانی ئەمڕۆ، بە تایبەتیش:
پێشمەرگە و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە.
ئەمنی قەومی و پەیوەندیەکان، و بە تایبەتیش پەیوەندی نیوان هەریم و بەغدا.
چارەسەرکردنی باری ئابووری و بژێوی کۆمەلانی خەڵک.
چاکسازی دەسەڵاتی دادوەری و پاراستنی سەربەخۆیی.
بۆ ئەم قۆناغە انتقالیە دەسەڵاتەکان، لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت، ڕێکبخرێتەوە بۆ بەدیهینانی ئامانجەکانی سەرەوە و زەمینە سازی و ئامادەکاری پێویست بۆ پەیرەوکردنی سیستەمی پەرلەمانی دیمکراتی لە دووای هەڵبژاردنی 2017.
.1تخویلی دەسەڵات بە وەزیری پیشمەرکە و سەرۆکایەتی ئەرکان بۆ ریکخستنەوە هیزی پیشمەرگە و یەکخستنی لە دامەزراوەی نیشتمانی، وجێبەجیکردنی گۆرانکاریە ئیداری و دارایی و عەسکەریە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە.

.2تخویلی دەسەڵات بە وەزیری ناوخۆ بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش لە دامەزراوەی نیشتمانی و جێبەجێکردنی گۆرانکاریە پیویستەکان.
.3سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، جیگرەکانیان لەگەڵ نوینەری لایەنە سەرەکیەکانی بەشداری حکومەت ئەنجومەنیک پێک دێنن بۆ ئەم قۆناغە انتقالیە بو تاوتوێیکردن و بریاردان لە سەر پرسە گرنگەکانی ئەمنی قەومی، بە تایبەتیش هەڵویست سەبارەت مافی چارەنووس و پەیوەندیەکان لە گەل عێراق، هەروەها پەیوەندیەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا، و پارچەکانی تری کوردستان.
ئەم ئەنجومەنە، بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری، کار بکات بۆ پشتیوانی چاکسازی پێویست لە دەسەڵاتی دادوەری و چەسپاندن و پاراستنی سەربەخۆیی.
.4دامەزراندن و دەستبەکاربوونی سندوقی داهاتە نەوتیەکان، دامەزراندنی کۆمپانیاکانی (پشکنین و گەڕان) و (دۆزینەوە و بەرهەمهینان)، (گواستنەوە و دابەشکردن) و (فروشتن و هەناردەکردن) بە پیی یاسای نەوت و گازی کوردستان... و کۆکردنەوەی گشت داهاتەکان بە پێی یاسا و کاراکردنی لیژنەی دەستەپاکی و پەیوەندیدارەکانی پەرلمان بۆ چاودیری کۆکردنەوە و سەرفکردنی داهااتی نەوت.
.5شۆرکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی بۆ پاریزگاکان و کاراکردنی لامرکزیەت.
.6تەعدیلی وەزاری و پیاچوونەوەی پێکهاتەی حکومەت، و هەروەها پیاچوونەوەی دامەزراوەکانی دیوانی سەرۆکایەتی هەریم و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ هاوکاری جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرەوە، و هەروەها پەرەوکردنی بەرنامەیەکی بەکردەوەی چاکسازی هەمەلایەن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و زامنکردنی بژێوی خەڵک،
ئەم بەرنامەیە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، و پەرلەمان ئەرک و مافی بە دواداچوون و بەسەرکردنەوەی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی قۆناغی انتقالی هەبێت.
بۆ هەڵبژاردنی ئایندە 2017
لە ئێستاوە، ریکەوتن لەسەر پیاچوونەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و دەستوور چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی دیمکراتی و هەموارکردنی دەسەڵاتەکان و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان، و بە یاسا پێش 20\8 لە پەرلەمان پەسەند بکرێت.
بەرهەم ئەحمەد ساڵح
10-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 68

## بەشدارینەکردنی نووسەرانی باشوور لە میهرەجانی چیرۆکی کوردی لە قامیشلۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150613091433855540



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: ‌ ‌ •⊶زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: ‌ ‌ کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: ‌ ‌ ڕۆژئاوای کوردستان

وڵات: ‌ ‌ باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 69

## بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی 31-01-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140201104605123444

ئەمڕۆ 2014/1/31 کە بڕیاربوو کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ببەسترێت، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بەڕێوەچوو، دواترو لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی ناوەندی دوای تاوتوێکردنی ئەگەرەکانی بەستن یان دواخستنی کۆنگرەی چوارەم بەکۆی دەنگ بڕیارماندا بە:

-1کۆنگرەی چوارەم دوابخرێت بۆ کاتێک کەبارودۆخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارێت، کەهەموو بەرپرس و کادرو ئەندامانی (ی.ن.ک) بەهیواین بەڕێز مام جەلال کە ئێستا باری تەندروستی بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆوە بینیوە لە کۆنگرەکە ئامادەبێت، کە لەهەمان کاتدا داواکاری زۆرینەی ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

-2ئەنجومەنی ناوەندی پشتیوانی هەر سێ هەڤاڵان (خاتوو هێرۆ ئیبراهیم و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ و کاک د. بەرهەم صالح) دەکات، کە لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەکو ناوەندی بڕیار بڕیاریان لەسەر دراوە کە دەسەڵاتەکانی بەڕێز سکرتێری گشتی بەکاربهێنن بۆ پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی و یەکڕیزی یەکێتی.

-3ئەنجومەنی ناوەندی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی وەکو یەک تیم کاربکەین بۆ سەرخستنی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بڕیارە ڕۆژی 30/ نیسان بەڕێوەبچن.

-4لەمڕۆوە تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم دەبێت کاری جدی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کوموکورتییەکان و ئەنجامدانی گۆرانکاری پێویست و دانانی بەرنامەو نەخشەرێگای تازەو بوارنەدان بە کەم تەرخەمی و سستی و گەندەڵی لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

-5لەمەودوا کاروبارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهاوبەشی و هەماهەنگی دەبێت و ڕێگا نادرێت هیچ کەسێک بەئارەزووی خۆی کاربکات، ئەمەش لەپێناو سەرکەوتنی بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئاراستەکردنی هەموو ئۆرگانەکان لەسەر نەهج و ڕێبازی بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال کە لەساڵی 1975 وە بەردەوامی هەیە تاکو ئێستا.

-6ئێمە وەکو ئەنجومەنی ناوەندی جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کە چاودێرێکی بەهێز دەبین وە تەواوی دەسەڵاتەکانمان بەکار دەهێنین بۆ بەجێهێنانی ئەرک و ئامانجەکانی (ی.ن.ک)، وە دەبێت لەمەودوا ڕەچاوی کاری چاودێریکردنی ئەنجومەنی ناوەندی بکرێت پاڵپشت بە پەیڕەوی ناوخۆی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ئەنجومەنی ناوەندی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

31/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 70

## بەڕێز.. کاک نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆران

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042511450875970

سڵاوێکی گەرم...
ئێمە کە لەخوارەوە ناومان هاتووە، کۆمەڵێک کەسی تێکۆشەری ناو ئەو ڕێکخراوە دیموکراتیانەی ئەمڕۆین، کە لەشۆڕشی نوێدا هەموو تەمەنی لاوێتی خۆمان لەخەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی و شەهید بوون و زیندانی و ڕێکخستندا بەسەر بردوەو بەدرێژایی لانی کەمی 15ساڵ لەشاخ و لەزیندانە تاریکەکانی بەعس و لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان بەرامبەر بەڕژێمی داگیرکەری بەغدا وەستاوینەتەوەو لەوپێناوەشدا هەرچەندە لێمان شەهیدبوەو زیندانی کراوین و کەمئەندام بوین و ماڵمان وێران بووە، بەڵام تا ئەمڕۆش کە ئاوڕ لەرابردوو دەدەینەوە، ئەوا زۆر بەفەخرەوە سەیری بڵندی هەڵوێستمان دەکەین و بەهەرە سەروەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمانی دەزانین و پێشمانوایە تا دونیا دونیایە تاکە شتێک کە لەمێژوودا بۆ ئێمە بمێنێتەوە و فەخری پێوەبکەین، ئەو خەبات و قوربانی دانەمان بووە لەشۆڕشی نوێدا بۆ کوردو کوردستان .
بەڵام ئەمڕۆ، کە دەبینین بەری ئەو ڕەنج و ماندووبون و تێکۆشانەمان، کە دیارە بەڕێزیشتان یەکێکن لەو تێکۆشەرانەی، کە سەرکردایەتی ئێمە بوون خەریکە بەئاودا دەدرێ و سوک دەکرێ و بەفیڕۆ دەچێت، ئەویش بەوەی، کەسێ دەکرێتە کاندید بۆ پارێزگای سلێمانی کەسێکی بەعسی و خۆفرۆش بووە .
بۆیە ئێمە پێمانوایە نەبەڕێزتان و نە ئێمەش ڕۆژانی سەختی بەرەنگاریمان بۆ دروستکردنی ڕۆژێکی وا هەڵنەبژاردوە کەسێکی بەعسی نایندەی شەهیدان و بەرخودانی پارێزگایەک بکات، کە هیچ کەس بەقەد بەڕێزتان ئاگای لە مێژووە گەش و پرشنگدارەکەی نییە .
بۆیە بەیادی هاوسەنگەری جارانەوە داوا لەبەڕێزتان دەکەین هەرچی زوترە ئەو بەعسییە لەدیارکردنی بۆ ئەو پۆستە بکشێننەوەو کەسێکی تر هەر لە لیستەکەی خۆتان دابنێن کە دەتوانێ نایندەی لیستەکەتان بێت، ئێمە بەداخەوین کە دەبوایە ئەو کاندیدە خۆی بکشایەتەوەو داوای لێبوردنی بکردایە، بەڵام ئێستا هیوامان وایە کە خۆتان ئەو دەست پێشخەرییە بکەن و کەسێکی تر لەلیستەکەتان بێننە پێشەوە، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی پاشگەزبوونەوە لەهەڵە جوامێری و ئازایەتییەو ئێمەش سەرەڕای جیاوازیمان ئەوەتان لێ ڕەچاو دەکەین .
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا ....

-کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان .
-کۆمکاری زیندانیانی کوردستان/ لیستی سەوز، سلێمانی .
-کۆمەڵەی پێشمەرگە کەم ئەندامەکانی سەنگەر .
-کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکانی کوردستان .
-ڕێکخراوی شەهید ئارام .
-ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کەسوکاری شەهیدان .
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - 25-04-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 71

## بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی هەواڵێک لەبارەی قەدەخەکردنی بەکارهێنانی هێڵی کۆرەک تیلیکۆم لە کارمەندانی، ڕەتدەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120708595178159

لە هەندێک لەتۆرەکۆمەڵایەتیەکاندا هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە کەگوایە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی (هێڵی مۆبایلی کۆرەک تیلیکۆم)ی قەدەغەکردبێت لە کارمەندانی، ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی سەرلەبەری ئەم هەواڵە ڕەتدەکەینەوە بەهەموو لایەکی ڕادەگەیەنیین کە زۆربەی کارمەندانمان ژمارە مۆبایلی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆمیان پێیە لەسەروو هەموو مانەوە بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، بۆ ڕاستی و دروستی ئەم گوتەشمان ژمارە مۆبایلی کۆرەکی بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیە کە بریتیە لە ژمارە (07501520906) بۆ ئاگاداری هەموو لایەک .

لەگەڵ ڕێزدا

بەشی ڕاگەیاندنی
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 72

## بەکارهێنانی منداڵان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن قەدەغەیە!!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090914054888833

لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم ساتەکانی بانگەشەی هە ڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، سەرجەم قەوارەکانی بەشدار، بەشێوەی جۆراوجۆر ولەئاستێکی بەرفراواندا کەوتنە بەکارهێنانی منداڵان. بەڕادەی ئەوەی کەهەم لەنێو سەیارەو هەم لەچادەو کۆڵانەکاندا وەک سەربازی زەخیرەی حزبەکان بۆ بانگەشەکردن، بەکار دەبرێنو دواتریش لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەر لایەنە بەشانازیەوە وێنەکانیان نیشانی کۆمەڵگا دەدات. لەهەمووی مەترسیدارتریش ئەویە کەمنداڵان

فێری کێبڕکێ حیزبەکان و توندوتیژی وفەرهەنگی دواکەوتوویی حیزبەکان دە کرێن و دەکرێنە بابەتی ڕیکلام بۆ بەدەستهێنانی دەنگی هاوڵاتیان. لەمەش زیاتر منداڵان لەم بانگەشەیەدا تا درەنگانێکی شەو لەسەر شەقامەکان دە مێننەوە کە دەبێتە مەترسی لەسەر ژیانیان بۆنموونە ڕووداوی تەقەکردنی چەند شەوی ڕابردوو یاخود ڕووداوی هاتوچۆ یان هەر ڕووداوێکی نەخوازراوی تر. ئەم کەشوهەوایەی کەقەوارە سیاسیەکان بۆ منالانیان خوڵقاندووە، لەکاتێکدایە کەڕۆژانە لەزمانی حزبەکانو کاندیدەکانیانەوە، بەڵێنی ژیانی ئارام و خۆشگوزەرانی دەبەخشنەوە، بەکارهێنانی منالان لەبانگەشەی هەڵبژاردندا، نەک هەر کارێکی نامەدەنی وناهاوچەرخانەیە، بەڵکو پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافەکەنی منالانە وبەهیچ جۆرێک ڕیگەپێدراونیە. بەتایبەتی کەبەکارهێنانی منالان بەپێی یاسا نیودەوڵەتیەکان وخودی یاساکانی مافی مرۆڤ لەهەرێمدا، بەکارێکی نایاسایی و پێچەوانە بەپرەنسیپی دورخستنەوەی منالان لەکاری سیاسیو حزبایەتی، ناسراوە. چونکە منداڵان ئینسانێکی بچووک وهەست ناسک وبێگەردن، بە تێکەڵ کردنیان بە دنیای سیاسەت وبەکارهێنانیان لە پرۆسەیەکدا کە هیچ پەیوە ندی بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەوانەوە نییە، ئەوان گیرۆدەی سەرکوتو گیانی ڕکەبەری سیاسیو حزبایەتی دەکات و لەسەرەتای ژیانیانەوە بەشیوەیەک لەشێوەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەکرێنەوە .

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان، ئەم جۆرە کردەوەیە بەدژی ژیان ومافەکانی منالانی کوردستان دەزانین وحکومەتی هەرێم بەرپرسیاردەکەین لەخوڵقاندنی ئەم دۆخە بۆمنالان وداواش لەبەرپرسیارانی یەکە ئەمنی وکارگێریەکانی حکومەت لەئاست سەرجەم شاروشارۆچکەکاندا دەکەین کەهەنگاوی خێراو توند بگرنەبەر بۆ بەرگرتن بەبەکارهێنانی منالان لەلایەن قەوارەسیاسیەکانەوە و بەهیچ جۆرێک ڕێگای پێنەدەن .

هاوکات سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان سەرۆکی سەرجەم قەوارە سیاسیەکان، ئاگاداردەکاتەوە لەبەکارهێنانی منالان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن ودەست لەم ڕەوشتە نامەدەنیو نایاسایە هەڵگرن .

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان، لەسۆنگەی مافەکانی منالانەوە وەک چاودێرێک سەرنجی هەڵسوکەوتی سەرجەم لایەنەکان دەدەینو هەرلایەنێک بەهەرئاستێک منالان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربەرێ ولەدژی ژیانو مافەکانیان هەڵسورێ، وەک تۆمەتبارێک چاوی لێدەکەینو بۆ بەسزاگەیاندنیان ڕێگای یاسایی لەبەرامبەردا دەگرینەبەر ..

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان
8 / 9 /2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 73

**بەڵگەنامەی ڕاگواستن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150410113032120853



نهێنی
سەرۆکایەتی کۆمار سکرتێر
بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش
بەریوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆک
ژمارە : ش/ 3/ 4173
ڕێکەوتی 24ی شوال 1409 ه
29/5/1989
بۆ بەریوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر
ب/ تەرحیل ” ڕاگواستن
ناوی ئەو کەسانەتان بۆدەنێرین کە لە خوارەوە ریزبەندکراون مامەڵەیان بۆ بکەن چونکە ڕاگواستن دەیانگرێتەوە بۆ کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ کردن لە پارێزگاکەتاندا لەوەرگرتنیان ئاگادارمان بکەنەوە.. لەگەڵ ڕێزدا
بەرێوەبەری ئاسایشی پارێزگای دهۆک
29/5/1989
ناوەکان:
خالد عیسی احمد
فاتمە خالد عیسی احمد
فاتمە رەمەزان رەشید لەگەڵ منداڵەکانی کە بریتین لە:
أ -خولە رەمەزان خالد
ب -خەناف رەمەزان خالد
وینەیەک بۆ:
بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی / نوسراومان 11120 لە 1988/12/3 ئەوانە ماوەی شەش مانگی دەستبەسەرداگرتنیان تەواو بووەو ئێستا مامەڵەی ڕاگواستن دەیانگرێتەوە لەکۆمەڵگاکانی نیشتەجێکردنەوەی پاریزگای هەولێر بەپێی ڕێنماییەکانتان بۆ زانیاریتان لەگەڵ ڕێزدا.
فەرماندەیی پۆلیسی گرتن و گواستنەوەی دهۆک / نوسراوتان 1203 لە 1988/12/5 تکایە گەیاندنی ئەوانە دەستبەر بکەن بۆ بەریوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر کە ماوەی گرتنەکەیان تەواو بووە ....... لەگەل ریزدا
ش.ت
بۆ ئاماژە پێکردن
ج.و

سەرچاوە: ماڵپەری ئەنفالستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: •◦زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: SAعەرەبی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 74
**بەڵگەنامەیەک دەربارەی یای مینا قازی**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015012212432484678



دەقی بەڵگەکە:

وەزارەتی جەنگ دایرە:
زانیاریی
لەشکری 4
ژمارە..........
تیپی
مهاباد ڕێکەوت.........

ژێنەڕاڵ سەرۆکایەتیی لەشکری 4 ورمێ
)ڕاپۆرت(
بە سوپاسەوە فەرمانی ژمارە 18216- 27/6/23 ئاراستە دەکرێت.
کۆپیی سکاڵای یای مینای قازی و بە سەرنجدان بە ژمارەی 15614/رکن/4 – 27/5/17، هەتا بە ئێستا پری - /72655 قڕان باقیی قەرزی یای مینای قازی نەنێردراوە و سەبارەت بەمە ناوبراو بەردەوام سەردانی تیپ دەکات. تکایە پریار بدەن کە دارایی لەشکر بۆ ناردنی پری دیاریکراو دەستوبرد بکات...
فەرماندەی تیپی مهاباد- سەرتیپ
مەنوچێهری

---

کۆپیی ناوەرۆکی سەرەوە وەڵامی سکاڵای ڕێکەوتی 27/7/7 بۆ ئاگاداریی یای مینای قازی دەنێردرێت. هەروەها پریارە پری 9700 قڕان کە لە لایەن چاودێری ناوچەکە بە میراتگرانی کۆچکردوو سەیفی قازی دراوە لەو پرە پارەیە کە بە ناوی تێچووی پارێزەر وەرگیراوە و ئیتر میراتگرانی ناوبراو هیچ بەشێکیان نەماوە و پێویستە لەگەڵ پرە پارەی ئاماژەپێکراو بۆ ئێوە بگەڕێندرێتەوە. قەرزەکەی ئێوە دەکاتە 72655 قڕان کە پێویستە ناوەند حەواڵەی بکات و پاش ئەوەی حەواڵەکە گەییشت پرە پارەکە دەدرێت.
بریکاری بەرپرسی ناوەندی تیپی
مهاباد- سەرگورد فروتن
10402- 24/7/27
کۆپیی ناوەرۆکی سەرەوە بۆ ئاگاداریی یای گەوهەرتاجی سەدری قازی دەنێردرێت. دیاریی کراوە کە پری 9700 قڕانی وەرگیراو لە چاودێریی کە پەیوەندیدارە بە تێچووی پارێزەر و ئیتر لەمەوبەدوا ئێوە هیچ قەرزێکتان لە لا نییە کە بیدەنەوە بە یای مینا قازی...
بریکاری بەرپرسی ناوەندی تیپی مهاباد- سەرگورد فروتن
وەرگێران لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە
سەرچاوە: سۆران کەرباسیان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 75
**بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بێڕێزینەکردن بە تەرمەکانی چەتەکانی داعش**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150130120317119131



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 76

## بەڵگەنامەیەکی ویکیلیکس: دەسەڵاتی مەرکەزی زاڵە بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042615211775989

ئای دی: BAGHDAD196909
بابەت: یاساکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە
سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا
بەروار: 21ی تەمموزی 2009
پۆلێن: پۆلێننەکراو/ تەنها بۆ بەکارهێنانی رەسمی
پوختە:

رۆژی 20ی نیسانی 2009، پەرلەمانی کوردستانی عێراق، یاسای ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی تێپەڕاند کە دەسەڵاتی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریدەکات، بەڵام بەبەراورد بەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی حکومەتی عێراق، کەمتر دەسەڵاتی لامەرکەزی داوەتە ئەنجومەنەکان. خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتیی بێئاگان لەرۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەرئەوەی لەکاتی دروستبونیانەوە لەساڵی 2005ەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان یاسایەکی رەسمی و دەسەڵاتی بودجەیان نەبوە. هیچ وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیارینەکراوە، بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رەنگە بکەوێتە کۆتایی 2009 یان 2010 .

پاش زیاتر لەساڵێک لەمشتومڕ لەسەر ئەوەی کە لامەرکەزیەت چۆن لەهەرێمی کوردستان پەیڕەوبکرێت، سەرەنجام پەرلەمانی کوردستان لە 20ی نیسان یاسای دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەندکرد. یاساکە چوە بواری جێبەجێکردنەوە بەداواکردنی گۆڕانکاریەک لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و لەلایەن پەرلەمانیشەوە رەزامەندی لەسەر درا، هەروەها کورسیش بۆ کەمە نەتەوایەتیەکان لەهەر ئەنجومەنێکی پارێزگادا جیاکراوەتەوە. هیچ وادەیەک بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەستنیشاننەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی رۆژی 31ی کانونی دوەمی 2010، ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواودەبێت، بۆیە سەرچاوەکانی هەواڵ وای بۆ دەچن هەڵبژاردنەکان بکەونە کۆتایی ساڵی 2009 یان سەرەتای 2010 .

هاوشێوەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئەوەی هەرێمی کوردستانیش رێگە دەدات بەهەڵبژاردنی پارێزگار، ئەنجومەنی پارێزگا، قەزاو ناحیەکان. هەریەکێک لەئەنجومەنی پارێزگاکان پارێزگارێک و سەرۆکێکی ئەنجومەن هەڵدەبژێرێت، هەروەها بەرپرسیشە لەداڕشتنی سیاسەتی گشتیی پارێزگا، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان. هەر پارێزگارێکیش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بودجەی پارێزگاکەی داڕێژێت، یاساکە رۆشن نیە لەبارەی وردەکارییەکانی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرسی ئە و بودجەیە. بۆ نمونە، ئە و دەسەڵاتە تایبەتەی کە پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا هەیانە سەبارەت بەپرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری بەپشتیوانی حکومەتی هەرێم، ئاڵۆزە .

هاوکات چەندین جیاوازی بەرچاو هەیە لەگەڵ یاساکەی حکومەتی عێراق. ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پەیوەستن بەکوردستانی عێراقەوە لەبری دەوڵەتی عێراقی

فیدراڵ. بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بڕیارو یاساکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکۆک نابێت لەگەڵ دەستوری هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا یاساکەی عێراق دەڵێت نابێت یاساکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکۆک بێت لەگەڵ دەستوری عێراقی فیدراڵدا. (تێبینی: هەرچەندە لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەڕونی باس نەکراوە، بەڵام ئێمە لەوە تێدەگەین کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا کارپێناکرێت، ئەگەر بێتو لەگەڵ یەکێک لەدەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدراڵدا ناکۆک بێت، یاخود لەگەڵ ئە و مافە بنەڕەتیانەی لەدەستوری عێراقدا گەرەنتی کراوە). یەکێکی دیکە لەجیاوازییەکان زمانی ناو یاساکانە، لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەڵێت، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەتوانن بڕیار یاخود ڕێنماییەکان دەربکەن، بەڵام لەوەی حکومەتی عێراقدا هاتوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە یاساکان دەربکەن. (تێبینی: جیاوازی نێوان "بڕیار" و "ڕێنمایی" و "یاسا"، وەک لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هاتوە، رون نیە). بەڵام لەهەردو حاڵەتەکەدا، ئەم دەسەڵاتە سنوردارکراوە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی کاروباری ئیداری و دارایی پارێزگاکاندا بەکاربێت. لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسیارن لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، پارێزگارەکان لەروی ئیدارییەوە لەژێر دەسەڵاتی قەزائی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمدان، لەکاتێکدا یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی حکومەتی عێراق ڕێگە دەدات بەدامەزراندنی "دەستەیەکی باڵا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی پارێزگاکان"، کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت .
چەندین جیاوازی دیکە لەئارادان. لەکاتێکدا یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی حکومەتی عێراق دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هێزە ئەمنیەکانی پارێزگاکان (جگە لەسوپای عێراق) دەبەخشێتە پارێزگار، بەڵام یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕونی دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هیچ هێزێکی ئەمنی (هێزە مەدەنیەکان یاخود پێشمەرگە) نەداوەتە پارێزگار بەدەر لە"لێکۆڵینەوە لەتاوان". یاساکەی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەهەر پارێزگایەک دەدات کە تەنها ئە و داهاتە هەڵبگرێت و سەرفی بکات کە لەخزمەتگوزارییەکان و سەرچاوەکانی داهاتی جوڵاوی حکومەتەوە دەستیدەکەوێت، وەکو فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکە حکومیەکان. بەڵام لەیاساکەی عێراقدا ڕێگە بەپارێزگاکان دەدات داهاتی فرۆشتنی هەردو سەرمایەی جوڵاو نەجوڵاو بۆ خۆی هەڵبگرێت، هەروەها ڕێگە دەدات بەوەی پارێزگاکان ڕێژەی باج و غەرامە دیاریبکات و داهاتی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش هەڵبگرێت بۆ خۆی. یاساکەی هەرێمی کوردستان داوا دەکات لانیکەم 30%ی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، قەزاو ناحیەکان ژنان بن، لەکاتێکدا لەوەی عێراقدا مەرجێکی لە و شێوەیەی تێدا نیە. هەروەها لەوەی کوردستاندا ڕەچاوی سیستمی کۆتای گروپە کەمینەکان کراوە لەهەر ئەنجومەنێکی پارێزگادا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی هەر گروپێکی دیاریکراو لەهەر پارێزگایەکی دیاریکراودا. دوایین خاڵ، یاساکەی عێراق دەسەڵاتی ئەوە دەداتە پارێزگارەکان، زانکۆ دروستبکەن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی عێراقی، بەڵام لەیاساکەی هەرێمی کوردستاندا شتی لە و جۆرە لەخۆناگرێت .
لەمیانەی گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا لەم دواییانەدا لەدهۆک، ئەوانەی پەیوەندییان بەبەرنامەکەوە دەکرد پرسیاریان لێدەکرا لەبارەی ناسینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکەیان کە ژمارەیان 41 ئەندامە. بەشداربوەکان تەنها 5 ئەندامیان دەناسی. ئەم نمونەیەش ئەوە نیشاندەدات کە ژمارەیەکی کەم کەس هەیە لەهەرێمی کوردستان زانیاری هەبێت لەبارەی بونی یاخود ڕۆڵی راستەقینەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە. سەرچاوەکان لەهەولێرو دهۆکەوە باسیان لەوە کرد کە هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ دروستبونیانەوە ناچالاکبون. هاوشێوەی باقی شوێنەکانی دیکەی عێراق، لەساڵی 2005ەوە لەهەرێمی کوردستانیشدا ئەنجومەنی پارێزگاکان دروستبون. بەڵام هەتا دەرچونی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئە و ئەنجومەنانە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبو لەژێر یاسای حکومەتی هەرێمدا و یاساکەی حکومەتی عێراقیش کە لەکۆتایی ساڵی 2008 دەرچو، نەیدەگرتەوە. کاری هەرسێ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بەشێوەیەکی سەرەکی پشتبەستو بو بەکەسایەتی پارێزگارەکانەوە .
چالاکیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێدەچێت زۆرتر لەبەرچاوی خەڵکی بێت. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەوبارەیەوە دەڵێت، ئەنجومەنی پارێزگا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی شەفاف بێت لەچالاکیەکانی تایبەت بەبەرکاربردنی بودجە و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی داهات لەسەر بنەمای دانیشتوان و پێویستی. ئەنجومەنی پارێزگا دەست لەناو دەست لەگەڵ

پارێزگاردا کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری کە لەلایەن حکومەتەوە بودجەی بۆ تەرخاندەکرێت، هەروەها گەیاندنی خزمەتگوزاری و دروستکردنی متمانە لەپێناو پێشخستنی پارێزگاو دابەشکردنی سەرچاوەکان .
کۆمێنت: مەسەلەی لامەرکەزیەت لەپێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، لەگەیشتنی بۆ هەرێمی کوردستان درەنگ کەوت. وەک پێشبینیش دەکرێت، کاریگەری بەهێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەداڕشتن و مشتومڕی پەیوەست بەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بوەتە هۆی بەردەوامیدان بەئیدارەیەکی زیاتر مەرکەزی، بەبەراورد لەگەڵ ئە و پارێزگایانەی کە یاساکەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەیگرێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 26-04-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 77

## بەڵگەی کوردستانیبوونی کەرکوک لە ئەنسیکلۆپیدیای عوسمانیدا

http://www.kurdipedia.org/?q=20120908105909729544



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 78

## بەڵگەیەکی تەزویریی لە پەنای 92 ژمارەی "ڕۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆمار؟!

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118043906118899

حەسەن ئەیوبزادە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 79

## بەیان نامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕاپەرینی حیزبی زەحمەتکشانی

## کوردستان لەسالیادی راپەرینی بەهاری 1991

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030411054733759

هاونیشتیمانیانی خۆشەویست
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هاوڵاتیانی دەڤەری راپەرین
سڵاوی ئازادی و خەبات و راپەرین
سبەی 3/5 هەموومان بەرەو یادەوەریەکی مەزن هەنگاو دەنێین،کەئەویش یادی بیست و سێیەمین ساڵرۆژی راپەرینی خەڵکی کوردستانە،کەلەم دەڤەرە سەربەرزەوە سەری هەڵداو سەرجەم کوردستانی لەدەستی ستەم و ئیستبدادی بەعسی لەناو چوو رزگارکرد،ئەوەی ئەوێ رۆژێ راپەرینی گەیاندە سەرکەوتن یەک ریزی و خەباتی پێکەوەیی خەڵکی کوردستان و یەک ریزی حیزب ولایانە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی بوو ..
ئەمرۆ کەهەموومان ئەم یادە پرشکۆیە دەکەینەوە، لەسەر ئاستی گشتی هێشتا ئامانج و هیواکانی راپەرین بەکۆتا نەهاتوون هەر لە نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکرات و مرۆڤ دۆست و خەونی گەورەی سەربەخۆی کوردستان.هۆکاری دواکەوتنی ئەم خەونانەش بەرلەهەمووکەس هێز و لایانە سیاسیەکانی کوردستانن بەتایبەت هێزە دەسەلاتدارەکان.ئەوەی ئەم یادە لێمان دەخوازێت جارێکی تر پێداچونەوەیە بەو رابردووە و سودبینینە لەهەڵەو کەمو کوریەکان و بونیات نانی سیستمێکی حوکمرانی دیموکرات وئازاد و شەفاف و هەنگاونانە بۆبونیات نانی دەوڵەتی نەتەوەی لەباشووری کوردستان.
لەسەر ئاستی دەڤەری راپەرین،پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بەڵێنانەی لە 22ساڵی رابردوودا بەخەڵکی ئەم دەڤەرەی داوە جێبەجێیان بکات، بەر لەهەموشیان بە پارێزگاکردنی قەزای رانیەیە و ئاوردانەوەی جدیە لە بواری خزمەتگوزاری و بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵ و تەندروستی لەناوچەکەدا.لە ئێستاشدا ئەوە بۆ سێیەمین ساڵە ئیدارەی راپەرین دامەزراوە، بەڵام هەتا ئێستاش ئیدارەی راپەرین بەشێوەیەکی رەسمی لەپار ێزگای سلێمانی جیانەکراوەتەوە و هەر وەک قەزایەک مامەڵەی لەگەڵا دەکرێت و نەتوانراوە بودجەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بۆ ئیدارەی راپەرین دەست نیشان بکرێت.
لەم یادە مەزنەدا ئێمە لە کۆمیتەی سەرکردایەتی راپەڕین،خوازیارین کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوری جدی لە کێشەکانی ناوچەکە بداتەوە و بەدەنگ خواست و داوای خەڵکی دەڤەری راپەرینەوە بێت..
لەکۆتایدا،بەهیواین ساڵانی ئایندە لە چوارچێوە کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات و کراوەدا ئەم یادە مەزنە بەرز و پیرۆز رابگرین..
درورد بۆ گیانی شەهیدانی راپەرین و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان..
کۆمیتەی سەرکردایەتی راپەرین
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
4/3/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 80

## بەیاننامە سەبارەت بە بڕیاری دەستەی دادگایی تاوانەکانی دووەمی کەرکوک لە پەیوەند بە تاوانی کوشتنی ئازاد ئەحمەدەوە

له بەرواری 30 نوڤەمبەری ساڵی 2013 دا و لەشاری کەرکوک هاوڕێ ئازاد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، کوژراو پاشان دەخرێتە نێو ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکە و ڕانەگەیشتن بەتاوانباران، گڕ لە ئۆتۆمبێلکە درا و لاشەکەی سوتێنرا .
ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد، بەپێی پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو بووە.چونکە ئەو لەلایەن تاوانبار(ئاراز عزیز) ەوە، بۆ شاری کەرکوک بانگکرابو، کە فشارێکی زۆری بۆ هاوڕێ ئازاد ئەحمەد هێنابوو بە مەبەستی چوونی بۆ شاری کەرکوک و دواتر بە پێی سیناریۆیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو، لە لایەن تاوانبارانەوە دەکوژرێ و بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە دەسوتێنرێت .
بۆ ڕۆژی پاشتر، پۆلیسی بنکەی میقداد لە شاری کەرکوک تاوانبار (ئاراز عزیز صابر) ی دەستیگردەکات، بەوپێیەی کە ئەو گومانلێکراوی یەکەم بوە و دواکەسیش بوە کە هاوڕێ ئازاد ئەحمەد بینیوە. لە ڕۆژانی سەرەتایی ڕووداوی ئەم تاوانەدا، لای ئێمە و لای کەس و کاری هاوڕێ ئازاد ئەحمەدیش، ڕادەی تێوەگلانی تاوانبار ئاراز عزیز لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، ڕۆشن نەبوو، بە حوکمی ئەوەی بە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی دەناسراو و هاوکات بۆ چەند ساڵێکیش بوو، کە پێکەوە شەریکی کاری بازرگانی بوون. هەربۆیە دوای ئەوەی بەکەفالەت و متمانەی هەریەک لە (محمد عزیز صابر) کە برای گەورەوی (ئاراز عزیزصابر) هو (رمضان صابر) کە مامی (ئاراز عزیز صابر)ە، و هەردووکیان جێگای متمانەی خێزانی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد و کەس وکاری بوون، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە کەس وکاری ئازاد ئەحمەد لە دادگا دەستیان لە داوەکەیان هەڵگرت، بەو مەرجەی لەبەرامبەریشدا، ئاراز عزیز لە شوێنێکی دیاریکراو کە بەرچاوی خێزانی هاوڕێ ئازاد و حزبەوە بێت تا سەرجەم حیساباتی پارەکان یەکلا بکاتەوە و هاوکاری بکات بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانەکە. بەڵام هەر ڕۆژێک پاش ئەمە و بەدوای بەردانی ئاراز عزیز، هەریەک لە رمضان صابر و محمد عزیز، سیناریۆیەکی تازەیان ئامادەکردبوو، کە ئەویش بیسەروشوێنکردنی ئاراز عزیز بوو، ئەوان ئیدیعای ئەوەیانکرد کە ئاراز عزیز لە لایەن جەماعەتێکی دەمامکدارەوە، ڕفێندراوە.دواتریش هەردووکیان سەردانی بنکەی پۆلیسی عروبەیان کرد لەشاری کەرکوک بۆ تۆمارکردنی داوای بێسەرو شوێن کردنی ئاراز.بەڵام ئەمان سەرکەوتونەبون لە پەیداکردنی شایەت و سەلماندنی ڕووداوی بێسەرو شوێنکردنەکەی ئارازدا، هەربۆیە داواکەیان بەشێوەیەکی ڕەسمی لەبنکەی پۆلیس تۆمار ناکرێت. دواتر دوابەدوای بەڕێوەچونی چەندین جار لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لە نێوان هەریەک لەمحمد عزیز و رمضان صابر لەگەڵ کەس وکاری هاوڕێ ئازاد ئەحمەد و کۆمیتەیەکی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.بۆ یەکلاکردنەوەی تاوانەکە و چارەسەرکردنی کێشە مالیەکانی ئاراز عزیز، مەسەلەی پەیوەندیە تەلەفۆنەکانی نێوان هەرسێک لەتاوانباران، محمد عزیز صابر و ئاراز عزیز صابر و رمضان صابر، دۆزرایەوە و ئاشکرابوون، کە لە هەمان کات و شوێنی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی هاوڕێ ئازاد ئەحمەدا، پەیوەندیان بەیەکەوەکردوە و هەروەها ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنانەش، کە بەر لەتاوانەکە و لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەو وپاش ئەوەش بەیەکەوە ئەنجامیان داوە ئاشکرا بوو، لەهەمان کاتدا، ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەی کە لەگەڵ هاوڕێ ئازاد ئەحمەد بەر لەئەنجامدانی تاوانەکە کردویانە .
هەربۆیە محمد عزیز بە پەلە هەڵهات بۆ دەرەوەی عێراق و رمضان صابریش بۆ ماوەی چەند مانگێک خۆی دەشارێتەوە، دواتر لەلایەن پۆلیسی کەرکوکەوە دەستبەسەردەکرێت، هەردوای چەند مانگێکی دیکە لەلایەن دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوکەوە، لەبەرواری 30 ئازاری 2015 رمضان صابر ئازاد کرا، کە بەئیدعای دادگای ناوبراو بنەمای بڕیاری ئازادکردنەکەی، نەبونی بەڵگەی تەواوە بوو .
ئێمە بۆ ڕای گشتی ئەوە ڕادەگەێنین، کە ئەو بڕیارە دادگاییەی بەسەر تاوانبار رمضان صابر دراوە، لەسەر بنەمای ئەوڕاستی و بەڵگانە نەبوون کە پێشکەش بە دەستەی دادگاکراون.بۆ ماوەی چەند مانگێک، دەستەی دادگا خەریکی گوێگرتن لە وتەی شایەتەکان بوو بە گەواهیدان بە تاوانەکە و یاخود نکولی کردن لێی، بەڵام لە وتەکانی تاوانبار رمضان صابر و ئەو ناکۆکیەکانی نێو ئەو وتانە و شایەتەکانی لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە ئەیسەلمێنێن تاوانبار رمضان صابر ئامادەبووە لەگەڵ باقی تاوانباران، محمد عزیز و ئاراز عزیز لەکات و شوێنێ ئەنجامدانی تاوانەکەدا.هەروەها دادگا، چ ئەو دادوەرەی کەبڕیارەکەی ڕاگەیاند، یاخود داواکاری گشتی کەبڕیارە دیفاع لە تاوان لەسەرکراوان

بکات، ئەو بەڵگانەی پشتگوێ خست، کە دران بە دەستەی دادگا، هەروەها بەمەبەستەوە، بەری بەتەواوکردن وبەدواداچانی لێکۆلینەوەکان گرت دەربارەی تاوانەکە و هەروەها تەماشای لیستی بەرگری پارێزەرانی هاورێ ئازادیان نەکرد کە داوای دووبارە لێکۆڵێنەوەیان کرد لە دەستەی دادگا، بەمەستی گەیشتن بەراستیەکان.لەمەش خراپتر دەستەی دادگا بەبێ تەواوکردنی پرۆسەی لێکۆڵێنەوەکان پەلەیان کرد لە پریارداندا، بەجۆرێک سەرجەم بەڵگەکان و ناکۆکیەکانی نێو وتەکانی شایەتەکان و ئیدعا ناکۆکەکانی تاوانبار رمضان صابر و و داوای دووبارە لێکۆڵینەوە، کە بۆ یەکلاکردنەوەی تاوانەکە و دەرخستنی ڕاستیەکان بوو، فەرامۆشکران.ئەمەی کە لە دادگایی تاوانەکانی دووەمی کەرکوک روویدا، ئەو ڕاستیە ئاشکرادەکا، کە کارێکی شاراوە لەپشتەوە ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی تاوانبار رمضان صابر لەزیندان دەربکرێت. هەروەها دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو بەڵگانەی دراون بە دەستەی دادگا، ئەوا لەلایەن کۆمپانیای ئاسیاسێڵ و بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی کەرکوکەوە، تۆمارکراون و پشراستکراونەتەوەو سەلمینراوە، ئەوانەش بریتین لەو پەیوەندیە تەلەفۆنیانەی کە لەنێوان هەرسێ تاوانبار لەکات و شوێنی ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی هاورێ ئازاد ئەحمەد و سوتاندنی ئۆتۆمبیلەکەیدا، ئەنجامدروان .
ئێمە لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە، ڕایدەگەێنین، کە رمضان صابر، تاوان بارەو نێوەگلاوە لەگەڵ تاوانبارەکانی تردا، کە محمد عزیز صابر و ئاراز عزیز صابرە، لە تاوانی کوشتنی ئازاد ئەحمەد و سوتاندنی ئۆتۆمبیلەکەیدا، تائەو کاتەی کە تاوان باران ئەیسەلمێنن کە ئەوان دووربوونە لەکات و شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکەدا،وە دەبێت هۆکاری بونیان لەکات و شوێنی تاوانەکەدا ڕوون بکەنەوە .

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەرکۆنەی ئەم پریارەی دادگای تاوانەکانی دووەمی کەرکوک دەکەین و ئەو دەستەی دادگایەی کە پریاریاری بێتاوانی رمضان صابری ڕاگەیاند، بەشێکە لەو پرۆسە گەندەڵییەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێ.هاوکات ئێمە لە هەوڵ و کارەکانمان بەردەوام دەبین بۆ دۆزینەوەی سەرجەم ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بەتاوانی کوشتنی هاورێ ئازاد ئەحمەدەوە هەیە کە لەبەرواری 30 نۆڤەمبەری 2013 ئەنجامدرا، هەروەها هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی کە یارمەتیدەریان بون، لەکاتی ئەنجامدامدانی تاوانەکەدا، یاخود ئەو لایەنەی کە بەمەبەستەوە، دووبارە لێکۆڵینەوەی لە تاوانەکە فەرامۆشکردوە و کاری بۆ دەرهێنانی رمضان صابر لەزینداندا کردوە .

لەهەمان کاتدا، ئێمە بانگەوازی تەواوی دەسەڵاتی دادوەریەکان دەکەین لە عێراق و کوردستاندا، کە پەیڕەی بکەن بە لانی کەمی دەستپاکیەوە، ئەمە ئەگەر زەرەیەک لەم دەستپاکیە مابێت لەم دەسەڵاتانەدا، هەروەها هاوکاری بکەن لە دۆزینەوەی کەسانی نێوەگلاو لە ڕووداوی کوشتنی هاورێ ئازاد ئەحمەد و لێکۆڵینەوەش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە نێوەگلاون لە مەسەلەی بەردانی رمضان صابردا.هاوپێچ لەگەڵ ئەم بەیاننامەیەدا، لیستەی بەرگری پارێزەران دەخەینە ڕوو کە دەستەی دادگا ڕەتیکردەوە، وە بەم شێوەیەش سەلماندی، دەستەی دادگایی تاوانەکانی دووەمی کەرکوک هاوکاربوە لە بەردانی رمضان صابر .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
07 _04_2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 81

## بەیاننامەی (سەنتەری ئەنفال) لەیادی (30)ەمین ساڵڕۆژی

## جینۆسایدکردنی هەشت هەزار بارزانی دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073015391889375

لە دوای نسکۆی شۆرشی 1974 رژێمی بەعس وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لەمێژووی پڕ لە خەباتی بنەماڵەی سەربەرزی بارزانیەکان هەڵسا بەسوتاندن و خاپورکردنی سەرجەم دێهاتەکانی ناوچەی بارزان و دەستگیرکردن و راگواستنی خەڵکەکەی بەسێ قۆناغ بەپێی داڕشتنی پلانێکی پێشوەختەی نەخشە بۆکێشراو.
قۆناغی یەکەم ساڵی1975 بارزانیەکانی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق راگواست، دواتر لە ساڵی 1980 سەرجەم خێزانەکانیان بۆ دەوروبەری شاری هەولێر و لە ناحیەی قوشتەپە لە هەردوو کۆمەڵگەی زۆرەملێی بەناو (قودس و قادسیە) نیشتەجێکران.
لە قۆناغی دووەمدا لە بەرەبەیانی (31/7/1983)دا بەسەرپەرشتی تاوانباری گۆربەگۆر (بەرزان تکریتی)، بەهێزێکی زۆری گاردی کۆماری و هێزی تایبەت، دەوری هەردوو ئۆردوگاکە درا لە پرۆسەیەکی پشکنینی زۆر ووردا هەرچی رەگەزی نێر بوو لە تەمەنی (7- 90) ساڵی دەستگیرکران. هەمان کردار لە (1983/8/10) بەسەر ئۆردوگاکانی (بەحرکە- هەریر- دیانا) داهێنرا.
بەمەش ژمارەی سەرجەم گیراوەکان گەیشتە نزیکەی(8000) کەس، دواتر کۆمەڵکوژ کران، کە پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 هەندێکیان لە گۆرەبەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق روفاتەکانیان دۆزرایەوە.
لە قۆناغی سێیەمدا رژێم بەدوای سەرجەم ئەو بارزانیانەوە بوو کە لە هەردوو قۆناغدا دەستگیر نەکرابوون. بەپێی راسپاردەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی (فازل بەڕاک) هەر یەکێک دەستگیر بکرابوایە بەبێ دادگا یەکسەر ئیعدام دەکرا .
ئێمە لە (سەنتەری ئەنفال) هاوخەمی خۆمان بۆیادی سی ساڵەی ئەم کۆمەڵکوژیەی گەلەکەمان دەردەبرین، هیوادارین خوای گەورە شەهیدەکان بخاتە بەر دلۆڤانی خۆیەوەو سێبوری کەسوکاری قوربانیان بداتەوە و جارێکی تر ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە. داواکارین لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاری بەپەلە بکەن بۆ :
-1قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کەس و کاری ئەنفالکراوان بەگشتی و کەسوکاری جینۆسایدکراوانی بارزانیەکان بەتایبەتی.
-2هێنانەوەی روفاتی بارزانیەکان و سەرجەم روفاتەکانی تری ئەنفالکراوانی کوردستان.
-3هەوڵدانی زیاتر بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانی گەلی کوردستان لەئاست نێودەوڵەتی وەک جینۆساید.
لەکۆتاییدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی جینۆسایدکراوی بارزانیەکان و سەرجەم قوربانیان لە ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێنکراوانی کوردستان و شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان، مردن و رورەشیش بۆ ئەنجامدەرانی تاوانی کۆمەڵکوژی مرۆڤایەتی.

سەنتەری ئەنفال
هەولێر 31 /7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 82

## بەیاننامەی (سەنتەری ئەنفال) لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031522365652548

(16/3/1988)گەورەترین و ترسناکترین کارەسات بوو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، کەلە کۆتایی سەدەی

بیستەمدا ئەنجامدرابێت. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەفەرمانی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ (علی حسن المجید) بەچەند فڕۆکەیەکی سەربازی لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ کە لەئەنجامدا نزیکەی(5000) هاووڵاتی لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج بوونە قوربانی و نزیکەی(10000) بریندار و (70000)ی تریش ئاوارەو دەربەدەر بوون. لەئەنجامی ئەم کارەساتەدا ژینگەی هەڵەبجەو ناوچەکەش بەهۆی کاریگەری کیمیابارانەکە پیس بوو، دواتر بەدوای خۆیدا چەندین کاریگەری بۆ رۆڵەکانی داهاتووی جێهێشت لەوانە نەخۆشی نەزۆکی و کوێربوون و جەستەیی و دەروونی و داپران لە خێزان و شیرازەی خێزانە رزگاربووەکانیشی شێواند .
لە دوای رووخانی رژێم هەڵەبجە و ئەنفال و راپەرین بوون بە سومبولی ناساندنی گەلی کوردستان و کێشە رەواکەی، هەڵەبجە بوو بە مایەی گۆرینی هاوکێشە سیاسەکانی ناوچەکە و کوردستانی زیاتر بەدونیای دەرەوە ناساند، بۆیە بووە دەستە خوشکی هێرۆشیما و ناکازاکی. حکومەتی هەرێم ساڵانە وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی هەڵەبجە لە سەرتاپای کوردستان بۆ ماوەی پێنج خولەک بێدەنگی لەسەرجەم سارەکان رادەگەیەنێ .
ئێمە لە(سەنتەری ئەنفال) لەم رۆژەدا هاوخەمی خۆمان بۆ سەرجەم کەسوکاری قوربانیان لەئاست گەورەیی کارەساتەکە دەردەبڕین و پشتگیری لە سەرجەم مافەرەواکانی کەسوکاری قوربانیان دەکەین و داواکارین بەزوترین کات قەرەبوی ماددی و مەعنەویان بکرێتەوە و بەرکەوتوانیان بەزووترین کات چارەسەر بکرێن، کاری بەپەلەبکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ سنووری هەڵەبجە. بەردەوام هاوکارو هاوخەمین لە هەرچی زووە لەبەجینۆسایدناساندنی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە وشوێنەکانی تر. دەستخۆشی لەبڕیارە بوێرانەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لە واژووکردن و بڕیاردان لەبەپارێزگا کردنی هەڵەبجە لەرۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2014/3/13 کە ئاوات و خەونی زۆربەی هاووڵاتیانی هەڵەبجە بوو. هیواداریین بەم بریارە کەمێک لە ئازارو مەینەتیەکانی دانیشتوانەکەی چارەسەر بکرێت، تا هەرچی زووە سەرجەم خزمەتگوزاریەکان بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بەزووترین کات ئەنجامبدرێت .

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە وئەنفال و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان .سەنتەری ئەنفال
16/3/2014هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 83

## بەیاننامەی پێنج فراکسیۆنە سەرکەوتوەکەی پەڕلەمان لەبارەی رووداوەکانی شارۆچکەی سەیدسادق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140103155307868 70

لەگەڵ بەردەوامبونی رووداوەکانی شارۆچکەی سەیدسادق و پاش ئەوەی رووداوەکان توندوتیژییان لێکەوتەوە، نوێنەرانی هەر پێنج فراکسیۆنە سەرکەوتوەکەی پەرلەمانی کوردستان سەردانی شارۆچکەکەیان کرد بەمەبەستی هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، لە بەیاننامەیەکدا فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەڵوێستی خۆیان بەم شێوەیەی خوارەوە خستوەتەڕو:
دوای هاتنی وەفدی فراکسیۆنەکانی پەڕلەمانی کوردستان، لەنوسینگەی سلێمانییەوە بۆ شارۆچکەی سەیدسادق، ئەوپەڕی هەوڵی خۆماندا بۆ هێوردکردنەوەی دۆخەکەو لەئێستادا، هەڵوێستمان بەمشێوەیە دەخەینەڕو.
یەکەم: پشتگیری داوای رەوای کەمی خزمەتگوزاری لەناوچەکەو پەراوێزخستنی قەزاکە دەکەین و

چاودێری و بەدواداچونی بەردەوام بۆ چارەسەری کێشەکانیان دەکەین.
-2پێویستە هەڵمەتی رەشبگیری دوبارە نەبێتەوەو هەوڵی ئارامکردنەوەی دۆخەکە بدرێت و تەقەکردن رابگیریت و هێزی زیادە بیرێتەوە دەرەوەی شارۆچکەکە.
-3پێویستە لەئێستادا وەزیری ناوخۆ و لایەنی ئیداری پارێزگای سلێمانی، دەستلەکارکێشانەوەی قایمقام و سەرۆکی شارەوانی قەبوڵ بکەن و دڵنەوایی بدەنە خەڵک و بریاری چارەسەری کێشە هەنوکەییەکان بدەن و پلانی ئایندەیی بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکە دابنێن.
-4ناڕاستەوخۆ داوای بریاردانی چارەنوسی ناوچەکە لەلایەن خۆیانەوە دەکرێت، بۆیە دوای تەواوبونی بەپارێزگاربونی هەڵەبجەو گرتنەبەری رێکارە یاساییەکانی، مافی خەڵکی سەیدسادقە بەشێوازی یاسایی و مۆدێرن بریار لەچارەنوسی خۆیان بدەن.
-5سەرەخۆشی لەخێزانی کاک بریار دەکەین و هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارەکانی هەردولا دەخوازین و بەدوداچون بۆ کەیسی شەهید بریار بەجدی دەکەین.
نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان
-1فراکسیۆنی گۆران
-2فراکسیۆنی یەکێتی
-3فراکسیۆنی یەکگرتو
-4فراکسیۆنی پارتی
-5فراکسیۆنی کۆمەڵ.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 84

## بەیاننامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆران سەبارەت بە بڕیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140317212358535 67

بە بۆنەی بە پارێزگابونی شاری هەڵەبجە، پیرۆزبایی لە هەمو خەڵکی کوردستان و هاونیشتیمانیانی خۆشەویستی هەڵەبجە دەکەین.

هەڵەبجە ناوێکی درەوشاوەیە لە مێژوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و روناکبیری کوردستاندا و رۆڵێکی گرنگی لە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان دژ بە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان گێڕاوە. هەر بەهۆی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە ئە و شارە بۆتە سومبولی گەلی کورد و رۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە ناساندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان بە هەمو جیهان.
لە دوای (26) ساڵ لە کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بەڵام هێشتا ئە و شارە لەناو ئازارەکانی خۆیدا ئەتلێتەوە و شایەنی زۆر لەوە زیاترە کە بۆی کراوە.

ئێمە لە کاتێکدا پیرۆزبایی خۆمان بۆ ئە و شارە دوبارە دەکەینەوە هیوامان وایە بە پارێزگابونی ئەم شارە خۆشەویستە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیانی هەڵەبجە و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە بە جۆرێک کە شایستەی خەبات و قوربانی ئەوان بێت.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان.
جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆران

17/3/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 85

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەبارەت بە شەپۆلی لەسێدارەدان لە ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111314005387863

ڕژێمی کۆنەپەرست و دژی بەشەری جمهوری ئیسلامی ئێران، بەدوای هاتنەسەرکاری حەسەن ڕۆحانی، کە بە پیاوی ریفۆرمیستی ڕژێمی ئیسلامی ناودەبرێت، دەستی داوتە حەملەیەکی بەربڵاوی لەسێدارەدانی نەیاران و هەڵسوراوانی سیاسی. بەم دواییانە زیاتر لە 300 کەسی لەسێدارەداوەو ژمارەیەکی زیاتریش چاوەروانی سزای لەسێدارەدان دەکەن و لەپشتی دەرگای پۆلاینی زیندانەکاندا راگیراون.
ئەم شەپۆلی لەسێدارەدانە لە کاتێکدایە کە حەسەن روحانی- سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئێران- بەڵێنی گۆرانکاری و چاکسازی و میانەرەوی بە خەڵکی ئێران دابوو، تا لەو ڕیگایەوە رای گشتی فریو بدات، کەچی بەرچاوترین دیاری ئەم سەرکردە کۆنەپەرستەی دەوڵەتی ئیسلامی و خزمەتکاری سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری لە ئێران، وەرێختنی شەپۆلی لە سێدارەدانی هەڵسوراوانی سیاسی و نەیارانی سیاسیی دەسەڵاتی رەشی بۆرژوا- ئیسلامی بوو لە ئێراندا.
ئەمریکاو رۆژاوا کە مەرجی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ئێراندا دەبەستەوە بە مەسەلەی باشکردنی رەوشی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، دوای هەڵبژاردنی رۆحانی، کە پریارە چرای سەوزی بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکە داگیرساندبێت، ئیتر بایەخێکی نامێنێت. بیدەنگبوونیان لە ئاست تاوانی لە سێدارەدانی رۆژانەو سەرکوتی بێپەردەی هەمەلایەنەی ماف و ئازادیەکانی خەڵک ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ململانێی چەندین دەیەی نێوان ئەمریکاو رۆژاوا لەگەڵ ئێران و دۆسیەی ئاسایکردنەوەی ململانێی نێوانیشیان هیچ پەیوەندیەکی بە مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و سەرجەم هاوڵاتیانی ئێرانەوە نیە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆشخزمەتی بە رژێمی ئێران تایبەتمەندیەکی ئاشکرایەتی، بە وەستانەوەی بەرووی خۆپیشاندانی نارەزایەتی دژی تاوانەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران و راوەدونانی هەڵسوراوان و چالاکوانانی سیاسی بەبیانوی توندو تیژی نواندن بەرامبەر سەفارەتخانەی ئێران لە هەولێر، جارێکی تر ئەو راستیە نیشان دەداتەوە، کە ئامادەن بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان، خەڵکی تورەو نارازی بە سزای لەسێدارەدان لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، سەرکوت و زیندانی بکەن، کەچی لەبەرامبەر لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی ئەو رژێمەدا بێدەنگ دەبن و لە هەولێردا دەبنە پاسەوانی سەفارەتخانەو بنکەو بارەگاکانیان.
جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!
لایەنگرانی مافەکانی ئینسان و نەیارانی سزای لەسێدارەدان!
شەپۆلی لەسێدارەدان و سەندنەوەی بە ئەنقەستی ژیان لە هەڵسوراوان و نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازان لەلایەن دەسەڵات و جەلادانی ئازادی لە ئێرانەوە، کردەوەیەکی قێزەونی نامۆ بە بەشەریەتی ئەم سەردەمەیە. رژێمی ئیسلامی ئێران بەو تاوانەی ئەو راستیە نیشان دەدات، کە ئەم دەسەڵاتە بە بێ سەرکوت و کوشتار ناتوانێ درێژە بە تەمەنی نەگریسی بدات.
بێدەنگەکردنی ئەمریکاو رۆژاوا بەرامبەر بەم ئینسان کوژیە ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە ئامادەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانیاندا، شانۆی کوشتاری کلور کلور ئینسان ببینن

و تەماشاچی بن. گرتن و زیندانیکردنی خۆپیشاندەرانی دژی رژیمی ئێران ئەو راستیە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی هەرێم لەجیاتی وەستانی لە پاڵ خواستی ئازادی و ئینسانیدا، لە ریزی سەرکوتی رژیمی ئیسلامی ئێران و سەرکوتی سیاسیدا وەستاوە. پێویستە ئەم سێ کوچکەی ئەمریکاو رۆژاوا- دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی ئێران- و دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەرەو رووی شەپۆلێک لە نارەزایەتی ئێمەو ئینسانیەتی ئازادیخواز لەسەرتاسەری دنیادا بێتەوە. ئەگەر دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دژی ئازادیەکان، پێویستیان بەوەیە لە پاڵ یەکتریدا بوەستن، ئەوا پێویستە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەنگی رەسای دنیای شارستانی، لەپاڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی دژی سەرکوت و سێدارە لە ئێراندا، بوەستن و ئەم کۆمەڵکوژیەی مرۆڤ راگرن.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە کاتێکدا بەتوندی ئیدانەی ئەم ئینسانکوژیە دەکات، هاوکات لەپاڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و دنیا لە دژی سەرکوت و ئیعدامی ئەو رژیمە هارە رادەوەستێت. لە ریزی پێشەوەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانیشدا دەبێت بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی خۆشخزمەتی حکومەتی هەرێم بە دەسەڵاتی رژیمی درندەی ئیسلامی ئێران و خوازیاری هەڵپێچانی کۆنسوڵخانەکانی ئەم رژێمە هارەیە لە کوردستاندا.
نا بۆ سزای لەسێدارەدان، بژی ئازادی هەڵسورانی سیاسی!
مەرگ بۆ جمهوری مەرگ و سێدارە لە ئێران!
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
12/11/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 86

## بەیاننامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییانە لە دامودەزگاکان و ژێرخانی نەوت لە قەزای مەخمور

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071120020476969

هەولێر - ئەم بەیانیە، ئەندامانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پاراستنی نەوتی کەرکوک جولان لەپێناو پاراستنی ئاسایشی کێڵگە نەوتیەکانی بای حەسەن و ناوچەی مەخمور پاش ئەوەی زانرا بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی لە بەغدا فەرمانیان کردووە بە زیانگەیاندن بەو هێڵی بۆریەی کە بەم دواییانە دوو لایەنە رێکەوتنی لەسەر کرابوو و کێڵگەی ئاڤانا دۆم دەبەستێتەوە بە کێڵگەی خورمەڵەوە.

ئێستا کێڵگەی بای حەسەن و کێڵگەکانی تری قەزای مەخمور بە سەلامەتی لەژێر بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان. حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕواندەکات بەرهەمهێنان لەم کێڵگانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بێت. کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە پێشتر ئەم کێڵگانەیان ئیشپێکردووە ئاگادارکراونەتەوە کە لە سبەینێوە چاوەڕێیان لێدەکرێت هاوکار بن لەگەڵ بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەوانەی نایانەوێت هاوکاربن دەتوانن بڕۆن .

مەبەست لە نەخشەکێشان و دروستکردنی ئەو بۆریە نوێیەی کە خورمەڵە بە ئاڤاناوە دەبەستێتەوە بە تەواوی ئاسانکاریکردن بووە بۆ هەناردەکردن لە کێڵگەکانی مەخمور و ئاڤانا و ناوچەکانی کەرکوک لەرێگەی تۆری هێڵی بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەپێناو

یارمەتیدانی زیادکردنی داهات بۆ خەڵکی عێراق لەم کاتی پێویستیە زۆرەدا و لە کاتێکدا زۆربەی هێڵی بۆری عێراق– تورکیا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە.

ئەم ژێرخانە نوێیە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروستکراوە و پارەی دراوە و حکومەتی هەرێم بە هاوکاری تەواوەوە کاری لەگەڵ بەرپرسان و ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوتی باکووردا کردووە. بەڵام رۆژی پێنچشەممە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانی کە هەندێک بەرپرسی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی فەرمانیان کردووە بە ژمارەیەک لە کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکوور بۆ ئەوەی هاوکاریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووەستێنن و وەلفەکانی بۆریە نوێیەکە لێبکەنەوە یان لەکاریان بخەن.

کێڵگەکانی ئاڤانا و مەخمور لە مانگی ئازارەوە نەیانتوانیوە هەناردە بکەن چونکە بۆری سەرەکی عێراق– تورکیا بەهۆی هێرشە تیرۆریستیەکانەوە شکێنراوە. هێڵی بۆری سەرەکی عێراق بەزۆری دەکەوێتە ئەو ناوچەیەی کە بەم دواییانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە تەسلیمی داعش کرا.

سەرباری نەتوانینی هەناردەکردن و وەستانی پاڵاوتن لە بێجی، کێڵگەکانی ئاڤانا و مەخمور نزیکەی 110،000 بەرمیل نەوتیان رۆژانە بەرهەم دەهێنا و پڕی غازەکەی ناویشیان سوودی لێوەردەگیرا بۆ یارمەتیدانی ئیشپێکردنی کارگەی بوتڵی غازی کەرکوک.

بەڵام لەبری بەکارهێنانی بۆریە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوتە بەرهەمهێنراوەکە، بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەلایەن بەغداوە فەرمانیان پێکرا بۆ گێرانەوەی نەوتەکە بۆ کێڵگەیەکی بچووک و بەکارنەهێنراوی کەرکوک. ئەم بڕیارە، کە پاڵنەری سیاسی لە پشتە، دەبووە هۆی زەرەر و زیانێکی گەورە بە کێڵگەکە و بەفیرۆچوونی هەمیشەیی زۆربەی ئەو نەوتەی کە گێرابووەوە. هەروەها دەبووە هۆی بێ بەشکردنی خەڵکی عێراق لە داهاتی هەناردەکردنی نەوت کە لە ئێستادا پێویستیەکی گەورەیە.

لە ئێستا بەدواوە، بەرهەمی ئەو کێڵگە نوێیانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان بەکار دەهێنرێت بۆ پڕکردنەوەی کەمی بەرهەمە پاڵێوراوەکان لە بازاڕی ناوخۆدا. ئەمەش باری سەرشانی هاوڵاتیانی ئاسایی سووک دەکات کە لە ئەنجامی شکستی دەسەڵاتی فیدراڵیەوە بۆ پاراستنی ژێرخانی نەوت لەو ناوچەیەدا دروستبووە.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان پشکی دەستووری داهاتی نەوت کە لەم کێڵگانەوە بەدەستدێت وەردەگرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە داراییە گەورەیەی کە بەهۆی بڕینی نایاسایی پشکی 17٪ ی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی لەلایەن بەغداوە دروستبووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای کراوە بووە و هەمیشەش کراوە دەبێت بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەغدا بەپێی ماف و بەرپرسیارێتیەکانی هەرێمەکان هەر وەک لە دەستووری عێراقدا هاتووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ئومێدەوارە کە بەغدا واز بهێنێت لە پیادەکردنی سیاسەتی ئابڵوقەی سیاسی و ئابووری سزائامێز دژی هاوڵاتیانی کوردستان.

رووداوەکانی ئەم بەیانیە دەریانخست کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر پاراستن و بەرگریکردن لە ژێرخانی نەوتی عێراق هەر کاتێک لەژێر هەڕەشەدا بێت بەهۆی کردەوەی تیرۆریستی یان، لەم حاڵەتەدا، بەهۆی تێکدانێکەوە کە پاڵنەری سیاسی لە پشتەوەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 87

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ یادی 8 ی مارسی 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150303092709687O8

با یاساو کەلتوری کۆنەپەرستانەی دژی ژنان بسپێرین بە مێژوو!
لە دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆماڵی بۆرژوازی کوردەوە، ئاڵوگۆڕێکی ڕوو لەپێش بە قازانجی ماف و ئازادیەکانی ژنان ڕووی نەداوە. یاسای باری کەسێتی رژێمی بەعس کە بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام دیاریکراوە، لەلایەن دەسەڵاتی کوردایەتیەوە جێبەجێکراوە و پارێزگاری لێکراوە، لەکاتێکدا دەبوایە سەرجەم یاساکان، بە یاسای باری کەسێتیشەوە، بە زبڵدانی مێژوو بسپێردرایە و یاسای پێشکەوتوو و مۆدێرن و یەکسانیخوازانە لەجێگایان دابرێژرایە و کاریان پێبکرایە. لەوەش نەخوازراوترو ترسناکتر بەرزبوونەوەی رێژەی ئەنجامدانی توندوتیژی و چوونەسەری ئاماری ئەتککردن و کوشتنی ژنانە لەژێر سایەی دەسەڵاتی "بۆرژوازی خۆماڵی"دا!.
لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا فەرهەنگ و کەلتوری پیاوسالاری و بە کەم سەیرکردنی ژنان زیاتر پەرەیان پێدراوە. فرە ژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەفەرمی ناسراوە. دەستی مەلاو مشەخۆرانی ئیسلامی سیاسی ئاوەلاکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی ژەهراوی جیاکاری لەدژی ژنان و هێشتنەوەیان وەکو کۆیلەی سێکسی پیاوان. تفەنگچیەکانی عەشیرەت و بنەماڵەو تەنانەت حزبەکانیش بەبیانوی کرینەوەی شەرەفەوە ژنان خەڵتانی خوێن دەکەن و لە دیوەخانەکانی ئەحزابی دەسەڵاتداردا خوێنەکەی سەوداو مامەڵەی پێ دەکرێت و تاوانبار بە بێ سزا بۆی دەردەچێت. تەنانەت ئەوانەیان کە بەهەرجۆرێک بووە رێگایان دەکەوێتە ناو زیندانەکانی حکومەتی هەرێمەوە، ناوبەناو بە لوتفی سەرۆکی هەرێم و لێبوردنی گشتی ئازاد دەکرێن !
لەماوەی 23 ساڵی رابردووی دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرژوازی کوردا، هەمیشە لە هەوڵی کپکردنی دەنگی نارەزایەتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازدا بوون، دژایەتی هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان کراوە، رێگری و سەرکوت لەدژی هەڵسورانی رێکخراوی رادیکاڵ و پێشکەوتنخواز بەرێخراوە. دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کوردو هاوکارە ئیسلامیەکانی هەموو هەوڵێکیان بۆئەوە بووە کەکەسایەتی ژنان بشکێنن و لەجێگاورێگای پلەدوویی و بێمافی و سەرکوتکراویدا بیان هێڵنەوە .
بەڵام سەرباری هەموو ئەو سەختی و دژواریانەی کە لە ماوەی رابردوودا بۆ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پێکهێنراوە، هەڵسوراوانی ئەو بزوتنەوەیە بۆ یەک سات خەباتیان لەپێناو بەدیهێنانی مافە بنەڕەتیەکانی ژنان لە سەر ئاستی یاساو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەوەستاندووە. دوابەدوای نەخشی ژنان لە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری دژی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) لە "کۆبانی"یش، کە بیروبۆچون و یاسا کۆنەپەرست و دژە ژنەکانی کردە ئەفسانەیەکی پوچ و تێکشکاو و مەرسومی مافەکانی ژنانی لە کانتۆنی جەزیرە بەداوی خۆیدا هێنا، هێزو توانای بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوراوانی ئەو بزوتنەوەیە لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو سەر هەڵکشاوەو ئومێدەکان زیاتر گەشاونەتەوە. ئەمساڵ نەک هەر ئیرادەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بە ئاقاری توندکردنەوەی خەباتە بۆ هەڵپێچانی یاسای کۆنەپەرستی باری کەسێتی عێراقی، بەڵکو میزاجی گشتی ژنان و ئازادیخوازانی کۆمەڵگای کوردستان بەقازانجی دەستەبەربوونی مافەکان و یەکسانی ژنانە لەگەڵ پیاواندا.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە سۆنگەی پرواوبوونیەوە بە یەکسانیی هەمەلایەنەی ژن و پیاو، "یاسای یەکسانی ژن و پیاو، ئەڵتەرناتیڤێک بۆ یاسای باری کەسێتی عێراقی"ی ڕاگەیاندوە، وەکو پلاتفۆرمێک بۆ مافەکانی ژنان لە 8 ی مارسی ئەمساڵدا دەیخاتە بەردەم هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و کۆمەڵگا بەو ئومێدەی کە لەلایەن هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانەوە بەدەستەوە بگیرێت و ببێتە ناوکۆکەی یەکخستن و کۆکردنەوەی تواناکان و بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی بەهێز لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی جێگیرکردنی ئەم یاسایە لەجێگای.
بژی خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەپێناو چەسپاندنی یاسای یەکسانی ژن و پیاو !
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
مارسی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 88

# بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئاراستەی رووداوەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624211753124567

زیاتر لە ساڵێک بەسەر هێرشەکانی داعش بۆ سەر شارەکانی عێراق و کوردستان ودەستپێکردنی شەر لەگەڵ ئەو هێزە کۆنەپەستە ئیسلامیەدا دەگوزەرێت، بەبێ ئەوەی مەترسیەکانی ئەو هێزە لەسەر کوردستان دوورخرابێتەوە. لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی عێراقیش داعش بووەتە هێزێکی ئەمری واقیع، بێجگە لەوەی کە پانتاییەکی زۆری خاکی عێراقی کۆنترۆڵکردوە، هاوکات دەسەڵاتی خۆشی بەسەر چەندین ملیۆن کەس لە دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا داسەپاندوە. سەدان هەزار کەسیش لە ئاکامی شەرەکەوە ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی عێراق بوون. دەسەڵاتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم لە جەنگیاندا دژ بەداعش، بۆ خۆیان ئەو دوولایەنە نین کە بە تەنها بریار لەسەر گۆشەو لایەنەکان و چارەنوسی ئەم شەرە بدەن، بەڵکو بەشێکن لە ئەجندایەکی ئاڵۆزو ناکۆکی جیهانی و ناوچەیی کە لە شەری داعشدا بەرجەستەو جێبەجێ دەبێ، بۆیە لەناو ئەڵقەیەکی بێکۆتاییدا دەسورێنەوە کە ئەوسەرەکەی دیارنیە و سەرەنجام بۆخۆیان بونەتە هۆکارێکی ڕاگرتنی عێراق و کوردستان لەناو گێژاوی سیاسی و جەنگدا .

ئاکامێکی نەرێنی و ترسناکی ئەم جەنگە نادیاری ئاسۆی تەواوبونیەتی، کە رۆژ بەرۆژ ئاراستەی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو دۆخێکی ناهەموارترو پشێوی زیاتر پاڵ پێوەدەنێ. هەزاران کەس بریندارو کوژراو هەیە، قەیرانی ئابوری قوڵترکردۆتەوەو قورساییەکی دارایی زیاتری خستۆتە سەر شانی خەڵکی کوردستان و باری ژیان و گوزەرانیانی روبەرووی مەترسی جدی کردۆتەوە. گرفتی مووچەو دابین نەبوونی ژیانی سەدان هەزار کرێکارو کارمەندی حکومەت، داشکانێکی خەتەرناکی ئابوری و راوەستانی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان و کەمبوونەوەی فرسەتی کار لە بواری تایبەتی و ئەهلیدا، پشتگوێخستن و لەژێرپێنانی ماف و ئازادیەکانی خەلک بە بەهانەی شەری داعش، هەموو ئەمانە بە رادەیەکی سەرسورهێنەر کۆمەڵگای کوردستانی نوقمی پشێوی کۆمەلایەتی و گێژاوو ناجێگیری سیاسی کردوە .

دابەشبوونی هێزە دەسەلاتدارەکانی بۆرژوا ناسیۆنالستی کورد بەسەر بەرژەوەندی و بلۆکبەندیە جیهانی و ناوچەییەکاندا لە پرسی شەری داعشدا لەلایەکەوە و فەوزاو بێبەسەرەوبەرەیی و هەڵوێستی دژ بەیەکی ئەو هێزانە لەپەیوەند بە ئیدارەی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم لەسەر داهات و دەسەڵات لەلایەکی دیکەوە ئەگەری لێکترازان و قوڵبونەوەی کێشەی نیوان خۆیانی بەرەوسەر بردوە. نەخشی بارزانی و پارتی لەشەری داعش و بەتایبەتی دەوری تورکیا وەکو هاوپەیمانێکی ناوچەیی پارتی لە هاریکاری کردنی داعشدا، هەڵوێستی پارتی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندی دا لاوازکردوەو جێگاورێگای ئەو حیزبەشی وەکو هێزی یەکەم و خاوەن دەسەڵاتی رەهای بۆرژوازی کوردی، لەبەرامبەر یەکێتی و بەپلەیەکی کەمتر گۆراندا روبەرووی گرفت و لاسەنگی هێز کردۆتەوە. هاوکات بانگەشەکانی بارزانی و پارتی بۆ سەربەخۆیی ئابوری و "دەولەتی کوردی" لەبەرامبەر دەولەتی ناوەندیدا بۆ چارەسەری کێشەی بودجە و فرۆشتنی نەوت بەبێ گەرانەوە بۆ رەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی، لە سنوری پروپاگەندەی سیاسی و خۆ قەبەنیشاندان تێپەرناکات.حکومەتی هەرێم ئێستا زۆرزیاتر لەجاران نەوت رادەستی کۆمپانیای (سۆمۆ)و حکومەتی ناوەندی دەکات، بەڵام حکومەتی ناوەندی هەروەکو جاران بەشە بودجەکەیان بە کەموکورتی پێدەدات! هەروەها بانگەشەی بارزانی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەسەرەتای هاتنی داعشدا ناونیشانی سیاسەتیک بوو بۆ هاوشانی لەگەل دەولەتی تورکیا و بواردان بە داعش و هودنەو حەوانەوە لەگەڵیدا بۆ ئەوەی بەشی ناسیۆنالیزمی کورد لە دەسەلات و داهاتی عیراقدا زیاتر بکات، کە زۆری نەخایاندو روبەرووی شکست بوەوەو ئاکامەکەشی غافلگیرکردنی خەلکی کوردستان بوو بەرامبەر داعش و رودانی کارەساتی شەنگارو جێگاکانی دیکە بوو. سەرەنجام سەربەخۆیی ئابوری کە دوای شکستی بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن بارزانیەوە بەرزکرایەوە لەناو تونێلی سیاسەتی رەسمی دەوڵەتی ئەمریکا کە پێداگری لەسەر یەکێتی عێراق و گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکات بۆچارەسەری کێشەکان کوژایەوە. ئەمەش حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی دەرگیری قەیرانێکی سیاسی قورس و بێئاسۆیی کردووە .

لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدایە کە مەسەلەی دەستورو پۆستی سەرۆکی هەرێم ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتە خۆی و وەکو ململانێی دوو بەرەی ناتەبا دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکییان بەرزونزمکردنی تای تەرازوی هێزو دەسەلاتە بە زیانی پارتی و بە پلەی سەرەکی بەقازانجی یەکێتی وگۆڕان. یەکێتی نیشتمانی کە لە ئێستاداو لە مەسەلەی شەڕی دژی داعشدا لەچاو پارتیدا خۆی لە جێگاورێگایەکی گونجاوتردا دەبینێ، هەوڵەدات بەهاوکاری لەگەڵ گۆران هاوسەنگی نێوان خۆی و پارتی بەپێی ئاکامەکانی جەنگی داعش، لە مەسەلەی دەستوردا رەسمیەت پێبدات. بەوجۆرە کێشەی سەرەکی لەسەر دەستور، کە بە پێی خاسیەتی خۆی پرپارە ئارایشی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان بەپێی بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی کورد بداتەوە، کەچی تەنها لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەڵاحیاتەکانی چڕ دەبێتەوە .

لەلایەکی دیکەوە، شەڕی داعش و تاوانەکانی ئەم هێزە دڕندە ئیسلامی- ناسیۆنالیستەی بۆرژوازی عەرەب، کە زەمینەی توندکردنەوەو خۆشکردنی ئاگری شەڕی نەتەوەیی فەراهەم دەکات، ڕاسیزم و ڕکابەری نەتەوەیی لە نێوان خەڵکی کوردو عەرەبزماندا بەرەو سەر بردوە. ناسیۆنالیزمی کوردیش کە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای خۆی لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنی گیانی نەتەوەچێتی و بەرانبەرکێی نەتەوەیی بنیات ناوە، ئەم بارودۆخە وەکو دەرفەتێکی زێرین بۆ ژیاندنەوەی بەها فکری و سیاسیەکانی خۆی تەماشا دەکات و بە هەژمارکردنی تاوانەکانی داعش لەسەر خەڵکی عەرەبزمان، کینەی نەتەوەیی دژی عەرەب جۆش دەدات و هەوڵ دەدات سەرجەم خەڵکی کوردستان بەدوای سیاسەتەکان و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا ڕابکێشێت .

بەمجۆرە هەلومەرجی ئاڵۆزکاوی سیاسی و بنبەستی ئابوری و دارایی و لێکترازان و دابەشبوونی هێزە دەسەڵاتدارەکانی بۆرژوازی کورد بەسەر قوتبە ناوچەیی و جیهانیەکانداو گیرخواردنی قاچی بۆرژوازی کورد لەناو ئەم شەڕو گێژاوە سیاسیەدا، ئاسۆی بەردەم بۆرژوازی کوردو هێزە سیاسیەکانی لێڵترکردوەو هەرچی زیاتر لەیەکتریان دوور دەخاتەوە. دوورنیە ئەم لێکترازان و دوورکەوتنەوەیە هێزە چەکدارە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەرەو دابەشکردنەوەی کوردستان بە سەر ناوچەکانی نفوز و هەڵوەشانەوەی حکومەتە بنکەفراوانەکەیان بەرێت. تەنانەت بەشێوازی جۆراوجۆر لەلایەن بەرپرسانی هەریەکە لەپارتی و یەکێتیەوە ئاماژە بە گەڕانەوە بۆ دووئیدارەیی دەکرێ و لە راپۆرتی "گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان"یشدا کە 2015/5/12 بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بۆدوورکەوتنەوەی یەکێتی و پارتی و تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان دەکات. بەم پێیە ئاسۆی سیاسی کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبانەی بۆرژوازی کورددا رووی لە تاریکی و لێڵی و کارەساتی زیاترە کە ئاکامەکەی کارەسات و قوربانیبوون و تێکچوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئایندەیانە .

بەڵام سەرباری ئەو دیوە تاریکەی کۆمەڵگای کوردستان کە بۆرژوازی کوردو حیزب و دەسەڵاتەکەی خوڵقاندویانە، دیوێکی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستانە لەپێناو ژیان و گوزەران و ئایندەیەکی رووناک و گەش و یەکسان. ئەگەرچی لەئێستادا بەهانەی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە فشارێکی نەفسی بۆسەر خەڵک و دروستکردوەو نارەزایەتیەکانی بەشێوەیەکی کاتی کپ کردوە، بەڵام ناتوانێ تاماوەیەکی درێژتر ئەم بەهانەو فشارانە بەسەر سەری خەڵکەوە رابگرێ. سەرەنجام نارەزایەتی خەڵک لەدژی بێمووچەیی وبێمافی و پشێلکاریەکان و خۆدزینەوەی دەسەڵاتداران و لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خەڵک رێگای خۆی دەکاتەوە و ئاسۆیەکی دیکە دەخاتە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان. سەرەڕای ئەوەش، ئەگەرچی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و

هێزە چەکدارەکانی ڕێگربون لەوەی شەڕ لەگەڵ داعش ببێتە شەڕیکی سیاسی- چەکداری جەماوەری خەڵک کە دەیتوانی لێبڕاوانە جەنگی داعش بکات و بە شکستی بکێشێ، هەروەکو لە کوبانی رویدا، بەڵام نەیانتوانی جەماوەری خەڵک لە جەنگی فکری-سیاسی دژی داعش و بیروبۆچوون و فکری داعش و ئیسلامی سیاسی دوور بخەنەوە کە لەئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا لەئارادایە. ئەمەش دەتوانێ لایەنێکی پۆزەتیڤی خەبات و ئامادەیی خەڵک بێت بۆ دەخالەتی سیاسی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بە قازانج و لەبەرژەوەندی خۆی .

بەرەچاوکردنی ئەو مەسەلانەی ئاماژەیان پێکرا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پروای وایە کەبەدیل و ڕێگاچارەکانی بۆرژوازی ئاسۆیەکی روون و ئینسانی ناخەنە بەردەم کۆمەڵگای کوردستان، بەڵکو لە کارەسات وماڵوێرانیدا نوقمی دەکەن، بۆیە هەرجۆرە ئاڵوگۆرو پێشرەویەک بە ئاقاری دابینبوونی ماف و ئازادیەکانی جەماوەرو کۆتاپهێنان بەهەلومەرجی کارەساتباری ئێستاو پێشگرتن بە تاریکتربوونی ئایندەی خەڵک، تەنها بەهاتنەمەیدانی هێزی رێکخراوو خەباتگێرو بەرێخستنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەو سەربەخۆی سیاسی خۆیان مەیسەر دەبێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لەو ئاراستەیەدا کاربکات و نەخش و دەوری شایستەی خۆی لە ئامادەکردن و هەڵخڕاندنی هێزی شۆرشگێرانەی خەڵکدا ببینێت .

لەوبارەوە حیزب پێیوایە کە :

_1ئەو هێزەی دەتوانێ لێبڕاوانە شەڕی داعش بکات و پاکیان بکاتەوە، هێزی بەرگری جەماوەری چەکداری کوردستانە و پێویستە هەوڵەکان بە ئاقاری پێکهاتنی ئەوهێزەو هەڵگرتنی رێگریەکانی بەردەم دروستبوونیدا چڕبێتەوە. پێویستە کوردستان لەناو ئەو بلۆکبەندی و دابەشبوونە ناوچەییە بهێنرێتەدەرەوەو راستەوراست خەڵکی کوردستان بچێتە جەنگێکی شۆرشگێرانەوە لە دژی داعش. لەوبارەوە حیزب هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕو پێشوازی لەهەر هەوڵ و هەنگاوێک دەکات کە بەو ئاراستەدا کاربکات .

_2بەرێخستنی جەنگێکی فکری و سیاسی لە دژی داعش و ئیسلامی سیاسی کە هەرئێستا لەکوردستاندا زەمینەی لەباری هەیە. لەوبارەوە سەرباری هەوڵەکانی خۆی بۆ بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری لە بەرامبەر داعش و ئیسلامی سیاسیدا، حیزب لەپاڵ هەموو ئەو هەوڵ و بزوتنەوەو رێکخراوانەدا رادەوەستێ کە گۆشەیەک لە گۆشەکانی ئەم جەنگە فراوانە فکری و سیاسیە لە ئەستۆ دەگرن و لێبڕاوانە لەم سەنگەرەدا رادەوەستن .

_3سەرەنجام بارودۆخی شێواوو بێسەرەوبەری سیاسی و ئابوری ئێستاو هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە رۆژانە یەخەی خەڵکیان گرتووە بەردەوام ژیان و ئایندەی خەڵکیان لەناو قەیران و کێشەی لەکۆتایی نەهاتوو داناوە، پێداویستی رێگاچارەی دەستبەجی دەخاتە بەردەم چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنسیتی کرێکاری. ئەگەرچی سەرەنجام ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بنەڕەتی لەژیانی ئابوری و سیاسی خەڵکی کوردستاندا لەرێگای بەرپاکردنی شۆرش و دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکارەوە مەیسەر دەبێ کە ئایندەیەکی روناک و یەکسان و ئازاد بەرووی سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستاندا دەکاتەوە، بەڵام چینی کرێکار لە ڕەوتی ئامادەکردنی پێداویستیەکانی شۆرشدا، پێویستی بەوە هەیە کە رێگایەکی خێراو عەمەلی بخاتە بەردەم کۆمەڵگا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پروای وایە کە کۆتاییهێنان بە تاڵان و پرۆی قوتی خەڵک لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردستانەوە بەبیانوی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، پرینی بیانوەکان و دەرهێنانی کوردستان لەو گێژاوو بنبستە سیاسی و ئابوریەی تێی کەوتوەو هەروەها رزگارکردنی خەڵک لە هەڵواسران لەنێوان ململانێ و کێشمەکێشی دەسەڵاتێکی بێئاسۆی بۆرژوازی کوردو حکومەتی ناوەندی، و ئەو هەموو گرفت و کارەساتەی روبەرووی خەڵکی کوردستان دەکرێتەوە، زەرورەتی دەستبەجێی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کردۆتە ئەولەویەتی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان. لەم پێناوەدا حیزب لێبڕاوانە کاردەکات بۆ ئامادەکردنی توانایەکان و رێکخستنی ریزەکانی جەماوەری خەلکی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخەو شکاندنی تەوقی گریدانەوەی ئاسایش و ئارامی و ژیان و ئایندەیان بەدیار ریگاچارەکانی ئەحزابی بۆرژوازی کوردو دەوڵەتانی ناوچەکەو ولاتانی ئیمریالیستیەوە.حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان تێدەکۆشێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

20-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

جۆری دۆکومێنت: •••زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 89

## بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140410122596934

تەنها بایکۆت بەس نیە، پێویستە بەر بەم گاڵتەجاڕییە بگرین!
لە ساڵی 1992ەوە تا ئێستا ئەحزابی میلشیایی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد چەندین سیناریۆیان بەناوی هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵکی کوردستان بەرێخستووە. هەموو جارێکیش گوایە ئەوانە دەرفەتێک بوون بۆ خەڵکی کوردستان تا نوینەرانی راستەقینەیان بچنە دەسەڵات و خواست و ئاوات و ئامانجەکانیان بەدیبهێنن. هەرجارەی بە کۆمەڵیک بەڵێن و پروپاگەندەی چەواشەکارانە جەماوەرێکی خۆشباوەریان بردووەتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان. بەڵام دەسەڵاتداریتی ئەم حزبە بۆرژوازیانە، کە بەدەنگدان و بەبێ دەنگدانی خەڵک، بە زەبری میلیشیاکانیان خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، نەک هەر بەلای بەڵێنەکانی خۆیان و خواستەکانی خەلکدا نەچوون، بەڵکو خەڵکیان تورەترکردووەو هەموو جارێکیش ئەوەیان سەلماندووە کە سیناریۆی هەلبژاردن تەنها وەکو پاساویک بۆ شەرعیەتدان بە دەسەلاتی لە پێشەوە داسەپاوی خۆیان بەرپا دەکەن.
ئەوەی پێی دەڵین هەڵبژاردن تەنانەت بە پێوەرەکانی هەلبژاردنی بورژوازیش لێکچوونی لەگەل هەلبژاردندا نیە، بەڵکو مەیدانیکە بۆئەوەی ئەحزابی میلشیایی بە زەبری چەک و هەڕەشەی نانبرین و بەبارمتەگرتنی موقەدەراتی خەڵک و بڵاوکردنەوەی خۆشباوەری و چەواشەکردنی خەڵک، پێشبڕکێ بکەن لەسەر وەرگرتنی پەنجە مۆری خەڵک بۆ دیاریکردنی بەشی هەرکامیان لە دەسەڵات و تاڵانوبرۆی بێسنوری داهاتی کۆمەڵگاو راگرتنی ژیانی خەلک لە کارەساتدا. بەڵام تەنانەت لەم بارەیەشەوە پابەندی ئەنجامی سیناریۆکان و دەنگی خەڵک نەبوون، بەڵکو راستەوخۆ لەسەر بناغەی هاوسەنگی هێزی میلیشیایی و هێزی ئابوری بەرهەمی تاڵانکردنی سامانی کۆمەڵگا، سات و سەودایان لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی کۆمەڵگا کردوەتەوە.
زیاتر لە 6 مانگ بەسەر سیناریۆی هەڵبژاردنی پێشوویاندا بۆ پەرلەمان تێپەردەبێت، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوی هەموواندایە ئەوەیە کە هەر خودی لایەنە بەشدارەکانی ئەو گاڵتەجاڕیە هیچ شەرعیەتێکیان بۆ ئەو دەنگدانە نەهیشتەوە. دوای 6 مانگ لەبری جێبەجێکردنی بچوکترین ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکیان دابوو، سەرقاڵی ساتوسەودان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی دەسەڵات و داهاتی کۆمەڵگا لەنێوان خۆیاندا. هەموو بەڵێنی خۆشگوزەرانیان بەخەڵک دەدا، کەچی مووچەی کرێکاران و کارمەندان و خانەنشینان و کەم ئەندامان نادەن! بەڵێنی باشتربوونی ژیانی خەڵک و خزمەتگوزاریەکانیان دەدا، بەڵام ئەوەی هەشبوو بەرەو داشکان برا. بەڵێنی ئازادیان بەخەڵک دەدا، بەڵام ملهورانەتر رەخنەگرانی تاڵانوبرۆیان تیرۆرکردو پووچیی دادگاو یاساکانی خۆشیان ئاشکراتر کرد.....کەچی وا دیسان بەردەرگایان لەو خەڵکە گرتووەو داوایان لیدەکەن بینەوە بە ئەکتەری دۆراوی نمایشێکی دیکەی گاڵتەجارانەی ئەوان.
لە سیناریۆی هەڵبژاردنی ئەمجارەشیاند کە هاوکات بۆ پەرلەمانی عیراقیشە، دیسانەوە ئەم حزبانە خەڵکی کوردستان بەوە دەترسێنن کە ئەگەر مالکی و ناسیۆنالیزمی عەرەب دەستڕۆیشتووتر بن، زۆر لەوە خراپتر بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەهێنن کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد هێناویانە. پەرلەمانی عیراق کە هەمیشەو هەر لە دوای بەناو هەڵبژاردنی

پیشووەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی میلیشیایی قەومی–ئیسلامی نوری مالکدا مانایەکی نەماوەتەوە، تەنانەت نەیتوانیوە وەکو ڕوخسارێکی کارتۆنیش ڕۆلی خۆی بگێڕێت، زۆر لەوە کەمترە کە بتوانێ ببێتە زامنی پاراستنی خەڵکی کوردستان لە داهاتویەکی خراپتر. ئەوەی ئەحزابی بۆرژوازی کورد(بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە) مەبەستیانە، لە راستیدا هەر ئەوەیە کە مسۆگەرکردنی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری پەنجەمۆری خەڵکی کوردستان، دەتوانێ کارتێکی فشار بێت بە دەستیانەوە بۆ دریژەدان بەو فیدراڵیزمە قەومیەی کە لەلایەکەوە چوارچێوەیەکە بۆ مسۆگەرکردنی بەشی خۆیان لە دەسەلات و سەروەت، لەلایەکی تریشەوە کۆڵەکەیەکی دەسەڵاتی میلیشیایی داسەپاویانە بەسەر خەڵکی کوردستاندا. بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان جگە لەمەینەت و دەردەسەری و نەهامەتی هیچ دەسکەوتێکی نیە.
ئەمە هەڵبژاردن نیە، بەڵکو سیناریۆیەکە بۆ شەرعیەتدان و بەردەوامی بە دەسەڵاتی داسەپاوی ئێستا. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش، لەگەڵ ئەوەی پێویستە بە بەشداری نەکردن و بایکۆتکردن، ڕێگا لەوە بگرن کە دەنگیان وەکو پەنجەمۆر بۆ ئەم دەسەڵاتە سەپێنراوە لە دژی خۆیان و ماف و بەرژەوەندیەکانیان بەکاربهێنرێت، هاوکات پێویستە بە ئیرادەی هوشیارانەو شۆڕشگیرانەی خۆیان سنوریک بۆ ئەم یاریکردنە بە موقەدەراتی خۆیان دابنێن. دەرگا لەبەردەم ئەوە داخەن کە ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستی و ئیسلامیانە هەروا بەردەوام بە ناوی هەڵبژاردنەوە نمایشی فریوکارانە بەرپابکەن و جەماوەری خەڵک بکەن بە ئەکتەری گاڵتەجاری نمایشەکانیان بۆ زاخاودان و داپۆشینی ماهیەتی دەسەڵاتیک کە بزوتنەوەی 17ی شوباتی لە خوێن هەڵکێشاوە، کاری قورسی کرێکارانی بەهەرزانی ڕاگرتووەو مەیدانی کاری لێکردون بە کوشتارگا، لایەکی دانیشتوانی بێکارکردوە، یاسای کۆیلایەتی و ئەنفالکردنی ژنانی سەپاندووە، شەریعەتی تاڵیبان و مەلا دەست خوێناویەکانی ئیران و سعودیەی کردوە بە بنەمای یاساو دەستوری وولات، دەسەڵاتی کردوە بە میراتی بنەماڵە و ئامرازی تاڵانکردنی داهاتی کۆمەڵگاو قەڵای سەروەتی کەمایەتیەک سەرمایەدار لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوان.
هەلبژاردن تەنانەت بە شیوە بورژوازیەکەشی کاتێک دەکرێت مانای هەبێت کە ئەحزابی میلیشیایی لە چەک داماڵرێن و دامودەزگای سەرکوتیان هەڵوەشیت، بۆئەوەی نەتوانن بە زەبری چەک و هەرەشە پەنجە مۆری خەڵک وەربگرن. لە بە تاڵان بردنی داهاتی کۆمەلگا دەسکۆتا بکرێن و ئەوەی بردویانە لێیان بسەنرێتەوە بۆئەوەی نەتوانن بە زەبری بەبارمتەگرتنی پارووی دەمی خەڵک دەنگییان زەوت بکەن. یا لە مەیدانی واقعدا پابەندی ئەنجامی دەنگدانی خەڵک بن، نەک بڵێن "دەنگ بهێنین یان نەیهێنین دەسەڵات هەر هی خۆمانە!"، بەکردەوەش هەر وا بکەن. ئەگەر ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستی و ئیسلامیانە مل بەم پێشمەرجانە نادەن، ئیتر هەڵبژاردنێک لەئارادا نیەو جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانیش ریگایەکی تریان لەبەردەمدا نابێ جگە لەوەی کە بە بزووتنەوەی 17ی شوباتیکی تر، کە خاوەن ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەو رابەرییەکی لێبراوی سۆسیالیستی بێت و سەرجەم مەیدانەکانی کارو زانکۆکان و گەڕەکەکان بکات بە مەیدانی ئازادی، دەسەڵاتی داسەپاوی ئێستا لەسەر کۆمەڵگا وەلابنێت و دەرگا بەرووی هەلومەرجێکی وادا بکاتەوە کە ئیرادەی راستەقینەی خەڵک لە کەشوهەوایەکی بەراستی ئازاد دا سیستەمی حوکمرانی و دەسەڵاتی راستەقینەی خەڵک دامەزرێنێ و کۆتایی بەو گێژاوە سیاسیەی کوردستانیش بێنێ کە بەهۆی بەستنەوەی کوردستان بە عێراقەوە لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی نەتەوەیدا گیرۆدەی بووە. دەسەڵاتێک کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات.
بایکۆت و ئیفلیجکردنی ئەم گاڵتەجاریەو ئەم پرۆسە فریوکارانەیە دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بێت لەرێگای بەرپاکردنی ئەو 17ی شوباتەدا. سەرجەم جەماوەری ئازادیخواز لەسەریانە بەشداریەکی بەرپرسانەو چالاکانەی تیا بکەن، دەنا دواتر کاتێک، وەکو هەمیشە پەنجەی خۆیان دەگەزن و ئاخی پەشیمانی هەڵدەکێشن، کە تازە بە ڕۆڵی خۆیان بەشداریان کردوە لە گرفتارکردنی خۆیان و کۆمەڵگادا. نابێ لەوە زیاتر ریگا بەم یاریکردنە ناشیرینە بە هەست و ویست و دەنگی خۆتان بدە!
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
9/4/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 90

# بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت توندبوونەوەی بارگرژی سیاسی لە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20131116144120878 20

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا، پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی، بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆران، بارگرژیەکی توندی بەخۆوە گرتوە. بزوتنەوەی گۆران لەسەر زەمینەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، چاوەڕوانی ئەوە بوو کە جێگایەکی لە دەسەلاتدارێتی کوردستان پێبپرێت و ئەو بەڵێنەی دابووی بە وەرگرتنی دەسەڵات لەرێگای هەڵبژاردنەوە، بە کردەوە دەربهێنێ. بەدەستهێنانی دەنگی دووەمی هەڵبژاردنەکانیش دەکاتە بەڵگەی کێشە و بانگەشەکانی. بەڵام دوای نزیکەی دوو مانگ لە تەواوبونی هەڵبژاردن، ئەم چاوەڕوانیەی گۆران لەبەر قاپی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردن، بەرەو کاڵبونەوەو بێئومێدی دەچێت. جارێکی دیکە ئەو راستیە خۆی دوپاتکردەوە کە میکانیزمی ئاڵوگۆری دەسەڵات نەک سندوقەکانی دەنگدان، کە گۆران و نەوشیروان مستەفا بانگەشەیان بۆدەکرد، بەڵکو هەمان یاساکانی هاوسەنگی هێزی میلیشیایی و چەکداریە.

ئەم بارودۆخەش بزوتنەوەی گۆرانی تووشی سەرەگێژی کردوەو بەدوای رێگایەکدا دەگەڕێ لەو گێژاوە رزگاری بێت. هەربۆیە هەڕەشەی هاندانی خەڵک بۆ هاتنە سەرجادە و بانگەشەی خاوەندارێتی دەسەڵاتی سلێمانی لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوەبەمەبەستی ناچارکردنی هەردوو هێزی دەسەڵاتداری کوردستان(پارتی ویەکێتی)یە بۆ قبوڵکردنی بزوتنەوەی گۆران وەکو شەریکە دەسەڵات و هەوڵێکە بەئاقاری دەربازبوون لەو تەنگژەیەی تێی کەوتووە.

یەکێتی نیشتمانی، کە بانگەشەکانی بزوتنەوەی گۆران زیاتر یەخەی ئەو دەگرێت و گۆرانیش خۆی بە میراتگری دەسەڵاتی ئەو دەزانێت، خۆی بۆ روبەڕووبونەوەی باری نائاسایی ئامادە دەکات تا لەورێگایەوە پارێزگاری لەدەسەڵاتەکەی بکات و شەراکەتی لە دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ پارتیدا درێژە پێبدات. پارتیش لە زمانی مەسعود بارزانیەوە، کە یەکێتی بە هاوپەیمانێکی ستراتیژی و متمانەپێکراوی دەسەڵاتی خۆی دەزانێ، هەوڵەکانی گۆران بە داڕمانی ناوچەی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان ناودەبات و بە هێڵی سوری دادەنێت. پارتی ئامادە نیە دەستبەرداری یەکێتی بێت و بە ئاسانی مل بە مەرجەکانی هێزێکی وەکو بزوتنەوەی گۆران بدات کە جێگای متمانەی نیە و ناتوانێ وەکو شەریکی دەسەلاتی خۆی پەسەندی بکات.

هەردوو لایەنی ئیسلامیی ئۆپۆزیسیۆن، خۆیان بە هاوبەشی گۆران نابینن لەم سیاسەتەیدا، لەبەرئەوەی کە گۆران بە بێئەوان چوەتە ئەم شەڕی دەستبەسەراگرتنەی سلێمانیەوە، کە دڵنیا نین چ جێگایەکیان لە دەسەڵاتەکەی گۆراندا پێدەبرێ! لەلایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە بەهێزترە لە دەسەڵاتێکی واقعیدا کە هەرئێستا هەیەو لە لایەن پارتی و یەکێتیەوە بەشدارییان پێبکرێت. ئەمەیان بۆ ئیسلامیەکان بەقازانجترە تا گرەوکردن لەسەر دەسەڵاتی نادیاری گۆران لە بەشێکی کوردستاندا!

ئەوەی ئاشکرایە ئامانجی سیاسی و ئەجێندای هەریەکە لەو لایەن ناکۆک و دژ بەیەکانە، هەرچۆن بێت و بەهەر ئاکامێک بگات، پاروویەک بۆسفرەی هەژاران زیاد ناکات، دەرفەتێک بۆ ئازادیەکانی خەڵک فراوانتر ناکاتەوە، هەنگاوێک ئارامی و هێمنی بۆ ژیانی خەڵکی سلێمانی و کوردستان ناباتە پێشەوە. بەڵکو هەلومەرجێکی پر لە نیگەرانی و دوودڵی و مەترسیداری بۆ خەڵک پێکهێناوە.

ئەگەرچی لەئێستادا بەرژەوندیەکانی سەرمایەو پاراستنی جێگری سیاسی و دابینکردنی ئارامی بۆ سەرمایەو کۆمپانیاکان فشاری جدی بۆ سەر ئەو هێزە ناکۆک و دژ بەیەکانەی بۆرژوازی دروستکردوە و رێگایان پێنادات بە ئاسانی بارودۆخی سیاسی بشێوێنن، بەڵام ئەزمونی رابردووی ئەم هێزانەو خەسڵەتی میلیشیایی و نابەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە ژیان و ئارامی و ئایندەی خەڵک ئەو چاوەڕوانیەیان لێدەکرێت کە لەحالەتی بنبەستی قەیران و ئیمکانی رێکەوتنی نێوانیان

کارەسات بخوڵقێنن .
بەرژەوەندی خەڵک و ژیان و ئایندەیان، ئارامی و ئاسایشیان لەناو هەراو ململانێی هیچکام لەو لایەنانەدا دابین نابێت. باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک، بەهرەمەندبونیان لە ئازادی، کەمبوونەوەی دەسەڵاتی میلیشاو بنەماڵەیی لە بەرنامەو سیاسەت و شەڕو ململانێکانی ئەو حیزبانەی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییدا مەیسەر نابێت، بەڵکو بەخەباتی رێکخراوو سیاسی هوشیارانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازانی کوردستان بەئاکام دەگات. بە کۆبونەوە لەدەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەدی دێت کە سیاسەت و کارو پراتیکی خۆی بۆ گەیشتن بەو خواست و ئامانجانەی ئەوان تەرخان کردوە .
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
16-11-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 91

## بەیاننامەی دەستەی راگەیاندنی کەمپینی نا بۆ گرانکردنی کارتی مۆبایل

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080114221985798

بەڕێزان، دوای ئەوەی کە حکومەتی فیدڕاڵی عیراق بەمەبەستی پرکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە لەبودجەی ئەمساڵدا رووبەڕوی بۆتەوەو لەچوارچێوەی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەکردنی قەیرانی دارایی، وەزارەتی دارایی عیراق، پریاریدا باج بخرێتە سەر چەند بەرهەمێکو لەو نێوەندەشدا پریاریدا باج بخاتە سەر کارتەکانی مۆبایلو ئەنتەرنێت، بەڵام جێگای داخە سەرباری گرژی لەپەیوەندییەکانی هەردوو حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان، لەم کاتەدا کە هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین قەیرانەوە دەناڵێنن، جێگای داخە بۆ زۆر شت هەرێم پابەندی ناوەند نییە، کەچی دێت هاوشێوەی بەغدا نرخی کارتی مۆبایل لەسەر هاونیشتیمانان زیاد دەکات، بۆیە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مایەی قبوڵکردن نییەو روونکردنەوەکەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هرەێمی کوردستانیش بەهەموو شێوەیەک پێچەوانەی مافەکانی هاوڵاتیانی هەرێمە لەم کاتەدا، بۆیە ئێمە لێرەوە لەرێگەی راگەیاندنی کەمپینێک هەوڵدەدەین لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم وەک (نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان)و (رێکخراوە مەدەنییەکان)و سەرجەم (دەزگاکانی راگەیاندن) ئاگاداربکەینەوە کە ئەوەی پێویست بێت بۆ رێگرتن لەگرانکردنی کارتەکانی پەیوەندیکردنو تەنانەت خۆپیشاندانی مەدەنیانە لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەیگرینە بەرو رێگانادەین هەر رۆژە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان باجی سیاسەتی هەڵەو ئارەزومەندانی کۆمپانیاکان بدات.
دەستەی راگەیاندنی کەمپینی نا بۆ گرانکردنی نرخی کارتی مۆبایل
01-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ‌زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 92

# بەیاننامەی رۆژنامەنووسان و چالاکوانانی کفری سەبارەت بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131206201840873 82

لەکاتێکدا، هێشتا خوێنی هەردوو ڕۆژنامەنووس سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان وشک نەبونەتەوە و هەموو لایەک چاوەڕێی ئاشکرا کردنی ئەنجامدەرانی ئەو دوو تیرۆرە بووین، کەچی جارێکی تر، بە تەحەدای دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکانی ئەم وڵاتەوە، خوێنی ڕۆژنامەنووسێکی تر حەڵاڵ ئەکرێت و بە ئاشکرا تیرۆر ئەکرێت..
ئێمەی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مەدەنی شاری کفری، لەگەڵ بەتوندی ئیدانەکردنی ئەو کردە نامرۆڤانە و ناشەریفانەی تیرۆرکردنی هاوڕێ و هاوپیشەمان (کاوە گەرمیانی)دا، کە بە بەرچاوی دایکییەوە و لەناو ماڵەکەی خۆیدا دەستی ڕەشی شەمشەمە کوێرانی دەگاتێ و شەهید دەکرێت، ئیدارەی گەرمیان و دەزگاکانی ئاسایش لە گەرمیاندا ئەخەینە بەردەم بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی بەپەلەی ئەنجامدەرانی ئەو کارەوە .
دادگاکانی گەرمیان و داواکاری گشتیش نابێت بێ دەربەست بن لەم تاوانەدا و بێدەنگی هەڵبژێرن، بەڵکو پێویستە ئەو سکاڵا و کەیسانەی ڕۆژنامەنووسی تیرۆرکراو کە ئێستاش لە دادگایە و هەڕەشە لێکردنەکانی پێشتری، بکرێن بە بنەمای لێکۆڵینەوە..
داوا لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و هەموو هاووڵاتیانی هەر ناوچەیەکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش ئەکەین، هاودەنگی خۆیان بە چالاکی جۆراوجۆری مەدەنی بخەنە ڕوو و هەموو لایەک ڕوو لە کاربەدەستانی ئەم وڵاتە بکات، کە هەرچی زووە، ئەو کەسانەی دەستیان چووە خوێنی کاوە گەرمیانی، بدۆزرێنەوە و بخرێنە بەردەم حوکمی قانون، چونکە ئەگەر ئەم کەیسە پەردەپۆش بکرێت، هیچ ڕۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستێکی تر دڵنیا نییە لەوەی لەبەرامبەر دەربڕینی هەر وشەیەکیدا، فیشەکێکی پێوە نەنرێت.
بە ئیمزای:
-1سامان کەریم
-2هێمن عەدنان
-3سەلاح محەمەد
-4هەرێم جاف
-5ئیحسان مەلا فوئاد
-6عەلی فوئاد
-7خالید عەبدولکەریم
-8هونەر عەدنان
-9شوان جەلال
-10ڕۆڤان سەروەت
-11فاتیح سەلام
-12ڕفعەت محەمەد
-13تانیا سەعید
-14دیار جەمال
کفری
6-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 93

## بەیاننامەی ڕێکخراوی تاکۆ لەبارەی دواخستنی مووچەی توێژەران و مامۆستایان و کارمەندان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140202142612 12352

بەروار : 01-02-2014

بەیاننامەی ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی دواخستنی مووچەی توێژەران و مامۆستایان و کارمەندان

ڕێکخراوی تاکۆ: لەسەروبەندی دەرهێنان و هەناردەی نەوتی کوردستاندا چاوەڕوانمان دەکرد مووچەی توێژەکان زیادبکات نەک دوابخرێت

ئێستا فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نائاساییدا تێدەپەڕن، سەرەڕای بەجێهێنانی ئەرکەکانیان کەچی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مافەکانیان پێ نادرێت یان دوادەخرێت، کەئەوەش بێڕێزییە بەرامبەر بەهەموو کارمەندان .

ئێمە و خەڵکی کوردستانیش چاوەڕوانمان دەکرد، بە دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان، ژیانمان باشتربێت و مووچەکانمان زیاتر بکرێت، کەچی تازە حکومەتی هەرێم چاوەڕوانی حکومەتی بەغدایە، بۆئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی بۆ بنێریت؟

ئێمە باوەڕمان وایە دواکەوتنی لەوە زیاتری موچەی فەرمانبەران، کێشەی ئابووری زۆری لێدەکەوێتەوەو دواجار سەردەکێشێ بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی و تاکەکانی ئێمە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی تری بژێوی دەکەوێتە بارێکی نالەباری دەروونی، هەر لەم سۆنگەیەوە داواکارین ئەمە دووایەمینجار ئەم حکومەتە بێت کە هەقی کاری فەرمانبەرەکانی دوابخات لەوە زیاتر کێشە بۆ تاک و هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە زیاتر بکات، چونکە خەڵکی کوردستان لەوە زیاتر چاوەڕوانی دواکەوتنی مووچەکەی ناکات و هەڵوێستی توندی دەبێت، بۆیە داواکارین ئەم حکومەتە لەوە زیاتر قەیران و کێشە نەخوڵقێنێت.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن
لەتیف حسێن بە بەرپرسی ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان
07701572542

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 94

## بەیاننامەی ڕێکخراوی چاک لەسەر یادی 27 ساڵەی جینۆسایدی ئەنفال

http://www.kurdipedia.org/?q=20150414103407694433

لەدوای تێپەڕ بوونی 27 ساڵ بەسەر جینۆسایدی ئەنفالدا، یادی زامێکی بەسۆ، سارێژ نەبووی گەلەکەمان دەکەینەوە، وشەی ئەنفال جێکەوتێکی زۆر تایبەت و بە ئازاری لە ناوکۆمەڵگەی کوردستاندا و لەبیرو لێکدانەوەیاندا گرتووە، گەورەیی و دڕندەیی تاوانەکە لەبیرەوەری مرۆڤەکاندا یەو ئێشێکی هەتا هەتایی لەگەڵدایە، خەڵکی کوردستان لێکدانەوەی تایبەتیان بۆ چەمکی ئەنفال هەیە، ئەنفال واتای کوردکوشتنی وەرگرتووە یان ڕێک لەجیاتی وشەی جینۆساید. بەشێوەیەک هەموو تاوانەکانی کوردکوژی دەگرێتە خۆی، لەکاتێکدا زۆرێک لەوتاوانانە پێش ساڵانی 1988 ڕوویانداوە، وەک کوشتو بڕی حەرەس قەومیەکان، بۆردومانی قەڵادزێ، پاکتاوی فەیلەیکان و بارزانییەکان، دەرسیم و قاڕنێ و قەڵاتان، لەگەڵ کوردکوژییەکانی ساڵی 1988، کیمیا بارانی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان و شاڵاوەکانی ئەنفال.

ڕژێمی بەعسی رووخاو سەرکەوتنێکی کاتی وەدەستهێنا، بەڵام نەیتوانی ئامانجە دوورەکانی بەدی بهێنێت لەکوردستان، ئەم تاوانە گەورەیە کە دەرهەق بەگەلی کورد کرا لە دادگای باڵای تاوانەکان لە رۆژی 2007/6/24 بە جینۆساید ناسێنرا، هەروەها دواتر لەپەرلەمانی عیراق پەسەند کرا، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو بڕیارانەی دادگاو پەرلەمانی پەسەند کردوە، بەڵام جێگای سەرسوڕمانە تائێستا حکومەتی بەناو فیدراڵی عیراق هێشتا بەشێوەیەکی فەرمی دانی نەناوە بەوبڕیارانەی تایبەتن بە تاوانی ئەنفال، کە کۆمەڵێ بڕگەی لەگەڵدایە وەک قەرەبووی زیان لێکەوتوان، دادگایای تاوانبارانی ئەنفال، هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی رووفاتەکانیان، لەگەڵ باشتر کردنی گوزەرانی کەسوکاری قوربانیان، بەپێ هەموو یاساو رێساکان حکومەتی عیراق میرات گری حکومەتی پێشوە و پێوستە پابەندی ئەو بڕیارانەبێت، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەت و دەسەڵاتی کوردیەوە تا ئێستا یەک تاکە وشەش لەم بڕیارانە جێ بەجێ نەبووە.

بۆیە ئێمە وەک چاودێری کوردۆساید –چاک وەک هەمیشە پشتیوان و خەم خۆری کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید بووین جەخت دەکەینەوە و دەڵێن پێویستە حکومەتی بەغدا دان بە تاوانی ئەنفالدا بنێت و پابەندی خاڵ بەخاڵی بڕیارەکان بێت، هەروەها دەبێت حکومەتی کوردستانیش چیدی داواکاری کەسوکاری ئەنفال پشت گوێ نەخات و بکەرانی ئەنفال بەسزای خۆیان بگەیەنێن.

کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی بەغدا لەئاست تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی تردا وایکرد کە جارێکی تر جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی لەسەر دەستی هەمان بیرو تێز دووبارە بێتەوە، ئەگەری چەند بارە بوونەوەی هەیە.

سەرەرای دەرکەوتنی هەندێ ئاماژەی پۆزەتیف لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ بەرەوپێش چوون و ناساندنی کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بەتایبەت لە ساڵی 2015 دا لەدوای شاڵاوە دڕندانەو نامرۆڤانەیەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر کوردستان بەتایبەت و ناوجەکانی تری عیراق.

بۆیە وا پێوست دەکات کە رێکخراوەکانی بواری جینۆساید فشارەکانیان زیاتر بکەن لەسەر حکومەتی هەرێم تا نوێنەرایەتیەکانیان لە هەندەران هەوڵ بدەن بۆ بردنە پێشی ئەم کەیسە، شانبەشانی رێکخراوەکان و کەسانی دڵسۆزی کورد لە دەرەوە.

هەروەها پشتیوانی و پیرۆزبایی خۆمان دەردەبڕین بە بۆنەی داواکاری بەپارێزگا بوونی کەلارەوە لایەن کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە.

چاودێری کوردۆساید-چاک

14/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 95

# بەیاننامەی سەرکردایەتی باڵی چاکسازی حزبی سۆسیالست بۆ رای گشتی و جەماوەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140402104056685448

بەیاننامەی سەرکردایەتی باڵی چاکسازی حزبی سۆسیالست بۆ رای گشتی و جەماوەر
-هەڤاڵانی تێکۆشەری حزبی سۆسیالست
-بەڕێز پارت و لایەنە سیاسییەکان
-راگەیاندن و میدیاکان
وەک روون و ئاشکرایە لای حزب و جەماوەر بە گشتی کە ئێمە کۆمەڵێک لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە دوای شکستی هەڵبژاردنی 21-9-2013 بێدەنگیمان شکاندو باڵی چاکسازیمان راگەیاند لە 20-11-2013 بە فەرمی پرۆژەیەکمان ئاراستەی سکرتێر کرد بە مەبەستی چارەسەری قەیران و کێشە ناوخۆییەکانی حزب کە خۆی لە گەندەڵی و پاوانکردنی داهاتی حزب ونادادپەروەری وموزایدەکردن بە سەر ناوناو بانگی حزب و خوێنی شەهیدانەوە کۆتایی پێبهێنرێت،چونکە ئێمە پێمان وایە حزب دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی روون و ئاشکراو خاوەنی بەرنامەو ستراتیژی خۆی بێت نەک تەنها حزب بەرتەسک بکرێتەوە لە نێوان خودی سکرتێرو چەند کەسێکی نزیک کە تەواوی جومگەکانی ئەم حزبەیان پاوانکردووەو هیچ جیسابێک بۆ بیروڕای ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ناکرێت، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری بچوککردنەوەی ئەقڵیەتی سیاسی و لە دەستدانی متمانەی جەماوەری کورستان، بۆیە ئێمەی سەرکردایەتی باڵی چاکسازی بە ئەرکی بەرپرسیارێتی خۆمان هەستاوین لە دژی (گەندەڵی و نادادپەروەری و هەیمەنەی تاک شەخسی)، ئێمە وەک لە پرۆژەکەماندا هاتووە داوامانکرد با حزب لە قەیران رزگاربکەین و ئێمە رامانگەیاند ئیتر بەسە ناعەدالەتی و قوتدانی داهاتی حزب، وەهەوڵماندا حزب خاوەنی سیاسەت و ستراتیژ بێت و بیرو رای ئازادو رەخنەو پێشنیار سەرمەشقی کارەکان بێت نەک تەنها خودی سکرتێرو چەند کەسێک هەر خۆیان خاوەنی بریار بن و یاری بە سەروەری و مێژووی حزبەوە بکەن؟، وە ئێمە پێمان وایە ئەوە ئێوەن بە پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی حزبەوە کاردەکەن و پەیوەندی ژێر بە ژێرتان هەیەو بە ناوی حزبەوە لە چەندین شوێنی ترەوە بە نهێنی پارەو پول وەردەگرن و بۆخۆتانی دەبەن ئەوە ئێوەن بە پیچەوانەی پەیروی ناخۆی حزبەوە بە سەدان ئەندام کۆمیتە و کادری ئەم حزبەتان دەرکردو موچەو یارمەتیەکانتان پری ؟ ئەگەر ئاورێکی کورتیش بدەینەوە ئەوا چەندین مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەدان کادرو هەزاران ئەندام و راگەیاندکار بە ناچاری حزبیان بە جێهێشتووە تەنها هۆکاریش ئەوەیە کە محەمەدی حاجی محمودو کەسە نزیکەکانی دوور لە پێوەری حزبیانە رەفتاریان کردووە، بۆیە نە ئێمە ئەوە ڵ کەس بوینە نە ئاخرکەسیش دەبین و وەک چۆن لە رابووردوا 45 سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە پیلانی ئەمانە حزبیان بە جێهێشتووە.
وەسەبارەت بە راگەیاندنی(بەکۆمەڵ تەجمید کردنی) ئێمە بە هەموو لایەکی رادەگە یە نین کە هەڤاڵانی باڵی چاکسازی خاوەنی بریارو هەڵوێستی نەگۆری خۆیانن و خۆیشیان بە خاوەنی حزب دەزانن و ئەو بریارەش بریارێکی تاک رەوانەیە و هیچ شەرعیەتێکی نیە بە پێی پەیرەوی ناخۆیش بێت خۆیان لایانداوە لە سیاسەتی راستەقینەی حزب و جەماوەرەکەی، چونکە شکستی 21-9 سەلماندنی ئەو راستییە یە کە متمانەی جەماوەریان لە دەستداوە؟ وەپێمان وایە بەم بریارەشتان جارێکی تر شکستی پێشوەختەی خۆتان راگەیاندو بەم کارەشتان ناتوانن لە هێزو پرواو ئیرادەی چاکسازیمان کەم بکەنەوە، چونکە ئێمە لە سەر مافی هەڤاڵان و ئەو زوڵمەی لێیان دەکرێت هاتوینەتە دەنگ و پێتان دەڵێین سەرکەوتن بۆ ئێمەیەو شکستیش بۆ ئەوانەیە کە چاویان لە قوتی رۆژانەی خەڵکی حزبە و لەلایەکی ترەوە دەستیان داوەتە فشارو نانبرینی هەڤاڵانی باڵی چاکسازی وە هەوڵە کانتان لە بەرانبەر ئیرادەی چاکسازیخوازیدا شکست دەهێنێت.
وەدەبێت هەموو لایەک ئەوە بزانن کە پروامان بە پلەو پایە یەک نییە هیچ دەسەڵاتێکمان نەیێت و

خاوەنی بڕیار نەبین تیایدا. چونکە ئێمە هەریەکەمان کەسانی دێرین و تێکۆشەرو دڵسۆزی حزبوین، وە لە 3 کەسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی 2 کارگێڕی لە گەڵ باڵی چاکسازین وخاوەنی مۆڵەتی دروسبونەوەی حزبن، وە پێمان وایە هیچ دەسڵاتێک بۆ کەس نەماوەتەوە ئەوەی مایەی دڵخۆشییە و مایەی شانازیە بۆ ئێمە دروستبونی مێژوویەکە ئەویش بە گژداچونەوەی گەندەڵی و قۆرخکاریە،وەجارێکی تر و لەم بەیاننامەیدا جەخت لە سەرهەڵوێستی نەگۆری چاکسازیخوازانەمان دەکەینەوەو ریزەکانی خۆمان فراوانترو یەکدەخەین بۆ داهاتویەکی نوێ لە ژیانی سیاسی حزبدا و هەموو ئەگەرەکانیش لە بەردەمماندا کراوەیە لەو پێناوەدا کە تیایدا خواستە راستەقینەکانی هەڤاڵانی سۆسیالست بە دیبێت: لە گەڵ ئەوەشدا بانگەوازی خۆمان ئاراستەی هەموو هەڤاڵانی سۆسیالست دەکەین کە پشتیوانی و هەڵوێستی خۆیان دەرپرن بۆ بە هێزکردنی باڵی چاکسازی سۆسیالست.

لە کۆتاییدا سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان و سەربەرزی کەسوکارەکانیان

سەرکردایەتی باڵی چاکسازی سۆسیالست
1-4-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 96

## بەیاننامەی سەنتەری ئەنفال لە ساڵیادی شاڵاوی قۆناغی هەشتەمی ئەنفالی کۆتایی (بادینان(

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082610461989104

رژێمی بەعس لەدوای کۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی کەنداو لەگەڵ ئێراندا، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی وورەی تەپیووی سوپا دۆڕاوەکەی و تەواوکردنی دوانەخشەو پلانی ئەنفال لە 1988/8/25دا قۆناغی هەشتەمی ئەنفالی کۆتایی لە سنووری ناوچەی بادینان دەستپێکردو سوپایەکی نزیکەی (16) فرقە لە دەوروبەری شاری دهۆک کۆکردەوەو بۆردومانی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکەی کرد، دواتر بەفرۆکە بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی لە ئێوارەی رۆژی 24 ی ئاب لەچیای گارا و گوندی زێوەشکان بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی کیمیابارانکرد، لە ئەنجامدا (10) پێشمەرگە شەهیدبوون، بۆ رۆژی دواتر هێرشی زەمینی سوپا بۆ سەر شوێنە ستراتیژیەکانی ناوچەکە بۆ ئەم گوندانە دەستپێکرد برجینی و ئێکمالاو ناوچەی بەرواری و وەرمێلێ و تویکا و گوندەکانی شێرانە و ردینیا و سارکێ و هەردوو ناوچەی رێکان و نێروەی و بەرکەڤرێ و وەرمێلی و بلێجانێ و بانێیان کیمیابارانکرد، لەم شاڵاوەدا دەیان هاووڵاتی بەرکەوتن و نزیکەی (160) هەزار هاووڵاتیش بەرەو سنورەکانی تورکیا ئاوارەو دەربەدەر بوون ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت و لە ئۆردوگاکانی (موش و دیاربەکر و مێردین) نیشتەجێکران، خەڵکێکی زۆریش دەستگیرکران و رەوانەی قەڵا سەربازیەکەی نزیک دهۆک و گرتووخانەی سەلامیەی موسڵ کران، ژمارەیەکیشیان بۆ تۆبزاوەی کەرکوک گواسترانەوە و پاشان بێسەروشوێنکران، رژێم لێبوردنێکی ساختەی راگەیاند بەمەش ژمارەیەک هاووڵاتی گەڕانەوەو خۆیان بەدەستەوەدا، دواتر دەستگیرکران و رەوانەی ئۆردوگاکانی (بەحرکە – جەژنیکان) لە سنوری پارێزگای هەولێر کران و لە دەشتێکی وشک و چۆلی بێ خزمەتگوزاری دانیان، بەمەش رۆژانە خەڵک بەهۆی گەرماو نەخۆشی و بێ ئاو و کارەباو بەدخۆراکی دەمردن، دواتر خەڵکی بە ئەمەکی شاری هەولێر وەک پیشەی هەمیشەیی خێرخوازیان بەدەم براو خوشکانیان چوون بەهانایان هاتن و کۆمەک و هاوکاریان کردن و وەک چۆن

ئیمڕۆ هاوکاری برا ئاوارەکانمان لە کوردانی ڕۆژئاوا دەکەن بەهەمان شێوە بەدەم براو خوشکەکانیان لەبادینان چوون و هاوکاریان کردن بەپێی بەڵگەنامەکانی راپۆرتی فەیلەقی پێنج لەماوەی 25 ی ئاب تا 15 ی ئەیلول، لەم قۆناغەدا (664) گوندی سنووری بادینان سوتێنران و لەگەڵ زەوی تەختکران، زیاتر لە (1700) کەس دەستگیرکران و بێسەروشوێنکران. دواتر بەپڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ژمارە (36) لە 1988/9/6 کۆتایی بەشاڵاوی دوا قۆناغی ئەنفال هێنرا. ئێمە لە(سەنتەری ئەنفال) بەم بۆنەیەوە داوا لە هەردوو حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان دەکەین:

-1پڕیاری دەستگیرکردنی تاوانباران لەدادگای باڵای تاوانەکان دەرهەق بە موستەشارە ئەنفالچیەکان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو پێویستە رادەستی یاسا بکرێن و چیتر داڵدەنەدرێن. 2- پڕۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی رژێم بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بۆ ئەوەی کەسوکاری قوربانیانی بادینان و سەرجەم ناوچە ئەنفالکراوەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

-2کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەنفال لەئاستی نێودەوڵەتیدا بەجینۆساید بناسرێت. 4- روفاتی ئەنفالکراوانی ناوچەی بادینان لەبیابانەکانی خواروی عێراق بگەڕێندرێنەوە زێدی باپیرانیان و مۆنۆمێنتی تایبەتیان بۆ دروستبکرێت. لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەنفالکراوانی بادینان و سەرجەم قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال و بێسەروشوێنکراو و کیمیابارانکراوان و گشت شەهیدانی ڕێگای رزگاری گەلەکەمان. سەنتەری ئەنفال
هەولێر 2013/8/25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 97

## بەیاننامەی گرووپی زاموا دەربارەی شێوەی بانگەشەی لیستەکان بۆ هەڵبژاردن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130909140821888832

دوای هیواخواستن بە بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی رەوا و دوور لە کێشە، گرووپی زاموا بە پێویستی دەزانێت ئاگاداریەک لە شێوەی بەیاننامە بڵاوبکاتەوە دەربارەی شێوە بانگەشەی لیستەکان بۆ هەڵبژاردن.
بەڕێزان، سەرۆک لیست و بەرپرسی حیزبەکان، ئێمە وەک گەنجانی سەربەخۆ و بێ لایەن لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا هەستمان بە هەندێ خاڵی نەرێ کردووە کە هۆکارە بۆ خراپ نیشاندانی کۆمەڵگا و کولتوری کوردی هەم لای وڵاتانی دراوسێ و هەم لە رووی نێودەوڵەتیەوە. یەکێک لە و خاڵانە بریتیە لە بەکارهێنانی گەنجان لە بانگەشەکاندا بێ پێدانی رێنمایی و وتەی پێویست بۆ پاراستنی بارودۆخی هاوڵاتیان و دووربوون لە دەمارگیری حیزبی کە بەبێ رەچاوکردنی ئەوانە توندوتیژی نێوان لایەنەکانی تێدەکەوێتەوە و لەم نێوەندەشدا گەنجان زەرەرمەندی یەکەم دەبن، وەک لە و چەند ڕۆژەی رابردوو بینیمان.
بەڕێزان، کەژاوەی ئۆتۆمبێل راستە هۆکارێکی بەهێزە بۆ بانگەشەکردن بۆ لیستەکانی هەڵبژاردن، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند خاڵێکی نەرێی هەیە کە جێگای سەرنجی گشت خەڵکە لە ئێستادا، لەوانە : بێزارکردنی هاوڵاتیانی بێ لایەن، درووستکردنی رقە لای لایەنگرانی لیستەکانی تر، داخستنی زۆرێک لە ڕێگا گشتیەکانی ئۆتۆمبێل، لێکەوتنەوەی شەر و ئاژاوە. ئەوانەش لە کاتێکدایە کە ئەو کەژاوانە رۆژانە بەردەوامن. داواکاریەکانی ئێمە بریتیە لە : یەکەم، ئەم کەژاوانە لە تەنها

ڕۆژێکی دیاریکراودا ڕێکبخرێت نەک هەموو ڕۆژ بێت. دووەم، دەرکردنی ڕێنمایی و هۆشداریدان دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کەژاوەکان و شێوەی بانگەشەکان. سێیەم، کەمکردنەوەی ڕێژەی بانگەشەکردنی مەیدانی و گواستنەوەی بۆ میدیا و ماڵپەرەکان بەم شێوەیە هەم بارودۆخەکە ئاسایی دەبێت و هەم ئەو خاڵە نەرێیانەی سەرەوە کەم دەبنەوە و نامێنن کە هۆکارن بۆ درووستکردنی وێنەیەکی ناشرین بۆ کۆمەڵگاکەمان .
لە کۆتایدا سوپاسی هاوکاریتان دەکەین بۆ کارکردن لە پێناو باشترکردنی کۆمەڵگای کوردی و درووستکردنی وێنەیەکی جوان لە بواری سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و خۆشحاڵ دەبین بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی باسمانکرد .
هەر بژین و سەرفراز بن.

گرووپی زاموا
8-9-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 98

## بەیاننامەی لیژنەی باڵای لیستی هاوبەشی مامۆستایان لەبارەی دواکەوتنی موچە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140512104351 76262

)بەناوی خوای گەورە و میهرەبان (

مامۆستایانی سەربەرزی کوردستان.. بەرپرسانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.. وەک ئاشکرایە لە ئەنجامی بێ پلانی حکومەتی هەرێم و ئە و قەیرانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست بووە، ماوەی چەند مانگێکە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان زۆر لە وادەی دیاریکراوی خۆی دوا دەکەوێت، ئەمەش بە ئاشکرا کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان بە گشتی دروست کردووە، بۆ ئە و مەبەستەش هێشتا بەرپرسانی حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێم نەیانتوانیوە چارەسەرێک بۆ قەیرانەکە بدۆزنەوە و فەرمانبەران و موچەخۆران لە و تەنگژە بارگرانیە دەرباز بکەن.

لە ئێستاشدا کە وەرزی ئەمساڵی خوێندن بەرە و کۆتایی دەچێت و تەنها تاقیکردنەوەکان لەبەردەم مامۆستایاندا ماوە، دواکەوتنی موچە خۆی لە مانگی دووەم نزیک دەکاتەوە، ئەم حاڵەتەش جیاواز لە مانگەکانی ڕابردوو زیاتر تەنگی بە فەرمانبەران و مامۆستایان بە گشتی هەڵچنیوە، چونکە لەگەڵ دواکەوتنی موچەدا ئەنجامدانی ئەزمونەکانی کۆتایی وەرزی دووەم ئەرکێکی تری گرانی سەرشانی مامۆستایانە، بەرهەمی ئەمساڵی ڕەنجی مامۆستایان و قوتابی و خوێندکارانیش ماوەتەوە سەر ئەم چەند ڕۆژەی داهاتوو، هەر بۆیە نیگەرانییەکان پەرەیان سەندووە و ناکرێت لەوە زیاتر هاوڵاتیانی موچەخۆری کوردستان بینە قوربانی.

مامۆستایانی بەڕێز.. ئێمە لە لیستی هاوبەشی مامۆستایان کە هەرچوار لایەنی مامۆستایانی (سەردەم، یەکگرتوو، پێشەنگ، سەربەخۆ) لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا چاوەڕێ بووین لە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی ئەنجامدا، هەڵوێستێکی شیاو و گونجاو لە بەرامبەر ئە و حاڵەتەدا وەربگرێت، بەڵام بەداخەوە هیچمان لێیان

نەبینی، بۆیە ئێمە وەک لیژنەی باڵای هاوبەش و بەشدار لە یەکێتی مامۆستایان ئە و بەرپرسیارێتییە ئەخەینە ئەستۆی سکرتاریەت و پشتیوانی هەر هەڵوێستێکی شیاوی ناڕەزایی مامۆستایان دەکەین تایبەت بە و بوارە، ئەمە لەکاتێکیشدایە کە تازە هەڵبژاردنەکانی هەرێم کۆتاییان هاتووە و بوجەیەکی گەورە لە و بوارەدا خەرج کراوە، کەواتە بۆچی حکومەتی هەرێم بەدوای چارەسەری بێ موچەییدا ناگەڕێت، کە تا ئێستا هیچ ئاسۆیەکی دیار نییە و بە کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکانیش دوو مانگی تەواو بەسەر پێ نەدانی موچەدا تێپەڕ دەبێت.

لەم ساتە هەستیارەشدا ئێمە چارەنوسی قوتابیانمان لە پێشچاو گرتووە، بۆیە وێڕای ئەوەی هیوای سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکان دەخوازین، داواکارین بەرپرسانی پەروەردە و حکومەتی هەرێم ئەم قوربانیدانەی مامۆستایانیان لەپێشچاو بێت و چیتر بەرژەوەندی گشتی موچەخۆران و مامۆستایانیان بەتایبەتی بیر نەچێت و بە زووترین کات موچەی هەردوو مانگەکە دابین بکەن، چونکە وەک ئەوەی مامۆستایان گەورەترین توێژی موچەخۆری کوردستان پێکدێنن، گەورەترین کاریگەریی نەرێنیش بەسەر هاوڵاتیانەوە بەجێدەهێڵێت، هەروەها داوا لە مامۆستایانی خۆشەویستیش دەکەین پشتیوانمان بن بۆ گرتنی هەر هەڵوێستێک کە لە داهاتوودا دەیگرینە بەر، ئێمەش لە لیستی هاوبەشی مامۆستایان لە خزمەتی هەر خواست و داوایەکی مامۆستایاندابین بۆ بەدیهێنانی ئامانج و داخوازییەکانیان .

لیژنەی باڵای لیستی هاوبەشی مامۆستایان

یەک شەممە 2014/5/11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 99

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بەکۆتایی هاتنی خولی چوارهەمی هەڵبژادنی پەرلەمان!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130930195508884441

بەدوای دەورەیەکی چوارساڵە لەکێشمەکێشی نێوان دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی و بەدوای دەورەیەک لە هاتنەمیدان و ناڕەزایەتی فراوانی جەماوەری، سەرەنجام بۆرژوازی کوردو حزبەکانی لەهەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا، توانیان لەسەر زەمینەی قەیرانێکی سیاسی و لەجەرگەی ئالوگۆڕەکانی ناوچەکەدا، سیناریۆی هەلبژاردنەوەی دەورەیەکی تری پەرلەمانی کوردستان بە قازانجی بۆرژوا ناسیۆنالستی کورد تێپەڕینن .
بەلام ئەم تێپەڕاندنە بێ کیشە نیە و ریزبەندی هیزەکانی بۆرژوا ناسیونالیست پێی ناوەتە قوناغیکی تازەی قەیران و ئاڵۆزی. سەرکەوتنی پارتی، سەقامگیرتربوونی رۆڵی رابەریی باڵێکی دەسەلاتداری بۆرژوازی و ناسیۆنالیستی کوردە لەنێو قوتبی بۆرژوازی و سەربازگەی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد دا. ئەمە بۆخۆی زەربەیەکی گەورە بوو هەم لە یەکێتی نیشتمانی و هەم لە بزووتنەوەی و گۆڕان، بەکردەوە لە جێگەیەکی خوارتر وسەخت تر لەنێو ژیانی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستاندا رایگرتوون. دیارە سەرجەم ئەم ریزبەندییە تازەیە دەرگای لەسەر بەرینبوونەوەی قەیرانی نێو ریزەکانی بورژوا ناسیونالیستی کورد لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بۆ رەوینەوەی خۆشباوەری لەنێو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش ولاوان وژنان بەرامبەر سەرجەم بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورد بە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنیەوە.
هێزەکانی بۆرژوازی لەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا، بەمەبەستی راکیشانی خەڵک بۆناو پرۆسەی

هەڵبژاردن هەوڵیاندا ئەوە بەخەڵک بسەلمێنن کە لەدەرەوەی کێشمەکێشی سیاسی ومونافەسەی هەڵبژاردنی نێوان هەردووباڵی بۆرژوازی کورد(دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن)دا، ڕێگایەکی تر نیە بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ باشکردنی ژیان وپێکهێنانی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی، دەستی بۆبەرن. لەکاتێکدا تەجروبەی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانیداوە، کە کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، کێشە و ململانێیەکی سیاسی دووباڵی بۆرژوازی کوردە و هیچ پەیوەندیەکی بەخواستەکانی خەڵک بۆ باشکردن ژیان و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتێکی نایەکسان و میلیشیایی و سەرکوتگەرو کۆنەپەرستەوە نیە .
بەڵام بەپێچەوانەی هاتوهاواری چەواشەکارانەی سەرانی حزبەکان و دەزگای میدیاو ڕۆشنبیرانێکی سەرمەست بەئاسۆو ئامانجەکانی ناسیونالیزمی کورد، لەم هەڵبژاردنەدا نەک هەر نوێنەرانی واقعی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و ئازادیخوازان ئامادەیی نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردنێک بوو لەنێوان ئەوانەدا کە لەسەر تاڵانکردنی سامان و داهاتی خەڵک، میلیشیاو سامانی زۆروزەوەندیان بۆخۆیان کەڵەکەکردوەو دەتوانن بە زۆر و ترساندن و بەرتیل و چەواشەکاری دەنگی خەڵک زەوت بکەن. بەڵگەنامەی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنەکان کە دەنگدانی بەحزبەکان کردە بنەماو چەندین قەیدو بەندی مادی و قانوونی لەبەردەم ڕابەرانی کرێکاری و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ژنان و ئازادیخوازاندا قووت کردەوە، هەر لەسەرەتاوە جێگایەکی نەهیشتەوە بۆ بەشداری ئازادانەی هاوڵاتیان.
ڕۆڵێک کە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشبیرانێک کە لەم هەڵبژاردنەدا گێرایان، هەرئەوە نەبوو کە هاوڵاتیانی ناڕازی بەدەسەڵات، بەوەهمی "ئەیگۆڕین"و "چاکسازی" و"جیاکردنەوەی حزب لەحکومەت"، بخەنە پشتی سیاسەتە کۆنەپەرست و بۆرژواییەکانی خۆیان، بەڵکو بەوپەڕی تواناوە تێکۆشان تا ئەم هەڵبژاردنە بەخەڵک قبوڵ بکەن و ئیعتبارو "حورمەتی دیموکراسی" بگێرنەوە بۆ دەسەڵاتیک کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەسەریەوە ڕاوەستاون. ئۆپۆزسیۆن کە بێپەروا لەسەر سیاسەتی درێژکردنەوەی ڕیزی دەنگدەران و ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری بەشداری کردنی ڕێژەی خەڵک کاری کرد، توانی واقعیەتەکانی ژیانی کرێکاران و مەحرومانی کۆمەڵگاو خەڵکی ناڕازی بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبە ناسیونالیستەکانی، پێچەوانە بکاتەوە وئە و درۆیە جێگیربکات، کە گوایە هەڵبژاردن و سندوقەکان و دەنگی خەڵک فرسەتێکە بۆ گۆرانکاری لە سیستەمی سیاسی ئیستای کوردستان و دەرکێشانی دەسەڵات لەدەست پارتی و یەکیەتیدا!. لەکاتێکدا خەڵکی ناڕازی کوردستان بە نارەزایەتیەکانی ڕۆژانەی خۆیان و بەتایەبتی لە17 شوباتدا، چەندین جار، ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە کە ئەم دەسەڵاتە نەچاکسازی هەڵدەگرێ و نە لەڕێگای دەنگدانەوە دەتوانرێ وەلابنرێ.
ئەوەشی کەبەشداری خەڵکی لەم هەڵبژاردنەدا هێنایەکایەوە، زاڵنەبوونی ئاسۆو هوشیاریەکی چینایەتی بوو بەرامبەر بەسیاسەت و سیناریۆ سیاسیەکانی باڵ و بەشەکانی چینی بۆرژوازی. بە پێچەوانەی سیاسەتی فریوکارانەی حیزبەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا، سەبارەت بەسەرکەوتن و بەدەستهێنانی "دەنگی زۆرینە"، ئەوە تەنها خەڵکی کوردستانە کە بەدونیایەک ناڕەزایەتی و بیزاریانەوە لەدەسەڵات، جارێکی دیکەش و لەم هەڵبژاردنەدا، نەیانتوانی ڕیگای سیاسی جیاوازی خۆیان بگرنەبەرو وەک ڕیزێکی ڕیکخراو و سەربەخۆی سیاسی لە دەرەوەی ئاسۆو سیاسەتی چینی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی راوەستن. ئەگەر خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنی 2009/7/25دا، بە وەهمی تۆڵەکردنەوە لە پارتی و یەکێتی، دەنگیان بە بزووتنەوەی گۆران دا، تا ئەڵقەیەک لە زنجیرەکانی دەسەڵاتی هاوپەیمانێتی ستراتیژی ئەم دوو حزبە بپسێنن، ئەوا لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، نەک نەیانتوانی هەنگاوێک بەرەو باشکردنی ژیانیان بنێن بەڵکو دەسەڵاتی پارتییان بەسەر ژیانی سیاسی خۆیاندا "شەرعیەت" پێدایەوە!
بێگومان کابینەیەکی حکومەتی کە بڕیارە وەک بەرئەنجامی"حزبە براوەکان"ی ئەم هەڵبژاردنە بێتەسەرکار، بێدەردەسەری نییە و ناتوانێ نە لە ڕوانگەی باڵەکانی بۆرژوازی کوردەوە، دەسەڵاتێکی یەکدەست پێکبهێنێو، نە لە ڕوانگەی هاوڵاتیانی کوردستانیشەوە، کۆمەڵگا بەرە و ئارامی و خۆشگوزەرانی ببات. بەڵکو قەیرانی سیاسی و پشێویە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی توندترو فراوانتردا، دێنێتەکایەوە.. هەربۆیە ئەوەی لە دەستوری گشت هیزەکانی بۆرژوازیدایە دەمێنێتەوە تەنهاو تەنها ئەوەیە کە لەپێناو ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان و سپاردنی ژیانی هاولاتیانی کوردستان بەبازار، لە هاوپەیمانیەتیەکی ژێربەژێری پیرۆزدا، بەرامبەر بەچینی کرێکارو بزووتنەوەی ڕادیکاڵی جەماوەری زەحمەتکێش ڕاوەستن و خەتەری ڕۆچوونی بارودۆخەکان بەرە و شۆرش و هەلومەرجی شۆرشگێرانە، دورخەنەوە .

بەڵام ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بۆ چینی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تر بێت لە بردنە پێشەوەی کێشمەکێشی سیاسی لەسەر داهاتووی دەسەڵات و بازاڕی سەرمایەداری، ئەوا بۆ چینی کرێکارو زەحمەتکێشان، بۆ جولانەوەکانی ژنان ولاوان و هەر دەنگێکی ئازادیخواز، وەرگرتنی دەرس و تەجروبەیە لەم پرۆسە سیاسیە بە ئاقاری دەستبردن بۆ خەباتێکی فراوانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەی چینایەتی. بۆ ئەوان کۆتایی هەڵبژاردن، دەرچوونە لە ئاسۆی خۆشخەیاڵی بەسیاسەتەکانی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی، هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ و هێانەمەیدانی رابەریەکی شۆڕشگێڕانە، کە ڕێنمایی خەبات و ناڕەزایەتیە بەرهەقەکانیان بکات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەپێناو پڕکردنەوەی ئەم بۆشایەدا بەتەواوی توانایەوە تێدەکۆشێ و لەهەوڵی هێنانەمەیدانی بزووتنەوەیەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی چینایەتیدایە، کە بتوانێ هاوسەنگیی هێز بەقازانجی دەستکۆتاکردنی چینی بۆرژوازی لە دەسەڵات بگۆڕیت و پێشڕەوی کۆمەڵایەتی بەئاقاری ئازادی و یەکسانی و باشبژێوی دەستەبەربکات.
27/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 100

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک بەبۆنەی دەرچوونی عیراق لە بەندی حەوتی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130628115230897779

ڕۆژی (27)ی حوزەیرانی 2013 ڕۆژێکی مێژوویە بۆ عیراقییەکان کە تێیدا دواجار ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە لەبەرچاوگرتنی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ کوەیتی دراوسێی و جێبەجێکردنی ئەو ئیلتیزاماتانەی لە ئەنجامی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە لە ساڵی 1990وە کەوتبوونە ئەستۆی، بەکۆی دەنگ بڕیاری ژمارە (2107)ی پەسەند کرد کە تایبەتە بە دەرکردنی عیراق لەژێر بەندی حەوتی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆتاییهێنان بە و کۆت و بەندەی زیاتر لە دوو دەیە بوو عیراقی گیرۆدە کردبوو و سەروەریی وڵاتەکەشی، لەدوای کشانەوەی تەواوی هێزە بیانییەکان، بە نیوەناچڵی هێشتبووە.
بەم بۆنەیەشەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وێڕای پێشوازیکردن و دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ پەسەندکردنی ئەو بڕیارە، پیرۆزبایی لە گەلانی عیراق دەکات و هیواداره بڕیارەکە ببێتە مایەی ڕزگاربوون لە تەواوی ئاسەوارە خراپ و بەزیانەکانی سیاسەتی هەڵە و چەوتی ڕژێمی لەناوچووی بەعس و سەرەتایەکی نوێی ئومێدبەخشیش بێت بۆ ئایندەی وڵات و گەلە ستەمدیدەکەی لەپێناو پڕانەوەی نەهامەتی و ئازارەکانیان و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێدا بەرە و بنیاتنانی دیموکراسی .
ئەم بڕیارە گرنگەی ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەرچی درەنگ کەوت و زۆری خایاند، بەڵام بایەخەکەی هەمەلایەنە و زۆر بواری هەستیار لە ژیانی عیراقییەکان دەگرێتەوە و دەروازەیەکە بۆ قۆناغێکی نوێ، بەم پێیەش لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ناوچەیی کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ دەوڵەتاندا بە دانوستان و گفتوگۆ چارەسەردەکات بەبێ ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ پێگە و پلەوپایەی خۆی لە نێوەندە جیاجیاکاندا کە پێشتر بەهۆی سیاسەت و هەڵەکانی ڕژێمی بەعسەوە لێی بێبەش بوو هەروەک کێشە و گرفتی لەگەڵ زۆر دەوڵەتدا بۆ دروست ببوو.

هەروەها دەربازبوون لە بەندی حەوت، زامنی گەڕانەوەی سەروەری تەواو و بێ کەموکوریی عیراقی فیدراڵ دەکات و وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی خاوەن جێگە و پێگە لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەیخاتەوە نێو گۆڕەپانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، کە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ڕەوشی ناوخۆی وڵات و چارەسەری گیروگرفتەکانی و پتەوکردنی هەنگاوەکانی دیموکراسی دەبێت، هەروەک عیراقێکی فیدراڵی جیاواز و بێ هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی و ئاشتیی جیهانی پێشکەش بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکاتەوە.
بێگومان بڕیارەکە ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئیجابی بەسەر بوارە جیاجیاکانی دیکەدا هەبێت و کەرتەکانی ئابووری و دارایی ببوژێنێتەوە و سەربەستی تەواو بۆ کاری بانکی و هاوردەکردن و بازرگانی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و کڕینی دەرمان و پێداویستی تەندروستی پەرەسێنێت، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و ژێرخان و کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری و بەرزکردنەوەی داهات و باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان لە عیراقی فیدراڵدا .

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
28/6/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 101

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی دوامالئاوایی شاعیری گەورە و پێشمەرگەی دڵسۆزی کوردایەتی مامۆستا شێرکۆ بێکەس

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080516032589275

وا کەسەرێکی تر و خەمێکی تری گەورە رووی کردە کوردستانەکەمان، خەمێک گەورە بەقەد گەورەیی لە دەستدانی نووسەری گەورەی گەلەکەمان، و پێشمەرگەی ماندوو نەناس و دڵسۆزی کوردایەتی، کاکە شێرکۆ بێکەس.
بە داخ و پەژارەیەکی قووڵەوە دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە وڵاتی سوێد، دڵی گەورەی شاعیر و پێشمەرگە و مرۆڤ دۆست مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کوردستان و پێشمەرگە و سلێمانی و شیعر و ژیان کرد، کە بەڕاستی ئەمەش کۆستێکی گەورەیە بۆ کوردستان و گەلەکەمان لە سەرتاسەری کوردستان و دنیا، بۆئەدەبی کوردی، بۆ شیعر وشاعیران، بۆپێشمەرگە.
کاکە شێرکۆ، بۆ دنیای شیعر و نووسین و بۆ کوردایەتی، هێشتا پڕاوپڕ بوو لە توانای داهێنان، گەنجینەکەی هێشتا پڕاوپڕ بوولە وشە و وێنەی دانسقە و پەی پێنەبراو، هێشتا پڕاوپڕ بوو لە توانای گەنجێتی داهێنان، پڕاوپڕ بوو لە ئەزموونی شیعر و نووسین و پڕاوپڕبوو لە پرۆژەی ئەدەبی مەزن و نایاب، بۆیە ڕاستیمان وتوە گەر بڵێین، مامۆستا شێرکۆ جوانەمەرگی شیعر و ئەدەبیاتی کوردە.
چ کەسەرێکی گەورەیە نازناوی نەمر ببەخشینە مامۆستا شێرکۆ بێکەس، چونکە دەمێکی درێژە نەوەکانی ئەم گەلە، لەسەرزاری هەڤاڵ مام جەلالەوە نازناوی، شاعیری گەورەی گەلەکەمانیان پێ بەخشیوە و لە دڵ و دەروون و یادەوەریاندا تۆمار بووە، بۆیە کاکە شێرکۆ لە مەرگیشیدا شایستەی ئەوەیە پێی بووترێ شاعیری گەورە و نەمری گەلەکەمان.
کاکە شێرکۆی نەمر، هەر لەزووەوە شوێن پەنجەی بەسەر نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا دیارو

بەرچاو بووە و لەمێژە بۆتە خوێندنگایەکی هەمیشە لە نوێ بوونەوەی شیعر و پەخشانی کوردی.
خاوەنی بە پێزترین و دەوڵەمەندترین بەرهەمی شیعری شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانەیە، وەک چۆن
خەرمانی گوڵە شیعرە رۆمانسیەکانیشی، نەک هەر ئێستا، بەڵکو تا داهاتوویێکی دوورو درێژیش
کانیاوی هەمیشە هەڵقوڵاوی وێنە و وشە و شیعری ناسکی دڵدارانەیە و کچان و کورانی عاشقی
کوردستان لێی ئەخۆنەوە و دەفتەری یادگاری و یادداشتەکانیان بە شیعری ئەو و بەوێنە
ناسکەکانی ئەو ئەنەخشێنن و نامەکانیان بەناونیشانی شیعرە ناسکەکانی ئەووەوە بۆ یەکتر
پۆست ئەکەن و نهێنییەکانیان بە تارای شیعری ئەووەوە ئەڕازێننەوە.
وەک چۆن جارانی تێکۆشانی سەخت (کەشکۆڵی پێشمەرگە) توێشووی ورەبەرزی و کۆڵنەدان و
پروا بەخۆبوون و بەسەرکەوتن بوو، ئێستاش شیعرەکانی، وەک ئەوسا، هەوێنی دەیان سروود و
سەدان گۆرانین.
کاکە شێرکۆی نەمر، کاتێ شیعری مەشخەڵانی بۆ شۆڕش و یەکێتی و پێشمەرگە نووسی، لە
راستیدا سروودێکی نەمری پێشکەش بە کوردایەتی کرد، کە بووە مارشی هەڵمەتی هەڵۆ
بەرزەفرەکانی کوردستان، بووە مارشی ورە بەرزی زیندانیان، بووە مارشی شکۆداری بەرخۆدانی
گەلەمان و بووە مەشخەڵانێکی رووناک و گەرم و بەتینی هەرگیز نەکوژاوەی کوردایەتی.
مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە ناوی سەرجەم هەڤاڵان و هەواداراانی
یەکێتی و بە ناوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە خەمباری و پرسەداری رائەگەیەنێ و پرواشی وایە
کە بە لەدەستدانی کاکە شێرکۆ کوردایەتی زیانی گەورەی بەرکەوت، بەڵام دڵنیایە ئەو کاروانی
کوردایەتییەی ئەو شۆرە سوارێکی دیارو هەنیە بەرزی بوو، وەک هەڵقوڵانی وشە و وێنە
شیعرییەکانی ئەو بە جۆش وخرۆشەوە قووڵپ ئەداو مل ئەنێ و تا دوا مەنزل، تا سەرکەوتن
ناسرەوێ.
سڵاو لە تۆ، لە گیانی تۆ، لەبەرهەمە نەمرەکانی تۆ کاکە شێرکۆ،
تۆ بە شیعرەکانتەوە، بە هەڵوێستی کوردایەتیتەوە، بە ژیان دۆستییەوە، بە ژن دۆستیتەوە، بە
تێکۆشەر و شەهید دۆستیتەوە، لێرە بەدواش لەگەڵماناى و پشکی تۆ لە سەرکەوتنەکانی
ئایندەی گەلەکەشماندا پشکی شێر ئەبێ.
تۆ نەمری، تۆ ئاڵایەکی هەمیشە شەکاوەی گەلەکەمانی و نەوە دوای نەوە لە ئاسمانی
شکۆمەندی کوردایەتییدا، لە ئاسمانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا، بەبەرزی و لەبەرزیدا ئەتەڕێڵنەوە.
کاکە شێرکۆ.
مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشمانی کوردستان
4/8/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 102

## بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەبۆنەی کارەساتی ئەنفالەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013041916003682701

14/4/2013

25ساڵ لەمەوبەر و لەسەروبەندی نەمانی جەنگی ساردا، رژێمی فاشی بەعس، دواتیری
ژەهراوی خۆی هاوێژتە سەر سنگی گەلەکەمان و بەپرۆسەیەکی شومی بەرنامە بۆرێژراو
قڕکردنی میللەتێکی کردە ئامانجی رەشی فاشیستانەی خۆی. ئەم کارە کە لەمێژووی

گەلەکەماندا بەشاڵاوی ئەنفال ناسراوە، دەرهاویشتەی ئەو سیاسەتە ئیسطیطانیەی بەعس بوو، کە ساڵانێ بوو لەکوردستاندا پیادەی دەکرد و درێژکراوەی سیاسەتی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس بوو، کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر حوکمی رەشیانەوە رژێمی بەعس بەرنامەی بۆ دانابوو.
ئەنفال گەورەترین شاڵاوی عەسکەرتاریانەی رژێم بوو بۆسەر گوند و گوندنشینەکانی کوردستان و لەماوەیەکی کەمتر لەشەش مانگدا، بەبێ هیچ عورف و عادەتێکی نێودەوڵەتی و بەبێ رەچاوکردنی هیچ یاسایەکی ئایینی و مرۆڤایەتی 182 هەزار مرۆڤی بێتاوانی لەژن و مناڵ و پیر ولاو رەوانەی لمی بیابانەکانی خواروو کرد و بەهەزاران گوندیشی خاپور کرد و پانتایەکی گەورە و بەرفراوانی لەخاکی کوردستان ساراو سوتماککرد.
ڕژێمی بەعس وەک دڕندەترین رژێمی فاشی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مێژوویەکی رەشی لەقەتل و عامی خەڵکی کوردستاندا هەیە. بۆیە گەر بەعس لەسەرەتای حەفتاکاندا و لەسەردەمی تازە هاتنە سەر حوکمی رەشیدا، بەپیادەکردنی سیاسەتە سێکوچکە شومەکەی رووبەڕووی گەلەکەمان بووبێتەوە، ئەوا لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەڕێی پاکتاوی رەگەزی و کیمیاباران و ئەنفالکردنی کەسانی سڤیلەوە گەشتە ترۆپکی دەسەڵاتی فاشیستانەی خۆی .
بۆیە دەکرێ بڵێین شاڵاوی ئەنفال تەنها بریتی نەبوو لەکوشتنی 182 هەزار رۆح، یان سوتماککردنی پانتایەکی گەورە لەخاکی کوردستان، هەرگیز!بەڵکو ئەم شاڵاوە شوم و بەدناوە، ئەنفالی سروشت و فەرهەنگ و کەلتوور و تەنانەت ئەنفالی ئایین بوو لە رێی سووتاندنی پەڕەکانی قورئان و رووخاندنی مزگەوتەکانەوە. جا ئەگەر ئەم شاڵاوە جەهەنەمییە لەکۆتایی هەشتاکاندا چەند جومگەیەک و چەند دەڤەرێکی دوورەدەستی لەجەستەی نیشتمانەکەمان کردبێتە نیشانە، بۆ پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی، ئەوا گەر هەندێک گۆرانکاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی نەبوایە، کە بە قازانجی گەلەکەمان شکایەوە. دوورنەبوو هەموو جومگەکانی ئەو جەستەیە بکرانایەتە قوربانی. ئێستاش لە کاتێکدا، کە گەلەکەمان و کەس و کاری قوربانیانی ئەو شاڵاوە بەدناوە، یادی 25 ساڵەی ئەو رۆژە شومە دەکەنەوە، ئەوا ئێمەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پەیمانی درێژەدان و بەدواداچوون بەدۆسیەی ئەنفالکراوەکان و هێنانەوەی رووفاتی سەرجەم ئازیزان بۆ باوەشی کوردستانی نیشتمان بەسەرجەم کەسوکاری سەربەرزیان دەدەین. چونکە ئەنفال وێستگەیەکی پڕ ناسۆرە لەژیانی گەلەکەماندا و مەلەفێکە کە مایەی بیرچوونەوە نییەو رۆژێکە تا مێژوو مێژوو بێت، بەزیندویی لەویژدانی گەلەکەماندا دەمێنێتەوەو هاوکات پەڵەیەکی رەشیشە بەناوچەوانی ئەنجامدەرانیەوە .

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
14/4/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 103

**بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەبارەت بەچوونی مەحمود سەنگاوی بۆ دادگا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140108165020867771

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وێڕای ئیدانەکردنەوەی تیرۆرکردنی

ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی و سەرجەم کارە تیرۆریستییەکانی هاوشێوەی و سەرلەنوێ دەربڕینی هاوخەمی بۆ کەسوکارو خانەوادەکەیان، بەڕێزانین و ستایشێکی زۆرەوە چوونی هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ بەردەم دادگا بەمەبەستی وەرگرتنی وتەکانی لە کەیسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانیدا دەنرخێنێت کە سەرلەنوێ ئەو ڕاستییەی بۆ هەموولایەک سەلماندەوە پەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەرۆشی سەروەریی یاساو بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی دادوەرییە، بەکردەوە نەک تەنیا بەقسە.

ئەو هەڵوێستە بوێرانەیە کە خۆی لەخۆیدا وەڵامێکی بەجێیە بۆ ئەو هەڵمەتە ئیعلامییە ناڕەواو دوژمنکارانەیەی دەکرێتە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەردەوام لەبۆسەدایە بۆی، لە لایەکی دیکەشەوە خەمخۆری و دڵسۆزی هەڤاڵێکی تێکۆشەرو پێشمەرگەو خەباتگێڕێکی دێرینە بۆ چەسپاندنی یاساو پەوکردنی حوکمی قانون لە هەرێمی کوردستان کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردەقشکێنیەتی و لە ئەولویەتی ئامانجەکانیدا دایناوەو پێشتریش چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی لە کێشەی جیاجیادا چوونەتە بەردەم دادگا کە ئەوەش باوەڕبوونە بە سەروەریی یاسا.

بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە دەستخۆشی لە هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی دەکەین و ئەو هەنگاوەی بەرزدەنرخێنین کە جێگای ستایشە، چونکە سەلماندی ڕەوشت و هەڵوێستی پێشمەرگانە لەم سەردەمەدا تەنیا خۆی لە پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی خاکی کوردستاندا نابینێتەوە، بەڵکو هاوتەریب بەم سەروەرییە پارێزگاری لە سەروەری یاساو ڕاگرتنی ئارامی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیش لە هەر شوێن و جێگایەکی ناو خاکی کوردستاندا پێشمەرگایەتییە.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
2014/1/8

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 104

## بەیاننامەی ناڕەزایی بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر گرتنی مەلا سەید عوسمان سەید ئەحمد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122321523687105

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
ئەمڕۆ سەر لەبەیانی دوو شەمە 2013/12/23 بەڕێز مامۆستا مەلا سەید عوسمان سەید ئەحمد زاناو کەسایەتی ئاینی دیاری هەڵەبجەو ئەندامی سەرکردایەتی بزتنەوەی ئیسلامی لەسەر داوای دادوەری دادگای هەڵەبجەو ئاسایشی هەڵەبجەی شەهیدەوە سەردانی ئاسایشی کرد بەمەبەستی وەرگرتنی لێدوانی بەڕێزیان دەربارەی ئەو زانیاریە هەڵە و نادروستانەی لە سەر مامۆستا وتراوە سەبارەت بە مەسەلەی سوریاو ڕۆشتنی گەنجانی کورد بۆ ئەو وڵاتە.. بەڵام بەداخەوە ئاسایشی هەڵەبجەو د\واتر بە بڕیاری دادوەر مامۆستا عوسمان بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر بوبێت تۆمەتێکی لەسەر ساغ بوبێتەوە دەست بەسەر دەکرێت و ڕەچاوی پێگەو کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئەم مامۆستایە نەکراوە. لە کاتێکدا ئەو ڕێبەزی لە سەروەری

یاسا گرتوە دەستبەجێ پەیوەندی ڕاستەو خۆی بەو لایەنانەوە کردوە.مامۆستا مەلا سەید عوسمان جگە لەوەی ئەندامێکی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامیە.زاناو کەسایەتیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و هەڵەبجەیەو یەکێکە لە وتاربێژە دیارەکان کە خەڵکی ناوچەکە و هۆگری وتارو ئامۆژگارییە ئاینیەکانی ئەو مامۆستایەن کە هەموو لە خزمەتی بارودۆخی ئاینی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناوچەکەیەو دوورە لە هەر بونختان و تۆمەتێک بۆ مەرامی سیاسی دەدرێتە پاڵی.
بۆیە ئێمە وەک مەڵبەندی 1 ئیسلامی بەتوندی ئیدانەی دەست بەسەر کردنی ناڕەوای مامۆستا سەید عوسمان دەکەین،پێمان وایە ئەم جۆرە مامەڵە نادرووستانە لەگەڵ مزگەوت و حوجرەو زانایانی ئاینی هیچ خزمەتێک بەم ئەزموونەو ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناو ئەم هەرێمە ناکات،لێرەوە داوا لە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف دەکەین لەبەرامبەر ئەم مامەڵە نادرووستانەدا هەڵویستی جدی خۆیان هەبێت.
مەڵبەندی یەکی بزووتنەوەی ئیسلامی
هەڵەبجەی شەهید
23/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 105

## بەیاننامەی ناڕەزایی کۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانو هونەرمەندانو چالاکوانانی مەدەنی هەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122316062087107

بۆ بەڕێزان:سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
قایمقامیەتی قەزای هەڵەبجە
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی
بەڕێزان وەک ئاگاداران هەڵەبجە یەکێکە لە و شارانەی بەردەوام لەدەرەوە و ناوەوەی هەرێم سەردانی دەکرێت و سیمبولی دیاری نەتەوەی کوردە وەک چۆن لەڕابردوودا مەڵبەندی ڕۆشنبیری و هونەری و چالاکی جۆراوجۆر بووە لەئێستاشدا شارێکی زیندووە و بەردەوام چالاکی تیادا ئەنجام دەدرێت.
بەڵام تا ئەمڕۆ هۆڵێکی شایستە لەم شارەدا نییە و چەندین جار بەڵێن دراوە و جێبەجێ نەکراوە، بۆیە چیتر ئێمە گوێ بۆ بەڵێن ناگرین و کردارمان ئەوێت. بۆ حکومەتێک جوان نییە کە میوانانی دەرەوە و ناوەوە دێن هۆڵێکی شایستە نەبێت بەکۆرو کۆبونەوە نیشتمانیەکانیان.
ئێمە وەک کۆمەڵێک لەڕۆشنبیران و هونەرمەندان و چالاکوانی مەدەنی هەڵوێست وەردەگرین و بەشێوەیەکی مەدەنی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین و بەردەوام دەبین تا جێبەجێکردنی داواکاریمان و دروستکردنی هۆڵێکی شایستە پێش ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە واتەی 16ی 3 2014
بۆیە داواکارین:
-پارچە زەوییەک لەناو شار دیاری بکرێت لەگەڵ شوێنی شیاو بۆ ئە و مەبەستە.
-بەزووترین کات کار بۆ ئە و پرۆژەیە بکرێت واتە پێش ساڵیادی 2014/3/16
کۆمەڵێک لەڕۆشنبیران و هونەرمەندان و چالاکوانانی مەدەنی هەڵەبجە
23/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 106

## بەیاننامەی نارەزایەتی رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی گەرمیان لەبارەی بردنی پارەی گەرمیان بۆ کرینی پێداویستی فەرمانگەکانی خانەقین

http://www.kurdipedia.org/?q=20140114212427866870

لەکاتێکدا گەرمیان بودجەکەی ئەوەندە نیە کە بەشی خزمەتگوزاریەکانی خۆی بکات، لەکاتێکدا زۆرینەی فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتیەکانی سنورەکە لەبەر بێ بیناى و نەبونی بودجەوە لە ناو خانو و بینای کرێدان، کەچی هەواڵی ئەوە بلاو بوەتەوە کە لەسەر بودجەی گەرمیان پارە بۆ کرینی پێداویستی قەزای خانەقین دانراوە.
ئێمە هەرگیز دژ بەوە نین خانەقین شارێکی ئاوەدان بێت و بەڵکو هەمومان ئە و شارە بە شارێکی گرنگ دەزانین و دەیان سالیشە ناوچەی گەرمیان و رۆڵەکانی بۆ ئەم ناوچەیە قوربانیان داوە و لە رزگار کردنی ئە و شارە شەهیدیان داوە. بەڵام مەعقول نیە لە بودجەی گەرمیان بە و شارە بدرێت لەکاتێکدا هەم ئە و شارە بودجەی خۆی هەیە و بگرە لە دوو سەرچاوەوە بودجەی بۆ دێت و هەروەها گەرمیان بودجەکەشی بەشی خۆی ناکات چ جای ئەوەی بدرێت بە ناوچەیەکی تر.
ئەگەر خانەقین خزمەتگوزاری تیا نییە ئەوا خەتای کەس نیە تەنها ئە و بەرپرس و نوێنەرانە نەبێت کە ساڵانێکە ئە و شارە دەدۆشن و هەرچی باخ و کۆشک و تەلار و بودجەیان هەیە بردوە و وێرانەیەکیان بۆ خەڵکەکەی جێهێشتوە. ئێستاش کە بودجەی گەرمیان دەچێت بۆ خانەقین هەم دەچێتە خزمەتی ئە و بەرپرسانەوە.
بۆیە ئێمە لێرەوە و وەکو ژمارەیەک رۆژنامەنوس و چالاکوانی گەرمیان رایدەگەیەنین کە نەک هەر دژی ئە و کارەین، بەڵگو رێگریشی لێدەکەین. هۆشداری دەدەینە بەرپرسان کە هەنگاوی وا نەگرنە بەر چونکە بەپێچەوانەوە ئێمە کاردانەوەی توند و جدیمان دەبێت. ئەگەر لەسەرهەرچی سازش بکەین ئەوا لەسەر هەق و مافی گەرمیان و گەرمیانیەکان سازش ناکەین و هەرگیز رێگەنادەین قوتی خەڵکی گەرمیان بۆ شوێنی تر ببرێت.
14-01-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 107

## بەیاننامەی هاوبەش بە بۆنەی رووداوی قوتابخانەی شیناوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312165705671900

بەپێی خەبەرە گەیشتووەکان لە پیرانشار سەرلە بەیانیی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 15ی سەرماوەز خوێندنگەیەکی سەرەتایی کچان لە ئاوایی "شیناوێ"ی نزیک بە شاری پیرانشار ئاوری

گرتووەو لە ئەنجامدا 37 کچە قوتابیی پۆلی چواری سەرتایی تووشی سووتان و برینداربوون هاتوون .
ژمارەیەک لەو منداڵە سووتاوانە کە برینەکانیان قورس بووە، بۆ چارەسەر کردن رەوانەی نەخۆشخانەی شارەکانی دەورووبەر کراون و بەپێی دوایین هەواڵ و زانیارییەکان چەند کەس لەو منداڵە بەرکەوتوانە باری تەندورستییان ناجێگرە و مەترسیی مردنیان لەسەرە.
هۆی ئەم رووداوە دڵتەزێنە ئاگرگرتنی سۆبەیەکی نەوتی بووە کە بۆ گەرم کردنی کلاسی دەرسی ئەم منداڵانە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە گوندی شیناوێ لوولەکێشی گازی بۆ کراوە و زۆربەی دانیشتوانی بۆ پێویستییەکانیان لە گاز کەڵک وەردەگرن، بەڵام هێشتا بۆ گەرم کردنی ئەو قوتابخانە لە کوورەی نەوتی کەڵک وەرگیراوە.
بێگومان هۆی ئەم رووداوە دڵتەزێنانە کە ماوەبەماوە بۆ قوتابییەکان دێتە پێش و بەشێکشیان لە راگەیاندنەکانەوە بڵاو دەبنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ولێنەپرسینەوەی بەرپرسانی حکوومەت ء بایەخنەدان بە گیانی قوتابییان. لەم هەڵومەرجە دژوارەدا کەلە سایەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی ئێران بەگشتی و قوتابییان و لاوان رۆژانە بەرەورووی نەهامەتی و لێقەوماوی زیاتر دەبنەوە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارە خەریکی دەستێوەردان و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە برسی و لێقەوماوەیە لە وڵاتانی دیکە.
ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو سیاسەتە دژی گەلییەی رێژیم، داوا دەکەین بنەماڵەی هەموو قوتابییانی قوتابخانەی گوندی شیناوێ و باقی قوتابخانەکانی پیرانشار، بە پشتیوانیی هەموو خەڵکی پیرانشار بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ زەخت بخەنە سەر رێژیم بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەم رووداوە لێپرسینەوەیان لێ بکرێ و بەسزای خۆیان بگەن بۆ ئەوەی چی دیکە منداڵانی ئێمە نەبنە قوربانیی ئەو چەشنە کەمتەرخەمییانە.
هەروەها وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆمان لەو رووداوە دڵتەزێنە، هاودەردیی خۆمان لەگەڵ هەموو قوتابیانی پیرانشار و بەتایبەت قوتابییانی بریندراری قوتابخانەی شیناوێ دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوەی خێرایان بۆ بە ئاوات دەخوازین.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
16/ 1391/9ی هەتاوی
06/12/2012ی زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 108
## بەیاننامەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بە قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=20130717145552895 42
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان..
وا بۆماوەی زیاتر لە سێ مانگە هەردو حیزبی حوکمڕان قەیرانێکی سیاسییان لە هەرێمی کوردستان دروستکردوە، بەهۆی پێداگیرییان لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی نائومێد بون لەوەی کە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم مافی خۆکاندیدکردنەوەی هەیێت بۆ ئەم پۆستە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوازێکی نایاسایی و ناشەرعی و بەدور لە رەچاوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و، بە پێچەوانەی رێوشوێنە یاساییەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە 30ی حوزەیرانی ئەمساڵ یاسایەکیان لەپەرلەمانی کوردستان تێپەڕاند بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ دو ساڵی تر. دوێنێش سەرۆکی هەرێم لە پەیامێکی پڕ دژیەکی و تەمومژدا ئەو یاسایەی تێپەڕاند. ئێمە وەکو هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن پێداگرین لەسەر هەڵوێستی پێشومان و یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە ناشەرعی ئەزانین و، بە مافی خۆشمانی ئەزانین هەمو هۆکارێکی مەدەنی بگرینەبەر بۆ دژوەستانەوەی.

ئەم هەنگاوە لە کاتێکدایە کە هاوڵاتیان چاوەڕێیان ئەکرد بەپێی بڕیاری خودی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لەمانگی ئەیلولی ئەمساڵ هەرسێ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجام بدرێن. بەڵام لەکۆی ئەم سێ هەڵبژاردنە بەهۆی ئەوەی سەرۆکی ئێستای هەرێم مافی خۆکاندیدکردنەوەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم نەبو و، هەردو حیزبی حوکمڕایش لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەترسن، بۆیە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی پارێزگاکانیان پەکخستوە. ئەمەش بێناوەرۆک کردنی پرۆسەی دیموکراسیە و ستەمە بەرامبەر بە مافی دەنگدانی هاوڵاتیان لەهەرێمی کوردستان کە دو حیزب بە میزاجی خۆیان و بەگوێرەی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان کاتی هەڵبژاردنەکان دائەنێن یان دوای ئەخەن.

لەهەمانکاتیشدا بەپێی بەدواداچون و زانیارییەکانمان تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان خەوشی گەورەی تێدایە و، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش بەپێچەوانەی مادەی 33ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکرا و مادەی شەشی یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری داوە کە بۆ ژماردنی دەنگی هاوڵاتیان ناوەندی سەرەکی بکرێتەوە لە شارەکاندا نەک لە بنکەکانی دەنگدان پرۆسەی فەرز و ژماردنی دەنگەکان ئەنجام بدرێت، کە ئەمەش میکانیزمێکی ترە بۆ ساختەکاری و گۆڕینی ئەنجامی راستەقینەی دەنگی هاوڵاتیان و، گومانی جددی ئەخاتەسەر بێلایەنیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە شێوەیەکی پیشەییانە و خاوێن و، بەشێک لە بەرپرسیارێتی هەر دەرەنجامێکی نەخوازراو ئەکەوێتە سەرشانیان.

بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام نەدرێت و، گرەنتی هەڵبژاردنێکی بێ خەوش نەکرێت، تۆماری دەنگدەران لە ساختەکاری پاکنەکرێتەوە، ئەو بڕیارە نایاساییەی کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان هەڵنەوەشێتەوە، ئەوا بژارەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لەبەردەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کراوە دەبێت.

ئێمە پێشتریش پێشبینیمان کردبو کە هێنانە کایەی باس و خواستی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لە سێ مانگی رابردودا بۆ کردنەوەی دەرگا بو بۆ درێژەدان بە ویلایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وا کە ئێستا ئەو مەرامە هاتە دی، جارێکی تر پرسی پرۆژەی دەستور بە فەرامۆشی و قەدەر سپێردرایەوە. ئێمە سەرەڕای رێزمان بۆ سەرجەم پێکهاتە و هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێداگرین لەسەر ئەوەی بەپێی بڕیاری ژمارە 2 ی پەرلەمان لە ساڵی 2011 ئەبێت لەژێر سەقفی پەرلەمان و لەلایەن نوێنەرانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆ و پێداچونەوە بۆ پرۆژەی دەستور بکرێت چونکە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری شەرعیی سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتوە.

لەکۆتایدا راپەگەیەنین کە هەردو حیزبی حوکمڕان جار لەدوای جار هەرێمی کوردستان بەرە و قەیرانی قوڵتر ئەبەن و ئۆباڵی هەمو قەیرانەکانی ئێستا و داهاتویان ئەکەوێتە ئەستۆ.

یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بزوتنەوەی گۆڕان
17/7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 109

## بەیاننامەی کاژیک دەربارەی دروشمی ئەم قۆناغەی کوردایەتی لە کوردستانی باشووردا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120213390887496

25-01-1975

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد - کاژیک

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 110

## بەیاننامەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی - 26-10-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102620561377828

دەستخۆشی لە سەرجەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گشت بەرەکانی جەنگو هێزەکانی دژە تێرۆرو تێکرای شەڕڤانانی کوبانێو گەلی کوردستان دەکات کە لەجیاتی جیهانی ئازاد، جیهانی مافەکانی مرۆڤو پاراستنی کەرامەتی ئینسانییەوە لە دژی چەتە تێرۆریستەکانی داعش وەستاوەنەتەوەو مێژوویکی پرشنگدار بۆ مرۆڤایەتیو رەوتی رێزگرتنی بەرامبەرو میانڕۆیی تۆمار دەکەن، لەمڕووەشەوە رایدەگەیەنێ کە یەکێتی بە ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی دەزانێ وەک چۆن هاوکاری سەربازی گەیاندە کوبانێ، لە هەموو کەناڵەکانو لە هەر دەرفەتێکی فەراهەمکراو هاوکاری مرۆییو پزیشکیو خۆراکیو تەنانەت کەرستەی سەربازیش بگەیەنێتە ئەو بەرانەی کە لە دژی داعشە دەستڕەشە تێرۆرستەکان وەستاونەتەوە.

–ئەنجومەنی ناوەندی لە رێی سەرچاوەکانی تایبەت بە خۆیەوە ماوەیەکی زۆرە ئاگاداری ئەو دوو هەلیکۆپتەرەیە کە لە لایەن عیراقەوە تەرخانکراون بۆ گواستنەوەی کەلوپەلو کەرەستەو پێداویستییەکانی سەربازی بۆ چیای شەنگال، بەڵام لە گەڵ ناردنو گەیشتنی ئەو هاوکاریو پێداویستیانە راستەوخۆ لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێو بە ناوی حزبیو بەپێی فۆرمێکی دیاریکراوەوە دابەشی لایەنگرانی حزبی دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو هاوکارییانە لە بنەڕەتەوە بەناوی جەماوەرگەلی ئاوارەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی ئەوێ بەڕێ دەکرێن بێ ئەوەی رەچاوی لایەنگیربوونی سیاسی یاخود حزبی بکرێ، بۆیە ئەنجومەنی ناوەندی بە نیگەرانییەوە لەو هەڵوێستە مەیدانییە سیاسییە-حزبییە دەڕوانێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی داوا دەکات هەموو رێگاکان بکرێنەوەو دەرفەتەکانیش فەراهەم ومەیسەر

بکرێن بۆ ئەوەی بتواندرێ ئازوقەو چەک بۆ شەنگالییەکان بنێردرێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستانو کۆدەنگی نیشتمانیو نەتەوەییو یەکخستنی گوتاری سیاسی بە پێداویستی بە پەلەو هەنوکەیی گرنگ دەزانێو پێیوایە کە رێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنەکان پێویستە بە رەچاوکردنی هاوبەشبوونی راستەقینە بێتو دوور بێت لە هەر هەوڵێکی پاوانکاری سیاسی، هەر بەم دیدگایەشەوە دەڕوانێتە رێککەوتننامەی ستراتیژیو ئەگەرەکانی هەموارکردنەوە، هەروەک گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی هەمەلایەنە لەژێر بنمیچی پەرلەمانی کوردستان بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان بە گرنگو ئەرێنی دەزانێ، هەروەک رایدەگەیەنێ کە هەر رێککەوتنێکی نێوان یەکێتیو هەر لایەنێکی دیکەی سیاسی دەبێ دواجار بەپێی ماددەی (39) برگەی (7)ی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، لەناو ئەنجومەنی ناوەندییەوە پەسند بکرێ.

–ئەنجومەنی ناوەندی پێیوایە نەبوونی هەماهەنگی سیاسیو کارگێری پێویست لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاساییشی نەتەوەییو نەبوونی ستراتیژێکی هاوبەشو زاڵکردنی ئەجێندای لایەنێکی سیاسی بەسەر رەوتو کارەکانی ئەنجومەنەکە، زیانێکی گەورە بە یەکڕیزی نیشتمانی دەگەیەنێو کەلێنێکی ئاسان دەداتە دەست دوژمنانی کوردستان، بۆیە پێویستە هەرچی زووە پێداچوونەوەی ورد بە کارەکان بکرێو لەسەر ئاستی نیشتمانیو نەتەوەییەوە ئاراستەی هەڵوێستەکان بکرێت.

–ئەنجومەنی ناوەندی بە مافی خۆی دەزانێ لەمەودوا، بە وردی هەڵسەنگاندن لەسەر هەڵوێستەکانی مەکتەبی سیاسیو ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بکاتو لە کاتی پێویستو بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە پەیڕەو پێی دراوە لێپێچینەوەی خۆی بکات، داواش دەکات هەرچی زووە ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە بکرێو لیژنەکانیش دوایین راپۆرتی خۆیان بدەنە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بۆ ئەوەی رێکارو میکانیزمەکانی بەستنی کۆنگرە بگیرێنە بەر.

لە کۆتاییدا ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ک) وێرای سەردانواندن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، سڵاوی بەرخوادانو خەباتی نیشتمانی بۆ سەرجەم پێشمەرگەو شەڕڤانانو ئازادیخوازان دەنێرێو داوای چاکبوونەوەی برینداەکانیش دەکات.

ئەنجومەنی ناوەندی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 2014/10/25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 111

## بەیاننامەی کۆتاییهاتنی پلینۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20131223090929871 14

رۆژانی 20و21 /2013/12 پلینۆمی پانزەی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بەڕێوەچوو.
پلنێۆم بە دەقیقەیەک وەستان بۆ رێزنان لە خەباتی هاورێ ئازاد ئەحمەدو سەرجەم گیان

بەختکردوانی ڕێگای ئازادیو سۆسیالیزم و بە سرودی ئەنتەرناسیونال دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.
دواتر وتاری کردنەوەی پلنیۆم لە لایەن عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیەوە پێشکەشکراو بەدوای ئەودا پلنیۆم چووە سەر دەستوری باسەکانی خۆی کە پێکهاتبوون لە:
-وەزعی سیاسی حزب و ئاسۆ و مەیدانەکانی خەبات
-هەلومەرجی سیاسی کوردستان
-مالیە
-کۆنگرە
-بریارو بریارنامەکان
-هەڵبژاردن
لە بەندی یەکەمدا کە تایبەت بوو بە وەزعی سیاسی حزب، پانێڵێک لە لایەن هەریەک لە هاورێیان" عوسمانی حاجی مارف، محسین کەریم، عەبدوڵلا مەحمود" بەرێوەچوو، کە تیایدا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە وەزعی حزب و کۆسپ و ڕیگری و گرفتە سیاسی و عەمەلیەکانی درانە بەرباس و لیکۆلینەوە، لە درێژەی ئەم باسەدا بە شێوەی هەمەلایەنە و بەدرێژایی رۆژی یەکەمی پلنیۆم ئاسۆی سیاسی هەلسورانی حزبو لەو چوارچیوەیەشدا ستراتیجی حزب بۆ ریکخستن و رابەریکردنی شۆرشی کریکاری بە شیوەیەکی هەمەلایەنە قسەوباسی لەسەر کرا.
بەندی دووەمی دەستوری باسەکانی پلنیۆم، باسیک بوو سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان و ئاڵوگۆرە سیاسیە تازەکان. لەم بەندەدا بەشێوەیەکی وردو هەمەلایەنە قسەوباس لەسەر گرنگترین ئاڵۆگۆرە سیاسیەکانی کوردستان ناوچەکە، لە پیگەی ئیستای ناسیونالیزمی کوردەوە بە دەسەلات و ئۆپۆزیسێۆنەوە تا ریزبەستنی تازەی حزبەکان و بەشداری ئۆپۆزیسێۆنی بۆرژوازی کورد لە کابینەی هەشتەمی حکومەت و دەرئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستان و پیگەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری و دەوری حزبی کۆمۆنییستی کرێکاری لە جەرگەی ئەم هەلومەرج و ئالوگۆرانەدا...تاد، قسەوباسیان لەسەر کرا.
لەبەندی سێیەمی کۆبونەوەکەدا، باسی مالیەی حزب و پێویستی وەڵامدانەوە بە گرفتی مادی حزب و هەنگاوەکانی وەڵامدانەوە بەو گرفتە،کرا.
لەبەندێکی تری پلنیۆمدا، باسی بەستی کۆنگرەی چوارەمی حزب قسەکراو پاش باس لە پیداویستیە سیاسی و رێکخراوەیەکانی، پلنیۆم بریاریدا کە لە نیوەی دوەمی ساڵی داهاتودا کۆنگرە ببەستێت و تەواوی ئامادەکاریەکانی، فەراهەم بکات.
لەبەشی بریارو بریار نامەکاندا، لەبەر رۆشنایی باسەکاندا، چەندین و بریارو پلاتفۆرم و بەیان، پەسەندکران و لەسەر بناغەی ئەوانەش کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراو سپێردران بە مەکتەبی سیاسی داهاتوو.
دوابەندی پلنیۆم تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی سکرتیرو جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، کە هاورێ عوسمانی حاجی مارف وەکو سکرتێرو هاورێ موحسین کەریم وەکو جێگری سکرتێر لە پۆستەکانی خۆیاندا مانەوە و پاشان هەریەکە لە هاورییان" خەسرەو سایە، بەهار مونزر، حسین ساڵح، ئازاد مەجید، مەهدی رەسوڵ" وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.
بەم شێوەیە و پاش دوو رۆژ قسەوباسی هەمەلایەنە، پلنیۆم بە وتەی کۆتایی عوسمانی حاجی مارف و سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بەکاروبارەکانی خۆی هێنا.
شایانی ووتنە لە رۆژی دووەمی پلینۆمدا لەلایەن لیژنەی تایبەت بەکەیسی تیرۆری هاورێ ئازاد ئەحمەدەوە، راپۆرتێک سەبارەت بە رەوتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکان لە کەیسەکە پێشکەشکرا. پلینۆمیش سەرباری روونکردنەوەی رێکارو هەنگاوەکان، مەکتەبی سیاسیو لیژنەکەی راسپارد کە هەموو تواناییو هەوڵەکان بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی کەیسەکە بخەنەگەڕ .
مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
22/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 112

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەبۆنەی 70 ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081711143070278

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!
ئەندامان، دۆستانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!
70ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا (25ی گەلاوێژی 1324) حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر دەستی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی نەتەوەی کورد پێشەوا قازی محەممەدی نەمر دامەزرا بۆئەوەی بە شانازی‌یەوە ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بخاتە سەر شانی ڕۆڵەکانیو نەوە لە دوای نەوە بە دەستی کۆمەڵێک لە فیداکارترین تێکۆشەرانی ئەم بەشە لە کوردستانی بسپێرێ. لەوساوە تائێستا ئەم حیزبە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگا، بە لێوەشاوەیی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووەو نەی‌هێشتوە ئاڵای خەباتی ئەم گەلە بکەوێتە سەر زەوی.
ئەگەر بمانەوێ بۆ ڕەمزی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبە لە مەیدانی بەربەرەکانیی پڕقوربانیی تێکۆشاندا بڕوانین پێش هەموو شتێک چەند هۆی سەرەکی خۆیان دەنوێنن: یەکەم،ئەوە کە پێشەواو هاوڕێکانی بە لێزانیو شارەزایی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتدا گەڵاڵە کردوە، بەجۆرێک کە پاش تێپەڕینی نزیک بە سێ‌چارەکە سەدەش هێشتا لە هێڵە گشتی‌یەکاندا ئامانجی هەموو چینوتوێژە نیشتمانی‌یەکانی کۆمەڵی کوردەواریی تێدا بەدی دەکرێ. دووەم، ئەوە کە هەر بەوهۆیەی سەرەوە حیزبی هەموو خەڵکی کوردستان بووەو هەموو جۆراوجۆری‌یەکانی کۆمەڵ خۆیانو ئامانجەکانیان لەم حیزبەو بەرنامەی ئەم حیزبەدا دیتۆتەوەو هەربۆیەش لە هەموو بارێکەوە لە پشتی وەستاون. سێیەم، ئەوە کە لە درێژەی ڕێگادا ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنی دروشمەکانی خەباتو دەست‌نیشانکردنی دۆستانو دوژمنانی‌دا وردو واقیع‌بین بووە .سەرەنجامیش ئەوە کە تێکۆشەرانی دێموکڕات لە دژواری‌یەکانی سەر ڕێگای خەبات نەپرینگاونەوەو "کەندوکۆسپ هەنگاوی پێ شل نەکردوون."
حیزبی ئێمە لەو ڕێبازە دوورودرێژو پڕهەورازو نشێوەدا سەرکەوتنی گەورەی تاقی کردوونەوەو نوشوستیی تاڵیشی تووش هاتوون: گرنگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد (دامەزرانی کۆماری کوردستان) لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێک‌هاتوەو بەناوی ئەم حیزبەوە تۆمار کراوە، لە بەرامبەردا ڕووخانی کۆشکی هیوای کوردی هاتۆتە سەر ڕێو سەری سەردارانی بەسەر سێدارەوە دیوە. چەندجار کەوتۆتە بەر هێرشی بەربڵاوی پۆلیسو بەسەدان خەباتگێڕی ڕیزەکانی کەوتوونە بەندیخانەو حوکمی زیندانی درێژخایەنو تەنانەت ئیعدامیان بەسەردا سەپاوەو سەدانی دیکەیان پەڕیوەی هەندران بوونو ژیانی ئاوارەیی‌یان بەسەردا سەپاوە. بەو حاڵە لە یەکێک لە ڕەشترین دەورانەکانی حکوومەتی دیکتاتۆری‌دا گۆمێ مەندی "جزیرەی ئارام"ی حەمەڕەزاشای شڵەقاندووەو بانگی "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان"ی بەگوێی بێ خەبەراندا داوە. چەندجار تووشی لێک‌دابڕان هاتوەو لەبەرامبەردا ڕووداوی وەک "وەسەریەک‌کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات"ی تۆمار کردوە.
بەکورتی ئەم حیزبە سەرکەوتنو تێ‌شکانی زۆری دیون. بەڵام نە لەسەرکەوتن‌دا لەخۆ بایی بووەو نە لە نوشوستی‌دا چۆکی داداوەو تووشی بێ‌هیوایی هاتوە، هەر سەرکەوتنو پێشکەوتنێکی کردۆتە پردەبازی سەرکەوتنێکی دیکەو لە هەر تێشکانێک دەرسێکی خەباتگێڕانەی وەرگرتوە.
گەلی ئازادیخوازی کورد!
ئەو دەسکەوتانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێڕەوی 70ساڵەی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆی‌دا بەدەستی هێناون، بەرهەمی ڕەنجو تێکۆشانی تەنیا کۆمەڵێکو گرووپێک نین. هەرچەند بەڕواڵەت لە بەشی زۆریاندا ڕێبەریو کادرو ئەندامو فەرماندەرو پێشمەرگە فیداکارەکان

خاوەنداری‌یان لێ‌دەکەن، بەڵام ئەو شانازییانە بە هەوڵو هیممەتی چین‌وتوێژو دەستەو گرووپی جۆراوجۆری کۆمەڵی کوردەواری بەدەست هاتوون. ئەو زیندانییانە کە بەشێکی زۆر لە باشترین ساڵەکانی تەمەنیان لە چاڵەڕەشەکانی دوو ڕێژیمی پیاوکوژی پادشایەتی‌و ئاخوندی‌دا بەسەر بردوە، ئەو کەس‌وکارانەی شەهیدانو زیندانییانی سیاسی کە ڕەنجی دووری‌و تەنانەت لەدەستدانی ئازیزانیان قبووڵ کردوە، بەڵام قەت بەچۆک‌دا نەهاتوونو ڕێگایان نەداوە دوژمنانی ئازادی هەست بە سەرکەوتن بکەن، ئەوانە کە یەک یان چەند ئەندامی لەشیان لە مەیدانی بەربەرەکانیی چەکدارانە یان لەژێر ئەشکەنجەدا لەدەست داوە، ئەوانە کە "لەسەر وەتەن بێ‌وەتەن بوون"و ڕەنجی دووروڵاتی دەچێژن بەڵام قەت لە یادو غەمی گەلو نیشتمانەکەیان غافڵ نەبوون، ئەو ژنە تێکۆشەرانە کە سەرباری بەشی خۆیان لە خەبات بەشێک لە ئەرکی خەباتگێرانەی پیاوەکانیشیان گرتۆتە ئەستۆ، ئەو مامۆستا ئایینی‌یە نیشتمانپەروەرانە کە لە تاڵترین ساڵەکانی زەبروزەنگ‌دا خۆیان ئەرکی حیزبی‌یان بەڕێوە بردوەو حوجرەو مزگەوتەکانیان کردۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی ڕۆڵەی بەجەرگی مەیدانی خەباتو بەکورتی هەموو ئەوانەی لە هەر ڕێگایەکەوە کۆمەگیان بە بەرەوپێش‌چوونی ئەم کاروانی سەروەری‌یە کردوە، هەرکامیان خاوەنی بەشێک لە شانازییەکانی مێژووی حیزبی دێموکڕاتن.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی زۆر شێوازو نەریتی خەباتگێڕانە بووەو هەیە کە لە ڕابردوودا بوونە مایەی ڕێزو ئیعتیباری ئەم حیزبەو درێژەدانیان لە تێکۆشانی لەمەودواشمان‌دا دەتوانێ کۆمەک بە چوونەسەری جێگەوپێگەی حیزبو سەرەنجام سەرکەوتنی ڕێڕەوی خەباتە ڕەواکەی بکا:

حیزب هیچ‌وەخت شێوەیەکی تایبەتی لە خەباتی بە تاقەڕێگا دانەناوەو ڕێزێکی زۆری بۆ خەباتی شارستانی داناوە، تێکۆشانی فکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی نەخشی ڕووناکبیرانی بە ئەڵقەیەکی گرنگی خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی نەتەوەکەمان زانیوە. حیزب پێی وا بووە چووکترین پاشەکشە بە ڕێژیمی دەسەڵاتدارو بەدەست‌هێنانی هەر داخوازێکی خەڵک پرینی قۆناغێک لە خەباتە درێژخایەنەکەمانە.

ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بە چارەسەری ئاشتی‌خوازانەی مەسەلەی کوردو تەنانەت چارەسەری هەموو گیروگرفتە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان لەڕێگای ئاشتی‌خوازانەوە هەبووە. بەڵام هەرکات لەلایەن حکوومەتە سەرکوتکەرەکانەوە خەباتی چەکدارانەی بەسەردا سەپابێ قارەمانانە بەرگریی لە مافو ئازادی‌یەکانی کورد کردوەو لەبەرامبەر زۆرو ملهوری‌دا تەسلیم نە بووە.

دەگەڵ ئەوەی هەمیشە باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد هەبووە، واقیع‌بینانە هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەی خۆی هەڵسەنگاندوەو دروشمی چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دا (خودموختاری یان فیدڕالیزم)ی هەڵگرتوە.

زانیویەتی کە بۆ بەدەست‌هێنانی مافو ئازادی‌یەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێران‌دا پێویستیی بە هاوخەباتی دەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانیان هەیەو لەو ڕێگایەدا هەوڵێکی زۆری بۆ لێک‌نزیک‌بوونەوەو تەنانەت هاوپەیمانی دەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سەرانسەری‌و ناوچەیی‌یەکانی ئێران داوە.

ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بەوە هەبووە کە کورد نەتەوەیەکەو لەنێو چەند وڵات‌دا دابەش کراوە. بۆیە لە هەموو دەرفەتێک‌دا هەوڵی هاوکاری‌و هاودەردی دەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانی داوەو بەتایبەتی دەگەڵ باشووری کوردستان زۆر لاپەڕەی زێرینی مێژوویی لەو بوارەدا تۆمار کردوون.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنەوە بایەخێکی شیاوی بە دیپلۆماسی‌و هەوڵی ناساندنی مەسەلەی کورد بەدنیاو ڕاکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی کورد داوەو لەو ڕێگایەدا سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێناوە. لەبیرمانە کە یەکەمین کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریس بە هەوڵو تێکۆشانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو پێک‌هاتو لەبەر ئەوەی پێش بەسترانی کۆنفڕانسەکە تێرۆر کرا، ئەو کۆنفڕانسە پێشکەش بە یادی وی کرا.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەگەرچی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا خۆرهەڵاتی کوردستانو بەگشتی هەموو ئێران لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا کپو بێ‌دەنگ دیارە. بەڵام بەدڵنیایی دەڵێین ئەم وەزعە ناتوانێ درێژخایەن بێ. ئەو هەورە ڕەشەی بەری ئاسمانی کوردستانو ئێرانی گرتوە سەرەنجام دەڕەوێ‌و خۆری ئازادی لە ئاسۆی وڵاتەکەمان وەدەر دەکەوێ. حیزبی دێموکڕات بەڵێن

تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئێوە درێژە دەدا. بۆیە هیوامان ئەوەیە وەک هەمیشە پشتی بگرن، متمانەی پێبکەنو ڕێگای پێشان بدەن. ئەم قافڵەیە بە هەوڵی هەمووان دەگاتە مەنزڵو گومانیش نیە کە نەخشی بنەڕەتی بە هەوڵو هیممەتی ئێوەیە.
لە 70ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وێرای پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزب، سڵاوی وەفاو ئەمەگداری بۆ گیانی پاکی دامەزرێنەرو پێشەوای حیزب شەهید قازی محەممەدو هەموو هاورێکانی دەنێرینو بەڵێن تازە دەکەینەوە کە تاسەر بە ڕێبازەکەیان وەفادار بین.
سڵاو لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان.
سڵاو لە زیندانییانی سیاسی قارەمانانی بەرەنگاریو بنەماڵە فیداکارەکانیان.
سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان قەڵای هەرە قایمی دێموکرات.
سەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەیی‌یەکانی.
کۆمیتەی ناوەندیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
25ی گەلاوێژی 1394 (16ی ئووتی 2015)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 113

## بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەسەر دەستێوەردانی دەرەکی لە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071013023076956

ئاشکرایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی رەوایە بۆ هەموو گەلان. گەلی کوردیش لە سەر خاکی خۆی و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە دەیان ساڵ بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە خەباتی کردووە. ئەوە مافی گەلی کوردستانە بریار بدات چ جۆرە سیستەم و شێوازێکی بەڕیوەبردن بۆخۆی هەڵبژێرێت. هیچ دەوڵەتێکی هەرێمی و جیهانیش ئەو مافەی نیە دەست بخاتە کارو خەباتی کوردستانەوەو لە جیاتی گەلی کوردستان بریار بدات. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەردەوام ئەم پرەنسیپە گەردوونیەیان پێشێل کردووە. سەرەرای نکوڵی کردن و سەرکوتکردنی گەلی کورد لەو پارچانەدا کە لە بن دەستی خۆیاندایە، بەردەوام هەوڵی ئەوەشیان داوە کە دەستبخەنە کاری پارچەکانی تریشەوە. رژێمی ئێرانیش وەک تورکیاو رژێمە داگیرکەر و سەرکوتکەرەکانی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە هەوڵی داوە هەژموونی خۆی بەسەر کارو تێکۆشانی هەموو پارچەکاندا بسەپێنێ. بۆ ئەو مەبەستەش درێغی نەکردوە لە هەڕەشە کردن و هێرشکردن و سیاسەتی پەرتەوازەکردنی کوردان و ئاژاوە نانەوە لەنێو کورداندا.

ئەگەر ئێران بەراستی ئارامی و سەقامگیریی بۆ ولاتی خۆی و ناوچەکە ئەوێت، ئەگەر دۆستایەتی لەنێو گەلانی ناوچەکەدا ئەخوازێت، پێویستە بەر لەهەر شتێک دەست لە سیاسەتی سەرکوتکەرانەو نامرۆڤانە بەرامبەر گەلی کوردستان هەڵبگرێت. ئێران پێویستە ئیتر لەوە تێبگات کە نکوڵیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و کوشتوبڕی سیاسەتمەدار و چالاکوان و خەڵکی سڤیل و کاسبکارانی سەرسنوورو، کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ناوچەکانی کوردستان و تۆپارانکردنی

هاوولاتیانی کوردستان، ناتوانن چیتر ئارامی بۆ خودی رژێمەکەی مسۆگەر بکەن. راپەڕینی بەشێک لە گەلانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە هەمبەر رژێمە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکان نمونەیەکی زیندوون لەبەردەم ئێراندا و پێوستە دەرسیان لێ وەربگرێت. هۆشیاری گەلانی ناوچەکە بە گەلی کوردیشەوە گەیشتۆتە ئاستێک کە چیتر سیاسەتی دوژمناکارانەو ناعەدالەتی و ستەمکاریی قبوڵ نەکەن. بۆ رێگرتن لە سیاسەتی دەستێوەردانی دەرەکی، لەسەر گەلی کوردو پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێویستە هەرچی زووتر ناخۆی ماڵی کوردو یەکریزی خۆیان پێکبێنن.

بێگومان گەلی کوردستان خوازیاری ئەوەن کە مافەکانی خۆیان بە رێگایەکی ئاشتی و دیموکراسی دابین بکەن. لەسەر رژێمی ئێران و رژێمەکانی تریش پێویستە ئەو راستیە قبوڵ بکەن و بەو ئاراستەیە هەنگاو بنێن. ئەگەر نا گەلی کوردستان هەموو شێوازێکی تێکۆشان و خۆپاراستن و بەرپەچدانەوە رەوا ئەبینن .

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کنک

10.07.2014برۆکسل

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: 🌏دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 114

## بەیاننامەی هاوبەشی ساڵیادی ئازاد کردنی شاری هەولێر لە 1991/3/11 دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031110492135464

جەماوەری خۆشەویستی کوردستان
دانیشتوانی سەربەرزی شاری هەولێر
کەس وکاری شەهیدە نەمرەکان
23ساڵ بەرلە ئێستا لەدرێژەی هەڵمەتەکانی رۆژانی راپەرین و رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لە رووداوێکی مێژوویی و گرنگ لە رۆژی 1991/3/11 دا خەڵکی سەربەرزی شاری هەولێر بە کورد و تورکمان و کلدانی و سریانی ئاشوری و هەموو چین و توێژەکانیەوە، شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەری رژێمی دیکتاتۆری درندەیی بەعسی هاتنە دەنگ و تێکرا هاواریان کرد نا بۆ چەوساندنەوەو توندوو تیژی بەعس، بەڵێ بۆ ئازادی و چەسپاندنی حوکمی گەل. خۆشبەختانە لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس کەوتنە دەست خەڵکی ستەم لێکراوی شاری هەولێر.
دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هیچ رێگایەکی نامرۆڤانەو دوور لە بەهای ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی نەما کە بۆ کپ کردنی دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان نەیگرنەبەرو رۆژ بەرۆژ پرۆژەو پیلانی تازەیان دادەرشت، بۆ بەکۆمەڵ کوشتن لە شێوەی راگواستن و ئەنفال و جینۆ ساید کردن، تابە هۆیەوە گەلی کوردستان لە ناو بەرن .
بەڵام یەک ریزی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان و گیانی لەخۆ بووردەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئیرادەی لەبن نەهاتووی جەماوەری کوردستان سات لە دوای سات بۆ بەرگریی کردن لە خاک و نیشتیمان بەهێز ترو بەگورتر دەبوو .
جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەو سەرکەوتنە مەزنەی خەڵکی راپەریوی شاری هەولێر هاوکات بوو لەگەڵ

یادی رێککەوتن نامەی (11)ی ئازاری ساڵی (1970) دانبنێت بە مافی رەوای خەڵکی کوردستان.
ئێمە لێرەدا کە یادی سەرکەوتنەکانی راپەرین و رزگاری کوردستان بە کەرکوکی خۆشەویستی شەوە دەکەینەوە پربە دڵ پیرۆزبایی لە خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان بە گشتی و شاری قەڵاو مناره بە تایبەتی دەکەین و سەری رێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدان دادەنوێنین وە سڵاوی خۆراگریش بۆ هێزی پێشمەرگە دەنێرین.
ئەمرۆ لەکاتێکدا یادی ئەو راپەرینە مەزنە دەکەینەوە، ئێمە وەکو کۆمەڵێک حزب و لایەنی سیاسی کوردستان لە پارێزگای هەولێر دەرهەق بەم بارودۆخە تازەیەی کوردستان و ناوچەکە بە پێویستی دەزانین هەڵوێستمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە روو .
-1پاڵپشت و داواکاری خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ مافە رەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو داد پەروەرانە بەبێ دەست وەردان لەکاری سیاسی لایەنەسیاسیەکانی ئەو پارتانە .
-2رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەرێت و هە وڵ و هیم مەتمان بۆ زیاتر بەرقەرار کردنی بێت تاگەیشتن بە ئاواتی گەلەکەمان و بریاردانی لە چارەنوسی خۆیدا.
-3ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە دۆخێکی نا لەباردان داواکارین چارەسەری بنەرەتی دۆخی ئەو ناوچانە بکرێت بەپێی مافە دەستوریەکان لە عێراق و جێ بەجێ کردنی مادەی (140.(
-4هەوڵی زیاتر چەسپاندنی ئامانجەکانی راپەرین بدرێت لە پتر فراوانکردنی پانتای دیموکراسی و دابین کردنی ئازادی و نەهێشتنی جیاکاری و پەیرەوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جەخت کردنەوە لە بەردەوامی پرۆسەی چاکسازی و رووبەروو بونەوەی گەندەلی.
-5داوا دەکەین پەلە بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە لایەنە براوەکان دەکەین چیتر هاوڵاتیان لەدۆخی چاوەروانی نەهێڵنەوە.
-6داوا لە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق و حکومەتی فیدراڵ دەکەین کە هەڵوێستیان بەرامبەر سیاسەتی تاکرەوانەی حکومەتی فیدراڵ هەبێت وەبە ئەرکی بەرپرسیارەتی خۆیان هەڵسن.
-7بریار لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بریاری دەستە جەمعی هەموو لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بێت .
ناوی حزب و لایەنە بەشدار بووانی ئەم کۆبوونەوە یە ئەمانەی خوارەوەن.
-1یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.مەڵبەندی دوو
-2پارتی سەربەخۆی کوردستان .
-3دەستەی سەرۆکایەتی حزبی رزگاری کوردستان.
-4پارتی کۆماری کوردستان.
-5کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان.
-6پارتی دیموکراتی تورکمان.
-7کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.مەڵبەندی (3 (
-8حزبی ئاییندەی کوردستان.لقی هەولێر
-9حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.مەڵبەندی هەولێر
-10یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان.هەرێمی هەولێر
-11بزووتنەوەی تورکمانی بێ لایەن.
-12ئەنجوومەنی کلدانی سریانی ئاشوری. لقی هەولێر
-13حزبی بیت النهرین دیموکرات.لقی هەولێر
-14حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر.
-15بەرەی تورکمانی عیراقی. لقی هەولێر
-16بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری. لقی هەولێر
-17حزبی رزگاری کوردستان. کۆمیتەی پارێزگای هەولێر
-18بزووتنەوەی گۆران. هەولێر
-19پارتی سەربەخۆی کوردستان.
-20بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان. هەولێر
-21بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان ز ناوەندی هەولێر
-22پارتی یەکگرتووی تورکمان. لقی هەولێر

-23پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان. ناوەندی هەولێر
-24بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان ز
-25ئۆجاغی برایەتی تورکمان قارداش لق.
-26بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان.مەڵبەندی (3 )
-27پارتی ڕزگاری نەتەوەیی تورکمان.
-28گردبوونەوەی نیشتیمانی تورکمان.
-29حزبی شیوعی کوردستان. کۆمیتەی پارێزگای هەولێر
-30یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.مەڵبەندی (3 )
-31پارتی دیموکراتی کوردستان. لقی دوو.
-32کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان.
-33ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 115

## بەیاننامەی کۆتایی پلێنۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031309311768104

لە ڕۆژانی ڕابوردوودا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، چوارەمین کۆبوونەوەی فراوانی خۆی لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە بەڕێوە برد .

کۆبوونەوەی پلێنۆمی چوارەم لە ڕۆژی دووی ڕێبەنداندا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و بە و بۆنەیەوە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ شەهیدانی کۆماری کوردستان و هەموو گیانبەختکردوانی کۆمەڵە ڕاگیرا و دواتر سرودی بانگەوازی کۆمەڵە پەخش کرایەوە و بەم شێوەیە پلێنۆم بە ڕەسمی دەستی بەکار کرد. جێگەی ئاماژەیە کە کۆمیسیۆنێکی چوار کەسی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەرکی ئامادەکاریی ئە و کۆبوونەوەیان گرتبووە ئەستۆ و گوزارشی هەموو ئۆرگان و بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵە و چالاکیە گرینگەکانی چەند مانگی نێوان پلێنۆمی پێشوو تا ئێستا بە نووسراو لە بەردەم بەشداربووانی کۆبوونەوەکەدا داندرابوو .

هەر وەها وەکوو بەشێک لە ئامادەکاری بۆ ئاگاداریی باشتر لە کاروبارەکان و بڕیاردانی گونجاوتر، لە پەراوێزی پلێنۆم و لە ڕۆژانی پێش دەستپێکردنیدا، کۆمەڵێک کۆبوونەوەی بەنرخ لەگەڵ هەندێک لە بەشەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە بەڕێوە چوو. بۆ نموونە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی وەکوو: کۆمەڵەی لاوان، کۆمەڵەی ژنان و کۆمەڵەی خوێندکاران کۆبوونەوە کرا و گوزارشی کاروباریان لێ¬وەرگیرا و هەروەها ڕاوبۆچوونی ئەوانیش سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێشتر بردن و باشتر کردنی کاروبارمان لە و بووارانەدا وەرگیرا و تاوتوێ کرا کە سەرجەم بەرچاو ڕوونییەکی زۆرتر بۆ هەڵگرتنی هەنگاوەکانی داهاتووی بەدی هێنا.

لە زنجیرەی ئە و کۆبوونەوانەدا هەروەها لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆنی پێڕەوی ناوخۆ کە لە مانگەکانی ڕابوردوودا بەمەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێویست یان دارشتنەوەی پێڕەوی ناوخۆ لەسەر چەند گەڵاڵە و دەقێک کاریان کردبوو، کۆبوونەوە کرا و گوێ لە پێشنیار و گەڵاڵەکانیان گیرا و دیدێکی ڕوونتر بۆ کار کردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆ دەستەبەر کرا.

هەر وەها لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی کە هەندێک تێبینی و پێشنیاریان بۆ باشتر کردنی چالاکییەکانی کۆمەڵە هەبوو، کۆبوونەوەگەلێکی بەکەڵک بەڕێوە چوو کە ئەنجامەکەی سەرودڵخۆشی و هیوای زیاتر و تەئکید لەسەر یەکڕیزی و کاری پراوپر لەپێناو بەرە

و پێش بردنی ئەرک و راسپاردە سیاسییە گرینگەکانی کۆمەڵە بوو .
پلێنۆی چوارەم هەر لە پێناو بەربڵاوتر کردنی بازنەی بەشداریی حیزبیدا، گوزارشی سیاسیی خۆی بەبەشداری ژمارەیەک لە کادر و ئەندامان و نوێنەرانی پۆلەکان بەڕێوە برد. ئە و گوزارشە سیاسییە کە لێکدانەوەیەکی پوخت لەسەر بارودۆخی ئابووری و سیاسیی ئێران و کوردستان و ناوچەکەی لەخۆ گرتبوو، لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشکەش کرا، و وەڵامی پرسیار و تێبینی بەشداربووانیش درایەوە .
خاڵەکانی کۆبوونەوەی پلێنۆم، بێجگە لەوانەی سەرەوە، بریتی بوو لە: کۆنگرەی چواردەی کۆمەڵە، پێڕەوی ناوخۆ، سیاسەتمان لەئاست ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، رێککەوتنامەی هاوبەش و چۆنیەتی پەرەپێدان و بەڕێوە بردنی، سیاسەتمان لەئاست حیزب ولایەنەکانی دیکەی کوردستان، راگەیاندن، شیعاری هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران، ئارایش و دابەشکردنی ئەرک و کارەکان. وێرای ئە و خاڵە سەرەکییانە، پلێنۆمی چوارەم هەروەها ژمارەیەک بابەتی سیاسی و رێکخراوەیی تریشی تاوتوێ کرد و بریاری پێویستی لەسەریان دا .
چوارەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، دوای چوار رۆژ کاری پراوپڕ و تاوتوێ کردنی تێروتەسەلی ئە و خاڵانەی بۆخۆی دانابوو، بەدوای پەسند کردنی ژمارەیەک بڕیارنامە و گەڵاڵەی پێویست وەکوو رێنوێنی بۆ کاری داهاتوو و هەروەوها هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی، لە کەش و هەوایەکی هیوابەخشدا کۆتایی بەکاری خۆی هێنا .
کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
10...ی رێبەندانی 1391، 29ی ژانویەی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 116

## بەیاننامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەربارەی موچە و چارەسەرکردنی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150221233201184793

بۆ بەڕێزان/ سەرۆک کۆماری عێراق و پەرلەمانتار و وەزیرە کوردەکانی حکومەتی فیدراڵ
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دارایی وئابووری
وەزارەتی پەروەردە
وەزارەتی خوێندنی باڵا
سڵاوی پەروەردە و زانست.. (هەموتان دەزانن ئەگەر هۆیەکانی ژیاندن نەبوو داهێنانیش نایێت(..
بەڕێزان..
لاتان ئاشکرایە زیاتر لە ساڵێکە کێشەی دواکەوتنی موچە وبینە وبەردەی هەبوون ونەبوونی بەرۆکی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی گرتووە، تائێستاش چارەسەرەکەی بەڵێنی ماوەتەوە بەڕاستی خەڵکی کوردستانی ماندووکردووە، وای لێهاتوە لەبری بیرکردنەوە لەداهێنان تەنها بیر لەچۆنیەتی گوزەران و بژێوی ژیان بکرێتەوە چونکە هەمومان دەزانین کە هۆکاری ژیاندن نەبوو داهێنانیش نایێت.
بەڕێزان..
ئێستا لەبەرئەوەی ئاسۆکە رون نیە بەیەکجارەکی خەڵک وەڕس و بێزار بووە، هەموو لایەکیش دەزانن بارودۆخەکە زۆر هەستیارە بۆیە ئارامیان گرتوە لەسەرخۆ هەڵسوکەوتیان کردووە، بەڵام

دەبێ بزانین ئەمەش سنوری هەیە بۆیە ناکرێت لەنیوه رێگەدا بەجێبهێڵرێن. کێشەکەش تەنها
مانگێک نیە بەلکو دەبێ چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە داواکارین:
.1لە سەرۆک کۆماری عێراق و پەرلەمانتاران و وەزیرەکان تەنها لەمەراسیمی تەشریفات
وێنەکانمان نیشان نەدەن یان لەسەر شاشەی تیڤیەکان هەرکەس و بەئارەزوی خۆی خەڵکی
کوردستان ماندوو بکات، دەبێت بەرهەمتان هەبێت ئەم خەڵکە ئێوەی ناردووە بۆ بەدەستهێنانی
مافەکانیان نەک دروشم و وتاردان دەبێ بەتوندی رەخنە لە حکومەت و بەڕێز عەبادی بگرن
بۆجێبەجێکردنی داخوازی و داواکانمان و ئەگەری قسەکردنیتر ببڕێتەوە .
.2لەبەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دانانی سنورێک بۆ ئە و هەموو
نیگەرانییەی مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ ئەوەی ژیانمان تەئمین بکرێت، راستە ئێمە لەشەرێکی
بێ ئاماندایین لەگەڵ تیرۆریستان و بارودۆخەکە زۆر هەستیارە بەڵام دەشبێ ریزەکانی دواوەی
هێزی پێشمەرگە و رۆڵە قارەمانەکانمان قایمتر بکەین، بۆیە زۆر پێویستە بەرونی بەکۆمەڵانی
خەڵک بڵێن هەروەها نەخشە رێگەی چارەسەرکردنی گرفتەکان داڕێژرێت بۆ ئەوەی چیتر
لەبەرامبەر ئە و پرسە گرنگە سەرگەردان نەبین هەر رۆژە و بەشێوەیەک مامەڵە نەکرێت.
.3لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بێدەنگی بشکێنن و قسەی خۆیان
بکەن، چونکە ئێوە نوێنەری گەلن و نمایندەن ناکرێ لەبەرامبەر ئە و پرسە گرنگە و چارەسەرەکان
قسەتان نەبێت، هەموشمان دەزانین پێویستیمان بە موزایەدەی سیاسی نیيە بەلکو پێویستیمان
بە کردارە.
مامۆستایانی بەڕێز وخۆراگر..
ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت هەموو لایەکی بێزارکردووە، نیگەرانیەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە
ئاسۆکانی چارەسەرییەکان رون و دیارنین، زۆرتان ئارام گرتوە چونکە دەزانین بارودۆخی هەرێم
ناسکە و رۆڵەکانمان هەر رۆژە لەبەرەکانی جەنگ خوێن دەکەنە سور خەڵات بۆ پاراستنی خەڵکی
کوردستان، لەمبارەیەوە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خۆی بەداکۆکیکاری سەرسەختی
مامۆستایان دەزانێت بەهەموو شێوەیەکیش هەوڵ لەبەرجەستەکردنی مافەکان وچارەسەرکردنی
کێشەکان دەدات، هەربۆ ئە و مەبەستە بەنامەی فەرمی داوا لە یەکێتی مامۆستایانی
جیهانی (EI)و رێکخراوی مامۆستایانی بەریتانی (NASUWT)و فیدراسیۆنی مامۆستایانی
ئەمریکی(AFT)، مەکتەبی ئاسیا باسفیک دەکەین هاودەنگمان بن بۆ بەرجەستەکردنی
مافەکانمان..
لەکۆتاییدا جارێکیتر داواکاری لەهەموو لایەک دووپات دەکەینەوە بەدەم داخوازییەکانمانەوە بێن چیتر
ئە و کێشانە بە چارەسەر نەکراوی نەهێڵدرێنەوە ..لەگەڵ رێز
کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزی
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
19/2/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 117

## بەیاننامەیەک دەربارەی هێرشکردنە سەر کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵاتی هەولێر لە شەوی 2013/10/12

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101420582888320

هاوولاتیانی خۆشەویست...
لایەنە بەیوەندیدارەکانی کوردستان...
بەداخەوە لە شەوی 2013/10/12 لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە کاتێکدا

کارمەندانی تەندروستی خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی سەر شانیان بوون لە خزمەتکردن و ساڕێژکردنی نەخۆشەکاندا، لە لایەن چەند کەسانێکی هاوەڵی نەخۆش بە بێ بوونی هیچ پاساوێک لە ناو حەرەمی نەخۆشخانەدا هێرش دەکرێتە سەر کارمەندانی تەندروستی و لەبەردەم نەخۆش و کەسوکارەکانیاندا لێیاندەدرێت و سوکایەتییان پێدەکریت و پیرۆزی نەخۆشخانە دەبەزێنن، کەچی دواتر کارمەندانی هێرشکراوە سەر دەستگیریش دەکرێن!؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم کارمەندانە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە خەریکی خزمەتکردنی نەخۆشەکانی ئەو پەلامەردەرانە بوون و دەیانەویست لە ئازەرەکانیان کەمبکەنەوە.
لایەنە پەیەوەندیدارەکان و هاوڵاتیانی خۆشەویست...
ئێمە لە ڕێکخراوەکانی کارمەندانی تەندروستی سەردەم و یەکگرتوو و کۆمەڵ، لەدوای ئەوەی ئیدانە ئەو پەلامارادانە دەکەین و شەرمەزاری دەکەین، داوا دەکەین کەبەزووترین کات هێرشکاران بە سزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی کارمەندانی تەندروستی بکرێنەوە، چونکە ئەم هێرشکردنە خەریکە لە حاڵەت بوونەوە تێپەڕ دەکات و دەبێتە دیاردە !؟ یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی دووبارە بوونەوەی ئەم کارە بێزراوەش سزانەدانی خەتاباران بووە و دوای کۆتایی هاتنی دۆسیەکانیش تەنها کارمەندان زەرەرمەند بوون و تۆمەتبارانیش وەک پاڵەوان دەرکەوتوون لە نێو کۆمەڵگەدا...

هەروەک داوا لە دادگاکانی هەولێر دەکەین کە نەکەونە ژێر کاریگەری هێزە یاسا بەزینەکان و بەشێوەیەکی بێلایەنانە ماف بۆ خاوەن مافەکان بگێرنەوە، هەروەک داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین کە گرەنتی پاراستنی کارمەندانی تەندروستی لە ئەستۆ بگرن و بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن، تاوەکو هەموو لایەکمان سنوری ئەرک و ماف و ئازادیەکانمان پارێزراو بێت...
ئیتر سەرکەوتوویی بۆ دڵسۆزی و ماندوونەناسی کارمەندانی تەندروستی...

ڕێکخراوی ڕێکخراوی ڕێکخراوی
کارمەندانی تەندروستی کارمەندانی تەندروستی کارمەندانی تەندروستی
سەردەم یەگگرتوو کۆمەڵ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 118

## بەیاننامەیەک لە ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20131111093117879292

بۆ/
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
حکومەتی هەرێمی کوردستان
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
ڕای گشتی

وەکو لای هەموو لایەک ئاشکرایە لەئێستا بەهۆی بوونی چەندین کێشە و گرفتی دەروونی و

کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بێسنووری چەک لەناو تاک بەتاکی ئەم هەرێمەدا، رۆژانە هەواڵی خۆکوشتن و کوشتن بە فیشەک و دەستڕێژی گوللەوە هەمووما‌ن رادەچڵەکێنێ، بەتایبەتی ئەو رووداوانەی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری و شارەکانی تری کوردستاندا روودەدەن هێڵی سووریان تێپەڕاندووە و پێویستە هەرچی زووە، کاری جددی بۆ بکرێت و پشتگوێ نەخرێت چونکە ئەم رووداوانە ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکی کوردی خستۆتە مەترسییەوە، بۆیە ئێمە وەکو رێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و وەکو توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێمان وایە دەبێت بەرپرسانی ئەم هەرێمە پێش هەر کارێکی تر کاری جددی بکەن بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی ئەم دۆخەی کە ئێستا سلێمانی و کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، هەر بۆیە داواکارین لە ئێستادا بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە و سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کار بکەن بۆ:

1-دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆری لە کەسانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و خەڵکانی تری تایبەتمەند، بۆ هەستان بە ئەنجامدانی دیراسەی وردو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی کە لە کوردستاندا گوزەر دەکات و دوای تەواوکردنی ئەم دیراسەیە و کاری لیژنەکە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان بیکاتە بەرنامەی کاری خۆی.

2-لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی حکومەتی کار بەرێخەرە بەڵام دەتوانێت کار بکات بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو چەکانەی کە هاووڵاتیانی ئەم کوردستانە بەبیانووی جیاجیاوە لەماڵەوە حەشاریانداوە، یان بە هۆی بوونی مۆڵەتەوە بەردەوام چەک هەڵدەگرێت، بۆ ئەمەش حکومەت دەتوانێت لەرێگەی تەرخانکردنی برێک پارەوە بۆ ئەو کەسانەی چەکیان هەیە چەکەکان کۆبکاتەوە و دواتر لەدەستێکی ئەمیندا کۆیان بکاتەوە و سزای توند بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە چەک هەڵدەگرن بەهەر بیانوویەک بێت..

3-جگە لەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان راسپێرێت کە بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانە بکات و تاوانباران بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنن و نەهێڵن چیتر ئەم وڵاتە لەرێگەی کەسانی لادەر لەیاساو تاوانبارە دۆخی ئارامی تێک بچێت...

10/11/2013
رێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 119

## بەیاننامەیەک لەساڵیادی قۆناغەکانی (5-6-7)ی ئەنفال و رۆژی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130515203649785‌56

ئەنفال زنجیرەیەک کردەی تاوانکاری کۆمەڵکوژی رژێمی دیکتاتۆری بەعس بوو، کە لەئەنجامدا 182000 هاووڵاتی کورد بە بەرچاوی وڵاتانی زلهێز بوونە قوربانی و هەندێکیان لە گۆڕەبە کۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دۆزراونەوە.

قۆناغەکانی (5-6-7)ی ئەنفال لە چەند هێرشی بەدوای یەکدا هاتوو بەیەکەوە ئەنجامدرا، لە (5/15 تا 1988/8/26)ی خایاند. کە سنووری نێوچیاکانی شەقڵاوە و رواندوزی گرتەوە. کاتژمێر 6 ی ئێوارەی (5/15)، چەند فرۆکەیەک کەوتنە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسەک، ئەسپیندار، عەلیاوە، سماقوڵی، بونێ، بالیسان، بالوکاوە، خەتێ). ژمارەیەک هاووڵاتی شەهیدو بریندارکرد. رۆژی 5/20، سوپا بەسەرپەرشتی لیوا روکن (یونس محەمەد الزرب)، فەرماندەی فەیلەقی پێنج، لە سێ قۆڵەوە هێرشی زەمینی دەستپێکرد، لەقۆڵی یەکەم بۆ گوندی گەرەوان، لەقۆڵی دووەم بۆ گوندەکانی هەلەموندو وەرتێ و زینێ و دەربەی وجاوەل و دەرگەبی و گەلیتە، لەقۆڵی سێیەمیش بۆ سەروچاوە، بەنی هەریر وخەلیفان. هێرشەکە بەشێوەی بازنەیی بوو، تا زۆرترین کەس دەستگیر بکرێن، هەرچەندە زۆربەی خەڵک زووتر لەترسی کیمیابارانکردن

ناوچەکەیان چۆلکردبوو، تەنها هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە مابوو، گوندی بلەی خواروو تاکە گوندی ئاوەدانی ناوچەکە بوو تیایدا (276) کەس لەلایەن فیرقەی(45) دەستگیرکران.
لە شاڵاوەکانی ئەنفالی (5-6-7)دا، (2602) خێزان دەستگیرکران، (52) گوندو (52) مزگەوت و(24) قوتابخانە روخێنران.
16/5ی هەموو ساڵێک رۆژی گۆرە بەکۆمەڵەکانی عێراقە، یەکەم گۆری بەکۆمەڵ لەم رۆژەدا لە ساڵی 2003 لە قەزای محاویل لە پارێزگای بابل دۆزرایەوە، کە زیاتر لە(2000) روفاتی تێدابوو.
تائێستا زیاتر لە(400) گۆری بەکۆمەڵ دەستنیشانکراون، زۆرترین گۆری بەکۆمەڵیش لە شاری سەماوەیە .
کارکردن لە گۆرە بەکۆمەڵەکان کارێکی قورسە و پەیوەندی بەباری سیاسی و ئەمنی و تیمی پسپۆرو شارەزا و بودجەی تایبەت و پشوو درێژی زۆر هەیە. حکومەتی عێراق بەردەوام کێشە بۆ هەڵدانەوەي گۆرەکان دروست دەکات. کێشەیەکی تریش لەیاسای گشتی گۆرە بەکۆمەڵەکان هەیە، مافی تەواو لە هەڵدانەوەو دەستنیشانکردنی گۆرە بەکۆمەڵەکان دراوەتە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی بەتەنیا. گەڕان بەدوای روفاتی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانیان پێویستی بەهاوکاری و دڵسۆزی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان هەیە، هیواداربن گۆرە بەکۆمەڵەکان بەشێوەیەکی زانستی هەڵبدرێنەوە. داواش لەحکومەتی عێراق دەکەین چیتر رێگر نەبێت لەکارەکانی تیمەکانی کارکردن و پەلە بکرێت لەهەڵدانەوەو هێنانەوەی روفاتەکان، چونکە تاقە هیوای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەڕووی مەعنەویەوە، گەڕاندنەوەی روفاتی کەسوکاریانە بۆ زێدی باب و باپیرانیان.
لە کۆتاییدا سڵاو بۆ گیانی بەرزەفڕی گۆرە خامۆشەکانی سەدو هەشتاو دوو هەزار لە قوربانیانی ئەنفال و بێسەروشوێنکراوان و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان. رورەشیش بۆ ئەنجامدەران و بەشداربوانی تاوانەکانی ئەنفال.
سەنتەری ئەنفال
هەولێر 15/ 5/ 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 120

## بەیاننامەیەک لە ساڵیادی قۆناغەکانی (5-6-7)ی ئەنفالء رۆژی گۆرە بەکۆمەڵەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130712214227895593

ئەنفال زنجیرەیەک کردەی تاوانکاری کۆمەڵکوژی رژێمی دیکتاتۆری بەعس بوو، کە لەئەنجامدا 182000 هاووڵاتی کورد بە بەرچاوی وڵاتانی زلهێز بوونە قوربانی و هەندێکیان لە گۆرەبە کۆمەڵەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دۆزراونەوە.
قۆناغەکانی (5-6-7)ی ئەنفال لە چەند هێرشی بەدوای یەکدا هاتوو بەیەکەوە ئەنجامدرا، لە (5/15 تا 1988/8/26)ی خایاند. کە سنووری نێوچیاکانی شەقڵاوە و رواندوزی گرتەوە. کاتژمێر 6 ی ئێوارەی (5/15)، چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسەک، ئەسپیندار، عەلیاوە، سماقوڵی، بونێ، بالیسان، بالوکاوە، خەتێ). ژمارەیەک هاووڵاتی شەهیدو بریندارکرد. رۆژی 5/20، سوپا بەسەرپەرشتی لیوا روکن (یونس محەمەد الزرب)، فەرماندەی فەیلەقی پێنج، لە سێ قۆڵەوە هێرشی زەمینی دەستپێکرد، لەقۆڵی یەکەم بۆ گوندی گەرەوان، لەقۆڵی دووەم بۆ گوندەکانی هەلەموندو وەرتێ و زینێ و دەرەبیءجاوەل و دەرگەبی و گەلیتە، لەقۆڵی سێیەمیش بۆ سەروچاوە، بەنی هەریر وخەلیفان. هێرشەکە بەشێوەی بازنەیی بوو، تا

زۆرترین کەس دەستگیر بکرێن، هەرچەندە زۆربەی خەڵک زووتر لەترسی کیمیابارانکردن ناوچەکەیان چۆلکردبوو، تەنها هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە مابوو، گوندی بلەی خواروو تاکە گوندی ئاوەدانی ناوچەکە بوو تیایدا (276) کەس لەلایەن فیرقەی(45) دەستگیرکران.
لە شاڵاوەکانی ئەنفالـــی (5-6-7)دا، (2602) خێزان دەستگیرکران، (52) گوندو (52) مزگەوت و(24) قوتابخانە روخێنران.
16/5ی هەموو ساڵێک رۆژی گۆرە بەکۆمەڵەکانی عێراقە، یەکەم گۆری بەکۆمەڵ لەم رۆژەدا لە ساڵی 2003 لە قەزای محاویل لە پارێزگای بابل دۆزرایەوە، کە زیاتر لە(2000) روفاتی تێدابوو. تائێستا زیاتر لە(400) گۆری بەکۆمەڵ دەستنیشانکراون، زۆرترین گۆری بەکۆمەڵیش لە شاری سەماوەیە .
کارکردن لە گۆرە بەکۆمەڵەکان کارێکی قورسە و پەیوەندی بەباری سیاسی و ئەمنی و تیمی پسپۆرو شارەزا و بودجەی تایبەت و پشوو درێژی زۆر هەیە. حکومەتی عێراق بەردەوام کێشە بۆ هەڵدانەوەی گۆرەکان دروست دەکات. کێشەیەکی تریش لەیاسای گشتی گۆرە بەکۆمەڵەکان هەیە، مافی تەواو لە هەڵدانەوەو دەستنیشانکردنی گۆرە بەکۆمەڵەکان دراوەتە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی بەتەنیا. گەران بەدوای روفاتی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانیان پێویستی بەهاوکاری و دڵسۆزی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان هەیە، هیواداریین گۆرە بەکۆمەڵەکان بەشێوەیەکی زانستی هەڵبدرێنەوە. داواش لەحکومەتی عێراق دەکەین چیتر رێگر نەبێت لەکارەکانی تیمەکانی کارکردن و پەلە بکرێت لەهەڵدانەوەو هێنانەوەی روفاتەکان، چونکە تاقە هیوای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەرووی مەعنەوییەوە، گەراندنەوەی روفاتی کەسوکاریانە بۆ زێدی باب و باپیرانیان.
لە کۆتاییدا سڵاو بۆ گیانی بەرزەفری گۆرە خامۆشەکانی سەدو هەشتاو دوو هەزار لە قوربانیانی ئەنفال و بێسەروشوێنکراوان و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان. رورەشیش بۆ ئەنجامدەران و بەشداربوانی تاوانەکانی ئەنفال.

سەنتەری ئەنفال
هەولێر 15/5/ 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 121

## بەیاننامەیەک لە کەمپینی پشتگیر و بەدوادا چوون بۆ پارێزگای هەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122014532387150

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەرێز/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان
بابەت /ئاگادارکردنەوە
بەرێزان پاش بریاردانتان لەپێک هێنانی لیژنە بۆ پرسی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە ودیاریکردنی سنوری ئە و پارێزگایە لەرووی ئیداری وجوگرافی یەوە و ئامادەکردنی کارنامەی ئەم پارێزگایە لەلایەن لیژنە بەرێزەکەتانەوە وپەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە،ئێمە وەک دانیشتووانی شاری هەڵەبجە و چالاکەوان و رۆشنبیران وخوێندکاران و لاوانی هەڵەبجە چاوەڕوانی ئەوەبوین کە ئەم پرۆسەیە بەکۆتایی بگەیەنن بەڵام بەداخەوە ئەوە زیاتر لە نۆ مانگ تێپەربووە بەسەرئە و بریاروبەڵێنانەدا کە لەلایەن سەرۆکی حکومەت وجێگرەکەی وبەبەرچاوی هەموودونیاوە بە خەڵکی بریندار ی هەڵەبجەتان دا،سە بارەت بە جێ بەجێ کردنی بریاری بەپارێزگابوونی

هەڵبجە، کەچی هێشتا پارێزگارو هەیکەلی ئیداری پاریزگارتان بۆ ئەم شارە دیاری نەکرد ووە ..
بۆیە بەپێویستمان زانی جارێکی تر ئاگادارتان بکەینە وە ئێمە نامانەوێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین لە 16ی3ی ساڵی داهاتوو گوێبیستی هەمان بەڵێنی ساڵی ڕابردوو ببینەوەو زیاترلە سپازدە ساڵە هەڵبجەتان خستووەتە چاوەروانی،پێتان دەڵێین تاکەی هەڵبجە لەچاوەروانیدا دەهێڵنەوە.
لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە هێندەی نەماوە بۆ 16ی3 ی ساڵی 2014
وەک ئاگادارن لەسێ مانگی داهاتوودا ئێمە وەک هەڵبجەیەکان و ئێوەش وەک خاوەن بەڵێن لەهەمان ساڵیادو لەهەمان شوێن ڕووبەڕووی یەک دەبینەوە! بۆئەوەی ئەم ساڵیادە بەئارامی وهێمنی بەرێبکەین وهیچ رووبەرووبوونەوەیەک لەنێوان گەنجانی هەڵبجە و بەرپرساندا روونەدات ...
ئێمە لەدەستەی داکۆکی وبەدواداچوون بۆ پارێزگای هەڵبجە پێشنیاردەکەین کە پێش هاتنی ئەم بەروارەوئەم ساڵیادە ئەمربفەرموون بەجێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە ..
1-بە پارێزگابوونی هەڵبجە بەفەرمی ڕابگەیەنرێت.

2-یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی هەشتەم لە هەلەبجەدا بیت.

3-کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان مامەڵەی پاریزگا لەگەڵ هەڵەبجەی شەهید بکات بەو سنورە ئیداری و کارگێریەوە کە ئەنجومەنی وەزیران دیاری کردووە،هەڵبژاردنی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ئەنجام بدرێت بەهەمان شێوەی پاریزگای هەولیرو دهۆک و سلێمانی،کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاگاداربکەنەوە بەفەرمی بەدیاری کردنی ڕێژەی کورسی یەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە بۆبەشداری پێکردنی لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.ئەمەش کۆتایی دێنێت بەهەموو کێشە سیاسی وئیداری و یاساییەکان لەکاتی دیاری کردنی پارێزگارو ئیدارەی پارێزگاکەدا .

4-وەزارەتی دارایی ئیجبار بکرێت بە جیاکردنەوەی بووجەو پرۆژەی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید دەبێت لە بووجەی 2014 هەڵەبجەی شەهید مامەڵەی پارێزگای لەگە ڵدا بکرێت..

5-لەوماوەیەدا کە نەگاتە 16ی3 هەموو بەرێوبەرایەتییە گشتیەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ هەڵەبجە لەگەڵ رێزمان
کەمپینی پشتگیرو بەدوادا چوون بۆ پارێزگای هەڵەبجە
20-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 122

## بەیاننامەیەکی نارەزایەتی لەباڵەکایەتیەوە - ڤیستڤاڵی کلتوری باڵەکایەتی هەڵوەشایەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150501092605851 95

بۆ:ڕای گشتی هەرێمی کوردستان
بەداخەوە ئەمساڵ زۆرینەی بۆنە و یادە نەتەوەییەکان وەک پێویست یادیان نەکرایەوە بەهۆی زۆری پرسە و ماتەمگێرانی کەس و کاری پێشمەرگە و گەریلا و شەهیدانان ئێمە وەک گروپی خەمخۆرو گەنجانی دەڤەری باڵەکایەتی پریارماندا ئەمساڵ ئەو یادە نەکەینەوە کەبڕیاربوو ڕۆژی 1ی ئایار

بەڕێوەبچێت و هۆشداریش ئەدەین بەهەموو ئەو کەس و لایەنانەی لەبەرنامەیاندایە تاکڕەوانە هەڵبستن بەدڵبریندارکردنەوەی کەس و کاری شەهیدان باس لەوە بکەن ئەو یادە ئەکەنەوە ئێمە قبوڵی ناکەین و هەر شتێک ڕوبدات خۆیان بەرپرسیارئەبن لەبەرئەوە لێرەوە مەڵبەندی 6ی سۆرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لقی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکۆی بزوتنەوەی گۆران لەچۆمان ئاگاداردەکەینەوە پاشەکشە بکەن لەبڕیاری تاکڕەوانە چونکە لەئێستادا کارێکی شیاو نیە بۆیە باشتروایە نەکرێت،.
دایک و باوک و براو خوشک و کچ و کور و خێزانی شەهیدانی دەستی چەتە دڕندەکانی داعش تائێستا فرمێسک دێت لەچاوەکانیان بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێک کەسی نەفس نزم لەپێناو بڵاوکردنەوەی هەندێ وێنە لەئەکاونتی فەیس بووکەکانیان و دەستکەوتنی پرێک پارە بەبۆنەی کردنەوەی یادێکی لەم شێوەیە بەنیازن تاکڕەوانە پریاربدەن،.
چونکە ئێمە بەشدارنابین هەرکەسێکیش بەبیانوی یادکردنەوەی ئەم ڤیستیڤاڵە کۆمەڵ ببێت ئەوا شەرمەزاری لای کەس و کاری شەهیدان دەبن چونکە ئەمساڵ لەزۆربەی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان یادکردنەوەی ئەم ڕۆژانە بەبێدەنگی گوزەری کرد بۆیە ئەبێت ئێمە وەک ڕێز و وەفا بۆ خوێنی شەهیدان و هەست کردن بەناخی بریندار و دڵی پر لەئێش و زامی کەس و کاری شەهیدان و بریندار و دەستگیرکراوانی لای داعش ئەم ڕۆژە بەسەربردانیکردنی کەس و کاری پارێزەرانی وولات بەرێبکەین نەک بەهەڵپەرکێ و ڕەش بەڵەکی وەک ئەوەی وولات شامی شەریف بێت!!!،.
لەگەڵ ڕێزی گروپی خەمخۆرانی باڵەکایەتی
30-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | چۆمان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 123

## بەیانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20130427221832652 42

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 124

## پاراستنی دانیشتوانی کوردستان لە مەترسی شەری ناوخۆو دابینکردنی ئایندەیەکی رووناک، هاتنە مەیدانی هێزی جەماوەری و دابینکردنی دەسەڵاتی شوراکانە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081711005210597

جەماوەری خەڵکی کوردستان،
کرێکاران، زەحمەتکێشان، ئازادیخوازان!
توندبوونەوەی کێشەی نێوان هێزەکانی پێکهێنەری حکومەتی بنکە فراوان لەسەر پرسی سەرۆکی هەرێم کە رەنگدانەوەی شکست و بنبەستی سیاسیو قەیرانی حکومەتیو دابەشبوونیانە بەسەر کێشمەکێش و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکەدا، ئاسۆیەکی مەترسیدار دەخەنە پێش کۆمەڵگای کوردستانەوە. ئەو حیزبانەی کە وایان رادەگەیاند پێکەوە خۆشگوزەرانیو ئارامی بۆ خەڵک دابین دەکەن، ئێستا لەناو گێژاوی بنبەستی دەسەلاتەکەیاندا گیریان خواردوەو لەئاست وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی خەڵک بێ وەڵام ودەستەوەستان و بێدەربەستن. سەرەڕای ئەوەش ئەگەری تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لەئارادایەو سێبەری خلیسکانی بارودۆخەکە بۆناو شەڕێکی ناوخۆ بەسەر سەری خەڵکەوە دەسورێتەوە!
ململانێ و کێشمەکێشی نێوان ئەو هێزانەو بێدەربەستیان بەرامبەر کێشکردنی کۆمەڵگا بۆناو شەڕو کارەسات، هیچ پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە نەبوەو نیە، بەڵکو بۆقۆرخکردن و دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتو سامانی کۆمەڵگایە لەنێوان خۆیاندا. شەڕی هێشتنەوە یان بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابوریە بۆخۆیان. بۆیە تەنها رێگایەک کە لەبەردەم خەڵکدا ماوەتەوە ئەوەیە کە:
- 1 پێویستە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کوردستان دژ بە پروپاگەندەی شەڕخوازانەو نابەرپرسانەی ئەو لایەنانە بێنە مەیدان و بەشێوازی جۆراوجۆری نارەزایەتی گشتیو جەماوەری رێگا لەبەردەم سەرەڕۆیی ئەو هێزانە دابخەن و لێیان قبوڵ نەکەن کوردستان بەرەو شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی پاڵپێوەبنێن. دەبێ پێیان بڵێن کە رێگاتان نادەین ماڵ و حاڵمان بکەن بە مەیدانی جەنگی قازانج پەرستانەتان.
- 2 هاوکات لەپاڵ بەرێخستنی ئەم بزوتنەوە جەماوەریەدا دژی شەڕ، دەبێ خەڵک لە گەرەکەکەکان و ناوەندەکانی کارو دامەزراوە گشتیەکان شوراو ئەنجومەنەکانی خۆیان دابمەزرێنن بۆئەوەی خۆیان لە خوارەوە پراتیکی دەسەڵاتی خۆیان بکەن. حکومەتی بنکە فراوانی بۆرژوازی کورد بە شکست و بنبەست گەیشتوە. بۆیە تەنها رێگایەک کە بۆ خەڵک ماێتەوە، ئەوەیە کە ئیرادەی سیاسی راستەوخۆیان بێنێتە مەیدانو هەڵسوراوان و تێکۆشەرانو رابەرانی جەماوەریدەست بدەنە کاری رێکخستنی خەڵک لە شوراو ئەنجومەنەکانیاندا. لە ڕێگەی ئەو شوراو ئەنجومەنانەوە نوینەرانی راستەقینەو دڵسۆزی خۆیان هەڵبژێرن و ئیدارەی دامەزراوەکانو شارو شارۆچکەکان بگرنە دەست خۆیان. بەوجۆرە خۆیان راستەوخۆ دەست بدەنە پاکردنەوەی گەندەڵیو تاڵانکردنی داهاتی خەڵک لەلایەن مافیاو مشەخۆرەکانەوە، خۆیان هەنگاوبنێن بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەکو ئاوو کارەباو جادەوبانو دابینکردنی کارو مووچەو ژیان و گوزەرانی هاوچەرخ و شایستە بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان. خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی شارەکانی ناوەراستو باشوری عێراق و بەغدای پایتەخت لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانو باشکردنی ژیانو گوزەرانیانو لەدژی مافیاکانی دەسەڵات، نمونەیەکی پڕئەزمونی گرنگە کە خەڵکی زەحمەتکێشو کەمدەرامەتو ئازادیخوازی کوردستان دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن.
بۆپیشەوە بەرەو بەرێکەوتنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری دژی شەڕو شەڕخوازی ئەحزابی بۆرژوازی کورد
بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی ئەنجومەنو شوراکانو دەسەڵاتدارێتی جەماوەری!
حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان
16-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 125

# پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان هێزی پاراستنی نەتەوەی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080910391656034

لەکاتێدا شۆرشێکی گەورە لەکوردستاندا بەرێوەدەچێت و گەلەکەمان بەهەوڵ و تێکۆشانی مەزن توانیویەتی کۆمەڵیک دەسکەوتی گرنگ بەدەست بهێنێت،لەهەمانکاتدا بەقارەمانێتی و بەرخودانی بێ وێنە ڕێگەی لەبەردەم زۆرترین دەرفەت والاکردووە بۆئەوە ی تەواوی مافەرەواکانی بەدەست بهێنێت.بەڵام لەکاتێکی وەهادا نەیارانی گەلی کورد لەسەرو هەموویانەوە دەوڵەتانی زلهێزی جیهانی و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەهەمووشێوەیەک بەرەنگاری ئەو شۆرش و تێکۆشانە دەبنەوەو لەهەوڵی لەباربردنی ئەو دەسکەوتنانەدان.لای هەمولایەک ئاشکرایە ئەوشەرە ئەمرۆ لەرێگەی هێزی تیرۆرستی داعشەوە بەرێوە دەچێت.لەرۆژئاوای کوردستاندا دووساڵ زیاترە شەرێکی دژوار لەدژی خەڵکێکی شۆرشگیری و بەرخودانقان بەرێوە دەچێت و تارۆژی ئەمرۆش بەردەوامەو لەئەنجامدا گەلی رۆژئاوای کوردستان بە پێشەنگایەتی YPJ و YPG توانیویانەسەرکەوتنێکی مێژووی تۆماربکەن.لەباشوری کوردستانیش ماوەی سێ مانگە چەکدارانی داعش لەدژی خەڵکی باشوری کوردستانیش شەرێکی خوێناوی لەسنوری کەرکوک و دوزخورماتووو موسڵ جەلەولاو خانەقین و سەعدیە بەریوەدەبەن.ئیستا شاری موسڵ و قەزای شەنگال وژمارەیەک لە گوندوناحیەی لەلایەن چەتەکانی داعشەوە داگیرکراوەو گەل روبەروی کۆمەڵکوژی دەکەنەوە.لەکاتێکی وەهادا وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پێمان وایە کە هێرشە داگیرکاریەکانی چەتەکانی داعش بەهەمووشێوەیەک سەرتاسەری کوردستانیان کردۆتە ئامانج بەبێ َهیچ سنورێک.ئێمەش وەک گەلی کورد پێویستمان بە بەرەنگاربوونەوەیەکی نەتەوەی وهەمەلایەنە و سنور نەناسانە هەیە کەتەواوی هێزوولایەنەکان بەیەکگرت و یەکریزی بەرەنگاری هەمووجۆرە داگیرکارو کۆمەڵکوژیەک لەسەرگەلەکەمان ببینەوە.
بۆئەو مەبەستە ئێمە بەپێویستی دەزانین کە کەمپینێکی پاراستنی نەتەوەی سەرتاسەری رابگەیەنین لەباشوری کوردستاندا بۆبەرەنگاربوونەوە ورێگەگرتن لە هەمووجۆرە داگیرکاریەک و لەسەروهەموویانەوە بۆ رێگەگرتن لە کۆمەڵکوژیەکان و رزگارکردنی خەڵکی شەنگال لەهەموجۆرە لەناوچونێک بۆ شکاندنی ئەو چەمبەری کۆمەڵکوژییەو خۆگەیاندن بە هەمووئەو کەسانەی کەلەچیای شەنگال بەبێ ئاو نان ماون.بۆ خاوەندەرکەوتن لەهەمووئاوارەکانی موسڵ َو مەخمورو جەلەولا و هەموو خوشکان وبرایانی ئێزیدیمان.بەپێویستی دەزانین لەگەڵ بەرفراوانکردنی هەڵمەتی هاوکاری کۆکردنەوە مادی و مەعنەوی.بەهەمووشێوەیەک رێگەلەبەردەم هەمووجۆرەپاشداکشاندنێک بگرین ورۆحی تێکۆشان و بەرخودان پێش بخەین وبەهەمووشێوەیەک ئەرکی پاراستنی وڵاتی خۆمان پێک بهێنین. بەپێویستمان زانی وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی هێزێکی پاراستن و بەرخۆدانی نەتەوەی هەرێمی تایبەت لەباشوری کوردستاندا رابگەیەنین.ئەم هێزە لە هەر جێگەیەک بەناوی پاراستین لەو هەرێمە خۆی رادەگەینێت وەک هێزی بەرخودان و پاراستینی شەنگال.هێزی پاراسینتی کەرکوک و هێزی پاراستین خانەقین و جەلەلا و هێزی پاراستین مەخمور.ئەم هێزە بەشێوەکی مۆدێرن پەروەردەکرێن و لەبواری سەربازی و ئایدۆلۆژییەوە ئامادە دەکرێن. بێ گوومان ئەم هێزە وەک هەرهێزێکی پاراستنی خاکی کوردستان باوەریمان بەتێکۆشانێکی هاوبەش و هەمەلایەنە هەیە بەهەماهەنگی لەگەڵ هەمووهێزێکی پێشمەرگە لەباشوری کوردستان و هەموو هێزی پاراستنی گەل YPG و یەکینەی پاراستنی گەل لە باکورو رۆژئاواو رۆژهەڵاتی کوردستان،لەسەر ئەو بنەمایە وەک پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بانگەوازی لەهەموو لاوان لەتەواوی کوران وکچان و ژنان و پیاوان لەهەموشاروشارۆچکەکانی باشوری کوردستان و ئێراق بەگشتی دەکەین کە ئەرکی نیشتیمانی خۆیان پێک بهێنن کەبەزووترین کات بەشداری هەڵمەتی بەرخودانی نەتەوەی ببین و پەیوەندی بە هێزی پاراستن و بەرخودانی نەتەوەی یەوە بکەن. بۆ پەیوەندی کردن بەم هێزەوە بەشداریکردن

لەم هەڵمەتەدا لەهەمووشاروشارۆچکەکەکانی باشوری کوردستان(سلێمانی، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، کەرکوک،،چەمچەماڵ، کەلار،کفری، خانەقین،رانیە، دیانە،چۆمان،رەواندوز، هەڵەبجە، پێنجوێن،دەربەندیخان، شێخان، هەموو قەزاو ناحیەکان) پەیوەندی بکەن بەنوسینگەی رۆژی وڵات و بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
7-8-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان - پەچەدەکە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 126

## پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لە بەیاننامەیەکدا هەڕەشەی توند، ئاراستەی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا و حدک) دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150620123543657922

بۆ رای گشتی...

دوابەدوای سەفەرە زەنجیرەیەکانی کاربەدەستانی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ باشووری کوردستان و بەرنامەرێژی قۆناخێکی نوێ لە شەڕی تایبەت دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئاپۆیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەحزابی گرێدراوی بارزانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان (حدکا، حدک) بوونەتە کەرەستەیەکی ئەساسی ئەم شەڕە تایبەتە.

ئەم ئەحزابە زەردانە کە تەجروبەیەکی دەمدرێژیان لە بە فیرۆدانی وزەی کۆمەڵگای کوردی و تکهەڵچوون لەگەڵ تێکۆشەرانی کورد هەیە، دەیانەوێت تا بە فەرهەنگی فالانژیستی، کۆمەڵگای کوردستان بەرەو گۆڕەپانێکی بیرتەسکانە و مۆغرەزانە رابکێشن، ئەم ئەحزابانە لەم ماوە درێژە لە پاسیڤ بوون و کەمپنشینی خۆیان بوونەتە حەوانگەی سیخوری چەند لایەنە و مۆرەی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران .

یەکێک لە رێگا ئەساسیەکانی شەڕی تایبەت، رەشکردنی ئەو کەسانەیە کە بیروڕای جیاوازیان هەیە و ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتە هاوبەشەکانی دەوڵەت و ئەم ئەحزابانە جێ ناگرن .

لەم رۆژانەی دواییدا بەشێک لەم کەسانە کە ئەندامێتی ئەوان لە ناوەندە ئیتلاعاتیەکان و ئاسایشی رژیم ئاشکرایە و لەهەمان کاتدا خۆیان وەک پشتیوانانی ئەحزابی زەرد نیشان دەدەن و پدەچێت کە کارتی ئەندامێتی ئەم ئەحزابانەشیان لە گیرفانیاندا بێت، هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ بەدناوکردنی کەسایەتییە مەدەنییەکان و وڵاتپارێزانی کورد دەستپێکردووە.

بێگومان ئەم کردەوە نا ئەخلاقیانەی مۆرەکانی رژێم ناتوانن ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرو وڵاتپارێزانە رەش بکەن، هەروەها ناتوانن ئەو سەرکەوتنانەی کە گەلی تێکۆشەری کورد رۆژبەرۆژ بەدەستی دێنێت، کەمرەنگ بکەنەوە .

لەم رێگایەوە سەرەنجی رای گشتی کوردستان بۆ سەر ئەم نەخشە چەپەڵە رادەکێشین، هەروەها ئەم مۆرانە و پشتیوانانیان وشیار دەکەینەوە کە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئاستی سەبری

بزوتنەوەی ئاپۆیی و گەلی وڵاتپارێز کوردستان نەدەن.

مەجلسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| جۆری دۆکومێنت: | ••زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 127

## پارتی سەربەستیی کوردستان پێشوازی لە کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵویستی سەرۆک بارزانی دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=201307221360489508

بە خۆشحاڵییەوە دوای ساڵانێکی زۆر چاوەروانی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کورد.
بەرێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بە پەلەی بۆ لایەنە کوردستانییەکان بڵاوکردەوەو، داوای کۆبوونەوەی بە پەلەی لایەنەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان کرد، بۆ دروستکردنی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە. کە بەخۆشیەوە ئەمرۆ 22/7/ 2013 لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهات .
وەک پارتی سەربەستیی کوردستان کە بەهۆکارێکی تەکنیکی نەمانتوانی لە کۆبوونەوەی یەکەم بۆ دیاریکردنی لێژنەی کۆنگرە بەشداری بکەین. بەڵام بەوپەری خۆشحاڵیەوەپشتیوانی خۆمان بۆ ئەو هەنگاوە نەتەوەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی دەردەبرین، هەروەها پشتیوانی و ئامادەیی تەواوی خۆمان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێشان دەدەین .
هیواخوازین کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە زوترین کات دەستبەکار بێت و گەلی کوردستان خۆشحاڵ بکات. هەوەها ببێتە رێکخراوێکی گشتی هەمیشەیی کوردستان، هەروەک کۆمکاری عەرەبی بۆ عەرەبەکان، یەکێتی ئوروپا بۆ ئوروپیەکان و یەکێتی ئەفریقا بۆ ئەفریقیەکان و زۆر رێکخراوی دیکەی تایبەتی نەتەوەکانی جیهانی. ئەم کۆنگرەش ببێتە هۆکاری دروستبوونی رێکخراوێک کە ماڵی زیاد لە 50 ملۆین کورد و نەتەوەیی کورد لە ژێر چەتری رێکخراوێکی سەرتاسەری کۆکاتەوە .
بە هیوای بەرێوەچوونی هەرچی زووتری کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان.
هەر شەکاوە بێت خەبات و یەکریزی نەتەوە سەربەرزەکەمان.
ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.
22 / 7 / 2013
www.psk2006.org ------- pskhewall@gmail.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی سەربەستیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 128

## پارێزگاری سلێمانی پرسەنامەیەک ئاراستەی بنەماڵەی کاوە گەرمیانی دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20131208213642873611

بەناوی خودای گەورە
بنەماڵەی شەهید کاوە گەرمیانی...
رۆژنامەنووسان و نوسەرانی بەرێز...
بەناوی خۆم و پارێزگای سلێمانییەوە، بەگەرمی سەرەخۆشی لە هەموو لایەکتان دەکەم بەبۆنەی گیان لەدەستدانی کاکە کاوەی جوانە مەرگ و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم و بەتوندی ئە و کارە تیرۆریستیە مەحکوم و شەرمەزار دەکەم.
یەکێک لە شانازی و دەستکەوتە گەورەکانی ئێمە لە پارێزگای سلێمانیدا ئازادی میدیا و ئازادی رادەربرینە، هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە رێگە نادەین هیچ دەستێکی ناحەز و رەش ئە و شانازیی و دەستە کەوتەمان لێ بستێنێتەوە یان لەکەداری بکات.
تیرۆرکردنی شەهید کاوە، بەهەوڵێک دەزانین بۆ لەکەدارکردنی حکومرانی خۆماڵی و دەستکەوتە دیموکراتی و نیشتیمانییەکان و پێمان وایە ئە و هەوڵە دەست درێژی کردنە بۆ سەر حکومەتی هەرێم و سەروەرییەکانمان، بۆیە هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ بۆ دۆزینەوە و بە سزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی ئە و تاوانە قێزەونە.
دووبارە هاوخەمی خۆم بۆ بەهەموو لایەک رادەگەیەنم و لەخوای گەورە داواکارم کاکە کاوە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و پشتیوانمان بێت لە دۆزینەوەی تاوانباران.
بەهرۆز محەمەد ساڵح
پارێزگاری سلێمانی
08-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 129

## پارێزگاری سلێمانی پەیامێکی ئاراستەی دانیشتووان و پارێزگاری هەولێر کرد و ئیدانەی توندی کردەوە خۆکوژییەکەی ئەمڕۆی ئەو شارەی کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20141119215253779844

دانیشتوانی شاری هەولێری خۆشەویست
بەرێز پارێزگاری هەولێر
کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و برینداران

بەداخەوە، ئەمرۆ جارێکی تر تیرۆریستانی دوژمن بە گەلەکەمان و دوژمن بە ئازادی و ئاوەدانی، دەستی رەشیان بەخوێنی گەشی ژمارەیەک لە رۆڵەکانمان سور کردوو لە کردەوەیەکی

ترسنۆکانەی تیرۆریستانەدا ژمارەیەک لە رۆڵەکانی شاری خۆراگری قەڵاومنارەیان شەهید و بریندار کرد، بەم بۆنەیەوە بەناوی خۆم و پارێزگای سلێمانی و دانیشتوانی پارێزگای سلێمانییەوە، وێرای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، دڵگرانی و هاوخەمی خۆمانتان پێ رادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە کەس و کاری شەهیدان دەکەین و هیوای تەندروستی باش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ئەم کردەوە قێزەونەی تیرۆریستان دوای ئەوە دێت لەسەرجەم بەرەکانەوە پێشمەرگە قەرەمانەکان زەبری کوشندەیان لە تیرۆریستان داوە بەم جۆرە کردەوانە دەیانەوێت باری لاریان راست بکەنەوەو دڵە راوکیَ لەنێو هاووڵاتیاندا دروست بکەن، بەڵام بێگومان خەیاڵیان خاوەو خەڵکی کوردستان چۆن لە رابردوودا شکستیان بە سەدان پلانی داگیرکەران تیرۆریستان هێناوە،ئاواش بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و سەرجەم هێزەکانی ناوخۆ پلانی تیرۆریستان شکست پێدەهێنن.

جارێکی تر سەرەخۆشی لەکەسوکاری شەهیدان دەکەین و خۆمان بە هاوخەمتان دەزانین و پشتیوانی دانیشتوان و دەزگاکانی سلێمانتان بۆ دووپات دەکەینەوە.

بەهرۆز محەمەد سالح
پارێزگاری سلێمانی
19ی تشرینی دووەمی2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 130

## پارێزگاری سلێمانی داوای لێبوردن لە دانیشتووانی دەربەندیخان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20131031075410881113

بەداخەوە لە چەند رۆژی رابردوودا لە قەزای دەربەندیخان، بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە، ئاوی ماڵانی چەند گەڕەکی شارۆچکەی دەربەندیخان تووشی پیس بوون بوو،ئەوەش بووە هۆی نیگەرانی هاولاتیانی شارۆچکەکە.
رووداوەکە کاتێک روویداوە کە یەکێک لە دەرگاکانی بەنداوەکە سیانەکراوە و قور و لیتە تێکەڵی ئاوەکە بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی و تەنسیق لەنێوان ئیدارەی بەنداوەکە کە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەی حکومەتی هەرێمە لەگەڵ فەرمانگەی ئاوی دەربەندیخان کە سەر بە وەزارەتی شارەوانییە، لەکاتی سیانەکەدا ئاو بەچەند گەڕەکێکی شارۆچکەکە دراوە بەمەش ئەو پیس بوونە روویداوە.
ئێمە وێرای داوای لێبووردن لە هاولاتیانی شارۆچکەی دەربەندیخان، رایدەگەیەنین لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەمتەرخەمی و نەبوونی هەماهەنگیی نێوان فەرمانگەی ئاو و ئیدارەی بەنداوەکە و هەر کەس لە و بارەیەوە بەرپرس و کەمتەرخەم بێت بە پێی یاسای (قانون اچباگ موڤفی الدوله) سزای یاسایی دەدەین.
لەهەمان کاتدا رایدەگەیەنین فەرمانگەی ئاوی دەربەندیخان بە هەماهەنگی بەرێوەبەرایەتی ئاوی دەوربەری سلێمانی لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ پاککردنەوەی حەوزی ئاوەکان و تۆڕی ئاوی ئەو گەڕەکانە و و چەند تیمێک لە تەندروستی و بەرێوەبەرایەتی ئاوی دەورو بەر سەردانی ئەو گەڕەکانەیان کردووە و سمپلیان لە ئاوی ماڵان وەرگرتووە و دەرکەوتووە ئاوەکە لەرووی فیزیکیەوە نۆرماڵە و شیاوە بۆ خواردنەوە و لەرووی کیمیایشەوە چاوەڕێی دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانین لەبەر ئەوەی دەرکەوتنی ئەنجامەکان ماوەیان پێویستە.
هاوکات رایدەگەیەنین لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ئێستادا کۆمپانیایەکی تورکی کار لەسەر دانانی فلتەر دەکات بۆ ئاوی شارۆچکەی دەربەندیخان و لەئێستادا دەست

بەکاربووەوە بەڵێنیان داوە لەماوەی 3 مانگ و نیودا پرۆژەکە تەواو بکەن، بەپێویستیشی دەزانین لێرەدا روونی بکەینەوە پرۆژەی فلتەری ئاوی دەربەندیخان پێش لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانیاوە کاری دیزاین و جێ بەجێ کردنی بۆ کرا، بەڵام کۆمپانیاکە لەکارەکەدا سەر نەکەوتوو بە و هۆیەشەوە لە ئێستادا کۆمپانیاکە دراوە بە دادگا.
هەروەها بریارمانداوە تا تەواو بوونی پرۆژەی فلتەر کردنی ئاوی دەربەندیخان، وەک چارەسەرێکی کاتی بە تەنکەر ئاوی پاک بگەیەنینە هاوڵاتیانی شارۆچکەکە و لەگەڵ ئەوەشدا چەند بیرێکی قوڵ لێ بدەین.
لێرەوەش داوا لە هاوڵاتیانی ئەو شارۆچکەیە دەکەین کۆتایی بە خۆپیشاندانەکەیان بهێنن و دڵنیابن پەیامەکەیان گەیشتووە و چارەسەری کێشەکەیان دەکرێت، لەبەر ئەوەی گرتنی رێگە سەرەکییەکانی ئەو شارۆچکەیە بووتە هۆی کێشە و گرفت بۆ هاوڵاتیان و هاتوچۆی هاوڵاتیان، بەپێچەوانەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان ناچار دەبین رێگەی یاسایی تر بگرینە بەر.
بەهرۆز محەمەد ساڵح
پارێزگاری سلێمانی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 131

## پارێزگای هەڵەبجە دەیان گیروگازی لە پەرلەمانی عیراقدا بۆ قوتدەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031921145956123

نەورۆزی ئەمساڵ، گەرچی لە هەلومەرجی هێرشی تیرۆریستان و، ئاستەنگی ئابوری هەرێم دەگێرین، بەڵام سەرەنجامی تێکۆشانی یەکێتی و لایەنەکانی ترو خەباتی مەدەنی خەڵکی هەڵەبجە، حکومەتی هەرێم وەڵامی بارودۆخە دژوارەکەی ناوچەکەو عیراقی، بە سوربون لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان و خەڵکی دایەوەو هەڵەبجەی، وەکو چوارەمین پارێزگای کوردستان، کردە تاجەگوڵینەی نەتەوایەتی سەر ئارامگای شەهیدانو تێکڕای قوربانیانی دەڤەرەکە.

گەلی کۆڵنەدەری کوردستان!
بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێ، لەبەر عیشقی ئازادی و رزگاری، هەرگیز نەتەوەی کورد نەیهێشتووە مەشخەڵی جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز، لە دەرون و دەستی وەچە جوامێرەکانی بکوژێنرێتەوە.

ئەم مەشخەڵە، هەمیشە روناکیی بەرەنگاری بەخشیوەتە خەباتی رزگاری.

نەتەوەی کورد، نەک هەر گیانی بەرەنگاری، بەردەوام پاراستوەو پەرەپێداوە، بەڵکو لەوپەڕی رۆژگارە نەهامەتیەکانیشدا، ژیلەمۆی ناوبەناو تاوسەندوی خەباتی ئازادیخوازانەی دەروبەریش بووە، داگیرکەرەکانیش، بۆئەوەی دەسەڵاتی ستەمکارانەیان بپارێزن و بسەپێنن، بەشێک لە ستراتیژیان پەلامارادنی کوردستان بووە، هەربۆیە، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە، کەوتونەتە وێزەی میرنشینەکانی کوردستان و خاپوریان کردون. تاوانیان گەیاندە جەنگی چاڵدێران و رێکەوتنی عوسمانی و سەفەوی، هەروەها رێککەوتنەکانی ئەرزروم و هەردوو رێککەوتنامەی زەهاویش، دژی سەرداره سەروەریخوازەکانی کورد.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ، پەیمانی سنتۆ، ئاخریشیان ڕێکەوتنامەی جەزائیر، بەڵگەی درێژەی داگیرکەرانی کوردستانن بەرامبەر نەتەوەی کورد.

لەبەرامبەردا کورد، نەک وەڵامی رقی بە رقی پێچەوانەوە نەداوەتەوە، بەڵکو بە سیاسەتی ئاشتیو خەباتی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان وەڵامی داوەتەوە. گەرچی ئاشتیخوازی کورد، بەرامبەر سیاسەتی دوژمنایەتی، لەلایەن هێزە باڵادەستەکانی نەتەوە سەردەستەکانەوە، هەتا داگیرکردنی کوێتو کۆتایی جەنگی سارد، نەک پێینەزانراوە، بەڵکو ناسیۆنالیستە گۆشەگیرو سەلەفیەکان، وەکو تەواوکەری سیاسەتی داگیرکەران، شۆڤێنیەتیان کردۆتە بەشێکی باوەڕی رای گشتی، کە ئاسەوارەکەی هەتائێستاش لە میدیای عەرەبی و فارسی و تورکیدا، ماوە.

مەشخەڵی بەدەستانی نەورۆز!
گەلەکەمان گەلێکی لەخۆبوردووە، بۆیە، لەشۆڕشدا دیل رێزی لێگیراوەو لەراپەڕینیشدا، دیل، خزمەت کران.

ئەمە جگەلەوەی تەواوی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق، بەسەر بەردەبازی پێشمەرگەو ئەزمونی حوکمڕانی کوردستانەوە، پەڕینەوە بۆ بەغدادو لەعێراقی نوێشدا، پاڵپشتی هێزەکانی کوردستان، کاریگەر بوو، هێزەکان شوێنی شیاوی حوکمڕانییان دەستکەوت.

چەندین جار لەجەنگی ئەهلی، بەهۆی سیاسەتی دووربینانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە، لەسەروی هەموشیانەوە، سەرۆک مام جەلال، عیراق دەرباز دەکرا.

بەداخەوە، لەعیراقدا، نە دەرس لە مێژووی خوێناوی کۆن، وەکو پێویست وەرگیراوە، نە خزمەتە بەردەوامەکانی مێژووی نوێی کورد، لەبەرچاوگیراوە.

لەکاتێکدا ئەم راستییە تاڵانە بیردەخەینەوە، بێگومان، هەڵوێستی هێزە چەپ و هەتاڕادەیەکیش دیموکراتخوازانی عیراق و ناوچەکە لەچلەکانەوە، لەپشتیوانیکردنی کوردستان .
هەروەها، هەڵوێستی خوالێخۆشبوو سەماحەتی (سەید موحسین حەکیم) وەکو نەخشی مێژوو، کە تەحریمی شەڕی لەکوردستاندا لەشۆڕشی ئەیلولدا کرد، قەت فەرامۆش ناکەین.
کە هەتا ئێستاش لەناو شیعەدا کاریگەری هەیە .
ئەم هەڵوێستانە لەویژدانی گەلەکەماندا چەسپیون، بەڵام مەترسیمان لەوڵاتانی ناوچەکەداو لە بەشەکانی کوردستاندا، نەبونی دیموکراسیو چارەسەرنەکردنی کێشە لەمێژینەکانە، کە سەرەنجامی ئەو بارودۆخە لەمێژینەیەشە، ناوچەکە کەوتەوە ناو گێژاوی جۆراوجۆرەوە، بێئەوەی هەتائێستاش، ئاسۆیەکی ساماڵ لە بەدیهێنانی دیموکراسی دەرکەوتبێ. نزیکترین نمونەش رابونی رۆژئاوای کوردستانو دەسەڵاتی خۆبەرێوەبردنیانە، کە لەبری پشتیوانیکردنیان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە، کە خۆیان دوچاری شەڕی ئەهلی بون، دوژمنایەتی دەکرێن. تەنانەت لەعیراقیشدا، سەرەڕای روخاندنی رژێمی سەدام و سەلماندنی دەستوری گەلپەسەندیش.

بەردەوام کێشەی چارەسەرنەکراو، لەسەر کێشەی تازەسەرهەڵداو، کەڵەکە دەکرێن و دۆخەکە خزێندراوەتە ئەگەری دۆخێکی مەترسیدارتر!

هاووڵاتی ئازیز!
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، راپەڕاندنی ئەرکە بنچینەییەکانی دیموکراسی، لەناو پرۆسەیەکی مێژوییدا دەبینێ. ئەم ئەرکانەش، بەئارەزوی هیچ کەسێکو لایەک دەسکەنە ناکرێ. پابەندبون بەدەستورو سیاسەتی بەدیهێنانی ئەرک بەئەرکی ئەرکەکانی دیموکراسیو سازانی نیشتمانی، دەبوایە بەکردەوە رەنگی راستەقینەی بدایەتەوە. کەچی بەپێچەوانەوە، چارەسەرنەکردنی کێشەکان، لە مەترسییە ترسناکەکانی دۆخی ئێستان.

ئۆباڵی ئەم دۆخەش، جگە لە حکومەتی عیراق، دەکەوێتە ئەستۆی هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی بەناو بەرهەڵستکاریش، کە بەهەڵوێستی هەڵەو سیاسەتی کاردانەوەو

رقەبەرایەتی، دۆخەکەیان لەگرێژنە دەرکردووە!
لەکوردستانیشدا، گەلەکەمان، نیگەرانی بەرامبەر حکومەتەکانی عێراقو زۆربەی ئۆپۆزسیۆنیش هەبووەو هەیە. سەبارەت بەوەی:

-هەشت ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستورو جێگیرکردنی مادەی (140) تێدەپەڕێ، کەچی کابینە پێکهێنراوەکان لەو ساڵانەدا، هەنگاوی بنەڕەتیان بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی مادەی (140) نەناوە.

-زۆربەی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو (العراقیە)دا کۆبونەتەوە، هاوشانی رەوت و هێزی مەزهەبی تریش، نەک پشتیوانی کورد بۆ گێرانەوەی ناوچە داپڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێم ناکەن، بەڵکو لەناو ئەماندا، سیاسەتی شۆڤێنی مەترسیدارتر سەبارەت بە کەرکوکو خانەقینو ژەنگار، پەیرەودەکرێ.

-پرسی نەوت، ساڵەهایە بە چارەسەرنەکراوی هێڵراوەتەوە، بەڵکو کێشەی بودجەو موچەو مافە مەدەنیەکانی کوردستانیشی خرایەسەر!
-چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە، کەلێنی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکانی لەعێراقو لەنێوان بەغدادو هەرێمدا، فراوانتر کردووە، ئەمەش، مەترسییە گەورەکانی ناوچەکەشی، پەلکێش کردە ناوەڕاست و خوارووی عێراق. ناوبەناو تیرۆریستەکان کنەی ئەنجامدانی تاوان لەکوردستانیشدا دەکەن.

-بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە، کە هەموو لایەک فرمێسکی بۆ دەڕێژن، مەخابن، دوای ئەوەی حکومەتی عیراق پەسەندی کرد، دەیان گیروگازی لەپەرلەمانی عیراقدا، بۆ قوتدەکەنەوە.

-ئەو بارودۆخەی عێراقو چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان بەغدادو هەرێم، ئێمە بەقوڵی دەترسێنێ، بەتایبەتی لە نەبونی سیاسەتی لێبڕاوی چارەسەرکردنی کێشەکانو هێرشی تیرۆریستەکانو لێکترازانی هێزە سیاسیەکان لەناو خۆیاندا، کاریگەری نالەباری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنیش دەبێ و هێزەکانی دەسەڵات و دژە دەسەڵات، دەخاتە ناو ململانێی ناتەندروستی هەڵبژاردنەوە!

گەلی کوردستان!
خەڵکی هەڵەبجە!

مەکتەبی سیاسی یەکێتیەکەتان، لەکاتێکدا جارێکی تر پیرۆزبایی گەرمتان، بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزو هاتنەوەی بەهار لێدەکات، لەناخەوە، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە سەراپا دانیشتوانی هەڵەبجەو ناوچەکەو نەتەوەکەشمان، بەبۆنەی بەپارێزگابونی هەڵەبجەوە دەکات. دڵنیاشین، لەمەودوا، پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم، توانایان دەخەنەکار، هەتا پێویستیەکانی پارێزگایەکی نوێ، لە هەڵەبجەی نوێخوازدا، لە ژێرخان و سەرخانی پارێزگاکەدا، بێننەی. هەر ئەمەش ببێتە سەرەتای سیاسەتی شێلگیرتر بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی هەڵەبجەو تەواوی ناوچە کیمیابارانکراوەکان و ئەنفالکراوانیش.

یەکێتی، وەکو هەمیشە، دوپاتیدەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی لە کابینەی هەشتەمو لەناو پەرلەماندا، بۆ بەدیهێنانی پارێزگایەکی هاوچەرخ، بەدیدێنێ. لەسەر ئاستی عێراقیشدا، یەکێتیەکان، دەبنە جەنگاوەری یاساییو ئیداریو ئاوەدانی.. دڵنیاشین، ئیرادەی گەلەکەمانو خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدگای کوردستان، بەسەر کێشەکاندا، سەردەکەون.

دیسان پیرۆزبێ دوو جەژنەی کوردستان، نەورۆزی دێرینەو هەڵەبجەی پارێزگای بەرەو مۆدێرنە.

هەر سەرکەوتوو بێ.. ئیرادەی دیموکراسی و دادپەروەری.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
20-3-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 132

## پارێزەریش هاتە ناو لیستی توندوتیژی بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071610214889557

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنوسان
بەیاننامەی رۆژنامەوانی
پارێزەرانیش نامانپارێزن
سلێمانی، 16ی تەموزی 2013– سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنوسان ئیدانەی دەستدرێژی بۆ سەر پەیامنێری کەناڵی knn دەکات و رایدەگەیەنێت "پارێزەر"یش هاتە ناو لیستی توندوتیژی بەارمبەر بە رۆژنامەنوسان.
روداوەکانی ماوەی رابردوو ئاماژەی روونن کە پاراستنی ژیانی رۆژنامەنوسان و بەشێک نین لە پلانی حکومەت. سەروەری یاساو رێزگرتن لە یاسای کاری رۆژنامەنوسی، جارێ نوسراوی سەرکاغەزن و رۆژنامەنوسان ناپارێزێت.
•هۆشمەند سادق، پەیامنێری کەناڵی knn بە سەنتەری میترۆی وت" لەلایەن پارێزەرێکەوە بە ناوی سەنگەر هادی پەلامار درام، بە بۆکس ئاگام لە خۆم نەماو پاشان بردیانم بۆ نەخۆشخانە" جەختیکردەوە" کاسێتەکەیان پێشتر لێسەندین و کامێراکەشیان شکاند"
•هاوکار حەمەد، پەیامنێری کەناڵی پەیام لە شاری هەولێر،بەربەیانی 9ی تەموز، لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا، هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت " کاتژمێر 1:20 بەرەبەیان کەسێک پەیوەندی پێوەکردم هەڕەشەی کوشتنی لێکردم بە قسەی خۆی دەمدرێژیم کردوە"
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان ئیدانەی رەفتاری ناشارستانی بەرامبەر بە پەیامنێرەکەی کەی ئین ئین دەکات. تیمەکەیان بەشێک نەبون لە لە ململانێی هەڵبژاردنی پارێزەران و ئەو رەفتارەی بەرامبەریان کراوە، رەتدەکەینەوە.
سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی و هەڕەشە بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان شکاندنی کەرەستەکانی پەیامنێران پێمان دەڵێت جارێ یاسای کاری رۆژنامەنوسی، رۆژنامەنوسان ناپارێزێت و "پارێزەر"یش هاتە ناو لیستی توندوتیژی بەارمبەر بە رۆژنامەنوسان.
سەرچاوە:ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-07-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 133

## پارەی فرۆشراوی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی

[http://www.kurdipedia.org/?q=2015060511390785489](http://www.kurdipedia.org/?q=2015060511390785489)



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 134

## پرسەنامەی جێگری سەرۆکی هەرێم بۆ قوربانیانی تەقینەوەکانی کەرکوک

[http://www.kurdipedia.org/?q=20141205214333118196](http://www.kurdipedia.org/?q=20141205214333118196)

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان....
خەڵکی خۆراگرو تێکۆشەری کەرکوک...
جارێکی تر تیرۆریستانی شکستخواردوی داعش و ئەوانەشی چاویان بە ئازادی و سەرفەرازی و خۆشگوزەرانی کوردستان بە گشتی و شارە سەربەرزو کۆڵنەدەرەکەی ئێوە (کەرکوک) هەڵنایەو دەیانەوێت بەم هەوڵە نەزۆک و ترسنۆکانەیان کامەرانی و ئارامی ئێوە تێکبدەن و خۆشی و ئاهەنگی سەرکەوتنە یەکلەدوای یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرجەم بەرەکان کاڵبکەنەوە، بەڵام خۆشیان چاک دەزانن خەونەکانیان نەزۆک و بەتاڵەو خەیاڵیان خاوە، چونکە ئێوەی کەرکوکی لەسەر تێکۆشان و کۆڵنەدان و قوربانیدان و لە پێناو ئازادی سەرتاسەری کوردستان و بە کوردستانیکردنی شارەکەتان ڕاهاتون و، کانیاوی جەستەی ئێوە دەیان ساڵە لە پێناو برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکانی شارەکەتان خوێنی لێدەچۆڕێ، بەڵام ڕەنگە دوژمنەکانی ئازادی هەتا ئێستەش ئێوەو پێشمەرگە قارەمانەکانتان نەناسن، هەر دوێنێ بوو جلەولا و سەعدیەو مەخمورو گوێر و تەللوەرد و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەیان لە چنگی ڕەش و دڵی پر لە قینیان دەرهێناو ئازاد کرد، سبەینێش بستێک لە خاکە پیرۆزەکەتان نامێنێ ئاڵای کوردستانی لەسەر هەڵنەکەین و نەشەکێتەوە.
کەرکوکیانی سەربەرز، کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان...
درود و سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدەکانی دوێنێ ی ئێوەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان،سەربەرزی و خۆراگری زیاتر بۆ ئێوەو تێکرای کوردستانیان لە هەموو پارچەکانی تر.
کۆسرەت ڕەسول عەلی
جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 135

## پرسەنامەی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بۆ محەمەدی حاجی مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112715154778076

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
کەسوکاری سەربەرزی شەهیدە نەمرەکان

هاوکاتی هەواڵە خۆشەکانی سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بەداخەوە بە بەردەوامی هەواڵی شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگەی قارەمانمان پێدەگات، کە خوێن و گیانی خۆیان دەکەنە فیدای خاکی پیرۆزی کوردستان.

برای بەڕێزم کاکە محەمەدی حاجی مەحمود/ سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان

ڕوون و ئاشکرایە جەنابتان لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان خەباتتان کردووەو تا ئەمڕۆ بەردەوامن لە خەبات کردن و دواجار دوێنێ لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاکە عەتای سەرکردەی گەنج و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان و کوڕی جەنابت شەهید بوو، لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمتان ئاراستە دەکەم و دەزانم و هەستی پێدەکەم کە ئازاری لەدەستدانی جەرگ و ڕۆڵە چەندە ناخۆشە، بۆیە هەموو کات و لەگەڵ بیستنی هەواڵی شەهید بوونی هەر پێشمەرگەیەک ئاخ هەڵدەکێشم و دەڵێم یاخوا کەس ئازاری لەدەستدانی ڕۆڵە نەبینێ، بەڵام دڵنیام جەنابتان و هەموو دایک و باوکە شەهیدێکی کورد دەزانن کە خوێنی ڕۆڵەکانیان بەفیڕۆ نەچووەو شەهیدی پاراستنی خاک و نیشتمانن.
لە کۆتاییدا دووبارە پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەکەم و ئومێد دەکەم خوێنی ئەو پۆلە شەهیدانەی کوردستان دوا هەنگاوەکانمان بێ بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئاشتی و ئارامی لە کوردستان.

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 136

## پرسەنامەی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کۆچی دوایی عەباسی کەمەندی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052511280066929

بۆ بنەماڵەی هونەرمەندی گەورەی کورد عەباسی کەمەندی.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد عەباسی

کەمەندیمان بیست، لەدڵەوە غەمبار بووین. مردنی مامۆستا عەباسی کەمەندی زیانێکی گەورە بە ڕەوتی هونەر و گۆرانیی کوردی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەگەیەنێت. چونکە مامۆستا کەمەندی لەسەرەتاکانی دەرکەوتن و کاری هونەریدا و بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدە لەمێژووی هونەریی خۆی هەمیشە بە شێوازێکی پڕ لە ڕەسەنایەتی خزمەتی بە هونەر و کولتووری کوردی کردووە.
دوبارە بەناوی خۆم و پەرلەمانی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی بۆ خۆتان و بنەماڵە سەربەرزەکەتان و تەواوی هونەرمەندانی کوردستان دەردەبڕم، هیوادارم ئەمە دواهەمین کۆست و خەم و پەژارەتان بێت.

اناللە وانا الیە راجعون

یوسف محەمەد سادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 137

## پرۆژە یاسای "سرودی نیشتمانی" هەوڵێکی دیکەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد بۆ زەوتکردنی ئازادی!

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121418561078215

بەپێی پێشنیاری کۆمەڵێک پەرلەمانتار، پرۆژە یاسای کردنی سرودی ئەی رەقیب بە سرودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دراوەتە پەرلەمانو پریارە کە پەرلەمان خوێندنەوەی بۆبکاتو پەسەندی بکات. لە پێشنیارەکەدا هاتوە کە سرودەکە لە گشت بۆنە فەرمیەکاندا لێبدرێتو دەبێ هەموو بەشداربوانی ئەو بۆنانە لەبەر سرودەکە هەستنو بەپێچەوانەوە بە 500000 دینار سزا دەدرێن. هەروەها پێشنیاریش دەکات کە دەبێ سەرجەم هۆیەکانی راگەیاندن لە هەرێم(بیستراو وبینراو) لەسەرەتاو کۆتایی بەرنامەکانیدا ئەو سرودە لێبدەن!
ئەم پرۆژە یاسایە، بێجگەلەوەی کە ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیەکانو خاسیەتی چینایەتیبوونی کۆمەڵگاو بەرژەوەندیە ئابوریو سیاسیە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەشەی رەوتی ئازادیخوازیو بەها مرۆڤدۆستانەکانی پەردەپۆشکردوە کە لەکاتی دەرچوونی ئەو سرودەوە تا ئێستا روویانداوە، هاوکات دەیەوێ بیرو ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەیەکی سیاسی کە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە بەسەر سەرجەم کۆمەڵگای کوردستانو رەوتو بزوتنەوە سیاسی و فکریە جۆرواجۆرەکانی کوردستاندا داسەپێنێ. ئەم هەوڵەش لەچوارچێوەی ئەو هەنگاوە سیاسیانەی بۆرژوازی کورددا جێگای دەبێتەوە کە دەیەوێ کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستان بە فکرو خورافات و بەهاو نەریتو کەلتورو سیاسەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردەوە گیرۆدەبکاتو بە یاسا هەموو دەرگاکان لەبەردەم بزوتنەوەو رەوتە فکریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و بەتایبەتی بزوتنەوەو رەوتە سیاسیو فکریەکانی چینی کرێکارو ئازادیخوازیو پێشکەوتنخوازیو مرۆڤدۆستیدا دابخات .
ئەم پرۆژە یاسایە ئەگەر پەسەندبکریو جێبەجێ بکرێت، ئیتر جێگایەک بۆ ئازادی بیروراو فکرو ویژدانو هەڵسورانی سیاسی رەخنەگرانە لە ناسیۆنالیزمی کوردو کوردایەتی نامێنێتەوە. دانانی سزا بۆ کەسانێک کەلە لە بۆنە گشتیەکاندا لەبەر ئەو سرودە ناسیۆنالیستیە هەڵنەستنو سەپاندنی لێدانی سرودەکە بەسەر دەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندندا، هەمان نەریتی رژێمە سەرکوتگەریەکانی عێراقو ناوچەکەیە کەئامانجەکەی سەرکوتو بێدەنگکردنی سەرجەم دەنگە

جیاوازو نارازیەکانە لە دەسەڵات، تا لەوڕێگایەوە بۆ هەتا هەتایە دەسەڵاتی نایەکسانی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا کە زۆربەی زۆریان کرێکارو زەحمەتکێشن، بهێڵنەوەو ڕێگاش لەهەرجۆرە پێشرەویەکی کۆمەڵایەتیو فکریو سیاسی بگرن لەبەرژەوەندی چینی کرێکارو یەکسانیخوازیو ئازادیخوازی. ئەم پرۆژە یاسایە هاوکات پێناسەیەکی بەزۆرداسەپێنراو بەسەر هاوڵاتیانی غەیرەکوردی کوردستاندا دەسەپێنیو دەبێتە کەرەستەیەکی پەرەدان بە جیاکاریو دورەپەرێزیو رکابەری نەتەوەیی لەنێوان هاوڵاتیانی کوردستاندا.
ئەم پرۆژە یاسایە پێچەوانەی ئاوات و ئومێدە ڕاستەقینەکانی خەڵکی کوردستانە بۆ ئازادیو یەکسانیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو زەمینەی فکریو سیاسیو کۆمەڵایەتی تەریک کەوتنەوەو داپرانی کۆمەڵگای کوردستان لە گەشەو پێشرەویەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بۆیە ئەم پرۆژە یاسایە نەک نابێت پەسەندبکریت، بەڵکو دەبێت لەلایەن ئازادیخوازانی کوردستانەوە بەرپەرچ بدرێتەوە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
12/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 138

## پزیشکی عەرەب لە کوردستان دەبێت یان کوردی فێربێت یانیش پزیشکێکی کورد لە گەڵی بێت...

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120123571378114



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 139

## پژاک: شەهید رەنگین درێژەپێدەری رێگای سەدان ژنە تێکۆشەر بوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101210485677751

بۆ بنەماڵەی شەهید رەنگین.
بۆ فەوجی دووی هێزی ژنان و هەموو هاوسەنگەرانی شەهید رەنگین.
بۆ هەموو ژنانی کورد.
سڵاو لە ڕۆحی هەموو ئەو ژنانەی کە لە سەنگەرەکاندا بەرگری لە خاک، وڵات،کەرامەتی ژنان و گەلی کورد دەکەن.

تێکۆشانی ژنانی کورد لە هەموو جیهان سەری کوردی بڵند کردووە و جیهانی پیاوسالاری هەژاندووە.
وێنێ شەهید دەنیز، ئارین، گوڵان باتمان و دەیان و سەدان ژنە تێکۆشەر لە سەنگەرەکاندا لە بەرامبەر چەتەکانی داعش بوونە قەڵغان و گیانی خۆیان کردە کڵپەی ئاگرو بۆ تیرۆری جیهانی کردیان بە دۆزەخ. ئەمڕۆ شەهید رەنگین رێگای ئەوانی بەردەوام کرد. ئەو تێکۆشانەی ژنان ئەمڕۆ کە شاری کۆبانێ کردۆتە قەڵای تێکۆشان و بەرخۆدان بوونەتە هیوای هەموو گەلی کورد و لە جیهاندا گەیشتۆتە لوتکە.
بە بۆنەی شەهید بوونی ژنە تێکۆشەر نەقیب رەنگین یوسف لە فەوجی دووی هێزی ژنان، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ژنانی کوردستان و گەلی کورد دەکەین.
هیوادارین ئەمە دوا خەمی بنەماڵەکەیان بێت و دەڵێین شەهید رەنگین تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەی و باشووری کوردستان نییە بەڵکو شەهید، شەهیدی هەرچوار پارچەی کوردستانە و کوردستان بە شەهیدانی سەربڵندا لە لە پێناو ئازادی ئەودا گیانی خۆیان بەخت دەکەن.
لە کۆتاییدا دەڵێین بۆ ئەوەی چەکی دەنیز، ئارین، گوڵان، رەنگینەکان لە زەوی نەمێنێتەوە، پێویستە ژنان لە باشووری کوردستانیشدا بەرۆحی فیداییانە بەشداری لە ریزەکانی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی ژن بکەن و ببنە خاوەن هێزی خۆیان و لەم پێناوەدا برەو بە تێکۆشان و رێکخستن بوونی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی ببینە وەڵام بۆ خوێنی شەهیدان و درێژە پێدەری رێگای تێکۆشانیان. سەربەرزیو نەمری بۆ شەهیدان
رووڕەشی بۆ دوژمنانی گەلی کورد و چەتەکانی داعش.
رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان
12 10 1014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 140

## پشتگوێ خستنی بەدواداچوون بۆ کچانی ئەنفالکراو و فرۆشراو ناپاکی نەتەوایەتییە دەرهەق بە هاووڵاتیانمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130806122211 89268

پشتگوێ خستنی بەدواداچوون بۆ کچانی ئەنفالکراو و فرۆشراو ناپاکی نەتەوایەتییە دەرهەق بە هاووڵاتیانمان

سەرلەنوێ دۆسیەی فرۆشتنی کچان و ژنانی کوردی ئەنفالکراو کەوتۆتەوە ناو میدیاکان بەتایبەتی دوای زنجیرە درامای میسر کەگومان دەکرێ لەبەڵگەنامەی دەزگای سیخوری میسری وەرگیرابێت.

ڕیکخراوی چاک هەرلەسەرەتای روخانی رژێمی بەعسەوە دینەمۆی جولاندنی ئەوکەیسەبووە، کە توانی بەهۆی کارو چالاکیەکانی لەئەوروپا و کوردستان لەگەل دۆستەکانی خۆپیشاندان لەچەندین ولات رێک بخات لەوانە (سوید، ئەلمانیا، سوسرا، هۆڵەندا، کەنەدا، بەریتانیا، ئەمەریکا، فینلەندا،نەرویژ، دانیمارک، کوردستان)، زۆرینەی ئەو خۆپیشاندانانەش بەرەو سەفارەتی میسر رێکدەخران، بەداخەوە لەم کاتدا بەردەوام دەسەلاتی کوردی لەسەنگەری ولاتی میسرەوە نەفی ئەو راستیەیە دەکرد کەکچانی کورد فرۆشراون بەولاتی میسر، لەکاتێکدا بەپێی بەدواچونەکانی ئیمە بەشیک لەپرۆسەی ئەنفال فرۆشتنی کجان و ژنانی کورد بووە نەک هەر بەولاتی میسر بەلکو بەچەندین ولاتی عەرەبی، نەک هەر ژن وکچ فرۆسراون بەلکو منالی کوردیش فرۆشراون و

لەقوتابخانەی تایبەت پەروەردە کراون کەبەپێی هەندێ زانیاری ئێمە کراون بە فیدائی سەدام.

بۆیە ئێمە لیرەدا وەک چاودێری کوردۆساید - چێک رای دەگەیەنین، کە :
1/پیویستە کۆی ئەو بەلگانەی فرۆشراون، شاردراونەتەوە یان دراوەتە بەئەمریکا...ئەوانە ناپاکی نەتەوەیی بوو، دەبێت هەولی گەراندنەوەیان بدرێت چونکە بەپێی زانیاریەکانی ئیمە لەناو ئە بەلگانە زانیاری گرنگ هەیە لەم بارەوە

2/ئەو بەرپرسە بالایانەی پارتی و یەکیتی بەتایبەتی کەسەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوە ی عیراق و مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان کەدەیان گوت ئەو چیرۆکانە نادروستە داوای لێ بوردن لەبنەمالەیقوربانیان بکەن

3/ئەرکی حکومەتی هەرێمە بەدواچونیان لەسەر بکات سەلامەتی ژیانیان بپارێزێ قەرەبوی مادی و مەعنەویان بکاتەوەو لە مەراسیمێکی بێ وێنەدا بیانهێنێتەوە کوردستان هەموژیانیان دابین بکات هەتا لە دنیادابمێنن ئەمە بچوکترین ئەرک و مافە لەلایەن هەموو دەسەلاتێکەوە

4/داوا لە تەواوی بنەمالەی قوربانیان و رێکخراوە مەدەنیەکان دەکەین، کە لە گەلمان هاریکار بن،باچیتر بوار نەدەین ئەو دۆسیەیە بۆ ماوەیەک بێتە باس و خواس و دواتر کپ ببیتەوە، پیویستەبەلگە وزانیاری کۆبکرێتەوە، چونکە ئەو کارانە و دۆزینەوەی ئەو پاکیزانە تەنها بە بەلگە دەکرێت

چاودێری کوردۆساید - چێک
2013/8/5

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 141

## پشتگیریی لایەنەکانی باشوور بۆ ئازادکردنی نزار خەزرەجی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130601130359783396

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 142

## پشتیوانی خەباتی جەماوەری ناڕازی تورکیاین بۆ ژیانێکی باشترا!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130603204503783364

ماوەی چەند رۆژێکە ناڕەزیەتیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی لە بەشێکی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی تورکیا دەستی پێکردووەو تا ئێستاش درێژەی هەیە. دەسەڵاتی بۆرژوازی تورکیا کەوتە گیانی خەڵکو بێجگە لەوەی کە بە گوێرەی هەواڵەکان تا ئێستا 3 کەس کوژراوە، دەیان کەس بریندارەو بە سەدان کەس راپێچی زیندانەکان کراون. رواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم ناڕەزایەتیانە بەرامبەر پریارێکی دەوڵەت بووە بۆ تێکدانی پارکێکی سەرەکی لە مەیدانی تەقیسم لە ئەستانبولو کردنی بە بینای بازرگانی.
بەڵام ناڕەزایەتی ئێستای خەڵکی تورکیا کە لەماوەیەکی کورتدا دەیان شاری گەورەی گرتەوە ئاکامی نارەزایەتیو رقو توڕەیی پەنگخواردووی چەندساڵەی جەماوەری دەستەنگو ئازادیخوازی تورکیایە دژ بە سیستمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداریو کۆمەڵێک هەنگاوو کارنامەی دەسەڵاتەکەی ئەردۆگانە، وەک دەسەڵاتێکی بۆرژوازی، کە لەماوەی رابردوودا پیادەی کردووە. بەرتەسککردنەوەی ئازادی سیاسیو هەڵسوڕانو خۆپیشاندان، سەرکوتی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی یەکی ئایاری ئەمساڵو دەستگیرکردنی چەندین رابەری کرێکاریو هەڵسوڕاوی چەپو کۆمۆنیست، سەپاندنی چەندین پێوانەی ئیسلامیو کۆنەپەرستی بەسەر ژیانی هاوڵاتیانداو هەوڵدان بۆ سەندنەوەی ئەو بنەما عەلمانیانەی لەو وولاتەدا بەدەستهاتووە، پڕکردنەوەی قەرزەکانی دەوڵەت لەسەر شانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشو زیاتر هەژارکردنی جەماوەری دەستەنگو سکهەڵگوشینی ئەوان..... هەموو ئەم کارنامانە سیمایەکی سەرکوتگەری زیاترو سەپێنەری هەژاریو بێکاری بە دەسەڵاتەکەی ئەردۆغگن بەخشیوە. ئەمەش نەک مایەی ملدانی جەماوەر نییە، بگرە نەفرەتو توڕەییو ناڕەزایەتی ئەوانی بەرامبەر بەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی تورکیا گەیاندۆتە لوتکەو ناڕەزایەتیەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی تەنها چەند گۆشەیەکی ئەو ناڕەزایەتیە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانەیە. ئەم نارەزایەتیانە بە راگەیاندنی گەورەترین سەندیکای کرێکاری رادیکاڵ، کە سەدان هەزار ئەندامی هەیە، بۆ مانگرتنی گشتی پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوەو بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیا راستەوخۆ خستۆتە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتگەری بۆرژوایی پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی.
خەباتو نارەزایەتی جەماوەری مەحرومو خەڵکی ئازادیخوازی تورکیاو وەستانەوەی بزووتنەوەی کرێکاریو رێکخراوە کرێکاریەکانی تورکیا لەو جەنگە چینایەتیەیاندا دژی دەسەڵاتی بۆرژوا کۆنەپەرستی تورکیا جێگای پشتیوانی ئێمەو هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو کۆمۆنیستو کرێکارێکی سۆشیالیستە. سیاسەتی قێزەونی سەرکوتو زیندانیکردنی خەڵکی ناڕازیو هەڵسوڕاوانی کرێکاریو نارەزایەتی جەماوەری لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە مایەی نەفرەتی ئێمەیەو بەتوندی سەرکۆنەی ئەکەین. ئەبێ حکومەتی تورکیا دەست لە سیاسەتی سەرکوتو داپڵۆسینی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی تورکیاو هەڵگرێتو هەڵسورانی سیاسیو جەماوەری بێقەیدومەرج بەرەسمی بناسێتو رێگریەکان لەسەر کاری ئازادانەی رێکخراوە کرێکاریو چەپو کۆمۆنیستیەکانو هەڵسوڕاوانی جەماوەریو رادیکاڵ هەڵگرێت و سەرجەم زیندانیانی سیاسیو رابەرانی نارەزایەتیەکان ئازاد بکات.
بژی خەباتی جەماوەری ناڕازی تورکیا لە دژی برسێتیو هەژاریو سەرکوت!
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
3/6/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 143

**پرۆژە بریاری بەشداریکردنی هەرێم بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312130746651



فەرهەنگ فەرەیدون
رۆژی 9ی ئازاری 2015 کۆمەڵێک پەرلەمانتار پرۆژە بڕیارێکیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد، بەپێی ئەو پرۆژە بڕیارەش پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەی شاری کۆبانی بریتی دەبن لە دروستکردنی قوتابخانەیەک و نەخۆشخانەیەک و باخچەیەکی ساوایان و یاریگا، گوژمەی تەرخانکراویش بۆ پرۆژەکان لە داهاتی هەرێمی کوردستان دەبێت.
لەو بارەیەوە سالار مەحمود ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 9ی ئازاری 2015 پرۆژە یاسایەکمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرد.
وتیشی: "لە پرۆژە بڕیارەکەدا هاتووە بۆ ئاوەدان کردنەوەی شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی ئەنجام دەدات."
جێی باسە بە پێی پرۆژە بڕیارەکە پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەی شاری کۆبانی بریتی دەبن لە دروستکردنی قوتابخانەیەک و نەخۆشخانەیەک و باخچەیەکی ساوایان و یاریگایەک، گوژمەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانیش لە داهاتی هەرێمی کوردستان دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 12-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 144

## پرۆژەی درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130630204729911 35



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 145

## پۆلیسی هەولێر نهێنی گیانلەدەستدانی "فەرەیدون جوانڕۆیی" ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150906205408660048

راگەیاندراوێکک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرەوە
دوای ئەوەی لە شەوی (24-2015/8/25) کاتژمێر (12:39)، بەهۆی رووداوێکی هاتۆچۆوە لەسەر ڕێگای هەولێر خەبات، فەرماندە (فەرەیدون جوانڕۆیی) و یەکێک لە پاسەوانەکانی شەهید دەبن و دوو پاسەوانی دیکەش زامدار دەبن کە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی درع خۆی پێداکێشابوون.
دوای کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی وتەی شاهێدانی رووداوەکە و پشتبەستن بە کامێرای چاودێری نزیک لە شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت کەوا لە سەرەتای رووداوەکە ئۆتۆمبێلکی جۆری لاندگرۆز سپی بەدوای ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدون جوانڕۆیی) دەبێت لە کاتی گەڕانەوەی بۆ میحوەری خازر کە ئۆتۆمبێلەکە دوای هەولدانێکی زۆر پێشیان لێ دەگرێتەوە و دوای ئەوەی دەکەوێتە نزیک ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدون) تاوانباران تەقەی لێدەکەن، ئینجا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی شەهید فەرەیدون هەوڵدەدات بە هەر شێوەیەک بێت خۆی دەرباز بکات، بۆیە ڕێرەوی ئۆتۆمبێلەکەی دەگۆڕێت.
لەهەمان کاتدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری درعی سەربازی کە ئەویش هی تاوانبارەکانە رووبەڕوو خۆی پێدا دەکێشێت و لە ئاکامدا ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدون) ئاگر دەگرێت و دەبێتە هۆی شەهیدبوونی.
دواتر توانرا تاوانبارەکان دەستنیشان بکرێن و دەستگیر بکرێن کە پێکهاتوون لە پێنچ کەس بەناوەکانی (ب. ع. م)، (ح. ع. م)، (م. ع. ا)، (یـ. ع. ا) و (ن. ص. ب)، کە هەرپێنجیان سەر بە خانەوادەی (ص. ص. ع)ن و دووژمندارن لەگەڵ خانەوادەیەک بەناوی (ن. ع)، بەپێی وتەی خۆیان، وایانزانیوە دوژمنەکەیانە، بە گوللە هێرشیان کردوّتە سەر ئۆتۆمبێلی شەهید (فەرەیدون جوانڕۆیی) و دواتر بە ئۆتۆمبێل خۆیان پێدا کێشاوە.
دوای وەرگرتنی وتەیان هەرپێنجیان دانیان نا بە تاوانەکەیان. بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بە بەندکردنیان بەپێی ماددە (406) لە یاسای سزادانی عیراقی.
ئێستاش تاوانبارەکان بەندن و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ گەیشتن بە سزای خۆیان.
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر
06-09-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 146

**پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئەوقاف بۆ راگرتنی وتارخوێنی مزگەوتەکان...**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030122062084820

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 147
## پێشمەرگە روونکردنەوەیەک بڵاو دەکاتەوە - میلیشیاکانی بەدر چەکدارانی داعش سەردەپڕن
http://www.kurdipedia.org/?q=2014090520423077282

خەڵکی بەشەرەفی کوردستانو رای گشتی
دوای تێکشکاندنی هێزە رەشە کوژەکانی داعش لەرۆژانی (8/31)و (9/1) پێشمەرگە شارۆچکەی یەنگجەی رزگار کردو بەڕەوشتی بەرزی پێشمەرگانە، سەرو ماڵی خەڵکی پاراست.

رۆژی (2014/9/3) پاشماوەی تێکشکاوی داعشەکان، دزەیەکیان کردەوە یەنگیجەو پێشمەرگە لێیان هاتەوە دەستو دیسان، بەزاندیانو هەشت مەیتو هەمەرێکیشان لێ جێهێشتن.

بەڵام رۆژی (9/4) بەبێ ئاگاداری پێشمەرگە، هێزێکی چەکداری بێگانە، کاری ناشایستەی بەرامبەر تەرمی داعشەکان کردووە. کە رەفتاری وا دوورە لەخوورەوشتی مرۆڤانەو هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلو تەرم.

پێشمەرگە، لەکاتێکدا وێنەی ئەوکارە قێزەونەی بۆ مێژوو گرتووە، لەهەمانکاتدا، نەک بێبەری خۆی لەو رەفتارە روونەکاتەوە، بەڵکو ئامادەیە، تەواوی ئەو شوێنانەی رزگار کراونو لەسایەی پێشمەرگەدان، بخاتە بەردەم رۆژنامەنووسانو هەرلایەکی چاودێری رووداوەکانو شەڕگەکان، بیانەوێ لێکۆڵینەوە بکەن. وێنەی گیراوی ڤیدۆکانیش بۆ تاوانەکە لەبەردەستدایە.

داواشمان وایە، ئەو رووداوە دڕندەیە، لەلایەن کاربەدەستانی ئەو هێزە چەکدارەی ئەنجامیانداوە، بێ لێپێچینەوەو سزای یاسایی تێنەپەڕێ. تەنها سزاش بەرپەرچدانەوەی تاوانە، نەک تاوان بەتاوان وەڵام بدرێتەوە.

لەگەڵ رێزماندا
ئاخاوتنی عەسکەری
هێزەکانی پێشمەرگە
5/9/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 148

# پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا دەگاتە ویکیلیکس

http://www.kurdipedia.org/?q=20140308102611342 54

دەقی بەڵگەنامەکە :
ئای دی: BAGHDAD336609
بابەت: راپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤ حکومەتی هەرێم تۆمەتبار دەکات بەزیندان و دەستگیرکردنی ناياسايی
سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا
بەروار: 30ی کانونی یەکەمی 2009
پۆلێن: نهێنی
پوختە:
راپۆرتێکی نوێی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق سەبارەت بەبەدواداچونەکانی بۆ زیندانەکانی هەرێمی کوردستان، بەبەڵگەوە دەریدەخەن کە گیراوەکان حکومەتی هەرێمیان بەبەرپرس زانیوە بەرامبەر دەستگیرکردنی ناقانونیانەی کەسانی عەرەب لە و ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی خۆی. هەندێک لە و زیندانیانە بانگەشەی ئەوەیان کردوە کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان دەستگیریانکردون و پاشان رەوانەی زیندانەکانی هەرێمی کوردستانیان کردون.
وەزیری مافی مرۆڤی عێراق نیگەران بو لەوەی ئە و راپۆرتە تەنگژەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق زیاتر بەرە و ئاڵۆزی بەرێت، پرِوای وابو کە ئەمەریکا دەسەڵاتی زیاتری لەعێراق هەیە بۆ ئەوەی گوشار بخاتەسەر حکومەتی هەرێم سەبارەت بەمەسەلە هەستیارەکانی وەک مافی مرۆڤ، هاوکات داواشی لەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا کرد ئە و بابەتە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بخەنە بەرباس .
ئە و راپۆرتە چەندین دەنگۆی لەمێژینە باس دەکات کە ئەندامانی ئاسایش و پێشمەرگە بەشێوەیەکی ناقانونی کەسانی غەیرە کوردیان لەناوچە جێناکۆکەکان و دەوروبەری دەستگیرکردوە و گواستویانەتەوە بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش خاڵێکی گرنگی ناکۆکیەکانە لەنێوان کوردەکان و کەسانی غەیرە کورد. ئەوەی پەیوەندی بەهەڵوێستی باڵیۆزخانەوە هەیە ئەوەیە کە هێزەکانی هاوپەیمانان شەری توندڕەوەکان دەکەن و نیگەرانن لەوەی حکومەتی عێراق رەنگە هەندێک لە و زیندانیە توندڕەوانە ئازاد بکەن، بۆیە پەنای بردوە بۆ ئەوەی هەندێک لە و دەستگیرکراوانەی لەناوچە جێناکۆکەکاندا دەستگیرکراون، رادەستی ئاسایش و هێزە کوردیەکانیان بکەن لەسەر ئە و بنەمایەی کە ئەمانە بگوازرێنەوە بۆ هەرێم بەمەبەستی دزیندانیکردنیان.
حکومەتی ئەمەریکا لەرێگەی چەندین کەناڵی سەربازیی و دیپلۆماسیەوە بەردەوام فشاری خستوەتەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی بەرەوپێشچون لەمبارەیەوە بەخۆوە ببینن.
دەستگیرکردن لەلایەن ئەندامانی ئاسایشەوە
راپۆرتەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات، 22 کەس کە (9)یان لەسلێمانی و (13)یان لەگرتوخانەی ئاسایشی هەرێم دەستگیرکرابون، باسیان لەوە کرد هەندێکیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دەستگیرکراون و پاشان گواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی هەرێم بەمەبەستی دادگاییکردن و زیندانیکردنیان. دو جۆر سیستەمی زیندانیکردن لەهەرێم بونیان هەیە، یەکێکیان لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوەدەبرێت و زۆربەی تاوانەکان دەگرێتەوە و مۆدێلی دوبارە ڕاهێنانەوەی سویدی پەیرە و دەکات. ئەوەی تریان کە سیستەمێکی کەمتر شەفافانەی هەیە لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بەڕێوەدەبرێت.
چەندین راپۆرتی جێی متمانە لەبەردەستدان سەبارەت بەپێشێلکارییەنی مافەکانی مرۆڤ لەناو گرتوخانە و زیندانەکانی ئاسایشدا .
راپۆرتەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەرهەمی گەشتێکی بەسەرکردنەوەیە بۆ 18 گرتوخانەی ناو هەرێمی کوردستان کە لەلایەن نوێنەرانی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و ئاسایش ئەنجامدراوە.
لەکۆبونەوەیەکیشدا لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤی عێراق، باسی لەوە کرد کە رەنگە ئەم راپۆرتە گرژیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا زیاتر بکات. وەزیر کۆپیەک لەراپۆرتەکەی دایە دەست تیمەکەی ئەمەریکاو داوایکرد باڵیۆزخانەی ئەمەریکا هەژمونی خۆی بەکاربهێنێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر ئە و بابەتە .
کۆمێنت:

ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەبارەی بەسەرکردنەوەی زیندانەکانی هەرێمی کوردستان، نیشانەیەکی پۆزەتیڤە کە دەبێتە هۆی سوربونێکی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لەسەرتاسەری عێراق، سەرەڕای بونی فرە سیاسیەکی زۆر. لەکاتێکدا ڕاپۆرتەکە تەنها ناوی 22 کەس دەهێنێت، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی پارێزگاکانی نەینەواو کەرکوک ئەوە دەخەنەڕو کە ژمارەی ئە و کەسانەی لەناوچە جێناکۆکەکان و دەوروبەری دەستگیرکراون لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە خۆی دەدات لەسەدان کەس، ئەگەر زیاتر نەبێت. لەکاتێکدا حکومەتی عێراق هەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەی زیندانیەکانی خۆی دەدات، نیگەرانیەکانی وەزیر لەبارەی کاریگەری ڕاپۆرتەکە لەسەر گرژییەکانی نێوان کوردو عەرەب، لەجێی خۆیدایە بەپێی ئە و ئاڵۆزیانەی لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا لەنێوان هەردولادا بونیان هەیە و ئە و دەستگیرکردنانەی کە ئاسایش لە و ناوچانەدا ئەنجامیاندەدات، بوەتە سەرچاوەی گرژییەکان. حکومەتی ئەمەریکا لەڕێگەی چەندین کەناڵی سەربازیی و دیپلۆماسیەوە چالاکانە گوشار دەخاتە سەر کوردەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئە و مەسەلەیە و لەچەند مانگی داهاتوشدا هەوڵەکانی خۆی زیاتر چڕدەکاتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 149

## پێویستە بەپەلە نیاز عەزیز ئازاد بکرێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082713163589076

)بەپێی زانیاریەکانی بەئیمە گەینراوە، وەزارەتی دەرەوە و پەرلەمانتارانی سوید ئاگاداری سەفارەتی ولاتەکەیان لە عیراق و نامەی نارەزایەتی دەدەنە حکومەتی کوردستان(

سەرلەنوێ و لەدۆسیەکی تری پر لەپێشێلکاری دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر، ڕۆژنامەنوسێک بەتۆمەتی ئەوەی زانیاری داوەتە میدیاکانی کوردستان لەسەر دەزگا کانی پارتی دیمکراتی کوردستان ماوەی 20 مانگ خراوەتە زیندان، وە هەموو ڕەفتارێکی دژ بەیاسایی بەرامبەری ئەنجام دراوە
لەئەشکەنجەدان ، شوین بزرکردنی بۆ ماوەی 3 مانگ، گۆرینی بەبەردەوام لەهۆلەکانی زیندان، نەبونی پارێزەر ...لەهەموشی ترسناکتر، تا ئیستا دۆسیەکەی نەدراوەتە دادگا و لەبەشی دژە تیرۆر دەزگای ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لەزیندان خراوە، لەکاتێکدا ئیمە نازانین بەچ مافێک، ڕۆژنامەنوسێک هەر کارێکی کردبێ ، بخریتە بەشی تیرۆر

بۆ رزگاربونی لەو دۆزەخەی ڕۆژنامەنوس نیاز عەزیز و داخوازیەکی سەرەتایی خۆی ،ئەویش دادگایی کردنێتی ماوەی 64 ڕۆژە مانی لەخواردن گرتوە.

ئەم هەلوێست و ڕەفتارەی دەزگا ئەمنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەسالانە ئیمە و سەدان ڕێکخرا ودەنگی ئازادیخواز گوێ بیستی دەبین ڕوبەرو دەبینەوە لوتکەی ناراستگۆیی گوتار و ئاخافتنی 22 سالی دەسەلاتی کوردی و ماهیەتی دەسەلاتیان بەرامبەر بەخەلک، کەگوایە یاسا سەرەورە و ڕیز لەتاکی کورد دەگیری.

ئیمە لیرەدا جگە لەوەی ئیدانەی ئەو هەلسوکەتی دەزگا ئەمنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین و داوا دەکەین بەپەلە ئازاد بکرێ، چونکە ئەو هەر کارێکی لەناو حزبەکەی کردوە، ئەوا دەتوانن لەحزبەکەی دەربکرێ نەوەک لەدام و دەزگای حکومی زیندان بەوشیوە و مامەلەی لەگەل

بکرێ .

هاوکات دەمانەوێ ئەوە رابگەیەنین ئیمە هەفتەیەکە ئەو دۆسیەمان گەیاندۆتە زۆر ناوندی جیهانی و پەرلەمانتارانی سویدی و وەزارەتی دەرەوە بەو بەلگەیەی ئامنستی ئەنتەرناسیۆناله کە پشت راستی هەوال و زانیاریەکانی ئیمە دەکاتەوە هەر لەم بارەوەش بەتەلەفۆن و مەیل وەلاممان وەرگرتۆتە کە
کەوەزارەتی دەرەوەی سوید بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئەو ولاتە جگە لەنیگەرانیان لەبەردەوامی لەم رەوشەی پێشیلکاری مافی مرۆڤ، هاوکات بەپێی زانیاریەکانی ئیمە بەنیازن ئاگاداری سەفارەتی ولاتەکەیان بکەنەوەو لەنزیکترین کاتیشدا نامە بۆ دەسەلاتی کوردی لەم بارەوە بنیرن

گروپی 17 شوبات /ستۆکهۆلم
2013/08/27

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 150

## پێویستە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق دەست لە هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەتی بەربدات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040919093569094

لە ماوەی دوایی دا ئاستی هێرش و گوشارەکان بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، رووی لە زیاد بوون ناوە و لە لایەن نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان ویستی لەناو بردنی دەسکەوتی رۆژئاوا هەیە.
هەروەک دەزانرێت، رژێمی داگیرکەری تورکیا لە رۆژانی دوایی دا بە کۆبوونەوەیەکی نەهێنی کە وتەکان و پیلانەکانیان لە راگەیاندنەکاندا ئاشکرابوو، لە هەوڵی گەلەکۆمە و پیلانگێری لە دژی گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستانە و لەم کۆبوونەوەدا زۆر بە ئاشکرا، چۆنیەتی بەرێوە چوونی ئەم گەلەکۆمەیان باس کردووە. هاوتەریبی ئەم کۆبوونەوەیە، چەتەکانی سەر بە داعیش بە مەبەستی داگیرکاری، دەستیان بە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر هەرێمی کۆبانی کرد. دوابەدوای ئەم هێرشانە و لە چوارچێوەی هەمان پیلاندا پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بارزانی، فەرمانی هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەتیان لە سنوورەکانی رۆژئاوا داوە و هەنووکە ئەم پیلانە پراکتیزە دەکرێت.

روون و ئاشکرایە کە ئەم هێرش و پیلانگێریانە بۆسەر رۆژئاوای کوردستان بە هیچ شێوازێک پەسەند ناکرێت. بەتایبەت کردەوەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان، مژارێکە کە پێویستی بە هەڵویستی جیدی هەیە. هەڵکەندنی خەندەق کە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لە بەرامبەر گەلی کوردە لە سنوورەکانی نێوان رۆژئاوا و باشوور، کردەوەیەکە کە بە هەمان شێواز لە قۆناخی رابردوو لە لایەن دەوڵەتی تورکیا لە سنووری نێوان باکوور و رۆژئاوای کوردستان بەرێوە چوو. ئەم رەوشە لە حاڵێکدایە کە هەر لەسەرتای شۆرشی رۆژئاوای کوردستانەوە هەتا ئێستا، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق، هاوتەریب و هاوئاهەنگ لە گەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی داعیش و جەبهەتولنەسرە هەڵسووکەوتی کردووە.
لەو باوەرەداین کە ئەو سیاسەتەی کە بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێت، تەنیا سیاسەتی پارتی دیمۆکراتە و پێویستە ئەم پارتە بە زووترین کات دەست لەم کردەوانەوانەوە و

بەتایبەت هەڵکەندنی خەندەقی دوژمنایەی بەربدات.
وەک پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پەژاک بانگ لەسەرجەم گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، سەرجەم لایەنە کوردستانیەکان و بەتایبەت گەل و لایەنە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان دەکەین کە لە بەرامبەر ئەم پیلانگێریە هەستیارانە هەڵسووکەوت بکەن و خاوەن هەڵوێست بن.

کۆردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستانPJAK —
08.04.2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 151

## پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە پارێزگای دهۆک دانیشتنێک سازبکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی پارێزگاکە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150326141737849997



دوای ئەوە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو سەردانێکی مەیدانی پارێزگای دهۆک مان کرد، و لەمیانەی کۆبونەوەکانماندا لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاری دهۆک، گفتوگۆمان کرد لەسەر ڕەوش و بارودوخی ئێستای پارێزگاکە کە ئێستا 850 هەزار ئاوارە لێی نیشتەجێن.
ئێمە پێمان وایە کە چەندین بوار هەیە لە پارێزگاکە پێویستە پەرلەمان قسەی لەسەر بکات و بۆ ئە و مەبەستەش داوای کۆبونەوەیەکی پەرلەمانمان کردووە لە پارێزگای دهۆک و لە و پێناوەشدا یاداشتێکمان بە واژۆی ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئامادە کردووە.
پێمان وایە سەرەکی ترین ئە و پرسانەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت بریتین لە :
-1بودجەی ساڵانەی پارێزگاکە بەپێی ئیستیحقاقی ڕێژەی دانیشتوان خەرج ناکرێت و ڕێژەی دانیشتوانی زیاتر لە 24% بەڵام بۆ ماوەی سێ ساڵە ڕێژەی 19% ی بودجەی بۆ خەرجکراوە.
-2بودجەی گەشەپێدانی پارێزگەکان کە تەنها 6% ە خەرج دەکرێت و بەپێی داتا و زانیاری بەغدا ژمارەی دانیشتوانی بە 300000 سێ سەد هەزار کەس حساب کراوە و کەچی ئێستا ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە زیاتر لە یەک ملیۆن کەسە.
-3بەرهەمەکانی سوتەمەنی بە ڕێژەی 19% ب تەرخانکراوە لە کاتێکدا دەبێت لە 24% کەمتر نەبێت.
-4یەکەکانی نیشتەجێ بوونی کەمترن لە 20% هەژمار کراوە کە دەبێت لە 24% کەمتر نەبێت.
-5لە سەرجەم وەزارەتەکان ژمارەی فەرمانبەرانی سنوری پارێزگای دهۆک زۆر لەوە کەمترە لە ئیستیحقاقی ئەم پارێزگەکەیە.
پەرلەمانتار بەهزاد زێباری

26/3/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 152

## پێویستە نوری مالکی دادگایی بکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032521362965175

پێویستە نوری مالکی دادگایی بکرێت. بەرلە هەرشتێک من دەمەوێت سەرەخۆشی لە بنەماڵەی رۆژنامەنووس محەمەد بدیوی بکەم داواکارم کە خوا ی گەورە بە زوترین کات سێبوریان بدات. ئەوەی من لێرە دا دەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە کە بەداخەوە سەرۆک وەزیری عیراق بە بەرچاوی هەموو جیهان هانی خەڵکی عیراق دەدات بۆ دروست کردنی شەڕ لە نێوان نەتەوەکان بە تایبە ت نەتەوەی کوردو عەرب ئەوەی کە بۆ من جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نەتەوەی کوردو عەرب و تورکمان و کلدو ئاشوری و...لە ئاستی ئەو لێدوانەی نوری مالکی دا بێدەنگن ئەوە لە کاتێک دایە کە دەبوو هەموو لایەک لە دوای قسەکانی مالیکی یەکسەر دەستیان کردبا بە خۆپێشاندان و داوای بانگەشت کردنی نوری مالیکیان کردبا بۆ بەردەم پەرلەمانی عیراق و دادگا. چونکە ئەوەی مالیکی کردی زۆر بەداخەوە کردنەوەی دەرگای شەڕی تایفی بوو هیچی تر. دەبێت مالکی وهەموو نەتەوەی عرەب ئەو راستیە بزانن گەر بەخشەندەیی کورد نەبوایە دەبوو تاکو ڕۆژی مەحشەر خوین بە خوێنی شەهید کردنی بەکۆمەلی نەتەوەی کورد کە عەرب بەرامبەری کردووە تەواو نەدەبوو. سەیرە مالیکی لە و ماوە درێژە دا نەیتوانی بچوکترین سود لە دادپەروەری چەنابی مام جەلال و زانایی و پرۆژە بەردەوامەکانی جەنابی مام جەلال وەربگرێت بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی عیراق !!؟ سەیرە کە مالیکی لەبەرامبەر ئەو هەموو دەستدرێژی کۆنە بەعسیەکان کە بەشێکیان ئێستا بوون بە وەزیری دەستە راستی جەنابیان کە بکوژی بە دەیان هەزار کورد و عەربی (شیعە و سونە) و تورکمان و نەتەوکانی تری عیراقن نەک خوێن بە خوێن نەبووە بەلکو ئەوان ئیستا بڕیار لەسەر چارە نووسی خەلکی عیراق دەدەن و ڕێ وشوێن بۆ بەرێزیان دادەنێن. من لە کوتایدا هیوادارم کە مالکی لەوە تێبگات کە سەردەمی سەدام و بیرکردنەوەی شۆڤێنی سەدامیەکان بە سەر چووەو گەلانی عیراق نەفرە تیان لە وەها بیرکردنەوەیەک دەکەن و بە هەموو توانایەک روبەروی هەر هەنگاوانێکی هاوشێوە دەبنەوە. پێوستیسە بە زوترین کات نوری مالکی داوای لێبوردن لە خەلکی کوردستان و گەلانی عیراق بکات تاکو لە بەرامبەر ئەو هەڵە گەورەیە کە کردی لێی خۆش بن. داواکارم لە خەلکی کوردستان و گەلانی عیراق هەموو لایەک دان بە خۆیان دابگرن چونکە کوردو عەرب و هەموو گەلانی عیراق و ناوچەکە و جیهان ئاشتی و پێکەوە ژیانیان دەوێت و داوای درێژەدان بە پرۆسە ئاشتی خوازەکەی جەنابی مام جەلال دەکەن بۆ پێکەوە ژیانی گەلان. هیواداریشم کە دادگای کردنی ملازم ئەحمەد وەک خۆی بێ دەست تێوردان بەڕێوبچێت رواداوەکەش نەشێوێندرێت. بژی کورد بژی کوردستان بژی ئاشتی و پیکەوە ژیانی گەلان .

ئارام قادر خەبات ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی ی.ن.ک

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 153

## پێکهاتە ئایینیەکان: ئەوانەی هەر شلەژانێک لەم وڵاتە دروست دەکەن مێژوو رەحمیان پێ ناکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081713573085871

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
ئێمە وەک زانایانی ئایینی و پیاوانی ئایینی سەرجەم پێکهاتە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمرۆ (2015/8/17) لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کۆبووینەوە، هەموومان یەکدەنگ و هاورابووین کە هەرێمی کوردستان بە رەوشێکی خراپدا تێدەپەڕێت و، کۆمەڵێک گرفت و قەیرانی ئابووری و ئەمنی یەخەی وڵاتەکەمانی گرتووە، بەتایبەتی شەڕی نەگریسی تیرۆریستانی داعش، بۆیە لەو کاتەی هێشتا مزگەوت و کەنیسەو پەرستگەکانی سەرجەم ئۆل و پێکهاتە ئاینیەکانی کوردستان لەژێر دەستی تیرۆریستان دانەو، بە هەزاران ژن و منداڵی کوردستان دەستبەسەرو بارمتەی بەر دەستی تیرۆریستانن، هێشتا چاوی دایکی شەهیدان فرمێسکی وشک نەبووە، سات بە سات پێشمەرگە قارەمانەکانمان لەبەر سەرمای زستان و گەرمای هاوین دیفاع لە کەرامەتمان دەکەن، بەتایبەتی هەمیشە بە چاوی پەناگەی ئارامی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی تەماشای کوردستانمان کردووە.
بۆیە لێرەوە وەکو زانایان و پیاوانی ئایینی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و مەزەبیەکانی کوردستان داوا لە هەموو لایەک دەکەین بە زووترین کات کۆتایی بەم گرژی و قەیرانەی ئێستا بهێنن و، پێکەوە بە برایانەو بە گیانی لێکحاڵیبوون کۆتایی بەم دۆخە بێنن، بۆ ئەوەی لە ئاست خواستی خەڵک بن و، خەڵک چاوەڕوانی چاکبوونی بژێوی ژیان و دابینکردنی ئاسایش وئارامییە، بۆیە دروستکردنی قەیرانێکی تر خەڵک بەرەو نائومێدی دەبات، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی هەر شلەژانێک لەم وڵاتە دروست دەکەن مێژوو رەحمیان پێ ناکات.
دووبارە خوازیارین بگەنە سازان و پێکەوە کۆتایی بەم رەوشە بهێنن.
زانایان و پیاوانی ئاینی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و مەزەبیەکانی کوردستان
17-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •○زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 154

## پەرلەمانتارە مەسیحییەکان: کورد زێدەڕۆیی کردووەتە سەر 53 گوندی مەسیحی لە پارێزگای دهۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060812431885506



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 155

## پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150627211418856 48

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە جارێکی تر تیرۆرستانی داعش، هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر شاری خۆراگری(کۆبانێ) و لەئەنجامی چەند کردەوەیەکی تیرۆرستییاندا، کۆمەڵێک هاوڵاتی سڤیل و بێ گوناهیان شەهید کرد، ئەم کردەوە ڕەش و نا مرۆڤانەشیان رۆشتە پاڵ کردەوە چەپەڵەکانی تریان، بەڵام سەرەنجام کۆبانێ سەرکەوت و دەستی ڕەشی تیرۆرستان لە شارەکە دورخرایەوە. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئیرادەی گەلەکەمان لە کوردستانی ڕۆژئاوا لە مەرامی تیرۆرستان بەهێزترە، لێرەوە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و ماڵباتی شەهیدان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین .
داواکارین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جدی تربن، لە هاوکاریی شەڕڤانانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی بە یەکجاریی کۆتایی بێنن بە گروپی تیرۆرستی داعش .
سەرکەوتن بۆ گەلی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستان، مردن و سەرشۆڕی بۆ تیرۆرستانی دوژمنانی مرۆڤایەتی .
پەرلەمانی کوردستان
27-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 156

## پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: بە توندی پرسی بەکانتۆن بوونی شەنگال و ئەم جۆرە بیریکردنەوانە رەتدەکەنەوەو بە هەڕەشەی دەزانن بۆ یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118005155846 37

چەند رۆژێکە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باس لەوە دەکرێت کە لایەنێکی سیاسی کوردستانی داوای ئەوە دەکات، شنگال بکرێتە کانتۆنیکی سەربەخۆ، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی

کوردستان بە توندی ئەم جۆرە بیریکردنەوەیە رەت دەکەینەوەو بە هەڕەشەی دەزانین بۆ یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان، پێمان وایە ئەم جۆرە هەنگاوانە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆ، کە بەسەر چەند ئیدارە و کانتۆنێکدا دابەش ببوو، لە هەمانکاتیشدا ئەم هەنگاوە پێچەوانەی دەستوور و یاسا ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستانە.
قسە کردن لە سەر بە کانتۆنکردنی شاری بریندارى شنگال کە هێشتا بەشێکی گرنگی لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە، پێچەوانەی ئەو یەکدەنگییەیە کە لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان دروست بووەوە و هەروەها دژی یەک سەنگەری نێوان هێزی پێشمەرگە و شەرڤانانە، کە لە چەند مانگی رابردوودا لە کۆبانیەوە تا جەلەولا دروست بووەوە، هەنگاوێکە بۆ لێکترازان و چاندنی تۆی دووبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلەکەماندا، بیرکردنەوە لە دروستکردنی کانتۆن لە کاتێکدا بەداخەوە تا ئێستاش سیمای دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت و بە هەمو لایەکمانەوە کار بۆ ئەوە دەکەین ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی نەیەڵین و هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەک بخەین و بیکەینە هێزێکی نیزامی، نەک بیر لە دروستکردنی کانتۆنێکی تر بکرێتەوە.
پێویستە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن و ناکۆکییەکان قوڵتر نەکەنەوەو درێژە بە گیانی پێکەوە جەنگان دژ بە تیرۆرستان بدەن و هەنگاوەکانیش دەستپێبکەنەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکخستنی گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی.
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
17/1/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 157

## پەرلەمانی کوردستان بانگەوازێکی گرنگ لەسەر تەنگەژەکانی عیراق بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061017075776647

بۆ / ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
یەکێتیی پەرلەمانی عەرەبی
یەکێتیی پەرلەمانی نێودەوڵەتی
پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا

خەڵکی عێراق بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانیەوە بە ئومێدەوە لە ساڵی 2003 ەوە بەرەو پرۆسەی ئازادی و کۆتاییهێنان بە حوکمی شمولی – دیکتاتۆری چوون، کە گەلانی عێراق لە سایەیدا رووبەڕووی تاوانی نێودەوڵەتی بووبوونەوە.
دواتر بە هاوکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گەلانی عێراق بوونە خاوەن دەستوورێکی شایستە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕەوا لە بری کارکردن بە چەمکە مرۆڤدۆستی و دیموکراسییەکان کە لە دەستووردا هاتووە، بە پاساوی جۆراوجۆرەوە کێشەی نەژادی و ئاینی و مەزهەبییەکان پەرەی پێدراو دەسەڵاتی ئیتیحادیش هاوکارێکی جدی و بابەتیانە نەبوو بۆ تێگەیشتن لە رەوشی ئاڵۆزی تیرۆر و کاردانەوە ناوخۆییەکانی گرووپ و لایەنە بەشەڕهاتووەکان.
بە درێژایی 10 ساڵی رابردوو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئەنجوومەنی ئاسایش و نوێنەری سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و پەرلەمان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر و دەوڵەتانی دۆست، کۆششی زۆریان کرد تا ئاشتی و دیموکراسی لە عێراقدا بەرجەستە بێت، بەڵام بەشێک لە ئاراستەکان و دەستوەردانی ناڕەوای دەرەکی هاوجووت نەبوو لەگەڵ دەستوور و دامەزراندنی بناغەی عێراقێکی نوێ، هەرێمی کوردستانی عێراقیش لە زووەوە ئەو مەترسییەی خستە روو کە

ڕەوەشی حوکمڕانیی عێراق بە ئاقارێکی نادروستدا دەڕوات.
بەڕێزان..
ئێستا عێراق لە رووی دامەزراوەیی و شەڕی تیرۆرەوە بە مەترسییەکی زۆر ترسناکدا تێپەڕ دەبێت، رۆژانە گرفت و کێشەکان قووڵتر دەبنەوە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی فاشیل دەچێت، داواکارین کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر عەقڵیەتی سیاسیی دەسەڵاتی ئیتیحادی و دەستتێوەردانی ناڕەوا و پێشێلکردنی دەستوور و رێککەوتننامە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان هەڵوێستی ئەرێنی نیشان بدەن و بەرپرسانە بەرامبەر بە چەسپاندنی ئاشتی لە عێراقدا هەڵوێست بنوێنن.
لای بەڕێزتان ئاشکرایە کە بەهۆی شەڕەکانی ئەمدواییەی رومادی و فەلوجە و دیالە و ئێستاش لە موسڵ و ناوچەکانی تر رووودەدات پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و کارەساتی زۆر ترسناکی لێدەکەوێتەوە، بەشێوەیەک ئاشتی و ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، ئەو عێراقەی کە ئومێدی پێکهاتەکانی بوو ئێستا بەرەو داڕمان دەڕوات.
بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە بە دیبلۆماسییەت و بەرپرسیاریەتییەوە لە رووی مەیدانی و عەمەلیەوە پشتگیری پێشکەشی گەلانی عێراق بکەن و هاوکاری گەلانی عێراق و هەرێمی کوردستان بن بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ترس و تیرۆر و تۆقاندن. هەروەها داوا لە هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان ئەکەین کە بە هانای لێقەوماوان و ئاوارەکانی ئەم تەنگژەیەوە بچن.
ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بە وردی چاودێریی ئەو رەوشە کارەساتبارە ئەکەین کە لەپارێزگاکانی دراوسێی هەرێمی کوردستان دروستبووە، لیژنەکانی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستانیشمان راسپاردووە کە بەدواداچوون بۆ کێشەکانی هاونیشتیمانیانمان لە ناوچە کارەساتبارەکان ئەنجام بدەن. هەروەها چاوەڕێی ئەوەین کە هەریەک لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارییەتەکانیان سەبارەت بەم رەوشە جێبەجێ بکەن.
سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
10/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 158

## پەیامی ئایار، پەیامی چینی کرێکارە بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆڕشگێرانەو ڕزگاری کۆمەڵگای بەشەری!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042315262085143

یەکی ئایار رۆژی یەکیەتی و هاوخەباتی ئەنتەرناسیونالیستی چینی کرێکار بەڕێوەیە. کرێکارانی جیهان لەدەورەیەکدا بەرەو پیری ئەم رۆژە دەڕۆن کەچینی بۆرژوازی و دەوڵەتە ڕەنگاورەنگەکانی کۆمەڵگای بەشەریان لەنێو تاریکستانێکدا ڕاگرتووە. ململانێی هێزە ئیمپریالیستەکان لەسەر دابەشکردنەوەی دونیا و هەوڵەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕی سەرمایەداری، دونیایان دوچاری نائەمنی و نەهامەتی گەورە کردووە. ئەمڕۆ بەهەڵدانەوەی لاپەڕەی هەر ڕۆژنامەو چاولێکردن لەشاشەی هەر تەلەفزیۆنێک، هەواڵ و تابلۆی جەنگ و ئینسان کوژی بەکۆمەڵ، وێران کاری و ئاوارەیی ملێۆنی، دەستدرێژی بۆسەر ژنان و منالان و بازاڕی کۆیلە فرۆشی، کارنامەی وەحشیگەری هێزو ئەحزابی قەومی و فاشیستی و ئیسلامی دەبینین و دەبیستین، کەچۆن بەربونەتە گیان و ژیانی کۆمەڵگای بەشەری. لەلایەکی تریشەوە درێژەکێشانی قەیرانی ئابوری، سیاسەتی برسیکردن و لێگرتنەوەی ئابوری و خزمەتگوزاریەکان، بۆتە چەکێک بەدەست چینی بۆرژوازی و دەوڵەتانی سەرمایەداریەوە و ئاستێکی بێوێنەیان لەهەژاری و فەلاکەت و بێکاری بەسەر

چینی کرێکارو کۆمەڵگادا داسەپاندووە، بەم جۆرەش توانیویانە ژیانێکی پڕ لەدەردومەینەتی و نائارام بەسەر بەشەریەتدا داسەپێنن و کۆمەڵگا بۆدواوە بگێرنەوە. هەمو ئەمانەش بەخاتری هەڵکشانی قازانجی سەرمایە و داهاتی دەوڵەتان و کۆمپنیاکانە.
لەکوردستان چینی بۆرژوازی و حکومەتی هاوبەشی حزبە قەومی و ئیسلامیەکان، لەیەکساڵی رابردوودا، نەک هەر فشارێکی هەمەلایەنەیان بۆ سەر کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرِی خستووە و شانی خۆیان لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی خەڵک خاڵی کردۆتەوە، بگرە سەراپای کۆمەڵگای کوردستانیان لە نێو تونێلێکی تاریک لە گێژاوی سیاسی و قیرانی ئابوریدا ڕاگرتوە.
مونافەسەی ئەم حزبانە لەسەر دابەشکردنی دەسەلات و سامانی کۆمەڵگا و هەڵخستنی دۆخی لەبار لەبەردەم بازاڕی سەرمایەداران و کۆمپانیا ئابوری و بازرکانیەکاندا، ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی سپاردەوە بەنائارامی و کێشمەکێشی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو پەرەگرتنی فاشیزمی ئیسلامی و هەژرای و بێکاری و سەرکوتگەری بێ وێنە. حزبە بۆرژوا دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، لەرێزی پێشەوەیاندا مەسعود بەرزانی و حزبەکەی کاتێک کە وەلانانی مالیکیان کردبوە ڕێگایەک بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازات و پلەو پایە لەحکومەتی عیراق و گەرمکردنی بازاڕی نەوت و وەرگرتنی بودجە، لەلایەکی ترەوە لەبەرەی ناسیونالیزمی عەرەبی و دەستەو تاقمە تیرۆریستی سونیەکان ڕاوەستان و پشتیوانیان لێ کردن، لەهەمان کاتدا دەستی ئینسان کوژی داعشیان بۆ سەر خەڵکی شارەکانی ناوەراست راکێشاو پەلامارە خوێناویەکانی ئەم تاقمە خوێنخۆرەیان بە"فرسەتی زێرین بۆ کورد" و"سەربەخۆیی و جێبەجێ بونی مادەی 140" بانگەواز دەکرد. کاتێکێش کەعەبادی هاتە سەر حوکم، ئەوان دەستیان لەهەمووئەم بانگەشانە هەڵگرت و لەسەروو بریار و ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە درێژەیان دایەوە بەهەمان سیاسەتی لکاندنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی عێراقەوە. وەختێکیش داعش پەلامارەکانی بۆسەر کوردستان وەرچەرخاند، شەڕی داعش کرا بەبەهانەیەک بۆ نەدانی موچەو راگرتنی پڕۆژە ئابوریەکان و بێکارکردن و زیادکردنی هەژاری و توندکردنەوەی سەرکوت و کۆنەپەرستی.
کرێکارانی کوردستان بەدرێژایی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بەردەوام لەبێمافی و هەلومەرجی سەختی کارو کەمی کرێ و سەعاتکاری زۆردا ڕەنجی کێشاوە و ساڵانە ژمارەیەکیان بونەتە قوربانی روداوەکانی شوێنیکار. کارکردن بەپاشماوە قانونیەکانی ڕژێمی بەعس و نەبوونی یاسایەکی کار لەکوردستان، هەلومەرجی کارو ژیانی ئەم چینەی سپاردووە بەبازاڕی سەرمایە و خاوەن کۆمپانیاکان و ئاوەلا بوونی دەستیان لەچەوسانەوەی بێسنوری کرێکاراندا. بەم جۆرەش کارنامەی دەسەڵات و سیستەمێک کەبۆرژوازی کورد و حزبەکانی بەسەر سەری خەڵکەوە رایان گرتووە، بەڕۆشنی ئەوەی سەلماندووە کەدژایەتی هەیە لەگەڵ ئازادی و بژێوی زۆرینەی خەڵکی کوردستانداو تەبایە لەگەڵ چینی سەرمایەدارو دەوڵەماندا .
هەمووئەو راستیانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە چینی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی چ لەکوردستان و چ لەجیهاندایە، هیچ ڕێگاچارەیەکیان لە بەرنامەدانیە بۆ باشکردنی ژیان و چارەسەری کێشە ئینسانیەکانی ئەم سەردەمە، هاوکات ئەم دۆخە چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەت و ئازادیخوازان بانگەواز دەکات بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئاڵتەرناتیفی سۆسیالیستی وبەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری. بەواتایەکی تر درێژەکێشانی کۆیلەیەتی ئابوری و نایەکسانی و ستەم و چەوسانەوەو جەنگ و ماڵوێرانی و برسێتی وهەزارویەک دەردو مەینەتی تر بەسەر کۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆدا، ڕیشەکەی لەتوانای ئابوری و میلیتاریستی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی، چینی بۆرژوازیو دەسەلاتەکەیدا نییە، بەڵکو لەپەرتەوازەیی و نارێکخراوبوونی حزبی و جەماوەری چینی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆنەبونەوەیاندایە لەژێر ئالای شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستی و چیانەیتی خۆیاندا. لەناهۆشیاری چیانیەتی و پەیبردن بەتوانای خۆیان و هێزی یەکگرتویاندایە.
شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دونیای عەرەب، مانگرتن و ناڕەزایەتیە جەماوەری و کرێکاریەکان لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، هەمویان ئەوە دەرسەیان دەیان جار سەلماندۆتەوە کەجەمارە توانای پشت لەعەرزدانی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام سەرکەوتن و لەدەست گرتنی چارەنوسی کۆمەڵگا، هاتنەمەیدانی چینی کرێکارو ڕیزی یەکگرتوو هۆشیار ورێکخراوی دەوێ .
هاوڕێیانی کرێکار!
یەکی ئایار رۆژی یەکیەتی و ناڕەزایەتیە بەرووی نیزامی سەرمایەداریدا، رۆژی هەڵبڕینی ئاڵای ئازادی و ڕزگاری بەشەریەت و هەویەتی چینایەتی و ئەنتەرناسیونالیستی چینی کرێکارە. ڕۆژی ڕاگرتنی چەرخەکانی بەرهەم هێنان و خستنەڕووی داخوازیەکانمانە لەڕاستای باشکردنی هەلومەرجی کارو باش بژێوی و جێگیرکردنی ئازادیەکانمان. ڕۆژی ناکام کردنەوەی دەوری

سەندیکاکانی سەربەدەسەڵات و توندکردنەوەی هەوڵەکانمانە بۆ سازدانی کۆبوونەوە گشتی ودانانی بەردی بناغەی ڕێکخراوە کرێکاریەکان و پەرەدانە بەئەڵقە کرێکاریەکانمان، لەتەوای ناوەندەکانی کارو گەڕەکە کرێکاری و زەحمەتکێشەکاندا.ڕۆژی برنەسەری ئاستی یەکیەتی کۆمۆنیستە کرێکاریەکان و حزبیەتی چینی کرێکار و دەخاڵەتگەری هەرچی زیاترمانە لەخەبات و نارەزایەتیەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا.لەیەک ووتەدا پەیامی ئایار، پەیامی چینی کرێکارە بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆرشگێرانەو ڕزگاری کۆمەڵگای بەشەری و هەڵگرتنی هەنگاوەکانی ئەم ئەرکەیە. دەبا ئایاری ئەمساڵ هەرچی زیاتر لەڕێگای سازدانی مەراسیمە سەربەخۆکانی خۆمان و بەرینکردنەوەی کورو کۆمەڵ و کۆبونەوە گشتیەکانمانەوە هەرچی زیاتر شکۆدارکەین.
بژی ئایار ڕۆژی جیهانی و هاوخەباتی کرێکاران!
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
21/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 159

## پەیامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان - لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051316421876292

بەبۆنەی چل ساڵەی شەهیدبوونی کچە خەباتکار وشۆڕشگێری گەڵەکەمان لەیلا قاسم ڕێزدار سەرۆکی هەرێم پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان و دونیا کرد،پەیامێکی لەو جۆرە لە بۆنەیەکی وەهادا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بایەخی تایبەتی و مانای قوڵ دەگەیەنێت سەبارەت بە بڕوا ومتمانە بە خەباتی ژنان و لێهاتوییان لەگشت بوارەکاندا لەلایەن باڵاترین پێگەی دەسەڵاتەوە و شانازیە کەئافرەتانی کوردستان تەنانەت لەبەردەم پەتی سێدارەشدا دوژمنان لەبەرپێیاندا دەلەرزن، لەیلا قاسم و دەیان شەهیدی ئافرەتی دیکە، سەدان ژنانی قوربانیدەر و خەباتگێر ولێهاتوی کوردستان، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە تواناکانی ژنان هیچیان کەمترنیە لەتواناکانی پیاوان، ئەگەر دەرفەتی کار وخەباتیان بۆ برەخسێ. هەر لێرەوە داواکارین لە حزبە سیاسیە تێکۆشەرەکانی کوردستان کە لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و پۆستە باڵاکانی دیکەدان، دەرفەتی یەکســـان بۆ ژنان برەخسێنن بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکەماندا و بەشداری بەرچاویان لە کابینەی نوێدا، دڵنیاشین لەوەی کەئافرەتانی لێهاتوو بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەرکانە کەم نین. چاوەڕوانی هەڵویستی حزبەکانین لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان بۆ ئەو پۆستانە هەروەها هەڵوێستی ئیجابی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی (راسپیردراو بەپێکهێنانی کابینەی نوێ) لەو ژنانەی کە کاندید دەکرێن بۆ ئەو پۆستانە.

پەخشان زەنگنە
ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 160

# پەیامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زاڵبوون بەسەر توندوتیژی سێکسی لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062013013567815

بۆ رای گشتی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان..
ئازادیخوازو مرۆڤدۆستانی جیهان..
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ڕۆژی جیهانی زاڵبوون بەسەر توندوتیژی سێکسی لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا، کە بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان 19 ی حوزەیران دیاریکرا، بەرزدەرخێنێت.
ئەمرۆ هەرێمی کوردستان و ناوچەکەو تەواوی جیهان، بە هەلومەرجێکی سەخت و ئاڵۆزدا گوزەر دەکات، بەهۆی شاڵاوی تیرۆریستانی داعشەوە کە تیایدا، کچان و ژنانی هەندێک لە ناوچە کوردستانییەکان و عێراق، بوونەتە بەشی سەرەکی لەم قوربانیانەدا، لە ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی و ئاوارەبوون و بازرگانی پێوەکردن و کوشتنیان، لەم شاڵاوە دڕندانەیەی داعشدا.
لە پاش کارەساتی شنگال و دەشتی نەینەوا و ئەو کردەوە نامرۆڤانەی بەتایبەتی بەرامبەر خوشک و برایان و منداڵانی ئێزیدی و مەسیحی و نەتەوە و مەزهەب و ئایینەکانی تر ئەنجامدرا، دڵەڕاوکێیەکی زۆر لای هەموولایەک دروست بوو، بەتایبەتی سەبارەت بەو ئافرەت و منداڵانەی، کەوتوونەتە دەست تیرۆیستانی داعشەوە. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەر لەسەرەتاوە مەسەلەی چارەنووسی ئەوانەی دیارنین و ئازادکردنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی لە ژێردەستی داعش دان، لەیەکەم رۆژەکانی رووداوەکەوە بایەخی پێداوەو لەگەڵ نێوەندی نێودەوڵەتی باسکراوە، بەئامادەبوونی نوێنەری تایبەتی بەڕێز "بان کی مۆن" سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەسانی باڵای ئەو رێکخراوەو، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری دیکەدا، لە هەوڵی بەردەوام دا بووین بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە و بەجیهانی ناساندنی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش.. هەروەها سەردانی ئەم دواییەی خاتوو "زەینەب بانگۆرا" نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مەسەلەی دەستدرێژی سێکسی لەدژی ئافرەتان لەکاتی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا و، کۆبونەوەی لە گەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەردانی بۆ بارەگای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لەهەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکان و سەردانی بۆ پارێزگای دهۆک و کەمپەکانی ئاوارەکان، بۆ تاوتوێکردنی تاوانکارییەکانی داعش بە تایبەتی بەرامبەر ژنان و کچان .
ڕۆژانە لەلایەن تیرۆرستانەوە، پێشێلی سەرجەم یاساو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دەکرێت، بۆیە لەم بۆنە جیهانییەدا، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ڕووەکاتە، کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و سەرجەم مرۆڤدۆستان، تا پێکەوە فشار دروست بکەین بۆ بەجیهانی ناساندنی دەستدرێژیەکانی داعش لەدژی ژنانی ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی تر. هەروەها جێبەجێکردنی پلانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کچان و ژنان و منداڵانی ئاوارە .
با هەموومان پێکەوە خەبات بکەین لە پێناو جێبەجێ کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ڕێگەگرتن لە دەربازبوونی ئەنجامدەرانی توندوتیژی سێکسی لە دژی ژنان کە لەکاتی کێشە چەکدارییەکاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەستی پێدەکرێت ..
لەم بۆنەیەدا، داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو ئەوانەی کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ و یاساو ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دەکەین، تا داکۆکی بکرێت لەسەر پەسندکردنی پرۆژە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، تایبەت بە ئیدانەکردنی ئەو تاوانانەی کە لە دژی کچان و ژنان ئەنجام دەدرێت، لە

فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن و دەستدرێژیکردنە سەریان لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە..
هەروەها بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە ئێزیدی و مەسیحی و سەرجەم پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراق.
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
هەولێر – 19ی حوزەیرانی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: ••زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 161

## پەیامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەربارەی کردەوە تیرۆریستییەکەی ئەمڕۆی شاری هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092921082588446

زۆر بەداخەوە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 2013/9/29 جارێکی تر تیرۆریستان و دوژمنانی گەلی کوردستان، دوور لە گشت پرنسیپە ئینسانی و مەدەنییەکان، چەند کردەوەیەکی تیرۆرپستیان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، کە بەهۆیەوە ژمارەیەک هاووڵاتی شەهید و بریندارببوون، لەگەڵ کۆست و خەفەتباری چەندین ئافرەت و خانەوادە، بەهۆی لەدەستدانی رۆلە و باوک و براو هاوسەرەکانیان .
ئێمە لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان وێرای ریسواکردنی ئەم تاوانە قیزەونە، هاوخەمی خۆمان بۆ کەسوکاری قوربان و بریندارەکان دووپاتدەکەینەوە، هیوادارین هاووڵاتیانی کوردستان، بەشێوەیەکی چالاکانەتر پشتیوانی لە بەرقەرابوونی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەن و، بە هەمووڵایەکەوە پیلانەکانی ناحەزان پووچەڵ بکەینەوە .
لەیەزدان دەپاڕێینەوە شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی ئەمڕۆ بە بەهەشتی پان و بەرینی خۆی شاد بکات و زامدارەکانیش بە زووترین کات چاک ببنەوەو بگەڕێنەوە نێو کەسوکاری خۆیان .
نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان و ریسوایی و سەرشۆڕی بۆ تیرۆریست و ناحەزان .
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
29/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 162

## پەیامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان - 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150310094736848600
)بە هەمووومان ئافرەتان و کچانمان ڕزگار بکەین(
ئافرەتانی خۆڕاگری کوردستان
ئازادیخوازو مرۆڤدۆستانی گەلەکەمان و گشت جیهان
لە یادی 8ی مارسدا سڵاوی ئاشتی و پێکەوەژیانتان ئاڕاستە دەکەین...
ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی پێشوو لەکاتێکدا کە ئەم یادە دەکەینەوە، هەرێمی کوردستان بە هەلومەرجێکی سەخت و ئاڵۆزدا گوزەر دەکات، بەهۆی شاڵاوی تیرۆرستانی داعشەوە، کە جەنگێکی لە دژی هەرێمی کوردستان بەرپاکردووە دەرەنجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوەو ئافرەتانی کوردستان وەک هەمیشە پشکی شێریان بەرکەوتووە لە قوربانییدان و فیداکاری، لە ئێستاشدا ڕفاندن و دەستدرێژیکردنەسەر و ئاوارەبوون و بازرگانی پێوەکردن و شەهیدکردنیان، جگە لە بەخشینی خوێنی هاوسەرو ڕۆڵەکانیان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم جەنگە نە خوازراوە دا.
سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتیانە ژنانی کوردستان بوونە هێمای ئازایەتی و کۆڵنەدان لە هەموو جیهاندا و بەشداری بەرچاوی بەرەکانی شەڕیان کردووەو چەندین شەهیدیان داوە، باری گرانی ئەو قەیرانە ئابووریەی کە ڕووبەرووی کوردستان بۆتەوە، لە ئەستۆ گرتووە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر خێزان و منداڵانی پێشمەرگە کردووە .
وەک دەبینین لەلایەن تیرۆرستانی ناوبراو، ڕۆژانە پێشێلی سەرجەم یاساو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دەکرێت، هەر بۆیە :
لە یادی 8ی مارسدا ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ڕوودەکاتە سەرجەم مرۆڤدۆستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە فەرمی و ناحکومیەکان و میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان، پێکەوە هەڵوێستی جددی وەربگرین لە ئاست ئەم جەنگ و قەیرانەدا، ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤایەتیەکان و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و شارستانیەت بکەینە بنەماو پلانی تۆکمە داڕێژین بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکان و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسوودەیی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا.
هەمووان پێکەوە خەبات بکەین لە پێناو جێبەجێ کردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و ڕێگەگرتن لە دەرباز بوونی ئەنجامدەرانی توندوتیژی دژی ژنان.
-لەم بۆنەیەدا، داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو ئەوانەی کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ و یاساو ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندەکەین، تا جەخت لە سەر دەرچوونی بریارێکی ڕاشکاوانە لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەنەوە، بە:
-1بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە پێکهاتەکان لە کوردستان.
-2ئیدانەکردنی ئەو تاوانانەی کە لە دژی ژنان و منداڵان ئەنجام دەدرێت، لە فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن و دەست درێژیکردنە سەریان لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە.
بەرزو شکۆداربێت 8 ی مارس، ڕۆژی قوربانیدانی ژنان لە پێناو وەدیهێنانی مافە مرۆڤایەتییەکاندا.
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
هەولێر – 8ی مارس 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 163
## پەیامی بارزانی بۆ پێشمەرگە خانەنشینەکان
http://www.kurdipedia.org/?q=20140618144145100926
بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستا لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق هاتووەتە ئاراوە و بۆ بەرگریکردن لە سەروماڵی هاووڵاتیان و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان پێویستە

هەموو لایەک بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە پاڵپشت و هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بن.

داوا لە هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە دەکەم کە لە قۆناغی خانەنشینیی خۆیان دان، بە مەبەستی پشتگیری و پاڵپشتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و خۆئامادەکردن بۆ هەموو ئەگەرێک پەیوەندی بەو شوێن و بارەگایانە بکەن کە پێشتر تیێدا خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەیان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکە فەرماندەییەکان ڕێوشوێنی گەنجاو بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی ئەرکەکانیان بگرنە بەر.

داوا لە جەماوەری سەربەرزی کوردستان دەکەم کە هەر کەسەو بە پێی توانای خۆی هاوکاری و پشتیوانی پێشکەشی بە پێشمەرگەی کوردستان بکەن. لێرەدا هاووڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە بە پشتیوانیی خوا و ئیرادەی ئێوە، هێزەکانی پێشمەرگە وەک قۆناغەکانی پێشووی خەباتی گەلەکەمان بە هێز و پرواباخۆبوونەوە ئامادەی بەرگریکردنن لە کوردستان و بێگومان ئایندەیەکی گەش و پرشنگدار چاوەڕوانی گەلی کوردستانە.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

18ـی 6ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 164

## پەیامی پلاتفۆرمی هۆرام بە بۆنەی پێنجەمین سالیادی شەهیدانی 19 گوڵان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150515144320853l4

شەهید بە کەسێک دەڵێن کە لە ڕێگای ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی ڕاستەقینە گەڵان و مرۆڤایەتی گیانی خۆی بەختکردبێت، زۆر کەس هەن کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتێک وەک بەکرێگیراوێک بۆ جێگەو و مادیات لە سەرکوتکردنی ئازادیخوازان رۆلیان هەبو ئەو کەسانە لە ئەدەبیاتی ئازادیخوازی و دمکراسی هیچ پێناسیەیەکیان بۆ ناکرێت. هەر وەک دەزانن پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا، کۆماری سێدارەی ئیسلامی پۆلێک تێکۆشەر و زیندانی سیاسی لە داردا! ئەوە یەکەمین جار نەبوو ڕژێم دەست بۆ تاوانی کوشتاری زیندانیانی سیاسی بەرێت. بەلکە کۆماری سێدارەی ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نەگریسی، لە بەرامبەر هەر خواستێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی گەلانی وەتەنگ هاتوی ئێراندا، جگە لە سەرکوت و زیندان، وەلامێکی تری نەبوە! بە درێژایی ئەم سێ دەیەیەی دوایی کۆمەلگەی ئێران و خەلکە ئازادی خوازەکەی، ڕەشترین جۆری ڕژێمی سیاسیان بەسەردا سەپاوە، ڕژێمێک کە سڵ لە هیچ تاوانێک ناکاتەوە بۆ مانەوەی دەسەلاتی سەرکوتگەرانە و دژی ئازادی خۆیی. ئەم ڕژێمە دژی مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤە، دژی هونەر و ئەدەبی ئازادی خوازانەیە، دژی مافەکانی منداڵان، جەوانان و ژنانە، دژی مافی میللەت و ئاین و ئاینزا جیاوازەکانە.بەدرێژایی تەمەنی نەگریسی، رژێمی ئاپارتایدی جنسی وەرێخستوە و ڕەشترین جۆری چەوسانەوەی مەزهەبی بەسەر ژیاندا سەپاندووە. سەرانی ئەم ڕژێمە درندەیە، ڕاستە لە سەدەی بیستویەکدا دەژین، بەلام بە ئاوەزو بیرکردنەوە و پێوەرەکانی نائینسانی و نادیموکراتیانە دەیانەوێت کۆمەڵگا بەڕێوە بەرن..

چواردەیە سەرکوت، زیندان و شکەنجە و سێدارە، نەیانتوانیوە دەسەلاتی مەزهەبی لە ئیراندا،

جێگیر بکەن. ئەمە واقیعەتێکە ڕژێم و لایەنگرانی پێش نەیارانی دانیپێدا دەنێن. ئەم ڕژێمە بەبێ سەرکوتی خوێناوی کۆمەڵگە، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی ملهور و دکتاتۆریانەی بدا، بەڵام سەرەڕای ئەم هەڵوومەرجە سەرکوت و مەینەت بارە، سەرەڕای ڕیزی سەدان هەزاری سێدارە دراوەکان، خەلکی تێکۆشەری ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە مەیداندان و هەر ڕۆژە بە سەدان زمان " نا " بە دەسەلاتی ڕژێم و سیاسەتە سەرکوت گەرەکانی دەڵێن..

کاتێک ڕژێم لە بەرامبەر پێداگری خواستەکانی خەلکی کوردستاندا ڕێگەچارەیەک شک نابات و لە پێناو سەپاندنی ملهوری و پاشەکشەکردن بە خواستەبەرهەقەکانی ئەم خەلکەدا، پەنا بۆ لەداردانی شەریفترین تێکۆشەرانی ئەم خەلکە، لە سیاچالەکانیدا دەبات. ئەوە دوپاتکردنەوەی کردەوە زەبونەکانی ئەم چواردەیەی دواییە و جگە لە ناکامی ئەم سیاسەتە شتێک نەسیبی ڕژێم و دەسەلاتە نەگریسەکەی نابێت.پێچەوانەی خواستەکەی ڕژێم، ئیرادەی ڕاوەستاوی و قارەمانانەی خەلکی کوردستان تا دێت ئەستوورتر و ڕاوەستاوانەتر دەبێت. خودی مانگرتنی سەراسەری ڕۆژانی دوای قەنارەی تێکۆشەرەکانی گوڵانی ساڵی 2010 لە هەر بەڵگەهێنانەوەیەک ئاشکراتر ئەو ڕاستیەی نیشاندا کە گەلی ئێمە تێکۆشەرە زیندانیکراوەکانی بە تەنیا جێ ناهێلێت و خاوەنداریەتیان لێدەکات..

ئێمە وەک پلاتفۆرمی هۆرام پێمان وایە شەهیدان سەروەری راستەقینەی شۆرشەکەمانن و هەر گەلێک شەهیدی نەبێت نرخی نییە لە سەر ئەوە ئەساسە لە یادی پێنج ساڵەی لە سێدارەدانی (فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مەهدی ئیسلامیان) پەیمان لە گەل ئەو شەهیدانە و خانەوادەی سەربەرزو تەواوی تێکۆشەرانی ئێران و کوردستان دوپاتدەکەینەوە کە بە درێژەدان بە ڕێگاکەیان، بە پابەندبون بە ئامانجەکانیان، ڕێز لەیاد و خەباتیان دەگرین..

مەرگ بۆ کۆماری مەرگ دۆستی ئیسلامی

بژی پێکەوە ژیان و ئازادی گەڵان

پلاتفۆرمی هۆرام - 2015/5/9

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 165

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی YNDK بۆ سکرتێری گشتیی PDKI

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081812512985888

برای بەرێزمان جەنابی کاک مستەفا هجری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
سڵاوێکی گەرم..
بەناوی خۆمان و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK ، بەبۆنەی (70) حەفتاهەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابتان و بەرێزان لە مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و تەواوی کادرو ئەندامانی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و هیوای پێشقەچوون و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازین .
بێگومان لەکاتێکدا کە یادی دامەزراندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان دەکەنەوە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی زۆر ناسک و هەستیاردان، هەموو رۆژهەڵاتی ناقین لەبەردەم کۆمەڵێ ئەگەرو پێشهات

و گۆڕانکاری مەزندان، بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم رەوشە پێویستیمان بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکانە لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، بە باوەڕی ئێمە ئەمەش لەڕێی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری دێتەدی، لەم پێناوەشدا ئێمە وەکو YNDK ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتگیرییەکین، هەر لەم بۆنەیەدا جەختدەکەینەوە سەر پتەوکردنی پەیوەندی هاوخەباتی و برایانەی نێوانمان لەپێناو زیاتر خزمەتکردن و پێشفەبردنی دۆزی رەوای گەلی کوردستان و هێنانەدی تەواوی مافە رەواکانی.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی دووبارەماندا.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن بۆ کوردو کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

15-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 166

## پەیامی پیرۆزبایی کۆسرەت رەسوڵ عەلی بۆ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051423213285302

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان: سکرتاریەت و ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

"54ەمین ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە یەکەبەیەکتان پیرۆز دەکەم و ئاواتەخوازم وەک هەمیشە پێشەنگ بن و هەڵگری پەیامی پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست بن.

مامۆستایانی خۆشەویست :

53ساڵی رابردووی خەباتتان ئەوەمان پێدەڵێ کە ئێوە هاوکاتی پەروەردەکردنی نەوەکانمان هەمیشە داینەمۆی خەبات و جۆشدانی رۆحی کوردایەتی بوونە لە سەردەمی شاخ و لەدوای راپەڕینیش بەبێ گوێدان بەهیچ بەرژەوەندییەکی کەسی خۆتان و دابینکردنی بژێوی ماڵ و منداڵتان بەردەوام بوون لە کارە پیرۆزەکەتان و نەتانهێشت نەوەی دوای راپەڕینی کورد نەخوێندەوار بێ.

ئەمڕۆش کە کوردستانمان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێ و قەیرانی دارایی رووی تێکردووین لەپاڵ دواکەوتنی مووچە، کەچی مامۆستایان نەیانهێشتووە یەک رۆژ خوێندن لە کوردستان دوابکەوێ و شەمەندەفەری پەروەردەو فێرکردن نەوەستاوەو بەردەوامە، بۆیە لەسەر هەموومان پێویستە بە باشترین شێوە خزمەتی مامۆستایان بکەین و قەرەبووی ئەو هەموو ساڵە لە خەبات و قوربانیدان و خۆڕاگریەیان بۆ بکەینەوە.

لە کۆتاییدا وێڕای دووبارە پیرۆزباییم لە مامۆستایانی هەڵگری مەشخەڵی زانست، بە پێویستی دەزانم سەری رێز و نەوازش بۆ مامۆستایانی شەهید و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دابنوێنم وپێیان بڵێم "ئارام بنون کاروانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی وشیار بەردەوامەو هەموومان بەرهەمی ئەم کاروانە نەپساوەین".

کۆسرەت رەسوڵ عەلی

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
14-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 167

## پەیامی تەشکیلاتی زاگرۆسی کۆمەڵە بۆ هاورێیانی بەشی نەهێنی لەسەرتاسەری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150313095713682744

پاش چالاکی بەربڵاوی تێکۆشەرانی نهێنی لەشارەکانی کوردستان بە بۆنەی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، تەشکیلاتی زاگرۆسی کۆمەڵە پەیامێک ڕوو لە چالاکانی نهێنی ناوخۆی کوردستان بڵاو دەکاتەوە
دەقی پەیامی تەشکیلاتی زاگرۆسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لێرەدا بخوێننەوە:
هەروەک ئاگاداران بەبۆنەی بیست و شەشی ڕێبەندان ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی هاوڕێی ڕێبەر کاک حەمە حسێن کەریمی و ئاشکرابوونی خەباتی کۆمەڵە جارێکی دیکە شاروناوچەو گوندەکانی کوردستان بووە بە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی هەڵسووڕاوان و چالاکانی نهێنی کۆمەڵە. ئەو فیلم و وێنەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵەو بەتایبەتی ڕۆژهەڵات تی وییەوە بڵاوبوونەوە دەرخەری بەرینبوونەوەی زیاتری چالاکی هەڵسوڕاوانی بەشی نهێنی کۆمەڵەیە لەسەرتاسەری کوردستان.
بەڕێوەبردنی شانۆیەکی دیکە لەخەبات و تێکۆشانی هاوڕێیانی سەنگەری شار لەکاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی و هێزە ئەمنیەکان بەتەواوی توانای خۆیانەوە دەستیان داوەتە مانۆڕدان لەناو مەیدان و شەقامە سەرەکییەکانی شارەکانی کوردستان و بەربەست دانان و ڕێگری کردن و هەروەها بە بانگهێشتکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژەکانی پێش بە 26ی ڕێبەندان بەنیازبوون بەم جۆرە فەزایەکی ترساویی بخولقێنن. بەڵام وەک لەهەواڵ و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژهەڵات تی وی بڵاوکرایەوە تێکۆشەرانی نهێنی کۆمەڵە بە ورەیەکی شۆڕشگێڕانەوە تەواوی پیلانەکانیان پووچەڵکردنەوەو بۆ ڕێز لێنان لە ڕێبازی کاک حەمەحسێنی کەریمی و ڕۆژی ئاشکرابوونی خەباتی کۆمەڵە هاتنە مەیدان و وڵامێکی پڕ بەپێست و شیاویان بە نەیارانی کۆمەڵە داوەتەوە .
تێکۆشەران و ڕێبوارانی ڕێبازی کۆمەڵە نیشانیاندا هیچ ڕێگری و بەربەستێک ناتوانێت ورەی پڕ لەئازادیخوازی و فیداکاری ئەوان خەوشدار بکات، تێکۆشەرانی سەنگەری شار، قاڵبووی دەیان سەختی و نەبەردی کۆڵان بەکۆڵانن لەگەڵ دوژمنانی کۆمەڵە. مێژووش سەلماندویەتی سەرباری گشت سەختی و ئەستەمییەکان ئەوە تێکۆشەرانی بوێرو پێشکەوتنخواز و چاوکراوەی کۆمەڵەن لەسەرتاسەری کوردستاندا سەربەرزانە لەو مەیدانە هاتوونەتە دەر. ئەوە نەسلی تازەی خەباتکاری سەنگەری شاری کۆمەڵەن کە بارگاوین بەبیری کۆڵنەدان و بەمێژوییەک لە تێکۆشانی حیزبێک کە مل بۆ هیچ سەرکوتکارییەک دانانەوێت و بوێرانە کەڕەنای خەبات لەدژی دوژمنانی کورد لێ ئەدات و شەوەزەنگی ئیستبداد دەکاتە ڕۆژی ڕووناکی بو خەڵکی ئازادیخوازیی نیشتمانەکەی.
نەسلی تازەی خەباتکاری کۆمەڵە بە داهێنان و ئیبتکاری نوێی و ڕەچاوکردنی شێوازی تازەتر و بەگرتنی فیلم و وێنە لە چۆنییەتی تێکۆشانیان لەسەرتاسەری کوردستاندا نیشانیاندا تێکۆشەرانی ئەم حیزبە هەردەم ئامادەی کاری سەردەمیانەو نوێیە لەپێناو سەلماندنی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لەکوردستان.
هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی نهێنی کۆمەڵە لەسەرتاسەری کوردستان، ئێوە بەتێکۆشان و هەڵسوڕانی بەربڵاوی خۆتان سەلماندتان ڕێبوارانی ماندوونەناسی کۆمەڵەن و نیشانتاندا ڕێگەی سەرکەوتنی یەکجاری لەگرەوی ڕێکخستنی ژیرانەو بەکردەوە دەرهێنانی سیاسەتە

شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵدایە. ئێوە ئەم پەیامەتان بەداگیرکەرانی کوردستان گەیاند کە سەنگەری شار سەنگەرێکی پتەو قایم و لە گیران نەهاتووەو بست بەبستی کوردستان شوێن پێی و جێگەی تێکۆشەرانی کۆمەڵەیەو هیچ رێگری و لەمپەرێک ناتوانێ ورەی قایم و پروا بەسەرکەوتنی خەباتکارانی نهێنی لاواز بکات .

ئێستاکە وێڕای پەیمان تازەکردنەوە لەسەر ڕێبازی هاورێی ڕێبەر کاک حەمەحسێن کەریمی و سەرجەم گیانبەختکردوانی کۆمەڵە، پر بەدڵ دەستخۆشی و ماندوو نەبوونیتان لێدەکەین، دڵنیاین نە حکوومەتی نیزامی و نەفەزای ئەمنیەتی ناتوانێ ورەی قایم و پتەوی ئێوە بەخەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەلاواز بکات، هەربۆیە هەمووکات سەلماندوتانە کوردستان هەردەم ئامادەی تێکۆشان و خەباتە لەدژی دوژمنانی گەلی کوردو کۆمەڵەش وەک هێزێکی سەرەکی لەم خەبات و ململانێیدا دەوری سەرەکی بووە لەهاندان و ڕێکخستنی جەماور لەپێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد. لەکۆتاییدا بەبۆنەی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی ئاشکرابوونی خەباتی کۆمەڵە پیرۆزبایی دەکەین لەهاورێیانی نهێنی و زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی گیانبەختکردووانی کۆمەڵەو تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە لەسەرتاسەری کوردستان.

پیرۆز بێت 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

هەر شەکاوە بێت ئاڵای سووری کۆمەڵە

26ی ڕێبەندانی ساڵی1393ی هەتاویی

تەشکیلاتی زاگرۆسی کۆمەڵە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 168

## پەیامی حکومەت لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا - 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315213149848 72

ڕۆژی 3/16 درێژترین ڕۆژی نێو یادەوەریی نەتەوەیی و نیشتمانیمانە، ڕۆژێکە هێندەی سەدەیەک ئازار و قوربانیدانی میللەتێکی لەخۆ گرتووە، کە شەڕانگێزی و جینۆساید و قێزەونترین چەکی سەردەم، نەیتوانی بوون و ئیرادەی بسڕێتەوە. ڕۆژێک کە هێندەی زام و ئازارەکانی، هەستی شانازی و گەورەیی بە گەلەکەی دەبەخشێت.

گەر تا دوێنێ بە خەمبارییەوە گوتبێتمان هەڵەبجەی شەهید، ئەمڕۆ بە شانازییەوە دەڵێین پارێزگای هەڵەبجە، ئەم ڕاستییە زیاد لە مانایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و نیشتیمانی و کولتووری هەیە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ خواستی ئەم گەلە لە بنیاتنان و ژیانی سەربەرزانە و توانای خۆراگری و مانەوە و بەرگریکردنی شەرەفمەندانە لە بوونی خۆی.

بۆیە هەڵەبجە نەک هەر تەنها سیمبولی قوربانیدانمانە، بەڵکو هاوکات سیمبولی ئیرادەی هەڵسانەوە و بنیاتنان و مانەوە و خۆراگریی ئەم گەلەیە. بەڵێ ئەمڕۆ بە شانازییەوە دەڵێین: دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کۆمەڵکوژی نەما و هەڵەبجە ما و دەمێنێ، جەللادەکانی هەڵەبجە بە ڕیسوایی تیا چوون و هەڵەبجەکەی ئێمە بە سەربەرزی مایەوە.

ڕۆڵە دڵسۆزەکانی هەڵەبجەی ئازیز.. کوردستانیانی خۆشەویست..

بەپارێزگابوونی هەڵەبجە، لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەر بە تەنها بڕیار و مەبەستێکی سیاسی نییە، بەڵکو پروا و ئیرادەیەکی نەگۆڕە بۆ پارێزگاری لە بوون و ناسنامەمان.

هەربۆیە پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا واقیعی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە لەسەر هەموو ئاستە خزمەتگوزارییەکان و لە کایە جیاجیاکانی گەشەی ئابووری و شارستانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا ڕەنگ بداتەوە و بۆ ئەمەش داواکارین لایەنەکان لەسەر ئەم بابەتە بگەنە ڕێککەوتن .

وێڕای هەر تەنگژەیەکی ئابووری، پێشخستن و بووژاندنەوەی پارێزگای هەڵەبجە بە شێوەیەک کە

لە ئاستی ناو و پێگەی هەڵەبجەدا بێت، لە کارە لەپێشینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، وەک چۆن خزمەتی زیاتری بریندارانی و قوربانییە زیندووەکانی هەڵەبجە، لەو کارە گرنگانەیە کە هەمیشە جێگەی بایەخمانە.
کوردستانیانی خۆشەویست..
وەک هەر جارێک و هەر یادێکی 3/16مان، ئەمڕۆ لە یادی 27 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، سەری ڕێز و وەفا بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی گەلەکەمان دادەنەوێنین، وەفاداریمان بۆ شەهیدان و قوربانیانی هەڵەبجە، بە ڕێگای ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و پێشخستن و خزمەتکردنی زیاتری هەڵەبجە و دانیشتوانەکەیدا تێدەپەڕێت.
سڵاو لە پارێزگای هەڵەبجە و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی، شکۆداربێت ئیرادەی مانەوە و بنیاتنان و پێشکەوتن، هەر سەربەرز و ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت هەڵەبجەکەمان و کوردستانە ئازیزەکەمان.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
15.3.2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 169

## پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی 8ی مارس - 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030722271965490

ڕۆژی 8ی مارس ڕۆژێکی پرشنگداری نێو یادەوەریی مرۆڤایەتییە، یادێکە کە هەڵگری پەیامی ئازادی و یەکسانی و لێبوردەییە، یادکردنەوەی ئەمڕۆژە، یادکردنەوەی خەباتی بەردەوامی زیاتر لە سەدە و نیوێکی ئافرەتان و ئازادیخواز و یەکسانخوازانە لە دژی چەوسانەوە و پەراوێزخستنی ژنان و لەپێناو ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا.
مایەی شانازییە کە ژنانی کوردستان لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا، وێڕای ئەوەی هەمیشە هاوتا و هاوشانی پیاوان بوون، هاوکات لە ژنانی هەر کۆمەڵگایەکی دیکە، بەخشندەتر و تێکۆشەرتریش بوون. دایکان و خوشکانی ئێمە، وەک هەر دایک و خوشک و کچی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریمان، هەمیشە ئەرک و خەمی قورسی شۆڕش و بەرخۆدانەکانیان کەوتۆتە ئەستۆ، هەمیشەش بەشدارێکی کارای خەباتی ڕزگاریخوازی گەل و نیشتیمانەکەیان بوون. ژنانی کۆمەڵگای کوردستان بە کردەیی سەلماندوویانە کە لە هەموو کایە جیاجیاکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و وڵاتدا، ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکییان هەیە.
ئەمڕۆ، خۆراگری و دڵسۆزی و ورەی دایک و هاوسەر و خوشک و کیژۆڵەی هەر پێشمەرگەیەکی نێو سەنگەر کە پارێزگاری لە بوون و کەرامەتی ئەم گەل و وڵاتە دەکات، هیچیان کەمتر نییە لە قارەمانێتی و دڵسۆزیی ئەو پێشمەرگانە. ئەو زوڵمە گەورەیەی کە دەرهەق بە دایکان و خوشکانی ئێزیدیمان کراوە، یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.
دایکان و خوشکانی ئازیز.. کوردستانیانی خۆشەویست
حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی و بەوپەڕی پەرۆشییەوە، لە کارنامەی خۆیدا کەیسی یەکسانی و مافی ژنانی وەک پرەنسیپێکی چەسپیوی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی، بەهەند وەرگرتووە و شوێنێکی گرنگی لە کارنامەی خۆیدا پێبەخشیوە. ئێستاش جگە لە هەبوونی دەستە و دامەزراوە ی حکوومیی تایبەت بە ئافرەتان و داکۆکیکەر لە مافەکانیان، لە هەرێمی کوردستاندا دۆخێکی لەبار ڕەخسێنراوە بۆ خەبات و تێکۆشانی چەندین ڕێکخراوی مەدەنیی تایبەتمەند بە بواری ژنان و مافەکانیان. ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانی و مرۆیی گرنگە و حکوومەت وێڕای بەردەوامبوونی لە پشتیوانیی ئەم کارانە، کاری زیاتر و کاریگەرتریشی بۆ دەکات.
لەم یادەدا، سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو خوشکە قارەمانانەمان دادەنەوێنین کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی و بەرگریکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانماندا گیانیان بەخشی.

پیرۆزباییەکی گەرمیش ئاڕاستەی هەموو ئافرەتان و یەکسانیخواز و ئازادیخوازانی کوردستان و جیهان دەکەین.
بەرەو کۆمەڵگایەکی یەکسان و پتەوکردنی کەلتووری لێبوردەییی مرۆڤدۆستی و ژیانێکی پڕ لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی.. بەرز و شکۆدار بێت یادی 8ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2015/3/7

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 170

## پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تەقینەوەکەی شاری کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120521405278128

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە توندی تەقینەوە تیرۆرستییەکانی دوێنێ و ئەنجامدەرانیان لە شاری خۆشەویستی کەرکووک، ئیدانە و ڕیسوا دەکات و پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان و کەرکووک و تەواوی کوردستان دەکات، هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ برینداران دەخوازێت.

تیرۆرستان و دوژمنانی ژیان و ئازادی و مرۆڤایەتی، کە لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ڕۆژ بە ڕۆژ گورزی کوشندەیان لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان بەردەکەوێت، وەک پیشەی قێزەوەنی خۆیان هەمیشە لە کاتی شکست و کەوتندا، پەنا بۆ کاری ترسنۆکانەی تیرۆر و شەهیدکردنی خەڵکی سڤیل و بەئامانجگرتنی شوێنە مەدەنییەکان دەبەن، بەڵام هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە تیرۆر هەرگیز کۆڵمان پێنادات و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، تا کۆتایی و تا لەناوبردنی تیرۆرستان، لە خەبات و تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی تاریکیی تیرۆر بەردەوام دەبن و وەک هەمیشە سەردەکەون.

نەمری بۆ شەهیدان، سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە، بژی کوردستان.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2014/12/5

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 171

## پەیامی حکوومەتی هەرێم لە یادی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێی خۆراگردا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042415080985162

ئەمڕۆ 41 ساڵ بەسەر بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێی ئازیزدا، لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی عێراقی تێدەپەڕێت. یادی ئەم شارە خۆڕاگر و زیندووەی کە لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیماندا هەمیشە لە بەرخۆدان و قوربانیداندا پێشەنگ بووە. ئەم شارەی کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە میانەی لەخۆگرتنی تاکە زانکۆی ئەو دەمی کوردستانەوە، ببووە مەڵبەندی زانستیی ناوچە ئازادەکانی شۆڕش. ئەمڕۆ کە یادی بۆردومانکردنی شارێک و زانکۆیەکی شەهیدمان دەکەینەوە، گەلەکەمان خاوەنی دەیان زانکۆی سەردەمیانە و پێشکەوتووە، ئەم ڕاستییە بەڵگەی زیندوێتی ئەم گەلە و خەونی هەمیشەییەتی بۆ پێشکەوتن و گەشە و ژیانی سەربەرزانە و شارستانیانە.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی لە پێشەوەی بەرنامەکاری خۆیدا داناوە و بەردەوام کاری بۆ کردووە. ئاوەدانکردنەوەی شاری قەڵادزێی خۆڕاگریش ئەرک و ئەمانەتێکە لە ئەستۆی حکوومەتدا و لەم پێناوەدا هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بە دانیشتوانە سەربەرزەکەی کە لەم ڕۆژگارەدا و لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستانیشدا خاوەنی چەندین شەهیدی قارەمانن.
خۆڕاگری و قوربانیانی قەڵادزێ و سەرجەم شار و گوندەکانمان هەمێسە لەبەرچاومانە و کاری جدیشمان بۆ سڕینەوەی ئاسەوارە خراپەکانی ئەو کاولکاریانە کردووە وبەردەوامیش دەبین لەسەری. دەبێ حکوومەتی عێراقی فیدرالیش بە ئەرکی خۆی هەڵسێت لە قەرەبووکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو، لە هەموو ڕوویەکی مادی و مەعنەوی و ژینگەییەوە.
ئەگەر خەونی داگیرکەران و دوژمنان هەمیشە کاولکاری و ستەمکاری بوویێت، ئەوا شاری قەڵادزێی خۆڕاگرمان بەڵگەی زیندووی ئەو ڕاستییەیە کە خەونی گەلەکەمان هەمیشە ئاشتی و ئاوەدانی و پێشکەوتن و ژیانی شارستانیانەیە.
یادی شەهیدانی بۆردومانکردنی قەڵادزێ لە 1974دا و یادی شەهیدانی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی 1982ی ئەم شارە خۆڕاگرە، بۆ هەتا هەتایە لە یادەوەریی گەلەکەماندا دەمێنێتەوە.
درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵادزێی خۆڕاگر و سەرجەم شەهیدانی کورستان.
ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
24-4-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 172

## پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 24 ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملووەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071310544089582

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات!
هۆگرانی ڕێگا و بیر و ئامانجەکانی د. قاسملوو لە کوردستان، ئێران و جیهان!
22ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک وەبیرهێنەرەوەی زامێکی قووڵە کە بە دەستی ڕێبەران و دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جەستەی گەلی کورد درا. 24 ساڵ لە مەوبەر لە22ی پووشپەڕی ساڵی 1368ی هەتاوی(13ی ژوئیەی 1989ی زایینی)دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات هاورێ لەگەڵ عەبدوڵلا قادریئازهر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتی حیزب و د. فازڵ ڕەسووڵ لە وییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەهید کران .
دوکتور قاسملوو بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاشتیخوازی و نیەتپاکیی د. قاسملوو کەلکیان وەرگرت و وتووێژو دانوستانیان کردە وەسیلەیەک بۆ

گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکەیان کە تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو. ئەوان لە نەخش و دەوری کاریگەری د. قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و تێکۆشانی دیپلۆماسیی ئەو بۆ ناساندنی جووڵانەوەی کورد نیگەران و هەراسان بوون. هەر بۆیە دوکتور قاسملوویان کرد بە ئامانجی لە نێوبردن و بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان چەند تیرۆریستێکیان بە ناوی دیپلۆمات بۆ شەهیدکردنی
سیاسەتمەداری بە توانای نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، و سیمای هەرە دیاری خەباتی دژی دیکتاتۆری لە ئێران، راسپارد. ئەوان بە و خەیاڵە بوون کە بە شەهید کردنی د. قاسملوو، خەباتی نەتەوایەتی و حەقخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی دێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەی پیلانە تیرۆریستیەکەیان سەرکەوتوو بوو، خەیاڵ و خەونەکەیان نەهاتە دی. بە شەهید کردنی د. قاسملوو، خەباتی گەلی کوردو حیزبی دیموکرات کۆتایی نەهات، بەڵکوو ڕێبواران و خەباتکارانی ڕێگای ئەو ڕێبەرە لێهاتووە، شیلگیرانەتر لە جاران درێژەیان بە ریگاکەی دا . ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو تاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە کە زیاتر لە 34 ساڵ بە سەر تەمەنی ئەو رێژیمە دا رابردوە و 24 ساڵیش لە شەهیدکرانی د. قاسملووی ڕێبەرمان رادەبرێ. بە داخەوە ئەو رێژیمە، هەر وا درێژەدەر و هەڵگری بیرکردنەوە و روانین و سیاسەتێکە کە لە سەردەمی تیرۆرکردنی د. قاسملوو دا هەیبوو، کە ئەویش بریتیە لە ئینکاری مەسەلەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد و سەرکوتکردنی خەباتی تێکۆشەرانی ئەو نەتەوەیە لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە رەواکانیاندا.
لە بوارەکانی دیکەش دا ئاڵوگۆڕێکی باش لەم رێژیمە دا پێک نەهاتوە. وەزعی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و زۆر بواری دیکەی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا ساڵ بە ساڵ قەیرانیتر بووە و زیاتر بەرە و شپرزەیی رۆیشتوە. پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ئەو رێژیمە لەگەڵ دنیای دەرەوە، بە پێی ویستی تاقمێکی کۆنەپارێز بەڕێوە چووە کە تەنیا بەرژەوەندەکانی نیزامەکەیان، نەک بەرژەوەندی گشتیی خەڵکی ئێرانیان، بەلاوە گرنگە. هەر بۆیەش وڵاتی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەو تاقمە، بەرەورووی گەمارۆ و گوشاری جۆراوجۆری نێودەوڵەتی بۆتەوە و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ دنیای دەرەوە، گەیشتوونە نزمترین ئاست. ئابووریی وڵات بە تەواوی پووکاوەتەوە، گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوا کە بەرهەمی سوور بوونی ئەو رێژیمە لە سەر درێژەدانی بەرنامە ناوکییەکانیەتی، رۆژ بە رۆژ ئاسەواری خراپتر لە دوای خۆیان بە جێ دێڵن. دابەزینی بێوێنەی بایی تمەن لە بەرامبەر دراوە بیانیەکان دا بۆتە هۆی گرانیی سەر سوڕهێنەر. بێکاری، گرانی، نەبوون و نایاببوونی سەرەتاییترین کەلوپەل و پێویستییەکانی ژیان و بەڕێچوون، دەستیان وەدەستی کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئیعتیاد، ناهومێدی لە ژیان، لێکترازانی شیرازەی بنەماڵە و دەیان کێشە و گرفتی دیکە داوە .
دەسەڵاتدارانی ئێران، وێرای ئەم هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لە چەند ساڵی رابردوو دا لە باری سیاسییشەوە کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقانیان بە سەر وڵات دا زاڵ کردوە و بە توندی بەرهەڵستی هەر چەشنە دەنگێکی نارازی بوونەتەوە. گرتن و زیندان و ئەشکەنجەی ئازادیخوازان و داواکارانی گۆڕان بە توندی درێژەی هەیە. لە کوردستان کەشوهەوایەکی بە تەواوی ئەمنییەتییان زاڵ کردوە و لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گوشارو توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵک لە و پەڕی خۆی دایە. رۆژ نەبووە خەڵک نەگیرێ و ئەشکەنجە نەدرێ، کاسبکاران و کۆڵبەران کە بەدوای بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵیانەوەن، نەدرێنە بەردەسڕێژ و گیانیان لێ نەستێندرێ و ماڵیان بە تاڵان نەبرێ . کێشە و ململانێی نێوان باڵەکانی رێژێم لە سەر پێگە و مەوقعییەتی ویلایەتی فەقیە و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و چۆنیەتیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییەکان و دنیای دەرەوە، بەردەوام بووە. بە و جیاوازییە کە تا هاتوە دەستی سوپای پاسداران لە بەڕێوەبردن و دەستبەسەرداگرتنی بوارە جۆراوجۆرەکانی کاروباری وڵاتدا، ئاوەڵاتر کراوە .ئەمەش وای کردوە کە نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانیەوە قووڵتر بێتەوە. لە گەڵ ئەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژێم بۆ بێدەنگ کردنی خەڵک و پێشگیری لە تەقینەوەی هەرجۆرە نارەزایەتییەک پێش بەهەر جموجۆڵ و خۆپێشاندانێک دەگرن و بەربەستی زۆریان لەسەر چالاکی و تێکۆشانی خەڵک و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داناوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش خەڵک لەسەر ویست و داخوازە رەواکانی خۆیان سوورن و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هاتووەتە پێش، لە دژایەتیی سەرەڕۆیی و زۆرداری درێغیان نەکردوە و ئەوەندەی مومکین بووە، لە بەرامبەر دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستانی سەرەکیی ئەو نیزامە کە وەلیی فەقیە و سوپای پاسداران و دامەزراوە ناخەڵکیەکانن، راوەستاون .
هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری و هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێ کە لە 24ی

جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوون، مەیدان و دەرفەتێکی دیکە بوون بۆ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە. ئەگەر چی هەر لەئەساس دا هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، ئازاد و دیموکراتیک نیە و سەرەڕای ئەوەی ڕێبەری و دام و دەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەری و شووڕای نیگابان بەربەستی زۆریان لەبەردەم بەربژێرەکانی سەرکۆماری دانا و سەلاحییەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانیان ڕەت کردەوە، بە و حاڵەش خەڵکی ئێران بە دەنگدانی واتاداری خۆیان، جارێکی دیکە پەیامی خۆیان بە گوێی دنیا گەیاند. ئەوان دەنگیان بە کاندیدایەک دا کە ئەگەرچی هەر لە هەناوی ئەو نیزامە هاتووەتەدەر، بەڵام بە پێچەوانەی خامەنەیی و توندڕەوان و کۆنەپارێزانی ئەو نیزامە، لە بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی دا، باسی لە ئیعتیدال و میانەڕەوی دەکرد و لە پێویستیی چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی دەدوا. دەنگدانی خەڵک بە حەسەن ڕۆحانی بۆ پۆستی سەرکۆماری هەوڵێکی مومکین لە چوارچێوەی دەرفەتێکی بەرتەسک دابوو بۆ دەرباز بوون لەهەلومەرجێکی سیاسی و ئابووریی دژوار و قەیراناوی. بەرهەمی ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران و نیشانەی ڕەتکردنەوەی دووبارەی ئەو سیاسەتە نیوخۆیی و دەرەکیانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە خامنەیی بە راشکاوی پشتیوان و لایەنگریی لێ کردوون .

بەڵام ئێستا و لە بەرەبەری دەستپێکردنی دەورەی سەرکۆماریی حەسەن ڕۆحانی دا پرسیار ئەوەیە کە ئایاسەرکۆماری هەڵبژێردراو، پەیامی راشکاوانەی خەڵکی ئێرانی بە و جۆرە کە هەیە، وەرگرتوە و خۆی لە بەرامبەریان دا بە بەرپرس و بەرعۆدە دەزانێ؟ ئایا بە وادە و بەڵێنەکانی خۆی کە بەشێکی زۆر کەم لە داخوازەکانی گەلانی ئێرانیان گرتبووە خۆ، وەفادار دەبێ؟

ئاغای ڕۆحانی و خەڵکی ئێران پێویستە ئەزموونی سەردەمی سەرکۆماریی ئاغای خاتەمی و وانەکانی ئەو سەردەم وەبیر خۆیان بێننەوە. بۆ وێنە سەرکۆماری تازە، دەبێ لە بیری بێت کە هەر کات کەسانێک، لایەنی خەڵکیان گرتوە و بایەخیان بە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگە داوە، خەلک بە دەنگی خۆیان سەریان خستوون و گەیاندوویاننە پارلمان و سەرکۆماری. هەر کاتێکیش ئەو کەسانە، ویستی خەڵک و کۆمەڵگەیان لە پێناوی بەرژەوەندەکانی نیزام یا هەر هۆکارێکی دیکە دا، پشتگوێ خستوە و پاشەکشەیان لە وادە و بەڵێن و بەرپرسیارەتییەکانیان کردوە، بە تەنیا ماونەوە و مایەپووچ دەرچوون. خەڵکیش دەبێ لە بیریان بێت، ئەوە لەمەیداندابوون و پێداگریی ئەوان لە سەر ویست و داخوازەکانیانە کەدەکرێ هیوای پێ ببەستن نەک چاوەڕوانیی لوتف و کەرەم لە دەسەڵات و نیزامێک کە هیچ کات نەیویستوە پەیامی خەڵک ببیسێ و ڕێزی لێ بگرێ، یا هەر کات ئیرادەی خەڵک سەرکەوتوە، بە کەلکوەرگرتن لەدەسەڵاتی ڕێبەری و نیهادە داسەپاوەکان،سەرکەوتنەکانی خەڵکیان بێ ئاکام کردوەتەوە.

بەم جۆرە ئەرکی خەڵک و بە تایبەتی کەسایەتی و هێز و لایەنەکانی ڕێنوێن و پێشڕەوی خەباتی خەڵک لە نیوخۆی وڵات لە دوای ئەم هەڵبژاردنە، دەچێتە نیو قۆناغێکی نوێوە کە ئەویش پاشەکشەکردنی زیاتر بە کۆماری ئیسلامی و خستنەڕووی ویست و داخوازەکانیان و ئەرکدارکردنی سەرکۆمار و دەوڵەت و مەجلیس و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان بە گوێ لێگرتن و جێبەجیکردنیانە.

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

هۆگران و ئەویندارانی ڕێگا و بیر و ئامانجەکانی د. قاسملوو!

ئێمە لە هەلومەرجێکدایادی ئەو ڕێبەرە گەورەیە دەکەینەوە کە ئامانجەکانی ئازادی و دیموکراسی و رزگاریی گەلان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە د. قاسملوو، تەمەنێک خەباتی لە پێناویان دا کرد، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان راپەراندوە. ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە شیمالی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نیوەراست ئەوەیان سەلماندەوە کە گەلان بە بندەستی و دەسەڵاتی زۆرەملێ و دیکتاتۆری قایل نابن و لەهەر جێگایەک چەوساندنەوە و ستەم هەبێ، خەبات و بەربەرەکانی و شۆڕش لە دژیان سەرهەڵدەدا. راپەڕینی خەڵک و ڕووخانی یەک لە دوا یەکی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی میسر، تونس و لیبی، راستیی ئەم قسەیە دەسەلمێنن. با ئەو راستییەش ببینین و پێی خۆشحاڵ بین کە گەلانی راپەڕیوی ناوچە، تەنیا بە جێگۆڕکێی ڕێژیمەکان ناوەستن بەڵکوو لە گەڵ گۆڕینی ڕێژیم و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی ئەم سەدە و هەزارەیان دەوێ. ئەمەش جێگای شانازی و خۆشحاڵییە کە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی نیشتمانە دابەشکراوەکەی، خاوەنی بزووتنەوەیەکی لەمێژینەی دژبە دیکتاتۆری و بندەستییە. هەر وەها لە هەرکام لە وڵاتانەش کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە، گەلی کورد لە خەباتی گشتی و سەرانسەری لە پێناوی گۆڕان و بە دەستهێنانی ئازادی،

دیموکراسی و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی وڵامدەری سەردەمی ئێستا، لە ریزی پێشەوە دایە.
لە رۆژهەڵاتی کوردستان، گەلی کورد و هێزە سیاسی و خەباتکارەکانی، ئەزموونی زیاتر لە 34 سال خەبات و تیکۆشان دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و قوربانیدان لە پێناوی ئازادییان هەیە و بە چۆک دا نەهاتوون. ئەگەر حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، لە هەلومەرجێکی نەخوازراوو لە دوورەوڵاتی دا درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەن، لە نێوخۆی وڵاتیش، خەڵکی وشیار و زیندووی کوردستان، لە هەر رێگاو دەرفەتێکی تەنانەت بەرتەسکی وەک هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامییش، بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و بۆ خستنەڕووی داخوازەکانیان و بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی ستەم و هەڵاواردن و چەوسانەوە، کەلک وەردەگرن. ئەم راستییە دەبێ هاندەری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان بێ بۆ تێگەیشتن لەواقیعی نێوخۆ، بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی و هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ یەکترو بۆ رووبەڕووبوونەوەی کارتێکەرانە لە گەڵدەرفەتەکان و شانسەکان. ئێمە بە نۆرەی خۆمان، هاتنە مەیدانی خەڵک و تێکۆشانی دڵسۆزانی گەلەکەمان لە نێوخۆی وڵات لە چوارچێوەی شانس و دەرفەتە بەرتەسکەکان دا، بە نیشانەیی وریایی سیاسی و نەتەوەیی ئەوان دادەنێین، نەک بە دژایەتیکردنی ئەوان لە گەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان. بە باوەڕی ئێمە هەوڵەکانی دڵسۆزانی نێوخۆ و خەبات و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان، دەبێ وەک دوو رووی جیاوازی خەباتی تێکۆشەرانی نەتەوەیەک و وەک تەواوکەری یەکتر سەیر بکرێن.
پێشمان وایە لە هەر جێگایەک، یەکیان پێویستی بە پشتیوانیی ئەوی دیکە هەبوو، دەبێ درێغی لێ نەکرێ .
24ساڵەی تیرۆری د. قاسملووی رێبەر بە بۆنەیەکی گونجاو دەزانین بۆ ئەوەی لە ئاست خۆشەویستی و وەفاداریی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو رێبەرە مەزنە، سەری رێز دانەوێنین. بە ئەرکی خۆشمانی دەزانین لە و یادە دا پێداگری و بەردەوامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر خەبات تا رزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێردەستی، دووپات بکەینەوە. هەر لەم بۆنەیەشدا بە ئیلهاموەرگرتن لە ئامۆژگارییەکانی ئەو رێبەرە شەهیدە، و بە هەستکردن بە هەستیاربوونی قۆناغی ئێستای خەباتی سیاسی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و هەر وەها سەرجەم خەباتکاران لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بۆ لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتوویی بانگەواز دەکەین.

دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان !
لەمێژە یادی شەهید بوونی رێبەری لێوەشاوە د. قاسملووی نەمر، لە گەڵ بیرەوەریی کۆچی دوایی هاورێی بەوەج، سەید سەلامی عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕات ئاوێتە بووە. بەم بۆنەیەوە لە گەڵ شەهیدانی 22ی پووشپەڕ دا، بەڕێزەوە یادی کاک سەلامی نەمر دەکەینەوە کە 14 ساڵ لەمەوبەر ماڵاوایی یەکجاریی لێکردین .

بەرز و بەڕێز بێ یادی رێبەری شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوو،
ڕسوایی هەمیشەیی بۆ خولقێنەرانی تاوانی 22ی پووشپەڕ،
سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد وبەرقەرای بۆ ئامانجە بەرزەکانی د.قاسملووی هەمیشە لە یاد.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
22ی پووشپەڕی1392
13ی ژوئیەی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 173

## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندێلا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120620132887384

بەڕیز جەنابی ژاکۆب زووما،
سەرکۆماری ئەفریقای باشوور و سەرۆکی ئای ئێن سی!
بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندیلا، لەلایەن سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە جەنابت، ڕێبەریو ئەندامانی ئای ئێن سی دەکەمو خۆمان بە بەشداری خەمی ئێوە دەزانین. نێلسۆن ماندیلا، تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و زیندانییە بە ناوبانگەکەکەی دژی ئاپارتایدو سەرکۆمارە مافپەروەرەکەی ئێوە لای ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانە لەگەڵ هەڵاواردنو سیاسەتە دژی دیموکراتیکو سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبینەوە، زۆر جێگای ڕێزە.
جەنابی سەرکۆمار! لە پەراوێزی کۆنگرەی ئینترناسیۆنال لە مانگی سێپتامبری ساڵی ڕابردودا لە ئەفریقای باشوور، کاتێک باسی ساخی و سلامەتیی نێلسۆن ماندیلام لە جەنابت پرسی، لە وڵامدا گوتت، ماندیلا هەستێکی بە هیزی هاودەردی لەگەڵ ئێوە کوردەکانی هەیە و ئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی ئێوەیە. هەر بەم بۆنەیەوە منیش هاودەردیی خۆم بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش وەک ڕێبوارانی ماندیلا بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد بە پەرۆش بن.
لەگەڵ ڕیزمدا:
خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
06/ 12/ 2013
15/ 09 / 1392

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 174

## پەیامی دایکی شەهید کۆستا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032009540284929



دەمەوێ سەرەتا ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە، بۆ ئەوەی سوپاسی خۆم ئاراستەی گەلی کورد، لە هەرێمی رۆژئاوای کوردستان بکەم، کە خاوەنداریتیان لە کۆڕەکەم کرد و پشتیوانیان کردم، بۆ گەڕانەوەی تەرمی کوڕەکەم. هەروەها سوپاسی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی جێگری سەرۆک وەزیران قوباد تاڵەبانی دەکەم، کە هاوپشتی هاوسەرەکەم بوون لەو تەنگوچەڵەمەیەدا و، ئاسانکردنیان کرد، بۆ گواستنەوەی تەرمی کۆستای کوڕم بۆ وڵاتەکەی. هاوکات سوپاسی هەموو کەس و لایانانە دەکەم کە هاوسۆز و هاندەر و پشتیوانمان بوون. جێگای دڵخۆشییە، کە گەلی کورد لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا، لە دەوری یەکتر کۆبووەنەتەوە و ئەوەش مژدەیەکی باشە بۆ ئایندە. کۆستا نە سەربازێکی بەکرێگیراو و نە سەربازێکی بێکار بووە، تا بە دوای سەرکەشییەکدا بگەرێت بۆ ئەوەی کات بە سەر ببات، بەڵکو دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی خۆی لە یونانستان، چووە ڕیزی هێزە دەریاییەکانی شاهنشایی و مووچەیەکی باشی وەردەگرت، کارەکەشی تەنیا بۆ ئەوەی بەجێهشت تا بچێتە سوریا و لە دژی داعش بجەنگێت. بەرامبەر بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەش هیچ مووچەیەک یان پاداشتێکی پێنەبەخشراوە. بۆیان گێڕامەوە، کە کۆستا سەربازێکی نمونەیی هێزەکانی دەریایی بووە و هەمیشە فریای هاوڕێکانی کەوتووە، لەکاتی پێویستدا. کاتێک لە رۆژئاوای کوردستانیش بووە، شان بە شانی شەڕڤانانی کورد هەوڵیان داوە، ڕێرەوێک بکەنەوە بۆ ئەو ئێزیدیانەی کە لە چیای شەنگال گەمارۆ درابوون، تا بەرەو هەرێمی نیمچە ئارامی رۆژئاوا پرۆن. کۆستا ئەو بوێرییەی تێدا بوو، کە شتێکی جیاواز بکات، بۆیە ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد و منیش شانازی پێوە دەکەم. هەڵبەتە ئەو بۆ دژایەتیکردنی داعش چوو بووە ڕۆژئاوا، بەڵام لە ڕاستیدا بەو هەنگاوەی پشتیوانی لە مافە بنەڕەتییەکانی هەموو مرۆڤێک کردووە، بۆ ئەوەی لە سایەی حکومەتێکی هەڵبژێردراودا ژیان بەسەر بەرن، نەوەک حکومەتێک کە بە ئایدیۆلۆژیای ئایینیەوە بەسەریاندا بسەپێندرێت... مافی پەراستنی خوا بە ڕەزامەندی خۆیان بێت و، بەو ڕێگای کە خۆیان هەڵی دەبژێرێن، نەوەک بە سەریاندا بسەپێدرێت... خاوەندارێتی لە کولتور و زمانی خۆیان بکەن... بە ئازادی بخوێنن و قسە بکەن، موزیک بژەنن و خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بە هونەر دەرپرن و... یاری تۆپی پێ بکەن، بێ ئەوەی ترسی لەسێدارەدانی دڕندانەیان لێ بنیشێت؛ بە واتایەکی دیکە، ئەو کەسێکی مرۆڤدۆست بوو. خەڵکێکی زۆر پشتیوانی و هاوسۆزیان کردین، کە شتێکی سەرسووڕهێنەر و ئیلیهام بەخش و هاندەربوو، بەڵام پێویستە لە بیرمان نەچێت کە کوڕەکەم تەنیا کەس نییە لەلایەن داعشەوە کوژرا بێت. هەروەها ئەو تاقە قارەمانیش نییە و منیش تاقە دایک نیم کە خەم دەچێژم، بەڵکو پێویستە هەموو ئەوانەی کە لەلایەن داعش و گروپە هاوشێوەکانیەوە کوژراون، لە بیر نەکەین. داعشیش جگە لە گروپێکی چەتەی کۆکوژ و تیرۆریستی بازرگانیکردن بە جنس نەبێت، هیچ شتێکی تر نییە، بۆیە پێویستە ناوێکی وای لێبنرێت کە پڕ بە پێست لە گەڵ کارە قێزەونەکانی بگونجێت. ئەگینا بە هەر ناوێکیتر بانگ بکرێت، متمانەی پێدەبەخشرێت. لەوانەیە ئەوەی کۆستا کردوویەتی یەکانگیر نەبێت، لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بریتانیا، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆستا بەو کارە پشتگیری لە بەهاکانی بریتانیای کردووە. ئەو بەهانەی کە لە سەرانسەری جیهانی رۆژئاواییدا وەکو ستاندارد و شتێکی ڕاست و دروست لە قەڵەم دەدرێت. ئەو لە سەردەمێکدا لە دایک بووە و پێگەیشتووە، کە بایەخ بە دیموکراسی، ئازادی ئایین و مافەکانی ژنان دراوە. لە وەها سەردەمێکدا جیهانی رۆژئاوایی لە ژێر ناوی ئەو بەهایانەوە بەشداری لە جەنگەکاندا کردووە، کە جینۆساید و کوشتاری دڕندەیان

لێکەوتووتەوە... ژنانیش وەکو کویلە فرۆشراون و، ئەو حکومەتانەش دەستەوەستان ڕاوەستاون و هیچ شتێکیان نەکردووە، بۆیە کۆستای کورم دەگاتە ئەو بڕواییەی کە دوای ئەو هەموو کارەساتانە، دوورەپەرێزی ترسنۆکییە و پێویستە شتێک بکرێت، بۆیە کۆستا ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد و لە پێناویدا گیانی بەخت کرد. هەرچەندە بەختکردنی کورەکەم دڵۆپێکی بچووک بێت لە زەریاییەکی زەبەلاحدا، بەڵام شەپۆلی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا. من وەکو دایکێک داوا لە حکومەتە کان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرجەم جیهان دەکەم، کە وا لە داعش بکەن کە شوێنی خۆحەشاردانی بۆ نەمێنێت... ئەگەر پارە و خەڵکیشی لێببڕدرێت، ئەوە ناتوانێت درێژە بە کارە ناپاکەکەی خۆی بدات. بەڵێ... لەوانەیە هەموو کەسێک نەتوانێت ببێتە کۆستا، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنمان لە پێشە. پێویستە بابەتی داعش بکەین بە دۆزێکی سەرەکی ئەو هەڵبژاردنە. پرسیار لە نوێنەرانی خۆمان بکەین لە پەرلەمان، کە ئایا بیر و ڕایان چییە سەبارەت بە داعش و بە نیازن لەو بارەیەوە چی بکەن؟ چ نەخشە و پلانیان هەیە، بۆ دابینکردنی ڕێڕەوێکی ئارام بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، تا کۆمەکی مرۆیی بەو پەنابەرانە بگات، کە کۆستا یارمەتی داون؟ چی دەکەن تا چارەنووسی بە هەزاران ژنی ڕفێندراو یەکلایی بکرێتەوە، کە بە دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی ناوچەکە فرۆشراون؟ لێیان بپرسین کە بۆچی پشتیوانی لە کورد ناکەن؟! کوردانی ڕۆژئاوا وەکو ئەو 300 جەنگاوەرە سپارتیانەن کە بەر لە زایین، بەرەنگاری ئەرتەشی زەبەلاحی فارسەکان وەستانەوە... چەکی پێویستیان لە بەردەستدا نییە، بەڵام ڕۆح و باوەڕی و ویستێکی بەرزیان هەیە، بۆ داکۆکیکردن لە زێدی خۆیان و ئەوەشیان سەلماند، کە داعش نەک تەنیا هێزێکی ئەوتۆنییە کە نەشکێندرێت، بەڵکو پێشڕەویەکەشیان ڕاگرت. ئێمەش ئەوەندە قەرزاری ئەو شەڕڤانانەین کە چەندە دەتوانین یارمەتیان بدەین. ئیدی بەسە، با دوورەپەرێز نەوەستین و بە شێوەیەکی خوڵقێنەر بیر لەوە بکەینەوە، کە چۆن دەکرێت گەورەترین هەڕەشەی دوا بە دوای نازییەکان بۆ سەر جیهان، بنەبڕ بکرێت!!

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶وەرگێڕدراو |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | 🌏دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 175

## پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکارانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400797354

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لەدوای گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم دوایەی عێراق بارودۆخێکی نوێ هاتۆتە ئاراوە و گەلەکەمان ڕووبەڕووی تەحەدیات و ڕەوشێکی تازە بووەتەوە. ئەم بارودۆخە پێویستی بە یەکڕیزی و تێگەیشتنێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی هەموو لایەک هەیە. لێرەدا ڕۆڵی میدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و هۆشیاریی نەتەوەیی زۆر گرنگ

و یەکلاییکەرەوەیە.
داوا لە هەموو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێندراو و ئەلکترۆنی دەکەم لە گۆاستنەوەی ڕووداوەکان و بڵاوکردنەوەی گیانی یەکڕیزی و تەبایی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتیی نەتەوەیی ڕۆڵی ئێجابیی خۆیان بگێڕن.
ئەم قۆناغە پێویستی بە هەماهەنگی و هاوکاریی گشت لایەک هەیە. جێگەی داخە کە دەبیندرێ ژمارەیەک دەزگای میدیایی لە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەرنامەکانیاندا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی تازەدا ڕەچاوی بنەماکانی پرۆفیشناڵیی کاری ڕۆژنامەوانی و فەهمی نەتەوەیی بۆ ڕووداوەکان و داب و نەریت و بەهاکانی گەلەکەمان ناکەن. لەم ماوەیەدا دەبیندرێ هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان شەهیدبوونی پێشمەرگە قارەمانەکان بە کوژران ناو دەبەن هەروەکچۆن بۆ تیرۆریستەکانیش هەمان وشە بەکار دەهێنن.
ئەگەر ئەم جۆرە میدیایانە ڕۆڵی ئیجابیش لە گواستنەوەی ڕووداوەکان نەگێڕن هیچ نەبێ ڕێزی ئەو خوێنە بگرن کە پێشمەرگە لەپێناو بەرگریکردن لە خاک و کەرامەتی وڵاتەکەیدا دەیبەخشێت، ئەو پێشمەرگەیەی ئامادەیە بۆ بەردەوامیی ژیانی هاونیشتیمانانی گیانی خۆی بەخت بکات.
لەسایەی خوێنی پێشمەرگەیە کە کوردستان خۆڕاگرە و ئێوەیش دەتوانن کاری خۆتان بەوپەڕی ئازادییەوە ئەنجام بدەن، بۆیە هەموومان قەرزاری دلێری و گیانفیدایی پێشمەرگەین.
بەهیوای سەرکەوتنی یەکجارەکیی گەلی کوردستان
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
22ی 6ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 176

## پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040319285468816

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
پشت بە خودای مەزن و ئیرادەی گەلەکەمان، هەرێمی کوردستان بەرەو هەڵبژاردنێکی دیکە دەچێت. جێگەی شانازییە دیموکراسی و هەڵبژاردن پێوەری ژیانی سیاسی گەلەکەمانە و ئەم هەڵبژاردنەیش هەنگاوێکی تری کوردستانە بۆ پتەوکردنی دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل.
بۆ ئەوەی وێنەیەکی مەدەنی و سەردەمییانە پێشانی جیهانی دەوروبەرمان بدەین و متمانەی هاووڵاتیان بە پرۆسەی سیاسی قووڵتر ببێت، داوا لە سەرجەم لایەن و قەوارە و پارتە سیاسییە بەشداربووەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم دەکەم کە هەوڵ بدەن بانگەشەی هەڵبژاردن لە کەشوهەوایەکی ئارام و ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی بەڕێوەبچێت و بانگەشەکان نەبنە هۆی تێکچوونی ئاسوودەیی هاووڵاتیان.
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
3ی 4ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 177

## پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری خانەقین

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042821050667224

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لە کاتێکدا گەلی کوردستان لە ئامادەکاریدایە بۆ شادیی هەڵبژاردن و جەژنی دیموکراسی بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 28ی 4ی 2014 دەستی ڕەشی تیرۆر شاری خۆڕاگر و قارەمانپەروەری خانەقینی کردە ئامانج و لە ئەنجامی کردەیەکی نامرۆڤانەی خۆکوژی لەنێو مەراسیمی هەوادارانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شاری خانەقیندا ژمارەیەکی زۆری خوشک و براکانمان لەم شارە ئازیزە شەهید کران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.

سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە و تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم و داواکارم لە خودای مەزن جێگەی ئەم شەهیدە سەربەرزانە بەهەشتی بەرین بێت و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ برینداراانی ئەم ڕووداوە خەمناکە دەخوازم.

دوژمنان و ناحەزانی گەلی کورد چاویان بە ئازادی و ئۆقرەیی گەلەکەمان هەڵنایەت و دەیانەوێ لەڕێی تیرۆر و تۆقاندنەوە ئیرادەی گەلەکەمان تێکبشکێنن. ئیرادەی گەلەکەمان و خۆڕاگریی شاری شەهیدپەروەری خانەقین پۆڵایینە و داخلەدڵان و دوژمنانی گەلی کورد هیچ کات ناتوانن بە مەرامە گڵاوەکانیان بگەن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گشت دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەن بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە یارمەتیی خەڵکی قارەمانی شاری خانەقین و برینداران و کەسوکاری قوربانیانی ئەم کارەساتە بدەن. داوایش لە هێزەکانی پێشمەرگە و دامودەزگەکانی ئاسایش و پۆلیس دەکەم بە چاوێکی کراوە و ورەیەکی بەرز بەردەوام بن لە پاراستنی گەل و نیشتیمانەکەیان و گورزی کوشندە لە تیرۆریستان و شەمشەمەکوێرەکان بوەشێنن. تیرۆریستان و دوژمنانی گەلی کورد باش بزانن کارەسات و قوربانیدان، یەکریزیی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان پتەوتر دەکات و پشت بە خودای مەزن هێز و ئیرادەی گەلەکەمان بەسەریاندا سەردەکەوین.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
28ی 4ی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری پەڕتووک: هەمەجۆرە

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 178

## پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی هێرشی تیرۆریستان بۆسەر کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062515553968340

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

تیرۆریستانی دڕندەی داعش جارێکی دی پەلاماری وەحشیانەیان بۆ سەر خوشک و برایانمان لە کۆبانێ دەست پێ کردووە و لە ئەنجامی ئەم پەلامارەدا ژمارەیەک لە خەڵکی کۆبانێ شەهید و

بریندار بوونە. زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیە دەکەین.
داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەم کە چۆن پێشتر هاوکار و یارمەتیدەری کۆبانێ بوونە ئێستایش بەردەوام بن لە یارمەتیدانی خەڵکی کۆبانێ و بیپارێزن.
داوا لە هێزی هاوپەیمانان دەکەم بەردەوام بن لە هاوکاریکردنی خەڵکی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستان و گەلی کوردستان لە هەڕەشەکان بپارێزن. بە پێویستی دەزانم حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ڕێگایەک بۆ یارمەتیدانی خوشک و براکانمان لە کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان بگرێتەبەر.
سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان
سەرکەوتن بۆ کوردستان و شکست و لەناوچوونیش بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی مرۆڤایەتی.
مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
25-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 179

## پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062920331365893

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
جەماوەری سەربەرزی کوردستان
سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم بە ئێوەی خۆشەویست ڕادەگەیێنم کە، بەر لە دوو ساڵ، بە نامەیەک بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، داوام لێ کردن کە لەگەڵ حزبەکاندا مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێم بە تەفاهوم یەکلایی بکەنەوە. پێش چەند مانگێکیش هەمدیسان لەگەڵ حزبەکان دانیشتم و داوام لێ کردن زوو چارەسەرێک بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە.
لەماوەی ڕابردوودا هەموو کارە سەرەکییەکانم لە ڕێگەی تەوافوق و ڕاوەرگرتن ئەنجام داوە و ڕێزیشم لە سازان و ڕێککەوتنی لایەنەکان لەناو خۆیاندا گرتووە و یارمەتیم داون ئەو سازانەیان شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت. یاسای ژمارە 4ـی 2015ـی پەرلەمان بۆ ئامادەکردنی دەستوور، وێرای ئەوەی کە تێبینیمان لەسەری هەبوو، لەبەر بەرژەوەندیی وڵات و پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەمان ئیمزام کرد. پێشتریش ڕەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە بە کۆدەنگیی لایەنەکان و دەنگی 96 پەرلەمانتار پەسەند کرابوو، هەر لەپێناو سازان و ڕێکەوتنی هەموو لایەنە سیاسییەکان و پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەمان نەخرایە ریفراندۆم.
ئەوەی ڕۆژی 2015/6/23 لە پەرلەمان ڕوویدا، مەترسییە لەسەر بنەما و پرەنسیپی تەوافوق و سازان، ئەو بنەمایەی کە خودی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و کابینەی هەشتەم لەسەری دامەزراون.
ئێستاش، لەبەر بەرژەوەندیی گەل و وڵاتەکەمان داوا لە حزبەکان دەکەم، دوور لە بەرژەوەندیی حزبیی تەسک و، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی وڵات و، هەروەها ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ناسک و هەستیاری ئێستا کە وڵاتمان پێیدا تێدەپەڕێت، بگەڕێنەوە بۆ پرەنسیپی تەوافوق و سازان. چونکە تەنیا بە سازان، پرسە نیشتیمانی و سەرەکییەکان بە پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمیشەوە قابیلی چارەسەرن.
کوردستان بەرەو قۆناغێکی زۆر جیاواز و گرنگ دەڕوات. ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کات پێویستیمان بە

بەکرێزیی و رێککەوتن و سازانە. ئەوەی لەڕووی یاساییەوە پێویستە، من لەلای خۆمەوە کردوومە. ئەرکێکی نیشتمانی دەکەوێتە سەر هەموو لایەنەکان تا پێش 8/20 بگەنە ئەنجامێک کە، دەتوانن بە سازان ڕێکبکەون. ئەگەریش لایەنەکان بەپێی پرەنسیپی تەوافوق و سازان نەجووڵانەوە، ئەوکات منیش هەڵوێستی خۆم ڕادەگەیێنم.
هاوکات، داوا لە پەرلەمانتاران و حکوومەت و حزبە سیاسییەکان دەکەم بە قووڵیی بیر لە چارەسەرکردنی قەیرانە داراییەکان و شەڕی داعش و پرسی ژیان و بژێویی خەڵک، بەتایبەتیی پێشمەرگەکان بکەنەوە و بایەخی شایستەی پێ بدەن.
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
29-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 180
## پەیامی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی یەکی ئایارەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015050112280085204
"بەبۆنەی 1ی ئایار، جەژنی کرێکارانی جیهان، پیرۆزباییەکی گەرم لە کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین، ئێستا یەکی ئایار لە جیهاندا بووەتە سیمبولی بەرخودان و کۆڵنەدانی کرێکاران لە پێناو بەدیهێنانی ماف و ڕەنجی ماندوویەتی و خەبات و بەرخودانیان.
ئەمساڵ یادی(1ی ئایار) لە کاتێکدا دەکرێتەوە، کە هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری سەختدا تێدەپەڕێت و ڕۆژانە هەلی کار بۆ کرێکارانی کوردستان کەمتر دەبێتەوە، بەتایبەتیش وەستانی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان، هیواداریین ئەم قەیرانە داراییە قۆناغێکی ڕاگوزەر بێت و هەل و دەرفەتی کار بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان زیاتر بێت.
لە بواری پاراستنی ماف و ئەرکەکانی کرێکاران و خاوەن پیشە تایبەتەکان، لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردن و گفتوگۆکردنە لەسەر یاسایەکی تایبەت بە بیمەی کۆمەڵایەتی و بێکاری و تەندروستی و پاراستنی مافی کرێکاران و دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە بۆیان. دەرکردنی ئەم یاسایە لەپەرلەمانی کوردستان دەبێتە وێستگەیەکی گرنگ لە بەدەستهێنانی مافەکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستاندا.
سەبارەت بە شوێنی کارکردن و بژێوی کرێکاران و قوربانیدان لەکاتی کارکردنیاندا، پەرلەمانی کوردستان دەخوازێت خاوەنکار و کارگەو شوێنە تایبەتمەندەکان شوێنێکی شیاوی کارکردن بۆ کرێکاران دابین بکەن، چونکە بەداخەوە ئامارەکانی قوربانیانی کرێکاران لەکاتی کارکردنیاندا مایەی نیگەرانییە.
دوبارە پیرۆزبێت 1ی ئایار جەژنی کرێکاران".
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
01-05-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 181

## پەیامی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر تەقینەوەکەی شاری کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20141205214244118195

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە، دوێنێ ئێوارە تیرۆریستێکی خۆکوژ، لە یەکێک لە چایخانەکانی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک خۆی تەقاندەوەو بەهۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی سڤیل شەهید و بریندار بوون.

ئەم کارە چەپەڵ و نامرۆڤانەیە دوای ئەوە دێت تیرۆریستان لە بەرەکانی شەڕ لەبەردەمی ئیرادەی پۆڵاینی هێزەکانی پێشمەرگە تێکدەشکێن و هیچ شتێکیان بۆ نەماوەتەوە جگە لەم کارە نامرۆڤانە و وەحشیگەرانە نەبێت.

بۆ ئەوەی کۆتایی بێت، بەو دەست و دڵە رەشانەی دژ بە ئاشتی و ئارامین، دڵنیاین هاوڵاتیانی کەرکوک بەسەرجەم پێکهاتەو نەتەوەکانەوە، بە گیانی نیشتیمانی بەرزەوە هاوکاری زیاتری دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش دەکەن و شارەکەیان لەدەستی ڕەشی تیرۆرستان دەپارێزن.

سەرکەوتن بۆ ئیرادەی گەل. مردن و سەرشۆری بۆ تیرۆرستان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ شەهیدانی تەقینەوەکەی کەرکوک دەنێرین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

د. یوسف محەمەد سادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
5-12-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 182

## پەیامی سەرۆکی هەرێم بە بۆنەی پەسندکردنی پرۆژەیاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010114401586976

بە خۆشحاڵییەوە ڕۆژی سێشەممە 31 ی کانوونی یەکەم، ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق پرۆژە یاسای بە پارێزگابوونی هەڵەبجەی شەهیدی پەسند کرد و خواستێکی رەوای خەڵکی خۆشەویستی هەڵەبجە هاتەدی کە ماوەیەکی زۆر بوو کارمان بۆی دەکرد.

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی خۆراگری هەڵەبجەی شەهید دەکەم، خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا ئە و بەڵێنەی بە ئێوەم دابوو هاتەدی. لەماوەی رابردوودا هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئە و کارە رێوشوێنە یاساییەکانی تەواو بکات، هەربۆیە رۆژی سێشەممە 2013/12/24 لە نامەیەکی فەرمیدا بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوام کرد لە وردەکاریی ئە و رێوشوێن و هەنگاوانە ئاگادارم بکەنەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و

حکومەتی عیراقی فیدراڵ بەمەبەستی بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەی شەهید گرتوویانەتەبەر، ئەوەبوو ڕۆژی 2013/12/25، پرۆژە یاسای بەپارێزگاکردنی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمی رادەستی سەرۆک وەزیرانی عیراقی فیدراڵ کرا .

ئەگەرچی وەدیهاتنی ئەم دەستکەوتە گرینگە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید ماوەیەکی زۆری پێ چوو، بەڵام دەبوایە ڕێکارە یاساییەکانی تەواو بکات و پرۆژە یاساکە لە بەغدا پەسەند بکرێت.

هەڵەبجەی شەهید سەمبولی قوربانیدانی گەلی کوردە و گرێی بەختی کوردی کردەوە و شایستەی ئەوەیە زۆرترین خزمەتی پێشکەش بکرێت. هیوادارم دوای ئەم بڕیارە گرینگە، شاری هەڵەبجە ببێتە شاری خۆشی و سەمبولی ئاشتی بۆ هەموو جیهان.

خەڵکی ئە و شارە ئازیزە ناخۆشیی زۆریان بینیوە و پێویستە برینەکانیان سارێژ بکرێت، بۆیە هیوادارم ئە و ئیدارە نوێیەی لەوێ دادەمەزرێت بە دڵی خەڵکی ناوچەکە بێت و خزمەتێکی شایستەیان پێشکەش بکات.
پیرۆز بێت لە هەڵەبجە، پیرۆز بێت لە کوردستان .

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
1-1-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 183

## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی راپەڕینی خەڵکی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030519502182479

بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان

لە بیست و دووەمین ساڵیادی راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە دژی چەوسانەوە و داگیرکاریدا گەرمترین پیرۆزبایی لە خەڵکی سەربەرزی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دەکەین. هیواداریين ئەو یادە پیرۆزە ببێتە مایەی بەهێزی و بەردەوامیی ئەزموونەکەمان و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بە خوێنی شەهیدان و خەبات و کۆڵنەدانی گەلەکەمان هاتوونەتە دی.

ڕاپەڕین خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانی گەلی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و ئەوەی سەلماند کە دەکرێ بە یەکڕیزی گەورەترین سەرکەوتن تۆمار بکرێت. حەق وایە گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکان هەمیشە ئەو ئەزموونەیان لەبەرچاو بێت و لە یادی نەکەن.

لە راپەڕیندا کورد پێشانی جیهانیدا گەلێکی لێبووردە و ئاشتیخوازە و بیر لە تۆڵەکردن ناکاتەوە. لەو یادەدا داوا لە هاووڵاتییانی کوردستان و تێکرای هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەم هەمووان بۆ بەهاکانی راپەڕین بگەڕێینەوە و بیکەینە هەوێنی سەربڵندیی گەلەکەمان و قووڵترکردنی دیموکراسی و پێکەوەژیان و پرۆابەخۆبوونی تاکی وڵاتمان. هەر بەو بۆنەیەشەوە هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی کورد و کوردستان دەنێرین کە خوێنی ئاڵی ئەو ئازیزانە بوو ئازادی و سەروەری بۆ گەلەکەمان بەدی هێنا.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
5ـی 3ـی 2013
سەرچاوە: ماڵپەری سەروکایەتی هەرێم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 184

## پەیامی سەرۆکی هەرێم بۆ کۆچی دوایی دکتۆر کەمال فواد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111616281377959

بەڕێزان/ خانەوادەی خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال فواد
مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
بەداخەوە، هەواڵی کۆچی دوایی دکتۆر کەمال فواد، کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر و سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان – مان پێگەیشت، کە بە نەخۆشی لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.
بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەی و خوشک و برایانمان لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سەرجەم هەڤاڵانی دکتۆر کەمال دەکەم و هاوبەشی خەمتانم.
لە خوای گەورە داواکارم ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
انا للە و انا الیە راجعون
مەسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
16ـی 11ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 185

## پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ خانەوادەی کیومەرس حوسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121223200987285

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووس (کیومەرس حوسێن)م بیست کە بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندە گیانی بەخشی و چووە بەر دلۆڤانیی خودا.

ئەم هەواڵە دڵتەزێنە هەموومانی خەمبار کرد.

زۆر بە پەرۆش بووین بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی جوانەمەرگ چارەسەری نەخۆشییەکەی بکرێت و لە ژیان و کارەکەیدا بەردەوام بێت.
بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و گشت ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم و لە خودای میهرەبان داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە خانەوادە و کەسوکاری ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
12ی 12ی 2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 186

## پەیامی عوسمان بایدەمیر بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان

http://www.kurdipedia.org/?q=20121214160820743 40

14/12/2012

بەڕێزان کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید
خوشک و برایانی بەڕێز
بەناوی گەلی ئامەد-ەوەو لەدڵەوە سوپاستان دەکەم بۆ ئەم داواتنامە پڕ لەواتا دارە. بۆ ئامادەبوون و بەشداریکردن لەپێشوازی بەشێک لەقوربانیانی کورد.
مخابن لەتورکیاو لەچوارچێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە کەئێمە وەکو (کۆمەڵکوژی سیاسی) ناوزەدی دەکەین و زیاتر لە 10 هەزار سیاسەتمەداری کورد دەستگیردەکرێن و بەرەو زیندانەکان دەبرێن.
لەمانگی 1ی ساڵی 2010ەوە، سەفەرکردن لەسەر بەندە بۆ دەرەوەی تورکیا قەدەغەکراوەو ناتوانم بچمە دەرەوەی تورکیا، واتە بەشێوەیەکی فیزیکی من نەمتوانی و ناتوانم لەگەڵ ئێوە دابم.
هەر بستێکی خاکی کوردستان بووە بەپشکی زوڵمی ستەمکاران و هەر بستێکی ئەم خاکە بەئێشو ژان و خوێن و زوڵم ئاو درا.
لەدەستپێکی سەد ساڵی سەدەی 20میندا کومەڵکوژی دژی گەلانی ئەرمەن و سریانی و کوردو کوردانی ئێزدی ئەنجامدرا. لەناوەڕاستی سەد ساڵدا جولەکەکان بوون بەقوربانی کومەڵکوژی.
لەکوتایی سەد ساڵیشدا لەدژی گەلی کوردی بندەست جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران ئەنجامدرا.
ئەم هەموو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو قڕکردنە نەبینراو هەڵوەستەی لەسەر نەکراو حسابیشی بۆ نەکرا، وڵاتە گەورەکانی دنیاو هەموو لایەنێکیش لێی بێدەنگ بوون. بگرە ڕێخۆشکەریش بوون، بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی زیاترو خراپتر.
دڵنیام ئەو قوربانیدانەی لەگەرمیاندا بووە لەگەڵ هەڵەبجە، ئەو کۆمەڵکوژییەی ئەنفال کە لەساڵی 1988 ئەنجامدرا، تاوانە گەورەکان، دەگمەنەکانی مرۆڤایەتی بەجیهان زیاتر ئاشکرا بکات.
من دڵنیام کارەساتی ئەنفال بیرخستنەوەیەکی گەورەو نوێ بۆ مرۆڤایەتی دروست بکات. لەڕێگای ئەم نامەیەوە، من دیسان و جارێکی تر قوربانیانی کارەساتی ئەنفال بەبیر دەهێنمەوە، بۆ خۆمان و بۆ جیهانیش. دەمەوێت بڵێم ئەم ئێشە پڕ بەئازارە لەدڵماندایە. هەر چەندە من بەجەستە لای ئێوە نیم بەڵام دڵ و هۆشم لەگەڵ ئێوەدایە.
ڕێزو حورمەتم پڕ بەدڵ گەرمی ئامەد-ی، دێرین بۆ هەموو ئامادەبووانی ئەم ڕێورەسمە

پێشکەشدەکەم، تکایە لێم قبوڵ بکەن.
دووبارە سڵاو لەدایکانی ئەنفال.
عوسمان بایدەمیر
سەرۆکی شارەوانی گەورەی شاری ئامەد

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 187

## پەیامی گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکان بۆ ڕای گشتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140612161029100673

لە دوای ئەو وەرچەرخانە سیاسییەی کە لە 2003 لە دەوڵەتی عێراق ڕوویدا گشت لایەک ئومێدەواربووین بەوەی کە سیستمێکی حوکمڕانی دیموکراسی لەو وڵاتە بێتە دی و کۆتایی بە شەڕو ناجێگیری و هەڕەشەو کۆمەڵکوژی، بەرامبەر بە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بهێنێت، کەچی بەداخەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ململانێی و توندوتیژییە خوێناوییەکان ڕوو لە زیادبوونە بەئەندازەی ئەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لە چەند شارێکی عێراق، ئەوەتا شەڕ ڕۆژێک پارێزگای ئەنبارو سەڵاحەدین و دیالە، ئەمڕۆ بەرۆکی پارێزگاکانی گرتۆتەوە، کە نازانرێت سبەی کام ناوچەی دیکە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەم هێرشانە کە هیچ پاساوێکی بۆ نییە کە ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی نیزامێکی تاکڕەوی نادیموکراسیە لە عێراقدا. کە لەو نێوەندەدا قوربانی یەکەم هاوڵاتییانی مەدەنین.
ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی فشاری ئابلوقەی دارایی حکومەتی فیدڕالی بۆتەوە بەڵام وەک نەریتێکی هەمیشەیی ئەو میللەتە باوەشی بۆ ئاوارەو لێقەوماوانی ناوچەکانی تری عێراق کردۆتەوەو ئەمە لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی لەخۆگرتنی زیاتر لە سەدان ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستانی سوریای هەڵگرتوە کە قورسایی خستۆتە سەر رەوشی ژیانی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە، بۆیە ئێمە وەک گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و شەریکەکانمان لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئامادەین لەو ڕەوشە ئاڵۆزەی کە ئەمڕۆ ڕووبەرووی عێراق و هەرێمی کوردوستان دەبێتەوە ئامادەی هەموو جۆرە پشتیوانییەک لە دەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگا ئەمنی و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دامەزراوەکانی و تری هەرێم بکەین، بە پێشکەشکردنی هاریکاری مرۆیی بۆ لێقەوماوان، لەپێناو دەربازبوونمان لەو قەیرانە. بۆیە داوا لە حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و نوێنەری وڵاتانی بیانی لە هەرێم و یەکێتی ئەوروپاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەین، بەرامبەر ئەو ڕەوشەی کە لە عێراق ئەمڕۆ لە ئارادایە بێدەنگی نەنوێنن و هاوکاربن لە گێرانەوەی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری بۆ ئەوناوچانە، هەروەها بە پەلە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکان بۆ ئاوارەو لێقەوماوان .
لەهەمانکاتدا داوا لە گشت (یەکێتی و سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان و هاووڵاتیانی دڵسۆزو بەخشندە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن) دەکەین پشتیوانی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بن و هاوکار بن لە بەخشینی هاریکاری بۆ لێقەوماوان.
گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکان
هەولێر 2014/6/11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 188

## پەیامی گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکان بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061815281876724

بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایيەکی گەرم ئاراستەی گشت خەڵکی کوردستان و، بەرێزان سەرۆک و جێگر و وەزیرەکانی ئەم کابینەیە دەکەین، وێرای چاوەڕوانی و دواکەوتنێکی زۆر، بەڵام دەستبەکاربوونی لەو قۆناغە ئاڵۆز و هەستیارەی عێراق و ناوچەکەدا، هێز و توانایيەکی زۆر بە کوردستان دەبەخشێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک و، سەرکەوتنی بەسەر قەیرانەکاندا.
گرووپی ئاشتی ژنانی پارتەسیاسییەکانی کوردستان لە دەسپێکی پرۆسەی دانووستان بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە، هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە کابینەی هەشتەمدا بوونی ئافرەت لە پۆستی وەزارەت و، پێگەکانی تری دەسەڵات فەرامۆش نەکرێت، و خزمەتکردن و باشکردنی ڕەوشی ژیانی ژنان ببێتە بەشێکی سەرەکی لە کارنامەی کاری حکومەتدا. دیارە هەوڵەکانمان بێ ئاکام نەبوون و ئەوەتا پارتی دیموکراتی کوردستان خانمێکی بۆ پۆستی وەزیر کاندید کردووە، وێرای سوپاس و پێزانینمان بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو پارتە لە مەڕ داواکاری ژنان و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ، لە هەمان کاتدا پیرۆزبایی لەو خانمە بەرێزە دەکەین و. لەگەڵ هیوای سەرکەوتنمان بۆی و بە دڵنیاییەوە پاڵپشتی دەکەین بە هەموو شێوەیەک .
گوومانی تێدا نییە کە ماف و پشکی ژنان لە کابینەی وەزاری دەبوایە زیاتر بێت لەوەی کە بەدەستی هێناوە، لەمەدا لایەنە سیاسییەکانی تر بە کەمترخەم دەزانین و ڕەخنە و نارەزایی خۆمانییان ئاراستە دەکەین و، هیواداریین لە داهاتوو و، لە دەرفەتەکانی تردا ئەم لاسەنگی و پەراوێز خستنە چارەسەر بکەن.
لە کۆتاییدا وێرای پشتیوانی کردنی تەواومان لە کابینەی هەشتەم ، ژنان و گشت خەڵکی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە ئێمە وەک گرووپی ئاشتی ژنانی پارتەساسیەکانی کوردستان و، هاوبەشەکانمان لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدنی و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و کەسایەتی و ڕۆشنبیران، کە لەو هەوڵەدا پشتیوانیان لێکردین، بەردەوام دەبین لە هەوڵ و خەباتمان، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردستان دەگاتە دۆخێکی ئاشتەوایی و، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، چەسپاندنی بەها مرۆیی و مەدەنییەکان لە وڵاتەکەماندا.

گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسیەکان
هەولێر 2014/6/18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 189

## پەیامی نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆچی دوایی یەشار کەمال

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030119013469587

کۆچی دواییی نووسەری گەورە و ناوداری کورد مامۆستا یاشار کەمال، زۆر خەمبار و دڵتەنگی کردین. یاشار کەمال قەڵەمێکی مەزن و داهێنەرێکی ناودارو پێشکەوتنخواز بوو، نەک بەتەنها بۆ کوردو گەلانی تورکیا، بەڵکوو دەنگی ژیاندۆستی و ویژدانی زیندووی سەردەمەکەی بوو، بانگی ئاشتی و پێکەوەژیان و برایی و ئازادی بوو. هەموو بەرهەمە ناوازەکانی و هەموو ئە و خەڵاتە سەنگینانەی پێی بەخشرا بوون، گەواهیی جوانیی ئە و پەیامە مرۆڤدۆستانەی ئەم نووسەرە

مەزنەن، کە ماوەی زیاتر لە نیو سەد هەوڵی دەدا بە گوێی مرۆڤایەتیدا، بدات.
کۆچی دوایی ئەم داهێنەرە پزیشکەوتنخوازەی کورد، زیانێکی گەورەیە بۆ سەرجەم دنیای پزیشکەوتنخوازو ئازاد، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بیرو پەیامی توندڕەوی و مەرگ و تاریکی، بەدڕندانەترین شێوە هەوڵی ناشیرینکردنی ژیان و سڕینەوەی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی دەدەن، ئەم سەردەمەی کە لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە دەنگ و رەنگی وەک یاشار کەمال هەیە.
بە ناوی خۆمان و حکوومەت و گەلی کوردستانەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی گەلی کوردستان و هەموو دۆستانی پەیامی ئاشتی و جوانی و ئازادییەکەی یەشار کەمال دەکەین.
سەرەخۆشیی تایبەتیشمان بۆ خانەوادەی بەڕێزی بەهەشتی یەشار کەمال، کە هەمیشە دەنگی ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان و پێشکەوتنخوازی بووە بۆ هەمو پێکهاتە جیاجیاکانی وڵاتەکەی و گەلانی ناوچەکە و تەواوی جیهان.
نێچیرڤان بارزانی
1-3-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 190

## پەیامی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی خەڵکی شاری موسڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140610102920766 42

بەداخەوە بەهۆی شکستی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە پاراستنی خەڵک و شاری موسڵ، هێزەکانی گرووپی بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دەستییان بەسەر شاری موسڵدا گرتووە، کە ئەوەش مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە. خەڵکی موسڵ بەهۆی ترسیان لە گیانیان و، بۆردوومان و نەمانی خۆراک و خزمەتگوزارییەکان، شارەکەیان بەجێدەهێڵن.

ئێمە بەدرێژایی دوو رۆژی رابردوو هەوڵێکی زۆرماندا بۆ دروستکردنی هەماهەنگی بۆ پاراستنی شاری موسڵ، بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی بەغدا بەشێوەیەک نەبوو بتوانین ئەو هەماهەنگییە دروستبکەین.

لەپێناو بەهانەوەچوون و یارمەتیدانی خەڵکی ئاوارەی شاری موسڵ بەهەموو نەتەوەکانییەوە لە کورد، عەرەب، تورکمان و کلدان و ئاشووری، داوا لە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەوەندی پێیاندەکرێت لە چوارچێوەی رێوشوێنە یاسایی و ئەمنییەکاندا، یارمەتی خەڵکی ئاوارەی موسڵ بدەن. هەروەها داوا لە کۆمیسارایای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیکگرتووەکان UNHCR دەکەین کە بەهانای ئاوارەکانی موسڵەوە بێن.

هەر لەهەمانکاتدا دڵنیایی دەدەینە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە لە ئامادەیی تەواودان کە وەک هەمیشە بارودۆخی ئەو ناوچانە بپارێزن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

10/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 191

## پەیامی هاوخەمی سکرتێری گشتیی YNDK بۆ بەڕێز کاک محەمەدی حاجی مەحمود

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112822004778091

برای بەڕێزمان کاک محەمەدی حاجی مەحموود سکرتێری گشتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی برایانەی گەرم ....

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی کاکە (عەتا)ی کوڕی جەنابتانمان پێگەیشت، کەوا دوێنێ ئێوارە لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان و لە شەڕی راماڵینی هێزی تاریکی شەهید بوو، بەمەیش کاکە (عەتا) بووە سیمبوڵی لاوانی وڵاتپارێزی کوردستان، بەناوی خۆمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی جەنابتان و بنەماڵە سەربەرزەکەتان و سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و، ئومێد دەکەین ئەوە دواناخۆشیتان بێت و، لە یەزدانی مەزن دەپاڕێینەوە شەهید بخاتە بەر دلۆڤانی خۆی و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

_نەمری و سەربەرزی بۆ شەهید (عەتا) و تەواوی شەهیدانی رێی ئازادی و سەرخۆبوونی کوردستان.

_مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی گەلی کوردستان.

براتان

غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK

27هەولێر _ کوردستان / 11 / 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 192

## پەیامی هاوخەمیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و رۆشنبیری ناسراوی کورد فەلەکەدین کاکەیی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080110503989353

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ و برای خۆشەویست، تێکۆشەر و رۆشنبیری ناسراوی گەلەکەمان کاک (فەلەکەدین کاکەیی)م پێگەیشت و زۆر خەمباری کردم .

ئەو پیاوە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان، بە درێژایی تەمەنی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا لە خەبات و تێکۆشاندا بووە، ڕۆڵی گەورەی ئەو لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، وەک پێشمەرگە و سیاسەتمەدار و وەک ڕۆشنبیر و میدیاکار لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی گەلەکەماندا تۆمار دەکرێت.

لەو ڕۆژانەدا کە بە ئاگر و ئاسن هەوڵی بێدەنگکردنی کورد دەدرا، جێ پەنجەی فەلەکەدین کاکەیی لە ڕۆژنامەکانی (التاخی) و (خەبات)دا بۆ گەیاندنی پەیامی کورد، زۆر دیار و بەرچاو بوو. کاک فەلەکەدین وەک ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی برایانی کاکەیی، لە شۆڕشی گوڵانیشدا بەشدارییەکی چالاک و کاریگەری هەبوو .

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەشمان، کاک فەلەکەدین وەک ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمان و دواتر وەک وەزیری ڕۆشنبیری و وەک سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکی گەورە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی کردووە. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوویش ڕاوێژکارێکی متمانە پێکراوی ئێمە بوو و بەشدارییەکی گرینگی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە کوردستان هەبووە .

لە دەستدانی ئەو ڕۆشنبیر و تێکۆشەرە ناودارەی گەلەکەمان، خەسارەتێکی گەورەیە. بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشی لە خۆم و خانەوادە بەڕێزەکەی و سەرجەم هەڤاڵانی ئەم ڕۆشنبیر و تێکۆشەرە گەورەیە دەکەم و لە خوای گەورە داواکارم سەبووریی و دڵنەوایی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات .
انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
31/7/2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 193

## پەیامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031309480768164

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
قوتابیان وخوێندکارانی کوردستان
ڕۆژی 2ی ڕەشەمە ڕێکەوتی بیست و یەکی فێوریە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکە. لە ساڵی 1952 کۆمەڵێک لە لاوان و خوێندکارانی وڵاتی بەنگلادش کە ئەوکات بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستان، بۆ نارەزایەتی بە بڕیاری وڵاتی پاکستان سەبارەت بە بەرەسمی ناسینی زمانی ئۆردوو پەراوێز خستنی زمانی بەنگالی دەستیان دایە نارەزایەتی و لە ئاکامدا چوار کەس لە نارازیەکان گیانیان لە دەست دا. لە سەر پێشنیاری بەنگلادش لە ساڵی 1999 ئەو ڕۆژە لە لایەن یونسکۆ ڕێکخراوی کولتووری _ کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک ڕۆژی زمانی دایک بە ڕەسمی ناسراوە.
مافی خوێندن بە زمانی دایک لە مافە سەرەتاییەکانی هەموو کەسێکە کە لە لایەن گشت ڕێکەوتن نامەکانی مافی مرۆڤ وەک مافی سرووشتی هەموو کەسێک بەرەسمی ناسراوە و لە بەندی 30 ئەو ڕێککەوتن نامەیەدا دەوڵەتەکان ناچار دەکات کە لە ئەگەری بوونی کەمایەتی نەتەوەیی و مەزهەبی منالانی ئەو نەتەوانە دەبێ لە مافی بەهرەمەند بوون لە خوێندن و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینی خۆیان ئازاد بن.
زمانی دایک کاریگەرترین هۆکاری پاراستنی دەسکەوتە مادی و مەعنەویەکانە. پاراستنی زمان شوناس و بەردەوام بوون و پارێزگاری لە کولتوورە و گاریگەری ڕاستەو خۆی هەیە لە سەر

خەملینی کەسێتی و گەشەی فەرهەنگی.
چەند جار لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ پێداگری لە سەر بەرەسمی ناسینی دەرس خوێندن بە زمانی دایک کراوەو دەوڵەتەکان بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی ئەو مافە بەرەسمی بناسن ڕێزی لێ بگرن.
هەرچەند لە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی دا و لە خاڵەکانی15و 19 و 22 و 23 دا بەرەسمی دان بەوەدانراوە کە نابێ لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەڵاواردن بکرێت و دەرس خوێندنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە رەسمی ناسراوە بەڵام دەبینین لە 34 ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی تەنانەت یاساکانی خۆشی بەڕێوە نابات و منالانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە دەرس خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان بێبەشکراون. ئەوە لە حاڵێک دایە کە بە وتەی حاجی بابایی وەزیری پێشوی پەروەردەی ئێران لە سەدا 70ی خوێندکارانی ئێران منالانێکن کە زمانی دایکیان فارسی نیە و ناچار دەکرێن بەزمانی فارسی دەرس بخوێنن.
ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک تەنیا بەزمانی کوردی چاپ نابێ و تەنیا رێگە بەو چاپەمەنیانە دەدەن کە بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی چاپ بکرێن. کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە زمانی ستانداری کوردی دروست نەبێت و لەو مێدیاکانی خۆی و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی شێواندن و لە خشتە بردنی زمانی کوردی دەدا .
ئێمە لە وڵاتیک دا دەژین کە زمانەکەمان نە لە قوتابخانەو نە لە زانکۆو نە لە هیچ شوێنێکی رەسمی مافی کەڵک وەرگرتنمان لێی نیە. نووسەران و رۆشنبیران و چالاکانی فەرهەنگی دەسگیر شکەنجە و ئێعدام دەکرین و سووکایەتی بە زمانی کوردی دەکرێ و لە باشترین حاڵەت دا بە" زاراوی کوردی" ناوی دەبەن و رێگە بە دایک و باوکەکان نادەن تەنانەت ناوی کوردی بۆ منالەکانیان هەڵبژێرن و بە گشتی منالانی کوردستان لە دەرس خوێندن و کەڵک وەرگرتن بە زمانی دایک بێبەش کراون. هەر چەند مانگ لەوە پێش کەڵک وەرگرتن لە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئۆستان کرماشان لە لایەن ئیدارەی پەروەردەی کرماشانەوە بە پێی بڕیارێک قەدەغە کرا.
لە رۆژی جیهانی زمانی دایک دا خەڵکی کوردستان مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیانە داوای دەرس خوێندن بە زمانی کوردی و بەرەسمی ناسینی زمانی کوردی لە ئاستی سەراسەری ئێران بکە رۆژی جیهانی زمانی دایک لە هەموو قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان و سەراسەری ئێران پیرۆز بێت
کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران
21ی فێوریەی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 194
# پەیامی کۆسرەت رەسول لە چلەی ماتەمینی لیوا حسێن مەنسور
http://www.kurdipedia.org/?q=20150311140865272
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
ئامادەبووانی خۆشەویست...
کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان...
40رۆژ لەمەوبەر و لەکاتی بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تیرۆرستانی داعش بە ئامانجی پاراستنی ژیان و ماڵی هاووڵاتیان، پۆلێک پێشمەرگەی قارەمان گیانی خۆیان کردە قوربانی خاک و نیشتمان و چوونە کاروانی نەمری شەهیدان و هەر لەم نەبەردییەدا لیوا حسێن مەنسوور و پۆلێک پێشمەرگەی تری قارەمان بوونە بەربەستی بەردەم هێرشەکان و نەیانهێشت خەونی گڵاوی تیرۆرستان بێتەدی.
خانەوادەی شەهید لیوا حسێن مەنسوور

لیوا حسێن مەنسوور یەکێک بوو لە و فەرماندە ئازاو چاونەترسانەی لە سەرەتای جەنگی
رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ئازایانە مەیدانی جەنگی چۆڵ نەکرد و هەمیشە وەک قارەمانێکی مەیدانی
بەرگری لە خاک و نیشتمان دەکرد، تا دواجار لە کەرکووکی پیرۆز گیانی بەخشی و چووە کاروانی
نەمرانەوە و لە چەند رۆژی رابردووشدا هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە و سنووره
سەرکەوتنی گەورەیان تۆمارکردو بەم سەرکەوتنە رۆحی سەرجەم شەهیدانیان شاد کردو بە
دوژمنانی گەلەکەمانیان وت تا ئێمە مابین لە بستێک خاکی کوردستان جێگاتان نابێتەوە و بە خوێن
و گیان بەرگری لە کوردستان دەکەین.
نەمری و سەربەرزی بۆ گشت شەهیدانی کوردستان.
بژی پێشمەرگە، بژی کوردستان...
کۆسرەت رەسول عەلی
جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 195

## پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082808560589064

دڵسۆزان یەکێتیەکان و کەسوکاری شەهیدان:-
جارێکی تر، یەکێتی، چاوی ئومێدی دەبڕێتەوە متمانەی ئێوەو درێژە بە خەباتی دەدات، هەتا
کوردەواری، ئازادو خۆشگوزەران بآ، دڵنیاین، بیرتان نەچۆتەوە کە یەکێتی پێشمەرگەو تێکۆشەرانی،
لە شۆرش راپەریندا، چۆن رۆژگارە سەختەکانی بە کۆڵنەدان گۆری، لەبری سەنگەرچۆڵکردن،
درێژەی بە خەبات دا هەتا سەرکەوتن، ئێستاو ئایندە، کەوتەوە بەر ویژدانی دەنگدانی ئێوە :
یان دیموکراسی، سەروەری یاسا، خۆشگوزەرانی ژینگەیەکی جوان.
یاخود.. قۆرخکاری، کۆنە پارێزی شێواندنی راستیەکان.
دەنگدان بەو یەکێتیەی کە ئەنفال کیمیاباران راگواستن، کوردایەتیەکەی نەگۆری.
دەنگدانە بە سازانی نیشتمانی بە گەڕانەوەی پرۆژەی دەستور بۆ پەرلەمان.
دەنگدانە بە ژیانێکی ئاسودە بۆ کەمئەندامان، بە مافی رەنجدەران لاوان، یەکسانی ژنان و پیاوان.

دڵسۆزان!
گیانی شەهیدان، هەستی مام جەلال و ئازادیخوازان لاتانە. بۆیە، دەنگدانتان بە لیستی سەوزی
یەکێتی، خەونەکانتان بەدی دێنآ، یەکێتیەک، چارەی خۆنوسین، بەهیچ دەستکەوتێک ناگۆڕێتەوە.
دەنگدان بە لیستی (102)
دەنگدانە بە یەکێتیی نیشتمانی، ئازادی وئاوەدانی.

لیستی (102)
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
هەرێمی کوردستان
28/8/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 196

# پەیامی بارزانی دەربارەی رەوشی ئێراق - 2014-06-18

http://www.kurdipedia.org/?q=20140618144013767I8

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لەم ماوەیەدا لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بووین لەگەڵ زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربارەی ئەم ڕووداوانەی لەم دواییەدا بەسەر عێراقدا هات. زۆر کەس و لایەن شاهیدن کە لەمێژە هۆشداریم دەدا کە بارودۆخی عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت بەهۆی سیاسەتی چەوت و تاکڕۆیی ئەوانەی دەسەڵاتیان لە بەغدا قۆرخ کردووە. ئێستاکەیش هەر ئەوانە بەرپرسی ڕاستەوخۆن لە پێشهاتنی ئەم دۆخە نالەبارە.

زۆر هەوڵماندا چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزینەوە و زۆر پێشنیارمان پێشکەش کردن، بەڵام وەڵام و ڕەفتاری کاربەدەستان لەدژ یانیش پشتگوێخستن بوو. هەر لەدوای ساڵی 2003 ئێمە وەک کوردستانی دژی شەڕی تایپفی و مەزهەبی وەستاین، نەبووینە هۆکاری سلبی لەم ململانێیەدا، بەڵکو ڕۆڵی خێرمان بینی تا ئەو ڕاددەیەی پێمان کرا. ئێمە لەگەڵ شیعە وەستاین کاتێک لێیان قەوما و زوڵمیان لێکرا و لەدوای 2003 دژی پەراوێزخستنی سوونەیش وەستاین. ڕەوشتی کورد بە درێژایی مێژوو ئەوە بووە کە پشتی مەزڵوومی گرتووە.

هەوڵەکانی ئێستا لە لایەن ئەوانەی باجی هەڵەکانی خۆیان دەدەن و شکستیان خواردووە و دەیانەوێ بیکەنە خەتای کورد، بوختانێکی گەورەیە. خەریکن کەلێنێکی وا لەنێوان کورد و شیعە دروست بکەن کە بێگومان بە زیانی گەورەی هەردوولا تەواو دەبێت و دادی ئەو فاشیلانەیش نادات. ئێمە هاوپەیمانێتیی کورد لەگەڵ شیعە بەرزتر دەزانین لە ڕەفتاری چەند کەسانێک کە کاربەدەستن و بەر لەوەی زیان لە کورد بدەن زیان بە شیعە دەگەیێنن.

قەت هەڵوێستی ئیمام موحسین ئەلحەکیم و شەهید سەدر لەبیر ناکەین و ئێمە برایانی شیعە دڵنیا دەکەینەوە کە ئەوانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم ڕەوشە دەیانەوێت شکستی خۆیان بە بوختان داپۆشن و چەند ساڵە حەقیقەت لە میللەت دەشارنەوە.

ئێستایش ڕەوشێکی تازە هاتووەتە ئاراوە کە پێویست دەکات چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاریانەی ڕوویان داوە و دەبێ شێوەی حوکمڕانی و ڕەوشی سیاسیی پێش ئێستا بگۆردرێت.

دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، کوردستان زیاتر لە هەر کات ئامادەیە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی و ژیانی خەڵکەکەی لە هەر دەستدرێژییەک. ئێمە بەتەواوی کاری تیرۆریستی لە داخوازییە ڕەواکانی برایانی سوونە جیا دەکەینەوە. ئێمە پێکەوە لەگەڵ برایانی شیعە و سوونە ئامادەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، بەڵام قەت ناکەوینە شەڕێک کە لەژێر پەردەی شەڕی تیرۆر شەڕی تایپفەیەک بکرێت و، تەنیا بەشەڕ ئەم گرفتە چارەسەر ناکرێت، دەبێ هۆکارەکان چارەسەر بکرێن و پرۆسەی سیاسی ڕێگەی ڕاستی خۆی بگرێت، ئەوسا تێکشکاندنی تیرۆریستان زۆر ئاسانتر دەبێت.

جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە عاملی خێر دەبین و پشتگیریی هەر هەنگاوێکی خێر دەکەین، بەڵام دەبێ هەموو لایەک بزانن کە ئەمڕۆ وەزعێکی تازە هاتووەتە ئارا و دەبێ بە واقعبینی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
18ی 6ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 197

## پەیامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052217071376426

ڕۆژی (30ی نیسانی 2014) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئیراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، سەرکەوتووانەش ئەو پرۆسەیە کۆتایی هات ولە (19 و 2014/5/22) ئەنجامەکان راگەیەنران، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە رۆڵەکانی گەلەکەمان و پارت ولایەنە سیاسیەکان دەکەین.
ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگدان، وێرای هەوڵ و کۆششی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە ئامادەبوونی بەرپرسی ئۆفیسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێم(یونامی)و کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی و چەندین لایەن و رێکخراوی فەرمی و پیشەیی بیانی، بەشێوەیەکی رێکوپێک و شەفافانە و بە بەشداریکردنێکی بەرچاوی هاووڵاتیانی دەنگدەر بەڕێوەچوو.
بێگومان ئەو پرۆسە دیموکراسیە وەک دەسکەوتێکی سیاسی، گرنگیی و تایبەتمەندیی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بەهێزبوونی پێگەی هەرێمي کوردستان لە ئیراق وناوچەکەدا.
لەو ماوەیەی حوکمرانی هەرێمدا پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنی ئازادانە وەک مافێکی یاسایی دەستەبەرکراوە و بەمەش توانراوە پانتاییەکانی کاروچالاکی دیموکراسی بەرفراوانتر بکرێ و جەخت بکرێتەوە لەسەر تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیانی برایانەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە و پێکهاتە و یەکەئێتنیەکان بە جیاوازی بیروباوەری ئایینی وئاییزاییانەوە، ئەمەش لە ژیانی سیاسیماندا بایەخی خۆی هەیەو پەیوەستە بە چارەنووسی گەلی کوردو ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە.
ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان وێرای پیرۆزبایی لە هاووڵاتیان و رۆڵە بەئەمەکەکانی گەلەکەمان دووپاتی دەکەینەوە کە هەمیشە لەگەڵ پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن داین بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان و یەکلاکردنەوەی ململانەکان لەرێی سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە و بەوپەڕی گیانی بەرپرسیاریەتیەوەش بەدەنگ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەوە دەچین و پەسەندی دەکەین و بەدەستکەوتێکی دیکەی گەلەکەمانی دادەنێین، گرنگترین پرسیش لەو قۆناخە هەستیارەدا سەرکەوتنی پرۆسەکەو زیاتر هەنگاوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانمان .
لەو کاتەی کابینەی هەشتەم پێکدەهێنرێ و بەرەو قۆناخێکی تازە و گرنگ هەنگاو دەنێین پێویستە کارنامەی داهاتووشمان لەگەڵ ناوەند بەیەک دەنگ و سەنگ، ئاوا رێکبخەینەوە بە دانوستان و هەماهەنگی لەگەڵ کوتلە و لایەنە سیاسیە براوەکانی دیکەی ئیراق بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی ئیراقی فیدراڵ، کە لە خزمەت و سوودی هەرێم بێت و بۆ ئەوەی کوردستان ئاوەدانتر و ژیانی خەڵک باشتر بێت، لەپێناو یەکریزیی و سەقامگیریی سیاسی و چارەسەری یەکجارەکی کێشەکان بێت لەگەڵ بەغدا، ئەمەش بە داکۆکیکردن و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی ئیستیحقاقاتەکان و سەلماندن و سەندنەوەی تەواوی مافەکانمان بەپێی یاسا و دەستوور دێتەدی.
جێی خۆیەتی بەوبۆنەیەوە سوپاس و پێزانینمان ئاراستەی چین وتوێژەکانی گەلەکەمان و یەکبەیەکی هەڤاڵانمان بکەین لە کادیر و ئەندام و لایەنگر و دۆست و هاوڕێبازانمان و تەواوی دام و دەزگا و ئۆرگان و مەکتەب و کەناڵەجیاجیاکانی راگەیاندنی پارتیمان، هەروەها قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، کە گشتیان لەخۆبردووانە هەمیشە و بەردەوام خەمخۆرانە کاریان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە کردووە و دەکەن، هەروەها ناوەندەکانی رێکخستن و ئۆفیسەکان و رەوەندی کوردی لە هەندەران کە رۆڵێکی کاریگەریان لە بەدەستهاتنی ئەو ئەنجامانە هەبوو، کە بە هەوڵ و کۆششی

هەموو لایەک پتر لە یەک ملیۆن دەنگ دراوە بە کاندیدانمان ئەمەیش نیشانەی چەندبارە بەخشینەوەی متمانەیە بە پارتیمان و ڕێبازی بارزانی.
بێگومان سەرکەوتنی پارتیمان لەو هەڵبژاردنانەدا بەپلەی یەکەم و زیادبوونی دەنگەکانی، پێش هەرشتێک بۆ دڵسۆزی و هۆشیاری تەواوی گەلەکەمان بەچین وتوێژەکانیەوە و پێکهاتە ئایینی و ئایینزا جیاجیاکانەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها پرواوبوونی پتەویان بە بەرنامە و ڕێبازی پارتیمان و جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیەکەی، کە دڵنیاین لەوەی لە داهاتوودا زیاتر و باشتر ڕۆڵی شایستەی خۆیان لە مەیدانەکەدا دەگێرن.
لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی ماندوبوون و هەوڵەکانی دامودەزگا ئەمنیەکان لە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین، کە وەکو هەمیشە بوونە فاکتەری دیاری فەراهەمکردنی فەزایەکی ئەمین و لە بار بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .
دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پابەند بوونمان بە ئەنجامەکان، نیگەرانی خۆمان سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕاگەیاندووە و پێشبینی کورسی زیاترمان کردووە لەوەی ڕاگەیاندراوە بەتایبەتی لە نەینەوا و هەولێر و پێشمان وایە چەند کەموکوریەک هەیە و لەئەستۆی لایەنی پەیوەندیدار دایە و پێویستە چارەسەر بکرێن و لەوبارەیەوەش تێبینیمان هەیە و داومانە بەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و بەدواداچوونیشی بۆ دەکرێ.
جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەنجامدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتنی پارتیمان ئاراستەی گەلەکەمان دەکەین... هەر سەرکەوتوو بن... مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
22/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 198

## پەیامی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140601103455576548

بەبۆنەی 6/1 ڕۆژی جیهانی منداڵان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، پیرۆزبایی هاتنەوەی ئەو جەژنە لەیەکە بەیەکەی منداڵانی جیهان و بەتایبەتیش منداڵانی کوردستان و لەنێویشیاندا پیرۆزبای لەو منداڵانە دەکات کە لەنێو کاردان و بێ بەشن لەجەژنەکەیان.
ڕۆژی جیهانی منداڵان هاوکاتە لەگەڵ بوونی ڕەشنووسی یاسای مافی منداڵ کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە. ئەم ڕەشنووسی یاسایە بەلەبەر چاوگرتنی ڕێکەوتنامە دەولیەکانی تایبەت بەمنداڵ ئامادەکراوە .
کارکردن بۆ دانانی هێڵی گەرم کە ژمارەکەی 116 یە بۆ فریاکەوتنی منداڵ یەکێک بوو لەهەوڵەکانی وەزارەتمان کە ئەم هێڵە یەکێکە لەو ڕێگایانەی وەک ئامرازێکی نوێ لە کوردستان بەکاردێت بۆ پاراستنی منداڵ لەهەرجۆرە توندوتیژی و کێشەیەک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەو شوێنەی تیایدا دەژی یان دەخوێنێت یان کاردەکات بە پەیوەندی کردن بەهێڵیکی تەلەفۆن بەخۆرایی. ئەم هێڵە لەئێستادا لەپارێزگای هەولێر و سلێمانی دەست بەکاربووەو کاریش دەکەین بۆ بەکارخستنی هەمان هێڵ لە پارێزگای دهۆک. ئەمە جیا لە ئامادەکردنی سیستمی خێزانی جێگرەوە بۆ ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن و لەژێر زەبرو زەنگ و توندوتیژی دان. هەروەها

پێکهێنانی لیژنەی باڵای پاراستنی مافەکانی منداڵ بۆ پەرەپێدانی تواناکانی منداڵ ئەم لێژنەیە پێکهاتەیەکی یاسایی یەو لەرووی کارگێری و دارایی یەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ەرپرسیارەتی چاودێری منداڵی لە ئەستۆیە لە (چەوسانەوە، توندوتیژی، گرژی هەڵسوکەوت،.... هتد.(
منداڵانی کوردستان... کاتێک باس لەکارکردنی منداڵ دەکرێت بەپێی رووپێوێک کە لەساڵی 2010 ئەنجامدراوە بەمەبەستی زانینی ژمارەی منداڵی ئیشکەر لەلایەک و هۆکارە سەرەکیەکانی کارکردنیان لەلایەکی تر و بەراوردکردنی رێژەی منداڵی ئیشکەر لەگەڵ رووپێوی ساڵی 2007 کە بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدرابوو. دەرکەوتووە رێژەی منالی ئیشکەر بەرێژەی 16% کەمی کردوە، لەگەڵ ئەویشدا راگەیاندنی هەڵمەتێکی نیشتیمانی ساڵانە بۆ دیاردەی منداڵی ئیشکەر و کاریگەریەکان و ئاسەوارەکانی لەسەر منداڵ و کۆمەڵگا، هەوڵێکی دیکە بووە بۆ نەهێشتنی کار پێکردنی منداڵان .
هەروەها کاراکردنی سەنتەرەکانی پاراستنی منداڵان لەتەواوی شارو شارۆچکەکان بەمەبەستی لەخۆگرتنی ئەم منالانەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەرێگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتیش هەنگاوێکی ترە. بەو هیوایەین هەموو لایەک بەیەکەوە هاوکاربین بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیەو پەیرەوکردنی بنەمایەکی زانستی بۆ کارپێ نەکردنی منداڵ کەبەپێی یاسا کارکردنی منداڵ بەهەموو شێوازەکانی قەدەغەیە.
وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بایەخدان بەسەرجەم تەمەنەکانی منداڵ جگە لەدایەنگە حکومییەکان مۆڵەتیش دەدات بەکردنەوەی دایەنگەی ئەهلی، ئەویش لەپێناو حەواندنەوەی منداڵان لەرێگەی ئەو دادانەی لەو دایانگانە کار دەکەن کەموکوری و خزمەت و گەشە کردنەکانتان وەک منداڵێکی ئاسایی بێت. هەروەها بەپێی ئەو بودجەیەی ساڵانە لەبودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆی دابینکراوە خزمەتگوزاری بۆ پەیمانگاو خانەو سەنتەر و دایەنگاکان پێشکەش دەکات. بەهەمان شێوە لەرێگای پەیمانگاکانی (هیوای نابیستان و ئاوات بۆ پەروەردەی مێشک و رووناکی نابینایان و هانا بۆ شیاندنی کەمئەندامان) پەروەردەو فێرکردن و شیاندن ئاراستەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات .
بەبۆنەی 6/1 رۆژی جیهانی منداڵان ئەمساڵ بەچەندین چالاکی جۆراو جۆر لەشارو شارۆچکەکاندا ئەم یادە بەبەرزی دەکرێتەوەو خانەو سەنتەرو بەرێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت بەمەراسیم و چالاکی هونەری و میوزیک و گۆرانی و تواناو بەهرەکانیان لەم رۆژەدا دەخەنەڕ روو.
پیرۆزبێت6/1 رۆژی جیهانی منداڵان...
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
1/6/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 199
## پەیامێک لە بارزانییەوە بۆ حدکا وPKK
http://www.kurdipedia.org/?q=20150525134925853 75
بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو شەڕ و بارگرژییە دەکەم کە ڕۆژی 24ـی 5ـی 2015 لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا ڕووی داوە. داوا لە هەر دوو لا دەکەین کە دان بەخۆدابگرن و کێشەکان قووڵتر نەکەن و نەبنە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی بارگرژیی نێوانیان و کێشەکانیان لەڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەییشتن چارەسەر بکەن.

شەڕی خۆکوژی زیانی گشت لایەکی تێدایە و کەسیش لەم شەڕەدا سەرکەوتوو نابێت. نە لە

ئاستی حزبی و نە لە ئاستی نەتەوەیی هیچ بەرژەوەندییەک لە گرژی و شەڕی خۆکوژیدا نییە. پێشتر ڕامگەیاندووە کە دەبێ بە هەموو شێوەیەک شەڕی خۆکوژی تەحریم بکرێت و ئێستایش بە هەمان شێوە دووبارەی دەکەمەوە کە نابێ شەڕی خۆکوژی هەبێت و خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت. پێویستە لایەنەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیی نیشتیمانی بن. هەر جۆرە شەڕ و پێکدانانی نێوان لایەنە کوردییەکان زیان لە پێگە و ناوبانگی گەلی کوردستان دەدات و ئاسوودەیی و هیوای خەڵکی کوردستانیش تێکدەدات.

بە گشت لایەکیش ڕادەگەیێنین کە ڕێگە نادەین گۆڕەپانی کوردستان ببێتە شوێنی تەسفیەی حساباتی سیاسیی لایەنەکان لەگەڵ یەکتر. پێویستیشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە و ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی بارگرژیی نێوان ئەم دوو لایەنە.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

25ـی 5ـی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 200

## پەیامێک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەربارەی هێرشە تێرۆریستییەکەی سەر دەزگاکانی ئاسایش لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20130930113122884444

هێرشە تێرۆریستییەکەی سەر دەزگاکانی ئاسایش، هەموومانی خەمبار کرد، ژیانی پڕبەهای چەند کەسێکی هێزی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لەناکاو کۆتایی هێنا، ئەو کەسانە بوونە شەهیدی پاراستنی ئارامیی هەرێم و ئاسایشی خەڵکی کوردستان.

ئە و شەهیدە سەربەرز و نەترسانە؛ بە ژیانی خۆیان هەوڵیان دا ڕێگە لە تێرۆریستان بگرن تا زیانی لەوە گەورە نەنێنەوە. جێی داخە تێرۆریستان جگە لە شەهیدکردنی شەش ئەندامی هێزی ئاسایشی کوردستان، پتر لە شەست کەسیشیان بریندار کرد. حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلەکەی ئەو شەهیدانە لەبیر ناکەن، هیوای سەبووری بۆ کەسوکاریان دەخوازین، ئاوەتەخوازین بریندارانیش زوو چاک ببنەوە.

هێزی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا بوێرانە ڕووبەڕووی پلانی تێرۆریستان بۆتەوە. لە و ماوەیەدا چەندین هەوڵی تێرۆریستییان پووچەڵ کردۆتەوە. ژیانی خۆیان لە پێناو خەڵکی کوردستاندا هەمیشە لە مەترسیدا بووە. ئەوان زانیویانە و دەزانن تێرۆریستان بە چ مەبەسێکی گڵاو کار دەکەن. ئەوان دەزانن ئەگەر تێرۆریستان بۆیان بچێتە سەر؛ حەزدەکەن ژیان لە کوردستان کۆتا پێبهێنن.

تیرۆریستان مەبەستیان ئەوە بوو ئازادی و سەربەستی لە کوردستان بریندار بکەن. هێزی ئاسایشی هەرێم باش دەزانن تیرۆریستان دژی ژیانن، دژی بڕیاری ئازادی خەڵکی کوردستانن، دژی سنگفراوانی و پێکەوەژیانن. تیرۆریستان باش دەزانن کە ئاشتی، ئارامی، سەقامگیری و ژیانی سەربەستی خەڵک و هەڵبژاردنی ئازادی21 ی ئەیلوول؛ دەستکەوتی هێزی ئاسایشی کوردستانە،بۆیە هێرشەکەیان ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەوان کرد.

گەلی کوردستان قوربانی زۆر داوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئازادی و سەربەستی. حکوومەتی هەرێم، سەرکردایەتیی گشت حیزبە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم ئازادی و سەربەستییە نابن. لە ڕاستیدا خواستی ئێمە گەلێک بەهێزتر دەبێت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانمان. هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لە هەوڵی خۆیان بەردەوام دەبن بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی هێزی دژەژیان، هێزی دژەئازادی، هێزی دژەمرۆڤایەتی، هێزی دژەسەربەستی.

ئێمە بێ پشوودان کار دەکەین بۆ بنەبڕکردنی هێزی تارکی، هێزی تیرۆریستان لە سەرتاسەری هەرێمدا. هەروەک چۆن لەوەوبەر تۆڕی هێزی تاریکیمان دەستگیر کردووە، ئەم جارەش بە بەکارهێنانی ڕۆشنایی خۆشەویستیمان بۆ ژیان، بۆ ئازادی، بۆ سەربەستی؛ ڕووبەڕووی هێزی تێکدەر و وێرانکارانەی تیرۆریستان دەبینەوە.

بۆ ئەوەی لە کارەکەماندا سەرکەوتوو بین، داوا دەکەین وەک هەمیشە خەڵکی کوردستان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە ڕێی یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشەوە. داوا دەکەین هەر کاتێک گومانتان لە هەر چالاییەک، یا هەر جموجووڵێک هەبوو؛ هێزی پۆلیس، ئاسایش و پێشمەرگە ئاگادار بکەنەوە.

نەمری بۆ شەهیدان، ئارامی و ئاوەدانی و پێشکەوتنی بەردەوام بۆ کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
30-09-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 201

## پەیامێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071616571091431

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
گەلی خۆشەویستی کوردستان....
هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...

بۆ من خۆشترین بڕیار ئەوە بووە کە لە تەمەنی 16 ساڵیدا لە پێناو ئازادی و مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان و رزگارکردنی خاکی کوردستاندا بوومە پێشمەرگەی کوردستان.

پێشمەرگایەتیش گەورەترین شانازیی ژیانی منە و، لە هەر پلە و پۆستێکدا بووبم بە گیانی پێشمەرگانە کار و خەباتم کردووە و، بە بیروباوەڕی پێشمەرگانەوە کارم بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەم کردووە و، هەر لەو روانگەشەوە هەموو پۆستەکانم بۆ بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانەکەم بەکارهێناوەن.
زۆریش سەربەرزم بەوەی کە هەر لە سەرەتای راپەڕینی شکۆداری گەلی کوردستان لە بەهاری 1991ەوە وەک پابەندبوون بە ئامانجەکانمان لە ئازادی و دیموکراسی لە کاتی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتیدا لە شاخ، هەروەها وەک ئەرکێکی نیشتمانی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی و ئیداریی دیموکراسیانە، داوام کرد بەرەی کوردستانی بە زووترین کات هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، چارەنووس و سیستەمی سیاسیی خۆی دیاری بکات.

لەوکاتەوە گەلی کوردستان، بە هاوکاریی هەموو لایەنە شۆڕشگێڕەکانییەوە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەی دەستپێکرد. ئێستاش بە پشتیوانیی خوای گەورە و هاوکاریی دڵسۆزان و خەبات و خۆڕاگریی گەلەکەمان، پێشکەوتنی گەورە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا بەدیهاتوون. هەر بەو هۆیەوە کوردستان ئەمڕۆ نێوبانگێکی باشی هەیە لە رووی جێگیریی سیستەمی سیاسی و سەقامگیریی باری ئەمنی و پێکەوەژیان. هەروەها پێشکەوتنەکان لە بواری ئابووری و ئاوەدانیدا، رۆژ بە رۆژ پێگەی کوردستان لە جیهاندا بەهێزتر دەکەن.

لە ماوەی رابردوودا لە هەرێمی کوردستاندا، وەک بەشێک لە نەریتی دیموکراسی، گفتوگۆ و گەنگەشەیەکی زۆر لەسەر سروشت و پێناسەی سیستەمی سیاسی و پرۆژەی دەستوور هاتە ئاراوە.

بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی جوانتری پرۆسەی دیموکراسی و پابەندبوون بە یاساوە، نامەی فەرمیم نارد بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، تاوەکو لە مانگی 9ی ئەمساڵدا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێن. بەو شێوەیە ئەوەی ئەرکی سەرشانی من بووە بەجێمگەیاندووە، لە نامەناردن و داواکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و پاشان دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکان، کە ئەویش رۆژی 2013/9/21 بووە. لە دوای ئەو فەرمانە و پێش دەرچوونیشی، جیاوازیی بیروڕا هەبوو لەسەر میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە ئایا بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و پرۆژەی دەستوور بێت، کە سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، یان بە پێی بۆچوونی چەند حیزبێک کە داوا دەکەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نێو پەرلەماندا هەڵبژێردرێت. ئەمەیش جیاوازی خستە ناو لایەنەکانەوە پاشان پرسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی خرایە سەر و دەرئەنجام بەداخەوە مامەڵەکردنی توندی هەندێ لایەن پرۆسەی سیاسی بەرەو قەیران برد.

بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەی پێکەوەکارکردنێکی باشتر بهێنینە ئارا سەبارەت بەو پرسانە و بۆ ئەوەی نموونەیەکی جوانتری پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێشانی خەڵکی خۆمان و دەرەوەش بدەین، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەی تەوافوق پەرەخسێنین و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، سەرنج و تێڕوانینی خۆیان لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک و پرۆژەی دەستوور بخەنەڕوو، بەنامەیەک لە 25ی 5ی 2013 داوام لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد، تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر پرۆژەی دەستوور بۆ ئێمە بنێرن. دوای گەیشتنی وەڵامەکان، داوام لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد لەگەڵ سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک.
ئامانجی من لە ناردنی تێبینیی لایەنەکان بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ ئەوە بوو کە تەوافوقی لایەنەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان و سەرنجی هەموو پێکهاتەکان ببێتە نەخشەڕێگەیەکی باشتر و زەمینەیەکی گونجاوتر دابین بکەین بۆ پرۆژەی دەستوور و هەڵبژاردنەکان، ئینجا بە هەموو سەراحەتێکەوە بە گەلی کوردستان رابگەیێنم کە من وەک شەخسی خۆم هیچ نییەتێکم بۆ خۆکاندیدکردنەوە نییە و رێز لە هەموو یاساکان دەگرم و ئەمانەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رادەستی هەر بەڕێزێکی دیکە دەکەم کە هەڵدەبژێردرێت.

بەڵام بە داخەوە ئۆپۆزیسیۆن سەرکەوتوو نەبوون لە هاوکاریکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، بەڵکو بەو شێوە رەفتارەیان کە قبووڵیان نەکرد لایەنەکانی دیکە لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەماندا بەشدار بن، هەوڵ و پرۆسەکەیان پەکخست. لەوەدا دەرکەوت کە مەفهوومی تەوافوق لای ئۆپۆزیسیۆن تەنیا سەپاندن و جێبەجێکردنی ئەو داوایانەیە کە خۆیان هەیانە، بە بێ گوێدانە داواکانی لایەنەکانی دیکە.

دەمەوێت لێرەدا زۆر بە راشکاوی بیڵێم، تەوافوق ئەوە نییە کە تەنیا پارتی و یەکێتی و سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن رێکبکەون، بەڵکو پەیوەستە بەوان و هەموو لایەن و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کوردستانیشەوە. پرۆژەی دەستوور کاتی خۆی لە لایەن 36 حیزب و هەموو نەتەوەکانی کوردستانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ نابێ پشتگوێ و پەراوێز بخرێن، چونکە کوردستان هەر تەنیا ئەو پێنج لایەنەی تێدا نییە. لێرەشدا دووبارە داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەمەوە، لەسەر پرسی دەستوور بەرەو تەوافوق هەنگاو بنێن و منیش بە هەموو تواناپەکەوە پشتیوانیتان دەکەم، با قەیرانی سیاسی دروست نەبێ و بۆ ئەوەی ئارامیی ژیان لە خەڵکی کوردستان تێکنەدرێت و، هەموو هێز و توانای خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتانە وەربگرین کە ئەمڕۆ بۆ گەل و نیشتیمانەکەمان لە ناوچەکەدا هاتوونەتە پێش.

هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ رەخساندنی زەمینەیەکی نوێی گەییشتن بە تەوافوق. خەڵکی کوردستان و حیزبەکان شایەتی ئەوەم بۆ دەدەن، کە لە سەروبەندی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009دا لە لایەن پەرلەمانەوە، هەوڵێکی زۆرمدا بۆ ئەوەی تەوافوقی لەسەر دروست ببێ و بە دڵی هەموو لایەنەکانی کوردستان بێت و، پێداگیریم لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ تێڕوانینی هەموو نەتەوە و پێکهاتە ئایینییەکانی تێدا جێبکرێتەوە. هەرواش کرا و، دوای ئەوە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر درا. ئەمجارەش دەمویست دوور لە هەموو گرژی و هەڵچوونێکی ناو پرۆسەی سیاسی هەمان زەمینە دروست بکەمەوە بۆ گەییشتن بە تەوافوق.

بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆن بە رەفتار و شێوەی مامەڵەکردنیان لەو چوار ساڵەی رابردوودا، ئەو تێڕوانینەی بەشێکی زۆر لە خەڵک و لایەنەکانیان لەسەر خۆیان چەسپاندووە، کە بە هیچ شتێک رازی نابن و، تەوافوق لە روانگە و بە لێکدانەوەی ئەوان سەپاندنی بیروڕاکانی خۆیانە کە ئەوەش پێچەوانەی رێسا و عورفە سیاسی و دیموکراسییەکانە.

سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ بزانن کە جگە لە پارتی و یەکێتی، زۆر حیزبی دییش هەن لە کوردستاندا لە سەختترین رۆژگاری ژێر دەستەییدا ئەو پەڕی فیداکارییان نواندووە بۆ بەرگریکردن لە هەبوونی گەلەکەمان و مانەوەی ناوی کوردستاندا، هەروەها زۆر حیزبی دیکەی مۆڵەتپێدراو هەن ئەمڕۆ را و قسەیان هەیە بۆ پێشکەوتنی کوردستان. نابێ سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن رێگە بە خۆیان بدەن و هەوڵی ئەوە بدەن لە لایەن دەزگا باڵاکانی کوردستانەوە را و بۆچوونی لایەنەکانی دیکە نادیتە بگیرێن. یان رێگە بە خۆیان بدەن بە شێوەیەک لە سووکایەتی پێکردنەوە باسیان بکەن، چونکە بە هیچ شێوەیەک ئەوە نەریتێکی دیموکراسیانە نییە. بۆیە داوا لە برایانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەم بە سینگێکی فراوانی یەکترقبوڵکردنەوە و بە پێی بنەما دیموکراسییەکان کار و چالاکییە سیاسییە یاساییەکانیان ئەنجام بدەن و، هەموو رەفتار و مامەڵەکانیان لەسەر بنەمای قبوڵکردنی ئەوانیترەوە بێت.
خەڵکی خۆراگری کوردستان....

پەرلەمانی کوردستان، لە رۆژی 2013/6/30 دا بە دەرکردنی دوو یاسا، ماوەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی درێژ کردەوە، ئەوەش دواکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە هیچ کات خولیای کورسی و پۆست نەبوومە. ئەمڕۆش نامەوێ مێژووی خۆم لە خەبات بۆ رزگاری و ئازادی کوردستان بە هیچ شتێکی دیکە بگۆڕمەوە. مرۆڤ زیاتر بە خەبات و کار و بەخشش بۆ گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی دەناسرێتەوە نەک بە پلە و پۆست و ناونیشانی وەزیفی و ئیدارییەوە.

یاسای درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستانم ئیمزا کرد تاوەکو هیچ بۆشاییەکی یاسایی و دەستووری لە هەرێمی کوردستاندا دروست نەبێت. ماوە و ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە دەنگی فراکسیۆنی کوردستانیی (پارتی و یەکێتی) لەگەڵ فراکسیۆنەکانی حیزب و نەتەوەکانی دیکەی ناو پەرلەمان و سەربەخۆکان جگە لە فراکسیۆنەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، درێژکرایەوە.

ئێستا من لەبەردەم ئەرکەکانی ئەو هاوپەیمانییەتەدام کە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا هەیە، کە پێکەوە لەگەڵ چەند حیزب و نەتەوەی کوردستاندا لەناو پارلەمان بڕیاریان داوە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، بە بێ ئەوەی من تێیدا بەشدار بووبم.

هەروەها من لەبەردەم بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و کۆمەڵێ ئەرک و کاری هاوبەشی درێژخایەندام لەگەڵ برای خۆشەویستم مام جەلال بۆ درێژەدان بە هاوپەیمانێتییەکە، بۆ ئەوەی وەفاداری ئەو کاروانە بم کە دەستمان پێکرد و ئەنجامەکانیشی بە ئیجابییەوە بەردەوام بن و، ئینشاڵڵا کە ئەویش بە خۆشی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەموو شتێک لەوپەڕی سەقامگیریدا ببینێ. لە هەمانکاتدا من باش لە ئەرکەکانی هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتی و پارتی تێدەگەم، کە بە راستیش ئەو هاوپەیمانێتییە سەقامگیری و پێشکەوتنێکی زۆر گەورەی لە کوردستاندا دروستکردووە، کە بەرهەمەکەشی ئەوەیە کە ئێستا هەرێمی کوردستان جێگەی سەرنجی هەموو جیهانە، هەروەها وایکرد کورد بەشدارێکی چالاک بێت لە گۆرانکارییەکانی عێراق و ناوچەکەدا. ئەمڕۆش کە جەنابی مام جەلال لەبەر باری تەندروستی لە کوردستان نییە هەست دەکەم بەرپرسیارێتییەکەی ئەویش دەبێ من ئەنجامی بدەم لە پاراستن و بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانییەتییەدا وەک وەفادارییەک بۆ پێکەوەکارکردن و هاوخەباتیی و هاوکاریی چەندساڵەی نێوانمان لە پێناو گەل و وڵاتەکەماندا.
هەروەها بۆ رەچاوکردنی نیگەرانییەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لەمەڕ ئەگەری قوڵتربوونی قەیرانی سیاسی و پاراستنی سەقامگیری لە کوردستاندا و، لەبەردەم داوای کەسایەتییە خەباتگێرەکانی کوردستانی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، و پاش راوێژکردن لەگەڵ زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانم رەتنەکردەوە. بەڵام ئەو رەتنەکردنەوەیەش بەو مانایە نییە کە من لەگەڵ شێواز و ناوەڕۆکی یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمدا بم، بۆیەش ئیمزام نەکرد.
لێرەدا وەک رێزگرتنێک لە دەنگی زۆربەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئیحراج نەکردنیان، بە گەلی خۆشەویستی کوردستان رادەگەیێنم، کە من بە شێوەیەکی کاتی تا وەکو خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەست بەکار دەبێت و بە پەلە دەگەنە تەوافوقێک، ئەو ئەرک و ئەمانەتەی کە خراوەتە سەرشانم بەجێیدەگەیێنم، هەر لە ئێستاشەوە داوا لە سەرۆکایەتیی خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە لەژێر رۆشنایی ئەو نامەیەم کە لە 12ی 6ی 2013دا ئاراستەی سەرۆکایەتیی خولی ئێستای پەرلەمانم کردبوو، دوای هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 دەستبەجێ لە کۆبوونەوە دەستپێکییەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەماندا بە زووترین کات میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بگەنە تەوافوق لەسەر هەمواركردنی پرۆژەی دەستوور و ئالییەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم. ئەو کات هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و ئەو ئەمانەتەی لە دەست ئێمە دایە بدەینە هەر بەڕێزێکی دیکە کە متمانەی گەلی کوردستان بەدەست دەهێنێت. خۆم و کاک کۆسرەت، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش، وەک دەزگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموو هاوکارییەکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی تازە دەکەین بۆ ئەو مەبەستە.

دەبێ بە هەمووومان نموونەیەکی جوانی دیموکراسی پێشکەش بکەین، نابێت هیچ کەس بە کورسییەکەیەوە بچەسپێت و، نابێت رێگە بدرێت سەرۆکی هەتا هەتایی هەبێت لە کوردستاندا. من خۆم باوەڕێکی تەواوم بەوە هەیە کە کاتێک پۆستێک لە لایەن کەسێکەوە بەجێدەهێڵدرێت، دەبێ گەل ئەو پرسیارە بکات کە بۆچی ئەو پۆستە بەجێدەهێڵێت، نەک گەل بگاتە رادەی ئەوەی ئەو پرسیارە بکات کە بۆ چی ناڕوات.

گەلی خۆشەویستی کوردستان من دڵنیاتان دەکەمەوە کە تەنیا ئێوە دەتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆتان بدەن و، کەس ناتوانێ ئەو مافەتان لێ زەوت بکات.

بژی کوردستان...

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و سەرفرازی
سەربەرزی بۆ گەلی کوردستان

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
16ی 7ی 2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 202

## پەیامێک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەربارەی هێرشەکانی داعش

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061412031876663

دوای ڕووداوەکانی مووسڵ و ناوچەکانی نزیک سنووری هەرێمی کوردستان، بەهۆی داڕووخانی سوپای عێراقییەوە بۆشاییەکی سەربازی و ئەمنی هاتەکایەوە و ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی پارێزگەی نەینەوا ئاوارە بوون و ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە کرد.

بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان و پاراستنی دامودەزگەی گشتی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان چووە ئەو ناوچانەی کە سوپای عێراق لێیان کشاوەتەوە .

داوا لە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش دەکەم زۆر بە وریاییەوە سنوورەکانی کوردستان و سەروماڵی خەڵکی ئەو ناوچانە و دەزگا گشتییەکان بپارێزن و ڕێگە بە هیچ سەرپێچی و سنووربەزاندنێک نەدەن .

گەلەکەشمان دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگە ئەمنییەکانی هەرێم بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەن ئارامی و ئاسایشی کوردستان بکەوێتە بەر مەترسی.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
13/6/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 203

## پەیامێک لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە - 2014-09-03

http://www.kurdipedia.org/?q=20140903131049772236

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، خوشک و برایانی خۆشەویست
بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتیەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم بۆ دەسپێکردنی خولی گرێدانی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان.
بەڕێزان ئێمە لە کاتێکدا دەست دەکەینەوە بە خولی گرێدانی پەرلەمان کە هەرێمی کوردستان بە بارودوخێکی هەستیاردا تێپەردەبێ، وەک ئاگادارن لە دوای 10 حوزەیرانی ئەمساڵەوە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی پەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە پێی ناوەتە دۆخێکی مەترسیدار. جگە لە تاوانی جینۆسایدی ئێزیدیەکان، بە هەزاران خەڵکی بێ تاوان لە مەسیحی و شەبەک و کاکەیی ئاوارەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بوون، ئەمەش ئەرک و بارگرانییەکی گەورەی بۆ حکومەت و گەلەکەمان درووست کردوە.
لێرەوە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو بارودۆخە ناهەموارەی ئابوری کوردستان بکەم کە دەرهاویشتەی گەورەو بارگرانی زۆری بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دروست کردوە، لە سەروی هەموشیانەوە قەیرانی دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و وەستانی پرۆژەکانی ئاوەدانی و پەکخستنی بازاڕو قەیرانی سوتەمەنیی، کە نابێ لەوە زیاتر درێژە بکێشێ و دەبێ هەرچی زووترە حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە و دڵنیایی بە خەڵک بدات کە دۆخەکە کاتییەو درێژە ناکێشێ. بەتایبەتی ئێستا قەیرانی بەنزین لە هەرێمی کوردستان پەرەی سەندووە و نرخی بەنزین و چۆنییەتی دەستکەوتنی، هێندەی تر هاوڵاتییانی هەرێمی نیگەران کردووە. پێویستە حکومەت لە هەر بڕیارێک دەیدات شەفافانە کێشەو گرفتەکانی لەگەڵ گەلی کوردستان باس بکات و چۆنییەتی چارەسەری کورتماوەو دوورمەودای بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیان درووست بێت .
لەم ڕووەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، بە ناوی خۆم و سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی خۆراگریی خەڵکی کوردستان بکەم کە سەرەڕای دواکەوتنی موچە و ناهەمواری بارودۆخی ئابوریيان، بە هەستێکی بەرزی نەتەوەییەوە پشتیوان و پەرۆشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، بەتایبەتیش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ برا پێشمەرگەکانمان و چونە بەرەکانی جەنگ وەک هێزی پشتیوانی لە پیشمەرگەی کوردستان.
لێرەدا بە تایبەتی سوپاسی تایبەتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەم و لەو پێناوەدا وەک پێزانینێکی رەمزی بۆ ئەرک و ماندوبوون و خۆراگرییان بە فەرمی سوپاسنامەیەکی تایبەت ئاراستەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەین.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان..
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێ لەم خولەی گرێدانەدا لە بواری یاسادانانداا ئەولەویەت بدات بە کۆمەڵێک بابەت کە کاریگەری زۆریان هەیە بۆ سەر ژیانی خەڵک و باشتر کردنی سیستمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان لەوانە:
یەکەم:هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان پەرلەمان بۆ دروستکردنی سازانی نیشتیمانی لە سەری و؛ ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندم لە سەر ئەو پرۆژە دەستووره.
دووەم: بەدامەزراوەیی کردنی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان و دەستکردن بە دروستکردنی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بورای وزە.
سێیەم: ڕێکخستەوەی سیستمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێی هەموارکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری و پەسەند کردنی پرۆژە یاسای داواکاری گشتی.
چوارەم: دروستکردنی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم: ڕێکخستنی سیستمی موچەو خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان و بیمەی بێکاری و تەندروستی؛ هەروەها پێداچونەوە بە خانەنشینەکان بە جۆرێک دادپەروەری تێدا ڕەچاو بکرێت.
لە بواری چاودێریکردنیشدا، پەرلەمان لەم خولەدا بەم کارانە هەڵدەستێت:
یەکەم: بەدواداچونی بڕیارەکانی پەرلەمان بۆ ڕێکخستنەوەو یەکخستنەوەو بە پیشەیی کردنی هێزە چەکدارەکان و لە پێشەوەیشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و باشکردنی گوزەران و موچەو چەک و تەقەمەنی و راهێنانیان بە شێوەیەکی وا کە بتوانن ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەک ببنەوە کە دووچاری هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

دووەم: بەدواداچون و لێپرسینەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی، لە ڕێگەی کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان لە پرسی خانەنشینی چینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.
سێیەم: چاودێریکردنی پرۆسەی دانوسانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا.
بەڕێزان...
لە کۆتایدا بە گرنگی دەزانم ئەوەتان بۆ دوبارە بکەمەوە کە کارکردنی ئێوە لە هەلومەرجێکدایە کە هەرێمی کوردستان بەگشتی و باروگوزەرانی خەڵەکەی بە دۆخێکدا تێپەڕ دەبێ زۆر سەخت ودژوارە، بۆیە دەبێ هەمومان بە گیانی بەرپرسیارێتەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکەین، بە پێویستی دەزانم کارو ماندووبوونی ماوەی ڕابردووتان بەرز بنرخێنم، ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونی ئێوە بووەتە جێگەی ئومێدێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان، بە توندی ئیدانەی هەندێک ڕەفتاری و وشەی نا بەجێ و ناشایستەی کەسانی نا بەرپرس دەکەین کە دەرهەق بە ئەندامانی پەرلەمان ئەنجامیان داوە.
خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەکمان بێت

یوسف محەمەد صادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
2014/9/3

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 204

## پەیامێک لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە بۆ خەڵکی کوردستان - 06-08-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806230800030242

پەیامێک بۆ گەلی کوردستان

گەلی خۆشەویست و خۆراگری کوردستان دڵنیادەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەپێشڕەویدایە لە بەرەی شنگالدا، هەروەها لەبەرەی جەلەولا و مەخموردا چەکدارە تیرۆریستییەکانی داعشی تێکشکاندوون.
حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باوەڕبوون بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڵێندەداتە هەموو گەلی کوردستان کە ڕێگە نادات تیرۆریستان خاکی پیرۆزی کوردستان پیس بکەن و، پێشکەوتنی ژیان لە کوردستان ڕابگرن.
داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین کە بەهیچ شێوەیەک دڵەڕاوکێ نەیانگرێت و، بە ئارامی لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە و درێژە بە کار و ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.
بەڵێندەدەینە گەلی کوردستان، کە بە دەستێکی پۆڵاین لە تیرۆریستان دەدەین و، ئەو مەترسییەی لەسەر گەلی کوردستان و ناوچەکەش هەیە لادەدەین. هەمووومان دەبێ باوەڕمان بە پێشمەرگە هەبێت و پشتیوانی پێشمەرگە بکەین.
داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان و گەنجانی کوردستان دەکەین کە هەمیشە ورەبەرزبن، دەبێ هەمووومان باوەڕمان بە دۆزی ڕەوای خۆمان هەبێت، ئێمە ئێستا بەرگریی لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەین لە بەرامبەر هێزێکی تیرۆریستی داگیرکەردا، ئەوەش ئەوپەڕی ورە بەرزی پێویستە، بەتایبەتیش کە تیرۆریستان لەبەر زەبری پێشمەرگە کەوتوونەتە پەلەقاژەی لەنێوچوونەوە.
بۆیەش داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین کە ورەبەرز و ئارام بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
6/8/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 205

## پەیامێک لەسەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە - 19-12-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141219105239118362

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
خۆشحاڵم کە لە بۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئێزیدییاندا سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە دیاری پێشکەشی خوشک و برایانی ئێزیدی دەکەین و، ئەمە شیاوترین پیرۆزباییە لەوانی دەکەین.
دەستپێکردنی ئۆپەڕاسیۆنی ڕزگارکردنی دەڤەری شنگال لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان و گەیشتنی پێشمەرگە بە چیای شنگال لە 18ی 12ی 2014 مانای خۆی هەیە. با هەموو دوژمنان و ناحەزان بزانن ئەگەر جارێک بۆیان پرەخسێت کینی خۆیان بەرانبەر کورد و کوردستان دەربکەن، لە کۆتاییدا باجی تاوانەکانیان دەدەن و ئەبێ تیرۆریستانی داعش ببنە پەند بۆ هەموو دوژمنان.
هیوادارم بەیەکگەیشتنی ئەم سەرکەوتنە مەزنە و جەژنی ڕۆژووی خوشک و برایانی ئێزیدی ببێتە هۆی سارێژبوونی برینی ئێمە و ئەو ئازیزانە و گەلی کوردستانیش لەوە دڵنیا دەکەین کە سەری دوژمنان دەکەوێتە ژێر پێیان.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی هەمیشە زیندوو. دوعای چاکبوونەوەی بە پەلەش بۆ بریندارەکان و دەست و چاوی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان ماچ دەکەم کە من دەزانم چ قارەمانییەکی مەزنیان تۆمار کردووە.
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
19ـی 12ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 206

## تانەدان لە حکومەتی هەرێم سزای لەسەرە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012120815003474236



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 207

## تکایە ئەم کۆیلەیە بێدەنگ بکەن!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070622420785698

بەڕێز/سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بەڕێزان/جێگرانی سکرتێری گشتی(ی.ن.ک(
بەڕێزان/کارگێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی
بەڕێزان/ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند
بەداخەوە ماوەیەکە لێرەو لەوێ کۆیلەیەکی هەڵپەرستی قەڵەم فرۆش، بەفیت و هانی مشەخۆرانی نێو یەکێتیی، خەریکی دروست کردنی دووبەرەکێیە لەنێوان کادرانی سنووری گەرمیان، لەژێر ناوی جیاجیای گەنجان و لاوان و ڕێکخراوی جۆراوجۆر..هتد. بەیاننامەی چەواشەکار بەراسپاردەی چەند مەسئولێکی نامەسئول، خۆی کردۆتە دەنگی نارەزایەتی سەبارەت بەگۆڕانکاری ئیداری سنووری گەرمیان، جار دەدات..
دیارە ئەم خۆ بەگەنج زانە بۆتە مایەی ڕاوانانی دەیان گەنج و دڵسۆزیی یەکێتیی، ئاشکراشە بەوشە بێنرخەکانی خزمەت بەکەسانێک دەکات، کەلەماوەی20و چەند ساڵی رابردوودا نمونەی نەشیاو و خراپ بوون لەنێو خەڵکی گەرمیان، کەگەندەڵی و دەستەگەری و خۆدەوڵەمەند کردن و خزم و خزمینە پیشەی هەمیشەیان بووە، لەنێو ئەم سنوورە سەراپا سەوزەی جاراندا.
بەڕێزان لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کەپرۆسەی دیاریکردنی کەسانی شایستە بۆ ئەو پۆستانەی کەبەر حزبەکەمان کەوتووە زۆر بەشەفافی لەڕێگەی پێوەری شیاو و دڵسۆزی و خۆشەویستی لەنێو خەڵک، بەپێی سیقی، لەنێو ڕێکخستنەکان و کۆمیتەتێکۆشەرەکان کەسەدان و هەزاران کەسوکاری شەهیدو پێشمەرگەدێرینەکان و زیندانە سیاسیەکانی یەکێتیی بەویژدان لەڕێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسی و شەفافەوە بریار دەدەن کێ بۆ کام پۆست بێت، دەست نیشان دەکرێت .
هەڤاڵان بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان:-
-1بەرپرسی کۆمیتەکانی سنووری مەڵبەندی گەرمیان لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمیتەکان، ئەو کادرانەن کەزیاتر لەساڵێکە لەسەر قوتی ماڵ و منالیان کرێی بارەگاکانی حزبیان دابینکردووەو بەوپەڕی دڵسۆزی و شەونەخەونی بۆ یەکێتییەکەیان هەمیشە لەمەیداندان، لەبەرامبەر خەڵکانێک کەزیاتر لە20وچەند ساڵێکە باوەشیان بەکورسیەکانیان کردووەو دەستبەرداری نابن، لەئێستاشدا کەلەژێر فشاری جەماوەر بەرەو ئاراستەی ڕاستەوە هەنگاو دەنرێت لەلادان و دانانی کەسانی شیاو لەشوینی شیاو ئەم برادەرانە هەناسە برکێیانە لەرێگەی ئەم کۆیلەوە تانە لەیەکێتییە خۆنەویستەکانی نێو یەکێتیی دەدەن .
-2بێگومان ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە لە(کەلار، کفری، خانەقین، رزگاری، باوەنوور)و..هتد، بۆیە دەبێت ئەم ئیدارەیە نوێنەرایەتی راستەقینەی کۆی ئەم ناوچەیە بکات و مافی هەموو لایەک وەک یەک لەبەرچاو بگرێت.
-3قسەسواوەکانی ئەم کۆیلەیە بەناوی گەنجانەوە بەهیچ شێوەیەک تەعبیر لەخواستی راستەقینەی ئەو گەنجانە ناکات کەلەکایە زیندووەکانی نێو یەکێتیی ڕۆڵی خۆیان دەگێرن و لەخەباتی بەردەوامدان، وتەکانی سەرەوەمان شایەتی ئیرادەی دەنگدەری راستەقینەی یەکێتییەو بێ ئەملاو ئەولا دوایی قسەی کۆتایی خۆی دەکات و بریار دەدات.. ئەگەر واش نییە با ئەم کۆیلە

بەناو گەنجە خۆی بەیان بکات؟
لەگەڵ رێزدا
گەنجە دڵسۆزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەرمیان
5/7/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 208

## تیرۆرکردنی دکتۆر خالید سەعید و حسێنی باباشێخ لە کارەساتی هەکاریدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090210242465334



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | عەرەبیSA |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 209

## تیرۆرکردنی عەلی عەسکەری لە کارەساتی هەکاریدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090210260572803



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | عەرەبیSA |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 210

## تیرۆرکردنی مەشعەل تەمۆ لەلایەن بەشار ئەسەدەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012101119510773407




...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 211

## تیرۆری کاوە گەرمیانی تاوانێکە دەسەڵاتدارانی کوردستان لێ بەرپرسیارن!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120614110287392

بەپێی ئەو هەواڵانەی بەدەستی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی گەیشتوە، کاوە محەمەد ئەحمەد ناسراو بە کاوە گەرمیانی ڕۆژنامەنووس و سەرنوسەری گۆڤاری رایەڵ و پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوینە وسایتی ئاوینە نیوز ئێوارەی پینج شەمە 5-12 لە لایەن چەند چەکدارێکەوە لەبەردەرگای ماڵەکەی خۆی بە پێش چاوی دایکیەوە بەشێوەیەکی ئەوپەری دڕندانە لە گەڕەکی (سەرکەوتن) قەزای کەلار تیرۆر دەکرێت.

تیرۆری کاوە گەرمیانی ئایندەی ئازادی لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا مافیا و میلیشیایەدا بە تەواوی رۆشنکردەوە. کە لەماوەی 22 ساڵی رابردوودا و لە ژێر سایەی دەسەڵاتی یەکیتی و پارتیدا، چەندین نەیاری سیاسی و رۆژنامەنوسان وهەڵسوراوانی کۆمۆنیست وچەپ تیرور کراون وەیان رفیندراون وئیهانەتو سوکایەتیان پێکراوە، زیاتر لەمانەش وەلامی خواست و داوا ڕەواو بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان هەمیشە بە زەبری چەک داوەتەو. تاوانی رۆژنامەنوسان وهەڵسوراوانی سیاسی ئەوەیە ئاستەنگی لەبەردەم ڕاوروت و گەندەڵی و زوڵم ستەم وبەتاڵانبردنی سەروەت سامانی کۆمەڵگادا دروست دەکەن.

تیرۆری کاوە گەرمیانی تیرۆری هەموو دەنگێکی ئازادە لە کوردستاندا. تیرۆری قەڵەمە ئازاو بوێرەکانە، هێرشە بۆ سەر سەرجەم مافە مەدەنی و ئازادی و ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان، وەڵامی دەستەو تاقمی میلیشاياکانی ئەو دەسەڵاتەیە بەو نارەزایەتیانەی بەرامبەر زوڵمو ستەم و ناعەدالەتی کۆمەلایەتیەی لەکوردستاندا بەریوەی دەبەن. پیویستە بە ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەی وەلام وەرگرێتەوە، ئازادیخوازان و ئینسان دۆستانی دنیای لێ ئاگادار بکریتەوە تا ئەم پیشلکاریانە کۆتای پێبیت.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی سەرباری بە توندی ئیدانەکردنی تیرۆری کاوە گەرمیانی، دەسەڵاتدارانی کوردستان و دەزگا ئەمنیەکانی گەرمیان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەرپرس دەزانێت لە دەستبەجێ دۆزینەوەی تاوانباران و گەیاندیان بە دادگایەکی ئاشکرا و عادلانە.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەسەر ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە تەواوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو وناوەندە نیودەولەتیەکان لە ئاستی جیهاندا ئاگادار دەکاتەوەو کەیسی کاوە دەکاتە کەیسێکی گرنگ لە ساڵ ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤدا.

ئێمە بەناوی ئەندامان و هەڵسوراوانی ڕێکخراوەکەمان ئەوپەری پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکارو هاوریان و دۆستان وهاوپیشەو هاوکارانی کاوەگەرمیانی دەکەین و لەم پرسەدا هاوخەم وهاودەنگتانیین.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی
6-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 212

**تیمێکی تۆڕی میدیایی رووداو لەکاتی رووماڵکردندا لەلایەن کۆمەڵێک لە لایەنگرانی پەیەدە دەدرێنە بەر چەقۆ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141008165657777720

رۆژی 8-10-2014 لە شاری هەولێر-ی پایتەختی باشووری کوردستان هەریەکە لە محەمەد عیزەدین و هەژار ئەرگۆشی، کامێرامانان و ریپۆرتەرانی رووداو، لەلایەن گرووپێکەوە دەدرێنە بەر چەقۆ و بەوهۆیەشەوە بەسەختی بریندار دەبن. ئەو هێرشەی سەر رۆژنامەنووسانی رووداو درێژکراوەی ئەو هەرەشانەیە کە لە رۆژئاوای کوردستانەوە بە دەرکردنی ریپۆرتەرەکانمان لە قامشلۆ و عەفرین دەستیانپێکرد و تاوەکو ئەمرۆ درێژەیان هەیە.

لەماوەی رابردوودا ریپۆرتەرەکانی ئەوروپای رووداو بە چەقۆ هەڕەشەیان لێکرا، بەداخەوە ئەمرۆ هەڕەشەکە لە هەولێر بووە کردەوە. ئەمە یەکەمجار نییە رۆژنامەنووسانی رووداو دەکەونە بەر هەڕەشە. مانگێک بەر لە ئێستاش هاوکارمان رەنگین شەرۆ لە هەولێر هێرشی کرایەسەر. هەروەها هاونیشتمانییەکیش لە پەخشی راستەوخۆی رووداودا لەلایەن هەمان گرووپەوە هێرشی کرایەسەر .

لە نووسینگەکانی ئامەد و ئەنقەرە و ئیستەنبوڵیش هەڕەشە لەسەر رۆژنامەنووسانی رووداو بە بەردەوامی هەبووە .

تۆڕی میدیایی رووداو کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان و کانتۆنەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی(پەیەدە) و حکومەتی تورکیا بە بەرپرسیار دەزانێت لە پاراستنی گیان و سەلامەتیی رۆژنامەنووسانی لە پارچەکانی کوردستان. داواش لە ئازادیخوازانی ناو پارتی کرێکارانی کوردستان و رێکخراو و دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکات لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسانی دەکرێن بێنە دەنگ. هەروەها سوپاسی هاونیشتیمانیان و دەزگا ئەمنییەکان دەکەین کە چوون بەدەم کارمەندەکانمانەوە.

رێکاری یاسایی خۆمان دەگرینە بەر و بینەران وبیسەران و خوێنەرانی رووداو دڵنیادەکەینەوە رووداو لەسەر رێبازی پیشەیی و کوردستانییانەی خۆی و داماڵراو لە هەژموونی سیاسییەکان و پارتەکان بەردەوام دەبێت.

توندوتیژی رووماڵی رووداو راناگرێت .

تۆڕی میدیایی رووداو

هەولێر - باشووری کوردستان

8-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 213

## تێکدانی شوێنەوارەکان، شێواندنی مێژوو ونکردنی ناسنامەمانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062706532578258

ماوەیەکی زۆرە لەپێناو قازانجی کەم و کورت و چەند پرۆژەیەکی گیرفان پڕکردندا، چەند کۆمپانیایەک بێ گوێدانە بەها مێژوویی و کلتوریەکان، گردو شاخ و خانووی دێرین و شوێنەواری ناسراوی کوردستان تێکدەدەن، رۆژێک لە دهۆک گۆڕستانێک، رۆژێکیش لە هەولێر گردێک و گۆڕستانێکی مێژوویی، رۆژێک لە کۆیە ریزە خانویەکی دێرین، دوێنێش لە سلێمانی خانوەکانی مەڵکەندی و سابونکەران و شێخان و ئەمڕۆش گردێکی مێژوویی ناسراوی ئەم شارە بەناوی گردی(دێ کۆن.(

گردی(دێ کۆن) و ئەو ئاسەوارانەی تیایدایە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیەکان، ئەم گردە لە نزیک سەرچنارە و لەساڵی (1943)وە مۆزەخانەی عێراقی بەیەکێک لە شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستان و عێراق ناساندویەتی، مێژووەکەشی وەک شارەزایان باسی دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ (3500)سێ هەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوپێش!!

ئێمە وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، چالاکوانان و ژینگە دۆستان، تەنها ئەرکمان خەبات و تێکۆشان نیە لەپێناو خواستەکانی ئەمڕۆدا، بەڵکو داکۆکی کردن لەمێژوو کلتور بەئەرکی سەرەکی خۆمان دەزانین، ئێمە پڕوامان وایە کە هەرنەتەوەیەک مێژووی نەبێت ئایندەشی رون نیە، بۆیە شەڕکردنمان لەسەر مێژوومان و کلتورمان بۆ زامن کردنی ئایندەی نەوەکانمانە.

لێرەدا پەیاممان بۆ کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنان ئەوەیە کە چەند دینار و دۆلارێک ئەگەر بۆ ئەمڕۆ بەنرخ بێت، ئەوا شوێنە مێژوویەکانمان بۆ ئەمڕۆ و ئایندەمان زۆر بەنرخ ترن، بۆیە دەبێت دەست هەڵگرن لەم تێکدان و کاولکاریەی بەرامبەر مێژوو کلتوری ئەم وڵاتە دەیکەن.

دەبوایە کۆمپانیاکان هێندەی بایەخ دەدەن بە قازانجی مادی خێرا، ئەوەندە و زیاتریش بایەخیان بە قازانجی مەعنەوی و مێژوویی ئەم وڵاتە بدایە، ئاخر خۆ دەکرا لەگەڵ پرۆژەکەی(گوندی نالی) ی کۆمپانیای نالیا ئەو گردە مێژووییەی بهێشتایەتەوە و بیکردایەتە مۆزەخانەیەکی شارستانی نەک کاولکردنی (گردی دێ کۆن).

پەیامیشمان بۆ چالاکوانان، شوێنەوار ناسان و ژینگە دۆستان ئەوەیەکە با نەهێڵین مێژووی ئەم شارە و شارەکانی تری کوردستان و مێژووی ئەم نەتەوە و وڵاتە بخرێتە بەردەم کێلی شۆفڵەکانی وەبەرهێنانی هەڵە!!

با داواکاری گشتیش کاری یاسایی خۆی بکات و نەهێڵێت ئەم کارە نەشیاوانە بێ سزای یاسایی گوزەربکات.

26/6/2013

ڕێکخراوو کەسایەتیە پشتیوانەکان:-

- گروپی سولی ئۆن.
- کۆمۆنەی شار.
- رێکخراوی سروشت
- رێکخراوی ئاورینگ
- رێکخراوی هیوا
- رێکخراوی .CDO

•ڕێکخراوی کورد – ماد.
•ڕێکخراوی ئاینده بۆ داکۆکی له مافەکانی گەنجان.
•ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان – سەنتەری سلێمانی.
•ڕێکخراوی.CDDO
•ڕێکخراوی پشک.
•کۆمەڵەی ژینگەی سەوزی کوردی.
•کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز .
•تۆری هاورێیانی ژینگە.
•تۆڕبەندی ئیکۆپۆتامیا بۆ داکۆکی له ژینگەی میزۆپۆتامیا.
•کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.
•ڕێکخراوی.WTDO
•کەمپینی حەڤدە ملیۆنی دژی کاولکاری شوێنەوارەکان .
•شوێنەوارناس عبدالرقیب یوسف.
•سەنتەری راهێنانی دیموکراسی.
•پارێزەر رازاو أحمد شریف.
•ڕێکخراوی (WADI) ئەڵمانی.
•ڕێکخراوی.WOLA
•ڕێکخراوی شەیدا
•ڕێکخراوی دەریا
•ڕێکخراوی چرۆ بۆ داکۆکی له منداڵان
•ڕێکخراوی ئاینده بۆ داکۆکی لەپرسەکانی گەنج.
•سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان.
•کۆمەڵەی کوردستان بۆ راهێنەرانی مافەکانی مرۆڤ.KAHT
•ڕێکخراوی.KSDO
•ڕێکخراوی مەسەلله.
•کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.
•ڕێکخراویPDO
•یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان .
•کۆمەڵەی داکۆکی لەخاک و سەروەر شاری سلێمانی و دەوروبەری.
•ئەکرەمیساڵحی رەشە.
•ڕێکخراوی فیوچەر بۆگەشەپێدانی تواناکانی گەنجان.
•ڕێکخراوی کیدۆ
•ڕێکخراویDHRD
•سەندیکای کرێکاران
•ڕێکخراویYAO
•ڕێکخراوی ژینگە پارێزی بازیان.
•ڕێکخراوی سایە.
•ڕێکخراوی سارا.
•ڕێکخراوی ڤاز
•ڕێکخراوی ئەزمون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-06-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 214

## تێکدانی مزگەوتی ئەهلی سوننە لە تارانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکان بە توندی شەرمەزار دەکەین

http://www.kurdipedia.org/?q=20150803171356858055

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ڕابردوو لە شاری تاران، هێزەکانی حکومەتی ئێران مزگەوتێکی ئەهلی سوننەتیان بە تەواوی تێکدا و ئەوەش تاوانێکیتری ئەم حکومەتی تۆمار کرد دەرهەق بەکەمایەتییەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا..
ئەم مزگەوتە لە شوێنێکی پێتەخت بە ناوی (پونەک) هەڵکەوتووە و ماوەیەکی زۆر بوو لە لایەن حکومەتە داخرابوو. چون بە پێی یاسای حکومەتی مەلاکان، هەبوونی مزگەوت بۆ ئەهلی سوننە لە شاری تاران قەدەغەیە.
ئەهلی سوننە لە ئێران، سەرباری ئەوەی بەشێکی هەرە زۆری ئێران پێک دەهێنن بەڵام بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و ستەمی حکومەت دابوون بە ئێستاشەوە. نەبوونی بەرپرس و کاربەدەست بە پلەی باڵا کە (سوننە) بن بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە.. لە حاڵی حازردا ژمارێکی زۆر لە پێرەوانی ئەهلی سوننەت تەنها بە هۆی ئەوەی (سوننە)ن زیندان کراون و ناوەناوە لێشیان ئیعدام دەکرێت. وەک نموونە لە ڕۆژی 4ی ئازاری ئەمساڵ شەش کەسیان کە کورد بوون لە سێدارە دران.
دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی کەمایەتییەکان و بە تایبەت سوننە تا ئەو رادەیەی بە نارەسمی بە (کافر)یشیان لەقەڵەم دەدەن هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری حکومەتی خومەینیەوە هەبووە و دەستووری ئەو وڵاتەش لەسەر مەزهەبی شیعەی نووسراوە. ئەوەش بە واتایە نیە کە حکومەتی ئێران لاگری شیعە بێ!!
حکومەتی ئێران حکومەتێکی توندڕۆی ئیسلامییە کە لەبەرچاوکردنی ئاپۆرەی 80 ملیۆنی ئەو وڵاتە، ریکۆرددداری ئەو وڵاتانەیە سزای ئێعدامی تێدا ئەنجام دەدرێت. لە سێدارەدراوەکان نەیارانی ئەو دەسەڵاتەن کە هەموو پێرەوانی نەتەوە و ئایینەکان دەگرێتەوە و لە ناویاندا شیعەش.
کۆمەڵەی دۆستایەتیی گەلانی ئازاد، وێرای شەرمەزارکردنی ئەو حکومەتە و بە تایبەت تاوانی تێکدانی مزگەوتی ئەهلی سوننە لە تاران، داوا لە هەموو لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەکان دەکات بەرامبەر بەو تاوانەی حکومەتی مەلاکانی ئێران هەڵوێست وەربگرن.
کۆمەڵەی دۆستایەتیی گەلانی ئازاد- کوردستان
3/8/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 215

## تەعریبکردنی شاری کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20140520130542763800



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 216

## تەقینەوەکەی شارۆچکەی عەنکاوە هەوڵێکی ترسنۆکانەی تیرۆریستانەیە و ئیدانەی دەکەین

http://www.kurdipedia.org/?q=20150418213844651148

-جەماوەری شاری هەولێر...
-وڵاتپارێزانی کوردستان...
ئێوارەی رۆژی هەینی 2015/4/17 تیرۆریستان لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە شارۆچکەی عەینکاوە، لەنێوان بنکەی پۆلیسی عەینکاوە و بارەگای کونسوڵخانەی ئەمریکی، لە پێش کافتریای (نیلی) لەهەوڵێکی ترسنۆکانە و کارێکی تیرۆریستییانەدا هەوڵی تێکدانی باری ئاسایشی هەولێری پایەختی کوردستانیانداو، لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەک هاووڵاتی .
ئێمە لە YNDK لەکاتێکدا ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەین، هاوکات بەهەوڵێکی ترسنۆکانەی تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی کوردستانی دەزانین بۆ تێکدانی باری ئاسایشی باشووری کوردستان، ئەم هەوڵانەی تیرۆریستان هاوکات بەڵگەی شکستخواردن و دۆرانیانە بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و خۆراگریی جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان، ئەم کارە قێزەونەی دوژمنان وەک هەر تاوانێکی دیکەی تیرۆریستییان کار لەئیرادەی خەڵکی کوردستان ناکات بۆ درێژەدان بەئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیان، بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان و ورەو هێزی زیاترمان پێدەبەخشێ بۆ رووبەڕووبوونەوە و تێکشاندنی بەرەی تیرۆر و شکستپێهێنانی کار و هەوڵەکانی گروپی تیرۆریستی داعش لەهەموو بەرەکانی جەنگدا .
هەر بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بەکەسوکاری شەهیدەکان رادەگەیەنین و، هیوای چاکبوونەوەی خیراش بۆ بریندارەکان دەخوازین و، داوا لەخەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەکەین چاوکراوەتربین و یەکدەست بین لە روبەڕوبوونەوەی تیرۆریستان و هەموو ئەوانەی چاویان بەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و پێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵنایەت، بێگومان یەکریزی و کۆدەنگیمان باشترین چەکە بۆ تێکشکاندنی دوژمنانمان و لەهەمان کاتدا هەوێنی سەرکەوتن و هەنگاونانمانە بۆ ئارامی و سەربەخۆیی کوردستان.
-نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدان
-رووڕەشی و سەرشۆری بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان.
مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK
28ی نەورۆز/ 2715 ی کوردی
18 / 4 / 2015زایینی
هەولێر - باشووری کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 217
## جەعفەر ئیمنیکی بەیاننامەیەکی توندی لەدژی یوسف محەمەد بڵاوکردەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015081002430785843

دەقی راگەیێندراوی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
بۆ/ رای گشتی کوردستانی
ئەمرۆ 2015/8/9 جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، راپۆرتێکی سەبارەت بە پرۆژەی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەئیمزای شەش ئەندام لەکۆی یازدە ئەندام پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردوە، کە لەبنەرەتدا ئەو راپۆرتە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان رەتکراوەتەوەو بە نایاسایی لەقەڵەم دراوە.
ئەگەر بەچاوێکی لۆژیکیانە لەرەوتی رووداوەکان بروانین دەبینین سەرەتا شێوازی پێشکەشکردنی پرۆژەی ئاماژە پێکراو لەلایەن بزوتنەوەی گۆران و خستنە رووی لەدانیشتنی 23-ی حوزەیرانی رابردوو کە مشتومڕی زۆری لەسەر هەیەو تێپەراندنی بەزۆرینەی شلۆق بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتەی لەسەر ئامادە بکرێ خۆی لە خۆی دا مایەی هەڵوەستە کردنە و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی ئاسایی یاخود نا ئاسایی پەرلەمان دەچێتە خانەی دوورکەوتنەوە لەسازانی نیشتمانی و پێشێلکردنی ئەو بنەمایەی کە ئەم خولەی پەرلەمان و کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ هاتە کایەو وا پروات رەوشەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەبات چونکە هەموو ئەو هەنگاوانە تەنهاو تەنها دوورکەوتنەوەیە لە سازان و پەنابردنە بەر زۆرینەیەکی شلۆق و فەرامۆشکردنی دەنگی سەدان هەزار هاوڵاتی کوردستان و هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی پرۆسەی سازان تارادەیەک لە نێوان لایەنە سیاسیەکان ئاڵۆز بێت و پەرلەمانی کوردستانیش لەبری ئەوەی وەک هەمیشە بەشێک بێت لە چارەسەری و سەقامگیریی سیاسی ئێستا نەک هەر بەشێکە لە قەیرانەکان بەڵکو ئاڵۆزتریشی کردوە بەداخەوە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ماوەیەکە ئەدای کاری یاسایی خۆی ناکات و تەجاوزی کارو دەسەلات و تایبەتکارەکانی خۆی کردووە بەدەر لەبەرپرسیارێتی یاسایی و پەرلەمانی بەشێوازی جۆراوجۆر شوێنی لیژنەی یاسایی گرتۆتەوەو بەزەقی پێشێلکاری ماددەی 11 و برگەی 1 و 11ی مادەی 17 و برگەی 3 ی ماددەی 18 و برگەی 5 ی ماددەی 39 ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و برگەی 10ی مادەی 56 لەیاسای ژمارە 1 ی ساڵی 1992ی هەموار کراوی کردوە.
بەداخەوە ئێستا پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت وەڵامێکی دڵنیایی بە خانەوادەو کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان بداتەوە کە ئێستا لەبەرەکانی جەنگی دژ بە داعشن هەر لەشنگالەوە تا خانەقین و ناتوانێت نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان کەم بکاتەوە کە لەبەردەم تەلاری پەرلەمان لێدوانی توند و تیژ دەدرێت و تەواوی خەڵکی کوردستان توشی نائومێدی بوونە و پرۆسەی سیاسی بەو کارە نەبەرپرسانەیە گەیشتۆتە لێواری هەرەسهێنان و پەککەوتن شاهێدی ئەوە دەدەم کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان زوو دەستی کرد بە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بەڵێم بەدەستێوەردانی دەرەکی لایەنێکی سیاسی کە بزوتنەوەی گۆرانە هەموو پرۆسەکە بە ئاراستەیەکی حزبیانە برا و لە پرۆسەی چاکسازیەوە بەرەو تەحەدای پەراوێزخستنی لایەنێکی سیاسی برا کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە، تا هەوڵەکان گەیشتە ئەو رادەیەی بەرەیەکی سیاسی دژ بە یەک دروست بکرێ.
بۆیە خەڵکی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی شەهیدە قارەمانەکان دڵنیا دەکەینەوە کە هەموو هەوڵەکان چڕتر دەکەین بۆ گەیشتن بەسازانی نیشتمانی و یەکلایی کردنەوەی ئەم پرسە بە سازان
د. جعفر ئیبراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

09-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

جۆری دۆکومێنت: •زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 218

## چالاکیەکانی حزب لەدەرەوەی وڵات لە 1ی ئایاردا لەوڵاتەکانی: سوید، ئەڵمانیا، ئوستراليا، فنلاندا، نەرویج، دانمارک، هۆڵەندا، سویسرا، کەنەدا و بەریتانیا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051514464085316

رۆژی 1ی ئایاری، نارەزایەتی کرێکاران بەدنیای پرئەزمەو نەهامەتی بێکاری و گرانی و جەنگی سەرمایەداران و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان، لەداواکاری و خواستەکانی کرێکاران و ئیتحادیەکانیان دیارو بەرجەستەبوو، لەزۆرێک لەوڵاتەکانی دنیادا لەم رۆژەدا بەبەرزکردنەوەی خواستە کرێکاریەکان و بەئاڵای سورو وێنەی مارکسەوە، چالاکی نواندن لەدوو رۆژو سێ رۆژدا وەک یەکێتی و هاوپشتی جیهانی چینایەتی کرێکاران چالاکی سازدرا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان/ رێکخراوی دەرەوە لەماوەیەدا لەوڵاتە جۆراوجۆرەکان چالاکی جۆراوجۆریان سازداو بەشداریان کرد.

سوید:

رێکخراوی ستۆکهۆڵمی حزب وەکو هەمیشە، ئەمساڵیش لەپاڵ حزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیست و رێکخراوە کرێکاریی و رادیکاڵەکاندا، بەشداری لە مارشی ئایار، رۆژی هاوپشتی و هاوچارەنوسی ئێونەتەوەیی جیهانی چینی کرێکاردا، کرد... هەروەها بەمێزکتێب کە بەشیک لەئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزب و هاوکات بەیاننامەی ئایاری لەسەر دانرابوو، بەشداری کرد... شایانی وتنە لەپاڵ مێزکتێبەکەدا، تیشێرتێک کەرەسمی مارکسی لەسەر کێشرابوو وە بە زمانی ئینگلیزی لەسەری نوسرابوو دنیا هێشتا پێویستی بە مارکسە، جێگای سەرنجی ئامادەبوانی ئایار بوو، وە ژمارەیەک لەم تیشێرتە لەو بۆنەیەدا فرۆشران...

ئەڵمانیا:

رێکخرای حزب لەشاری کارلسرۆ، بەشداری کۆبونەوەو رێپێوانی 1ی ئایاری لەگەڵ ئیتحادیە کرێکاری و حزبە کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکانی ئەلمانیادا کرد لەو شارە، وە ژمارەیەک لەدۆستانی حزب بەشدار بوون، هەروەها خیمەی حزب دانرابوو بەلافتەی حزب و مێزکتێب و بەبەیاننامەی رێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەزمانی ئەڵمانی، و هەروەها فۆرمێکی پشتگیری لەداواکانی کرێکارانی کوردستان، کەلەلایەن ژمارەیەک حزبی کۆمۆنیست و رابەرەکانیان و ژمارەیەک کەسایەتی ترەوە ئیمزا کرا لەوانە: لەلایەن، lalaian ilona hermannلەئینتەرناشنال سۆشیالیست لیکا، لەلایەن، lalaian Helmut wodaلەحزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا و لەلایەن، almania lalaian mishl dadmenلەحزبی ماکسیست لینینستی ئەڵمانیا.

ئوستراليا:

ڕۆژی 1ی ئایار:

ڕۆژی 1ی ئایار کۆمیتەی هەمبەستەگی لەگەڵ کرێکارانی ئێران لەئوستراليا، پانێلێکی ڕێکخست، هاوشانی پانێڵستەکان جەبار مستەفا باسی لە وەزعی سیاسی عیراق وکوردستان و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کرد.

ڕۆژی 2ی ئایار:

خۆپیشاندانی ئایار کە لەلایەن کۆمیتەی مەدی دەی یەکێتی یە کرێکارییەکان سەرپەرشتی دەکراو زۆرێک لەئیتحادیە کرێکاریەکان و حزبە کۆمۆنیستیەکان بەشداریان تێدا کرد، هاوکات ڕێکخراوی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەشداری کردو لافتەو دروشمی ئایاری بەرزکردبۆوە.

فنلاندا:

لە هێلسینکی یەکی ئایار بەرز ڕاگیرا

کاتژمێر 11 بە بەشداری زیاتر لە سێ هەزار کەس مارشی یەکی ئایار لە هێلسینکی کەوتەڕێ. هاوکاتی ئیتحادیە کرێکاری و حزبە کۆمۆنیستەکانی فنلاندا، ڕێکخراوی فنلاندای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان چالاکانە بەشداریان تێدا کرد. دروشمی "تەنها چینی کرێکار دەتوانێت کۆمەڵگایەکی باشتر بنیات بنێت" بوە مایەی سەرنجی خەڵکی. هەروەها لەتۆری هاکانیێمی چادر و مێزکتێبی حزب بەئەدەبیاتی حزب دانرابوو.

نەرویج:

ڕێکخراوی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداری لەکۆبونەوەو ڕێپێوانی گەورەی 1ی ئایاردا کرد، وە لەوێدا بەیانی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب بەزمانی ئینگلزی بڵاکرایەوەو لافتەو تراکتی حزب لەسەر ئایار هاوکاتی لافتەو تراکتی ئیتحادیە کرێکاری وحزب و لایەنی تر بەرزکرایەوە. وە تەلەفزیۆنی کوردستان تیفی مقابەلەی ئەنوەر نوری کرد وەک کادری حزب بە ناونیشانی پەیامتان بۆ کرێکارانی کوردستان لە نەرویجەوە. چیە.

دانمارک:

ساڵانە بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی دانمارک بە بانگەوازی سەندیکا کرێکاریەکان ڕێپێوان و مەراسیم بەڕێوە دەچێت.

وە بەتایبەتی لە کۆپنهاگنی پایتەخت بەبانگەوازی سەندیکای سەرتاسەری دانیمارک (LO) بە بەشداری سەدەها هەزار کەس لە fælledparken کە دەکەوێتە سەنتەری کۆپنهاگن مەراسیمی گەورە بەڕێوەدەچێت و سەرۆکی سەندیکاو حزبە چەپ و سۆسیال دیموکراتەکان وتار پێشکەشدەکەن.

چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتە و حزب و کەسایەتی کۆمۆنیستی وڵاتانی تر کە دانیشتوی دانمارکن، شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە کە هەموو ساڵێک لەم شوێنە دیاریکراوە (Blågårds plads)یەکانگیر دەبن، بەدوای ئەوەی کە لەوێ وتارو قسەوباسی خۆیان پێشکەشدەکەن و داواکاری ساڵیان دەخەنەڕو، بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال بەزمانی دانمارکی کۆتایی بە مەراسیمیان دەهێنن و بە ڕێپێوان بەرەو فێلە پارکن بەڕێدەکەون. ئەمساڵ بە دروشمی ئازادی یەکسانی و هاوپشتی ڕێپێوان ماوەی سەعات و نیوێک لەناو شاری کۆپنهاگن بە ئاڵای سورو شیعاری جۆراو جۆر دژی سیاسەتی تەقەشوف و بەپرایفێتکردن، بەشەقامە سەرەکیە کانی

شاردا تێپەڕی کە بەکۆی دەنگ تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە دەبێت ئەم سیستەمی هاوکاریەی دانمارک بمێنێت و نابێت چیتر لێمان کەمبکرێتەوە. ڕێپێوانەکە شۆڕو شەوقێکی زۆری پێوە دەبیندرا وە وەک سالانی ڕابردو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداری ڕێپێوانی کرد بە تراکتی حزبەوە.

هۆڵەندا:

بەشداری لەمارشی 1ی ئایار ئەمستردام

لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە پیشەییەکانی هۆڵەنداFNV ، کە زیاتر لە 500هەزار ئەندامی هەیە، بە سازکردنی مارشێکی گەورەو بە بەشداری هەزاران کەس، ئەمڕۆ ئەمستردام پێشوازی لە ڕۆژی 1ی ئایار کرد. دەستەیەک لە هاورێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانو دۆستانێک بەشداری ئەم ئایارەیان کردو بە هەڵگرتنی دروشمێکی گەورە کە بە ئینگلیزی لەسەری نووسرابوو، کرێکارانی جیهان یەکگرن!

کاتژمێر 11 مارشەکە بە گردبوونەوە لە مەیدانی(RAI) دەستیپێکردو سەعات 12 بە ڕێپێوانێکی گەورەو شکۆدار بەرەو (مارتن لوسەر پارک) بەڕێکەوت. دروشمی سەرەکی ئەم مارشە بریتی بوو لە؛ کاری تەواو و گونجاو بۆ 600هەزار کرێکار کە بە مناوبە کاردەکەن، وە بەرزکردنەوەی ئاستی تواناى کڕینی کرێکارانو بەرزکردنەوەی کرێکانیان، دروشمی سێهەمیش، خزمەتگوزاری باشو پێویست بۆ گەورەساڵانو خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان. ئەم دروشمانە بە بڵندگۆی گەورەو لە هەزاران گەرووی کرێکارییەوە بەدرێژایی ڕێپێوانەکە دەووترانەوە. ڕاگەیاندنەکانی هۆڵەندا بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەی ڕووماڵکردنی ئەم مارشە ئایارییە بوونو دەیان کامێرای تەلەفزیۆنیو دیجیتاڵ سەرقاڵی گواستنەوەی ئەم ئاکسیۆنە کرێکارییە گەورەیە بوون.

میتینگو مارشەکە تا دەمژمێر 5 ئێوارە درێژەی کێشاو وێرای گواستنەوەی زیندووی لەڕێی تەلەفزیۆنەوە، چەندین دێباتو گفتوگۆو چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ سازکران لەبارەی کارو چالاکیو ئەجێندای چالاکیو هەڵسووڕانی بەشە جیاجیاکانی هاوپەیمانی نێو ئەم فیدراسیۆنە کرێکارییە. شایانی ووتنە، هەموو ڕێوشوێنێکی پیویست بۆ بۆ سەرخستنی ئەم مارشە ئایارییە گیرابووە بەرو کرێکاران بە شۆڕو سەوقەوە ئامادەگی خۆیان نمایشدەکرد.

لەهۆڵەندا ڕۆژی 1ی ئایار پشووی ڕەسمی نییە. تا ئەم ئایارەش هەندێ دامودەزگای ڕەسمی، وەکو زانکۆی ئازادیو زانکۆی ئەمستردام لەڕۆژی 1ی ئایاردا دەکرایە پشوو. لێرەبە دواوە ئەوانەش نەماو بەم شێوەیە لە هۆڵەندا 1ی ئایار لەلایەن دەوڵەتەوە وەکو ڕۆژێکی پشووی ڕەسمی ناناسرێت. بەڵام ڕێکخراوە کرێکارییەکانو فیدراسیونەکانیان ساڵانە لە 1ی ئایاردا هێزی چینایەتی خۆیان نمایشدەکەنەوە بۆ سەپاندنی خواستو مافەکانیان.

سویسرا:

1ی ئایار:

بەبۆنەی رۆژی جیهانی چینی کریکار 3 ڕۆژ چالاکی جۆراجۆر لە سویسرا بەرێوەچوو

کۆمیتەی مەراسیمی1ی ئایار لەشاری زیورخی سویسرا کەپێکهاتوە لەدەیان رێکخراوی کۆمۆنیستی و چەپ و رادیکال و یەکیتی کرێکاری وهەردووحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراق، ئەندامن لەم کۆمیتەیەدا وەک هەموو ساڵیک بۆ ماوەی 3 رۆژ زنجیرەیەک چالاکی لەخۆپیشاندانو سیمیناراتو لێدانی کورتە فلیم لەسەر قەیرانی سەرمایەداری و روداوو پێشهاتە جیهانیەکان لەپەیوەند بەبزووتنەوەی کرێکاری وبەرەنگاربوونەوەی داعش ودۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وکێشەکانی پەنابەران،... زۆر بابەتی باس و تەوەرەکانی گفتوگۆی ئایاری ئەمساڵی لەخۆگرتبوو.

کۆمیتەی ئایارلە بەیانی 1ی ئایاردا لە کاتژمێر 9ی بەیانیەوە لەمەیدانی هێلێتیاپلاتزەوە رێپێوان بەئامادەبونی زیاتر لە 10000 کەس سەرباری خراپی ئاووهەواو بونی بارانی بەردەوام دەستی پێکردو بەناوەندی شاردا تا کاتژمێری 12 نیوەرۆ بەدەیان درۆشمی جۆراجۆر وسردوی ئایار بەردەوام بوو. شایەنی باسە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حزب بەبەرزکردنەوەی لافیتەو تراکتی حزبەوە بەشداربون بەئامادەبونی دەشتی جمال بەرپرسی رێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، پاشان لەساحەی مەراسیمەکانی ئایار بەیانی حزب بۆ یەکی ئایار بلاو کرایەوە هەروەها خیمەی رازاوەی حزب بەلافیتەو شیعارات و وێنەی مارکس ومنسورحکمەت رازابوەوە تادرەنگانێکی شەو بەردەوام بوو.

2ی ئایار:

رۆژی دووهەم بەهەمان شێوە بەبەشداری ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حزب و ڕێژەیەکی بەرچاو لەجالیەی کوردستانی لەدەرەوەی خێمەی حزب بەمۆسیقاو هەڵپەڕین تادرەنگانی شەو بەردەوام بوون.

3ی ئایار:

لەسێهەمین رۆژی چالاکیەکانی ئایاردا سەرباری دانانی خیمەی تەبلغاتی حزب و بلاوکردنەوەی بەیاناتی حزب، لەکاتژمێر 2ی پاش نیوەرۆ کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار کۆرێکی بۆ هاورێ دەشتی جمال سازدا، هاورێ دەشتی بەدرێژی باسی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەی لەسایەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو شەڕی نێوان 2 قوتبی شیعی وسونی وبەهاری عەرەبی و شەری سوریاو عێراق، دەوری داعش و هێرشەکانی و بەربەریەتی ئەم هێزەی بۆئامادەبوان رونکردەوەولەو نێوەدا مقاوەمەتی ژنان و پیاوانی کۆبانی وەک ئەلگۆیەکی عەمەلی بۆعێراق وکوردستان و بەدەستەوەگرتنی لەلایەن حزبەوە باس کرد.

بەشی دووەمی باسەکەی لەسەر دۆخی کرێکارانی کوردستان و بونی بێکاری و نەبونی مافەکانی کرێکاران و ئاورنەدانەوەی دەسەلات لەداواکانی کرێکاران و هەروەها باسی یاسای کاری کرێکاری کرد کە لەلایەن حزبەوە پێشنیارکراوەوهەروەها باسی لەیاسای یەکسانی ژن وپیاوان کرد کەوەک بەدیلی حزب ترح کراوە وداوای پشتگیری بۆهەردوو یاسای پێشنیار کراوی حزب کردولە دریژەی قسەوباسەکاندا بە سلاید وینەو کورتە فلیمی کارو ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران وقوربانیانی شۆینی کاروچالاکی رێکخراوەکانی ژنان وکۆمەک بە ئاوارەکانی لە لایەن فیدراسیۆن و گروپی هاناوە نیشاندا، پاش وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری ئامادەبوان لەناو پێشوازی ئامادەبوواندا و دوای 1.30 کاتژمێر کۆتایی بەکۆرەکە هات .شایەنی باسە بەشێک لەئامادەبوان ئیمزایان لە یاداشتەکانی حزب دا وبەم شێوەیە کۆتای بەکۆرەکەهات. خێمەی حزب ئەمڕۆ سێهەمین ڕۆژی ئایار، تادرەنگانێکی شەوو کۆتایی چالاکیەکانی ئایاری ئەمساڵ بەدەوام بوو.

کەنەدا:

نمایشی ڕۆژی جیهانی کرێکار لەزۆربەی شارەکانی کەنەدا بەڕێوەچوو.

شایانی باسە کەڕۆژی کرێکار لەباکووری ئەمەریکا دەکاتە سەرەتای مانگی سێپتەمبەر، کەئەمەش جۆرێکە لەهەوڵی حکومەتە سەرمایەدارەکانی ئەم وولاتانە بەتایبەت ئەمەریکا وکەنەدا بۆبەلارێدابردن وجیاکردنەوەی چینی کرێکاری ئەوووڵاتانە لەگشت جیهان. بەڵام بەهۆی هۆشیاری چینایەتی کرێکارانەوە توانراوە بەبێ ویستی دەسەڵاتداران 1ی ئایار هەموو ساڵێک بەتایبەت ئەم سالانەی دوایی چینی کرێکاری ئەمەریکای باکوور لەگەڵ هاوچینەکانیان لەگشت جیهان ئەورۆژە پرژێنە سەرشەقام ودەنگی ناڕەزایەتی بەرزکەنەوە وشەقامەکان بگرنە دەست. ئەم ساڵیش لەژێر سایەی قەیرانە ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی وخزمەتگوزاریەکان و...تاد کەحکومەتی کەنەدای تێکەوتوە. بەدژی سیاسەتی لێگرتنەوە وکەمکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان وبەرزکردنەوەی

هەقدەست بۆ15$ لەسەعاتێک وبەرزکردنەوەی پارەی خوێندن و وەستانەوە بەدژی یاسای پێشنیارکراوی دژ بەتیرۆر کەلە ناوەڕۆکدا ئازادیە فەردیەکان بەرتەسکدەکاتەوە، ئەمانە و زۆر داواکاری تر، چینی کرێکار ویەکێتی وخەڵکی ئازادیخواز وچەپ لەزوربەی شارەکانی کەنەدا ڕێپێوان ڕێکخرا.

ئۆتاوا:

ڕێکخراوی هاوپشتی دژ بەلێگرتنەوە وبەپشتیوانی دەیان ڕێکخراو ویەکێتی ونەقابەی کرێکاری وپیشەیی وپارتی کۆمۆنیست وچەپ، کەلەنێویاندا هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق ڕێپێوانێکی نزیک بە400کەس بەڕێخرا کەلەبەردەم مۆنۆمێنتی مافی مرۆڤ دەستی پێکرد لەکاتژمێر 4ی ئێوارە بەرەو بەردەم ئۆفیستی سەرۆک وەزیران درێژەی هەبوو. لەوێدا بەشێک لەقسەکەران قسەی خۆیان کرد. شایانی باسە 9قسەکەری جۆراوجۆر هەبوون کەهەریەکەیان نوێنەرایەتی بەشێک لەکرێکار وپیشەوەر وخوێندکار دەکرد.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/کەنەدا بەپلاکارتی تایبەت بەخۆی کەوێنەی مارکسی لەسەر کرابوو. هەروەها بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبیان بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە لەگەڵ بەیاننامەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق کەتێیدا داوای کۆمەک ویارمەتی کردبوو بۆئاوارەکانی کوردستان، لەئەنجامی جەنگی داعش. هەروەها دەیان ئیمزایان کۆکردەوە بۆ پرۆژەی پێشنیارکراوی یاسای کرێکاران کەحزب ئامادەی کردوە بۆپەرلەمانی کوردستان.

تۆرنتۆ:

ڕێپێوانێکی مەزن وشکۆدار بەبەشداری هەزاران کرێکار وپیشەوەر وخوێندکار بەڕێوەچوو لەبەردەم باڵەخانەی شارەوانی دەستپێکرا.

هەردووحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق وهاورێ ودۆستانێ حزب وکەسانی ئازادیخواز، بەپلاکارت ولافیتەی گەورە ودیار وسەربەخۆ کەرەسمی مارکسی لەسەر کرابوو بەشداریان کرد. هەروەها ژمارەیەکی زۆریان لەبەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیان بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە.

مۆنتریال:

ئەم شارە ئەمڕۆ 1ی ئایاری بەکاتی سەرلەبەیانی وئێوارە خرۆشاند. بەدەیان هەزار کەس هاتنە سەرشەقامەکان وئەوشارەیان شڵەقاند بەدژی حکومەتی لیبراڵ ولەدژی بانکەکان. بزووتنەوەی دژ بەکەپیتالیزم ڕێکخەری سەرەکی ئەوخۆپیشاندانە بوو. بەمەبەستی پەکخستنی بزنز وبانکەکان، سەرلەبەیانی لەمۆنتریالی کۆن کەزوربەی ئۆفیسی سەرەکی بانکەکانی تێدایە خۆپیشاندان دەستی پێکرد ودەستیان گرت بەسەر بانکێدا وشەر وپێکدادان لەنێوان پۆلیس وخۆپیشاندەران دەستی پێکرد.

ئێوارە کاتژمێر 7 دوبارە خۆپیشاندانی فەرمی کەبانگەوازی بۆکرابوو دەستی پێکرد لەشەقامی مەگیل دوای 10 دەقە پۆلیس لەترسی دووبارەبوونەوەی هەلومەرجی بەیانیەکە، ئەو خۆپیشاندانەی بەنایاسایی لەقەڵەم دا. بۆیە هێرشیانکردە سەرخۆپیشاندەران وبەگازی فرمێسکاوی ویستیان بڵاوە بەخۆپیشاندەران بکەن. بەڵام خۆپیشاندەران ڕووبەڕووی پۆلیس بوونەوە وبەگروپی بچووک بچووک لەشوێنی جیاجیا خۆپیشاندانیان دەستپێدەکردەوە. تاسەعات 9:30ی شەو. بەپێی هەواڵەکانی فریاکەوتن 2پۆلیس و3هاولاتی بریندار بوون. هەروەها ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیس وهاولاتیەک زەرەرمەند بوون. هەروەها نزیک 80کەس لەخۆپیشاندەران دەستگیرکراون کەتیایاندا 12کەسیان بەسزای تاوان سزا دراون. بەپێی هەواڵەکان شەوی 1ی ئایار توندوتیژی لەنێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس لەشوێنی جیاجیا تادرەنگانی ئەوشەوە بەردەوام بووە.

بەریتانیا:

1ی ئایار:

رۆژی 1ی ئایار ناوەندی شاری لەندەن مارشی جیهانی کرێکارانی بەخۆوە گرت

هەموو ساڵێل لە 1ی ئایاردا، کرێکاران و ئیتحادیە کرێکاری و حزبە کۆمۆنیستەکان لەبەردەم کتێبخانەی مارکسدا لەفارنگتن، بۆ ماوەی چەند کاتژمێریک کۆدەبنەوە، بەشیعارات و پلاکارت و دانانی مێزکتێب بەبونی کتێب و نامیلکەو بەیان و رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکردنەوەی هەزارن نوسخە لەبەیانەکان بەهۆی 1ی ئایارو خواستەکانی کرێکاران و هەلومەرجی کۆمەڵگا، بڵاودەکرێتەوە. ئەمساڵ کتێبخانەی مارکس دەرگای بۆ ئامادەبوان بەگروپ و دەستەجاتی جیاواز کردبۆوە بەبونی رێنیشاندەرو گێرانیان بەناو کتیبخانەکەو ناساندنی کتێبخانە و مارکس و کتیبەکان و کارەکانی و هەروەها لێنین و کاتی وجودی لەبەریتانیا و کارو بەرهەمەکانی و ناساندنی ئایسکرا. کەبەدەیان گروپ سەرەیان گرت و لەم ناساندنە بێبەش نەبوون.

ئەم هێزەی ناڕەزایەتی و هاوپشتی جیهانی کرێکار، لەکاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ بەرێپێوان ئاپورەی بەرزکردنەوەی لافتە گەورەکانی ئیتحادیە کرێکاری و حزبە کۆمۆنیستەکان لەبەریتانی و ولاتانی تر، کەدرێژایی چەندان کیلۆمەتر شەقامەکانی شاری گرتبوو و بەهەزاران کەس ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکانیان گرتبوو، بەوێنەو فیدیۆگرتنی رێپیوان و خواستەکان و وینەکانی مارکس و شیعارەکان.

رێپێوانەکە قەرەباڵغترین شەقامە حەساسەکانی ناوەندی شاری لەندەنی گرتبۆوە، تا گەشتنە ترافلگار سکوێر ناوەندی شاری لەندەن و ئەو شوێنەی کەشوێنی کۆبونەوەی ساڵانەی یەکی ئایارو نارەزایەتیە کرێکاری و 8ی مارس و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانە. لەلەوێدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێر رابەران و وتارێژانی ئیتحادیە کرێکاریەکان باسی هەلومەرجی ئەزمەو نالەباری ژیانی کرێکار و بەرگری لەموچەی کرێکاران و دژی بێکاری و دیفاع لەخاریجیانی بەریتانیا قسەیان لەسەر هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هەڵبژاردنی بەریتانیا کرد کەلەچەند رۆژی داهاتودا ئەنجامدەدرێت. وە قسەوباسیان لەسەر زەرورەتی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار کرد.

هەردوو حزی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق، وەک بەشێک لەو مارشەو ئیعلانی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکاریو وەک بەشێک لەهەموو رێکخراوەکانی تر حزب کەلەسەراسەری جیهاندا بەشداری دەکەن لەم رۆژەدا، هەروەها بەحزوری دەیان ئەحزابی کۆمۆنیستی تر، بەشداریان کردوو بەسەدان نوسخە لەبەیانەکانی هەردوو حزب بەزمانی ئینگلیزیان بڵاوکردەوە، بەرزکردنەوەی لافتەو پلاکارتی دنیا لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەئاڵوگۆرە بەوێنەی مارکسەوە، بەچەندین پلاکارتی هاوپشتی بۆ کرێکارانی کوردستان. وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ڕاگەیاندنێکی بەزمانی ئینگلیزی لەخواستەکانی کرێکارانی کوردستان و داواکردنی هاوپشتی بڵاوکردەوە.

2ی ئایار:

سازدانی پانێڵیک لەلایەن رێکخراوی بەریتانیای/ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە کەژمارەیەک کەس لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان و حزبی وٚرکر لیبرتی بەشداریان تێدا کرد.

نادیە مەحمود بەنوێنەرایەتی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، لەسەر هەلومەرجی عێراق و کوردستان و ژیان و گوزەرانی کرێکاران قسەوباسی کرد. وە شاعیرێکی ژنی بەریتانی چەند کۆپلە شیعری خوێندەوە.

نوری بەشیر، سەنەدی یاسای کاری کرێکاری لەکوردستان وەک ئەلتەرناتیف ناساندو داوای

ئیمزاکردنی فۆرمێک لەدواکاریەکانی چینی کرێکاری کوردستانی کرد. پانێلەکە لەلایەن گۆنا سەعیدەوە بەڕێوە دەبرا.

مێزکتێبی حزب بە یاسای کاری کرێکاری و بەیاننامەی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب و فۆرمی ئیمزای داواکاریەکانی کرێکاران و راگەیاندنی هاوپشتی بۆ کرێکارانی کوردستان، دانرابوون.

بەشی دووەمی بەرنامەکەش بەبۆنەی 1ی ئایارەوە گۆرانی و هەڵبەڕکێ و دانس و خواردن و خواردنەوە بوو.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان/ ڕێکخراوی دەرەوە

3ی ئایاری 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 219

## چاودێری کوردۆساید - چاک و دوانزە ساڵی پڕ خەبات و تێکۆشانی بەردەوام

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010909574984564

هاووڵاتیان و مرۆڤدۆستانی ئازیز
کەس و کاری قوربانیانی کیمیاباران، ئەنفالەکان و کۆمەڵکوژییەکان
خانەوادەی شەهیدان
چاودێری کوردۆساید - چاک، لە ڕێکەوتی 6/1/2002 دامەزرا، ئەمساڵ پێدەنێتە سیانزەهەمین ساڵی تەمەنیەوە. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، یەکخستنی هەوڵ وتێکۆشانەکان بوو بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدی کورد و بە دادگاییگەیاندنی بکەرانی لە " دەوڵەتان – کۆمپانیاکان-کەسەکان هەروەها کارکردن دژ بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەرامبەر گەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا.
ڕێکخراوەکەمان یەکەمین ناوە ندی کوردی بوو لە سە ر دۆزی جینۆساید لە هە موو بە شە کانی کوردستان کاری کرد.هەر زۆر زوو توانی وەک ڕێکخراوێکی بوێر لە هەوڵوێست و پشوودرێژ لە هەوڵدان و داهێنەر و بە سەلیقە لە کارکردن لە ناو جەماوەر بناسرێت، لەو کاتەوە تاکو ئێستا ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنە کوردی و بیانییەکانەوە گوێبیستی کارو چالاکییەکانی بووین.
کارە زۆرو زەبەنەکانی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید لە (12) ساڵی ڕابردوودا گەواهی چالاکی و دڵسۆزی ڕێکخراوەکەمان دەدەن، ئامادەبوونی لە هەموو شوێن و پێگەکانی تێکۆشان دژ بە کورد کوژی و پێشێلی مافی مرۆڤ و پێشێلی ئازادییەکان، ئامادە بوونمان لە هەموو ئە و خۆپیشاندان و چالاکی و ڕێپێوانانەی لە کوردستان و هەندەران ئەنجامدران.
چاودێری کوردۆساید یەکەم ناوەند بوو بۆ دۆزی ژینۆسایدی کوردی بە دیدێکی کوردی و کوردستانیانە هاوکات لە کوردستان و هاندەران ڕاگەیەنرا.
کارو چالاکییەکانی (12) ساڵی ڕابردوو هێندە زۆرن، پێویستمان بە کاتیکی زۆر دەبێت بۆ باسکردنیان.بەلام هێندە دەڵێن کە هەر ئەو چالاکیانە بوون ڕێکخراوەکەمانی خۆشەویست و ناسراوتر کرد.
چاودێری کوردۆساید لە هەوڵی بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجەدا دەست پێشخەربووە،لە جولاندنی هەندێک کەیسی هەستیاردا لە ڕیزی پێشەوەدا بووە. لە تۆمار کردنی

سکاڵادا لەسەر پرێک تاوانکاری جینۆساید، هاوکار و پاڵپشت بووە یاخود دەستپێشخەر بووە.
لە هەموو ئەو میحنەتانەی لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەرەو ڕووی کورد بونەتەوە،
ڕێکخراوەکەمان یەکەم دەنگ هەڵبڕ بووە و لە سەنگەری پێشەوە بووە، چۆن بۆ ئەنفال و هەڵەبجە سوتاوە، ئاواش یەکەم لایەن بووە یادی تاوانە کانی سەردەشت و قاڕنێ و قەڵاتان و عامودای کردۆتەوە.
چالاکانە پشکداری لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانرات کرد، سکاڵاکەرانی بۆ دادگا ئامادە کرد، شایەدحاڵی بۆ دۆزییەوە، چەندین خۆپیشاندانی سازو ئامادە کرد، بەشێکی گرنگ لە خەرجی پارێزەری قوربانیانی دابینکرد، ئاکامی ئەم رەنج و تێکۆشانەش سزادانی تاوانبار (رانسڤان ئانرات) بوو بە (17)ساڵ زیندانی. ئەم کارەش دەنگدانەوەی باشی لە ڕاگەیاننەکانی هۆڵەندی و جیهانی هەبوو، کە بەهاترین بەشداری کورد بوو لە دادگاییەکەدا،ئەویش بە سایەتی خودی دادگا.
چاک هەمیشە لە گەڵ خۆشی و ئازارەکانی کوردستانیانی سەرتاپای کوردستان و کوردانی هە موو جیهان ژیاوە، لە میحنەتەکانیان بە تەنیا بەجێیانی نەهێشتووە، لە گەڵ قامیشلو ومهاباد و ماکۆ و عامودا و کۆپانی لەسەر شەقامەکان بووە، لە کاتی تۆپباران و هێرشی داگیر کەران دەنگە زوڵاڵەکەی ناڕەزایەتی جەماوەر بووە، چۆن هەمیشە لەگەڵ هەڵەبجەو گەرمیان بووە، ئاواش بووە بۆ سنەو مەریوان و دیاربەکر. چاک چۆن بەپەرۆش بووە بۆ مافی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران، چۆن لە پێشەوە بووە بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد، ئاواش دژ بە موتوربەکردنی لیستی شەهیدان و پێشمەگەی دێرین بووە بە جاش و تاوانکاران، هەر بۆیەش کاتی خۆی پاکسازی لیستی شەهیدانی کرد بە ئەمری واقیع بەسەر وەزارەتی شەیهداندا.
هاوکات لە 14-4-2006 و 21-8-2008 بووە دەستپێشخەر بۆ جۆپشدانی شەقام و هوشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ داخوازی مافە یاساییەکانی و ناسینی کردەی ئەنفال بە ژینۆساید و داوای لێبوردن کردن لە کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە و داواکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی ئەنفال لە پێشیانەوە 18 پاکیزەکەی کورد لە میسر، هەروەها توانی چەندین شایەتی گرنگ بۆ دادگای باڵای تاوانەکان پەیدا بکات لەوانە هەردوو پرۆفیسۆری نەمساوی و بەلجیکی." هندریکس و فلارینکە"
چاک بەوە ناسراوە هەمیشە دەستپێشخەر بووە لە کار و چالاکی مەیدانییدا، هەر بەم هۆیەوە کاتێک مافی قوربانیانی ئەنفال پێشێل کرا سکاڵای خۆی تۆمار کرد دژ بە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدارییەتی لە عێراق، هاوکات بە هۆی کەمتەرخەمیان لە دۆزی ئەنفالدا داوای دەستلەکارکێشانەوەی باڵاترین دەسەڵاتی کرد لە کوردستان، بەم هۆیانەوە فشاری زۆری بۆ هێنرا، وەلێ ملی نەدا بە پاڵەپەستۆکان و لە میتۆدی کارکردنی خۆی لای نەدا و بەردەوام بوو لە هەڵوێستەکانی، چاک ئابلووقەو بایکۆتی پێ باشتربوو لەوەی تەسلیمی دەسەڵاتداران ببێت یا ببێتە داردەستی لایەنەکان.
چاک لە ریزی پێشەوەی کارکردن بووە بۆ وەستاندنی سزای لە سێدارە لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، بە شانازییەوە رۆڵێکی بەرچاومان هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی بریاری لە سێدارەدانی رۆژنامەنوس و چاڵاکوانان (هیوا بوتیمار و عەدنان حەسەن پور...(
لە رێکەوتی28/11/2012 سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی سوید تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند، دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ گەلەکەمان، کە کۆمیتەی سویدی چاک رۆڵی سەرەکی و گرنگی هەبوو تێیدا. هەر رێکخراوی ئێمە بوو دۆسیەی هەڵەبجە و ئەنفالی گەیاندە پەرلەمانەکانی سویسرا، بەریتانیا، نەرویج و گفتوگۆیان لەسەر کرا... چاک بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا توانی لە ئازاری 2012 کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە نێو بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێڤ بەبەشداری کۆمەڵێک پسپۆری کورد و بیانی ساز بکات...
لە ئاستی کارکردن دژ بە تیرۆری چالاکوانان و رۆژنامەنوسان رۆڵی کاریگەرمان هەبووە لە ئەوروپا و کوردستان، لە گەیاندنی هەواڵی تاوانەکان و لە قاودانییان وە فشار خستنە سەر دەستەڵاتی وکوردی بۆ سزادان و دادگاییکردنی بکوژان. وەک چۆن هەمیشە پشتگیری داخوازی و داواکاریی خۆپیشاندەران و جەماوەری نارازی کوردستانی کردوە...
لەسەر ئاستی نووسینگەی باشوور و کۆمیەی ولاتەکان لە ئەوریا کۆمەڵێک چالاکی باش و گرنگ ئەنجام دران، کە بە هەموویان خەرمانی چالاکیەکانی (چاک) یان پێ مەزن کردوە.
هەموو دەزانین کە هێرشی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی رابردوودا و جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزیدی، جارێکی تر سەلماندیەوە، کە هێشتا گەلەکەمان تەنانەت لە باشوریشدا لە هەڕەشەی جینۆسایدی تر رزگاری نەبووە.

چاودێری کوردۆساید - چاک پریارە لە داهاتویەکی نزیکدا کۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە وڵاتی بەلجیکا ساز بکات، کە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ نوێژەنبوونەوە و چالاکبوونەوە بۆ کار و خەباتی زیاتر و بە بایەختر، هاوکات هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە، کە چۆن (12) ساڵ لەمەوپێش بە بەیاننامەیەک هاتینە مەیدانەوە تا خزمەت بە دۆزی رەوای گەلەکەمان بکەین، هەر واش بەڵین دەدەین لە داهاتووشدا چاکتر و بوێرتر و سەربەخۆتر بین، وە لەسەر پەیامەکەی خۆمان بەردەوام بین.
لە کۆتاییدا داوا لە دڵسۆزانی گەلەکەمان و دۆستانی ڕێکخراوەکەمان دەکەین پشتیوانی ناوەندەکەمانبن بۆ بەردەوامبوون لە کارو چالاکی و خزمەتی پتر بە دۆزی جینۆساید بەگشتی و هەلەبجەو ئەنفال بە تایبەتی.
پیرۆزبێت یادی دوانزەهەمین ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان
چاودێری کوردۆساید - چاک
2015/1/6

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 220

## چۆنیەتی کشانەوەی گەریلاکانیPKK

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042520351482732

1هێزەکانی گەریلا بە بێ ئەوەی رێگا بەهەر شێوە پێکداداننێک بدات، بە دەستپێشخەری خۆی و بە بەکارهێنانی ئەو رێگا و شوێنانەی کە زووتر بە کاریان هێناوە، لەنێو تەنزیم و دیسیپلیندا دەست بە کشانەوە دەکات.
2لەچوارچێوەی ئەو ئامادەکاریانەی کە دەکرێن و بەردەوامن، کشانەوەی هێزەکانمان لە بەرواری 8 ی گوڵانی 2013 ەوە دەستپێدەکات. کشانەوە بەشێوەی گرووپ گرووپ پلان دەکرێت و هەنگاو بە هەنگاو دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی تەرزی حەرەکەتی گەریلا و دیسیپلین و شاراوەیی، هەوڵدەدرێت ئەو پرۆسەیە لە کەمترین کاتدا تەواو بکرێت.
3دوای کشانەوە، شوێنی حەوانەوەی هێزەکانمان باشوری کوردستان (کوردستانی ئێراق) دەبێت. لە سەرویانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەروانیمان لە سەرجەم هێزە پێوەندیدارەکان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ مانەوەی هێزەکانمان بەشێوەی فەرمی لە باشوری کوردستاندا بکەن.
4لە پرۆسەی کشانەوەدا، ئارتێشی تورکیاش پێویستە بە هەمان وشیاری و جددیەتەوە هەڵسوکەوت بکات. ئەگەر لە کاتی کشانەوەدا هەرشێوە هێرش، ئۆپەراسیۆن، بومباران لە دژی هێزەکانمان پێکبێت؛ ئەوا کشانەوە هەر ئەو کاتە رادەگیرێت و هێزەکانمان لەسەر بنگەی پاراستنی رەوا مافی وڵامدانەوەی خۆیان بەکار دەهێنن.
5کاتێک هێزەکانی گەریلا دەکشێنەوە، هاوتەریبی ئەوە پێویستە هێزەکانی دەوڵەتی تورکیاش رێگا بە هەڵسوکەوتی هەڵخڕێنەر و ئەوانەی کە لە فورسەت دەگەڕێن و یان جموجوڵی لەشکەری کە شەڕ و پێکدادانی لێبکەوێتەوە نەدەن. بۆ ئەوەی قۆناخی کشانەوە بە هێمنی و سەرکەوتوویی بەریوەبچێت، پێویستە ئەو بابەتانەی کە زووتر بە رێگای نامەکانمانەوە رێبەراتیمان لێ ئاگادار کردبۆوە و دەوڵەتیش لێی ئاگادارە رەچاو بکرێن.
6چاودێری ئەو قۆناخە لەلایەن شاندێکی سەربەخۆوە، بۆ راوەستە کردن لەسەر هەڵە یان ئاستەنگیەک لە هەردوو لا رووبدات، بۆ هێمنی و پێشکەوتنی قۆناخەکە، وەکو دەرفەتێکی گرنگە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 221

## حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕونکردنەوە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120521444578129

"لە ماڵپەری (خەندان) ی خۆشەویست و لەهەندێک ماڵپەری تریش کەسێک بە ناوی 300 کەس ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردووەتەوە گوایە ئەوان کادیری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانن وازیان لە حزب هێناوە، ئێمە لە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی زەحمەتکێشان تێکرای ئەو زانیاریانە ڕەتدەکەینەوە، کە لە ڕاستیدا ئەوەکەسە کە ناوی (هونەر کەریم)ە پۆلیس بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانیەکان لە سەر میلاکی حزبمان، بەڵام بەهۆی پابەندنەبوونی بە ئەرکی پۆلیسی بەتایبەت ئەو ئەرکەی لە بەرەکانی جەنگی داعش بە هاوڕێیانی ئێمە سپێردراوە لە ریزەکانی حزب دەرکراوە، وە ڕاژەی پۆلیسی گوستراوەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاسەوانیەکان لە سلێمانی بەدەر لەوە هیچ کێشەیەکی تری لەگەڵ حزب نەبووە".

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی زەحمەتکێشان
5/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 222

## حزبی شیوعی کوشتنی کاوە گەرمیانی ئیدانە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120521311587400

کۆمیتەی محەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستان ئیدانەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی دەکات بەناوی کۆمیتەی محەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستانەوە ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی چالاک و ئەندامی حزب کاوە گەرمیانی دەکەین کە هەر ئێستا لە لایەن دەستێکی ڕەشەوە تیرۆرکرا، کاوە گەرمیانی پەیامنێری ڕادیۆی ئازادیە لەگەرمیان و هاوکات سەرنووسەری گۆڤاری ڕایەڵە، ئێمە لە کۆمیتەی محەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستان وێڕای ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی هاوڕێ کاوە، داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین لێکۆڵینەوەی وورد لە ڕووداوەکە بکەن و تاوانباران بەزووترین کات بدۆزرێنەوەو ڕاپێچی بەردەم دادگا بکرێن.

کۆمیتەی محەلی گەرمیان
حزبی شیوعی کوردستان
05-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 223

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی 8ی مارسەوە!

http://www.kurdipedia.org/?q=20140307233742342 51

8ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنان، رەمزی خەباتو وەستانەوەیە بەدژی نایەکسانیو جیاکاری دژی ژنان. رۆژی راگەیاندنی حوکمی تاوانباربوونی ئەفکارو نەریتو کەلتورو دەسەڵاتو یاسای چینی بۆرژوازیە، کە بۆ پاراستنو راگرتنی پایەکانی رژێمە چەوسێنەرو نایەکسانو دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا، ژنانی لە جێگاورێگایەکی کۆمەڵایەتی خوارترو لە ژێردەستەییو بێمافیەکی کەم وێنەدا راگرتوە.

هەرجۆرە دەست راگەیشتنێکی ژنان بە ئازادیو یەکسانی بەندە بە پێشرەویکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازیەوە بەرامبەر بە سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتو ئەفکاری بۆرژوازیو نەریتە کۆنەپەرستو دژە مرۆییەکانی. خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە نایەکسانی کۆمەڵایەتیی نێوان ژنو پیاو بەشێکە لەخەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری.

لە کوردستان، دەسەڵاتو یاساو فەرهەنگی بۆرژوازی کوردو بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی، ئیسلامیو ناسیۆنالیستی، هەلومەرجێکی یەجگار خەتەرناکو نامرۆڤانەیان بەسەر ژیانو گوزەرانی ژناندا سەپاندوە، سوکایەتی بە کەرامەتو کەسایەتیی مرۆیی ژنان دەکرێت، مانەوەی فیزیکی ژنان بەردەوام لەبەردەم هەرەشەو مەترسیدایە.

ژنان لە کوردستان بە سەدان هەزاریان لەناو ماڵدا یەخسیرو گیرۆدەی کاری بێبەرهەمو بێبەرامبەری ناوماڵ کراون. لەچوارچێوەی خێزانی پیاوسالاریدا وەکو کۆیلە کاری بەخێوکردنو پەروەردەکردنی مناڵ ئەنجام دەدەن. نە وەکو بەشێک لە هێزی کار کە دەبێ بەرامبەر بە کارەکانیان کرێ وەربگرن تەماشا دەکرێن نە وەکو بێکارێک کە دەبێ بیمەی بێکاری پێبدرێت!

ئەو بەشەی ژنانیش کە لەسەرکارن، لە هەلومەرجێکی نایەکسان لەگەڵ پیاواندا کاردەکەن، بێجگەلەوەی کەزۆرجار ژنانی کرێکار روبەرووی هەراسانکردنی سێکسی دەبنەوە. لەوەش واوەتر سوکایەتیو ئەتککردنو ناچارکردن بە خۆسوتاندنو کوشتنی ژنان دیاردەیەکی خەتەرناکە لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کوردیو باڵادەستیی یاساو نەریتو ئەفکارو فەرهەنگی کۆنەپەرستو پیاوسالارانەی بۆرژوازیدا. ژنان لەسەر دەستی هێزو بزوتنەوە ناسیۆنالیستیو ئیسلامیەکانی کوردستان دا بەرەورووی ئەنفالێکی بەردەوام بوونەتەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، خەبات بۆ رزگاری ژنان و بەدیهێنانی ئازادیو یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا، پاراستنی کەسایەتی ژنان، بەرگریکردن لە مافو ئازادیەکانیان، وەستانەوە بەرووی هەرجۆرە جیاکاریو توندوتیژیەک بەرامبەر بە ژنان، بەهرەمەندبوون لە مافە ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، گۆرینی تێروانینی کۆمەڵگا بۆ ژنانو مەسەلەکانیان، پشتیوانیکردن لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و خەباتکردن دژ بە ئەفکارو بۆچوونە کۆنەپەرستو پیاوسالاریەکان بە ئەرکێکی سەرەکیو گرنگی خۆی دادەنێت. لەوبارەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی سەرجەم ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازو لایەنگری مافو ئازادیەکانی ژنان دەکات کە شانبەشانی حزب بۆ ئەم خواستانەی خوارەوە بێنەمەیدان:

- 1 ژنانو پیاوان لە هەموو مافە یاساییەکانیاندا بە تەواوی یەکسان بن.
- 2 دەستبەجێ یاسای فرەژنی پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشێتەوە.
- 3 ژنانی ماڵەوە وەکو بێکار هەژماربکرێنو فرسەتی کارپەیداکردنیان بۆ برەخسێت، تائەوکاتەشی کاریان دەست دەکەوێ پێویستە بیمەی بێکارییان پێبدرێت.
- 4 هەرجۆرە هاندانو بەکارهێنانی توندوتیژیەک دژی ژنان تاوانەو دەبێ بکەرانی رووبەرووی سزای

یاسایی ببنەوە.
- 5 کوشتنی ژنان یان هاندان بۆ کوشتنی ژنان لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت وەکو تاوانی گەورە وئەنقەست بناسرێتو ئەوانەی تێوەی دەگلێن سزای قورس بدرێن.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
ی7 مارسی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 224

## حکومەتی بنکەفراوان ناتوانێ وەڵامدەرەوەی خواستو ئومێدەکانی خەڵک بێت!

http://www.kurdipedia.org/?q=20140214143533325050

زیاتر لەچوار مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەماندا تێدەپەڕێت و هێشتا حزبە سەرەکیەکانی بۆرژوازی، بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، کە بڕیاربوو پێکەوە حکومەتێکی بنکە فراوان لەژێر چەتری کابینەی هەشتەمدا بۆ چینی بۆرژوازی پێکبهێنن، بەرێکەوتنێکی کۆتایی نەگەیشتوون. ئەمەش نیشانەی چەند دەستەیی و قەیرانیکی سیاسی نێوخۆی خانەوادەی بۆرژوازی کوردو حزبە سەرەکیەکانیەتی. بەڵام هەرچۆنێک بێت کۆنترۆڵکردنی بازاڕی کارو سەرمایە و بێدەنگکردنی جەماوەری ناڕازی، لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستان و ناوچەکەدا یەکخستن و کۆکردنەوەی حزبە بۆرژوازیەکانی نێو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەژێرچەتری کابینەی هەشتەمی حکومەتدا کردۆتە یەکێک لەپێداویستیەکانی ئەم دەورەیەی چینی بۆرژوازی کورد. پەیامەکانی سەرانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بەدوای هەڵبژاردندا، سەبارەت بە"شەقامی ئارام و حکومەتی بنکەفراوان" ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ. بەواتایەکی تر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی چینی بۆرژوازی لە کوردستان پێویستی بە رەخساندنی هەلومەرجێکی ئارام و جێگیری سیاسی هەیە لەبەردەم سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکاندا، بۆرژوازی کوردو حزبەکانی لەئێستادا لەوە گەیشتوون کە درێژەکێشانی هەلومەرجی پشێوی و تەنگژەکانی نێوانیان کەلەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا بردیانە پێشەوە، هەلومەرجێکی نەخوازراو و مەترسیدارەو درێژەپێدانی ئەو ئەگەرە بەهێزدەکات کە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک چارەنوسی دەسەلاتی هاوبەشیان لەبنەوە هەڵتەکێنێ. ئەم هۆکارەیە کەوایکردوە هەموو حزب و هێزەکانی بۆرژوازی باس لەحکومەتی بنکە فراوان بکەن.
لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا هێزە ئۆپۆزسیۆنە بۆرژواییەکان(گۆران و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) پروپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کەئەوان زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر دەکەن و دەسەڵات و حکومەت دەگرنە دەست و کۆتایی بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەهێنن! تەنانەت دروشمی سەرەکی گۆران "بەرەو دەسەڵاتدارەتیەکی نوێ" بوو. بەڵام ئاکامەکانی دەنگدان بەکردەوە دەسەڵات هەر لەدەستی پارتی بەپلەی یەکەم و یەکێتیشی لە پلەی دووەمدا هێشتەوە. بەمجۆرەش کابینەی هەشت، هەرناوێکی لێبنرێ ناتوانێ لەدرێژەی هەمان ڕەوتی شەڕو ئاشتی و ڕیکەوتنی ئەم حزبانەی بۆرژوازی کوردو سیاسەتەکانیان لەبەرامبەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا نەبێ. شەڕو ئاشتیەک کەهیچ پەیوەندیەکی بەماف و ئازادی و باش بژێوی هاوڵاتیانی کوردستانەوە نەبووە و نییە. لەمەش زیاتر ئەو پروپاگەندانەی ئۆپۆزسیۆن لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەیانکرد، گوایە لەڕێگای دەنگدان و هەڵبژاردنەوە دەتوانن دەسەڵات لە دەستی یەکێتی و پارتی دەربهێنن، بووە بڵقی سەرئاو، هەربۆیە ئێستاش باس لەدابەشکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان و بەرکەوتەی هەڵبژاردن دەکەن.

بارودۆخی سیاسی کوردستان لە چوار مانگی رابردودا ئەو راستیەی سەلماندەوە کەسیستەم و دەسەڵاتێک کە ئەحزابی بۆرژوازی کورد بەدرێژایی 22ساڵی رابردوو دایمەزراندووە، بەتوندی گرێدراوە بەهێزی میلیشیاو کۆنترۆڵی بازاڕو تاڵانچێتی و دەزگای سەروخەڵکی واوە کەهیچ جێگایەکی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە نەهێشتۆتەوە. تەنانەت بەشداری پێکردنی ئەم یان ئەو حزب لەحکومەتدا، توانای چەکداری و ملدان بەکارنامەی تاڵانچێتی حزبی باڵادەست و ڕاوەستان لەژێر سایەی یەکێک لە دەوڵەتانی ناوچەکەی پێویستە. کابینەی هەشتەم، کەلەژێر ناوی"حکومەتی بنکەفراوان"دا دەهۆڵی بۆ دەکوترێ و وەکو مژدەدەری بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی خەلکی کوردستان بانگەشەی بۆدەکرێ، لەراستیدا و لەئەگەری پێکهاتنیدا جگەلە یەکدەستکردنی لایەن وحزبەکانی چینی بۆرژوازی کورد بەرامبەر چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازانی کۆمەڵگاو درێژەدان بەهەمان کارنامەی سەرکوتگەری و دزی و تاڵانی و کۆنەپەرستی و بەرینکردنەوەی جیاکاری چینایەتی، کەکابینەکانی پێشوتر بەڕیوەیان بردووە شتێکی زیاتر نابێت. خەسڵەتی سیاسی و چینایەتی چووت حیزبی یان فرەحیزبیی بۆرژوازی کورد ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دابینبوونی سەرەتاییترین مافی ئینسانی. بێگومان ئەحزاب و کابینەیەکی حکومەتی بەم خەسلەت و ناوەڕۆکە سیاسی و چینایەتیەوە، ئەتوانرێ چ کارنامەیەکی بۆ قازانجی هاوڵاتیانی لێ ڕەچاوبکرێ، جگەلەوەی ئامارەکانی کوشتن وخۆسوتاندنی ژنان و قوربانیانی شوێنی کار و ژمارەی کرێنشینی و تیرۆری ئاشکرای ڕۆژنامەنوسان و دەستگیرکردن و دانی بەدادگای ڕەخنەگران و ئازادیخوازان و پەلاماردانی لایەنی نەیار و لەبێکاری دا هێشتنەوەی دەیان هەزار گەنج و فتوای مەلاکان، بەرەوسەرەوە بچێت. چ شتێک لەم کابینەیەو حزبە پێکهێنەرەکانی ڕەچاودەکرێت جگەلە پەرەدان بەگرانی و کەمی کرێ و مووچەی کرێکاران و فەرمانبەران و لێگرتنەوەی خزمەتگوزاریەکان و نانەوەی پشێوی و بارگرژی!؟ حکومەتی بنکەفراوانی بۆرژوازی لەکاتێکدا وەکو حکومەتی چینی بۆرژوازی ئەرکی بریتی دەبێت لە درێژەدان بە چەوسانەوەی ئابوری و سیاسی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان و سەرجەم جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، هاوکات رەسمیەت بەخشینە بە قبوڵکردنی باڵادەستی پارتی لە دەسەڵات و سیاسەتی کوردستاندا لەلایەن حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشوەوە.

بەڵام لەکەشوهەوای سیاسی ئێستای کوردستان و ناوچەکەدا، پێکهێنانی کابینەی هەشت و کۆکردنەوەی حزبەکان لەحکومەتی بنکەفراواندا، کارێکی ئاسان و بێ گرێوگۆڵ نیە بۆ بۆرژوازی کورد، بەتایبەتی کەناکۆکی بەرژەوەندی حزبەکان و وەرگرتنی ئیمتیازات و پلەوپایەی حکومی و پۆستەکانی دەسەڵات، لەپاڵ حکومەتێکی دیفاکتۆی یەکێتی و پارتیدا، ڕیگەی لەبەردەم سازدان و ڕیکەوتنیان بۆ پێکهێنانی ئەم کابینەیە سەختکردووە. لەلایەکی تریشەوە گرفتەکانی سەر ڕیگای پەرەسەندنی ئابوری سەرمایەداری کوردستان و نەبوونی دەوڵەت، کەبەردەوام کۆمەڵگای کوردستانی لەنیو نائارامی و گێژاو و تەنگژەی سیاسی ناوخۆو ناوچەیدا رادەگرێ، هاوکات بەرینبوونەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی جیاوازی چینایەتی و بەم پێیەش بەرینبوونەوەی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی بەڕووی بێمافی و سەرکوتی ئازادیەکان و بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکاندا چارەنوسی حکومەتی فرەحیزبی و بنکەفراوانی بۆرژوازی و گشت دەسەلاتی بۆرژوازی کورد لەبەردەم مەحەکدا دادەنێ. ئەگەر بەم هەموو گرێوگۆڵانەوە کابینەی هەشتەم بەهەر پێکهاتێکی حزبیەوە بۆ پارتی سەربگرێت، هێشتا ئەو دەرفەتە بەکراوەیی لەبەردەم خەباتی چینی کرێکارو جەماوەری نارازی کوردستاندا دەهێڵێتەوە، کەبۆ کۆتاییهێنان بەگشت دەسەڵاتی بۆرژوازی، لەیەک بزوتنەوەی شۆرشگێرانەو رادیکاڵ و سەربەخۆی چینایەتیدا خۆیان سازبدەن و بێنە مەیدانی ململانێی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستانەوە .

کرێکاران و زەحمەت کێشان و ئازادیخوازانی کوردستان، نەک هەر نابێ هیچ خۆشخەیاڵیەکیان بەکابینەی تازەو وەعدو بەڵێنی چاکسازی و ئاوەدانی ئەم حکومەتەو حزبە پێکهێنەرەکانی هەبێ، بەڵکو دەبێ بەبەربەستی سەرەکی سەر ڕیگای وەدیهاتنی کەمترین باشبوونی ژیانی خۆیانی بزانن و لەبەرامبەریدا ڕیزی خەبات و ناڕەزایەتیەکانیان یەکگرتوو ڕیکخراوبکەن. پێویستە هەرلەئێستاوە زۆرترین و فراوانترین ناڕەزایەتی جەماوەری لەسەر مەسەلەی ئازادیەکان و تیرۆرو مووچەو کوشتنی ژنان و بەتالانبردنی داهاتی نەوت و گەندەڵی و خزمەتگوزاریەکان و بێکاری.. ڕووبەڕووی دەسەلات و حزبەکان بکرێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان لەڕیزی پێشەوەی ئەم ئەرک و خەباتەدا بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشێ.

مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
12/2/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 225

## حکومەتی هەرێم پیرۆزبایی لە کوردستانیان و گەلانی عیراق دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150409153734667O1

ئەمڕۆ نۆی نیسان، کە دوازە ساڵ بەسەر سەرکەوتنی گەلانی عیراق و ڕزگاربوونیان لە ستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا تێدەپەڕێت، ڕۆژێکی گەش و پرشنگدارە لە مێژووی سیاسیی عیراقدا، عیراقی نوێ کە زادەی ڕەتکردنەوەی سیستەمی تاکلایەن و خۆسەپاندن و لەپەراوێزنانی پێکهاتە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەیە، ئەو هیوایە بووە کە سەرجەم پێکهاتەکانی عیراق خوازیاری بوون.

هیواداریین ئەم ئامانجە مەبەستی سەرەکیی هەموو لایەنەکان بێت بۆ فەراهەمکردنی دۆخێکی پڕ لە ئارامی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بۆ گەلانی عیراق و ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی بۆ عیراق.

لەم بۆنەیەدا گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم کوردستانیان و گەلانی عیراق دەکەین و دڵنیایین کە سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، سەرکەوتنێکی دیکەی مێژوویی دەبێت بۆ سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی عیراق.

درووود و سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان و قوربانیانی گەلانی عیراق کە ئیرادەی لەبنەهاتووی مانەوە و خۆڕاگریی وڵاتەکەیان لە دژی دیکتاتۆرییەت و تیرۆر.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
9-4-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 226

## حکومەتی هەرێم پەیامێک ئاراستەی میدیاکارانی کوردستان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150421214353656695

لە سەد و حەقدەهەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا و بەبۆنەی ڕۆژی

ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم میدیاکارانی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بۆ دەخوازین لەپێناو گەیاندنی پەیامی دروستی پیشەییانە و نیشتیمانیانەی کارەکەیان کە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگای کوردستاندا ببینن.

مایەی شانازییە کە کۆمەڵگای کوردستان بە جیاوازیی بیروراکانیەوە، لە کەشێکی ئازاددا خاوەنی دەیان دەزگای میدیاییی جۆراوجۆرە. هەبوونی ئازادیی ڕادەرپڕین پایەیەکی سەرەکیی سیستەمی دیموکراسییە لەم کۆمەڵگایەدا و دەبێ ئەم ئازادییە لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانیدا کاری لەسەر بکرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چ لە میانەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی و چ لە میانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا، وێڕای هەر خزمەت و کارئاسانییەک بۆ میدیاکاران، هەمیشە پەرۆشی پاراستن و دابینکردنی ئەو مافە ڕەوایانەیە کە دەبێ میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم خاوەنی بێت .

فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەرپڕین و ئازادیی میدیایی وەک ئەرکێکی سەرەکییە لە بەرنامەی حکوومەتدا، چاوەڕوانیشمان لە میدیاکارانی کوردستان، ڕۆڵگێڕانیانە لە پتەوکردنی زیاتری بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری، وێڕای ڕۆڵی گرنگیان لە هاوکاریکردنی حکوومەت لە میانەی چاودێری و بەدواداچوونی کار و پرۆژە جۆراوخۆرەکانی حکوومەت، بە شێوەیەکی دروست و پیشەییانە لەگەڵ هەر ڕۆڵ و ئەرکێکی نیشتیمانی کە لە ئەستۆی پەیامی میدیاییدایە وەک میدیایەکی نیشتیمانیی خاوەن متمانە.

بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی و یادی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" و یادی دامەزرێنەرەکەی مامۆستا "مقداد مەدحەت بەدرخان"، کوردستانیش هەر ئازاد و سەقامگیر و ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت.

ئەنجومەنی وەیرانی هەرێمی کوردستان

21-4-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 227

## حکومەتی هەرێمی کوردستان تەقینەوەکەی ئەمڕۆی شاری هەولێر بەتوندی ئیدانە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150418090770235

بە توندی تاوانە تیرۆرستییەکەی ئەمڕۆ هەینی 17ی نیسان ڕسوا دەکەین کە لە شارۆچکەی عەنکاوە ئەنجام درا و تیایدا خەڵکانی سیڤیل کرانە ئامانج. ئەم تاوانە ترسنۆکانەی تیرۆریستان، وێڕای سەلماندنی دڕندەییان، هاوکات بەڵگەی شکستخواردن و داڕمانیانە بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و خۆراگریی جەماوەری کوردستان. ئەم تاوانە وەک هەر تاوانێکی دیکەی تیرۆریستان، وره و هێزی زیاترمان پێدەبەخشێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشاندنی بەرەی تیرۆر و تاریکی و لەگۆڕنانی خەونە دۆزەخییەکانیان.ا
لەگەڵ سەرەخۆشی و هاوخەمیمان بۆ کەسوکاری شەهیدە بێ تاوانەکانی ئەم تاوانە تیرۆریستییە، هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکانمان دەخوازین و دووپاتی دەکەینەوە کە تا

سەرکەوتنی یەکجاری، لە ڕاوانان و شکسپێهێنان و لەگۆڕنانی تیرۆرستان لە هەر کوێ بن بەردەوام دەبین .
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
17-4-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 228

## حکومەتی عیراق دان بە دوو زانکۆی هەرێمی کوردستاندا دەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140318153524542O6

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 229

## حکومەتی هەرێم هێرشە خۆکوژییەکەی سەر کوردان لە حەسەکە شەرمەزار دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150321123613849 48

حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاوانە تیرۆریستیەکانی حەسەکە ڕسوا دەکات
بە توندی ئە و هێرشە تیرۆریستیانە ڕسوا و شەرمەزار دەکەین کە دوێنێ لە کاتێکدا کوردستانیان لە شاری حەسەکە، خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز بوون و ئاهەنگیان بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان دەگێڕا، کرانە سەر ئاهەنگگێڕان و زۆر بە داخەوە لە ئەنجامی ئە و دوو هێرشە تیرۆرستییە خۆکوژیەدا، ژمارەیەک هاوڵاتی شەهید و بریندار بوون. وێڕای سەرەخۆشیمان بۆ کەسوکاری شەهیدان و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندااران، دووپاتی دەکەینەوە کە تیرۆر و تۆقاندن و تاوانە وەحشیگەرییەکانی تیرۆرستان، گەلی کوردستان لە هەوڵ و خەباتی خۆی لەپێناو ئاشتی و ئازادی و گەیشتنی بە هەموو مافە ڕەواکانی سارد ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە کوردستانیان بۆ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی زیاتر و بەجۆشتر هان دەدات. سەرکەوتن بۆ پەیامی نەورۆز و شاد بێت گیانی شەهیدان.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

21-3-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 230

## حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا، مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەران بۆ ماوەی پێنج ساڵ درێژ بکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042209475285129



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 231

## حکوومەتی هەرێمی کورددستان، شەهیدکردنی سێ پێشمەرگە دیلەکەی دەستی تیرۆریستانی داعش ئیدانە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032216512984954

حکوومەتی هەرێمی کورددستان، شەهیدکردنی سێ پێشمەرگە دیلەکەی دەستی تیرۆریستانی داعش ئیدانە دەکات.
هەواڵی شەهیدبوونی هەرسێ پێشمەرگەی قارەمانی گەلەکەمان، شەهیدان (هیشام نەبیل، پشتیوان عوسمان و ڕزگار حەمە ساڵح) بە دەستی تیرۆریستانی داعش، بەو شێوە دڕندە و نامرۆڤانەیە، هەموو کوردستانییان و مرۆڤدۆستانی دڵتەنگ و خەمبار کرد. دیلکوشتن بەو شێوازە وەحشیگەرییە، کە دوورە لە هەموو بەها و پرەنسیپێکی مرۆیی و ئایینی و ئەخلاقی، کارێکە تەنها لە فەرهەنگی داعش و تیرۆریستانی هاوشێوەیاندا جێگەی دەبێتەوە. ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئەم تاوانە دڕندانەیە شەرمەزار و ڕیسوا دەکەین، دڵنیاین کە تیرۆریستان باجی گەورەی ئەم کارە دڕندانانەیان دەدەن و دەستی دادوەری هەر دەبێ بیانگاتێ. دەبێ تیرۆریستان بزانن کە بە هیچ شێوەیەک لە خوێنی ڕۆڵەکانمان خۆش نابین و بەرامبەر بەم تاوانەیان، دەبێ چاوەڕوانی سزای گەورە بن. سەری ڕێز و وەفا بۆ ئەم سێ شەهیدە قارەمانەمان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین و سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادە سەربەرزەکانی (شەهید نەبیل) و (شەهید ڵشتیوان) و (شەهید ڕزگار) و سەرجەم کوردستانییان دەکەین. دروود بۆ گیانی پیرۆزی سەرجەم شەهیدانی کوردستان .ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 22-3-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 232

## حەمە سەعید حەسەن روونکردنەوەیەک بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010419192784510

بۆ پەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
سڵاو

بە قەولی ئێوە، من لە پۆستێکمدا سووکایەتیم بە پێغەمبەری ئیسلام کردووە، بەڵام راستییەکەی ئەوە تۆمەتێکی بێ بنەمایە وەپاڵتان داوم، ئاخر من تەنیا وەک مافێکی رەوای خۆم داوام کردووە، ئەوەی حەزی لێیە رێکلام بۆ ئایینێک یان حیزبێک بکات، با لای خۆیەوە بیکات، نەک لای منەوە .

من نە نیازی ئەوەم هەبووە، هەستی خەڵک بریندار بکەم، نە سووکایەتیشم بە پیرۆزییەکانی خەڵک کردووە، بەڵام ناوبەناو قسەم لەسەر ئیسلامی سیاسی و جەهلی بە پیرۆزکراو کردووە. هیچ کێشەیەکیشم لەگەڵ سرووت و بۆنە و جەژنە ئایینییەکاندا نیپە کەلە مێژە وەک بەشێک لە کلتووریان لێ هاتووە، بەڵام جێی داخە، ئیسلامیی سیاسی هەوڵ دەدات، بەد سوودیان لێ وەربگرێت .

ئەگەر هەر بریارە داوا تۆمار بکەن، تکایە ئەو کارە لەگەڵ کەسێکدا بکەن، سوودی لێ ببینێت، ئاخر من نە نووسەرێکی گومناویم، تا پێی ناسراو ببم، نە پێویستیشم بەوەیە وەک پەنابەر لە وەڵاتێکی ئەورووپایی وەربگیرێم.

لەگەڵ رێزمدا
حەمەسەعید حەسەن
ستۆکهۆڵم
2015/1/4

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 233

## حەوت ساڵە بەشە قیری هەرێم دەدرێتە چەند کۆمپانیایەک

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012910275269147



ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆران، داوا لە دەستەی نەزاهەی هەرێم دەکات بەدواداچوون بۆ بەشە قیری هەرێم لە بەغداوە بکات، کەلە 2004 وەوە تا 2014 بری حەوت هەزار تەن هاتووە، لەبری ئەوەی بدرێتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دراوەتە چەند کۆمپانیایەک و بەنرخی زیاتر فرۆشراوە.
عەلی حەمەساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆرانی گۆران لە نووسراوێکدا داوا لە دەستەی دەستپاکی کوردستان دەکات، کە ساڵانە لە بەغداوە بری حەوت هەزار تەن قیر بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت، بەڵام لەبری ئەوەی بدرێتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، دراوەتە چەند کۆمپانیایەک بە نرخی زیاتر فرۆشراوە.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 29-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 234

## خاڵەکانی رێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغداد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050322264182766

-1ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە (قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال و چەکی کیمیایی و راپەرین و گۆڕە بەکۆمەڵەکان) و حکوومەتی فیدراڵ بۆ یارمەتیدانی ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە هەرێمی کوردستانن؛ پرە پارەی پێویست تەرخان دەکات.
-2پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای ئەمنی بۆ هەماهەنگیی ئەمنی.
-3پێکهێنانی لیژنەیەک لە هەردوولا بۆ لێکۆڵینەوە لە وردەکاریی بەڕێوەبردنی ئەمنیی هاوبەش لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە بە میکانیزمێکی تایبەت و بێ لە فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنەکان، لە نێویشیاندا ئۆپەراسیۆنی دیجلە؛ بەڕێوە دەبردرێ.
-4پێکەوەکارکردن لەپێناو دانانی یاسای دیاریکردنی سنووره ئیدارییەکان بۆ پارێزگاکان وەک ئەوەی لە لایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کراوە، هەروها پرۆژەیاسای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.
-5پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی قەزا و گومرگ و سەفەر و دەروازە سنوورییەکان و هاوشێوەکانیان لە هەردوو حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم.
-6داواکردن لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ چاوخشاندنەوە بە یاسای بودجەی فیدرالی ساڵی 2013 و پاشکۆکانیدا، بە شێوەیەکی ئسووڵی.
-7پێکهێنانی لیژنەیەکی هونەری لە هەردوولا بۆ رێککەوتن لەسەر پرۆژەیاسای نەوت و غاز و پرۆژەیاسای دابەشکردنی داهاتەکان.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 235

## خۆکوشتنی هاوڵاتیان بەهەر پاساوێک بێ دەسەڵات لێی بەرپرسیارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062813595389775

ماوەیەکە لێرەو لەوێ هەواڵی خۆکوشتنی گەنجانی وڵات لە میدیاکان بڵاو دەکرێتەوە و زۆربەی جاریش بە پاساوی (نەخۆشی دەروونی)، ئەسڵی رووداوەکە پەردەپۆش دەکرێت، دەسەڵاتدارانی هەرێمیش کە خۆیان ئەو جۆرە سیناریۆیانە دادەتاشن، هەمیشە بەلایانەوە ئاساییە بە نەخۆشی دەرونی پەردەپۆشی تەواوی روداوە دڵتەزێنەکان بکەن.

لەکاتێکدا سەرکردەکانی کورد هەمیشە لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێمی کوردستان باس لەباشی ئابوری هەرێمی کوردستان و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی دەکەن و شانازی بە بەرزی باڵەخانە و زۆری کۆمپانیای زەبەلاحەوە دەکەن، کەچی لەو دیوی باڵەخانەکانەوە، رۆژانە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی و کەمی دەرامەت خۆیان دەکوژن و دەبنە قوربانی ئەو بەرپرسانەی لەسەر قوتی خەڵک خۆشگوزەران بوون و بونتە خاوەن سەرمایەی وڵات،بۆیە پێمانوایە دیاردەی خۆسوتاندن و خۆ کوشتن.دروشمێکی پێچەوانەیە و بە خوێن و ئاگر نوسراوەتەوە.
ئێمە لە رێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان، نەک هەر خۆ سوتاندن و خۆکوشتنی هاوڵاتیان دەخەینە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەرێم، تەنانەت دەسەڵات بەبەرپرس دەزانین لە هۆکاری

زیادبوونی نەخۆشیە دەروونییەکان. داوا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش دەکەین، بە چالاکی جۆراو جۆر، هەڵوێست وەربگرن و فشار بخەنە سەر دەسەلاتدارانی هەرێم، بۆ ئەوەی چیتر گەنجانی وڵات لەو نائومێدیە گەورەیە ژیان بەسەر نەبەن.

ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان
28/6/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 236

## خەرجکردنی پارە بۆ حیزبە ئیسلامیە کوردستانییەکانی باشوور بە ئیمزای عیزەت ئەلدوری

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090111403534906



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
وڵات: ئێراقIQ
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 237

## خەرجکردنی یەک ملیار دینار مانگانە بۆ نووسینگەی سەرۆک کۆمار

http://www.kurdipedia.org/?q=2014083113282774226



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 238

## خەندان روونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150604093120854700

لە هەندێک ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەنگۆ و هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە گوایە سایتی خەندان فرۆشراوە، بەدوای ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوکاران و دۆستان و خوێنەرانی سایتی خەندان لەڕێگای هەواڵپرسین و بەدواداچوونەوە داوای زانیارییان کردووە.
ئێمە لە دامەزراوەی خەندان دەمانەوێت ئە و راستییە بە هەموو لایەک بڵێین کە سایتی خەندان نەفرۆشراوە و ناشفرۆشرێت. ئە و هەواڵانەشی لە و بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە هەموویان نادروستن و تەنیا دەنگۆن.
هەموو لایەک ئە و راستییە دەزانن خەندان یەکەم سایتی کوردی هەواڵییە لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە توانیویەتی راستگۆیانە هەواڵ و زانیارییەکان بۆ خوێنەرانی بگوازێتەوە.
خەندان لەماوەی ساڵانی کارکردنیدا خزمەتی بەرچاوی کردووە و توانیویەتی ژانرێکی رۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ بێت و خزمەتی بەرچاوی بەخوێنەرانی کردووە.
ئەوەی هەیە و بەشێوەی ناڕاست بڵاوکراوەتەوە بریتییە لەوەی لەچوارچێوەی کار و خۆڕێکخستنەوەیدا، دامەزراوەی خەندان گۆڕانکاریی ئیداری دەکات و دەیەوێت بەشێوازێکی نوێتر کارەکانی پەرەپێبدات، ئەوەش بۆ چارەسەرکردنی ئە و قەیرانە داراییەی رووی لە خەندان و هەموو دامەزراوە میدیاییەکان کردووە .
هەر ئاڵوگۆڕێک کە خەندان بیکات لەپێناو پێشخستن و رێکخستنەوەی سەرچاوەکانی داهات و دارایيەتی و ئامانج لێی بەگەڕخستنەوەیەتی لە خودی پرۆژەکەدا.
خەندان بەردەوامە لە خزمەتکردنی زیاتر بە خوێنەرانی و داواش لە خوێنەرانی دەکات کە بە دڵسۆزییەکەی جارانەوە هاوکاری سەرکەوتنی کاروانی رۆژنامەوانی خەندان بن و بە دەنگۆیانە دڵیان سارد نەبێتەوە.
هەروەکو دەیبینن سەرەتای گۆڕانکارییەکان بۆ باشترکردنی خەندان لە گۆڕینی دیزاینی سایتەوەکەوە دەستپێکردووە و پشت بەخوا و دڵسۆزیی کارمەند و رۆژنامەنووس و خوێنەرانی بەڕێزی لە پێشکەشکردنی زانیاری دروست و هەواڵ و رومالکردنی پرس و بابەتە چارەنووسسازەکان بەردەوام دەبێت.
لەگەڵ رێز و سوپاسدا
دامەزراوەی خەندان
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 239

## خەڵک بە کەمتر لە گۆڕینی حکومەتی مەزهەبی لە ئێران رازی نابن!

http://www.kurdipedia.org/?q=20150730091054857820

لە رۆژی جەژنی رەمەزانی ئەمساڵدا هێزەکانی سەر بە حکومەتی ژنکوژ و مرۆڤکوژی ئاخوندان لە شاری بۆکانی خۆشەویست تیزابیان بە سەر و چاوی ژنانی کورددا کرد و تاوانێکیتریان بە سەر تاوانەکانی پێشوویاندا کەڵەکە کرد. سۆسنە ئیسماعیلنەژاد و دووخوشک لە خانەوادەی (مەعروفی)یەکان و هاوسەری هونەرمەندێکی کورد ئەو چوار ئافرەتە گەنجە کوردەن کە لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە بە تیزاب پەلاماردراون و بە سەختی بریندارن.

لە نموونەیەکیتری تاوانی خەلافەتی ئیسلامی، پڕینی خۆراک و سووتەمەنی و دەواودەرمان و خزمەتگوزاری لە پەنابەرانی ئێرانی لە عێراق (کامپی لیبرتی) بوو کە لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزان رووی دا. ئەویش لە گەرمای تاقەت پڕوکێندا بە پلەی 50 دەرەجە.
ڕۆژی ڕابردووش مامۆستایانی ئێرانی و لە ناویاندا مامۆستایانی کورد لەبەردەم پەرلەمانی حکومەت لە تاران کۆبوونەوە و داوای مووچەی مانگانی ڕابردوو و هەروەها ئازادکردنی مامۆستایانی زیندانیکراویان کرد. بە زیندانکردنی ئێران بۆ زۆرینەی هەرە گەورەی زۆری ئاپۆرەی ئەو وڵاتەکە کە تووڕە و ناڕازین لە حکومەت،تاوانەی هەرە گەورەی خەلافەتی ویلایەتی فەقیهە و تا ئێستا بە ملیۆن کەس زیندانی کراون و زیاتر لە (100) هەزار کەسیش لە سێدارە دراون و چەندین نموونەی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدیش لەسەر دەستی ئەو حکومەتە ئەنجام دراوە.
37ساڵە ئێران بووەتە شوێنی ڕمبازێکی دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی و خەلافەتی ئیسلامی حوکمی ئەو وڵاتە دەکات و ئێستاش بە پەرەسەندنی لە سوریا و عێراق و ناوچەکە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی گەلان.
بە پشت بەستن بە ئەزموونەکان، دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی و خەلافەتی ئیسلامی جۆری هەرە ترسناک و دزێوی دیکتاتۆرییەتە کە بە پاساوی دین و ئایین نەیارانی خۆی ژینۆساید دەکات. لە کاتێکدا ئیسلام خۆی دینی ڕەحمەت و بەخشش و لێبوردەیی و خۆشەویستییە و دەسەڵاتدارانی ئەمجۆرە حوکمانە وەک ئامێرێک بە کاری دێنن بۆ درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتیان..
بە کەوتنەوەی ناڕەوای حکومەتی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی 1979، گرتن و ئەشکەنجەدان و ئیعدامکردن و جۆرەکانیتری تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەو وڵاتە سەری هەڵدا و خوێنی نەیاران بووەتە خۆراکی ڕۆژانەی دەسەڵات و لەگەڵ ئەوەشدا، تاوان بە هەموو جۆرەکانیەوە و لە ناویاندا تیزاب کردن بە سەروچاوی ژنانی ئێرانی بووەتە دیمەنی دڵتەزێنی ژیان لە وڵاتە.
ئێمە وەک کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان، تاوانەکانی ئەمدواییانەی حکومەتی ئێران بە توندی شەرمەزار دەکەین و داوا لە هەموو لایەک و بە تایبەت ڕێکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی دەکەین بەرانبەر بە تاوانەکانی ئەم حکومەتە لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران هەڵوێستیان هەبێت.
تاکە ڕێگای ڕاست و درووست و ڕەسەن بۆ نەهێشتنی ئەمجۆرە تاوانانە، سیاسەتی توند بۆ بنەبەڕکردنیەتی لە پێناو گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران و پاک کردنەوەی سیمای شارستانیەت و ئیسلامی ڕاستەقینە. دانوستان لەگەڵ ئەم ڕژێمە، بووەتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی خەلافەتی فەقیهی ئاخوندی. هەر بۆیە ئێستا کات گونجاوە بۆ کۆدەنگییەکی کردارییانەی پڕبڕ بەرانبەر بە حکومەتی ئێران. چون بەڕێککەوتننامەی ئەتۆم و شکستی ستراتیژیانەی خەلافەت لە سەرخستنی پرۆژەی ئەتۆمیەکەی، ئەم ڕژێمە بەرەو پوکانەوە دەچێت و لە قۆناغی هەرە لاوازی خۆیدایە..
کۆمەڵەی (ژنانی ئازاد)ی کوردستان
23-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 240

## داخستنی سنورەکان بەرووی خەڵکی سوریادا هیچ پاساوێکی نیە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081018311789201

هاوکات لەگەڵ توندبوونەوەی شەڕو پێکدادانەکان لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریادا و کوشتاری وەحشیانەی هاوڵاتیانی مەدەنی کوردزمان لەلایەن گروپە ئیسلامیەکانی سەر بە "سوپای ئازاد"ەوە، هەزاران هاوڵاتی ناچاربوون ناوچەکانی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بهێڵن و روو لە

پەناگایەکی ئارام بکەن بۆ دەربازکردنی خۆیان لە و کوشتارەی بەرەوروویان بۆتەوە. لەروانگەی بەشێکی بەرچاوی ئەو خەڵکە ئاوارەو بێدەرەتانەوە، ئەو پەناگە ئارامە پەرینەوەیە بۆ کوردستانی عێراق، کە لەلایەن بەرزانی و حزبەکەیەوە بەرێوە دەبرێت. بەڵام بەرێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی خەڵکی ئاوارە و هەر پرەنسیپێکی ئینسانیەوە، بەرزانی و دەسەڵاتەکەی لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی خۆی و بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی تورکیا، دەرگای بەڕووی ئاوارەکاندا داخستووە و ئەوانی لەبەردەم شەڕو کوشتارو هەڕەشەی گروپ و دەستە ئینسانکوژەکاندا ڕاگرتووە .

راگەیاندنی رەسمی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەم مەسەلەیە بەڕۆشنی ئەوەی ئاشکراکردووە، کە پارتی و دەسەڵاتەکەی سنوریان تەنها بەرووی کۆچی خەڵکدا داخستوە بەرەو ناو هەرێم، دەنا سنور بۆ مەسەلەکانی پەیوەند بە بازرگانی و دیپلۆماسیەوە کراوەیە! کرۆکی مەسەلەکەش ئەوەیە کە ئەوان دەرگایان بە رووی پەناهێنانی خەڵکی ئاوارە و کارەساتباری جەنگێکی کۆنەپەرستانە و ئینسانکوژیدا داخستوە، کەبۆ دەربازکردنی ژیانیان چاویان بڕیوەتە کوردستانی عێراق .

حکومەتی هەرێم و بەپلەی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبێکی دەسەڵاتدار، کە راستەوخۆ کۆنترۆڵی ئەو سنورانەی لەدەستدایە، خۆی تەرەفێکە لەکێشەکانی ناوچەکوردنشینەکانی سوریا. داخستنی سنور بەرووی شەپۆلی هاولاتیانی هەڵاتوو لە مەرگ، بۆئەوەیە کە هێزەکانی(پەیەدە)ی سەر بە(پەکەکە)،کە دەسەڵاتی ئەو ناوچە کوردنشینانەی بەدەستەوەیە، بەچۆکدابێنێ و ناچاری بکات مل بدات بەمەرجەکان و داواکاریەکانی پارتی بدات. لەم ڕێگایەشەوە بتوانێ دەورێکی کاریگەر لەرووداوەکانی سوریاو بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکاندا، بەدەست بهێنێ و سەرەنجام لەخزمەت سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی تورکیادا، کەلە ئێستادا لە هاوپەیمانیەکی سیاسی- ئابوری بەهێزدان، هەنگاو هەڵگرێ.

بێگومان داخستنی سنورەکان لە بارودۆخی هەڵایسانی شەڕ لەناوچە کوردنشینەکانی سوریادا، شتێکی زیاتر لەوە ناگەیەنێ کە پارتی و حکومەتەکەی گەرەکیانە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان سیاسەتێکی تەواوکەری ئەو هێرشانە بگرنەبەر کە هێزە ئیسلامیەکانی هاوپەیمانی دەوڵەتی تورکیا کردویانەتە سەر هاولاتیانی مەدەنی کورد و قەتلوعامیان دەکەن و منالانیان سەردەبرن و ژنەکانیشیان بەغەنیمە دەگرن!

داخستنی سنورەکان بەرووی خەڵکی سوریادا هیچ پاساوێکی نیە. خەڵکی کوردستان نەک هەر نابێ ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی دەسەڵاتدارانی پارتی بەداخستنی سنورەکان بەڕووی هاولاتیانی مەدەنی کوردزمانی سوریادا، قبوڵ بکەن، بەڵکو دەبێ بەتەواوی تواناوە بۆ پەکخستنی دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن وخوازیاری کردنەوەی دەستبەجێی سنورەکان و بەهاناوەچوونی خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی سوریا بن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، داخستنی سنورەکان لەلایەن پارتی و دەسەڵاتەکەیەوە بەتوندی ئیدانە و سەرکۆنە دەکات و لەپاڵ دەنگی ئازادیخوازان و ئینساندۆستان و هەر جولانەوەیەکی جەماوەریدا بۆ کردنەوەی سنورەکان و بەهاناوەچوونی خەڵکی ئاوارەی سوریا، ڕادەوەستێ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
9/8/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 241

## داخوازییەکانی شێخ مەحمود بۆ مەندوبی سامی لە ساڵی 1931دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021119012684752


داخوازییەکانی کورد

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 242

## دادگەریی بناغەی تەباییەو، ستەمکاریی هۆکاری لێک جیاییە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082120053266102

لەم رۆژانەدا خەڵکی هەرێمی کوردستان بە بژاردەی سیاسیی و سەرجەم توێژەکانەوە سەرگەرمی باس و خواسی پێکەوە گونجان و سازانن و، نیگەرانی ناتەبایی و لێک ترازانن، منیش بەپێویستم زانی لەوبارەوە چەند دێرێکی کورت بنووسم، بەمەبەستی دانانی چەند نیشانە و قوچکە (معالم)ێک بۆ ڕووشنکردنەوەی ڕێگای ڕاستەقینەی پێکەوە گونجان و تەبایی و سازان:

یەک: تەبایی ڕاستەقینە لەنێو کۆمەڵگادا تەنیا لەسەر بناغەی دادگەریی (عدل) بنیات دەنرێ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ تێکرای پێغەمبەرانی لە ئادەمەوە تا خاتەم "علیهم السلام" بۆ چەسپاندنی دادگەریی ناردوە: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسَ بِالْقِسْطِ...) الحديد -25-.

دوو: لەماوەی (24) ساڵی ڕابردوودا، ستەمی جۆراوجۆر لەهەموو بوارو ئاستەکاندا لە هەرێمەکەماندا بەرجەستە بووەو، دەستڕۆیشتوو و پڕیار بەدەستان، ئیرادەیەکی جیددییان نەخستۆتە گەڕ بۆ چاکسازیی ڕیشەیی و، بەرجەستەکردنی فاکتەرەکانی چەسپاندنی دادگەریی و، نەهێشتنی پێچەوانەکەی کە ستەمکارییە، وەک: بەدامەزراوە کردنی کاروبارەکان و، سەروەرکردنی یاساو، مرۆڤبوون و هاووڵاتیی بوون کردنە پێوەرو، نەهێشتنی هەیمەنەی حیزب و گرووپ و کەس بەسەر حکوومەت و دام و دەزگاکانیدا، کە ماک و میکرۆبی گەندەڵیی و قۆرخکارییو... هتدە.

سێ: هەڵبەتە ئەوەی کە بۆتە بەرچ (مانع)یش لەڕێی چاکسازیی ڕیشەییدا، ئە و بەرژەوەندییە ستەمکارانە و ناشەرعییانەی ژمارەیەک لە بەرپرسانو، دەوروبەرە هەلپەرستەکەیان بوون، چونکە (ڕاوچی خراپ لەئاوی لێڵدا ڕاوەدەکات) و (دز بازاڕی ئاڵۆزی دەوێ).

چوار: کەواتە ئەگەر دەمانەوێ چارەسەری ڕیشەیی کێشە و گرفتەکانمان بکەین، با کۆتایی بەحاڵەتی ستەمکاریی و قۆرخکاریی و گەندەڵیی بێنین و، دڵنیابین کە بەبێ دادگەریی مەحاڵە پێکەوە گونجان و تەبایی بەرقەرابێ، ئایا هیچ دیوارێک بەبێ بناغە ڕادەوەستێ؟!

پێنج: خوای کاربەجێ لەچەندان ئایەتدا هەواڵی پێداوین کە بەهۆی ستەم و جیاکارییەوە کۆمەڵگاکان هەرەس دێنن، بۆ وێنە خوا فەرموویەتی: (...وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلاّ وَأَهْلُهَا ظَالِمُون) القصص -59-، واتە: وەئێمە ئاوەدانییەکان نافەوتێنین، مەگەر خەڵکەکەیان ستەمکار بێ!

بۆیە ئەگەر دەمانەوێ هەرێمەکەمان بەرە و هەرەسوداڕمان نەچێ، با هەرچی زووترە قۆڵی لێ

هەڵکەینو، کۆتایی بەسەرجەم جۆرەکانی ستەم (ڤلم) بێنین، هەنگاوی یەکەمیش ئەوەیە کە بەرپرسە باڵاو دەستڕۆیشتووەکان، لەخۆیان و خزم و نیزیک و دەوروبەریانەوە دەست پێ بکەنو، چیدیکە قبوولْ نەکەن: کەسانی مشەخۆر لەپەنای ئەواندا سامانی حەڕام وەسەرێک بنێنو، سەرەنجام حکوومەت و وەزارەتەکانی هەژارو لات بکەونو، کەسانێکیش بەپارەی حەڕام ببنە ملیارد لێرا!!

شەش: بێگومان پێکەوە گونجان و پێکگەیشتن و ڕێککەوتنیش، بەبێ بۆ یەکدی دابەزین (تنازل) دەستەبەر نابێو، دیارە دابەزین و خۆ نەوی کردنیش زیاتر لەوانە چاوەڕێ دەکرێ، کە زۆر هەڵکشیون و چوونە سەرەوەو، پشکی زیاترو گەورەتریان لەلایە، ئەگەرنا کەسێک هیچی نەبێ، هیچ نابەخشێ (فاقد الشئ و لايعگيه.(

بەدڵنیاییش ئە و باجەی کە بۆ تەبایی و ڕێککەوتن دەیدەینو، ئەوەی کە بۆ پێک گەیشتن دەستبەرداری دەبین، زۆر کەمترە لەوەی کە بەهۆی ناتەباییەوە لەدەستمان دەچێ.

حەوتەم: لەکۆتاییدا هیوادارم هیچ کورسیی و پێگەوپایەیەکو، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتیی‌و، هیچ گرێ و گرفتێکی ڕابردوو، نەتوانێ بەسەر هەوڵ و هیممەتی دڵسۆزانی ئەم وڵات و خەڵکەدا زاڵ بێو، سەرەنجام بتوانین لەسەر بناغەی دادگەرییەکی گشتگیر، تەبایی و یەکڕیزیی و یەکڕەنگییەکی مەحکەم و پتەو، لەهەرێمەکەماندا بێنینەدی، وەخەڵک و جەماوەرە بەدەست چەندان کێشە و قەیرانەوە گرفتارەکەمان، بەگشتیی‌و، پێشمەرگە فیداکارە وڵات و دین و ژین پارێزو خۆڕاگرەکانمان، بەتایبەت، دڵخۆش بکەین و لەسەرەوەی هەمووکەسیشەوە، خوای کاربەجێ و دادگەر لەخۆمان ڕازی بکەین.

عەلی باپیر

21-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 243

## داعش بۆ دڵشاد گەرمیانی - وەڵامێک بۆ حاجی دڵشاد گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141007124928777099

وەڵامێک بۆ حاجی دڵشاد گەرمیانی.........

السلام عليكم ورحمه الله وبركاته

بەرێز کاک حاجی دڵشاد

ئێمە لەتەواوی هەوڵەکانی ئەم دواییەت وسەردانەکانت بۆ هەولێر ئاگادارین وبەتەواوی لەناوخۆو دەرەوەی حیزبەکەشتەوە لەهەوڵدانەکانت کۆڵیوینەتەوە، تابەتەواوەتی بزانین جەنابت چی ئامانجێکت هەیە. بەڵام دوای پێداچونەوە بەباشمان نەزانی ئەو کاتە وەڵامت بدەینەوە ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە

.1تۆ کەسایەتیەکی دیاری لەدژایەتی کردنی حوکمی کوفر.

.2لەو کاتەدا گومانمان نەبو کە مورتەدەکان لەناوت ئەبەن وتاوانەکە ئەخەنە ئەستۆی ئێمە،کەئەمەش بۆ ئێمە بەخراپی دەشکایەوەو لەدەستدانی تۆ کەلێنە لەنێو موجاهیدانی گەرمیاندا.

.3وەڵام دانەوەمان بەرازی بوون،خاڵی 2 بوو،بەڵام بەنارازیی بون دەبوە شکانەوەی جەنابت

وهەوڵەکەت،بۆیە پێمان باش بو بێدەنگ بین.
.4بەراستی جێگەی خۆشحاڵی نیە تۆ بەو مێژوە پاکەوە ببیتە نوێنەری حکومەتێکی عەلمانی ستەمکارو هاوبەشی سەلیب وجوەکان.
.5هاتنی تۆ بۆ لای ئێمە جێگەی شانازی بوو،وەپریاری پاراستنی تۆو هەر میوانێک کەبە میوانی بێت لەسەر چاوەکانمانە،بەڵام ئەمە بۆ خۆی دەبویە گومان بۆ دوژمنانی ئیسلام،بەشێکی تری تایبەت کە ناتوانین بڵاوی بکەینەوە.

دەقی نامەکەی دڵشاد گەرمیانی کە 3ی ئەیلول لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە:

وەک هاوسۆزیەک لەگەڵ خانەوادەی پێشمەگە دیلەکان و هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنیان ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی کە دەستگیر کراون وەک لەگرتەیەکی ڤیدۆییدا بینیمان لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدان، پێویستیان بەهاوکاری و بەدەمەوە چوونی بەپەلەی هەموولایەک هەیە بەتایبەت (سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەڵات دار و خاوەن بڕیارەکانی ناو حکومەت) کە دەبێت بەجدی و دڵسۆزانە هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو و پێویست بگرنەبەر و هەنگاوی کردەیی بنێن بۆ ئازاد کردن و ڕزگارکردنیان لەمەرگ، بەتایبەت لەم کاتە هەستیارو ناسکەیاندا کە شەڕو پێکدادان و بوردمانی فڕۆکە جەنگیەکان بەردەوامەو ئەوانیش لەپاشەکشێدان، ئەمەش ئەگەر ی کوشتن و لەناو بردنی دیلەکان زیاتر دەکات.

پێشنیار دەکەم بەپەلەو بێ دواکەوتن لیژنەیەک لە کۆمەڵە مەلایەکی بێ لایەنی خەم خۆری بەغیرەت پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بچنە هانایانەوەو سەردانی لایەنی بەرنبەر بکەن و دانوستانیان لەگەڵ بکەن و هەوڵی ئازادکردنیان بدەن بەهەر نرخێک بێ،

منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر بەپێویست زانراو ڕەزامەندی م عەلی باپیری لەسەر بوو ئامادەم لەگەڵیان بچمە هەرجێگاو هەرشوێنێکی مەترسیدار بەمەبەستی ئەو کارە خێرەو ڕزگارکردنیان.

دڵشاد گەرمیانی
ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 244
**داعش نرخ بۆ کچە ئێزدی و مەسیحیەکان دادەنێت**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014110313423377866



نەبەرد فوئاد
دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام(داعش) لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژە بە نرخی ئە و کچە و ژن ئێزیدی و مەسیحیانە دەکەن کە رفێنراون و لە بازاڕەکانیاندا دەفرۆشرێن.
لە بەڵگەنامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، تێیدا ئاشکراکراوە کە"پێمانگەیشتووە بازاڕی فرۆشتنی ژنان و شتە دەستبەسەردا گیراوەکان دابەزینی گەورەی بەخۆوە بینووە ئەوەش کاریگەری کردۆتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و پارەدارکردنی موجاهیدەکان".
لە درێژەی ئە و بەڵگە نامەیەدا هاتووە"هەربۆیە دەستەی (بیت المال) بڕیاریداوە نرخ لەسەر فرۆشتنی ئە و ژن و شتە دەستبەسەر گیراوانەدا دابنێت دەبێت هەموو کەسێک پابەند بێت پێیەوە هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئە و نرخانە بجوڵێتەوە ئەوا لە سێدارە دەدرێت".
نرخەکان:
ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان 30-40 ساڵ بێت (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی 750 هەزار دینارە
ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان 20-30 ساڵ بێت(ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی 100 هەزار دینارە.
بۆ مێیینەکەی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان 10-20 ساڵی بێت (ئێزدی و مەسیحی) 150 هەزار دینارە.
ژنێکی پێگەیشتووی تەمەن 40-50 ساڵ(ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی 50 هەزار دینارە.
منداڵی تەمەن یەک ساڵ بۆ نۆ ساڵ (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی 200 هەزار دینارە.
لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا نوسراوە" رێگە نادرێت هیچ کەسێک لە سێ دەستکەوت زیاتر بکڕێت جگە لە بیانیەکان ئەوانەش تورک و سوری و کەنداوییەکانن.
پێشتر، بەرپرسێکی ئەمنی لە پارێزگای کەرکوک بە بێ ئەوەی ناوەکەی ئاشکرا بکرێت رایدەگەیێنێت"والی دادگای شەرعی داعش لە حەویجە کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کەرکوکەوە سەقفی شیربایی دیاریکردووە".
ئەو بەرپرسە روونیشیکردۆتەوە"والی دادگاکەی داعش سەقفی شیربایی کردۆتە یەک ملیۆن و 500 هەزار دیناری عیراقی.هەر کەسێکیش لەو پارەیە زیاتر وەر بگرێت ئەوا 30 جار جەڵد دەدرێت".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| شارەکان: | شنگال |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 245

**داوا دەکرێت ڕێکاری یاسایی لەبەرامبەر ئەوانەدا بگیرێتە بەر کە دوو**

**موچەیان هەیە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015051514402185312



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 246
## داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین رۆژنامەنوسانی زیندانی ئازادبکەن
http://www.kurdipedia.org/?q=2013111214040187879

لەجەرەیانی دەستگیرکردنی ژمارەیەک خوپیشاندەر لە رۆژی(8ی نوامبەری 2013) دوو رۆژنامەنوس و ئەندامی ئەنجومەنی رۆژنامەنوسانی رۆژهەلات بە ناوەکانی (مستەفا شیخە) و (پیشەوا عەلیپور) لە لایەن پۆلیسی شاری هەولێرەوە دەستگیر کراون کە ویرای(6) دەستگیرکراوی تر تومەتی هێرشکردنی سەر کونسولخانەی کۆماری ئیسلامیان لە شارەکە دراوەتە پال.
ئەم تومەتدانە پالە لە کاتێکدایە کە هەر بە پیی روونکردنەوەکەی وەزارەتی ناوخوی حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەردبارانکردنی کونسولخانەی ئێران دوای تەواو بوونی خوپیشاندانەکە بووە و کە بە هیچ جۆرێک ئەو دوو رۆژنامەنوسە لە و کارە بەشدارنەبوون و لە کوی ئەو ڤیدیۆ و وینانەی لە میدیاکانیش بلاو بوونەتەوە ئەو دوو رۆژنامەنوسە نابینرین.
هاوکات هەتاکوو ئیستاش هەولی دوستان و کەسوکاری گیراوەکان بۆ سەردانکردنیان بی وەلام ماونەتەوە و کەس نازانی گیراوەکان لە کوی زیندانیکراون و کام ئۆرگان و لایەنی حکومی خوی بە بەرپرسیار دەزانی بەرامبەر بە سەلامەتییان. لە لایەکی دیکەوە ئەو تومەتانەی خراوەتە پال دەستگیرکراوەکان بی بنەمابە و دەستگیرکراوەکانیش تومەتەکەیان رەتکردوتەوە.
ئەوەی نیگەرانی ئیمەی زیاتر کردووە ئەوەیە کە دەستگراوەکان لە سەر داوا و فشاری کونسولخانەی ئیران، رادەستی ئەو ولاتە بکرینەوە کە ئیمە هیواداریین حکومەتی هەریمی کوردستان بەرامبەر بە پاراستنی گیانی دەستگیرکراوەکان بەرپرسیارانە و لە چوارچیوەی یاساکانی هەریمی کوردستان مامەلە بکات و نەکەویتە ژیر فشاری ئیران بۆ رادەستکردنەوەیان بە و ولاتە.
ئیمە لە گەل ئەوەی نیگەرانین لە چارەنوسی دەستگیرکراوەکان، هاوکات حکومەتی هەریمی کورستان بە بەرپرسیار دەزانین لە چارەنوسی گیراوەکان و داوا دەکەین هەر چی زووتر ئازادیان بکەن.

ئەنجومەنی رۆژنامەنوسانی رۆژهەلات
12ی نوامبەری 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 247
## داوادەکرێت شەقامێکی بەغدا بکرێت بەناوی مام جەلالەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150510222260485266



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 248
## داواکردنی داخستنی گۆڤاری ئیسرائیل - کورد لەلایەن ئێرانەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2012090210044072789



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 249
## داواکردنی گەشتی حەج لەلایەن چوار پەرلەمانتاری باشووری کوردستانەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015080811041085821



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ◆زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 250

## داوایەکی برایانەی زور بە پەلە لە ئەدهەم بارزانییەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150623093738856OO

لە گەل ڕێزم دا وەک کوردێک، وەک خەمخۆرێک بۆ کورد و کوردستان داوایەکی برایانە و بە پەلە لە هەموو لایەنەکانی سیاسی بەشدار لە پەرمانی کوردستان دەکەم کە بۆ پاراستن دەسکەوتە باڵایەکانی ئەم میللەتە بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی پێشمەرگەکانی ئەم گەلە خێر لە خۆ نەدیووە بێ ئەوەی چاو لە گۆتاری ئەندام و پەرلەمانتار و بڕیاری لیژنەکانیان بێت و ببن، لە زوترین کات دا کەسە بەرێزە یەکەمەکانی ئەم لایەنانە پێکەوە دابنیشن و چارەسەرێک بۆ قەیرانە هەستیار و گرنگەکانی ئێستای کوردستانی باشوور بدووزنەوە و بگەن بە چارەسەرێک. ڕێجگە لەمە بە بڕوای من ئەم قەیرانە پر مەترسیدارە هەڕەشە لە هەموو دەستکەوتەکانی میللەتی کورد و کوردستانیەکان دەکات و خوا نەخواستە براقی ڕزگاریخوازی کورد بەرەوو تونێلێکی تاریک بەرێووەیە. لە خوای گەورە دەپارێمەووە کە پاڵپشتی هەموو لایەک بێت کە بیر لە داهاتێکی گەش بۆ ئەم وڵاتە دەکەن.
براتان ئەدهەم بارزانی 22-6-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | ◆زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 251

## درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی سووکایەتیکردنێکی ئاشکرایە بە ژیان و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130630140727897З0

تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بۆماوەی دوو ساڵی دیکە لەلایەن فراکسیۆنی پارتی و یەکێتییەوە، قەیرانی سیاسی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی کوردی لەهەردوو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا توندترکردەوە. ڕووداوەکانی دوێنێی ناو پەرلەمان دوای پێشنیارکردنی پرۆژەی ناوبراو، ئاستی قووڵیی ئەو قەیرانە دەخاتەڕوو کە ئەگەری ئەوەی هەیە کەشوهەوای سیاسی کوردستان ئاڵۆزتر بکات و نائارامی و پشێوی زیاتر بەدوای خۆیدا کێش بکات.

ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە ناڕازیە لە دانانەوەی مەسعود بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، باسی کۆدێتاکردن بەسەر "شەرعیەتی پەرلەمانی" دا دەکەن، بەڵام کەم کەس هەیە گومانی لەوە هەبێ کە پەرلەمان لەو رۆژەوەی دامەزراوە نەخشی شەرعیەتدان بووە بە دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستیە و ئێستاش هەمان دەور دەبینێ. بەڵام لەڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە کە"پەرلەمانی کوردستان"یان بەدیوەخانی یەکێتی و پارتی ناودەبرد، ئەم دەزگایە هیچ شەرعیەتێکی نەبووە تا بازی بەسەردا درابێت. بوونی کۆمەڵێک حزبی بۆرژوازی ناڕازیش لەناو پەرلەماندا نەیتوانیوە ئەم خەسڵەتەی بگۆرێت.
بۆ جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش، ئازادیخوازانی کوردستان، کە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەیین و خوازیاری کۆمەڵگاو دەسەلاتێکی سیاسی هاوچەرخ و ئەمرۆیین، درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی جێگای رەزامەندی و قبوڵ نیە. ئەوان لە 17 شوباتی دوو ساڵ لەمەوبەردا بەڕۆشنی ئەو پەیامەیان رایانگەیاند کە وەلانانی دەسەڵاتی ئەم دوحزبە و پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان، تەنها ریگای گەیشتنە بەجێگیرکردنی خواستەکانیان کە خۆی لەئازادی و یەکسانی و باشبژێویدا دەبینێتەوە. پەیامێک کە بەدیهاتن و بەکردەوە دەرهێنانی بەندە بە کات و خۆ ئامادەکردنی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش ولاوان و ژنان و ئازادیخوازانەوە. مێژووی سیاسی ناوچەکەش نمونەی زیندووی لەم بارەوە پێشکەش کردووین.
ئەو هەراو تەپوتۆزەی لەناو پەرلەمانەوە بەرێخراوە، هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی تینووی ئازادی و وەتەنگهاتوو لە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و چەوسێنەرانەی تێدا نییە، ئەمە گۆشەیەکە لەململانێ و شەری دەسەڵات و دابەشکردنی داهاتی کۆمەڵگا لە نێوانیانداو گەر بۆشیان بکرێت لەهەر فرسەتێکی گونجاودا، هەردوو بەرەی ناکۆک پێکدێن و لەسەر حسابی پاشەکشەکردن بەخەبات وناڕەزایەتی جەماوەر، دەکەونە سازان و گفتوگۆی پشتی پەردەوە. بە تایبەتی کە هەردوو لای ئەم کێشە و هەرایەی ناوپەرلەمان بەحوکمی چەقینی قاچیان لە بازاڕی بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان و سەرمایەو پرۆژە و کۆمپانیاکانیدا، هەروەها لەژێر فشارەکانی ئەمریکاو ناوبژیوانیی دەولەتانی ئێران و تورکیادا، نایانەوێ و ناتوانن کێشە و هەرای نیوانیان تا ئەو رادەیە درێژە پێبدەن کە دەرگا بۆهاتنە مەیدانی ناڕەزایەتی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بخاتە سەرپشت. هەربۆیە دانوساندن و سازانی نیوانیان ئەگەرێکی واقعیە.
هاوڵاتیانی کوردستان پێویستە هوشیارانە لەگەڵ ئەم تەپوتۆزە سیاسیەدا مامەڵە بکەن و نەکەونە داوی دوو بەرەی ناکۆکی بۆرژوازیەوە کە دەیانەوێ بازاڕی راوەستاوی سیاسی و هەڵبژاردنەکەیان گەرم بکەن و جەماوەر بە قازانجی خۆیان بۆ ناو ئەو بازاڕە پەلکێش بکەن. پێویستە کرێکارو زەحمەتکێش، لاوان و ژنانی یەکسانیخوازو هەموو ئەوانەی تینوی ئازادی و ژیانێکی ئارام و شادن، ریزەکانی خۆیان رێکخراوو ئامادەبکەن. پێویستە هەمووان لە دەرەوەی بازنەی سیاسەتەکانی باڵ و لقەکانی چینی بۆرژوازی و حزبەکانی چ لە دەسەلات و چ لە ئۆپۆزیسیۆندا، بەدەنگی بەرز رابگەیەنن: "ئامادەنین دەسەڵاتی بنەماڵەیی بۆرژوازی کورد قبوڵ بکەین". درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی دژ بە ویستی زۆربەی جەماوەری کوردستانەو سوکایەتیەکی ئاشکرایە بەژیانیان و نابێ ریگا بدرێ بۆ ویستی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بۆ ماوەی دوو ساڵی تر کۆمەڵگا لەگێژاوی کۆنەپەرستی و سەرکوت و هەژاری و بێکاری و نەمانی خزمەتگوزاری وکوشتنی ژنان و دەیان دەردو مەینەتی تردا راگیرێت .
خەڵکی کریکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازی کوردستان لەیەکلاکردنەوەی ئەو قەیرانە سیاسیەی کە ئێستا یەخەی بەدەسەلاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی گرتووە، تەنها یەک ریگایان لەپێشە، ئەویش هاتنە مەیدانیانە لەیەک بزووتنەوەی سیاسی سەربەخۆو شۆرشگێرانەی جەماوەریدا، کە کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ئێستای کردۆتە ئامانج. رێگایەکی ئاوا نەک هەر قەیرانی ئێستای دەسەلات بەقازانجی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی یەکلا دەکاتەوە، بەڵکو چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە کایەی سیاسی باڵەکانی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی دەردەکێشێ.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی سەرجەم خەلکی کوردستان دەکات کە ریگای ئەم خەباتە شۆرشگێرانەیە بگرن و بوار نەدەن لەهەراو هوریای نێو پەرلەمانەوە، کڵاوی سیاسەتەکانی بۆرژوازی کورد بچیتە سەریان .
مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
1ی تەموزی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 252

## دوا نامەی شیرین عەلەم هولی چەند رۆژێ بەر لە سێدارەدانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012051013121164690

شیرین عەلەم هولی لەزیندانەوە

ماوەی زیندانی بوونم چووەتە ناو سێ ساڵەوە، واتە سێ ساڵ ژیانی بەسۆ و ئازاراوی لەم دیو شیشەکانی زیندانی ئەوینەوە، دوو ساڵی زیندانی بوونەکەم بە هەڵواسراوی و بە بێ بوونی پارێزەر و تەنانەت بە بێ بوونی پڕیارێک کە بۆ زیندانیکردنم درابێت بەسەر بردووە. لەو ماوەیەدا کە چارەنووسم بە هەڵواسراوی هێڵرابوویەوە رۆژ گەلێکی تاڵم لەژێر دەستی سپادا بەسەر برد، پاشانیش لێکۆڵینەوەکانی بەشی (209)ی زیندانی ئەوین دەستیپێکرد. پاش تەواو بوونی قۆناغی 209 کاتەکانی دیکەی زیندانی بوونم لەبەشی گشتیدا بەسەر برد. هیچ وەڵامیکیان بە داوا بەردەوامەکانم بۆ دیاریکردنی چارەنووسم نەدەدایەوە. لەئەنجامدا پریاری نادادپەروەرانەی لەسێدارەدانیان بۆ پریمەوە.

لەبەر چی زیندانی کراوم، یان بۆ دەبێت لە سێدارە بدرێم؟ ئایا وەڵامەکان بە هۆی کوردبوونمەوەیە؟ کەواتە دەڵێم: من وەک کورد لەدایکبوومو بەهۆی کوردبوونمەوە ئازار و زەحمەتو پەراوێزخستنم چەشتوە.

زمانم کوردییە، کە بەهۆی زمانمەوە لەگەڵ بنەماڵەو دۆستانو ئاشناکانم پەیوەندیم دروست کردووەو لە گەڵ زمانی کوردی گەورە بوومو بووەتە پردی پەیوەندیی نێوانمان، بەڵام ریگامان پێنادرێت کە بە زمانی خۆم بدوێم، پێی بخوێنمەوەو مافی خوێندنم پێی هەبێت، لە دوایشدا ریگا نادەن کە بە زمانی خۆم بنووسم.

پێم دەڵێن واز لە کوردبوونت بهێنەو نکوڵیی لێبکە، بۆیە دەڵێم: ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە بکەم نکوڵی لەخۆم دەکەم.

دادوەری بەڕێز، بەرێز لێکۆڵەر!!

لەو کاتەدا کە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت نەمدەتوانی قسە بە زمانەکەتان بکەم. من لەم دوو ساڵەی دوایدا لەبەشی ژنانی زیندانی ئەوین، زمانی فارسی لەهاورێکانمەوە فێر بووم، بەڵام ئێوە بە زمانی خۆتان لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردمو پریارتان لەسەر دەرکردم. ئەوە لەکاتێکدایە، کە من بەباشی نەمدەزانی لەدەوروبەرمدا چ روودەداتو منیش نەمدەتوانی بەرگری لەخۆم بکەم.

ئەو جۆرە ئەشکەنجانە کە لەدژی من بەکارتان هێناوە، بوونەتە مۆتەکەی شەوانم، ژانو ئازارەکانی رۆژانەشم، بە هۆی ئەو ئەشکەنجانەوە کە بەرامبەرم کراوە (ژانو ئازارەکان) خەریکن رۆژەکانیان

لەگەڵ من بەسەر دەبەن. ئەو پیاکێشاندنانە کە لەکاتی ئەشکەنجەکردندا بە سەرمتاندا کێشاوە، بووتە هۆی زیان بەرکەوتنی سەرم. هەندێک رۆژ ژانو ئازاری زۆر قورس رووم تێدەکەن، ژانە سەرم بە رادەیەک قورس دەبێت، کە ئیدی نازانم چی لە دەوروبەرووما روودەداتو ئاگام لەخۆم نامێنێت. بۆ چەندین کاژێر هۆشم لەسەر خۆم نامێنێت (دەبورێمەوە)، لەئەنجامدا بەهۆی قورسیی ئازار و ژانەوە لوتم خوێنی بەر دەبێت، پاشان هێدی هێدی دەگەڕێمەوە سەر دۆخی سروشتیی خۆمو ئاگام لەدەوروبەرم دەبێتەوە.

خەڵاتو دیاریەکی دیکەی ئەوان (ئەشکەنجەکاران) بۆ من، کز بوونی بینایی چاوەکانمە، کە بەردەوامیش کزبونەکە روو لە زیادبوون دەکات، هێشتا تاکو ئێستا داواکاریەکەم بۆ وەرگرتنی چاویلکە بێوەڵام ماوەتەو. کاتێک گیرامو توندی زیندان کرام قژم هەمووی رەش بوو، بەڵام ئێستا کە سێیەمین ساڵی زیندانی کردنمە، هەموو رۆژێک سپی بوونی بەشێک لە قژم بەچاوی خۆم دەبینم.

دەزانم ئێوە تەنها ئەو کارانەتان لەگەڵ منو بنەماڵەکەمدا نەکردووە، بەڵکو ئەشکەنجەتان لەدژی هەموو رۆڵەکانی کورد و لەناویشیاندا کەسانی وەک زەینەب (جەلالیان)و رووناک (سەفار زادە)و.... بەکارهێناوە. چاوی دایکانی کورد هەموو رۆژێک لەچاوەڕوانیکردنی بینیی رۆڵەکانیاندا فرمێسک بارانە، هەموو کات لەوە نیگەرانن کە چی روودەدات و چ دەبێت، لەگەڵ هەر زەنگێکی تەلەفۆندا تۆقینی بیستنی هەواڵی لەسێدارەدانی رۆڵەکانیان roویان تێدەکات.

ئەمڕۆ (12)ی گوڵانی (1389)یە (2010/5/2)یەو دووبارە پاش ماوەیەکی درێژ منیان بۆ لێکۆڵینەوە برد بۆ بەشی (209)و سەرلەنوێ تۆمەتە بێ بنەماکانیان دووبارە کردەوە، داوایان لەمن کرد هاوکارییان لەگەڵدا بکەم تاکو بڕیاری لەسێدارەدانەکەم هەڵبوەشێتەوە. نازانم داواکردنی ئەو هاوکارییە چ مانایەکی هەیە، چونکە ئەوە لەکاتێکدایە کە من هیچی زیاترم لەوەی کە وتومە بۆ گوتن نییە. لەئەنجامدا داوایان لێکردم ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن منیش دووبارەی بکەمەوە، بەس من ئەوەم قبوڵ نەکرد. لێکۆڵەرەکە وتی: ئێمە دەمانخواست پارەکە ئازادت بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەکەت هاوکارییان نەکردین ئەوە ئەنجامەکەی گەیشتووەتە ئێرە. لێکۆڵەرەکە بۆ خۆی دانی بەوەدا نا کە من تەنها بارمتەیەکەم لەدەستیانداو تاکو بە ئامانجەکانیان نەگەن من دەهێڵنەوە، یان لەسێدارەم دەدەن، بەڵام ئازادی هەرگیز.

سەرکەوتن
شیرین عەلەم هولی

13/2/83 – 3/5/2010

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 253

## دوا نامەی شێرکۆ مەعاریفی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131105170353880З0

لە زرینگانەوەی هەڵاتنی خۆر و لە ناڵەی دایک، سروودی ئازادی دەڵێمەوە
زۆرلە مێژە کە شەو بووەتە مۆڵگەی نێچیرڤانە چاوبرسییەکان و زرینگانەوەی شە و بانگەوازییە بۆ نێچیری گرانبەها و دوورە دەست. ئەرێ ڕاو و نێچیر لەم وڵاتە بۆ کەیف و خۆشی نییە، بەڵکوو تەنیا بۆ زیادەڕۆیی و تێنەگەیشتن و مەیلە نابەجێکانە.

بۆ نێچیرڤانێکی بێ هەست و بێ ئینساف هەر جۆرە نێچیرێک دەتوانێ هەڵخەڵەتێنەر بێت. گیرەم نێچیرەکە لە شوێنێ ئەستەم بێت و خاوەن ویژدان. جەوانێک کە خۆی بە شۆرشگێر، بەرحەق و خاوەن درووشمی مرۆڤدۆستی دەزانێ، وەک ئەو ئاسکە ئەندام ناسکە وایە لە چاوی چەقەڵە چاوچنۆکەکاندا.
چەکێک کە لە سەر شانی جەوانێکی پارێزەری یەکییەتی و مرۆڤایەتییە، بە هەڵکەوت دەتوانێ پلاپیتکەی تفەنگەکەی لە خۆراوە چەرکاندبێ.
بەڵێ من شێرکۆ مەعارفیم، ئەو تێرۆریستەی تۆمەتبار بە دژایەتی لە گەڵ خوا کرام. کە بێجگە لە خۆشەویستی مرۆڤەکان و لاواندنەوەی منداڵان، دڵسۆزی ژینگە و خەونی ئاشتی، ڕامانێکی بۆمب ئاسا لە سەرمدا و خەیاڵی خۆش لە سەرمدایە. ڕاوکردنی من بۆ چەقەڵە شەو پەرەستەکان و دوژمنانی ڕووناکی و خۆشەویستی دایک، وەک تەپڵی سەرکەوتن وایە بۆ ئەوان، دیارە ناتوانن لە تاریک ترین شەویشدا بەر بە هەڵاتنی خۆر بگرن. من تێرۆریستترین ڕۆڵەی ئارابا، تەنانەت لەو کاتەی بە دیلیش گیرام مەیلی تەقەی چەکهم نەبوو، هیواکانم تێرۆرنەبو و تووندووتیژیم بە خەیاڵیشدا نەدەهات، ئەوەی ئە و ڕۆژە لە سەرشانم بوو، جانتایەکی پراوپێ لە خۆشەویستی مرۆڤ و کۆڵێک هەستی مرۆڤانە.
ئەو نامەیە لە لێڵترین شەوەکاندا دەنووسم کە هاوکات هیوای هەڵاتنی ڕۆژ سڵاوێکی گەرمم لێدەکات و ئێستا نزیکترین دەنگ و ئاشنا ترین ڕووخسار، دایکمە، کە ئێستاش هیوای ئەوە لە سەرمدایە کە بۆ جارێکی تر لە باوەشی گرم، بەڵام مەخابن خۆشەویستی بۆ دایک و وڵات لەو بەندیخانەیەدا هیچ دەرفەتێک نادا بە من بیانبینم.
دەروشاوەترین خۆرەتاو و ئەستێرە، بەرین ترین دەریا و سەرکەش ترین کێوەکانی ژینگە، کە باڵیان بە سەر چارەنووسمدا کیشاوە، وادەکات نە هیواکانم لە ئەستێرە و نە لە دەریای دایکم و نە لە خۆراگری کێو ناتوان دەست هەڵگرم، بەڵکوو بە هیوای باوەشی دایک، عەشق بە ئازادی و بەڵینی مرۆڤایەتی، سەدان شەو و ڕۆژی تر تێپەڕ دەکەم و بەردەم من جەوانێکی کوردی زەحمەتکێش، و شۆرشگێری دەڤەری شەو بێداران دەمێنمەوە و ئێستا دەبێ بڵێم : ئەوەی کە دەبوو ئێمە بە ڕاستییەکان بگەیێنێت خۆی لێی بێ بەرییە. تەنیا ڕاستتیێە کە ئازادی مسۆگەر دەکات.
من نە بۆ لەبار بردنی ڕاستی و مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێم بەڵکوو هەر هەنگاوێک کە دەیڕوم، لە ڕاستی نزیکتر و زیاتر بوومە پێشمەرگەی مرۆڤایەتی. ئەرێ من پێشمەرگەی جاویدانی، پێشمەرگەی دووربوونەوە لە وەحشیگەری و هاوباوەشیم لە گەڵ ئازادی و لە ناو ئەو زاڵمانەدا کە بە خەیاڵی خۆیان دەتوانن بە لە ناو بردنم لە دارستان جیام کەنەوە، بە بێ هیچ ترس و دڵەراوکێیەک، بڵیند و بەژن ڕێک، بە دڵێکی پراو پێ لە هیوا و هۆمێد دێمەوە و دەبمە هاورێی ئەستێرەکانی ئەو ئاسمانە خەم ڕەوێنە.
شێرکۆ مەعارفی
زیندانی سەقز
15ی رەزبەری ساڵی 1392ی هەتاووی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 254

## دوای ساڵێک هێشتا مەسەلەی کوشتنی عیرفان ئەحمەدی شاعیر لەتاریکیدا ماوەتەوە!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130803094539893331



ڕاگەیاندنێک لەکەسوکاری عیرفان ئەحمەدەوە بۆ ڕای گشتی دوای تێپەڕبوونی ساڵێکی تەواو بەسەر کوشتنی عیرفان ئەحمەد لە ناوەندی شاری سلێمانی و لە تەلاری "سلێمانی پالاس" هێشتا کەیسەکەی لە تاریکیدا ماوەتەوەو تاوانبارانی ڕاستەقینە نەدراون بە دادگاو سزای تاوانەکەیان وەرنەگرتووە.
ئەگەرچی ئێمە کەسوکاری عیرفان لەدوای ڕوداوەکەوەو لەڕێگای پارێزەرەوە شکاتمان تۆمارکردووە لەئاکامی هەوڵی ئێمەو پارێزەرەکان و هاوڕێ و دۆستانی عیرفانەوە بەڵگەی پێویست پێشکەشکراوە بە دادگاو سەری داوی دۆزینەوەی ڕاستیی ڕوداوەکەو ئەو تاونبارانەی بەوتاوانە هەڵساون، لەدەستی دادگادایە، سەرەڕای بەڵگەکانی پزیشکی دادوەری، کەچی بەداخەوە تائێستا بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئەو تاوانە نەدراوە. وا دەردەکەوێ کە دادگاو دەزگا بەرپرسەکانی سلێمانی دەستی دەستی بەو مەسەلەیەوە بکەن!
دیارە ئێمە ئەوەمان پێشتر ڕاگەیاندوە کە بەدوای تۆڵەسەندنەوەوە نین، بەڵکو بەدوای ئەوەوەین بەوجۆرە یێدەربەستیە مامەڵە لەگەڵ ژیانی هیچ هاوڵاتیەکی کوردستاندا نەکرێ. عیرفان هیچ تاوانێکی ئەنجام نەدابوو تا شایستەی هیچ جۆرە سزایەک بێت، نەک بەوجۆرە وەحشیانەیە لەلایەن پاسەوانانی سلێمانی پالاسەوە لێی بدرێ و دوای 4ڕۆژ لەئاکامی ئەو لێژانەوە گیانی لەدەست بدات. بۆیە لێرەوە دوبارەی دەکەینەوە کە ئێمە لەخوێنی عیرفان خۆش نابین تا تاوانباری ڕاستەقینە بەسزای تاوانەکەی خۆی نەگات. هەموو ڕێگایەکی گونجاویش بۆئەو مەبەستە دەگرینەپێش.
هەرلێرەشەوە بەئاگاداری خزمان و هاوڕێیان و دۆستانی عیرفان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و جەماوەری شاری سلێمانی دەگەیەنین کە بۆ ڕێزگرتن لە گیانی عیرفان و تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەوتاوانەی بەرامبەری کرا، ڕۆژی دووشەممە 2013/8/5 کاتژمێر 5،30 بۆ 6،30 ی ئێوارە لەسەر مەزارەکەی لە گۆڕستانی سەیوان کۆدەبینەوە.
2-8-2013
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 255

## دوایین نامەی شەهید ناسر خۆشکەلام لە ژووری سێدارە بۆ دەستگیرانەکەی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012022119095064288

بۆ خۆشەویستی ژیانم، ژیانێکی کە ئێستا کە تۆ نامەم دەخوینی بۆ من نەماوە. نازانم لەم سەر دەمەی مەرگدا باسی چیت بۆ بکەم. باسی ئەو هەمووە چەرمەسەریەی من بۆ تۆم دروست کردووە، باسی دڵی بریندارمان، باسی ئەوینی خنکاومان. بەڕاستی ئەوەندەم قسە پێیە نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم ئێستێ کە دوایین کاتەکانی ژیانم دەبەمە سەر وێنەی شیرینی تۆم لە پێش چاوە کە نیگای بە تاسەت چاوەڕوانی ئازادی من دەکات، بەڵام هەیهات بۆ هیوای ڕابردوو، بۆ ژیانی ژاکاو و بۆ ئەوینی گەورەمان. دەزانم لە مەرگی من زۆر پەرۆش دەبی، دەزانم نان و ئاو بە

دەستت تاڵ دەبێ، دەزانم دوای من رەش دەپۆشی، بەڵام ئەمە چارەنووسی ئەوینی ئێمەیە.

لە بیرم دێ لە یەکەم ژوانماندا باسی گرتن و کوشتن و ئاوارەی و دەربەدەریمان دەکرد، دەی ئەوە ئێستا کاتی تاقیکاریە، بە هێز بە خۆت راگرە و مەهێڵە دوژمنان شادبن، من بە بیر و پروایکی کە بە داهاتووی نیشتمان هەمە سەر دەنێمە سەر خاک کە وابوو مەهێڵە تۆزی غەم و پەژارە دات بگرێ وایش نەبوایە من هەر دەمردم" تۆزی بەر بایێک و خوڵی وردم."
تکات لێ دەکەم تووشی ئیحساس و عاتفە مەبە، من دەڕۆم، بەڵام تۆ دەژیت. هیوام وایە لە گەڵ کورێکی باشتر لە من زەماوەند بکەیت، بۆ رۆژی زەماوەندتتان چەپکێک گوڵی سوور بهێنە سەر مەزارم و یادم بکەن، شادی من لەوەدایە. بەختەوەریت ئاواتەخوازم، تکات لێ دەکەم بەرگی رەش لە بەر مەکە بەرگی سووری ئەوین لەبەرکە با یادی ئەوینی گەورەمانت لە پێش چاوا بێت، لە هەر جێژن و کورێکدا سەر لە مەزارم بدەن، بەڵام نە بە گریانەوە، بەڵکو بە قاقای پێکەنین، چون من شەهیدی ئامانجێکی بەرزم، یادم بکەن بە گرتنەبەری رێگا پیرۆزەکەم، یادم بکەن بە کۆڵنەدان و خەبات و بە یادی من گوێ لە شریتی چاووشی 5 بگرە. لە سەر گۆرم سروودی " تا بە شیر تابناک" بخوێنن، ئەوەندەش بڵێم کە من لە بێدادگایەکدا محاکمە کرام کە بێوێنە بوو، لە دادگا نەئەچوو هەر وەک کایەی منداڵانە وا بوو......

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 256

## دوو پارتی رۆژهەڵاتی کوردستان یەک دەگرن

http://www.kurdipedia.org/?q=201308112233289180

بۆ ڕای گشتی کوردستانی وجیهانی.

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستانی مەزن!
تامەزرۆیانی ئاشتی و تەبایی و یەکریزی نەتەوەی گەورەی کورد!

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ساڵێک و پاش چەندین دانیشتن و کۆبونەوە لە نێوان سەرکردایەتی هەردوو پارتی سەربەستیی کوردستان و پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان و بۆ هەرچی زیاتر خزمەت بە نەتەوەی کورد و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەتەوە و وڵاتەکەمان لە لایەک و؛ لە پێناو وەسەریەک خستنەوەی هێز و تواناکانمان و بۆ هەرچی زیاتر مەحکەمکردنی سەنگەری خەباتی نەتەوایەتی لە لایەکی دیکەوە، هەردوو لایەن لە سەر ئەوە ڕێکەوتین کە وەک یەک لایەنی سیاسی و لە ژێر ناوی پارتی سەربەستیی کوردستان درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بدەین.
هەر لێرەوە داوا لە سەرجەم هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردستانی دەکەین کە بە کەڵک وەرگرتن لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەمان دا، با چاوپۆشی لە قازانج و بەرژەوەندیە تاکەکەسی و گروپیەکان بکەن و پێکەوە لە یەک ریکخراو و بۆ یەک ئامانج کە ئەمیش سەربەخۆیی کوردستانە درێژە بە تێکۆشانیان بدەن، چونکە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان پێویستی بە یەکریزی، تەبایی، هاوهەڵوێستی و پاڵپشتی یەکتری هەیە.
هەر لەم راستایە و وەک هەردوو لاپەنی پادک و پ س ک داوا لە گشت لایەنە سەربەخۆخوازەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و داوایان لێدەکەین: کە بۆ هەرچی زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەمان و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دا، با لەگەڵ یەکتر دڵپاک و بە دیالۆگ و دانیشتن ڕێگای یەکگرتن و لێکنزیکبوونەوە خۆشبکەین، گومانی تێدانییە کە هەمچون

هەنگاوگەلێک کە ئەمڕۆ پسک و پادک ناویانە، گەورەترین خزمەتە بە نەتەوەکەمان و ڕێگاخۆشکەری ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتییە لە پێناو رزگاری کوردستان.
هەر شەکاوە بێت ئاڵای خەباتی یەکڕیزی ڕۆڵەکانی نەتەوەی گەورەی کورد لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆدا.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پارتی ئازادی ودیموکراسی کوردستان
عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی پ س ک : قادری خەندەڕەش سەرۆکی پادک

20ی گەلاوێژی 2713ی کوردی. 11 / 8 / 2013 زاینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 257

## دوو ساڵ دوای کۆمەڵکوژییەکەی کامپی ئەشرەف پێویستە لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەو کەیسەدا بکرێت!

http://www.kurdipedia.org/?q=20150904185417859638

لە ناو ئەو تاوانانەی لە ماوەی ساڵانی رابردوو دەرهەق بە پەنابەرانی ئێرانی لە عێراق روویداوە، کۆمەڵکوژییەکەی 1ی ئەیلوولی ساڵی 2013 زەقترینیانە. لەو رۆژەدا هێزێکی دەمامکداری سەر بە سەرۆک وەزیرانی عێراق بە هاریکاریی و ئاسانکاریی سوپای عێراقی هەڵکیانکوتایە سەر ئەو کامپە و 52 کەسیان کۆمەڵکوژ کرد و 7کەسیشیان رفاند. ئەو تاوانە لە کاتێکدا روویدا کە دانیشتووانی ئەو کامپە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی پارێزراو بوون و حکومەتی ئەمریکاش لە ساڵی 2003وە بە نووسراو بەڵێنی بەو پەنابەرانە دابوو کە تا ئەو کاتەی لە عێراق ئەژین گیانیان پارێزراو دەبێت.
بێگومان هەر سێ لایەنی پەیوەندیدار، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق، هەر کامە و بە جۆرەی بەرپرسایەتی خۆی لەو کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە دانیشتووانی ئەشرەف کرا بەرپرسن. هەڵبەت تاوانباری یەکەم، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بووە چون هەر خۆی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە و باوەڕی بەوە بوو کە هەموو شتێک بە هێز یەکلایی بکاتەوە. بە تایبەت کە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، نوری مالیکی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەجێندای حکومەتی ئێران پەلاماری ئەشرەفی دا.
لەگەڵ ئەوەدا کە نوری مالیکی نە تەنها دەرهەق بە دانیشتووانی ئەشرەف، زۆرێک تاوانی جەنگی و تاوانی دژەمرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، دەسەڵاتێکی دادوەریی بەهێز لە ناوچەکەدا بوونی نیە کە بتوانێ لەو دۆسیيانە بکۆڵێتەوە، جا بۆیە بە پروای ئێمە پێویستە تاوانبارانی کۆمەڵکوژییەکەی ئەشرەف ئاشکرا بکرێن و ئەو کەیسە پێشکەش بە دادگای نێودەوڵەتی لاها بکرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە تاوانبارانی ئەو کەیسە.
هاوکات بە پروای ئێمە ئەرکی حکومەتی عێراق ئەوە دەبێ بێت کە بە پێی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ پەنابەراندا بکات. بە تایبەتی کە ناوبانگی حکومەتی عێراق دەرهەق بە پەنابەرانی ئێرانی لە ئاستێکی زۆر خراپدا بووە تا ئێستا و پێویستە لەمەودوا بە دیوەکەیتریدا بکرێتەوە و ئابڵۆقەی سەر کامپەکە لابەرێت و لیبرتی وەک کامپی پەنابەران بەرەسمی بناسێت و کەسانێکی شایستەو سەربەخۆ و پابەند بە مافی مرۆڤ دەستنیشان بکات بۆ بەڕێوەبەرایەتی کامپەکە.
ئەنجومەنی ڕووناکبیرانی کوردستان

باشووری کوردستان- هەولێر
01-09-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 258

## دوو نامەی جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە کوژرانی جەلالی حاجی حسێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042122095875916



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 259

## دوو نامەی هێمن بۆ شوکرییە رەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050820550876190

کچی خۆم شوکرییەی خۆشەویست

ئەوە یەکمجارە ئەو عینوانە بۆ کچێک دەنووسم. بۆخۆم کچم نیە و هەرگیز بە چاوی بابانەوەش تەماشای هیچ کچێک ناکەم. بەڵام لە دەروونمدا من تائێستاش جوانی پەرستم هیچ جوانێکیشم پێ لە کچ جوانتر نی یە. بەڵام لە تەواوی ژیانم دا هەرگیز هیچ جوانێک بێ لە کچ نەیتوانیوە زەوقی من ڕازی بکات و ڕەنگە پێم وایە لەویش جوانتر هەیە و جارێ تووشی نەهاتووم. هەر وەک هیچ شێعرێکیش بە تەواوی ڕازی نەکردووم، چونکە پێم وایە لەوە جوانتر دەکرێ بخولقێ.

کچی خۆم بەڵام ئەوە ئەم عینوانەم بۆ تۆ نووسی، چونکە هەست دەکەم تۆ وەک کچێک منت خۆش دەوێ منیش دەبێ وەک باوک تۆم خۆش بوێ. شوکرییە گیان پروا بکە لە کانگای دڵمەوە خۆشم دەوێی هیوام وایە نەک هەر کچێکی چاکی من بی، بەڵکو کچی کورد بی. کچی چاک بە پروای من ئەوە نیە، لە بن عەبا و ڕووبەند دا بژی و نوێژ و تاعەت بکا ڕوو لە نامەحرەم بگرێ، من کچێکم پێ چاکە، بە چەکی زانینەوە خزمەت بە نیشتمان و نەتەوەکەی بکا. تێت ڕادەبینم تۆ یەکێک لەو کچانە بی. هەر ئەوەی بەهەستەوە یادی کەسێک دەکەیەوە کە ژیان بۆ ئەو وەک جەهەننەم وایە بەسە بۆ ئەوەی تۆ بناسین و بزانین کچە کوردێکی کە خزمەت کارانی کوردت خۆش دەوێ.

هەم بخوێنە، هەم بژی. من قەت ئەوەندە وشک نیم پێم وابێ خوێندکارێک دەبێ شەو و ڕۆژ

سەری لە سەر کتێب بێ و تام لە ژیان نەکا. ئەوەندەش بێ موبالات نیم حەق بدەم بە کەسێک هەلی وای بۆ هەڵکەوێ و کەلکی لێ وەرنەگرێ. سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم. سڵاوی هەموو کچ و کوڕێکی باشی کورد لەوێ دەگەیێنم. لە باتی من تەماشای جوانەکان و ناسکەکانی وێ بکە. هەرچەندە دەزانم خۆت زەوقی لێ وەرناگری.
لە نووسین و خوێندنەوەی کوردی غافڵ مەبە. خەریکم دیوانەکەم چاپ بکەم هەر چاپکرا، بۆت دەنێرم.
باوکت
باوکی دڵسۆزت هێمن

##############################################

شەکراوە شیرینەکەم
بە خوای چاکت کرد، شەکراو ناوێکی شیرین و خۆشە.بەڵام هەی هوو. شیرینیایەتی شەکراو لە کوێ و شیرینیایەتی کچێک. کچە کوردێکی جوان و دڵگر، کچە کوردێکی ڕیزا سووک و چەلەنگ لە کوێ؟ نا، نا، شەکراویش بۆ تۆ ناوێکی تەواو نییە بەڵام لەوەی پێشوو باشترە. تەنیا منداڵێکی بچووکە کە شەکراو بە ماچێکی لێوی جوانان دەگۆڕێتەوە ئەوەیش پاش ئەوەی پەرەوازە بوو تێ دگا چەند تێ شکاوە.
کچی خۆم، نازانم بۆ کەمێکم بۆنی ناهومێدی و بەزیوی لە نامەکەت کرد، تۆ لە تەمەنێک دای کە نابێ خەم بخۆی، وەڕەز بی، هەست بە غەریبی و دوورە وڵاتی بکەی. ئەوپش لە مۆسکۆ، لە مۆسکۆی جوان. ئەگەر لە باتی باوکی خۆت بای چت دەکرد؟ ئەوە پێنج ساڵی تەواوە پی ی ناوەتە شەش ساڵ دوور لە خۆشەویستان بە پیری و فەقیری و چارەڕەشی ڕای دەبوێرم. شەوان وەک مانگی یەک شەوە باوەشم ئاوەڵەیە بۆ خۆشەویستەکەم، بۆ ئەو خۆشەویستەی کە ساڵانی ساڵ لە باوەشم دا ئارامی دەگرت، بە ڕۆژ بۆ بەرێ چوون، بۆ ژیان کار دەکەم، ئەویش کارێک کە لە گەڵ زەوقی شاعیرانەم یەک ناگرێتەوە، ئێواران کە دەگەڕێمەوە کەس چاوەنۆڕم نیە. بەڵام بەو حاڵەوە دەردی دڵ ناکەم و قسەکانم بۆنی ناهومێدی لێ نایە و تەنانەت پێم وا نیە زیانم کردووە. چونکە دەزانم لەو حاڵە دا پتر دەتوانم خزمەتی نەتەوەکەم، نەتەوە بەش خوارەوەکەم، نەتەوە لێ قەوماوەکەم بکەم.
کچەکەم. بۆ ئێمە هەموو کچ و کوڕ و ژن و پیاو و لاو و پیرێکی کژورد ناهومێدی یانی مردن، یانی بەزین، یانی سەنگەر بەردان، کە چاوەنۆڕ نیم کچێکی وەک تۆ تێگەیشتوو و پێگەیشتوو ناهومێد بێ. هیوا دارم گوڵی هیوات سیس نەبێ و بڵێسەی هومێد لە دڵە ناسکەکەت دا نەمرکێ.
خۆشەویستەکەم. خۆر خەریکی خوێندن بە. زانین بۆ خۆی خۆشترین شتە لەم دنیایە دا، بەڵام زانایەکی وشک و بەرزە دەماغ مەبە پاش گەڕانەوەش لە نەتەوەکەت جوێ مەبەوە و پیاو هەرچی زانا بێ لە ئاپۆرەی خەڵک خاناتر نیە. دڵنیا بە هەرچی پتر بزانی هێشتا موحتاجی ئەو ژنە قەرەجە دەبی کە پار شتی لێ فێر ببووی. ئینسانێک ئەو دەمی چارە ڕەشە و دەبێ بەزەییت پێ دا بێ و زگت پێی بسووتێ کە وەک هێندێک لە نەزانەکان لای وا بێ پڕ بووە و لە خەڵک بێ نیازە.
شەکراو گیان سڵاوی تۆم بە مامۆستا هەژار و کاکە حەمە ڕافەیاند ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان سڵاوت لێ دەکەن. کۆری زانیاری کارێکی باشی کرد، هەژاری نارده پاریس تا کورد و زمانی کوردی بە ڕۆژهەڵاتناسەکان بناسێنێ. کاک دوکتۆر کەماڵ مەزهەر و دوکتۆرە نەسرین فەخریش چوون، سەرکەوتوو بن.
من بە تەنێ لە بەغدا ماومەوە و ئارەق دەڕێژم. بە ڕاستی گەرماش بەڵایەکی گەورەیە، ڕۆژ تا ئێوارێ دەهاژم و بە لووزەو ئارەق دەڕێژم و ناتوانم بیر بکەمەوە. شەوانە بە تاقی تەنێ لە سەربانە بەرزەکەم ڕادەکشێم چاو لە مانگ و ئەسطیران دەبڕم، ئەویش تەنیایی و بێ جووتی ڕیبجم دەدا. ئەوە ماوەیەکە خەریکی هێندێک کاری زانستی و فەرهەنگیم و شێعری تازەم نیە. دیوانەکەم خراوەتە ژێر چاپ. بەڵام کەی تەواو دەبێ؟ نازانم. لە عێراق کتێبی پڕێک گەورە چاپ کردنی گرانە. منیش لە کتێبی بچووک چاپ کردن بێزارم و دەمەوێ هیچ نەبێ بەشێکی گەورەی دیوانەکەم چاپ بکەم. بەشەکەی تری با بمێنێتەوە بۆ پاش مردنم تا منیش وەک قانیع پاش مەرگم هەبێ.
خۆشەویستەکەم. هەتاو هەڵات و ئارەقەم بە ناوچاوان دا هاتە خوار و نووسین دژوار بوو. جارێ ماڵ ئاوا..
باوکت هێمن

74 / 9 / 20نامەم هەر بۆ بنووسە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 260

## دۆکومێنتەکانی ئەنفال

http://www.kurdipedia.org/?q=20130505161436827755

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 261

## دەبێ دەستبەجێ مەحمود سەنگاوی دەستگیر بکرێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122816515287021

ئەمرۆ 10 ڕۆژ بەسەر بریاری دادگای کەلاردا بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار مەحمود سەنگاوی تێدەپەرێ. ئەم بڕیارە لە پەیوەند بە تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیەوە لەلایەن دادگای ناوبراوەوە دەرکراوە. ئەو کە فەریقی سوپا و بەرپرسی مەلبەندی گەرمیانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانە، دەبوو لەگەڵ دەرچوونی بڕیارێکی لەو جۆرەدا و ڕووبەڕوکردنەوەی ئەو تۆمەتە وەک هەموو تۆمەتبارێکی تر لەهەر شوێنێک ببینرێ دەست بەجێ دەزگا ئەمنیەکان دەستگیری بکەن، نەک ئاوا بەئازادانە بسورێتەوە و لێداون بدات و پاساوی سەیر وسەمەرەی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ چونی بۆبەردەم دادگا. بە داخەوە جارێکی تر لە کوردستان دەردەکەوێت کە خودی یاساکان یەکسانی نێوان هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا پێ شێل دەکەن و مافی زۆرتر بە کاربەدەستانی حکومەت دەدەن. ئەم یاسایانە پێچەوانەی بنەما سادەکانی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانن و پێویستە لەکار بخرێن.
هەربۆیە ئیمە ئەو ڕێکخراوانەی لەخوارەوە ناومان هاتووە داوادەکەین کە:
- 1 دەستبەچێ فەریقی سوپای پێشمەرگە مەحمود سەنگاوی دەستگیربکرێ،و ڕێکاری یاسایی وەک هەموو خەلکێکی تر لە بەرانبەریدا بگیریتە بەر.
- 2 پێویستە حەسانەی بەرپرسیارێتی لەمەحمود سەنگاوی بسێندرێتەوە تا دواساتەکانی دادگاییکردنی، هاوکات پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە ڕادەستی یاسای بکات چونکە لەلایەن دادگای بەرایی کەلارەوە وەک تۆمەتبار بەکوشتنی کەسێک ناوی هاتووە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێویستە بە کردەوە نەک بە گوفتار بیسەلمێنێت کە ڕێز لە یاسا دەگرێت و بەرپرسەکانی خۆی لەسەروو یاساوە دانانێت.
- 3 بەهۆی نەبونی هیچ پێشینیەکی جیبەجێ کردنی یاسا بەسەر بەرپرسانی پارتی و یەکیتی، هاوکات بەجیهانیبونی کەیسی شەهید کاوە و گرنگی لای ئەو هەزاران خەلکە ئازادیخوازەی 20 ڕۆژە نارەزایەتی بۆ دەردەبرن داوا دەکەین دۆسیەی تیرۆری شەهید کاوە دادگایی کردنی تۆمەتباری ناوبراو بە تەواوی بە ڕووی میدیادا کراوە بێت.
- 4 داوا دەکەین خەلکی کوردستان بەگشتی و دەڤەری گەرمیان بەتایبەتی پشتگیری و بەشداری خۆپیشاندانی بنەماڵەی شەهید کاوە بن کە لە ڕۆژی 29ی ئەم مانگە لەبەردەم دادگای کەلاردا ئەنجامی دەدەن.
هەروا لیرەدا رای دەگەیەنین کە ئیمە لەگەل چەندین ناوەندو ڕیکخراو و کەسانی چالاکی داکۆکیکار لە ئازادی و مافی مرۆڤ ناڕەزایی سەرتاسەری لە ئەورپا و کوردستان بریار وایە لە5ی مانگی

جانیوەری لەیادی یەک مانگەی تیرۆری شەهید کاوە دا بە بەشداری هەموو لایەک ئەو نارەزاییانە لە پێناوی وەستاندنی تیرۆر لە کوردستان، کە ماوەی 22ساڵە بە دەیان دەنگی ناڕازی و ئازادیخوازیان لێ داپڕیوین، بەرفراوان و گەورەتر بکرێن.
با لە ئەورپاوە لە گۆرەپانی پایتەختەکان تا کوردستان لەبەردەم دادگا و مەکتەب سیاسی و ئاسایشی یەکیتی، بە دەنگی یەکگرتوومان تیرۆرکردن و سەرکوت ئیندانە و ڕیسوا بکەین.
ئیمزاکان
1/گروپی 17 شوبات / ستۆکهۆلم
2/کوردستان فۆرم لەبەلجیکا
3/دەستەی کەمپینی ئازادی بۆ سەید ئەکرەم / بادینان
4/رێکخراوی تێکۆشان بۆ هوشیارێ و کەلتوری میدیا /دهۆک
5/رێکخراوی کەسکا / ئەورپا
6/رێکخراوی رەنگەکان بۆ ئازادی / هەولیر
7/گروپی کوردانی بەلجیکا بۆ داکۆکی لەماف و ئازادێ خەلکی کوردستان
8/رێکخراوی ماد / سوید
9/چاودیری کوردۆساید / چاک
10/خانەی ئازادی / هۆلەندا
11/سەنتەری کورد/ ئەمەریکا بۆ ئازادی رادەربرین K.A.C.F.E ڤێرجینیا
12/رێکخراوی گەشەپیدانی خەلک (کوردستان PDO )
13/کۆمەڵەی کورد لەسکۆنە/ سوید
14/کەمپینی بەرگری لە ئازادی و خواستەکانی خەڵکی کوردستان_دانیمارک
15/گروپی داکۆکی لە مافە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان/ کەنەدا
16/ڕێکخراوی ڕزگاری ژن لە عێراق
17/ڕێکخراوی کۆمەلگای کورد لەلەندان
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 262
## دەربارەی بەرنامە گاڵتە ئامێزەکەی کەناڵی ئاسمانی کوردسات
http://www.kurdipedia.org/?q=20141004000041776888
سەبارەت بەو بەرنامە گاڵتەئامێزەی کە کەناڵی ئاسمانی (کوردسات)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەوی 2014/10/3 لەسەر (داعش) پێشکەشی کرد، تێیدا بەبەهانەی گاڵتەکردن بەو گروپە خۆیدا لەهێرش کردنە سەر چەندین دروشمی ئیسلامی کەبەهیچ بەهانەیەک ڕێگەپێدراو نیە دروشم و ڕەمزی ئیسلامی کەئایەتی قورئان و فەرموودەی لەسەر بێت ئیهانەو گەمەی پێ بکرێت، ئەم کارە لەکەناڵێکی فەرمی یەکێتی نیشتمانیەوە جێگەی نیگەرانیمانەو ئیدانەی دەکەین و چاوەڕوانی هەڵوێست و ڕونکردنەوەی ئەو لایەنەین، چونکە ئێمە هەڵوێستمان لەسەر داعش و فیکرو بۆچونیان و کردەوەکانیان ڕوون و ئاشکرابووەو ڕامانگەیاندووە بەهەر ناوو ناونیشان و ڕوخسارێکەوە کاری تاوانکاری ئەنجام بدرێت ئیدانەی دەکەین و ئەوانە تەعبیر لەئیسلام و ئیسلامیەکان ناکەن، بۆیە ناکرێت لەپەنای گاڵتەکردن بەو گروپە هێرش بکرێتە سەر ئیسلام.

فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی
لەپەرلەمانی کوردستان
4/10/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 263

## دەربارەی عوسمان پاشای بابان لە عەبدول ڕەقیب یوسفەوە بۆ مەسعود محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126014633119050



نامەیەکی عەبدول ڕەقیب یوسف بۆ مەسعود محەمەد بە زمانی عەرەبی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری بڵاوکراوە: ✒دەستنووس
زمان - شێوەزار: SAعەرەبی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 264

## دەزگاری هەواڵگیریی سعودیە زانیاری لەسەر وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان کۆدەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150621121919855585



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: SAعەرەبی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 265

## دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبارەی تەقینەوەکانی رۆژی 29-09-2013 رونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە.

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092921394692374

کاتژمێر 1:24 دوا نیوەرۆی ئەمرۆ 29-9-2013، پەلامارێکی تیرۆریستی کرایە سەر بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێم. لەسەرەتادا ئۆتۆمبێلێکی جۆری مینی پاسێک خۆکوژێکی تێدابووە ویستوویەتی بچێتە ناو بارەگای ئاسایش و لەوکاتەدا لەلایەن پاسەوانانی ئاسایش تەقەی لێدەکرێت و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەرگای سەرەکی دەتەقێتەوە و لەوکاتەدا 4 خۆکوژ بە چەک و رومانەوە هەوڵ دەدەن بچنە ناو بارەگای ئاسایش هەولێر.
هەرچوار تیرۆریستە خۆکوژەکە لە لایەن پاسەوان و کارمەندانی ئاسایشەوە دەکوژرێن، لەدوای چەند خولەکێک تیرۆریستێک بە ئامبولانسێک لە بارەگای ئاسایش نزیک دەبێتەوە و دوای ئەوەی رادەگیرێت خۆی دەتەقێنێتەوە.

لە ئەنجامی ئەم کردارەدا 6 تیرۆریست کوژراون و بەداخەوە لە کاتی بەرگریکردنی قارەمانانەی کارمەندانی ئاسایشدا 6 کارمەندی ئاسایش شەهیدبوون و (42) کەس لە کارمەندی ئاسایش و پۆلیس و بەرگری شارستانی برینداربوون.

لەکاتێکدا سەرەخۆشیمان لە خانەوادەی شەهیدان دەکەین و ئاواتی هەرچی زووتر چاکبوونەوەی بریندارەکان دەخوازین؛ خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە ئەم جۆرە هێرشانە لەرووبە رووبوونەوەی تیرۆریستان رژدتر و توندوتۆڵترمان دەکەن.

ئەم هێرشە لەکاتێکدا ئەنجامدرا کە هەرێمی کوردستان لەتاقیکردنەوەیەکی مەزنی دیموکراسیدا سەرکەوت و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ناحەزانی کوردستان چاویان بەم سەرکەوتنانەی هەرێم هەڵنایەت.

دوای 6 ساڵ ئەمەیان یەکەم کرداری لەمجۆرەیە لە هەرێم ئەنجامدەدرێت، بەڵام بێگومان لەمیانەی ئەم 6 ساڵەدا چەندین جارە هەوڵی لەمجۆرەیان هەبووە کە بە وریایی هێزەکانی ئاسایش پوچەڵکراون.

پێویستە لەبیرمان بێت کە هەرێمی کوردستان لەناوچەیەکی ئاڵۆزدایە و هەوڵی ناحەزان و مەترسیی تیرۆریستان بۆ تێکدانی سەقامگیریی کوردستان کۆتایی پێنەهاتووە، بۆیە داوا لەهاولاتیانی خۆشەویست دەکەین کە یارمەتیدەر و پشتیوانمانبن بۆ پاراستنی ئاسایش و سەرو مالیان.

داواتان لێدەکەین کە بنکەکانی ئاسایش لەهەر دیاردەیەکی نامۆ و گوماناوی بەزووترین کات ئاگادار بکەنەوە. هاوکارییتان گەورەترین فاکتەرە بۆ پوچەڵکردنی نیازی گڵاوی تیرۆریستان.

تیرۆریستان شیواز و پیلانی نوێ بەکاردێنن بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانیان بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەهاوکاریی هاوڵاتیان هەموو تواناکانمان دەخەینەگەڕ بۆ قەلاچۆکردنی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێم لەهەرشوێنەکەوەبێت.

لەکۆتاییدا داوا لەهاولاتیانمان دەکەینەوە کە پابەندبن بەڕێنماییەکانی ئاسایشەوە و هاوکارمان بن چونکە هاوکاریتان گەورەترین فاکتەری یارمەتیدەری پاراستن و بەردەوامیی سەرمایەی بەنرخی ئاسایشی وڵاتمانە.

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان 29-09-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار:	کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات:	باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 266

## دەستوری هەرێم کەرەسەی شەڕێکی راگەیاندنی کۆنەپەرستانەیە لە نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزیسۆندا!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130519161834 78521

هەڕەشەی راپرسی لەسەر دەستوری پێشنیاری هەرێم، کە دەسەڵاتو بە دیاریکراویش پارتی، ناوە ناوە بەدەستیەوە دەگرێت لەگەڵ پێداگری ئۆپۆزیسێۆن بۆ گێرانەوەی دەستور بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، لایەنیکی بەرجەستەی ململانێی نێوان ئەو دوو لایەنە بۆرژواییەیە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا.
هەڕەشەی خستنە دەنگدانی دەستور لەلایەن پارتیەوە بۆ ئەوەیە کە گوشار بخاتە سەر ئۆپۆزیسیۆن بۆ سازانو قبوڵکرنەوەی بارزانی بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی هەرێم. تەنانەت خودی هێنانە ئارای پرسی دووبارە هەمواركردنەوەی دەستوریش لەلایەن پارتیەوە، هەر بۆ ئەم ئامانجەیە. بەڵام لە بەرامبەردا سووربوونو پێداگری ئۆپۆزیسێۆن"بزوتنەوەی گۆڕانو ئیسلامیەکان" لەسەر گێڕانەوەی دەستور بۆ پەرلەمان، گوشارێکە بۆ ئەوەی دەرگا دابخات بە رووی بارزانیدا بۆ خۆکاندنیکردنو هەڵبژرادنەوەی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی هەرێم. دەستور بۆ پارتی تەنها ئامرازێکی بەناو یاساییە بۆ ئەبەدیکردنی دەسەڵاتی پارتیو بە دیاریکراویش زاڵکردنی پێگەی بنەماڵەی بارزانییە بەسەر خەڵکی کوردستاندا.
ئەو گەمەیەی ئێستا دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، لە چوارچێوەی ململانێی خۆیاندا هێناویانەتەوە سەر گۆڕەپانەکە، ئەوەندەی ململانێیو کێبەرکێیەکی نەخشەمەندانەی ئەم دوو لایەنەیە لەپێناو پچرینی بەشی داهاتی زۆرترو لووشدانیەتی، نیو ئەوەندە باس نییە لەسەر ناوەرۆکی دەستورو ململانێ لەسەر جێگیرکردنی مافو ئازادیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان. بە پێچەوانەی بانگەشەی فریودەرانەی دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنەوە، ناوەرۆکی دەستوری ئێستای هەرێم، ناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانەی قەومیو ئیسلامی هەیەو سەرتاپاش گونجاوە بە باڵای هەموو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیو رەوتە ئیسلامیەکان، چ ئەوانەی لەدەسەلاتدانو چ ئەوانەشی بەرگی ئۆپۆزسیۆنیان پۆشیووە. دەستورێک کە لەسەر بنەمای جیاکاری چینایەتیو بەقازانجی سەرمایەدارانو بازرگانانو خاوەن کۆمپانیاکان دارێژراوە، بەڕۆشنی مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ژنانو لاوانو کرێکاران، سەرکوت دەکاو دەیکاتە پاشکۆی شەریعەتی ئیسلامیو بەرژەوەندیەکانی بازاڕی سەرمایەداران.
ڕەخنەیەکی سەرەکی کە ئۆپۆزیسیۆن لە دەستوری هەیە، هەر ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی لە سەرۆکایەتیەوە بگۆڕێت بۆ پەرلەمانیو شیوازی هەڵبژاردنی سەرۆکیش ئاڵوگۆری بەسەردا بێت. بەم جۆرەش ئۆپۆزسیۆن بنەما سەرەکیەکانی دەستوری ئێستایان قەبوڵ کردووەو هیچ رەخنەیەکیان لەوە نییە کە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاساکان شەریعەتی ئیسلامییە. رەخنەیان لەوە نییە کە لەژێر ناوی پیرۆزیە نیشتمانیو نەتەوەییو دینیەکاندا، دەمی ئازادیخوازان دەبەستێو ئازادی بیروراو رەخنە سەرکوت دەکا. تەنانەت رەخنەیان لەوە نییە کە بنەمای ئەم دەستورە مافو چەمکی هاوڵاتی بەڕەسمی نەناسیوەو رێگەی بەشداری راستەوخۆی جەماوەری لەسیستەمی سیاسیو بەرێوەبردندا، بەستووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە ململانێی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزیسێۆن لەسەر دەستور، ململانێیەکی ئاشکرایە لەسەر چۆنیەتی وەستانەوەیان بەرووی داواو ویستی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان، دابەشکردنی جومگەکانی دەسەلاتو بەتاڵانبردنی کۆمەڵگا لەنیوانیاندا.
سیستەمی سیاسی لە کوردستان تا ئەوکاتەی لەلایەن چەند حزبێکی بۆرژوا قەومیو میلیشیاییو سەرکوتگەرەوە بەڕیوەببرێت، ئەگەر سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی، بە پێویست لەسەر

دەستورێک رادەوەستێت کە لەسەر بنەمای نایەکسانی ئابووری لەنێوان هاولاتیاندا داڕێژرابێتو شەریعەتی ئیسلامیش وەک سەرچاوەیەک بکاتە پێوانەی مافو ئازادیە فەردیو مەدەنیەکانو هەر کەسێکێش لێی لابدات بە پێی ئەم دەستورەو یاساکانی رووبەڕووی سەرکوتو سزاو زیندان ببێتەوە .

پرسی دەستور لە ئێستادا دۆسێیەکە بۆ لە چوارچێوە گرتنی ململانێی نێوان چەند حزبێکی قەومیو ئیسلامی، بە ئاڕاستەی سازدانەوەی دەسەلات لەدەرەوەی مافو ئازادیەکانو بەرژەوەندی زۆرینەی هاولاتیاندا، ئەمەش لە هاوکێشەیەکی سیاسی وادایە کە پارتی تیا بالادەستترەو یەکێتی نیشتمانیشی کردوتە هێزێکی کەنارکەوتوو. بێگومان لە ململانێیەکی کۆنەپەرستانەی ئاواشدا، ئەوە تەنها خەلکی کرێکارو دەستەنگی کوردستانو ئازادیەکانیانە، کە چ لە گێرانەوەی دەستور بۆ پەرلەمانو هەموار کردنەوەیداو چ لە خستنە راپرسیی دەستورەوە دەکاتە قوربانی. بۆیە ئەرکی چینی کرێکارو خەلکی ستەم دیدەی کوردستانو بەرەی ئازادیخوازو مۆدێرنی کوردستانە لە ریزێکی سەربەخۆو فراونی خۆیاندا، بەرامبەر بە دەسەلات، یەکگرتوانە راوەستنو ریگا نەدەن گەمەی دەستور بە زیان بۆ سەر مافو ئازادیەکانیاندا بشکێتەوە. ئەحزابی قەومیو ئیسلامی بەوانەی دەسەلاتیان بەدەستەوەیەو ئەوانەشی ناوی ئۆپۆزیسێۆنیان لە خۆیان ناوە، ئەحزابی بۆرژوازیو چینەداراکانی کوردستانو ململانێیان لەسەر دەستور تا دروَی هەلبژاردنو سیستەمی سیاسی پەرلەمانیو سەرۆکایەتییان، هیچ شتێک نییە جگە لە ململانێیەکی کۆنەپەرستانە لە پێناو سازانو رێکەوتندا، لەسەر چۆنیەتی درێژەدان بەدەسەلاتی ئێستاو دابەشکردنی داهاتو بازاڕی سەرمایە .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، رادەگەیەنێت کە دەبێ لە خەباتێکی سیاسیو جەماوەریدا، دەستوری ئێستای کوردستان لەلایەن هاولاتیانەوە رەت بکرێتەوەو لەجێگەیدا، دەستورێکی عەلمانیو داڕێژراو لەسەر بنەمای مافی هاولاتی بوونی یەکسانو سەلماندنی ئەوپەڕی ئازادیەکانو بەشداری راستەوخۆی نوێنەرانی خەلک لە بەریوەبردنی کاروباری ولاتدا، شوێنی بگریتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پێی وایە کە لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی بۆرژوازی کورد و هێزە میلیشیاییەکانیدا، ناکرێت چاوەروانی دەستورێکی ئازادیخوازانە بکرێت. بەلکو ئالوگۆری بنەرەتیو ریشەیی لە ژیانی مادیو مەعنەوی خەلکی کوردستانو زامن بوونی مافو ئازادییە فەردیو مەدەنیەکان بە باشترین شێوەو بالکێشانی خۆشگوزەرانی گشتیو ئاسودەیی بەسەر دانیشتواندا، لە گرەوی هێنانە سەرکاری حکومەتی سۆسیالیستیو سیستەمی شوراییدا مسۆگەر دەبێت. بێگومان خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستیەکانی ئێستا، پێشمەرجی بەدیهاتنی ئەم ئامانجەیە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی کرێکارانو زەحمەتکێشانو ئازادیخوازان دەکات کە بەڕیزی ئەم خەباتەوە پەیوەست بن .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
ناوەراستی ئایاری 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| ولات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 267

## دەستەی دادوەری ئەنجامی هەلبژاردنەکانی هەرێم پەسەند دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102812240888146

دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکانی هەرێم - کوردستانی عێراق لەرێکەوتی 2013/10/28 کۆبووەوە، بەسەرۆکایەتی دادوەری بەڕێز هوشیار محەمەد تاهر ئەتروشی و ئەندامێتی دادوەرانی بەڕێز صبحی علی هرزانی و حاجی محەمەد تاهر کە رێگە دراون بەدادگاییکردن بەناوی گەلەوە و

ئەم بڕیارەی خوارەوەیان دەرکرد :

دوای وردبوونەوە و یەکلاکردنەوەی سەرجەم تانەکان لە ئەنجامی دوا هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە 2013/9/21 کە پێشکەشکرابوو لەلایەن کیانە سیاسیەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەم دەستەیە بڕیاری دا بە پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 لە سەر ئاستی کیان و پاڵێوراوەکان کە ڕاگەیەنراوە لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لەلایەن ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ئاگادارکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان- ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەم بڕیارە بۆ زانین بڕیار لەسەر تانەکان دراوە لە کاتی یاسایی دیاریکراو دوای هەژمارکردنی ماوەی پشووی فەرمی و ئەم بڕیارە بە ڕێکەوتن ڕاگەیەنرا لە 2013/9/28 .

سەرۆک
هوشیار محەمەد تاهر ئەتروشی
ئەندام
حاجی محەمەد تاهر
ئەندام
صبحی علی هرزانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 268

## دەسەڵاتی باشووری کوردستان و پاشماوەکانی بەعەرەبکردن و ئەنفالچێتی و بەعسیزم!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051815561478538

دەسەڵاتی سیاسی و کارگێری و بەڕێوەبردنی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، بەکردەوە پێکهاتووە لە دوو پارت و هێزی گەورەی وەکو پارتی و یەکێتی کەخاوەنی هەزاران پێشمەرگەی چەکدار و ئازا و دڵسۆزن، خاوەنی هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایش و هێزی دژەتێرۆری چەکداری ئامادەکراون، خاوەنی هەزاران کەسی سەربە پاراستن و دەزگای زانیارین، کەچی هیچ کامیان ناتوانن و ناوێرن، یەک وشەبنووسن، یەک هەڵوێست وەرگرن، یەک کردەوەبنوێنن بەرامبەر چەند بەناو مەلایەک کە ئایینی ئیسلام بە خراپترین شێوە دژی کورد و کوردایەتی بەکار دەهێنن. بەناوی ئایینی ئیسلامەوە بەئارەزووی خۆیان فەتووای نادادپەروەرانەو نامرۆڤانەدژی کوردایەتی، دژی ڕۆشنبیران و هونەرمەندا و نووسەران و شانۆکاران و نیگارکێشان، دەردەکەن. بە فەتووای ئیسلامی، نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانی کورد و کوردستان شاربەدەر و نیشتمانبەدەر دەکەن، ڕۆژانەلەسەر سەکۆی مزگەوتەکانەوەزۆرترین و بێزراوترین سووکایەتی بەئافرەتان، بەکچان و خوشکان و دایکانی کورد و کوردستان دەکەن، دژی جلوبەرگی کوردیی ئافرەتانی کوردن، دژی (ئەی ڕەقیب)، مارشی نەتەوەیی کوردین، دژی ئاڵای کوردستان و دژی هەموو بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوەی کوردن، ڕۆژانەبەدەیان وتار و لێدوان و گرتەی ڤیدۆیی دژی هەموو دیاردەپێشکەوتووەکانی ژیان و دژی هەموو بەها پیرۆزەکانی کوردایەتی و کوردەواری بڵاو دەکەنەوە، ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، چ خۆیان و چ لەلایەن ئەو مەلا سیاسییەمووچەخۆرانەی وابەستەی خۆیانەوە، بەهەموو شێوەیەک لە هەوڵ و هەڵپەی بەئیسلامی کردنی کۆمەڵگەی کوردستاندان. دەیانەوێت بە یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکانی 1400

ساڵ لەمەوبەری عەرەبستانی سعودی، کۆمەڵگەی کوردەواری بەڕێوەبەرن. کەچی ئەم دوو سەرکردایەتییەی پارتی و یەکێتی، بێگومان بە بزووتنەوەی گۆرانی بەرهەڵستکاریشەوە، بە پارتە بچووکە مووچەخۆرەکانی دیکەشەوە، هەتا ئێستا سەبارەت بەم کێشانە، هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووەو نییە؟! هیچ هەڵوێستێکیان نەبووەو نییە، هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییان بەرامبەر ئەو گروپ و مەلا سیاسییانەدا نەکردووە و رووبەڕووی دادگەیان نەکردوونەتەوە، هەر هیچیان نەکردووە؟!، بەڵام ئەگەر نەتەوەییە کوردپەروەرە دڵسۆزەکان لەکوردستاندا کۆبوونەوەیەک بکەن و چالاکییەک ئەنجام بدەن یان بەیاننامەیەک دەربکەن، خێرا ئاساییش و پاراستن و دەزگای زانیاری دەکەونەخۆیان و دەکەونەهەڕەشەو گورەشەلەنەتەوەییەکانی کورد، وەک لەرابردوودا چەندین هەڵوێستی لەم شێوەیەمان لێبینیون؟! ئەو دەسەڵاتەکوردییەبوار و مۆڵەتی هەبوون و کارکردن بەهیچ رێکخستنێکی نەتەوەیی نادات، هەر کەس و کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخستنێک باسی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستان بکات، باسی راگەیاند و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان بکات، خێرا رووبەڕووی هەڕەشەی دەکەنەوە؟!. تەنانەت بوار و مۆڵەتی هەبوون و کارکردنی یاسایی بە تاکە سەنتەرێکی رۆشنبیریی نەتەوەیی نادەن، ئەمەچی جۆرەدەسەڵاتێکە؟! ئەمەچی جۆرەمۆدێلێکەلەکورد بوون و کوردستانی بوون؟! ئەم دەسەڵاتە کوردییە ئەگەر هەر بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بمێنێتەوە و هیچ هەڵوێستێکی خەمخۆرانە وەرنەگرێ و هیچ هەوڵێکی گۆرانکاری کردن لەم بارودۆخە خراپەی ئەمڕۆدا نەدات، ئیتر دەسەڵاتێکی لەم بابەتەشایەنی فەرمانڕەوایی کردنی میللەت نابێت، شایستەی ئەوەنابێت میللەت بەنوێنەری خۆیانی بزانن، ئەم جۆرەدەسەڵاتەهەر تەنها شایستەی ئەوە دەبێت، چارەنووس بیخاتەناو ئەو گۆڕەبەکۆمەڵەوەکەئیسلامییەسیاسییەکان، بەهاوکاری و کۆمەکی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بەردەوام و بە هەموو شێوە و شێوازێک هەر خەریکی هەڵکەندنی ئەو گۆڕە گەورەیەن؟!. کەئەوەیش روویدا، ئەوسا ئەو کوردستانەبەئیسلامیکراوە، لە هەموو وێرانکاری و پاشکەوتنێکدا، لە زەوت کردنی ئازادییە تاکەکەسییەکاندا، لە سووکایەتی کردن بە کچان و ژنانی کوردستاندا، لە هەموو جۆرە جەوساندنەوە و ئەشکەنجەدان و کوشتوپڕێکی مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا، لەهەموو دیاردە خراپەکاندا، بۆری ئێرانی ئیسلامی و ئەفگانستانی تاڵیبان و پاکستان و سعودییەو سودان و سۆماڵ و سوریا و میسر دەداتەوە. زۆر بەداخەوە ئێستا بەرەو ئەو چارەنووسەرەش و ترسناکەدەڕۆین..... ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە هیچ رابردوویەکی تێکۆشان و کوردایەتییان نەبووە و نییە، تەنانەت یەک فیشەکیشیان نەناوە بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە، ئەمانە بۆ خۆدەرخستن و خۆ ژیاندن و خۆ سەرمایەدارکردن و بەئیسلام کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە خراپ کەڵکیان لەو ئازادی و دیمۆکراسییەی باشووری کوردستان وەرگرتووە. با بپرسین کە ئەمانە لەسەردەمی بەعسییە فاشیستەکاندا، لە کاتی ئەنفال کردن و وێرانکردن و سووتاندنی کوردستاندا لە کوێ بوون؟! پرسیارەکە ئەمەیە، بۆچی ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسیانە دوای نەمانی بەعسییەکان دروستکران؟! روون و ئاشکرایە کە ئەمانە لە باشووری کوردستاندا نوێنەری بەرژەوەندییە گڵاوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن و بە هەموو شێوەیەک بێبەرین لە کوردایەتی. ئەمانە ژەهری عەرەبچێتی و عروبە لە کوردستاندا بڵاودەکەنەوە و ئەنفالچین و ئەنفالی فەرهەنگ و دابونەریتی رەسەنی کوردی دەکەن، ناوی کوردی ناهێڵن و برەو بەوە دەدەن ناوەکان هەمووی ئیسلامیی عەرەبی بێت، جلوبەرگی رەسەنی کوردەواری ناهێڵن و برەو بە جبە و لەچک و باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانیی میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودی دەدە. ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێت وەکو کورد و کوردستانی بمێنینەوە و خراپکترین و ترسناکترین و رەشترین چارەنووس چاوەڕوانمان نەکات، پێویستە و دەبێت، سنوور بۆ ئەو مەلا سیاسییانە دابنرێت، دەبێ بە یاسا مۆڵەتی هەبوون و کارکردن و چالاکی لەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بسەندرێتەوە و بەیاسا یاساخ بکرێن. بێگومان ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە خوایە نەک بە پێچەوانەوە، خوایەک کە ئافەریدەکاری هەموو بوون و بوونەوەرێکە، پێویستی بە سیاسەت کردن و رێکخستنی سیاسیی نییە. خوای بەخشندە و دلۆڤان و میهرەبان پێویستی بەوەنییە کە چەند مەلایەکی سیاسی، یان چەند بازرگانێکی سیاسیی خۆیان بکەن بە نێردراو و نوێنەری ئەو و بەناوی خواوە سووکایەتی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکەن، خەڵکی بێتاوان ئەشکەنجە بدەن و دیلیان بکەن و بیانسووتێنن و بیانکوژن. دەبێت لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا، رێگا نەدرێت بە هیچ شێوەیەک ئایین تێکەڵی سیاسەت بکرێت و دەبێت ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی جیابکرێتەوە و ئەو دوو دامەزراوە جیاوازە هەرگیز تێکەڵی یەکتر نەکرێن. لێرەدا پێویستە راستییەکی دیکەش باس بکەین کەمەلا

بەڕێزەکانی جاران، هەموویان لەگەڵ ئەوەشدا کە کاروباری ئایینییان بەڕێوەدەبرد، لە هەمانکاتدا کوردایەتیشیان دەکرد و ئاییندارییەکەیان هەرگیز ڕێگری کوردبوون و کوردایەتی کردنیان نەبووە.
ئەمڕۆش مەلای دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و چاکەخوازمان زۆر هەن و نابێت ئەم مەلا بەڕێزانە تێکەڵی ئەو مەلا سیاسییانە بکرێن کە لە کاروباری ئایینیی خۆیان دوورکەوتونەتەوە و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بە مەبەستی سیاسیی و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ خراپکاری و چەواشەکاری، بەخراپ بەکاریان دەهێنن. ئەمانە ژەهری عەرەبچێتی و عروبە لە کوردستاندا بڵاودەکەنەوە و ئەنفالچین و ئەنفالی فەرهەنگ و دابونەریتی ڕەسەنی کوردی دەکەن، ناوی کوردی ناهێڵن و برەو بەوە دەدەن ناوەکان هەمووی عەرەبی ئیسلامیی عەرەبی بێت، جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری ناهێڵن و برەو بە جبە و لەچک و باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانیی میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودی دەدە .
ئەگەر ئەم ئیسلامییە سیاسییانە دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەست و ببنە فەرمانڕەوای کوردستان، کۆمەڵگەی کوردەواری دەچێتە تاریکترین و ترسناکترین و ناخۆشترین بارودۆخی ژیانەوە. ئەوساش هەموو کورد و کوردستانییەکی پاک و دڵسۆز، هەموو ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازێک، هەر ئەو ڕێگەچارانەیان بۆ دەمێنێتەوە کە یان دەبێت کوردستان بەجێبهێڵن، یان دەبێت ملکەچ بکەن و بە کۆیلەیی ڕازیبن، یان دەبێت دیسانەوە لە سفرەوە دەست پێبکەنەوە؟ .!
بەرەو جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و پارتایەتی و دەوڵەتداری .
بەرەو سەروەریی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.
بەرەو کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو و سەربەخۆ .
هەر بەرز و شەکاوەبێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.
هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان
17.05.2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 269

## دەسەڵاتی میلیشیایی هۆکاری نائارامی و پەرەسەندنی تیرۆری سیاسیە لەکوردستان!

http://www.kurdipedia.org/?q=20131206211918877

شەوی ڕابردوو 2013/12/5 چەند چەکدارێک، ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، لە بەردەم ماڵەکەیدا تیرۆردەکەن. تیرۆری کاوە دوای ئەوە دێت کە ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی حکومەتو حیزبی دەسەڵاتدار لە ناوچەی گەرمیان، لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتیەوە بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێدەکرێت.
ئێمە لە کاتێکدا ئەم کردەوە تیرۆریستانەیە بەتوندی سەرکۆنەو شەرمەزاردەکەین، لە هەمان کاتدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبەرپرس دەزانین لە ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە و تەسلیم کردنیان بە داداگا، لەبەرئەوەی کە ئەو ناوچەیەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوە، بێجگەلەوەی کە یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو حیزبە بە بەڵگەوە هەڕەشەی لە ناوبراو کردوە.
تیرۆری کاوە گەرمیانی ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی تیرۆرو کوشتن و هەڕەشەکردن کە بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە لە دژی هەڵسوراوانی سیاسی، کۆمۆنیست، ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کۆمەڵگا بەڕێوەبراوە. لیستی تیرۆری ژێردەسەڵاتی دوو حیزبی بزوتنەوەی کوردایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکات کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی ئەم دەسەڵاتە نایەکسانو گەندەڵەی بۆرژوازی کورد تیرۆرو کوشتنی نهێنی نەیارانی سیاسیو نارازیانی دەسەڵاتەکەیانو

بێدەنگکردنی هەر دەنگێکە کە رەخنە لە دەسەڵاتو کارنامەی رەشیان بگرێت. هەربۆیە کەیسی کاوە گەرمیانی کەیسی هەموو خەڵکی نارازیو ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستانە دژ بە دەسەلاتی میلیشیایی سەرکوتگەرانەی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.
پێویستە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە مل بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی یاساییو خاوەن سەلاحیەت بدات بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی کاوە گەرمیانی بەبەشداری نوێنەری بنەماڵەی کاوە گەرمیانیو نوێنەرانێک لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەو پرسانە، تاکو تاوانبارانی ئەم کەیسە بدۆزرێنەوە و دادگایی عادلانە بکرێن .
تاوانی تیرۆری کاوە گەرمیانی ئەو راستیە چەندبارە دەسەلمێنێتەوە کە لەژێرسایەی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازیدا ئاسایشو ئازادیو ئارامیو مافەکانو ژیانی خەڵک هەمیشە لەبەردەم هەرەشەو لەناوچووندایە. هەربۆیە نارەزایەتی بەرفراوانی جەماوەری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی ئازادو دامەزراو لەسەر بەشداری و ئیرادەی راستەوخۆو هوشیارانەی خەڵک زامنی بەدیهاتنی ئازادیو ئارامیو ژیانێکێ یەکسانو خۆشگوزەرانو دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی گیانی خەڵکە .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 270

## دەقی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەبارەی پێشمەرگەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140825171702678 73

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان عێراق
ژمارەی بڕیار: 19
مێژووی بڕیار: 2014/7/23
بڕیاری
تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە
پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (56) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (18)ی رۆژی 2014/7/23 ئەم بڕیارەی دا:
یەکەم: وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانە یەکەم وەزارەت دەبێت .
دووەم: پێویستە دەرماڵەی مەترسی تایبەت (الخگورە الخاصە) بۆ هێزی پێشمەرگە سەرف بکرێت .
سێیەم: مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە هاوتای مووچەی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکرێت .
چوارەم: پێویستە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی شەش مانگ لە دەرچوونی ئەم بڕیارەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا وەک هێزێکی نیشتیمانی یەک بخرێت، بەتایبەتی یەکەکانی (70 و 80).
پێنجەم: پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە بەرزکردنەوە و بەرزبوونەوەی پلە(ترقیە) سەربازییەکانی پێشمەرگە .
شەشەم: پێویستە نەسرییەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت .

حەوتەم: پێویستە مووچەخۆری بێ دەوام لە هێزەکانی پێشمەرگە نەهێڵرێت .
هەشتەم: پێویستە کاتی دەوام و پشووی هێزی پێشمەرگە یەک بخرێت .
نۆیەم: پێویستە هێزە ئەمنیەکان لە ناوچە کوردستانییەکان یەک بخرێن .
دەیەم: پێویستە هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و پێداویستیی وئامێرە سەربازییانەی لە پاش رووداوەکانی گرتنی موسڵ کەوتوونەتە دەست هێزە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنرێنەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە .
یازدەیەم: پێویستە سووتەمەنی و پێداویستی تەندروستی بەشێوەیەکی باشتر بۆ هێزی پێشمەرگە دابین بکرێن .
دوازدەیەم: دابینکردنی خواردنی تەندروست و گەیاندنی بەهێزی پێشمەرگە لەکاتی خۆیدا .
سێزدەیەم: دابینکردنی چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ هێزی پێشمەرگە .
چواردەیەم: ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید دەبن دەبێت لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بەخاک بسپێردرێن و هاوکارییەکی ماددی خانەوادەکانیشیان بکرێت .
پازدەهەم: پێویستە حکومەتی هەرێم ئەرکی چارەسەری بریندارەکان لە ئەستۆ بگرێت، لە کاتی برینداربونیانەوە تا چارەسەرکردنیان و، هاوکاری مادیش بکرێن .
شازدەهەم: پێویستە هێزی پێشمەرگە لەو جێیانە نەکشێتەوە کە لەدوای 2014/6/9 تێدا جێگیر بوون.
حەڤدەهەم: حکومەت لەکاتی کۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی هەرێم، دەبێت هەموو ئەو بڕگانەی ئەم بڕیارە کە لە ئێستادا ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن، جێبەجێیان بکات .
هەژدەهەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پێرەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات .
نۆزدەیەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێت .
بیستەهەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن .
بیست و یەک: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .
هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم بڕیارە
لە پێناو باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە و، ڕێکخستنی کاروبارەکانیان و، دابین کردنی پێداویستیەکانیان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.
یوسف محمد صادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 271

## دەقی بڕیاری ڕەتکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140825100756675955

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و بە ڕێککەوتنی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان، بڕگەکانی یەکەم و سێیەم و چوارەمی لە مادەی یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانی هەموارکردەوەو بڕگەی شەشەمی بۆ زیادکرد و ناردی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پەسەندکردنی. بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە (2) لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (2)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت و بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنەوە و پاراستنی ئاسایشی شار و شارۆچکەکانی هەرێم و داخستنی هەر کەلێنێک کە ڕەنگە لە لایەن دوژمنانەوە بەکاربهێنرێت بۆ کارکردنە سەر ئاسایشی نەتەوەیی

لە کاتێکدا کە تووشی هێرشێکی دڕندانەی دوژمن بوینەتەوە، بڕیارماندا بە: ڕەتکردنەوەی یاسای ژمارە (3) ی ساڵی 2014 یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان - عیراق ژمارە (11) ی ساڵی 2010 .

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەریمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 272

## دەقی بەلاغی کۆتایی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141022152221777792

ئێمە وەک کۆمەڵێک کەسێتی سیاسی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و پارتی سیاسی دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی 11ی تشرینی یەکەمی 2014دا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا و بەئامادەبوونی دەیان کەسێتی سیاسی و ڕۆشنبیری دەستپێشخەرییەکمان بەناوی "دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی" ڕاگەیاند، لەڕێکەوتی 17ی هەمان مانگیشدا بەئامادەبوونی 151 ئەندامی جڤاتی گشتی، وەک نوێنەری سەرجەم شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، لەژێر دروشمی" لەپێناو تاکێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا" یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنمان لە سلێمانی بەڕێوەبرد و لەکۆنگرەدا بەکۆی دەنگ بڕیاری دامەزراندنی "تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان"مان دا. لە کۆنگرەکەدا جڤاتی گشتی بەچڕوپڕی ڕەوشی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و بەرگری و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگای باشووری کوردستان و ئێراقی تاوتوێکرد و گەیشتە چەند ئەنجام و بڕیارێکی گرنگ. هەروەها دوای پەسندکردنی پەیماننامەی تەڤگەری ئازادی و پرۆژە بڕیارەکان، لەهەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی هەر یەک لە بەڕێزان شیلان شاکر و محەمەد عەبدوڵڵا و دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە 15 ئەندامی کۆنگرە هەڵبژێردران .
لەدایکبوونی تەڤگەرەکەمان لەکاتێکدایە کە لەچوارچێوەی پیلانگێرییەکی دژە کورد و کوردستاندا گروپی چەتەکانی داعش بە پشتیوانی و هاوکارییەکی گەورەی دەوڵەتی داگیرکاری تورکیا و چەندین دەوڵەت و هێزی جیهانی و ناوچەیی دیکە پەلامارێکی داگیرکارانەی کوردستانیان دەستپێکردووە و بەهەموو دڕندەییەکەوە لەهەوڵی قڕکردنی گەلی کوردستان دان. گەلی کوردستانیش لەهەموو ئاستەکاندا، بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا؛ پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلا دلێرەکانی کوردستان بەرگری و بەرخۆدانێکی مێژوویی و نەوازەیان نواندووە، بەتایبەتی لە کۆبانێدا گەل و شەڕڤانەکانی یەپەگە و یەپەژە بەرخۆدانێکیان نواندووە کە لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەیەکی نەوازەیە. بۆیە کۆبانێ ئیتر مێژوویێکی پرشنگداری تۆمار کرد و داهاتوویێکی شکۆداریشی بۆ گەلەکەمان مسۆگەر کرد. ئیدی بەرخۆدانی کۆبانێ بۆتە سیمبۆلی بەرخۆدانی گەلی کوردستان و تەواوی مرۆڤایەتی، سیمبۆلی بەرگریکردن لە کەرامەت و ژیانی ئازادانەی گەلی کوردستان. ئەمەش ئەرکی ئێمەی لەبەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تەڤگەرەکەمانی روونتر و مەزنتر کردووە .
هەروەها دامەزراندنی تەڤگەرەکەمان "تەڤگەری ئازادی" لەکاتێکدایە کە سیستەمی باڵادەستی جیهانی لەنێو گێژاوێکی قووڵی بونیادی دایە و تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیشی پەلکێشی ئەو گێژاوە هەمەلایەنە کردووە، لەپێناو لەسەرپێ مانەوەی خۆیشیدا کەوتۆتە نێو ململانێ و جەنگێکی خوێناوی جیهانییەوە و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینیشی کردۆتە چەقی ئەو ململانێ و جەنگە.
کوردستان و هەر چوار دەوڵەتی باڵادەستی سەر کوردستانیش وەک ناوەندی ئەم ناوچەیە بوونەتە گۆڕەپانی سەرەکی یەکلاییکردنەوەی ململانێ و جەنگەکان. بەمەش کاریگەری تەواوی ململانێ و جەنگە جیهانی و ناوچەیی و هەرێمییەکان راستەوخۆ کاریگەری هەمەلایەنەی بەسەر کوردستان و ئەو دەوڵەتە قەوارەپارێزانەدا هەیە .

باشووری کوردستانیش وەک بەشێکی کوردستان و لەسنووری ئێراقدا گۆڕەپانێکی گرنگی ئەم دۆخە گێژاوییەیە و کاریگەری راستەوخۆی جیهان و ناوچەکەی بەسەرەوەیە. تەنانەت هەم بۆتە گۆڕەپانێکی سەرەکی و هەمیش بۆتە بەشێک لە ململانێ و جەنگی نێوان جەمسەر و رەوتە ململانێکار و ناکۆکەکان. وێڕای 23 ساڵ ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی لە هەرێمدا، کەچی لە ئاستی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و دۆخی کۆمەڵایەتیدا لەنێو گێژاوێکی قووڵ و بەرفراوان دایە و ئیتر سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگا بۆتە سیستەمی قەیران و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا زەمینەی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی گەورەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.
ئێمە لە کۆنگرەکەماندا؛ گەیشتینە ئەو راستییەی کە" هەرچەندە ناڕەزاییە جەماوەرییەکان لەبەرامبەر بەم دۆخەدا تادێت زیاتر و چڕتر دەبێتەوە، بەڵام دەسەڵات بەهۆی تایبەتمەندییە قۆرخکارییەکەیەوە هێشتا بێباکە لە وەڵامی ئەرێنیانەی ناڕەزاییە جەماوەرییەکان. بەمەش دەسەڵات لەبری بوون بە هێزی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە گێژاوییەی کە خۆی و کۆمەڵگاشی تێخستووە، بۆتە سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکان و لەهەوڵەکانی بۆ رزگاربوون لەم دۆخەدا بەبنبەستی گەیشتووە. هێز و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەهۆی مەیلی دەسەڵاتخوازێتی و نەبوونی ستراتیژ و بەرنامەیەکی چارەسەرئامێز بۆ کێشە و قەیرانەکان نەیانتوانیوە ببنە هێزی چارەسەری و لەگەڵ یەکەم هەنگاوی بەشداربوونیان لە دەسەڵاتدا بوونە هێزی یەدەگی دەسەڵات و ئەو وزە و پشتیوانییە جەماوەرییەی بەدەستیان هێنابوو، خستیانە خزمەت ئیدارەکردنی کێشە و قەیرانەکان نەک چارەسەرکردنیان. بەمەش ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز ناڕەزاییەکان و هیوا و داخوازییەکانی کۆمەڵگای وەک پەیژەیەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکارهێنا و دۆخێکی بێ ئۆپۆزسیۆنی لەناو پەرلەماندا هێنایەکایەوە. بەڵام ئەمە نە بەواتای چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان دێت و نە ناڕەزایی و هیوا و داخوازییەکانی کۆمەڵگاش کۆتاییان پێدێت. بۆیە کۆمەڵگا، لەسەرووی هەموویانەوە چین و توێژە هەژار و رەنجدەرەکان، تا گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەستبەرداری تێکۆشانی خۆیان نابن و بەردەوام لەنێو لێگەڕینی چارەسەری دان و لەمیانەی چالاکییە ناڕەزاییەکانییەوە هێزی نوێی گۆڕانکاری و وەرچەرخان و توانستی چارەسەری دەئافرێنن".
لەسەر ئەم بنەمایە؛ تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان کە بزووتنەوەیەکی نوێی جڤاکی سیاسی خاوەن جیهانبینی و رێبازی وەرچەرخانی دیموکراتیانەیە لەپێناو وەڵامدانەوەیەکی راستی ئەم دۆخە دژوارەی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرێت لەدایک بووە و بەم ئامانجەشەوە تێکۆشانی خۆی دەستپێدەکات. مسۆگەر تەڤگەرەکەمان خۆی بە جێگرەوە یان دژبەری هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی دیاریکراو نابینێت. بەڵام بە رۆح و فیکرێکی ئۆپۆزسیۆنی رادیکاڵ و پۆزەتیف کار و خەباتی خۆی بەڕێوە دەبات، بۆئەوەی ببێتە هێزی چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و بەشدارێکی چالاک و کاریگەر لە بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی جڤاکی دیموکراتی. سەبارەت بە پرسە ژیهنی، سیاسی، جڤاکی، چاندی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگاش پرۆژە و خەباتی چارەسەرئامێزی خۆی دەبێت .
لەیەکەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی تەڤگەری ئازادیدا لەمیانەی گفتوگۆیەکی کراوە و ئازادانەدا بەشێوەیەکی روون جیهانبینی و رێبازی کار و خەباتی تەڤگەرەکەمان و ئەرک و ئامانجەکانی دەستنیشان کرد و مۆدیلێکی نوێی رێکخستنی دامەزراند. لە کۆنگرەدا رێبازی کار و خەباتی تەڤگەری ئازادیمان دەستنیشان بوو، کە بە پێشەنگایەتی ژنان و گەنجانی ئازادیخوازە و بەشداری ژنان لەهەموو بوار و ئاستەکانی تێکۆشاندا لەسەر بنەمای بەشداری هاوبەش و یەکسان دەبێت و سیستەمی هاوسەرۆکایەتی بنەمایەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی کار و خەباتمانە. هەروەها دیموکراتیزەکردنی تاک و جڤاک بۆ گۆڕان و وەرچەرخانی دیموکراتی شێوازی بنچینەییمان دەبێت. لەئاستی هەرێم و شار و شارۆچکە و گوندەکانیشدا سیستەمی ئەنجوومەنەکان بەبنەما وەردەگرین .
هەروەها سەبارەت بە دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و بەرگری خۆیی لەئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتی و خزمەتگوزاریدا چەندین بڕیاری گرنگی وەرگرت، گرنگترینیان ئەمانەن :
یەکەم: لەبواری نەتەوەیی و نیشتمانیدا
.1لەپێناو یەکێتی و یەکگرتنەوەی جڤاک و خاکی کوردستاندا کۆنفیدراڵی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی ستراتیژی خۆی دەبینێت.
.2هەموو هەوڵێکمان بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی تەرخان دەکەین. لەم چوارچێوەیەدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی ئامادە دەکەین و پشتیوانی تەواو لە تێکۆشان و بەرخۆدانی

گەلەکەمان و هەوڵە ئاشتیخوازییەکان بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەین .
.3پرۆژەیەکی دەستووری بۆ ئێراقێکی کۆنفیدراڵی دیموکراتی ئامادە دەکەین کە ماف و ئازادی گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێراق مسۆگەر بکات.
.4پرۆژەیەکی دیموکراتی بۆ چارەسەری پرسی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادە دەکەین.
.5لەچوارچێوەی پرۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا خەباتی جددی و هەمەلانە بۆ پاراستنی زمان و شێوەزارەکان و شوێنەوار و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردەواری و گەلانی دیکەی کوردستان دەکەین.
.6بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لە بەرگری و بەرخۆدانی شکۆمەندانەی پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلا گیانبازییەکانی کوردستان دەکەین کە دژ بە هێرشە دڕندەییەکانی چەتەکانی داعش و ئەوانەش کە پشتیوانی و هاوکاری ئەو گروپە سەرلێشێواوانە دەکەن لەسەنگەری کەرامەت و بەرگریکردن دان. بەتایبەتی بەرخۆدانی گەلەکەمان و شەڕڤانە بوێرەکانی یەپەگە و یەپەژە لە کۆبانێ و تەواوی رۆژئاوای کوردستان کە ئیدی بۆتە ناسنامەی بەرخۆدانڤانێتی گەلی کوردستان لەجیهاندا.
.7لەپێناو تێگەیشتنێکی راست و دیموکراتیانە بۆ رۆڵی ئایین و ئایینزا و تەریقەتەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگادا بێتەدی و مەترسییەکانی هەموو جۆرە توندڕەوی و دەمارگیرییەکی ئایینی و ئایینزایی رێگیریی لێبکرێت پرۆژە و هەوڵ و تێکۆشانی دیموکراتیانەمان پەرەپێدەدەین .
دووەم: لەبواری سیاسەتی دیموکراتیدا
.1خەباتی ئۆپۆزسیۆنبوونی رادیکاڵانەی دیموکراتی تەڤگەرەکەمان لەسەر بنەمای ئۆپۆزسیۆنێتی پۆزەتیف دەستپێدەکەین و لە بەرەی گەل و ئازادیخوازان و دیموکراتیخوازاندا تێکۆشانمان بەرەوپێشەوە دەبەین .
.2کار بۆ پێشخستنی بەرەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی لە کەسێتی ئازادیخواز، لایەنە سیاسییە دیموکراتیخوازەکان و رێکخراوە جڤاکییەکان دەکەین.
.3لەپێناو داڕشتنی دەستوورێکی دیموکراتیدا پرۆژەیەکی دەستووری پێشکەش بە رای گشتی کوردستان و پەرلەمانی هەرێم دەکەین.
.4کار بۆ وەدەرنانی هەموو هێزە سەربازی و دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتان و ئەو دەزگایانەی بەناوی دیکەوە دامەزراون دەکەین کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان دەگەیەنن.
.5لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەوڵدەدەین گەل لەهەموو هەرێم و شار و لادێکانیدا خاوەن هێزی خۆیی بەرگریکردن بێت.
.6بۆئەوەی هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، دەزگای هەواڵگری، پۆلیس و سەرجەم دەزگاکانی تر ببنە دەزگای هەموو وڵات خەبات دەکەین تاکو ئەو دەزگایانە سەرلەنوێ دروستبکرێنەوە .
سێیەم: لەبواری ئابووری و کارگێرییدا
.1بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لەهەموو کایەکانی سیستەمی سیاسی و کارگێریدا پرۆژە و خەباتی کرداری و جەماوەری پەرەپێدەدەین .
.2کار بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستەمی کارگێری لە باشووری کوردستان و ئێراق دەکەین کە سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی و خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی بەبنەما وەربگیرێت و ناوەندێتی کەم بکاتەوە، سنوورە کارگێرییەکان بەگوێرەی هاوسەنگی و راستینەی دیموگرافی دانیشتوان رێکبخرێنەوە.
.3لەبەرامبەر بە هەموو پرۆژە ئابوورییە پاوانخوازییە چەوسێنەرەکان تێکۆشان دەکەین.
.4کار بۆ خۆماڵیکردن و بە نیشتمانیکردنی سامانی نەوت و گاز و سەرجەم وزە و کانە سروشتییەکان و هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، تەندروستی، خوێندن و گەیاندن دەکەین .
.5بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویە کشتوکاڵی و موڵکدارییەکان و گەڕاندنەوەی مافی موڵکێتی بۆ جوتیاران پرۆژەیەکی چاکسازی کشتوکاڵی ئامادە دەکەین.
.6کاری جددی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوە بۆ گوندەکان دەکەین و لەبواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا دەبینە خاوەن پرۆژەی هەروەزکاری .
چوارەم: لەبواری کۆمەڵایەتیدا
.1بۆئەوەی بێکاری نەمێنێت و ژیان و مافەکانی کرێکار و رەنجدەران بپارێزرێن تێکۆشان دەکەین و بە پێویستییەکی گرنگی دەبینین کە یاسای مسۆگەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی (الچمان

الاجتماعی و الصحی) بۆ هەموو کەسێک لەهەر تەمەنێکدا بێت دابڕێژرێت و جێبەجێ ببێت .
.2کار بۆ دیموکراتیزەکردنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەهەموو ئاستەکاندا دەکەین و پرۆژەی پەروەردەی جڤاکی دیموکراتی لەئاستی هەرێم و شار و گەڕەک و لادێکاندا پێشدەخەین.
.4کار بۆ پاراستنی ژیان و تەندروستی منداڵان و جێگیرکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی پێشکەوتوو لە دایەنگە و باخچەی منداڵان و خوێندگای سەرەتایی و نەشونمای سروستیانەی منداڵان دەکەین و ڕێگیری لەهەموو جۆرە کارپێکردنێکی منداڵان دەکەین.
.5لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆ پیر و پەککەوتە، کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تێدەکۆشین .
.6کار بۆ گۆڕینی سیستەمی تەندروستی و دابینکردنی بیمەی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان دەکەین.
.7بۆ نەهێشتنی کرێچێتی و کێشەی نیشتەجێبوون پەرە بە پرۆژە هەرەوەزییەکان دەدەین.
پێنجەم: لەبواری ماف و ئازادییەکانی ژناندا
.1لەپێناوی ئەوەی ژن ناسنامە و ئیرادەی خۆی بەدەست بێنێتەوە و پێشەنگایەتی بونیادنانی جڤاکێکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر بکات تێکۆشانی هەمەلایەنەی خۆمان پێشدەخەین .
.2چەند پرۆژەیەکی تایبەت سەبارەت بە دۆخی ژنان ئامادە دەکەین لەوانە: پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی ئەو یاسانەی کەوا جیاکاری نەرێنی ڕەگەزیان بە بنچینە وەرگرتووە، وەک: یاسای باری کەسێتی، یاسای سزادان، یاسای کار و یاسای دژ بە لەشفرۆشی. پرۆژە یاسایەک سەبارەت بە ژنکوژی و پرینەوەی سزای هەتاهەتایی بۆ هەر ژنکوژێک، بەمەرجێک هیچ لێبوردنێکی گشتی و تایبەت نەیگرێتەوە. پرۆژە یاسایەک بۆ چەسپاندنی ڕێژەیەک کە کەمتر نەبێت لە 40% بۆ ژنان لەسەرجەم کاروباری دەزگاکانی هەرێمدا. پرۆژە یاسایەک بۆئەوەی لەهەموو دامەزراوەکاندا سەرۆک یان جێگرەکەی ژن بێت، یاخود سیستەمی هاوسەرۆکی پەیرەو بکرێت.
شەشەم: لەبواری ماف و ئازادییەکانی گەنجاندا
.1لەپێناو نەهێشتنی هەژاری، بێکاری، مشەخۆری و تەشەنەسەندنی ماددە هۆشبەرەکان لەنێو ریزەکانی گەنجاندا لەهەموو ئاست و شوێنێکدا کۆمەڵەی هەرەوەزی ئاوادەکەین .
.2لەبەرامبەر بە هەموو جۆرە شاڵاوێکی کولتووری کە بەمەبەستی شێواندنی کەسێتی گەنج و لەدەستدانی وزە و توانست و پێشەنگایەتییە ئازادیخوازییەکەی گەنجان بەئامانج وەربگرێت، تێکۆشانی هەمەلایەنە دەکەین.
.3لەپێناو پێشەنگایەتیکردنی گەنجان لە بەرگریکردن لە گەل و وڵاتدا لەچوارچێوەی بەرگری خۆیی و ڕەوادا هوشیاری بەرگریکردن و خۆرێکخستەکردنی گەنجان لە ئاستی هەرێم و شار و لادێکاندا بەبنچینە وەردەگرین.
هاوکات لەگەڵ ئەم بڕیارانەدا تەڤگەری ئازادیمان گەلێک بڕیاری دیکەی وەرگرتووە و چەندین پرۆژەشمان بۆ یەکەم قۆناخی خەبات و تێکۆشانمان ئامادە کردووە. مسۆگەر ئێمە لە خەبات و تێکۆشانی خۆماندا پەروەردەی زیهنی دیموکراتی و ڕێکخستنی جەماوەری و ئیرادەی ئازاد بە بنەما وەردەگرین، گەل و جەماوەر بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی سەرەکی خۆمان دەزانین.
سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی تەڤگەرەکەشمان هەر تەنیا بە پشتیوانی گەل دێتەدی .
لە کۆتاییدا ئێمە وەک تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان دەخوازین لە وڵاتەکەمان و لەنێو گەلەکەماندا ببین بە تەڤگەرێکی جێی باوەڕی و متمانەی گەلەکەمان، ببینە سەرچاوەی هیوا و ئیرادە و هێزی تێکۆشان و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەل. لەم پێناوەشدا بە باوەڕی و ئیرادەیەکی تۆکمە و بە جۆشوخرۆشێکی شۆڕشگێرانەوە و بە ئەشقێکی مەزن بۆ ئازادی لەتێکۆشاندا دەبین. ئێمە داوای دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی نەتەوەیی و دیموکراتی لەهەموو لایەنە سیاسییە ئازادیخواز و دیموکراتیخوازەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و کەسێتییە وڵاتپارێزەکان دەکەین کە بەهەماهەنگی و تەبایی لەپێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی و لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانە بەیەکەوە کار و خەبات بکەین و ببینە خاوەن پرۆژە و ستراتیژ و بەرەی نەتەوەیی و دیموکراتی هاوبەش. لەسەر ئەم بنەمایە؛ بۆئەوەی هەموومان ڕۆڵمان لە بونیادنانی تاکێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دیموکرات و سیستەمێکی سیاسی جڤاکی دیموکراتدا هەبێت بانگەوازی لە گەلەکەمان بەگشتی و ژنان و گەنجان، چین و توێژە چەوساوە و ڕەنجدەرەکان، کەسێتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەتایبەتی دەکەین کە؛ لەدەوری تەڤگەرەکەماندا کۆببنەوە، تاکو ئیرادەیەکی ئازاد و یەکگرتوو نیشان بدەین و ژیانێکی ئازاد و دادپەروەر و ئاشتی و دیموکرات بونیاد بنێین .

سڵاو لە تەواوی گەلی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی رێگای ئازادی. سڵاو لەو پێشمەرگە و شەڕڤان و گەریلایانە دەکەین کە لە جەلەولاوە تا کەرکوک، لە مەخمورەوە تا شەنگال، لە رەبیعەوە تا سەرێکانی و کۆبانێ لە سەنگەرەکانی رووبەڕوونەوەدا بەرگری لە گەل و نیشتمان و کەرامەتی نەتەوەییمان و تەواوی مرۆڤایەتی دەکەن.
دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان
21.10.2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 273

## دەقی بەیاننامەی هاوبەشی (10) یەمین ساڵیادی کارەساتی خوێناوی (1)ی شوبات

http://www.kurdipedia.org/?q=201402011044239845



خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

کەم ئەندام و بریندارانی (1)ی شوبات

(10)ساڵ بەر لە ئێستا و لە یەکی شوباتی ساڵی (2004) دا، کارەساتێکی جەرگ پڕ و خوێناوی بەپیلانێکی نەگریسی تیرۆرستان روبەروی گەلەکەمان و خەڵکی خۆراگری شاری هەولێر بۆوە، لە یەک کاتدا دوو کردەوەی تیرۆریستی خۆکوژی لەلایەن تیرۆریستانی سەر بەرێکخراوی ئەلقاعیدە لەناو هەردوو بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی (3)ی رێکخستنی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەنجامدرا،

ئەم رووداوە دڵتەزێنەش لەیەکەمین رۆژی جەژنی قوربان و لەناو ئاپۆرای خەڵک، کە بە مەبەستی جەژنە پیرۆزە روویان لە بارەگاکانی مەڵبەندو لق کردبوو روویاندا و خوێنی دەیان سەرکردە و کادیرو پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل رژایە ژێر نەمامی ئاشتی و تەبایی ریزەکانی گەلەکەمان، بەمەش جارێکی تر تیرۆریستان و دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی و ئەوانەی کە هەرگیز باوەڕیان بە پێشکەوتن و پێکەوە ژیان نییە، بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە ئەوان لە تاریکستانەوە هاتوون و دەیانەوێت ژیانی بەشمەینەترین گەلی سەر رووی زەمین بوەستێنن،

بەڵام لەسایەی یەکریزی نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکان و سەرجەم پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان، رۆژ بە رۆژ ئەزموونی حکومڕانی لەکوردستان و رەوتی پەرە سەندن و پێشکەوتنە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەچێت، بۆئەم قۆناغەی ئێستای کوردستانیش زیاتر پێویستیمان بەتەبایی و لێک تێگەیشتنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەزووترین کات حکومەتێکی نیشتمانی کە هەموو هیز و لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی سەر خستنی بکەن پێک بهێندرێت،

بۆیە بەدەرفەتێکی گونجاوی دەزانین داوا بکەین کە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا هەمووان بەرژەوەندی گشتی و بەدی هێنانی ئامانجی شەهیدە سەربەرزەکان بخەینە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە،پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی عێراق و کوردستان بەکەناری ئارامی بگەیەنین، بێگومان ئەمەش بە پابەند بوون بەدەستووری هەمیشەیی عێراق و جێبەجێ کردنی برگەو بەندەکانی دەبێت کە هەموو عێراقیەکان دەنگیان بۆ داوە، بەتایبەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) و تەواوی ئەو ماددانەی کە بەهۆیانەوە عێراق دەچێتە دۆخێکی تەندروست و جێگرو ئارام،

لەکۆتاییدا بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە درێژە بەکاروانی خەبات دەدەین لەپێناو بەدیهێنانی سەرجەم مافە بەدەست نەهاتووەکانی خەڵکی کوردستان و ئاواتی شەهیدە نەمرەکانمان.

ـ مردن و شەرمەزاری بۆ تیرۆریستان.

ـ نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی یەکی شوبات و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.
ـ لەش ساغ و تەمەندرێژی بۆ برینداره‌کان.
ـ هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان.
مەڵبەندی (3)ی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەولێر (1)ی شوباتی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 274

## دەقی پەیامی سۆفی و موریدانی (شێخ ڕەشید لۆلانی(

http://www.kurdipedia.org/?q=20140729161344 77172

بسم الله الرحمن الرحيم

و من اظلم ممن منع مساجد الله أن يذكر فيها اسمه وسعى فى خرابها اولئك ما كان لهم ان يدخلوها الا خائفين لهم فى الدنيا خزى ولهم فى الاخرة عذاب عظيم

صدق الله العظيم

بەناوی گشت سۆفی و موريد و شوێنکەوتوانی ڕێزدار مەرحووم (شێخ ڕەشید لۆلانی) لە عێراق و تورکیا و ئێران زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم کارە نائینسانی و دوور لە هەموو بەها پیرۆزەکانی ئیسلام دەکەین کە ئەو تاقمە تیرۆریستەی بەناو داعش ئەنجامی دەدەن لەناو مووسڵ، لەوانەیش تێکدان و تەقاندنەوەی مزگەوت و مەزارگەی پێغەمبەران و پیاوچاکان لەناویشیاندا مەزارگەی مورشیدی

ئێمە جەنابی (شێخ ڕەشید لۆلانی). ئەم کارە قێزەونانە ڕیسوا و شەرمەزار دەکەین و دەستخۆشی لە پەیامی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئامادەین بە گیان و بە ماڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاقمە تیرۆریستە.

بسم الله الرحمن الرحيم

واذا قيل لهم لا تفسدوا فی الارچ قالوا انما نحن مصلحون ألا انهم هم المفسدون ولكن لا يشعرون

صدق الله العقيم

سۆفی و موریدانی (شێخ رەشید لۆلانی) لە عێراق و تورکیا و ئێران

27-7-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 275

## دەقی پەیامی مەسعود بارزانی بە بۆنەی پەنجاوسێ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091020511677385

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

لە کاتێکدا یادی پەنجاوسێ ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە کە گەلەکەمان لە شەڕێکی چارەنووسسازدایە و پێشمەرگە قارەکانمان بە نوێنەرایەتیی هەموو جیهانی ئازاد لەدژی تیرۆریستان دەجەنگن و گەلی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات تیرۆر و داگیرکاری بەسەر ئیرادەیدا سەربکەوێت. پروابەخۆبوون و ڕەتکردنەوەی زوڵم و داگیرکاری هەوێنی سەرەکیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو و بەها و کولتووری ئەم شۆڕشەیە وای کرد لە قۆناخەکانی دیکەی شۆڕشدا گەلی کوردستان لە خەبات و کۆڵنەدانی بەردەوام بێت و دەستکەوت و سەرکەوتنی مەزنیش تۆمار بکات. ئێمە ئێستایش دەبێ بە هەمان گیانی پروابەخۆبوون و لەپێناو (کوردستان یان نەمان)دا لە دژی شەڕانگێزی و تیرۆریست و داگیرکاری بجەنگین و هەموو بستە خاکێکی کوردستانیان لێ پاک بکەینەوە.
لە شۆڕشی ئەیلوولدا گەلی کورد پشتی بە ئیرادە و توانا و پرواکانی بەست و بە بەشداریی هەموو چینوتوێژەکان و بە یەکڕیزی توانی ناسنامە و بوونی خۆی بپارێزێت و ئیرادەی دوژمنان بۆ نەهێشتنی کورد تێک بشکێنێت. لەم یادە پیرۆزەدا پێویستە هەموومان بۆ بەها و ئامانجەکانی گەورەترین شۆڕشی کوردستان کە شۆڕشی ئەیلوولی 1961ـە بگەڕێینەوە و بیکەینە چرای ئەو قۆناغەی ئێستا تێیدا دەژیین. لە شۆڕشی ئەیلوولدا گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی توانی بنەماکانی پێکەوەژیان بکاتە سەرمەشقی ژیانی سیاسیی خۆی و ئەو جەنگەی ئێستا لە دژی تیرۆر دەیکات بۆ پاراستنی ئەو بەها و پرەنسیپە ئازادیخواز و ئاشتیانەیە کە لە شۆڕشی ئەیلوول بەردی بناخەی بۆ دانرا.
جێگەی شانازییە ئێستا یەکڕیزی و یەکدەنگییەکی تەواو لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە و پشت بە خودا و ئیرادەی گەل و هێزی پێشمەرگە، قۆناغی شەڕی دژی هێزە تاریکبین و شەڕانگێزەکان بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنین. لەم یادە پیرۆزەدا بە پێویستی دەزانم کە بە گەلی

سەربەرزی کوردستان ڕابگەیێنم کە هیچ ڕووداو و کارەساتێک نابێتە هۆی ئەوەی گەلی کوردستان لە داوا ڕەواکان و مافە نەتەوەییەکانی پاشەکشە بکات. پەلاماری تیرۆریستان و ئەو کارەسات و ناخۆشییەی بەسەر کوردانی ئێزدی و خوشک و برا مەسیحییەکان و گەلی کوردستاندا هات ڕەوایەتیی زیاتری مافە نەتەوەییەکانمان پێشان دەدات و پێویستە هەموومان مکورتر و پێداگیرتر بین لە یەکڕیزیی نێوانمان و مسۆگەرکردنی هەموو ئەو مافانەی گەلی کوردستان دەیان ساڵە لە پێناویدا خەبات دەکات. ڕووداوەکانی ئەم دواییە و پەلاماری تیرۆریستانی دڕندە و دوژمنانی ئازادی دەبێ زیاتر هانامان بدات کە هەموومان پێکەوە پەرژینێکی پۆڵایین بۆ گەلەکەمان دروست بکەین کە کوردستان لە ئاگری ڕق و کینەی ناحەزانی بپارێزرێت.
هەر لەم یادە پیرۆزەدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە سەربەرزانە دەنێرین کە لە شەڕی دژی تیرۆریستان گیانی خۆیان فیدای کەرامەت و شکۆی گەلەکەیان کردووە و سەرەخۆشی لە خانەوادەکانیان دەکەم. سوپاسی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان و گیانفیدایی پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەم کە شەو و ڕۆژ چاونەترسانە بەرگری لە خاکی وڵاتەکەیان دەکەن.
بژی کوردستان
نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
10ـی 9ـی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 276

## **دەقی پەیامی نێچرڤان بارزانی بەبۆنەی ڕووداوەکانی 19-04-2014 لەبەردەم لقی 4ی سلێمانیدا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140420133922275903

ئەمشەو ڕووداوێکی نەخوازراو لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی ڕووی دا.
ئێمە ئەو ڕووداوە بە گێرشێوێنییەک دەبینین بۆ تێکدانی ئەو کەشواهەوا دیموکرسییەی کوردستان تێیدا دەژیت، بۆیەش ئەوە بە کاری پلان بۆ دانراوی هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستان دانانێین.
هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە بارودۆخەکە بە تەواوی لە کۆنترۆڵدایە و دەزگا ئەمنییەکان لە پۆلیس و ئاسایش لە سلێمانی ڕاسپێردراون کە لێکۆڵینەوەی جددی لەو ڕووداوە بکەن، باوەڕیشم بە توانا و جددیەتی دەزگا ئەمنییەکان لە سلێمانی هەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی لیکۆلینەوە لەو ڕووداوە و پاراستنی ئەمنییەتی خەڵکی خۆشەویستی سلێمانی.
بۆیەش داوا لە هەموو لایەنەکان، لەوانەش داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە دان بە خۆیاندا بگرن و بە شێوەیەکی ئارام و باوەڕبوون بە دەزگاکانی حکوومەت هەڵسوکەوت بکەن.
نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
19-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 277

# دەقی پەیامەکەی ئۆجەلان لە رۆژی نەورۆزدا 21-03-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032211512856922

سڵاو لە سەرجەم ئەو دۆستانەی کە دڵیان بۆ ئاشتی و ئازادی بە ئاگری نەورۆز گڕی گرتووە!
سڵاو لە گەلی خۆمان دەکەم، ئەو گەلەی لە میزۆپۆتامیای لانکەی شارستانییەکاندا ئاگری نەورۆزی بۆ شادی و ئاهەنگی هۆشیاربوونەوە و دیمۆکراسی گۆڕیوە.
لە ڕێی ئێوەوە خۆشەویستیی خۆم بۆ تەواوی گەنجان و ژنانی وڵاتەکەم دەنێرم.
ئەوانەی لە دڵیاندا جێگەیان بۆ ئاشتی کردووەتەوە، هەر کەسێکی خوازیاری بیستنی دەنگی ئێمە و سەرانسەری تورکیا بانگ دەکەم لە چوارچێوەی ڕوحی هاوکاریی چەندین سەدەییدا یەک بگرن.
جەژنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بێشکەی مێژووی شارستانییەکانیش پیرۆز دەکەم.
پڕ بە دڵ سڵاو بۆ هەمووتان دەنێرم. سڵاو..!
ئێمە لە نەورۆزی پار و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا ئەو ئاگری شەڕەمان کوژاندەوە کە وردیلە نامەم، گیان، ئەڤین و ڕەنجەکانی دەکرد بە خۆڵەمێش و هەر لەو ڕۆژەدا مەشخەڵی هەستانەوەی گەورەمان داگیرساند.
گەلی خۆشەویستی تورکیا!
مێژوو پێشانمانی داوە ئەگەر ڕابەرایەتییەکی بەبڕیاری ئاشتی نەخرێتەڕوو، ئەوا کێشە مێژووییەکان بە ڕەوتی خۆیاندا دەڕۆن و بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ وەرچەرخانی زۆر زیانبەخشدا وەڵام بەرهەم دەهێنن.
شتێک کە لە بەردەممانە و پێویستی بە وەڵامی زۆر بەدەستوبردە، ئەم پرسیارەیە: ئایا بە کودەتای یەک لە دوای یەک یان بە دیموکراسییەکی تەواو و ڕادیکاڵەوە لەسەر ڕێگەی خۆمان بەردەوام دەبین؟
ئەو دۆخە بەرجەستەیەی کە لە نەورۆزی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ ئێمەی تێداین، گوزارە لەو ڕێگەیە دەکات کە بەتەواوی دەستی بە جیابوونەوە کردووە. ڕژێمی گەلەکۆمەچی-کودەتاچیی پشتبەستوو بە مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی 200 ساڵە یان ئەوەتا دەست بە خۆیدا دەهێنێتەوە و بەردەوام دەبێت، یان پەیوەندییە مێژووییەکانی تورک-کورد بە فراوانترین ڕیفۆرمی دیموکراتیدا دەرباز دەکات و بە ڕژێمێکی دەستووریی دیموکرات میکانیزمەکانی گەلەکۆمەچی-کودەتاچی تێکدەشکێنێت و خۆی ڕاست دەکاتەوە. ئیدی وادەی هەموو قەدیر و شێوازە کاتییەکان بەسەرچووە.
ئەوەی تا ئەمڕۆ بەڕێوە براوە، پرۆسەیەکی دانوستاندن و گرنگ بوو. هەردوو لایەن لەو پرۆسەیەدا نیاز و واقعیبوون و بەکارهاتوویی یەکدییان تاقی کردەوە. سەرباری خۆگرانکردنی حکوومەت و بەڕێوەبردنی تاکلایەنە و هەڵوێستی خۆدزینەوە و دوورکەوتنەوە لە داڕشتنی بناغەی یاسایی، هەردوو لایەن بە بڕیارەوە لەم تاقیکردنەوەیەی هەوڵی ئاشتیدا دەرچوون. پرۆسەکانی دانوستاندن ئەگەرچی گرنگن، بەڵام پەیوەستبوون لە خۆناگرن. هەر لەبەرئەوەیشە ناتوانن متمانەی تەواو بۆ ئاشتیی یەکجاری پێک بهێنن. لەم قۆناغەدا کە پێی گەیشتووین، پێداویستیی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بە سیستەماتیککردنی دانوستاندنەکان خۆی دەسەپێنێت.
ئاشتی لە شەڕ دژوارترە، بەڵام هەموو شەڕێکیش ئاشتییەکی هەیە. ئێمە لە بەرگری لە خۆکردندا نەترساین، لە ئاشتیشدا ناترسین .
بەرگری لە خۆکردنی ئێمە لە دژی گەلانی برا نەبووە، بەڵکو لە دژی سیستەمی ستەمکاری بە ڕەفتار خۆسەپێن، ئەوانی تر بە هیچ نەزان، لەناوبەر و نکۆڵیکار بووە. لەو سۆنگەیەوە ئاشتیمانیش بۆ حکوومەت و دەوڵەتەکان نا، بۆ گەلانی ئەنادۆڵ و کوردستان و میزۆپۆتامیایە، ئەو گەلانەی کە بەها هەزاران ساڵ دێرینەکانی ئەم خاکانەیان هەرس کردووە و ئامادەکاری بێوێنەی میراتی کولتووریی جیهانن. ئەرکی حکوومەتە بەهەندبوونێکی گونجاو لەگەڵ ئەو ڕاستییە پێشبخات.
ڕێپێوانی گەورەی ئاشتیی ئێمە لە ئۆسلۆوە بۆ پاریس، لە جنێڤەوە بۆ لجێ، لە ئۆپەراسیۆنەکانی

کەجەکەوە تا هەڵوێستی ستەمکارانەی دژ بە گیراوانی نەخۆشمان دووچاری چەندین هێرش بووەتەوە. ئەوەی سەرلەبەری ئەو گەمە چەپەڵانە تێکدەدات و باڵادەستیی گلادیۆی نێودەوڵەتی دەهێنێتە لەرزە و پووچەڵی دەکاتەوە، ئەم بزووتنەوەیەیە؛ واتا ئێوەن. تێکۆشانی ئێمە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بنکۆڵکردنی سەرجەم سیستەمە خۆسەپێنەکانی هەرێمەکەدا. ئەرکی مێژوویی سەرشانمانە وەک پێویست هۆشیار بین بەرامبەر بەو گەلەکۆمە نێودەوڵەتییانەی کە لە شێوازی جۆراوجۆردا ڕووبەڕوومان دەبنەوە .
لەلایەکی تر، زمان و شێوازێکی بەرپرسیار میتۆدە ڕەگەزپەرستەکانی شەڕی دەروونی پووچەڵ دەکاتەوە و هەمان کات دەبێت بە خەسڵەتی بنەڕەتیی ئاشتیی ئێمە.
ئەم ئاشتییە لە ڕۆژئاوا و سەرانسەری هەرێمەکە تەنیا بە چارەسەرگەلی دەستوریی دیموکراتی پتەو دەبێت.
ژنان بەو توانای ئازادی و یەکسانییەوە کە بەدەستیان هێناوە و بەو بەهایانەی ئاکار و جوانییەوە کە خستوویانەتە سەر پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی دیموکراتی، هەڵگری ڕاستەقینەی ئەم ئاشتییە دەبن .
بزووتنەوەکەمان وەک بزووتنەوەی گەنجان دەستی پێکرد و بەردەوام بە گەنجی ماوەتەوە. هەر گەنجانیش لە بەرامبەر هێرش و گێچەڵەکانی دژ بە ئاشتیدا داکۆکیکاری لە بەزین نەهاتووی ئاشتی دەبن .
گەلی کۆچەرمان لە ئەوروپا و سەرانسەری جیهان دەبن بەو دەنگەمان کە لە جیهاندا بۆ ئاشتی و ژیانی ئازاد و شکۆمەندانە هاوار دەکات.
گشت ئەو هەڤاڵانەمان کە ڕوویان لە بێئومێدی وەرگێڕاوە و لە هەموو شوێنێک بە ویستی بێوێنەی خۆیان و بێ چاوترووکاندن ژیان و تەندروستی و ئازادیی خۆیان بەخشیوە، پشت و پەنای سەرەکیی ئێمەن.
گەلانی تورکیا بە بەسەرهاتی هەزار ساڵەی برایەتییەوە کاریگەرترین وەڵام دەبن لە بەرامبەر وتەوتی ڕەگەزپەرست و جوداخواز و لووتبەرز و ئەو قسە نەفرەتییانەی کە بۆنی خوێنیان لێ دێت.
بە پرواوبوونم بە وڵاتێکی ئازاد و تەواو دیموکرات کە تیایدا هەموو ئاین، گەلان، کولتوور و ڕەنجەکان هەست بە ئازادیی خۆیان دەکەن و بە شۆرشگێڕترین هەستەکانمەوە سڵاو لە هەمووتان دەکەم.
هەموو ئەوانەی خۆیان بەرامبەر چاخی خۆیان و مرۆڤایەتی بە بەرپرسیار دەزانن، بانگیان دەکەم ببن بە بەردی بناغەی ئاشتییەکەمان.
سڵاو لەوانەی لە پێناوی برایەتیی گەلاندا ئەرکیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان.
بژی نەورۆز!
بژی برایەتیی گەلان!
عەبدوڵڵا ئۆجەلان
گرتووخانەی ئیمرالی
21/3/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستانPKK -
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 278
**دەقی ڕاگەیاندراوی کۆتایی کۆنگرەی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013122713470787052

دوو هەفتە لەمەوبەر ئەرکی سازکردنی یەکەم کۆنگرەی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆران لەلایەن جڤاتی نیشتیمانیەوە روبەروی لیژنەیەکی ئامادەکار کرایەوە کە لە 13 ئەندام پێک هاتبون.

ئەرکی سەرەکی لیژنەی ئامادەکار بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی 5 لیژنەی تایبەت بۆ هەریەک لە بوارەکانی بەرنامەی سیاسی رێنمایە بنەرەتیەکان،ژورەکان، فراکسیۆنەکان،راگەیاندن.

کاری ئەم لیژنە تایبەتانە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی کاری سیاسی بزوتنەوەکە لەو بوارانەدا بۆ ماوەی 4 ساڵی کاری بزوتنەوەکە و پێشنیار کردنی راسپاردە و رێنمایی بۆ ساڵانی داهاتوی کاری بزوتنەوەکە.

هەر یەک لەو لیژنانە کە لە چەندین ئەندامی ئەکادیمی و پسپۆر و شارەزا پێک هاتبوون لەسەر بنەمای وەرگرتنی راپۆرتی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ماوی دوو هەفتە و رۆژانە بە بەردەوامی سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتانە بون کە دواتر بە چاپکراوی خرانە بەردەستی ئەندامانی کۆنگرە.

بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتانە لیژنەکان بۆ ماوەی چەندین رۆژ راوێژکاری چروپریان لەگەل خەڵکانی پسپۆر و خاوەن ئەزمون لە دەرەوە و ناوەوەی بزوتنەوەکە ئەنجامداوە.

لیژنەی ئامادەکار لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا لە کۆبونەوەی بەردەوامدا بووە، کە زیاتر لە 100 کاتژمێری خایاندوە، سەرپەرشتی کاری لیژنەکان و هەلبژاردن و لیستی ناوی ئەندامانی کۆنگرە و لایەنی کارگێری و لۆجستی و راگەیاندنی لە ئەستۆ بوە.

دوێنی 2013/12/26 لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا یەکەم کۆنگرەی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆران لە هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد.

سەرەتا وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لە لایەن سەرۆکی لیژنەکەوە پێشکەشکرا، دوا بەدوای ئەوە وتاری جڤاتی نیشتیمانی بزوتنەوەکە لە لایەن بەریز رێکخەری گشتیەوە پیشکەش کرا کە تیایدا تیشکی خستە سەر کار و چالاکی بزوتنەوەکە و چوارچێوە و تێروانینێکی نوێی بۆ کاری ئایندە پێشنیار کرد.

دوای ئەوەی لیژنەی ئامادەکار کارەکانی خۆی کۆتایی پێهێنا دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە لە لایەنی ئەندامانی کۆنگرەوە متمانەی پێبەخشرا.

یەکەم ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی بریتی بوو لە دابەشکردنی ئەندامانی کۆنگرە بەسەر 5 کۆنفرانسی تایبەتدا کە بریتی بون لە کۆنفرانسەکانی(راگەیاندن، رێنماییە بنەرەتیەکان، بەرنامەی سیاسی،ژورەکان، فراکسیۆنەکان)،هەروەها دروستکردنی لیژنەی سکاڵا بۆ سکاڵاکانی ئەندامانی کۆنگرە.

لەو کۆنفرانسانەدا لیژنەی ئامادەکاری راپۆرتەکان هەڵوەشینرانەوە و لیژنەی نوێ بۆ سەرپەرشتی کردنیان لە لەلایەن ئەندامانی کۆنفرانسەکانەوە هەڵبژێردران.

لەم کۆنفرانسە تایبەتانەدا راپۆرتە ئامادەکراوەکان جارێکی تر خرانە بەر باس و لێکوڵینەوە وگفتوگۆی چر و پر و بە بیروڕای ئەندامان گۆرانکاریان تێداکراو دەوڵەمەند کران.

گفتۆگۆکانی ناو کۆنفرانسەکان تا درەنگانی شەوی رابردوو و بەیانی ئەمرۆ بەردەوام بون و لە ئەنجامدا ئەم راپۆرتانە بەرهەم هاتن لە کە لەبەرنامەی کاری دوەم رۆژی کۆنگرە خوێنرانەوە و لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە پەسەند کران.

لە هەردوو رۆژی کۆنگرەدا لیژنەیەکی تایبەت بە سکاڵا دەرگای واڵابوو لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرە بۆ تاوتوێکردنی هەر گلەیی و سکاڵایەک و ئەنجامدانی بەدواداچونی پێویست بۆیان.

وتەیێژی کۆنگرە کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەوە ئەو ئەرکەی پێسپێردرا بوو لە هەردوو رۆژی کۆنگرەکەدا جیا لە ئەنجامدانی 2 کۆنفرانسی رۆژنامەوانی بە بەردەوامی لە پەیوەندیدا بوە لەگەڵ میدیاکاندا.

یەکەم کۆنگرەی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆران، وەک چۆن لە بواری بەرنامەی سیاسی و دەستور و ژورەکان و فراکسیۆنەکان و کاری راگەیاندن هەڵسەنگاندنی وردی بۆ 4 ساڵی رابوردوو ئەنجامداوە لەهەمان کاتدا لە رێگای راسپاردەکانیەوە نەخشە رێگای کارکردنی سالانی داهاتوی دارشتوە.

ئەم کۆنگرەیە مۆدێلێکی نوێێ سەرکەوتوبوو لە کۆنگرەی حیزبی و شیوازێکی گونجاو بوو بۆ بەشداری پێکردنی ئەندامان و هەڵسوراوان لە دەستنیشانکردنی ئاراستەی سیاسی بزوتنەوەکە.

بەو ئومێدەی کە کار و چالاکی داهاتوی بزوتنەوەی گۆران بەرجەستەکردنی دروشمی کۆنگرە بێت کە بریتیە لە (بەرەوە بە نیشتیمانیکردنی دامەزراوەکان و حکومەتی هاوڵاتی.(

دەستەی سەرۆکایەتی یەکەم کۆنگرەی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆران
27/12/2013
هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆران |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 279

## دەقی راگەیەندراوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی 28-01-

**2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140129100057865390

راگەیاندنی رۆژنامەگەری کۆبونەوەی
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەئامادەبونی تەواوی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و جێگرانی سکرتێری گشتی، کۆبونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی، بەست. لە کۆبونەوەکەدا دوو تەوەری گرنگ باسکران:
چوارەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم.

لەم کۆبونەوەیەدا، هەستی قوڵی بەرپرسیارێتی یەکێتی ناو یەکێتی و چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەرکەکانی ئێستامان؛ پەرۆشی چارەسەرکردنی گرفتەکان بەشێنەیی، پێناوی دڵسۆزانەی هەموو هەڤاڵان بوو. گوێ لە بیروڕای راشکاوانەی هەڤاڵان گیرا؛ خاڵە کۆک و ناکۆکەکان لەسەر پرسەکان باسکران. دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، کۆبونەوە گەیشتە ئە و ئەنجامەی چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکان بکرێنە بنچینەی سیاسەتی ئێستای یەکێتی. هەر لەم روانگەیەشەوە، پرسی بەستنی کۆنگرە، خرایە سەر رێچکەی چۆنیەتی دواپڕیاردان لە کۆبوونەوەی سبەینێ، لەماڵی سکرتێری گشتی جەنابی مام جەلال.

سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتیش، کۆبونەوە گوێی لە دوا راپۆرتی دوا کۆبونەوەی وەفدی یەکێتی لەگەڵ وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان گرت. سەرەنجام، مەکتەبی سیاسی پێیوابوو چیتر کات لەدەستنەدرێ و کاتی پێکهێنانی کابینەکە هاتووە. بۆیە کۆبونەوە ئومێدەوارە لە کۆبونەوەی ئایندەی هەردوولادا، دواپڕیاری مەکتەبی سیاسی لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکانی کۆبونەوەکان، بگەیەنرێ بە وەفدی دانوستاندنی هەڤاڵانی پارتی.

هەڤاڵان.. دڵسۆزانی یەکێتی!
مەکتەبی سیاسی، دوای کۆکردنەوەی رەخنە، ناڕەزایی، بۆچون و پەرۆشی هەموو ئۆرگان، هەڤاڵان، لایەنە دۆستەکان و پشتیوانانی یەکێتی، بەئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆی زانی رابگەیەنێ کە: یەکێتی دڵی هەموو دڵسۆزان و تێکۆشەران و هەموو ئەوانەی پەرۆشی یەکێتین، خۆشدەکات و سەرەنجام بەئاراستەیەکی رۆشن و سیاسەتێکی دیموکراسیانە، خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی مانگی چوار ئامادە دەکات.
بەم بۆنەیەوە، داوا لە هەموو هەڤاڵ و ئۆرگانەکان دەکەین، وەک هەمیشە هاوکاری جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی بن و بەزووترین کاتیش، کۆبونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەند ئەنجام دەدرێ.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
28/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 280

## دەقی ڕێککەوتننامەی نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031216293966817



ڕێککەوتننامەی هاوبەش
ئەم ڕێکەوتننامە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئیمزا دەکرێ و لەوە بەدواوە لە هەر جێگایەکی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات دێ مەبەست لەو دوو ڕێکخراوەیە.
پێشەکی:
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ساڵانێکی زۆرە کە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی تێپەڕ کردووە. بەرەنگاریی نەتەوەیی و قوربانی دان و شەهیدبوونی هەزاران رۆڵەی فیداکار لە پێناو سەلماندنی شوناس و مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە لە سەرووی هەموویانەوە دەستەبەر کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە .
بۆ خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستا و لەم بارودۆخەدا، هەم ئاڵوگۆڕە جیاوازەکانی جیهان و هەم ئاڵووگۆڕەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها هاوسەنگی زلهێزەکان و هاوکێشە نوێیەکانی ئەم پانتاییە، زیاتر لە هەمیشە بواری بۆ هێنانە ئارای ویستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پێداگریی زیاتر لەسەر مافەکانی لە ئاستی جیهانیدا ڕەخساندووە .
باهۆزی گۆڕانخوازی و دیموکراسیخوازیی جەماوەری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهێزتر لە هەرکاتێک، کۆڵەکەی دیکتاتۆرییەکانی بەرەو رووخان پاڵناوە. درەنگ یان زوو دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، بە بەردەوام بوونی خەباتی کۆمەلانی خەڵک و ئیرادەی قایمی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، لە ولاتی ئێرانیش ئاسۆیەکی جگە لە پەرەسەندنی قەیرانی فرە ڕەهەندی ئابووری و سیاسی و ڕۆیشتنی بەرەو رووخانی یەکجارەکی بۆ بەدی ناکرێت.
ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و گروپ و لایەنە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ولات، لە دوو سێ ساڵی رابوردودا، بەدوای سەرهەڵدان و شکستی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، دەورێکی نوێ لە دیالۆگ و دانیشتنی هاوبەش و چالاکییان دەست پێکردووە. لەم نێوەدا سەرەڕای جیاوازی ڕوانگە و بیرورا، هەندێک لێک تێگەیشتنی زیاتر و نزیک بوونەوە تێیاندا لە چاو رابردوو هاتۆتە ئاراوە و بیرۆکەی یەکگرتن و چەشنێک هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی دێمۆکراسیخوازی بە دروشمی گۆرانی ڕژێم زیاتر لە پێشوو لایەنگری پەیدا کردووە.
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وەک دوو هێزی بە ئەزموون کە لەم ماوەدا لەسەر کۆمەڵێک پرسی گرینگ هاوکاری و کاری هاوبەشیان بە ئەنجام گەیاندووە، لە درێژەی رەوتی روو لەگەشەی ئەم لێک نزیک بوون و هاوکارییانەدا هەردوولا لە سەر ئەو پروایەن کە لە هەلومەرجێکی وەهادا، ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک خاڵی بنەڕەتی هاوبەش لە دوو توێی ئەم گەڵاڵەیەدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم پلاتفۆرمە هاوبەشە وەک سەرەکیترین ئەجێندای سیاسی لە هەمبەر ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە لە راستیدا گوزارش لە چەشنێک هاوپەیمانی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا دەکات.
ئەم ڕێککەوتننامە هاوبەشە کە لە لایەن ڕێبەریی هەر دوو حیزبەوە

پەسەند کراوە، بناغەیەک بۆ کاری هاوبەشی هەردوو لایەن لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، راگەیاندن و هتد... دادەڕێژێ. لە هەمان کاتدا بنەمایەکە بۆ تێکۆشانی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و بەدیهێنانی هاوکاری زیاتر لە نێوان باقی هێزەکانی کوردستانی ئێران.
الف) بنەما گشتییەکان:
-1هەردوولایەن لە سەر ئەو باوەڕەن بە بێ رووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە دیهاتنی دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد دەستەبەر نابێ. هەروەها لەو پروایەدان کە نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران پێویستە سیستمێکی سیکۆلاری دیموکراتیکی فیدراڵ بێت، بۆیە پێویستە هەر دوو لایەن لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئوپۆزیسیونی ئێرانی و دەرەوە لەسەر ئەم خاڵانە پێداگر بن.
-2کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات پروای تەواویان بە هەڵبژاردنی ئازادانەی سیاسی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەیە و لە وەها هەڵبژاردنێکدا بێ‌شک سندووقەکانی دەنگدان بە سەرەکیترین سەرچاوەی مەشروعییەتی هەموو هێزێکی سیاسی لە کوردستان و بە بنەمایەکی سەرەکیی دێمۆکراتیزە کردنی کۆمەڵگای ئازاد و سەربەستی دەزانن.
-3هەر دوو لا پروای تەواویان بە جیایی دین لە دەوڵەت هەیە و لەو پروایەدان کە حوکمڕانی دواڕۆژی کوردستان و یاسای بنەڕەتی وڵات لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دێمۆکراسی و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دابنرێت. هەروەها ئازادیی ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەکان لە کوردستان بە مافێکی رەوا و حاشاهەڵنەگری هەموو دانیشتوانی کوردستان دەزانن .
-4هەر دوو لا پێداگری لەسەر یەکسانیی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵا پیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، بنەماڵەیی و هتد لە کۆمەڵگادا دەکەن و خۆیان بە پارێزەری یاسای پێشکەوتنخوازانە و مودێرن و ئینسانی لەو بوارەدا دەزانن و بۆ چەسپاندنی تێدەکۆشن.
-5کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات خۆیان بە پارێزەری ئازادی رادەربرین، ئازادی نووسین، ئازادی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ، ئازادی دروست کردنی رێکخراوی سیاسی، ئازادی دامەزراندنی رێکخراوەگەلی مەدەنی و سینفی وەکوو رێکخراوەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، لاوان، موعەلیمان و هتد دەزانن و پشتگریی تەواویی یاسایی لە کۆمەڵگادا لێدەکەن.
-6هەر دوو لا پشتگیری و پابەند بوونی خۆیان بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگەی کوردستان و گونجاندنی ئەو بابەتانە لە یاسای بنەڕەتیدا رادەگەیەنن .
-7هەر دوو لا پابەند بوونی خۆیان بە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتە سیاسییەکانی نێوانیان لەرێگەی دیالۆگ و بەشێوەی سیاسی و هێمنانە و دوور لە هەر چەشنە توندوتیژییەک دەردەبڕن. هەر وەها ئەم شێوازەش لەنێوان سەرجەمی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەپێویست دەزانن و بۆ چەسپاندنی ئەو پرەنسیپە لە پانتایی هەموو کوردستان تێدەکۆشن.
-8حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە فێدرالیزمی نەتەوەیی _جوغرافیایی وەک دروشمی سەرەکی و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بۆ چارەسەر کردنی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان هەڵبژاردووە و خۆیان بە ئاڵاهەڵگری ئەم دروشمە دەزانن و کاری هاوبەش بۆ چەسپاندنی دەکەن.
-9ئەم رێککەوتنە پرەنسیبی سەربەخۆیی سیاسی، رێکخراوەیی، دیپلۆماسی و راگەیاندنی هیچکام لەم دوو لایەنە خەوشدار ناکات، بەڵکوو هەوڵا دەدات کە هاودەنگی و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکان کە لەم پلاتفۆرمەدا هاتووە دەستەبەر بکات.
ب) ئەرکەکانی پێش ئاڵ وگۆڕی سیاسی و رووخانی رێژیم

1-ناساندنی کێشەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەستەبەر کردنی پشتیوانیی سیاسی بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، بۆ وێنە رێکخستنی چالاکیی دیپلۆماتیکی هاوبەش لە ئاستی جیهانی و سەردانی ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەم مەبەستە.
2-بەشداری کردن یان نەکردنی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەماهەنگی و راوێژی پێشوو و پێداگری لە سەر ماف و داوکارییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە رێگەی هەڵوێستی هاوبەش لە کۆنفرانس و سێمینارە جیاوازەکان و هەماهەنگی لەم بوارەدا. پێداگری کردنی هەر دوولایەن لە سەر دروشمی فێدرالیزم وەک رێگەچارەی پرسی نەتەوەکانی ئێران لە نێو گوتارە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و کەسایەتییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی. بەهێز کردنی هەڵوێستی هاوبەش و گوتاری پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و پاراستنی ئەم رێکخراوە و ناساندنی بە رای گشتی جیهان. هەوڵدان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی هاوبەش لە ئاست ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی کە دەرپری پرەنسیپە ئەساسییەکانی جووڵانەوەی میللی _ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و...بێ.
3-هەردووک لا پشتیوانی لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەن و هاوکات لە سەر ئەو پروایەن کە هەر چەشنە دەستتێوردانی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکە سیاسەتێکی نەگونجاو و زیانبارە. هەر لەم ئاراستەیەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و دەستەبەرکردنی جێگە وپێگەیەکی شیاوتر بۆ کوردی رۆژهەڵات و رەچاوکردنی سیاسەتێکی هاوبەش، بە پێی پێویست دانیشتنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم وهێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن .
4-کۆمەڵە وحیزبی دێمۆکرات تەبایی ویەکریزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بۆ دیتنەوەی رێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی لابردنی کوسپەکانی سەر رێگای یەکریزی هەوڵ دەدەن .
5-هەردوولا کۆکن لە سەر ئەوەی هاوکاری دوو قۆڵی نێوانیان پەرەپێبدەن وپتەوتری بکەن. لەم پێناوەدا هاوکاری لە نێوان ئۆرگانەکانی پەیوەندیداری هەردوولا لە بواری راگەیاندن، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەش لە سەر روداوە سیاسییە گرینگەکان وکاری هاوبەش بۆ لە قاودانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی یان هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و سیاسی، بە شێوەیەکی رێک وپێک هەنگاوی بەکردەوە هەڵدەگرن.

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
عەبدوڵڵا موهتەدی
سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
مستەفا هیجری
گەلاوێژی 1391ی هەتاوی، ئووتی 2012ی زاینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 281

# دەقی ڕێککەوتنەکەی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان - 2014-12-09

http://www.kurdipedia.org/?q=20141209144445078179



-1حکومەتی خۆجێیی سلێمانی، حکومەتێکی بنکە فراوانە لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی 2014/4/30 پێکدەهێنرێت، کەهەموو لایەنەکان بەپێی بەرکەوتی هەڵبژاردن بەشدار و هاوبەشن لەبەڕێوەبردنی پارێزگای سلێمانی

-2پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و جێگرەکەی، بڕیاردەری ئەنجومەن، قایمقامیەتی ناوەند، پۆستەکانی پارێزگای هەڵەبجەو جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی هەڵەبجەو جێگرەکەی، بڕیاردەری ئەنجومەنی هەڵەبجەو قایمقامی هەڵەبجە، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین و جێگرەکان بەپێی هاوپێچی یەکەم دابەش دەکرێت، بۆ هەر یەک لە گۆڕان و یەکێتی بۆماوەی دوو ساڵ پاشان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت.

-3کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دوو ساڵ یەکەمی پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە د.ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین کەلە بەرواری(2014/12/11) دەست بەکار دەبێت تا بەرواری(2016/8/9)، کاندیدی بزوتنەوەی گۆران بۆ دوو ساڵی دووەم پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە د.هەڤاڵ ئەبوبەکر کەلە بەرواری (2016/8/10) دەست بەکار دەبێت تا بەرواری (2018/4/30(

-4تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجێ یەتی قەزاو ناحیەکان، پۆسەتاکانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە دادەنرێن بەپێی هاوپێچی (دووەم و سێ یەم)ی ئەم ڕێککەوتنە.

-5پۆستەکانی بەڕێوبەرەگشتیەکان بەپێی هاوپێچی چوارەم دابەش دەکرێت بەسەر لایەنکاندا.

-6ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ دەستبەکاربونی پارێزگار هەڵدەستێت بەجێبەجێ کردنی هاوپێچی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم(

-7ماوەی دووساڵ بە دووساڵ کەلەم ڕێکەکوتنەدا هاتوە بەمانای ئەوەیە کەدووساڵی یەکەم لە 2014/12/11 تا 2016/8/9 دەبێت بەدووساڵی دووەم لە 2016/8/10 تا 4/30م2018 دەبێت

-8بزوتنەوەی گۆران و یەکێتی لەڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشەوە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تر دەکەن بۆ دیاری کردنی پشەکەکانیان و هاوبەشی کردنیان لەحکومەتی خۆجێیەتی سلێمانی.

-9گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسدا بەپێی ڕێکەوتنی پێشوەخت لەنێوان هەردوولا ئەنجام دەدرێت و دەست پێکەکەی بەم گۆران کاریانە دەستپێدەکات، وەک لەهاوپێچی پێنجەمدا هاتووە.

-10ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵدەستێت بەپێدا چونەوە بەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان بەئەنجامدانی گۆڕانکاری تیایدا بەپێی ڕێکارە یاسایی و ئیداریەکان

-11زانکۆو پەیمانگاکان و ڕاگرایەتی دەستە سەربەخۆکان و ئەو

فەرمانگانەی لەدەرەوەی دەسەلاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانن بەپێی یاسا لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سیقی و دەرفەتی یەکسان رێکدەخرینەوەو دادەنرێن
-12ئەم رێکەوتنە لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەخوێنریتەوەو پەسەند دەکرێت و ئەنجومەنی حکومەتی هەرێم پابەندە بەجێبەجێکردنی تەواوی رێکەوتنەکە.
رێککەوتنەکەش لە پۆستەکاندا بەم شێوەیەیە
ئەو پۆستانەی بەر بزوتنەوەی گۆران و یەکێتی و لایەنەکانی تر کەوتوە بەم شێوەیەیە:
دوو ساڵی یەکەم پارێزگاری سلێمانی بۆ یەکێتی دەبێت و جێگرێکی بۆ گۆران.
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی دو ساڵ بۆ گۆران دەبێت و جێگرەکەی بۆ یەکێتی.
لە پارێزگای هەڵەبجەیش، پارێزگار و جێگرێکی پارێزگار بۆ گۆران دەبێت و یەکێتیش، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو قائیمقام و جێگری پارێزگاری بەردەکەوێت.
لێپرسراوی ئیدارەی گەرمیان بۆ یەکێتی، ئیدارەی راپەڕینیش بۆ گۆران دەبێت.
لە کۆی (15) قائیمقام لە پارێزگای سلێمانی، (6) قائیمقام بە بزوتنەوەی گۆران کەوتوە لەوانەش (سلێمانی، کەلار، پێنجوێن، سەیدسادق، دەربەندیخان.(
یەکێتی نیشتیمانی (6) قائیمقامی بەرکەوتوە، لەوانەش (هەڵەبجە، رانیە، چەمچەماڵ(
(3)قایمقامی دیکەیش بۆ پارتی و یەکگرتو کۆمەڵ دەبێت.
بەپێی رێککەوتنەکە لە کۆی (44) بەڕێوەبەری ناحیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی، گۆران (19) بەڕێوەبەری ناحیەی بەردەکەوێت و یەکێتیش (18) بەڕێوەبەری ناحیەی دەبێت.
هەروەها (7) بەڕێوەبەری ناحیە دەمێنێتەوە بۆ سێ لایەنەکەی دیکە (پارتی، یەککگرتو، کۆمەڵ(
لە پارێزگای سلێمانی (27) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە و لەو ژمارەیەش بزوتنەوەی گۆران (11) بەرێوەبەرایەتی گشتی بەردەکەوێت و یەکێتیش (11.(
(5)بەڕێوەبەرایەتی گشتیش بۆ پارتی و یەککگرتو کۆمەڵ دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆران |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 282

**دەقی رێکەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی سەبارەت بەدرێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063014073389728

.1گەرانەی دەستوور بۆ پەرلەمان و سازانی نیشتمانی و هەموارکردنەوەی.
.2هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا واتە لە 2013/9/21 ئەنجام دەدرێت.
.3درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە دوو ساڵ تێپەڕنەکات و قابیلی دووبارە بوونەوەی نییە و بەڕێزیشیان مافی خۆکاندیکردنەوەیان نەبێت.
.4لە رێگای پەیوەندی تەلەفۆنییەوە رەزامەندی جەنابی (مام جەلال) لەسەر تەواوی رێککەوتنەکە وەرگیراوە.
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 283

## دەقی نامەکەی عەلی حەمە ساڵح بۆ سەرۆکی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20150326133612120695

بەڕێز/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سڵاو..
هیوادارم سنورەکانی کوردستانمان پارێزراوبێت و خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆنەچێت، پێشمەرگە سەربەرزبێت...
باوەڕم وایە، بنەمای حوکمڕانیەکی دروست بە موجامەلە دروستنابێت، حوکمڕانی دروست بە جورئەت و رەخنەی جدی بنیات دەنرێت، کە ئەمە بەشێکی لەسیفەتی کەسی خۆم و ئەم نووسیەنەم لەسەر ئە و بەنما دارشتووە.
ئێستا هەرێمی کوردستان دووچاری چەندین قەیرانی گەورەبووە و ئەگەری زیادبوونی ئەم قەیرانانە هەیە، ئەگەر شەڕی تیرۆر زیانی گەورەی نەگەیاندبێت بە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگاکەمان، پێشمەرگە و هاونیشتیمانییەکانمان سەربەرزانە رووبەڕووی ئەم شەڕەبوونەتەوە و خۆمان و خاکمان دەپارێزن، ئەوا ئەم قەیرانانە کە بەداخەوە هەندێک کار بۆ گەورەترکردنی دەکەن زیانی گەورەی گەیاندووە و ترسی زیادبوونی ئەم زیانەش هەیە، من نامەوێت پەلاماردانی من وەک تەنیا دۆسیەی هێرشکردنە سەر من ببیندرێت، چونکە هەرگیز بۆم گرنگ نەبووە چەند دەژیم، ئەوەی گرنگ بووە میللەتەکەم چۆن دەژی، ئەوەی من وتوومە و لەسەری پەلاماردراوم پرسی نیشتیمانە نەک من.
باوەڕیشم وایە سیاسی دەبێت هەموو دەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ قسەکردنی جدی و خزمەت بە نیشتمان و هاونیشتمانیانی، ئەم نووسینەش لە و چوارچێوەدایە.
لەچەند تەوەرێکدا، بەڕێزت ئاگادار دەکەمەوە کە نیشتمانمان لە چی قەیرانێکدایە و رەخنەکانی من لەسەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت چین و ترسی گەورەبوونی ئەم گرفتەش هەیە.
رەخنەکانی من...
بەسیفەتی ئەوەی بەڕێزتان سەرۆکی هەرێمی کوردستانن، بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنن و ئەرکتان لەسەرە، منیش هاوڵاتییەکی کوردستانم، مافی خۆمە رەخنەتان لێبگرم، واتە: رەخنەکان بابەتی کەسی نین و پەیوەندی بە پۆستەکەتانەوە هەیە، دڵنیابە ئەگەر سەرۆکی هەرێم نەبن یان بەرپرسیارییەتییەکی فەرمیتان نەبێت هەرگیز نە رەخنە لە ئێوە و نە لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ناگرم، وەک سەرۆکی حکومەت، بەڵام بەرپرسیاری یەکەم لە هەموو گرفتێکی ئە و وڵاتە بەپلەی یەکەم سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێمە، بۆیە رەخنەکانی منیش بەپلەی یەکەم لە و دوو کەسایەتییە، کە ئە و پۆستەیان هەیە لە ئێستاو ئایندەشدا.
بۆیە.. پێویستە ئە و رەخنانەی لە چوارچێوەی ئەم نووسینە و نووسینەکانی پێشتریشدا هەبووە، وەک حاڵەتێکی ئاسایی وەربگیرێت نەک شکاندنی هێڵی سورو پیرۆزی.
قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسیارەتی سەرۆکی هەرێم..
ئێمە هەرێمێکی دەوڵەمەندین لەڕووی سامانی سروشتییەوە و ژمارەی دانیشتوانیشمان کەمە، بەمە دەوترێت: رەحمەت.

ئێستا هەرێمی کوردستان تووشی چەندین قەیرانی گەورەبووە.
-لەپاش 2003 ەوە ئێمە لە بەغدا نزیکەی 74 ملیار دۆلارمان بۆهاتوە، داهاتی نەوت ئەوەی من ئاگاداریم نزیکەی 15 ملیار دۆلار بووە(جگە لەوەی ئاگاداری نیم)، داهاتی ناوخۆ بەخەمڵندراوی جگە لە نەوت نزیکەی 16 ملیار دۆلارە(ئەوەی ئاگاداریم)، واتە: بە نزیکەی 105 ملیار دۆلار نەتواندراوە ژێر خانێکی بەهێزی بۆ کوردستانمان دروستبکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەپێی راپۆرتی فەرمی وەزارەتی دارایی، حکومەتی هەرێم پری 16 ترلیۆن و 495 ملیار دینار قەرزی کەوتووەتە ئەستۆ، جگە لەوەی بەپێی زانیارییەکی من نزیکەی سێ ملیار دۆلاری دیکە لە رێگای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان قەرزاراین. ئایا کێ بەرپرسە لەوەی کە ئێستا دۆخی دارایی کوردستان بەم شێوەیە؟ بۆ وای لێهات؟
-تاوەکو ئەم ساتە قۆرخکاری ئێجگار گەورە لە بازاڕی کوردستاندا هەیە، لە کۆمپانیاکانی پڵاوتنی نەوت، فرۆشتنی بایی 10 ملیۆن دۆلاری گازوایل بەنرخی گران رۆژانە بەحکومەت، تاوەکو فرۆشتن و دروستکردنی مەنەفیست لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو بە تانکەرەکان، کڕینی نەوتی خاو لەلایەن ئەم چەند کۆمپانیا لە حکومەت و فرۆشتنەوەی بەنرخی گران بە پاڵاوگەی بێ مۆڵەت، وەرگرتنی پارە بەنایاسایی لە خاڵە سنورییەکان. ئەنجامەکەی دەستکەوتنی هەزاران ملیۆن دۆلار بوو لەلایەن ئەم چەند کۆمپانیایەوە و زیانگەیاندن بەخاک و خەڵکی کوردستان.
کێ بەرپرسە لەمە رەخنە لەکێ بگرین؟
-بپرسە و بزانە، کۆمپانیا گەورەکانی ئەم وڵاتە هی کێن؟ ئەوە کێیە زۆرینەی پرۆژەکانی هەیە؟ باشترین زەوی کوردستانیان پێدەدرێت بەبێ ئەوەی ماندووبن بە ملیۆنان دۆلار دەیفرۆشنەوە؟
-نازانم ئاگاداریت، بەهۆی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونەوە شیرازەی دەیان هەزار هاونیشتمانی ئەم وڵاتە تێکچووە.
ئەم دۆخە ببینە: هاونیشتیمانییەکمان 20 ساڵە کرێچییە، بە هەزار نەهامەتی 80 هەزار دۆلار (هەشت دەفتەر)ی کۆکردووەتەوە بە 20 ساڵ، خەونی بووە ببێتە خاوەنی خانوو، بەڵام پارەکەی هەمووی خوراوە. ئەمە تەنیا چیرۆکی یەک خێزان نییە و چیرۆکی هەزاران خێزانە و فایلی هەموو کێشەکان ئێستا لای منە، دەزانی ئەم پرۆژانە بۆ وای لێهات: بەشێکی ئەمانە کە گوایە وەبەرهێنەربوون، وەبەرهێنەر نەبوون خەڵکی "ساختەچی" بوون، هێندران لەپای وەرگرتنی پارەیەکی زۆر کە لە میلیۆنێک دۆلارەوە بۆ 20 ملیۆن دۆلار وەک رەشووە زەوی باش و پرۆژەیان پێدرا، دیارە ئەم پارەش هی خەڵکی هەژار بوو نەک وەبەرهێنەر، وەبەرهێنەریش پارەی خەڵکە هەژارەکەی داوە بە کۆمەڵێک دەستڕۆشتوو ئێستا دەڵێت: ئیفلاسم کردووە و ناتوانم ئەم پرۆژانە بکەم.
بەرێز سەرۆکی هەرێم، دەزانێت بەشێک لەوانەی ئەم کارە خراپەیان کردووە ناو و ناوبانگ و دەسەڵاتی تۆو سەرۆکی حکومەتیان بەکارهێناوە. ئەگەر نا ئەم هەموو پرۆژانە بۆ لە هەولێر شکت دێنێت لە کاتێکدا سەدان ملیۆن دۆلار لە خەڵک وەرگیرا. ئایا کێ بەرپرسە لەم دۆخە؟
لە پرۆژەی چاکسازییەکەی سەرۆکی هەرێمدا لە 2011دا بەدواداچون بۆ زۆرێک لەم پرۆژانە و چەندین پرۆژەی موساتەحە کراوە، زۆر ئومێدمان هەبوو ئەوانەی دەستریژیان کردووەتە سەر خاکی نیشتمان دادگایی بکرێت، کە دەرکەوت بایی هەزاران ملیۆن دۆلار(بەخەمڵێندراو) زەوی ئەم وڵاتە خراپ بەکارهێندراو کاری نایاسایی لەسەر کرا، پرسیاری ئەنجامی ئەم لیژنە بکەن، لە زەوییەوە بۆ مامەڵەی خراپ بەدەرمان. کێ لێی بەرپرسە؟
-لەم حکومەتی هەرێمەدا هەزاران کەس بە نایاسایی خانەنشین بوون، ئاگاداریت: دەیان جاش ئەوانەی دەستیان بەخوێنی پێشمەرگە سورە لەگەڵ چەندین ئەنفالچی بەپلەی گەورە و وەک پێشمەرگەی دێرین بە لیواو عەمید خانەنشین بوون؟
خۆت باش ئاگاداری شۆرشی ئەیلول و گوڵانی، دەزانی چۆن بووە و کێ بەشداربووە، لێی بکۆڵەوە بزانە چەند کەس ئێستا موچەی پێشمەرگەی ئەیلول و گوڵان وەردەگرێت، رەخنەی ئەمە لەکێ بگرم؟
بزانە هەزاران کادیری حیزبی چۆن بە پلەی جیاوازی ئیداری خانەنشینکراون و چرکەیەک فەرمانبەر نەبوون، رەخنەی ئەمەیان لەکێ بگرم؟
لەپاڵ هەموو ئەم نادادییەی سەرەوەدا، کە تەنیا کورتەیەکیم باسکردو لە ئایندەدا وردەکارییەکەی روونده‌کمەوە، دەبێت ژیانی پێشمەرگەیەک ببین موچەی 500 هەزار دینارە و کرێ چییە و لەکاتی خۆیدا موچە کەمەکەش وەرناگرێت...
-بەرێزتان بەرپرسی یەکەمن لە هێزی پێشمەرگە، دەزانی 429 هەزار کەس بە ناوی جیاواز

شێوازی جیاوازو خانەنشینی جیاواز موچەی پێشمەرگە وەردەگیرێت، بەشی هەرە زۆری ناعەدالەتییە، نایاسایيە و گەندەڵییە؟
تۆ بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی، بڕیاری پەرلەمان بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەرچووە، سەرۆکی هەرێم واژووی لەسەر کرد، وادەی یاسایی تەواوبوو جێبەجێنەکرا؟
بەپێی بەدوادچونی ئێمە و زۆر دۆستی دیکەش، نزیکەی 30 بۆ 40% لە فەوج و لیواکانی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا، وەک پێشمەرگە تەنیا موچە وەردەگرن، کاری پێشمەرگایەتی ناکەن.
ئەمە ڕەوایە.
کێ لەمە بەرپرسە؟ بەدڵنیایەوە یەکەم سەرۆکی هەرێم و دووەم جێگری سەرۆکی هەرێم و دواتر وەزیری پێشمەرگە.
دەیان کەیسی دیکەش هەن کە جێگای ڕەخنەن..
ڕەخنەی لایەنە سیاسییەکان...
من نازانم چەند بە ڕاشکاوی ئەمەت لەگەڵ باسکراوە...
زۆرێک لە لایەنە سیاسیەکانی بەشداربووی حکومەت، ڕەخنەی جدییان هەیە، قاعیدەکەمان فشاریان لێدەکات بۆ هەڵوێستی جدی، ماوەی یەک ساڵ و نیوە پەرلەمان و نۆ مانگە حکومەت دروستبووە، هیچ هەنگاوێکی گەورە و جدییان بۆ چاکسازی نەدیوە، ئۆپۆزسیۆنی پێشوو تاوەکو ئەم ساتە بەشداربوویەکی رووکەشی هەیە لە حکومەتدا، لە ژێر فشارێکی گەورەدان، بەشێک لە و هاوڕێیانەمان کە سزای سیاسی دراون تاوەکو ئێستا نەگەڕێندراونەتەوە، دەزانی چەند قورسە..
بریکاری وەزیری ناوخۆ گۆڕان بێت و خەڵکی لەبەر ئەوەی گۆڕان بووە، تاوەکو ئێستا موچەی پڕاوە و ڕێگای دەوامکردنی نادرێت.
بپرسە.. ئە و بەرنامە چاکسازییەی لەسەری ڕێکەوتین و لەپەرلەمان خوێندرایەوە چەندی جێبەجێبووە؟
دەزانی ئێستا دۆخی دارایی بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە و پەڕی خراپیدایە و بۆ خەرجییەکی کەمیش قەرز لە ئەم و ئە و دەکەن و بونەتە ژێر قەرزێکی زۆر، بەڵام پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانیش چەندین ڕێکخراوو کەناڵ و باڕەگاو بینایان هەیە، کە تەنیا خەرجی چەند مەڵبەند و لقێک لە خەرجی ئەم سێ حیزبە زیاترە، دەزانیت ئەمانە چەند نیگەرانن لەوەی ئەم دوو حیزبە ئەم هەموو مەسروفاتەیان هەیە، بەڵام دۆخی حیزبەکانی ئەوان بە و شێوەیە، موچەی فەرمانبەرو پێشمەرگەش دوادەکەوێت.
دەیان ڕەخنەی دیکەیان هەیە و هیوادارم بە ڕاشکاوی لەگەڵت بدوێن.
ئەم حیزبانە وەک هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەکی نیشتیمانی ئەم دۆخەیان قبوڵە نەک شتی دیکە.
ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە: سەرۆکی هەرێم دەبێت سەرۆکی هەموو حیزبەکان بێت بەیەک ئاست لێیان دوربێت، نەک ئەوەی ئێستا هەیە.
ویلاپەتی سەرۆکایەتی هەرێم، کێشە بنەڕەتییەکە..
لەپاڵ شەڕی تیرۆرو ئە و هەموو قەیرانەی لە کوردستانماندا هەیە، بابەتێکی دیکە یەخەی گرتووین، کە ئەگەر عاقڵانە و بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت دوورنییە نەهامەتی گەورە بەسەر هەمووماندا بهێندرێت.
جیاوازی من و هەندێک کەسی دیکە ئەمەیە: ئێستا ئەگەر ئەم بابەتە بە گفتوگۆو یاسا چارەسەر نەکرێت و پشتگوێ بخرێت چارەسەربوونی زۆر قورسە، پێموایە لێکەوتەی خراپی دەبێت، بۆیە زۆر بەراشکاوانە وتوومە و دەیڵێم: نابێت دوابخرێت دەبێت ئێستا دەستبکرێت بە گفتوگۆو چارەسەری یاسایی - سیاسیی بکرێت، نەک تەنیا چارەسەری سیاسیی.
پێویستە بەڕێزتان وەک سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ کۆی لایەنەکان کۆببنەوە و وەک لایەنگیر بۆهیچ بیرۆکەیەک دەرنەکەون و بەهەر لایەنێک بڵێن چارەسەری یاسایی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟
کۆمەڵێک ڕێگامان لە پێشە..
یەکەم: هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسا، ئایا دەتوانین تاوەکو چوار مانگی دیکە هەڵبژاردن بکەن؟
دووەم: گۆڕینی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان بەسازان.
سێیەم: خستنە ڕاپرسی دەستوور، کە ئەمەیان کوردستان دابەش دەکات بە و پێیەی بەشێکی زۆری هێزەکان دژی ڕەشنووسەکەن، ئایا دەکرێت دەستورەکە لە ڕاپرسی دەنگ نەهێنێت یان بەیەک دونیا کێشە دەربچێت؟

چوارەم: دەستورێکی تەوافقی ئامادەبکرێت بۆ دەنگدان.
پێنجەم: درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم، کە ئێمە و زۆر لایەنی دیکە لەگەڵی نین.
لەم بژاردانە دەبێت ئەوەیان هەڵبژێرن کە وڵات دەباتە کەنارێکی ئارام.
کۆتایی..
من هەرگیز پەلاماردان و هەڕەشە و پلانگێری ئازارم نادات و رامناگرێت، نەشمویستووە کەس بەم هەڕەشە و پیلان و قسانەوە سەرقاڵ بکەم، چونکە ئازاری نەداوم، ئەوەی ئازارمدەدات ئە و هەموو گەندەڵی و نادادییە لەم وڵاتەی مندا هەیە.
دڵنیابە هەندێک کەس لەسەر ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، ئاساییە کوردستان بکەنەوە بە دوو ئیدارە، گۆمی لێڵ دروستبکەن چونکە راوکردن تێیدا ئاسانە، مەسافەی گەندەڵی قۆرخکاری زۆرترە، هیوادارم رێگا لەم نەفەسە بگیرێت، چونکە ژیان لە دوئیدارەیدا هەم قورسە و هەم شەرمە، من خەمی ئەمەمە نەک شتی کەسی.
گرفتی من لەگەڵ هەندێک برادەر ئەوەیە، من باوەڕم بە پیرۆزکردنی کەس نییە، پیرۆزکردنیش شەخسەکان لەم زەمانەدا پێش هەموان زیان لە و کەسانە خۆی دەدات، چونکە من پێموایە سەرۆکی هەرێم دەبێت سەرۆکی هەرێم بێت نەک پارتی، جێگری سەرۆکی هەرێم دەبێت هی هەموان بێت نەک یەکێتی، ئەمە بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی دروستە؟ ئەمە چۆن دروستدەکرێت؟ بەپلەی یەک بەڕێزتان بەرپرسن لە دروستکردنی، ئەویش قبوڵنەکردنی پیرۆزکردن شەخس و کێشانی هێڵی سور.
بەهیوای کوردستانێکی ئاوەدان
عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 284

## دەقی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عارف روشدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140416164300758 49

دوای 38 ساڵ کارکرنم لەناو حزبەکەم و خەباتی ماندونەناسانە بۆ هەموو ئە و کارانەی بەمن سپێردرابێت، چ لەقۆناغی کاری نهێنی پێش و دوای راپەرین و بەم نامەیە ئاگادارتان دەکەمەوە کە چیتر ناتوانم لەگەڵتان کار بکەم، لەم ساتەوە کۆتای بەئەندامبونی خۆم دەهێنم لەناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، هۆکارەکانیش ئەمانەن:
یەکەم، ریزنەگرتن لەدەستوری حزب و پێشێلکردنی پەیرەوی ناوخۆ لەهەموو ئاستەکاندا.
دووەم، پەرەسەندنی نادادپەروەری و جیاکاری.
سێهەم، بەردەوامبوونی دەستەگەری رووخێنەر.
چوارم، فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکان و پاراستنی پەرژەوەندیە تایبەتەکان.
پێنجەم، تاکڕەوی و نەمانی مەرجەعیەت ناکارای ئیدارەدانی یەکێتی.
شەشەم، دروستکردنی کێشە و پشێوی نانەوە لەنێو دامودەزگاکانی حزبدا لەلایەن باڵی دەست رۆیشتوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 285

# دەقی پەیامەکەی بارزانی بۆ گەلی عیراق 2014-07-08

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709161536101059

بە ئامانجێکی گوماناوی، هێرشی ستەمکارانە دژ بە گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی بەرە بەرە فراوان دەبێتەوە، ئەمەیش وەکو هەوڵێک بۆ خستنەئەستۆی بەرپرسیارەتیی شکستهێنانی هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئەمنییەکانی بە کورد، ئەو شکستەی کە لە ئەنجامدا بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە شار و شارۆچکە خۆشەویستەکانی عێراق لەلایەن داعشی تیرۆریست و گرووپە چەکدارە گوماناوییەکانی دیکەوە.
بەئامانجگرتنی گەلی کوردستان لێرەوە نەوەستاوە، بەڵکوو بووەتە مینبەرێکی دیکە بۆ ناشرینکردنی سەرجەم هەڵوێستەکانی گەلەکەمان و نکۆڵیکردن لە هەوڵ و کۆششەکانی بە درێژایی قۆناخەکانی مێژوو و لە کاتێکدا ئێستایش لە هەوڵ و قوربانیدان بۆ پتەوکردنی برایەتیی عەرەب و کورد و بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراق و پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بەردەوامە و داڕشتنی دروشم و سیاسەت و هەڵوێستەکانیشی کە بنچینەی بەهێزی ئەم یەکگرتنە نیشتمانییە پێک دەهێنێت لەسەر بنچینەی هاوبەشی راستەقینەیە لە عێراقدا بە پێی بەها و پرانسیپەکانی سیستەمی دیموکراسی.
ئەمڕۆیش لە پێشینەیەکی زۆر مەترسیداردا هێرشی رقی نەتەوەیی "شۆڤێنی" بە پشتبەستن بە ناشرینکردنی ڕووداوەکان بەهێز دەبێت ئەوەیش لە رێگەی پێشاندانی پێچەوانەی راستییەکان و بنیاتنانی دیوارێک لە نێوان هەردوو نەتەوەی برا و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا بێگومان ئەمەیش بۆ خزمەتکردنی مەبەستە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە تەسکەکانە و ئەو کەسەی کە سەرکردایەتیی عێراقیش دەکات، لە شکستکەوە بۆ شکستێکی دیکە و هەروەها لە قەیرانیکەوە بۆ یەکێکی دیکەی توندتر دەبیات کە لە کۆتاییدا گەیشتە ئەم هەڵدێر و شکستهێنانە.

ئاوازی ناشازی "جیابوونەوە" و دابەشکردنی عێراق کە بەردەوام لەلایەن سیستەمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە بەکار هاتووە ئاوازێکی تایبەتی سەرجەم دیکتاتۆرەکان و فەرمانڕەوای گەندەڵی دوور لە گەلەکەیان و لە مێژوو و وانەکان بووە کە ئێستا بازاڕێکی گەرمی لە نێوەندە عەرەبییەکانی ناوەوەی عێراق و دەرەوە هەیە ئەمەیش بۆ وروژاندنی هەستەکان و راکێشانیان بۆ گومڕابوونی سیاسی و بەشداریکردن لە خراپکردنی ژینگەی نیشتمانیی هاوبەش و درزخستنەنێو ئەو نەگۆڕانەی کە پێویستە پارێزگارییان لێ بکرێت و هەروەها هێشتنەوەی پەیوەندییە نیشتمانی و مێژووییەکانی نێوان عێراقییەکان و پاریزگاریکردن لە یەکگرتوویی ئەو وڵاتەی کە باسی دەکەن.

بەداخەوە ئەم هێرشە کە ئامێر و دەزگا و پارەی دەوڵەت و دارودەستەی فەرمانڕەوای شکستخواردووی بۆ تەرخان کراوە دەیەوێت شکستخواردنەکەی و ئەنجامەکانی بخاتە ئەستۆی کورد و هەرێمی کوردستان و لە نیازەکانی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا کورتی بکاتەوە.
سەرەڕای ئەمە، تێکشکانی سوپا لە نەینەوا و سەڵاحەددین و دیالە و شارۆچکەکانی دیکە بە "موئامەرە"یەک دادەنێت کە کورد بەشداریی تێدا کردووە ئەمەیش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچانەی کە لە لایەن رژێمی دیکتاتۆری پێشووی عێراقەوە لە هەرێمی کوردستان داپڕێنراون لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس لە کاتێکدا دەستووری عێراق بڕیاری لەسەر گەڕاندنەوەیان داوە بە پشتبەستن بە پرۆسەیەکی دەستووری و لە ماوەیەکی دیاری کراودا کە بریتی بوو لە ساڵی 2007، ئەمەیش یەکێک لە داواکارییەکانمان بوو بە درێژایی ساڵانی رابردوو بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.
لێرەدا نمایشکردنی وردەکاریی رووداوەکانی 10ـی مانگی رابردوو و کۆنترۆڵکردنی سێ لەسەر یەکی زەوییەکانی عێراق لەلایەن داعش و هاوپەیمانەکانی و هەوڵەکانی ئێمە بۆ رێگەگرتن لەو کارە بەجێ دەهێڵین چونکە لای هەمووان زانراوە کە هێرشەکان بۆ ناوزراندن و ئەوەی ئێمەیش بۆ

گەلەکەمان داوای دەکەین، لە چوارچێوەی مافی چارەنووسدا دەبێت.
یەکەم: بەردەوام لە ماوەی قۆناخە جیاوازەکانی خەباتی هاوبەش لەگەڵ سەجەم هێزە نیشتمانییەکانی عێراقدا دژ بە رژێمە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکان جەختمان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین کردووەتەوە چەمکی چارەی خۆنووسین بەردەوام بوونی هەبووە لە بەرنامەکانمان لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەپێشی هەموویانەوە بزووتنەوە و حزبە شیعەکان هەروەها چەمکی ئەم مافە بە ڕوونی گوزارشتی لێ کراوە لە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری پێشوو و لە پێشەکیی دەستووردا لە چوارچێوەی "عێراقێکی دیموکراسیی ئیتحادی و هاوبەشییەکی نیشتمانیی راستەقینە"دا.

دووەم: بە خەبات و قوربانیدانمان توانیومانە مافەکانمان بەدەست بهێنێن هەرچەندە "ناتەواو" بێت لە سێبەری فەرمانرەوایی (سەددام)دا کە لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە دەبێت کە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبوو لە ناوەند ئەم هەرێمە پەناگەی سەرجەم بزووتنەوە و پارتە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی دیکتاتۆری بووە و سەرجەم تواناکانی خستبووە بەردەستی ئەو هێزانە.

سێیەم: لە پاش رووخانی دیکتاتۆرییەت لە ساڵی 2003دا، دەستپێشخەریمان کرد بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە دروستکردنی عێراقی نوێدا و وازهێنان لەو نیمچە سەربەخۆییەی کە هەمانبوو و چوونە نێو پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردن لە داڕشتنی چەمکەکان بە پێی تواناکانمان و بە چارەسەرە ناوەندییەکان رازی بووین ئەمەیش لە ڕوانگەی متمانەبوونمان بە هاوبەشەکانمان کە هاوبەش بووین لە بەرکەوتنی کارەساتەکانی رژێمی پێشوو، بۆیە دەستوورمان بە رێگەیەک دانا بۆ چارەکردنی ئەو شتانەی کە بە ماف دایدەنێین بۆ خۆمان و بەرامبەرەکانمان ئێمە چالاکانە بەشدار بووین لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان و لە ریفراندۆم لەسەر دەستوور و هیچ هەنگاوێکی دژ بە دەستوورمان نەناوە هەرچەندە دەمانتوانی سیاسەتی دیفاکتۆ بسەپێنین، چونکە دەمانزانی مافێکی دەستوورییە لەو قۆناخەدا بە شێوەیەک کە هەندێک توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەوەیان نەبوو! بەڵام ئاراممان گرت و پشتمان بە دەستوور بەست وەکو ناوبژیکارێک.
ئەمانەیش هەموویان باشترین بەڵگەن لەسەر نیازی سیاسی و نیشتمانیمان و سوور بووین لە سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی سیستمی دیموکراسیی ئیتحادی و دووبارە بنیاتنانی دەوڵەتی هاووڵاتیی ئازاد و یەکسان و موئەسەساتی ئەوەیشمان بینی کە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و جێبەجێکردنی دەستوور بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، قوناخێکی پەسەند لە تیگەیشتنمان بۆ مافی چارەی خۆنوسین بۆ بەرجەستە دەکات.

چوارەم: بەڵام ڕووبەڕووی داپران و نکۆڵی و لووتبەرزی بووینەوە لەو کاتەوەی کە بەڕێز (نووری مالکی) دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و لە پاش سەپاندنی دەسەڵاتە تاکڕۆییەکەی لە ولایەتی دووەم و لادانی لە دەستوور و هاوبەشی و خۆگونجاندنی نیشتمانی هەروەها لادانی بەرەو قۆرخکاریی دەوڵەت و سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر تواناکانی ئەم وڵاتە و بردنی وڵات بەرەو قەیرانی بەردەوام و پێشێلکردنی ئابوورییەرانەی دەستوور ئەم کارانە ئێمەی بەو ئاراستەیەدا برد کە پێویست دەکات بەها بۆ مافە دەستووری و تەوافوقەکانمان دابنێین کە پیشتر لەسەریان رێک کەوتبووین.
هەر لە سەرەتاوە و بە بەردەوامی دووپاتمان کردەوە کە ئێمە پابەندین بە ژیانی هاوبەش لە عێراقی نوێدا بەردەوام هەمووان سوور بوون کە عێراق عێراقیکی دیموکراسی و ئیتحادیی ئاڵوگۆرکاری بێت تێیدا پابەندبوون بە دەستوور و رێزگرتن لە پرانسیپەکانی هەبێت هەروەها پارێزگاری لە پێکهاتەکان بکرێت و بەدەم مافەکانیانەوە بچێت و دادپەروەری لە نێوانیاندا بە دی بهێنێت و دوور بکەوێتەوە لە هەر کردەیەک کە ببێتە هۆی تاکڕۆیی لە دەسەڵات و لادانی لە رێرەوی دیموکراسی و گەڕاندنەوەی وڵات بۆ دیکتاتۆرییەت.
بە ئاشکرا دەمانگوت و جەختمان دەکردەوە کە ئێمە ئامادە نین ئیرادەمان لاواز بکەین و بگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم لە ژێر هەر بارودۆخێکدا بێت و رووبەڕووکردنەوەمان لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەو سیاسەتانەمان بەیاد دەهێنێتەوە کە لە رابردوودا کوردستانی نوقمی دەریایەک لە خوێنی هاووڵاتیانی کرد و نیشتمانەکەیان بۆ گۆری بەکۆمەڵ و کاولکاری گۆری.
ئەمانەیش ئەو هەڵسوکەوتانە بوون کە بە ڕوونی ڕووبەڕوومان بوونەوە بە دریژایی قۆناخی زەوتکردنی دەسەڵات لە هەردوو ویلایەتی شوومی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

باشترین بەڵگەیش لەسەر ئەمە ناردنی تانکەکان بۆ سەر سنووری هەرێم بوو بە فەرماندەیی ئەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور بوو ئەوانەی کە لەم رۆژانەدا پریاری دوورخستنەوەیان لە کارەکانیان درا دوای ئەوەی بوون بە هۆکاری لەدەستدانی مووسڵ و ناوچەکانی دیکە.

پێنجەم: بەداخەوە هەندێک لە بەشداربووانی ئەو هێرشە دوژمنکارییە بۆ سەر گەلەکەمان چ لە رێگەی پشتگیریکردن لە سیاسەتی گرووپی دەسەڵاتدار یان لە بێدەنگبوون بە هۆکاری ترس لە پەراوێزبوون یان گرنگینەدان بە هەستی دەنگدەرانیان چاویان تەنیا ئەو رێگەیە دەبینێت کە وەکو ئالتەرناتیڤ بەکاری دەهێنن بۆ ئەو کاولکارییەی کە وڵات بەخۆیەوە بینیویەتی و خۆشاردنەوە لە مافی چارەی خۆنووسینمان ولەبیرکردنی ئەو پەیمانانەی کە لەسەریان ریک کەوتبووین لە کاتی ئۆپۆزیسیۆندا و پاش ساڵی 2003.
بەداخەوە هەندێ کەس بەشدارییان لە ناشرینکردنی داواکارییە ڕاواکانمان بۆ دەرچوون لەم قەیرانەدا کردووە کە لەئەنجامی سیاسەتی تاکڕۆیانە و پەراوێزخستنەوە رووبەڕووی بووینەوە و تەنیا جەختیشمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئێمە جیابوونەوەمان دەوێت وەکو تاکە چەمکێک بۆ پرانسیپی مافی چارەنووس!
ئەم کەس و ناوەندانەی کە بەشدارییان لەم هێرشەدا کردووە ئەوەیان بیر خۆیان بردووەتەوە سەبارت بە جەختکردنمان لەسەر گرنگیی پابەندبوون بە نەگۆڕە نیشتمانییەکان کە دەبنە هۆی کۆکردنەوەمان و ئەو پێشێلکاریانەی دەبنە هۆی لەیەکجیاکردنەوەمان.
ئێمە، دەستوور و بنیاتنانی دەوڵەتی موئەسەسات و ئازادییەکان لە چوارچێوەی سیستمی دیموکراسی و بەشداریکردنی راستەقینە لە حوکمڕانیی وڵاتدا کۆمان دەکاتەوە.
هەروەها ئەوەیش بەیاد دەهێنینەوە رەنگە یادەوەرییەکان سوودیان هەبێت کە لە پێشەکیی دەستووردا هاتووە: "پابەندبوون بەم دەستوورە پارێزگاری لە یەکیتیی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەریی عێراق دەکات". ئەوەش بە هەموو وردەکارییەکانییەوە پیشێل کرا! پێویستە ئەو کەسەی ئەم پێشێلکارییەی ئەنجام داوە، لۆمەی خۆی بکات.
لە بەرامبەردا پێشێلکردنی دەستوور و ناشرینکردنی رێڕەوی دیموکراسی و زێدەڕۆییکردن لەسەر مافەکانی هەموو پێکهاتەکان و دامەزراندنی دەسەڵاتیکی تاکڕەوی خۆسەپێن کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی جۆرێکی نوێ لە دکتاتۆرییەت و لە یەکتر جیامان دەکاتەوە.
ئەوەی رووی دا تا ئێستا هەر بەردەوامە کە بریتییە لە بژاردەی دووەم کە بەرنامەی (مالیکی) بەرجەستە دەکات لە سووربوونی لەسەر پووچەڵکردنەوەی دەستوور و پەراوێزخستنی بەرامبەر و ستەمکاری و رەتکردنەوەی وازهێنان لە دەسەڵات لە ژێر هەرباروودۆخێکدا بێت هەروەها بە شێوەیەکی ئاشکرا نکۆڵی لە مافە دەستوورییەکانمان دەکرێت لە گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگرە هەموو ئەمانەیش تیپەڕ دەکات بە ئاماژەکردنی بەکارهێنانی هێز دژی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بیانووی دورستکراو و نوێکردنەوەی قەیرانەکان لە هەر کاتێکدا کە تووشی شکستهێنان دەبێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

شەشەم: بۆ زانیاریی ئەو کەسانەی کە ئاگادار نین گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە کە بوونە هۆی لەدەستدانی نەینەوا و سەلاحەددین و دیالە و هەندێک لە دەوروبەری پارێزگای کەرکووک سەرەتاکانی شاراوە نەبوون لای دەسەڵاتدارانی عێراق چونکە پێشتر ئاگادارمان کردنەوە لە بارودۆخی مووسڵ و گرنگیی وریابوونەوە بۆ ئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم رووداوانە کە دەبنە هۆکارێک بۆ دووبەرەکی لە بەرامبەردا وەڵامەکان رەنگدانەوەیەک بوون بۆ هەڵسوکەوتی ئەو کەسەی کە فەرمانڕەوایی وڵات دەکات کە زۆر بە ساردی ئاگادارکردنەوەکانمان وەرگیران و رەنگە گومانیشیان لە نیازەکانمان هەبووبێ لە ئاگادارکردنەوەیان کە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە مەترسیدارە بوو کە ئاماژەمان پێ دابوو!
ئێمە جەختمان لە گردبوونەوە و هاتنەناوەوە لە سنوورەکانی ناوچەکە و دیاردەکانی هاندان و هەڕەشەکردن لە ناوەوەی مووسڵ و بەکارهێنانی نارازیبوونی هاووڵاتیانی ئەو پاریزگایە لە بارودۆخەکە کرد بە هۆی سیاسەتی جیاکاری و پەراوێزخستنی تایفی کە بەردەوام گەشەی دەسەند بە بێ داپڕان. ئەمەیش بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە مەگەر بۆ ئەو کەسانەی کە پەردە بەسەر چاویانەوە بێت یان گرێیەک لە دەروونیاندا هەبێت کە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ گومڕابوون و رۆیشتنیش بە پێچەوانەی ئاراستەوە، کارێکە کە ئەقڵ رەتی دەکاتەوە و پێویستی بە دانایی هەیە.

وەکو چۆن پێشتر لە ڕوانگەی هەستکردنمان بە بەرپرسیارەتییەوە هەڵسوکەوتمان کردووە لە بەرامبەر ئەو مەترسیانەی کە رووبەڕووی هەمووومان دەبێتەوە بۆیە سەرجەم سەرکردەی حزب و قەوارە سیاسییەکانمان لەو بارودۆخە ئاگادار کردەوە هەروەها هەمان دەستپێشخەریمان دووبارە کردەوە لە پاش کەوتنی مووسڵ و شار و شارۆچکەکانی دیکە جەختیشمان لەسەر گرنگیی گرتنەبەری ئەوپەڕی رادەی وریابوون کردەوە بۆ ئاستی پێویست بەو رووداوانە بە پلەی یەکەم لە رووی سیاسییەوە و رێوشوێنە پراکتیکیەکان لە رووی عەسکەری و ئەمنییەوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی هەر پێشهاتێک بەڵام نیازە راستگۆکانمان رووبەڕووی گومانکردن و لووتبەرزی دەبوونەوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.

ئاماژە حکوومییەکان هەر مانەوە لەسەر جەختکردن لە پشتگوێخستنی بەئەنقەست بۆ مەترسییەکان هەڵسوکەوتەکان بە پێچەوانەی دۆخەکە بوون بە تەواوەتی بۆیە لەجیاتی پێداچوونەوەیەکی عەقڵانی بۆ هەڵوێست و سیاسەتەکان و چارەکردنی کێشەی سیاسی و ئەمنی و سەربازی لە مووسڵ و ئەو پارێزگایانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکانیان لە پێکهاتەی سوننەن هەڵوێستی نەرێنییان پەرەی سەند دژ بە هەرێمی کوردستان و نکۆڵی لە پێگە و رۆڵی لە پرۆسەی سیاسی و بێوژدانی لە زیانگەیاندن بە مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان کرا تەنانەت کار گەیشتە دژایەتیکردنی سەرچاوەی بژێویی هاووڵاتیانی کوردستان و پڕینی مووچەی هەرێم لە هەمان کاتدا بۆ سەرجەم پارێزگاکانی دیکەیش خەرج کرا کە ئەمە پێشتر لەلایەن هیچ رژێمێکی دیکتاتۆری دژ بە گەلی عێراق و مافە نەتەوەییەکانی کورد ئەنجام نەدراوە.

ئەم هەموو هاندانەیان لە دژمان بەکار هێناوە لە هەمان کاتدا خۆیان کوێر کردووە لەمەڕ جووڵە گەورەکانی ریکخستنە تیرۆریستییەکان و و هاتنەناوەوەیان لە رێگەی سنوورەکانەوە و کۆکردنەوەی هێزەکانیان و بەئاگاهێنانەوەی شانە نوستووەکانیان لە مووسڵ و پارێزگا داگیرکراوەکان لە لایەن داعش و پاشماوەکانی رژێمی پیشوو و گرووپە چەکدارەکانی دیکە کە بە رۆژی رووناک و لە بەرامبەر چاوی فەرماندە سەربازی و ئەمنییە ئیتحادییەکاندا دیمەنەکە دەستی پێ کرد بە ئاپڕووبردنی بەرنامە کەچبووەکە کە هەوڵی کۆکردنەوە دەدات دژ بە هەرێم و وا پێشانی دەدات وەکو بڵێی دوژمنی پرۆسەی سیاسی و دەستوورە ئەمە جگە لە ئاراستەکردنی تۆمەتی ناهەق بۆ هەرێم تا گەیشتە ئەوەی کە شکستە ئەمنییەکان عێراق و سوپاکەیان بەرەو ئەو هەڵدێرە برد ئەمەیش مانای ئەوەیە کە لە هەموو ناوەندەکان و دەزگاکانی راگەیاندنیان، بەردەوام هەوڵیان بۆ نیشاندانی گەلی کورد وەکو دوژمنێکی شیعە و رۆڵ و پێگەیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا داوە.

ئێمە بەردەوام دووپاتمان کردووەتەوە کە قەت رۆژیک لە رۆژان بەشێکی نەرێنی نەبووین لەو ململانێیەی کە لە پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆری هاتە کایەوە و سازشمان نەکردووە یان لە دژی هیچ پێکهاتەیەکی نیشتمانیی عێراق نەوەستاوین بەڵکوو هاوسۆز بووین و بەرگریمان لە داواکارییە دەستوورییەکانی پێکهاتەی سوننە لە عێراق کرد و دژی پەراوێزخستن و لاوازکردنی رۆڵیان لە ژیانی سیاسی و لە دەسەلاتدا بووین هەروەها پابەند بووین بە مافەکانی پێکهاتەی شیعە و رۆڵیان و ئەوەی دەستوور بۆیانی دیاری کردووە لە پێگەی سەرکردایەتی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

هەروەها جەختمان کردووەتە سەر جیاکردنەوەی سیاسەتە هەڵەکانی بەرپرسانی شیعە لە دەوڵەت و هەڵوێستەکانی لە ماف و کێشەکانمان ئێمە شانازی دەکەین بە هاوپەیمانیی مێژووییمان لەگەڵ پێکهاتەی شیعەدا هەروەها لەگەڵ بەرپرسە سوننەکان و پێکهاتەی سوننەدا بەردەوامیش دەبین لە بەرگریکردن بەپێی دەستوور و گەشەسەندنەکانی ژیانی سیاسی و ماف و داواکارییەکانی هەموو عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتە و لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیان.

بەردەوامیش دەمانگوت و ئەمڕۆیش دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە قۆناخێکی هەستیار بەڕێ دەکەین لە قۆناخەکانی گەشەسەندنی عێراقی نوێدا مانەوەی عێراقیش پێوەستە بە دابینکردنی بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی و بەدەنگەوەچوونی تێڕوانینە رەواکانیان ئەمەیش بەدی نایەت تا ئەو کاتەی بنیاتنانی بنچینەکانی دەوڵەتی مەدەنیی دیموکراسی تەواو دەبێت و دەزگا دەستوورییەکان بنیات دەنرێن و بەرەو بەیاساییبوونی دەسەڵاتەکان و پارێزگاریکردن لە بێلایەنییان ئاڕاستە دەکرێن. هەروەها پێویست بە دانانی میکانیزمێک بۆ رێگریکردن لە تاکڕۆیی لە دەسەڵاتدا دەکات یا بەتەندروستکردنی ژیانی سیاسی، ئەمەیش لە رێگەی دەرکردنی پرۆسەی سیاسی لە ڕێڕەوی دابەشکردنی تایفی و ئاراستەکردنی بەرەو پابەندبوونەکانیان بەپێی لاگرتنی نیشتمانی و بەهاکانی هاووڵاتیبوون.

کوردستان بەدەست نەهامەتییەکانی تیرۆر و شاڵاوەکانی تەکفیرکردنەوە دەیناڵاند ئێمە درک بەوە دەکەین کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بە چ ئامانجێک و شێوازێکی وەحشیگەری کار دەکەن بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئیدانەی سەرجەم ریکخراوە تیرۆریستییەکان دەکەین و بەرەنگاریان دەبینەوە و بە هەموو توانایەکمانەوە دژی پرۆژەکانیان دەوەستین.
ئێمە دەزانین کە لەناوبردنی تیرۆر لە رەگ و ریشەوە پێویستی بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست هەیە کە بێبەشی بکات لە پەناگایەکی ئارامدا یان لە ژینگەیەکدا کە هاوسۆزیان بن.
پاش هەشت ساڵ لە بەرنامەیەکی تاکڕۆیانە و پەراوێزخستنی پێکهاتەی سوننە لە رێگەی گرتنەبەری رێوشوێنێک کە بێبەش بوو لە دانایی، داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان و چەکدارانی هۆزەکان و ئەو کەسانەی کە زیانیان لە سیاسەتی حکوومەت پێ گەیشتووە توانییان بە زبرەی هێز ناوچەیەکی فراوان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

داعش بریتی نییە لە پێکهاتەی سوننە هەروەها گرووپەکانی دیکەیش گوزارشت لەو پێکهاتەیە ناکەن، ئەگەرچی هەندێک لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی داگیر کراون ئێستا هەست بە دلنەوایی لەم قۆناخە نوێیەدا دەکەن بەڵام ئەم دیاردەیە کاتییە و گۆرانکارییە یەک لە دوای یەکەکان لێکەوتەکانیان بەوەندەوە ناوەستن وەک دەرچوون لە دژی دەسەڵاتی داعش و دەرکەوتنی دیاردەکانی جیاوازبوون تا رادەی گەیشتن بە جەنگ لە نێوان گرووپە چەکدارییەکان و راپەڕینی دانیشتووان دژ بە دەسەڵاتی تیرۆر کە لەوانەیە نەهامەتییەکانی زیاتر بێت لە نەهامەتییەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاکڕۆی عێراق کە دژی دەستوورە.
بەپێی بەرپرسیارەتییەکانمان ئێمە بەردەوام دەبین لە پەیوەندیکردن بە هەموو لایەنەکان بۆ بەدیهینان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسیی ریشەیی کە بریتی بێت لە ئەنجامدانی چاکسازی لە دامودەزگاکانی وڵاتدا و دامەزراندنی میکانیزمێکی دیموکراسی کە تێیدا هیچ حاکم و دەسەڵاتێکی ڕەها نییە.
هەروەها لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بەدوای پێداویستییەکانی باردۆخی ئێستادا دەگەڕێین کە دوابەدوای رووداوەکانی مووسڵ پاش 10ـی حوزەیران هاتووەتە کایەوە لە رووی گۆرانکاری و ئەو چوارچێوە سیاسییەی کە بەدەنگ پێکهاتەی سوننەوە بێت و تیرۆریستان لابدات و پەناگەکانیان دوور بخاتەوە.

ئێمە سەرجەم تۆمەتە دوژمنکارەکانمان پشتگوێ خست کە لەلایەن شکستخواردووەکانەوە دژ بە گەلەکەمان و هەرێمی کوردستان ئاراستە دەکرێن ئێمە پشت بە هۆشیاریی گەلی عێراق و دڵسۆزەکانی قەوارە سیاسییەکان دەبەستین بۆ دانانی سنوورێک و وەڵامدانەوەیان، ئێمە وەڵامدانەوەیەکی گونجاومان هەیە بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەیش بریتیە لە "بەردەوامبوون لە رێگەی سەختدا"
ئێمە دەپرسین، ئەو کەسەی عەرەبی عێراقی لە یەک جیاکردەوە بۆ سوننە و شیعە، هەر خۆی نەبوو کە عێراقی بە فیعلی دابەش کرد؟
پاشان ئایا بەهێزکردنی جەنگی تایفی، لە ناخی پارچەپارچەکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیدایە؟
گەلی کورد لە کاتێکدا بەرلەمان و سەرکردایەتییەکەی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژووی بۆ دیاریکردنی رێرەوی مافی چارەنووس، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لە گرتنەبەری هەموو رێوشوێنێک کە بە گونجاوی دەبینێت بۆ پاراستنی مافەکانی و پاشگەز نابێتەوە لەو رێرەوەی کە بەرجەستە دەبێت لە مافی چارەنووس، لە هەمان کاتدا چاوەڕێ دەکات هێزە گرنگەکان لە حزب و قەوارەی پەرلەمانیدا، شیعە و سوننەکان کە دەستپێشخەرییەکی سیاسی رابگەیەنن، کە لە رێگەیەوە عێراق بتوانێت سەروەریی خۆی بگەڕێنێتەوە و دادپەروەری و ئازادی و هاوبەشبوونی راستەقینە لە بەڕێوەبردنی وڵات بۆ هەموو پێکهاتەکان لە وڵاتێکی دیموکراسیی ئیتیحادیدا فەراهەم بکات، کە رێگر بێت لە بەرامبەر تاکڕۆیی و دکتاتۆرییەتدا.

مافی چارەنووس، مافێکی شەرعیی گەلەکەمانە، بە پشتبەستن بە هەموو یاسا و پرانسیپە نێونەتەوەیی و نیشتمانییەکان، گەلەکەمان پاشگەز نابێتەوە لەم مافە و جێبەجێکردنی میکانزم و دابینکردنی پێداویستییەکانی، لەوەیشدا پشت بە گەلی عێراق دەبەستێت بە راوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی و سەرجەم ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە مافی گەلان و نەتەوەکان دەکەن.

ژیانی هاوبەش بژاردەیەکی ئیختیارییە کە ئەوەی گەل ویستی تێیدا بەرجەستە کرا بۆ قۆناخێک لە قۆناخەکانی مافە مێژووییەکەی، لەم بارەیەوە گەلەکەمان هەڵویستی ئایەتوڵلا (ئیمام موحسین ئەلحەکیم) و (شەهید سەدر) لەیاد ناکات بۆ پشتگیریکردنیان لە گەلی کورد وخەبات و بەرگریکردنی لە ماف و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.
جیابوونەوە و پارچەپارچەکردنی عێراق دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هێز و حوکمڕانانەی، کە پشت بە بەرنامەی دابەشکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنچینەیەکی تایفی و مەزهەبی دەبەستن و هاووڵاتی دەکوژن یان پەراوێزی دەخەن بە هۆی ناسنامەکەیەوە.!
ئایا ئەوە بۆ هەموو عێراقییەک و هەموو گەلانی دۆستی گەلەکەمان دەرنەکەوتووە کە داواکردنی ولایەتی سێیەم لەلایەن (مالیکی)یەوە سەرەڕای ئەو شکستە مەترسیدارەی کە عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە و جەختکردنەوەی سەرجەم هێزە سیاسییەکان لەسەر گۆڕینی، کە بووەتە هۆکارێک بۆ پاڵنانی عێراق بەرەو دابەشبوونێکی زیاتر و بەرەو هەڵدێری دەبات؟
ئێمە بە ڕوونی دەڵێین لە مافی چارەنووس پاشگەز نابینەوە، کە گەلەکەمان بە ئیرادەوە بڕیاری لەسەر دەدات.
هەڕەشەکردن لە داهاتووی عێراق و عێراقییەکان بەرپرسیارەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگەی عێراقی پارچەپارچە دەکەن و دەستوور پێشێل دەکەن و عێراقیش دەخەنە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازێکی نوێ لە دیکتاتۆری.
مەسعوود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سەڵاحەددین- 8 ـی تەمووزی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 286

## ڕاپورت کونگرەیٚ فدراسیون سەراسەری یارسانیەکان لە سوید

http://www.kurdipedia.org/?q=20130203151327755561

رۆژ شەممە ١٩ مانگ ٤ کونگرەیٚ فدراسیون یارسانیەکان لە شار ئوستکولم ولٚات سوید وە بەشداری نمایندەیٚ ئەکسەر ئەنجومەنە یارسانیەکان لە ولٚات سوید وەڕێوە چی. هەر لەیوا نمایندەیٚ بەشێک لە ئەنجومەنگەل یارسانی لە ولٚاتگل سکاندیناڤیا لەی کونگرە وە داوەت رەسمی فدراسیون بەشدار بین. کونگرە ساعەت ١٠ دەس وەکارەکان خویٚ کرد. لە ئەبتدایٚ بەرنامە سەید حوشمەت فەرهنوش سەخەنگو فدراسیون یارسان راپورت کار و فعالیەتەکان

ساڵ گوزەشتەیٚ فدراسیون پێشکەش کرد و لەی رابتە ئشارە وە دەیان فعالیەت هونەری، وەرزشی و ئاینی کرد کە فدراسیون لە مودەت ١ ساڵ گوزەشتە ئنجامیٚ داگە. سەید حوشمەت باس لە بەشداری مەردوم و پشتیوانی ئەنجومەنەکان سوید کرد و لەی رابتە ئشارە کرد کە فدراسیون لە زەمان سەرهەڵدانیٚ کە ٨ ئەنجومن بی، ئیسە زیاتر لە ٢٠ ئەنجومەن لە ژێر چەتر ئەنجومەن فعالیەت کەیٚت.

لە بەشێکتر سەید حوشمەت ئەڕا ئایندەیٚ فدراسیون ئارەزو داشت کە ئی فدراسیونە تەنها فعالیەتەکانیٚ لە سوید تەسک نەکەیٚتوە و بووتە فدراسیون سەراسەری ئسکەندیناڤیا. لەی بارەوە هەوڵ ئەڕا بەحس و گوفتوگو وەگەرد ئەنجومەنەکان لە ولٚاتگەل دانمارک، نرویژ و فنلەند دریاگە و فرە لە ئەنجومەنەکان پشتیووانی خویان دەرپریگنە. سەید حوشمەت داوا لە مەسئولین و نمایندەگان ئایندەیٚ ئی فدراسیونە کرد کە لە زویترین وەخت لەی ولٚاتگەلە دیدار بکریەت و پشتیووانی مەردوم و ئەنجومەنەکان وە شێوەیٚ رەسمی وەربگیریەت.

ڕاپورت له لایەن مەردوم کەفته وەر باس و گوفتوگو و لەی بارەوه مەردوم دەس خستنه سەر خاڵه لاواز و وەقەوەتەکان ئی راپورته و سوئاڵگەل فرەێک له لایەن بەشدارەیلوه مەترەح کریا که سەید حوشمەت جواو وەپێدا. بەشدارەیل پێشنەهادەیل فرەێک مەترەحکردن ئەڕا دروسکردن و خاسترکردن کارەکان فدراسیون.

کاک عەلی مهرابی جور رابت فدراسیون و مسئول بەشێک له کارەکان فدراسیون له تەکمیل کردن قسەکان سەید حوشمەت ئشاره وه پرێکتر له فعالیەتەکان فدراسیون کرد جور کاپ فوتباڵ، گرتن کونسرت ئەڕا هونەرمەندەیل، گرتن شەو شعر، گرتن خاوەنکار، گرتن نەوروز و فره فعالیەتتر. کاک عەلی باس له تەماسگرتن فدراسپون وەگەر ناوەندگەل حقوقی و حکومی و بەشردوستی ئەڕا ناساندن کەیس یارسانی و موشکڵات مەردوم یارسان له ئێران. موشکڵات پەناهندەگەیل یارسان یەکیکتر لەو باسگەله بی که کاک ئەلی باس لەلێکرد و وەت لەی بارەوه ئەوان ئەڕا ناساندن زوڵم و زۆر جمهوری ئسلامی لەی مەردومه وەگوش مقامات سوید هەوڵ فرەێک داگنه و خوشوەختانه فرەیچ سەرکەفتگ بینه.

کاک سەلیم جور مەسئول بەش ماڵی راپورت بەش ماڵی پێشکەشکرد و تەمام ئەو کومەکگەله که وه فدراسیون کریاوی ئشاره وەپێیانکرد و تەمام ئەو پویلگەله که فدراسیون لەی مدت ١ ساڵه خەرج کردوی ئەڕا فعالیەته جوراوجورەکان دەستنیشانکرد. هیئەت نزارەتگەر وەسەر کارەکان فدراسیون که پێکهاتووی له ٣ نەفەر دووای تاوتوویکردن بەڵگەکان و خەرج و مەخارجەکان راپورتەکه تەسوییکردن و لەی بارەوه هیچ موشکڵێک یان ناڕوشنی له بەش ئقتسادی له کارەکان فدراسیون نەینوه.

له بەشێک له کونگرەکه سەفەر ئەزیزی جور نمایندەێ ئەنجومەنگەل دانمارک دوواێ سوپاس و قەدردانی له داوەت کردن نمایندەگەل ئەنجومەنگەل یارسانی له دانمارک ئەڕا ئی کونگره، باسێک گشتی له نیەت بەشداربین هەیئەت دانمارک کرد و ئومێدەواری خواست که فدراسیون یارسان له سوید پەره بسێنێت بووته فدراسیون سەراسەری له تەمام ئیسکاندیناڤیا و ئەڕا زیاتر ناساندن کلتور، ئایین و فەرهەنگ یارسان نەقش ئەساسی لەی وڵاتگەله بازی بکەێت. ئەنجومەنگەل فەرهەنگی یارسان له دانمارک تەمام تەڵاش خوێان ئەڕا هاوکاری و هاوفکری فدراسیون یارسان له سوید خەنه گڕ و گشت تەڵاشێک کەن تا فدراسیونێک مونسەجم و یەکگرتگ له تەمام ئیسکاندیناڤیا دروست بکریەت. له ئاخر قسەکان سەفەر ئشاره کرد که هەدەف ئەسڵی له بەشداربین وەرگرتن تەجروبه و راهنمایی له کار و فعالیەتەکان فدراسیونه.

له بەش دووم کونگره هەڵوژاردن سوخەنگو، مسئول بەش ماڵی و هێئەت ئجرایی دەست وەپێکرد.

سەید حوشمەت فەرەهنوش جور سوخەنگو و کاک قەنبەر جور بەش ماڵی وەدەنگ ئەکسەریت هەڵوژێریان و دویاوەدویاێ ئەوه هێئەت ئجرایی له ئنتخاباتێک ئازاد هەڵوژێریا که پێکهاتووی له:

١ شوان جوانمیری

٢ مهناز روستەمی

٣ شەمسه نریمانی

٤ بیژەن ئومێدی

٥ فەرەهناز نەجەفی

٦ ئەلی رەزایی

٧ توبا بهنەری

٨ توبا رەزایی

٩.حاجی اکبری

١٠.مهرداد ئەحمەدی

لە ئاخر کونگرە ٣ نەفەر جور نەزارەتگەر وەسەر کار و فعالیەتەکان فدراسیون هەڵوژێریان کە پێکهاتووی لە:

١ بەرزو ئەحمەدی

٢ سەید بەرزو

٣موستەفا ئەکبەری

کونگرە وە موەفقیت تەمام کوتایی وە کارەکان خوێ هاورد.

فدراسیون سەراسەری پارسانیەکان لە وڵات سوید

19.5.2012

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 287

## راپورت ۆ خۆزیاری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان بو کۆبوونەوەی راوێژی نەتەوەیی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایان نەدمانی دەستەی بەرێوبەری لە کۆبوونەوەکە دەستنیشان کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042115253575912

لە ماوەی 36 ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی ئێران دەستوورێکی بنەرەتی خستۆتە کار بەرامبەر گرووپە ئیتنیکیەکان لە ئێراندا، کە بۆتە مایەی دروست کردنی جیاوازی لە نێوان ئەم گروپانەدا. دابەشکردنی نایەکسانی بودجەی وولات بە سەر شوێنە جیاوازەکانی وولاتدا، بەجۆرێک کە کەمترین بودجە بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان تەرخان کراوە.
نە بوونی ئازادی و ئاسایش، خراپی باری ئابووری و بێکاری، تێکچوونی خیزان و، پەرتەوازەبوونی مندال و مێرمنداڵ و تووشبونیان بە ماددەی هۆشبەرو، خۆکوشتن ۆ کۆچکەردەن، کۆمەڵکوژی کۆلبەران و کاسبکارانی کورد، دەستبەسەر کردنی چالاکوانانی کورد، تیرۆر کردنی خەلک لە شەقامەکاندا، هەموو ئەمانە بەشێکن لە ژیانی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان
بەپێی ڕاگەیندراوێک لە لایەن نمایەندەی شارەکانی سنە و دیواندەرە و کامیاران لە مەجلیسی شورای ئیسلامی لە کۆی 6030کیلومەتەر ڕێگا لە پارێزگای سنە تەنها 2300 کیلومەتر ئسفەلت کراوە ولە ڕیزی دواوە یا کۆتایدایە لە 31 پارێزگای دیکەی ئیران، بۆ زانیاری ئیلام کەمێک باشترە، دوای ئەوەش کرماشان وە دوای ئەویش ورمێ دێت.
هەر ئەوەش بووتە هۆی ئەۆی کە 221 کەس دووجاری ڕوداوی هاتووجۆ بونەتەوە و ڕێژەیکیشان گیانیان لە دەست داوە.
لە ماوەی 1 ساڵی رابردوودا،وە بەپێی ئەو ڕێژەیەیە کە زانراوە لە لایەن ئەحمەد شەهید ڕاپۆرتەری

تاێبەتی ئێران بۆ مافی مرۆڤ لە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان، 687 کەس ئیعدام کراون وە لەکۆی ئەمانە 217 یان کوردن، لەکاتێکدا کۆی گشتی دانیشتوانی ئێران لە 80،000000 پێک هاتوە، وە 15،000000-10،000000 کوردن.
بە پێی ووتەی (قادرمەرزی)سەرۆکی کۆمەڵەی نمایندەکانی کوردستان رادەی داهاتی دانیشتوانی پارێزگای سنە کەمترە لە نیوەی داهاتی دانیشتوانی ئێران بەگشتی، هەر بەوشێوەیە ش ڕادەگەینێت کە ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای سنە دا 28% وە بەگشتی لە ئێراندا 10،4.
هەمان ڕئژە لە ئیلامدا بەدی دەکرێت لە کرماشان و ورمێ کەمێک کەمترە.
ڕێژەی منداڵبوون کەمترە لەنیوەی ڕێژەی ناوچەکانی تری ئێران، وەهەروەها ڕێژەی جیا بوونەوە و تێکچوونی خێزان لە پارێزگای سنە زیاترە لە دانیشتوانی ئێران بەگشتی.
رێژەی کۆچکرنی کوردەکان بۆدەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 8،5% پێک دەهێنێت.
لەساڵی ڕابردوودا 23 کەس گیانیان لەدەست داوە و بە هۆی سووتاندن یا خۆسوتاندنەوە کە ڕێژەیەکی زۆریان ژنن.
ئەم ڕێژیە لە پارێزگای ئیلامیش وەک پارێزگای سنە، بەڵام لە پارێزگای کرماشان و ورمێ کەمترە.
ڕێژەی خۆکووشتن یا مردن کە بەهۆی خنکاندن بەهۆی کارەساتی گاز یا بەهۆی لەئاودا خنکان، گیانیان لە دەست داوە دەگاتە 44 حاڵەت.
و لەئیلامیش هەمان ڕێژەیە، لە ورمێ و کرماشان کەمترە .
ئەو ئامارانە و ئاماری زۆرێک لەوانەی کە بەهۆی ماددەی هۆشبەرو کارەساتی تر گیانیان لە دەست داوە کە تائێستا بە ووردی نازانرێت.
بە گشتی پێشێڵکردنی مافی مرۆڤ لە سەر یەک هەزار و 550 حاڵەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی 1392ی هەتاوییدا.
لەنێوان هاووڵاتیانی مەدەنی کوژراو و بریندار بە هۆی تەقینەوەی مین، لە کۆی گشتیی 38 کەس تومار کراوە، کە11 منداڵی تەمەن ژێر15ساڵ وەبەر چاو دەکەوێ.
ئاماری کۆڵبەرانی گیان لەدەستداو 102 کۆڵبەرن، وە هاووڵاتیانی مەدەنی 90 هاووڵاتی.
ئاماری زیندانیانی سیاسی و پەیڕەوانی ئاینی مەحکوم بە ئێعدام 81 زیندانی لە کاتی ئەمڕۆدا.
بە پێی ئامارەکان ڕێژەی دەستبەسەرکراوەکان پێکهاتووە لە:
378دەستبەسەرکراوی سیاسی، 294 ی دۆزی ئا ینی،313 کرێکارو کۆلبەر، 29 کەس بنەماڵەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، 31 کەس لە پاڵێوراوانی شارو پارێزەر،87 کەس هاووڵاتەانی مەدەنی، 36 کەس ڕۆژنامەنووس نووسەرو مامۆستای زانکۆ،45 کەس وێبلاگنووس، دەرهێنەر، وێنەکێش، گۆرانیبێژ،46 کەس خوێندکار وە هەروەها لە حاڵەتەکانی تر 33 کەس.
بەپێی ئاماری دەستبەسەر کراوەکان، 80% کەسانی دەستبەسەرکراوکانی رۆژهەلاتی کوردستان، دوای قۆڵبەست کرانیان چارەنووس و شوێنی راگرتنیان نادیار بووە.
ئەوە لە کاتێکدایە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی قەدەغە کردووە، یاسای بنەڕەتی باس لەوە دەکات کەسی دەستبەسەرکراو دەستبەجێ‌دەبێ‌لێکۆلینەوەی لەگەڵدا بکرێ‌و هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە دوای "تەفهیمی اتهام(پاش ئەوەی تاوانەکەی پێ‌ راگەیاندرا)"دەبێ‌ئەنجامەکەش بە شێوەی نووسراوە بە کەسی دەستبەسەرکراو رابگەیەندرێت
ئێمە وەک کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی وشیار و هاوکات بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر
کۆمەڵگا باوەڕمان بە شێوازگەلێک لە چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بەباوەڕین کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەستەبەربوونی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دا دەبێت کە بەوشێوەی خوارەوە دەستنیشانی دەکەین.
یەکەم: پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کە کەیسەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ڕێگای ڕێکخراو و دەزگاکاني کۆمەڵگای مەدەنی کاری لەسەر بکرێت.
دووهەم: بەدواداچوون بۆ دۆخی کۆڵبەران و کاسبکاران بکرێت و هاوکات دۆسیەکیش لە ئاستی نێونەتەوەیی بکرێتەوە و وەکوو سکاڵا لە دادگاکانی نێونەتەوەیی تۆمار بکرێت.
سێهەم: هاندانی بازرگان و خاوەن سەرمایەکان بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کارگە و کۆمپانیای تایبەت لە شارە سنووریەکان، بە مەبەستی شکاندنی سنوور لە نێوان پارچەکانی کوردستان.
چوارەم: ڕێکخراوەکاني کۆمەڵگای مەدەنی لە پێناو بەهێزکردنی ئاستی چالاکیەکان، پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتر بەهێزتر بکەن و بە گوتاری هاوبەش بەشداری چالاکیەکان ببن.

پێنجەم: بۆ ڕێگری لە خۆکوژی ژنان کە وەک دیاردیەکی نوێ بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردستان دا سەری هەڵداوە، خولی پەروەردە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان و کۆمەڵگا لەسەر ئەساسی کۆمەڵگایەکی پەکسان و دژ بە ڕەگەزگەرا بکرێنەوە.
شەشەم: پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایان و ڕۆشنبیران و کەسایەتیە ئایینەکان کە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەیە درووست بکرێت بۆ پێکهێنانی ڕێپیوان و کۆبوونەوە لە ناو شارەکاندا و داواکردنی تایبەتی لە لایەن ئەم کەسایەتیانە بە مەبەستی دروستکردنی گۆرانکاری بۆ ئەو دیاردە جۆراو جۆرانەی کە بە پێ یاسای بەرتەسکی کۆمای ئیسلامی ئێران جێبەجی دەکرێن.
حەوتەم: چالاکیەکانی ژینگەپارێزی کە ئێستا بەشێوەیەکی خۆرسک لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەرەی سەندووە، پشتگیری بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ باشتر بەڕێکخستنکردنی لە پێناو درووستکردنی کۆمەڵگایەکی سرووشتی و ژینگەپارێز.
لە کۆتایی دا داوا لە هەموو ڕێکخراو و پارت و لایەنە سیاسیەکان دەکەین لە پێناو دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و یەکسان دا کە هەموو مافەکانی مرۆڤ تێیدا پارێزراو بێت هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە و لە مانگرتنە گشتیەکان دا دژ بە دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان بە تایبەتی دەوڵەتی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ لەسێدارەدانەکان یەک گووتار و هاوئاهەنگ بن.
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 288
# ڕاگەندراوێکی رۆژنامەوانی لە بەرێوبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی لێدوانەکەی سەرۆک وەزیری عیراق
http://www.kurdipedia.org/?q=2014070923001476952
ئەمرۆ 2014/7/9 لە وتارە هەفتانەکەی سەرۆک وەزیرانی کاربەریکەری عراقی فیدرال بەرێز نوری مالکی هەرەشەی نارەوا لە هەرێمی کوردستان کرد و تۆمەتێکی بێ بنەمای خستە پاڵیەوە، دەیەوێت هەموو شکستەکانی خۆی لەم چەند سالەی رابردودا لە و جۆرە هەرەشە و تۆمەتە بێبنەمایانە دابشارێتەوە،
پەرلەمانی کوردستان بەناوی گەلی کوردستانەوە ئە و هەرەشانە شەرمەزار دەکات و ئە و هەموو تۆمەتانەش رەت دەکاتەوە، بەهەولیکی نەزۆکی بەریز مالکی دەزانین بۆ داپۆشینی شکستە سیاسی وجەماوەری وسەبازیەکەی دووچاری بۆتەوە.
گەلانی عێراق و هێزە سیاسیە تێکۆشەرەکانی لە هەموو پێکهاتەکان ئە و راستیە دەزانن کە هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژووی بەرەنگاربونەوەیان لە گەڵ رژێمی دیکتاتۆری پێشوو، داڵدە و پەناگا بووە بۆ تەواوی لێقەوماوان و ئازادیخوزانی عیراق و ئەوانەی کە نادادپەروەری و زوڵم و زۆر ناچاری کردون زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن.
ئێستاش کە زیاتر لە نیو ملیۆن هاولاتی شارەکانی موصل وبەغدا وناوەراست و باشووری عیراق بە هۆی نەبوونی ئارامی ودادپەروەری، ونەبوونی یەکسانی وئە و جەنگەی لە هەرێمەکەیاندا دەگوزەرێت روویان لەهەریمی کوردستان کردووە، گەلی کورد بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بە هانای لێقەوماوانەوە بێچێت و پەناگایەکی ئارامیان بۆ فەراهەم بکات، سەرەرای ئەوەی مالکی بەبرینی موچە و بەشە بودجەی هەرێم، گەمارۆی ئابووری خستوتە سەر حکومەت و گەلی کوردستان .
سەرۆک وەزیرانی عێراق لە جیاتی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و پێشکەش کردنی هاوکاری مادی و مەعنەوی بۆ ئە و لێقوماوانە، بەتیرۆریست تۆمەتباریان دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە پێشمەرگەکانی کوردستان گیانفیدایانە بۆ پاراستنی ئەمن وئاسایشی هەرێم وناوچە

کوردستانیەکان بەگشتی ودابینکردنی کەشیکی ئارام بۆ لیقەماوانی عیراق لەهەریم لە بەرەکانی جەنگدا بونەتە بەربەست لە بەردەم پێشرەوی تیرۆریستان.
پەرلەمانی کوردستان ویرای ئەوەی بەتوندی زمانی هەرەشە رەتدەکاتەوە پیمان وایە ئە و جۆرە زمانە و بیرکرنەوانەی بەریز مالکی وبەردەوامبوونی لەسەر پێشێلکردنی دەستووری هەمیشەیی وایکرد، گەلانی عیراق ویەکپارچەیی خاکەکەی بکەویتە بەردەم هەرەشەی لەیەکترازان. دووپاتیش دەکەینەوە کیشەکانی عیراق بەبەکارهینانی هیز و زمانی هەرەشە چارەسەرناکرین وپیویستە کیشەکان لەریی گەرانەوە بۆ دەستوورو زمانی دیالۆگ ولێکتێگەیشتن وریزگرتن لەئیرادە وخواستی پیکهاتەکانی عیراق یەکلایی بکرینەوە.

بەرێوبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان
9-7-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 289

## راگەیاندراوی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەبارەت بە کێشەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070120442189714

جەماوەری خۆراگری کوردستان...
رۆژی 2013/6/30 پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسایەکی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم خستە بەرنامەی کاری دانیشتنی خۆی، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکان کرا، لەلایەن فراکسیۆنەکانی (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی) نەک هەر رەتکرانەوە، بەڵکو شەڕەقسە و جنێوبەشی بەدواداهات، پاشان پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەکەی پەسەند کرد. هەرچەندە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوان بوون پرسەکانی (دەستوور و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان) لە رێگەی سازان و رێککەوتنی سیاسی و دۆزینەوەی رێگاچارەی یاسایی یەکلایی بکرێنەوە و چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەوە نەکرا و ئەو دۆخە نەخوازراوەی بەدوای خۆیدا هێنا کە بینیمان.
ئێمە لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەر زوو مەترسییەکانی ئەو دۆخەمان لەسەر ئەو پرسانە بۆ رای گشتی و هەموو لایەنەکان راگەیاندبوو، بە راشکاویش گوتبوومان کە دەبێ بڕیاردان لە پرۆژەی دەستوور و سازدانی هەڵبژاردنەکان زیاتر ماڵی کوردی یەکبخات و گونجانی کۆمەڵایەتی قووڵتر بکاتەوە، هەروەها رێگاچارەکانیشمان بۆ هەموو پرسەکان خستبووە روو، کەچی بەداخەوە ئەو بۆچوونە عەقڵانی و نیشتمانیەی ئێمە بەهەند وەرنەگیرا و بەرژەوەندی حزبی بەسەر بەرژەوەندی گشتی زاڵکرا. لێرەدا جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە نابێ بە ناوی زۆرینە مەسەلەیەکی وا هەستیار تێپەڕێنرێت، هەروەها ناشبێ کەمینە بە و شێوازەی بەرژەوەندی خۆی تێدایە، هەڵسوکەوت بکات.
لە و سۆنگەیەوە جارێکی دیکەش داوا دەکەین، بە دوور لەم گیان و روحیەتەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بۆ سازانی نیشتمانی بگەڕێنەوە و پرسەکانی دەستوور و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان چارەسەر بکەن. هەروەک بەبێ موزایەدە و بانگەشەی سیاسی و وروژاندنی هەستی جەماوەر، گوێ لە زمانی عەقڵ بگرین و لە چوارچێوەی وتووێژێکی بنیاتنەر و راستەوخۆ و شەفافدا کێشەکان تاوتوێ و چارەسەر بکەین. هەر ئەمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە و خزمەتیش بە هەمووان دەکات. داواکاریشین هەرچی زووە ئەو دۆخە نالەبار و گرژەی هەیە پەوێنرێتەوە و دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، لە و پێناوەشدا حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هەموو تواناکانی دەخاتەگەڕ...
کۆمیتەی ناوەندی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

1/7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 290

## راگەیاندراوی هاوبەشی لیژنەی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140417171404100419

لەپێناو هێنانەدی بەرژوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان و لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ تێپەڕاندنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و هێنانەکایەی قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی کە ئامانجی یەکەم و سەرەکی؛ خزمەتی هاوڵاتیان بێت بەبێ جیاوازی، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتین:

یەکەم: پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان و یەکگرتو کە رەنگدانەوەی ئیرادەی دەنگدەران و تەواوی خەڵکی کوردستان و رێزگرتن لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت.

دوەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە سەرجەم لایەنە بەشدارەکانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەشی حکومەت لەسەر بنەمای چاکسازی و چەسپاندنی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: کاراکردنی رۆڵی پەرلەمانی کوردستان بە جۆرێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانی لە یاسادانان و چاودێریکردن و بەدواداچونی کارەکانی حکومەتدا ئەنجام بدات.

چوارەم: چەسپاندنی پرەنسیپی (شەراکەت) لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا کە سەرجەم هێزە بەشداربوەکانی حکومەت، هاوبەشی راستەقینە بن لە دەسەڵات و دروستکردن و جێبەجێکردنی بڕیاردا.
لەم روانگەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان هاوبەش دەبێت لە:

أ- پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ هاوبەشی لە دەسەڵاتە سیادییەکاندا.
ب- هاوبەش دەبێت لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کورددستاندا بە وەرگرتنی پۆستەکانی:

-1وەزیری پێشمەرگە.
-2وەزیری دارایی و ئابوری.
-3وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.
-4وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
-5سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.
-6هاوبەشی لە دامودەزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا کە دواتر دیاری دەکرێن.

پێنجەم: هەردولا پشتگیریی تەواوی سەرخستنی بەرنامەی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی

کوردستان دەکەن بە شێوەیەک کە زامنی پاراستنی ئازادیی رادەربڕین و ئینتیمای سیاسی و چون بەرەو هەڵبژاردنێکی شەفاف و دور لە هەر فشار و سزایەکی سیاسی بێت.
لەم روانگەیەوە هەفتەی داهاتو کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران
17.4.2014
سەرچاوە: سایتی سبەی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 291

**راگەیاندراوێک لە راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارەی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی ناحیەی کۆکس-ەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111221080577933

ئێوارەی ئەمڕۆ 12-11-2014، تیرۆریستانی داعش لەرێگای خۆکوژێکەوە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگریان بە بارەگای هێزەکانی ئاسایش لە ناحیەی کۆکسی سەربە قەزای کفری تەقاندەوە، کە بەهۆیەوە (3) کارمەندی هێزەکانی ئاسایش و هاووڵاتیەک شەهیدو (7) ئاسایش بریندداربوون.
بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەی، پرسەو سەرەخۆشی ئاڕاستەی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدەکان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ برینداراەکان دەخوازین .

ئەم کردەوە تیرۆریستیە ئاماژەیەکی روونە بۆ داڕمانی ورەو هێزی تیرۆریستان، کەلەدوای شکستیان لەبەرەکانی شەڕ بەرامبەر بە پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پەنا بۆ کردەوەی خۆکوژی دەبەن. بەم جۆرە کردەوانە ناتوانن مەرامە پوچەڵەکانیان بەدی بهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ورەو باوەڕی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشی ناوخۆو گەلەکەمان و خەڵکی تێکۆشەری گەرمیان و گەرمەسێرپتەوتر دەکەنو تیرۆریستانیش رۆژ لەدوای رۆژ نزیکتر دەبنەوە لەشکستی یەکجارەکی .

راگەیاندنی
مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
12-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 292

## ڕاگەیاندراوێک لە مەحمود سەنگاویەوە دەربارەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122309115587113

جەماوەری خۆشەویستی کوردستان...
هەموو خەڵکی کوردستان ئە و ڕاستیە ئەزانن کە من پێشمەرگە و تێکۆشەری ئازادی و سەروەری گەلەکەمم و لە و پێناوەشدا قوربانی زۆرم داوە.
بەداخەوە کە شاڵاوێکی ناڕەوا لەسەر من هەیە بۆ شکاندنی خۆم و حزبەکەشم. لە هەواڵەکاندا بیستمان کە لەلایەن دادگاوە بڕیاری دەستگیر کردنم دەرچووە، هەرچەندە هیچ شتێکی ڕەسمی نەگەیشتۆتە دەستم، بەڵام ئەمەوێ بۆ ڕای گشتی ڕوونی بکەمەوە کە من ئازادی گەلەکەم و سەروەری یاسا بە پیرۆزییەوە تەماشا ئەکەم، بۆیە هەرچەندە پێوام وایە ئە و شاڵاوە ناڕەوایە بەرامبەرم، ڕای ئەگەیەنم کە ئەچمە بەردەمی دادگا و پابەندم بە سەروەری یاسا و لەوێ بێتاوانی خۆم ئەسەلمێنم.
بۆ زانیاری زۆرتری ڕای گشتیش ڕوونی ئەکەمەوە کە پێشووتریش لەسەر سکاڵای پەیوەست بە خوالێخۆشبوو کاوە گەرمیانی سێ جار چومەتە بەردەمی دادگا و لەوێ بێتاوانی خۆم سەلماند و کەیسەکە بە قازانجی من کۆتایی هات. لەم کەیس و تۆمەتەی ئێستاش دڵنیام بێتاوانی من بۆ هەموو لایەک ڕوون ئەبێتەوە و ئەسەلمێ و چوونیشم بۆ بەردەم دادگا بەڵگە و نیشانەی بێتاوانیمە لەبەرامبەر ئە و تۆمەت و شاڵاوەی بۆم چنراوە.
مەحمود سەنگاوی
20/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 293

## ڕاگەیاندراوێک لە وتەبێژی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042414560575965

ماوەیەکە هەردوو ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران هەموو سنورەکانیان بەزاندووە لە هێرشکردنە سەر پارتیمان، لە زۆر کەناڵی جیاجیاوە بۆ نیەت پاکیمان ئاگادارمان کردنەوە کە بێدەنگیمان نیشانەی بە خەمەوەبوونی ئارامی و نیگەران نەکردنی خاڵکی کوردستانە و دەبێ سنورێک بۆ ئەم هێرشە ناڕەوا و دوور لە ئیتیک و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەرییە دابندرێ و ریکلام و بانگەشە بۆ هەڵبژاردن لەگەڵ ناوزراندن و چەواشەکاری تێکەڵاو نەکرێ .

کوڕان و کچانی 16ی ئاب لە ڕاگەیاندنی پارتی وەڵام نە دانەوەیان لە پێناو ئارامی و ڕێزگرتنی خەڵکی کوردستانە ئەگینا ئەوەندە بەتوانان و ئەوەندەشیان پێیە کە بتوانن ووشە چرچ هەڵگەڕاوەکانی دەرنەهاتووی گەروتان پێ وشک بکەن، نەک هەر وەڵامی نووسینە بێ سەرویەرەکانتان بدەنەوە بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی ئەوەندە هەستیاری لە گریس دەرنەهاتوو بخەنە بەرچاوی خەڵکی کوردستان کە خۆشتان پێتان سەیربێت، ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی وا

ڕەفتارەکات کە لە چەند ساڵی ڕابردوو بەشێک نەبوبێت لە دەسەڵات، بەڵێێ هەر بەم بەرچاو نا ڕوونیەتان، کە چین و لە کوێن و چیتان دەوێ حزبەکەتان گەیاندە ئەو ڕۆژەی ئێستا کە کەس حەسودی پێنابات .

ئەم ڕاگەیاندنە هەموو وتە وقسە ناشرین و دوور لە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی کە ڕاگەیاندنی گۆران بە هەردوو حزب و دەسەڵاتیان وتووە دووبارە و سێ بارە دەیڵێنەوە کە گوایە گۆران ئاوای بە پارتی وتووە! دەی ڕاگەیاندنکاری زیرەک ئەوە بزانە بەشێکی زۆری بۆ هەردوو حزب بووە، ئەی بیرناکەنەوە زۆر بابەتی هەستیار لە ڕاگەیاندنی گۆران سەبارەت بە حزبەکەتان بڵاوکراوەتەوە؟! لە لایەکی دیکەوە هەڵبژاردنی ڕابردوش حاشاتان لە شەریکبوونی حکومەتکرد.

ئێمە لە ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و کوران و کچانی 16ی ئاب شەربەرزین کە حزبەکەمان ئەوەندەی دەسەڵاتی بەسەرداشکاوە لە کوردستان ئاوەدانی و پێشکەوتنی بەدیهێناوە، کادیرە بەتوانا و لێوەشاوەکانی حزبەکەی 16ی ئاب کوردستانیان خستەسەر نەخشەی وزەی جیهانی، سەرۆکی حزبەکەمان دیواری شەرم و ترسی باسکردنی دەوڵەتی کوردی ڕوخاند، ئەو دەوڵەتەی بە خەون لە قەڵەم دەدرا .

بەڵی مادام ئێوە حزبەکەتان بێ بەش دەکەن لە شەریکی بەڕێوەبردنی وڵات لە چەند ساڵی ڕابردوو، ئەوا ئێمە سەربەرزین کە خزمەتی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان کردووە و هاوکاربوین لە پێشخستنی وڵاتەکەمان و پێشکەشکردنی خزمەتگۆزاری .

لێرەدا هەموو خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوسان بە شاهێد دەگرین تا ئەمڕۆ 2014/4/24 هەموو توانای خۆمان بەکارهێناوە بۆ ڕاگرتنی کادیرە ئازا و دڵسۆزەکانی پارتی و ڕێبازی بارزانی لە ڕاگەیاندن کە دان بەخۆیاندابگرن، تا شەوی ڕابردوو کە ڕادیۆیەکی دەنگ ناخۆش و درۆزن وشەی (سەرسەری) بەکارهێنا، دڵنیابن ئەگەر بەردەوامبن لەسەر ئەم ڕەفتارەیان (سەرسەریەکان) بەخەڵکی کوردستان دەناسێنین .

هەر لێرەوە ڕووی قسەمان لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و تەواوی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و خەمخۆرانی ئەم گەلەیە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو لایەکتان و جەماوەری کوردستان و بۆ بەخەمەوەبوونی هەبوونی کەشوهەوایەکی ئارام، بەم ڕاگەیاندنانە بڵێن بگەڕێنەوە بۆ ئیتیک و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری، چونکە ئێمە لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتی حزبەکەمان و خەبات و مێژووی پارتەکەمان و پێگە و کەسایەتی سەرۆکی حزبەکەمان) سەرۆک مەسعود بارزانی) لە ئاستی کوردستان و ناوچەکە و جیهان دا ئەم بێدەنگیەمان هەڵبژاردووە نەک شتێکیتر.

وتەبێژی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
24/4/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 294

## ڕاگەیاندراوێک لە وەزارەتی تەندروستی - تاتۆکردن تەنها بەمەرج و ڕێنمای تەندروستی توند مۆڵەتی پێدەدرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150409164142691593
بەمەبەستی ڕێکخستنی تاتۆکردن لەسەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان و چاودێریکردن بە گوێرەی ڕێنمایی و مەرجی تەندروست لەپێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان، مۆڵەتی تاتۆکردن تەنها دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە دەدرێت بەسەنتەرەکانی جوانکاریی، کە تیایدا هاتووە پێویستە زانیاری پێشوەخت دەربارەی تاتۆو زیانەکانی بدرێت بەوکەسەی داوای تاتۆکردن دەکات و واژوبکات لەسەر فۆرمی تایبەت بەتاتوکردن وە تەمەنی لەسەروی 18 ساڵیەوە بێت هەروەها پێویستە شوێنی تاتۆکردن سەرجەم مەرجەکانی پاکوخاوینی و تەندروستی تێدابێت و ئەو کەسەی کاری تاتۆ دەکات پێویستە خولی هۆشیاری تەندروستی و فریاگوزاری سەرەتایی تەندروستی ببینێت و خاوەنی پروانامەی کاری تاتۆکردن بێت.
ئەمەی خوارەوەش ڕێنمایی تایبەت بە تاتۆکردنە:
ڕێنمایەکانی تاتۆکردن:
-1نابێت تاتۆ بۆ خوار تەمەنی 18 ساڵی بکرێت.
-2تاتۆکردن پێویستە تەنها لە سەنتەرەکانی جوانکاری ئەنجام بدرێت.
-3پێویستە شوێنی تاتۆکردن مەرجەکانی پاکوخاوێنی و بوونی دەستشۆرو ئاوەڕۆی گونجاو وە ڕووناکی پێویستی تێدابێت وە هەواگۆڕکەری گونجاوی تێدابێت.
دەبێت ژوورەکە کرداری هەواگۆڕکەی کارکەری هەبێت وە دەبێت هەوایەکی سروشتی باشی ببێت.
رووی زەوی و دیواری ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکرێت پێویستە کاشی، مەڕمەڕ، سیرامیک بێت تا ئاسان بێت بۆ پاکردنەوە.
دەبێت بەرزی سەقفی خانوەکە کەمتر نەبێت لە 2،5 مەترو دەبێت ڕووبەری شوێنی کارکردن بە لایەنی کەم 12 مەتر دووجابێت بۆ یەک کورسی.
دەبێت پلەی گەرمی ژوورەکە (c 20-24)بێت.
دەبێت دەستشۆرگە ئاوی گەرم و ساردی هەبێت، دەبێت سابوونی شلی پێ شۆردن و خاولی سەفەری لە ژووری چارەسەرکردن هەبێت.
دەبێت ژمارەیەکی گونجاو تەوالێت هەبێت و دەبێت دەستشۆر و سابوونی شلی پێ شۆردن و خاولی سەفەری تێدا ئامادەکراو بێت.
ئەگەر سەنتەر زیاتر لە چوار جێگای چارەسەرکردنی هەبوو دەبێت توالێت کارماندەکانیان جیابکرێتەوە لە توالێتی ئەو کەسانەی بۆ تاتۆکردن سەردانی دەکەن.
دەبێت دۆڵابکی باشی هەبێت بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان، ئامێرەکان، جل شۆرگە پیسی هاوشێوەی، خاوێنکەر کە بەرهەمەکان خاوێن دەکات دەبێت هەڵبگیرێت لە شوێنێکی وشک بێت وە تەپوتۆزاوی نەبێت.
دەبێت کۆگایەکی باش دابین بکرێت بۆ جلوبەرگی کارکردن و جلوبەرگی تایبەتی.
دەبێت ڕووبەرێکی پاککردنەوە هەبێت کە گەرماو تێدا بێت بەبوونی ئاوی سارد و گەرم بۆ هەر حالەتێکی نەخوازراوی بەپەلە.
پێویست دەکات ژوورێکی جیاکراوە هەبێت لە سەنتەرەکە بۆ پاککردنەوەی ئامێرەکان وە توالیت جیاکراوە بۆ بەکارهێنانی.
شوێنی پێشوازیکردنی ئەو کەسانە بۆ تاتۆکردن سەردانی ئەم شوێنە دەکەین جیاکرابێتەوە لەو شوێنەی کارەکەی تێدا ئەنجامەدرێت واتە (شوێنی چارەسەرکردنیان) بە هەرجۆرێک بێت.
-4خاوەن و ئەو کارمەندانەی کە لە شوێنەکە کار دەکەن پێویستە پروانامەی تەندروستیان هەبێت کە دەیسەلمێنێت هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەیان نییە بە تایبەتی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆرىC، B،ئایدز، هەروەها پێویستە کوتانی پێویستی ئەنجام دابێت.
-5پێویستە ئەو کەسەی کە کرداری تاتۆ ئەنجام دەدات پرونامەی پسپۆری و شارەزابوونی هەبێت لە سەنتەرێکی باوڕپێکراوی جیهانی وە پروانامەکەی لە وەزارەتی تەندروستی پشتراست کرابێتەوە.
-6تاتۆکردن پێویستە تەنها بە ڕێگەی ئامێری تایبەت ئەنجام بدرێت وە ئەو دەرزی و کەرەستانەی کە بەکاردەهێنرێت پێویستە بۆ یەک جار بێت (Disposable)بێت.
-7پێویستە ئامێری پاکژکەرەوە Autoclave لەگەڵ جۆرەکانی تری پاکژکەرەوەی هەبێت بۆ پاکژکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی کە Disposable نین.
-8پێویستە ئەو کەسەی کرداری تاتۆکردن ئەنجام دەدات پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە.:

•دەستی بە ئاو و سابون بشوات.
•دەستکێشی تازەو بەروانکە بەکاربهێنێت.
•بۆ هەر کردارێک دەست کێشی تازە بەکار بهێنێت.
-9پێویستە کەسەکە پروانامەی بەشداربوونی هەبێت لە خولی فریاکەوتنی خێرا و هۆشیاری دەربارەی نەخۆشە گوزراوەکان لە رێگای خوێنەوە.
-10ئەو رەنگانەی کە بۆ تاتۆکردن بەکاری دەهێنرێن پێویستە لەو جۆرانەبن کە رێگە پێدراون و پروانامەی کوالیتی کۆنترۆڵیان هەبێت.
-11پێویستە لە دوای هەر کردارێکی تاتۆکردن ئەو کەلوپەلانەی کە (Disposable) نین پێویستە بە ئۆتۆکلەیڤ پاکژبکرێنەوە پێش ئەوەی بۆ کەسی دووەم تاتۆکردن ئەنجام بدرێت.
-12پێویستە رێنمایی تایبەت بە شێوەی نوسراو پێش ئەنجامدانی تاتۆکە بدرێت بەو کەسەی تاتۆی بۆ ئەنجام دەدرێت ئەمەش لە هاوپێچدا ئاماژەمان پێ کردوە.
-13پێویستە فۆرمی تایبەت بە ویستی ئەنجامدەرانی تاتۆ لە لایەن داواکار پربکرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 295

## راگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 13-05-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051314201485287

راگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان راگەیێندراوی کۆبوونەوەکەی بڵاوکردەوەو چەند خاڵێکی خستووەتەروو کە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کۆک بوون لەسەری، کە ئەمانەن:
-1لەگەڵ پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی بڕی پێویستی نەوت بەگوێرەی رێککەوتننامەکە و یاسای بودجەی ساڵی 2015، بە داخەوە لەبەرامبەردا حکومەتی فیدراڵ پابەند نەبووە بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش لە کاتێکدا کە بارقورسییەکی زۆر کەوتووەتە ئەستۆی دارایی هەرێمی کوردستان بە هۆی پڕینی بەشە بودجەی ساڵی 2014 و شەڕی دژی تیرۆر و بوونی زیاتر لە ملیۆنێک و پێنجسەد هەزار ئاوارە و پەنابەر و دەرهاویشتەکانی کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە، بەهەند وەرنەگیراوە.
-2کۆبوونەوە جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشە و پرسەکان لەڕێگەی گفتوگۆکردن و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.
-3حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتنەکە و بە یاسای بودجەی ساڵی 2015ی عێراقی فیدراڵەوە پابەند دەبێت، بەڵام ئەگەر دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ نەگەیشتە ئەنجام و حکومەتی فیدراڵ هەر سوور بوو لەسەر پێشێلکردنی یاسای بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی نەنارد، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتبەست بە بڕگەی 3 لە ماددەی 11ی یاسای بودجەی ساڵی 2015 و بەپێی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2013ی پەرلەمانی کوردستان، ڕێگەچارەی دیکە دەگرێتە بەر بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ هەرێمی کوردستان.
-4کۆبوونەوە داوا لە حکومەتی فیدراڵی دەکات کە بەپێی بەرنامە سیاسییەکەی، چارەسەری گرفت و کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم بکات و پابەند بێت بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانەوە.
13-05-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 296

## راگەیاندنی پێنجەمین کۆنفرانسی پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121412584187248



14ی ئەیلولی 1998

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 297

## راگەیاندنی دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101120240077747



لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تەواوی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لەناو گێژاوێکی قووڵ و قەیرانی هەمەلایەنو مەترسیداردا دەژین. هۆکاری بنچینەیی ئەو دۆخەش خودی سیستەمی هەژموونگەرایی جیهانە کە نەک تەنیا توانستی چارەسەرکردنی قەیرانو گرفتەکانی خۆیو کۆمەڵگای نەماوەو لە هەموو رووێکەوە بە بنبەستبوون گەیشتووە، بەڵکو خۆی بووە بە سیستەمی گێژاوو قەیرانەکان. لە پێناو لەسەرپێ مانەوەی خۆشیدا وەک سروشتو کارەکتەری سەرەکی خۆی پەنای بردۆتە بەر توندوتیژیو شەڕو پێکدادانەکانەوە. لە دەرەنجامدا ئەوەش قەڵاچۆکردنو کۆمەڵکوژی، کۆچبەری، وێرانکاری سروشت، هەژاریو بێکاری، نادادی کۆمەڵایەتیو ناسۆری دیکەی لێکەوتۆتەوە. ئەوەش دۆخێکی دروست کردووە کە ئیتر بەرگەگرتنی ئەستەمە. بۆیە ئێستا مرۆڤایەتی ئازادیخواز لەناو تێکۆشانو لێگەڕین دایە بۆ رزگاربوون لەو گێژاوو قەیرانانەی لە ئارادان.
ئەو دۆخەی کە خۆرهەڵاتی ناوینیش تێیدایە دەرەنجامو رەنگدانەوەیەکی روونی ئەو گێژاوەیە کە سیستەمی باڵادەستی جیهانی تێی کەوتووە و هەوڵدەدات بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا بیسەپێنێت. چونکە سیستەمە تیۆکراتی، ئۆتۆکراتیو ئۆلیگارشییە ستاتۆپارێزەکانی ناوچەکە بەرهەمو پارچەیەکی دانەپراو و ئۆرگانی سیستەمی هەژموونگەرایی جیهانین کە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا سەپێنراون.
بەهۆی راستینە مێژوویی کلتوویەکەی، هەروەها پێگە ژیۆپۆلیتیکو ژیۆستراتیژیەکەیو دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتیەکانی وزەوە خۆرهەڵاتی ناوین بۆتە مەیدانی سەرەکی ناکۆکی، ململانێ و شەڕو پێکدادانەکانی جیهان. بۆیە رێکەوت نییە کە لە رۆژی ئەمڕۆماندا زۆرترین ئاڵوگۆڕو سەراوبن بوون بەخۆیەوە دەبینێت. لە راستینەی رەوشی

ئێستای ناوچەکەدا سیستەمی باڵادەستی جیهانی رووبەڕووی هەڵوەشانەوە دەبێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا ئەمڕۆ ناکۆکی، ململانێو شەڕو پێکدادانەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهان، رژێمو هێزە ستاتۆگەراکانو تەڤگەرە ئازادیخوازەکانی ناوچەکە بە بەرزترین ئاستی خۆی گەیشتووە. سەرجەم گەلان، باوەڕی، ئایینو مەزهەبەکان لەسەر بنەمای سیاسەتی پەرتکە زاڵبە بەگژ یەکترەوە نراونو بە دەستی یەکتر لەناو دەبرێن. بەرادەیەک دەمارگیریو شۆڤێنیزمی میللیگەرایی ئایینگەرایی هاوشێوەی داعش فووی تێکراوە، راستینەی بەیەکەوە ژیانی هەزاران ساڵەی نێوانیان کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە و چەندین کلتوور رووبەرووی لەناوچوون بوونەتەوە. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە گوزارشت لە قووڵاییو کوشندەیی ئەو گێژاوو قەیرانانە دەکات کە لەپێناو نەهێشتنیو رزگاربوون لێی، تێکۆشان ئەرکێکی ژیانیو دەست لێبەرنەدراوە.
عێراقو باشوری کوردستان بەهەمان شێوەی خۆرهەڵاتی ناوین لەناو ئاڵوگۆڕێکی ریشەییدایە. لە پێناو مانەوەو خۆسەپاندنو قۆرخکردندا هێزو رژێمە ستاتۆ پارێزەکان و زلهێزە پاوانخوازەکان عێراقو باشوری کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕو پێکدادانی خوێناویو تاقیگەی پرۆژە ستراتیژیەکانیان. لەم پێناوەدا بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی سەرکوتکردنو تێکشکاندنی ئیرادەی ئازادی گەلان دان.
کوردستانیش بەهۆی پاشخانە مێژووییەکەی، پێگە جیۆستراتیژیەکەیو دەوڵەمەندی کلتورە مەعنەویەکەی و سەرچاوە سروشتیەکانیەوە ئەمڕۆ بۆتە چەقی ئەو ململانێیانەو چارەنووسی سیستەمی دەسەڵاتگەراییو ئایندەی گەلان لەسەر ئەم خاکە یەکلایی دەبێتەوە. لەم سۆنگەوە رێکەوت نییە کە بە ناوی تەواوی مرۆڤایەتییەوە، ئەمڕۆ کوردانو کوردستان لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی کۆنەپەرستیو فاشیزمی میللیگەرایی ئاینگەرایی داعش ی ئامرازی دەستی داگیرکەران لە سەنگەری هەرە پێشەوەدایەو بەرگری لە کەرامەتی تەواوی مرۆڤایەتی دەکات.
هەڵبەتە ئەم دۆخەش لە کاتێکدایە کە ئێراقو باشوری کوردستان بە دەست گێژاوێکی قووڵو قەیرانی هەمەلایەنەوە دەناڵێنێت.
دەستوەردانێکی هەمەچەشنەی هێزە جیهانییو هەرێمیەکان لە ئارادایە. ئەمەش لەپاڵ خۆرهەڵاتی ناوین ئێراقیشی بۆ دوو بەرەی شیعەو سوننە دابەشکردووە. رژێمی ناوەندی مەزهەبگەرایی بەغدادیش دۆخەکەی قووڵترو ئاڵۆزتر کردووە. بۆیە شانبەشانی کێشەی دەستوری یاسایی، ئەمڕۆ ئێراق تووشی قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوریو ئەخلاقی قووڵ بۆتەوە. سەرەکیترینی ئەو قەیرانو کێشانەش لەگەڵ هەرێمی باشوری کوردستان لە ئارادایە کە ئەوانیش کێشەکانی دەستوور، خاک (مادەی 140)، نەوت، بودجەو پێشمەرگەن.
لە باشوری کوردستانیش سەرباری ئەوەی 22 ساڵ زیاترە پەرلەمانو حکومەتی هەرێم لەسەر کارن، بەڵام تا ئێستا دۆخی بێ سیستەمی زاڵە. هەرێم بێ دەستوورە و تا ئێستا زۆربەی یاساکانی سەردەمی رژێمی بەعس کاریان پێدەکرێت. کە بێگومان زۆربەیان لە خزمەتی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراودانو لەگەڵ دیموکراسیو ئازادیەکاندا ناکۆکنو سەرچاوەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتین.
بە درێژایی ئەو 22 ساڵەی حوکمڕانی سیستەمێکی سیاسی ئاوانەکراوە لە خزمەتی کۆمەڵگای باشوری کوردستاندا بێت. بەهۆی زاڵبوونی ئەقڵیەتی تەسکی حزبایەتی پەرلەمان بێ رۆڵو ئیفلیجکراوەو ئەسیری ئەجنداو سیاسەتی حزبایەتییەو نەبووە بە مەرجەعو ئۆرگانی یاسادانانو چاودێری، دەسەڵاتی دادوەریش لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتەوە قۆرخکراونو زیاتر لەبەرژەوەندی دەوروبەرێکی دیاریکراودا کار دەکەن. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانیش لە جیاتی پێشخستنی

سیاسەتو بەرنامەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی و دامەزراوەیی، ئەقڵیەتو بەرژەوەندیو ئەجندای حزبایەتی تەسکیان بە بنەما گرتووە.
لەم چوارچێوەیەشدا سیستەمی پەروەردەو فێرکردن خاوەن بەرنامەیەکی ستراتیژی درێژخایەنو بە گوێرەی واقیعی کۆمەڵگا نییە. بۆیە ناتوانێ رۆڵ لە دروستکردنی تاکو کۆمەڵگایەکی هۆشیار، ئازادو خاوەن ئیرادەدا ببینێ. سیستەمی تەندروستیش بە هەمان شێوە لەجیاتی بینینی رۆڵی بنەڕەتی خۆی، زیاتر وەک کەرتێکی بازرگانیو بەدەستهێنانی قازانج مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر دۆخی تەندرستی تاکو کۆمەڵگا هەبووە. لەژێر ناوی گەیشتن بە ئابووری سەربەخۆ پرۆسەیەکی ناشەفافی دۆزینەوە، دەرهێنان، پاڵاوتنو فرۆشتنی نەوت بەڕێوە دەچێت کە زیاتر لە چوارچێوەی تاڵانکردنی سەرچاوەو سامانی گەلو نیشتمان دەخوڵێتەوە، قازانجو خێرەکەی بۆ دەوڵەتو کۆمپانیا دەرەکیەکانو ناوەندێکی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتوی باشوری کوردستانەو زیانو بەڵاکەشی بۆ گەلە کە لە ناهەموارترین دۆخی ئابوریدا دەژیت. لەژێر ناوی ئابووریو بازاڕی ئازادەوە سیستەمێکی تاڵانو سەرمایەی قۆرخکاری لە بەرژەوەندی چەند بنەماڵەو دەورو بەرێکی بەرتەسک زاڵکراوە. شانبەشانی گەورەکردنی سوپای بێکاران کۆمەڵگاو تاکی کوردستان لە خاکو رەنج داپڕێنراوە، هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەرخۆرو مشەخۆر دراوە، لەمیانی بچووککردنەوەو چۆڵکردنی لادێو گوندەکان ئابوری راستەقینە (کشتوکاڵو ئاژەڵداری) لەناوبراوە، وابەستەکی ئابوری کراوە بە واقیعێکی سەپێنراو. بەمجۆرە نامۆبوونی مرۆڤ بەرامبەر ناوەرۆکی خۆیو بەکۆمەڵگابوون بە بەرنامە کاری لەسەر کراوە. لەمیانی پەیڕەوکردنو دەرخستنی یاسای زیاتری پیاوسالاری سیستەمی رەگەزپەرستی کۆمەڵگا قووڵتر کراوەتەوە، ئەوەش کێشەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی زیاترو لێک هەڵوەشانەوەی خێزانو زیادبوونی رێژەی تەڵاقو کۆمەڵکوژیەکی بێدەنگو شاراوەی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.
باشوری کوردستان چ وەک کۆمەڵگا چ وەک دەسەڵات لە دۆخی ئێستایدا لەناو گێژاوێکی گشتگیری زهنی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتیو کولتوری دایە. رووداوەکانی شەنگالو دواتریش لە لوتکەدا مایەپوچبوونی دۆخی سیاسی، سەربازی، دبلۆماسی، ئابوریو ئەمنی دەسەڵاتو سیستەمی دەسەڵاتگەرێتی ئاشکرا کرد.
لە ئاکامی ئەو مایەپوچبوونە و بەردەوامی گەندەڵی و تاڵانکاریەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ناڕەزاییەکانی گەل لەجاران زیاتر بووە، هەروەها بەهۆی جێگرتنی هێزەکانی پێشووتری ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا ئەمڕۆ پێویستی بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی چالاک و پۆزەتیف هەیە.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەو پێویستیەکانی ئەو قۆناخە نوێیەی تێیدا دەژین سەرلەنوێ پێویستی بە پێداچوونەوەی سەرجەم بوارە زهنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دبلۆماسی، پەروەردەیی، تەندروستیو کلتوریەکانی باشوری کوردستانو دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی خەباتو تێکۆشان هەیە تا سیستەم، چەمک، ئەقلیەتو شێوازی نوێ بە بنەما بگرێت. لەو چوارچێوەیەدا ئێمە وەک کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، چالاکوانی خەباتی رێکخراوەییو مەدەنیو ژنان لەمیانی پێشخستنی دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی، تێکۆشانی ئازادیو دیموکراتیخوازانەی خۆمان برەو پێدەدەین.
دەسپێشخەریەکەمان وەک تەڤگەرێکی نوێ کە هەڵقوڵاوی پێویستیەکانی دۆخی بابەتیو خۆیی خودی باشوری کوردستانو ئەو رەوشە چارەنووسسازەیە کە تێیدا گوزەر دەکات، خاوەن جیهانبینیو رێبازی تایبەتی خۆیەتی، کە ئەویش بەرهەمی لێگەڕینە زهنیو

کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی خودی کۆمەڵگای کوردستانە. خۆی لە بۆتەی مۆدێلێکی نوێی رێکخستنی تەیار دەکاتو بە پێشەنگایەتی ژنانو گەنجانی ئازادیخوازو بەشداری چالاکانەی سەرجەم چینو توێژەکانی دیکە تێدەکۆشێت. بە تێروانینی ئێمە دەسەڵاتەکان کاتینو دەگوزەرێن، بەڵام کۆمەڵگا هەمیشەییو جێگیرە، بۆیە چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەو قەیرانەکان لە بنیادنانی سیستەمی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیموکراتدا دەبینین کە بە توانستو وزە شاراوەکانی خودی کۆمەڵگا بە دیدێت نەک تەوەرەی دەسەڵاتو دەسەڵاتگەری.

لەو پروایەداین هەنگاوی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی باشوری کوردستان بە جێگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراسی گەلدا تێپەڕ دەبێت، دەستورێکی دیموکراتیش دەتوانێ بناخەی ئەو سیستەمە جێگیر بکات، دەستورێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگاو بەرفراونکردنی ئازادیەکان بێت ناوەرۆکی پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆوە دەگرێت، بۆیە پێش هەر شتێک پێویستە گۆرانکاریەکی ریشەیی لەخۆوە بگرێت، پەرلەمان بکات بە مەرجەعو دەسەڵاتی یاسادانان، پریاردانو چاودێریکردن، لەوچوارچێوەیەشدا دەسەڵاتەکانی دادوەرییو جێبەجێکردن بە ناوەرۆکو رۆڵی راستەقینەی خۆیان بگەیەنێت.

لەو چوارچێوەیەشدا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن بەرنامەیەکی سیاسی نیشتمانی نەتەوەیی، کۆتایی بە دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ بهێنێت، لەجیاتی پەیوەندییەکی وابەستەیی پاشکۆیی، پەیوەندی دراوسێیی لەسەر بنەمای هاوسەنگیو بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولایەن بێتو دژی بەشەکانی دیکەی کوردستانو هێزە سیاسیەکانی نەبێت. هەر لەم چوارچێوەیەشدا هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی پرۆفشناڵی بەرگری نیشتمانی پۆشتەو پەرداخ رێکبخرێت.

ئێمە لەو پروایەداین کە ئابوری راستەقینەو خودبژێوی پەیوەستی بوژانەوەی لادێکانو پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە، بۆیە هەڵمەتێکی گەڕانەوە بۆ خاکو لادێ پێویستییەکی ژیانیو دەست لێبەرنەدراوە. بێگومان کەرتی وەبەرهێنانو سامانی وزە (نەوتو غاز) فاکتەرێکی سەرەکی بوژانەوەی ئابورین، بەڵام بە مەرجێک لە قۆرخکاریو پاوانخوازی دووربن، پرۆسەکەیان بۆ رای گشتیو لایەنە پەیوەندیدارەکان، شەفافو کراوەبێت، رەنگدانەوەی راستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر بوژانەوەی ئاستی گوزەرانو رەخساندنی هەلی کاری یەکسان بۆ سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا هەبێت. شانبەشانی ئەمانەش پێشخستنی سیستەمێکی پیشەسازی گرنگە کە بەرهەمهێنانی کاڵای بەکارهێنان و پاراستنی ژینگە بەبنەما بگرێت .

لەهەمان چوارچێوەدا سیستەمێکی نەخشە بۆ کێشراو و ستراتیژی بواری پەروەردەو فێرکردن لە خزمەت پێگەیاندنی کۆمەڵگاو تاکێکی هۆشیار، ئازادو خاوەن ئیرادە پێشبخرێت. کەرتی تەندروستی لە کەرتێکی بازرگانیو بەدەستهێنانی قازانجەوە بکرێت بە بوارێکی خزمەتکردن بە تەواوی چینو توێژەکان بەبێ جیاوازی .

ئێمە لەو پروایەداین کە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداد لە رێی دیالۆگو دانوستانەوە چارەسەر دەبێت، بەمەرجێک جێگیرکردنی پایەکانی سیستەمی فیدڕالیو جێبەجێکردنی دەستور لە خۆوە بگرێتو بەبێ هیچ سازشکارییەک کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان بە گوێرەی راستینەی مێژوویيو دیمۆگرافیی چارەسەر بکرێت. کێشەی نەوتو بودجەو پێشمەرگەش هەمان چوارچێوە لەخۆوە بگرێت .

بەکورتی سەبارەت بە سەرجەم ئەو کێشەو قەیرانانەی لە باشوری کوردستان لە ئاراداان پرۆژەی تایبەتو دیاریکراومان هەیەو لە کاتو شوێنی خۆیدا رایدەگەیەنین.

دەستپێشخەریەکەمان خۆی بە جێگرەوەو ئەلتەرناتیفی هیچ هێزێکی دیکە دانانێت، بەڵکو وەک تەڤگەرێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکان کراوەین تا بەیەکەوە بتوانین کێشە نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیەکانو مەسەلەکانی ئازادیو دیموکراسی چارەسەر بکەین.
ئێمە وەک دەستپێشخەری ئەمڕۆ لە حزووری ئێوەی بەڕێزدا دەستپێکردنی کارو خەباتی خۆمان رادەگەیەنینو لەماوەیەکی کورتیشدا کۆنگرەی دامەزراندنی تەڤگەرەکەمان دەبەستین. لێرەدا رووی بانگەوازیمان ئاراستەی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامو دەزگاکانی راگەیاندنو تەواوی گەلەکەمان دەکەین کە هەمووومان بەیەکەوە دەتوانین گەلەکەمان لەو دۆخە ئاڵۆزەی ئێستا رزگار بکەینو بەو دۆخ و ئاستەی بگەیەنین کە شایستەیەتی.
لە کۆتاییدا سڵاو لە تەواوی گەلی کوردستانو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، سڵاو لەو پێشمەرگەو شەڕڤانو گەریلایانە دەکەین کە لە جەلەولاوە تا کەرکوک، لە مەخمورەوە تا شەنگال، لە رەبیعەوە تا سەرێکانیو کوبانێ لە سەنگەرەکانی رووبەڕووبوونەوە بەرگری لە گەلو نیشتمانو کەرامەتی نەتەوایەتیمان دەکەن.
11 10 2014
دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 298

## راگەیاندنی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵە بەهۆنەی خۆپیشاندانی جەماوەریی رۆژی 17ی گوڵانی شاری خەباتکاری مەهاباد

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052615224985394

رۆژی دووشەممە 14ی گوڵان مامورێکی ئیتلاعات لە هوتێل تارای شاری مەهاباد پلان بۆ کچە کارمەندێکی ئەو هۆتێلە بەناوی فەریناز خوسرەوانی دادەرێژێت تا دەستدرێژی بکاتەسەر، بۆ ئەم مەبەستە لە یەکێک لەژوورەکانی هۆتێلەکەدا دەرگای لەسەر دادەخات، بەڵام لەگەڵ ناڕەزاییو بەرگریی فەریناز بەرەوروو دەبێتەوەو لەئەنجامدا فەریناز ناچار دەبێت لە نهۆمی چواری هۆتێلەکەوە خۆی بخاتەخوارەوە کە بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.
بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە وەک بروسەکەیەک جارێکی دیکە خەڵکی کوردستانی خرۆشاند. خەباتکارانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی، نەک تەنیا لە مەهابادو باقی شارەکان، بەڵکو لە ئاستێکی بەرینی جیهانیی تۆرێکی یەکگرتوویان بۆ دەربڕینی ناڕەزاییو راپەڕین دژی ئەم تاوانەو، دژی دەسەڵاتی ستەمکارانەی کۆماری ئیسلامی پێکهێنا. بەدوای ئەوە پێنجشەممە وەک رۆژی خۆپیشاندانو ناڕەزایی دیاریکراو هەموو چالاکوانان، رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان کەوتنە ئامادەکاری سازادنی خۆپیشاندان لەو رۆژەدا.
رۆژی 17ی گوڵان شاری خەباتکاری مەهاباد هاتنەسەر شەقام. لەکاتێکدا شار بەتەواویی میلیتاریزە کرابوو، لەکاتێکدا هێزەکانی رژیم لەحاڵی ئامادەباشیدا بوون، لەکاتێکدا لەماوەی ئەو چەند رۆژەدا بنەماڵەی فەریناز خوسرەوانی هەڕەشەیان لێکرابوو، خەڵکی خەباتکاری مەهابادو لەپێشیانەوە ژنانو لاوان لە کاتژمێر 5ی پاشنیوەڕۆ بەکۆبوونەوە لەبەردەم هۆتێل تارا دەنگی

ناڕەزاییان بەرزکردەوە تا دژی ئەو تاوانە دەنگی خۆیان بە گوێ هەمووان بگەیەنن.
وەک هەمیشەش بە دەستێوەردانو هێرشی هێزەکانی رژیم بۆ سەر خۆپیشاندەران، خەڵکی خەباتکاری شاری مەهاباد کاردانەوەیان نیشاندا. سەرەتا هۆتێل تارا، ئەو شوێنەی فەریناز خوسرەوانی تێیدا بوو بەقوربانی، ئاگریان تێبەرداو پاشان بە هەڵدانی دروشمو بەخۆپیشاندان لە مەیدانە سەرەکییەکانی شار بەرەورووی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە. سەرکوتگەرانی رژیم کە بە سەدان کەسیان لە شارەکانی دەوروبەر بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران هێنابوو، تەقەیان لەخەڵک کرد کە بەپێی ئامارەکان تا ئێستا 18 کەس برینداربوونو دەنگۆی گیانبەختکردنی دوو کەس لە بریندارەکان هەیە.
خرۆشانو ناڕەزایی خەڵکی مەهاباد تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو. ئەم خۆپیشاندانو ئاخێزەی خەڵکی مەهاباد بەشێوەیەکی بەربڵاو دەنگی دایەوەو سۆزو پشتیوانی بەرینی هەموو شارەکانو خەباتکارانی کوردستانو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ لای خۆی راکێشا.
خەڵکی خەباتکاری کوردستان
ئەوەی لە مەهاباد روویدا، هەم تاوانی بێ شەرمانەی مەرگی فەریناز خوسرەوانیو هەم بەرگریی خەباتکارانەی خەڵکی مەهاباد، لە 36 ساڵی رابردوو نە تازەیەو نە کەموێنە. دەیان ساڵەو، لە یەکەم رۆژی دانانی بەردی بناغەی رژیمی ئیسلامی، کوردستان گەمارۆ دراوەو یاساکانی وڵاتانی داگیرکراو تێیدا پەیڕەو دەکرێت.
کۆمەڵە رێز لە کاردانەوەی بەرپرسیارانە، ئازایانەو خەباتکارانەی خەڵکی مەهابادو هەموو خەباتکارانی کوردستان بۆ مەرگی فەریناز خوسرەوانی دەگرێتو هەموو کەسیش چاوەڕوانی ئەوەی لە خەڵکی کوردستانو بزوتنەوە زیندوو و چالاکەکەی دەکرد. ناوی فەریناز، چووە ریزی ناوی هەموو خەباتکارانی کوردستانو جارێکی دیکە مەهاباد وەک پێشڕەو ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازیی نەتەوەیی خۆی نیشانداو، پێگەی شیاوو لەمێژینەی خۆی پاراست.
کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی فەریناز خوسرەوانی دەکاتو دڵنیایان دەکاتەوە ناوی رۆڵەکەیان ون نابێتو بەزیندوویی دەمێنێتەوە. هەروەها هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئاخێزەکەی 17ی گوڵانی مەهاباد دەخوازین.
کۆمەڵە وەک ساڵانی رابردوو جەخت لەسەر سیاسەتو هەڵوێستەکانی خۆی دەکاتەوە کە لەم قۆناغە لە خەباتی سیاسی لە بزوتنەوەی کوردستان، یەکگرتوویی، هاوپشتیو گرتنەبەری هەڵوێستی هاوبەش دەتوانێت خێراییو هیواو دڵگەرمی زیاتر بە خەباتی ئێستامان بدات.
بژی خەڵکی خەباتکاری شاری مەهاباد
سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان
دەستەی کارگێریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
18ی گوڵانی 1394 – 8ی مەی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
جۆری دۆکومێنت: •زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 299

## راگەیاندنی رۆژنامەوانی کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090216574388983

لەسەر بانگەوازی بەڕێز مەسعوود بارزانی،سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە رۆژی 8-8-2013 بە پەیامێکی رەسمی داوای لە کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرد،شاندێک

ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان بکرێت، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ڕۆژئاوا و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە .
شاندی ناوبراو لە (7) ئەندام لێژنە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ئامادەکار، و (2) کەس بۆ هاوکاری لە رووی لۆجستیەوە هاوکار و ڕێنیشاندەری شاندەکە بوون، ڕۆژی 19-8-2013 لە هەولێر بەڕێککەوتن و دوای پێنج ڕۆژ لە بەدواداچوون و سەردانیکردنی شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژی 23-8-2013 گەیشتنەوە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەشی سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرد.
سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکار، ڕاپۆرتی شاندەکەی خستە بەر باس و گفتوگۆی ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکار لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 29-8-2013، کۆمیتەی ئامادەکار ڕاپۆرتەکەی بەباشی هەڵسەنگاند و پەسەندی کرد. سوپاسی خۆی ئاراستەی شاندی نێردراو و لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرد لە پاراستن و ئاسانکاری لۆجستی و حەوانەوە و ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی ئارام، بۆ شاندەکە تا گەڕانەوەیان.
لە کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەی ئامادەکار پشتیوانی خۆی لەسەر گشت داخوازییەکانی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوا و پێشنیارەکانی شاندەکە نیشاندا.داواش لە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان دەکات هاوکار و پشتیوان بن، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت.
هەروەها وێنەیەکیش لە ڕاپۆرتی شاندی کۆمیتەی ئامادەکار بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەوانە کرا.
داخوازی و پێشنیاری هاوڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان:
-1هەموو کەس و پارت و لایەنەکان جەختیان لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر و چالاککردنی دەستەی باڵای کوردی و لێژنەکانی دەستەی باڵای کوردی بەتایبەتی لێژنەی (تخصصی) دەکرد.
-2داوا دەکرێت بەپەلە کار بکرێت بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەناوچەی کوردییەکان، چونکە شەڕ لە بەرژەوەندی کورددا نییە و دەبێتە هۆی زیادبوونی دوژمنی کورد. هەروەها داوایان کرد کە دەبێت هەموو لایەنەکان بەشدار بن لە بڕیاری شەڕ و ئاشتی و تەنها لایەنێک ئەو بڕیارەی لە دەست نەبێت.
-3داوا دەکرێت هێزێکی سەربازی هاوبەش و یەکگرتوو لە نێوان هەموو لایەن و پێکهاتەکان پێکبهێنرێت.
-4داوا دەکرێت بەپەلە داو و دەرمان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دابین بکرێت.
-5کردنەوەی دەروازەی (سێمالکا) لە نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ کاروباری بازرگانی گشتی، بەڵام بە ئالیەتێکی ڕێکوپێک و کۆنکرێتی و بەشداری فعلی هەموو لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نەک یەک لایەن سەرپەرشتی بکات.
-6کار بکرێت بۆ ڕاگرتنی کۆچبەربوونی کوردی ڕۆژئاوا بۆ هەرێمی کوردستان و تورکیا و تەنها ڕێگا بە خەڵکە بدرێت، کە بۆ حاڵەتی مرۆیی دەربازی هەرێمی کوردستان دەبن و دەربازبوونیان بەڕێکوپێکی و بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت.
-7داوا دەکرێت ناوەندی سەرکردایەتی پارتەکان بگەڕێنەوە ڕۆژئاوای کوردستان.
-8ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان لایەنەکانی کوردی دژ بەیەکتر.
-9کاربکرێت بۆ ئامادەکردنی کامپێک لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەگەر خەڵک لەبەر هەر هۆیەک ناچار بێت ناوچەی خۆی جێبێڵێت لە و کەمپەدا نیشتەجێ بکرێت. هەروەها کار بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا.
-10داوا دەکرێت ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان بگیرێت و کۆسپ و تەگەرە نەخرێتە بەردەمیان.
-11داوا دەکرێت خەڵکی باکوری کوردستان فشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ کردنەوەی دەروازەکانی سنووری نێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان.
-12هەندێک خەڵک داوایان دەکرد لە ڕووی چەکەوە هاوکاری (یەپەگە) بکرێت.

پێشنیارەکانی شاندی کۆنگرە:
-1پەلە بکرێت لە دابین کردنی داو دەرمانی ئیمرجنسی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان.
-2کار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو داواکارییەکانی سەرەوە کە پێشکەش بە لێژنە کراون.

-3سەبارەت بە کردنەوەی دەروازەی سێمالکا (پێشابیر) بۆ کاروباری بازرگانی دەبێت، سیستەمێکی نوێ دابنرێت و لە و دیوی سنوور یەک لایەن دەستی بەسەردا نەگرێت.

کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
2-9-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 300

## راگەیاندنی ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان؛ سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان

http://www.kurdipedia.org/?q=20131201181257875515

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 301

## راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە سەبارەت بە تێرۆری سێ چالاکی سیاسی کورد لە پاریس

http://www.kurdipedia.org/?q=20150313092710680898

رۆژی 10ی ژانوییە سێ چالاکی سیاسی کورد کە یەکیان بە ناوی سکینە جانسیز لە دامەزرێنەرانی حیزبی کرێکارانی کوردستان واتە پ.ک.ک. بووە و ساڵانێکی زۆر لە بەندیخانەکانی تورکییە زیندانی بوو و دو ژنی دیکە بە ناوەکانی فیدان دوغان و لەیلی سویلمیز لە چالاکانی سیاسی کە لە گەڵ ناوبراو لە سەنتەری زانیاری کورد لە پاریس کاریان دەکرد، لە ئەنجامی کردەوەیەکی تێرۆریستی لە شوێنی کارەکەیان گیانیان لە دەستدا .
ئەم کردەوە تێرۆریستییە لە کاتێک رووەدا کە هەوڵێکی تازە لە لایەن حکوومەتی تورکییە بۆ دانوستان لە گەڵ رێبەری زیندانیکراوی حیزبی کرێکاران کوردستان تورکییە لە ئارادایە و چاودێرانی سیاسی باس لە پێوەندی ئەم رووداوە بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایانەدا دەکەن .
کۆمەڵە ئەم کردەوە تێرۆریستییە بە توندی مەحکووم دەکا و خوازیاری ئەوەیە کە دەوڵەت و پۆلیسی فەرانسە هەمو توانا و هێزی خۆی بە کار بێنێ بۆ دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی بکوژانی ئەو سێ ژنە چالاکوانەی کورد .
سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
12ی ژانویە 2013

23ی بەفرامباری 1391

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 302

## ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کۆمەڵە سەبارەت بە: پرۆسەی ئاشتی لە نێوان دەوڵەتی تورکییە و پارتی کرێکارانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031309504468171

هەر وەک هەمووان ئاگادارن لەم مانگەدا هەواڵی پرۆسەی ئاشتی لە تورکییە بە فراوانی بڵاو بۆوە وە بە دوای چەند مانگ پەیوەندی و وتووێژ لە نێوان کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیە و بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، ناوبراو لە نەورۆزی ئەمساڵدا داوای لە حیزبەکەی کرد ئاگربەس ڕاگەیەنێت و لە پرۆسەیەکی کورت ماوەدا کۆتایی بە خەباتی چەکداری بێنێت. بە پەسەند کردنی ئەم هەڵوێستە و جێبەجێ کردنی لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە قۆناغێکی تازە لە پەیوەندی نێوان کورد و حکوومەتی تورکیە دەستپێدەکا.
ئێمە لە درێژەی ئەو پرەنسیپە کە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و بۆیان هەیە خۆیان بریار لە سەر داخوازییەکانیان و شێوازی خەباتیان بدەن و بە لێکدانەوەی بارودۆخەکە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕەوتەی کۆمەڵگای تورکییە تێیدا تێپەر دەبێ و ئەو کرانەوە سیاسییەی کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگەی خەباتی سیاسی و مەدەنی بۆ هەمووان و لەوانە بۆ گەلی کوردیش فەراهەم کردووە، کۆتایی هێنان بە شەر و توندوتیژی و چوونە ناو قۆناغی خەباتی سیاسی و مەدەنی بە هەنگاوێکی پۆزێتیڤ هەڵدەسەنگێنین و ڕێز لە ئیرادە و بریاری خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیە دەگرین .
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
20ی خاکەلێوەی 1392ی هەتاوی
10ی ئاوریلی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستانPKK -
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 303

## ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە بە بۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031216390767108

هاونیشتمانانی ئازیز
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

له حاڵێکدا ئەمساڵ درگای خوێندنگا و زانکۆکان بەڕووی قووتابی و خوێنکاراندا دەکرێتەوە کە هەلومەرجی کۆماری ئیسلامی لە چاو ساڵانی پێشوو گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووەو قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان هەموو بوارەکانی سیاسەت و کەلتوور و ئابووریيان تەنیوەتەوەو گوشارێکی لەڕادەبەدەر کەوتوەتەسەر خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستانی بە تایبەتی.

-قوتابیان و خوێندکاران لە ئێران لە حاڵێکدا دەچنە پێشوازی ساڵی نوێی خوێندن کە دۆخی ئابووری لە نزمترین ئاستی خویدایەو هەڵاوسانی ئابووری وایکردوە نرخی پێداویستیەکانی خوێندن بە رادەیەک بەرز بێتەوە کە چینی کەم داهات و هەژاری کۆمەڵگا تەنانەت نەتوانن پێداویستی خوێندن بۆ منداڵەکانیان دەستبەر کەن. لەم ساڵانەی دوایدا زیاتر لە 2 ملیۆن منداڵ لە ئێران بە هۆی نەبوونی دەرفەت و پێداویستی خوێندن نەچوونەتە قوتابخانەکان و ناچار بوون بۆ بژێوی ژیانیان بچنە بازاری کار.

-سەرەڕای ئەمانەش منداڵانی کوردستان تا ئێستاکە نەیانتوانیوە بە زمانی دایکی خۆیان بخۆێنن و پەروەردە بن. ئەمەش وایکردوە کێشە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی منداڵانی کوردستان ساز بێت و کار بکاتە سەر باری دەروونی و کەسایەتی و شوناسی نەتەوەییان.

-زانکۆکانی ئێران دیسانەوە کەوتوەتە بەر شاڵاوێکی تری سڕینەوەو بێ بەش کردن لە خوێندن و هەندێ یاساو ڕێسای دەستکردی تری کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵی مەبەستی تایبەت کە بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان ناوی لێدەبەن. ئەمرۆکە لە زانکۆکانی ئێراندا ڕێگە نادرێت هیچ چەشنە چالاکییەکی تەنانەت سینفیش بکرێت و بە تاوان دژی ئاسایشی نەتەوەیی دادگایی دەکرێن.

ساڵی نوێی خوێندن لە کەشوهەوایەکدا دەستپێدەکات کە کۆمەڵێک چالاکی خوێندکاری هێشتا لە زینداندان و بنەماڵەکانیان لەژێر گۆشارێکی زۆردان. هەروها بەشێکی زۆری بەرچاو لە خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران و کوردستان بێبەش کراون لە درێژەدان و پرینی قوناغی باڵاتری خوێندن و بە "ستارەدار" ناویان لێ دەبەن.

-لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەستیان داوەتە جیاکردنەوەی کوران و کچان لە زانکۆکاندا و تا ئێستاکەش 70 ناوەندی خوێندنی "تاک رەگەزی" دامەزراوەو تا ئێستاش بەردەوامەو بەم سیاسەتە نگریسە دەیان هەوێ رەوتی خوێندن و شوێنی خوێندن بکەنە حەوزەو حۆجرەی ئایینی.

-هەروەها هەوڵێکی تریش لە لایەن کاربەدستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە دژی زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندن لە ئارادایە بۆ پێشگرتن لە خوێندنی ئازادو فێر بوونی ئەو وانانەی کە لە ئاستی جیهاندا باوە. بە تایبەتی هەوڵێک کەتووەتە گەڕ بۆ قەڵاچۆکردنی زانستە مرۆییەکان ولەم دوایيانەدا کەتوونەتە دەستبردنەناو ناوەڕۆکی وانە جۆارجۆرەکانی زانستە مرۆییەکان بە هیوای ئەوەی کە ئەم بوارانە ئیسلامی بکرێنەوە بەڵام هەموو کەس دەزانێت کە بواری زانست تایبەت بە ئایین و کەلتوورێکی تایبەتەوە نییە و بە پێی ستانداردێکی جیهانی دەچێتە پێشەوە. هەرچەند روون و ئاشکرایە ترسی کۆماری ئیسلامی لە ناوەڕۆکی ئەو وانانەیە کە خوێندکاران زیاتر هان ئەدات بەرەورووی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی بەوەستنەوەو قەڵای دیکتاتۆری لە بن بێنن.

بێگومان سیاسەتی هەڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و سەرەڕۆییەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خەڵکی کوردستانی خستۆتە هەلومەجێکی دژوارو پڕ لە سەختی بەڵام ئەزموونە مێژووییەکان و ورەی بەرزو ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان و وشیاری قوتابیان و خوێندکاران و پشتیوانی کۆمەڵە، دەرخەری ئەو راستییەیە کە بنکە و ناوەندەکانی خوێندن سەرەڕای هەموو گۆشارو لەمپەرێک دەرکێکن بۆ چاوی نەگریساوی کۆماری ئیسلامی و هەوێنێکن بۆ راپەڕین و شۆڕشی خەڵکی کورستان و ئێران بە گشتی.

سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

20ی سێپتامبری 2012 زایینی

30خەرمانانی 1391 هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 304

## ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک سەبارەت بەمەترسییەکانی دۆخی عیراق

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061010290576641

خەڵکی خۆڕاگری عیراق!
جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان!

هەروەکو پێشبینیمان دەکرد، دۆخی عیراق دووچاری مەترسی ڕاستەوخۆی تێکچوونی باری ئاسایش و پرۆسەی سیاسی بۆتەوە، هەرمانگێک جاری، پارێزگایەکی عیراق، دەکەوێتە بەر بەربڵاوترین هێرشی تیرۆریستان، لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا، پارێزگای موسڵ-یش، داگیرکراو داڕما.

ئەی خەڵکی دڵسۆزو تێکۆشەر!
ئەم دۆخەی عیراق، بۆ ئێمەی یەکێتیی، ساڵەهایە، پێشبینی کرابوو؛ لە بەرزترین ئاستی کۆبوونەوە ئاشکراو نهێنییەکانیشدا، لەگەڵ وڵاتان و حکومەتی عیراق، مەترسی دۆخێکی وەکو ئێستای عیراقمان خستبووە بەرچاو، لە کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان و، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و، حکومەتی کوردستانیش، بەردەوام ئەم مەترسیانەو چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەشمان، باسکردووە، بەداخەوە، لە بەرامبەردا، حکومەتی عیراق، بەبیانووی جۆراوجۆرو، بەبێ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاستەقینەی کێشە سیاسییەکان و، تەنگوچەڵەمە ئابورییەکان و، جێبەجێکردنی ماددەی (140) و ئیدارەی شیاوی حوکمڕانی، تەنها بە سیاسەتی میلیتاریستی و ئاسایشی تاک لایەنە، وەڵامی پەرۆشی ئێمەو هەموو لایەکی تری دەدایەوە، هەروەها لایەنی دیکەش هەبوون لە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و عیراقدا، بۆچوونەکانی ئێمەیان بۆ مەترسییەکانی سەر دۆخی سیاسی عیراق و کوردستان و دەوروبەر، بە پروپاگەندەی دەسەڵات بۆ پاراستنی دەسەڵاتداریێتی لەم قەڵەم دەدا، بەڵام..
بەداخەوە، گرێی دەست خرایە دەم، وادەرکەوت پاشماوەکانی بەعس، سەلەفییەکان و شۆڤێنییەکان، لە ئامادەباشی و مەڵاسدا بوون، هەتا هەلی شەڕو هەلومەرجی هێرشی فراوان، بقۆزنەوە.
ئێستا کە ئاشکرابوو، عیراقی دیموکراتی فیدراڵ، لە بەردەم چ مەترسییەکی گەورەی پیلانگێرانی دوژمنانی دیموکراسی و فیدراڵدایە، بێگومان هەموو خەڵک و تەواوی لایەنەکانی دەبێ بزانین، کە ئەم دۆخە مەترسیدارەی عیراق و گۆڕینی ستراتیژی عەسکەری تیرۆریستان، لە تاکتیکی شەڕی لابەلای ڕەشەکوژییەوە، بۆ هێرشی بەرەیی فراوانی کۆنتڕۆڵکردنی پارێزگاکان، ڕووداوی ڕاگوزەر نییەو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پیلانی فراوانی ناوچەکەو هێزە کۆنەپەرستەکانەوە هەیە، ئاشکراشە، ئەمجۆرە ستراتیژەی شەڕی بەرەیی فراوان، توانای عەسکەری و لۆجستی زۆرو زەبەندی دەوێ، کە بەبێ پشتیوانی دەوڵەتان، لە دۆخێکی وەکو عیراقدا، مەحاڵە ئەو توانایانە، دابینبکرێن.
ئێمەی یەکێتیی، دووپاتیدەکەینەوە، ئەگەرچی پێش لێقەومان هەلی زۆر بۆ ئیحتیاتکردنی عەسکەری و سیاسی و ئەمنی و ئیداری لەدەستدراوە، بەڵام دوای لێقەومانیش، زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە، بۆیە پێویستە:
یەکەم: حکومەتی عیراق، بە تەواوی سیاسەتی سەربازی و ئەمنی و حوکمڕانی خۆیدا بچێتەوەو دەرسیان لێوەربگرێ و بەرنامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ هەموو لایەکدا هەبێ، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دۆخەو تێکشکاندنی تیرۆریستان، بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا، ئەمەش دەستبەجێ کۆبونەوەی ئاستی باڵاو ڕێکەوتنی دەوێ لەسەر وردەکاری ڕاپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکان.
دووەم: سەبارەت بە کوردستان، بەتایبەتی ناوچە دابڕێندراوەکان لە باشوری کوردستان و هەرێم، لەم دۆخەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی بۆتەوە، چونکە دڵنیاین، ئەم لایەنانەی بۆ تێکدانی عیراقی فیدراڵ یەکیانگرتووە، لەگەوهەردا ئەندێشەی شۆڤێنیزم و سەلەفییەت کۆیاندەکاتەوە، کاتێکیش سەلەفیەت و شۆڤێنییەتیش یەکانگیری سیاسی دەبن، لە هەلومەرجی وەکو ئێستای باری دواکەوتووی عیراق و، نەبونی نەریتی دیموکراسی و، زاڵبونی عەقڵییەتی

نەتەوەیی تەسک و مەزهەبی و تایفەگەریدا، گەورەترین مەترسی لەسەر دیموکراسی و چارەسەری دیموکراسیانەی کێشەی نەتەوایەتی پەیدا دەکەن، بۆیە، ئەرکی هەموو لایەنە کوردستانییەکانە، بەتایبەتی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم، بەوپەڕی وریایی و تواناوە، ئاگایان لە ناوچە دابڕێندراوەکان بێت و چی پێویستدەکات، پێش ئەوەی شارە کوردستانییە داپڕاوەکانیش، وەکو موسڵ و ئەنبارو فەلوجە بخرێنە گێژاوی شەڕەوە، تەواوی ئیحتیاتی عەسکەری و ئەمنی ئیداریان بۆ بکرێ.

جەماوەری دڵسۆز!
لەکاتێکدا یەکێتیی دڵنیایە، کە عیراق و کوردستان، بەهیممەت و هەوڵی هەموو لایەک، بە بەرنامەو سیاسەتی هەمەلایەنەی هاوبەش، بە دەرس وەرگرتن لە هەڵەکان، لەم دۆخەش رزگار دەکرێ؛ هەروەها یەکێتیی، هەروەکو بەناوبانگە لە مێژوودا، هەموو لایەک دڵنیادەکاتەوە، کە هەر هێزە شۆرشگێرەکەی رۆژگاری تەنگانەو بەرەنگاری و هەڵمەتی دوژمن شکێن دەبێ، لەگەڵ سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێم-دا، لە راوێژی پەیتا پەیتادایین، بەتەواوی تواناوە، پشتیوانی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس و دژەتیرۆر دەبین، بۆ پاراستنی کوردو کوردستان و ئەزمونەکەشمان. بەدڵنیاییەوە، لە راپەڕاندنی ئەرکەکانمان درێغی ناکەین، چاوەڕوانیشین، لەسەر ئاستی بەرز، بڕیارو بەرنامەکان، دڵنیایی تەواو بدات بە ڕای گشتی و ئومێدی سەرکەوتنیش ببەخشێتە گەلانی عیراق.

ئیتر بۆ پێشەوە
بۆ پاراستنی عیراقی فیدراڵ و
سەرکەوتنی ئیرادەی دیموکراسی لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
10/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 305

## راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک سەبارەت بەڕێکەوتنی گۆران_ پارتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140417233240758 67

هەروەکو هەفتەیەک لەمەوبەر لەسەر وتاری کوردستانی "نوێ"دا، رامانگەیاندوەو پێشبینی رێکەوتنی "گۆران -پارتی "مان کردبوو، ئەمڕۆ هەردوو لایەن بەرەسمی لەسەر بەشە پۆستەکانی نێوانیان رێکەوتن و بەرەسمیش لەکۆنگرەی رۆژنامەگەریدا رایانگەیاند.

مەکتەبی سیاسی سەرباری جەختکردنەوە لەسەر هەڵوێستی راگەیەندراوی دوا کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی کەسەرقاڵی لێکدانەوەی هەمەلایەنەی ئەم رێکەوتنە سیاسی و پێکهێنانەی حکومەتە، هەر ئەمڕۆش وەفدی دانوستانکاری یەکێتی بڕیاری دواکۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی و

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتییان لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا بە بەڕێز سەرۆکی هەرێم، دەربارەی پشکی یەکێتی بەپێی سەنگی یەکێتی گەیاندوە، بێگومان لەسەر کۆی پرسەکان، دوا بڕیاری یەکێتی لەکاتی خۆیدا رادەگەیەندرێت .

بێگومان هەموو ئەگەرەکان لەبەردەم بڕیاری سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوەیە.

2014/4/17
سەرچاوە PUKmedia :

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 306

# راگەیاندنی ناوەندی رێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات سەبارەت بە ئاڵۆزیەکانی نێوان حدکا و پەکەکە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052615182485392

رۆژی 3ی جۆزەردانی 1394ی هەتاوی، ئاڵۆزی و کێشە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پ ک کە لە ناوچە سنووریەکان هاتە ئاراوە کە بە داخەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات شەهیدبوو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون. ئەم رووداوە جارێکیتر برینی قووڵی شەڕی کورد لە گەڵ کوردی کولاندەوەو هەموو تاکێکی کوردی خەمبار کرد.

بێگومان لێکۆڵینەوە لەم رووداوەو دۆزینەوەی هۆکارەکانی و رێگەنەدان بە دووپات بوونەوەی ئەرکێکی مرۆیی و نەتەوەییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە ژنان گرنگە، هێور کردنەوەی بارودۆخەکە و دوور کەوتنەوە لە شەڕ و ئاڵۆزی لە نێوان دوو هێزی کوردیە. گەلی کورد لەم کاتە کە ناوچەکە لە ژێر هێرشی هێزێکی دڕندە وەک داعشە و ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی تێدەپەڕێت و لە کاتێکدا کۆبانێ توانی حەماسە و خۆراگری و بەرخۆدان بخوڵقێنێ و هەموو کورد هاودەنگ و هاورا بکات و سەرنجی هەموو جیهان بۆ لای پرسی کورد رابکێشێت، کەشی ئەمنیەتی زاڵ بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژ لەگەڵ رۆژ توندتر دەبێ و دەرەتانی هیچ شێوە دەربڕینێکی ئاشتیخوازانە نیە و خەڵکی وەزاڵە هاتووی تینووی ئازادی چاوەوانی تروسکایەکن،دوو هێزی کوردی لە بەرانبەر یەک بوەستنەوەو دڵی دوژمنانی پێ شاد بکەن.

کوردستان موڵکی تایبەتی لایەنێک و کەسێک نییە، بەڵکوو موڵکی هەموومانە و دەبێ بە تەبایی و یەکریزی بۆ سەرخستنی بزوتنەوەی کورد هەوڵ بدەین. مێژووی گەلی کورد لە هەمانکات کە پڕە لە سەروەری و تێکۆشان لە بەرانبەر داگیرکەران و هارترین رژیمەکانی سەردەم، هاوکاتیش شاهێدی شەڕی ناوخۆیی و هێزە سیاسیەکانی لە گەڵ یەک بووە کە ئەمە خەسارێکی قەرەبوونەکراوە لە جەستەی بزاڤی گەلی کورد بووە، ئەمڕۆ حەق وایە بە دەرس وەرگرتن لە مێژوو، رێگە نەدەین شەڕی کورد لە دژی کورد سەرهەڵبداتەوەو رۆڵە قارەمانەکانمان بە دەستی یەکتر شەهید بکرێن.

ئێمە وەک ناوەندی رێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسیە کوردیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و بە تایبەت رۆژهەڵات دەکەین تا هەموو هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ بخەن بۆ پاراستنی یەکدەنگی و یەکریزی بزاڤی گەلی کورد و رێگە نەدەن شەڕ لە

نێوان هێزە کوردیەکان روو بدات. ئەمە تەنیا بە زەرەری گەلی کورد و بە قازانجی نەیاران و دوژمنانمانە. ئێمە ژنان ئاشتی و تەبایی و یەکدەنگی و یەکریزیمان دەوێت بۆ گەلەکەمان.

نا بۆ شەڕی کورد دژی کورد
بژی یەکریزی و یەکدەنگی گەلی کورد

ناوەندی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات
4ی جۆزەردانی 1394ی هەتاویی
25ی مەی 2015ی زاینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 307

## ڕاگەیاندنی ناوەندی سێکولار لە کوردستان سەبارەت بە ڕەشنوسی دەستوری هەرێم
## کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061409361169907

ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە خراوەتەڕوو و ئێستا ک
هەمموارکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ ڕاپرسی، نەیتوانیوە بنەمایەک بێت کە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان دابین
چوارچیوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوانەشی دانەناوە بۆئەوەی سیستەمی سیاسی و دادوەری و پەروەردەیی لەسە
مافە جیهانیەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنە زانستیەکان لە بواری بەڕیوەبردن و جیایی ئاین لە دەوڵەت و بەشداری فراوان
یاسادانان و بەڕیوەبردنی لەسەر دابمەزرێ.هەربۆیە ناڕەزایەتی چین و توێژ و حزب و ڕێکخراو و کۆڕ و ناوەند و کەسان
یەکسانی خوازی لێکەوتۆتەوە.ناڕەزایەتی سەبارەت بە سیستەمی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێ
لە دەستور و یاساکان، بەرتەسکردنەوەی ئازادی بیروڕاو و ئازادیە سیاسیەکان و ئازادی حزب و ڕێکخراوەکان،وپێشێل
ژنان و منداڵان و کرێکاران و فەرمانبەران و توێژە کەم دەرامەتەکان، لەبەرچاونەگرتنی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی
بڕیاردانی لە چارەنوسی سیاسی کوردستانداو هتد... ئێمەش خۆمان بەبەشێک لەو ناڕەزایەتیە پێشکەوتنخوازانە و
دەزانین کە ڕەخنەمان لەم ڕەشنوسەی دەستوری هەرێمی کوردستان هەیە و ئامادەی کارکردنین لەگەڵ ئەو لایەن
خوازیاری گۆرینی ئەم ڕەشنوسەی دەستورن بەو شێوەیەی کە زۆرترین ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان دابین
بنەمای دامەزراندنی سیستەمێکی ئازاد وسێکولار و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان. پێویستە لەلایەن دەزگا دەسە
هەرێمەوە پێش لە ڕاپرسی پرۆسەی هەمموارکردنەوەی دەستور بکرێتە پرۆسەیەکی ئازادانە کە بەشداری فراوانی
بکا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن فەراهەم بکرێت بۆ بەشداری جەماوەر لەم پرۆسەیەدا .

ئێمە وەک ناوەندی سێکولار لە کوردستان ئەوەندەی پەیوەستە بە ئامانج و کاری ئێمەوە،ڕەخنەی خۆمان سەبارەت
لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەوە ڕوو :

یەکەم: پرۆژەی یاسای دەستوری هەرێم لە ماددەی سێیەم پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "گەل سەرچاوەی دەس
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەل یان نوێنەرەکانی هەم یاسادانەرو هەم دەسەڵاتی جێبەجێکار پێکدەهێنن. بەڵام ئ
سێیەمە بە ماددەی شەشەم لە پرۆژە یاساکە پوچەڵ دەکرێتەوە،بەو پێیەی کە ماددەی شەشەم پێداگری دەکات ل
کە "بنەماکانی شەریعەی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان" و "نابێ یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ
نەگۆڕەکانی ئیسلام."

هەربۆیە ئێمە پێمانوایە کە دەبێت ئەم ماددەیەی 6ی دەستور لە دەستوری هەمیشەیی هەرێم لاببرێت لەبەر ئەم

ئەو ماددەیەی کە دەڵێت "بنەماکانی شەریعەی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانەو نابێ یاسایەک دابندرێت
لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام" ناکۆکە لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە دەڵێت "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە" چونکە ل
ئاین دەبێت بە سەرچاوەی یاسادان لەوەی دواتریش گەل دەبێت بە سەرچاوەی یاسادانان .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە مانای ئەوەیە کە هەرچی فەق
موسڵمانەکان لە ماوەی 1400 ساڵی ڕابردودا وەک فەتواو یاسا بەرهەمیانهێناوەو وەک یاسا دەریانکردوە دەبێت ببێت
یاسادانان لە ئەمڕۆ و دواڕۆژی هەرێمدا. ئەمەش لەگەڵ سروشتی گەشەو گۆڕاوی کۆمەڵگەکان نەک یەکناگریتەوە
دەکات .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە مانای ئەوەیە کە هاوڵاتیان لەس
هاوڵاتیبوون مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت بەڵکو لەسەر بنەمای موسڵمانبوون و ئێزیدیبوون و کرستیانیبوون و کاکەییبوو
شەبەکیبوون سوننیبوون و شیعیبوون مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمەش پێچەوانەی ئەو بنەما سەرەکییەی دەوڵ
کە پێداگری لەسەر یەکسانبوونی هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا دەکات .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە نایەکسانی ژن و پیاوی لێدەکە
بەپێی شەریعەتی ئیسلامی مافی یەکسانیان نە لە میرات نە لە شایەدی نە لە مارەبڕین و ژیانی خێزانی نییە. ئە
ناوەڕۆکی ماددەی بیست و بڕگەکانی پرۆژە یاساکەی دەستورە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە "پیاو و ژن بەرا
وەک یەکن"، یان ئەوەی دەڵێت "حکومەت هەوڵدەدات هەموو کۆسپێک و ڕێگرییەک لە ڕێگای یەکسانیی لە ژیان و
و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئابورییەکاندا لابەرێ". لەڕاستیدا دانانی شەریعەتی ئیسلام وەک سەرچ
یاسادانان راست پێچەوانەی ئەم ماددەیەیەو دەبێتە کۆسپێک لەپێش گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە هەموو ئەو ب
ماددەکەی ئاماژەپێکردون .

بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە دانانی شەریعەتی ئیسلام بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان پێچەوانە ودژ بە ماف
مرۆڤە و پوچەڵ کردنەوە و پێشێلکردنی ئەو مافانەی مرۆڤە کە ئەم دەستورە دانی پێداناوە .

دووەم: پرۆژە یاساکە هەر لە ماددەی شەشەم "دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی کورد

ئێمە پێمانوایە کە ئەم ماددەیە دەبێت لە دەستورە هەمیشەیەکە لاببرێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

هەرێم، وڵات یان دەسەڵات پێویست ناکات کە شوناسی هەبێت چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک لە یەک گروپی نەتەوەی
کەلتوریی پێکنەهاتووە. دانان بە هەر شوناسێک بۆ هەرێم مانای سەپاندنی شوناسێکی دیاریکراوە بەسەر ئەو گرو
شوناسەکە نایانگرێتەوە یان قەبوڵیان نییە .

دەوڵەتچوارچێوەیەکیاساییودەزگاییەکەپەیوەندیینێوانئەوشوناسەجیاوازانەلەڕوویاساییەوەوبەپێیمافوبەرپرسیارییەتیی
نەک دەزگایەکی خاوەن شوناس.

شوناسی کۆمەڵگەکان نەگۆڕ نین چونکە وەک سروشتی کۆمەڵگەکان لە گۆڕانکاری بەردەوامن بۆیە ناکرێت شوناس
گۆڕانهاتوو و فرە کەلتورییەکان جێگیر بکرێت و بسەپێنرێت.

دەستوری هەرێمی کوردستان دەبێت یەکسانیی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر یاسادا ڕابگەیە
لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئاینیی، مەزهەبیی، بیرورا، بیرباوەڕ، جێندەر، نەتەوەو ڕەگەز و زمان.

سێیەم: ماددەی سییەم کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "نابێ حوکمەکانی باری کەسێتی پەیڕەوانی ئاینێک ل
ئاینێکی دیکە بسەپێنرێت" وا دەردەکەوێت کە مافە ئاینییەکانی هاوڵاتیانی هەرێم دەپارێزێت بەڵام لە جەوهەردا کۆ
بنەمای ئاین و ئاینزا لە یەکجیادەکاتەوەو لەبەرامبەر یاسادا نایەکسانیان دەکات. بۆنمونە چۆن دەکرێت موسڵمانێک ئ

ئەوە دەستی ببڕدرێت کەچی ئێزیدییەک ئەگەر دزی کرد ئەوە شەش مانگ زیندانی بکرێت. ئەمە نایەکسانی دەس
یەکسانی کە ئەرکی دەستورە. بەم شێوەیە ئەم مادەیە شەریعەتی ئیسلامی و پەیڕەوی ئاینە جیاوازەکان دەکات
هەموو بنەما مەدەنی و مۆدێرنەکان ویاسا مەدەنیەکانی باری کەسی دنیای ئەمڕۆ دەسڕێتەوە.

لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا پێویستە بنەماکانی یاساکانی باری کەسیی لەسەر پرینسیپە سیڤیل و مەدەن
جیهانیەکانی مرۆڤ دابنرێ و دووربن لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی هەر ئاینێک.

چوارەم: ماددەی نۆزدە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت "مزگەوت و کەنیسەو شوێنەکانی خواپەرستی بک
چالاکی حیزبی و سیاسیی" کەچی شەریعەتی ئیسلام دەباتە نێو دادگاکان و دەیانکات بە بنەمای یاسادانان. ئەم
ناکۆکە لەگەڵ ماددەی شەشەم. چونکە ئەگەر شەریعەت بکرێت بە سەرچاوەیەکی یاسادانان ئەوە دەبێت ئاسایی
و کەنیسە بکرێن بە شوێنی سیاسەتکردن. کاتێک کە بنەماکانی ئاینێک بکرێن بە سەرچاوە بۆ یاسادانان ئەوە هەر
تێکەڵکردنی ئاینە بە سیاسەت، جا کە وابێت بۆ دەبێت شوێنی قسەکردن لەسەر ئاین لە کاری سیاسیی قەدەغە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 308

## ڕاگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت پەیامەکەی ئوجەلان لە نەورۆزی 2013دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032912433582631

28.03.2013

بەپێی ئەو راستییەی کە مەسەلەی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، یەک مەسەلەیە و هەر گۆرانکاریەک لە هەر پارچەیەکیدا،کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر پارچەکانیتر ئەبێ. بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین باری سەرنجمان بەرامبەر پەیامە سەرسورهێنەرەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان پیشانبدەین.
سەرەتا ئەڵێین، بەپێی هەموو پێوەرە یاساییەکان کەسێکی زیندانیکراو ئەهلیەتی یاسایی نیە و خاوەنی ئیرادەی تەواوەتی خۆی نیە چجای کەسێکی وەک ئوجەلان کە14 ساڵە لە زیندانێکی تاکە کەسیدایە و لەژێر گوشار و ترس و تۆقاندنی رەگەزپەرستانی تورکدایە کە ئەوەش لەوانەیە بووبێتە هۆی نا ئومێدی ئەو، سەربارى ئەوەی ئەو بەڕێزە دوورە لە واقیعی نەتەوەکەی و گۆرانکاریەکانی کوردستان و جیهان.
لەماوەی ساڵانی زیندانیەکەیدا هەندێ هەڵوێستی هەبووە کە دژ و پێچەوانەی دید و بۆچوونەکانی پێش زیندانیکردنەکەی بوو. لەوانە، وەک ویستبێتی حاشا لە کوردبوونی خۆی بکا، جارێک وتوێتی من دایکم تورکە. لە پەیامێکیشیدا کەوتبووە مەدح و پیاهەڵدان بەسەر پەیمانی لۆزاندا!! ئەوە جگە لەوەی ئامانجی پەکەکەی لە سەر بەخۆییەوە گۆڕی بۆ پێکەوە ژیان لەگەل تورکدا. ئێستاش لەم پەیامەیدا وەک ناوی پەکەکەی لەبیرنەمابێ، یا وەک ئەوەی خۆی بەگەورەتر لە پەکەکە و کورد بزانێ (کەئەمانە ئاسایی نین) بەناوی تەنیا خۆیەوە ئەدوێ! هەروەها بەبێ را و راوێژی سەرکردایەتی پەکەکە و رێکخراوە سیاسیەکانی تری باکور بریاری تاکەکەسی ئەدات!. بۆیە لەخوارەوە بەکورتی ئەو پەیامە و هەڵوێستی دەسەڵاتی تورکیش ئەخەینە ژێر هەندێ پرسیارەوە.
دوای ئەوەی هەولەکانی تورک لەماوەی 90 ساڵی رابردوودا بۆ قەلاچۆ و تواندنەوەی کورد، ئامانجیان نەپێکا، دیسان دوای 30 ساڵیش شەڕی پەکەکە، نەیتوانی چۆک بەگەریلاکانی کورد دابدات. هەروەها دوای زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئوجەلان، ئەو خەونەی نەهاتەدی کە بزوتنەوەی

رزگاریخوازی کورد لە باکووردا لەناوبەرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئاگری بزووتنەوەکە تابێ زیاتر کڵپە ئەسێنێ، بۆیە ئێستا رووی لەرێبازێکی تر کردووە تا ئەوەی بەشەر بەدەستی نەهێنا، بە ئاشتی بەدەستی بهێنێ،ئەویش چەک دانانە بە گەریلا و کۆتایی هێنانە بە شۆرشی گەلی کوردستان لە باکووردا. پەیامەکەی ئوجەلانیش (کە جێگەی چەندین گومان و پرسیارە) وائەنوێنێ بەشێکبێ لەو هەوڵەی تورک!. ئێمە لەگەڵ رێزماندا بۆ خەبات و بەرهەمەکانی ئوجەلان، ئاماژە بۆ ئەو راستیەش ئەکەین کە ئەوبەرێزە، ئەگەرچی لەسەردەمێکدا تێکوشەرێکی ماندوونەناس و رابەرێکی بەتوانابوە، بەڵام ئێستا بەپێی ئەوەی زیندانیەکە و چەن ساڵێکە کاربەدەستانی تورک هەموو هۆکارێکی ترساندن و پزیشکی و هونەریان لەگەڵدا بەکارهێناوە بۆ شتنەوەی مێشکی، هەر را و پریارێک لەو بەرێزەوە، لەم بارودۆخەی ئێستایدا ئاسایی نیە و ئەبێ گەلێ حیسابی لۆجیکی و زانستیانەی بۆبکرێ و فەرمانەکانی کوێرانە جێبەجێ نەکرێن و پیت بەپیتی وتەکانی شیکرێتەوە و بزانرێ لەژێر چ کاریگەریەکدا و بۆ چ مەبەستێک ئەدوێ یا بەکۆمەڵێ دەستەواژەی تەمومژاویەوە هێناویانەتە دواندن، وەک: (دەسپێکی سیاسەتی دیموکراتیک و مۆدێرنتەو..هتد) کە ئەمانە زیاتر دەستەواژەی فەلسەفین و چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەڵئەگرن نەک دەستەواژەی سیاسی کە ئەبێ وەک زمانی ماتماتیک روون و بێ تەمومژبێ. ئەم شێوازە تەمومژاویەش هەمیشە دوژمنانی کورد لەکاتی لاوازیاندا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی لەکاتی هێزیاندا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شرۆڤەی بکەن! لەم روانگەیەوە ئێمە بەئەرکی خۆمانی ئەزانین کە ئەم باری سەرنجانەمان بخەینە روو:

-لەپاپچی دوای 30 ساڵ قوربانیدان گەریلاکانی پەکەکە چەک دانێن و کۆتایی بە شۆرشەکەیان بێنن!؟

-دەرکردنی گەریلاکان لە نیشتمان و لە زێدی خۆیان، مانایچی!؟ لە کۆتایی چ جەنگ و چ شۆرشیکدا، مەرجی وا ئاپرووبەر، قبوولکراوە؟ بۆچی ئەو تێکۆشەرانە، شۆرشیانکرد و هەزاران شەهیدیاندا، بۆ ئەوە بوو لە ئەنجامدا شاربەدەرکرێن و لە خێزان و منداڵیان دوور خرێنەوە!؟

-بەرامبەر بەچی، دیلە تورکەکان ئازادکران؟ لەکاتێکدا دەهەزار تێکۆشەری کورد لە زیندانەکانی تورکیادان و هیچ هەنگاو و بەڵێنێک نیە بۆ ئازادکردنیان.

-بەرامبەر ئەم پەیامەی ئوجەلان، دەسەڵاتی تورک نەهەنگاوێکی ناوە، نەهیچ گفتێکی داوە بۆمافی نەتەوەیی زیاتر لە 30ملیۆن کورد لەباکووردا.

-هێشتا پەیامەکەی ئوجەلان، 3 رۆژی بەسەردا تێنەپەریبوو، ئەردۆگان و گیول کەوتنە گلەیی و گازندە و پروبیانوو سەبارەت بەوەی لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا ئاڵای تورک بەرزنەکراوەتەوە. ئەمەشیان بە ئاستەنگێک دانا لە رێگەی پرۆسەی ئاشتیدا. هەروەها سەر ۆکی پەرلەمانی تورکیا جەمیل چیچەک، دوای پەیامەکەی ئوچەلان، بە گەریلاکانی قەندیل ئەلێ (تیرۆرست و پیاوکوژ و بەبێ پیاوکوشتن ناتوانن دانیشن). بەپێی ئاژانسی جیهانی تورکیش، دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیا، هەواڵەکانی وەستاندنی پرۆسەی سەربازی رەتدەکاتەوە!

-دروستکردنی ئەنجومەنی دانایان، گوایە بۆ چاودێری پرۆسەی ئاشتی و کۆتایی هێنانە بەتیرۆر! راستییەکەی بۆ خڵافاندنی کوردە تا ئەردۆگان بەتەواوی مەبەستەکانی ئەپێکێ. ئەم ئەنجومەنە وەک ئەو لیژنانەیە کە بۆ لەگۆرنانی مەسەلەیەک پێک ئەهێنرێن. ئەگینا کێشەیەکی گەورەی وەک کێشەی کورد بە ئەنجومەنێکی لەو جۆرە چارەسەر ناکرێت. تورکیا دەوڵەتێکە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دەستور و یاسایە. ئەو کێشەیە ئەبێت لەو کەناڵانەوە چارەسەر بکرێ.

-ئوجەلان کاتێک ئەتوانێ رایەکی دروست و جێگەباوەر بدات کە لەزیندان ئازادکرێ و لە ژێر هیچ گوشارێکدا نەمێنێ.

-رژیمی تورک ئەگەر بەراستێتی ئاشتەوایی ئەوێ، ئەوا ئەبێ جگە لە ئوجەلان،لەگەڵ قەندیل و دیاربەکریش دانوستان بکات. سەرەتا ئەبێ بەفەرمی واز لەو دروشمە شۆڤێنیەی بێنێ کە ئەلێ: (یەک نە تەوە،یەک زمان، یەک ئاڵا، یەک نیشتمان). هەموو زیندانیە کوردەکان بە ئوجەلانیشەوە ئازادکات، بەفەرمی ئاگربەست راگەیەنێ.

-رژیمی تورک لە سۆنگەی هێزەوە داوای ئاشتەوایی ناکات. بەڵکو گورزە کوشندەکانی گەریلا و خۆراگری قەندیل و راپەرینی جەماوەری شارەکانی باکوور و پەلەقاژەی بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا و زاڵبوونیPYD لەرۆژئاوای کوردستان و چاوبرینە نەوت و بازارەکانی باشوور پاڵیان پێوەناوە کە پەنا بباتە بەر بەرێز ئوجەلان بەڵام بە هەرزانترین نرخ!! لە هەمان کاتیشدا ئەیەوێ بە تیرێک 2 نیشان بپێکێ کە نیشانی دوەم نانەوەی 3بەرەکیە لەنێوان ئیمیرالی و قەندیل و دیاربەکردا!.بەرامبەر ئەم راستیانەش ئێستە تای ترازووی کورد سەنگینترە و رۆژ رۆژی پێداگرتنە نەک سازش یا دەسخەرۆبوون بە بەڵێن یا دواخستنی خواستەکان و دابەشکردنی بەسەر چەند

قۆناغێکدا!
لەبەر ئەوە، داوا لە سەرکردایەتی پەکەکە ئەکەین کە خۆراگربن و ئەو راستییە بزانن کە ئیستە لەلوتکەی هێزدان و نەکەن بەو پەیامە دەستخەرۆبن. گەریلاکانیشیان لە باکوور نەکشێننەوە تا مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووری تورکیادا جێگیر ئەکرێ و بەکردەوەش و بە گەرەنتی و بە زەمانەتێکی نیودەوڵەتیش ئەو مافانە پارێزراوبن. لەبارەی چەک دانانیشەوە، بەهیچ جۆرێک چەک دانەنێن، بەڵکو تابتوانن چەکەکانیان زیاتر و کاریگەرتر بکەن. چەک بۆ هەمووکاتێک پێویستە.
لەسەردەمی شۆرشدا بۆ بەرگری، لەسەردەمی قەوارەیەکی کوردیدا بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە. یا وەک بەڕێز بێشکچی ئەڵێ: بۆچی هەموو لایەک چەکداری هەبێ و تەنیا داوا لە کورد بکرێ چەک دانێ!؟
نابێ پەکەکە خۆی و خوێنی ئەو هەموو شەهیدانە بکاتە قوربانی ئەم پەیامەی ئوجەلان کە جێگەی گەلێ گومانە!، یا بۆ ئازادکردنی ئوجەلان،کە تورکیا، یا هەر ئازادیناکا، یا ئەگەر ئازادیشیکرد ئەوا دوای گورزێک لە تەندروستی ئوجەلان ئازادی ئەکات. دیسان نابێ پەکەکە بەو پشتگیریە فرەلایەنە بۆ پەیامەکەی ئوجەلان دەسخەڕۆبێ. ئەوانە هەر یەکەو لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی خۆیەوە ئەو پشتگیرییە ئەکات!
لەلایەکیترەوە،نەپەیامەکەی ئوجەلان و نە وتەکانی ئەردۆگان تا ئێستە ئاماژەیەکیان تیانیە بۆ مافی نەتەوەیی کورد. بەپێچەوانەوە، ئوجەلان لە نامەکەیدا ئەڵێ (ئەمرۆ رۆژێکی نوێیە بۆ تورکیایەکی نوێ) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەگەر ئوجەلان لەژێر گوشارێکدا ئەو پەیامەی بڵاونەکردبێتەوە، ئەوا بە داخەوە ئەو ئێستە لەخەمی تورکیادایە نەک کورد.
ئەم پەیامەی ئوجەلان ئەگەر نسکۆیەکی بەدوادابێ، ئەوا ئەبێتە کوشندەترین گورز بۆ هەر چوارپارچەکەی کوردستان، بەتایبەتی بۆ رۆژئاوای کوردستان کە ئێستا کوردی رۆژئاوا خەریکە ئەکەوێتە سەرپێی خۆی. هەروەها گورزێکی گرانە بۆ ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و ساڵەهایەک دوایئەخات،لەکاتێدا ئێستە گەلێ ئاماژە هەیە بۆگەیشتن بەو ئامانجە. گریمان ئەردۆگان و حیزبەکەی نیهادیان پاکبێ، بەڵام ئەبێ بزانین کە حاکمی رەها لە تورکیادا تەنها ئەوان نین. تورکیا وڵاتێکە تا ئێستە عەسکەر خاوەنی بڕیاری کۆتاییە تیایدا، ئەوە جگە لەبوونی چەند حیزبێکی تری رەگەزپەرستی کەمالی کە لەهەر هەڵبژاردنێکدا ئەگەری هاتنە سەر حوکمیان هەیە. ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئەم هەنگاوەی ئوردوگان بەناوی ئاشتەواییەوە، جگە لەو مەبەستانەی ئاماژەمان بۆکرد، هەوڵێکیشە بۆ لەباربردنی نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە کوردستانێکی سەربەخۆی لەخۆگرتوە. هەروەها پروپاگانتەیەکە بۆ هەڵبژاردنەوەی پارتەکەی.
ئێمە وەک ژمارەیەک هاوبیرانی کوردایەتی، بڵاوکردنەوەی ئەم راگەیاندنەمان هەفتەیەک دواخست تا بزانین کاردانەوە و هەلوێستی رژێمی تورک چی ئەبێ،لە ئەنجامدا دەرکەوت یەک هەنگاو لە لووتبەرزی و رەگەزپەرستیی خۆی نەهاتۆتە دواوە! وەک پەکەکە شکست و دۆڕاوی جەنگبێ!. بۆیە وا ئێستە راگەیاندنەکەمان، وەک نامەیەکی کراوە، ئاڕاستەی سەرکردایەتیی پەکەکە و رای گشتی ئەکەین. داواش لە هەر لایەن و هاوبیر و رۆشنبیریکیدی ئەکەین (ئەوانەی پێرانەگەیشتین پەیوەندیان پیوەبکەین) دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگمان بە ناردنی ناویان بۆ ئەو کەناڵانەی ئەم راگەیاندنە بڵاوئەکەنەوە، تا ناوەکانیان بخرێنە پاڵ ناوەکانمان، یا بە وتاریک، یا بە بەدواداچوونیک رای خۆیان پیشاندەن .
بە رێزو سوپاسەوە.
ناوەکان: کامیل ژیر، پشکۆ ئەمین، فەرهاد عەبدولحەمید، فەرهاد کاکە خاس، حەمەرەشید هەرەس، د. دلێر شاوەیس، د.هۆگر مەحمود، د. ئەحمەد میراودەلی، د. حسەین خەلیقی، د. حسەین محەمەد عەزیز، د. ئازاد مەنتک، سیروان کاوسی، سمکۆ عەلی ئەمین وەیسی، شوان بەرزنجی، یونس سیڤەر، هاورێ میرۆیی، کەژاڵ مەرزبان، رزگار موکری، رێبوار نەلاسی، حەسەن مەرزبان، نیعمەت کاوسی،حەکیم کاکەوەیس، هەڵۆ محەمەد بەرزنجی، بەختیاری شەمەیی، عوسمان تۆفیق، ئارام قادر، عەلی حەمە ساڵح، ئاراس نوری ئەحمەد تەها، بروسکە ئیبراهیم، ئیسماعیلی دەلاک. ئەیوب رەحمانی، شوان خەفاف، زمناکۆ نوری ئەحمەد تەها، تەها دەروێش نادر، ساسان دەروێش. بەرزان سەعید گەوهەر، ئومێد سەعید گەوهەر، کارزان سەعید گەوهەر، ئاکۆ ئەحمەد محەمەد پۆلیس، نزار ئەحمەد عارف، کاروان ئەمین ئەحمەد خەفاف، نەورۆز مەلا عەلی، بینایی پشکۆ، رزگار شەمەیی.
لایەنەکان:
پاسۆک - لقی ئەوروپا،

مەڵبەندی ئاوێستا،
بزووتنەوەی لاوانی 17ی شوبات،
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – باشوور.
28/3/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 309

# ڕاگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051911422678523

ئەم هەڵبژاردنەی 2013 دوای تێپەڕبوونی 22ساڵ دێت بەسەر دامەزراندنی قەوارە سیاسیەکەی باشووری کوردستاندا، ئەم ماوەیەش بەسە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەموکورتی و هەڵەو ناتەواویەکانی پێشترو ئەمجارە هەڵبژاردنێک ئەنجامبدرێ کەهەم لەگەڵ بارودۆخی نەتەوەکەماندا گونجاوبێ و هەم لە ئاستی هەڵبژاردنی وڵاتانی پێشکەوتوودابێ.

بەباوەڕی ئێمە،هەڵابژاردنێکی لەوجۆرە، ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێ:

-1هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسەر شێوەی بازنەییبێ نەک ریژەیی.بۆ ئەوەی هەر دەنگدەرێک بزانێ کێ هەڵئەبژێرێ و کێ ئەبێتە نوێنەری و لە ناو پەرلەمانیشدا هەمیشە چاودێریی ئەو نوێنەرەی خۆی بکات و بزانێ تا چەند چالاکەو سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی. لەم شێوە هەڵبژاردنەشدا مەترسیی تەزویر زۆر کەمترە، ئەوەش بەخۆپاڵاوتنی تاکەکەس ئەبێ(هەرکەس بۆناوچەکەی خۆی) نەک بە لیست .بەپێچەوانەی شێوەی رێژەیی کە بە لیستە(بۆ هەموو هەرێم) و نەدەنگدەر ئەزانێ کێ نوینەرێتی و نە هەڵبژێردراویش ئەزانێ نوێنەری چ ناوچەیەکە، مەترسیی تەزویریشی زۆر لیئەکرێ وەک لەهەڵبژاردنەکانی پێشتردا بینیمان.

-2بنکەی دەنگدان بۆ هەر دەنگدەرێک دیاریبکرێ و بۆی نەبێ لە بنکەیەکیتر دەنگ بدات.

-3ئەنجامی هەر سنووقێکی دەنگدان لەهەمان رۆژدا ئاشکرا بکرێ.

-4بارمتەیەکی کەم لە هەر پاڵیوراویک وەرگیرێ کە لە نیو ملیون دینار زیاتر نەبێ.

-5لە ئەگەری هەڵبژاردن بەرێژەیی و بەلیست، ئەم خاڵانە رەچاو بکرێ:

ا- لیستی کراوە یا نیوەکراوە نەک داخراو.

ب- پری بارمتە لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر لیستیک.

پ- رێژەی 7% کەمکرێتەوە بۆ 1%

ئەوانە، سەرباری ئامۆژگارییە ئاساییەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان.

-6هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوەبێ نەک پەرلەمان و ئەم پێشمەرجانەشی تێدابێ:سەربەخۆبێ یا دەس لەپارتییەکەی بکێشێتەوە،هیچ هێمایەکی گەندەڵیی لەسەرنەبێ،جێدەستی لەخەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا دیاربێ،ئاستی رۆشنبیرییەکەی باڵابێ،خێڵخوازی و ناوچەگەرێتیی نەکردبێ،پابەندبوونی خۆی بەم بوارانەوە رابگەیەنێ: سەروەریی یاسا،ئاڵوگۆڕی دەسەڵات،دەسپاکی،خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی کوردا،ئاشکراکردنی سامانی خۆی.

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی ئامادەیی خۆمان پیشانئەدەین بۆبەشداریکردن لە خۆپاڵاوتندا بە هەرکام لەو دوو شێوەو مەرجانەی سەرەوە. بەپێچەوانەی ئەو مەرجانەی سەرەوەش، بەشداری لەخۆپاڵاوتندا ناکەین، بەڵام لەهەموو بارێکدا بەشداریی لە دەنگداندا ئەکەین و ئاشکرائەکەین دەنگ بەو لایەنە ئەدەین کە بیرو بەرنامەی لە ئیمەوە نزیکبێ، بەتایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا:

ا- وەستان دژی هەر کەرتبوێکی قەوارە سیاسیەکەی باشوری کوردستان، یا زیاتر بەستنەوەی بە

داگیرکەرانی کوردستانەوە.
ب-گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەرێگەی یاسایی، ئەگەر نا، ئەوا لەرێی هێزە وە.
پ- کۆتاییهێنان بەپاوانکردنی ئەو جۆرە پارتایەتییەی بووە هۆی شەری ناوخۆ و تاڵانکردنی سامانی کوردستانو دروستبوونی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی وچاوپۆشین لە پاشماوەکانی رژێمی بەعس.
ت- داڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەجۆرێک کە سنوری سروشتی و مێژوویی باشوری کوردستانی تیا دیاری بکرێت.
ج- هەموو داهاتەکانی کوردستان بچێتە گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە داهاتەکانی بەرهەمە نەوتیەکانەوەو دەستی حیزبەکان لەسەر ئەو داهاتانە هەڵگیرێو بنەمای "ئەمەت لەگوێ بوو؟" پەیرەوبکرێ بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.
خ- دامەزراندنی سوپایەکی بەرگری یەکگرتوو و پرچەککردنی بەهەموو جۆرە چەکێکی بەرگریی ئەم سەردەمە.
د- مانەوەی باشوری کوردستان لەم قۆناغەدا بەلکاوی بە دەوڵەتی عیراقەوە، بەندە بەوەوە، کە پەرلەمانو حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دانبنێن بە سنوری سروشتی و مێژوویی کوردستانو گەڕانەوەی ناوچە کوردستانیە داگیرکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستانو دانان بە مافی چارەنووسی نەتەوەکەماندا.
ر-کورد یەک نەتەوەیەوکوردستان یەک نیشتمانەو هەموو دەستکەوتێکی سیاسی و ئابووری ئاراستەبکرێ بۆ یەکێتی کوردو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانو ئازادیو یەکسانی کورد.
ز- جاڕدانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە نزیکترین هەلی گونجاودا.
ئەوانە، سەرباری رەچاوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان و عیلمانی و یەکسانیی هەردوو رەگەزو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بیمەی بیکاری و دادی کۆمەڵایەتی و...هتد
-7داواش لە هەموو هاوبیران و رۆشنبیران و هەموو تاک و کۆمەڵێکی نەتەوەیی نەتەوەکەمان ئەکەین باری سەرنج و پشتگیریی خۆیان بۆ ئەم راگەیاندنە بنێرن بەهۆی ئەم ئیمەیلەوە kk_1959@yahoo.comیا بە مەسیجیک بۆ 07710132210
لەگەڵ رێزمان
هاوبیرانی کوردایەتی
باشووری کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 310

## راگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=20130802205819893336

رۆژی 2013/7/22لەسەر داوای بەرێز مەسعود بارزانی و بەبەشداریی 39 پارتی سیاسیی کوردی،کۆبوونەوەیەک لە هاوینەهەواری سەلاحەدین،بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، سازکرا.
ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، لەو روانگەیەوە کە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی،یەکیکە لە خواست و ویستەکانمان و لە ساڵی 1979دا ئەو بیرۆکەیەمان خستە پێش چاوی هەندێ لایەن و ساڵی 1985 بۆ هەمان مەبەست دەزگای کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دامەزرا، بەچاوێکی پڕبایەخەوە ئەڕوانینە بەستنی کۆنگرەیەکی نە تەوەیی بۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکانی کە بە پلەی

یەکەم بریتییە لە یەکڕیزیی کوردو داڕشتنی نەخشەڕێگەی بەدەسهێنانی داوا نەتەوەییە ڕەواکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا.
هەر لەروانگەی پەرۆشیمانەوە بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین ئەم دیدوبۆچوونانەمان بخەینە بەرچاوی گەل و کارگێڕانی کۆنگرەکە:
-1بەشداریپێکردنی نۆینەرانی کوردی پارچەی پێنجەمی کوردستان لە کۆنگرەکەدا کە رژێمی سۆڤێتی پێشوو، پەرشوبڵاوی کردنەوە بە ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەتداو ئێستە ژمارەیان پتر لە ملیۆنێکە.
-2بەشداریپێکردنی ژمارەیەک لەو کەسایەتییە کوردییە نەتەوەییە سەربەخۆیانەی جێدەستیان دیارە لە بیرو خەباتی کوردایەتی و بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەییدا. هەروەها بەشداریپێکردنیان لە کارگێڕیی کۆنگرەکەدا، بەتایبەتی ئەوان بەچاوێکی گشتگیر و دوور لە دیدی پارتایەتی تەسکەوە ئەڕواننە کارەکەو ئەنجامی ئەدەن. کۆنگرەکەش ئەبێ هی نەتەوەی کوردبێ بە هەموو پێکهاتە حیزبی و ناحیزبیە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیەوە،نەک تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی چەند حیزبێک،یا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئەو نەیارانەبێ کە ئەیانەوێ چەک بەهێزە شۆرشگێرەکانی نەتەوەکەمان دابنێن و دەستەمۆیانبکەن و بەناوی خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیکەوە خەباتی شۆرشگێرانەی کورد لە گۆرنێن !! لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ نەتەوەیەک، نەک هەر دەسبەرداری چەک نەبوە، بەڵکو بەردەوام پەرەو گەشە بەچەکەکانیان ئەدەن، بەتایبەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو دژ بەکورد بەکاریانهێناوەو بەکاریئەهێنن .
-3ئەو کۆنگرەیە نابێتە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەر بەئاشکراو راشکاوانە سەربەخۆیی کوردستان نەکاتە ستراتیجی خۆی.ئەوەش مافێکی رەوای هەر نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی و لەگەڵ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤدا گونجاوە.ئەوەشی لاریی لەو مافە هەبێ، با لەپێشدا ئەو مافە لە نەتەوەکەی خۆی بسەنێتەوە ئەوسا لەکورد.
-4ئێمەش خوازیارین،هەتا بکرێ، داواکارییەکانی نەتەوەکەمان بەریگەی ئاشتی و دیموکراتیانەو دوور لە چەک و خوێنڕشتنبێ، وەک لە کۆبوونەوەکەی 2013/7/22دا جەخت لەسەر ئەو تاکە ریگەیە کراوەتەوە. بەلام ئێمە ئەو رێگەیە بە تاکە ریگە نازانین لەگەڵ هەر داگیرکەرێکی کوردستاندا کە نەک هەر دان بەمافە رەواکانی نەتەوەکەماندا نانێ، بەڵکو هەمیشە، بە نهێنی و بە ئاشکرا، کار بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی نەتەوەکەمان ئەکات! ئەوەتا تا ئیستەش بەردەوام لەرۆژهەلاتی کوردستان بە کۆمەڵ ملی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان ئەکرێ بەدارا لەسەر بچووکترین داواکردنی ئاشتیانەی مافە رەواکانیان. لە باکووریش،دوای کشانەوەی گەریلاکانیش، رژێمی تورک هیچ هەنگاوێکی کردەییانەی بەرەو ئاشتی و مافەکانی کورد نەناوە. لە باشووریش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دە ساڵ بەسەر کەوتنی رژێمی دیکتاتۆریی بەعس و هاتنە سەر کاری رژیمی دیموکراتیانە(!)لە عێراقدا، نەک هەر یەک بست لە ناوچە داگیرکراوەکان نەگەڕێنراوەتەوە سەر قەوارەکەی کوردستان، بەڵکو بەردەوام خەڵکی ئەو ناوچانە بوونەتە ئامانجی کارە تیرۆرستییەکانی (برا)!عەرەبەکانمان. لە رۆژئاواش، تازەبەتازە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و بیلادی شام و بەرەی نوسرە، کەهێشتا جڵەوی حوکمیان نەکەوتۆتە دەست لە سوریادا، هێرشی دڕندانە ئەکەنە سەر کوردو لە مزگەوتەکانەوە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە کوردەکان بکوژن و ماڵەکانیان تاڵانکەن و ژنەکانیان حەڵاڵکەن بۆخۆیان کەگوایە بەوە ئەچنە بەهەشت!! جا ئاخۆ خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیانە لەگەڵ ئەو دڕندانەدا،لە خۆبەدەستەوەدان بەولاوە،هیچ واتایەکی تێدایە !؟
-5وەک سەرنجێک،داخستنی دەروازەی سنووریی نێوان باشوورو رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەم بانگەشەی کۆنگرەی نەتەوەییەدا ناگونجێ !
کەواتە ئەو بانگەشەی(خەباتی ئاشتیانەو دوور لەچەکە) کە لە کۆبوونەوەکەی سەلاحەدیندا ئەدرا بە گوێدا، وەک تاکە ریگەیەک، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەمان، هیچ بنەمایەکی راستی و وانەیەکی سیاسیی تیانیە. زیانی ئەو جۆرە بانگەشەیەش لەم خاڵانەدا بەدیار ئەکەوێ:
أ-کوشتنی گیانی شۆرشگێڕانە لە تا ک و کۆی کوردا.
ب-درێژەدان بە باری کەسێتیی شکستخواردووی کوردو ترساندنی لە خەباتی چەکداری بەجۆرێ کە تەنانەت نەتوانیَ بەرگری لە ژیانی ئاسایی خۆیشی بکا.
پ-هاندانی زیاتری دەسەڵات و گرووپە چەکدارەکانی دژ بەکورد بۆ کوشتاری کورد بە رەها یی و بێ ترس لە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری بەرامبەریان.
ت-گومانی ئەوە دروست ئەبِێ، کە کاسەی ئەو جۆرە بانگەشەیە، بێ ژێرکاسە نەبێ ! و...هتد
-6 هەرچەندە ئێمە لەگەڵ سیستمی حیزبایەتیدانین بۆ نەتەوەیەکی دیل و پارچەپارچەکراوی

وەک کورد، لەگەڵ هەڵاوێردکردنی هیچ قەوارەیەکی سیاسیی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردیشدانین لەمڕۆدا بۆ ئەم کۆنگرەیە.
بۆیە داواکارین بۆ ئەو کۆنگرەیە، ئەو جۆرە دیاردەو بانگەشانە بەدیار نەخرێن. بەتایبەتی ئەو کۆنگرەیە کارێگی خۆبەخۆی کوردەو لەبەردەم هیچ دادگاو لێپرسینەوەیەکدا نەوەستاوە تا پاکانە لەخۆی بکات،. ئنجا وەک کوردەکە ئەڵێ: (کە خاس نازێی خراپ بۆ!؟) با لەو کۆنگرەیەدا ئەگەر ئاماژە بۆ خەباتی چەکدارانە نەکرێ لەبەر بارودۆخەکە، بانگەشە بۆ خەباتی خۆبەدەستەوەدانیش نەکرێ .
لەکۆتاییدا بەهیواین ئەم کۆنگرەیە ببێتە ناوەندێکی هەمیشەیی بۆ یەکخستنی ناوماڵی کوردو بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەمان و گەیاندنی پەیامی یەکدەنگیی نەتەوەکەمان بە ناوەندە جیهانیە بڕیاربەدەستەکان بەمەبەستی پشتگیرییان بۆ دۆزی ڕەوای کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا .

هاوبیرانی کوردایەتی
27/7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 311

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی نوێنەرایەتی حزبە کوردستانییەکان بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020220840777785

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان...
کەس و کارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان...
ئێمە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەدرێژەی دیدار و کۆبوونەوەکانماندا، لە بارەگای مەڵبەندی 3 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری هەولێر کۆبووینەوە، لە کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بەکاروچالاکی ماوەی ڕابردوو گفتوگۆکرا، کارو چالاکییەکان بە ئیجابی هەڵسەنگێنران و کارنامەیەکی نوێیش بۆ کارو خەباتی داهاتوو داڕێژرا.
کۆبوونەوەکە جارێکی دیکە خەبات و بەرخۆدانی شەڕڤانان و پێشمەرگە بەرز دەنرخێنێت و خۆشحاڵە بە پێشەوەچوونەکان گۆڕەپانەکانی شەڕ لە باشووری کوردستان و کۆبانی و ڕۆژئاوای کوردستان و سوپاسگوزاری خۆیشی بە هێزەکانی هاوپەیمانان رادەگەیەنێت کەوا بنکەو بارەگاکانی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) لە کوبانێ بۆردومان کرد، ئەوەش بووە هۆی گۆڕینی هاوکێشەی شەڕ لە کۆبانێ.
دەستخۆشی لە تەواوی گەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەی وڵات و ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات دەکەین کەوا بە چالاکی جۆاوجۆر و خۆپیشاندان چەتە تیرۆریستەکانی داعشیان شەرمەزارکرد و مۆراڵی پێشمەرگەو گەریلا و شەرڤانانیان بەرزکردەوە، ئەم یەکدەنگییەی گەل لە سەرتاسەری کوردستان دەریدەخات ئێمە یەک دڵ و یەک جەستەین و چارەنووسمان یەکە.
بەشدارانی کۆبوونەوە دەستپێشخەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لێکنزیکردنەوەو ڕێککەوتنی لایەنەکانی ڕۆژئاوا بەرز دەنرخێنن و داوا لە تەڤدەم و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا دەکات کەوا ململانێی حزبییەکانیان بخەنە لاوەو بگەنە ڕێکەوتنێک لەنێوان خۆیاندا، لەبەرئەوەی یەکریزی و یەکدەنگی ئەوان دەبێتە فاکتەری بەهێزی پێشوەچوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان.

هەروەها کۆبوونەوە دەستخۆشی لە پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان دەکات بۆ ئەو بڕیارەی داویانە سەبارەت بەرەسمی مامەڵەکردن لەگەڵ خواستی خوشک و برایانمان لە رۆژئاوای کوردستان کە ئەوە یەکێک بووە لە داخوازییەکانی ئێمەی لایەنە سیاسییەکان کە لە کۆبوونەوەی خۆماندا لە 29-9-2014 داوامان کردبوو هەرسێ سەرۆکایەتی کوردستان مامەڵەی رەسمی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان بکەن، بۆئەمەش داوا لە حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دەکەین رێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.
وڵات پارێزانی کوردستان...
ئێمە لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کوردستان لە کار و خەباتی خۆماندا بەردەوام دەبین و داوا لەهەموو لایەک دەکەین هاوکار و پشتیوانمان بن بۆ هێنانەدی یەکێتی و یەکدەنگی، لەو پێناوەشدا داوا دەکەین لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دەست بەکارەکانیان بکەنەوە بۆ ئەوەی بەزووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی وەکو چەترێکی هاوبەش بۆ هەموو لایەنەکان ببەسترێت .
ئێمە لە کارو چالاکی داهاتووماندا بڕیارمانداوە کەوا سندوقێکی کۆمەک بۆ پشتیوانی رۆژئاوای کوردستان دابنێین، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەین لەکاتی دانانی سندوقەکەدا بە هانای خوشک و برایانمانەوە بێن و کۆمەکی سندوقەکەمان بکەن، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی هەموو لایەکمانە.
لەگەڵ رێزماندا ...
لایەنە سیاسییەکان:
-1یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
-2حزبی شیوعی کوردستان
-3یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
-4بزوتنەوەی گۆڕان
-5یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
-6بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
-7حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
-8حزبی ئایندەی کوردستان
-9بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان
-10پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
-11کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
-12پارتی ئازادی کوردستان PAK
-13بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی تورکمان
-14سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
-15حزبی شروقی تورکمانی
-16حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
-17حزبی رزگاری کوردستان RPK
-18پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD
-19پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان
-20پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP
-21کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران(
-22پارتی گەلی تورکمانی عێراق
-23پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان
-24پارتی رزگاری نەتەوەیی تورکمان
-25پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانPCDK
-26پارتی نەتەوەیی کوردستان
-27حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان
-28بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان
-29بزووتنەوەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان _ سوریا
-30پارتی پارێزگارانی کوردستان
-31کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC
-32پارتی سەربەستی کوردستان

33-کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
34-کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK
35-پارتی دیموکراتی کوردستان
36-حزبی دیموکراتی کوردستان
37-کۆما جڤاکێن کوردستان KCK
38-حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
39-بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان
40-پارتی کۆماری کوردستان
41-کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان
42-حزبی تورکمان ئیلی
43-بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 312

## راگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131110091329879996

رۆژی پێنجشەممە، (7-11-2013) لە سایتی ئاوێنە بابەتێک بەناونیشانی (داواکردن لە خوێندکاران بۆ ئەوەی روو لە زانکۆی ئەهلی بکەن گاڵتەجاڕییە) بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی ئەم بابەتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە پێویستی دەزانێت ئەم روونکردنەوەیەی لای خوارەوە بخاتە بەر چاوی رای گشتیی و خوێنەرانی سایتی ئاوێنە:

.1ئێوارەی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (6-11-2013) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەیدا دکتۆر عەلی سەعید وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی ئەنجامی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکانی لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستانی راگەیاند، لە و کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەمساڵ 47 هەزار و 860 دەرچووی ئامادەیی داواکاریان پێشکەشکردوە بۆ وەرگرتن لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم، لەوانەش 34 هەزار و 71 دەرچووی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیران و، 13 هەزار و 789 دەرچوش لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن ماونەتەوە، بەم پێیەش بۆمان رون دەبێتەوە کە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان توانیویانە (72.2%) ی دەرچوانی ئامادەیی لەخۆ بگرن، ئەوە لە کاتێکدا ئەم رێژەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ئاستێکی بەرزدایە، کە رێژەی وەرگرتن لە و وڵاتانە لە (40٪) تێناپەڕێت .

.2بۆ ئەم ساڵی خوێندن، وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراقی فیدراڵ (118 هەزار) دەرچووی ئامادەیی وەرگرتووە بۆ (15) پارێزگای عیراق، لە کاتێکدا کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بۆ (3) پارێزگا (34071) دەرچووی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگرتوە، هەر بۆیە خوێنەران و رای گشتیی سەرپشک دەکەین بۆ بەراوردکردنی ئەم رێژانە .

.3لە لێدوانەکەی وەزیری خوێندنی باڵادا بەهیچ جۆرێک داوا نەکراوە کە دەرچووانی ئامادەییەکان روو لە زانکۆ ئەهلییەکان بکەن، بەڵکو بەڕێزیان تەنها باسیان لە رێژەی پلانی وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکان کردوە، کە ئەوانیش دەتوانن بۆ ئەمساڵ تا 10 هەزار دەرچوی ئامادەیی وەربگرن، ئەم زانیاریەش بە هیچ جۆرێک ناچێتە خانەی گاڵتەجاڕییەوە، بەڵکو تەنها پێدانی زانیارییە دەربارەی رێژەی پلانی وەرگرتن لە و زانکۆیانە .

.4وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەوڵی تەواوی داوە کە سوود لەوپەڕی توانای وەرگرتنی کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم وەربگیرێت، بێگومان هەموو زانکۆیەکی کوردستان توانای وەرگرتنی سنووردارە، بۆ ئەمساڵیش وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا کە (40٪)ی توانای وەرگرتن بۆ هەموو کۆلێژ و پەیمانگەیەک زیاد بکات بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی لە ئامێز بگرن، ئەوە لە کاتیکدایە لە هیچ وڵاتێکی دونیادا هیچ حکومەتێک

ناتوانێت هەموو دەرچوانی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگرێت، بەڵکو زۆرینەی دەرچوان لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دەمێننەوە .
لە کۆتاییدا چاوەڕێمان دەکرد کە راگەیاندنەکان بەشێوەیەکی زانستییانە بەراوردکاریان لە نێوان رێژەی وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکەی دونیا بکردایە، نەوەک بەشێوەی نەگەتیف لە ئەنجامەکانی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم بروانن .
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
10/11/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 313

## راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK

http://www.kurdipedia.org/?q=20131007155335592379

ئەمڕۆ شەممە 5/ 10 / 2013 کۆمیتەی سەرکردایەتی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK)بەسەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتییYNDK ، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکە و کارو خەباتی YNDK کرا.
سەبارەت بە باکووری کوردستان YNDK :خۆشحاڵە بەپێشڤەچوونەکانی خەباتی نەتەوەکەمان لەو بەشەی وڵات و پشتگیری بەردەوامبوونی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد لە باکوور دەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت، لەهەمان کاتدا سیاسەتی فاشییانەی رژێمی تورکیا کە دژی نەتەوەکەمان ئەنجامی دەدات ریسوا دەکات.
لەبارەی رۆژهەڵاتی کوردستان YNDK :بە گرنگی دەبینێت کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی وڵات کار بکەن بۆ کۆکردنەوەی هێزو تواناکانیان، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە نێوان خۆیاندا بۆئەوەی ئامادە بن بۆ ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی کە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا روودەدەن و دێنە پێشەوە.
سەبارەت بە رۆژئاوای کوردستان YNDK :بە گرنگی دەزانێت تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات یەکڕیزو یەکدەنگ بن و بەیەکەوە کاربکەن و خۆیان لە ململانێی حزبایەتی بەدوور بگرن، لەجیاتی حزبایەتی کوردایەتی بکەن و بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرن و خۆیان دوور بگرن لەهەر گرژی و ناکۆکییەک.
لەبارەی باشووری کوردستان: گفتوگۆو هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا کەوا رۆژی 21 / 9 / 2013 ئەنجامدرا، YNDKکۆمەڵێ سەرنج و پێشنیاری لەسەر تەواوی پرۆسەکە هەیە، YNDKبۆ ئەم هەڵبژاردنە لیستی 109ی پێکهێنابوو کە 27 کاندیدی لەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستان لەخۆگرتبوو، کاندیدەکانیش لێهاتوو بوون و پێگەی جەماوەری خۆیان هەبوو، ئەوەی چاوەڕێمان نەدەکرد ئەو دەنگانە بوو کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان راگەیاند، ئەو دەنگانەی لیستی 109 کەراگەیانراوە بەهیچ شێوەیەک بەدەنگی خۆمان نازانین و ئەو دەنگانە دوورن لەڕاستی و لەگەڵ پێگەی سیاسی و جەماوەری YNDK و کاندیدەکانمان یەکناگرنەوەو دەنگەکانی لیستی 109ی YNDK لەو ژمارەیە زۆر زیاترە کە راگەیەنراوە، ئەوەی ئێمە لەچاودێرەکانمان بەدەستمان گەیشتووە لەگەڵ ژمارەی راگەیاندراوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن یەک ناگرێتەوە، لە زۆر شوێن و بە بەرچاوی چاودێرەکانمان بەئەنقەست دەنگی لیستی 109ی YNDK

پووچەڵکراوەتەوەو چاودێرەکانمان لەسەر ئەم پێشێلکارییانە سکاڵایان تۆمارکردووە، هەموو لایەکیش دەزانین کەوا دەستکاری زۆری دەنگی لایەنەکان کراوە لەزیادکردن و فەوتاندن و دەنگی هەندێ لایەن خراوەتە سەر لایەنی دیکە، واتە هەڵبژاردنەکە بێ ساختەکاری نەبووە .
ئێمە لە YNDK بەهیچ شێوەیەک بەم ئەنجامەی لیستی YNDK رازی نین و رەتیدەکەینەوە، بە باوەڕی ئێمە دەستکاریکردنی دەنگی لایەنەکان گاڵتەکردنە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی و خواستی هاوڵاتیان و هۆکارە بۆ ناشرینکردنی ئەزموونی باشووری کوردستان، لەهەمان کاتدا کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەبێلایەن نابینین، بۆیە وەکو پێشتریش رامانگەیاندبوو داواکارین کەوا سندوقەکانی دەنگدان لەلایەن لێژنەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن جارێکی دیکە هەژمار بکرێنەوە، بۆئەوەی هەموو لیستەکان ژمارەی دەنگی راستەقینەی خۆیان بزانن.
سەبارەت بە رەوشی ناوچەکە YNDK :پێیوایە رۆژهەڵاتی ناڤین لە رەوشێکی پڕ ناسک و هەستیارو ئاڵۆزدایە و رۆژ بە رۆژ ئەگەرو پێشهاتی نوێ دێنە پێشەوەو، پێویستە ئێمەی کوردیش سوود لەو دەرفەتە وەربگرین و هاوکاری برایانمان بین لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆئەوەی ئەوانیش کارو خەباتی خۆیان خورت بکەن و بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن.
لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە کاروخەباتی YNDK لەماوەی رابردوودا کرا و کارنامەیەکی تۆکمە لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ کارو خەباتی داهاتووی YNDK دانرا، ئەمەو کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارنامەی خۆی هێنا.

کۆمیتەی سەرکردایەتیی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
2013 / 10 / 5هەولێر _ باشووری کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 314

## راگەیاندنی کۆتایی کۆربەندی هەرێمی بۆ بەشداری ژنان لە ناوەندی بریاردا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140609164444476630

ئەمڕۆ بەرواری 2014/6/9 لە شاری هەولێر، لە ژێر دروشمی (ژنان پێکهاتەیەکی گرنگی گەشەپێدانی هەرێمن، ناکری لە ناوەندی بریاردا نەبن)، (بوونی ئافرەت لە کابینەی هەشتەمی حکومەت بچووکترین بەڵێنە حزبەکان بە دەنگدەرانیان دابو)، کۆربەندی هەرێمی سەبارەت بە پرسی بەشداری ژنان لە ناوەندەکانی بریار بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکان و پەرلەمانتاران وکەسایەتی ونوینەرانی دام ودەزگاکانی حکومەت ورێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بەسترا.
لە روانگەی ئەوەی کە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ئافرەت کاراکتەرێکی بەهێز بووە لە سەرخستنی شۆرشە یەک لەدوایەکەکان بۆیە ئەم کۆربەندە بەشداری ژنان لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەلگا بە گشتی ولە ناوەندەکانی بریار بە تایبەتی بە پێویستیەکی قۆناغەکە دەزانیت.
ژن وەک کارەکتەرێکی سیاسی بەهێز رۆلی پێشەنگی بینیوە لە سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان چ وەک دەنگدەرو چ وەک بانگەشەکارێکی دیارو بەرچاو بۆ سەرخستنی بەرنامەو پاڵێوراوانی حزب و لایەنە سیاسیەکان.
کەواتە وەک چۆن سەرکردایەتی حزب ولایەنە سیاسیەکان جەخت لە ئیستحقاقی ئینتخابی

خۆیان دەکەنەوە بە هامان شێوە ئێمەی ژنانی پارتە سیاسیەکان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وکەسایەتی وچالاکەوانی بواری مافەکانی مرۆڤ جەخت لە ئیستحقاقی ئینتخابی بۆ ژنان دەکەینەوە.
بۆیە پێویستە لە سەرجەم جومگەو پێگەکانی دەستەلات وناوەندەکانی بریار بەشداری ژنان لە رێژەی 30% کەمتر نەبێ ولە هەمان کاتدا داو ا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، هەرچی زووە کاربکات بۆ چەسپاندنی ئەو رێژەیە بە یاسا تاوەکو پرۆسەی یەکسانی ودەستەبەری کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستاندا دەستەبەر بکرێت.
کۆربەندی هەرێمی بۆ بەشداری ژنان لە ناوەندی بریاردا
هەولێر/ هۆلی شەهید سەعد عبداللە
9/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 315

## راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150313095439682 62

بەمجۆرە بە ئاگاداریی هەمووان دەگەیەنین کە لە رۆژانی رابوردودا کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبیی خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە برد .
کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵە، پێکهاتوو لە نوێنەرانی هەموو بەشەکانی رێکخستن، بەبەشداری نزیکەی دووسەد کەس لە نوێنەران و چاودێران بەدوای ئامادەکارییەکی چەند مانگە و بە هەوڵی ماندوویی نەناسانەی هەموو ئەوانەی کە ئەرکی ئامادەکاریی ئەم کۆنگرەیان لەئەستۆ بوو، بە رێک و پێکی بۆ ماوەی چەند رۆژ کاری چڕوپری خۆی لە ئەمنییەت و ئاسایشدا سەرکەوتووانە بەڕێوە برد .
کۆنگرەی چواردەهەم کە بە کۆنگرەی پەتەوی و یەکریزی ناوزەد کرابوو، بە سرودی بانگەواز، سرودی رەسمیی کۆمەڵە و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانبەختکردوانی کۆمەڵە کرایەوە، دواتر راپۆرتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەوە بیست و ئیعتیباری هەڵبژاردنەکە و نوێنەرانی تەئید کرد، دەستەی بەڕێوەبەری خۆی هەڵبژارد و پێرەوی بەڕێوە چوونی کۆنگرەی پەسند کرد و چووە ناو باسەکانی خۆیەوە.
دەستووری کاری کۆنگرەی چواردەهەم، بێجگە لە گوزارشی سیاسی کە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بریتی بوو لە: تاوتوآ کردن و پەسند کردنی ئەساسنامە واتە پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە، سەرخەتی سیاسەتەکانی کۆمەڵە و بڕیارنامە پەیوەندیدارەکان و هەروەها هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی و کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکانی .
یەکەم بابەتی کۆنگرە بریتی بوو لە راپۆرتی سیاسی کە لەلایەن سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشکەش کرا. جێی ئاماژەیە کە گوزارشێکی نووسراو لە کاروباری زۆربەی ئۆرگانەکان و بووارە جۆربەجۆرەکانی حیزبی بەنووسراو پێشکەش بە بەشداربووانی کۆنگرە کرابوو، هەر بۆیەش راپۆرتی سکرتێری گشتی زۆرتر وەکوو لێکدانەوەیەکی سیاسیی پوخت لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئێران و ناوچەکە پێشکەش بە ئامادەبووانی کۆنگرەی چواردە کرا. لەو گوزارشە سیاسییەدا هەروەها گرینگی و جێگەی کۆنگرەی چواردەهەم لە کاری سیاسی و حیزبیماندا ئاماژەی پێکرا و گرینگترین ئەرکەکانی دەورەی داهاتوومان کە بە حوکمی ئەم کۆنگرەیە دەکەوێتە سەر شانی هەموومان شی کرایەوە.
لە راپۆرتی سیاسیدا ئاماژە بە پرسی کورد بەگشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسۆی داهاتووی کرا و لێکدانەوە و هەڵوێستی کۆمەڵە لەحاست هەر کام لە پارچەکانی کوردستان، لەوانە

کوردستانی تورکیە و پرۆسەی ئاشتی، بارودۆخی سوریە و خەباتی کورد لە کوردستانی سوریا، هەرێمی کورستان و هەڵوێستی ئێمە لەم بابەتەوە خرایە بەردەستی بەشداربووانی کۆنگرەی چاردەوە .
لێکدانەوەی بارودءخی ئێران و کوردستانی رۆژهەڵات، بەتایبەت بەدوای هەڵبژاردنی یازدەهەمین خولی سەرۆک کۆماری لە ئێران و ئاکامەکانی تەوەرەیەکی دیکەی راپۆرتی سیاسی بوو .
لە راپۆرتی سکرتێری گشتیدا هەروەها سەرخەتی گرینگترین ئەرکەکانی دەورەی داهاتوومان، لەوانە: باشتر و کارامەتر کردنی راگەیاندن، کاری چڕوپرتر لەسەر بزووتنەوە جەماوەرییەکان، پەرەپێدان بە کاری رێکخستن لەناوەوە، رێک و پێک کردنی کاری رێکخستنی دەرەوەی وڵات، گرینگی دان بە فێرکردن و بارهێنان لە هەموو ئاستێکدا، پتەو کردن و پەرە پێدان و راهێنانی هێزی پێشمەرگە، کاری چڕوپرتر لەپێناو بەرەی کوردستانیدا، پەرە پێدان بە پەیوەندییە کوردستانییەکان، درێژەدان و پەرەپێدان بە پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکراسیخوازی ئێرانی و پەرەپێدان بە کاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان تەئکیدیان لەسەر کرا .
بابەتی دووهەمی کۆنگرەی چواردەهەم، پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوو. ئەو بابەتە کە لەلایەن هاوڕی عەبدوڵڵای موهتەدییەوە پێشکەش کرا، بەرهەمی کاری چەندین کۆمیسیۆن بوو کە ناوبەناو لە ماوەی دوو ساڵی رابوردوو کاریان لەسەر کردبوو، بەتایبەت کاری کۆمیسیۆنێک کە لە نوێنەرانی کۆنگرەی چواردەوە پێکهاتبوو. ئەم بابەتە کە پێش بەستنی کۆنگرەش بەوردی لە سێمینارگەلێک لەگەڵ نوێنەران و چاودێرانی کۆنگرەش تاوتوآ کرابوو، لە خودی کۆنگرەشدا جارێکی دیکە بەوردی خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و سەرەنجام بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا .
چاکسازی لە ساختاری حیزبیمان و لە شێوازی هەڵبژاردن و کار کردنی رەهبەریی کۆمەڵە، یاسامەندتر کردنی کارکردە حیزبییەکان، پەرە پێدان بە میکانیزمەکانی دیالۆگی ناوخۆیی و فراوانتر کردنەوەی ئاڵقەی بەشداری لە دارشتنی سیاسەتەکان، وردتر و روونتر کردنەوەی ئەرک و بەرپرسایەتی ئۆرگانەکانی ناوەندی، دانانی دامەزراوە بۆ لێپرسینەوە و چاودێری و قابیلی لێپرسینەوە کردنی هەمووان، بردنەسەری ئاستی پتەوی و یەکریزی و کوێر کردنەوەی ئەگەری هەر تەکان و شەکانێکی نەخوازراو لە کۆمەڵەدا، سەردەمیانەتر کردن و نزیکتر کردنەوەی شێوازی کاری حیزبیمان لە حیزبە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەکورتی ئەمانە تەوەرەکانی گۆرانکاری لە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە دابوون و بوون بە پەیامی هەموو کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵە .
سەرخەتی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە بووارە جۆراوجۆرەکان، کە پێشتر لە سێمینارەکانی ئامادەکاریی کۆنگرەی چواردەهەم لە مانگەکانی رابوردوودا درابوونە بەر باس و لێکۆڵینەوەی ئەندامان و لە کۆمیسیۆنێکی تایبەتیشدا پێش کۆنگرە کاریان لەسەر کرابوو، خاڵێکی دیکەی کاری کۆنگرە بوو. پریار و پەسندکراوەکانی سەر بەم بابەتە لە رۆژانی داهاتوو، وێرای پێڕەوی ناوخۆ و بەڵگەنامەکانی دیکەی کۆنگرە بۆ ئاگاداری هەمووان بڵاو دەکرێتەوە. جێگەی ئاماژەیە کە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ هاورێیانی پێشوومان و خستنەگەری دەستپێشخەرییەکی نوآ، وێرای تەئیدی سیاسەتی تا ئێستای کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەو بووارەدا، یەکێک لە تەوەرەکانی دیکەی ئەو مادەیە لە دەستوری کاری کۆنگرەی چواردەهەم بوو .
هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکانی خاڵی کۆتایی دەستوری کاری کۆنگرەی چواردەهەم بوو. کۆنگرە سکرتێر و پازدە کەس ئەندامی ئەسڵی و سآ جێگری بۆ خزمەت کردن لە ئاستی سەرکردایەتیدا بە دەنگی نهێنی نوێنەرانی خۆی هەڵبژارد کە بەم جۆرەی خوارەوەن:
فاروق بابامیری، سەلاح بایەزیدی، ناهید بەهمەنی، زاگرۆس خوسرەوی، خالید حسێن-زادە، رەفیق حسێن¬پەناهی، ساڵح شەریفی، تاهیر عەبدپەناە، خالید عەلیپور، عەزەم قوبادی¬پور، محمد کوردی، ئەنوەر محمدی، ئەبوبەکر مودەریسی، عەبدوڵڵا موهتەدی (سکرتێری گشتی)، و جەلال ناوە وەکوو ئەندامانی ئەسڵی و هەروەها جەمال ئەحمەدی، عەلی بەهمەنی و سۆران پاڵانی وەکوو ئەندامانی جێگر .
لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانین بەبۆنەی بەڕێوە چوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی چواردەهەمەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو ریزەکانی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بکەین و دەستخۆشی و ماندوونەبینییەکی گەرم و گوریش پێشکەش بە هەموو ئەو هاورێیانە بکەین کە ئەو ئەرکەیان بە رێک و پێکی بۆ راپەڕاندین و دەستی هەموو ئەوانەی کە لە بواری ئامادەکاریی سیاسی، ئەمنییەت و پاراستن، بەشی تەکنیکی و تەداروکات و هەر وەها هەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە هەلی گرتنی کۆنگرەیەکی سەرکەتوویان بۆ کۆمەڵە رەخساند

بەگەرمی بگووشین .
کۆنگرەی چواردەهەم لە هەموو ریزەکانی کۆمەڵە داوا دەکا کە هەڵسووڕاوانە و بە گەرم و گوڕی ئەرک و راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە بەڕێوە بەرن و ماندوویی¬نەناسانەتر و خۆنەویستانەتر لە جاران بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانمان تێبکۆشن. سەردەمەکە هەستیارە، چاوەڕوانییەکان زۆرن و ئەرکەکان قورسن. لەپاڕ هەبوونی سەختی و هەڕەشە و مەترسییەکان، ئاسۆیەکی روونیش لە بەردەممان دایە و ئێمە لە بەرامبەر ئەزموونێکی گەورەدا وەستاوین. بەرچاو روونی سیاسی، پتەوی و یەکڕیزی و کاری ماندوویی¬نەناسانە کلیلی پێشڕەوی و سەرکەوتنمانە .
کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
4ی گەلاوێژی 1392، 26ی ژوئیەی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 316
# راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2013111020293887951
رۆژی شەممە 2013/11/.2 لە شاری ستۆکەۆڵم کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد بەڕێوەچوو. کۆنگرەکە بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادی و دیموکراسی دەستپێکرد و لە درێژەدا کاک سیامەندی موعینی سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان راپۆرتی کار و چالاکیەکانی نێوان کۆنگرەی پێنج و شەشی پێشکەشکرد و پاشان دوا بەدوای هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکەی ناوبراو و ئەرێکردنی لە لایەن بەشداربوانەوە، رەوشی ئەمرۆکەی مافی مرۆڤ لە کوردستان و بەتایبەت رەوشی زیندانیانی سیاسی و مەسەلەی کۆڵبەران هەڵسەنگێندرا. لە کۆنگرەدا دوای تاوتوێکردنی بۆچوونی بەشداربوان کۆمەڵێک بڕیاری گرینگ دران. لەوانەش گۆڕینی ناوی "کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد" بە "کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان"، لابردنی پاشگری "ئەوروپا" لە ناوی فەرمی کۆمەڵەکەدا و هەروەها بەرفراوانکردنی مەیدانی کاری کۆمەڵە مافی مرۆڤی کوردستان بریار درا .
سەبارەت بە ئامانجەکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان بریاردرا کۆمەڵە چالاکیەکانی لە بەرامبەر بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بە بەشێکی کوردستان سنووردار نەکات و لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژیت کار بۆ سەرخستنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە سەبارەت ماف و ئازادیەکانیانەوە بکرێت. لە کۆنگرەکەدا جەخت لەسەر پەرەپێدانی هاوکاری لەتەک رێکخراوەکانیتری مافی مرۆڤ کرایەوە و لەم پێناوەشدا چەند بڕیارێک گیراون.
لە کۆنگرەی شەشەمدا تێروانی بۆ پرسی مافی مرۆڤ پێداچوونەوەی بۆ کرا. لە تێروانینی نوێی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستاندا، چەمکی مافی مرۆڤ بە مافەکانی تاکەوە سنووردار نابێت و چەندە لەسەر مافی تاک راوەستە دەکات لە هەمان ئاستیشدا مافەکانی کۆمەڵگا و کۆمەڵ و هاوکات ژینگەپارێزی بە بنەما دەگرێت و لە پێناویاندا تێکۆشان دەکات.
لە بەشی سێەەمدا بۆ بەریوەبەری نوێی "کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان" دەنگدان کرا و لە چوارچێوەیەشدا قەوارەی رێکخراوەیی گۆڕانکاری بەسەردا هات. سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ هاوسەرۆکی گۆڕا و هاوکات دەستەیەکی بەرێوبەری پێکهاتوو لە 7 ئەندام و دوو جێگری هەڵبژێردران.
کاک "هیوا بوتیمار" وەک ئەندامی فەخری دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردرا و ئەندامی دەستەی بەریوبەری بریتین لە "مەعسوومە ئەمین"، "زێنەب بایەزیدی"، "سەعید سەنەندەجی"، دوکتور "سەیران حوسەینی"، "ئەمیر بابەکری"، "رەزا مەنوچێەری" و"جەهانگیر عەبدوڵلاەی"،هەر وەها دوو جێگری دەستەی بەریوەبەری بریتن لە "ئەمیر فیرووزی" و "نگین شێخولئیسلامی" و هاوسەرۆکانی

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان بریتین لە مەعسوومە ئەمین و سەعید سەنەندەجی.
لە بەردەوامی کۆنگرەکەدا بەپێی پلان و دابەشکردنی ئەرکەکان بەشداربوان پریاریان دا کە شێلگیرانە و لە ئاستێکی بەرزدا درێژە بە ئەرکەکانیان بدەن .
لە کۆتاییدا لەسەرناوی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، هاوسەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز مەعسومە ئەمین سپاس و دەستخۆشی لە سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەکە واتە سیامەند موعینی کرد و کۆنگرەکە لە کەش و هەوایەکی باش کۆتایی پێهات .

هاوسەرۆکانی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان
مەعسوومە ئەمین سەعید سەنەندەجی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: 🌏دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 317

## ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی هەژدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015053114252585425

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2015/5/29 بەبەشداری زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب، کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەژدەهەمین پلینۆمی خۆی بەست.سەرەتا پلینۆم بەدەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ ڕێزلێنان لەژیان و خەباتی هاورێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم و بەسرودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکرد.پاشان گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی کاری پلینۆم کراو سەرئەنجام ئەم بەندانەی خوارەوە وەک بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکان دیاریکران:
1/ڕاپۆرتی دەورەیی کارو هەڵسورانی ئۆرگانەکانی حزب.
2/بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان.
3/هەڵبژاردنی دەستەی ئەمینداران(هەیئەتی ئومەنا)ی حیزب.
4/بارودۆخی دارایی حزب.
5/هەڵبژاردن.
لەبەندی ڕاپۆرتی کاروچالاکیەکانی حزبدا، سەرەتا هاورێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی لەقسەوباسێکدا جگەلە خستنەرووی لایەنە سەرەکیەکانی ئەم دەورەیەی کارو هەڵوسورانی ڕێکخستنەکان لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و باقی ئۆرگانە ڕابەریەکانی حزب، هاوکات پەنجەی خستەسەر خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەڵسورانی حزب و ئەو بەربەستە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی دەستنیشانکرد کەلەبەردەم پێشرەوی و فراوانبوونەوەی هەڵسورانی حزبدان، پاشان قسەوباس و سەرنجدانی هەریەک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر راپۆرتەکان و کاری ئۆرگانەکان تەوەرەی بەست و بەگشتی هەموان تەئکیدیان لەسەر پێویستی ڕاوەستان و بەدەستەوەگرتنی ستراتیژی حزب و خەتێکی سیاسی و فکری جیاواز کردەوە کەکۆنگرەی چوارەم وەک ئاسوی کار پەسەندی کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا، وردکردنەوەی ئەولەویاتەکانی هەر دەورەیەک و دیاریکردنی کەمپین و پرۆژە سیاسیەکان و ئاراستەکردنی هێزەکانی حزب بەدەوریاندا، خالێک بوو کەقسەوباسەکانی پلینۆم لەسەری تەوەرەیان بەست. لەکۆتایشدا پلینۆم لەبارەی میکانیزمەکانی هەڵسورانی کۆمەلایەتی حزب و ئالوگۆر پێدانی شێوازی کاری رابەری و ئۆرگانەکان و سیستەمی چاودێری و ڕاپەراندنی کاری حزبیان لەدووتوێی پەسەندکردنی چەند پریار و

هەنگاوێکدا پەسەندکرد.
لەبەندی بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستاندا، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف بەوتەیەک باسەکەی کردەوە و تیایدا، ئاماژەی بەدوا گۆڕانکاریەکانی بارودۆخی سیاسی ئیستای کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی بلۆکبەندیە سیاسیە جیهانیەکان و ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە و درێژەکێشانی جەنگی داعش کرد و ئاکامە زیانبارەکانی ئەم دۆخەی لەسەر هەلومەرجی ژیان و کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرجەم کۆمەڵگا خستەروو، هاوڕێ عوسمان لەدرێژەی قسەکانیدا، وێرای ئاماژەدان بە مەترسیەکان و ڕەوەندە سیاسیە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە تەئکیدی لەهێنانەمەیدانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، وەک تەنها فاکتۆرێکی بریاردەر کردەوە بۆ بەلاداخستنی هەلومەرجی ئێستا و کۆتایی هێنان بەجەنگی داعش و ئەو گێژاوە سیاسی و بێدەرەتانیە ئابوریەی کەکۆمەڵگای کوردستانی پیا تێپەردەبێ. دواتر قسەوباسەکانی پلنیۆم ئەو بنبەستە سیاسیەی کەئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد چ لەبەڕیوەبردنی کۆمەڵگاو چ لەکێشمەکێشی نێوانیان و چ لەبەرامبەر داعش و دەوڵەتی مەرکەزیدا تێیکەوتوە، بەخاڵێکی مەرکەزی بۆ خستنەرووی دەستبەجێی ڕێگا چارەیەکی شۆڕشگێرانە کەبەهۆیەوە کۆمەڵگای کوردستان لەم هەلومەرجە دەربێنێ دەستنیشانکرد.پلنیۆم زەرورەتی خەباتی لێبڕاوانەی بۆ پاکردنەوەی داعش لەناوچەکە و هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە گێژاو و ناجێگیری سیاسی کە لەئاکامی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی بۆرژواز ناسیۆنالستی کوردەوە بەسەر کوردستاندا سەپاوە و بەربەستێکە لەسەر ڕێگا گەیشتنی کۆمەڵگای کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازاد و سکولار و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی باشتر، وەکو یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی دەورەی داهاتوی هەڵسورانی خۆی دیاریکرد.
لەکۆتایشدا پلنیۆم مەکتەبی سیاسی ڕاسپارد کەبەیاننامەیەکی سیاسی بڵاوبکاتەوە و تێیدا لێکدانەوە و ڕێگاچارەی حزب لەبەرامبەر هەلومەرجەکانی ئێستا بەڕای گشتی خەڵکی کوردستان بگەێنێ.
لەبەندی تایبەت بە دەستەی ئەمینداران(هەیئەی ئومەنا)دا، پلنیۆم بۆ پەیگیری لەبڕیاری کۆنگرەی چوارەم، ناوی لیستێکی لەکادرانی بەئەزمونی حزب بۆ ئەندامێتی لە دەستەی ئەمیندارانی حیزبدا پەسەندکرد، کەساڵانێکی زۆرە لەئۆرگانە ڕابەریەکانی حزبدا کاریان کردووە، و چۆنیەتی ڕاگایاندنەکەشی بەمەکتەبی سیاسی سپارد.
لەبەندی تەرخانکراو بۆ بارودۆخی دارایی حزبدا، پلنیۆم بەدوای چاوخشاندنەوە بەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و سەرجەم داهات و خەرجیەکاندا، لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردن و باشترکردنی باوردۆخی دارایی حیزب قسەوباسی کرد و ئەو هەنگاوانەی دیاریکرد کەبەهۆیەوە دابینکردنی بودجەی مانگانەی حزب دابین دەکات.لەمبارەوە پلنیۆم ئەو بڕیارانەی پەسەندکرد کەلەلایەن لیژنەی داراییەوە پێشنیارکرابوون.
دوا بەندی باسەکانی پلنیۆم کەبریتی بوو لەهەڵبژاردنی سکرتێر و جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تازە، پلنیۆم بەتێگرای دەنگ هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف و موحسن کەریمی وەکو سکرتێر و جێگری سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردەوە. هەروەها هاوڕێیان حسین ساڵح، بەهار مونزیر و عرفان کەریم وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دوبارە هەڵبژێردرانەوە.پلنیۆمی هەژدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی بەدوای ڕۆژێک لەقسەو باسی چڕوپڕ و هەمەلایەنە لەسەر سیاسەت و جیهەتگیری ولایەنەکانی هەڵسورانی حزب، بەسرودی ئەنتەرناسیوناڵ کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
30/5/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
جۆری دۆکومێنت: •ەزمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 318

# ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122309572468324

ڕۆژانی 19و2014/12/20 کۆنگرەی چوارەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەبەشداری نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی کوردستان و دەرەوی وولات و بە ئامادەبوونی وەفدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ژمارەیەک میوان، بەرپاکرا .
سەرەتا ڕاپۆرتی چۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەوە، پێشکەشکراو فرسەت درا بە پێشکەشکردنی سەرنجو تێبینیەکان لەسەری. دوای وەڵام دانەوەیان، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نوێنەران پەسەندکراو کۆنگرە ڕەسمیەتی یاسایی وەرگرت.
کۆنگرە بەسرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزلێنان لەژیان و خەباتی هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای ئازادی وسۆسیالیزمو بەتایبەتی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد دەستی پێکرد.
هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ووتەی کرانەوەی کۆنگرەی پێشکەشکردو تیایدا ئاماژەی بە گرنگیو جێگاو ڕێگای کۆنگرەی چوارەمی حزب کرد لە پەیوەند بەهەلومەرجی ئیستای ناوچەکەو عێراقو کوردستانو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەبەهۆی سەرهەڵدانی داعشەوە سەریان هەڵداوە .
دوابەدوای وتاری کردنەوەی کۆنگرە، دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێردراو ڕێساکانو بەرنامەی کاری کۆنگرە پەسەند کرا.پێش دەسپێکردن بە بەرنامەی کاری کۆنگرە، پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن هاوری موئەیەد ئەحمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیەوە پێشکەش کرا. تیایدا سەرنجی ئامادەبوانی بۆ دۆخی سیاسی عێراقو کوردستانو ناوچەکەو پێویستیی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی کۆمۆنیستیو توندکردنەوەی خەباتو تێکۆشانی هاوبەشی هەردووحزب بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرجە لەڕوانگەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ڕاکێشا.
بەرنامەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لەم بڕگانەی خوارەوە:
1/ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی حزب لەنێوان دوو کۆنگرەدا.
2/بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان لە کوردستان"
3/دوو بەڵگەنامە لەپەیوەند بەئاڵوگۆرە سیاسیەکانی دوای گرتنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی دەولەتی ئیسلامی(داعش)ەوە .
4/بەرنامەی حزب.
5/بریارو بڕیارنامەکان.
6/مالیە.
7/هەڵبژاردن.
لە بڕگەی ڕاپۆرتی نێوان دوو کۆنگرەدا، هاورێ عوسمانی حاجی مارف لەڕاپۆرتێکی سیاسیدا، ئاوری لە لەگرنگترین ئەو قۆناغ وێستگە سیاسیو عەمەلیانە دایەوە کە بەشو ئۆرگانەکانی حزب تێپەری کردووە. پەنجەی لەسەر کەموکوریو بەربەستەکانی سەر ڕێگای پێشرەویو گەشەی حزب داناو خاڵە پۆزەتیفەکانی هەڵسورانی ئەو دەورەیەشی خستەڕوو. دواتر لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە سەرنج لەکارو چالاکیەکانی حزب درا. لەئەنجامدا ڕەوتی باسەکان تەئکیدیان لە دروستبوونی سیاسەتی ئەم دەورەیەی حزب، وەک سیاسەتێکی جیاوازو چینایەتیو کۆمۆنیستی بەرامبەر بە ڕووداوەکان کردەوەو هاوکات پێویستیی گۆرانی ئاراستەی کاری حزب بەرەو ناوەندی خەباتێکی کۆمەڵایەتیو هەمەلایەنەی کرێکارانو زەحمەتکێشانی کوردستانو دەرکەوتی حزب وەک ئاڵتەرناتیڤێکی چینایەتی- سیاسی بەرامبەر بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو گشت بارودۆخی ئێستا دیاری کرد.

لەدووەم بڕگەی بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد قسەوباسێکی لەسەر بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان لە کوردستان"، پێشکەش کردو تیایدا، ئاماژەی بەگرنگیو جێگاوڕێگای ئەم بەڵگەنامەیەی لەخەباتی حزبو جوڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵگای کوردستان کردو هاوکات بەربەستەکانی بەردەم خەباتی چینی کرێکار بۆشۆڕشی سۆسیالیستی و ڕێگاکانی بەسەرئەنجام گەیاندنی ستراتیژی حزب وقۆناغەکانی خستەروو. پاش قسەوباسو سەرنجی هاوڕێیان کۆنگرە ئەم بەڵگەنامەیەی پەسەندکردو کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپارد لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی کۆنگرەو ئەو سەرنجانەی خرانەروو، دەقی کۆتاییەکەی ئامادە بکاتو بیکات بە بنەمای کارو هەڵسورانی حیزب.

لەبڕگەی سێهەمی باسەکاندا، دوو بەڵگەنامەی جیاواز سەبارەت بە ئاڵوگۆرە، سیاسیەکانی دوای گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە خرانە بەردەم کۆنگرە. یەکێکیان بەڵگەنامەی "ئاڵوگۆرە سیاسەکانی ئەم دواییانەی عێراقو کوردستان و پلاتفۆرمی هەردوو حیزب.." بوو. ئەوی دیکەیان " پلاتفۆرمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە شەڕی دژی داعش و تیرۆریزمی ئیسلامیدا" کە لەلایەن هاوڕێ ئاسۆکەمالەوە، پێشکەش کرا. هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، ئاسۆ کەمال وموئەیەد ئەحمەد لەبارەی بەڵگەنامە ئامادە کراوەکانەوە، قسەوباسیان پێشکەشکرد. پاشان نوێنەرانی کۆنگرە وتووێژی چڕو هەمەلایەنەیان لەبارەی هەردوو بەڵگەنامەکەوە کردو سەرەنجام، بەڵگەنامەی هاوبەشی هەردوو حزب پەسەند کراو کۆمیتەی ناوەندی داهاتوو ڕاسپێردرا کە لەسەر بنەمای سەرنج و باسەکانی ناو کۆنگرە، بەڵگەنامەکە، دارێژێتەوە و ئەو لایەنانەی پلاتفۆرمی هاوڕێ ئاسۆ کەمال کە لە قسەوباسەکانی کۆنگرەدا پێداگری لەسەرکرا، لەو بەڵگەنامەیەدا بگونجێنێت.

بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کاری کۆنگرە تایبەت بوو بە بەرنامەی حیزب "بەرنامەی دونیایەکی باشتر" و ئەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازیانەی،کە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێهەمی حیزب، تێیدا ئەنجامدرابوو. کۆنگرە ڕەزامەندی لەسەر ئاڵۆگۆڕیەکان نیشانداو کۆمیتەی ناوەندی داهاتووی ڕاسپارد، کە گەڵاڵەی کۆتایی بەرنامە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەی خرانە ڕوو ئامادە بکاتو بڵاوی بکاتەوە .

لە بڕگەی پێنجەمدا، کۆنگرە وێڕای ئەوەی چاوی خشاند بەسەر ڕاپۆرتی دارایی حزبدا، لەسەر دۆخی دارایی حزب ڕاوەستاو گرفتە داراییەکان بەردەم هەلسورانی حزب و ئۆرگانەکانی تاوتوێ کردو ڕێوشوێنی پێویستی بۆ وەڵامدانەوە پێیان دیاری کرد .

لەبەندی بڕیارو بڕیارنامەکاندا، کۆنگرە چەند بڕیارێکی خستە بەرباسەوە کەلەڕاستای "گۆڕانکاری لەشێوەکاری ڕابەری"،" سیاسەتی ڕاگەیاندنی حزب"، "یاسای یەکسانی ژن وپیاو"دا ئامادەکرابوون. لەئەنجامدا بەشێک لەم بڕیارانەی پەسەند کردو ژمارەیەکیشی سپارد بەکۆمیتەی ناوەندی داهاتوو. هەر لەم بەندەدا کۆنگرە بڕیاریدا پەیامی پشتیوانی بۆ مقاوەمەت و ڕاوەستانەوەی دلێرانەی چەندمانگەی خەڵکی کۆبانی لەبەرامبەر پەلامارەکانی داعشدا بۆسەر ئەم شارە بنێرێ .

دوا بەندی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو کە لەژێر چاودێریو بە ئامادەبوونی دادوەرو نوێنەری پارێزگا بەڕێوەچوو. دوای کردنەوەی دەرگا، بەڕووی خۆکاندیدکردنی هاوڕیاندا، سەرەنجام هەریەک لە هاوڕێیان" عوسمانی حاجی مارف،محسن کەریم، ڕیبوار ئەحمەد، خەسرەو سایە، بەهار مونزیر، دەشتی جەمال، عیرفان کەریم، حسێن ساڵەح، وەستا مەهدی، مستەفا باهیر، موئەیەد ئەحمەد"بە ئەندامانی هەمیشەیيو هاورێیان"جەبار مستەفاو جەمال محسن"ی وەکو ئەندامانی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران .

لە دوای تەواوبوونی بەرنامەی کاری کۆنگرە، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف وتاری کۆتایی کۆنگرەی پێشکەش کردو بە سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بەکارەکانی کۆنگرە هێنرا.بەم جۆرە کۆنگرە دوای دوو ڕۆژ لەقسەوباسی گەرم وگوڕ و ڕاشکاوانە، پەنجەی خستنەسەر گرفتەکانو دوای دیاریکردنی ئاراستەو هەنگاوەکانی داهاتووی حیزب، کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی پلنیۆمی حەڤدەهەمی خۆی گرێدا، کە تیایدا هەریەک لە هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف، محسن کەریم، عیرفان کەریم، بەهار مونزیر، حسین ساڵەح" وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرانو هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف و محسن کەریم وەکو سکرتێرو جێگری سکرتێر هەڵبژێردران .

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

21/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 319

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی هاوڕێ سیاوەش مورادیان لە نزیک شاری شەنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010509491084523



هاونیشتمانیانی خۆراگر
لاوانی ناسیونالیست
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە کات ژمێر 4 پاش نیوەرۆی ڕۆژی چوارشەمە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە 31/ 12 / 2014 هاوڕێ تێکۆشەر و کوردپەروەر و رۆڵەی بە جەربۆزەی ناو ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هاوڕێ " سیاوەش مورادیان " ناسراو بە هاوڕێ " شێربەگ " لە شەرێکی قارەمانەی دژی " داعش " لە 300 میتری شاری " شەنگال " بە دەستی جنایت کارانی " داعش " شەهید کرا.
هاوڕێ شێربەگ لە 18 / 11 / 2014 لە گەڵ ئەو تیمە لە پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە بە مەبەستی شەڕ دژی داعش و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان چوون و لە 17 دیسامبری 2014 لە قوڵی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، هێرش دەکەنە سەر چەکدارانی " داعش " لە شاری " شەنگال " و تا کاتی شەهید کرانی جوامێرانە وەک پێشمەرگەی کوردستان و رۆڵەی بە وەفاو چاونەترسی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان دا مایەوە.
کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەم بۆنە دڵتەزێنەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی کاک سیاوەش و شاری کورد پەروەری مەهاباد و سەرجەم کوردستانیان بە گشتی و هاوسەنگەرانی ناو ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە تایبەتی دەکات و هیوادارین ڕێگای پر لە شانازی هاوری شەهیدمان کاک " سیاوەش مورادیان " پر ڕێبوار بێت.
بژی کورد
پایدار بێت کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
1 / 1 / 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 320

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵە سەبارەت بە گرژی نێوان پ.ک.ک و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=20150526152025853‌93

ماوەی چەند ڕۆژێکە گرژی و کێشە لە نێوان پ.ک.ک و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکردوە. لە ئاکامدا سەرەڕای حەولی ئێمە و لایەنگەلی دیکەش، ئەم کێشەیە دوێنێ بەیانی، یەکشەممە 24. 5. 2015، بوو بە هۆی ئەوە تەقە لە نێوانیان ساز بێ و لە لایەن گەریلاکانی پ.ک.ک وە هێرش بکرێتە سەر ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات لە دەوری کێلەشینی سەر سنوری نێوان شنۆ و سیدەکان. بە داخێکی زۆرەوە پێشمەرگەیەک شەهید بووە و سێ کەسی دیکەش بریندارە.

ئێمە وێرای دەربڕینی ناڕەزاییمان لەو ڕوداوە و مەحکومکردنی دەستبردن بۆ چەک لە کێشەی ناوخۆییدا و داخی زۆرمان بۆ کوژرانی پێشمەرگەیەکی کوردستان لە پێکهەڵپڕژانی چەکدارانەی ناوخۆیی، بە پێویستمان زانی جارێکی دیکەش لەم ڕاگەیاندنەدا هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەو خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە بەر دیدەی هەموان:

1.کۆمەڵە لە مێژە و هەر لە ساڵانی زووەوە پەنابردنی بۆ چەک لە کێشە و ململانێی ناوخۆیی هێزەکانی ناو بزوتنەوەی کوردیدا بە نادروست زانیوە و دژایەتی هەر چەشنە پاوانخوازیەکی کردوە. ئێمە بە دایم خوازیاری ئازادی هەڵسورانی سیاسی و چالاکی هێزە سیاسیەکان، سەرەڕای هەبوونی ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز بووین. هەمیشە پێداگریمان کردوە لەسەر چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان بە ڕێگای دیالۆگی سیاسی چ لە ناو پارچەیەکی کوردستان و، چ لە نێوان هێزی سیاسی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتریدا.

2.چالاکی و خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران بە مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوانە بە مافی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیشی دەزانین. بۆیە چوونی پێشمەرگەی ئەو حیزبە یان لایەنێکی دیکە بۆ سەر سنور و بۆ پێوەندی لەگەڵ خەڵک و چالاکی و خەبات، پێویستە لە لایەن هەموو هێزێکی دیکەی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ(بە گوێرەی توان و واقیع) تەنانەت کارئاسانی بۆ بکرێ. لە هەمان کاتدا تەئکید دەکەینەوە لێکنزیکبوونەوەی دوو هێزی چەکداری کوردی یان بوونیان لە ناوچەیەکی هاوبەش، دەخوازێ بە هەماهەنگی و جۆرێک لە ئاگادارکردنەوەی یەکتر ئەنجام بدرێ تا بەر بە ڕوداوی نەخوازراوی لەم چەشنە بگیرێ.

3.لە ڕوانگەی ئێمەوە بە هەڵسوکەوتی بەرپرسانە و بە هاوئاهەنگی دەکرا لەم ڕووداوە بەرگری بکرێ و کار نەگاتە ئەوەی ڕوویدا. یەکەم: پێویست بوو حیزبی دێمۆکرات بەر لە جێگیرکردنی هێزەکەی، بۆ هاوئاهەنگی زورتر لەگەڵ پ.ک.ک کە هێزێکی چەکداری زۆری لەم ناوچەیە هەیە، حەولی زۆرتر بدات و تەنانەت ئەگەر پ.ک.ک لارییەکی هەبوایە لە هاوئاهەنگی دەکرا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت حکومەتی هەرێمی ئاگادار و تێکەڵ مەسەلەکە کردبایە. دووهەم: پ.ک.ک کە لەم دەڤەرە دەسەڵات و هێزی زۆریان هەیە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک بهێڵن کێشەکە بگاتە لێکدانی چەکدارانەو، دەیانتوانی بەر بەو ڕوداوە دڵتەزێنە بگرن. دەیانتوانی ئەوانیش داوای لێژنەیەکی حیزبە کوردستانیەکان و بە تایبەت هێزەکانی ڕۆژهەڵات بکەن تا بە دیالۆگ و هێمنانە چارەسەر بدۆزرێتەوە، بۆیە بەرپرسایەتی تەقە و پێکدادان لەم دەڤەرە دەکەویتە ئەستۆی هێزەکانی پ.ک.ک و کارێکی نابەرپرسانە بووە.

4.بە پروای ئێمە هەر چەشنە ئاورخۆشکردن و دنەدانی لایەنێک بۆ درێژەپیدانی ناکۆکیەکە لە قازانجی دوژمنانی گەلی کورد و کارێکی نابەرپرسانەو، لەبەرچاونەگرتنی ئەم دۆخەیە کە ئەوڕۆ کوردستان ڕووبەڕووی تیرۆریزمی داعش بۆتەوە. ئێستا کە بزوتنەوەی کوردستان ئیعتیبار و خۆشەویستی لە ڕای گشتیی جیهانیدا پەیدا کردوە، ئێستا کە دەرفەتی ئەوە هاتوتە پێش

ئاواتەکانی ئەم گەلە و ئەو بزوتنەوەیە پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ هەبێ، پێویستە ئەم گرفتە و هۆکارەکانی چارەسەر بکەین. بەر لە هەر شتێک دۆخەکە ئارام بکرێتەوە و بەستێن بۆ دیالۆگ برەخسێندرێ و نەهێڵین ناحەزانی بزاوتی رزگاریخوازی کورد لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و بە ئامانجە ناڕەواکانین بگەن. بۆیە خوازیاری دیالۆگ و دانیشتنی بەپەلەی دوو لایەن و چارەسەری سیاسی کێشەکانین. تەنانەت لامانوایە پێویستە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان مەودایان بدرێ تا ڕۆڵی دڵسۆزانە و نێوەنجیگەری خۆیان بگێڕن. دەبێ بە فەوری هێرشی راگەیاندن بۆسەر یەکترین بوەستێندرێ، پێویست دەکات مێدیای کوردی حەولی هێورکردنەوە و چارەسەر بکەنە پیشە، پێویستە خولقینەران و ڕێگاخۆشکەرانی تەقەی ڕۆژی یەکشەممە 24. 5. 2015 لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ و دەستەیەکی بێلایەن کە بە رەزامەندی هەرتک لا بێ، بۆ ئەم ئەرکە دیاری بکرێن.

.5ئێمە وەک هەمیشە پرِوامان وایە کە وەزعی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا زیاتر لە پێشوو دەخوازێ تا هێزە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان چەترێکی هاوئاهەنگی بۆخۆیان دروست بکەن. دەبێ ئەو راستیە بسەلمێنین کە هیچکام لە لایەنەکانی ڕۆژهەڵات ناتوانن بە تەنیا و حەولی تاکلایەنە لەم قۆناغەی ئێستا سەرکەوتوانە دەرباز بن و بتوانن بەسەر بەربەستەکانی سەر رێگای بزاوتی کوردی لەم پارچەیەی کوردستاندا، زاڵ بن.

دەستەی کارگێریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
25ی مەی 2015ی زایینی – 4ی جۆزەردانی 1394ی هەتاویی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 321

## راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی - (کۆهاک) سەبارەت هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پارێزگاکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010210401786930

دوای تێپەڕبوونی نەوەد ساڵ بەسەر بەزۆرلکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقی عەرەبییەوە کەبووەهۆی ئەو هەموو مەرگەساتانە بەسەر نەتەوەی کوردماندا، هێشتا پارتەکوردییەکان زیاتر پێشبڕکێیانەبۆ رووکردنەبەغداد و وەرگرتنی پۆست و چوونەناو پەرلەمانی عێراقەوە، بەبێ ئەوەی ئەو هەوڵانەبەدرێژایی فەرمانڕەوایەتیی پاشایەتی و قاسمی و عارفی و بەعسی و برایمەرو مالیکی، سوودێکیان بەدۆزی کوردمان گەیاندبێ، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو هەوڵانە، رەوایەتیدان بووەبەداگیکردنی باشووری کوردستان و بەیەکێتیی خاکی عێراق و بەبەعەرەبکردنێکی زیاتری کوردستان بەگشتی و ناوچەداگیرکراوەکان بەتایبەتی. جگەلەوانە، ئەوەتا پاش 24 ساڵی فەرمانڕەوایی کورد لە3 پارێزگاکەدا و زیاد لە10 ساڵیش لەکەوتنی خوێنمژەکەی بەغداد و بوونی نوێنەرانی ئەو پارتانەلەپەرلەمانی عێراق و پۆستی سەرکۆمار و چەندین وەزارەت و ئەفسەری پلەداری کورد لەبەغداد، هێشتا رێژەیەکی زۆری خاکی باشووری کوردستان لەژێردەستی دەسەڵاتی بەغدادا ئەناڵێنێ، ناوی مادەی 140ی دەستوور لە کوولەکەی تەڕیشدا نەماوە، بەعەرەبکردن لەوسەردەمانەی پێشوو زیاتر درێژەی هەیە، دەرکردنی خێزانەکوردەکان بەردەوامە، تەقینەوەکان لەزیادبووندان، بەجۆرێک کەپرژیان گەیشتۆتەشارەکانی هەرێمیش، هەڕەشەکانی بەغداد لەسەر نەوت و گازی خاکی خۆمان تابێ توندتر ئەبن، رژێمی بەغداد لەهەڵپەی خۆپڕچەککردنێکی بەردەوامدایەبە ئامانجی لەباربردنی قەوارەکەی هەرێم و...هتد. دەی کەواتەلەو خاوەن پۆست و پەرلەمانکارانەی بەغداد چی سەوزبوە و چی سەوزئەبێ.!

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، هەرچەندەپێمان وایە، هەر نزیکبوونەوەیەک لەپایتەختی داگیرکەرانی کوردستانەوە، دوورکەوتنەوەمانەلەئامانجی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام گریمان بەپێی لۆژیکی ئەو پارتەکوردیانە، ئێمەهەڵە و ئەوان راستبن و بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان لەو پۆست و پەرلەمانەی بەغدادا ببینن! لەبارێکی وادا ئەبوو هەموویان بەیەکدەنگی و یەکڕیزی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەبکەن، بەتایبەتی لەناوچەداگیکراوەکاندا، کەچی یەکڕیزییەکەی 2013/12/8 یان بۆ ناوچەی کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستان، 48 کاژێر پرینەکرد و لەسەر پۆستی سەرۆکی لیست، ئەو یەکڕیزییەیان نەما! لەکاتێکدا ئەبوایەهەر لەسەرەتادا، بۆ هاوسەنگی و راگرتنی بەلانسی ئەو پارتانە، سەرۆکی لیستێکی لەوجۆرەیا بەڕێکەوتن بووایە، یا بدرێ بەکەسێکی بەتوانا و سەربەخۆی بێلایەن. بەوجۆرە، کورتبینی و بەرژەوەندیی خۆیی و پارتایەتی، زاڵبووەوەبەسەر بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەماندا، بەجۆرێک کەرێکەوتنەستراتیجیەکەی نێوان پارتی و یەکێتیشی خستەلاوە! جگەلەوە، ئەشێ لەئایندەیەکی نزیکدا رووبەڕووی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقیش ببینەوە. بەتایبەتی هی ناوچە داگیکراوەکان کەبۆ ئەمەیان، ئێمەهەڵوێست و باری سەنجمان جیاوازە و پشتگیریی ئەم هەڵبژاردنەیان ئەکەین. جا بۆئەوەی ئەمیش بەمەرەی ئەو نەچێتەوە، بە ئەرکی سەرشانمانی ئەزانین لەئێستاوەدید و بۆچوونمان لەم پێشنیارانەدا بخەینەبەرچاوی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار:

– 1یەکدەنگی و یەکڕیزی، بەتایبەتی بۆ ناوچەداگیرکراوەکان و کاندێدکردنی کەسانی شیاو و خاوەن ناوباگی باش بۆ ئەو هەڵبژاردنە، تا خەڵکی بەپەرۆشەوەدەنگیان بۆبدەن.

– 2سەرۆکی لیستی هەر ناوچەیەک، کەسێکی شیاوی سەربەخۆ و بێ لایەن بێ کەبەمەنوێنەرایەتیی جەماوەری سەربەخۆش بوونی ئەبێ.

– 3ئەگەر ململانێی پارتایەتی لەسەر کورسییەکان، لەوێشدا سەری هەڵدایەوە، ئەوا لەپێناوی یەکڕیزیدا بەرامبەر لیستەناکوردییەکان، با لێبوردەیی هەبێ و هەرلایەک چەند لێبوردەبێ، ئەوەندەسەنگی لەناو جەماوەردا زیادئەکات. ژمارەی دەنگی کاندیدەکانیش، ئەوەپیشان ئەدا چ لایەنێک خاوەن جەماوەری زیاترە.

- 4هەموو ئەو کوردانەی خەڵکی یەکێک لەناوچەداگیرکراوەکانن و لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێن و هێشتا فۆرمی خۆراکیان لەسەر ئەو ناوچانەیە، ئامۆژگاری بکرێن هەریەک بچێت لەناوچەی خۆی دەنگبدات.

کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی (کۆهاک(

2013/12/27

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشووری - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 322

## راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی (کۆهاک) سەبارەت پرسی نەوت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031313415341860

وتەیەکی بەجێیە، نەوتی کوردستان و بەرهەمەکانی، هەر لەساڵی 1927ەوە، ئەو مریشکە

دۆراوەیە کە هێلکەکەی بۆ بێگانەو پاشەڕۆکەی بۆ کوردبوە! نەوت هۆکاری سەرەکیی بەستنەوەی باشووری کوردستانبوو بەعێراقی عەرەبییەوە، سەرباری بەعەرەبکردنی ناوچە نەوتییەکان. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەوە داهاتی نەوتبوو کەئەدرا بە فڕۆکەو تۆپ و ئەکێشرایەوە بەسەر گەلی کوردستاندا لە رۆژانی شۆڕش و راپەڕینەکانمانەوە تائەنفال و کیمیایی و بەگورگانخواردنی کۆماری کوردستان لەمهابادو لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی لاوەکانمان لەڕۆژهەڵات و هێرشی تیرۆرستەکان بۆسەر رۆژئاوای وڵاتمان لەئێستادا کەئەگەر بێتو چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەم خوێنبەربوونەمان نەکرێ، ئەوا چەندین مەرگەساتی سەختتر لەچاوەڕوانیماندا ئەبن !

چارەسەرییەکانی رابوردووی وەک بەرنامەی نەوت بەرامبەرخۆراک، یا83% هێلکەکانی کەرکوک بۆئەوان و 17%ی بۆ ئێمە، چارەسەری ریشەییین. هەرکات بیانەوێ ئەوەش ئەبڕن. ئەوەتا بە نەوتەکەی کەرکوک داناکەون! چاویان بڕیوەتە 83%ی نەوتی هەرێمیش کە ملکی سرفی کوردی ئێستاو نەوەکانی داهاتوومانن! جائەگەر وابێ، ئەم نەوتەی هەرێم هەر دەرنەهێنرێ باشترنیە؟ ئەوان بە 83%کەی نەوتی کەرکوک، کۆپتەری ئەپاچی هێرشبەری ئەی ئێچ64و فڕۆکەی ئێف16ی فرەڕەهەندی پێئەکڕن بۆ ئەنفالێکیتری ئێمە! ئەی ئەگەر 83%ی نەوتی هەرێمیشی چوەسەر گەرەنتی چیە بۆئەوەی بۆمبای ئەتۆمیشی پێ بەرهەم ناهێنن وەک ئەوەی ئێران؟!

کورتبینیی هەندێ لایەن و کەسی ترسنۆک و هیچلەبارانەبوو، لەوەدایە، کەکێشەی نەوت بە کێشەی بووجەو مووچەوە ئەبەستنەوە! نەخێر، کێشەکە زۆرلەوە گەورەترە! کێشەکە کێشەی مان و نەمانی نەتەوەی کوردە. چارەسەریەکەش، بەڕای ئێمە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕئەبێتەوە:

-1ئەگەر لەئێستادا، بەهۆی پەتای کوشندەی حیزبایەتی و گەندەڵییەکانیانەوە لەم هەرێمەدا، نەتوانرێ ناوچە داگیرکراوەکانی باشوور بخرێنەوە سەر قەوارەکەی هەرێم، ئەوا بە لایەنی کەمەوە، ئەبێ هیچ داهاتێکی نەوتی هەرێم نەدرێ بە بەغداد.

-2لەئەگەری بڕینی بووجەو مووچە لەهەرێم، ئەبێ، بەبێ ڕاڕایی و دوودڵی، پەنا ببرێ بۆ گرتنەوەی ئاوی بەنداوەکان و گرتنەوەی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوک- جەیهان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم. کاتێکیش بۆرییەکانی کەرکوک بکرێنەوە، کە بەغداد باجی تێپەڕبوونیان بەکوردستاندا، بدات بە هەرێم وەک ئەوەی ئەیدا بە تورکیا.

-3لەئاستی ناوخۆدا، حکومەتی هەرێم، بووجەی حیزبە کوردییەکان هەمووی ببڕێ. داهاتە ناوخۆییەکانی گومرگ و باج و رەسم، وڵاتی پێئەبرێ بەڕێوە. لەهیچ وڵاتێکی یاساسەروەردا حیزب پارە لەحکومەت وەرناگرێ. ئەوە ئەگەر نەوتەکەی هەرێمیش نەفرۆشرێ. خۆئەگەر فرۆشرا، ئەوا هەرێمیش ئەبێتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین قەوارەکانی ناوچەکەو هەموو وڵاتانی نزیک و دوور لە پێشبڕکێدا ئەبن بۆ داننان بە سەبەخۆیی کوردستاندا بەئەوروپاو ئەمریکاشەوە. کلیلی سەربەخۆیی تەنیا لایخۆمانەو پێویست بەوەرگرتنی رەزامەندیی هیچ دەوڵەتێکی دوور یانزیک یا یوئێن ناکات.

-4لەئەگەری گرتنەبەری ئەو هەنگاوانەدا، ئەشێ هیچ شەڕێک روونەدا. لەوانەشە شەڕی نێوان بەغدادو هەرێم رووبدات، ئەو شەڕە ئەمڕۆش نەبێ، لەئایندەدا هەر رووئەدات. ئەمڕۆ باشترە لەسبەی. ئێستا بەغدا بەدەست شارۆچکەیەکی وەک فەلوجەوە داماوە، لەشەڕی ئێمەشدا سەرکەوتوو نابێ، بەتایبەتی ئەگەر رۆیشتنی نەوتەکەی کەرکوک و ئاوی بەنداوەکان راگیران، عێراق ئەبێتە پۆری خوراو و نووزەی لەبەرئەبڕێ و ئەوسا ناوچە داگیرکراوەکانیش بە ئاسانی ئەسەندرێنەوەو ئەخرێنەوە سەر هەرێم. لەهەموو بارێکدا پێدانی نرخی یەک لیتر نەوتی کوردستان بە پایەختی داگیرکەران، ناپاکییەکی نیشتمانییە.

-5وەک دادپەروەرییەک،کەمترین مووچە400هەزارو زیاترینی2 ملیۆن دینار تێپەڕنەکا بەوەزیران و پەرلەمانکارانیشەوە. بەوە، ئیتر ئەوەندە رووڵەوەزیفە ناکرێ و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیش ئەبووژێتەوە.

-6بەبێ نەهێشتنی سیستمی حیزبایەتیی ستالینی و قەلاچۆی گەندەڵی و بەبێ پێکهێنانی سوپایەکی فەرمی پڕچەک لەجیاتی میلیشیای حیزبەکان و بەبێ یەکخستنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و نەهێشتنی پاراستن و زانیاری و دژەتیرۆر، هەرێم نەئەبێتە دەوڵەت و نەئەبێتە حکومەت و ئەنجام هەرەس ئەبێ .

بەڵێ ئێستا قەوارەکەی هەرێمی کوردستان لەبەدەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییدایە. هەرچیزووترە با کابینەی تەکنۆکراتی هەشتەم بۆئەو مەبەستانە پێکبهێنرێ و ببێتە خاوەنی بریار دوور لە کێشمەکێشی حیزبایەتی و درۆی دیموکراسی!. کۆهاک: 2014/3/12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشووور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 323

## راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی بەبۆنەی نەورۆزی 2715 ەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032415131665195

راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی
KHK
بەبۆنەی نەورۆزی 2715 ەوە
لەم رۆژە مێژووییەدا، وێرای پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لەنەتەوەی سەربەرزی کوردمان، سەری رێزو نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان دائەنەوێنین و چەپکە نێرگزی گەشبینی پێشکەش بەو پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤانە قارەمانانە ئەکەین کە بەخوێنی ئاڵی خۆیان، خاکی کوردستان ئەپارێزن .
گەشترین واتایەکی نەورۆز کە ئاسۆی ئێستەو ئایندەمان رووناکئەکاتەوە، رزگاربوونی نەتەوەکەمانە لە کۆیلەیەتی و ژێردەستەیەتیی داگیرکەرانی کوردستان، هەروەک چۆن کاوەی قارەمانی باپیرمان، لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سەری ئەژدەهاکی خوێنڕێژی کوردی پانکردەوە، سەرەڕای ئەوەی 2715ساڵ لەمەوبەر، هەر لەیەکەم رۆژی بەهاردا، یەکەم دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆی سەرتاسەری کوردستان لەلایەن دیاکۆی باپیرە گەورەمانەوە راگەیەنراو نیشتمانەکەمان لەداگیرکەرانی ئاشوری و بابلی پاککرایەوە. بەڵام مەخابن دیاردەی ناکۆکی و ناپاکی! بوە هۆی هەرەسی ئەو دەوڵەتە. ئەمڕۆش خاکی پیرۆزی کوردستانمان لەگشت لایەکەوە دەمی تێژەنراوەو چاویان پریوەتە ئەو دەسکەوتانەی بەخوێنی شەهیدانمان لە باشوورو رۆژئاوای کوردستاندا بەدیهاتون و بە ئەفراندنی داعش پیلان ئەگێرن بۆلەناوبردنی نیمچە قەوارە سیاسییەکانمان، سەرباری ئەوەی لە رۆژهەڵاتی نیشتمانمان بە لەسێدارەدانی رۆڵەکانمان و لە باکوریش بەپیلانی (چارەسەری دیموکراتی درۆزنە) هەوڵی خەڵەتاندنمان و چەکدانانی گەریلا ئەدەن و بەگشتی دیاردەی کوشتنی بەکۆمەڵی نەتەوەکەمان لەهەموولایەکەوە، درێژەی هەیە .
بەرامبەر ئەو راستییانەو بۆ روبەڕوبونەوەی شەڕو پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و پارێزگاریی دەسکەوتە نیشتمانییەکانمان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو سەبەخۆیی و سەرفرازیمان، کۆمەڵەکەمان بەگیانی بەرپرسیارێتیی نەتەوەییەوەو لەم بۆنە پیرۆزەدا، داواکاری جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە هەنووکەییانەیە:
-1کۆتایی هێنان بە دیاردەی ئەو جۆرە حیزبایەتییەی دووبەرەکی و گەندەڵی و برسیکردنی زیاتری چینە چەوساوەکانی نەتەوەکەمانی لێکەوتۆتەوەو مەترسییە بۆ بوونی نەتەوەییمان.
-2دەستەبەرکردنی سەرکردەیەکی کارێزماو پێکهێنانی لەشکرێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری کوردستان
لەژێر سەرپەرشتیی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا بۆ پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانمان و رزگارکردنی هەموو بستێکی کوردستان.

-3كۆتاییهێنان بە دیاردەی دووئیدارەیی و دوولەشكری لەباشووری كوردستان.
-4وەرگرتنی هەڵوێستی كردەیی و نەترسانە بەرامبە هەر كردارێكی دوژمنانەو هەر گفتارێكی رێگر لەسەربەخۆیی كوردستان وەک ئەو وتەیەی داود ئۆغلۆ كە ئەڵێ دژی دەوڵەتی كوردییە ئەگەر خواش دروستیبكات، كەئەبێ تۆڵەی ئەو وتەیەی و بۆ تەمێكردن، لێدانی بەرژەوەندییەكانی توركیابێ لەباشووری كوردستان بەلایەنی كەمەوە. هەروها بەرامبە پرینی بوجەو موچە لەلایەن بەغدادەوە، ئەبێ پرینی داهاتەكانی كوردستانبێ لە بەغداد بەداهاتی نەوتیشەوە. بەوجۆرە بەرامبەر هەر وتەو كارێكی دوژمنانە، كاردانەوەی كردەییمان هەبێ. چیتر بێدەنگی لەبەرژەوەندیی نەتەوەكەماننیە. وەرگرتنی هەڵوێستی جەوامێرانە لەو روانەوە، جگە لە تەمێكردنی نەیاران، خۆراكێكی گیانیشە بۆ زیادكردنی حەماس و ورەی رۆڵەكانی نەتەوەكەمان بەگشتی و جەنگاوەرەكانمان بەتایبەتی.
بەرزو پیرۆزبێ نەورۆزی سمبولی بەرخودان و راپەڕین و سەربەخۆیی.
بژی پێشمەرگەو هەموو جەنگاوەرانی راگری بوون و مانی نەتەوەییمان.
نەمری بۆ شەهیدانی قارەمانمان و سەرشۆڕی بۆ داگیركەرانی كوردستان.
كۆمەڵەی هاوبیرانی كوردایەتی
-2015 /21/3باشووری كوردستان

تایبەتمەندییەكانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | كرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری كوردستان |
| كویک ریسپۆنس كۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 324

## راگەیاندنی کەمپەینی کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ خوشک و براکانمان لە شەنگاڵی باشووری کوردستان لە شاری مەهاباد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140828181309692 96



پاش کۆتایی هاتنی رۆژی شەشووم و ئاخرین رۆژی ئەو هەڵمەتەی کۆ دراوەکان بەو شێوەیە:
یەکشەمە 26ی گەلاوێژ 294،622،000 ریاڵ
دووشەمە رێکەوتی 27ی گەلاوێژ 368،742،500 ریاڵ
سێ شەممە رێکەوتی 28ی گەلاوێژی 2714ی کوردی 261،077،000 ریاڵ
چوارشەممە رێکەوتی 29ی گەلاوێژی 2714 کوردی 222،479،500 ریاڵ
پێنج شەممە رێکەوتی 30ی گەلاوێژی 2714ی کوردی 278،275،000 ریاڵ
رۆژی هەینی رێکەوتی 31ی گەلاوێژ 269،841،500 ریاڵ
کۆی گشتی دراوەکانی کۆ کراوە بۆ ئەو هەڵمەتە 1،695،045،000 ریاڵ
هەروەها کۆمەڵێکی زۆر کەل و پەلی پێویست بۆ ئاوارەکان
کەمپەین لە بەیانی رۆژی شەممەوە دەست دەکات بە رێک و پێک کردنی یارمەتێکان و هەتا ناوەندی هەووتە ئەو یارمەتیانە بە چاوەدێری خەڵکی

مەدەنی شار و نوێنەری کۆرە مەدەنێکان ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکرێت هەتا بە زووترین کات بگاتە دەستی ئاوارەکانی شەنگاڵ..
سپاس

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: مەهاباد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 325
## ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی گۆران سەبارەت بە دواکەوتنی مووچە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014051212364776266
چەند مانگێکە قەیرانی موچە بەرۆکی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە. ئێستا بەشێکی زۆر لە فەرمانبەران بەهۆی دواکەوتنی موچەوە مانیان گرتوە. ئێمە لە فراکسیۆنی گۆران وێرای پشتگیریمان لە داخوازیەکانی فەرمانبەران داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە هەرچی زوە ئەم کێشە کەڵەکە بوە چارەسەر بکەن. هەروەها ڕایدەگەیەنین کە بەدواداچونی پێویست لەو بارەوە دەکەین.
فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان
هەولێر
12/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆران
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 326
## ڕاگەیاندنێک لە کاندیدانی پۆستی سەرۆکایەتی هە رێمەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2013063014073089729
دەنگدان و خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردنەکانی ئازادو ڕاستەقینە و خولی ڕێکوپێکدا مافێکی بنەرەتی هەر هاوڵاتییەکە بەبێ جیاوازی کەوا مەرجە یاساییەکانیان لێ بەدیبکرێت هەروەکو لەمادەی 25ی ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافە شارستانی و سیاسی یەکان، وە مادەی 21 ی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤدا هاتوە. ئێمەش بەپشت بەستن بەم مافە بنەڕەتیەی یاسای نێودەوڵەتیو، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، پریارماندابو خۆمان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بپاڵێوین، بەڵام کودەتاکەی پەرلەمان لەبەرژەوەندی کەسێکی دیاریکراو، وە لەسەر بنەمای جیاوازیکردنی بنەماڵەیی و حزبی (قائد) لەم مافە هەرە بنەڕەتییە بێبەشی کردین، بێ بە ش کردنیشمان لە م مافە مافێکی تری بنە ڕە تی کارا کرد ئە میش مافی گردبونە وە ی ئاشتیخوازانە یە هە روە کو لە مادە ی 21 ی ڕێککە وتنامە ی نە تە وە یە کگرتوە کان بۆ مافە شارستانیو سیاسی یە کان وە مادە ی 20 ی جاڕی گە ردونی

مافی مرۆڤدا هاتوه.
ئێمه ش بەپشت بەستن بەم مافە بەتەماین لەرۆژانی داهاتودا خۆپشاندانێک لەشوێنێکی گشتی هەولێری پایتەخت رێکبخەین بۆ نارەزایی دەربرین دژ بەکپکردنی ویستی ئازادی گەل لەهەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەردو راستەقینەدا سەرۆکێک بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێرن وە بۆ هەمان مەبەستیش داوای مۆڵەتی یاسایی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین،
چاوەڕوانیش نین لەم مافە بنەرەتییەش بێبەش بکرێین، وە داواکاریشین هە مو چینو توێژە کانی کۆمە ڵگای کوردستانی بە شداری کارای ئە م خۆپشاندانە بکە ن کە لە هە ولێری هۆلاکو بە زێنو دکتاتۆر بە زێن بە رێوە دە چێت.
پاڵێوراوان بۆ پۆستی سە رۆکایە تی هە رێم
.1سە فین شێخ محە مە د
.2د. کە مال سە ید قادر
هە ولێر
02.07.2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 327

## راگەیاندنێک لە کەسوکاری (5)کادری تیرۆرکراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091823210688709




بانگەشەی هەڵبژاردن بەخوێنی کورەکانمانەوە دوجارتاوانە!
دوێنێ لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کە تەلەفزیۆنی یەکێتی نیشتمانیە، باسی لەوەکرد کە نەوشیروان مستەفا بەرپرسە لە تیرۆرکردنی کورەکانمان کە بەرواری 14-7-2000 لەشاری سلێمانی و بەرۆژی روناک و بەبەرچاوی خەڵکەوە لەلایەن یەکێتیەوە قەتڵوعام کران. بێگومان ئەمە دووەمجارە یەکێتی نیشتمانی ئەو کەیسە دەوروژێنێ و نەوشیروان مستەفا بە ئەنجامدانی ئەو کارە تاوانبار دەکات.
ئێمە وەکو کەسوکاری ئەو (5)کادرەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، کە کورەکانمان لەو کردەوە قێزەون و دڕندانەیەدا گیانیان لەدەستدا، سەرجەم سەرکردایەتی یەکێتی بە ئەنجامدەری ئەو تاوانە دەزانین، ئەوەش دەزانین کە ئەوکاتە نەوشیروان مستەفا کەسی دووەمی یەکێتی بوو وە راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو هێرشەی بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کرد، بەڵام ئەگەر ئەنجامدانی ئەو کارە ترسنۆکانەو قێزەونانەیە تاوانێکی نەبەخشراوبێت بۆ ئێمە، ئەوا بەکارهێنانی ئەوکەیسە لەلایەن یەکێتیەوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، دووجار تاوانەو گاڵتەو سوکایەتیکردنە بە هەست و ویژدانی ئێمەو کولانەوەی برینەکانمانە.
ماوەی نزیک بە دووساڵە کەیسی کورەکانمان لە دادگایەو هەموو بەڵگەی پێویست دراوەتە دادگا، بەڵام تائێستا تاوانباران بانگ نەکراون و لێپێچینەوەیان لێنەکراوە.
یەکێتی کە تائێستا تاوانبارکراوەکانی ناو سەرکردایەتیەکەی خۆی نەناردۆتە دادگا، بەپێچەوانەی هەموو نەریتێکی ئینسانیەوە بازرگانی بە خوێنی قوربانیەکانی دەستی خۆیەوە دەکات و بەوشێوە قێزەونە دەیەوێ خۆی لەبەرپرسیارێتی ئەو تاوانە بدزێتەوە. ئێمە لێرەوە جارێکی دیکە رایدەگەیەنین کە هەرگیز ئەو غەدرەمان لەبیرناچێتەوە کە لەکورەکانمان

کراو لە داوای خۆمان بۆ دادگاییکردن و سزادانی تاوانباران و بکوژانی کورەکانمان خۆش نابین لەناو هەر حیزبێکی سیاسی و هەر پۆستێکی سیاسی و حکومیدابن!
خانەوادەی (5)کادرە تیرۆرکراوەکەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری
18ی ئەیلولی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 328

## ڕاگەیێنراوی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان لەسەر بڵاو کردنەوەی هەواڵی دەرکردنی ئاوارە و ماڵە عەرەبەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080917324458096

وەک هەموو لا ئاگادارن کە دوای تێکچونی رەوشی ئەمنی چەند ناوچەیەکی عێراق و ئاوارە بونی خەڵکەکەی بۆ هەرێمی کوردستان لە هەمو پێکهاتە و ئایین و نەتەوە جیاوازەکان.لەکاتێکدا تیرۆریستان و توند رەوەکان و دوژمنانی مرۆڤایەتی جیاوازی ناکەن لە نێوان هەیچ کەسێک و بە هەرەمەکی ژن و منداڵ دەکوژن و تاوانکاری ئەنجام دەدەن.ئەوەی کە گەلی کورد شانازی پێوە دەکات بریتی بوە لە هاوکاری کردن و بە هاناوە چونی خەڵک و حەوانەوەی لێقەوماوان بێ گوێ دانە جیاوازی ئایین و نەتەوە. وە مێژووش ئەو راستیەی سەلماندوەو رۆژانەش ئەو هەڵویستە مرۆڤانەو نیشتمان پەروانەی خەڵکی کوردستان دوبارە دەبیتەوە. بەڵام لە چەند رۆژی رابردوو دوای بڵاو بونەوەی چەند هەواڵێکی جیاواز لە سەر هاوکاری کردنی هاوڵاتیانی عەرەبی ئاوارەی هەریمی کوردستان بۆ گروپە توند رەوەکان بوە مایەی نیگەرانی و دڵە راوکی لای هاوڵاتیان و دروست کردنی کەمپین و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە بۆ دەرکردن و راگواستنیان بۆ شوێنی تر، ئیمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ رایدەگەیەنین کە لە سۆنگەی بروا بونمان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی و خەڵکی لێقەوماو، پێمان وایە کە ڕێکخستنی ئەوبابەتە پەیوەندی بە لایەنە ئیداریەکان و ئەمنیەکانە تا ئەو خەڵکە بە بێ ی ستانداری جیهانی و دروست کردنی کەمپ و دیاری کردنی شوێنیان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئاوارەو مافەکانی مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و چاودێری بکرێن. بە پێچەوانە پێمان وایە کە رەنگە کۆنترۆل نەکردنی ئەو هەواڵ و دەنگۆیانە ببێتە مایەی ئاژاوەو تاوانکاری،کە لە بەرژەوەندی هیچ لایەک نیەو شێواندنی کەش و هەوای ئارامی هەرێمەکان لە بەرژەوەندی ناحەزانە وە لە رووی پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتیش ئەو کارانە رێگە پی نەدراوە.بۆیە ئەوە بۆ هەمو لایەک رادەگەینین کە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەوڵانە بکەن و پەنا بۆ هیچ رێگاو کارێکی نامەدەنی و دوور لە بەها مرۆڤایەتیەکان نەبەن و هیزەکانی ئاسایش و پۆلیس و هاولایانی بەشەرەفی هەریمی کوردستان چاو کراوەتر بن بەرامبەر هەر هەواڵ و پرو پاگەندەیەک کە لەبەرژەوەندی گشتی نیە، وە بەچاوی رێزو سۆزو مرۆڤایەتیەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئاوارەو لێقەوماوێک بکرَیت. وە پێویستە ئاوارەکانیش بە هەمو پێکهاتە جیاوازەکان پابەندی یاساو رێساکانی هەرێم و رەچاوی کلتورو رێنماییەکانی دەزگا ئەمنیەکان و بن هاوکار بن بۆ راگرتنی ئارامی و ئاسایشی شارو شارۆچکەکان. لە کاتی بونی گومانیش لە هەر کەس و لایەنێک پێویستە بە دادگا یەکلا بکرێتەوەو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت .
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان
9/8/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 329

## ڕاگەیێندراوی سەربازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ئاگری پێشمەرگە گەییشتە مۆڵگەکانی داعش لەناو شاری موسڵ(

http://www.kurdipedia.org/?q=20150123224102690 62

دوای ئە و سەرکەوتنە مەزنانەی لە دوو رۆژی رابردوودا بە دەست و بازووی پێشمەرگەی کوردستان لە نزیک بەنداوی مووسڵ تۆمار کرا، ئەمڕۆ هەینی 23ی 1ی 2015 ئاگری بۆردومانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەییشتە بنکەکانی داعش لەناو شاری موسڵ و تۆپخانە و هێزی مووشەکیی پێشمەرگە بە چڕی مۆڵگە و بارەگاکانی تیرۆریستانی داعشیان لەناو شاری موسڵ کە ناوەند و بارەگای سەرەکیی رێکخراوی تیرۆریستیی داعشە بۆردومان کرد و زیانێکی گەورەیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند.

سەرکەوتنی پێشمەرگە و ئاگربارانی ئەمڕۆی تۆپخانە و مووشەکی هێزەکانی پێشمەرگە ترسێکی گەورەی خستۆتە ناو دڵی تیرۆریستان و ورەیان زۆر بە توندی دابەزیوە.

جەماوەری خۆشەویستی کوردستان لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە لەهەر شوێنێک داعشی لێ بێت و هەر مۆڵگە و بنکە و بارەگایەکیان کە لە هەر کوێ بێت لە ئاگری پێشمەرگە پارێزراو نابێت و دەستی پۆڵایینی پێشمەرگە ئێکوپێکیان دەشکێنێت.

هەر لە درێژەی ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی هێزی پێشمەرگە ئەمڕۆ 23ی 1ی 2015 پێشمەرگە قارەمانەکان توانیان گوندەکانی شندۆخا و قادسیەیش لە تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکەن و زیانێکی گەورە بە تیرۆریستانی داعش بگەیێنن.

سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە و گەلی کوردستان.

شکست و سەرشۆری بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان.

سەرچاوەیەکی باڵای سەربازی لە میحوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیجلە

2015/1/23

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 330

## ڕاگەیێندراوی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەڕەکەی کێلەشین

http://www.kurdipedia.org/?q=20150524120225853 69

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!

دوای چەند رۆژ هەوڵ و چالاکیی چەندین لایەنە بۆ دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ سەرکردایەتیی pkk بۆ ئەوەی تووشی ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن نەبین و گرفت و کێشەیەک کەلە نێواندا هەبوو بە لێکتێگەیشتن و دیالۆگ چارەسەری بکەین، pkkفەرمانی بە هێزەکانی کرد کە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەداخەوە بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە 1393/3/3ی هەتاوی بەرانبەر بە 2015/5/24ی زایینی هێزەکانی pkk تەقەیان لە پێشمەرگەکانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و شەڕی نەخوازراو لەگەڵ هێزێکی کوردیی بەسەردا سەپاندووین. بەپێی هێندێک زانیاری، هێزەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە مۆڵ دراون و ئەگەری زۆری تێکەڵبوونی هێزەکانیان لەگەڵ هێزەکانیpkk دا هەیە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

ئەو شەڕە نەخوازراوە دەکرا بە ڕێگای سیاسی و لۆژیکییەوە خۆی لێ لا بدەین و دەستە و یەخە لەگەڵ هێزێک نەبین کە ئەرکی ئەو رزگاریی بەشێکی دیکەی کوردستانە و ئێمە کە بەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین، ئەوان نەکەونە ئەو نێوە و رووداوەکان بە ئاڕاستەیەکدا نەچن کە ئەوان ببنە سپەر و قەڵغان بۆ هێزی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوپەڕی بەداخبوونی خۆمان بۆ ئەو کردەوە دزێوەی pkk رادەگەیەنین کە دەچێتە خانەی خیانەت بە خەباتی کوردەوەو ئەوەش رادەگەیەنین نە دەسپێکەری شەڕ بووین و نە خوازیاری درێژەی کێشانی ئەو ناخۆشی و شەڕەین و داواکارین کە هەم ڕێبەرایەتیی pkk پەنا بباتە بەر مەنتق و لۆژیکی سیاسی و نەتەوەیی و دەست لەو ڕێگا هەڵەیە گرتوویەتی بەر، هەڵگرێ.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان!
ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!

داواتان لێدەکەین کە بە هەر ڕێگایەک بۆتان دەکرێ وێڕای مەحکومکردنی ئەو شەڕفرۆشییەیPKK ، هەوڵ بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ناکوردانەی ڕێبەرایەتیی PKK بدەن و هەموومان چەکی خەبات و شۆڕشمان روو لە دوژمنانی گەل بکەین نەک روو لە یەک.

هەر جۆرە زانیارییەکی دیکە لە پێوەندی بە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونەکە و ئاکامی هەوڵە سیاسی و پێوەندییەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە، ڕای گشتیی لێ ئاگاداردەکەینەوە. بەڵام وێڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی نەتەوەیی و سیاسی و ئاشتیخوازانەمان، هەموو لایەک دڵنیادەکەینەوە کە تەسلیمی گوشار و هەڕەشە و خۆسەپێن نابین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
3ی جۆزەردانی 1394ی هەتاوی
24ی مەی 2015ی زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 331

## راگەیێندراوی کۆبوونەوەی بارزانی و لایەنە سیاسییەکان 18-05-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150518152045853334

گەلی ئازادیخوازی کوردستان

هێزی پێشمەرگەی قارەمان
کەسوکاری شەهیدان
ڕۆژی 18ـی 5ـی 2015، هێزە کوردستانییەکان لەسەر بانگهێشتی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئەندامانی وەفدی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ ئەمریکا و هەنگاریا و چیک، بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر سەفەری سەرکەتووی وەفدەکە کۆبوونەوە.
سەرەتا، جەنابی سەرۆکی هەرێم باسی کۆبوونەوەکانی کرد لە ئەمریکا، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەڕێز جێگرەکەی و گەورە کاربەدەستەکانی وڵاتەکە. لە کۆبوونەوەکەدا، جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دۆخی عێراق، کوردستان، شەڕی داعش و کێشە جۆراوجۆرەکانی ڕوون کردۆتەوە. بەرپرسە بەڕێزەکانی ئەنجوومەنی سێنات، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری و ناوەندە جیاوازەکانی دەربەست بە دۆخی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆشبەختانە، تێکڕا، ڕێزێکی بێ ڕادەیان بۆ گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەبوو. هاوکات، بەچاوی ڕێزی سیاسی و مرۆییەوە، سەیری داڵدەدانی زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو دەربەدەری عێراق و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بە تایبەت مەسیحییەکان و ئایینزاکانی دیکە، لە کوردستاندا کرا.
لەکۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی و کاربەدەستە بەڕێزەکانی دیکەدا، سەرۆکی هەرێم و وەفدی یاوەری، بە دڵنیاییەکی ساسیی جیاواز لە قوناخەکانی ڕابردوو، سەبارەت بە پشتیوانیی کورد و سیاسەتی چارەنووسی گەلی کوردستان، گەڕانەوە. ئەم دڵنیاییە، لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا و بە بەشداریی سەرۆکی ئەمریکا و جێگرەکەی لە کۆبوونەوەی ڕەسمیدا، دەیسەلمێنێ، کە هەموو سیاسیەکانی ناوچەکە و عێراق و کوردستان، سەرباری ئەم شەڕە نەگریسەی داعش، کە بۆ ئەم قۆناخە، ئەرکی سەرەکیی گەلی کوردستانیشە، داعش و پیلانەکانی لە عێراق و ناوچەکەشدا ورد و خاش بکرێت، بەڵام هاوکات، گەلی کوردستان مافی خۆیەتی، چارەی خۆنووسینی، لەبەردەم ئەگەرەکاندا بکاتەوە.
لە سەردانی هەنگاریاشدا، لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی وڵاتەکە و سەرۆکوەزیران و سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تاوتوێی دۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکەش کراوە، لەو کۆبوونەوانەشدا، جگە لە دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی هێزی پێشمەرگەی و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، ئامادەیی تەواوی پشتیوانی بۆ گەلی کوردستان و پێشمەرگە، پێشان دراوە.
دوا وێستگەی سەردانی سەرۆکی هەرێم و هەڤاڵەکانی، وڵاتی چیک بووە. لە چاوپێکەوتنی سەرۆکی وڵاتەکە و گەورە بەرپرسانی، دۆخی عێراق، کوردستان، شەڕی بەرگری و پێشمەرگەیان بۆ باس کراوە. خۆشبەختانە، بەڕێز سەرۆکی کۆماری چیک و گەورە کاربەدەستانی تریش، بە وردی لە دۆخی کوردستان و ئامانجەکانی گەلەکەمان، ئاگادار بوون و ئامادەیی ئەوپەڕی پشتیوانی سیاسی و سەربازی و ئابووریی کوردستانیان داوە و گفتیش دراوە درێخی لە پشتیوانیمان نەکەن.
جەماوەری کوردستان:
هێزە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکە، دوای گوێگرتن لە جەنابی سەرۆکی هەرێم و ڕاپۆرت و کێشەمەکێشی نەوت، لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی حکوومەتەوە، کۆبوونەوە، سەردانەکانی وەفدەکەیان بە سەرکەوتووترین سەردانی سیاسی، ڕەسمیی سەرۆکایەتیی هەرێم، زانی و ئامادەیی تەواویان دەربڕی کە هەر بڕیارێکی هاوبەش، ببێتە مایەی دەستەبەری سیاسی مێژوویی، بۆ ئەم قۆناخە هەستیار و پڕ لە ئاڵوگۆڕە، دوای لێکدانەوەی هەمەلایەنەی ئەگەرەکانی و لێکەوتەکان، هەموو لایەنەکان، لەو باوەڕەدابوون، دەبێ هاوهەڵوێست و هاو ئاراستە بین. چیش پێویستە بۆ ئەوەی تەنگوچەڵەمە هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوەکانی سیستمی حوکمڕانی و داوودەزگەکانی، لە بازاڕی ئازاد، یان هەر بوارێکی دیکە، چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی متمانەی هێزەکان و ڕای گشتی، باشتر بسازێنین، دەبێ هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵبگرین.
لە کۆبوونەوەکەدا کێشەی نەوت، بەشیکی گرینگی باسەکان بوو. کۆبوونەوە هیوادارە حکوومەتی عێراق و دەوڵەتمەداری حکوومەتەکە، چیتر دەستی بە دەستی بە مافی سامان و داهات و بودجە و مووچەی بڕیار لێدراوی هاوبەشی حکوومەتی عێراق و کوردستان، نەکات، بەڵکو بە زووترین کات دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەری یاسایی بکرێت. تەنها ئەوەش دڵنیایی دەداتە ئارامکردنی پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا. بۆ ئەم چارەسەرەش، تەواوی هێزە سیاسییەکانی عێراق، بەرپرسیارن بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و بڕیارە هاوبەشەکان، هەڵوێستی کاریگەرتر و ڕوونتریان هەبێت.

وەکو تر، هێزە بەشدارەکانی کۆبوونەوە، پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە ڕێگە چارەسەری ئابووری و دەستەبەری ژیان و بژێوی خەڵک، بکەن. لەم بارەیەوە، جەخت کرایەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای شایستە داراییەکانی ژمارە 5ـی ساڵی 2013 پەرلەمانی کوردستان، وەکو بنەمای سیاسەتی ئابووری، پەیرەو بکات.
کۆبوونەوە، بە سۆزی نەتەوەیی و خۆشەویستییەکی فراوانەوە، قارەمانێتی و قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەبەرچاو گرت و ئامادەییان دەربری، هەموو پشتیوانییەکی بکەن.
ڕاسپاردەشی بۆ حکوومەت ئەوەیە، بە زووترین کات تەنگوچەڵەمەی هێزی پێشمەرگە چارەسەر بکرێت، چارەسەریش بۆ پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان لەپێشەوەی ئەرکەکانمانە.
سڵاو بۆ شەهیدان
هەر بژی هێزی پێشمەرگە
تۆکمە بێ ڕیزی هێزە سیاسییەکانی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 332

## راگەیێنراوی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی 12-04-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150412193625688884

بە سەرپەرشتی (سەرۆک بارزانی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیمان، پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی 2015/4/12 کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدا و سەبارەت بەم بابەت و تەوەرانەی خوارەوە گفتوگۆی کرد و بڕیاری پێویستی لەبارەیانەوەدا:

یەکەم: بارودۆخی عێراق، دوای هێرشی داعش بۆسەر چەندین شار و شارۆچکەی عێراق و کوردستان و داگیرکردنیان، گۆڕانکاری بەرچاو لە پەیوەندییەکانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی ناوخۆی عێراق رویدا، هەروەکو پەیوەندی و هاوپەیمانیەتی نوێ لەسەرئاستی جیهان بەگشتیی و عێراق و ناوچەکە بەتایبەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاینیی و مەزهەبی هاوبەش هاتنە ئاراوە، هەروەها لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی هەروەکو هاوپەیمانیەتی لە روانگەی باوەڕبوون بە دامەزراندنی سیستمی دیموکراسیشەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لەئاکامدا هێزی نوێ لەهاوکێشە سیاسییەکاندا بە دەرکەوتن؛ کوردستانیش بەدەرنەبوو لە کاریگەری بارودۆخی نوێی عێراق و ناوچەکە و جیهان، وەکو هێزێکی سیاسی و ئابووری و عەسکەری کاریگەر و خاوەن رۆڵی یەکلاکەرەوەی بەشێکی کێشەکانی گۆرەپانی سیاسی و عەسکەری لەئاستی جیهان و ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

خەڵکی کوردستان چاوەڕوانبوون دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2003 عێراق و ناوچەکە بە ئاراستەی سوود وەرگرتن لە هەڵە و گرفتەکانی پێشوو، هەموو لایەنەکان هەنگاوی جدی بهاوێژن بۆ دووبارە نەبوونەوەی هەڵە و کەموکوریەکان و، ئارامی و تەبایی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ، بەڵام بەداخەوە هەڵەی کوشندە و کاریگەر لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە روویدا و، هەروەکو خوێندنەوەی ناواقعیانەی جیهانی دەرەوەش بۆ چۆنیەتی چارەکردنی کێشەکان و پشتگیری ئاڵوگۆریە جیاجیاکان چاوەڕوانی خەڵکی کوردستانی نەک نەهێنایە دی، بەڵکو گرفتی گەورەشیان بۆ دروستبوو، هەرچەندە گەلی کوردستان خوراگرانە وەکو هەمیشە بەرامبەر پرۆژە و پیلانە چەپەڵەکانی دوژمنان و ناحەزان وەستاوەتەوە و خەونەکانیان لەگۆڕ دەنێ.

دووەم: بارودۆخی کوردستان و شەڕی داسەپاو، وەکو چەندین جاری دیکە ئەمجارەیش ئەوانەی چاویان بەپێشکەوتن و سەرکەوتنە سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسییەکانی کوردستانیان هەڵنایەت، شەڕێکی نابەرامبەریان بەسەر کوردستاندا سەپاند و بەم هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و

ڕۆڵەی نیشتمانەکەمان شەهیدبوون و بوونە قوربانی نەتەوە و نیشتمانەکەیان، ئەمڕۆ ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگەی کوردستان بووەتە وێردی سەر زوبانی جیهانیان و ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دامودەزگا ئەمنییەکان بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکەن و تاکە هێزێکە کە بەوپەڕی وره بەرزیەوە داعشی بەزاندوە و بەرە و دواوەگەڕاندەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە سوپاسەوە بە هاوکاری هێزی ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، زۆربەی هەرە زۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیان لە گەرمیان تا چیای شنگال، لە دوژمنانی مرۆڤایەتی ڕزگارکردووە. ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە خانەقین تا شنگال وکۆبانی ترسی خستووەتە ناو دڵ و دەروونی پیلانگێران. سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدان و لەخوای گەروره داواکارین برینداره‌کانمان شیفا بدات.

سێیەم: پێوەندی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، دوای ئەو ئاڵۆزیەی لە پەیوەندییەکان دروستبوون لە ئاکامی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن بەشێک لە دەسەڵاتدارانی بەغدا و پڕینی موچە و بودجەی کوردستان، گوشارێکی زۆر کەوتە سەر بژێوی و ژیانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی و کاریگەری کردە سەرتەواوی بەرنامە و پرۆژەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەت، بەڵام جەماوەری کوردستان خۆڕاگرانە بەرەنگاری ئەم هەنگاوە نا بەجێیانەی حکوومەتی بەغدا بووەوە، ئەم خۆڕاگری و هاوکارییە هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، شایەنی سوپاس و پێزانینی زۆرە.

هەروەک پشتگیری لەهەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم دەکەین بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی بەرەورووی هەرێم بووەتەوە، بەتایبەتی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵ، ئومێددەکەین ڕێککەوتنەکە بەباشی جێبەجێبکرێت. هەروەها کۆبوونەوە ڕووڵی حەشدی شەعبدی هەڵسەنگاند و، پارتیمان ئەو هێزە بە هاوکارێکی باشی سوپای عێراقی دەزانێ و لە ئازادکردنی ناوچەکانیان پێویستن، بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە پێشمەرگە ئازادی کردوون و دەیانپارێزێت، بەپێویست نازانرێ و، هێزی خۆڕاگری پێشمەرگەی کوردستان نەیهێشتووە هیچ بۆشاییەکی عەسکەری و ئەمنی دروستببێت.

چوارەم: بارودۆخی ناوخۆی پارتیمان، لەگەڵ هاتنی داعش و پەلاماردانی کوردستان، تەواوی ئەندام و کادیران و سەرکردایەتی پارتیمان خۆبەخشانە ڕوویان لەبەرەکانی شەڕ کردوو بوونە هاوکاروپاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگا ئەمنیەکان و ژمارەیەکیشیان شەهید و بریندار‌بوون، جێی خۆیەتی ئەم هەڵوێستەی هەڤاڵانمان بەرز بنرخێنین، هەروەکو لەو ڕەوشە نالەبارەی دارایی کە تەواوی خەڵکی کوردستان توشی بووە کاریگەری ڕاستەوخۆشی کردۆتە سەر هەڤاڵانمان و ئۆرگانەکانمان، کە بەخۆڕاگری و هەست بە بەرپرسیاریەتی ڕەفتاریان کردووە و واقیعی ئێستای کوردستانیان وەکو هەیە خوێندووەتەوە و لەبەرچاویان گرتووە و بەردەوام لەهەوڵی پاراستنی یەکڕیزی و تەبایدان کە لەئاکامدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەپارێزێ، بۆیە لەو ڕووەوە سوپاس دەکرێن.

ئەمانە و پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەکو پرسی هەموو گەلی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کرا لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی ناوخۆیی تاوتوێکران و بڕیاری پێویستیان لەبارەوە درا.
بژی کورد بژی کوردستان..

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی
پارتیی دیموکراتی کوردستان
12ی نیسانی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 333

# راگەیەندراوی 4 رێکخراوی مافی مرۆڤ بە بۆنەی 19ی گوڵان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130712152511189596

سێ ساڵ لەمەوبەر و لە بەرەبەیانی 19ی گوڵاندا، رژیمی ئیسلامی پێنج رۆڵەی بەئەمەگ و خۆشەویستی کوردستانی لەسێدارەدا. ئەوەیش لەحاڵێکدا بوو کە هەموو مافێکی بەرگری لەو زیندانیە سیاسیانە بەربەست کرابوو و سەرەتاییترین ماف کەهەبوونی پشتیوان و پارێزەرە لییان وەرگیرا و بواری هیچ چە شنە بەرگرییان پێنەدرا لەحاڵێکدا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان هێشتا کۆتایی پێنەهاتبوو. سەرە رای ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازاردان و پاشان بێ مافکردنی تەواویان، هێشتاکە شوێنی ئەسپەردەکردنیان بۆ بنەماڵە و کەس وکاریان روون نییە. لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی، لەگەڵ ناڕەزایەتییەکی پان و بەرینی جیهانی رووبەڕوو بووەوە و لە هەندەران و لەئاستی نێونەتەوەییشدا، تاوانی لەسێدارەدانیان مەحکووم کرا. لە ناوەوەی وڵاتیش بە مانگرتنی گشتی و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرفراوان بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو حوکمە ناڕەوایە مەحکوم کرا. رێکخراوی فە رهەنگی یونسکۆ لە راپۆرتی ساڵانە ی خۆیدا هاوکات لەگەڵ رەخنەگرتن لە سیستمی پەروەردە و بارهێنانی حکومەتی ئیسلامی، بابەتی فەرزادی کەمانگەریشی باس کرد.یەکیەتی ئەورووپا حوکمی ناڕەوای لەسێدارەدانی مەحکووم کرد و رێکخراوی ئەمنستی(چاودیری مافی مرۆڤ)وێرای مەحکووم کردنی لەسێدارەدان، فەرزادی وەک مامۆستایێکی تێکۆشەر ناساند. 34 ساڵە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای: ئازار و زیندان و ئەشکەنجە و تیرور و کۆشتن و ئیعدامی نەیاران و هەڵسووراوانی سیاسی و مافی مرۆڤ درێژە بەتەمەنی نگریسی خۆی دەدات. لە 34 ساڵی رابردوودا، هەزاران چالاکڤانی سیاسیی بەهۆێ بیروباوەڕیانەوە لە ناو بردووە کە ئاکامەکەی بووەتە هەزاران گۆڕستانی ون کەفەرزاد و سەدان رۆڵەی خەباتکار و بوێری لەخۆ گرتووە و گۆرستانی خاوەرانی تاران نموونەیێکە لەو هەزاران گۆڕستانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە کوردستان و ناوچە کانیتری ئێران، بێ ناو ونیشانن. گۆشار و تۆقاندن و هێرش بۆ سەر مافی هاوڵاتیان، تەنیا زیندانیە سیاسیەکان ناگرێتەوە، بە لکوو بنەماڵەکانیانشیانی گرتووەتە بەر و ئاسایشیان بۆ نییە ! ماڵ و حاڵ و دارایی زۆربەی بنەماڵەی زیندانیە سیاسیە کان بەتاڵان دەبەن و لە کار و دەوام کردن و تەنانەت لە خوێندنیش بە تەواوی بێبەش دەکرێن هەتا ناچاربن کە خاکی باب و باپیریان بە جێ بێڵن و کۆچبەر بن. لەم ناوەدا، بارودۆخی ژیانی گەلی کورد لە رۆژهەڵات، بەتایبە ت خەباتکاران و ئازادیخوازانی کورد، گەلێک خراپترە لە ناوچەکانیتری ئێران. بەپێی زانیاریەکانی ئاژانسی هەرانا کە حەفتەی رابردوو بڵاوی کردووەتەوە، ژمارێکی زۆر لەزیندانیە سیاسیەکان کە حوکمی سێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە، کوردن. تاوانی ئەو زیندانیانە کە ناوی 101کەسیان بڵاو بووەتەوە، پێوەندی کردن بەمیدیا جیهانیەکان، یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ و راگەیاندنی بارودۆخی ژیانی دژواری گەلی کوردە لە رۆژهەڵات بە دام ودەزگا جیهانییەکان و ناوە ندە مرۆڤدۆستە کان. فەرزادی کەمانگەر کە خۆی تێکۆشەرێکی سەربەخۆی سیاسی کورد بوو، پێش ئەوەی کە بخرێتە زیندان و هەروەها لەکاتی دیل بووونیدا، رێپۆرتێری کۆمەلە تێکۆشەرەکانی مافی مرۆڤ بوو لە ئێران. ساڵوەگەڕی گیانبەختکردنی فەرزاد و هاوڕییانی، وەبیرهێنەرەوەی بندەستبوونی نەتەوەی کوردە کە 34 ساڵە بۆ یەکسانی و ئازادی و دیمۆکراسی تێدەکۆشێ و هەزاران رۆڵەی ئاگا و دڵسۆزی لەو رێگایەدا لەدەست داوە. گرتن و لێدان و کۆشتن و سەرکوتی بێ پسانەوەی نەیاران، لە لایەن تۆری ئاسایشی حکوومەتی ئیسلامی ئیران، دەمێکە بۆ بیروڕای جیهانی دەرکەوتووە. حکوومەتی ئیسلامی کە بەهۆی کردەوە دژی مرۆڤیەکانیەوە لە باری رامیاری و ئابووریەوە لاوازە، بۆ مانەوەی خۆی سەرکوتی گەلانی ئێران بە چارەسەر دەزانێت و ئێمە هەموو رۆژێک شاهیدی کۆشتاری کۆڵبەرە هەژارەکانی کورد و زەخت و زۆر لەسەر بنەماڵەکانی زیندانیە سیاسیەکان وچالاکوانانی مەدەنی و مافی مرۆڤین. جێگای خۆیەتی کە لە ساڵرۆژی لەسێدارەدانی مامۆستای نەمری کورد و هاورێکانیدا، داوا لە هەموو رێکخراوە و کۆڕ وکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و هەڵسووراوانی سیاسی

بکەین کە بە تێکۆشان و هەڵمەتێکی جەماوەری و سەرانسەری بەرگری لە زیندانیە سیاسیەکان و تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ بکەن. ئێمە وێڕای پشتیوانیمان لە 19ی گوڵان وەک ڕۆژی مامۆستا لەکوردستان، خوازیارین کە هەموو ڕێکخراوە ماف پارێزەکانی مرۆڤ لەئاستی نێودەوڵەتی و هەر وەها ناوەوەی وڵات بۆ وەدی هاتنی ئاواتەکانی فەرزاد و هەموو گیانبەختکردوان بە پاڵپشتی خۆتان، ڕێگا خۆشکەری ئەم بابەتەبن.
کۆمەڵە ی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا
کەمپێنی بەرگری لە زیندانیە سیاسی و مەدەنیەکان
کۆمیتەی کوردەکانی ئەمریکا بۆ دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران
چاودیری کوردۆساید (چاک – کۆمیتەی ڕۆژهەڵات(

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 334

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی دەربارەی دۆخی قەیراناوی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081712485085867

وەک هەموو لایەک ئاگادارن بەهۆی دروستبوونی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەمڕۆ باشووری کوردستان بە دۆخێکی ناهەمواردا گوزەر دەکات.. دۆخێکی نەخوازراو کە هەموو چین و توێژەکانی گیرۆدەو شەکەت کردووە. ئەمە سەرەڕای ئەو دەیان کێشەیەی بەهۆی ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەندو شەڕی تیرۆریستانی داعش و قەیرانی داراییەوە بەرۆکی هاوڵاتیان و خەڵکی هەژارو بەشمەینەتی ئەم هەرێمەی گرتووە .
لە کاتێکدا کە زیاد لە هەر کاتێکی تر پێویستمان بە یەکڕیزی و تەبایی و برایەتی و دەستگرتن بە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەمانەوە هەیە، بەداخەوە خەریکە ململانێی سیاسی نێوان حیزب و لایەنەکان بە ئاراستەیەکی خراپ و ترسناکدا پروات، کە هیچ کەسێک خوازیاری نییە .

ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی و نیشتمانی بەپێویستی دەزانێت داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کورد بکات، بەشێوەیەکی یاسایی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بکەن و چیتر لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان نەخەنە مەترسییەوە .
هەروەک پێویستە هەموو توێژە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە قسەی جدی لەسەر ئەم دۆخە ناهەموارە بکەن و فشار لە لایەنەکان بکەن، ململانێ و چارەسەری کێشەکانیان ببەنەوە پەرلەمان. بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە فشارەکانیان بەو ئاراستەیە بێت کە نەهێڵن گفتوگۆی نێوان لایەنەکان بگاتە بنبەست و مەترسی خراپبوونی ڕەوشەکە زیاتر بێت .
لەلایەکی ترەوە وەک تێبینیمان کردووە ئەوەی زۆرجار دۆخی دەروونی هاوڵاتیان زیاتر دەشێوێنێت و توشی ترس و دڵەڕاوکەیان ئەکات، ئەو مامەڵە خراپەی هەندێک لە میدیاکارانە لەگواستنەوەو ڕوومالی هەواڵەکاندا، کە بەداخەوە زۆرجار کاریگەری نەرێنی جێدەهێڵێ.. هەربۆیە پێویستە دەگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکارانی کوردستان بە ئەمانەتەوە ڕوومالی ڕوداوەکان بکەن و بە گیانی دەروەستی و بەرپرسیارێتییەوە هەواڵ و بابەتەکانیان پەخش بکەن .
هەروەک بەشێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بوونی ئازادی ڕەها لە بەکارهێناناو ڕەچاونەکردنی هەستیاری دۆخەکە، بەشێوەیەکی خراپ و نادروست ئەو تۆڕانە بەکاردەهێنن، بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانەو دروست بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستمان بەهۆشیارییەکی زیاتری سیاسی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە .

لەکۆتاییدا داوا لە سەرکردەی لایەنە ناکۆکەکان دەکەین کە بەگیانێکی نیشتمانپەروەرانەوە وەک پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەرێکدا مامەڵە بکەن و ئەرک و بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغە هەستیارە لە ئەستۆ بگرن .
نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی
17-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 335

## راگەیەندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەسەندکردنی بودجەی 2013ی عیراق و فەرامۆشکردنی داواکاریەکانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20130312160301825555

لە دوای ململانێیەکی یاسایی و سیاسی لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی نێو پەرلەمانی عیراق لەڕۆژی 2013/3/7 پرۆژە یاسای بودجەی عیراق بەبێ بەشداری کردنی پەرلەمانتارە کوردەکان بە ناتەواوی پەسند کرا.

گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆری برد، چونکە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدڕاڵ پرۆژە یاسای بودجەیەکی رەوانە کردبوو کە پڕبوو لە کێشە و بڕگەی نادروست و نادەستووری سەرەڕای رێگەنەدان بە هەرێم لە بەشداریکردنی دارشتنی بودجە وەک مافێکی دەستووری خۆی، هەرچەندە ئێمە وەک حکومەتی هەرێم زۆر هەوڵماندا کە ئەو کێشانە پێشووەختە بە دیالۆگ چارەسەربکرێن، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین شاندمان رەوانەی بەغدا کرد و لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا کۆبوونەوە، دواجاریش شاندێکی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەیەکی تێروتەسەلیان ئەنجامدا بەڵام بە داخەوە هەوڵەکان نەگەیشتە ئەو ئاکامەی کە بودجەیەکی پوخت کە لە خزمەت تەواوی گەلانی عیراق بێت، بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەنجومەنی نوێنەران پرۆژە یاساکە پەسندکرا. لە گفتوگۆکان ئامانجی هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئەوە بوو کە بودجەیەک ئامادە بکرێت لە خزمەت تەواوی خەڵکی عیراق بێت و مافی گەلی کوردستان و پێشکەوتنەکانی تێدا رەچاو بکرێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە چەند خاڵێک کە لە یاساکە پەسندکراوە نەک هەر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو لە دژی هاوڵاتیانی هەرێم و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمە. بۆیە وەک حکومەتی هەرێم چەندین بڕگەی یاسای بودجەی ئەمساڵی عیراق رەت دەکەینەوە. و تەئکیدی ئەوەش دەکەینەوە کە ئەوان بە پشت بەستن بە پرەنسیپی زۆرینە و فەرامۆشکردنی پێشنیازو تێبینی و مافەکانی خەڵکی کوردستان لەبودجەدا، بەکردەوە بنەمای تەوافقی نیشتمانی و هاوبەشی کردنی راستەقینەیان لە دەسەڵات پەکخست کە بەگوێرەی دەستور، عیراقی تازەی لەسەر بنیاکراوە، لەم یاسایە نەفەقاتی حاکیمەو سیادی و پێشمەرگەو پەرەپێدانی پارێزگاکان و پیترۆ دۆلارو موستەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەوت بەهیچ شێوەیەک لەبەرچاو نەگیراوە.

ئەم هەنگاوەش لێدانە لە پێگەو مافی سروشتی و دەستوری کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی، لە رۆژانی داهاتووش زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە نێوان هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و

پەرلەمانتارو بەرپرسانی کورد لە بەغدا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بە راشکاوی بخرێتەڕوو.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەربڕینی نارەزایی توندی خۆی بەرامبەر ئەو پێشێلکاریە، راشیدەگەینێت کە مافی خۆیەتی ئیلتزام نەکات بەو پرگانەی کە دژی دەستووری عێراقن و سەرجەم رێگە قانونی و دەستوریەکان دەگرێتەبەر بۆ رێگریکردن لەم هەوڵەی دژ بە بەرژەوەندی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و عیراق بەگشتی گیراوەتەبەر.

لەکۆتایدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێزانینی خۆی بۆ سەرجەم ئەو فراکسیۆن وپەرلەمانتارانە دوپاتدەکاتەوە کە هەوڵیاندا ئەنجومەنی نوێنەران بودجەیەک پەسەند بکات کە لەبەرژەوەندی هەموو گەلانی عیراقدا بێت و ئامادەش نەبوون بەم شێوەیەی ئێستای دەنگی پێبدەن، بەتایبەتیش دەستخۆشی لە پەرلەمانتارە کوردەکان دەکات کە هەموویان کۆک و یەک دەنگبوون لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و دەنگ نەدان بۆ یاسای بودجەی ئەمساڵ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 336

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140806090832106191

بەداخەوە چەند رۆژێکە سەرەڕای هەوڵی کوردو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێوەنەگلان لە شەڕێکی نەخوازراو ئاڵۆزییەکانی ئەم دوایانەی عێراق بەدەر لە ئیرادەی هەرێمی کوردستان ئەم شەڕو ئاڵۆزیانە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەرەورووی خەڵکی ناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو بە تایبەت شەنگالو زوومارو هێزی پێشمەرگە لە کوردستانی باشوور بوەتەوە.

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێی بیروباوەڕێکی دواکەوتووانەو کردەوەی توندئاژۆیانەیان هێرشی بەربڵاویان کردوەتە سەر ئەو ناوچانە ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید کردوون، ژمارەیەکی بەرچاویان رفاندووە لە ئاکامدا هەزاران کەس لە ماڵو شوێنی حەوانەوەیان ئاوارەو دەربەدەر کراون.

چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەستیان لە تەقاندنەوەو لە ناوبردنی شوێنە پیرۆزەکانی پەیرەوانی ئایینو ئایینزاکان تەنانەت ئیسلامیش نەپاراستووەو بێ‌ڕێزی بە هەموو ئەو باوەڕانە دەکەن کە بۆ خەڵک پیرۆزن.

ئاکامی ئەو هێرشو پەلامارانەی داعش دەڕوا بەرو ئەوە کە کارەساتێکی مرۆڤی لەوە زیاتریش لەو ناوچە کوردنشینانە روو بدا. هەرچەند بەرگریکردنی هێزی پێشمەرگەو فیداکارییەکانی توانیویەتی شوێن لەسەر سنووردارکردنی ئەم پەلامارانە دابنێ و تەنانەت ژمارەیەک لەو گیان لەسەر دەستانە فیدای بەرگری لە خاکو خەڵکی کوردستان بکا بەوحاڵەش مەترسی داعش لە سەر گیانو ماڵی خەڵک لەو ناوچانە نەڕەویوەتەوە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا جێگای سرنجە ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی خاوەن نفووز، و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو... لەپێش گرتن بەم کارەساتە مرۆڤییە، کوردو هەرێمی کوردستان بە تەنیا نەهێڵێنەوەو تەنیا بەدەربڕینی پێ ناخۆش بوونو محکووم کردن قەناعەت نەکەن. چوونکە ئەرکی هەموو لایەکە لەو بارەوە خاوەن هەڵویستو

یارمەتیدەر بن چ بۆ بەهاناوە چوونی ئاوارەکان بە گشتیو ئێزیدیەکان بە تایبەتی کە زەختی زیاتریان لەسەرەو چ بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە. دیارە مەترسی هێرشی چەکدارانی داعش هەر بە کوردستانی باشوور بەرتەسک نەبوەتەوە لە کوردستانی رۆژئاواش بە تایبەتی لە کوبانی ئەم هێرشو توندڕەویانەوە بەردەوامە کە زیانی گیانی بەرچاوی لێکەوتووەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانو قوربانیانی ئەو کارەساتەو رێزدانان بۆ فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە بنەماڵەی شەهیدانی ئەم رووداوانە سەرەخۆشی دەکاو ئاواتە خوازە بریندارەکان هەرچی زووتر برینەکانیان سارێژ بێتەوە، هەروەها پشتیوانی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە کوردو لە خاکی کوردستان دەردەبڕیو ئامادەیی خۆی بۆ هەرجۆرە یارمەتییەک بە پێی توانا رادەگەیەنێت.

لە هەمانکاتدا داوا لە کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانو هەموو لایەک دەکا کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا خاوەن هەڵویستی شیاوو یارمەتیدەری بەکردەوە بن. لەوەش زیاتر ئەرکی هێزە سیاسیو رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە بە یەکڕیزیو یەکدەنگیو هاوهەڵوێستی پاراستنی خاکو خەڵکی کوردستان بە ئەرکی سەرەکی خۆیان بزانو لەوبارەوە بە پێی بەرنامەو پلانی توکمە دژی هەر پەلاماردەرێکی خاکی کوردستان بوەستنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

خۆڕاگریو سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان

نەمان بۆ تیرۆریستانو دژبەرانی کوردو کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

14/5/1393ی هەتاوی

5/8/2014ی زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 337

## راگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێم لەسەر تەقینەوەکەی هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041809203870421

"ئەمڕۆ هەینی 17ی 4ی 2015 لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستی لە شارۆچکەی عەینکاوەی هەولێری پایتەخت ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیل شەهید و بریندار بوون. ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ شکستی تیرۆریستان لەبەرانبەر پێشمەرگە قارەمانەکان و فەشەلهێنانیانە لە بەرەکانی جەنگ.

بۆیە تیرۆریستان ترسنۆکانە پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی دەبەن و هەوڵ دەدەن ئاسوودەیی هاووڵاتیان بشێوێنن. وێڕای ئیدانەکردنی توندی ئەم کارە قێزەوەنەی تیرۆریستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی شەهیدانی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی عەینکاوە دەکەین و هیوای چاکبوونەوەیش بۆ برینداران دەخوازین.

لەوەیش دڵنیاین کە هێزەکانی ئاسایش لە زووترین کاتدا ئەنجامدەرانی ئەم کارە دڕندەیە بە سزای خۆیان دەگەیێنن و هاووڵاتییە سەربەرزەکانیش لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس بە هەموو توانایەکیانەوە ئارامی و ئاسوودەیی وڵات دەپارێزین. با تیرۆریستانیش ئەوە باش بزانین کە ورەی پۆڵایینی هاووڵاتیانی کوردستان بەمجۆرە کردەوانە دانابەزێت و هەموولایەکمان سوورتر دەبین لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پێشمەرگە قارەمانەکانیش تۆڵەی خوێنی بە ناهەقڕژاوی هاووڵاتیان، لە بەرەکانی جەنگ دەکەنەوە".

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

17ی 4ی 2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 338

## ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گیرانی هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050416414776066

شەوی 2 لە سەر 3ـی ئایاری 2014 ژمارەیەک هەڵسوراو و چاودێری بزووتنەوەی گۆڕان لە نزیک بنکەیەکی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە شاری سلێمانی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و پاشان لە تەلەفزیۆنەکانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان وێنە و دانپێدانەکانیان بڵاو کرایەوە .

دەبوایە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن لەبوونی حاڵەتێکی وەها ئاگادار بکرێتەوە و کۆمیسیۆن بڕیار بدات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بکرێت، چونکە ئەوە لە چوارچێوەی سەلاحیاتی کۆمیسیۆنە کە بڕیار بدات کێ و چ لایەنێک پێشێلکاری کردووە و دەزگە ئەمنییەکانیش پێویستە پابەندی بڕیار و ڕێوشوێنەکانی کۆمیسیۆن بن .

داوا لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەین بە پێی یاسا و ڕێوشوێنەکانی خۆیان ڕێگە نەدەن هیچ جۆرە پێشێلکارییەک بەرانبەر دەنگی هاوڵاتیان و چاودێرانی لایەنە سیاسییەکان ئەنجام بدرێت .

لێرەدا بە گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە دەبێ ڕەچاوی ئازادیی کارکردنی هەموو ئەو چاودێرانە بکرێت کە بە ئاگاداریی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە لایەن حزبەکانیانەوە بۆ ئەرکی چاودێریکردن لە کاتی هەڵبژاردن و جیاکردنەوە و ڕاگەیاندنی دەنگەکان ڕاسپێردراون .

جگە لەوەیش لەهەموو دۆخێکدا پێویستە مافی هاوڵاتیبوونی خەڵکیش پارێزراو بێت و بەر لە دەرچوونی بڕیاری دادگا لەبارەی هەر گومانلێکراوێک نابێ وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

داوا لە گشت لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنەکانیان دەکەین بە پەرۆشی و

هەست بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن و کار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و ڕێگە لە هەر هەوڵێک بگیرێت کە دەبێتە هۆی شێواندنی پێگە و ناوبانگی هەرێمی کوردستان .

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان 4ی 5ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 339

## ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی (حسدک) لەکۆتایی پرسەی شەهیدی سەرکردە (عەتا محەمەد حاجی مەحمود)

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120123481578112

بەناوی خوای گەوەری میهرەبان
بەڕێزان
جەنابی /سەرۆکی هەرێمی کوردستان /جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
هاوسەری فەخامەتی سەرۆک مام جەلال
فەخامەتی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ / جێگری سەرۆک کۆماری عێراق
سەرۆکی ئەنجومەن وجێگر و وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێم
سەرۆک وجێگر و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆک و سکرتێرو سەرکردایەتی حزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان و عێراقی
سەرۆک و جێگرو ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ
جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی فیدراڵ
نوێنەرو کونسڵ و دبلۆمتکارانی ولاتانی دۆست و دراوسێ
پارێزگارو بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەو کەسایەتی بەڕێزی کۆمەڵایەتی وسەرۆک عەشیەت و کەسایەتی ئاینی و ئەکادیمی وعەشایەر شێخانی تەریقەت و مەرجەعەکانی ئاینی لە کوردستان و عێراق.
جەماوەری تێکۆشەری (سلێمانی و هەولێر ودهۆک وهەڵەبجەو کەرکوک و شارەزوور و و ڕاپەڕین و گەرمیان(
خەڵکی تێکۆشەری باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان
خەڵکی خەمخۆر و هاوسۆزی سنەو سقزو بانەو مەریوان و کرماشان و جوانڕۆ پاوە نەوسود
تێکۆشەرانی کۆبانی و جەزیرە و عفرین و شارو شارۆچکەکانی ڕۆژ ئاوا
خەڵکی تێکۆشەری ئامەدەو ماردین و شەرناخ و هەکاری و شارەکانی باکور
کوردستانیانیانی دانیشتوی دەرەوە
جەماوەری تێکۆشەری کوردستان
خوشک و برایانی بەڕێز

بەناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و سەرجەم هەڤاڵانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانەوە پر بەدڵ سوپاسی ئەمەک و دڵگەرمیتان دەکەین لە هاوخەمیتان بە شەهید بوونی هەڤاڵ کاکە عەتا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و کوری سەرکردەی گەورەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و قارەمانی مەزنی کوردایەتی کاک محمدی حاجی محمود سکرتیری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان کە لە داستانێکی قارەمانەنەدا لە ئازادکردنی بەشێکی تری خاکی پیرۆزی کوردستان لە شاری کەرکوک و نزیکبونەوە لە حەمرینی سەربەرز ئێوارەی 27-11-2014 لە شەڕێکدا هاوشانی جەنابی کاک محمدی حاجی

محمود بەدەستی ڕەشی تیرۆرستانی داعش شەهید کراو چووە کاروانی هەرگیز نەمران.

ئێمە خۆمان خاوەن شەهید و پرسەین ڕوداوێکی وەک شەهید بوونی کاکە عەتا بۆ هەمووومان چاوەڕوان کراو بوو کاتێک لەدوای هێرشی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر کوردستان بەگشتی و کەرکوک و گەرمیان بەتایبەتی شەهید عەتا چەکی شەرەفی کردە شانی و وەک 38 ساڵ لە مەوبەری کاک محمدی حاجی محمودی باوک و مامۆستاو ڕابەر ڕووی لە سەنگەرەکانی بەرگری لەخاک و خەڵکی کوردستان کردو بە شەهید بوونیشی مەدالیایەکی تری مەزنی بەخشیە مێژووی باوک و بنەماڵەو حزبە تێکۆشەرەکەی و ئێمەش شانازی دەکەین کە هەڤاڵ و هاوسەنگەری ئەو مەزنەین و لەم کۆست و کارەساتەدا جارێکی تر تەئکید لە سەر ئەو بەڵێنانە بۆ خواو گەلی خۆمان دەکەینەوە کە دەمێکە داومانەو وا ڕۆژی تەنگانە هات و ئێمە هەرساتێک بە بەخشینی گیانێک بۆ جەماوەر و گەلی کوردستانی دەسەلمێنین.

ئێمە شانازی دەکەین کاکە عەتا کوری تێکۆشەری مەزنی گەل و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بەچەکی شەرەفەوە چووە سەنگەرو بەرگری سوری خوێن بەئاڵای پیرۆزی وڵاتەوە لە کەرکوکەوە گەڕایەوە باوەشی ئەو خاکەی کەتەمەنی لە پێناودا بەخشی.

کاکە عەتا جگە لەوەی ڕۆڵەی گۆشکراوی خێزانێکی مەزن و فیداکار بوو، خۆشی لە دایک بووی ڕۆژانی سەخت و چاوکراوەی ناو زیندان و ئەشکەوت و دۆڵ و چیاو منداڵی دەربەدەری ماڵ بەکۆڵی گوند و دەشتی کوردستان بوو تەمەنی منداڵی لە زیندان و لاوێتی لە چیاو پاشان دەربەدەری و دوورە زێدی بەڕێکرد و دواجاریش بە سەربەرزییەوە سەرەڕای ئەوەی دەیویست تۆڵەی تەمەنی لە دەستچوی لاوێتی چیاو دەربەدەری بە دووبارە خوێندنی زانکۆ و خزمەتی زانست بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بەرامبەر غەدری دەستی ڕەشی تیرۆر و هەڕەشە لە گیان و شەرەف و ماڵ و خاکی جەماوەری کوردستان بێدەنگبێت و سەری بەرزی گەڕانەوە ناو خاکی پاکی نیشتمان.
جارێکی تر سوپاسی هاوخەمیتان دەکەین بە بەشداری لە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی شەهید عەتاو ئەسپەردەکردن و پرسە گێرانی...

سوپاسی ئەو هاوغەمیە بەرزە جەماوەرییەی لاو و پیری کوردستان دەکەین، سوپاسی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و نوسەران و ئەدیبان وهونەرمەندان و مامۆستایان وخوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان وەنجان و سەرجەم چین و توێژەکان و سوپاسی هەستی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان دەکەین بەرامبەر بەئەمەکداریان بۆ تێکۆشەران و دڵسۆزیان بۆ تێکۆشەرەنیان کە هەرگیز بە بەنوسین گوزارشتمان بۆ ناکرێت کە لە گەڵ بە شداریان لە هێنانەوە ئەسپەردەکردن و پرسەی شەهید عەتادا هۆڵەکانی زانکۆ پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندن و تۆرەکانی کۆمەڵایەتیان بەهەڵویستی بەرزی ئەمکداری نەخشاند.

سوپاس بۆ هێزەکانی ئاسایش و ناخۆ پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆو کە لەم کۆستەدا هاوکارو هاو سۆزمان بوون، ئێوە سەلمانتان کە گەلی کورد بە وەفایە بەرامبەر بەوانەی بەگیانی خۆیان و ڕۆڵەکانیان خەبات لە پێناو جاک و خەڵک و شەرفی میلەتدا دەکەن
شەهید عەتا شەهیدی هەموو کوردستانە کوری هەموو باوک و دایکێکی جەرگ سوتاوی وڵاتە وەک چۆن ئێوە دەڵین هەموومان کوڕ کچی تێکۆشەری مەزن کاک محمدی حاجی محمودین.
دوبارە سوپاسی هاو غەمی و ئەمکداریتان دەکەین.
مەکتەبی سیاسی
حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
1-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 340

## راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی 13-07-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071410223476993

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆژانی (12-2014/7/13) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی، دوو رۆژ لەسەریەک کۆبوونەوەی ئاسایی کرد.

لەکۆبوونەوەکەدا، دۆخی ئێستای عیراق، مەترسییەکانی داعش، چارەنوسی ناوچە داپڕێنراوەکان، کێشەکانی پێکهێنانی پۆستە سیادییەکانی عیراق، دروستکردنی بەمەرامی کێشە لەنێوان کوردو شیعەو چەندین دیاردەو دەرکەوتەی تازەی تریش، لەهەلومەرجی ئێستادا، گفتوگۆیان لەسەر کرا. لەسەر دۆخی عیراق، هەڤاڵ فریاد رواندزی، ئەندامی سەرکردایەتیو نوێنەری راسپێردراوی یەکێتیی لەوەفدی دانوستانکارو د.خەیروڵڵا، وەزیری بازرگانی عیراق، ئامادەی کۆبوونەوەکە بوونو راپۆرتی زارەکی خۆشیان لەسەر کاروباری دەوڵەت، هێزە سیاسییەکان، دۆخی بەغدادو گرفتی ناو لایەنەکان، بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێشکەش کرد.

کۆبوونەوە لەسەر دۆخی عیراق راوەستاو هەلومەرجەکەی بەدژوارو مەترسیدار دایە قەڵەم. هۆیەکانی ئەم دۆخە مەترسیدارەشی بۆ سەرجەم ئەو هەڵەو خەتاو کەموکوریانە گێڕایەوە، کە لەدوای روخانی رژێمی سەدامەوە، هەتا هاتووە کەڵەکە بونو چارەسەری بنەڕەتیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. سیاسەتی تاک لایەنو حوکمڕانی تاکگەرایی سەپێنراوەتە سەر بوارەکانی دەسەڵاتداریێتی. کێشەی مەزهەبو تائیفیو ئەمنییەکان، زاڵکراونەتە سەر ئەرکەکانی ئابوریو ئاشتی کۆمەڵایەتیو، پێشکەوتنی دیموکراسیو، ژیانی مەدەنییەت؛ جێبەجێکردنی دەستور فەرامۆشکراوە؛ دەسەڵاتەکانی تەشریعیو دادوەری دووچاری کێشەی لاوەکیو ناوەکی کران؛ سیاسەتی کارو کاردانەوەو بەهەڵەی قورستر چارەسەرکردنی هەڵەکان، زاڵکرا. ئەم سیاسەتانە بەزۆری، لەناو حکومەتدا دەوڵەتی یاساو لەناو پەرلەماندا بەگشتی هێزە سونیگەراکانو دەوڵەتی یاساش بەرپرسیارن لێی.

هێزە کوردستانییەکان، سەرەڕای کەموکوری، یان هەندێک کەمتەرخەمی، یاخود وەکو پێویست رانەپەڕاندنی ئەرکە بنچینەییەکانیش، هەروەها ئەو نیگەرانییەی لەناو رای گشتیو میدیاشدا ماوون، بەڵام هەمیشە هێزە کوردستانییەکان لەعیراقو ناوچەکەدا بەشێک بوون لەپاراستنی ئارامیو چارەسەری کێشەکان. مەخابن، گوێ لێگرتنیان کەم بوو. دژایەتیان زۆرتر بووا!!

کاتێکیش تیرۆریستان دۆخەکەیان تێکو پێکدا، بەدەسیسە، دەستەو تاقم هەیە، دەیانەوێ کوردو هێزە کوردستانییەکان، دووچاری کێشەی نەتەوەیی لەگەڵ عەرەبو دژایەتی لەگەڵا شیعەگەردا بکەن. دڵنیاین، لەبەرئەوەی ئەم سیاسەتە، بەدەسیسەی شکست خواردوان ئەنجام دەدرێ، زۆر ناخایەنێ لەبەردەم رای گشتی-دا رسوا دەبێ. گەلی کوردستانو هێزە کوردستانییەکانو یەکێتیی نیشتمانی، سورین لەسەر پاراستنی پەیوەندی ستراتیژمان لەگەڵ شیعەو سوننی نیشتمانپەروەرو پەرۆشی عیراقی دیموکراتی فیدراڵی فرەیی راستەقینە!

بۆ پێکهێنانەوەی حکومەتیش، یەکێتیی، باوەڕیوایە کە کۆی سیاسەتو سیستەمی حوکمڕانی عیراق دەبێ بگۆڕدرێ؛ ئەمەش مەحاڵە، ئەگەر ئالیەتی جێبەجێکردنی دەستورو پابەندبوون بەیاساو کاراکردنی پەرلەمانی عیراق، لەئالیەتی حزبایەتیو تایفەگەری تەسکەوە، بەئالیەتی حوکمڕانی دیموکراسیو تەوافقی راستەقینە نەگۆڕدرێ. بۆ؟ چونکە:

-بەڕواڵەت عیراق فیدراڵە؛ کەچی بەبێ بڕیاری پەرلەمانو سەلماندنی راستییەکان، بودجەی

کوردستان دەپردرێ.
-عیراق فیدراڵە؛ کەچی کێشەی نەوتو گاز، ساڵ بەساڵ چارەسەرکردنی دواخرا، هەتا گەیەندرایە بنەبەست.
عیراق فیدراڵە؛ کەچی کێشەی ئابوریو کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزارییەکان، قوڵتر دەکران.
-عیراق فیدراڵە؛ بەڵام پێشمەرگە خرایە دەرەوەی بازنەی سوپای پڕ چەککراوی عیراق، ئەمەش سوپاکەو ئەمیش پێشمەرگە.. دەرکەوتن.
-لەم وڵاتەدا.. هونەر نەما، ئەدەب ژاکا، وەرزش دەواکەوت، ئاوەدانی پەکی خراوە. داروەرەخت وشکبوون. گەشتوگوزار لەخواروی عیراق راوەستا. موزەخانە سەردان ناکرێ، تەنانەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی مەدەنیش پاشەکشەی کرد.. تاد.
بۆیە، هەموو هێزە سیاسییەکانی عیراقو کوردستان، نەک تەنها لەبەر رەشەکوژییەکەی داعش، بەڵکو لەبەر بەرپرسیارێتی نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، شارستانیو دەستوریش، چیکە ناکرێ بەعیراقی ساڵانی رابوردوو رازی بن، تەنانەت دەبێ سوربن لەسەر گۆرینی کۆی سیستەمو سیاسەتو ئیدارەدانی عیراق.

سەبارەت بەدۆخی ناوچەکانی مادەی (140)یش، کۆبوونەوە بەوردیو هەمەلایەنە لەسەر ئەم بەشە وەستاو هەڵوێستەی لەسەر جومگە بەجومگەی پارێزگای کەرکوکو خانەقینو نەینەواو دیالەو سەڵاحەدین، کرد. مەکتەبی سیاسی، لەکاتێکدا بەهەڵەی دەزانێ جەخت بکاتەوە: حکومەتەکانی دوای روخاندنی سەدام، بەتایەتی لەدوای پەسەندکردنی دەستورو مادەی (140)ەوە، بەرپرسیاری یەکەمی جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی مادەکەن، لەهەمانکاتدا، یەکێتیی پێوایە، لەگەڵ حکومەتی ئاییندەی عیراق، مادەی (140) دەبێ ببێتە بنچینەی رێککەوتنی سیاسی. رێککەوتنەکەش بەدیاریکردنی سنوری جوگرافیای باشوری کوردستان ببەسترێ. واتا:

گفتوگۆ لەسەر دیاریکردنی سنوری نیشتمانیی مێژوویی باشوری کوردستان بکرێ، نەک لەکوێ کورد زۆرە یان کەممە. سنوری باشوری کوردستانیش، زنجیرە شاخی حەمرینە، هەروەکو لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی سیڤر-دا هاتووە.
لاشمان سەیرە، دوای ئەوەی سوپای عیراق بەرگەی هێرشی داعشی نەگرتو پێشمەرگە تەواوی ناوچەکانو سەروسامانو ئاسایشی خەڵکی بەخوێنی زیاتر لە(60) شەهیدو (300) بریندار پاراستووە، کەچی لەباتی سوپاسی ئەم هێزە قارەمانە بکرێ، هەروەکو مادەی (140)و ناوچەی کێشە لەسەر لەئارادا نەبێ، حکومەتی عیراق، پێشمەرگە بە(حەس حەس) دەزانێو داوای کشانەوەی پێشمەرگە دەکات، ئەمە لەکاتێکدا تیپێکی سەربازی لەعیراقدا نەماوە، بەغدادی پایەختی پێ بپارێزنو پاراستنی پایەختیان سپاردۆتە ئەو میللیشیانەی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لەباتی چارەسەری سیاسیو ئیداریان بۆ دابین بکرێ، سەرکوتیان کردن!
تازە، نەعیراق، دەبێتەوە بەعیراقی چوارچێوەی حوکمڕانی دەهەی رابردوو، نەناوچەکانی مادەی (140)یش دەبنەوە بە بەشێکی بۆتەی عیراقی رابردوو. حیکمەتی سیاسی وا دەخوازێ، ئەمجارە؛ وەکو هەموو کێشە بنچینەییەکانی تری عیراقو کوردستان، ناوچە داپڕێنراوەکانی کوردستان، چارەسەری راستەقینەیان بۆ بدۆزرێتەوە، چارەسەرێک کە چیکە، کورد، عەرەب، تورکمانو مەسیحی، وێرای پێکهاتەکانی تریش، لەم ناوچانەدا، لەناو کێشمەکێشی تایفیو شۆڤێنیو حوکمڕانی تاک لایەنەو تاکڕەوانە، هەتا هەتایە سەرفراز بکرێن، وەکو بەشێکی کوردستانی دیموکرات، بەمافە دیموکراسییەکانیان شاد بکرێن.

دەربارەی راپرسیو مافی چارەنوسو سەربەخۆیی کوردستانیش.. یەکێتیی پێوایە، خەریکە هەلومەرجێکی بابەتی دێتە پێشەوە، نەک لەناوخۆی عیراقو کوردستاندا، بەڵکو لەناوچەکەو جیهانیشدا، دەرگای گفتوگۆ لەسەر مافی چارەی خۆنوسین، بەسەربەخۆیی کوردستانیشەوە، بۆ یەکەمینجارە لەدوو سەدساڵی رابوردوودا دێتە ئاراوە. هاتنە ئارای ئەم هەلومەرجەش، تەنها پەیوەندی بەداوای رەوای سیاسی گەلە دیموکراتیخوازەکەمانەوە نییە، بەڵکو قۆناغی سیاسی گۆردراوە؛ سیاسەتی دەوڵەتان کەوتۆتە ژێر کاریگەری گۆرانکارییەکان؛ بەرژەوەندی زلهێزەکان لەوەدایە کێشەی گەلان چارەسەر بکرێ.. هاوکات، سامانی کوردستانو کوردستانی سەرکەوتوی فیدراڵیش، مایەی باسو خواستی دەوڵەتانو کۆمپانیاکانو بازاڕەکانە.. بەڵکو قسە لەوەش دەکرێ، نەوتو گازی کوردستان، نرخی سوتەمەنی لەبۆرسەکانی نەوتدا دادەبەزێنیو ئاستەنگی وزەش

هەتا رادەیەک چارەسەر دەکات.
لەمێژووی دوو سەدەی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردایەتی، زەمینەی ئەوتۆی چارەی خۆنوسین رەچاو نەکراوەو هۆکاری پۆزەتیڤی وا کۆنەبوونەتەوە. بەڵام زەمینەی وا، هەرچەند باشیش رەخسابێ، ناکرێ بکرێتە پێخۆری دروشمبازیو هەڵوێست فرۆشتن.
یەکێتیی.. لەم هەلومەرجەدا، لەکاتێکدا، پێویستی بەوە نییە، پروپاگەندەی دەروونی لەسەر خۆی پەوێنێتەوە، کە لێرەو لەوێ، دەستکێشەکانی ئەم دەزگاو سەرکێشەکانی ئەمو ئەو سنور، دژی یەکێتیی وروژاندویانە، چونکە، یەکێتییەک، ساڵی (1982) مافی چارەی خۆنوسینی کردبێتە دوورنمای خەباتی سەربەخۆییو ساڵی (1992) لەفیدراڵدا چەسپاندبێتی، چ پێویستی بەوەیە ئێستا، پروپاگەندە دژی خۆی پەوێنێتەوە. کاری وا، کاری یەکێتیی نەبووەو نابێ، چونکە پەرێزی مافی چارەی خۆنوسینمان پاکو بێباکو مایەی شانازییە.

بەم راگەیاندنەش رایدەگەیەنین، لەهیچ کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیو ئەنجومەنی سەرکردایەتی-دا، یەکێتیی، لەسەر راپرسیو پرسی چارەی خۆنوسینو گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، دوو رای جیاواز نەبووە. بەڵکو وەکو یەکێتیی، لەپێرارەوە گوتومانە:
چیکە کات بەفیرۆ نەدەین بەم جۆرە گفتوگۆ نەزۆکەی مادەی (140)ەوە، رۆشنمان کردۆتەوە کە ناوەرۆکی دانوستانمان لەگەڵ بەغداد، لەبڕگە بڕگەی مادەی (140)ەوە بگۆڕین بەپێداگیری لەسەر سنوری حەمرینی کوردستان. هەروەها، بەڕاشکاوی، لەسەرەتای ساڵەوە (پێش سەرهەڵدانی داعش) جەختمان کردۆتەوە کە ئەوپەڕەکەی هەتا بەهاری ساڵی ئایندە، لەسەر گفتوگۆی بەغداد رادەوەستین. لەوە بەدوا بڕیاری کوردایەتی بدرێ باشە. وا هەلومەرجی بڕیاری کوردایەتیش هاتۆتە ئاراوە. بەشە عەسکەریو ئەمنییەکەشی لەپرۆسەیەکی سروشتیدا جێبەجێکراوە.

وا.. بەشێکی بەرچاوی بڕیاری کوردایەتی لەکەرکوکو خانەقینو ناوچەکانی تریش دراوە. دەمێنێتەوە ئەم بڕیارە، بکرێتە بەشێکی پرۆژەی سیاسی نوێ بۆ دانوستاندن لەگەڵ عیراقی دوای حکومەتی ئێستاو دوای رووداوەکانی ئێستاش. لەو باوەڕەشداین، هێشتا، دەوڵەتان، نەتەوە یەکگرتووەکان، پێویستیان بەوەیە، ستراتیژێکی هەمەلایەنمان لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەبێ. هەروەها بۆ گۆشکردنی رۆشنتری رای گشتی گەلەکەشمان پرۆژەی پەروەردەی سیاسیمان پێویستە. باشترین دەستەبەریش، راپرسییە.. بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بەبڕیاری دڵخوازی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، قەزاکانی: خانەقین، مەخمور، ژەنگار، شێخان.. تاد. راپرسییەکەش، بەسەرپەرشتی چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان.. بکرێ، متمانە پێکراوترە.

لەکۆتایشدا.. مەکتەبی سیاسی، دووپاتی دەکاتەوە کە:
یەکێتیی، بەشێکی تۆکمەی یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان بووەو دەمێنێتەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئەم یەکڕیزییە، بەبڕیاری سیاسی هاوبەش، بەهەنگاوی هاوبەش، بەپشکی هاوبەشی هەموو لایەنەکان؛ بەپێی سەنگی هەڵبژاردن.. لەعیراق، کوردستان، پارێزگاو قەزاکان بپارێزرێ. هەڵبەتە یەکڕیزی بەبێ پتەوکردنی متمانەو، متمانەش بەبێ هاوسەنگی لەبەرژەوەندیو، بەرژەوەندیش بەبێ کاراترکردنی دەسەڵاتەکانی تەشریعیو تەنفیزیو دادوەری.. هەروەها چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی رابوردوو، مەحاڵە. بنەمای ئەم متمانەیەش ئابوری کوردستانە. بۆ ئابوری کوردستانیش لەدۆخی ئێستادا، نەوت بۆتە گرنگترین بەشەداهاتو بودجەی سیاسەتی ئابوری نیشتمانیو نەتەوەیی. ئەمەش، پێویستی بەستراتیژێکی هەمەلایەنەیە کە گەلەکەمان دڵنیابێ لەوردو درشتی هەڵهێنجانو هەناردنو فرۆشتنو ئیدارەو دابەشکردنی داهاتی نەوتو گاز، لەپێشدا بۆ پتەوکردنی ژێرخانی پیشەسازیو ئینجا خۆشگوزەرانی خەڵک.

یەکێتیی.. سەرخستنی تاقیکردنەوەی حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی بەئەرکی هەمووان دەزانێ.. هەمووان لەژێرباری بەرپرسیارێتی نەتەوەییو دیموکراسیو خەباتی مەدەنیداین. هەمووان ئەرکمان هەیەو مافیشمان هەیە.

بەهیواین.. تەواوی هێزەکان بۆ تێکشکاندنی داعشو تیرۆریستان، درێغی نەکەینو لەراپەڕاندنی ئەرکەکانیشماندا بەردەوام تێبکۆشین. هەلەکەش.. هەم بۆ عیراقو، هەم بۆ ناوچەکەو، هەم بۆ

باشوری کوردستانو بەشەکانی تری کوردستانیش، لەبارە، دوای تێکشکاندنی دوژمنانی دیموکراسی، دوای بەدیهێنانی ئارامیو ئاسایش.. هەر دەبێ ئامانجە بەدی نەهاتووەکان بەدیبهێنین. بەدڵنیاییشەوە، نەتەوەکەشمان بەمافی چارەی خۆنوسینی شاد بێت.
ئیتر بۆ پێشەوە

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
13/7/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 341

## راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەی هێزی پێشمەرگە لە شەنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=20141219143903118364

گەلی قارەمانی کوردستان!
پێشمەرگە ئازادیخوازەکان!
کەسوکاری شەهیدە نەمرەکان!

داعش و ئەوانەی لەپشتیانەوە بوون، سەرەنجامی کێشە دروستکردن بۆ پرۆژەی عیراقی فیدراڵ و قوڵبوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەعیراق و ناوچەکەدا، نەخشەیان دارشت، پرۆسەی سیاسی دیموکراتی فیدراڵی لەعیراق و کوردستاندا تێکبدەن، هەتا بتوانن کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، بەتایبەتی عیراق و باشووری کوردستان، هەروەها سوریا و رۆژئاوای کوردستان .

کە لەسوریادا بەهێزبوون، گواستیانەوە بۆ عیراق و لەپارێزگاکانی (نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەدین) و هەندێک ناوچەی دیکە، سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراویان بەدەستهێنا، ئەم سەرکەوتنانە هاوکات کاریگەری لەسەر رووداوی کارەساتی شەنگالیش هەبوو .
داعشە دڕندەکان لەشنگال و ناوچە شیعە و مەسیحی نشینەکاندا، سنووری دڕندایەتیشیان بەزاندو رووی تاوانبارانی مێژووشیان، لەماوەیەکی کەمدا سپی کردەوە و ئەوەی تاوانبارانی رابردوو، لە دەیان ساڵدا ئەنجامیان داون، ئەمان لە سێ مانگدا، لەتاوانەکانی ئەوانیشیان تێپەڕاند.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵاهایە لەو هێزانەیە، مەترسی سەلەفیەتی کۆمەڵکوژیی خستۆتە بەرچاو، لەناوچەکانی هەڵەبجەشدا شەڕی سەختیشیی کردن، کە هێزێکی رەشەکوژی وەکو داعشیش سنووری باشووری کوردستانی خستە ژێر هەڕەشەوە، هەر زوو مەترسی ئەم سیاسەتە و ئەم هێرشەمان بۆ باشووری کوردستان خستەئاراوە و جەختمان کردەوە، سیاسەتی بەرگری بگۆڕین بە سیاسەتی هێرشی رزگاری، لەم رێناوەشدا، بێ دریغ تێکۆشاوین و قوربانیمان داوە.

سەرەنجامی سیاسەتی هێرشی عەسکەری و پشتیوانمان لەجیهان و ناوچەکەشدا،
خۆشبەختانە لەپارێزگاکانی دیالە و کەرکوک و ناوچەکانی مەخموریش و هەندێک شوێنی گرنگی

نەینەواش، سەرکەوتنی گەورە گەورەی چاوەڕوان نەکراو، بەدی هێنراون.

لەهەمان کاتدا، هێزی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم، خۆی بۆ هێرشێکی فراوان ئامادەدەکرد، هەتا شەنگال و دەوروبەریشی لەو جانەوەرانە رزگار بکرێ.
بەرپرسیارێتیی نەتەوەیمان بوو شەنگال لەم کاتەدا رزگار بکرێ، چونکە داگیرکردنی شەنگال و ئەو زڵمەی لەخوشک و برا ئێزدییەکانمان کراوە، دوای کارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە، ئازاردەری ویژدانی نەتەوەکەمان بوو، تەنها بە رزگارکردنی شەنگال و ئازادکردنی دیلەکانمان، برینی قوڵی ئەو ئازارە سارێژ دەکرێت و تۆڵەی شەهیدان و زوڵم لێکراوانی ناوچەکەش دەسەندرێتەوە.

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان!
بۆ سێ رۆژ دەچێت، ئۆپراسیۆنی رزگارکردنی چیای شەنگال و دێهات و شارەدێکانی دەوروبەریان، بەو پەڕی قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە و هاوکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، دەستی پێکردووە .

مایەی سەربەرزیمانە، هێرشی رزگاری پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە و داعشە هاش و هوشکەرەکان، دووچاری شکستی گەورە هاتوون، کە ئەمە سەرەتای سەرکەوتنی ستراتیژی دەبێت بۆ رزگارکردنی تەواوی کوردستان، بەتایبەتی لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمدا، لەپارێزگاکانی کەرکوک، نەینەوا و سەڵاحەدین و دوورخستنەوەی دوا مەترسیشە لە سەر پارێزگای دیالە، بەتایبەتی سەراپای قەزای خانەقین، کاریگەری عەسکەری گەورەشی بۆ لاوازکردنی توانی داعشەکان لەعیراق و رۆژئاوای کوردستانیشدا دەبێت، لەم کاتەشدا جەخت دەکەینەوە ئەم رزگاکردنەی شەنگال و ناوچەکانی تری ماددەی 140ی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەنها رزگارکردنی خەڵک و خاک نییە لەدەست دوژمنێکی دڕندەی وەک داعش، بەڵکو سەلمێنەری ئەو راستییەشە کە ئەم ناوچە کێشە لەسەرانە، پەیوەندی ئۆرگانیکیان بە سنووری باشووری کوردستانەوە هەیەو چارەنووسیان چارەنووسی شکست و سەرکەوتنی گەلی کوردستانە، بۆیە کاتێک شەنگال و جەلەولا و سەعدیە و سلێمان بەگ و مەخمور داگیردەکرێن، شۆڤێنییە عەرەبەکان زۆرتر حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتیان بەکەمتەرخەم دەزانی، ئێستاش کە ئەم ناوچانە رزگار و ئازاد دەکرێن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم شەرەفە تۆمار دەکات.

ئومێدەوارین ئەم راستیانە، زەمینەی مێژوویی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ی لەسەر ئەرز و لەئەقڵەیەت و لەویژدانی هەموو لایەکدا، باشتر رەخساندبێ و جارێکی تر خاک و خەڵکی بەخوێنی پێشمەرگە و شەهیدانی بێ گوناح ئازاد کراو، ناکرێ بخرێتەوە گرەوی پاساوی بێ پێزی نەگێرانەوەی ئەم ناوچانە، بۆ سەر کوردستانی دایکیان.

جەماوەری سەربەرز !
پێشمەرگە هەڵمەت بەرەکان!
مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەم رۆژە پیرۆزەی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بەسەر دوژمنە تاریک پەرستەکاندا، پیرۆزبایی لە بەرێز سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات، بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی رزگارکردنی دوا بستۆکەی ئەو ناوچانەین. بەم بۆنە مێژوییەشەوە، سڵاو و نەوازش بۆ تێکرا شەهیدانی کوردستان دەنێرین و بە دڵنیاییەوە، دڵنیایان دەکەین کە (ئەی شەهیدان، نامرێ ناو و نیشانتان) کێلی بەرزی هەموو یەکێکتان، سەربەرزی کچ و ژنی ئێزدی پاراست و سەروەری پێشمەرگەی کردە بناغەی قۆناغی نوێی کوردایەتی هاوچەرخ.

سڵاوتان لێ بێت.... پێشمەرگە و برینداەکان..... کە هەر برینێکتان گوڵاڵە سوورەی باخی ئازادی و رەنگی سووری ئاڵای شەکاوەی کوردستانە.

ئەی نەتەوەی کۆڵنەدەری کوردستان :
پیرۆز بێ ئەم سەرکەوتنە لەهەموان، مژدەش بێ بۆ سەرکەوتنی شەڕڤانان و پێشمەرگەکانی کۆبانی و رۆژئاوای کوردستان لەمنزیکانەدا، سڵاو لە یەکە بە یەکەی ئێوەش، ئەی فەرماندەو

ئەفسەر و پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کورد و کوردستان و ئازادی.

ئێتر بۆ پێشەوە بەرەو
سەرکەوتنی یەکجارەکی

ڕاگەیاندنی مەکتەبی
سیاسی ی.ن.ک
19/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 342

## ڕاگەیەندراوی کۆبونەوەی بارزانی و هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070417524989699



پێشنیوەڕۆی 2013/7/4 لە سەلاحەدین، بە سەرپەرشتیی سەرۆک مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە.
کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە ڕاوێژ و ڕاگۆرینەوە سەبارەت بە کەیسی پەیوەست بە دەستوور و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم و دوا بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە.
لە ڕۆژانی داهاتوودا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی ڕاوێژی زۆرتر لەگەڵ لایەنەکانی تر کۆدەبێتەوە.
هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا گۆڕانکارییە نوێیەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستان و ناوچەکە باسی لێوە کرا.
هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانەکەی بۆ فەڕەنسا و دیدارەکانی لەو وڵاتە بۆ کۆبوونەوەکە باس کرد.
هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا سەردانی چاوەڕوانکراوی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا کە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، باسی لێوە کرا و گفتوگۆی لەبارەوە کرا.
لەو سەردانەدا شاندێکی حکومی و سیاسیی پێکهاتوو لە نوێنەری حزبەکان هاوڕێیەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 343

# ڕاگەیەنداوی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042015402168536

بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری سەرۆک رۆژی دووشەممە 20ـی 4ـی 2015 لە سەلاحەدین بە مەبەستی ڕاگۆڕینەوە و بەدواداچوون و شیکردنەوەی پرسە هەنوکەییەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان بەڕێوە چوو.
کۆبوونەوەکە بە مەبەستی تاوتوێکردن و ئاڵوگۆرکردنی بیرورا بوو لەبارەی شەڕی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و هەروەها بارودۆخی سیاسیی کوردستان و عێراق و سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی سەرۆک بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها ئامانج و ناوەڕۆکی نامەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ پارلەمان و حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان و خستنەڕووی بۆچوونی لایەنەکان لەبارەی دەستوور و پرسی سەرۆکایەتیی.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێم ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەی لە دوایین ڕەوشی بەرەکانی شەڕ و بارودۆخی مەیدانیی بەرەکان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و دۆخی ناوچە ئازادکراوەکان ئاگادار کردەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی ئەو نامەیەی کرد کە ئاراستەی پارلەمان و حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کردبوو و ئەوەی خستەڕوو کە ئەم نامەیە ئاراستەی هەموو لایەک و هەموو تاکێکی کورد کراوە و داوایشی کرد کە هەموو لایەنەکان کار بۆ ئەوە بکەن کە لە ڕاگەیاندنەکاندا بانگەشە بۆ گرژی و پەرتەوازەیی نەکرێت .هەروەها بۆچوونی خۆی لە بارەی پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی بۆ لایەنە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە شیکردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە بەر لە دووساڵ لە نامەیەکدا داوای لە سەرۆکایەتیی پارلەمان و لایەنەکان کردبوو کە بە زووترین کات لەسەر مەسەلەی دەستوور و ئالیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک بگەنە ئەنجامێک و ئێستایش با پارلەمان و لایەنەکان بگەنە چارەسەر و دەستوور بگەینرێتە قۆناغی ڕاپرسی. سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوایشی کرد دەستوور بۆ گەل و وڵاتە و پێویستە بە گیانێکی نیشتیمانی و دوور لە موزایەدات چارەسەر بکرێت و پەیوەست بە مەسەلەی سەرۆکایەتی ئەوەی باس کرد کە بابەتەکە لای لایەنە سیاسییەکانە و با پێکەوە بگەنە ڕێککەوتن و بڕیار لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتی بدەن .دواتریش داوای لە ئامادەبووان کرد کە سەرنج و پێشنیارکانی خۆیان لەبارەی شەڕی داعش و ئازادکردنی موسل و ئەجێندای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و پرسە هەنووکەییەکانی هەرێم و مەسەلەی دەستوور و سەرۆکایەتیی هەرێم بخەنە ڕوو. دوای گفتوگۆیەکی تیروتەسەل لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە بەم
ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:
یەکەم: بەشداربووانی کۆبوونەوەکە قوربانیدان و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بۆ پاراستنی خاک و ژیانی هاووڵاتیان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەرز نرخاند و جەختیان لە پاڵپشتیکردنی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە و یەکخستن و بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی پێشمەرگە و هەروەها باشترکردنی باری گوزەرانی پێشمەرگە قارەمانەکان کردەوە. هەروەها بەشداربووانی کۆبوونەوەکە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمیان لە سەرپەرشتیکردن و ئامادەبوونی لە بەرەکانی شەڕ و پشتیوانیکردنی هێزی پێشمەرگە بەرز نرخاند و سوپاسی هێزی هاوپەیمانان و دۆستانی گەلی کوردستانیان کرد کە هاوکاریی سەربازییان پێشکەشی گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگە کردووە.
دووەم: کۆبوونەوەکە وێڕای لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەستیار و چارەنووسساز کە کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، جەختی لە پاراستنی یەکڕیزیی هێزە لایەنە سیاسییەکان کردەوە وەک زامنێک بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان و پاراستنی

دەستکەوتەکان و هەروەها لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە تەئکیدیشیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کردەوە و پاڵپشتیی خۆیشیان بۆ هەموو ئەو هەنگاوانە نیشاندا کە بە ئاراستەی مسۆگەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکان و پێشڤەچوونی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەنرێت. لە تەک ئەوەیشدا بە پێویستیان زانی هەوڵەکانی لایەنە سیاسییەکان و دامودەزگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چاکسازی و نەهێشتنی کەموکورییەکان چڕتر بکرێتەوە.
سێیەم: بەشداربووانی کۆبوونەوەکە جەختیان لە بەردەوامی گفتوگۆ و باشترکردنی پەیوەندییەکان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا و هەروەها فراوانکردنی پەیوەندیی دۆستانە و هاوسەنگ لەگەڵ دراوسێکان کردەوە و ئەوەیان دووپاتکردەوە کە هەرێمی کوردستان هۆکاری سەقامگیری و بووژانەوەی ناوچەکە و ئاشتی و چارەکردنی کێشە و گرفتەکان دەبێت.
چوارەم: بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ سەرۆکی هەرێم و شاندە یاوەرەکەی بۆ ئەمەریکا ڕاگەیاند و پێشنیار و بۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی ئەجێندای ئەم سەردانە خستەڕوو.
پێنجەم: کۆبوونەوەکە وێڕای جەختکردنەوە لە پاراستنی سیادە و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەی یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی هەرێم لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە پێویستە لایەنە سیاسییەکان کار بۆ هێورکردنەوەی ڕاگەیاندنەکان و دوورخستنەوەی ئەم نەفەسە بکەن کە دژی ئاسوودەیی هاووڵاتیان و یەکڕیزی نیشتیمانییە. کۆبوونەوەکە ڕەفزی هەموو هەوڵ و بانگەشەیەکیشی کرد بۆ سەپاندنی بۆچوونێک کە لە دەرەوەی یاسا و سەروەری و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانە.
شەشەم: سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور و سەرۆکایەتیی هەرێم لایەنەکان جەختیان لەوە کردەوە دەستوور و سەرۆکایەتیی هەرێم پرسێکی نیشتیمانییە و دەبێ هەموو لایەنەکان بە نەفەسێکی نیشتیمانی و دوور لە گرژی و موزایەداتی سیاسی و ئیعلامی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دەرفەت بەو لیژنەیە بدرێت کە لە لایەن پارلەمانەوە بۆ تاوتوێکردنی دەستوور هەڵبژێردراوە و هەروەها پرسی سەرۆکایەتیش لە چوارچێوەی یاسا و کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت.
پارتی دیموکراتی کوردستان
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
بزووتنەوەی گۆڕان
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
کۆمەڵی ئیسلامی
حزبی سوسیالیستی کوردستان
بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
حزبی شیوعی کوردستان
حزبی زەحمەتکێشان
نوێنەری کوتلە تورکمانییەکانی پارلەمانی کوردستان
نوێنەری کوتلە مەسیحییەکانی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 344

## ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092221563388538

ئێوارەی ئەمڕۆ بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆبۆوە، کە تایبەت بوو بە باسکردنی هەڵبژاردنەکان.

سەرەتا مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و بەسەرکەوتنی پرۆسەیەکی گرنگی دیموکراسی باسکرد، کە خزمەت بە قووڵکردنەوەی ژیانی دیموکراسی لە کوردستان ئەکاو یەکێکیشە لە ئامانج و دروشمە سەرەکی و لەمێژینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .
هەروا سوپاسی هاوڵاتیانی کوردستانی کرد، کە بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری پرۆسەکەیان کرد. سوپاسی گەرمی هەڤاڵان و دۆست و لایەنگر و دەنگدەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەسوكاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی سەنگەر و پێشمەرگە و پێشمەرگە دێرینەکان و ڕێکخراوەکان و ژنان و پیاوان و کچ و کورانی دەنگدەری یەکێتی کرد، کە چ لە وەختی بانگەشە و چ لە ڕۆژی دەنگداندا وەفاداری خۆیان بۆ یەکێتییەکەیان دەربڕی .
کۆبوونەوە سڵاوی نارد بۆ گیانی نەمری ئەو سێ هەڤاڵەی یەکێتی کە لە ماوەی بانگەشە و ڕۆژی دەنگداندا بە هۆی توندوتیژی دژ بە کەمپینەکانی لیستی یەکێتی شەهید بوون، وەک چۆن سڵاوی خۆشەویستیشی نارد بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدە سەربەرزانە و هیواشی خواست برینداراانی ڕووداوەکانی هەڵبژاردن بە زوویی چاک ببنەوە.
کۆبوونەوە، گەرچی پێی وابوو ئەبێ چاروەڕوانی ئەنجامە ڕەسمییەکانی هەڵبژاردن و یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان بکرێ، بەڵام هاوکات لەسەر ئەنجامە بەراییەکان هەڵوەستەی کردو پێوای وابوو کە ئەو ئەنجامە بەراییانە بۆ یەکێتی جێی نیگەرانین و دڵخۆشکەر نین و هاوتای مێژوو و پێگەی یەکێتی نین لە تێکۆشانی خۆیدا، بەڵام ئەنجامەکان وەک پەیامێک، بە جدییەوە وەرئەگرێ .
تەئکیدیشی کردەوە کە لە بەرامبەر هەڤاڵان و دڵسۆزانی یەکێتیدا، تەواوی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ ئەگرێ. هاوکات لە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ئەو ئەنجامانە ئەکۆڵێتەوە و بە راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی و کادرانی پێشکەوتوو و شارەزایانی دۆستی یەکێتی، وێرای لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی جدی و روون، بە شێوازو میکانیزمەکانی کارکردن و بەڕێوەبردن، بە بەرنامە و کەرەسەکانی کارکردن، بە ئەرکی بەرپرسیارێتییەکانی ناو یەکێتیشدا ئەچێتەوە .
هاوکات مەکتەبی سیاسی جەختی کردەوە کە، یەکێتی ڕێز لە ئیرادەی گەلەکەمان ئەگرێ و پێیەوە پابەند ئەبێ.
ئازاد جندیانی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسی رایگەیاند کە لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ هەمان مەبەست کۆئەبێتەوە
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 345

## راگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی 04-01-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010417063386833

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ (2014/1/4)، مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی لە سلێمانی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

هاوکات لەگەڵ تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە، بریتی بوون لەپرسی پێکهێنانی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێم و میکانیزمەکانی بەشداریکردنی یەکێتیی، ئامادەکارییەکان بۆ

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاکان و پرسی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک. هەروا بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکە، بەوردی لەئاڵۆزییەکانی چەند رۆژەی قەزای سەید سادق-ی کۆڵییەوە و پشتیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی داخوازییە رەواکانی دانیشتوانی شارۆچکەکە راگەیاند و جەختی لەسەر پاراستنی ئارامی و مەدەنیەتی ناڕەزایی دەربڕینەکان کردەوە، هاوکات پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی (پریار)ی جوانەمەرگ کرد .

کۆبوونەوە، بەدواداچوونی ورد و هەمە لایەنەی کرد بۆ پرسی پێکهێنانی کابینەی هەشت-ی حکومەتی هەرێم و گفتوگۆی ورد لەبارەی ئه و کەیسەوە کراو، راسپاردەی پێویستیش درایە لیژنەی دانوستان.

لەتەوەری دووەمیشدا، پرسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و، ئامادەکارییەکانی لیست و دیاریکردنی ناوی کاندیدەکانی یەکێتیی بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق تاووتوێ کرد و له و رووشەوە، رایسپارد کە لەهەر پارێزگایەکدا و لەسەر ئاستی باڵا، کۆبوونەوەی پێویست ئەنجامبدرێت و تا دوو رۆژی داهاتوو، پرۆسەی ئامادەکردن و یەکلاکردنەوەی ناوی کاندید و لیستەکان کۆتایی پێ بهێنرێت.

لەدوا تەوەریشدا، کە تایبەت بوو، بەگفتوگۆکردن لەسەر پرسی ئیدارەی شاری کەرکوک و ئه و کێشەکێشمە سیاسییە نەخوازراوەی هاتۆتە ئاراوە، مەکتەبی سیاسی، بەمەبەستی پشتیوانی لەکەرکوک و کەرکوکییەکان، گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل له و رووەوە کراو مەکتەبی سیاسی، تەئکیدی لەسەر پشتیوانیکردن ئیدارەی کەرکوک کردەوە و کۆتاییهێنان به و مشتومڕە سیاسی میدیاییەی بە بەپێویست زانی و هەڤاڵانی بەرپرسی یەکێتی لە کەرکوک راسپارد کە بەهێمنی و بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ ئه و تەحەدا سیاسی و ئەمنییانە بکەن کە رووبەروویان دەبێتەوە، قورسای خۆیان بخەنە سەر پڕکرنەوەی ئه و کەلێنانەی کە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی لیستی هاوبەش کەوتۆتە نێوان لایەنە سیاسیەکانی ئەوێ و مەکتەبی سیاسی چاوەڕوانیشی لەلایەنە کوردستانییەکانی تری کەرکوکیش ئەوە بوو کەبەهەمان هەناسەی یەکێتی و بەپەرۆشییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 346

## راگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بە بۆنەی یادی 25 ساڵەی شەهید کرانی دوکتور قاسملوو وهاورێیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062214080876800

هاونیشتمانانی هێژا،خەڵکی بەئەمەگی کوردستان
ئەندامان،لایەنگران و رێرەوانی رێبازی دێموکرات
22ی پووشپەڕی ئەمساڵ، 25مین ساڵیادی شەهید کرانی دوکتورعەبدولڕەحمانی قاسملووو هاورێیانیەتی بە هۆی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤییەنی پیتەختی ئوتریش..رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئەنجام دانی ئەم کردەوە تێرۆریستیە،لە لایەک ماهییەتی راستەقینە و لە ئاشتی نەهاتووی خۆی بۆ بیروڕای گشتی جیهانیان دەرخست.لە

روویەکی دیکەوە حەقانییەت و ڕێوشوێنی ئاشتی خوازانەی ڕێبەری نەتەوەییمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە لەپێوەندی لە گەڵ پرسی نەتەوەیی کوردی لە ئێراندا سەلمێندرایەوە.هەر چەند،بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران،کە بۆ خۆی قوربانی دەستی تێرۆر و سەرکوتی سیستماتیکی دەولەتییە و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی، گەلێک نرخی قورس و گرانی داوە.،بەڵام تێکۆشانی هەر وا بەردەوامە.
هەر بۆیە، بە مەبەستی پێداگری لە سەر ڕێبازی شۆرشگێرانە و ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان و مەحکووم کردنی ماهییەتی راستەقینەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی، بۆ بەرز راگرتنی یاد و بیرەوەری شەهیدانی ڤییەن ونیشان دانی ئەمەگ ناسیمان بە ڕێبازی قاسملووی ڕێبەر،داوا لە سەر جەم خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان،تێکۆشەران،ئەندامان و لایەنگرانی حیزب وئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو دەکەین کە لەساڵیادی ئەم کارەساتە دڵتەزینەدا، هاوهەڵویستی نەتەوەیی خۆیان دژ بە تێرۆریزمی دەوڵەتیی نیشان بدەن وبۆ جێ بە جێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە تێبکۆشن.
-هەڵکردنی ئاڵای کوردستان
-هەڵکردنی ئاڵای شینی ئاسمانی و کەڵکوەرگرتن لە ڕەنگی ئاوی ئاسمانی بە شێوازی جۆراوجۆر
-لە بەر کردنی جل وبەرگی کوردی
-کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان لە 22ی پووشپەڕ،کاتژمێر10ی شەو بۆ ماوەی 3 دەقیقە.
نا بۆ تێرۆر
سەرکەوتن بۆ ڕێبازی نەتەوەیی- دێموکراتیکی گەلەکەمان
حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
پووشپەڕی 1393

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 347

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی مەنسوور ئاروەند

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062516035185626

بەندیی سیاسیی کوردو ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەنسوور ئاروەند ئێعدام کرا.
بە داخێکی گرانەوە ڕادەگەیەنین کە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە 24ی جۆزەردان، مەنسوور ئاروەند، زیندانیی سیاسیی ناسراوو ئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەندیخانەی میاندواو ئێعدام کرا. ئەو بەندییە سیاسییە کوردە 8ی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو، لە ورمێوە بۆ زیندانی مەهاباد ڕاگوێزرا و هەر ئەو کات پێی ڕاگەیەندرا کە حوکمی ئێعدامەکەی پلەیەک تەخفیف دراوەو سزاکەی بووە بە زیندانیی هەتاهەتایی. ناوبراو ڕۆژی 17ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە لایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لە بەندیخانەی مەهابادەوە بۆ بەندیخانەی میاندواو ڕاگوێزرا.
مەنسووری ئاروەند ئەو کوردە نیشتمانپەروەرو شۆرشگێرە بوو کە بە بۆنەی هەڵوێستو بیروباوەڕی خەباتگێرانەی، دە ساڵ لەمەوبەر ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی بۆ تێکۆشان هەڵبژاردو لە تەشکیلاتیی نهێنیی حیزب دا دەستی بە کار کرد. دیارە بەر لە پەیوەستبوونی بە تەشکیلاتی

نهێنیی حیزبیش، وەک لاوێکی وەرزشکار و جێگای ڕێزی خەڵک بە تایبەتی لاوەکان، کۆمەڵێک چالاکیی نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازنەی ئەنجام دابوو.
مەنسوور لەو ئەندامە چالاکانەی حیزب بوو کە بە هۆی هەڵسوورانی بوێرانەی گورو تینێکی تایبەتی بە تێکۆشانی تەشکیلاتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بەخشیبوو. لە گەڵ ئەوەی خاوەن ماڵو منداڵ بووو دەشیزانی بە بۆنەی بەرچاوبوونو چالاکبوونییەوە لە ژێر چاوەدێری دایە، لە جێبەجێکردنی ئەرکە تەشکیلاتیو حیزبییەکانی غافڵ نەدەبوو. بە هۆی تێکۆشانی مەنسوور لە ڕێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، زۆر لە لاوەکان بوون بە هۆگری ئەم حیزبە و کاتێک لە ساڵی 1390ی هەتاوی بەکرێگیراوانی ئیتلاعات، لە ماڵەکەی خۆی پەلاماریان بردە سەر و گرتیان، ڕێگاکەی بێ ڕێبوار نەماوەو لاوانی هۆگر و هاورێی ئاڵای دەستی مەنسووریان بە شەکاوەیی ڕاگرت. مەنسوور بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە بەندیخانەی مە هاباد لە ژێر توندترین ئازار و ئەشکەنجەکان دابوو. هەموو هەوڵی کاربەدەستان، تێکشکاندنی خۆراگریی ئەو لاوەو ناچار کردنی بە داننان بە هێندێک تاوان بوو تا بەم جۆرە ڕێگا بۆ دەرچوونی سزای ئێعدام لە لایەن بێدادگای کۆماری ئیسلامی بە دژی ناوبراو خۆش بکەن و ڕق و قینی خۆیان بەو لاوە شۆڕشگێرە پرێژن. سەرئەنجام لە 23ی جۆزەردانی 1391 لە لایەن بە ناودادگای شاری مەهاباد بە ئیعدام مەحکووم کرا.
ئازارو ئەزیەتدانی مەنسووری ئاروەندو بنەماڵەکەی تەنانەت دوای ئەوەی ئەو بەندییە سیاسییە، حوکمی ئێعدامیشی بە سەردا سەپێندرا، هەر درێژەی هەبوو. هەر جارەی بۆ زیندانێک ڕادەگوێزراو هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگیرا.بەڵام هیچکات پشتی لە ئامانجەکانی حیزبەکەی و نەتەوەکەی نەکرد.
بە ئێعدام کرانی مەنسووری ئاروەند حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەندامێکی چالاک، بە نرخ و بەوەفاو، خەڵکی کوردستان رۆڵەیەکی فیداکار،شۆڕشگێرو بوێریان لە دەست دا. هەر بۆیە لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە هاوسەرو یەک بە یەکی ئەندامانی بنەماڵەی ئەو شەهیدە، هەموو خەڵکی مەهاباد و تێکڕای هۆگرانی خەبات و بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەکەین. بە دڵنیاییەوە تێکۆشەرانی ڕیزە نهێنی وئاشکراکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناوو یادی شەهید مەنسووری ئاروەند دەکەن بە ئیلهام بۆ خەباتێکی شێلگیرانەتر دژی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
سلاو لە گیانی پاکی مەنسوور ئاروەند نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد،
ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی.
کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان
25ی جۆزەرادانی 1394
15/6/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| جۆری دۆکومێنت: | •زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 348

## ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، سەبارەت بە مەرگی فەریناز خوسرەوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050814545385257

هاونیشتمانانی بەرێز،ژنانی خەباتگێری کوردستان، رۆژی 14ی بانەمەری 1394ی هەتاوی

خوشکێکی لاوی مهابادی بەناوی "فەریناز خوسرەوانی" کارگێری هۆتێلی "تارا" لە شاری مهاباد لە پێناو پاراستنی کەرامەتی خۆی، بۆ دەربازبوون لە دەستدرێژی فەرمانبەرێکی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نهۆمی چوارەمی ئەو هۆتێلە کە دەرەتانی دەربازبوونی بەهۆی داخستنی دەرگا لەلایەن ئەو فەرمانبەرە دزی گەلیە بۆ نەمابۆوە بە ناچاری لە پەنجەرە و لە بالکۆنی ئەو نهۆمەوە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و بەشێوەیەکی زۆر دڵتەزێن گیانی لەدەست دەدا.

باس لە ڕووداوە و ئاسانکاری بەرپرسی هوتێل تارا بۆ ئەو کارە دزێوە بووەتە هۆی ڕقوقینی خەڵکی شاری مهاباد بەگشتی و ژنان و کچان بە تایبەتی و جارێکی دیکە برینی ژنانی کوردی لە بێڕێزی کۆماری ئیسلامی بە کەرامەتی ژنانی کورد کولاندەوە.

لەو پەیوەندییەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای محکوم کردنی ئەو هەوڵە دەستدرێژی کەرانەیە و ئەو ئاسانکاری بەرپرسی هۆتێل بۆ ئەو جینایەتە داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ژن و لایەنگرانی یەکسانی بە گشتی و خەڵکی چاو نەترسی شاری مهاباد بە ژن و پیاوەوە و سەرجەم تێکۆشەرانی کورد و خەڵکی کوردستان دەکات لە ئاست ئەم بێکەرامەتیانە بە ژن و ڕەفتاری دەستدرێژی کەرانەی دەست و پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگی نارەزایەتی و بێزرای خۆیان بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەکرێ‌دەرببڕن و نیشان بدەن کە ژنی کورد و خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیانەدا بێ‌دەنگ نابن، با لەو پەیوەندییەدا هاودەنگ و هاوهەنگاو بین و ڕێگا نەدەین چارەنووسی فەرنیاز و فەرنیازەکان دووپات بینەوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
16ی بانەمەڕی 1394ی هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 349

## ڕاگەیەندراوی یەکێتی دەربارەی ناوچەکانی شنگار - 2014-08-03

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080321492624367

جەماوەری کوردستان!
هێزە کوردستانی و عیراقییەکان!

ڕۆژانی (2-2014/8/3) ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەوا (زممار، شەنگال و..) کەوتۆتە بەر هێرشێکی فراوانی هێزەکانی داعش، ئەمەش بۆ تەواوکردنی ستراتیژی داعشییەکان لەسنوری پارێزگای نەینەواو بەستنەوەی سەراپای ئەو دەڤەرە، بەپارێزگای حەلەب و پاشان، نەخشە ستراتیژییەکەیان، پێکەوە بەستنی ناوچە سوننی نشینەکانی عیراق و سوریایە. لەدوای ئەوەی ئەمەشیان بۆ بچێتە سەر، ئینجا تەواوی پرۆسەی سیاسی عیراق و ئەزمونی دیموکراسی کوردستان دەخەنە ژێر هەڕەشەی تیرۆریستییەوە. سیناریۆکەشیان دیاربوو کە:

دوای کۆنترۆڵکردنی ناوەندو دەوروبەری سوننی-نشینی پارێزگای نەینەوا، هەروەها تەلەعفەری تورکمان-نشین و راوەدوونانی مەسیحییەکان، قۆناغی نوێیان لەپەلاماری پارێزگاکە دەستپێکرد، ئەوانیش ناوچە کوردستانییەکانە، بەزۆریش زێدی ئێزدییەکانی پارێزگاکەیە. لەمەشدا، گومانمان نییە، بۆیان بکرێ توندتر لەشیعە و مەسیحییەکان، رقی سەلەفیان بەئێزدییەکاندا دەرێژن.
خەڵکی خۆراگری کوردستان!

هەر لەسەرەتایی پەلامارەکانی داعشەوە، یەکێتیی رامان وابوو، جارێ دوژمنایەتی کوردستانیان بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەساردووەو کە بەنەرمیش بەرامبەر کورد، دەدوان، بۆ دەستخەرۆکردن بوو، نەک قبوڵکردنی ئەزمونی دیموکراسی، بۆیە دڵنیابوین، لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمەوە پەلاماری کوردیش دەستپێدەکەن. لەدوا نەخشەشیاندا، تێکدانی ئەزمونی دیموکراسی کوردستان ئامانجی کۆنەپەرستانەیانە.

بەم پەلامارە، کە بەداخەوە هەندێک سەرکەوتنی عەسکەری کاتیشیان لەناوچەکەدا بەدەستهێناوە، لەمەودوا داعشەکان، ئیتر لەهەر کوێیەکی کوردستان، تایبەت لەپارێزگاکانی دیالە و سەڵاحەدین و کەرکوک-دا، بۆیان هەڵبکەوێ، پیلانەکانیان بەپەلامارو تۆقاندنی فراوانتر جێبەجێ دەکەن. بەم نەخشە نوێیەش، ئیتر هەرێمی کوردستان کەوتە بەردەم قۆناغێکی عەسکەری تری چارەنوسساز. ئەویش ئەوەیە، کە چیکە، شەڕی بەرگری دادمان نادات. تەنانەت بەرگری لەقازانجی داعشەکانیشە. رێگای راست و دروست ئەوەیە ئەم هێزە کۆنە پەرستانە، دەبێ بەهێرشی فراوانی رزگاریخوازانە، وەڵام بدرێنەوە.

دەرهەق بەناوچەکانی شەنگال و زممارو ئەو ناوچەیەش، کە بەداخەوە سەدان هەزار کورد، دووچاری چارەنوسی مەرگ و ژیان بونەتەوە. دەوڵەتی عیراق و، دەوڵەتانی ناوچەکەو، جیهان و نەتەوەیەکگرتووەکان، هەقوایە دەستبەجێ بەهانای خەڵکەکەوە بێن، پێش هەموو شتێک لەکۆمەڵکوژی بیانپارێزن. ئینجا گوزەرانیان دابین بکەن.

ئێزدییەکان.. لەمێژووی خۆیاندا، زۆرجار دووچاری سیاسەتی قڕکردن بوونەتەوە، بەڵام ئەمجارە لەهەموو جارێک مەترسیدارترە. چونکە، داعشەکان و بەعسییەکان و ئەوانەی هاوپێناویانن، بەچەکی هەمەجۆر، لەماوەیەکی کەمیشدا، بەو رقە سەلەفییەی هەیانە، دەتوانن تاوانی زۆر گەورەتر بەرامبەریان ئەنجام بدەن. هەربۆیە، بەرپەرچدانەوەی دەستبەجێ و کۆمەکی پێویستی دەست و برد، لەم کاتەدا، بۆ دەیان هەزاری لێقەوماویان کە ئێستا لەچیای وشک و برینگی شەنگاردا، خۆیان پەناداوە، زۆر گرنگە.

دۆخەکە، ستراتیژێکی رۆشنی دەوێ. شەڕی لێدەو هەڵێ، لەقازانجی سیاسی و عەسکەری ئێستادا نییە. شەڕەو عیراق و سنوری کوردستانی گرتۆتەوە. یەکچاو بوونی ستراتیژی لەم شەڕە چارەنوسسازە، زۆر گرنگە. بێگومان ئەمەش پێویستی بەنەخشەیەکی هەمەلایەنەی هەموو لایەنەکانی دەرگیرە بەم شەڕە ترسناکەوە، لەوڵاتانی گەورەوە، بۆ وڵاتانی ناوچەکەو کوردستانیش. راستە ئەوانە، فرسەتی سەرکەوتنێکی کاتیان قۆزتەوە، بەڵام شەڕی هەمەلایەنەی بە بەرنامە، بەپشتیوانی خەڵک و دۆستان، لەدوا ئەنجامدا، تیرۆریستەکان تێکدەشکێن و گەلەکەمان و لەگەڵماندا، هەموو خەڵک و دیموکراتخوازانی ناوچەکە، ئەم شەڕە چارەنوسسازەش دەبەینەوەو دوا دوژمنانی دیموکراسیش تێکدەشکێن.

کە دۆخەکەش وای لێهاتبێ، شەڕی تەواو رووبەڕوومان بوبێتەوە، ئیتر دەبێ هەموو رێگاکان و شێوەکانی شەڕو تاکتیکەکانی دەرهەق بەسەرکەوتنی ستراتیژی شەڕەکە، پەیرەو بکرێ .

لەپێشەوەدا تۆکمەترکردنی شەرگەکان و لێپێچینەوەش لەکەمتەرخەم و خەمساردەکانی سەنگەرەکان کە دەرفەتی سەرکەوتن بۆ دوژمنان ئاسان دەکەن، پێویستە. هەروەها داوا لەهەموو لایەک، هەموو کاربەدەست و کەسایەتییەک و میدیاکان دەکەین، چیکە وەکو جاران، مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو ئەمنی عەسکەری و هەواڵی شەڕگەکان نەکەن. ئێمە دڵنیاین لەدڵسۆزی و پەرۆشی هەموو ئەو بەرێز و لایەنانەی سەردانی پێشمەرگە دەکەن، بەڵام باشترین پەرۆشی ئەوەیە، نهێنی هێزەکان، جموجوڵی هێزەکان، شوێنی هێزەکان و چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەرکی هێزەکان.. دوور لەچاوی کامێراو سەردانی میوانەکان بپارێزرێ. لەم بارەوە، پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە بڕیارو بەرنامەی نوێی هەبێ.. چونکە سەرکەوتن گرنگترە لەدەرکەوتن.
ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن بەسەر کۆنەپەرستاندا.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
3/8/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 350

## ڕاگەیەندراوێک سەبارەت بەو هەڕەشانەی لە بەغدا و ناوچەکانی تری عێراق دەکرێنە سەر کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062009540876751

دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی موسڵ و ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق، قەیس خەزعەلی، ئەمینداری ئەو گروپەی خۆیان بە (عصائب اهل الحق) دەناسێنن، کەتوونەتە بڵاوکردنەوەی هەڕەشە و لێدوانی شۆڤینیانەی پڕ لە ڕق و کینە بەرانبەر کوردی نیشتەجێی بەغدا و شارەکانی تری عێراق. ناوبراو هەر بەوەش نەوەستاوە و ئەندامانی گرووپەکەی هان داوە کە لەو ناوچانە هەڕەشە لە کورد بکەن و هەڕەشەکانیشیان لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاو بکەنەوە.
خەڵکی کوردستان چاویان لەوەیە مەرجەعە بەڕێزەکانی شیعە و حزب و کەسایەتییەکانی شیعە لە بەغدا و باشووری عێراق ڕۆڵی خۆیان بگێرن و ڕێگە نەدەن ئەو دەنگە نەشازانە ببنە هەڕەشە لەسەر تەبایی و پیکەوە ژیان و ئەوانە بێ دەنگ بکەن کە دەیانەوێ فیتنە و ئاژاوە بنێنەوە.
کەسێکی وەک قەیس خەزعەلی کە هەموو کەس دەزانێ چ ڕابردوویەکی هەیە هەرگیز ناتوانێ کورد بترسێنێت، بەڵام بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین، هەرچییەک ڕووبدات بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ناوبراو.
پێویستە حکوومەتی عێراق بەرپرسیارێتیی یاسایی خۆی لە پاراستنی کوردی دانیشتووی بەغدا و ناوچەکانی تری عێراق و سەرجەم هاووڵاتییان بە باشی جێبەجێ بکات و جێگەی پرسیارە چۆن دەبێ لە پایتەختی وڵاتدا گرووپێک بتوانن بە ئاشکرا هەڕەشە لە هاووڵاتییان بکەن؟
سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
19/6/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 351

## ڕاگەیەندراوێک لە بنەماڵەی شەهیدی فەرماندە سەلاح دیلمانییەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051423201585301

بە ناوی بنەماڵەی شەهیدی فەرماندەی لیوا سەڵاح دیلمانی، زۆر سوپاسی پەرۆشی و هاوخەمی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین، کە لەساتی کۆستی لە دەستدانی ئازیزانمان هاوخەم و بەشداربوون.
بۆیە بە پێویستی دەزانین سوپاسی هەڤاڵان، کۆسرەت ڕەسول عەلی و دکتۆر بەرهەم ئەحمەد

ساڵح جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی، هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی، هەڤاڵانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، هەڤاڵانی ئەنجومەنی ناوەندی و تەواوی مەڵبەند و ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و فەرماندە سەربازیەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوەخۆ و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکان بکەین کە لە هێنانەوە و مەراسیمی پرشکۆی بەخاک سپاردنی شەهیدانمان ڕاستەوخۆ بەشداربوون.
سوپاسی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال دەکەین بە بۆنەی راگەیاندنی پرسەنامە، وە سوپاسی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری و هێزەکانی دژە تیرۆر، بەرێزان پارێزگاری کەرکوک، پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئەندامانی پەرلەمانی عیراق و کوردستان، نوێنەرانی حزبی و حکومی و لایەنە سیاسیەکان و مامۆستایانی ئایینی بەڕێز و زانکۆی ڕاپەڕین، ئیدارەی ڕاپەڕین، بە تایبەت برایانی ئاسایش و پۆلیسەکانی ناوخۆ، کەسایەتی و جەماوەری شاروشارۆچکەکانی کوردستان بە گشتی و، باڵەکایەتی پشدەر و بیتوێن و سۆران و رواندز بە تایبەتی دەکەین، وە سوپاس و پێزانینمان هەیە، بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان کە راستەوخۆ بەشداری پرسەی شەهید لیوا سەلاح دیلمانی بوون.
دەستی ماندووبوونی کارمەندانی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هاوڵاتیانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانیش دەگوشین، کە گرنگی بەرچاویان بە تەواوی مەراسیمەکەداو لەگەڵمان ماندوو بوون.
ئەم گرینگدانە بووەمایەی کەم کردنەوەی خەمەکانمان و سەرفرازیمان ئەم ئەم پەرۆشیە دەری خست کە لیوا سەلاح هی هەموو کورد بووە، بۆیە سەربەرزین کە باوکمان لە سەنگەری پارێزگاریکردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان شەهید بوو، بۆیە شانازی بە خۆیی و مێژووی پر سەروەری و خەبات و تێکۆشانی نەپساوەی دەکەین و بەڵێن دەدەین، لەسەر ڕێبازی باوکمان کە ڕێبازی مامی گەورەمان جەنابی سەرۆک مام جەلالە و کوردایەتیە، بەردەوامبین و بە نەفەسی سەلاح دیلمانی پێشمەرگەی بەئەمەک و دڵسۆز بین، بۆ نیشتمان و درێژە بە ڕێبازی پیرۆزی باوکمان بدەین کە پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستانە، بیرتان دەخەینەوە، کە باوکی ئێمە پێشتر ووتبووی، ئێوە بنون و ئێمە بە ئاگایان، ئێمەش پێتان دەڵێین، بە هەمان باوەڕ بە ئاگاییەوە بەردەوام دەبین لە خەبات و تێکۆشان و سەنگەری بەرگری کردن چۆڵ ناکەین و چۆک بۆ دوژمن دانانێن و چۆک بەدومن دادەنێین.
بنەماڵەی شەهیدی فەرماندە لیوا سەلاح دیلمانی و هاورێکانی
14-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 352
## راگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە 22-07-2014
http://www.kurdipedia.org/?q=20140722131355115029
ماوەی چەند ڕۆژە هەندێ سایت و میدیای سەر بە دەستەڵاتدارانی بەغدا لە درێژەی چەواشەکارییەکانیان لەدژی هەرێمی کوردستان هەواڵێکی ناراستیان بڵاو کردووەتەوە کە گوایە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئێرانی کردووە و بەرپرسانی ئێرانی ناڕەزایەتیان بەرانبەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی قەیرانی عێراق و مافی چارەنووس و چوونی پێشمەرگە بۆ کەرکووک دەربڕیوە و چەند میدیاییەکی ناوخۆی کوردستانیش ئەم هەواڵە ناڕاستەیان لەوانەوە گواستووەتەوە.

لێرەدا بە گشت لایەک ڕایدەگەیێنین کە سەرتاپای ئەم هەواڵە دروستکراوە و دوورە لە ڕاستی و بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە هیچ شێوەیەک سەردانی ئێرانی نەکردووە و سیاسەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانیش لەبارەی قەیرانی عێراق و مافی چارەنووسی گەلی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە کە گەلی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی مۆڵەت لەکەس وەرناگرێت و پەیوەست بە قەیرانی عێراقیش، هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەدایە یارمەتیی خوشک و برایانی شیعە و سوونە بدات بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق سەربگرێت و لە هەمانکاتیشدا کار بۆ ڕێوشوێنە سیاسی و یاساییەکانی پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان دەکات.

د. ئومێد سەباح
گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
22ی 7ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 353

## راگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە - 27-06-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062720400576817

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی بریتانیا دەکات ئەمڕۆ هەینی 27ی 6ی 2014 لە سەلاحەدین بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ویلیەم هێگ وەزیری دەرەوەی بریتانیا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا سەرەتا وەزیری دەرەوەی بریتانیا سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە و ئاماژەی بەوەدا کە سەردانەکەی بۆ عێراق لە کاتێکی زۆر هەستیاردایە و عێراق بەدەست گرفتی ئەمنی و سیاسیی گەورەوە دەناڵێنێت و ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێ چاوەڕوانی قووڵتربوونی کێشەی ئەمنی و بەهێزبوونی تیرۆریستان بین کە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ناوچەکە دروست دەکەن.

لەم دیدارەدا وەزیری دەرەوەی بریتانیا داوای کرد کوردستان یارمەتیی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و دامەزراندنی حکوومەتی تازە بدات و ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێت .
ئەوەیشی خستەڕوو کە پێویستە حکوومەتی تازە لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە و بە بەشداریی گشت لایەن و پێکهاتەکان بێت.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی بارودۆخی ئەمنیی عێراق، وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕایگەیاند کە بەر لەوەی بیر لە چارەسەری سەربازی بکرێت پێویستە چارەسەری سیاسی بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق بدۆزرێتەوە و هەرێمی کوردستانیش دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەری هەبێت.
لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وەزیری دەرەوەی بریتانیا ستاییشی ڕۆڵی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کرد لەوەی کە ڕێگەیان لە پێشڕەویی تیرۆریستان گرتووە بۆ ئەوەی نەتوانن دەست بەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا بگرن.

وەزیری دەرەوەی بریتانیا سوپاس و دەستخۆشیشی لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ یارمەتیدانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کە ڕوویان لە هەرێم کردووە و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هەوڵ دەدات هاوکاری و یارمەتیی زیاتر پێشکەشی ئاوارەکان بکات .

پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بریتانیا وەزیری دەرەوەی بریتانیا وێڕای ئاماژەدان بە سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتەکەی هیوای خواست پەیوەندییەکانی هەردوولا بەرەوپێشچوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.

لە بەرانبەردا سەرۆک بارزانی زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا و شاندی یاوەری کرد و سوپاسی حکوومەت و گەلی بریتانیاشی کرد بۆ یارمەتیدانی گەلی کورد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و، کوردستان زۆر بەباشی توانی سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت بۆ بووژانەوە و پێکەوەژیان.

سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراقیش سەرۆک بارزانی هێمای بەوەدا ئەوەی ڕووی داوە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی حکوومەتی بەغدا بووە و توندڕۆ و تیرۆریستانیش ئیستیغلالی ئیدارەدان و مامەڵەی هەڵەی بەغدایان کرد و ئەم بارودۆخە مەترسیدارە هاتە کایەوە .

لەدرێژەی قسەکانیدا سەرۆک بارزانی ئاماژەی بەوەدا کە چارەسەری سەربازی بەهیچ شێوەیەک کۆتایی بە قەیرانەکان ناهێنێت و پێویستە سەرەتا چارەسەری سیاسیی هەبێت ئەوەیش لەژێر ڕۆشنایی ئەو واقع و بارودۆخەی ئێستاکە لە عێراقدا هاتووەتە کایەوە. لەبارەی بەشداریی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە لە دەساڵی ڕابردوودا ڕەفتارێکی وا لە دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبینداروە کە جێگەی ئومێد بیت و ئەو ڕەوشەی ئێستا لە ئارادایە بەهیچ شێوەیەک کورد لێی بەرپرس نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی کێشەکان حکوومەتی بەغدا و سیاسەتە هەڵەکانی بووە .

سەرۆک بارزانی ئەوەیشی خستەڕوو کە دەسەڵاتدارانی بەغدا سوودیان لە دەرفەتەکان وەرنەگرت ئەگەرچی دەرفەت و هەلی زۆریان لەبەردەست بوو. ئێستا بارودۆخێکی دیکە هاتووەتە ئاراوە و کورد ئامادە نییە باجی هەڵەی ئەوانی دی بدات و بۆشمان ڕوون بووەتەوە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا ناپانەوێ کار بە مەفهوومی شەراکەت بکەن.

شایانی باسە لەدوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و وەزیری دەرەوەی بریتانیا هەر لە نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری میدیای ناوخۆیی و بیانی پرێسکۆنفرانسێک بۆ سەرۆک بارزانی و وەزیری دەرەوەی بریتانیا ڕێکخرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 354

## ڕاگەیەندراوێک لە فراکسیونی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140505143838876078

وەک فراکسیۆنی سەوز بەپێویستی دەزانین هەندێ ڕاستی لەسەر بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە (2014/5/4) وهەردوو بەیاننامەی سەرۆکایەتی هەرێم لە (2014/5/4) بۆ رای گشتی بخەینە ڕوو:

.1سەرۆکایەتی پەرلەمان بێ لەبەر چاوگرتنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی دوێنێ بڕیار درا لیژنەیەکی کاتی دروست بکریت بۆ بەدواداچوونی پێشێلکاریەکان ئەگەر سەرۆکایەتی باوەڕیان بە دادگا نیە دەبوایە چاوەڕێی بڕیاری لیژنەکەی پەرلەمان بکەن نەک لەبری دادگاو لیژنە لەبەیاننامەکەیان بڕیار دەربکەن.

.2بەیاننامەکە بە نەفەسی حزبی و لایەنگیری لایەنێک نووسراوە نەک دامەزراوەی پەرلەمان کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات.

3.لە هەڵبژاردنی 9/21 چەند شەقامێک دوورتر لەبارەگای سەرۆکی هەرێم لەهەولێر گەنجێک بەناوی (سەرکەوت عومەر فەرحان) کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر رێگری کردن لە تەزویر شەهید کرا، بەڵام بۆچی ئەوکات هەر بۆ ئیدانەش بوایە سەرۆکایەتی هەرێم بەئەرکی خۆی نەزانی بەیاننامە دەربکات، بەڵام بۆ رووداوەکەی سلێمانی وا بەپەلەن یان ئەمە وەک رووداوی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانە لەهەولێر کە بەتیرۆرست ناوی دەبەن و بەمەش دەڵێن سەروەری یاساو بۆ شەهید کاوە گەرمیانیش لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە لیژنەی بۆ دروست دەکەن.
4.دەربارەی رای سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەی پەرلەمان مەرجەع بێت بۆ کاندیدکردنی (سەرۆک کۆمار) بەپێویستی دەزانین یاداشتی ئەو 65 پەرلەمانتارەتان بیر بهێنینەوە کە لە خوولی (3)ی پەرلەمان پێشکەش سەرۆکایەتی هەرێممان کرد بۆ ئەوەی بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2005 پەرلەمان مەرجەع بێت بۆ پرسە چارەنووسازەکان بەگشتیو بەتایبەتی رێککەوتنی پێکهێانی حکومەتی عیراقی لەهەولێر کە ئەوکات نەگەڕابوونەوە بۆ پەرلەمان، لە وەڵامدا وتتان سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەڵاتە لەئاستی ناوخۆیی و دەرەوە نوێنەرایەتیتان دەکات بەگوێرەی (ماددەی دووەم) لەیاسای (1) ی سەرۆکایەتی هەرێم. بۆیە پێویستە مەرجەع بوونی پەرلەمان بەڕای کەسی و پەرچەکردار نەبێت بەڵکو دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم پابەند بێت بەدەقی بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی 2005 بەتایبەتی لە ئایندەیەکی نزیک پرۆسەی دانیشتن و رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەت دەکرێت وبەگوێرەی بڕیاری ژمارە (1) ی ساڵی 2005 و ماددەی 56 بڕگەی دوو لەیاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەبێت یەکلاکردنەوەی پرسەکان و رێککەوتنەکان بێتەوە پەرلەمان و ئەندامان بڕیاری لەسەر بدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێویستی دەزانین لەرابردوودا بپرسین سەرۆکی هەرێم لەکام رێککەوتنو کام بڕیار گەڕانەوە بۆ پەرلەمان؟ دەپرسین کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم خۆی رەتی کردەوە لەپەرلەمان متمانەی پێبدرێت ئایا ئەمە لەگەڵ بەیاننامەکەیان ناکۆک نییە؟ دەپرسین ئەی رێککەوتنی فرۆشتنی نەوت لەگەڵ تورکیا واژوو کرا بەڕێزیان بەگوێرەی یاسای پەرلەمان گەڕانەوە پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی رێککەوتنەکە؟ ئایا رێککەوتنەکەی هەولێر کە سەرۆکی هەرێم سەرپەرشتی کردو مالیکی بو بە سەرۆک وەزیران (وەک دەستکەوت بۆ کورد باسکرا) لەپەرلەمان پەسەند کرا؟ یان پەرلەمان ئاگادار بوو؟ ئایا کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم وتار دەدات و کارتی دەوڵەتی کوردی باس دەکات هەرگیز پرسی بە پەرلەمان کردووە کە سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتیەتی؟
لەکۆتاییدا دەڵێین ئێستا قۆناغی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەرسێ هەڵبژاردنی (پەرلەمان کوردستان، عیراق، پارێزگاکان) و ئەرکمان زەمینە سازییە بۆ رێککەوتن چونکە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەریخست هیچ هێزێک ناتوانێ نە لەکوردسان ونەلە هیچ پارێزگایەک بەتەنیا بڕیار بدات و فەرمانڕەوابێت. وەک فراکسیۆنی سەوز پشتیوانی لەمەرجەع بوونی پەرلەمان بۆ هەموو پرسە چارەنووسازەکان دەکەین و ئومێدەوارین دەقی بەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێم لەئایندەدا ببێتە پراکتیک و هەموو هەوڵێک بۆ بەلاڕێدابردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش رەتدەکەینەوە.

فراکسیۆنی سەوز
لەپەرلەمانی کوردستان
5/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 355

## راگەیەندراوێک لە فواد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی

## کوردستانەوە سەبارەت بە باری تەندروستی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040215194865371

دوابەدوای بڵاو بوونەوەی هەواڵێک لە هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە ناجێگیربوونی باری تەندروستی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە پێویستی دەزانین بۆ رای گشتی رایبگەیەنین کە باری تەندروستی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر باشە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی نییە، و ئەمڕۆ (2015/4/2) بەڕێزیان بەشداری کردووە لە مەراسیمی کردنەوەی (پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب) بەڵام بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی (هەڵامەت) و گرفت لە دەربڕینی دەنگی، نەیتوانیوە لە مەراسیمەکەدا ووتار پێشکەش بکات .
هەروەها بەڕێز سەرۆکی دەزگای (المدى) بۆ راگەیاندن و رۆشنبیری و هونەر لە ووتارەکەیدا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە.
لە کۆتاییدا دووبارە جەخت دەکەینەوە کە سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان کە باری تەندروستی بەڕێز سەرۆک بارزانی زۆر باشە.
فواد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
2/4/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 356

## راگەیەندراوێک لەوەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080722360832328

لای هەمووان ئاشکرایە بارودۆخێکی نوێی سیاسیو سەربازیی لەکوردستان هاتۆتە ئاراوە، کەلێمان دەخوازێ هەرلایەک لەئاستی پێگەو ئەرکو کاری خۆیەوە بەرپرسیارانەو بەوردی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات وهەموان پێکەوە داکۆکی کاروپارێزەری خاکو بەرژەوەندیەکانی هەرێمەکەمان بین،لەم روانگەنی شتیمانیەوەو تایبەت بۆ هەڵوەستەکردن لەئاست رۆڵی راگەیاندن لەم هەلومەرجەدا، کەرۆڵێکی زۆرهەستیاروکاریگەرە، هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئامادەبونی وەزیری رۆشنبیری ولاوان و بەرێوەبەرە گشتیەکانی راگەیاندنی هەردوو وەزارەت لەگەڵ دەزگاو کەناڵە میدیاییەکانی کوردستان کۆبوونەوە،
بەمەبەستی راگۆرینەوە لەسەر رەوشی میداکان و خستنەڕووی ئەو سەرنجانەی لەمبارەیەوە هەیە. لەکۆبونەوەکەدا جەخت کرایە لەسەر شێوازی ئەو هەواڵ و رووماڵکردنانەی کەمیدیاکان لەبارەی رەوشە سەربازییەکەی ئەمرۆدا بڵاویدەکەنەوە، کە دەبێت هەموان پابەندبن بەسنووری بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمان و پاراستنی ئاسایشی سەربازی .
هەروەها جەختکرایەوە کە پێویستە خەڵکی بەشەرەفی کوردستان لەم قۆناغەدا بەئاگا بێت و تەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش بە ئامادەییەکی باشەوە دڵنیابن لەئەنجامی سەرکەوتوانەی رەوشەکە بەقازانجی پێشمەرگەو هەرێمی کوردستان، هاوکات پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش رۆڵی خۆیان بگێرن لەهۆشیاری ناو کۆمەڵگادا.
هەرلەکۆبونەوەکەدا تەئکید کرایەوە کە پێویستە میدیاکانی بینراو بیستراو و نوسراو لەئاستی بەرپرسیارێتی نیشتمانیدا بن و بزانن کە نەفەسی سیاسی بەرتەسک هیچ خزمەتێک بەئاسایشی نیشتیمانی و پێگەی بەهێزیمان ناکات، لەلایەکی ترەوە لەرووی گواستنەوەی هەواڵەکان و رووماڵکردندا پێویستە میدیاکان زۆر بەورد بینییەوە هەڵسوکەوت بکەن ورەچاوی ئاسایشی هێزەکانی پێشمەرگەو پێداویستییە مەعنەوی و دەروونییەکانی ئەم قۆناغە هەستیارە بکەن. لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆهەبوونی ئاراستەیەکی نیشتمانی و

ئەرێنی میدیایی لەکۆبونەوەکەدا جەختکرایە سەرئەوەی کەدەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ تەندروستبوونی کارەکانیان و باشتر روماڵکردنی رووداوەکان و دەرنەچوون لەسنووری یاسایی و سەربازیی پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندن و هۆشیاری لەوەزارەتی پێشمەرگەوە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکان و پردی پەیوەندی بکرێتە مەرجەع، هاوکات تەئکیدیشکرایەوە کە هەر دەزگا و کەناڵێک پێچەوانەی بەرژەوەندی نیشتمانی بجوڵێتەوەو ئاراستەیەکی خزمەت بەخش بەرۆڵی فیداکارانەو سەرکەوتوانەی پێشمەرگە و ورەی بەرزی گەلەکەمان نەگرێتەبەربەتوندی رووبەڕووی سکاڵاو لێپرسینەوە یاسای یدەبێتەوە.
7ی ئاب، 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 357

## راگەیەندراوێکی هاوبەش لەلایەن لایەنەکانی (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان(

http://www.kurdipedia.org/?q=2014043016431676025

جەماوەری سەربەرزی کوردستان، ئەی ئەوانەی دەتانەوێت بە دەنگەکانتان ئایندەیەکی گەشتر مسۆگەر بکەن بۆ گەلەکەتان، لەم کاتەدا کە لە گەرمەی پرۆسەی دەنگدان بەپێویستی دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم چەند راستیە رابکێشین:

دەنگدەری ئازیز:

.1دەنگدان مافێکی خۆتە و ئەرکێکی نیشتمانییە بۆیە داواکارین بەوپەڕی هیمەتو جۆش و خرۆشەوە لەم چەند کاتژمێرەی ماوە روە و سندوقەکانی دەنگدان پرۆن بۆ ئەوەی رێبگرن لەهەر تەزویرو ساختەیەک کە نەچونی ئێوە زەمینەی بۆ ساز دەکات.

.2داواکارین هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان وشیارانە مامەڵە بکەن و رێگربن لە دەستتێوەردانی هەندێ لایەنی حیزبی و سەربازی کە لێرە و لەوێ لە دەوروبەری بنکەکانی دەنگداندا لەدەرەوەی رێنماییەکانی کۆمسیۆن کاردەکەن و لەهەوڵدان بۆ کاری ساختەکردن.

.3هەوڵێکێک لەئارادایە بۆ ساختەکردن، کە لە چەندین شوێن رێی لێ گیراوە، داواکارین لە بریکارەکانمان لەسەر صندوقەکانی دەنگدان، چاودێرە ناوخۆییو نێودەوڵەتیەکان رۆڵیان هەبێت لە چاودێریکردنی پرۆسەکە بەگشتیو بەتایبەتی لەکاتی ژماردنی دەنگەکانو گواستنەوەیان بۆ بنکەکانی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان بەمەبەستی مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد وە هەروەها هۆشداری دەدەین بۆ هەمو ئەوانەی کە ساختەکاری دەکەن یان بەشداری تێدا دەکەن یان ئاسانکاریی بۆ دەکەن وە هەمو کەموکورتی پرۆسەکە دەخەینە ئەستۆی بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا کۆمسیۆنمان ئاگادار کردووەتەوە و پێمان وایە بەڕێوبەری لقی سلێمانی لە ئاستی ئەم بەرپرسیاریەتیەدا نەبووە.

لەگەڵ ڕێزدا...
30-4-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 358

## ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی لەبارەی: بۆردمان کردنی شاری (دوزخورماتو) لە لایەن فرۆکە جەنگییەکانی سوپای حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070623234865726

لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا، ئەمە دووەم جارە هیلیکۆپتەر و فرۆکە جەنگییەکانی سوپای حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆردمانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هاووڵاتیانی مەدەنی کوردستان دەکەن، کە جاری یەکەم لە ناوچەیێکی سەر بەناحییەی جەلەولا، بنکەییکی هێزەکانی پێشمەرگە لەو سنوورەدا لە لایەن کۆپتەرێکی سوپای حکومەتی فیدراڵی عیراقەوە بۆردمانکرا کە بوو بە هۆکاری برینداربوونی شەش پێشمەرگە کە لەو کاتەدا دەستبەجێ داوا کرا لە وەزارەتی بەرگری عێراق لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بکرێت و ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بڵاوبکرێتەوە.
ئەمرۆش ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 2014/7/6 لە کاتژمێری (5:50) پێنج و پەنجا دەقەی ئێوارە بۆ جارێکی تر فرۆکەیێکی جەنگی سوپای حکومەتی فیدراڵی عیراق چەند خانوێکی نیشتەجێ بوونی مەدەنیان بۆردمانکرد لەناو جەرگەی شاری دوزخورماتو کە بەپێ ی زانیاری سەرەتایی بۆتە هۆی شەهید بوونی کیژۆلەییکی دوانزە ساڵان و برینداربوونی (8) هەشت هاوڵاتی وروخانی دوو خانووی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیانی سڤیل.
لێردا داواکارین لە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق،دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە بکەن وئەوانەی لە پشت ئەم ڕووداوەن سزا بدرێن بە شێوەییکی یاسایی و ڕوونکردنەوەیەک لەوبارەیەوە بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە، بە پێچەوانەوە لە کاتی دووبارە بوونەوە ئەم جۆرە ڕووداوانە بە بێ هیچ لێپرسینەوە یەک، لە بەرامبەردا ولەو کاتەدا مافی بەرگریمان دەبێت لە خۆمان.
فەریق جەبار یاوەر مەندە
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە وئەندام ووتەبێژی فەرمی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم
6 / 7 / 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 359

## ڕاگەیەنراوی 13مین کۆبونەوەی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060210022978382

ڕاگەیەنراوی 13مین کۆبوونەوەی گشتی ی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کنک
26و 27 ی ئایاری 2013
کۆبوونەوەی گشتی 13 ی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کنک لەدوو ڕۆژی (25 – 26 ی گوڵان 2013) بە چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ و سەرکەوتوانە کۆتایی هات.
13مین کۆبوونەوەی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کنک لە دۆخی پێویستیی نەتەوەیی و نیشتیمانی ی کوردستاندا، لە سەر ئاستی هەرە بەرز پێکهات. تیایدا ژمارەی ئەندامان لە کەسایەتی و پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی زیادیکرد. بەشداری کوردستانیان لە سەرانسەری کوردستان هەندەران لە ئاستێکی زۆر بڵندا بوو. لە کوردستانی فیدراڵ، جگە لە پارت و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی، نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادە بوون.
ئەو میوانانەی کە ئامادەبوون و وتاریان پێشکەشکرد:
1پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی، بەڕێز هێمن هەورامی نوێنەر

پێشکەشی کرد.
.2بەرپرسی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڕێز مەلا بەختیار.
.3سەرۆکی کۆنگرەی گەل، بەڕێز رەمزی کارتال.
.4نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز دلاوەر ئاژگەیی.
.5پەرلەمانتاری ب د پ، بەڕێز خەلیل ئاکسۆی.
.6سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، بەڕێز نیعمەت عەبدوڵڵا
.7سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بەڕێز حاجی ئەحمەدی
.8سەرۆکی پارتی ئازادی دیموکراتی (پ ی د) بەڕێز سالح موسلیم
.9نوێنەری بزووتنەوەی گۆران، بەڕێز کاوە حەسەن
.10نوێنەری حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران، بەڕێز عەلی ئەشرەف
.11نوێنەری حزبی دیموکراتی کورستان، بەڕێز خالید حەسەنپور
.12نوێنەری حزبی شیوعی کوردستان، بەڕێز ئیبراهیم سۆفی (باوکی تارا(
.13سەرۆکی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود
.14سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەڕێز بەڵێن مەحمود
.15سکرتێری حزبی ئایندەی کوردستان، بەڕێز قادر عەزیـــــز
.16سەرۆکی پارتی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز حیکمەت سەربلند
.17سکرتێری حزبی رزگاری کوردستان، بەڕێز رێکار ئەحمەد
.18نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان باکور، بەڕێز بایرام ئەیاز
.19نوێنەری پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردی سوریا، بەڕێز بروسک نەجار
.20نوێنەری پارتی کۆمەنیستی کوردستان(باکور) بەڕێز حەسەن ئوزگور
.21نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بەڕێزان سەرتیپ شەرەفیانی و وەلید غازی
.22نوێنەری کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز عبدالستار مەجید
.23سەرۆکی پارتی گۆرانی دیموکراتی ی مەزۆپۆتامیا، بەڕێز یەشار کوچوک ئارسەلان
.24نوێنەری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، بەڕێز حەسەن جودی
.25نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەڕێز رەزا کەعبی
.26نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا – رۆژاوا، بەڕێز موحەمەد داود
.27سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان – سوریا، بەڕێز د.تەوفیق حەمدوش
.28نوێنەری پ چ ک – س رۆژئاوا بەڕێز سالار شێخانی
.29نوێنەری پارتی شیوعی کورد – سوریا
.30نوێنەری پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سوریا – رۆژئاوا، بەڕێز د. نوری کانۆ
.31نوێنەری پارتی سەوزی کوردستان، بەڕێز هندرین ئەشرەف نوعمان
.32نوێنەری رێکخراوی دیموکراتی یارسان، بەڕێز ناوخواز نازەری
.33نوێنەری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز شێرزاد عەلی
.34نوێنەری ئۆتۆنۆمی کورد لە رۆسیا، بەڕێز جەمال شەمۆیان
.35نوێنەری ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریا، بەڕێز عەبدولکەریم عومەر
.36پەیامی سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری ک ج ک، بەڕێز موراد کارایلان
.37پەیامی ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری ک ج ک، بەڕێز جەمال بایک خوێندرانەوە
پارتی و رێکخراوە ئەندامەکانی کنک کە ئامادە بوون :
.1پارتی کرێکارانی کوردستان- پکک
.2کۆما جڤاکێن کوردستانی - ک ج ک
.3پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پژاک
.4پارتی یەکێتی دیموکراتی - پ ی د
.5حزبی شیوعی کوردستان – باشوور
.6حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان – باشوور
.7حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان – باشوور
.8حزبی ئایندەی کوردستان
.9کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
.10پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان - پچدک
.11پارتی کۆمۆنیستی کوردستان – باکوور

12.پ ا ژ ک
13.ک ژ ب
14.پارتی ئیسلامی کوردستان - پئک
15.پارتی سەوزی کوردستان
16.پارتی دیموکراتی کوردستان سوریا - رۆژاوا
17.پارتی دیموکراتی کوردستان – سوریا
18.پارتی چەپی کورد – سوریا
19.پارتی کۆمۆنیستی کورد – سوریا
20.حزبی رزگاری کوردستان – باشوور
21.پارتی چەپی دیموکراتی کورد لە سوریا
22.پارتی گۆرانی دیموکراتیکی مێزۆپۆتامیا
23.یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان – باشوور
24.رێکخراوی دیموکراتی پارسان
25.بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان – هەولێر
26.جڤاکا ئیسلامی کوردستان - ج ا ک
27.ئۆتۆنۆمی کورد لە روسیا
28.جڤاتا کورد لە ئۆکراینا
29.ناوەندی چاپەمەنی و روناکبیری ژنان لە هەولێر
30.ئەنستیوتی کوردی لە برۆکسل – بەلجیکا
31.ئەنستیوتی کوردی لە کۆلن - ئەڵمانیا
32.ئەنستیوتی کوردی لە ستۆکهۆلم - سوید
33.کۆن– کورد
34.فیدراسیۆنی کۆمەڵە ئێزدییەکان
35.فیدراسیۆنی عەلەویەکانی کوردستان
36.یەک کۆم – ئەڵمانیا
37.یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
38.بزووتنەوەی ژنی ئازاد لە ئەوروپا
39.تەڤ – چاند
40.ئاسوودە – سلێمانی
41.سەنتەری راگەیاندنی رۆشەنبیری ژنان
42.ئاگرگای زەردەشتی – سوید
43.ئینیسیاتیڤی پزیشکانی کورد – ئەڵمانیا
44.یەکماڵ – بەرلین
45.کۆمەڵەی گەیاندن - هەولێر
46.سەنتەری کوردی – بەرلین
47.ئازەرمێر – سازی مافی ژنان – سوید
48.یەکێتی خوێندکارانی کوردستان
49.کۆمەڵەی کەلتوری کورد – روناهی لە ئازەربایجان، بەڕێز فەخرەدین پاشایەڤ

پارت و رێکخراوە چاودێرەکان:
1.یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
2.کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
3.هاوولاتی ئازاد
4.پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کوردانی سوریا

میوان:
1.ب د پ
2.پارتی دیموکراتی کوردستان
3.یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
4.بزووتنەوەی گۆران
5.حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران

.6حزبی دیموکراتی کوردستان
.7پارتی دیموکراتی کوردستان – باکور
.8یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
وەک لە لیستەکانی سەرەوە هاتووە، 49 رێکخراوی ئەندام، 4 رێکخراوی چاودێر و 8 رێکخراو وەکو میوانی کۆنگرە و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدار و روناکبیرانی سەربەخۆی کوردستانی و ئەندام لە کۆبوونەوەی گشتی (کۆنگرەی 13) کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دا بەشدار و ئامادەبوون.
کۆنگرە لە سەر پرس و پرسگریەکانی کورد و کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پێشهاتە سیاسیەکان، ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و یەکڕیزی نەتەوەیی بە بەرفراوانی وەستا و گفتوگۆی لە سەر کرد..
لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بەلاغێکی 11 ماددەیی بە یەکدەنگی قەبوڵ کرا و بڵاوکرایەوە.
لە بارەی کارو خەباتی کنک و لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان ئەم بڕیارانە پەسەند کران:
.1کنک لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت کە هەموو دینامیکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لە سەر زەمینەی یەکێتی نەتەوەیی و نیشییمانیدا کۆ بکاتەوە.
.2خەبات بۆ بەستنی کۆنفرانسی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستانی بکرێ .
.3کارو خەباتی بەرفراوان بۆ ئازادکردنی بەڕێز ئۆجەلان و هەموو زیندانیانی سیاسی بکرێ.
.4بۆ کاندیدکردنی بەڕێز عبدلله ئوجەلان بۆ " خەڵاتی ئاشتی ی نۆبڵ " کارو خەباتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بکرێت.
.5کنک بانگی دەوڵەتی فەرەنسا ئەکات کە ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کنک بەڕێز ئادەم ئۆزۆن بە زووترین کات ئازاد بکات.
.6دەستکەوتەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت ستاتوی باشووری کوردستان و پێکهاتەی نوێی رۆژئاوای کوردستان بپارێزرێت.
.7پشتگیریی پرۆسەی ئاشتی باکوری کوردستان و تورکیا، ئەوەی لەلایەن سەرۆکی پکک بەرێز ئۆجەلان دەستپێکراوە.
.8لەگەڵ پاراستنی ماف و داخوازیەکانی کوردان و خەلکی کوردستان ؛ ئاشووری، ئەرمەن، کلدان، عەرەب، تورک، فارس، قەرەج و هتد.. و ئاین و مەزهەب و بیرو باوەڕەکانی ئاینی لە کوردستان؛ ئیسلام، کریستیان، جولەکە، ئاتەیست، عەلەوی، ئێزدی، شیعە، یارسان و کاکەیی و هتد..لە زەمینەی کۆمەڵی دیموکراتی، سۆسیال، سێکۆلاردا بپارێزرێت.
.9لە رۆژئاوای کوردستان سیستەمێکی دیموکراتیک، سۆسیال و سەکۆلار بنیاد بنرێ و، لە سەرەتادا لەشکر، ئاسایش پۆلیس و هەموو دام ودەزگا و میکانیزمەکانی بەڕێوەبردن لە سەر بنەمای یەکبوون ئۆرگانیزە و بنیاد بکرێ.
.10داوا لە ئەمەریکا، یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتەکانی تر بکرێ، کە پ ک ک لە لیستی تیرۆر دا دەربهێنرێ.
.11داوا لە رێکخراوی نەتەوە یەکرتووەکان و دەزگا نێونەتەوەیەکان بکرێ، کە لە چارەسەری کێشەی کوردستاندا عادیلانە و دادیار بن و، رێ لە بەردەم چارەسەریەکی دیموکراسی خۆشکەن و، پشتگیریی بدەنە خەڵکی کوردستان.
.12بانگی دەوڵەتی ئێران بکرێ کە کۆتایی بە لە سێدارەدان، توندوتیژی و بنپێکردنی مافەکانی کورد و کوردستانیان بێنێت و لەگەڵ سیاسەتمەدارانی پێشەنگی کوردستان دەست بە گفتوگۆ و چارەسەری بکات.
.13کنک بانگی دینامیکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە لە نێوانی خۆیاندا یەکێتیەکی کوالیسیۆنال پێک بێنن و لە بەرامبەر رژێمدا یەکبن، هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دا رێککەوتن بکەن
.14کنک بانگی کوردستانیانی رۆژئاوای کوردستان ئەکات کە بە پەیمانەکەی هەولێری (تەموزی 2012) پابەند بن و لە دەوری ئەنجومەنی باڵندی کوردیدا کۆببنەوەز
.15کنک بانگی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە پرسی کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان گرنگ بە هەند وەربگرێت و بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو سنورەکانی هەرێم.
.16کنک بانگی گەلانی تورک، عەرەب و فارس دەکات کە بۆ دامەزراندن و بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراتیک، سۆسیال و سەکۆلار پشتیوانی گەلی کورد و کوردستانیان بکەن، کە بە یەکەوە

ژیانێکی ئاشتیانە، ئازادانە، یەکسان و دادوەرانە پێکبێت.
کۆبوونەوەی گشتی کنک ریفۆرمێکی تازەی پێکهێنا، مۆدێلی هاوسەرۆکایەتی ژنێک و پیاوێک قەبوڵ کرد و، هەروەها ژمارەی ژن لە کۆنسەدا زیادکرا. بۆیە پەیرەو و پرۆگرامی ک ن ک گۆرانکاری بەسەردا هات. بۆ کۆنسەی بەڕێوەبەر و کۆمیتەی یاسایی هەڵبژاردن ئەنجام دران
بۆ هاوسەرۆکایەتی کنک ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران
1.نیلوفەر کۆچ
2.تاهیر کەمالیزادە
بۆ کۆنسەی بەرێوەبەر ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران
1.زوبێر ئایدار
2.ئادەم ئۆزۆن
3.رۆژان حازم
4.دلشا ئۆسمان
5.سۆنگول کارابولوت
6.جۆرج ئاریۆ
7.سرور کەمانگەر
8.رۆدی مەلەک
9.رەفیق غەفور
10.نیزامەتین تۆگوچ
11.مەدەنی فەرحۆ
12.نادیا مزوری
13.بەهزاد پیرموسا
ئەندامانی یەدەک
1.سەمیرە عەبدوڵلا
2.د. بەنگی حاجۆ
3.شەهلا حەفید
بۆ کۆمیتەی یاسایی ئەم بەڕێزانە هەڵبژێردران
1.ناسر رەسولی
2.خالد عەزیزۆگلۆ
3.ژاڵە محەمەدی
4.ئەحمەد کارەموس
5.فەریدە مەحمود
یەدەک
1.هندرین ئامێدی
2.یەشار کوچوک ئاسلان
کۆبوونەوەی گشتی (کۆنگرەی 13) ی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە رۆژی یەکەمیدا ئەم راگەیاندنە 11 مادەییەی خوارەوەی راگەیاند :
1.کوردستان وڵاتی کوردو کوردستانیانە و گەلی کوردستانیش مافی سروشتی خۆیەتی کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.
2. -2کۆبوونەوە بە پێکهاتە بەرزە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەی خۆیەوە ئەوە دەستنیشان دەکات کە تێکۆشانی رزگاری کوردستان بە هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی و نیشتیمانی تا سەرکەوتن و رزگاەر بوون بەردەوامی بە خەبات بدات.
3. -3دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوەتی قەبوڵ بکرێت و بە ناساندنی ستاتۆ دەسەڵاتداری کورد و کوردستانەوە ئەوە پێک دێ. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە راستەوخۆ بە کوردستانەوە بەیوەندن و ئەوانەی بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن، پێویستە ئەم راستی یە ببینن و بەو پێیە بەرهەڵستکاریەکانیان ئاشکرا بکەن و داخوازەکانی کورد و کوردستانی جێبەجێ بکەن.
هەروەها لە سەرەتادا کەرکوک و هەموو ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی باشووری کوردستان بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کوردستان و رێز لە سنورەکانی کوردستان بگیرێت.
4.کۆبوونەوە پێشهاتەکانی رۆژئاوای کوردستان بە گرنگ دەبینێت و، دوا بە دوای دەستکەوتوەکانی باشوور، رۆژئاوایش دەستکەوت ئەبینێت و بانگی کوردستانیان دەکات کە ئەم هەردوو دەستکەوتە

سەنگەریانە بپارێزن..
.5لە باکور پرۆسەیەکی نوێ دەستی پێکردووە، لەسەر داخوازەکانی نەتەوەیی و دیموکراسی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دا گفتوگۆ دەکرێ. ئێمە ئەو ئینسیاتیڤە نوێیەی بزووتنەوەی نەتەوەیی باکور بە رەواو ماقوڵ دەبینین و پشتیوانی لێ دەکەین، بانگی هێز و کەسایەتیە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان دەکەین کە لەناوخۆیاندا یەکێتییەکی پتەوو کامڵ پێکبێنن تا ئەو هەوڵ و پرۆسەیە سەربکەوێ. هەروەها ئێمە بانگی دەوڵەتی تورکیاش دەکەین داخوازە رەوا و دیموکراسیەکانی کوردستانیان جێبەجێ بکرێن و، لە سەرەتادا بەڕێز ئۆجەلان و هەموو زیندانیانی سیاسی ئازاد بکەن.
.6کۆبوونەوەکەمان چوار رێزە کۆنفەرانسەکانی ئامەد، هەولێر، ئەنکەرە و برۆکسل لە پلانکردنی پرۆسەی "ئاشتی و دیموکراسی" ی لە تورکیا، کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا وەک پلاتفۆرمێکی گرنگ دەبینێت.
.7خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێ، پێویستە هێزە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بە گوێرەی پێشهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان لە سەر زەمینەی یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی رێکبخەن و بۆ بە دەستخستنی ستاتۆی نەتەوەیی و دیموکراتیک خۆیان ئامادە بکەن.
.8کۆبوونەوە بە دەنگێکی بەرز بانگی کورد و کوردستانیان دەکات کە یەکڕیزی ناوخۆیی لە سەر ئاستی هەرە بڵند دا دروست بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن. گەرەنتی پاراستنی دەستکەوت و سەنگەرە نەتەوایەتی و نیشتیمانیەکان ئەم یەکێتییە ناوخۆییە.
.9کۆنگرە بە روونی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە لە چارەسەری کێشە و پرسی کوردستاندا کورد و کەمایەتییە ئەتنیک و ئاینیەکانیش بەرامبەرن و خاوەنی کوردستانن. پێویستە لە ناو کوردستاندا سیستەمی دیموکاتیک، ئازاد و یەکسان، دادوەرانە و سێکۆلار بنیاد و پیادە بکرێت .
.10کۆبوونەوە عەقڵیەتی پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگای کوردی کوردستان دا بۆ دیمۆکراتیزەبوونی ناوخۆیی، بە ئاستەنگێکی گەورە دەبینێت و بانگی هەموو خەلکی کوردستان دەکات کە لەسەر زەمانی ئازادی و یەکسانی رەگەزی، کۆمەڵگایەکی دادیار و عادیلانە بەپێی هەموو بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی بنیاد بنرێ.
.11کۆبوونەوە بانگی ئەمریکا، روسیا، یەکێتی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتان دەکات کە کێشە و پرسی کورد و کوردستان و، بە تایبەتی لە چارەسەری پرسی رۆژئاوای کوردستان دا دادیار بن و پشتیوانی لە داخوازە رەواکانی کورد و کوردستانیان بن.
کۆبوونەوەی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ( کۆنگرەی 13).
26ی گوڵان 2013 – 25 برۆکسل

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 360
## راگەیەنراوی بۆردی راوێژکاریی میدیایی
http://www.kurdipedia.org/?q=20150322174844849566
دوای ئەوەی رۆژی (2015/2/21) لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سیمنارێکی ئەنجامدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دامەزراندنی بۆردێکی تایبەت بە راوێژکاریی میدیایی، رۆژی پێنج شەممە (2015/3/19) لەبارەگای لق و لەژێر رۆشنایی راسپاردەو پێشنیارەکانی ئەو سیمنارە (بۆردی راوێژکاری میدیایی) یەکەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامداو وەک یەکەم هەنگاوی کارەکانی راگەیانراوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا هێڵە گشتییەکانی کاری بۆردەکەی خستەروو کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبنەوە:-
.1ئەرکەکانی بۆردەکە بریتی دەبێت لە:

أ/ بەرەنگاربوونەوەی ئەو جەنگە دەروونیەی کە داعش دژ بە گەلەکەمان بەرپای کردوە.
ب/ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نەتەوەیی ئەم قۆناغەی کوردستانی پێدا تێپەر دەبێت.
ج/ هاندانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ بینینی رۆڵێکی زیاترو بەرپرسیارانە بەرامبەر بە جەنگی دژ بە تیرۆر.
.2لەبەر رۆشنایی گفتوگۆکان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی بۆردەکە داوا دەکات کە:
أ/ هاووڵاتیان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە نەبنە ئامرازی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتەو وێنانەی کە داعش بڵاویان دەکاتەوەو دەبنە مایەی بڵاوبونەوەی ترس و دڵەراوکێ.
ب/ لە کەناڵەکانی راگەیاندندا یەکخستنی وشەی شەهید بۆ شەهیدانی پێشمەرگەو یەکخستنی ناوی داعش بە (تیرۆرستانی داعش) کاری پێ بکرێت و پابەندبونیان بە بڵاونەکردنەوەی هیچ وێنەو گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە ببنە هۆی پرۆپاگەندە بۆ تیرۆرستانی داعش.
ج/ پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە لە رێگەی وتەبێژو راگەیەنراوی تایبەت بە خۆیانەوە، رۆژانە، یان لەکاتی پێویستدا بەلاغی سەربازی بڵاوبکاتەوە، تا ببێتە سەرچاوەی سەرەکی زانیاری بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و رێگە نەدەن پەخشی راستەوخۆ لەبەرەکانی جەنگەوە ئەنجام بدرێت.
د/ پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خولی تایبەت بۆ پەیامنێرانی جەنگ بکەنەوە.
.3بۆردەکە ئەم راگەیەنراوەی وەک هەنگاوی یەکەمی کارەکانی ناساندو لە داهاتوشدا بەپێی پێویستی قۆناغەکەو بەراوێزکردن هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر.
بۆردی راوێژکاری میدیایی
لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
19/3/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 361

## راگەیەنراوی فراکسیۆنی پارتی لەبارەی پرسی بەکانتۆن بوونی شەنگالەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118005312846382

ڕاگەێنراوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
)شنگال بەشێکی زامدارو دانەپڕاوی لاشەی نیشتیمانە(
خەڵکی ئازیزی کوردستان
لە کاتێکدا وڵات لەشەڕی داسەپاوی گروپی تیرۆرستی جیهانی داعش دایەوجگە لە قارەمانیەتی پێشمەرگە وخۆراگری خەڵکی کوردستان،ئەوا پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ویەکڕیزی وتەبانی نێوان هێزولایەنەکانی گشت بەشەکانی کوردستان بۆتە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتن بەسەر ئەوپیلانەی کە دوژمنانی مرۆڤایەتی وئازادی بۆ خەڵک وخاک وئەزمونی کوردستانیان داناوە.
بەڵام بەداخەوە لەوکاتەدابەبێ حیساب کردن بۆدامەزراوەیاساییەکانی باشوری کوردستان وڕیزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی زامداروزوڵم لێکراوی شنگال،پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێگە بەخۆی دەداباس وخواستێکی ناڕەوا بخاتە ڕۆژەڤەوە.
ئەوکارە جگە لەوەی بێڕێزیە بەرامبەر بەدامەزراوە یاسایە کانی کوردستان،دەست وە ردانیشە لەسەروەری باشوری کوردستان وسیاسەتی خۆفەڕزکردنە بەسەر ئیرادەی خەڵکی شنگال وهەوڵێکیشە بەئاراستەی پارچە پارچە کردنی خاکی وڵات.

بۆیە ئێمە لەفراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وێرای وەستانەوە بەرامبەربەوکارە،داوالە پەرلەمان و حکومەت وتەواوی لایەنەسیاسیەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ورای گشتی دەکەین،کەبەرامبەر بەوکارە هەڵوێست دەربڕن ودژی بوەستنەوەوسنورێک بۆ ئەو سیاسەتە چەوتە دابنێن کە جگە لە نایاسایی بوونی ودەست وەردان لەسەروەری باشوری کوردستان هەڕەێزێک ئەوکارەبکات بکات وهەر هێزێکیش پاڵپشت بێ ولێی بێدەنگ بێت کارێکی چە وتە وهە ولێکی نەزۆکی بەش بەشکردنی خاکە.
بژی ئیرادەی گەلی ئازادی خواز
پتەوتر بێت یەکێتی ڕیزەکانی گەل
فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
لەپەرلەمانی کوردستان
17/1/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 362

## ڕاگەیەنراوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر بارودۆخی ئەمنی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20140808150916334385

ڕاگەیەندراوێکی یەکێتیی
سەبارەت بە دۆخی عەسکەری ئێستا
جەماوەری خۆراگری کوردستان!
ئێستا لەهەموو کاتێک زیاتر بۆ نەتەوەکەمان و ناوچەکەو تەواوی جیهان دەرکەوت، کە تیرۆریستە ڕەشە کوژەکان، دوژمنی نیشتمان و نەتەوەو دیموکراسی و ئازادی وڵاتان و گەلان و ئازادیخوازانی ناوچەکەن، بەتایبەتی عیراق و کوردستان، بەمەش سەنگەرەکان، لەڕووی بابەتی و لەبۆتەی خەباتدا، لەیەک جیاکرانەوە، سەنگەری بەرگری ئازادیخوازان، بەرامبەر سەنگەری ئاشکراو نهێنی سەلەفی و کۆنەپەرستان.

ئەگەر.. پێشتر، بەرچاوی هەموو لایەکمان ڕۆشن بوایە کە تیرۆریستەکان چەند مەترسیدارن، ئێستا لەتێکشکاندنی ئەم هێزە تاریکخوازە باشتر سەردەکەوتین.

ئێستاش، سەرەڕای ئەوەی شەڕێکی سەرانسەری، لەقەزای خانەقینەوە، هەتا شەنگال، بەسەراپای هێڵەکانی بەرەنگاری پارێزگای کەرکوک و دووزخورماتوو، قەرەتەپە و جەبارە، مەخمورو دەوروبەرییەوە، یەکەمینجارە لەمێژووی کوردستان و کوردایەتی-دا، پێشمەرگە، شەڕێکی بەرەیی لەڕووبەری زیاتر لەهەزار کیلۆمەتردا، سەنگەری گرتووەو پەیتا پەیتا لەشەڕدایەو توانیویشیەتی نەک هەر هەرێمی کوردستان، وەکو سێ پارێزگاکە بپارێزێت، بەڵکو پارێزگای کەرکوک و خانەقین و گەلێ ناوچەی تریشی لەپارێزگای نەینەواو شوێنانی تریشی پاراستووە، لەهەمانکاتدا، جێی داخە، لەناوچەی شەنگال و هەتا ڕادەیەک لەناوچە ئێزدیی-نشینەکاندا، سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراوی تیرۆریستەکان، هەستی نەتەوایەتی کوردستانیان و تەنانەت، ڕای گشتی جیهانیشیان، هەژاندووە.
ئەی خەڵکی دڵسۆز!

ئەم تیرۆریستانە، شەڕی ناوبەناویان، لەگەڵ گەلی کوردستان، بەپشتیوانی دوژمنانی

دیموکراسی، گۆڕیوە بەجەنگی راستەقینەی فراوان، بۆیە گەلەکەمان ئێستا لەشەڕدا نییە، بەڵکو لەجەنگێکی سەرانسەریدایە بەرامبەر هێزێکی تیرۆریستی نێونەتەوەیی.. نەک ناوچەیی. بۆیە، جارێکی دیکە، دروشمە دێرینەکەی گەلەکەمان، بۆتەوە چارەنوسمان.. ئەویش (کورستان یان نەمانە)، گەلەکەشمان، بەتاقیکردنەوەی سەدەی رابردوو، دەزانێ جەنگێکی فراوانی ئاوها، لەهەندێ شەڕگەو لەهەندێک شوێندا پاشەکشەی سەربازی کاتی، لەتەواوی جەنگەکانی جیهاندا، روویداوەو رووش دەدات، بۆیە، ئێمەی گەلی کوردستانی قاڵبووی خەباتی پێشمەرگایەتی، دەبێ وریای ئەوەبین، نەسەرکەوتنی گەورەو بچوک بێباکمان دەکات، نەپاشەکشەی سەربازی و تاکتیکی شەڕگە گۆڕین، ئیرادەی سەرکەوتنمان لاواز دەکات.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی، بەم راگەیاندنە، دەمانەوێ گەلەکەمان لەچەند خاڵێک ئاگادار بکەینەوە کەوا.

یەکەم: بەڵێ.. لەهەندێ شوێندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوای شەڕێکی قارەمانانەو دەیان شەهیدو سەدان بریندار، پاشەکشەی کردووە.
دووەم: لەسەرانسەری سەنگەرەکاندا، پێشمەرگە، بەورەیەکی کوردانەی کوردایەتی ئازادیخوازانەوە، شەو و رۆژ، بەرگری لەکورد و کوردستان، دەکەن و درێغیان نەکردووە.

سێهەم: سەنگەرەکان، سەنگەری تێکڕا هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، هیچ جیاوازییەکی حزبی لەنێوان پێشمەرگەی کوردستاندا نییە، پڕیاری سیاسی و بەرنامەی عەسکەری پەسەندکراوی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزە سیاسییەکان، جێبەجێ دەکرێت.

چوارەم: سیاسەتی پاراستنی کوردستان و ئیرادەی کوردایەتی و سووربوون لەسەر کوردستان یان نەمان، ئێستا زیاتر لەڕابردوو، لەویژدان و ناخی هەموو هێزە کوردستانییەکان، لەسەراپای کوردستاندا، جۆشی مەردایەتی و کوردایەتی دەخوات، هەر بۆیە جێی خۆیەتی، سوپاسی بێ پایانی (هێزەکانی هەڵمەت) لەباکورو رۆژئاوای کوردستان بکرێت، کە گیان لەسەردەست بەهانای شەنگالییەکانەوە چوون و بە بەختکردنی گیانی خۆیان، گیانی دەیان هەزار کەسیان، لەمەرگی تینوێتی و برسێتی و رەشەکوژی رزگار کرد، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی هێژایە، کە دڵنیابین، قارەمانانی نەتەوەکەمان، دژی ئەو تیرۆریستانەی سنوری دەیان وڵاتیان پریوە، بۆ ئەوەی ئازادی گەلەکەمان زەوت بکەن، هەرگیز درێغی ناکەن .

لەکۆتایشدا دەڵێین: داوامان وایە، گەلەکەمان، لەم جەنگەدا، وریای جەنگی دەروونی بێ، چونکە، تیرۆریست و بەعسییەکان و شۆڤێنییەکانی عەرەب و ناوچەکە، جەنگێکی دەروونی فراوانیان دژی ورەو ئیرادەی کورد، وروژاندووە، کەجێی داخە، لەهەندێک کەناڵی راگەیاندنی کوردستاندا، ئەم جەنگە دەروونییە رەنگی نالەباری داوەتەوە، بێگومان میدیاکان دەبێ بزانن.. کە بەرەنگاری و جەنگێکی چارەنووسساز، بەرپرسیارێتییە.. نەک لیبرالییەتی هەواڵ!
جەماوەری خۆڕاگر!
پێشمەرگەی کوردستان!
نەتەوەکەمان، بەردەوام بارودۆخی خەتەرناکی لەهەر چوار بەشەکەی کوردستاندا، دیووە، کیمیاباران و ئەنفالکردنی تێپەڕاندووە، گەلەکەمان دڵنیادەکەینەوە، لەم جەنگەشدا دژی دوژمنی ئازادی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی، زوو یان درەنگ، هەر سەر دەکەوین.
ئەی گەلی ئازادیخوازمان!

گەلان راهاتوون بەرگەی قوربانیدان و رووداوی خوێناوی بگرن، هەر شەهیدێکیش لەو پێناوەدا بەخشن، نەمرن و دەبنە ئەستێرەیەکی گەشی مێژوو، بەڵام کوان دوژمنانی دیموکراسی لەمێژوودا؟ لەچ لاپەڕەیەکی رەشدا ناویان نوسراوە؟ جگە لەشەرمەزاری و شکست و سەر شۆڕی.. چی بۆ دوژمنانی گەلان و دیموکراسی ماوەتەوە؟
ئەی خەڵکینە!

بەهەر رێگایەک دەتوانن.. بەچەک، بەیارمەتی، بەباربوو، بەباوەشی گەرمی کوردانە، بەپێکەنین و

سڵاوی دڵسۆزانە.. تەنانەت بەقسەی خۆش، پشتیوانی پێشمەرگەبن، لەهەمووشی گرنگتر و کاریگەرتر، ئەوەیە کە بەرپەرچی دوژمنان بدەنەوە لەم جەنگە دەروونییەی بەرامبەر گەلەکەمان بەرپایان کردووە، لەسەرکەوتنیش دڵنیاین، لەپاراستنی کوردستان و ئازادی دڵنیابن.

-بژی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە
-بژی ئیرادەی لەشکان نەهاتووی کوردایەتی
-نەمری بۆ شەهیدان
مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
8/8/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 363

## راگەیەنراوی کۆبوونەوەی باڵای پارتی و یەکێتی لە 05-12-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20131205140101187417

لە درێژەی کۆبوونەوە هاوبەشەکان، ئەمڕۆ 2013/12/5، هەردوو لیژنەی تایبەت بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و ئەم بابەت و تەوەرانەی خوارەوە گفتوگۆکران و بڕیاری تایبەتیان لەبارەوە درا: یەکەم/ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە هاوپەیمانی ستراتیژی نێوانیان دەستکەوتی گەورەیان بۆ گەلی کوردستان بەدیهێناوە، راگرتن و پابەندبوونی هەردوولا بەم هاوپەیمانێتیە بۆ پتەوکردنی حکومەتی هەرێم و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و برەودان بەبەرنامەی چاکسازی و گەشەپێدان بە رەچاوکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2013/9/21، لە ئەولەویەتی کارەکاندابێت. دووەم/ یەکێتی و پارتی، پشتیوانی پێکهێنانی حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی دەکەن لە پێناو زامنکردنی ئارامی و ئاسایشی هەرێم و گەشەپێدانی حکومڕانی کوردستان بە شێوازێکی سەردەمیانە. سێیەم/ کۆبوونەوە، هەوڵ و کۆبوونەوەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی کوردستان بۆ زەمینەخۆشکردنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و، بۆ رەچاوکردنی پاراستنی یەکڕیزی نێوماڵی کوردستانی و تەبایی و یەکتر قبوڵکردن، بەرز دەنرخێنێت. چوارەم/ سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی، لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کۆبوونەوە، هەماهەنگی و یەکهەڵوێستی و یەک لیستی بە پێویست دەزانێت لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، بۆیە کۆبوونەوە جەخت لە پێکهێنانی لیستێک لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەکاتەوە. پێنجەم/ سەبارەت بە رووداوەکەی دوێنێی شاری کەرکوک، کۆبوونەوە ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرستیانە دەکات و دەستخۆشی و پاڵپشتی لە هێزە ئەمنییەکانی شاری کەرکوک کرد بۆ رووبەڕووبونەوە و پوچەڵکردنەوەی بەرنامە و پیلانە گڵاوەکانی دوژمنان، لە هەمانکاتدا پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری شەهیدانی ئەو رووداوە دەکات و هیوای زووچاکبوونەوە و تەمەندرێژی بۆ بریندارەکان دەخوازێت. ئەمانە و، کۆبوونەوە بڕیاریدا کۆبوونەوە هاوبەشەکان بەردەوامدەبن.

لیژنەی تایبەتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان
5/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 364

## راگەیەنراوی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە حکوومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031215594282553

لە رەفتارێکی زەقدا پرۆژە یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ لەلایەن دەوڵەتی یاسا بە سەرکردایەتی مالکی تێپەڕێنرا و بە داخەوە هاوپەیمانیی نیشتمانییش بەهەمان ئاراستەدا هەنگاوی نا، کە رەفتارێکی لەم چەشنە لە لایەنەکانی نێو ئەو هاوپەیمانێتییە چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەمەش یەکڕیزیی نیشتمانیی عێراقی ناچار بە دابەشبوون کرد و دەسەڵاتی سیاسی و سەرکردایەتیکردنی دەوڵەت زۆر بە ئاشکرا تاکڕەویی بەسەردا سەپێنرا، کار گەیشتە ئەوەی تەنانەت رەچاوی دید و پێگەی پێکهاتەیەکی سەرەکییش نەکرێ، کە وا پێویستی دەکرد وەک هاوبەشێکی دامەزرێنەری پرۆسەی سیاسی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەت و نەتەوەیەکی سەرەکی وبڕیاردەر لە دەستنیشانکردنی ئاراستەی وڵات وەک لە دیباجەی دەستووردا هاتووە حیساب بۆ رۆڵ و پێگەی بکرێ؛ هەڵبەت ئیرادەی هێزە هاوبەشەکانی دیکەش رەزامەندییان لەمەڕ پرسەکە فەرامۆشکرا و بوونیان لەبەرچاو نەگیرا.

وەرگرتنی ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی تاکڕەوانە و پشت بەستن بە دەنگدان بە گوێرەی ژمارە، پێشێلکردنێکی قبووڵنەکراوی دژ بە هەموو ئەو بنەمایانەیە پرۆسەی سیاسی لەسەری وەگەڕخرا، هاوکات دژ بەو رێسایەیە دەستووری لەسەر داڕێژرا و پێچەوانەی پێکەوەسازانەکان و گشت رێککەوتنەکان و چەمکی پێکەوەسازانی نیشتمانییشە.

پەسەندکردنی بودجە خۆی لەخۆیدا جەوهەری پێشێلکردنەکە نیە کە زۆر ئاست و بوار دەگرێتەوە، بەڵکو دەربڕی زۆر لە ئادگار و دەرکەوتەی دژ بە سیستەمی دیموکراتی و زەوتکردنی ئیرادەی نیشتمانییە کە سازان لە نێوانیاندا کرا بۆ دەربازبوون لە پاشماوەی سیستەمە دیکتاتۆریە یەک لەدوای یەکەکان و هێنانەئارای عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ لەسەر بنەمای شەراکەت و پێکەوەسازان و هاوسەنگیی لە چوارچێوەی رێزگرتنی دەستوور.

دەوڵەتی یاسا و سەرۆکەکەی زیادەڕۆیی زۆریان کرد لە خۆدزینەوە لە گشت ئەو پابەندبوونانەی گەرەنتین بۆ بەردەوامیدان بە تەواوکردنی پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتی دیموکراتی و پاکتاوکردنی ئەو دەرکەوتە مەترسیدارانەی پێیەوە دیاربوو، بە تایبەتییش لەسەردەمی ویلایەتی دووەمی حکوومەتەکەی مالکی کە تاکڕەویی و خۆسەپاندن و پەراوێزخستن تێیدا رەنگی دایەوە و زیادەڕۆیی لێ بەدی کرا لە رووی وەرگرتنی رێوشوێن و رێکاری نادەستووریانە لە گشت بوارەکاندا، هەڵبەت ئەویش بە تەسکردنەوەی مەودای ئازادییە دیموکراتییەکان و گرتنەبەری رەفتاری توندوتیژی پۆلیسیانە لە بەرامبەر ناڕەزایی و داواکارییەکانی جەماوەر و بەکارهێنانی سوپا لە ململانێ سیاسییەکان و رووبەڕووبوونەوەی جەماوەر و داواکانیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەر بەم ئاراستەیەشدا، سەرۆکی دەوڵەتی یاسا برەو بە بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی قەیرانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی شڵەژاندن و ئاڵۆزکاریی دەدات، بەردەوامە لەسەر تەنگەتاوکردنی هاوبەشانی نێو پرۆسەی سیاسی و داتاشینی پاساوی بێ بنەما بە مەبەستی رێگرییکردن لەهەر هەوڵێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر

قەیرانێکی لەپڕ. ئەم دیاردەیەش نیازگەلێکی شاراوە بەدیاردەخات کە بە ئاشکرایی ئاماژە بۆ دۆخی وڵات دەکات کە لە دووڕیانێکدایە و دوور نیە یەکێتییەکەی تووشی پارچەبوون بکات و هەوڵی هێزەکانی لەبەریەک هەڵوەشێنێ و ئیتر لە توانایاندا نەمێنێ دەستکەوتەکانی یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن.

ئەو بڕاردەیە کە لە چەندین بۆنەدا بە ئاشکراپی خرایەڕوو، دەرپڕی ئەو خواستە نابەجێیەیە بۆ هەڵکوتانەسەر سیستەمی دیموکراتی و کۆڵەکە و بنەماکانی و بەزۆر خۆداسەپاندن و گرتنەبەری شێوازێک لە تاکڕەویی کە داتەپین و داڕمان و لەبەریەکهەڵوەشانی زیاتر بەدوای خۆیدا بێنێ.

هێزە کوردستانییەکان کە هەمیشە فاکتەری یەکخستن و پێکەوەسازان بوون، لە هەموو ساتە ناهەموارەکان ئامادە بوون رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە کە هەڕەشە بوون بۆ سەر عێراق، بەر لە دوو مانگیش هەمان شتیان کرد کە نامەیەکیان ئاراستەی هاوپەیمانیی نیشتمانیی و لایەنەکانی نێو ئەو هاوپەیمانییە کرد، نامەکە چەند دید و بۆچوونێکی لەخۆ گرتبوو بۆ تەندروستبوون و چاکبوونەوەی ژیانی سیاسی و رێگانەدان بە هەڵوەشان و ترازانی بنچینەکانی پرۆسەی دیموکراتی، دید و بۆچوونەکانیش تەنیا و تەنیا دەربڕ و بەرجەستەکردنی خواستگەلێکی عێراقیانە بوون و لە سۆنگەی دەستوور و پێکەوەسازانی نیشتمانیی و رێککەوتنە مۆرکراوەکان هەڵقوڵابوون. بەڵام بەداخەوە؛ نامەکە ئەو بایەخ و گرنگییە پێویستەی پێ نەدرا.

ئێمە لەوکاتەی کە هەست بە مەترسیی دۆخەکە و لێکەوتەکان و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان دەکەین، کە بوونەتە هۆی غەڕابوون بۆ بەردەوامیدان بە رەوتی تاکڕەویی لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە، هەڵبەت ئەمەشیان بە گرتنەبەری ئامرازگەلێکی بەدەر لە بنەما دیموکراتییەکان و دژ بە دەستوور؛ عێراق بۆ نێو تەڵەزگەی رووبەڕووبوونەوەی تایەفەگەریی پەلکێش دەکات، بۆیە بە ئەرک و لێپرسراوێتی مێژوویی خۆمانی دەزانین روو لە سەرجەم ئەو هێزە نیشتمانیانە بکەین کە پەرۆشی پاراستنی سیستەم و رێبازی دیموکراتی و رێگریکردنن لە داتەپین و داڕمان، و بە تایبەتیش روو لە هێزەکانی نێو هاوپەیمانیی نیشتمانیی دەکەین کە هەڵوێستێکی راستەوخۆی روون و راشکاوانە دژ بەو سیاسەتە بنوێنن کە دەیەوێ هەموو دەستکەوتەکان لەبار ببات و کۆتایی بە شەراکەت و پێکەوەسازانی نیشتمانیی بێنێ و هەڵکوتێتە سەر پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی لە وڵاتدا.

لەم سۆنگەیەوە؛ رایدەگەیەنین کە بانگهێشتی نوێنەرانی هێزە کوردستانییەکانمان لە حکوومەتی فیدراڵ و سەرکردەکانی فراکسیۆنە کوردستانیەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانمان کردووە بۆ ئەوەی وتووێژ و راوێژ لەبارەی گرتنەبەری هەڵوێستێکی گونجاو بکەین هاوتای خواستەکانمان بێ و هاوکات کار لەو پێناوەدا بکەین رێگا بە رەوتی خۆسەپاندن و بنجداکوتانی سیاسەتی تاکڕەویی و پەراوێزخستن نەدەین. هەر لەو چوارچێوە و ئاراستەیەدا راوێژ و راگۆڕینەوەی فراوان لەگەڵ تێکڕای هێز و لایەن و پێکهاتەکانیشدا بکەین بۆ گەڵاڵەکردنی هەڵوێست و گەیشتن بەو بڕاردەیەی عێراقی دیموکراتی بپارێزێ و کۆتایی بە دۆخی تاکڕەویی و سەرکێشی بێنێ.

ئێمە لەو کاتەی بە ناچاری ئەم هەڵوێستە دەگرینەبەر کە هەموو بژاردەکانی لەبەردەمدا کراوەیە، ئەوباڵی هەر ئەگەرێک دەخەینە ئەستۆی دەوڵەتی یاسا و سەرۆکەکەی (مالکی) و هاوکارانیان و لە بەرامبەر هەر پێشهات و هەڵوێستێک ئەوان بە بەرپرس دەزانین.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
9/3/2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 365

## راگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەی پێنج لایەنە سیاسییەکەی هەرێم - 13-10-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141014154647777761

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان..
خەڵکی عێراقی دڵسۆز..

لە هەل و مەرجێکی مەترسیداری چارەنوسازی ئێستای ناوچەکە و عێراق و کوردستان، ئەو پێنج لایەنەی کە لە پەرلەمانی عێراقدا نوێنەریان هەیە، رۆژی 13-10-2014 لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لە بارەگای سەرەکی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، سەبارەت بە دۆخی ئێستای عێراق و کوردستان و دوا بەرنامە و بڕیار دەربارەی حکومەتی نوێی عێراق و قارەمانێتی پێشمەرگەو گەمارۆدانی شاری کۆبانی، گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانەیان کرد و دوا بڕیاریان لەسەر ئەم تەوەرانە دا:

یەکەم:
دۆخی عێراق و کوردستان:
ماوەیەکە عێراق و کوردستان، دوچاری هێرشێکی دڕندانەی داعش و داعشیەکان بونەتەوە و سەرەنجام، دۆخی ئاسایش و ژیانی کۆمەڵایەتی و چارەنوسی سیستەمی عێراق و تەواوی دەسکەوتە بەدیهاتوەکانی دوای روخانی سەدام کەوتۆتە بەر مەترسیەوە، بۆیە وێرای بەرەنگاری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هێزە چەکدارەکانی بەرگری کردنی عێراقیش، لە شەڕی مان و نەماندان و هێزەکانی پشتیوانی عێراق لەجیهان و ناوچەکەدا، مایەی سوپاسە کە هەتا رادەیەکی کاریگەر بە هانای وڵاتەکە و کوردستانەوە هاتون. لەم بارودۆخەدا، کۆبونەوە یەک هەڵوێست بو، وە جەخت دەکاتەوە کە تەواوی توانای هێزە کوردستانیەکان دەخەینە کار، ئەمجارەش عێراق لەم هەرەشە ترسناکانە رزگار بکرێت، بێ درێغی لەم پێناوەدا لە هەمو سەنگەرەکان و ئاراستەکاندا تێدەکۆشین.

دووەم:
حکومەتی نوێی عێراق
سەرەڕای ئەوەی سێ مانگ بوار دراوەتە حکومەتی بەڕێز عەبادی، هەنگاوی دڵخۆشکەربنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغداو هەرێم، بەداخیشەوە لە مانگی رابردودا هیچ هەنگاوێکی کاریگەر لەسەر کێشە بنەرەتیەکانی تایبەت بە بودجەو موچە نەنراوە، سەرەڕاش کۆبونەوە بڕیاریدا وەزیرەکانی کوردستان، وەکو نوێنەری شەرعی گەلی کوردستان هەروەکو پێشتر بڕیاردرابو، بگەنە بەغدا و بەشداری راپەراندنی ئەرکەکانیان بکەن لە حکومەتی دەوڵەتمەداری عەبادی، و هیواداریین ئەم بڕیارە هەست بە بەرپرسیارێتیی کردنە بەرامبەر عێراق و حکومەتەکەی ببێتە مایەی پەرۆشی راستەقینە بۆ چارەسەرکردنی تێکرای کێشەکانی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی کوردستان و بشبێتە مایەی بتەوکردنی خیتابی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی یەکگرتو دژی دوژمنانی هاوبەش.

سێ یەم
باشوری کوردستان
لەدوای روداوی چاوەروان نەکراوی موسڵ و روداوی دڵتەزێنی شنگالەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زیاتر لە هەزار (کلم) لەخانەقینەوە بۆ شنگال، لە شەرێکی بەرەیی کوردستان یان نەماندان سەربەرزانەش سەرەرای سەدان شەهیدی نەمرو بریندارى کوردستان، پێشمەرگە بەراستی شەرەفی بەرزی پێشمەرگایەتی پاراست و گەیاندیە ئاستی بەرزی خۆبەختکردن لەم رێرەوەدا، رۆژی 2014/10/12 تیرۆرستەکان دوای ئەوەی لە شەڕی روبەروبونەوەدا توانایان بەرامبەر پێشمەرگە نەما دەستیان کردۆتە سەپاندنی نەخشەی کۆمەڵکوژی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل لەقەرەتەپەدا سێ ئۆتۆمبێلیان لەبارەگای کۆمیتەی یەکێتی و بەرێوبەرایەتی ئاسایش و پۆلیس تەقاندەوەو لە ئاکامدا (43) شەهیدو دەیان بریندار کرانە سور خەلاتی خەباتی خوێناوی ئەم جارەی کوردستان.
کۆبونەوە لەکاتێکدا ئەوپەری سەری نەوازش بۆ شەهیدانی قەرەتەپە دادەنەوێنێت و هیوای

چاکبونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێت، لەهەمانکاتدا دیسان دەستخۆشی لە پێشمەرگە دەکات کە نەیانهێشتوە کوردستان وەکو ناوچە کارەساتبارەکانی وڵاتەکەی لێ بێت داواش دەکەین پشتیوانی گەلەکەمان و ئەزمونە دیموکراسیەکەی باشتر و زیاتر پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بکەن بۆ سەرکەوتن بەسەر داعشەکاندا کە دوژمنی ئازادی و هەمو لایەکمانن.

چوارەم
دۆخی کۆبانێ:
کۆبانێ ئێستا بۆتە سومبولی نەتەوەی کورد و سەنگەرێکی کاریگەری بەرپەرچدانەوەی داعشەکان، کۆبونەوە، دوپاتی دەکاتەوە کە بێ دریغ پشتیوانی شەرڤانانی کۆبانێ دژی دوژمنانی ئازادی دەکات و ئومێدەواریشین تەواوی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە باشتر لە جاران بیر لە کۆبانی بکەنەوە و زیاتر بە هانایانەوە بچن، لە هەمانکاتدا حکومەتی کوردستان توانای زیاتر دەخاتە کار بۆ رزگاری کردنی کۆبانێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
بزوتنەوەی گۆران
یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

13/10/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 366
## راگەیەنراوی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کنک
http://www.kurdipedia.org/?q=20130629195540897 65

کۆنسەی هەڵبژێردراوی نوێی بەڕێوەبەریی کنک لە کۆنگرەی گشتی (کۆبوونەوەی 13) دا، کۆبوونەوەی یەکەمی خۆی لە بیرۆی کنک ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمسیۆن و کۆمیتەکانی کۆنگرە دامەزران، پلانی کار و خەبات داڕێژران و بە بەرفراوانی بارودۆخی گشتی سیاسی تاووتوێ کرا.
.1پرسی کوردستان بە هەموو قورسایی خۆیەوە ئیدی هەڵکشاوەتە سەر رۆژەڤی ناوچەکەو جیهان. کوردستان بۆتە مەڵبەندی چارەسەری ئاشتی و ئارامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خەبات و تێکۆشانی کوردستانیان، پێکهێنانی ستاتۆی هەرێمی فیدراڵی باشوور، بنیاتنانی ستاتۆی دیفاکتۆ لە رۆژاوا و، بە گشتی پۆزیسیۆنی کوردستانیانی دیموکراتیک، سۆسیال وسیکولار چاوی دونیای دیموکراتی پریوەتە سەر کوردستان.
لە ناو سیستەمی دواکەوتوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، کوردستان شێوازو بنەمای دیموکراتیک بەڕیوەدەبات. کوردستان وەک وڵاتێکی پرلە رەگەز وباوەڕی جیاوازەوە لەسەر بناغەی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری هەنگاو بە هەنگاو خۆی بنیاد دەنێ. کورد و بە گشتی کوردستانیان لەم پرۆسەیەی بونیادنانەدا هەم لە ناوخۆیدا دیموکراسیبوون پێک دێنی، هەم لە وڵات و دەوڵەتانی دەوروبەریشدا رێ لە بەردەم پێکهێنانی دیموکراسی خۆشدەکات. کوردستانیان هەوڵدەدەن خۆیان و ناوچەکەش دیموکراتیزە بکەن. ئەم پرۆسە پێشکەوتووە گەیشتۆتە قۆناغێکی وا کە ئیدی مەحاڵە پاشەکشە بکات. کوردستانیان دەرگایان بە رووی رزگاری و ئازادیدا کردۆتەوە و بەرەو پێشەوە هەنگاودەنێن. هەر کاتێک خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادی دا بەرفراوان بێ، دەستکەوتەکانیش

زێده دەبن و بزاڤی باراستنیش بەرەو پێش دەڕوات.
گۆرانکاری بەرجەستە لە جوگرافیای کوردستاندا هەستیان پێ دەکرێ و دەبینرێن، ئەوە جێگای گەشبینی یە. هەبوونی کوردستانی فیدڕال لە باشوور، بنیادنان و دامەزراندنی رۆژاوای کوردستان، گەشەکردنی تێکۆشانی نەتەوەیی و دیموکراسی لە باکوری کوردستان و هەروەها گەشەکردن و پێشکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هیواو ئومێد و باوەڕی کوردستانیان بە رزگاری و ئازادی خورتتر دەکا. لەم چوارچێوەیەدا رۆل و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی کوردستانیەکان گەورەتر دەبن.
بۆ پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، پێویستە کوردستانیان لەگەڵ یەکتردا لە هەموو کاتێک زیاتر لە ناو پەیوەنی و گفتوگۆدا بن، هاوکاری و هەماهەنگی و پشتگیریکردن لە یەکتری لە ئاستێکی بەرزدا پەیرەوبکەن.
پرۆسەی چارەسەری لە باکور دەستی پێکردووەو لە سەر هێلێکی یەکجار ناسک بەرەوپێشەوە دەڕوا. بەگوێرەی ئەو پلانەی کە سەرۆکی پ ک ک بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان ئامادەی کردووە و داویەتە ک.ج.ک ە و دەوڵەتی تورکیا، لە قۆناغی یەکەمی دا لەلایەن ک.ج.ک ەوە جێبەجێ کراوە. گەریلاکانی (هپگ) هێزی پاراستنی گەل هەڵمەتی سەنگەرگواستنەوە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەن. دوا بە دوای ئەو هەنگاوە نۆرەی دەوڵەتی تورکیا یە کە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێ و جێگاو رێ و شوێن و هەنگاوی بەرچاو بنێ بۆ سەکەوتنی پرۆسەکە.
پێش هەر شتێک ئەبێ بەپێی یاسا، ماکیاساو بابەتیانە لە ناو دەوڵەتدا پاکسازیەکی تەواو پێکبێت و داخوازیەکانی کوردستانیان بەبێ مەرج جێبەجێبکرێن.
بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و گەیشتن بە ئامانجی رێککەوتنەکە، لە سەرەتادا پێویستا بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان و هەموو زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن.
کوردستانیان لەم پرۆسەی گفتوگۆیەدا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا ئەرکی گەورەیان لەسەرشانە. سەرەتای ئەو ئەرکانە یەکریزی نەتەوەییە. لەم پرۆسەی چارەسەریەدا بەرێز ئۆجەلان پێشنیاری بە ئەنجامگەیاندنی چوار کۆنفرانسی کردبوو، یەکەمیان لە ئەنکەرە پێکهات، دینامیکە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی کوردستان کۆبوونەوەو وێنەیەکی یەکگرتوویان پیشانی دەوڵەتی تورکیا دا وهاوکاریەکی مەزنیان پێشکەش بە پرۆسەی چارەسەری کرد. لەو چوار ریزە کۆنفراسانەدا سێهەمین کۆنفرانس لە برۆکسلی پایەختی بەلجیکا لە 29 – 30 جۆزەردانی 2013 دا بەڕێوە دەچێ. کۆنفرانسی چوارەمیش پلانی بۆ داڕێژراوە و بریارە لە هەولێر بە بەشداری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان پێکبێت. کۆنفرانسی هەولێر هەم بۆ پشتیوانی پرۆسەکەی باکور، هەم بۆ پێکهێنانی رێککەوتنی ناوخۆیی رۆلێکی زیندووی دەبینێت، بۆیە پێویستەهەموو کوردستانیان قورسایی خۆیانی بخەنە سەر بۆ ئەوەی ئەو کۆنفرانسە ببێتە پلاتفۆرمێکی باڵای نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردستان.
.2کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە گرنگی دەبینێ کە ئەم داخوازی و راسپاردە و سەرنجانە بۆ رای گشتی ناوخۆیی، ناوچە و جیهان بخاتە روو:
- 1کوردستانیان لە رۆژاوای کوردستان رێبەرایەتی بەڕیوەبردنی وڵاتیان خستۆتە دەستی خۆیان و لە ناو بێ ئیمکانیەتی دا شەڕی مان و نەمان دەکەن. لە لایەک هێرشەکانی رژێم، لە لایەکی تر شەڕ و دەستتێوەردانی دەوڵەتی تورکیاو هاوپەیمانانی ژیانی خەڵکیان تەنگ و دژوار کردووە. پێویستە هەموو کوردستانیان لە پێناو پاراستنی رۆژاوای کوردستان لە سەرپێ بن و ئەکتیڤانە دەست بە دروستکردنی کۆمپانیا و جۆری کۆمەک گەیاندن بۆ دابینکردنی پێداویستی بژێوی رۆژانەی خەڵکی لە رۆژاوا بکەن.
-2باشووری کوردستان پێویستە دەروازەکانی هاتوچۆ و گەیاندن بە روی رۆژاوا دا بە کراوەیی بهێڵێ و لە هەموو لایەکەوە هاوکاری رۆژاوا بکات.
-3پێویستە کوردستانیان بە یەکەوە پشتیوان بن کە دەستەی باڵای رۆژاوای کوردستان بە نوێنەرایەتیەکی بڵند بەشداری کۆبوونەوەو دیدارەکانی جنێڤ بکات.
- 4کوردستانیانی رۆژاوا پێویستە بچووک و گەورە ببن بە یەک و بە گیانێکی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەریانە خاکی خۆیان لە دژی نەیاران بپارێزن و دەست لەناودەست وڵات ئاوەدان بکەنەوە.
- 5جیهانی دیموکراسی و مرۆڤدۆست، دەبێ هاوکارییەکی مەزنی رۆژاوای کوردستان و بە گشتی دۆزی کوردستان بکات تا ئاشتی و ئارامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیتە ئاراوە.
– 6رژێمی ئێران بەردەوامە لەسەر توندوتیژیەکانی و لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کوردستانی.

پێویستە کۆتایی بەو ڕەفتارانە بێنێت. ڕژێمی ئێران لە پێناو ئارامی و ئاشتی ناوخۆیی دەبێ لەگەڵ کوردستانیان ڕێک بێت و مافە ڕەواکانیان قبوڵ بکات.
- 7کوردستانیانی ڕۆژهەڵات پێویستە لە ناوخۆیاندا یەکڕیزبن و تێکۆشان و خەباتیان لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی ناوخۆیی باڵا بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانج.
– 8لە باشووری کوردستان ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێ. هیواداریین کە ئەو هەڵبژاردنانە لە ناو کەش وهەوایەکی دیموکراسی و ئازادانە بە ئەنجام بگەیێنرێت و بە هەر ڕەنگێک بێت ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قەوارەی باشوور بپارێزرێت
.3کۆنسەی بەڕێوەبەریی کنک لە ناو خۆدا کار و ئەرکەکانیان دابەشکرد و پلانڕێژی خەباتیان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشت:
.لە ڕۆژاوای کوردستان نوسینگەی کنک بکرێتەوە.
.نوسینگەکانی کنک لە روسیا، ئینگلستان و باشووری کوردستان سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە و لەو وڵاتانەی کە ئەندامانی کنک ەیان لێ یە کۆمیتە دامەزرێنن.
.جێگرەکانی هاوسەرۆکایەتی کنک، کۆمیسیۆنەکانی زمان و پەروەردە، کۆمیسیۆنی ژنان، کۆمیتەی ژینگە و کۆمیتەی ڕاگەیاندن بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتن:
-جێگرەکانی هاوسەرۆکانی کنک: دڵشا ئوسمان - بەهزاد پیرموسا.
-سەرۆکی کۆنسەی کاروباری دەرەوە: سۆنگول کارابولوت.
-سەرۆکی کۆنسەی زمان و پەروەردە : ڕۆژان حازم.
-سەرۆکی کۆمیسیۆنی ژنان: رودی مەلەک.
-سەرۆکی کۆمیتەی ڕاگەیاندن: بەهزاد پیرموسا
-سەرۆکی کۆمیتەی ژینگە: هەندرێن ئەشرەف نوعمان.
کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی نەتەویی کوردستان - کنک
27 / 6- 2013بڕۆکسل

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 367

## ڕاگەیەنراوێک لە وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150810133051858500

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تۆمەتبار(نسرین اسعد ابراهیم بحر العبیدی) کە ناسراوە بە (ئوم سیاف) کە دەکاتە خێزانی گەورە تیرۆریست (ابو سیاف) کە لە دایکبووی ساڵی 1990ە شاری بەغدایە و ئێستا ڕادەستی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە و لە ڕۆژی (2015/8/6) بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە وەک سەرەتا ڕاگیراوە، بە پێی مادەی 3/بڕگە 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.
ئێمە لە ئەنجومەنی دادوەری هاوشان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق ڕوونی دەکەینەوە کە بە پێی بنەما یاساییەکان تۆمەتباری ناوبراو گەرەنتی ڕێکارە یاساییەکان و دادگاییکردنێکی دادوەریانە بۆ مسۆگەر دەکرێت.
وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان
دادوەر / ئومێد موحسن حەمەدەمین
10-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •○زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 368

# ڕاگەیەنراوێک لەدەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕای گشتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150604101435854 74

لەیادی دوو ساڵەی دەستبەکاربوونی سەرۆکی دەستە و دەسپێکردنی پرۆسەی دامەزراندنی دەستەی دەسپاکی بەپێویستی دەزانین چەند ڕاستیەک بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەینەوە. ئێمە لەسەرەتای پرۆسەکە بە هاوکاری ڕێکخراوی undp وچەند شارەزایەکی نێودەوڵەتی هەوڵماندا کەدەستەیەکی کارا و بەپێی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان دابمەزرێنین، پرواشمان وایە بەپێی ئەزموونی هاوشێوەکانمان ئەو پرۆسەیە ئەگەر لە بارودۆخێکی ئاسایدا بەڕێوەبچێت و هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت ئەوە دووساڵمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە تەواو بکەین و بتوانین بکەوینە کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە یاسایی ژمارە 3 ی ساڵی 2011 بۆمان دیاری کراوە - .بارودۆخی بابەتی: دەستپێکی کارکردنی دەستە کەوتە ڕۆژانی کۆتایی خولی سێیەمی پەرلەمان و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەم کە ئەو پرۆسەیە تا مانگی 4ی ساڵی 2014 بەردەوامی هەبوو، لەوڵاتی ئێمە لەوکاتانەدا زۆربەی کارەکان دەوەستێت یان بەخاوی دەڕوات ئەوەش کاریگەری سلبی زۆری لەسەر کاری ئێمە هەبووە - .بارودۆخی خۆیی بۆ دامەزراندنی هەردەزگایەک پێویستیمان بە یاسایەک هەیە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەو دەزگایە بەڕوونی دیاری بکات ئینجا پێداویستیە مرۆیی و ماددییەکان دێت کەیاساکەی ئێمە کۆمەڵێک کەم و کوری زۆری تێدابوو سەرەتای کارەکانمان بە ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەموارکردنەوەی دەستی پێکرد بەهاوکاری پسپۆرانی یاسا و ڕێکخراوی undp و لەکۆتای مانگی شەش ئامادەبوو، بەڵام بەهۆی تەواو بوونی خولی سێیەم بە ئاکام نەگەیشت و کەوتە خولی چوارەم سەرئەنجام ئەو پرۆسەیە گەیشتە کۆتایی و لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاوکرایەوە کە هەوڵی دووم ماوەی ساڵێکی خایاند، واتە زیاتر لە 20 مانگ بەدوای ئەو هەموارکردنەوەیەبووین کە بەشێکی زۆری پێویستیەکانی ئێمەی دابینکرد نەک هەمووی - .لایەنی ماددی ئێمە بودجەیەکمان بۆ دیاریکرا لە 2013/8/1 تەنها 4 مانگ کەمتر لە4/1ی(یەک لەسەر چوار)ی ئەو پرەمان خەرجکرد بۆ بنیادنانی دەستەکە، لەسەرەتای ساڵی 2014 کەوتینە ئەو قەیرانەی تا ئێستا بەردەوامە بەشێوەیەک نە لەساڵی 2014 نە لەساڵی 2015 بودجە لە کوردستان نەبووە کە ئەوە کاری سەرجەم دام و دەزگاکانی تری پەکخستووە بەئێمەشەوە کە تائێستا لەقۆناغی دامەزراندنین - .لایەنی مرۆیی: بەهۆی نەبوونی ئەزموونی پێشوو کارمەندی پسپۆر لەو بوارە زۆر کەمە ئەوەشی هەیە پێویستی بە ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکان هەیە ئێمە بەردەوام خەریکی ئەو ئەرکەین بەهاوکاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و خۆماڵیەکان - .لایەنی ڕێنماییەکان: دەستە تا تەواوبوونی پرۆسەی دامەزراندنی بەڕێوبەرە گشتیەکان کە تا کۆتای 2014 تەواو بوو ئینجا توانی بەشێک لەو ڕێنماییانە تەواو بکات لەوانە پەیرەوی ناوخۆ و ڕێنمای دەستکەوتی ناڕەوا بەبنماکانی لێکۆڵینەوە کە لەسەرەتای ساڵی 2014 دەستمان پێکرد، سەرەڕای ئەوەش ئێمە بە کادیرێکی زۆر کەم دەستمان بەکار کرد بەتایبەت لەلایەنی خۆپارێزی و لەمانگی 2 ساڵی 2014 بەتەنها سێ کارمەندی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت دەستی کرد بەدابەشکردنی فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان کە ئەو پرۆسەیە لەساڵی 2014 سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا نزیکەی 99% ی فۆرمەکانی بەرپرسان وەرگیراوەتەوە و پرۆسەی وردبینی لەو فۆرمانە دەستی پێکردووە. لایەنی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی کۆسپێکی گەورە لەبەردەم دەستە نەبوونی دەسەڵاتی دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەبوو، بەپێچەوانەی سەرجەم دەستەکانی هاوشێوە ئێمە بەدەستەی دەسپاکی عێراقەوە کە نزیکەی 900 لێکۆڵەری هەیە ئەوە وایکرد پرۆسەکە زۆر بەخاوی بەڕێوەبچێت سەرەڕای

تەرخانکردنی ژمارەیەکی تر لە لێکۆلەرەوە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری بەسوپاسەوە، بەڵام تائێستا وەک پێویست نیە جگە لەوەی پرۆسەی تەرخانکردنی (تەنسیب) بواری ڕاهێنان و خولی بەردەوام بۆ ئەو لێکۆلەرانەکراوەتەوە، چونکە تاوانەکانی گەندەڵی تاوانی ئاسایی نین و بەڵکو بەزیرەکی دەکرێت پێویستی بەشارەزای زۆر هەیە کە ئەوە تەنها بەڕاهێنان دەکرێت. ئێمە سەرەڕای ئەو گرفتانە لایەنی ماددیش گرفتێکی ترە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی ئێستای هەرێمی کوردستان کە پرۆسەی کردنەوەی ئۆفیسەکانی دەستەی ڕاگرتووە لەپارێزگاکانی هەرێم و سەرجەم چالاکیەکان وەستاون یان بە خاوی دەڕوات. ئێمە هاوڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە سەرەڕای ئەو گرفتانە بەردەوامین بۆ پرۆسەی دامەزراندنی دەزگایەکی پرۆفیشناڵ و شارەزا بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و خەریکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانین لەگەڵ سەرجەم دام و دەزگاکانی هەرێم و لەدەرەوەش پەیوەندی باڵامان لەگەڵ دەستە هاوشێوەکانمان دروست کردووە. لە ئێستادا دەیان کەیسی گەندەڵی لەقۆناغی لێکۆلینەوەدایە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆک). ڕاستە بارودۆخی شەڕ و قەیرانی دارایی کاریگەری گەورەی لەسەر بەرنامەکانی ئێمە هەبوو لەزوتر تەواوکردنی قۆناغی بنیادنان، بەڵام بەردەوامین لەسەر ئەو ئەرکە، ئێمە پێمان وایە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەبێت خەمی هەموان بێت گەندەڵی لەتیرۆر ترسناکترە دەبێت هەوڵی هەموو دام و دەزگاکان بۆ بنبڕکردن چڕبکرێتەوە لەڕێگای ستراتیژیەتێکی نیشتمانی کە دەستەکەمان کار بۆ ئامادەکردنی دەکات پێش کۆتای ئەمساڵ .
دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 369

## ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات لە پێوەند بە ئیعدامی زیندانیەکی سیاسی دیکەی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061722032268097

ڕۆژی یەکشەممە 24ی جۆزەردانی 1394، مەنسوری ئاروەند زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری مەهاباد لە پاش 4 ساڵ زیندانی لە سێدارە درا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە پێی حوکمی پێشووی بێداگاکانی رژیمی ئاخوندی حوکمی مەنسور ئاروەند بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەم کرابۆوە، بەڵام رژیمی درندە و جینایەتکاری ئاخوندی حوکمی لەسێدارەدانی ئەو لاوە کوردەی بەڕێوەبرد. بێگومان جینایەت و کوشتن و ئیعدام و دەیان تاوانی دیکە لە....

گووتار و بەرنامەی ئاخوندان،رووداوێکی نوێ نییەو گەلانی ئێران و بە تایبەتی گەلی کورد ماوەی 36 ساڵە لەگەڵ ئەو جۆرە هەلس و کەوت و سیاسەتانەی دەسەڵاتدارانی ئاخوندی ڕووبەڕوون. ئەوەی شایانی گووتنە پەردە هەڵدانەوە لەسەر سیمای ڕاستەقینەی مۆرە بە ناو ئیسلاحخوازەکانی ناو سیستەمی ئاخوندییە کە دواهەمین سیمای بە ئیستلاح نەرمیان تا هەنووکە 1800 ئیعدامی لە کارنامەی دەوڵەتدارییەکەی تۆمار کردووەو سەرکوت و داپلۆسین و ئیعدامی لاوەکان لە کوردستان نەک کەمی نەکردووە بەڵکو زیاتر پەرەی گرتووە. ئومێدوار بوون بەو ڕەوتە دەسکردانە تەنیا، خۆ دڵخۆش کردنەو نەناسینی ڕاستیەکان، چاوەڕوانی لەو سیستەمە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەمەڕ کرانەوە و چاکسازیی خەیاڵەو هیچ کات نایەتە دی .
ئەو ڕاستیەش نابێ لە بیر بکەین کە کردەوەی لەم چەشنە و بەڕێوەبردنی ئەو جینایەتانە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئاخوندی نە لە ڕەهەندیی هێزوەیە، بەڵکو ئەوە دەرخەری شکست و بەرەو

رووخانی ئەو سیستەم و نیزامەیە. هەڵبەت قەیرانە یەک لەدوای یەک و شکستە مەزنەکانی ئاخوندان لە مەیدانەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا بۆ هەموو تاکێک روون و ئاشکرایە و ئەمڕۆ وێرای بێزراو بوونی ئەو نیزامە لە ئاستی جیهانی دا سیاسەت و هەڵس و کەوتەکانیشی ناتوانێ ئاخوندان بەرەو دەربازبوون لە قەیرانەکانیان رێنوێنی بکات .
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران وێرای پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی ئاروەند و خەڵکی کوردستان درود دەنێرێ بۆ گیانی پاکی شەهید مەنسوری ئاروەند و درود بۆ گشت زیندانیە سیاسیە سەربەرزەکانی کوردستان دەنیرَێ کە بە ئیرادەیێکی پۆڵاییەوە لەو مەیدانەش دا تەنگیان بە دەسەڵاتدارانی ئاخوندی هەڵچنیوە. ئومێد دەکەین بە یەکگرتووی و یەکانگیریی هێزە رزگاریخوازەکانی کوردستان و ئێران سێبەری نیزامی دیکتاتۆری ئاخوندی بۆ هەمیشە لەسەر خەڵک نەمێنێ و ئاشتی و دیموکراسی جێگیر بێ .
سامانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
25ی جۆزەردانی 1394

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: سازمانی خەبات
جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 370

## راگەیندراوێکی یەکێتی سەبارەت بەدۆخی ئێستای عیراق و ماددەی 140

http://www.kurdipedia.org/?q=2014063021515676843

ماددەی (140) زیاتر لە (9) ساڵ بەسەر وادەی جێبەجێکردنیدا تێپەڕیوە، بەڕێز دەوڵەتمەداری عیراقیش، لەخولی دووەمی سەرۆک وەزیریدا، پەیمانیدا لەماوەی ساڵێکدا، بڕگەکانی ماددەکە جێبەجێ بکات، بەداخەوە، ئەم پەیمانەش نەبرایەسەر.

ئێستاش کە عیراق دووچاری دۆخێکی مەترسیداری نەخوازراو بووەو دوژمنانی دیموکراسی و فیدراڵ، دەیانەوێ پرۆسەی سیاسی عیراق هەڵگێڕنەوەو سیستەمی سیاسی بگێڕنەوە بۆ دۆخی (شۆڤێنی- سەلەفی جیهادی) سوپای عیراق و دەزگا ئەمنییەکانیش لەماوەیەکی زۆر کورتتدا، داڕوخێنراون، ئا لەم دۆخەدا، بۆ وڵاتانی جیهان و ناوچەکەو هێزە سیاسییەکانی عیراقیش دەرکەوت، کە هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە، سەرەڕای پرینی بودجەو مووچەو چەک و سوتەمەنی و هەڵبەستنی تۆمەتی سەیرو سەمەرەش بۆ کوردو پێشمەرگە، بەڵام هەر پێشمەرگە توانی بەعسی و داعشییەکان لەهەندێک ناوچەی ستراتیجی نەینەواو لەسەراپای کەرکوک و خانەقین و دووز خورماتوو، رۆڵێکی مێژوویی لەپاراستنی ناوچە داپڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم بگێڕێ و سەرو سامانی خەڵک بپارێزێت، ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەی ئارامی سەدان هەزار دەربەدەرکراوی عەرەب و تورکمان و مەسیحی و خەڵکی تریش.
بۆیە:

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە:
یەکەم: بەڕاشکاوی ئەمساڵ، پێش رووداوەکانی ئێستاش وتومانە، ئەوپەڕەکەی هەتا بەهاری ساڵی ئاییندە، کورد پشووی هەیە، ئەگەر مادەی (140) بەتەواوی جێبەجێ نەکرا، بەپریاری سەرکردایەتی کوردایەتی، کێشەکە یەکلایی دەکەینەوە.

دووەم: هێزی پێشمەرگە گەڕاوەتەوە سەر زێدی باوو باپیری خۆی. یەک بست ئەرزی هیچ پێکهاتەیەکی ترمان زەوت نەکردووە. بەڵکو پێکهاتەکانی تریش پارێزراوی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسن. بۆیە، بێگومان چاوەڕوانین حکومەتی تەوافوقی راستەقینەی عیراق، کە هەقوایە بەم زووانە دابمەزرێ، یەکێک لەئەرکەکانی حکومەتە چاوەڕوان کراوەکە، ئەوەیە کە هەڵەی حکومەتەکانی لەمەوبەر سەبارەت بەناوچەکانی مادەی (140) دووبارە نەکاتەوە.

سێیەم: هەموو لایەک دەبێ باش بزانن کە هێزی پێشمەرگە، هێزی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و دەستورییەکانی عیراق و کوردستان و پارێزەری پرۆسەی دیموکراسیشە، پێشمەرگە حەس حەس" نییە هەتا بەپریاری مەرکەزی، ناوچە پارێزراوەکان جێبهێڵێ، ئەو لایەنەی شکستی خواردووە لەپاراستنی عیراقو جێبەجێکردنی دەستورو مادەی (140) دەبێ بخرێتە ژێر بەرپرسیارێتی، نەک تازە تازە کورد چاوەڕوان بکات بەپاساوی یەکێتیی خاکی عیراق و ئەو دەستورەی جێبەجێیان نەکرد، دەستی بەدەستی پێ بکرێتەوە.

چوارەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سیاسەتی یەکگرتوی کوردستانی پەسەند کردووە. تاقە نوێنەری رەسمی یەکێتی لەوەفدی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، هەڤاڵ فریاد رەواندوزی یە، سیاسەتی یەکێتیش سەبارەت بەعیراق، حکومەتی تەوافقیو ئیئتیلافی نیشتمانی راستەقینەو پۆستە سیادییەکانیش ئاشکرایە. حکومەتی پەراوێزخستنی لایەنەکان رەتدەکەینەوە. لایەنەکانی شیعە سەرپشکن لەهەڵبژاردنی کاندیدی سەرۆک وەزیران، پۆستی سیادی سەرۆک کۆماریش بۆ کوردەو لەناو کوردیشدا سورین لەسەر ئەوەی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. سەرۆکی پەرلەمانیش جارێکی تر پیرۆزی هێزەکانی سوننەیە.

بەم لێدوانە رایدەگەیەنین، کە سیاسەتی یەکێتیی رۆشنە، لەدروشمی مەرکەزی هەڵبژاردنی نیسانی ئەمساڵیشدا ئەو سیاسەتە بەرجەستە کراوە کە (یان جێبەجێکردنی مادەی 140، یاخود راپرسی) مەکتەبی سیاسیو ئەنجومەنی سەرکردایەتیش، داڕێژەرو بریاردەرو پابەندی ئەو سیاسەتو دروشمەن. هەر ئەم سیاسەتەش دەستەبەری یەکهەڵوێستی کوردو کوردایەتی هێزە سیاسییەکانە، نەک لێدوانی لابەلا کە زیان بەم سیاسەتە یەکگرتووەی کوردستان دەدات.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
29/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 371

**راگەیاندنی کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت پەنجاو پێنجەمین ساڵیادی کاژیک**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041509423675837

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 372

## رونکردنەوەی چوار لایەنی سیاسی سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052220312576428

ئەمڕۆ پێنج شەممە، رێکەوتنی (2014/5/22) دەزگاکانی هەڵبژاردنی هەر چوار لایەنی (بزوتنەوەی گۆران، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) سەبارەت بە ئەنجامی راگەیەنراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆران لە شاری سلێمانی کۆبونەوە.

هەر چوار لایەن هاوڕابون لەسەر ئەوەی ئەنجامە راگەیەنراوەکانی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە لە ئاستی چاوەڕوانی لایەنەکاندا نەبون بە بەراورد بەو ئەنجامانەی کە لەلایەن ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن خۆیەوە لە پارێزگاکان رادەستی لایەنەکان کراون، و پێشتریش هەر چوار لایەن مەترسی خۆمان سەبارەت بەگۆڕین و دەستکاریکردنی ئەنجامەکان راگەیاند و ئەنجامەکانیش ئەوەیان سەلماند.

بۆ ئەم مەبەستە هەر چوار لایەن کۆک بون لە تانەدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەگشتی و سلێمانی بە تایبەتی لە دادگای تەمیز بەو هیوایەی دادپەروەری لە گەڕانەوەی لەگەڕانەوەی مافی دەنگدەران بۆ هاوڵاتییان وەک خۆی بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی.

ئارام شێخ محەمەد/ رێکخەری ژوری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆران
سەمیر سەلیم/ لێپرسراوی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان
ئەنوەر سەنگاوی/ لێپرسراوی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
محەمەد سدیق/ ئەندامی دەزگای هەڵبژاردن، ئەنجومەنی سەرکردایەتی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان
22/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 373

## رونکردنەوەی بزوتنەوەی گۆران لەبارەی رووداوی دەستگیرکردنی چەند هەڵسوراوێکیەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050316395816089

شەوی رابردوو لە نزیک (ئەلبیسەکە)ی سلێمانی چەند هەڵسوراوێکی گۆران کە چاودێری هەڵبژاردنەکان بون و بەمەبەستی چاودێریکردن و پاراستنی دەنگی دەنگدەران لەتەزویرو

ساختەکاری لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵا سەرقاڵی چاودێری کردنی پرۆسەکە بوون. بەڵام لەلایەن هێزێکی میلیشیاوە بەبێ فەرمانی دادوەر پەلاماری هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەدەنو زۆر نامرۆییانە ئازارو ئەشکەنجە دەدرێن، دواتر لە ژێر فشارو زۆر لێکردندا ناچار بە دانپێدانانێکی نایاسایی و دوور لە هەموو پێودانگێکی مرۆیی و یاسایی کران. میدیاکانی یەکێتیش وەک هێزە میلیشیاکەی مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکە کرد.

ئێمە جگە لەوەی بە توندی ئیدانەی ئەو پێشێلکاری و بێ حورمەتیە دەکەین، کە بەئەندامان و هەڵسوڕاوانمان کراوە، هەمو لایەک و رای گشتیش لە پیلانێکی ترسناکی یەکێتی دژ بەئیرادەی دەنگدەران ئاگادار دەکەینەوە بۆ دووبارەکردنەوەی سیناریۆکانی رووداوی ئەلبیسەکەی هەڵبژاردنەکانی (9/21) کە لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە هەوڵی تەزویرو ساختەکاری دراو دواتر لەلایەن چاودێرەکانی گۆڕانەوە ڕێگریان لێکرا.

ئێستاو دوای ئەوەی کە ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی (4/30)دەریخست کە گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی لە پێشەنگداییەو براوەی بێ رکابەرەو زیاتر لە (95) هەزار دەنگی لە یەکێتی زیاترە. هەربۆیە یەکێتی پەشۆکاوەو سەرباری ساختەکارییە بەرچاوەکانی نەیتوانی دەنگی پێویست بهێنێ. ئێستا دەستی داوەتە دروستکردنی سیناریۆی بێ بنەما بۆ نانەوەی ئاژاوەو پشێوی بۆ ئەوەی لە تاریکیدا پرۆسەی تەزویرو ساختەکاریەکانی جێبەجێبکات.

بزوتنەوەی گۆڕان دووپاتی دەکاتەوە کە بەهۆی بێ لایەن نەبونی بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی سلێمانی و هەندێ لەبەرپرسانی هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆر ناچارە خۆی بەرگری لە دەنگی دەنگدەرەکانی بکات. تا دوا سنور داکۆکی لەدەنگە پاک و بێ غەشەکانی دەکات. هاوکات بەتوندی پرۆتستۆی ئەو کارە دژە مرۆییانەی هێزەکانی سوات و دژە تیرۆر دەکەین. سەرجەم ئەوانەی بەشداری ئەو تاوانە بون ناوەکانیان لای بزوتنەوەی گۆران تۆمارەو ڕووبەڕووی یاساو دادگا دەکرێنەوە، ئەمە جگەلەوەی لەشارەکانی کۆیەو چەند شوێنی تر، هەمان ئەو هێزانە بەهەمان شێوە پەلاماری دەنگدەرانیان داوەو سوکایەتییان بەدەیان کەسایەتی ئەو شوێنانەکردوە، لەدوای کۆتاییهاتنی ئەنجامەکان، کۆی ئەنجامدەرانی هەموو ئەو کارانە رووبەرووی دادگا دەکەینەوە.

ئێوەش جەماوەری سەربەرزی کوردستان. دەنگدەرانی ورە بەرزی گۆران. دڵنیا بن لە یەک دەنگی ئێوە خۆش نابین و پاریزگارییان لێ دەکەین. ئۆباڵی هەر پێشهات و ڕووداوێک دەخەینە ئەستۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی دژە تیرۆرەکەی کەکارێکی وایانکردووە هاوڵاتیان متمانەیان بەدەزگا ئەمنییەکان لاوازبوە، چونکە کراونەتە حزبی و بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی حزب و گروپێک دەکەن. هاوکات سەرلەبەری ئەو تۆمەتانە رەتدەکەینەوە کەبۆ هەڵسوراوانی بزوتنەوەی گۆران دروستکراون و هەندێکیان بەهۆی ئەشکەنجەدانی زۆرەوە لەشەوی رابردووەوە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن. لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 374

**رونکردنەوەیەک لە ئاسیاسێل وە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150807020613125076

کۆمپانیای ئاسیاسێل لە بارەی گرانکردنی نرخی کارتی مۆبایلەوە رونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە.

له رونکردنەوەکەدا کە وێنەیەکی بۆ "خەندان" نێردراوە و تێدا هاتووە، ئەو پرە زیادەیەی کە خراوەتە سەر نرخی کارتی مۆبایل، راستەوخۆ دەچێتە خەزێنەی وەزارەتی دارایی عێراقەوە و هیچ برە پارەیەک کەم تا زۆر بۆ ئاسیاسێڵ نییە.
ئەمەش دەقی رونکردنەوەکەیە:
ڕوونکردنەوەیەک لە ئاسیاسێڵەوە بۆ رای گشتی سەبارەت بە دانانی باجی فرۆشتن لەسەر کارتی پڕکردنەوەی باڵانس وهێڵی پۆستپەید
سلێمانی، کوردستان، عێراق ـ کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، پێشەنگ لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییەکان لە عێراق، نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت لەو خراپ تێگەیشتنەی دروست بووە دەربارەی بڕیاری حکومەتی عێراقی بۆ جێبەجێکردنی باجی فرۆشتن کە لە بڕگەی (أ)ی مادەی (33)ی یاسای بودجەی فیدراڵیی ساڵی 2015 هاتووە لەگەڵ ڕێنماییەکانی ژمارە (5)ی ساڵی 2015 وبەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتی دارایی/دەستەی گشتی باجەوە هاتوون، لە 2015/8/1ەوە باجی فرۆشتن بە ڕێژەی 20%ی نرخی فەرمی دەستنیشانکراوی کارتەکانی پڕکردنەوەی باڵانس وپڕکردنەوەی ئەلیکترۆنی خزمەتگوزاری پریپەید وپسوڵەی خزمەتگوزاری پۆست پەید، وەکو باجی فرۆشتن خرایە سەر بەشداربووان.
لە کاتێکدا ئاسیاسێڵ پابەندبوونی خۆی بە بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی وئەنجومەنی نوێنەرانەوە رادەگەیەنێت، حەزدەکات ئەوەش بۆ بەشداربووە بەڕێزەکانی وڕای گشتی ڕوونبکاتەوە کە ئەو پرە زیادەیە راستەوخۆ دەچێتە خەزێنەی وەزارەتی دارایی عێراقیەوە و هیچ برە پارەیەک کەم تا زۆر بۆ ئاسیاسێڵ نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەم بڕیارە کاریگەرییەکی سلبی دەکاتە سەر داهاتەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ .
لەبەر ئەوە، بە پێویستمان زانی ئاگادارتان بکەین کە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە سەپێنراوە وبڕیاری بودجەی فیدراڵیش لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسەندکراوە کە باجی فرۆشتن دەخاتە سەر بەشداربوو لەکاتی کڕینی کارتی پڕکردنەوەی باڵانس ودانی پارەی پۆستپەید بە رێژەی 20% هەروەها بە چەند ڕێژەیەکی تر ئەو باجە لەسەر چەندین کەلوپەل و کاڵای تری جیاواز دانراوە.
ئاسیاسێڵ، بەو سیفەتەی کە کۆمپانیایەکی نیشتمانی هاوبەشە، بەشێوەیەکی شەفافانە رایدەگەیەنێت کە بەردەوامدەبێت لە پابەندبوون بە ئەرکە داراییەکانی بەرامبەر دەوڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە :
.1ئاسیاسێڵ کرێی مۆڵەتی کارکردنەکەی کە 1،250،000،000 دۆلاری ئەمریکییە بەتەواوەتی داوە بە دەوڵەت (ملیارێک دوو سەد وپەنجا ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.(
.2ئاسیاسێڵ بە شێوەی ساڵانە باجی داهاتی کۆمپانیاکان (ضريبه دخل الشركات)دەدات بە دەوڵەت کە پرەکەی 15%ی کۆی قازانجی کۆمپانیایە.
.3ئاسیاسێڵ مانگانە کرێی ڕێکخراوەیی (الجور التنقيميه) دەدات بە دەوڵەت کە پرەکەی 15% ی کۆی داهاتی کۆمپانیایە.
.4ئاسیاسێڵ پابەندە بە دانی کرێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی نەوەی سێیەم بە دەوڵەت کە پرەکەی 307،000،000 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە (سێ سەد وحەوت ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.(
.5ئەمە سەرباری ئەو چەند پرە پارەیەی تر کە دەیدات بە دەوڵەت.
بەکورتی، ئاسیاسێڵ زیاتر لە سێ ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داوە بە دەوڵەت کە دەکاتە زیاتر لە چوار تریلیۆن و سێ سەد ملیار دیناری عێراقی.
سەرەڕای ئەو هەموو بارودۆخە ناهەموارەی کە وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئاسیاسێڵ هەمیشە سووربوە لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی بە هاوڵاتیان بە تازەترین تەکنۆلۆژیای سەردەم کە لە جیهاندا بەردەستە، وئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستوەتەگەڕ بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەدا زاڵ ببێت کە دێنە ڕێی ئەویش لە رێگەی دابینکردنی پاسەوان بۆ تاوەرەکانی ودابینکردنی کارەبا بۆیان وچەندین کۆسپی تر. وئەم مەسەلانەش هەمووی پارەیەکی بێشوماریان تێدەچێت کە بارگرانین بۆ سەرشانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ .
دواجار، بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە بڕیاری باجی فرۆشتن بە هیچ جۆرێک لە بەرژەوەندی ئاسیاسێڵ نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کاریگەریەکی سلبی هەیە بۆ سەر فرۆش وداهاتی کۆمپانیاکە وپری ئەو قازانجەی دەیکات بە گوێرەی ئەو ڕێسا ئابورییە زانراوەی کە دەڵێت بەرزبونەوەی نرخ دەبێتە هۆی دابەزینی خواست.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: ••زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 375

## رونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی شەهید (سەروەت حاجی رەشید)ەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120310515287474

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان..
وەک ئاگادارن بەرەبەیانی رۆژی چوارشەممە 20-11-2013 بە دەستێکی نادیار کاکە (سەروەت حاجی رەشید) شەهید کرا. لە رۆژی شەهید کردنیەوە تا ئەمرۆ لێدوان و هەواڵی جیاجیاو نادروست لە هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەو گۆڤارو پێگەی ئەلکترۆنیەوە بڵاودەکرێتەوە، ئێمە لە بنەماڵەو خزمانی کاکە سەروەت بە پێویستی دەزانین ئەم رونکردنەوە بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان و کەناڵەکانی راگەیاندن بڵاو بکەینەوە.

-1شەهید (سەروەت) لەماوەی 20 ساڵی رابوردودا بۆ حیزبەکەی و نیشتمانەکەی کەسێکی بە دیسپلین و دڵسۆز بوە، جێگەی شانازیی هەمووان بووەو خۆشی شانازیی کردوە بەو خزمەت و ئەرکەی لەسەر شانی بوە.

-2ئێمە بەناوی بنەماڵەو خزمانی (شەهید سەروەت)ە وە رایدەگەیەنین، کە بەهیچ شێوەیەک لێدوانمان بۆ هیچ گۆڤار و رۆژنامەو پێگەیەکی ئەلیکترۆنی نەداوە، بۆیە تەواوی ئەو هەواڵ و دەنگۆیانەی لەسەر شەهیدکردنی کاکە سەروەت لە هەندێ کەناڵەوە بڵاودەکرێنەوە بەناراست و نادروستی دەزانین.. لێرەشەوە رایدەگەیەنین کە بۆ لەمەودوا هەر هەواڵ و زانیارییەک بەبێ رەزامەندی بنەماڵەکەمان لەهەر دەزگایەکی راگەیاندنەوە بڵاو بکرێتەوە ئێمە بە مافی یاسایی خۆمانی دەزانین کە رێگای یاسایی لەبەرامبەری بگرینە بەرو لە دادگا ساکاڵای لەسەر تۆمار بکەین.

-3سەرەڕای سوپاسی زۆرمان بۆ هەوڵی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لەبەرامبەر هەوڵ و ماندوبونیان، هیواداریین کە بەردەوام بن لە هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و رووبەرووی دادگایان بکەنەوە، راشیدەگەیەنین کە تەنها بەڕێزان لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال و دادگاو هێزەکانی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان مافی لێدوان و قسەکردنیان لەسەرئەو دۆسیەیە هەیە.

لەگەڵ رێزدا...

بنەماڵەی شەهید
سەروەت حاجی رەشید
2-12-2013
بۆ پەیوەندی: عومەر حاجی رەشید – برای شەهید سەروەت : 07501943056

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 376

# روون کردنەوەیەک بۆ بەرچاو روونی رای گشتی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130915140430887777

ئەمڕۆ 14-9-2013 کاتژمێر 3:23:48 بابەتێک بەناونیشانی (لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە وەڵامی سەرۆکی هەرێمی دایەوە) بەناوی کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد،لە سایتی فورات نیوز (ANF) بڵاو کراوەتەوە.
لەوبارەوە بە گرنگی دەزانین هاووڵاتیانی سەربەرزی کوردستان ئاگادار بکەینەوە، کە نە کۆمیتەی ئامادەکار و نە سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکار هیچ راگەیاندنێکیان لەوبارەوە و بەوشێوەیە بڵاو نەکردۆتەوە، ئەو بابەتەش کە بڵاو کراوەتەوە بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لە رای کۆمیتەی ئامادەکار و رای سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ناکات.
لە بابەتەکەی سایتی ناوبراو، ئاماژە بەوە دراوە کە دوێنی لێژنەی ئامادەکار ئەو روونکردنەوەی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام بۆ بەرچاو روونی و زانیاری زیاتر لە (2013/9/4) تاکو ئێستا کۆمیتەی ئامادەکار کۆنەبۆتەوە، لێرەوە بەهەموو لایەکی رادەگەیەنین هەر کەس و لایەنێک ئەو بابەتەی بەوشێوەیە بڵاو کردبێتەوە، تەنیا و تەنیا تەمسیلی رای ئەو کەسەیە، بەهیچ شێوەیەک کۆمیتەی ئامادەکار روونکردنەوەی لەوشێوەیەی بڵاو نەکردۆتەوە.

بۆ راستکردنەوەی چەند بابەتێکی لە بڵاوکراوەکەی ئەو سایتەدا هاتووە، راستییەکان بەمشێوەیە دەخەینە روو:

♣سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتی لێژنەکە هەر لە سەرەتاوە سەرۆکایەتی هەرێم پێیان باش بوو، راپۆرتەکە وەکو خۆی بڵاوک بکرێتەوە، تا هەموو تاک و لایەنێکی کوردستان لە راستی دۆخی کوردستانی رۆژئاوا تێبگەن و بزانن لە چ بارودۆخێکدان و بەتەواوەتی و بەدروستی تێبگەن رووداوەکان بە چ شێوەیەک روویانداوە؟، هۆی بڵاو نەکردنەوەی راپۆرتەکە وەکو خۆی لەسەر داخوازی کۆمیتەی ئامادەکار بوو،کە لەسەر ئەوە رێککەوتن تەنیا داخوازییەکانی گەل و پێشنیازەکانی لێژنەکە بڵاو بکرێتەوە وەکو لە کاتی خۆیدا بە راگەیەنراوێک بڵاو کرایەوە، نەک سەرۆکایەتی هەرێم، بەپێچەوانەوە بەرێز سەرۆکی هەرێم پێی باش بوو راپۆرتەکە وەکو خۆی بڵاو بکرێتەوە، بۆ بەرچاو روونی گەلی کوردستان لەوبارەوە.

♣سەردانی ئەم لێژنەیەش بۆ رۆژئاوا بەمەبەستی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان بوو لە هەموو رووێکەوە، واتە لە هەموو رووێکەوە گشت بابەتەکان لەخۆ دەگرێت.

♣بۆ مەسەلەی کۆمەڵکوژیش، پێش جولانی لێژنەکە بەرە و رۆژئاوا بە فەرمی داوامان لێیان کرد و چەندین جاریش تەئکید کرایەوە کە بزانن رووداوەکان چۆن روویانداوە؟ کەی روویانداوە؟ بۆ روویانداوە؟ قەبارەی زیانەکان چەندن؟ چی بکرێت لە رووی مرۆییەوە؟، روویانداوە یان نا؟ شەڕەکە لە نێوان لایەنەکان و گەلی کوردە؟ یان لە نێوان دوو تەرەفی چەکدارە؟ بەشێوەی گشتی چی بکرێت بارودۆخەکە چاک دەبێت و ئیش و ئازارەکان کەمتر دەبێت، گشت ئەو بابەتانە لە ناوەرۆکی کاری لێژنەکە بوون.

♣شاری عامووداش شوێنێک بوو کێشەی تێدا هەبوو، دەبوو لێژنەکە بچوونایە، بەڵام هۆی سەردان نەکردنی لێژنەکەش بۆ عاموودا وەکو لە راپۆرتی لێژنەکە هاتووە، ئەوە بوو، نوێنەری (کەجەکە) و نوێنەری (بەدەپە) ئامادە نەبوون بچن بۆ عاموودا،بە هۆکاری ئەوەی کە کێشەی ناوەخۆیی لە عاموودا هەیە وەکو ئەوان گوتبوویان، لەبەر نەچوونی ئەو دوو ئەندامەی لێژنەکە، باقی ئەندامانی تری لێژنەکەش بڕیاریاندا بوو بە تەنها نەچن و لێژنەکە دابەش نەبێت، تاکو سەلامەتی ئەندامانی لێژنەکە نەکەوێتە مەترسییەوە.

د.کەمال کەرکوکی
ئەندامی سکرتاریەتی کۆمیتەی ئامادەکاری
یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
14-9-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 377

# روونکردنەوەی لیژنەی فەتوا دەربارەی لاشەی مردوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020315201484704

روونکردنەوەی لیژنەی فەتوا دەربارەی لاشەی مردوو
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
لەگەڵ هاتنەپێشی ئە و شەرەی بەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکە ئاشتیخوازەکەی گرتووە، کۆمەڵێک بابەتی نوێ هاتوونەتە پێش کە پێویستی بە بەدواداچوون و لێکدانەوەی شەرعی هەیە... یەکێک لە و پرسیارانەی ئاڕاستەی لیژنەی باڵای فەتوا کراوە چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ لاشەی مردوو یان کوژراو.
لیژنەی باڵای فەتوا پاش لێکۆڵینەوە و تاووتوێ کردنی ئەم بابەتە و بە سوود وەرگرتن لە رای زانایانی فیقهی ئیسلامی، ئەم روونکردنەوەی دا:
درووست نییە سوکایەتی بە لاشەی مردوو بکرێت، وەک ئەوەی بسووتێندرێت یان گوێ و لووتی ببڕدرێت یان چاوی دەربهێنرێت یان سووکایەتی پێ بکرێت، چونکە:
-1لە هەموو کاتێکی ئاشتی و شەڕدا پێویستە رەچاوی رێزگرتن لە مرۆڤ بکرێت، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بنەمای: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)ی بە هیچ شتێک نەبەستۆتەوە.
-2پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت تاڵانکردنی ماڵی خەڵک و هەتککردنی لاشەی مردووی قەدەغەی کردووە، وەک لە عەبدوڵڵای کوری زەید دەگێردرێتەوە کە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت (نَهَى عَنِ النُّهْبَةِ وَالمُثْلَ) رواه البخاری. واتە: تاڵانکردن و هەتککردنی لێ قەدەغەکردبووین.
-3عیمرانی کوری حسێن دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خوا فەرمانی سەدەقەی پێدەکردین و، هەتکردنیشی لێ قەدەغە دەکردین: (أَمَرَنَا بِالصَّدَقَةِ، وَنَهَانَا عَنِ الْمُثْلَةِ) رواه النسائی واحمد.
-4لە هیچ سەرچاوەیەکی دروست نەهاتووە کە پێغەمبەر و هاوەڵانی پەنایان بۆ هەتککردنی مردوو بردبێت یان رێگەیان پێدابێت.
لێرەوە داوا لە برایانمان لە پێشمەرگە قارەمانەکانمان و فەرماندەکانیان دەکەین لە هیچ حاڵەتێکدا پەنا بۆ سووکایەتی کردن بە لاشەی کوژراوان نەبەن، بێگومان هەر ئەوەش لە و هێزە رەوشتبەرزە چاوەڕێ دەکرێت، کە بەدرێژایی مێژوو جوامێرانەترین و بەرزترین رەوشتی شەڕکردنیان پیشان داوە. بۆیە لە هەر حاڵ و رەوشێکدا، نابێ هیچ پەرچەکردارێکی نادرووست لەلای بەرێزتانەوە دروست بێت، بە پێچەوانەوە دەست بە شەریعەت و یاسا نێودەوڵەتیەکان و ئەخلاقی رەسەنتانەوە بگرن.
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فەتوا
4/4/1436
3/1/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 378

# ڕوونکردنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە لە بارەی کشانەوەی گەریلاکانی PKKبۆ هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130515092038785567

حکومەتی تورکیا وپارتی کرێکارانی کوردستان ماوەێکە لە گفت وگۆدان ولەم دواییەدا ولەسەر ڕۆشنایی ڕێکەوتنێکی هاوبەش لەنێوانیاندا، لەقۆناغێکی سەرەتایی دان لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانێکی چارەسەر کردنی کێشەی مافی نەتەوەیی گەلی کوردان لە تورکیا کە هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆسەیە بە ئاگر بەست وراگرتنی شەر دەستی پێ کرد ولە دوای ئەوەدا ئازاد کردنی دیلەکانی سوپای تورکیا لەلایەن پارتی کریکارانی کوردستانەوەو ولەپاشاندا ئازاد کردنی گیراوەسیاسیەکانی کورد لە زیندانەکانی تورکیا ولەئێستاکەدا دەست پێ کردنی سەرەتایی هەنگاوی یەکەمی کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی پارتی کریکارانی کوردستان لە ناو قوڵای خاکی تورکیاوە بۆ بنکە وبارەگا لە مێژینەکانی خۆیان لە سنورەکانی نێوان (عێراق – ئێران،عێراق – تورکیا) کە ئەو ناوچە سنوریانە دەکەونە سنوری جوگرافی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، وحکومەتەکانی ئەو دەوڵەتە دیاری کراوانەدا بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە ئاگاداری ئەو ڕاستیەن کە ئەو ناوچە سنوریانەی دیاری کران، جێگای حەوانەوەی پێشتری هێزەکانی چەکداری pkkوئێستاکەی هێزە کشاوەکانیان بووە وقەت نەبەڕەزامەندی ونەبەمۆڵەتی فەرمی هەرێمی کوردستان وهیچ دەوڵەتێک لەو ناوچانەدا جێگیر نەکرابوون وقەتیش ئەو ناوچانە لە ژێر کونترۆڵی سەربازی وئەمنی هیچ کام لەو وڵاتانە وهەرێمی کورستانیش نەبووە وئەو هەلومەرجە دیاری کراوە لەوناوچانەدا هی ئێستاکە نی یە بەڵکو هی چەندها ساڵی پێش ئێستاکەیە وئەم ڕاستیەش لای هەموو لایەک ئاشکرایە.

ڕاوبۆچوون وهەڵویستی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی ئەم پرۆسە ئاشتەوایەی نێوان حکومەتی تورکیا وپارتی کرێکارانی کورستان بە شێوەی گشتی، هەمان ڕاوبووچون وهەڵویستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستانە. کە بەردوام ڕیگای دیالۆک وکفت وگۆ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەگەڵ دەولەتان بەبژاردەی ڕاست ودروست زانراوە ودەزانرێ لەم قوناغە مێژوویەی ئێستاکەدا ورێگای یەکلا کردنەوەی کێشەکە لەلایەن هەرلایەێک بە زەبری بەکارهێنانی چەک وتوندوتێژی بە بژاردەێکی ناڕاست ونادروست لەم سەردەمەدا زانراوە ودەزانرێت ولەبارەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان حکومەتی تورکیا وپارتی کریکارانی کوردستان لە ئێستاکەدا، جارێکی تر جەخت دەکینەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە وەکو بەشێک لە حکومەتی هەرێمی کورستان هەمان ڕاوبوچوون وهەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشترو ئێستاکەی هەیە کە پشتیوانی لە پرۆسەی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەی مافی نەتەوەیی کورد دەکات لە تورکیا ووڵاتانی تر وبەتایبەت پشتیوانی لەم پرۆسە ئاشتەوایەی ئێستاکەدا دەکات کەهەیە لە نێوان حکومەتی تورکیا وپارتی کریکارانی کوردستان ودیارە بەپێی ئەم پرۆسەیەو ئەم ریکەوتنە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەکە ڕاگرتنی شەڕ بووە ودواهەمین هەنگاوی پرۆسەکە فرێدانی چەکە لەلایەن هەموولایەنەکانەوەیە وچارەسەری کردنی کێشەکەیە بەشێوازێکی سیاسیانە کە ئەمە هیوا وئامانجی هەموو لایەکی ئاشتی خوازە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 379

## رووونکردنەوەی وەزارەتی نەوتی عیراق لەسەر رێکەوتنەکەی بەغدا و هەولێرەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111422343777936

لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەشی بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوتی عیراق و، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیراندا و، دوای گفتوگۆیەکی بەرهەمدار، هەردوولا ڕێککەوتن کە بگەنە چارەسەرێکی یەکسان و گشتگیر بۆ کێشەکانی نێوان حکوومەتی فیدرال و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک هەنگاوی یەکەمیش بڕیار درا:

-1حکوومەتی فیدرال بڕی (500) ملیۆن دۆلار دەداتە حکوومەتی هەرێم.

-2حکوومەتی هەرێم ڕۆژانە بڕی (150) هەزار بەرمیل نەوتی خام دەخاتە ژێر ڕکێفی حکوومەتی فیدراڵەوە.

-3بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ڕۆژی نزیکی داهاتوودا سەرۆکایەتیی شاندێک بۆ بەغدا دەکات، بۆ دانانی چارەسەری گشتگیر و یەکسان و دەستووری، بۆ تەواوی کێشە هەڵواسراوەکان.

2014/11/13

هەولێر

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 380

## رووونکردنەوەی یاساییمان لەدەستگیرکردنی رۆژنامەنووس دلێر عەبدوڵلا دەوێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121418543078214

لە رۆژی 2014/12/11 و تا ئەمرۆ، چوار رۆژە رۆژنامەنووس دلێر عەبدوڵلا محمد بە فرمانێکی بنکەیەکی پۆلیس و دادگایەکی شاری هەولێر بە پێی ماددەی 9 لەیاسای ژمارە 35 ی رۆژنامەنووسی، ئەو رۆژنامەنووسە لەشاری سلێمانی دەستبەسەرە، لە کاتێکدا یاسای ژمارە 35 دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسی تێدا نەهاتوە..

لەسەردانی ئێمەدا بۆ بنکەی پۆلیسی رزگاری و بەندیخانەی گرتن و گواستنەوە لە شاری سلێمانی بۆمان دەرکەوت کە فرمانی دەستگیرکردنی ئەم رۆژنامەنووسە لە شاری هەولێر دەرچوەو داوا لە پۆلیس و دادگای سلێمانی دەکات ناوبراویان بۆ دەستگیر بکەن، واتە فرمانی دەستگیرکردن گەیشتوەتە شاری سلێمانی نەک لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا ئێمە وەک لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەم بڕیارە ئاگادار نەکراوینەتەوە و ناشزانین ئەمە بە چ یاسا پێوەرێک ئەنجام دراوە..

لەکاتێکدا گرتنی رۆژنامەنووس دلێر عبداللە بە پێشێلکردنی زەق و ئاشکرای کاری رۆژنامەنووسی وئازادی و ئازادی وتن لە قەڵەم دەدەین، داواکارین لە دادگاکان چیتر سەروەری و ئازادیی رۆژنامەنووسان پێشێل نەکەن و هیواداریین ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان لەمە زیاتر رێگە بە پێشێل کردنی یاسای ژمارە 35 نەدات و سنوورێک بۆ دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا بپارێزێت..

لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

14/12/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:                باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 381

## ڕوونکردنەوەی حکومەتی هەرێم لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی قوباد تاڵەبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20141002162546655587

ماوەی چەند ڕۆژێکە هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاست و چەپ کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی لێدوانی کۆمەڵێک بەرپرس و کادیری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەربارەی ئەوەی گوایە دەسەڵاتەکانی بەڕێز قوباد تاڵەبانی؛ جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کەم کراونەتەوە و، بێ ئەوەی کرۆکی بابەتەکە بزانن، هەر لە خۆیانەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی سەیر و سەمەرەی بۆ دەکەن .!

ئەم هەرایە لە کاتێکدایە کە دیاریکردنی ئە و دەسەڵاتانە، بە تەواوی بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ خودی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران کراوە و، تەنانەت دەقی بڕیاری دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیش کە بەڕێز سەرۆک وەزیران ئیمزای لەسەر کردووە، لە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران خۆی ئامادە کراوە.

بۆ ڕێگەگرتن لە و هەموو قسە و لێدوانە بێبنەمایانە، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە بەڕێز قوباد تاڵەبانی خۆی؛ هەم دەزگا و ناوەندەکانی حیزبەکەی لە و ڕێککەوتن و هەماهەنگییە ئاگادار بکرداپەتەوە!، هەمیش لێدوانێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی ئەم پرسە بدات و، کۆتایی بە و هەموو قسەڵۆکانە بێنێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەردەوام لە بەرپرسان و کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە؛ دەیگوازنەوە.

سامی ئەرگۆشی
سکرتێری ڕۆژنامەوانیی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2ی ئۆکتۆبەری 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 382

## ڕوونکردنەوەی راگەیاندنی ئیدارەی گەرمیان لەسەر بەرنامەیەکی کەناڵی ڕووداو کە تایبەت بوو بە وەبەرهێنان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150513151502852888

بۆ جاری دووەم و لە بەرنامەی "لەگەڵ ڕەنج " ی کەناڵی (ڕووداو)دا کە تایبەت بوو بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان،شەوی 10/9 ی ئەم مانگە لە لایەن چەند بەشداربوویەکەوە سەبارەت بە پڕۆژەی کەلاری نوێ چەند تۆمەتێکی نا ڕەوا درایەوە پاڵ ئیدارەی گەرمیان .
پێشتر لەبەرنامەیەکی شەوی 2015/1/ 24/25 ی کەناڵی ڕووداودا چەند کەسێک کە بۆ بەرنامەکە هێنرابوون بەپاساوی گەندەڵی لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبووندا پەلاماری ئیدارەی گەرمیان و سەرپەرشتیارەکەیانداو چەندین تۆمەت و تەشهیری ناڕەوایان دایەپاڵ ئیدارەکەمان، بۆیە

بەپێویستمان زانی دەربارەی پرۆژەی ناوبراو روونکردنەوەی خۆمان لێرەوە بخەینەڕوو.

پرۆژەی کەلاری نوێ کە یەکێکە لەپرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبووندا خۆی لە هەزارو هەشت یەکە دەبینێتەوە، هەر لەسەرەتاوە لە ژێر چاودێری توندی ئیدارەی گەرمیاندا بووە و ئەو رێوشوێنە ئیداریانەی چاودێریکردن کە لەم پرۆژەیەدا گیراوەتەبەر لە هیچ پرۆژەیەکی تری نیشتەجێبووندا رەچاو نەکراوە، لەسەر شێوازی دابەشکردنی یەکەکان و سوودمەندبوونی هاوڵاتیانی کرێنشین وکەمدەرامەتیش لەپرۆژەکە کە هەر لەسەرەتاوە ئیدارەکەمان لیژنەیەکی پسپۆری بۆ سەرپەرشتی دابەشکردنی ئەم یەکانە پێکهێنا و لە ڕێی کەناڵەکانی راگەیاندنیشەوە هاوڵاتیان ئاگادارکرانەوە کە فۆرمی یەکەکان وەربگرن و زیاتر لە 7000 هاوڵاتی فۆرمیان پێشکەش کرد، کە سەرجەمیان دانیشتووی سنووری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بوون، دوای وردبینی و دەرهێنانی ئەو فۆرمانەی کە خاوەنەکانیان مەرجە یاساییەکانیان تێدا نەبوو، دواتر بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تیروپشک بۆ بەشداربووان ئەنجامدرا و 864 یەکە بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکرا و ئەو 144 یەکەکەش کە ماون دوای ڕێککەوتنی نێوان وەبەرهێنەر و خاوەن زەویەکان و قەرەبووکردنەوەیان بەهەمان میکانیزمی پێشوو دابەش دەکرێن، لەوساوە تا ئێستاش هیچ ڕەخنە و گازندەیەکیش لەم شێوازی دابەشکردنە نەبووە، هەروەک ئیدارەی گەرمیان بەبەردەوامی لەڕێی لیژنە تایبەتەکانیەوە چاودێری بەڕێوەچوونی پرۆژەکەی کردووە و ڕێگەی بەهیچ کەمتەرخەمی و زیادەڕەویەک نەداوە.

سەبارەت بە قسەی ئەوانەش کە لەبەرنامەکەی رووداو قسەیان کرد یەک کەسیان دانیشتوی کەلار نین و لەسودمەندبووانی پرۆژەکەش نین، ئەو هاوڵاتیانە نیشتەجێی هەولێر و شوێنەکانییترن و ئەوانە بەمەستی مامەڵە و قازانج بوونەتە شەریکی وەبەرهێنەر و شەراکەتیان لەگەڵ ناوبراودا کردووە و کەیسەکانیان دوور و نزیک پەیوەندی بەپرۆژەکە و ئیدارەی گەرمیان و هاوڵاتیانەوە نییە و تەنیا کێشەیان لەگەڵ وەبەرهێنەرەکەدا هەیەو بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانیشیان دەبێت پەنا بۆ دادگای مەدەنی ببەن، تۆمەت و تەشهیرەکانیشیان بەئیدارەی گەرمیان و سەرپەرشتیارەکەی ئەوەندە بازاڕی و بێ بنەمایە کە شایانی وەڵامدانەوە نییە، ئێمەش بەهیچ جۆرێک رازی نابین گەرمیان و پرۆژەکانی ببنە قوربانی ململانێی نێوان خاوەن سەرمایە و بەرژەوەندیە تایبەتەکان و پارەی خەڵکی کەمدەرامەتی گەرمیان بچێتە گیرفانی کەسانێکەوە کە خەریکی سەودا و مامەڵەی خۆیانن.

"سەبارەت بە وەبەرهێنەر "کامەران جەمیل"یش کە پرۆژەکەی بەناوەوەیە، دوای ئەوەی ئیدارەکەمان بەدواداچوونی وردی کرد دەرکەوت کە وەبەرهێنەرێکی تر پرۆژەکەی بە ئەم فرۆشتووە و دوای ئاگاداربوون لەم سەودا و مامەڵە نایاساییە، بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارەکەمان دۆسیەکەی بردە ئەنجومەنی وەزیران و دواتر لەڕێی دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانیەوە وەبەرهێنەرەکەی ناچار کرد کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم مامەڵە نایاساییە 150 یەکە دروست بکات و 75 لەو یەکانەش بێ بەرامبەر بەسەر هاوڵاتیانی کەمدەرامەتدا دابەش بکرێت و 75 ی تریشی بە نرخی تێچوون و بەقەرزی درێژخایەن دابەش بکرێت، کە ئەمەش مۆدێلێکی نوێیە لە سزادانی ئەو کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانەی کڕین و فرۆشتن بە زەوی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە ئیدارەکەمان چەندین جار لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هاوڵاتیانی ئاگادار کردۆتەوە بە هیچ شێوەیەک مامەڵەی نایاسایی بۆ دەسکەوتنی یەکەکان ئەنجام نەدەن و هیچ پارەیەک بە هیچ کەس نەدەن، چونکە یەکەکانی ئەم پرۆژەیە تەنیا لەڕێگەی تیروپشکەوە دابەش دەکرێن، هاوکات ئەم وەبەرهێنەرە تا ئێستاش دۆسیەکەی لە دادگایە و ئیدارەی گەرمیانیش لە ڕێی بەشی یاساییەوە چاودێری دۆسیەکەی دەکات، لەلایەکی تریشەوە لەسەر ئاستی ئیدارەکە لیژنەیەکی تایبەت کە نوێنەری هاوڵاتیانی بەشداربووی پرۆژەکەشی تێدایە پێکهێنراوە بۆ بەدوواداچوونی هەموو ئەو کەموکورتی و گیروگرفتانە کە لە پرۆژەکەدایە.هەروەک ئیدارەی گەرمیان بەهیچ جۆرێک ڕێگە بە درێژکردنەوەی مۆڵەتی وەبەرهێن بۆ کارکردن لە پرۆژەکەدا نادات.

ئەوەش لێرەدا دەبێ بوترێت کە ئیدارەی گەرمیان لەکاتی بەرنامەکەی پێشوودا بڕیاری دابوو لە ڕێی تیمە یاساییەکەیەوە سکاڵای یاسایی لەسەر کەناڵی ڕوداو و ئەوانەش تۆمار بکات، کە لەبەرنامەکەدا تۆمەت و تەشهیریان بە ئیدارەی گەرمیان و سەرپەرشتیارەکەی کردبوو، بەڵام لەسەر داوای چالاکان و ڕۆژنامەنووسان دەستی لەو مافە یاساییەی خۆی هەڵگرت، بەڵام لە ئێستادا کە ڕووداو بەرنامەیەکی تری هاوشێوەی ئەو بەرنامەیەی دووبارە کردۆتەوە و تیایدا خەڵکێک بۆ پەلاماردانی ئیدارەکە ئامادەکراون، دەبوو ئیدارەی گەرمیانیش وەک لایەنی پەیوەندیدار بۆ

بەرنامەکە بانگ بکرایە، لە بەدواداچوونی ئەم کێشەیەشدا ئامادەوپێشکەشکاری بەرنامەکە ڕونکردنەوەی داینێ کە هیچ پلانێکی پێشوەخت بۆ پەلاماری ئیدارەی گەرمیان نەبووە و ئەو شەریکانەی وەبەرهێنەر خۆیان بۆ بەرنامەکە هاتوون،بۆیە ئێمەش بەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ڕای گشتی ئەم دۆسیەیە دادەخەین.
ڕاگەیاندن وپەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان
13-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان( |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 383

## ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە تاوانی 2000/7/14

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071111543289607

بە پێویستی دەزانم لە یادی هاوڕێیانی گیان بەختکردوی 2000/7/14دا ئەوە بۆ رای گشتی رابگەیەنم کە شکات نامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە سەر سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دادگای سلێمانی لەسەر تاوانی هێرش کردنە سەر بارەگاکانی حزبمان و کوشتنی پێنج هاوڕێمان، پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تاوان باران ماوەی شەش مانگ زیاترە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر بێ وەڵام و بەدواداچون راگیراوە.
پاش ئەوەی لە 14ئەیلولی 2011 حزبمان شکات نامەی لە دادگای سلێمانی لە سەر سەرکردایەتی یەکێتی تۆمارکرد، لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو سەلماندنی تاوانەکان و ئامادەکردنی بەڵگە یاساییەکاندا لەبەرامبەر چەند گرفتێکدا بەرەو ڕووبووین، کە گرنگترینیان دۆسیەی سەلماندنی مردنی هاوڕییانی گیان بە ختکردوو بوو، چونکە تاوانباران و ئاسایشی ئەو کاتەی سلێمانی هەموو ئەو دۆسیانەی کە پێویستە لە پزیشکی دادوەری(طب العدلي) لەسەر مردنی ئەو هاوڕێیانە تۆمار بکرێت لە ناویان بردبوون، بۆیە ئێمە بۆ ئامادەکردنی سەلماندنی مردنی ئەو هاوڕێیانە کە داوایەکی سەرەکی دادوەری ئاسایشی سلێمانی بوو، بەرەو روی گرفتێکی جدی کراین لە لایەن دادگاوە، هەرچەندە ئەو تاوانە بە رۆژی روناک و بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە جێبەجی کراوە و لە مێژووی تاوانەکانی ئەو کاتەی سەرکردایەتی یەکیتیدا ناتوانرێت نکوڵی لێبکرێت، بەڵام بەداخەوە کە دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی پەیداکردنی بەلگەنامەی مردنی هاوڕێانی کردە مەرجی بەدواداچونی لێکۆڵینەوە لە تاوانی 2000/7/14، دواتر پێداگری ئێمەو بەدوادا چون بۆ پەیداکردنی بەڵگەکان، توانیمان بە یارمەتی ئاسایشی سلێمانی و شارەوانی سلێمانی و پزیشکی دادوەری بەشی بەڵگەکانی تاوان لە پۆلیسی سلێمانی بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆرەوە بەلگەی مردنی هاورێیان ئامادەبکەین و لە گەڵ تەواوی ئامادەکاریەکانی سەلماندی تاوانی 7/14 بخەینە بەردەم دادگا، بەم جۆرە کارو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکان کە لە باری یاساییەو پێویستن لە لایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە تەواو کراوە و پێویستە تاوان باران بانگ بکرێن بۆ بەردەم دادگاو لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت، بەڵام ئەوە ماوەی شەش مانگ زیاترە شکاتنامەو دۆسیەکان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر کراوەو بێ هۆ راگیراوەو تا ئێستا بەدوادا چوونی لەسەر نەکراوە.
عوسمانی حاجی مارف
سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

11\7\2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 384

## ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە کتێبی (قورئان بە زمانی کوردی(

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070320435989726

بە ناوی خوای گەورەی میهرەبان

ماوەیەکە کتێبێک کەوتۆتە ناو هاووڵاتیانەوە بە ناوی (قورئان بە زمانی کوردی) لە نووسینی (د. محەمەد ئیبراهیمی –شەپۆل)، کە وەک دیارە وەرگێرانی قورئانی پیرۆزەو، پێشتریش وەکو وەرگێرانی قورئان بڵاوکرابووەوە، واتە پێشتر ئەم نووسینەیان وەکو وەرگێران و راڤە لەگەڵ قورئان نووسیبوویەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەقی قورئانیان لەگەڵ نەنووسیوە، ناویشیان لێی ناوە (قورئان بە زمانی کوردی)، بۆیە ویستمان هاووڵاتیانمان بەم خاڵانەی خوارەوە لەم نووسینە ئاگادار بکەینەوە.

یەکەم: مامۆستا شەپۆل زانایەکی گەورە و بە توانایە، چ لە رووی زانست و زانیاری و چ لە رووی عەرەبی زانیدا، کەسێکی ناسراوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

دووەم: ئەوەی مامۆستا شەپۆل ئەنجامی داوە راڤەی قورئانە نەک قورئان، بۆیە ناونانی بە (قورئان بە زمانی کوردی) هەڵەیە، چونکە زانایان لە پێناسەی قورئان دەفەرموون: بریتییە: لەو رستە و وشانەی بۆ سەر پێغەمبەر موحەمەد درودی خوای لەسەر بێت دابەزیوە، موعجیزەیە و کەس ناتوانێت هاووێنەی کورترین سورەتی بهێنێتو، خوێندنەوەی بە خواپەرستی دادەندرێت) ئەم پێناسەیە بە هیچ شێوەک لەم نووسینە نایێتە جێ، چونکە ئەم دەقە کوردییە بۆ سەر پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دانەبەزیوە. هەروەها خوێندنەوەشی وەکو راڤەی قورئان خێری تێدایە، بەڵام قەت وەکو خواپەرستی خوێندنەوەی دەقی قورئانی داناندرێت. هەروەها ئیعجازیشی تێدا نییە، چونکە هەموو خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی قورئانی لە دەستداوە جگە لە کورتە ماناکەی.

سێیەم: جەماوەری زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی تەرجەمەی قورئانی پیرۆز دروست نییە، بەتایبەتی کە دەقی قورئانەکەی لەگەڵدا نەبێت، بەڵکو ئەوەی رێگەی پێدراوە تەفسیر و شیکردنەوە و راڤەیە.

چوارەم: ئەوەندەی تەماشامان کردووە، ماناکەی دروستەو، لەوەدا هەرچەندە ماناکەی کورتە و پێویستی بە درێژەپێدانی زیاتر هەیە، بەڵام وەکو تەفسیرێکی کورت مانای داوە.

پێنجەم: هەوڵبدرێت ئەم کتێبە بڵاونەکرێتەوە تا دەقی قورئانەکەی لەگەڵ دانەندرێت.

شەشەم: ناوی کتێبەکە بگۆردرێت لە (قورئان بە زمانی کوردی) چونکە بەم ناونیشانە، خەڵکانێکی زۆر وەکو قورئان تەماشای دەکەن، لە کاتێکدا قورئان نییە.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

لێژنەی باڵای فەتوا

23/شەعبان/1434 کۆچی

2013/7/1 میلادی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 385

# روونکردنەوەیەک لە و گەنجەی قەسیدەکانی جەمال غەمباری سوتاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20130719093012895 37



"هەمیشە سەردەمانێک هەیە لەمێژوودا شاعیرەکان لەپاڵ ستەمکارەکاندا حوکم دەکەن" میران کۆندێرا رۆماننووسی گەورەی چیکی من ناوم (ئارام نوری) یە و یەکێکم لە و گەنجانەی کەلار کە چەند وێنە و قەسیدەیەکی جەمال غەمبارمان سوتاند، بە و هۆیەوە لەلایەن هەندێک لەکەناڵەکانی راگەیاند و بەشداربووانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە هێرشمان کرایە سەر. پێمخۆشە لەرێگەی ئەم روونکردنەوەیەوە هۆکاری سوتاندنی قەسیدەکانی جەمال غەمبار روونبکەمەوە و ئەوەش بخەمەڕوو لە سوتاندنی کتێبەکاندا تەنها نەبووم، بەڵکو کۆمەڵێک گەنجی رۆشنبیر و ئەدەب دۆستم لەگەڵ بوو کە هەریەکێک لە و گەنجانە خاوەنی بیر و باوەڕ و ئایدیای جیاوازین و تەنها قەبوڵکردنی بیروڕای جیاواز و خۆشەویستیمان بۆ ئەدەب و شیعر و کتێبە فیکریەکان کۆی کردووینەتەوە، جەمال غەمباریش وەکو شاعیرێک پێشتر خۆشەویست بوو لامان و ئامادەی هەموو قوربانی دانێک بووین لەپێناو ئەوەی دەستمان بگات بەیەکێک لە کتێب و قەسیدەکانی.

ئەوەی ئێمەی لە جەمال غەمبار نیگەران کرد خۆکاندیدکردنی نەبوو بۆ لایەنێکی سیاسی و ئێمە رێز لەبیر و باوەری جیاواز دەگرین و پێمان وایە کۆمەڵگە بێ بوونی بیروباوەری جیاواز قەتیس دەبێت و هەنگاو بەرە و پێشەوە نانێت، بەڵکو قسە دژ بەیەکەکانی ئەو شاعیرە نیگەرانی کردین و پێمانوابوو لە رێگەی سوتاندنی هەندێک لە قەسیدەکانیەوە دەتوانین پەیامی نارەزایەتی بدەین بەگوێیدا. رەنگە خەڵکی داوای بەڵگەمان لێبکات لەبارەی ناراستگۆیی ئەو شاعیرەوە بۆیە پێمخۆشبوو بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بهێنمەوە و شاهیدیشم بۆ پشتراستکردنەوەی بەڵگەکەم هەیە و وەکو تەحەدایەکیش ناوی شاهیدەکە دەهێنم.

بەڵگەکەش ئەوەیە چەند مانگێک لەمەوبەر جەمال غەمباری شاعیر لە هۆڵی بۆنەکانی کەلار داوەتی رێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت و دوای تەواو بوونی کۆرە شیعریەکەی، درەنگانێکی ئێوارە جەمال غەمبار و ژمارەیەک لە گەنجانی ئەدەب دۆست لە جێگەیەکی تایبەتی میوان دەبن و تا کاتژمێر یەکی شە و لە و جێگەیە دەمێننەوە، دواتر کاتێک دانیشتنەکەیان تەواو دەبێت و بڵاوەی لێدەکەن لەوکاتەدا گەنجێکی ئەدەب دۆست و خوێنەر بەناوی (س) دەچێتە بەردەم جەمال غەمبار و پێیدەڵێت"تۆ لە سەر تەختەی شانۆ خۆت دەکەیت بەگریان و فرمێسکی تیمساحی دەرێژیت، بەڵام لە واقیعدا هێندە هەست ناسک نیت"،

ئەڵبەت ئەوەی گەنجەکە بە جەمال غەمباری وتبوو بۆچوونی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی کورد لەسەر جەمال غەمبار و پێشتر شاعیرەکە لای ئەو گەنجە باسیکردبوو، بەڵام گەنجەکە ئەو بۆچوونەی راشکاوانە بە و نیوە شەوە دا بەگوێی غەمباردا.

لەوکاتەدا دڵشاد ئەنوەری رۆژنامەنوس لە رۆژنامەی هاوڵاتی و ژمارەیەک گەنج لەگەڵ جەمال غەمبار دەبن و گەنجەکان ویستوویانە پەلاماری (س) بدەن بەڵام ئەو رۆژنامەنوسە نەیهێشتووە، بەڵام جەمال غەمبار خۆی پێنەگیراوە و پەلاماری گەنجەکەی داوە و پێیوتووە" بەم نیوە شەوە تۆ

یەکێتی و پارتی ناردووتیان ڕێگە لە من بگری یان ئیسلامیەکان" و دابەزیوەتە سەر پارتی و یەکێتی و ئیسلامیەکاندا و خۆی وەکو کەسێکی ئەنتی دەسەڵات نیشانی گەنجەکانی هاوەڵیداوە. بۆیە ئێمە کاتێک هەڵوێستمان بەرانبەر جەمال غەمبار وەرگرت و قەسیدەکانیمان سوتاند ویستمان لەم ڕێگەیەوە داوای لێبکەین راستگۆبێت لەگەڵمان چونکە ئێمە راستگۆیانە خوێنەری قەسیدەکانی ئەو بووین و خۆشمان ویستووە، بەداخەوە ئەو راستگۆ نەبوو لەگەڵمان و لای ئێمە هێرشی کردە سەر دەسەڵات و لەولاشەوە چووە ژێر باڵی دەسەڵات و خۆی کاندید کرد.
ئارام نوری
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 19-07-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 386

## ڕوونکردنەوەیەک لە بنەماڵەی شەهید کاوە گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131217223551387187

ئێمە وەکو خانەوادەی شەهید کاوە گەرمیانی، سەبارەت بە دواخستنی سەردانەکەمان بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنین، کە لە ئێستادا بەهۆی سەرقاڵبوونمان بە پرسەی شەهید کاوە گەرمیانی و پرۆسەی لێکۆڵینەوەکانی دادگا لە کەیسەکە، هەروەها ناجێگیری باری تەندروستی خێزانی شەهید کاوە کە ئێستا دوو گیانە و تەنها چەند رۆژێکی ماوە منداڵەکەی بێتە دنیاوە، لەگەڵ خراپی دۆخی تەندروستی دایکی شەهید کاوە گەرمیانی نەمانتوانی ئەمڕۆ سەردانەکەمان بۆ لای سەرۆکی هەرێم ئەنجام بدەین.

ئێمەوە وەکو خانەوادەی شەهید کاوە رایدەگەیەنین، کە سەردانەکەی ئەمڕۆمان بۆ لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم دواخستووە و لە داهاتوودا دیدار لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دەدەین، لەهەمانکاتدا ئامادەین سەردانی هەر لایەن و بەرپرسێک بکەین لە پێناو خزمەتگەیاندن بە کەیسی شەهیدەکەمان .

کاروان ئەحمەد برای شەهید کاوە گەرمیانی
17/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 387

## ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوورەوە سەبارەت بە ڕووداوی ناو دادگای هەڵەبجە لە 7/24

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072615462089461

ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوورەوە سەبارەت بە ڕووداوی ناو دادگای هەڵەبجە لە 7/24

1- "سەبارەت بە و ڕووداوەی کە لەنێوان بەڕێز (عمید / أکرەم أحمد) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور و دادوەری دادگای هەڵەبجە (کەمال ڕەزا أحمد) کە 7/24لەناو دادگایی هەڵەبجەدا ڕوویدا،بەپێویسمان زانی ئەم ڕونکردنەوە یە بۆ ڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵک بڵاوبکەینەوە بۆئەوەی کەس نەتوانێت چەواشەیان بکات و هەموو کەس حەقیقەتەکان بزانن، لە زۆربەی ڕاگەیاندنەکاندا وا بڵاو کرایەوە کەگوایە بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور سوکایەتی بە دادوەر (کەمال ڕەزا أحمد) کردووە بەڵام ئەم هەواڵە تەواو پێچەوانەیە و ئەوە دادوەر(کەمال ڕەزا) بووە کە ڕێزی بەڕێوەبەری وەک ئەوەیی کە بەڕێوەبەرێکی گشتیە و پارێزەری ئاسایشی ناوچەکەیە نەگرتووە و بێحورمەتی بە پلە و پایەی بەڕێز(عمید / اکرەم احمد) بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور کردووە و بەشێوازێکی نەشیاو هەڵسووکەوتی لەگەڵ بەڕێزیان کردووە، لە کاتێک دا بەڕێز (بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور وەک شاهید بانگهێشتی دادگا کراوە و خۆی ڕۆشتووەتە بەردەم دادوەر تەنانەت پاسەوانەکانیشی لەگەڵ خۆی نەبردووەتە ناو دادگاوە کەدە بوو دادوەر ڕێزی لێبگرتایە ئەگەر وەک هەرشاهیدێکی کەش بووایە نەک ئەوەی کە (عمید/ ئەکرەم بەڕێوەبەرێکی گشتیە و پارێزەری یاسایە.(

2-سەبارەت بە مانگرتنی فەرمانبەرانی دادگای هەڵەبجە دوای ئەوەی کە وەک پیشەی هەمیشەییان فەرمانبەران و پارێزەرانی دادگای هەڵەبجە مانیان گرتووە و بۆماوەیەک ئیش و کاری هاوڵاتیانیان پەک خستووە وەک چۆن لەپێشوودا چەندین جار ئەم کارەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کردووە تەنها لە پێناو زیاد کردنی دەرماڵە و هەندێک ئیمکانیاتی شەخسی و چەند دینارێک ئیمە ئەم مانگرتنەشیان بەئاسایی دەزانین چونکە دەزانین کە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە و دەجوڵێنرێن، بەڵام بەداخەوە چەواشەکاریەکیی کەیان کردووە و ئەم ڕوداوەیان پەیوەست بەڕوداوی ئەو کارمەندانەی ئاسایشی خورماڵەوە کردووە کە بۆپاراستنی گیانی هاوڵاتیەک تەقەیان کردبوو بەسەر گردبونەوەیەکدا کە داوای گەنجێکی ناحیەکەیان دەکرد لەناو بینای ئاسایشی خورماڵدا بۆ ئەوەی بیکوژن، کارمەندەکانی ئاسایشی خورماڵیش ئەم کارەیان نەکردووە بۆ پاراستنی گیانی ئەو گەنجە تەقەیان کردووە بەسەریانا بۆ بڵاوە کردنیان بەڵام بەداخەوە ئەوە ماوەی (4) چوار ڕۆژە ئەو کارمەندانە لە جیاتی دەس خۆشی و خەڵات کردن لەلایەن دادوەرەوە تەوقیف کراون کەئەم ووداوە هیچ پەیوەندی بە کێشەکەی ناو دادگای هەڵەبجەوە نیە و بەمەبەست بەیەکەوە گرێدراون لەلایەن فەرمان بەران و پارێزەرانی ناو دادگای هەڵەبجەوە. سەرەتا ئێمە بێدەنگ بووبن تەنها بۆ پاراستنی ئاسایشی ناو چەکە و بۆ ئەوەی ئێمە نەبینە دەست پێشخەر لە هیچ ڕوداوێکدا. حەزیش ناکەین ناچار بکرێین بۆ گرتنە بەری ڕێگای تر بایاسا سەروەر بێت" .

دوای ڕووداوەکەی ناو دادگای هەڵەبجەش، ژمارەیەک لە فەرمانبەران و پارێزەرانی قەزای هەڵەبجە مانیان گرتووە و داوا دەکەن بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور دەستگیر بکرێ و بخرێتەژێر لێکۆڵینەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 388

## ڕوونکردنەوەیەک لە پارێزگاری سلێمانیەوە سەبارەت بە هاتنی ئاوارەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014081014505960750

بەهۆی هێرشەکانی ئەم دوایانەی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر ناوچەکانی عیراق و کوردستان، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیانی بێ دەرەتان لە هەموو نەتەوەو مەزهەبەکانی عیراق، تووشی ماڵ وێرانی و ئاوارەیی بوون و لە ناچاریدا ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی کوردستان کردووە لە ناویشاندا پارێزگای سلێمانی کە خۆش بەختانە بە هیمەتی هێزە ئەمنیەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پشتیوانی هاوڵاتیان ئارامی و ئاسایش تیدا سەقامگیرە.

بۆیە وەک پارێزگای سلێمانی لە ڕوانگەی بەها جوانەکانی کوردەواری و مرۆڤایەتییەوە هەموو هەوڵێکی خۆمان خستووەتە گەڕ بۆ لە خۆگرتنی ئەو هاوڵاتیانەو پەنادانیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، چونکە ئێمە وەک گەلی کورد لە هەموو کەس زیاتر درک بە ئازارەکانی ئاوارەی و ماڵ وێرانی دەکەین.

هەوڵەکانی پارێزگای سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئێستاشدا بەردەوامە بۆ هاوکاریکردن و بەتەنگەوەچوونی ئاوارەکان بە تایبەت کوردانی ئێزدی و شەبەک و مەسیحیەکان و سەرجەم ئاوارەکانی تر، بەڵام ئەم ئەرکە بە تەنیا بە پارێزگای سلێمانی و لایەنە حکومییەکان ناکرێت و پێویستمان بە هاوکاری و کارئاسانی هاووڵاتیان ڕێکخراوە ناحکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە
بۆیە لێرەوە داوا لە هەموو لایەک دەکەین، درک بە بارودۆخی ئاوارەکان بکەن و هاوکاریان بن بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە بە تەنگیانەوە بچین و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین و ئەرکی مرۆی خۆمان بەرامبەریان بەجێ بهێنین.

پارێزگای سلێمانیش وەک هەمیشە پەناگەو دڵدەدەری هەموو لێ قەماوان و ئاوارەکانە و بەها جوانەکانی کوردایەتی لەم شارەدا بووەتە پاڵپشت بۆ لە خۆی گرتنی هەموو ئەو کەسانەی هانایان بۆ شارەکە هێناوە بێ جیاوازی نەتەوەی و مەزهەبی.

وەک پارێزگای سلێمانیش ئامادەی لە خۆگرتنی هەموو ئوارەکانین بێ جیاوازی بەڵام ڕێز لە بریاری ئەو ئاوارانەش دەگرین کە خوازیارن بەهەر هۆیەک بێت دەیانەوێت بچنە پارێزگاکانی تری عیراق.

هەروەک هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە سەبارەت بە ئاوارەکان لەرووی ئەمنیەوە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست گیراوەتەبەر، بۆ دڵنیابوونەوەی لەوەی کەسانی خراپ خۆیان نەخزێننە ناو ئاوارەکانەوە.

دووبارە داواکارین هەموو هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەچاوێکی مرۆی و بە ڕەوشتی کوردایەتیەوە سەیری ئاوارەکان بکەن و هاوکاریان بن، بەهیوای ئەوەی بەزووترین کات ئەم بارودۆخە کۆتای پێ بێت و هاووڵاتیانی ئاوارە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان

پارێزگای سلێمانی
10ی ئابی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 389

## ڕوونکردنەوەیەک لە پارێزگاری هەولێرەوە دەربارەی ئەو کاتیوشایانەی گیرانە باشووری هەولێر 15-03-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031520043084871

سەرلەبەیانی ڕۆژی 15-3-2015، تیرۆریستانی شکستخواردووی دۆڕاوی داعش، لەڕێگەی دزەپێکردنی ڕۆکێتێکی دانراو لەسەر ئۆتۆمبێل، 3 موشەکیان ئاڕاستەی خوارووی ڕۆژئاوای شاری هەولێر کرد و خۆشبەختانە بەبێ هیچ زەرەرو زیان و لە دوری شاری هەولێرو نزیک کانی قرژاڵە کەوتە خوارەوە و دەنگۆیەکەش زۆر بە ئاسایی بەسەر خەڵکی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەتێپەڕی، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک نیگەرانی دروست بێ و چونکە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە ڕوای خەڵکی کوردستان بە وەرەی پۆڵاینی پێشمەرگە زۆر پروایەکی پتەو و گەورەیە و هەمووشمان پێشمەرگەین.
دووپاتیشی دەکەینەوە بۆ خەڵکی کوردستان کە داعش لە سەرەمەرگن و ئەو هەوڵانە دادیان نادات.
سڵاو لەپێشمەرگە و سەربەرزی بۆ خەڵکی کوردستان و درود بۆ شەهیدان و روو رەشی و مردن بۆ تیرۆریستان.
نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 390

## ڕوونکردنەوەیەک لە دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی-یەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140516224151100552

دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی بەیاننامەی چوار لایەنی سیاسی لە سلێمانی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، بۆ جاری دووەم، چوار لایەنی سیاسیی بەشداری هەڵبژاردن، پارتی، کۆمەڵ، گۆڕان، یەکگرتوو، لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، بەیاننامەیەک لەسەر ساختەکاری هەڵدەبەستن، بەم ڕوونکردنەوەیە ڕایدەگەیەنین کەوا:

یەکەم: یەکێتی تەنها چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی ڕەسمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە، ئەنجامەکەی چۆن ڕابگەیەنرێت، قبوڵمانە. گەرچی لەسەراپای کوردستاندا سەدان بەڵگەی بچووک و گەورەمان لایە، بە کۆمسیۆنی پارێزگاکانیشمان ڕاگەیاندووە و سەلماندووە و وەکو سکاڵای یاسایی تۆمارمان کردووە کە چۆن ساختەکاری و دەستکاری لیست و دەنگەکانمان کراون.

دووەم: ئەو چوار لایەنە، چوار بەرامبەر بە یەکێتی بەرپرس و چاودێریان لەسەر وێستگە و ناوەندەکانی دەنگدان هەبووە، دەپرسین خێرە لەناو هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمدا تەنها لە سلێمانی چاودێرەکانی ئەو چوار لایەنە چاوکراوەن و لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆکدا متەقیان لەخۆیان پریوە!

سێیەم: لەهەولێردا ئەنجامی 331 محەتە نەدراوەتەوە حزبەکان، یەکێتی شکاتی لەسەر ئەو کێشەیە کردووە، نوێنەری گۆڕان و لایەنەکانی تریش ئاگادارکراون شکات بکەن، دیسان دەپرسین

بۆ لەبەرامبەر ڕێساشکێنیی ئاوهای کۆمسیۆنی هەولێر، گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو بێدەنگن، کەچی بۆ سلێمانی مێش دەکەنە گامێش.

لەکۆتاییدا دەڵێین، لە هەڵبژاردنی 21-9 دا یەکێتی دڵنیا بوو دەنگەکان سەنگی یەکێتی نەبوو، بەڵام ئەنجامەکەیمان قبوڵکرد؟، لەوە دەچێت ئەم لایەنانە دڵنیا بن سەرەنجامی دەنگەکانیان بەدڵ نەبێت، بۆیە پێشوەخت ئەم هەڵا و بگرەیە دەنێنەوە، بەدڵنیایشەوە لە سلێمانی، هەولێر و دهۆک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەنگی یەکێتی بەشێوەیەک هەڵکشاوە کە ڕەنگدانەوەی سەنگ و قورسایی خۆی، سیاسەتی ژیرانەی یەکێتییە لەم قۆناغەدا. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە هەموو ئەو هەوڵە بێ بەڵگانەی دەنرێن بێئەنجام دەبن و وەک نەخشی سەرئاو دەبن.

لەگەڵ ڕێزماندا

دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
16/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 391

## ڕوونکردنەوەیەک لە سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی کەیسی تیرۆری هاوڕێیانی حیزبەوە لەلایەن پارتیەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092121560988570

بازرگانی سیاسی بە خوێنی هاوڕێیانی ئێمە لەلایەن پارتیەوە تاوانە!
تەلەفزیۆنی زاگرۆس ی سەر بە پارتی دوێنێ 20-9-2013 دەربارەی کەیسی تیرۆری هاوڕێیانی ئێمە لە ساڵی 2000دا، بازرگانیەکی سیاسی ریسوابووی ئەنجامدا. تەلەفزیۆنی ناوبراو ئەو کەیسەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە بەرامبەر سەرکردایەتی ئەوکاتەی یەکێتی نیشتمانیدا وەکو کەرەستەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردن لە دژی بزووتنەوەی گۆران و نەوشیروان مستەفا بەکارهێنا. دوو ڕۆژ لەوەبەریش یەکێتی نیشتمانی هەمان ئەو کردەوە ڕەزیلانەو قێزەونەی ئەنجامدا. ئێمەو کەسوکاری هاوڕێیانی گیان بەختکردوو بەتوندی نارەزایەتیمان دەربڕی و بە تاوانێکی دیکە لەدژی حیزب و لەدژی ئەو هاوڕێیانەو کەسوکاریان ناوزەدمانکرد.
لیرەشدا ئەوە دووپات دەکەینەوە پارتی کە خۆی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی چەندین تاوان دژی هەڵسوراوانی سیاسی وخەڵکی نارازی و ئازادیخوازانی کوردستان، ئەهلیەتی ئەوەی نیە باسی تیرۆری ئەو هاوڕێیانەی ئێمە بکات و مافی ئەوەی نیە وەکو کەرەستەیەکی بازرگانی و پروپاگەندەی سیاسی بەکاری بهێنێ، جێگای نەفرەتی ئێمەو کەسوکاری هاوڕێیانی تیرۆرکراوو هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کوردستانە.
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
21/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 392

## روونکردنەوەیەک لە سەرپەرشتیاری تەریقەتی نەقشبەندی لە هەرێمی کوردستانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090211080488985



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
الحمدلله ربَّ العالمین وال سلاه والسلام علی سیدالمرسلین سیدنا محەمەد وعلی اله و سحبه أجمعین.
ماوەیەکە لێرە و لەوێ کەسانێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ گەیشتن بە چەند دەستکەوتێکی مادی ناوی پیرۆزی تە سەوف و تەریقەی نەقشبەندی و مورشیدە پایە بەرزەکانیان کردوەتە پەیژە بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەست و ئامانجەی کە دوور و نزیک نەک هەر پەیوەندیان بە تە سەوفەوە نیە، بەڵکو لە خانەی دەستی دەرەکی و ناحەزانی ئیسلام و گەلی کوردیشدا دێنە هەژمار، کەسانێک کە لە رابردوودا بەهۆی سەرپێچی و کارە نەشیاوەکانیانەوە لە تەریقەی پیرۆزی نەقشبەندی دا دەرکراو بون و، هیچ پێگە و رێگەیەکی تەریقەت و تەسەوف یان نەبوە و، لای زانایان و خواناسان و کەسایەتیەکانی کوردستان ناسراو بوون کە چ مۆتەکەیەک بوون بەسەر تەریقەت و تەسەوفەوە، ئەمڕۆ بەمەبەستی خۆناساندن و پەیدا کردنی پرێک لە سەروەت و سامان کەوتونەتە باس کردن و ساز کردنی کۆنگرەی بەناو تەسەوف، کە نەک هەر سیماو شێوەی کۆنگرەی تیدا نیە، بەڵکو هەوڵدانی چەند کەسێکە بۆ خوێندنەوەی راز و نیازی پەنگخواردوی ساڵانی رابردوو، کە خۆیان نەلە ناوەڕۆک دا بۆنی خواناسییان لێ دێت و نە لە رووکەشیشدا سیمای بۆ خوا بوون و بۆ خوا سوڵحانیان پێوە دیارە، سەرەڕای بەشداری نەکردنی کەسایەتیە جیهانی و نێودەوڵەتیەکانی ئەهلی تەسەوف و زانا ناودارەکانی ئەهلی تەریقەت و هاوسۆز لەگەڵ رێبازی خواناساندا هەربۆیە بەندە وەک سەرپەرشتیاری تەریقەی پیرۆزی نەقشبەندی سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشم:
-1ئێمە نە رەخنە و نە نیگەرانیمان لە هیچ کەسێک نیە کە بە نوێنەرایەتی تەریقەتە پیرۆزەکانەوە ئامادەبوون یان بەمیوانی تەشریف یان هێناوە، ئەو تەرحیبەش کە بە ناوی منەوە بڵاوکرایەوە مەبەستمان ئەو بەڕێزانە بوو کە ئاماژەمان پێدان
-2پێشکەشکردنی وتە بەناوی منەوە (دکتۆر مادیح نەقشبەندی) لە و سۆنگەیەوە بووە کە بەمنیان وت ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی تەسەوفەو، بەبەشداری تەواوی تەریقەتەکانە، نەک لەسەر دەستی کەسانێک کە دوور خراوەن لە تەریقەت و تەسەوف، بەڵام دەرکەوت نوێنەری تەریقەتەکانی کوردستان بەشداری کارایان تیادا نەبووە.
-3چەندین جار پەیوەندیان پێوە کردم بەتایبەتی چەند کەسێک لە بنەماڵەی خۆمان و دڵنیایان کردمەوە کە کەسی دەرکراو بەناوی (مەلا حسێن) ی دەربەندیخان و داروەستەکەی پەیوەندیان بەم کۆنگرەیەوە نیە، بەڵام بەداخەوە مەلا حسێن و داروەستەکەی نەک هەر بەشدار

بوون، بەڵکو لە پێشەوەی کۆنگرەکەش دانیشتبون و دەبینران و وتاریان دەخوێندەوە.
-4بەئێمەیان ڕاگەیاند کە ئەم کۆنگرەیە لە ژێر چاودێری بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەبێت، بەڵام بەداخەوە نەک هەر لەژێر چاودێری بەڕێزیاندا نەبوو، بەڵکو لەلایەن سەنتەرێکەوە چاودێری دەکرا کەپێشتر چەندین جار لایەنی پەیوەندیدارم ئاگەدار کردوەتەوە کە شتێک بەناوی سەنتەری روناکبیری تەسەوف لەلای ئێمە دانی پێدا نەنراوە و رازی نین بە کردنەوەی لەژێر دەستی کەسانێکی هەل پەرستدا کە وەک دەستێکی نامۆ بە ئاین و تەریقەت هەڵسورێنەری بن.
-5سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزان لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی یەکێتی زانایان و زۆرینەی هەرەزۆری زانایان و موریدان و پەیرەوانی تەریقەتی پیرۆزی نەقشبەندی کەلە راستیەکان گەیشتبون و بەشداری ئەم دانیشتنە بەناو کۆنگرەی تەسەوفەیان نەکرد .
دووبارەی دەکەمەوە کە مەبەستمان ئەو میوان و کەسایەتیانە نیە کە سەر بە تەریقەتەکانی ترن و ئامادە بوون یان ئەوانەی بەنیاز پاکی خۆیانەوە هاتوون یان لە ڕێگەی چەواشە کاریەوە فریویان داون و بانگێشتیان کردوون لە پەیرەوانی نەقشبەندی.
- 6ئێمە هەمیشە پێشوازی لە هەر کۆنگرەیەک دەکەین کە خزمەت بە ڕێبازی ئیسلام و تەسەوفی راستەقینە دەکات، بەڵام پێویستە بەرچاوی هەمووان روون بێت لە هەڵسورێنەرانی و سەرف و دارایی کۆنگرە و مەبەستەکانی و کێ پێی هەڵدەستێت، یان لە پشتیەوەیەتی؟!! بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەد گوومانی خۆمان راگەیاند لەم بەناو کۆنگرەیە .
هیوادارم چیتر کەسانی ناحەز و بەرژەوەندچی ناوی پیرۆز و رووخساری گەشی تەسەوف بەکار نەهێنن بۆ مەرامی شەخسی خۆیان و هاوکات بەرپرسانی بەڕێزی حکومەتیش چیتر ڕێگە خۆش نەکەن بۆ ئەو هەلپەرستانە کە مێژوی پیرۆزی خواناسان و ئەهلی عیرفان لە ژێر ئاڵای کوردستاندا لەکەدار بکەن .
و سلی الله علی سیدنا محەمەد وعلی ئِله و سحبە وسلَّم
دکتۆرشیخ مادیح ی نەقشبەندی سەرپەرشتیاری گشتی تەریقەی نەقشبەندی لە کوردستان 2013/9/1

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 393

## ڕوونکردنەوەیەک لە سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان، لەسەر کوژرانی دوو کەسی لوبنانی لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010513065184529



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 394

## روونکردنەوەیەک لە لێژنەی باڵای فەتوا دەربارەی سروودی (ئەی رەقیب(

http://www.kurdipedia.org/?q=20131119150534877511

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ماوەیەکە مشتومڕێک لەسەر سروودی (ئەی رەقیب) دروست بووەو، لەسەر ئاستی شەقامی کوردی و ناوەندە رەسمییەکانیش دەنگدانەوەی هەبووە، هەروەها لە چەند لایەنێکیشەوە وەکو پرسیار ئاراستەی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان کراوەو، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە نووسراوی ژمارە (184) لە (2013/11/11) بە فەرمی داوای روونکردنەوەی لایەنی شەرعی سروودەکەی لە لێژنەی باڵای فەتوا کردووە، بۆیە دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەگەڵ چەندان کەسایەتی و ناوەندی رۆشنبیری بەتایبەتی ئەکادیمیای کوردی، بە پێویستمان زانی ئەم روونکردنەوەی خوارەوە بڵاوبکەینەوەو، لە روونکردنەوەکەشدا تەنها تیشکمان خستۆتە سەر لایەنە شەرعی و ئایینیەکانی سروودەکە.

یەکەم: سەرەتا بە پێی نووسراوی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (582) لە (2013/11/13) ئەم سروودە داندراوی (دڵدار)ی شاعیرەو، لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستان بە ئامادەبوونی چەندین مەلا و زانای ئاینی و گەورە پیاوانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەم شیعرە بە سروود گووتراوە و هەمووشیان وەک (مارشی نەتەوەیی) لەبەری هەڵساونەتە سەر پێ.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە کۆمەڵێک گومان و قسەی لێوە دروست بووە، بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی شیعرەکە:

سەرەتا دەستەواژەی (ئەی رەقیب) مانای (خالق – پەروەردیگار) ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست (دوژمن) یان (ناحەز) یان (حەسوود)ە، ئەمەش لە دیوانی چەندان شاعیری کلاسیکی کورد وەک (نالی، کوردی، زێوەر) بەکار هاتووە.

سەبارەت بە (دینمان و ئایینمان هەر نیشتیمان) ئەوەی زیاتر گومانی دروست کردووە، هاتنی وشەی (هەر)ە، کە هەندێکجار بەوە مانای دەکرێتەوە، کە ئایینی ئێمە تەنها نیشتیمانە، بەڵام لە راستیدا دوای گەڕانەوەمان بۆ دەقە ئەسڵیەکەو، هەروەها بەپێی روونکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی وشەی (هەر) لە دەقە ئەسڵیەکە نییە. ئەمەش بە مەبەستی خۆشەویستییەکی یەکجار زۆر بەکارهێنراوەو، لە دەقە ئیسلامیەکانیش هاوشێوەی زۆری هەیە. کەواتە ئەسڵی شیعرەکە بەم شێوەیە: (دینمان ئایینمانە نیشتیمان). ئەمەش بۆ ئەوەیە بڵێت: بە هێندەی دین و ئاین نیشتیمانمان خۆش دەوێ، چونکە خۆشەویستی نیشتیمان بەشێکە لە ئیمان، مرۆڤی موسڵمان ئایینی خۆی خۆش دەوێت و نیشتیمانەکەشی خۆش دەوێت، روونیشە کە ئایین بەبێ خاک و وڵاتێکی ئارام بە باشی جێبەجێ ناکرێت.

سەبارەت بە دەستەواژەی (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان) ئەوەش مەبەست خوا نییە، بەڵکو دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە:

یەکەم: مەبەست لە (تۆپی زەمان) چەکە، کە لە و سەردەمەدا بەهێزترین و کوشندەترین چەکی شەڕ بووە.

دووەم: بە پێی ئەو دەقەی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هاتووە، دەقەکە بەم شێوە نییە، بەڵکو شیعرەکە دەڵێت: (ناپرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان.(

لە هەردوو حاڵەکەدا شاعیر دەیەوێت بە دوژمن بڵێت: ئەی دوژمن و ناحەز: کورد هەر دەمێنێ و

ناڕوخێ بە دەست ئەو وڵاتە زۆردارانەی کە تۆپی ئەم زەمەنەیان دروست کردووە و خەڵکی کوردی پێ دەترسێنن، هیچ تۆپ و دانەیەک لە و تۆپانە ناتوانێ کورد پرمێنێ و بیروخێنێ.
بۆیە روونی دەکەینەوە، کە سروودەکە شتێکی تێدا نییە کوفر و دژە ئایین بێتو، پێشنیاز دەکەین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەڕێنەوە سەر دەقە ئەسڵیەکەی، کە وشەی (هەر)ی تێدا نییە، هەروەک لە سەرچاوەکان هاتووە.
والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته
لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان
19/11/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 395

## روونکردنەوەیەک لە مەحمود سەنگاوییەوە دەربارەی کەیسی کاوە گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122621533987064

خەڵکیی بە شەرەفی کوردستان..
ماوەیەکە بەشێوەیەکی رێکخراو هەر لە سەرەتای تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی جوانەمەرگەوە هەڵمەتێکی ناڕەوا لەلایەن میدیاکانەوە بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئێمەش دەستپێکردووە و بەردەوامیشە، بەبێ ئەوەی ئەم کەیسە لەلایەن دادگاوە یەکلاکرابێتەوە.
ئێمە دەزانین ئەمە کارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە و خەڵکانێک حوکمی پێشوەخت ئەدەن، ئەوەندەی مەبەستیان بەلاڕێدابردن و شێواندنی راستییەکانە ئەوەندە مەبەستیان گەیشتنە ئەنجام و دۆزینەوەی تاڵە دەزووەکانی ئەو تاوانەیە نییە.. لەوەش تێئەگەین کە بەلاڕێدابردن و بەکارهێنانی ئەم کەیسە بۆ مەبەستی سیاسی هیچ کەمتر نییە لە تاوانی تیرۆرکردنەکەی.
ئێمە هەر لە سەرەتاشەوە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتدا قسەمان کردووە و پشتیوانی تەواومان بۆ بەدواداچوون و دەستگیرکردنی هەر کەس لایەنێک ئەم کارەی کردبێ، دەربڕیوە.
بۆیە جارێکیتریش کۆمەڵانی خەڵکیی دڵنیا ئەکەینەوە وەکو پێشتریش رامانگەیاندووە بەوپەڕی سەربەرزییەوە ئەچینە بەردەمی دادگا و پابەند ئەبین بە سەروەری یاسا و لەوێش بێتاوانی خۆمان ئەسەلمێنین، لەکاتێکدا هەموو تۆمەتبارێک بێتاوانە تاکو تۆمەتەکەی بە بەڵگەی یاسایی بەسەردا ئەسەپێنرێ.
ئێمە خەباتمان بۆ دامەزراندنی حوکمی یاسا و بەرز راگرتنی دەسەڵاتی دادوەری کرد.. بڕیاری ئامادەبوونیشمان لەبەردەمی دادگادا هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە لەدوای گرتنەبەری رێوشوێنە یاساییەکان.
ئەو هەواڵە هەڵبەستراوانەش کە گوایە ئێمە بە قەرەباڵغی ئەچینە بەردەمی دادگا هیچ راستییەکی تێدا نییە و هەموو ئەو دەستانەش ئەناسین کە خەریکی ئەو جۆرە وروژاندنەن، وەکو مافێکی سادەی خۆشمان لەبەرامبەر هەر هەوڵێکی چەواشەکارانەی بێ بەڵگە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێت لە دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خۆشمان، بێدەنگ نابین و هەموو رێوشوێنێکی یاسایی راست و رەوا ئەگرینەبەر.
هەرکەسێکیش پێویستی بە بەدواداچوون هەیە دەتوانێ پەیوەندی بە تیمی پارێزەرانی تایبەت بەم کەیسەی ئێمەوە بکات تا وەڵامی راستی دەستبکەوێت.
داواش لە کەسوکاری شەهید کاوە گەرمیانی دەکەین کە بە عەقڵی خۆیان و بە قازانجی ئەو زیانەی لێیانکەوتووە کاربکەن نەک لەژێر کاریگەرێتی پلانی ئەو خەڵکانەی هیچ بەرژەوەندییەکیان

نییە جگەلە تێکدان.
ئەمانەوێ ئەوەش روونبکەینەوە کە لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە گوایە ئێمە هیچ پلەیەکی سەربازیمان نییە، بەپێچەوانەوە ئێمە بە فەرمی خولی سەربازیمان بینیوە و بە فەرمانی فەرمیش پلەی (فەریق)مان وەرگرتووە، جگەلەوە بە فەرمی نوێنەری فەرماندەی گشتی (ە.پ.ک) بووین و هەموو دەسەڵاتەکانی فەرماندەی گشتیمان هەبووە و لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوە سەربازی و پێشمەرگایەتییەکاندا بەشداریمانکردووە و ئەندامی تیمی یەکخستنەوەی (ە.پ.ک) بووین.
دەخوازم هەموو لایەک هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە دەربڕین و بڵاوکردنەوەی زانیاری و خۆیان بەدووربگرن لە کاری پەلە و بێبنەما و ناوزراندن کە لە بەرژەوەندی کەسدا نییە تاکو کارەکانی دادگا و گەیشتنە ئەنجام بە رێکوپێکی بڕوات و هەموو لایەکمان مافی خۆی وەربگرێت، چونکە کەس سوود لە ئاڵۆزاندنی دۆخەکە وەرناگرێ.
مەحمود سەنگاوی
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 26-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 396

## روونکردنەوەیەک لەدەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندام و لانگرانی یەکێتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130923284188532

لەرۆژی 21/9/2013، واتە رۆژی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان و رۆژی دواتریش دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەند سکاڵایەکی یاسایی تۆمار کردووە، سەبارەت بەبوونی پێشلکاری لەپرۆسەی دەنگدان لەشارەکانی دهۆک و هەولێرو سلێمانی، ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکەین بۆ ئەوەی وەڵامی پێویستی سکاڵاکانمان بدەنەوە، بۆیە داوا لەئەندام و دۆست و لایەنگرانمان دەکەین کەهێمنی بپارێزن و چاوەروانی ئەنجامی سکاڵاکان بن.

دەزگای هەڵبژاردنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
2013/9/23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 397

## روونکردنەوەیەک لەسەر خەندەقی نێوان کەرکوک - هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140426143500759844

چەند رۆژێکە لە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن باس لە پشتێنەی ئەمنیی دەوری شاری هەولێر دەکرێت گوایە مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیە، لێرەدا دەمانەوێت بە هاوڵاتیانی خۆشەویستی رابگەیەنین کە پشتێنەی ئەمنیی شاری هەولێر بابەتێکی ئەمنییە و بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش بۆ شاری هەولێر و پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان و رێگرتن لە دزەکردنی تیرۆرستان چەندین ساڵە لە دەوروبەری هەولێر لێدراوە، چونکە هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری هەولێر لە هەموو لایەک کراوەیە و دەشتاییە، هەروەک چۆن پشتێنەیەکی ئەمنی لە دەوری شاری کەرکوک لێدرا کە بە کارێکی باشی دادەنێین و ئومێد دەکەین ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کاری تیرۆرستی لە شاری کەرکوک، ئەوەی ئێستاش باسی لێوە دەکرێت تەنیا گواستنەوەی شوێنی ئەم پشتێنەیەیە بەهۆی فراوانبوونی سنووری شاری هەولێر بە شێوەیەک کە رووبەرێکی فراوانتر بگرێتەوە و بە شێوەیەکی بازنەیی هەر چوار دەوری شاری هەولێر بگرێتەوە و 18 بازگە لەسەر ئەم پشتێنە ئەمنییە هەیە، ئەوەش وەک کارئاسانییەک بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان لە دەوروبەری شاری هەولێر.

لەگەڵ رێزدا
راگەیاندنی
بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر
26/4/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 398

## روونکردنەوەیەک لەوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە 28-10-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141028133241778840

لەژمارەی ئەمرۆی رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، دیمانەیەکمان لەگەڵ کرابوو کە تیایدا بەشێک لەقسەکانم وەکو خۆی نەگوزارابووەوە، بۆیە بەپێویستم زانی ئەم رونکردنەوەیە بخەمە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز وڕای گشتی:

لە بەشی کۆتایی دیمانەکەدا،پرسیارێکم لەبارەی داواکاریەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چەک وجۆری ئەو چەکانەی لەو شەڕەدا پێویستن ئاراستە کرابوو، لەوەڵامدا ئەوەم نیشاندا کە هەرێمی کوردستان داوای جۆرەها چەکی قورسی وەکو هەلیکۆپتەر وتانک ودژە تانک لە وڵاتانای هاوپەیمانان کردوە، ئەوانیش بەڵێنیان داوە (دیراسەی ئەو داوایەی ئێمە بکەن) ودواتر بەشێوەیەکی فەرمی وەڵاممان دەدەنەوە، نەوەکو هاوپەیمانان بەڵێنیان دابێت چەکی قورسمان لەو جۆرە پێبدەن کە ئاماژەم پێیانەوە کرد.

بۆیە لەبەر هەستیاری بارودۆخەکە وبۆ ئەوەی هەموو لایەک لەڕاستی مەبەستی قسەکانم تێبگەن بە پێویستم زانی ئەو رونکردنەوەیە پێشکەش بکەم.

سەفین دزەیی
وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
27ـی ئۆکتۆبەری 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 399

# ڕوونکردنەوەیەکی گرینگ لەسەر شەڕەکەی جەلەولا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072611443277140

لە میحوەری خانەقین جەلەولاوە
بابەت/ ڕوونکردنەوەیەکی گرینگ لەسەر شەڕەکەی جەلەولا

لەرۆژی 23-7/2014 دوای نیوەڕۆ هیزەکەمان واتا لیوای 118 ی باڵەک گواستەوە بۆ ناو ناحیەی جەلەولا کە هێزەکە بریتی بوو لە 200 فەرماندە و ئەفسەر و پێشمەرگە، لەبارەگای فەوجی سێی لیوای 5ی سەر بەوەزارەت چاوەڕوانی کاتژمێری سفرمان دەکر، تا سەعات 1 ی شەو ماینەوە دوای ئەوە هێزەکانمان جوڵاند بۆ دەورو و بەری ناوچەی پارتی و نەخۆشخانەکان بەرەو ئیتیجاهی سەعدیە بەپانای یەک کیلۆمەتر بەرجادەو پشت جادە .

لە شەوی 24-7-2014 کاتژمیر 2:30 شەو پەلاماری بنکەو بارەگاکانی (داعش)مان دا لەناحیەی جەلەولا بە پشتیوانی هێزی 2 کە لیوا حسێن مەنسور سەرپەرشتی دەکرد و هەندی هێزی موتەفەریقە، لەهەمان کاتدا بە پشتیوانی دەبابەو دۆشکەو 106 و راجیمە، بۆ کاتژمێر 8ی بەیانی هەمان رۆژ ئاخیر خاڵی نێوان سەعدیە و جەلەولا پاک کرایەوە خۆشبەختانە دەسکەوتمان هەبوو وەک سەیارە و چەک و تەقەمەنی.

بە فەرمانی کاک مەحمود سەنگاوی کە مەسئولی میحوەرەکەیە لەو ناوچەیەدا ماینەوە لە ماوەی ئەم سەرکەوتنەدا چوار بریندارمان هەبوو لەناویاندا کاک (خالید حاجی عوسمان) کە فەرماندەی فەوجەکە بوو، کورە شەهیدیکی تریش بەناوی (شەماڵ ئەحمد کەرکوکی) قەسرێ یەکێک بوون لە بریندارەکان .

ناوەناوە دوژمن بە هاوەن و دۆشکە و قەناس و بیکەیسی تەقەیان لە ئێمە دەکرد تا ئەو کاتە ورەی پێشمەرگە زۆر بەرز و خۆراگر بوو تا کاتژمێر 11 پێش نیوەڕۆ، لەم کاتە بەدواوە شەڕەکە بەرە بەرە بەرەو قورسی ڕۆیشت، ئێمە وەک لیوای 118ی باڵەک بەر جادەو پشت جادە لە دوو خانودا جێگیر بوین لە کاتژمێر 11:30 فەرماندەیەکی لیوای 6ی پیادەی سەر بەوەزارەت لەم سنوورەدا پەیوەندی پێوە کردم وتی زۆر وریابن هەندێک هێزی داعش بۆلای ئێوە هاتن، قسەکەی ڕاست بوو ئەوە بوو لە سێ لاوە پەلاماریان داین شەڕەکە زۆر قورس بوو، منیش پەیوەندیم بەکاک مەحمود سەنگاویەوە کرد پێم وت کاک حسێن مەنسور ئاگادار بکەوە شوێنەکەی خۆی بەجێنەهێڵێت وتی، بەسەر چاو ئاگاداری دەکەمەوە دواتر لەدەستە ڕاستی خۆمان لەگوندی تبج کاک لیوا مەردان خۆی و لیوای کاک حاجی عوسمان جێگیر بون پشتیوانی ئێمەیان دەکرد و لەدوژمنیان دەدا بە راجیمەو دۆشکە بۆئەوەی نەتوانن بێنە پێشەوە، خۆشیان شاهیدی ڕاستیەکەن .

ئەوە بوو تا دەهات دوژمن نزیکتر دەبویەوە دەمەوێت ڕاستیەک بخەمە بەرچاوی پێشمەرگە قارەمانەکان و کەس و کاری شەهیدان و کەمئەندامانی سەنگەر و ئەو هێزانەی لە ناوچەی میحوەری خانەقین جەلەولادان ئەم شوێنانەی سەرکەوتنمان تێدا بەدەستهێنا چۆن کەوتەوە دەستی دوژمن.

-1لیوا حسێن مەنسور کە مەسئولی هێزی پشتیوانی 2 وە ئەم هێزە بریتیە لە دەبابە و تۆپی گەورەو راجیمە و 106 و دۆشکە و هاوەن، کاتژمێر 12:30 ئاگادار کرامەوە لەلایەن جێگری لیوا کاک رەسوڵ قەندە کە تەنیا ئێمە ماوینەتەوەو لیوا حسێن مەنسور هەڵاتووە ئەم چەکانەشی لابووە کاتی هەڵاتن 3 دەبابە و 3 هەمەر و 106 و 6 دۆشکای سەر مێکزەمین و دەیان بیکەیسی و

قەناس و زیاتر لە 100 سەرباز.

-2کاتێ ئەمەمزانی پەیوەندیم بە کاک مەحمود سەنگاویەوە کرد کە ناوبراو هەڵاتوە وە کاک محمود بۆ دڵنەوای من ئەی وت لەلاتان ماوە، بەڵام من بەچاوی خۆم و بەشاهێدی 30 پێشمەرگەی خۆمان بینیمان کەسی لێ نەماوەو شەهیدێکی لیوای 5 جێماوبوو کە پێشمەرگەکانمان بینیبویان .

-3لە کاتژمێر 1:30 شەڕەکە زۆر قورس بوو بەردەوام بووین تا کاتژمێر 2 دەیان لە دوژمنانمان کوشت لەکاتژمێر 2 هەواڵی شەهید بوونی کاکە عەمید (سەرباز گراوی) و بریندار بوونی دوو پێشمەرگەی تریان بۆ هێنام لەم کاتەشدا هیچ تەقەمەنیمان پێنەمابوو کە چەکەکانمان بریتی بوون لە بیکەیسی و قەناس و ئارپیجی و کلاشینکۆف.

-4ئێمە بۆیە شوێنەکەمان بە جێ هێشت نە هێزمان بۆ هات و نە تەقەمەنیشمان بۆهات دواتر دڵنیا بووم کە نە هێز نە تەقەمەنیشمان بۆ نایەت منیش گیانی پێشمەرگەم بەلاوە گرینگتر بوو.

-5بەو هێزەی مابویەوە دەمانتوانی تەنها شەهید و بریندارەکانمان دەرباز بکەین و نەکەوینە بەر دەستی دووژمن.

-6ئەو کاتەی شەهیدو و بریندارەکانمان گەیاندە نەخۆشخانەی جەلەولا کە ماوەی یەک کاتژمَیر بە پێ ڕێگامان پری، بەردەوام دوژمن تەقەی لێ دەکردین.

دوای ئەوە پەیوەندیم بە کاک محمود سەنگاوییەوە کرد کە لێپرسینەوەک بکرێت لەگەڵ من و حسێن مەنسور دا بۆچی ئێمەی ئاگادار نەکردینەوە لە هەڵاتنەکەی .
ئێمە وەک یەکەی 118 ی باڵەک داوای یاسایی لە هێزەکانی 70 لەسەر تۆمار دەکەین ماوەی دوو ڕۆژە چاوەڕوانی وەڵامی کاک مەحمود سەنگاویم بەڵام تا ئێستا وەڵامی نەبووە بۆیە ئەم روونکردنەوە دەخەمە بەرچاوی هەموتان و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تا چیتر ئەم هەڵانە دووبارە نەبنەوە و کوڕی خەڵک بەکوشتن نەچێت .

لەکۆتایدا هەزاران سلاو لە گیانی برا شەهیدەکانمان داواکارم خوای گەورە بەبەهەشتیان شاد بکات و بریندارەکانمان زوو چاک بنەوە.

لیوا صلاح دیلمانی
یەکەی 118ی باڵەک 26-7-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 400

## رووکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی و بەتایبەتی شاری کەرکووکی خۆشەویست لە بنەماڵەی شەهید عادل یارەولی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818225624858

دوێنێ ڕێکەوتی 17-8-2015 لە کاتێکدا یادی 41 ساڵەیی شەهید بوونی (عادل یارەولی) بوو بەڵام دەستێکی ڕەش و ترسنۆک و دوژمن هەڵساوە بە سووتاندنی وێنەی شەهید لە گەڕەکی عاشوور

)ئیمام قاسم) لەشاری کەرکووک .
ئێمە وەکو بنەماڵەی شەهید ئەم کارە ترسنۆک و دوژمنانەیە رسوا دەکەین و لە بیری ناکەین، ئەوانەی هەڵساون بە ئەنجامدانی ئەم کارە نا شرین و ترسنۆکانەیە، لەهەر شوێنک بن ئەبێت بە سزایی خۆیان بگەن .
ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجام داوە چۆن شەرم نایانگرێت، لەخەبات و تێکۆشانی شەهید عادل یاروەلی و ئەحمەدە سووریاروەلی برای، شەهید عادل یاروەلی ئەو شەهیدەیە کە دوژمن بە شەهید بوونی هێشتا لە خۆی و احمدە سوور یاروەلی و بنەماڵەکەی ئەترسێ.کە هەموو ژیانیان لە پێناو خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان تەرخان کردووە، ئەم حەقیقەت هەموو خەڵکی بەشەرەفی شاری کەرکووک و گەلی کوردستان ئەزانن کە ئەحمدە سوور یاروەلی و عادل یاروەلی و بنەماڵەکەی کێن و چین. رۆژێک لە رۆژان خیانەتمان نەکردووە لە گەلەکەمان، سەربەرزین کە شکۆی خۆمانمان پارستووە لە هەر هەڵەیەک سوپاس بۆ خوای گەورە .
دڵگرانین و بەداغین و وا هەست ئەکەین دووبارە شەهید (عادل یاروەلی) یان شەهید کردەوە دووبارە هەمان جەلادەکانی زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارەیان داوەتەوە. جاری یەکەم لەبەر چاوی باپیر و داپیرم لەسێدارەیاندا، لە پێناوی کورد و کوردستان، ئەمرۆ بەدەستی کورد وێنەکەی تێکدەدرێت لەبەر چاوی پارێزگارێکی کورداو خەڵکی کەرکووک .
کاری ترسنۆکانە هەر لەو کەسانە ئەوەشێتەوە کە ئەمرۆ ئەیانەوێت کوردستان ونەتەوەی کورد بە ئاقارێکی ترسناک بەرەن .
ئەو شەهیدەی لە پێناو سەربەخۆیی و شەرەف و کەرامەتی نەتەوەکەی گیانی خۆیی کردە قوربانی کورد و کوردستان لەوێنەکەی ئەترسن ؟
ئەم کارەی ئێوە ئەنجامتان داوە ئەو پەڕی نامرۆڤایەتی و ترسنۆکانە ولەرزۆکانەیە .
ئەوانەی دوژمنی پارتی و ڕێبازی بارزانین لەشەهیدەکانی ئەم ڕێبازە دەترسن. بۆیە پەلاماری وێنەکانیشیان ئەدەن.
لە کۆتای دا زۆر بەداغەوە. دوژمن تۆی نەسووتان بەڵام ئەو کەسانەی کە تۆ هەوڵدا بە ئازادی بژین تۆیان سووتان، خۆشەویستیم عادل یاروەلی لە ئێمە ببورە روحت شادبێت کە وامزانی ساڵیادت بۆ ئەکرێت تۆ بە جوانە مەرگی لە تەمەنی 28 ساڵیت گیانت بەخت کرد، بەڵام دەستێکی ڕەش هەڵستاوە بە سووتانی وێنەکەت لە دژی پارتیمان تۆ شەهیدی کوردستانی نەک موڵکی یەک لایەن. ئەوانەی ئەوکارە بێ ڕەوشتیان کردووە ڕێزیان لە ماندوو بوون خەباتی تۆیان نەگرتووە کە پێش لە سێدارەدانت بە زیندووی چاوەکانی تۆیان دەرهێنا و نینۆکی دەست و قاچەکانتان دەرهێنا ئەنجا لەسێدارە درایت .
وەکو بنەماڵەی عادل یاروەلی داواکارین لایەنی پەیوەندی دار بەکاری خۆیان هەستن، داوا لە سەرکردایەتی پارتیمان ئەکەین کە بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت بۆ دووبارە نەبوونەوەی برینەکنمان کە ئێستا بریمنان کولایەوە .
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هەر دوو برایی تێکۆشەری کورد و کوردستان ئەحمدە سوور یاروەلی و عادل یاروەلی و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان .
سەر شۆری بۆ دوژمن و ناحەزان و ترسنکۆ ڕەفتارەکان.
شوان ئەحمدە سوور یاروەلی
لە جیاتی بنەماڵەی شەهید عادل یاروەلی
18-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •ەزمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 401

## ڕۆژنامەنوسانی چەمچەماڵ داوای ئاشکراکردنی بکوژەکانی کاوە گەرمیانی دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120611433287397

بۆڕای گشتیی خەڵکی کوردستان
ئە و دەستە ڕەشەی بۆ لەناوبردنی ئازادی و وشەی ڕاست بەکارە، جارێکی دیکە دەستی چووە چووە خوێنی ڕۆژنامەنووسێکی بوێری تری کوردستان و جارێکی دیکە ئە و پەیامەی بەخەڵکدا کە هێشتا وشەی ئازاد و ڕۆژنامەنووسی ئازا و باسکردنی ڕاستییەکان یاساغە و خوێنی ڕۆژنامەنووس و نوسەرانی لەسەر دەڕژێت، لەکاتێکدا ئێمە لەهەوڵی ئاشکراکردنی بکوژانی سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان و عەبدلستار تاهیر شەریف و یەعقوب ڕەسوڵ بەردەوامین و نیگەرانییەکانمان بەوپەری هێزەوە دەردەبڕین، ئە و دستەی ڕەشە خوێنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانیشی ڕژاند.
ئێمە وەک ڕۆژنامەنووسانی چەمچەماڵ بەهەموو توانامانەوە ئیدانەی ئەوکردەوە تیرۆرستی و ترسنۆکانەیە دەیکەین و پێمان وایە تائێستا لەم هەرێمەدا کەسانێک هەن بوونی وشەی ئازاد و ڕۆژنامەی ئازاد بەهەڕەشە بۆسەر خۆیان دەزانن و کوشتن و تیرۆرکردن و گوللەبارانکردنی ڕۆژنامەنوسان سەرەتاییترین وەڵامی ئەوانە.
ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی چەمچەماڵ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکەین، بە زوترین کات بکوژانی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی ئاشکرا بکرێت، لەهەمان کاتدا جەخت دەکەینەوە کە چیتر بواری دان بەخۆدا گرتن نەماوە و پێویستە بەزوترین کات بکوژانی ڕۆژنامەنووسان ئاشکرا بکات و بەخەڵک بڵێت، ئەوە چ دەستێکە بەگوللە جوابی وشە دەداتەوە.
ناوەکان:
-1سلێمان جەرجیس
-2سوارە بیلال
-3ئاسۆ شوانی
-4ئاری لوقمان
-5رزگار جەبار
-6هەژار بابان
-7هێمن ئەحمەد
-8سۆران نەجات
-9کاروان عوسمان شوانی
-10شوان مەدحەت
-11ئیسماعیل هەنارەیی
06-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 402

## ڕۆژنامەنووسان لەدادگاکانی سلێمانی نیگەرانن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140318232044558867

له ساڵی 2007ەوە له هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتمان هەیە بەرۆژنامەگەری، ئەویش یاسای ژمارە (35) ە کە پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ رەزامەندیی لەسەر نیشانداوە، بەڵام ماوەیەکە هەندێک لە دادوەرە بەڕێزەکانی دادگاکانی سلێمانی بۆ کەیسەکانی پەیوەست بەمیدیاو رۆژنامەوانی لە سنووری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و دادگاکاندا، له بری یاسای رۆژنامەگەری له کوردستان ژمارە 35 بە ماددەو بڕگەکانی یاسای سزادانی عیراقی، رۆژنامەنووسان دادگایی دەکەن، یان هەوڵدەدەن بەو یاسا عیراقیە کەیسەکان بەڕێبکەن..
هاوکات داواکاری گشتی له سلێمانی بەپێی ماددەی 403ی سزادانی عیراقی داوای لەسەر گۆڤارێک تۆمارکردوە، ئەمەش وەک گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر وایەو مایەی نیگەرانیە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی هەرێمەکە.
ئێمەی رۆژنامەنووسان خۆشبەختانە شانازی بە یاساکەمانەوە دەکەین، کە بەبەراورد لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو لەئاستێکدایەو گەر زیاتر ئازادی دەستەبەر نەکردبێت ئەوا کەمتر نیە..
بۆیە لە ئان و ساتێکی وەهادا رێگا نادەین بمانگەڕێننەوە چوار گۆشەی یەکەمی ئازادی وتن و رادەربڕین و زۆر بە روونی و راشکاوانە دەڵێین: ئێمەی رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا یاسایەکی تایبەتمان بەرۆژنامەگەری هەیە ئیتر پێویست ناکات دادوەرە بەڕێزەکان یاسای سزادانی عیراقی کەلە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا نوسراوە بەکاربهێنن..
بەنووسراوی رەسمیش دادگاکانی سلێمانیمان ئاگادارکردوەتەوە، بۆیە داواکارین ئەو کەیسانەی بە یاسا عیراقیەکە تۆمارکراون بەزووترین کات بگۆڕدرێن بە یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە 35 چونکە ئەوەی ئازادیی بێت لەیاسای سزادانی عیراقیدا بەدی ناکرێت.. ئێمەش لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تەنها مل بۆ یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان دەدەین..
لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
18/3/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 403

## رۆژنامەی (الاحرار) ژمارە 1470 چوارشەمە 9ی تەمووزی 1930

http://www.kurdipedia.org/?q=20150105221652845373

...


الأحرار

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 404

## رۆشنبیر و رۆژنامەنوسانی هەڵەبجە: ئیدانەی ئە و دەستەڕەشانە دەکەین کە هەوڵی تیرۆرکردنی دەنگە دلێرەکانی رۆژنامەگەری ئازاد دەدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20131207133017873766

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان
رای گشتی و دام و دەزگاکانی راگەیاند
هەوالی تیرۆر کردنی کاکە کاوە گەرمیانی رۆژنامە نوس و چالاکی دیاری دژە گەندەڵی توشی خەمی کردین، خەم بۆ گیان لەدەست دان و خەم بۆ بەر تەسک بونەوەی مەودای ئازادی و ئاسایش و دیموکراسی، کە زۆر شاغنازیان پیوە ئەکەین و کاتیک دێینەسەر باسی دەست کەوتەکان شانازی زۆر بەم چەمکانەی سەرەوە زۆر دەکەین.

ویرای ئەم کۆستە جارێکی دیکە کاکە سۆران و کاکە سەردەشت و سەرجەم کاکەکانی کەی شەهیدی ڕادەرپرینی ئازاد برینیان لە دڵماندا دێنەوە سوێ.

لێرەوە بەناوی ڕۆشنبیران و ڕێکخراروەکان و ڕۆژنامەنوسان و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەڵەبجەی شەهید بەتوندی ئیدانەی ئە و دەستەڕەشانە دەکەین کە هەوڵی تیرۆر کردنی دەنگەدلێرەکانی ناوڕۆژنامەگەری ئازاد و چالاکوانانی بوێری خاوەن پەیام دەدەن بەرپرسیارێتی گەورە لەپاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان لەئەستۆی هێزەکانی ناوخۆیە و دۆزینەوەی تاوانباران وئاشکراکردنیان دیسانەوە لە ئەستۆی ئەوانە لێرەوە پەیمان دوپات دەکەینەوە کە هەمیشە بەرگری کارێکی باشی مافەکانی هاووڵاتیان بین و سەرسەختانەتر دژی گەندەڵی و گەندەڵکاران بوەستین خوێنی شەهیدانی ئازادی سورترمان دەکات.

دەستەیەک لە ڕێکخراوەکان و ڕۆشنبیران ورۆژنامەنوسان و چالاکانی مەدەنی لەهەڵەبجە
6/12/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 405

## ڕێنمایی نوێی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150318140403849903



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 406

## ڕێنمایی وەزارەتی دارایی لەسەر پێشینەی شەهیدانی شەڕی داعش

http://www.kurdipedia.org/?q=201506180917358570



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری دۆکومێنت: | •-•زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 407

## ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکگرتوو لەسەر پێکهێنانی حکومەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042815101675999

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ڕێکەوتنامەی هەردوو وەفدی دانوسانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

ئەمڕۆ دووشەممە ڕێکەوتی 2014/4/28 هەردوو وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان - هەولێر کۆ بوونەوە و لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و ئامادەسازی بۆ ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی قۆناغی داهاتووەمان و بەمەبەستی پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەشی بنکەفراوان کە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلی کوردستان و بێت و بە ئامانجی خزمەتکردنی هاووڵاتیان بە دادپەروەرانە و بێ هیچ جیاوازییەک، هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتن:

-1کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەسپێکی قۆناغێکی سیاسیی نوێ دەبێت لە کار و ئەرکی حکوومەتدا کە هەردوولامان و هەموو لایەنە بەشدارەکان بە گیانی بەرپرسیاریەتیەوە کار بۆ ئیرادەیەکی سیاسیی هاوبەشی چاکسازیی هەمە لایەنە و گشتگیر بە گوێرەی بەرنامەکانی چاکسازیی هەموو لایەنەکان و بەشداری و شەراکەتێکی ڕاستەقینە لە جومگەکانی داڕشتن و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی و ئیداری لەم کابینە نوێیەدا بکەن.

-2هەردوولا تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە پرنسیپی هاووڵاتیبوون پێوەر و بنەمای

سەرەکیی ئامانجی کاراترکردنی حکوومەت بێت، ئەمەش بە پابەندبوون بە یاساسەروەری و دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە دەستێوەردانێک لە کاروباری وەزارەتەکان و دامەزراوە و دەزگاکانی حکوومەت دەستەبەر دەبێت.
-3هەردوولا پێکهاتن لەسەر ئەوەی کارنامەی حکوومەتی بنکەفراوان و بەرنامەی سیاسەتە گشتییەکانی لە لایەن لێژنەیەکی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکانی کابینەی هەشتەمەوە ئامادە دەکرێت و پێکەوە کار بۆ پشتگیری و سەرخستنی ئەم کابینەیە و بەرنامەی کاری حکوومەتە هاوبەشەکە بکەن.
-4کاری هاوبەش بۆ کاراترکردنی ڕۆڵی پەرلەمان وەک نوێنەری ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سەرچاوەی دەسەڵاتەکانی لە ئەرکەکانی یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوون و پرسینەوە لە دامودەزگەکانی حکوومەت و بڕیارە چارەنووسسازەکانی هەرێمی کوردستاندا دووپات کردوە.
-5هەردوو لایەنی وەفدی دانوسانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە پشکی یەکگرتوو لە کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
-1وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
-2وەزیری کارەبا.
-3وەزیری هەرێم بۆ کاربارى پەرلەمان.
-4وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.
-5فەرمانگەی کاروباری ڕێکخراوەNGO کان.
-6بەشداریکردن لەهەموو پۆست و پلەیەکی دیکەی حکوومەت و دەسەڵاتدا.
پارتی دیموکراتی کوردستان
فازل میرانی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
مولود مراد محی الدين

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 408

## زانکۆی سلێمانی ڕونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە دەربارەی دەنگۆی دابەزینی ریزبەندی زانکۆی سلێمانی بەراورد بە زانکۆکانی تری کوردستان و عیراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20150408162214850920

ماوەیەکە لە ماڵپەرو دەزگای ڕاگەیاندنەوە باس لە ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان و عیراق دەکرێت و بە ئاستێکی نزم لە قەڵەم دەدرێن و لە و نێوەشدا ناوی زانکۆی سلێمانی لە ریزبەندی دواوە دێت.

ئێمە لێرەدا وێرای ئەوەی دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە ئاستی زانستی و ئەکادیمی دوورە لە و ئاستەی کە لەگەڵ خواست و هیواو ویستی ئێمەدا بێتەوە، هاوکات پیرۆزبایی لە و زانکۆیانە دەکەین کە لە ئاستێکی بەرزتردا دەرکەوتوون.

بەڵام بەپێویستی دەزانین ئە و راستییە بخەینە پێش چاوی هەموو لایەک، تا چیتر ئە و بابەتە بە

هەڵە نەبێتە بابەتی هەواڵ و مانشێتی رۆژنامە و ماڵپەڕەکان و بەهەڵە شیکردنەوە و لێکدانەوەی نازانستی و نالۆژیکی بۆ نەکرێت، بەجۆرێک خەڵکانێک قسە لە و بابەتە دەکەن، کە رەنگە هیچ لە بنەما زانستی و ئەکادیمییەکانی ریزبەندی نەزانن .

-1ئە و ریزبەندییەی کە شەش مانگ جارێک دەردەچێت، ریزبەندی نێوەوڵەتی نییە و بە هیچ جۆرێک لەسەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی راستەقینە نییە، بەڵکو ئەم ریزبەندییە لەلایەن گروپی توێژینەوەی ئیسپانی ناسراو بە (CSIC) ئەنجامدەدرێت، کە ریزبەندی (وێبمیتری)یە و لەسەر بنەمای دەرکەوتن و ئامادەیی ئە و دامەزراوە، یان زانکۆیە لەسەر ماڵپەڕ بە شێوەی ئەلیکترۆنی جیاوازو لەسەر ئە و شتانەی ئە و زانکۆیە لەسەر ماڵپەڕەکەی بڵاوی دەکاتەوە.

هەر بۆیە زۆر لە دەزگا ئەکادمییە پێشکەوتووەکان و زانکۆ بەناوبانگەکان کە لە ریزبەندی ئەکادیمیدا زۆر لەپێشەوەن، بەڵام لەم ریزبەندییە وێبمیترییەدا لە دواوەن. بۆیە بەشێوەیەکی رێژەیی ئە و گرنگییەی نییە بۆ پیشاندانی ئاستی راستەقینەی ئەکادیمی ئە و زانکۆیە .

-2ئە و دەزگایانەی لە جیهاندا باوەڕپێکراون بۆ دەستنیشانکردنی ریزبەندی ئاستی زانکۆکان لە جیهاندا (سێ) دەزگای زانستی گەورەن، کە ساڵانە لیستی ریزبەندی زانکۆکانی جیهان بڵاودەکەنەوە بەتایبەت 500 پێنجسەد یەکەمین زانکۆ لەسەر ئاستی جیهان. کە بێگومان بەداخەوە نەک زانکۆکانی کوردستان لە و 500 زانکۆیە جێی نابێتەوە، بەڵکو زۆر لە زانکۆکانی جیهان تەنانەت ئەوروپی و ئاسیایش جێگەیان نابێتەوە، یان بە دەگمەن. ئە و سێ دەزگایەش بریتین لە (تایمس، شەنگەهای، کواکوریللا سایموند.(

بنەما سەرەکییەکانی ئە و پلەبەندییەش بریتین لە کۆمەڵێک پێوەر کە هەر پێوەرە و سەنگ و قورسایی تایبەت بەخۆی هەیە لە هاوکێشەی دۆزینەوەی پلەیەندییەکەدا لەوانە :

أ- چەند ئەکادیمی یان توێژەرو دەرچووی ئە و زانکۆیە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.

ب- چەند توێژینەوەی توێژەرانی ئە و زانکۆیە لە گۆڤاری (ساینس و نەیچەر) بڵاوکراونەتەوە، کە بەرزترین گۆڤاری زانستین لە جیهاندا .

ج- چەند توێژینەوە لە گۆڤاری پلەبەرز بڵاوکراونەتەوە و سایتەیشنی بۆ کراوە.

د- ژینگەی خوێندن و ئاستی تاقیگە و رێژەی مامۆستا بۆ خوێندکارو ژمارەی مامۆستاو خوێندکاری نێودەوڵەتی لە و زانکۆیەداو کۆمەڵێ پێوەری زانستی تر .

لەگەڵ ئەوەدا کە خۆشبەختانە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا زیاد لە 300 توێژینەوەی زانستیان لە گۆڤارە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەکان بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت (ساینس و نەیچەر)یش. بەڵام زۆر لە پێوەرەکانی تر لەم سیستەمە ناسەربەخۆو تەوقکراوەدا ئەستەمە جێبەجێبکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا رەخنە لەخۆمان دەگرین و بەرپرسیارین لە و پلە و ریزبەندییەی لە وێبمیترییدا بۆ زانکۆمان دیاریکراوە و هۆکارەکەشی کۆمەڵێک فاکتەری تەکنیکی و ئیدارییە کە ئێستا لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیداین.

بە و هیوایەی زانکۆی سلێمانی وەک هەمیشە لە پێشکەوتن و فراوانبوون سەرمەشقیدابێت. هەروەک هیواخوازین بە زووترین کات ریزبەندی نیشتمانی لەسەر پێوەرە زانستییەکان داڕێژرێت، تا بزانرێت کام لە زانکۆکانی کوردستان لەپێشەنگدایە و کام زانکۆیە باشترین توێژینەوەی زانستی بەبەراورد بە زانکۆکانی تری کوردستان و عیراقیش پێشکەش دەکات..

لە هەمووی گرنگتر سەربەخۆ بوونی دەزگاکانی خوێندنی باڵایە، کە هیواداریین لە ئایندەیەکی

نزیکدا ببینین .

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی
8/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 409

## زەبروزەنگی داگیرکارانی کوردستان لە ئێران و تورکیا و سوریا بەتووندی لەسەر گەلی کورد مەحکومە!

http://www.kurdipedia.org/?q=20130807130738892477

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان (رەوتی یەکگرتنەوە)
پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)
03-12-2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 410

## زەحمەتکیشان: سەرکردایەتی کورد لەدانوستانەکانی سەرکەوتوو نەبوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20140911111023773392

جەماوەری کوردستان..
ئەوەی ئێمەی نیگەران کرد شێوازی بەشداریکردنی پێنج لایەنەکەی کوردستانییە لەم حکومەتەدا.کە بەداخەوە ئەمجارە ئەوان لەجیاتی ئەوەی کارەکتەری بەهێزی پرۆسەکە بن، بەبێ هیچ زەمانەتو دەستپێشخەریەکی نیازپاکانەی لایەنی شیعە ناچاری بەشداریکردن لەو کابینەیە کران. بەمەش یەکەم هەنگاوی کابینەی عەبادی بەبێ رەچاوکردنو جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد دامەزرا، لەو مەسەلەیەش سەرکردایەتی سیاسی کورد لەژێر هەر بیانویەک بێت لەو وتووێژو دانوستاندن بۆ حکومەتی تازەی عیراق نەک هەرسەرکەوتوو نەبوو، هەروەها ئەو راستییەش دووپات بۆوە کە دەوڵەتی عیراق بەهەمان عەقلی شۆڤێنی جاران بەڕێوە دەچێو گۆرینی ناوەکانو سەرۆکی حکومەت جیاواز لە دەساڵی رابردوو نابێت.
بەسەرچاوەگرتن لەو راستیانە ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان هیچ گەشبینییەک لەم حکومەتە نابینین بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپاشەکشەیەکی گەورەی دەزانین لەهەڵوێستی

لایەنەکانی دانوستانکار بەرامبەر بەداخوازییەکانی کورد، بۆیە لەسەر سەرکردایەتی کوردو هێزە سیاسییەکان پێویستە بیرێکی جدی لەو دۆخە بکەنەوەو کاتی ئەوە هاتووە کورد لەدەوڵەتی عیراق بە ستراتیژو گوتارێکی هاوبەش لە ئایندەو چارەنووسی خۆی بڕوانێت.

ئەنجومەنی کارگێری
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
هەولێر - 2014/9/9

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 411
## ژمارەیەک بەرپرس و کادیری کۆمەڵی ئیسلامی هەڕەشەی جیابوونەوە دەکەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20140607160409100642
...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 412
## ژمارەیەک پەرلەمانتاری یەکێتی روونکردنەوە دەدەن سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم
http://www.kurdipedia.org/?q=20130630140741897725
بۆ رای گشتی خەلکی کوردستان
بۆ دۆست و هەڤالانی یەکێتی
خەلکی بەپەرۆشی کوردستان، هەڤالانی خۆشەویست، دلسۆزانی یەکێتی.
ئێمەی پەرلەمانتارانی یەکێتی بەدەنگی ئێوەو بە رەنجی ئێوە دەرچووین بۆ پەرلەمان، ماوەی چوار ساڵە چیمان لەدەست هاتبێ بۆ خزمەتی خەلک و یەکێتی کردوومانە، وێرای قورسایی پاراستنی رێککەوتنی ستراتیژی و لە زۆر دۆخیشدا وێرای تێکەڵکردنی هەموو کارتەکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بەمەبەستی موزایەداتی سیاسیان. لەم پێناوەشدا قوربانی و باجی گەورەمان داوە، ئەوەی ئێستاش لەپەرلەمان پەسەند کراوە دەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان قەناعەتی ئێمەو دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ دۆخی واقیعیی هەرێم و خزمەتکردنی هاولاتیان.
ئەوەی پەسەندکراوە چیە؟
بەر لەهەر شتێ ئەم بڕیارە بۆ گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوور بووەو بۆ خزمەتی دۆخی چەقبەستووی هەرێم بووە، چۆن؟
1-ماوەی دوو ساڵە سەبارەت بەم پرسە گفتوگۆ لە ئارادایە، کە ئایا گەڕانەوەی پرۆژەی دەستور یاساییە یان نایاساییە؟ چەندین کۆڕو سمینار، چەندین کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان، دەیەها

لێدوان و وەلامی ئاگرین لەم بارەیەوە درا، بەلام بەپەسەندکردنی ئەم پرۆژە بڕیارە ئەم گرێ کوێرەیە چارەسەر کراو کرایەوە، کە تیایدا بەدەقێکی راشکاوانەو دوور لە هەلگرتنی هیچ تەفسیرێکی یاسایی هاتووە: (دەستور هەموار دەکرێتەوە بە سازان لەم ماوەیەدا). لە ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و پارتیشدا باس لە هەموارکردنەوەی سیستەمەکە کراوە بۆ پەرلەمانی. چونکە خودی سازانەکە لەسەر ئەم مەسەلەیەو چەند بڕگەو ماددەیەکی ترە، بۆیە لەڕووی یاساییەوە نەدەکرا لەبڕیارەکەدا جێی بکرێتەوە، بەم شێوازە ئەم پرسە چارەسەر کراو ئەم لەمپەرە لادرا و ئەو ترسە رەوێنرایەوە کە دەیوت: (دەستور نابێ بگەڕێتەوە). وەئەگەر دەڵێن ئەم دەقە بۆ ئاییندە زامن نیە و پارتی پێوەی پابەندنابێت، ئەوا لەبەرامبەردا درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم بە مەرجە. لە ئەگەری رازی نەبوونی پارتی لە ئاییندەدا بۆ چارەسەری کێشەی دەستوور، سەرۆکی هەرێم ماوەکەی بۆ دوو ساڵەو دوای ئەمە دێتەوە بەردەم پەرلەمان و لەپەرلەمانیش پێویستی بەدەنگ و پشتیوانی یەکێتییە.
بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجە گرنگەو جێبەجێکردنی بڕیارەکە، ئەرکی ئایندەی پەرلەمان و هەموو هێزەکانە کە لە ئێستاوە کار بکەن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (2)ی بڕیارەکە کە سازانی دەستور و هەمواری سیستەمەکەیە بۆ پەرلەمانی و راپرسی کردن لەسەری.
-2خاڵی دووەم (ماوەی سەرۆکی هەرێم بۆ دوو ساڵ درێژکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی دووبارە بۆی هەبێت بۆی درێژ بکرێتەوە.(
ئەم خاڵە بۆ؟
سازانی نیشتمانی واتە لە گفتوگۆ و دانوستاندندا کاتێک لایەنێک دوو خاڵی مەبەست بێت خاڵێک بەدەست دەهێنێ و بە خاڵێکیش قوربانی دەدات.
هەر لەبەر ئەمەش یەکێتی قوربانی دا لەپێناو گەڕانەوەی دەستور، بۆیە رەزامەند بوو بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێم، لەبەر ئەوەی پارتیش یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستانە، بۆیە کاتێک سازان بکرێت دەبێت پارتیش بەشدار بێت، خاڵی داواکاری پارتیش چارەسەری کاندیدکردنەوەی بارزانی بوو، سەرەتا لە ڕێگەی هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە بوو، بەلام ئێمە رەتمان کردەوە، دوواتر راپرسی بوو لەسەر پرۆژەی دەستور، ئەویشیان لەلایەن مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە رەتکرایەوە، دوواتر درێژکردنەوەی ماوەکەی بوو بەبێ مەرج، ئەویشمان بەباش نەزانی و رەتمانکردەوە، دواتر درێژکردنەوەی ماوەکەی بوو بەمەرج، ئەمەیان قبوڵکرا. بەلام دەکرێت ئەو پرسیارە لە پارتی بکرێت کە بۆچی پێداگری لەسەر ئەم خاڵە دەکات، (هەرچەندە بەڕای ئێمە مافی هەر هێزێکە لەسازانی نیشتمانی و گفتوگۆدا پێداگری لەسەر چ داوایەک دەکات و قوربانیش بەچی دەدات)، نەک بۆچی یەکێتی قبوڵی کردووە، چونکە یەکێتی لەبەرامبەردا دەستوری گەڕاندۆتەوەو لەهەولی گۆڕینی سیستەمی حوکمرانییە بۆ پەرلەمانی.
-3لەلایەن بەشێکی زۆری رۆشنبیران و ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە پێش ئەم پرۆژەیە بیرۆکەی گەلالە ببوو کە بۆ چارەسەری ئەم داواکارییەی پارتی، ئێمە پرۆژەیەک ئامادە بکەین و هەندێ خاڵ بەدەست بێنین، لەوانە (گەڕانەوەی دەستور، پێکهێنانی لیژنەی لێکۆلینەوە لە ئاماری دەنگدەرانی هەرێم، کەمکردنەوەی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم،.....هتد). بەلام ئەم رێککەوتنەی یەکێتی و پارتی پێش ئەم پرۆژەیە کەوتەوە.
-4شێوازی گفتوگۆو پەسەندکردنی:
ئێمە هەندێ تێبینی و سەرنجمان لەسەر شێوازی پەسەندکردنی پرۆژە بریارەکە هەبووە لەروی شکلیەوە، کە ئەوسەرنج و تێبینیانەمان هەلگرتبوو بۆ هۆلی پەرلەمان لەکاتی نوسینەوەی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیداردا لەگەل سەرنج و تێبینیەکانی ئۆپۆزسیۆن بەیەکەوە پرۆژەکە دەولەمەندتر بکەین لەسەری بسازێین و هەمووومان کۆکبین لەسەری. وە لەسەردانی چەند هاورێیەکمان بۆلای برادەرانی ئۆپۆزسیۆن ئەمەشمان پێراگەیاندوون، بەلام ئەوان هیچ وەرەقەیەکیان ئامادە نەبوو و لەنێو هۆلی پەرلەمانیشدا هەر لەگەل یەکەم خوێندنەوەیدا بەر لە هەر شتێک پەشێویان نایەوەو بواری گفتوگۆکردنیان نەدا، جگە لەمە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لەوەلامدا پێی راگەیاندین کە لەم چەند رۆژەدا سەردانی لێپرسراوی یەکەمی هەر سێ حزبەکەی ئۆپۆزسیۆنیان کردووە، ئەوان داوای یەک خال دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە (مەسعود بارزانی) بێتە پەرلەمان خۆی هەلبژێرێت، ئەمەش لەگەل ئەو خالە نایەتەوە کە پارتی داوای دەکات کە پارتی پێداگیری لەسەر دەکرد. بەپێی ئەمەش ئۆپۆزسیۆن لەجیاتی رێکەوتن و سازان داوای سەپاندنی مەرجی پێشوەختیان دەکرد کە ئەمەش لەگەل هیچ سازانێکدا ویکنایەتەوە.

-5سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانیش، لە رێکەوتنەکەی مەکتەبی سیاسی و بڕیارەکەی پەرلەمانیشدا هاتووە، بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروستنەبێت لەنێوان تەواو بوونی خولی سێیەم و دەستبەکار بوونی خولی چوارەم، ماوەی کارکردنی خولی سێیەم درێژکرایەوە لە 2013/8/20 تەواو دەبێت تا 2013/11/1، نەک دواخستنی هەلبژاردن کە بڕیارە لە 2013/9/21 دەکرێت.

ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
لە پەرلەمانی کوردستان
1/7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 413

## ژمارەیەک رۆژنامەنووس پەیامێکی ناڕەزایی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لە پێنەدانی زانیاری بە رۆژنامەنووسان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150111131049661511

راگەیەنراوی بەشێک لە رۆژنامەنووسانی گروپی رۆژنامەنووسان
بابەت: ناڕەزایەتی

ئێمە وەک بەشێک لە رۆژنامەنووسانی کوردستان کە رۆژانە رۆماڵی رووداوەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، لەپێناو گەیاندنی زۆرترین زانیاری بۆ هاوڵاتیان لەچوارچێوەی کاری رۆژانەمان هەوڵی گواستنەوەی راست و دروستی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ هاوڵاتیان دەدەین، بەڵام بەداخەوە لە بەشێک لەوەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی گرفت دەبینەوە، ئامادەنین مامەڵەمان لەگەڵ بکەن لەکاتێکدا ئەو مافەمان بەپێی یاسا و لەچوارچێوەی یاسای رۆژنامەگەری کوردستان و یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری دیاریکراوە .

ئێمە وەک ئەم رۆژنامەنووسانەی کە لەخوارەوە ناومان هاتووە لە قۆناغی یەکەم لەڕێگەی ئەم راگەیەنراوە ناڕەزایەتی خۆمان ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین بەهیوای ئەوەی ناچارنەبین راگەیەنراوی دووەم بڵاوبکەینەوە، کە بەدڵنیاییەوە رێکاری دیکەی مەدەنی بەرانبەر ئەو وەزارەت و دەستانەی حکومەت دەگرینەبەر کە ئامادەنین مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکەن.

ناوی ئەو وەزارەتانەی کە ئێمە وەک رۆژنامەنووسان کۆکین لەسەری کە هاوکاری رۆژنامەنووسان ناکەن:

.1وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.
.2وەزارەتی ناوخۆ.
.3وەزارەتی دارایی.
.4وەزارەتی پیشمەرگە.
.5وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

.6وەزارەتی پلاندانان.
بۆیە داوامان لەو وەزارەتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە هەوڵی کردنەوەی دەرگاکانیان بەڕووی رۆژنامەنووسانی کوردستان بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەستخۆشیمان بۆ ئەو وەزارەت و دەستە و فەرمانگانەی حکومەت هەیە کە زۆرترین هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ رۆژنامەنووسان هەیە.
ئێمە وەک ئەم رۆژنامەنووسانەی کە لەخوارەوە ناومان هاتووە پاڵپشتی ئەم راگەیەنراوە دەکەین:
.1بیلال سەعید.... گۆڤاری سڤیل
.2عەلی عومەر..... باسنیوز
.3سەرخیل هاشم... رۆژنامەنووس
.4مەعروف سەرێشمەیی.... باسنیوز
.5رامیار جەواد.... شارپریس
.6بەهمەن عومەر.... رادیوی نەوا
.7رەوان تالب... رۆژنامەی هەواڵ.
.8ئاوات خەیرولڵا.... رۆژنامەنووس
.9شوان سدیق... ئاژانسی ئەنادۆڵ
.10پشتیوان جەلال... کەناڵی سپیدە
.11رێباز زێبار... رۆژنامەی تەرەف
.12گۆران عەبدوڵڵا.... کەناڵی ئین ئارتی
.13دڵشاد هەرتەلی.....رۆژنامەنووس
.14سامان عومەر... سایتی سبەی
.15محەمەد عیزەدین... رۆژنامەنووس
.16سروش سازانی... کەناڵی سەحەر
.17سەردار قادر... ئاوینەنیوز
.18ریبوار کاکەیی... کەناڵی ئین ئارتی
.19شیراز عەبدوڵڵا... کەناڵی ئین ئارتی
.20پەیام نەجمەدین.... رۆژنامەی یەکگرتوو
.21هەڵگورد ئەحمەد... گەلی کوردستان
.22وریا حسین........رۆژنامەنووس
.23هۆزان قادر........ رۆژنامەنووس
.24فەرەیدون یێوار.... رۆژنامەنووس
.25رامیار تۆفیق....... شارپریس
.26زیاد ئیسماعیل.... گۆڤاری سڤیل
.27شلێر سەعید....... باسنیوز
.28شاهۆ ئەحمەد.... رۆژنامەی ئاوێنە
.29مەعروف مەجید.... رۆژنامەنووس
.30هانا چۆمانی.... رۆژنامەی ئاوینە
.31وەلی سەلیم.... رۆژنامەنووس
.32ئاوارە حەمید.... رۆژنامەنووس
.33هەوراز ئەحمەد.... کەناڵی رێگا.
.34ئاری سابیر... کەی ئین ئین
.35رێبین محەمەد.... رۆژنامەنووس
.36سامان سەلمان..... رۆژنامەنووس
.37ماکوان عیزەت.... رۆژنامەی هەولێر
.38بیستون خدر..... کەناڵی ئین ئارتی.
.39قارەمان جەوهەر.... کەناڵی گەلی کوردستان.
.40محەمەد عومەر.... ماڵپەری کوردیو
.41یێکار مەولود.....گۆڤاری زوولین
.42سۆما حەمید..... کەناڵی ئاسمانی سپیدە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 414

## ژمارەیەک ڕێکخراوی ئیسلامی توندڕەو ژوورێکی ئۆپەراسیۆن دژی یەپەگە پێکدەهێنن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050316453985222



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: سووریا

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 415

## ژمارەیەک لە کادیر و ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە شاری هەولێر، داوا لە ئەمیندار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و دەستەی بەدواداچوون دەکەن، ڕوونکردنەوە لەسەر شکست و پاشەکشەی حزبەکەیان بدەن.

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050514172476074

بەڕێز / ئەمینداری گشتی یەکگرتوو
بەڕێز / سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو
بەڕێز / دەستەی بەدواداچوونی یەکگرتوو
بابەت / ڕوونکردنەوە

ئێمەی ژمارەیەک لەکادیرو ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەدەڤەری هەولێر، داواکارین لەئێوەی بەڕێز بەزووترین کات ڕوونکردنەوە بەدەستەوەبدەن لەبارەی ئە و شکست و پاشەکشەیەی ڕووی لەیەکگرتوو کرد لەشاری هەولێر.

ئێوە خۆتان باش دەزانن کەهۆکاری سەرەکی پاشەکشەی یەکگرتوو لەم دوو هەڵبژاردنەدا بۆ سەرکردایەتی دەڤەری هەولێر و خودی مەڵبەندی هەولێری یەکگرتوو دەگەڕێتەوە، کەبەهۆی بێ پلانیان و لاوازی ڕاگەیاندنەکانی مەڵبەند و سەرقاڵیان بەپۆست و مەنسەب نەیانتوانی بە و پەڕی هەستکردن بە بەرپرسارێتی بەجدی بانگەشە بکەن و هەوڵی سەرخستنی هەردوو لیستی 274 بۆئەنجوومەنی نوێنەران و لیستی 81 بۆئەنجومەنی پارێزگاکان بدەن، سەرەڕای کاندیدکردنی ژمارەیەکی زۆری ئە و کەسانەی نەناسراون ونەیانتوانی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا ئامانجەکانیان بپێکن و زۆرینەی دەنگی جەماوەر بەدەستبهێنن!.

ئەمە جاری یەکەم نیە یەکگرتوو لەهەولێر دووچاری ئەم جۆرە شکستانە بێتەوە کەبەرپرسیاری یەکەمی ئەم پاشەکشە و کەمهێنانی دەنگەکان سەرکردایەتی و مەڵبەندی هەولێر لێی بەرپرسن و وەک هەموو جارێک بەبێ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی ڕای قاعیدە و بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن

قیادەوە هەریەک لەبەرپرسی سەرکردایەتی دەڤەر و بەرپرسی مەڵبەند لێی دەربازدەبن و دواتر لەبری سزادانیان پۆستی تریان پێدەدرێت!
بۆیە ئێمەی ژمارەیەک لەگەنجانی یەکگرتوو لەسنووری هەولێر ناتوانین لەم هەموو سەغڵەتیە و لاوازییەی ستافی مەڵبەندو لقەکانی یەکگرتوو بێدەنگ بین و ئەم نووسراوەش بۆئێوەی بەڕێزە تاوەکو بتوانن لێکۆڵینەوە لە و پاشەکشەیە بکەن و ئیجرائات لەگەڵ ئەمانەی خوارەوە بکەن و هەرنەوبێ ئەوپۆستانەی لێبسەندرێتەوە کەساڵانێکە بۆبەرژەوەندی خۆیان قۆرخیان کردووە و نایدەن بەکەسانی تر!
-1بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەڤەری هەولێر.
-2بەرپرسی مەڵبەندی 2 ی هەولێری یەکگرتوو.
-3بەرپرسی مەڵبەندی 12 ی دەوروبەری یەکگرتوو.
-4بەرپرسی مەڵبەندی سۆرانی یەکگرتوو.
-5لادانی بەڕێوەبەری کەناڵی سپێدە یاخود ئەنجامدانی گۆرانکاری ریشەیی لەکەناڵەکە و ڕێگریکردن لە و هەموو پرۆگرامە لاوازانەی نەیانتوانی جەماوەر لەدەوری یەکگرتوو کۆبکەنەوە.
-6زۆری ژمارەیەکی بەرچاوی کەناڵی لۆکالی یەکگرتوو لەهەولێر کەلەبەفیرۆدانی دارایی حیزب و بەسەربردنی کات هیچی ترنیە و سود بەبینەران ناگەیەنێت و هەستیش بەوەکرا زۆری ئە و هەموو کەناڵە نێوخۆییە زیانی بەهەردوو لیستی یەکگرتوو گەیاند.
دووبارە داوا لەئێوەی بەڕێز دەکەین بەرێکخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا بچنەوەو، چیتر نەهێڵن و پەرتەوازەیی بکەوێتە ناو ریزەکانمان و هەرکەسێکیش بۆپۆست و مەنسەب کاربکات دووربخرێتەوە و رێگری لێبکرێت..
ان ارید الا الاصلاح ماستطعت وماتوفیقي الاباللە
ژمارەیەک لەکادیرو ئەندامانی یەکگرتوو
لەسنووری دەڤەری هەولێر
5-5-2014
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 416

## ژمارەیەک کادر و ئەندامی یەکێتی داوای هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140312204253404 10

بۆ بەڕێزان / جێگرانی سکرتێری گشتی
بەڕێزان / دەستەی کارگێر،مەکتەبی سیاسی،ئەنجومەنی سەرکردایەتی،ئەنجومەنی ناوەند
بابەت / داواکاری
ئێمە وەک کۆمەڵێک (کادر،پێشمەرگەی دێرین،چالاکوانی ڕێکخراوە کلتوریەکان)ی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە لەکۆتایی ئەم نوسراوەماندا ناوی کۆمەڵێکمان بە نوینەرایەتی هەڤاڵەکانمان نوسراوە. دوای چەند کۆبونەوە و ڕاپرسی و بیروراگۆرینەوە لەنێوان هەڤاڵاندا، بڕیارماندا لەپێناو بەشداریمان لەچارەی کێشە و قەیرانە هەنوکەییەکانی یەکێتیی، ئەنجومەنێک بەناوی (ئەنجومەنی گوشار بۆ چاکسازی و هەڵسانەوەی یەکێتیی) ڕابگەیەنین و یەکەمین کاری ئەنجومەنەکەشمان بەم داخوازی و داواکاریانە دەست پێبکەین و چاوەڕوانی وەڵامی پراکتیکی و دەستبەجێین.

دەقی داواکاری و پێشنیارەکان :
– 1هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی ئێستای یەکێتی و دانانی سەرکردایەتیەکی کاتی هەتا کاتی بەستنی کۆنگرە .
- 2جێبەجیکردن وکارکردن بەیەکێک لە و ڕێککەوتننامانەی کەپێشتر لەلایەن ناوەندەکانی بڕیاری یەکێتیەوە ڕێکەوتنی سێ قۆڵیان لەسەر کراوە ؛ (ڕێکەوتننامەی سلێمانی 20.11.2013)
(ڕێکەوتننامەی تاران 13.01.2013 (
- 3جێبەجێکردنی پرۆژەی رۆژی 16.02.2014 ی هەڤاڵان کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم، کەپرواامان وایە پرۆژەیەکە دەتوانێت یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەقەیران و کێشە ناوخۆییەکانی ڕزگار بکات و مژدەی هەڵسانەوەی یەکێتیی بەجەماوەرەکەی بدات.
– 4ئەگەر لەئێستادا زەمینەی کۆنگرە (وەکو پروپاگەندە دەکرێت لەبار نیە)، دەکرێت ڕێکەوتن لەسەر پاکێجێک بۆ کۆنگرەو بەڕێوەبردنی یەکێتیی بەسازان و لەیەکتری تێگەیشتن بهێنرێتە ئاراوەو لەکۆبوونەوەیەکی بەرفروانی کادیرانی یەکێتیدا پاکێجەکە ئاشکرا بکرێت و ڕابگەیەنرێت کەلەدوای هەڵبژاردنەکانەوە ئەم پاکێجە بڕیار لەسەر دراوە، جیبەجێ دەکرێت.
دەبێت سەرکردایەتی بڕیار بەدەستی ئێستای یەکێتیی بزانێت لەدوای سەرەنجامێکی دیکەی خراپی هەڵبژاردن هیچ پاساوێکمان قبوڵ نابێت، بەتایبەت کەلێرەو لەوێ دەبیستین کەسەرکردایەتی ئێستای یەکێتیی هەر لەئێستاوە خەریکی دروستکردنی پاساوە بۆ شکستی چاوەڕوانکراوی یەکێتیی. ئێمە لەو بارەیەوە ڕای دەگەیەنین، دەبێت سەرکردایەتی ئێستا لەوە تێبگات، کەڕاستە ناکۆکیەکانی ناوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر سەرەنجامی خراپ،بەڵام لەڕاستیدا گەورەترین هۆکار بۆ شکستەکانی یەکێتی لەڕابردوو و لەداهاتووشدا بەتەنها پەیوەستە بەم سەرکردایەتیەی ئێستاوە چونکە ڕای گشتی ناو یەکێتی و خەڵکی کوردستانیش لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەهەموو لایەکیان ڕاگەیاند کەخەڵک ئەم سەرکردایەتیەی ئێستای ناوێت و لەنەهجی بەڕێوەبردنی یەکێتیی ڕازی نیە .
ئێمە وەکوو ئەنجومەنی گوشار بۆ کۆنگرە و چاکسازی یەکێتیی لەدەرەوەی وڵات ڕایدەگەیەنین ئەگەر بەزوویی وەڵام وەرنەگرین بژاردەی ترمان دەبێت!

ئەنجومەنی گوشار
بۆ چاکسازی و هەڵسانەوەی یەکێتیی
03.2014،05

لیستی ناوەکان:

-1سەردار ئەمین، کادری دێرین و کارگێری ناوەندی دەرەوە / سوید
-2هۆگر کاوانی، کادری دێرین و کارگێری ناوەندی دەرەوە / نەرویج
-3تارا توانا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای ستۆکهۆلم، سۆسیالدیموکرات/ سوید
-4زانا هەورامی،کادری دێرین و نوێنەری پێشووی یەکێتیی لە پەرلەمانی ئەوروپاو وڵاتی بەلجیکا
-5عبداللە هروری،کادرو پێشمەرگەی دێرین / ئەڵمانی
-6فازیل ئەحمەد محەد(ماموستا فازیل) 13 ساڵ کارگێری کۆمیتە/ئەڵمانیا .
-7جبار مستەفا حەمەڕەشید (جەبار هەورامی)،کادری دێرینی ڕێکخستن / نەرویج
-8بەرزان محەمەد کریم /کادر/ ئەڵمانیا
-9لوقمان بەرزنجی کادری دێرین وڕۆژنامەنووس/ئەڵمانیا
-10هەژار مەرگەیی،کادری دێرینی ڕێکخستن /ئیتاڵیا
11شەماڵ ئاکۆ، کادرو چالاکوانی بواری ڕێکخراوە مەدەنیەکان / سوید
-12ئاشتی قەڵادزەیی، کادری دێرینی ڕێکخستن / سویسرا
-13مەجید مام برایم، کادری دێرین / بەریتانیا.. 14صدیق محەمەد ، کادری دێرین / دانیمارک
15خدر زوحاک،نووسەرو کادر / ئەڵمانیا
16پەروێز محەمەد عەلی،کادری دێرین و کارگێری پێشووی کۆمیتە/هۆڵەندا
17عەتا محەمەد ئەحمەد، کادری رێکخستن / هۆڵەندا
18ئیزدین بابەشێخ،کادر و کەسایەتی کۆمەڵایەتی / ئەڵمانیا

19شێخ وەهاب عبدالسلام...کادر و پێشمەرگەی دیرین / ئەڵمانیا
20حسیب کامیل جەعفەر...کادر / ئەڵمانیا
21مامۆستا ئاسۆ گەرمیانی / سوید
22دڵسۆز مەجید عەزیز،کادری بواری ڕێکخراوە کلتوریەکان / ئەڵمانی
23جیهاد مشکو الخالدی، کادر / ئەڵمانیا
24کاروان عەبدوڵلا بلکیان،کادر / ئەڵمانیا
25عبداڵله رەسوڵ /. کادربەریتانیا
26مستەفا قادر مستەفا هەڵەبجەیی / سوید
27ئیدریس بیتوێنی / کادر/ سوید
28خەبات گۆپتەپەیی /سوید
29رزگار رەشید (رزگاری مامۆستا رەشید) / سوید
30ئاڵانی شەهید شەوکەت/ کادری دێرین/بەریتانیا
31مامۆستا عادل عزیز هەورامی /کادر/بەریتانیا.
32ئەمین حمەساڵح /کادری دێرین و ڕۆژنامەنووس / بەریتانیا.
33خالید مەحمود /کادری دێرین /بەریتانیا،دوو برا شەهید.
34دانا شێخ عومەر/ کادر /بەریتانیا.
35مامۆستا ئارام محمەد زەکی/کادر/ بەریتانیا.
36هێمن مەجید /کادر/بەریتانیا.
37بەکرساڵح /کادر/بەریتانیا.
38سیروان زاهیر چۆمانی /پێشمەرگە/بەریتانیا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | 🌏دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 417

## ژمارەیەک کادری باڵای دیکەی کۆمەڵی ئیسلامی کۆنگرەکەیان بایکۆت کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150530115049854 12

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
بۆ/ بەڕێزان لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی
ئەندامان و کادیران و لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامی
السلام علیکم و رحمەالله و برکاته
بابەت/ روونکردنەوە

ئەنجومەنی چاودێری و بەدواداچوون وەک ئەرک و تایبەتمەندی خۆی لە بواری چاودێرییکردن و هەڵسەنگاندنی کار و رەوتی کۆمەڵی ئیسلامی بە شاهیدیی زۆرینەی ئۆرگانەکان، چالاکیی بەرچاوی هەبووە و رۆڵی گرنگی بینیووە لە چالاککردنەوەی ئۆرگانەکان، لەو پێناوەشدا -لە لایەن چەند ئەندامێکەوە کە پشتگیریان لێکراوە و بەردەوام کۆسپ بوون لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی وگۆرانکارییدا - دووچاری چەندین ئاستەنگ و کۆسپ بووەتەوە. هەرچەندە لەو پێناوەدا ئێمە لە روانگەی (لاخیر فیکم ان لم تقولوها ولا خیر فینا ان لم نسمعها) بەردەوام بووین و ماندوو نەبووین.

ئێستاش لەسەرووبەندی بەستنی کۆنگرەی سێیەم و بە هیوای ئاسۆیەکی گەشتر و پێگەیەکی بەهێزتر بۆ کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستاندا، هەوڵی خۆمان خستنەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و خستنە بەردەستی نەخشە و پلانی گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵی ئیسلامیی. لەڕێگەی داڕشتنەوەی رەشنووسی پەیڕەوێکی تۆکمە بۆ بەردەستی ئەندامانی کۆنگرە و دەنگدان لەسەری.

پەیڕەوێک کە بریتییە لە گرێبەستێک کە تیایدا ئەندامانی کۆنگرە بە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ سەرکردایەتی نوێ لەسەری رێکدەکەون و پەیمانی پابەندبوونی پێوە دەدەن.

پەیڕەوێک تیایدا ئەرک و مافەکان بە ڕوونیی دەستنیشان بکرێت و دەسەڵاتەکان جیابکرێتەوە و سەربەخۆیی و لامەرکەزیی بدرێتە ئۆرگانەکان و بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەکان پیادەبکرێت و میکانیزمی ئاسان و سادەی بۆ دابنرێت، لەگەڵ رەچاوکردن و بەرزنرخاندنی هەوڵ و خەباتی پێشینەکان و دەرفەت بەخشین بە توانا و بەهرە نوێیەکان.

پەیڕەوێک کە بڕیار بوو ببێتە هۆکاری دڵدانەوەو گێڕانەوەی دەستەیەک لە ئەندامان و کادیرانی پێشکەوتووی کۆمەڵی ئیسلامیی، کە تەنیا هۆکاری نیگەرانیان پێداگیریان بوو لەسەر چاکسازیی و گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی کۆمەڵی ئیسلامیی و بەو هیوایەوە بگەڕێنەوە نێو ریزەکانی کۆمەڵ و درێژە بە کاروچالاکیان بدەن.

لێرەدا بەشێک لەو گۆڕانکاریی و چاکسازییانە دەخەینەڕوو:
-1بە دامەزراوەیی کردنی ئۆرگانەکانی کۆمەڵ لەڕێگەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەربەخۆکردنی ئۆرگانەکان لە میانەی پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە بەڕێوەبردندا بە جۆرێک کە بواری گەشەکردن و داهێنانی بۆ برەخسێنێت و دەستکراوە بێت لە بڕیارداندا.

-2کەمکردنەوەی رۆتینی ئیداری و سادەکردنەوەی پەیکەری حزبی و سنوردارکردنی ژمارەی پۆست و ئۆرگانە باڵاکان.

-3بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکان بەجۆرێک زۆرترین بوار بدرێت بە ئەندامان و باشترین فرسەتیان هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر نەخشەڕێگا و پەیڕەو و پەیماننامە.

-4پابەندبوون بە پەیڕەو و پرۆگرام و کارنامە و بنەما شەرعییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کە تا ئێستا زۆربەی خاڵەکانی جێبەجێ نەکراوە و فەرامۆشکراوە.

-5بەهێزکردنی دەزگای چاودێریی و لێپرسینەوە، بەمەبەستی بەدواداچوونی بڕیار و راسپاردەکان و داکۆکیکردن لە ئەرک و مافەکانی سەرجەم پۆست و ئاست و ئۆرگانەکان، کە سەرچاوەی کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان و زیادەڕۆیی لە سنوری مافەکان .

-6بەهێزکردنی کاروباری سیاسیی و دیپلۆماسی حزب لەڕێگەی تایبەتمەندکردنی مەکتەبی سیاسی بۆ سەرپەرشتی کاروباری پەیوەندییە سیاسییەکان سەرقاڵنەکردنی بە کاروباری ئیداری و رۆتینی رۆژانەی ئۆرگانەکانەوە.

بەڵام بە داخەوە پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر و دەیان کۆبوونەوە و وتووێژ لەو بارەیەوە نەگەیشتینە ئەنجامێک کە جێگەی ئومێد بێت و دواجار گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نەهاتەدیی لەنەخشە رێگا و ئاراستەی کۆمەڵ، بەوپەڕی بێمنەتیی و بێباکیی مامەڵەکرا لەگەڵ خواستی زۆربەی هەرە زۆری کادیر و ئەندام و دۆست و لایەنگراندا، هیوایەک نەهێڵرایەوە بۆ گۆڕانکاریی و چاکسازیی، ئەمەش ئێمەی ناچارکرد وەک بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی چاودێریی و بەدواداچوون هەڵوێست وەربگرین و بڕیاری ناچاریی بدەین بە بەشداری نەکردن لە کۆنگرەدا، بەڵام بەردەوام

دەبین لە هەوڵەکانی چاکسازیی نێو کۆمەڵا و داکۆکیی دەکەین بۆ گەڕانەوە وکارکردن بۆ چەسپاندنی بنەما شەرعییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی، لەهەمانکاتدا داواکارین ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامیی داکۆکی بکەن لەسەر پرۆسەی گۆرانکاریی ریشەیی لە پەیکەر و ئاراستەی کۆمەڵی ئیسلامیی لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانمان.

ناوەکان:
1.ئارام قادر – کارگێری ئەنجومەنی چاودێریی
2.عەبدولڕەحمان ئەحمەد- کارگێری ئەنجومەنی چاودێریی
3.عەبدولحەمید جەلال- بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی و ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
4.یاسین زەنگەنە- ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
5.فایەق محەمەد سەلیم- ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
6.شەمسە سەعید – ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
7.جەمال قەرەداغی- ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
8.شوان هەورامی- ئەندامی ئەنجومەنی چاودێریی
9.ئەمیر محمد فەقێ فەرج -بەرپرسی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی چاودێریی
10.جەلال ئەحمەد- ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی چاودێریی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 418

## ساڵیادی تاوانی کوشتنی شاعیر عیرفان ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20130805225311892 73

ئەگەرەکانی بەدی هاتنی دادپەروەری !؟
لە بەرواری 5-8-2012 شاعیری بەناوباگ عیرفان ئەحمەد لە بارودۆخیکی نەخوازراو و گوماناویدا گیانی لەدەستدا بە و بۆنەیەوە رێکخراوەکەمان لە بەیاننامەیەکدا لە 6-8-2012 داوای لێکۆڵینەوەی لەم حاڵەتە گوماناویە کرد کە بە پێی راپۆرتی پزیشکی دادوەری ناوبراو توشی زەبر و لێدان بوبویەوە لە چەند شوێنێکی هەستیاری جەستەیدا.
بەربەیانی 31 مانگ ناوبراو لەلایەن هێزەکانی پۆلیس لەبەردەم سلێمانی پالاس لەحاڵەتی بێهۆشیدا دەستگیر کراوە و دواتر لەلایەن دادوەر بڕیاری تەوقیف کردنی دراوە تاکو دوای بەئاگاهاتنەوەی وتەی لێ وەربگیرێت و رەوانەی بنکەی گرتن و گواستنەوە کراوە، لە 1-8 لە بەندیخانە باری تەندروستی تێکچوە و لە 5-8-2012 کۆچی دوایی کردوە.
پارێزەرە خۆبەخشەکانی رێکخراوەکەمان بە پەرۆشیەکی زۆرەوە بەدواداچونیان بۆ ئەم کەیسە کردوە، جێی ئاماژەیە ئەم تاوانە لە راگەیاندنەکان و لەسەر ئاستی گشتیش دەنگدانەوەی خۆی هەبوە و نیگەرانیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا بەڵام زۆر جێگەی داخە دۆسیەیەکی وا گرنگ تا ئیستا یەکلایی نەکراوەتەوە و بەهۆی رۆتین و هاوکاری نەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرەرای روونی و دیاری ئەو جێیەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە و دەستنیشان کردنی تۆمەتبارەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی.
هەربۆیە وەک سەنتەری پەرەپێدان بەگرنگمان زانی لەم ساڵیادەدا هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە کە ئەم دۆسیەیە بەردەوامە و قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی تەواو کردوە، ئێمەخوازیاری ئەوەین

دادپەروەری بەدی بێت و تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن بۆ ئەوەی گیانی ئەم شاعیرە گەورەیە ئارام بێت و کەس و کارو هاورێیانیشی دڵنیا بن لە سەروەری یاسا.
لە و پێناوەشدا ئێمە بەردەوام ئەبین لە بەدواداچونی خۆمان تا یەکلایی بونەوەی ئەم دۆسیەیە.
سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ
سلێمانی 5-8-2012

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 419

## سوپاسنامەی ئەردۆغان بۆ عیرفان عەلی عەبدولعەزیز

http://www.kurdipedia.org/?q=20141112133477922

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: TRتورکی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 420

## سووکایەتی بە نەتەوەی کورد و بردنە ژێرپرسیاری شوناسە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140515141858763 28

کۆمەڵانی ئازادیخواز!
کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!
رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

لە چەند رۆژی رابردوودا کونسوولگەریی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری سلێمانی بابەتێکی لە سایتی رەسمیی خۆیدا بڵاو کردەوە کە وێرای ئاوردانەوەیەکی مەبەستدار لە رابردووی کورد لە باشوور لەگەڵ ئێران، چەند باسێکی دیکەی هێناوەتە گۆڕ کەلە راستیدا مەبەستی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە، سووکایەتی بە نەتەوەی کورد و بردنە ژێرپرسیاری شوناسە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کوردە.

لە بابەتە ئامانجدارەدا کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە کوردستانی رۆژهەڵات بە رەوتێکی کۆمۆنیستی و توندڕەو لە قەڵەم دراوە و هێرش کردنە سەر رووخانەکەی وەک ئەرکێکی نیشتمانی بۆ رێژیمی پاشایەتی لە ئێران نیشان داوە. لە حاڵێکدا کۆماری کوردستان هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی کوردستان بووە بۆ یەکەمجار لە

مێژوودا دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کورد لە شکڵی کۆماریدا و بە بەشداری رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هاتووەتە دی لە سەردەمێکدا کە دیکتاتۆری باڵی بەسەر ناوچەدا کێشا بوو، کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک سەردەمییانە بوو. هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە و هوشداریی پێ دراوە ئەگەر باسی سەربەخۆیی بکەن لەگەڵ دژکردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوروو دەبن و ئاڵوگۆڕ لە پێوەندییەکانیاندا پێک دێنن. هەر لەو بابەتەدا و لە باسێکی بە ناو مێژووییدا خاکی کوردستانی بە گشتی بە بەشێکی جیاکراوە لە ئێران ناوزەت کردووە و رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر جێگایەک بە ئێرانی داناوە و لە بەشێکی دیکەدا زمانی کوردی بە زاراوەیەکی زمانی فارسی لە قەڵەم داوە.

ئەو بۆچوونانە کەلە ناوەڕۆکی دژ بە کورد و دژ بە ئازادی و دژی مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن بۆ کورد لە کوردستانی ئێران شتێکی تازە نییە چونکە ئەو رێژیمە باش دەناسن و خەباتەکەیشیان دژ بەو بۆچوونانە و سیاسەت و کردارەکانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی بووە و هەیە، بەڵام ئەو بابەتە بۆ خوشک و برایانمان لە کوردستانی باشوور رەنگە هەتا رادەیەک سەیر و نامۆ بنوێنێ‌کە لە قسە و باسە سەرزارەکییەکانیدا بە چ شێوازێک ئەو رێژیمە چەواشەکاریی کردووە و واقعییەتی خۆی شاردۆتەوە و ئێستا لە وەها بابەتێکدا دیوی راستەقینەی رێژیمی ئێرانی دەرخستووە. لە راستیدا ئەو بابەتە دەرپڕی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە کورد بە گشتییە کە کونسوولخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی چۆنی پێ‌گوتراوە و بە چ بیرێک گۆشکراوە هەرواش دەری بڕیوە.

زۆرجار باس لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی هەرێمی کوردستان دەکرێ. ئاسایی‌یە کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران خاکی کوردستان بە خاکی جیاکراوە لە ئێران دەزانێ، هەموو کورد بە ئێرانی ناو دەبا و زمانی کوردی بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی دادەنێ‌ئەو مافەش بە خۆی دەدا دەست لە هەموو کاروبارەکانی وەر بدا جا هەر چی زیاتر زەمینەوی بۆ بە کردەوە کردنی ئەو بۆچوونە لە بارتر ببینێ‌پتر هەنگاوی بۆ دەنێ.

کونسوولگەریی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی لەگەڵ ئەوەی سووکایەتی بە شوناسی کورد و خوێن و خەباتی کورد لە کوردستانی باشوور دەکا لە هەمان کاتدا بۆ درێژەدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دوو مەرج دادەنێ:

یەکەم رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان باس لە مافی چارەنووسی خۆیان نەکەن

دووهەم بەر بە چالاکی و خەباتی رۆڵەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بگرن

لەو پێوەندیەدا پێویستە بگوترێ کە چارەنووسی کورد لە باشوور تەنیا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دیاری دەکەن نەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەگەر بۆی بکرایە رێگای نەدەدا ئەوەی ئیستا وەک بەرهەمی خوێن و قوربانی دانی خۆیان، هەیانە هەیانبا.

رۆڵەکانی کورد لە کوردستانی ئێرانیش کە دەیان ساڵە بۆ ماف و ئازادییەکان و مافی نەتەوایەتیی خۆیان خەبات دەکەن. هەر چەند پاراستنی ئەزموونی کوردستانی عێراق بە ئەرکێکی نەتەوەیی دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەباتی نەتەوایەتی و دیموکراتیکیان لە شێوازی جۆربەجۆردا، لە پێناوی گەیشتن بە مافە نەتەوەیی‌یەکانیدا درێژە دەدەن و ئەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە لە بەر قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان روو لە رووخان و هەرەسهێنان دەچێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سووکایەتی کونسوولخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری سلێمانی بە شوناسە نەتەوەیی‌یەکانی کورد بە توندی مەحکووم دەکا و داوا لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان و هەموو پارچەکانی کوردستان دەکا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو نێوەڕۆکە کۆنەپەرستانە و زیادخوازیانەیەوە، بناسین کە هەیەتی و ئەوەی غەیری ئەوەی لێ دەبیسن بە ریاکاری و بە دوور لە سیاسەت و هەڵوێستی واقیعی ئەو رێژیمە بەرانبەر

بە کورد بە گشتی بزانن.

با ئەوەش لەبەرچاو بێ کە بێ دەنگی لە بەرانبەر ئەو سووکایەتییانە و ئەو سیاسەت و بۆچوونانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هان دەدا کە بۆ بەکردەوە کردنی سیاسەتەکانی دژ بە کورد زیاتر هەنگاو بنێ.

سەرکەوتن بۆ کورد
نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
24/2/1393ی هەتاوی
14/5/2014ی زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 421

## سوکایەتی رژیمی کۆماری ئیسلامی بەئایینی یارسان مەحکوم دەکەین

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031309523768237

چەند رۆژ لەوە پێش دوو باوەرداری ئایینی یارسان بۆنارەزایەتی دەربرین سەبارەت بە بێ حورمەتی ئیدارەی ئیتلاعات بەم ئایینە لەشاری هەمەدان، خۆیان ئاگرتێبەردا. ئەو رووداوە دڵتەزینە بە دوای ئەوە دێت کە کاربەدەستانی ئیدارەی ئیتلاعاتی هە مە دان لە زیندانی ئە و شارە سمێڵی کەسێک لە یارسانەکان بە مەبەستی سووکایەتی پێکردنی دەتاشن. سوکایەتی وپێشێلکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی وئاینییەکان بە شێوەی سیستیماتیک وبەپێی برگەو ماددەکانی یاسای بنەرەتی ئێران یەکێک لە پێناسە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی یە. کردنی مەزهەبێکی تایبەت بە مەزهەبی رەسمی و دەوڵەتی خۆی لە ناوخۆیدا هەڵاواردنی مەزهەبی و ئائینەکانی دیکەی لێدەکەوێتەوە و رێگا خۆش دەکا بۆ داپڵوسینی باوەردارانی ئائینەکانی دیکە. لە ئێران بە پێی یاسای بنەرەتی و بە دزێوترین شێوە بەدەر لە باوەردارانی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی باقی پەیڕوانی مەزهەب وئایینەکانی تر وەک بەهایی، سوننە، یارسان و.......هتد مافیان پێشێل دەکرێت وئەم ستەمە تەنانەت بۆ درێژەدان بە خوێندن و چوونە زانکۆی باوەردارانی ئەم ئایینانەش کاریگەری هەیە. بۆ وێنە باوەردارانی بەهایی بەپێی یاسا ناتوانن لە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی ئێران بەشداری بکەن .
ئازادی باوەر وعەقیدە، سەربەستی لە پەیرەو کردنی هەر ئائینێک و پەیرەوی نەکردن لە هیچ ئائینێک، ئەسڵێکی حاشاهەڵنەگر ویەکێک لەخاڵە بنەرەتییەکانی دێمۆکراسی لە هەر کۆمەڵگە وحکومەتێکی دێموکراتیکە. بیروڕوا و عەقیدەی ئینسان وەک شتگەلێکی تایبەتی و خوسوسی دەبێ رێزیان لێبگیرێت و جیا کردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وهەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سێکۆلار لە ئێران دەتوانێ کۆتایی بەزوڵم و ستەمی کەمایەتییە ئاینییەکان بهێنێت. کۆمەڵە هەرچەشنە سوکایەتی وبێ حورمەتییەک بە هەر مەزهەب وئایینێک ولەوانە سووکایەتی ئەم دوایەی دام و دەزگاکانی حکوومەتی کوماری ئیسلامی بە رەسم و یاسای یارسانەکان مەحکوم دەکات. بێگومان کۆتایی هێنانی یەکجاری بەو بێ مافییە وەکو گشت بێ مافییەکانی دیکە بەستراوەتەوە بە هەڵپێچانی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی. بەڵام تا ئەوکات کۆمەڵە لە گشت

شێوازەکانی خەبات بۆ ئێعتراز و دەبڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە کەمایەتییە ئائینیەکان و لەوانە بآریزی بە یارسانەکان پشتیوانی دەکا .
سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
2013/06/08
18ی جۆزەردانی 1392ی هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 422

## سکرتاریەتی مام جەلال سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خانەوادەی (کیومەرس حسێن) دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121223214687284

بەناوی یەزدانی مەزن و میهرەبانەوە

بەڕێز خانەوادەو بنەماڵەی کاکە کیومەرس

بەداخ و پەژارەوە هەواڵی ماڵئاوایی ناوەختی رۆژنامەنووس کاکە (کیومەرس)مان بیست، بۆ ئەو خەمەی خانەوادەی بەڕێزتان لە جیاتی جەنابی مام جەلال پرسەو ماتەمینتان ئاڕاستە دەکەین و بەشداریی خەمتان دەکەین، لەرێی ئێوەشەوە پرسەو ماتەمینی دەگەیەنین بە بنەماڵەو خزم و کەسوکارو دۆستان و رۆژنامەنوسان و میدیاکاران و هەموو لایەک، بۆ خۆتان خۆشبن و تەمەنی درێژی بۆ جێهێشتبن.

کاکە کیومەرس لە ماوەیەکی کەمدا توانی هەم جێی خۆی بکاتەوە لە رۆژنامەگەریدا هەم لە دڵ و دەرونی رۆژنامەنووساندا، بۆیە ماڵئاواییەکەی هەمووانی دڵگران و خەمبار کرد.

لەیەزدانی مەزن داواکارین گیانی کاکە کیومەرس بخاتەبەر سۆزو میهرەبانی خۆیەوەو بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و سوکنایی و ئارامییش بە هەموو لایەک ببەخشێت و ئەوە دوایین ناخۆشی بێت.

انا لله وانا الیه راجعون
سکرتاریەتی هەڤاڵ سکرتێری گشتی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 423

## سکرتاریەتی کۆمەڵە لە راگەیەندراوێکدا: بارام رەزایی نامەی دەست لە کارکێشانەوەی مانگێک لەمەو پێش نووسیوەو هیچ پەیوەندییەکی بە

## کۆمەڵەوە نەمابوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031216412267133

وون کردنەوەیەکی پێویست
بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە لە ڕۆژانی ڕابوردوودا لەسەر یەک دوو سایتی ئینتێرنێتی بەعزێک هەواڵ و دەنگۆی ناڕاست بڵاو کراوەتەوە و هەوڵ دراوە کە کۆمەڵەشی تێوە بگلێنن کە ئەمەش لەوانەیە بۆ هەندێک لە دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە بوویێتە مایەی پرسیار، بە پێویستی دەزانین روونی بکەینەوە کە کاک بارام ڕەزایی لە ڕۆژی 29ی مانگی سێپتامبری ڕابوردوو، واتە نزیکەی مانگێک لەوە پێش، لە نامەیەکدا ئیستیعفای خۆی لە ئەندامەتیی کۆمەڵە و لە هەموو لایەنی ڕێکخراوەیی ئێمە ڕاگەیاندووە و لەو کاتەوە ناوبراو هیچ پەیوەندییەکی حیزبی بە کۆمەڵەوە نەماوە . جێگەی ئاماژەیە کە لە مانگەکانی ڕابوردوودا زۆر جار لەگەڵ ناوبراو لەسەر ڕەفتاری نەشیاو و هەڵسوکەوتی دوور لە پرەنسیپ و بەهاکانی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە قسە کرابوو و ڕەخنە و ئامۆژگاری ئاراستە کرابوو، بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو، هەر بۆیەش کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەو ئەنجامە گەیشت کە کاک بارام ڕەزایی ناتوانێ لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا درێژە بە کار بدات و باشتر وایە ئیستعفاکەی لێ قبووڵ بکرێت. لە هەمان کاتدا نەمان ویست کە ئەو بابەتانەی لێ گەورە کەینەوە و بۆ پاراستنی کەسایەتیی خۆی داوامان لێکرد بچێتەوە دەرەوەی وڵات و تەنانەت قەولمان پێدا کە ژیانی دابین دەکەین و ئەویش قبووڵی کرد و ماوەیەک پێش ئێستا ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا .
ئێمە بۆ ئاگاداریی دۆستان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم ڕوونکردنەوەیە بە پێویست دەزانین و ڕادەگەیەنین کە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هەر چەشنە هەڵسوکەوت و هەڵویستێکی ناوبراو هیچ بەرپرسایەتییەکی نییە.
سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
2ی خەزەڵوەری 1391ی هەتاوی، 23ی ئۆکتۆبری 2012

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 424

## سەبارەت بە تەقینەوەکەی ئەمڕۆی شاری هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041809120969994

جەماوەری خۆراگری کوردستان وەک دەزانین ئەمڕۆ دەستی ڕەشی تیرۆریستان و ناحەزانی گەلەکەمان گەیشتە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لەناو ژیانی ئارام و پارێزراوی هاونیشتمانیانمان بەداخەوە هەلیان وەرگرت و لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا چەند قوربانییەکی لێکەوتەوە، ئێمە وێرای ئیدانەکردنی ئەم کردەوەیە ڕایدەگەیەنین کە خەونی گڵاوی دوژمنانمان نەزۆکە و تیرۆریستان ناتوانن ئاسایشی هەرێمی کوردستان بشێوێنن و پێویستە هەمووان بە یەکڕیزی و دڵسۆزییەوە پارێزەری دەستکەوتەکانمان بین و وردبین و دووربینانە مامەڵە لەگەڵ پرسە هەنوکەییەکان بکەین و ڕێگە بە دروستبوونی هیچ درزێک نەدەین لە یەکڕیزی نیشتیمانیماندا.

دوپاتی دەکەینەوە ئەم جۆرە کردەوانە لە وەرەی بەرزی نەتەوەکەمان کەمناکاتەوە و لێرەشەوە سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانمان دەنێرین و درود بۆ گیانی شەهیدانی ئەمڕۆی شاری هەولێر و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانمان دەخوازین.

روو ڕەشی بۆ تیرورستان.
سەرکەوتن بو ئیرادەی گەلی کوردستان

فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان
17/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 425

## سەبارەت بە تەندروستی و بەرنامەی گەڕانەوەی سەرۆک کۆمارە، نوسینگەی تایبەتی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد روونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131214172147887244

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 426

## سەبارەت بە دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (10) رۆژی رابردوو بۆ (15) حوکمدراوی چاکسازی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032921084385020

راگەیەندراوێک لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە
لە چەند رۆژی رابردوودا هەواڵێک لە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە سەبارەت بە دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (10) رۆژی رابردوو بۆ (15) حوکمدراوی چاکسازی سلێمانی.
ئێمە لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەرلەبەری هەواڵەکە رەت دەکەینەوە و رایدەگەیەنین کە لە ماوەی رابردوودا لێبوردنی تایبەتی بۆ هیچ زیندانیەک لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی دەرنەکراوە و هەواڵەکە هیچ بنەمایەکی نیە.
داواکارین دەزگاکانی راگەیاندن ووربینانەتر مامەلە لەگەڵ هەواڵەکاندا بکەن و بەرپرسانی پەیوەندیداریش پابەندتر بن لە گواستنەوەی راستیەکاندا.
دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
29/3/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 427

# سەبارەت بە دەستپێکردنی گۆرانکاری لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=201401121411986704

بۆ رای گشتی:
لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران کۆمەڵێک باس و گفتوگۆ سەبارەت بە دەستپێکردنی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران هاتە ئاراوە. هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە هەتا ئێستا، گەلێک لێدوان و موناقەشە لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی ئێران وەک باس لەسەر روانگەی ئاسایشی دەوڵەت، مافی هاووڵاتی بوون، چارەسەری کێشەی نەتەوەکان، پەروەردە بە زمانی زگماکی، هەڵاواردنی ئابووری و دابەش کردنی فەرهەنگی دەستی پێکرد. ئەم بابەتانە کە ماوەیەکە بۆتە رۆژەڤی سەرەکی چالاکان سیاسی، مەدەنی و گەلانی ئێران، لە ئەگەری هەبوونی دەرفەتی دیمۆکراتیک، بەرێگای پیلانی کرداری دەتوانێ ببێتە هەنگاوێکی ئەرێنی و کارامە، لە پێناو چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی ئێران. هەڵبەت لە پێناسە کردنی بەشێک لە دەستەواژەکان، کێشە هەیە کە ئەم باس و گفتوگۆیانە بەلاڕێی دا دەبات. پێویستە سەرجەم گەلانی ئێران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بتوانن بەشداری لەم باسانەدا بکەن و بەستێنی دیالۆگ پێک بهێنرێت. هاوکات پێویستە دەرەتانی بە جێی کردنەوە بیر و رای جیاواز لەم قۆناخەدا بخوڵقێنرێت .
ئەو بابەتانەی کە لە جارنامەی مافی هاووڵاتی بووندا بە جێ کراون، یەکجار موحافەزەکارانەیە و سەرەڕای ئەم کەموکوڕیەش، پەیوەست کردنی ئەم مافانە بە یاساگەلێک لە یاسای بنچینەیی کە هیچ چەشنە گەرەنتییەکی کردارییان نیە و هاوکات دیارکردنی ئەمما و ئەگەری جیاواز بۆ ئەم مافانە، ئاستەنگە لە بەردەم پێک هێنانی خاڵە دیاریکراوەکان. بۆچوونەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی و جارنامەی مافی هاووڵاتی، پێویستە خاوەن شەفافیەتی زیاتر لە بوارەکانی هزری و کرداریدا بێت. لە بەشێک لە لێدوانەکانی کاربەدەستانی حکوومەت نایەکسانی بەرچاو لە نیزیکایەتی حقووقی سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران دەبینریت. بەڵام نابێ لە نێوان گەلانی ئێران لە بوارەکانی ماف و ئازادییەکانی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و مەدەنی، هەڵاواردن بکرێت.
پێویستە لە یاسا و حقوقدا، سەرجەم گەلانی ئێران بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازیەکانیان، یەکسان و ئازاد ببینرێن. تەنیا بە گەرەنتی حقوقی و یاسایی، دەتوانرێ بەستێنێکی دیمۆکراتیانە بۆ باس سەبارەت بە چارەسەری کێشەی گەلانی ئێران دەستەبەر بکرێت. بەم هۆکارە دابەش کردنی گەلانی ئێران بە شارستانی و ناشارستانی، دابەش کارییەکی هەڵەیە و ئەم عەقلیەتە سەرچاوە گرتووە لە خۆبەناوەند دیتنی لایەنە ناسیۆنالیستە فاناتیکەکانە. تێگەیشتنێکی وەها هەڵە، سیاسەتی هەڵاواردنە و تەنیا بەستێنی شەڕ و پێکدادان دەستەبەردەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەیران لە ئێران قووڵتر ببێتەوە .
هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران بابەتی دابەش کردنی نوێی ئوستانی و بەشداری لە پلە بەرزەکانی رێوەبەری وڵات، تاووتۆی لەسەر دەکرێت. بێشک مافی دیاری کردنی چارەنووس و بەشداری لە سیاسەت و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا، لە داخوازییەکان و مافە بنەڕەتییەکانی سەرجەم نەتەوە و جیاوازیە ئایینی و مەزهەبییەکانی ئێرانە. بەڵام بۆ دەستەبەرکردنی ئەم پێداویستیانە، پێویستی بە بیر و راگۆڕینەوە لەگەڵ موخاتەبانی ئەم بابەتانە، واتە سەرجەم جیاوازیە نەتەوەیی و ئایینی مەزهەبیەکان و هێزە بەرهەڵستکارەکان هەیە. لە ئەگەری ئەوەی کە راستینەی لێک کردنی کرامەی فەرهەنگی گەلانی ئێران بە درێژایی مێژوو لە بەرچاو نەگیرێت، سنووربەندی نوێی ئەیالەتی، قازانجێکی وەهای لێی ناکەوێتەوە و تەنانەت لە ئەگەری چارەسەر نەکردنی بنەڕەتی کێشەکان، شیمانەی ئەوەی کە دەرەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە، یەکجار زۆرە. چوونکوو جیاوازیە نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبیەکانی ناو ئێران بە ساڵانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە کناری یەکتر ژیان دەکەن و کاریگەری پۆزێتیفیان لەسەر یەک داناوە. تەنانەت بەشێک لە نەتەوەکانی ناو ئێران، نیشتەجێی زۆربەی شوێنەکانی ئێرانن کە سنووری جوغرافیایان لەگەڵ هاوناسنامیەکانی

خۆیان نیە. بۆیە سنووربەندییەکی مسۆگەر، لەگەڵ هەل و مەرجی جوغرافیایی و تەنانەت شێوەی بڵاو بوونەوەی نەتەوەکان لە ئاستی ئێران بە باشی ناگونجێ. لە ئەگەری رەوشێکی وەها، نەتەوەیەک لە ئێران بە ناسنامەیەکەوە، لە جوغرافیایەکی دیاریکراو، خاوەن ماف دەبێت و لە جوغرافیایەکی جیاوازتر لە هەمان ماف بێبەری دەبێت. لە لایەکی تریشەوە ئەرکدار کردنی هەندێک کەسایەتی سەر بە دەوڵەت بە ناسنامەیەتی نەتەوەیی تایبەت لە پایە و پلە بەرزەکانی دەوڵەتی، بە هیچ شێوازێک ناتوانێ چارەسەری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و لە کۆتایی دا جیا لە سەرپۆش کردنی کێشەکان دەرەنجامێکی تری لێ ناکەوێتەوە. واتە ئەرکدار کردنی تاکێک بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بۆ کۆمەڵگای کوردەواری، ئازادی و بەشداری سیاسی لە گەڵ خۆیدا ناهێنێت. پێویستە کۆمەڵگا بێتە خاوەن هێزی رێوەبەری خۆی و لە کەشێکی کراوەی سیاسی دا بتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی خۆی دەستەبەر بکات. لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە وەک پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پەژاک، فورمولاسیۆنی "خۆبەڕێوەبەرایەتی دیمۆکراتیانە" مان پێشکێش کردووە کە بەشداری راستەوخۆی گەل لە رێوەبەری کۆمەڵگا بەدی دەهێنێت .

باس کردن لە رێگای داهاتووی ئێران و سیستەمی نوێ لە پێکهاتەی دەوڵەت، پێویستە جیاوازی بنەڕەتی لە گەڵ ئەم رێگایە هەبێت کە هەتا ئێستا تێپەر بووە و لە پێک هێنانی ئەو، پێویستە گۆرانکارییەکان بە باشی هەستیان پێ بکرێت و روون و بەرچاو بن. تەنیا لەم رەوشەدایە کە قەیرانی ئێستاکە لە ئێران چارەسەر دەبێت و قەیرانەکان قوڵتر نابنەوە. لەم پێناوەدا پێویستە دەوڵەت رێبازی ئاشتی لە گەڵ کۆمەڵگاکان و هێزە بەرهەڵستکارەکان بگرێتە بەر و بەم چەشنە چارەسەری کێشەکان بخاتە بەر باس و هەنگاوی کرداری بنێتەوە. واتە پێویستە دەرفەت و دەرەتانی بەشداری سەرجەم جیاوازییەکان لە ئێران دەستەبەر بکات. ئەم بابەتە بە لەناوبردنی هیچ یەک لە هێزە کۆمەڵایەتیەکان مومکین نابێت و پێویستە هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبێتەوە. لە ئەگەری جیدی بوون و سەمیمیەتی دەوڵەت لەم بارەیەوە، گەلی کورد و ئێمە وەک پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بە پرۆژەی کردارییەوە لە پێناو دیمۆکراتیزاسیۆنی ئێران بەشداری دەکەین .

سڵاو و رێزی شۆرشگێری
کۆردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستانPJAK
12/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 428

## سەرۆک (بارزانی 1901 - 1979)، نیوسەدە تێکۆشان، دەربەدەری، نەمری....

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080815455289231

کادرانی نەتەوەیی
01-03-1993

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 429

## سەرۆکایەتی پەرلەمان: هێرشەکەی پرسوس نابێتە هۆی لاوزابونی ورەی گەلەکەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=201507222324985767

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەداخەوە ئەمرۆ جارێکی دیکە دەستی تیرۆر بە خوێنی ئازادیخوازانی کوردستان لە شاری (پرسوس)ی باکوری کوردستان سوور بوو، رێکخراوی تیرۆسریستی داعش لە رێگەی تەقینەوەیەکەوە (300) گەنجی لە سەنتەرێکی کولتووریی کردە قوربانی، کە بەنیازی بۆ پشتیوانی کردن لە خۆراگری کۆبانێ بەرەو ئەو شارە بەڕێبکەون .ئەم کردەوە ترسنۆکانەیە لە کاتێکدایە کە داعشەکان لەبەرەکانی جەنگ خۆیان لەبەردەم کوران و کچانی کورد دا ڕاناگرن و رۆژانە ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانیان لێپاک دەکرێتەوە .ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەو کردەوە نامەردانەیەی داعش بە توندی مەحکوم و شەرمەزار دەکەین و دڵنیاین لەوەی ئەم جۆرە کارانە نابنە هۆی لاوزابونی ورەی بەرزی گەلەکەمان و بەپێچەوانەوە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان زیاتر سوردەکات لەوەی بگات بە ئامانجە دیموکراتییەکانی خۆی .لە خوای گەورە داواکارین شەهیدەکانی ئەم کارە تیرۆریستیە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و شیفای بریندارەکانیش بدات .سەرکەوتویێت خەباتی رەوای گەلەکەمان، مردن و سەرشۆری بۆ تیرۆرستانی دژ بە مرۆڤایەتی.
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
21-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 430

## سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لەبارەی سەید سادق راگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010323183586858

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رایدەگەیەنێت کە خۆپیشاندانی مەدەنیانە مافێکی یاسایی و پارێزراوی هەموو هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمەیە، بۆیە داواکاری و نارەزاییەکانی خۆپیشاندەرانی قەزای سەید سادق لەو چوارچێوەیەدا بەهەند وەردەگیرێت و حکومەتی هەرێم بە پەرۆشەوە بەدەنگ داواکاریە رەواکانی ئەو ناوچەیەوە دەچێت .

هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەمرۆ بریاریدا بەپێکهێنانی لیژنەیەکی وەزاری بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی ئەو ناوچەیە بکات و لەنزیکەوە لەگەڵ خەڵک و

لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆببێتەوە و داواکاریی خۆپیشاندەرانیش وەربگرێت.

بەپێی بڕیارەکەش لیژنەکە بە سەرۆکایەتی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و ئەندامێتی وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار و پارێزگاری سلێمانی و نوێنەرێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، و لیژنەکە لەماوەیەکی دیاریکراودا دەستنیشانی کەموکورتی و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە و داواکاریەکانی تریش دەکات و دەیانخاتە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەموو لایەکیش دڵنیادەکەینەوە کە حکومەتی هەرێم بەجیدی کاردەکات کە بە گوێرەی پلان وبوودجەی پێویست بەدواداچوون بۆ کەموکورتی بواری خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی قەزاکە بکرێت .

سەبارەت بەئەرکی هێزە ئەمنیەکانیش، جارێکی تر دوپاتی دەکەینەوە رێنوێنی هێزە ئەمنیەکان کراوە کەدوور لەتوندوتیژی و لەرێگەی هێزی چالاکیە مەدەنییەکان و بە بەکارهێنانی ئەو شێواز و ئامرازانە رەفتار بکەن کە یاسا رێگەی پێداون و بە یەک چاو پارێزگاری لەخۆپیشاندەران و هێزەکانی چالاکی مەدەنی ودامودەزگا رەسمیەکان بکەن و هەوڵبدەن کە روداوی نەخوازراوی لێنەکەوێتەوە.

لە کۆتایشدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پرسەو هاوخەمی خۆی بۆ کەسوکاری کاکە پڕیاری جوانەمەرگ دەردەبڕێت و هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ برینداەکان دەخوازێت.
03-01-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 431

# سەرۆکایەتی هەرێم راگەیەندراوێکی توند دژی داگیرکەری سووری بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141109131924778944

رۆژی پێنجشەممە 6ـی تشرینی دووەم رۆژنامەی (الاخبار)ـی لوبنانی چاوپێکەوتنێکی وەلید ئەلموعەلیم، وەزیری دەرەوەی رژێمی سووریای بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا ناوبراو قسەی چەواشەکارانەی لەبارەی سەرۆک بارزانی و کۆبانێ (کە ئەو بە عەینولعەرەب ناوی دەبات) کردووە .

لە وەڵامی ئەم بۆچوونە نابەجێیانەیدا بە پێویستی دەزانین رایبگەیەنین کە خەڵکی رۆژئاوا و بە تایبەتی کۆبانێ باشتر لە هەموو کەس دەزانن کێ هاوکاریی کردوون و، وەلید موعەلیم ئەو کەسە نییە کارتی نیشتیمانپەروەری دابەش بکات. ناشزانین لەبیری چووە یان لەبیر خۆی بردووەتەوە کە یەکەم سیاسەتی تەعریبی کوردستان لە سووریا و، لەسەر دەستی شۆڤێنییە هاوشێوەکانی موعەلیم دەستی پێکردووە.

وەلید ئەلموعەلیم لە چاوپێکەوتنەکەیدا ناوی بەڕێز ئۆجەلانیشی هێناوە. نازاندرێت بە چ روویەک باسی ئۆجەلان دەکات؟ چونکە ئۆجەلان لای ئەوان بوو، کەچی دەستیان لێ بەردا و دەریان کرد و بەشدارییان لەو پیلانگێرییەدا کرد کە لە دژی بەڕێوە چوو. ئەگەر موعەلیم راست دەکات و تۆسقاڵێک هەستی بەرانبەر کورد یان لایەنێکی کوردی هەبێت با راشکاوانە و بوێرانە دان بە هەبوونی گەلی کورد لە سووریا بنێت.

د. ئومێد سەباح
گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
9ی 11ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 432

## سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی ڕووداوەکەی کۆیە ئاشکرادەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032414502484979

ڕاگەیەندراوێک لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
دوابەدوای ڕووداوەکەی کەمپی کوردانی ڕۆژهەڵات لە شاری کۆیە، لەسەر بڕیاری بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەک پێک هات بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی ڕووداوەکە و دەرخستنی ڕاستییەکان.
لیژنەکە راپۆرتێکی لەم بارەیەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد. لەسەر رۆشنایی راپۆرتەکە و بەپێی یاسا، ئیجرائاتی کارگێری بەرامبەر بە سەرپێچیکارانی رووداوەکە وەرگیرا.
وتەبێژێک بەناوی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
24/3/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 433

## سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەسەر گرێ سپی راگەیێندراوێک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061617033285565

ئازادکردنی شارۆچکەی گرێ سپی لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش هەواڵێکی خۆشە بۆ گشت خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی جیهان. ئەو سەرکەوتنە گورزێکی کاریگەرە لە تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی مرۆڤایەتی. دەستخۆشی لە شەڕڤانان و هەموو ئەو هێزانە دەکەین کە بەشدار بوونە لە ئازادکردنی گرێ سپی و سوپاسی هێزی هاوپەیمانانیش دەکەین کە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لە لێدان و تێکشکاندنی تیرۆریستان لە ڕۆژئاوای کوردستان. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلانی سووریا و بە تایبەت لە گەلی کورد لە سووریا دەکەین. هیواداریین سەرجەم ئەو ناوچانەی هێشتا لەژێر دەستەڵاتی تیرۆریستاندا ماون بە زووترین کات ئازاد بکرێن.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

16ی 6ی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 434
## سەرۆکایەتی هەرێم: داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان دەکەین خاکی خۆیان جێنەهێڵن
http://www.kurdipedia.org/?q=2015090316232985947
وێنەی تەرمی ئەو منداڵە کوردەی کۆبانێ کە لەنێو ئاودا خنکاوە ویژدانهەژێنە و سیمبۆلێکی دیکەی مەزلوومیەتی گەلی کوردە لە جیهان. ئاڵان و خانەوادەکەی کە ڕێگەی جێهێشتنی وڵاتی خۆیان و کۆچیان گرتەبەر نموونەی بەشخوراوی و ئەو زوڵمەن کە بە درێژایی مێژوو و لە قۆناغی جیاجیادا دەرهەق بە میللەتی کورد کراوە.
هەموو جیهان بەرپرسە لەوەی گەلی کوردستان بپارێزێن و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی کارەسات لە ژیانی ئینسانی کورددا بگرن. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ئاوارەیی و تراژیدیا و نەهامەتییەکانی گەلی کورد بێت و لەسەر خاکی خۆیان بە ئاشتی و سەربەرزی بژیین.
لەگەڵ ئەوەی داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان دەکەین خاکی خۆیان جێنەهێڵن، داوایش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئازاد دەکەین یارمەتی ئەو ئاوارە و پەنابەرانە بدەن کە ڕوویان لە ئەوروپا کردووە و بیریش لەوە بکرێتەوە کە سەرچاوەکانی ئەو زوڵم و جیاکارییە بنبەڕ بکرێت کە لەدژی گەلی کوردستان و هەموو گەلانی مەزلوومی جیهان دەکرێت.
03-09-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 435
## سەرۆکایەتی هەرێم: شەهیدکردنی هاووڵاتیی مەدەنیی هیچ پاساوێک هەڵناگرێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2015080112441685796
شەوی ڕابردوو لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی سوپای تورکیا لە زارگەلی، ژمارەیەک هاووڵاتیی بێ تاوان شەهید و بریندار بوونە. سەرەخۆشیی لە کەسوکاری شەهیدان دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین.
ئێمە لە کاتێکدا کە ئیدانەی ئەم بۆردومانە دەکەین، کە بووەتە هۆی شەهیدبوونی خەڵکی هەرێمی کوردستان، داوا لە تورکیا دەکەین بۆردومانکردنی خەڵکی مەدەنی دووبارە نەبێتەوە و شەهیدکردنی هاووڵاتیی مەدەنیی هەرێمی کوردستان هیچ پاساوێک هەڵناگرێت.
پێویستیشە هێزەکانی پەکەکە گۆڕەپانی شەڕەکە لە هەرێمی کوردستان دوور بکەنەوە، چیتر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نەبنە قوربانیی ئەو شەڕ و ململانێیە .
بەردەوامیی شەڕ زیانی بۆ خەڵکی مەدەنی دەبێت و داوا دەکەین لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ پرۆسەی ئاشتی.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
01-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •⊸زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 436

## سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەڵامێکی تووندی مالیکی دەداتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709225647769 51

ڕۆژی چوارشەممە 9ی 7ی 2014 لە پەیامی حەفتانەی بەڕێز مالکی گوێبیستی کۆمەڵێک تۆمەتی بێبنەما بووین کە خراوەتە پاڵ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. کە بیر لە ئەم قسانەی مالیکی دەکەینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم کەسە تووشی هیستریا بووە و تەوازونی خۆی لەدەست داوە. هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوەیە کە پاساو بۆ هەڵە و شکستەکانی خۆی بهێنێتەوە و ئۆباڵی فەشەلهێنانی خۆی بخاتە ئەستۆی خەڵکی تر.

لێرەدا بە نووری مالیکی ڕادەگەیێنین جێگەی شانازیی کوردستانیانە کە هەولێر هەمیشە پەناگەی هەموو خەڵکێکی ستەملێکراو بووە و پەناگەی تۆش بووە کاتێک لەدەستی دیکتاتۆری پێشووی خۆت ڕاتکردبوو و ئێستاکەیش خەڵک لەدەستی دیکتاتۆرییەتی تۆ هاتووەتە هەولێر. هەولێریش شوێنی داعش و خەڵکانی وەک داعش نییە، داعشەکان شوێنیان لای تۆیە. هەر تۆ بوویت خاکی عێراق و کەلوپەلی شەش فیرقەی سوپای عێراقت دایە دەستی داعش. جەنەڕاڵە کۆنە بەعسییەکانت لە دەوراوپشتی خۆت کۆ کردەوە و یەک کاتژمێریش بەرگرییان پێ نەکرا. ئێستاکە چۆن و بە چ ڕوویەک دێیت و لەسەر شاشەکان دەدوێیت. تەنیا ئەوەندەت پێ دەڵێین کە داوای لێبوردن لەگەڵی عێراق بکە کورسییەکەت جێ بهێڵە و چونکە وڵاتت وێران کردووە و ئەوەی وڵات وێران بکات ناشتوانێ لە قەیرانەکان ڕزگاری بکات.

د. ئومێد سەباح
گوتەبێژی فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
9ی 7ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 437

## سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسە نامەیەک ئاراستەی بنەماڵەی یەشار کەمال و دۆستانی دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150301215250848 19

بۆ: ئایشە بابان، خێزانی یەشار کەمال
بە نیگەرانییەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆماننوسی گەورەی کورد

ماموستا(یەشار کەماڵ)مان بیست. لە دڵەوە نیگەران بووین، بە ئومێدێکی زۆرەوە چاوەڕێی باشبوونی تەندرووستی بەڕێزیان بووین.
ڕاستە (یەشار کەماڵ)ی مرۆڤدۆست و ڕۆماننوس کۆچی دوایی کرد، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ڕۆمانەکانی (حەمە دۆک و ئەفسانەی چیای ئاگرین و دەسماڵی سپی)و شاکارەکانی تری لە یادەوەریماندا بە نەمری دەمێنێنەوە. لە مێژوودا هەمو ئەو نووسەرە مەزنانەی کۆچی دواییان کردووە، ژیانی دووەمیان لە دوای مردنیانەوە دەستپێدەکات، دەقەکانیان بوونەتە سیمبولی مانەوەو خۆشەویستی و مەزنییان لە ناو خوینەراندا، بە دڵنیاییەوە (یەشار کەماڵ)یش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو نووسەرانەیە لە ئێستاوە ژیانێکی نوێی دەستپێدەکات لەناو خوێنەراندا.
دوبارە پرسەو سەرەخۆشی خۆم و پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆتان و بنەماڵە و هەمو دۆستان و خوێنەرانی یەشار کەمال دەنێرم. لەخوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.
انا لله و انا الیه راجعون
د.یوسف محەمەد سادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
1-3-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 438

## سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە بۆنەی سی و شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، نامەیەک ئاراستەی هاوسەرۆکایەتی کۆما جڤاکا کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141127213131780080

بەڕێز:
هاوسەرۆکایەتی کۆما جڤاکا کوردستان.
بە بۆنەی سی و شەش هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستە بەڕێزتان و ئەندام و لایەنگرانی پارتە تێکۆشەرەکەتان و گەلەکەمان لە باکوری کوردستان دەکەم، هیوادارم ساڵی ئاینده، ئەم یادە لە کەش و هەوایەکدا بکرێتەوە کە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا گەیشتبێتە ئەنجام و گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد بوبێتەوە و بەرێز(عەبدوڵلا ئۆج ئالان)یش بە ئازادی و سەرفرازی بگەڕێتەوە ناو گەلە خەباتگێرەکەمان، دوبارە پیرۆزبێت یادی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان.
د. یوسف محەمەد صادق
سەرۆکی پەرلەمانی کورستان
27/11/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 439

## سەرۆکی هەرێم پیرۆزبایی لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150426151214666867

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
بەبۆنەی یادی 39 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.
مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان پڕە لەو لاپەڕانەی کە ئێوەی لاوان و قوتابی و خوێندکارانی کوردستان خاوەنی شانازییەکەیانن، قوربانیدانی لاوانی وڵاتەکەمان لەپێناو بەرگرییکردن لە خاک و گەلەکەمان، هۆیەکی سەرەکیی مانەوە و سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەمانە .
وەکچۆن ڕۆڵی خوێندکاران و قوتابیان و لاوان لەو خەبات و تێکۆشانەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بووە، ئێستاش کە گەل و وڵاتمان بەرەورووی شەڕێکی داسەپاوی دوژمنێکی دڕندە بۆتەوە و لە شەڕێکداین کە شەڕی مان و نەمانە، ڕۆڵی ئێوە زۆر هەستیارتر و گرینگترە و لە کاتێکدا شەرەفی پێشمەرگایەتی و پاراستنی گەل و وڵاتەکەتان وەدەست هێناوە، پێویستە بە هەمان هەستی پێشمەرگانەوە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بیری توندڕۆیی بگرن و بەرپەرچی ئەو هەوڵانە بدەنەوە کە بۆ بێ ئیرادەکردن و لاوازکردنی هەستی نیشتیمانپەروەری لای گەنجانی وڵاتمان لەئارادایە. گەلێک خاوەنی نەوەیەکی هۆشیار و پروابەخۆبوو بێت ئاییندەیەکی گەش چاوەڕوانیەتی.
هەر شاد و سەرکەوتوو بن
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
26ی4ی2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 440

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە ئاراستەی گەلانی تورکیا و هەموو حزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەکات لەو وڵاتەدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060816093485507

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیا پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی گەلانی تورکیا و هەموو حزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دەکەم. سەرکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی لەتورکیا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی پێگەیشتوویی.
زۆریش خۆشحاڵ بووم کە کورد بۆ یەکەمجار توانی لەکەشوهەوایەکی دیموکراتیدا لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسی بگاتەپارلەمانی تورکیا. ئەوە بۆ پێشخستنی ئاشتی و دیموکراسی دەستکەوتێکی گرنگە. هەر بەم بۆنەیشەوە دەستخۆشی لە سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی گەلان دەکەم.
وەک چۆن لە ڕابردوو پاڵپشتی پێشڤەچوونی پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسی بووین لە تورکیا لەمەودوایش لەم پشتیوانیە دا بەردەوام دەبین. هیوادارم ئەم دەستکەوتە ببێتە مایەی فراوانتربوون و قوڵتربوونی ئاشتی و برایەتی لە تورکیا و ئاسەوارەکانی ستەمکاری و ئینکار وجیاکاری نەمێنێت.
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
8ی 6ی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 441

## سەرۆکی هەرێم لەبارەی مادەی 140ەوە روونکردنەوە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140628154328768825

سەبارەت بە مادەی (140)ـی دەستووری عێراقی بە پێویستی دەزانم لەمبارەیەوە وێنەکە ڕوونتر بکەمەوە. کە کاتی خۆی، ماددەی (140)ـمان پەسەند کرد مانای ئەوە نەبوو گومانمان لە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە هەیە کە دەکەوتە سنووری ئەم ماددەیە بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە بەهۆی چارەسەرێکی یاسایی و ئاشتیانە و دەستووری کێشەکە یەکلایی بێتەوە، بەڵام دوای دە ساڵ چاوەڕوانی حکوومەتی عێراقی پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. بوونی هێزی پێشمەرگەیش لەم ناوچانە شتێکی تازە نییە. هەر لە ساڵی (2003)ـیەوە پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق و لە هەندێ شوێنیش بە تەنیا بەشێک لە شوێنەکانی دەپاراست و لە هەندێ ناوچەیش سوپای عێراقی بەتەنیا ئەرکی پاراستنی لەسەر شان بوو. بەڵام دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە سوپای عێراق پاشەکشەی کرد و ئەم ناوچانەی جێهێشت و هێزی پێشمەرگەیش بۆ پارێزگاییکردن لە سنوورەکانی کوردستان و سەروماڵی خەڵک و ڕێگەترن لە پێشڕەویی تیرۆریستان ئەرکی پارستنی ئەو شوێنانەی گرتە ئەستۆ.

چوونی پێشمەرگە بۆ ئەم شوێنانە بە مانای ئەوە نییە کورد لەم ناوچانە بەزۆر خۆی دەسەپێنێت. ئێمە بەوپەڕی شەفافییەت لەڕێی ڕیفراندۆم ڕای دانیشتوانی ناوچەکە وەردەگرین و ڕێزی ئەو ڕایەیش دەگرین و پابەند دەبین و ئیتر پێویست ناکات چیتر باسی ماددەی (140) بکرێت یاخود پرسیار دەربارەی ئەو ماددەیە بکرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 442

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی پەیامێکی پیرۆزبایی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150421214529694 58

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەبۆنەی سەدوحەڤدەهەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و حەڤدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هەموو میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم.
ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە و لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی گەلەکەمان شانبەشانی چینوتوێژە خەباتگێڕەکانی دیکەی کوردستان لەدژی داگیرکاری و دیکتاتۆری وەستاوەتەوە و ڕۆشنگری و دژایەتیی زوڵم و نەیارانی کوردستان خەسڵەتی دیاری ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە.
ئێستایش کە نەیارانی گەلی کوردستان میدیا وەک ئامرازێک بۆ دژایەتیکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بەکار بهێنن دەکرێ میدیای کوردستانی سەنگەرێکی زۆر بەهێز بێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و پشێویی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە لایەن ناحەزانی کوردستانەوە.

ئێستایش لەو کاتەی کە وڵاتمان ڕووبەڕووی شەڕێکی زاڵمانەیی تیرۆریستان بووەتەوە و تیرۆریستان لەڕێگەی میدیاکانیانەوە شەڕی دەروونی لەدژی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە دەکەن ئەو چاوەڕوانییەش لە میدیاکارانی خۆشەویستی کوردستان هەیە کە لەبەرانبەر ئەم هەوڵەی تیرۆریستان بوەستنەوە و ببنە بەشێکی کاریگەر لە بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هزری توندڕۆیی.
جێگەی شانازییە کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا هەنگاوی باشی ناوە و بە ئازادییەکی تەواو و دوور لە هەموو سانسۆرێک لە هەرێمی کوردستاندا درێژە بە چالاکییەکانی دەدات و بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە میدیا و ڕۆژنامەنووسی لە دۆخێکی زۆر باش دایە لەڕووی ئازادی و نەبوونی کوسپ و تەگەرە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی. ئەو کاتەیش ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە کە پێکەوەگرێدانێک هەبێت لەنێوان ڕۆژنامەنووسی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و پابەندبوون بە پیشەییبوون و بەهاکانی ڕۆژنامەنووسی.
لەم یادەدا داوا لە گشت لایەک دەکەم پاڵپشتی توێژی هۆشیار و کاریگەری ڕۆژنامەنووسان بن و یارمەتیی کەمکردنەوەی کێشەکانیان و باشترکردنی گوزەرانیان بدەن و ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان دوور لە دەستێوەردانی سیاسی بتوانن بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و پێشکەوتنی کولتووری و کۆمەڵایەتی بکەن.
دووبارە پیرۆزبایی لە هەموو ڕۆژنامەنووسانی ئازیزی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 443

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ناڕەزایەتی خۆی لەبەرامبەر بەشدارپێنەکردنی نوێنەری کوردستان لە کۆنگرەکەی لەندەن دەردەبڕێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012309115184690

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان
کۆنگرەی لەندەن کە تایبەتە بەو وڵاتانەی لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەشەڕدان، لەکاتێکدا دەبەسترێت کە کوردستان لەشەڕێکی ڕاستەوخۆ و توند دایە بەرانبەر تیرۆریستانی داعش و ڕۆژانە بە خوێنی گەشی پێشمەرگە قارەمانەکان، شکستی گەورە تووشی تیرۆریستانی داعش دەبێت.
لەدوای پەلاماری تیرۆریستانی داعش، پێشمەرگە بەخوێنی خۆی سەدانهەزار ئاوارە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی پاراستووە و چەندین ناوچەی بەرفراوانی بە بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە لەدەست تیرۆریستان ڕزگار کردووە.
ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد هەموو لایەک ڕێز لە قوربانیدانی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی پێشمەرگە بگرن و داوای بەشداربوونی نوێنەری کوردستان لەم کۆنگرەیە و کۆنگرە هاوشێوەکان بکەن. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئێستا کاریگەرترین هێز کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کردەیی ڕووبەڕووی تیرۆریزمی جیهانی بووەتەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.
لێرەدا ناڕەزایەتی خۆمان و خەڵکی کوردستان ئاراستەی ڕێکخەرانی ئەم کۆنگرەیە دەکەین و جێگەی دڵگرانیی ئێمەیە کە شەهیدبوون و قوربانیدان بەشی خەڵکی کوردستان بێت و ئیعتبارەکەش بۆ خەڵکی تر هەژمار بکرێت. خەڵکی کوردستان شایانی ئەوەیە کە لەمجۆرە دانیشتنە نێودەوڵەتیانەدا نوێنەری خۆی هەبێت کە گوزارشت لە واقع و بیروبۆچوونەکانی گەلی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان بکات. قورسایی ئەم بارودۆخە لەسەر شانی گەلی کوردستانە و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بکات و دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بگەیێنێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
22ی 1ی 2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 444

## سەلامەتی گیانی رۆژنامەنوس سۆزان جەمال لەئەستۆی دەسەڵاتداراندایە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051708584882995

دوابەدوای بڵاوبونەوەی کتێبی(یەک ملیۆن پرسیار و وەڵام دەربارەی سێکس) کەلەلایەن سۆزان جەمال، سەرنووسەری گۆڤاری زانستی سەردەمەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەواڵی هەڕەشەی کوشتنی لەڕێگای ئیمەیلو مۆبایلەوە، لەمیدیاکاندا بڵاوبوەوە.بە پێی لێدوانەکانی سۆزان جەمال، خاوەنی ئەم هەڕەشانە کەسانی سەر بەڕەوتو لایەنە سەلەفیو ئیسلامیەکانو داوایان لێکردوە کە کتێبەکەی کۆبکاتەوە واز لە بڵاوکردنەوەی بهێنێت، ئەگەر نا ئەوا ژیانی خۆیو منداڵەکانی لەژێر مەترسیدان.
بێگومان ئەمە یەکەمجار نییە کەزمانی هەڕەشە لەلایەن مەلاو گروپە ئیسلامیەکانەوە، رووبەڕوی رۆشنبیرانو نووسەران، دەبێتەوە، بەڵکو لەچەند ساڵی رابردووی ژێرسایەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی وەک پارتیو یەکێتیدا، خەروارێک لەتاوانی تیرۆرو کوشتن، هەرەشەو سوکایەتی کردن بەدژی نووسەرانو روشنبیرانی کوردستان کەوتۆتەبەردەست، کەبەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو ووتارو بابەتانە، کە لەگەڵ زەوقو بۆچوونی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیەکاندا نایەتەوە، دەستی بۆبراوە.بەڵام ئەگەر ئیسلامی سیاسیو رەوتەکانی لەپێناو زاڵکردنی فەزای کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی بەسەر کۆمەڵگدا، زمانی هەڕەشەی کوشتنو تیرۆریان بەدەستەوەگرتبێت، ئەوا خودی دەسەڵاتداران، خۆیانن کە لەم مێژوەدا، ریگاپێدەرو بەرپرسیاری سەرەکین.بەتایبەتیش سیاسەتی سازشو هاوکاریو کۆمەک کردنی بەردەوامی حزبەدەسەڵاتداراکان، بەرەوتە ئیسلامەیەکان، سەرچاوەو بەرهەم هێنەری ئەو هیرشو هەڕەشانەیە کەبۆسەر نووسەرانو ئازادیخوازانو ئازادی بەیانو رەخنەو چاپەمەنی بەڕیخراوە.دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقافو تۆڕی مزگەوتو مەلای موچەخۆر، تا شەریک کردنی حزبە ئیسلامیەکان لەدەسەلاتو دانی بودجەو هەڵخستنی ئازادی بێسنور بۆ کارو هەڵسوڕانو دەزگاکانی میدیایان، تاجێخستنی شەریعەتی ئیسلامی وەک سەرچاوەیەک لە دەستورو یاساکانی ولاتدا..هەموو ئەمانە کۆمەکیان کردووە بەوەی هێرشو پەلاماری کۆنەپەرستان حالەتێکی بەردەوام بێت بۆسەر رۆشنبیرانو ئازادیخوازان.تەنانەت هێنانی یاسای پیرۆزیەئاینەیەکان بۆ نێوپەرلەمان لەلایەن مەلاکانی سەر بەپارتیەوە، خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم سیاسەتە لاینگریەی دەسەلاتە بە رەوتە ئیسلامیەکان.
ئازادی بەیانو رەخنەو چاپەمەنیو رۆژنامەنوسی، مافێکی بێ ئەملاولای خەڵکی کوردستانەو دەبێ بە خەباتی جەماوەری دەسەلاتدارانی پێ ناچاربکرێ.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ئەم جۆرە هەڕەشانەی کۆنەپەرستان سەرکۆنەو مەحکوم دەکاو بەهەوڵیکی دژی ئینسانیو کوێرانەی دەناسێنێت کە لەپێناو سەرکوتو پاشەکشەپێکردن بەڕەوتی ئازادیخوازیو سکولاریزم لەکوردستاندا دەستی بۆبراوە.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، خۆی بەپشتیوانی سۆزان جەمالو هەر خەباتێکی ئازادیخوازان دەزانێ کە لەدژی کۆنەپەرستیو سەرکوتی ئازادیەکانو ئازادی بیروڕا، دێتەمەیدانەوە.هاوکات دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرپرسیار دەکات لە پاراستنی گیانی سۆزان جەمالو بانگەوازی رۆشنبیرانو نوسەرانو خەڵکانی ئازادیخوازیش دەکات، کە لەپێناو دانانی سنورێک بۆ هەڕەشەی کۆنەپەرستان، دەنگی ناڕەزایەتی، هەڵبڕن.
کۆمیتەی سلێمانی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

---

15/05/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 445

# سەنتەری کورد - ئەمریکا جەخت لەدادگایکردنی مەحمود سەنگاوی دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122721120787041

لەسەر سکالای خانەوادەی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی وبە تۆمەتی تیرۆرکردنی کورەکەیان، دادگای بەرایی کەلار لە رۆژی (19\12\2013) بەپێی مادەی (406) لەیاسای سزادانی عێراقی بریاری دەستگیرکردنی بۆ مەحمود سەنگاوی دەرکردوە، لەگەڵ ئەوەی ناونیشان و شوێنی نیشتەجێبوونی تۆمەتبارەکە دیارە، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراوە و خۆشی نەچۆتە بەردەم دادوەر. لەسەر ئەمەش لێدوان و بیانوی جیاجیا چ لەلایەن تۆمەتبارەکە و چ لەلایەن یەکێتی نیشتمیانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە لە رێی میدیاکانەوە گوێبیست دەبین.
ئێمە لە سەنتەری کورد-ئەمریکا، نیگەرانین لەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن خەمساردانە مامەڵە لەگەڵ بریاری دەستگیرکردنی تۆمەتباری تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی دا بکات، هەروەها نیگەرانیشین بەهەر بیانوێکەوە بێت، یەکێتی نیشتیمانی تەگەرە بخاتە بەردەم دەستگیرکردنی مەحمود سەنگاویەوە، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەیانە، بیانوی بەدەستنەگەیشتنی بریاری دادگاش بە تۆمەتبار، بیانوێکی بێبنەمایە و وەک هەڵاتن لە یاسا حسابی بۆ دەکەین، چونکە دەقی بریارەکە سەرباری ناردنی بۆ تۆمەتبار، هاوکات لە زۆربەی میدیا نێوخۆیەکانیشدا بلاوکراوەتەوە.
دەستگیرنەکردنی تۆمەتباران و دادگایی نەکردنی بکوژانی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، بەر لە هەرشتێک بێبایەخکردنی یاسا و دەسەڵاتی دادوەریە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات پێشێلکاریەکی گەورەی ئازادی کار و سەلامەتی رۆژنامەنوسان و ئازادی بیروڕادەربرینە، ئەمەش لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بەشێوازێکی خراب بەسەر حکومەتی هەرێم و لەنێو حزبە سۆسیال دیموکراتەکانیشدا بەسەر یەکێتی نیشتیمانیدا دەشکێتەوە.
ئێمە لە سەنتەری کورد- ئەمریکا، رایدەگەیەنین، لە هەوڵەکانمان بەردەوامین بۆ ئاگادارکردنەوەی ناوەندە بریاربەدەستە نێودەوڵەتیەکان و رێکخراوە تایبەتمەندەکانی رۆژنامەوانی و مافی مرۆڤ و ئازادی را دەربرین، لە تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی و هەموو فشارێکیش دەگرینەبەر بۆ دادگایی کردنی پلاندانەر و بریاردەر و بکەری تیرۆرکردنەکە لەبەردەم دادگایەکی سەربەخۆی ناوخۆ یان دەرەکیدا .
لەگەڵ ئەوەی سەنتەری کورد – ئەمریکا پێشتر تەواوی ناوەندو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جیهانی لەدۆسیەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی ئاگادار کردوە، ئێستاش لەپەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ هەریەک لەرێکخراوەکانی "هیومان رایتس وۆچ"HRW" ، کۆمیتەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان "CPJ"، رێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ"AMNESTY"، و رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور"RSF"، پەیمانگای راگەیاندنی نێودەوڵەتی "IPI" و چەندیدنی تریش، بەدەنگەوە هاتنیشیان بۆ بانگەوازی سەنتەرەکەمان لە ئەمریکا، جێی ئومێدە و چاوەڕوان دەکرێت لە رۆژانی داهاتوودا کاردانەوەی ئەو ناوەند و رێکخراوانە دژ بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی و دەستگیرنەکردنی تۆمەتباران و دادگایی نەکردنیان رابگەیەنرێت.
بەو هیوایەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و داواکاری گشتیش، رۆڵی ئیجابیانە و بەرپرسیارانەی خۆیان لە بێلایەنی لێکۆڵینەوەکان و سەربەخۆیی دادگا و پرۆسەی

دەتسگیرکردنی تۆمەتباراندا ببینن، بەر لەوەی لە ژێر فشاری نێودەوڵەتیدا ئەم داوایەیان لێبکرێت، یان دۆسیەکە بگاتە (راپۆرتی خولی گشتگیر) کە بڕیارە لە مانگی مارسی داهاتودا لە شاری ژنێف بە ئامادەبوونی زیاتر لە 100 وڵاتی جیهان نمایش بکرێت.

سەنتەری کورد - ئەمریکا بۆ ئازادی ڕادەربڕین(K.A.C.F.E) ، سەنتەرێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، لەلایەن نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی کورد لە هەرێمی ڤێرجینیای ئەمریکا دامەزراوە، ئامانج لەکارەکانی ئەم سەنتەرە بەرگریکردنە لە ئازادی رادەربڕین و ئازادی کاری رۆژنامەنوسی و گەیاندنی هەر پێشێلکاریەک دژ بە تاکی کورد لەو رووەوە بە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، ئەم سەنتەرە لەلایەن چەند ناوەندو ڕێکخراوێکی ئەمریکی و نێودەوڵەتی پشتیوانی دەکرێت.

سەنتەری کورد-ئەمریکا بۆ ئازادی ڕادەربڕین(K.A.C.F.E)

ڤێرجینیا – ئەمریکا

26\ 12\ 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | 🌏دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 446

## سەنتەری کورد-ئەمریکا ناوەندە جیهانیەکان لەسەرکوتی خۆپیشاندەرانی هەرێم ئاگادار دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010309174786900

ڕۆژی (2\1\ 2014) کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی کەمی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمی و بەدەنگەوە نەهاتنی بەرپرسانی شارۆچکەکە، لەلایەن چەند رۆژنامەنوسێک و چالاکوانێکی کۆمەڵی مەدەنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە قەزای سەیدسادقی سەربەپارێزگای سلێمانی ئەنجامدرا، دواتر ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەتوندوتیژی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنیەکانی ئەوشارۆچکەیە شکایەوەو لە ئەنجامدا گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی (پریار حەسەن) بەگوللەی هێزە ئەمنیەکان گیانی لەدەستداو نزیکەی 60 هاولاتی دیکەش بریندداربون.

بەپێی زانیاریەکانی سەنتەری کورد-ئەمریکا بۆئازادی ڕادەربڕین لەسەروبەندی گرژیەکانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسی چالاکە مەدەنیەکانی ئەو شارۆچکەیە، لەشاری سلێمانیەوە هێزێکی زۆری ئاسایش و پۆلیسی ئامادە رەوانەی شارۆچکەی سەید سادق دەکرێن و بەشێوەی هەرەمەکی تەقەلەهاولاتیان دەکرێت و بەزەبری هێز سەرکوتی خۆپیشاندەرانی ئەوشارۆچکەیە دەکەن.

هەربەپێی ئەو زانیاری و دیکیۆمێنتانەی لەبەردەست سەنتەری کورد-ئەمریکادان بەڕونی ئەورووداوە دەردەکەوێت ئەو چەکدارانەی تەقە لەخۆپیشاندەران دەکەن، کەدواجار هاولاتیەک (بەفیشەک) دەکوژرێت و نزیکەی 60 هاولاتی دیکەش بریندار دەبن لەلایەن هێزێکی ئەمنی ترسناکەوە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کراوە، (ئەمەلەکاتێکدا لەدروستبونی هەرگرژیەک لەنێوان خۆپیشاندەرو دامودەزگاکانی دەولەتدا دەبێت پۆلیسی چالاکە مەدەنیەکان ئامادەبێت نەک هێزگەلێکی دیکە)، هەربۆیە ئەم کارەی هێزە ئەمنیەکانی کوردستانی باشوور (ئیدارەی سلێمانی) بەهەموو پرەنسیپەکان پێچەوانەی یاسانێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی خۆپیشاندانەو ئەو ڕووداوە بەتاوان لەقەڵەم دەدرێت و دەچێتە خانەی سەرکوتکردنی داواکاری و خۆپیشاندانە مەدەنیەکانەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیاری و بەدواداچونانەی لەماڵپەڕە کوردیەکانەوە بڵاوکراوەتەوە دوابەدوای سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بەزەبری هێز، هێزێکی ئەمنی بەئۆتۆمبێل و جلوبەرگی مەدەنیوە کەوتونەتە دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوان و بەشێک لەبەشدارانی خۆپیشاندانەکەو نزیکەی 20 کەسیان دەستگیرکردوەو ڕەوانەی دەزگاکانی ئاسایشی سلێمانی کراون.

پاڵپشت بەو ڕەوشە سیاسیەی کەدەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەماوەی 22 ساڵی ڕابردوودا پەیرەویان کردوەو وەک پێویست بەتەنگ داواکاری و خزمەتگوزاری هاونیشتیمانیانی هەرێمەوە نەچون، هەرئەمەشە وایکردوە بەدرێژای ئەوهەموو ساڵە چەندین خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی لەتەواوی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراوە دژی نەبونی عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و ئەو گەندەڵیەی دامودوزگا حکومی و تەنانەت حیزبیەکانیشی گرتۆتەوە، دیارترین خۆپیشاندانیش ڕۆژانی (17ی شوباتی 2011)و ڕۆژانی دوایبوو، کەدواجار بە کوژرانی 10 هاولاتی و برینداربونی سەدان هاولاتی سڤیل و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بەزەبری هێزە ئەمنی و دەمامکدارەکان کۆتای هات، بەپێی بۆچونی زۆرێک لەچاودێرانی سیاسی و نوسەرو رۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان هەتائەمرۆ ناڕەزای و داواکاریەکانی خەڵکی شەقام بەردەوامی هەیەو خۆپیشاندانەکەی (2\1\2014) شارۆچکەی سەیدسادقیش درێژکراوەی هەمان نارەزای و داواکاری جەماوەرو دواجار درێژکراوەی هەمان خۆپیشاندانەکانی سالانی ڕابردووە.

سەنتەری کورد-ئەمریکا بۆ ئازادی ڕادەربڕین جگەلەوەی ڕای گشتی هەرێمی کوردستان و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەوە ئاگادار دەکاتەوە بەرپەرچدانەوەو سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی قەزای سەیدسادق بەزەبری هێزێکی نایاسای بەپێی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانی یاسای خۆپیشاندان و هەروەها کوژران و بریندارکردنی خۆپیشاندەران و دواجار دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان و چالاکوانان و خۆپیشاندەرانی شارۆچکەکە، بەهەموو مانایەک دژبە یاساو ئیتیک و مۆراڵی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هاوکات ئەو دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینەیە کەزەمەنێکە سەرۆک و بەرپرسانی هەرێم باسی لێوەدەکەن و شانازی پێوەدەکەن، هاوکات سەنتەری کورد-ئەمریکا تەواوی ناوەندو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەو سەرکوتکردن و کوژران و بریندارکردن و رەشبگیریەی هاولاتیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئاگادار دەکاتەوە.

سەنتەری کورد - ئەمریکا بۆ ئازادی ڕادەربڕین(K.A.C.F.E) ، سەنتەرێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، لەلایەن نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی کورد لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکا دامەزراوە، ئامانج لەکارەکانی ئەم سەنتەرە بەرگریکردنە لە ئازادی رادەربڕین و ئازادی کاری رۆژنامەنوسی و گەیاندنی هەر پێشێلکاریەک دژ بە تاکی کورد لەو روەوە بە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، ئەم سەنتەرە لەلایەن چەند ناوەندو ڕێکخراوێکی ئەمریکی و نێودەوڵەتی پشتیوانی دەکرێت.

سەنتەری کورد-ئەمریکا بۆ ئازادی ڕادەربڕین(K.A.C.F.E)
ڤێرجینیا – ئەمریکا
03\01\2014

وێنەیەک بۆ:
-کۆشکی سپی(White House)
-وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا(U.S. Department of State)
-کۆنگرێسی ئەمریکا(U.S. House of Representatives)
-پەیمانگای ئەمریکا بۆ ئاشتی(USIP)
-ئۆفیسی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرک(UN)
-کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان لە جنێف(HRUN)
-تیمی نێردراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ عێراق لە بەغداد(UNAMI)
-خاچی سوری نێودەوڵەتی لە جنێف(ICRC)

-پەرلەمانی ئەوروپا لە برۆکسل(European Parliament)
-ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ لە نیویۆرک(HRW)
-ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناشناڵ لە لەندەن(AMNESTY)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 447

## شارەوانی هەولێر، لەبارەی پێدانی زەوی بە ڕێکخراوی روانگە و مێری روونکردنەوە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032516034984989

بەپشت بەستن بە یاسای ژمارە (32)ی ساڵی (1986) ی کڕین و بەکرێدانی زەوی دەوڵەت، لەشاری هەولێر لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر زەوی بۆ ڕێکخراوی روانگە و دەزگای مێری و کۆمەڵە و ڕێکخرا و و یەکێتیەکانی هاوشێوەیان تەرخانکراوە.
لەیاسای ژمارە (32) لەمادەی (22) لەبڕگەی دوو ڕێگەی داوە زەوی بەڕێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیەکان بدرێت بەبێ موزایەدە، بۆیەش ئێمە وەک سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەپێی ئە و دەسەڵاتەی پێمان دراوە کارەکانی خۆمان بەشێوەیێکی یاسایی ئەنجامداوە و زەویمان بۆ کۆمەڵە و یەکێتیەکان تەرخانکردوە بەشێوەی بەکرێدانی ساڵانە، ڕێکخراو و دەزگا ناوبراوەکان لەبەرامبەر تەرخانکردنی ئە و پارچە زەویانە ساڵانە کرێیەک بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن و ئە و پارەیەش دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت .
لەماوەی رابردوو زیاتر لە (50) پارچە زەوی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیەکان تەرخانکراوە جا بەشێوەی تەملیک کردن بێت یاخود بەکرێی ساڵانە بێت، ئەمانەش نەیەکەم ڕێکخراو و دەزگان زەویان بۆ تەرخانکراوە نە دواهەمینیش دەبن.
ئەم روونکردنەوەیەی ئێمە وەک و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دوای ئەوە دێت هەندێ لە دەزگا راگەیاندنەکان قسەیان لەسەر ئەوە کرد بەشێوەی نایاسایی زەوی بە ڕێکخراوی روانگە و دەزگای میری و هاوشێوەکانی دراوە، لێرەوە دوپاتی دەکەینەوە تەرخانکردنی زەوی بۆ هەرلایەنێک کرابێت ئێمە وەک سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کردومانە، بەڵام دوای پڕینی هەموو ڕێکارە یاساییەکان ئینجا بڕیار لەسەر تەرخانکردنی زەوی بۆیان دراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 448

## شۆڕشی میسر لەبەردەم تەحەدایەکی مێژوویدا!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070611464289674

"ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئیخوان موسلمین لە میسر"

ڕۆژی یەکشەممە 30-6-2013، کرێکاران و چەوساوەکان، ئەوانەی لەژێرباری دەسەڵاتی سەرمایەو هەژاری ڕەهادا دەیان ناڵاندو بەسەدان هەزاریان لەژێر خانووی تەنەکەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئازادیخوازان و نەیارانی دەسەڵاتی ئیسلام و لایەنگرانی مەدەنیەت لە میسر لە کردەوەیەکی شۆڕشگێرانەی مێژوویی بێوێنەدا پەیامی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئیخوان موسلمینیان ڕاگەیاند! کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە دەیان ملیۆن مرۆڤی چەوساوەو ئازادیخواز تێیدا بەشداربوون و گەورەترین کۆبوونەوەی جەماوەرییان لەمێژوودا نمایشکرد. بەڵام ئەوەی لە ڕۆژی 3-7-2013دا ڕوویدا، هەوڵێکی کاریکاتۆریی سوپای میسر بوو بۆ خۆهەڵواسین بە شۆڕش و ئامانجەکانی شۆڕشدا بەمەبەستی لەباربردنی.

چینی بۆرژوازی میسرو سەرمایەداری جیهانی ماوەی دووساڵە، دوای لەدەستچوونی دەسەڵاتی 40 ساڵەی حوسنی موبارەکی دڵخوازی خۆیان لەژێر زەربەی شۆڕشی میسردا، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی کۆتایی شۆڕش ڕابگەیەنن. لە هەوڵی ئەوەدان بەکەمترین ئاڵوگۆڕ دەسەڵاتی سەرمایە لەدەستی نارەزایەتی و شۆڕشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و تینووی ئازادی و یەکسانی قورتاربکەن و ئارامی و جێگیری بۆسەرمایەو چەوسانەوەی چینی کرێکار بگێڕنەوە. بۆرژوازی ناوخۆیی و جیهانی بەحوکمی ناڕۆشنی و کەموکوڕیەکانی شۆڕش توانییان لە هەنگاوی یەکەمدا هەڵبژاردن وەکو ئاکامی شۆڕش دەرخواردی خەڵک بدەن و لە سندوقەکانی دەنگدانەوە ئیسلامی سیاسی و ئیخوان موسلمین، کە تەنها ئەڵتەرناتیفی ئەوان بوو لەبەرامبەر شۆڕشدا، سەردەربێنن و کورسی دەسەڵات بکەوێتە دەستیان. ئێستاش کە ئیسلامی سیاسی و ئیخوان موسلمین کارایی خۆیان بۆ بۆرژوازی لەدەستداوەو لە کۆتاییهێنان و سەرکوتکردنی شۆڕشدا شکستیان خواردووە، گڵۆپی سەوزیان بۆ کودێتای سەربازی سوپا هەڵکرد.

بۆرژوازی میسری و جیهانی لەپێشیانەوە ئەمریکا، دوای تەقینەوەی تورەیی ملیۆنی خەڵکی چەوساوەو ئازادیخوازی میسر بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئیخوان موسلمین، بۆ پێشگرتن بە قووڵبونەوە و ڕادیکاڵبوونەوەی شۆڕش، بۆئەوەی جەماوەری شۆڕشگێر خۆیان ئیسلامی سیاسی و ئیخوان و مورسی لەسەر کورسی دەسەڵات نەکێشنەخوارەوە، بۆئەوەی جەماوەری خەڵک سەرجەم هێزو بزوتنەوەکانی بۆرژوازی جێنەهێڵن و بۆرژوازی بێ بەدیلی سیاسی و دەسەڵات نەمێنێتەوە، بۆئەوەی دەسەڵاتی سەرمایە لە میسردا پارێزراوو دەست لێنەدراو بمێنێتەوە، لە پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراودا، بەناوی پارێزگاری لە خواستەکانی خەڵک و شۆڕشەوە، سوپای میسر کە بەداخەوە هێشتا بەپێی پێویست لەئاستی جەماوەریدا ماهیەتە چینایەتیەکەی نەناسراوە، دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت. بەمجۆرە سوپا، نەک لەدژی مورسی و ئیخوان، بەڵکو بەناوی خەڵکەوە کودێتای بەسەر خواست و ئومێدەکانی خەڵک و شۆڕشدا کرد! ئیخوان وەکو بەدیلێکی بیکەڵک و ماوە بەسەرچووی بۆرژوازی کە نەیتوانی ئەرکەکانی لە سەرکوت و کۆتاییهێنانی شۆڕشدا بەئاکام بگەیەنێ، لە لایەن خودی بۆرژوازیەوە لە شانۆی دەسەڵات کرایە دەرەوە.

دەورەی داهاتوو بۆ شۆڕش و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی میسر دەورەیەکی سەخت و پڕ لە ڕووبەڕووبوونەوە دەبێ. لەلایەکەوە گەشەو پێشڕەوی زیاتری شۆڕش و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی بەستراوەتەوە بە تێپەڕاندنی وەهم بە بێلایەنی سوپاو لەوەش خراپتر باوەڕبوون بە لایەنگری سوپا لە شۆڕش. لەلایەکی دیکەوە پاشماوەکانی ئیسلامی سیاسی و ئیخوان کە هەڕەشەی بەخوێنکێشانی کۆمەڵگا دەکەن لە تۆڵەی شکستەکەیاندا، تەحەدایەکی دیکە دەبن لەبەردەم جەماوەرداو پێویستە خۆیانی بۆ ئامادەبکەن و پووچەڵی بکەنەوە. هەرئێستا ئەو دوو لایەنەی شۆڕشی چەواشە(ئیخوان موسلمین لەلایەک و سوپای میسرو هێزە بۆرژواییەکانی هاوپەیمانی لەلایەکی دیکەوە) مەترسی جدییان بۆسەر شۆڕش دروستکردوەو ئەگەری وەرچەرخانی بارودۆخەکە بەزیانی خەڵک و کۆمەڵگا دوورنیە. دوو مەرجی سەرەکی و دوو فاکتەری هەرە گرنگ کە ئامادەییەکان و تواناکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش بۆئەو ڕوبەڕووبوونەوەیە دەبەنەسەر و کۆمەک بەوە دەکەن سەرفرازو سەرکەوتوو بێنەدەرەوە، شۆڕش لەو مەترسیە ڕزگاربکەن و بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی بەرن، پێکهێنانی شوراکانە لەناوەندە کرێکاریەکان و لە گەڕەکەکان و دروستکردنی حیزبی سیاسی پێشڕەوی چینی کرێکاری میسر، حیزبێک کە بتوانێ لەم شەڕە چینایەتیەدا پێداویستیە سیاسی و فکریەکانی سەرکەوتن دەستەبەربکات.

شۆڕش لە میسر بانگەوازی کۆمۆنیست و سۆشیالیستە کرێکاریەکان دەکات بۆ وەڵامدانەوە بەم

وەسیلە گرنگەی سەرکەوتنی شۆرش. شۆرش لە میسر لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی دیکەی مێژوویدایە.
مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
5-7-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 449

# شەش لیستی کوردستان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕەتدەکەنەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100715492388391

-جەماوەری تێکۆشەری کوردستان...
_حزب و لایەن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان...
ئێمە ئەو لیستانەی کەوا لە خوارەوە ناومان هاتووە ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە 6 / 10 / 2013 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە هەولێر سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆبووینەوەو گفتوگۆمان کرد، ئێمە هەموو لایەکمان لەباشووری کوردستان بەپەرۆش و ئامادەکارییەوە لە ڕێکەوتی 21 / 9 / 2013 پێشوازیمان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردو تێیدا بەشداربووین، لیستەکانیشمان وەکو هەموو لیست و قەوارەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا کاری خۆیانکرد، لیستەکانمان پێکهاتبوو لە کۆمەڵێ کاندیدی ناسراوو بەتوانا لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، کاندیدەکانیش لێهاتوو بوون و خاوەن پێگەی جەماوەری خۆیان بوون، ئەوەی چاوەڕێمان نەدەکرد ئەو دەنگانە بوو کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە ڕێکەوتی 2013/10/2 ئەنجامەکانی ڕاگەیاند، ئەو دەنگانەی لیستەکانمان کە خوێندرانەوە بەهیچ شێوەیەک بەدەنگی خۆمان نازانین و ئەو دەنگانە دوورن لەڕاستی و لەگەڵ پێگەی سیاسی و جەماوەری لیستەکانمان و کاندیدەکانمان یەکناگرنەوەو دەنگەکانی لیستەکانمان لەو ژمارەیە زۆر زیاترن کە ڕاگەیەنراوە، ئەوەی ئێمە لەچاودێرەکانمان بەدەستمان گەیشتووە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ژمارەی ڕاگەیاندراوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و، لە زۆر شوێن بە بەرچاوی چاودێرەکانمان بەئەنقەست دەنگی لیستەکانمان پووچەڵکراوەتەوەو چاودێرەکانمان لەسەر ئەم پێشێلکارییانە سکاڵایان تۆمارکردووە، بەداخەوە سکاڵاکان بەهەند وەرنەگیراون، هەموو لایەکیش دەزانین کەوا دەستکاری زۆری دەنگی لایەنەکان کراوە لەزیادکردن و فەوتاندن، واتە هەڵبژاردنەکە بێ ساختەکاری نەبووە، ئێمە وای دەبینینەوە کەوا بووینەتە قوربانی ململانێ و بەرژەوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و هەندێ لایەنی هەرێمی. بۆیە ئێمە زۆر ڕاشکاوانە بە گەلی کوردستانی ڕادەگەیەنین کە بەهیچ شێوەیەک بەم ئەنجامە ڕازی نین و ڕەتیدەکەینەوە، بەباوەڕی ئێمە دەستکاریکردنی دەنگی لایەنەکان گاڵتەکردنە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسی و خواستی هاوڵاتیان و هۆکارە بۆ ناشرینکردنی ئەزموونی باشووری کوردستان، لەهەمان کاتدا کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەبێلایەن نابینین، بۆیە داواکارین کەوا سندوقەکانی دەنگدان لەلایەن لێژنەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن جارێکی دیکە هەژمار بکرێنەوە، بۆئەوەی هەموو لیستەکان ژمارەی دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان بزانن.
جەماوەرو لایەنگران و دەنگدەرانی لیستەکانمان دڵنیادەکەینەوە لەهیچ دەنگێکی خۆمان خۆشنابین و هەموو ڕێکارێکی یاسایی دەگرینەبەر بۆ بەدەستهێنانەوەی دەنگە فەوتاوەکانی لیستەکانمان، لەهەمان کاتدا لە دادگا تانە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەدەین .
-سەرکەوێ خواستی گەلی کوردستان .

لیستەکان:
-1لیستی چاکسازی و گەشە (ژمارە 106)

-2ليستى مافەكانى خەڵكى كوردستان (ژمارە 118)
-3ليستى مافى گەل (ژمارە 116)
-4ليستى سەربەخۆكان (ژمارە 119)
-5ليستى حزبى رزگارى كوردستان) RPK ژمارە 114)
-6ليستى يەكێتى نەتەوەيى ديموكراتى كوردستان) YNDK ژمارە 109)
6 / 10 / 2013
هەولێر _ كوردستان

تايبەتمەندييەكانى بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | كرمانجيى باشوور - سۆرانى |
| وڵات: | باشوورى كوردستان |
| كويک ريسپۆنس كۆد: | |

بابەتى ژمارە: 450

## شەهيدبوونى ئەم دوو فەرماندەيە، ئاماژەی گەڕانەوەی گيانی بەرزو بەرپرسيارانەی پێشمەرگانەيە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150131212819119152

پەيامێک لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.
شەهيدبوونی ئەم دوو فەرماندەيە، ئاماژەی گەڕانەوەی گيانی بەرزو بەرپرسيارانەی پێشمەرگانەيە.

چەند ڕۆژێکە تيرۆريستانی داعش، دوای خۆ ئامادەکردن و بەرنامەڕێژی، پەلامارێکی بەرفراوانيان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناوچەکانی کەرکوک، لەم هێرشانەدا دەيانوويست خەونی گڵاوی خۆيان بە داگيرکردنی شاری کەرکوک تاقی بکەنەوە. بەڵام ئازايەتی و نەبەردييەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی خۆراگری کەرکوک ئەو خەونە تاريکەيانی بەتاڵ کردەوە. بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە خوێنی پۆلێک پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمان تۆمارکرا، بەتايبەتيش هەردوو فەرماندە(ليوا شێرکۆ شوانی و ليوا حسێن مەنسور) کە هەر لە سەرەتای پەلامارەکانی تيرۆريستانی داعشەوە، ئەم دوو فەرماندەيە سەنگەرەکانی پێشەوەيان چۆڵ نەکردو دەيان نەبەردی و سەرکەوتنی گەورەيان بۆ مێژووی پێشمەرگە و گەلەکەمان تۆمار کرد.
شەهيدبوونی ئەم دوو فەرماندەيە و چەندين بەرپرس و فەرماندەی تری هێزی پێشمەرگە، ئاماژەی گەڕانەوەی گيانی بەرزو بەرپرسيارانەی پێشمەرگانەيە کە هەميشە بەرپرس و فەرماندەی پێشمەرگە وا گۆشکراون دەبێت لە پێشەوەی بەرگريکردنبن.
لە کاتێکدا بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، پيرۆزبايی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەشکست پێهێنانی پلانی گرووپی تيرۆرستی داعش دەکەين، پرسەو سەرەخۆشی خۆشمان ئاڕاستەی يەکە يەکەی خێزان و بنەماڵەی پێشمەرگە شەهيدەکان دەکەين و هيوای زوو چاکبوونەوە بۆ پێشمەرگە بريندارەکانی ئەم نەبەردييەش دەخوازين.
نەمری بۆ شەهيدان، سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

د. يوسف محەمەد سادق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
31/1/2015

تايبەتمەندييەكانى بابەت

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 451
## شەهیدکردنی بڕیار حەسەن مەحکوم دەکەین
http://www.kurdipedia.org/?q=20140105110626868826



بە مەبەستی دواکاری وەک خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی خەڵکانێکی زۆری شاری سەیدسادقی نزیک شاری سلێمانی ڕۆژی 2 ی ئەم مانگە خۆپیشاندانیان کرد.
بە پێی هەواڵەکانی میدیا دەزگا ئەمنێکان وڵامی خۆپیشاندەرانیان بە فیشەک دایەوە، و ئەوەش شەهیدێکی گەنجی بە ناوی بڕیار حەسەن و نزیکەی 60 بریندار‌ی هەر ڕۆژی یەکەم لێکەوتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی نارەزایی لای زۆر لە هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان.
ئێمە، کە پرۆسەی دیموکراسیمان لە هەرێمی کوردستان لا مەبەستە، بەکاری هێنانی ئەو توند و تیژییە لە لایەن دەزگا ئەمنێکانەوە مەحکوم دەکەین. و گرنگە هەموو لایەکمان بزانێن کە مافی ڕادەربڕین و مافی خۆپێشاندان چەند بنەمایەکی گرنگی پێشکەوتنی دیموکراسین.
بودیل سێبالوس، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی ژینگە
هیلەڤی لارشۆن، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی سۆسیال دیموکرات
توربیۆرن بیورلوند، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی چەپ
ڤالتەر موت، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی ژینگە
ماریان باری، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی چەپ
ئەنیکا لیلەمێتس، پەرلەمنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی ژینگە
یاکوب یونسۆن، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی چەپ
جەبار ئەمین، پەرلەمەنتار لە سەر فراکسیۆنی پارتی ژینگە
5/1/2014
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 452
## عەبادی تورکمانێک دەکاتە بەڕێوبەری کۆمپانیای نەوتی باکور
http://www.kurdipedia.org/?q=20150902143052859937



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: SAعەرەبی

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 453

## عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆک کۆماری میسر نامەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی رەمەزان بۆ جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق دەنێرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140708103020 76927

فەخامەتی سەرۆک جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق بەخۆشحاڵییەوەو لەکانگای دڵمەوە راستگۆیانەترین پیرۆزبایی ئاراستەی فەخامەتتان دەکەم بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە، بەم بۆنە پیرۆزەوە جوانترین ئاواتم ژیانێکی خۆش و پڕ لە تەندروستی و بەختەوەرییە بۆ بەڕێزتان، داوا لەیەزدان دەکەم ئەم مانگە پیرۆزە بەخێرو خۆشی بگەڕێنێتەوە بەسەر گەلی برامان و سەرجەم گەلانی عەرەبی و ئیسلامیدا. لەگەڵ بەرزترین رێزی برایانەمان هەموو ساڵێکتان پڕبێت لەخۆشی.

عەبدولفەتاح سیسی
سەرۆک کۆماری میسری عەرەبی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 454

## عەرەبەکان خۆیان دەکەن بە کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150501100143120989



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 455

## فراکسیۆنی یەکگرتوو بەیاننامەیەک لەسەر تەقینەوکەی هەولێر بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041809144169996

بەداخەوە ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی تر تیرۆریستان دەستی ڕەشیان گەیاندە هەرێمی کوردستان و ئاشتی و ئارمی هەولێری پایتەختیان تێکدا ئامانجی سەرەکی لێی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستانە کە یەکێکە لە خاڵە گەشەکان و جێگای شانازی پێوەکردنە بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان.
نەیارانی هەرێمی کوردستان هەمیشە لە بۆسەدان بۆ زیانگەیاندن بە خەڵک و حکومەت لەم کوردستانەدا و لەو پێناوەدا درێغی ناکەن لە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک، بۆیە وێڕای نرخاندنی هەوڵ و ماندوبوونەکانیان داواکارین لە لایەنە ئەمنییەکان ڕێوشوێنی جدیتر بگرنەبەر لەپێناو بەرگرتن و لەبن نەهێنانی هەموو ئەو دەستانەی ئارامی هاوڵاتیان دەکەن ئامانج، هەروەک داواکارین لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان چاوکراوەترین و ببنە هاوکارێکی جدی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەپێناو ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوە نەخوازراوانە.
لەکۆتاییدا دوعای بەهەشتی بەرین و لێخۆش بوون بۆ شەهیدانی تەقینەوەکە و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.
فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
17/4/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 456

## فراکسیۆنی یەکگرتوو ستراتیژی ڕوونە و موزایەدەی هەندێک کەس و لایەنیش ڕەت دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062211234585594

لە سەرەتای باس و خواسەکانی پرسی دەستووری هەرێمی کوردستان و بابەتە پەیوەندیدارەکان پێیەوە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕوئیا و ستراتیجی لەسەر ئە و بابەتانە ڕوون بووە و لە پێشەنگی ئە و کەسانە بوون کە پرۆژە و پێشنیاری گونجاومان پێشکەشکردووە.
بەداخەوە لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکی چەواشەکارانەی بە مەبەست، ئەنجامدرا لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتوو تایبەت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و مەبەستەکانی ئە و جۆرە پروپاگەندانەش لای ئێمە ڕوون و ئاشکرایە.. بۆیە بە هەموو دۆستان و خۆشەویستان ڕایدەگەیەنین:
1ئێمە لە یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە بەرچاومان ڕۆشن بووە دەربارەی ئەم پرسە و لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی پەرلەماندا تێڕوانینی خۆمان خستووەتەڕوو کە ئەم پرسە پێویستی بە سازانی نیشتمانی هەیە و بڕاردەی دەستوورمان بە باشترین بڕاردە زانیوە.
2دوای ئەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کورستان ڕایگەیاند کە ناتوانێت هەڵبژاردن ئەنجام بدات، بۆیە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بووە ئە و بڕاردەیەی کە دەتوانێت چارەسەری ئەم پرسانە بکات.
3فراکسیۆنی یەکگرتوو لەلایەن حزبەوە متمانەی تەواوی پێدراوە و پشتگیری بۆچوون و تێڕوانینەکانی کراوە و فراکسیۆنیش ئیلهامی لە نزیکی ڕێکخستنەکان و جەماوەرەکە وەرگرتووە .

4هەموو ئەوانەی باس لە تەسلیمبوونی یەکگرتوو دەکەن، ئەوان تەسلیمبوون بە هەژموون خوازی و بەهەدەردانی سامانی وڵات و دروستکردنی قەیرانی گەورە و داڕمانی ئابووری و دروستکردنی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و بە حزبیکردنی کۆی ژیانی سیاسی هەرێم و دەیان قەیرانی تر کە هەرێمەکەمان پێوەی دەناڵێنێت .
5ئاساییە لەناو هەموو حزبێکی سیاسیدا بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر میکانیزم و شێوازی چارەسەر هەبێت، بەڵام بنەما و پرەنسیپ و تێروانینی ستراتیژی لای ئێمە نەگۆڕن .
-6دووپاتی دەکەینەوە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی یەکگرتوو هیچ ئیمزایەکیان لەسەر پرۆژە یاساکەیان نەکشاندووەتەوە و هیچ رێکارێک بە و ئاراستەیەدا نەگیراوەتە بەر.
بۆیە هەموو لایەک دڵنیادەکەینەوە ئەمجۆرە تەمومژ دروستکردنە نابنە لەمپەر لەسەر رۆڵی یەکگرتوو و فراکسیۆنەکەی لە هاوکێشەی سیاسی کوردستان و خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی، بۆ بەدیهێنانی خواست و داواکانی جەماوەر و بە دامەزراوەکردنی ژیانی سیاسی لە هەرێمدا و هێنانەکایەی سیستمێکی دادپەروەرانەی پەرلەمانی کە لە ئاست قوربانیەکانی گەلەکەماندا بێت.
فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان
22/6/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •• زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 457

## فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپەرلەمانی کوردستان هیوای سەلامەتی بۆ خەڵکی کەرکوک دەخوازێت و دەستخۆشی لەهێزە ئەمنیەکان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20131204230233874 37

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و رای گشتی ئاگادار دەکەینەوە لە نیازی تیرۆریستان لە نانەوەی پشێوی و تێکدانی باری ئەمنی و ژیانی خەڵکی بێتاوان، لەو روانگەوە داوای یەکڕیزی زیاتری لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان دەکەین و پێویستە هەموو لایەک پشتیوانی ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بن لە رووبەرووبوونەوەی باشتری باندە تیرۆریستیەکان و بەردەوامی شایستەتری پرۆژە خزمەتگوزاریەکان.

ئەو رووداوەی ئەمڕۆی شاری کەرکوک دەریخست پیلانێکی گەورە لەسەر ناوچەداپڕاوەکانی کوردستان هەیە، بەتایبەتیش دوای دروستکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە، رەوشی ئەو ناوچانە نەک هەر باش نەبووە، بەڵکو بەرەو خراپتر دەچێت، ئەمەش بەڵگەی هاوکارینەکردنی هێزە ئەمنیەکانی عیراقە لە پاراستنی سەرو ماڵی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە.

لەو روانگەیە جەخت دەکەینەوە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بباتە ئەو ناوچانە بۆ رێگەگرتن لە پەلاماری نەیاران و رەواندنەوەی دڵە راوکێی خەڵکی کەرکوک و خورماتوو و سەعدیەو ناوچە داڕێنراوەکانی تری کوردستان.

فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان وێرای دەستخۆشی لە هێزە ئازاکانی کەرکوک و هاوکارانی تری ئەمنی لەهەرێمی کوردستان کە بەهانای خەڵکی کەرکوکەوە رۆیشتوون، بە

پێویستی دەزانین ئەم هەڕەشەیە بکرێتە وێستگەی پلانێکی تۆکمە لەلایەن هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسی و هێزە نیشتمانیەکانەوە، بۆ ئەوەی دۆخەکە بە جۆرێک بپارێزرێت بە یەک لیستی و یەکریزی بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن لەپێناو نزیکردنەوەی هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

هەوڵە خێراکانی هێزو لایەنە بەرپرسەکانی کەرکوک دەریخست کە ئەوە هێزە کوردستانیەکانن کە زۆر بە پەرۆشەوەو راستەوخۆ رووبەرووی تیرۆرو تیرۆرستان بوونەوەو پارێزەری راستەقینەی خەڵکی کەرکوک و پەرۆشی ئارامی و ئاسایشی شارەکەن.

سڵاو بۆ رۆحی شەهیدانی دەستی تیرۆر
هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان

فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لەپەرلەمانی کوردستان
04-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 458

## فراکسیۆنی یەکێتی راگەیەندراوێکی لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاوکردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081117450685863

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان..
ئەندامان.. دۆستان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
فراکسیۆنەکەتان، بەمەبەستی هەمواری یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، خاوەن پرۆژەی (ی.ن.ک)ە لەپەرلەمانی کوردستان، کە ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەدوای تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ پرۆژەی لایەنەکانی تر، ئامادەکراوەو دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.
وێرای پشتیوانیمان لەگفتوگۆ و سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەمەبەستی هێنانەدی کەشێکی ئارامو پاراستنی دەستکەوتەکانی میللەتەکەمان، دووپاتیدەکەینەوە، کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی شەرعیو یاسایی یەکلایکردنەوەی سەرجەم پرسەکانە، بۆیە ئێمە پابەندبوونی خۆمان، بەپرۆژەکەی یەکێتیی نیشتمانیی، لەپەرلەمانی کوردستان دووپاتدەکەینەوەو رادەگەیەنین: ئامادەی تەواوکردنی هەموو رێکارە یاساییەکانی داهاتووین، وەک چۆن لەڕابردوودا، هەنگاوی جدیمان ناوە..
داواکاریشین سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، پێش دروستبوونی بۆشایی یاسایی، رێکارە پێویستەکان بگرێتەبەرو هەمووان بەیەکەوە سیستمی پەرلەمانی لەهەرێمی کوردستاندا، بچەسپێنن.
فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپەرلەمانی کوردستان
11-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 459

## فیدراسیۆنو ئۆرتە: تیرۆرکردنی کاوەگەرمیانی پڕوانەبوونی دەسەڵاتدارانە بە پرەنسیپە دیموکراتیەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120616093587390

دوای تیرۆرکردنی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کوردی باشوری کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا، پێنچشەممە 05.12.2013 دوای کاتژمێر نۆی شەو ڕۆژنامەنووس (کاوە گەرمیانی) لە شاری کەلار لە بەردەم ماڵەکەیدا تیرۆرکرا.

تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان ئاستی پڕوانەبوونی دەسەڵاتدارانی کوردی بە پرەنسیپە دیموکراتیەکان دەسەلمێنێ، وە ئاستی لاوازی سیستەمی داد و نەبوونی دادوەری لەهەرێمی کوردستان دەسەلمێنێ. تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان، تیرۆرکردنی ووشە و بیروڕای ئازاد و لێسەندنەوەی ژیانە. ڕۆژنامەنووسان بەهۆی ئەوەی گەندەڵیەکان و گەندەڵکاران ئاشکرادەکەن و ڕێگری لەتاڵانکردنی سامانی نیشتمانی دەکەن و بەرگری لەمافی هاووڵاتیان دەکەن، لەلایەن گەندەڵکارە چەک بەدەستە مشەخۆرەکانی دەسەڵات تیرۆردەکرێن.

ڕێکخراوی نەهێشتنی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان - ئۆرتە و فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان تاوانی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی بەتوندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین و هاوخەمی خۆمان لەگەڵ بنەماڵە و هاو پیشەکانی ناوبراو ڕادەگەیەنین، وە داوا دەکەین:

دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە و دادگایکردنی تاوانباران و سزادانیان.

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو کۆتایی هێنانی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر، چیتر ڕۆڵی تەماشاکەر نەبینن.

ڕۆژنامەنووسان و فۆتۆگراف و ڕاگەیاندکارانی (ڕادیۆ، تیڤی، ڕۆژنامە) کان لەهەرێمی کوردستان ماوی ڕۆژێک مان بگرن، دەست لەکار هەڵگرن، تەنانەت لەتیقیەکان هەواڵەکان بێ دەرکەوتنی بێژەر لەو ڕۆژەدا پێشکەش بکرێ، وەک ناڕەزایەتیەک لەدژی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان.

ڕێکخراو نەهێشتنی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان - ئۆرتە

فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان

FPPK

06.12.2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 460

# فێرخوازانی کورد لە مالیزیاوە داوای خەندەق لە حکوومەتی هەرێم دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061912261476735

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

"نا بۆ پەرتەوازەیی ماڵی کورد، بەڵێ بۆ یەکڕیزی و پاڵپشتی لە پێشمەرگە"

وەک هەموو لایەک ئاگادارن کورد بەدۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و ئەگەر بە هەموو لایەک هەوڵ نەدەین ڕەنگە پریشکی ئەو قەیرانە سیاسی و ئەمنییەی عێراق و وڵاتانی دراوسێی گرتۆتەوە، بەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بکەوێت و لەوێوە تەواوی کوردستان تێیدا زەرەرمەند دەبێت.

سەرهەڵدان و بەرپابوونی ئەو جەنگەی ئێستا لە عێراقدا لە نێوان هەردوو مەزهەبی سونەو شیعە دروست بووە، ڕەنگە دێوێکی بۆ لێدان و تێوەگلانی کورد بێت لەو شەڕە و تێکدان و دروست کردنی پەشێوی بێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو سۆنگەیەوە ئێمە وەکو فێرخوازانی کورد لە وڵاتی مالیزیا ئەمرۆ دوای کۆبوونەوەمان ئەو خاڵانەی خوارەمان گەڵاڵە کرد و وەک نامەیەکی کراوە لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و ڕای گشتی کوردستانی دەکەین:

1-داوا دەکەین هەرچی زووە پەرلەمانی کوردستان لە دانشتنێکی تایبەتدا چارەسەرێکی حەکیمانە بۆ نەهێشتنی پەرتەوازەیی ماڵی کورد بدۆزێتەوە و لە ڕێگایەوە ئەو کۆت و پەڕژینانەی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە نەهێڵدرێت وبەڵکو ئەو پەڕژینە بە دەوری سنوری باشووری کوردستان دابێت بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و تۆکمە کردنی بناغەی یەکڕیزی ماڵی کورد.

2-پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین و داوا دەکەین هەرچی زووە حکومەتی هەرێم بڕیارێک دەربکات بە لێدانی خەندەق بەدەوری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم، کە لە ئێستادا خۆشبەختانە لە دەستی هێزەکانی پێشمەرگەیە .

3-پاڵپشتی لە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت دەکەین بۆ دەرکردنی بەیاننامە چوار خاڵییەکەی و بڕیاردان لە مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. بەڵام لێرەوە داوا لە تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەین کە هاوڕامان بن لە داواکردن بۆ لێدانی ئەو خەندەقەی زامنی سنوری باشووری کوردستان دەکات.

4-داوا لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سیاسەتێکی سەردەمیانە ڕەچاو بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بەهیچ شێوەیەکیش سازش نەکرێت لە چۆلکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن پێشمەرگەوە .

5-داوا لە تەواوی ڕاگەیاندنەکانی کوردستان دەکەین لە بری زەق کردنەوە و قوڵکردنەوەی ناکۆکی و قەیرانەکە، لەبری دروستکردنی پشێوی لەرێگەی ڕوومالی نادروست لە بەرەکانی

شەڕەوە، بە ئاراستەی پێکەوەیی سیاسی و بەهێزکردنی متمانە و ئیرادەی کورد کارەکانیان ئاراستە بکەن.

6-داوا لە تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین لە کوردستان، بە ئاراستەی فرەیی و

پێکەوەیی ژیانی سیاسی، ئایینی، فەرهەنگی و... هتد لەناو کوردستانیاندا پرۆژەکانیان گەڵاڵە و ئاراستە بکەن.

وێنەیەک بۆ:

-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

-سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کردستان

-پارت و لایەنەکانی سیاسی

-دەزگاکانی راگەیاندن

-کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەیی مەدەنی لە کوردستان

فێرخوازانی کورد لە وڵاتی مالیزیا

18/6/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 461

## فێرگەی خوشکە لەیلا؛ یە دەستە گوڵ ئەڕای خانمی سەردار سەرداران کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150514233050853O4

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان
12-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی لوری، کەڵهوری و فەیلی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 462

## فەرمانی دەستگیرکردنی) جەمال نەبەز(

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624195602124566



دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرماندەسگیرکردنی (جەمال نەبەز)ی دەرکرد.
دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێر بەبێ پریارێکی یەکلاکەرەوەی دادگە، وەک تاوانبار و هەڵاتوویەک ناوی هێناوە، لەو فەرمانەدا داوا لە هەموو خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە بەپێی مادەی (433) لە یاسای سزادان د. جەمال نەبەزی بۆ دەستگیر بکەن و ڕەوانەی دادگەی لێکۆڵینەوەی هەولێری بکەن، تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن، پریارەکە ژمارە 4360ی گرتوتە خۆی و لە ڕۆژی 17 / 5 / 2015 ی ئەمسالدا لەلایەن دادوەر ئارام جەمال محەمەد ئەمین دەرکراوە. شایانی باسە د. جەمال نەبەز لە ساڵی 1962 ەوە کوردستانی جێهێشتووە و تا ئیستا نەگەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 463

## فەرمانی دەستگیرکردنی قاسم ئاغای کۆیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150430201133885188



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 464

## قایمقامیەتی سلێمانی داوا لە شۆفێران دەکات روو لە ئەزمڕ و گۆیژە نەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140203144504191844

ئاگاداریەک لە قائیمقامیەتی سلێمانیەوە

بەهۆی ئە و شەپۆلی بەفر بارین و سەرمایەی کە شاری سلێمانی بەتایبەتی ناوچەی ئەزمڕ و گۆیژەی گرتووەتەوە قائیمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی داوا لە هاوڵاتیان و گەشیارانی بەڕێز دەکات لەپێناو سەلامەتی گیانیان و ڕێگری کردن لە هەر ڕوداوێکی دڵ تەزرێن و نەخوازراو سەردانی ئە و ناوچانە نەکەن، هاوڵاتیانیش ئاگادار دەکەینەوە کە بەپێی سەرچاوە کەشناسیەکان ئەگەری ئەوە دەکرێت کە ڕێژەیەکی زیاتر بەفر لە و ناوچانەدا ببارێت .

ڕاگەیاندنی قائیمقامیەتی سلێمانی
3/2/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 465

## قسەکردن بەزمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کرماشان قەدەغە دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012723181975388



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 466

## قوتابیانی قوتابخانەی کوردایەتی بە ڕووی داگیرکەراندا دێنەوە..

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121409441087260



پاسۆک
ناوەڕاستی کانوونی دووەمی 1982

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 467

## قەدەغەکردنی پۆشاکی کوردی لە زانکۆی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130518122059785 44



2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 468

## قەزای خانەقین، بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150523160208121189



قەزای خانەقین، بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدات
ئەنجومەنی قەزای خانەقین، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەممە 20ی ئایاری 2015، جارێکی تر جەختیان کردەوە لەسەر پابەندبوونیان بە بڕیاری ئەنجومەنەکە بە گەڕانەوەی قەزای خانەقین بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
عەدنان مەنسوور، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، بە خەندان_ی ڕاگەیاند :" پێشتر لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 131 لە 21ی ئابی ساڵی 2006 ئەنجومەنەکەمان بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بە گەڕانەوەی قەزای خانەقین بۆ سەر هەرێمی کوردستان."
ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەمڕۆ لە دانیشتنی ئەنجومەنەکەدا، جارێکی تر پابەندبوونی خۆیان لەسەر بڕیارەکەی پێشوویان دووپاتکردەوە.
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، وتیشی :" قەزاکەمان، قەزایەکی کوردستانییە و سەدان شەهیدی داوە لەو پێناوەدا، کە تائەمڕۆش خوێنی لێدەچۆڕێت، بۆیە ئێمە بەناوی دانیشتوانە کوردەکەی و عەرەب و تورکمانییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، قەزاکەمان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم مافەش لە دەستووردا هاتووە."
عەدنان مەنسوور، ئەوەشی خستەڕوو، کە پێش چەند ڕۆژێک بزووتنەوەی گۆڕان پێشنیازێکی داوەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و

پێشنیازیکردووە ئەنجومەنی شارە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بڕیار بدەن بە گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم، وتیشی :" منیش لەسەر رۆشنایی ئەو پێشنیازە، ئەمڕۆ داوامکرد جارێکی تر پابەندبوونی خۆمان بۆ بڕیارەکەی پێشوومان، دووپات بکەینەوە."
خەندان- سۆران کەریم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| شارەکان: | خانەقین |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 469

## گرێبەستی ئازادکردنی 8 دیلی تورک لە رۆژی 13-03-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031509021282576



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - تیپی لاتینی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 470

## گمرگاتی کوردستان - 1947

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031716222484898



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 471

## گێچەڵکردن بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانی یەکێتیەوە مەحکومە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030616415367324

بەپێی راگەیەنراوی سکرتاریەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە 4ی مارس بڵاوکراوەتەوە، سەرلەبەیانی سێشەممە رێکەوتی 3ی مارسی 2015 هێزێکی هاوبەشی ئاسایش و پۆلیسی کۆیە بەبیانووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە، هەڵیان کوتاوەتە سەر (کەمپی ئازادی) حیزبی ناوبراو لە شارۆچکەی کۆیەو سوکایەتیان بە ژن ومناڵو چەکدارەکانی ئەو حیزبە کردوە. هەروەها لە راگەیاندنەکەدا هاتوە کە چەندین جاری دیکەش لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کۆیەوە کە سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، هێرش کراوەتە سەر بنکەو کەمپەکانی ئەو حیزبەو سوکایەتییان پێکراوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ئەو کردەوەیەی ئاسایشی کۆیە بەتوندی سەرکۆنە دەکاتو بە پێچەوانەی هەموو نەریتێکی سیاسیو پرەنسیپی پەیوەندی نێوان ئەحزابی سیاسی دەزانین. داوکارین کە دەسەڵاتدارانی یەکێتی کۆتایی بەو جۆرە گێچەڵکردنانە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەر لایەنێکی تر بهێننو رێز لە ئازادی هەڵسورانی سیاسیان لە کوردستانی عێراق بگرن و ئاسایشی مانەویان بپارێزن و دابینی بکەن.

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

5ی مارسی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 472

## گەر حکومەتێک نەتوانێ مووچە دابین بکات با دەست لەکاربکێشێتەوە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012813132786543

دواخستنی مووچە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەو پەری بێدەربەستیو نابەرپەرسیارێتی ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی کورد نیشان دەدات بەرامبەر بەژیانو گوزەرانی سەدان هەزار کرێکارو کارمەندو خانەنشین کە مووچەکانیان تاکە سەرچاوەی بژێویی خۆیانو خێزانەکانیانە.

ئەو بیانوەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەیانەوێ پاکانەی ئەم سیاسەتە قێزەونو کارە دژی مرۆڤانەیەی خۆیانی پێبکەن بەوەی کە دواکەوتنی مووچە دەبەستنەوە بە نەناردنی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بیانوویەکی نادروستو پووچە، چونکە ئەوە ئاشکرایە ئەو سەروەت و سامانەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە رێگای تالانکردنی داهاتی گشتیەوە دەستیان بەسەرداگرتووە چەندین ئەوەندەی مووچەی تەواوی کرێکاران و کارمەندانی کوردستان دەبێت. ئەم دواخستنی موچەیە جگە لە ئاکامی قەیرانو ناجێگیریی سیاسیو کێشمەکێشی نێوان هێزە سیاسیە میلیشیەکانو کردنی خەڵک بە قوربانی ئەو سیاسەتانە شتێکی دیکە نیە. پاساوی نەبوونی بودجە بۆ کەسانێک کە دواخستنی مووچەکانیان راستەوخۆ دەکاتە برسێتی خۆیانو منالەکانیان، نەبوونی پارەی کرێ خانووو گرفتی دەرکردنیان لە ماڵەکانیان، نەدانی پارەی کارەباو مۆلیدەو دانەوەی پارەی قیستی کەلوپەلەکانیانو هەزارو یەک دەردیسەری دیکە، مایەی تورەییو گاڵتەجاریە!..

دەسەڵات بەدەستانی کوردستان کە ماوەی 23 ساڵە دەستیان بەسەر داهاتی کوردستاندا

گرتووەو لە دوای روخانی رژێمی بەعسیشەوە ملیارەها دۆلاری بودجەیان وەرگرتووە، فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەت بوونەتە سەرچاوەی پەیداکردنی داهاتی زۆروزەبەند بۆیان، بە ملیۆنەها دۆلار پارەی باجی کۆمپانیاکانو دامەرزاوە ئابوریە گەورەو بچووکەکان وەردەگرن، خاوەنی داهاتی بێشوماری بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و خاوەنی داهاتی چەند ملێۆنی رۆژانەی گومرگی سنورەکانن، بەڵام ئامادەنین لەو پارانەی کە داهاتی گشتییەو دەبێ بۆ پێداویستی هاوڵاتیان خەرج بکرێ، مووچەی کرێکارانو کارمەندانی دەوڵەتیو خانەنشینان بدەن، لە هەمان کاتدا ژیانو مانەوەی فیزیکیان دەکەنە بارمتەی ململانێو رێکەوتنەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیو کێشەو مانۆرە سیاسیەکانی نێوان خۆیان. کام هاوڵاتی کوردستان باوەڕ بەوە دەکات کە ئەم بەرپرسە ملیاردێرانەی ساڵانێکە نەوتی کوردستان دەفرۆشنو داهاتەکەی تەنها خۆیان دەزانن بۆ کوێ دەچێتو دەچێتە سەر حسابی کام بنەماڵەو کەسایەتی دەسەڵاتداری کوردستان، بودجەی پێویستیان بۆ دانی مووچەی هاوڵاتیانی کوردستان بە زیادەوە لەبەردەستدا نیە!؟

دواخستنی مووچەی کرێکارانو کارمەندانی حکومیو خانەنشینان کە تاکە سەرچاوەی بەرێچوونی ژیانو گوزەرانو مانەوەی فیزیکیانەو بەستنەوەی بە هاتنو نەهاتنی بودجەو بە گرفتو کێشەکانی نێوان خۆیانو حکومەتی ناوەندی نەک هیچ پاساوێک هەڵناگرێ، بەڵکو تاوانێکە کە دەسەڵاتدارانی کوردستانو بەرپرسانی خاوەن بریاری هەرێم بەدژی ئەو خەڵکە ئەنجامی دەدەن. دەبێت ئەولەویەتی سیاسەتی بودجەو داهاتی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی خانەنشینان، کرێکاران، کارمەندانو بۆ باشبوونی ئاستی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان بێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی سەرجەم کرێکارانو کارمەندانو خانەنشینانی کوردستان دەکات کە بەهێزی رێکخراوو یەکگرتووی خۆیان بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان بێنەمەیدان. تەنها فشاری جەماوەریە دەتوانێت حکومەتی هەرێم ناچاربکات کە مل بە دانی مووچەکانیان بداتو لەوە زیاتر یاری بە ژیانیان و چارەنوسیان نەکات. کرێکارانو کارمەندان ئەتوانن لەرێگای کارراگرتن ومانگرتنی گشتیەوە لە ناوەندەکانی کارو دامەزراوەو فەرمانگە حکومیەکانداو خانەنشینانیش بەشێوەی کۆبونەوەی نارەزایەتی لەبەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆیاندا گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتداران بۆ وەڵامدانەوە بە خواستی دانی دەستبەجێی مووچەکانیان. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پشتیوانی لە هەر هەوڵو خەباتێک دەکات کە خەڵک بۆ باشبوونی ژیانی خۆیان ئەنجامی دەدەن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
28/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 473

## گەندەڵی دوو وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرادەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150326093484992

"بەهەدەردانی سامانی گشتی لە کەرتی تایبەت و کۆمپانیای وەهمیدا"

لە ماوەکانی رابردوودا ملیۆنەها دۆلاری بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان لە خزمەت کەرتی تایبەتدا بەهەدەر دراوە لە لایەن هەردوو وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتییەکان.

لە ئەنجامی بەدواداچوون و دەستکەوتنی چەند بەڵگەنامەیەکدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ملیۆنەها دۆلار بەهەدەر دراوە لە پای لێخۆش بوون لە پارەی کارەبای (فامیلی مۆڵ) لە شاری هەولێر لە لایەن وەزارەتی کارەبا و پێدانی سوتەمەنی بە کۆمپانیایەکی وەهمی بواری قیر بە ناوی (زیپۆ)

لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە.
بۆیە ئێمە بە فەرمی داوای روونکردنەوە لە وەزیرانی کارەبا و سامانە سروشتییەکان دەکەین لەو بارەوە و بەڵگەنامەکانیش بۆ رای گشتی دەخەینەڕوو.
پەرلەمانتار شێرکۆ جەودەت
سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 474
## گەندەڵیەکی وەزارەتی دارایی کابینەی حەوتەم
http://www.kurdipedia.org/?q=20150115124101118834
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 475
## گەورەکردنێکی نابەجێ و بوهتانێکی ناڕەوا - روونکردنەوەیەک لە دڵشاد گەرمیانی-یەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150417094449686993
سەرەتا خوێنی برینەکانی ئەنفال لەجەستەی ئێمەی گەرمیانی دەتکێ،مەینەتیەکانیشیان لەپێش چاوی ئێمەیەو، هاوارەکانیشان پێش هەموو کەس گوێی ئێمە دەزرنگێنێ، کوانێ منتان لەچ بۆنەیەکدا بینیووە بەشداربم؟ کەی باوەڕم بەبەشداری زۆربەی مەراسیم و بۆنەکان هەبووەو هەیە؟ جگە لەم بونەی کۆس کەوتنەی گەرمیان کەهاوارو ناڵەی ژن و منداڵ و خەڵکە مەزڵومەکەی عەرشی کۆنکرێتی و سەنگەری ئاسنینی بەعسی ڕوخاندو خودای گەورە تاج و تەلاری تێکدان... بەشداری ساڵانەو هاوخەمیمان لەگەڵ کەس و کاری لەبیرکراوی ئەنفال و هاتنی م عەلی باپیر لەهەولێرەوە بۆ ئێرە، جگە لەڕێز بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان چ مانایەکیتر دەبخشێ، درۆکردنتان لەپای چی؟کوانێ کێن ئەوانەی ئێمەیان لەمەراسیمەکە دەرکرد؟!ئەگەر دوسێ کەسێک گلەییەکیان لەئێمە هەبوبێ و سەدانیش لەدەسڵات بەچ تەرازوو پێوانەیەک کێشاتان و کرتانە قسەی کەس و کاری ئەنفالەکان و بەو شێوەیە لەڕاگەیاندنەکاندا گەورەتان کردو ئێمەتان تۆمەتبار کرد؟
شەرمە بۆ خەڵکانێک شەڕی خۆیان بەناوی کەسانێکی کۆس کەوتوی جەرگ پراوی ئەنفال بکەن و لەوەشدا زوڵمیان لێ بکەن و وای نیشانی خەڵک بدەن کەئەوانە ڕێزی خەڵکانێک ناگرن کەڕێزیان گرتون و بەشداری ماتەمینیەکەیان بوون، ئەگەر ڕاست دەکرێت لەگەڵ کەس و کاری ئەنفالدا باجاش و ئیستخبارات و مستەشارەکانی تاوانبار بەکەیسی ئەنفال دادگایی کەن یان هیچ نەبێ سزایەکی دەرونیان بدەن، بالەکۆمەڵگادا بناسرێن و بەکەم تەماشا بکرێن یاخود وەک شیعەکان یاسای ڕیشەکیش کردنیان بۆ دەرکەن لەحزبەکاندا دەرکرێن و پۆستیان نەدرێتێ بەکورتی

بەشداری و هاوخەمیمان لەگەڵ کەس و کاری شەهیدانی مەزلومی بەناو ئەنفال بەسە بۆ دەم کوت کردن و وەڵام دانەوەی پڕوپاگەندەی ئەو ناحەزو موغریزانەی کەدەیانەوێ لەڕاگەیاندنەکان ئەو باسە تێکەڵ بەباسی سرودی ئەی ڕەقیب بکەن و هەڵنەسانەوەمان بە بێ ڕێزی بەرابەر ئەوان پیشان بدەن!
سرودی ئەی ڕەقیب باسێکی جیاوازەو هیچ پەیوەندی بەم بابەتەوە نیە،ئەگەر بمان زانیبایە ئەو سرودە لێ دەدەن ئێمە نەدەچوین؟بەرنامەکەیان بۆ ناردین و ئەو باسەی تێگا نەبوو؟ ئەو سرودە سوکایەتی ئاشکرای تێدایە بەرانبەر بەدین و بیروباوەڕمان ناتوانین قبوڵی بکەین و هیچ پەیوەندیەکی بەئەنفالەوە نیەو تێکەڵکردنیشی بوهتانێکی ناڕەوایە،ئێمە کوردستان مان خۆش دەوێ بەڵام دینمان و ئاینمان نیە،باوک و براو منداڵ و خێزانەکانمان خۆش دەوێ و هیچیان دین و ئیمان مان نین،دین و ئاینمان تەنها ئیسلامە ئەو بیرە هەڵەیەمان نیە هەرچیمان خۆش بوێ بیپەرەستین ئیمە تەنها خودا دەپەرستین و خاک پەرست نین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 476

## گەڵاڵە بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکڕات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041012174969340

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 477

## لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بانگەوازێک ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061814525576721



دیداری ڕاوێژکاریی حیزبە کوردستانییەکان بەسەرۆکایەتیی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باسی پێشهاتە مەترسیدارەکانی کەوتنی شاری موسڵ و چەند شار و شارۆچکەی دیکەی پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە و کەرکووک کرد، ئەوەیش دوای پاشەکشەی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ناوچانە و دوای شکستی چارەسەری سیاسییانە لە ئەنبار و فەللوجە. دیدارەکە، لە ئاست لێکەوتە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانی ئەم ڕەوشە چەقبەستووەدا هەڵوەستەی کرد، هەروەها ئەو هۆکارانەی بوونە بنەما بۆ ئەوەی داعش بتوانێت ناوچەگەلێکی پڕ دانیشتووانی فراوان داگیر بکات و زیانی مرۆیی و ماددی و سەربازییش بەسوپا بگەیەنێت.

لە دیدارەکەدا، تەئکید لەوەکرایەوە پاشەکشەی پرۆسەی سیاسی و بەتاڵکردنەوەی پرۆسەکە لە ناوەرۆکە دیموکراسی و نیشتیمانییەکان، ڕۆڵی نەرێنی هەبووە و بووە هۆی داخوران و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی هێزە پەیوەندیدار و دامەزرێنەرانی پرۆسەی سیاسی، هەروەها بووە هۆکاری پەیڕەوکردنی نەهجێکی سیاسی دژ بەدەستوور و تەوافوقەکان و بنەماکانی دەستپێکی پرۆسەی سیاسی، ئەو بنەمایانەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیان لەسەر دامەزراوە.

کۆبوونەوەکە جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە سەر لە نوێ متمانە لە نێوان هێزە عێراقییەکان و پێکهاتە نیشتیمانییەکاندا بنیات بنرێتەوە و دەستپێشخەرییەکی نیشتیمانیانەی سیاسی بهێتە ئاراوە کە ئیعتیبار بۆ کرۆکی پرۆسەی سیاسی بگێڕێتەوە، هەر لە نەهێشتنی سیاسەتی وەلانان و پەراوێزخستن و ئەو ئاراستانەی دەمارگیری و تایفییەت دەچەسپێنن، هەتا جێهێشتنی دیاردەی تاکڕەویی دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوایەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایفییە تەسکەکان دەکات و دەبنە هۆکاری تەنگاوکردنی پێکهاتە هاوبەشەکانی کاری نیشتیمانی.

هەر لەم ڕووەوە، دانیشتنەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە چارەسەری سەربازی و ئەمنی بەتەنیا، عێراق ڕووبەڕووی لێکەوتەگەلێکی مەترسیدارتر دەکاتەوە کە هەڕەشە لە سەلامەتی نیشتیمانی دەکەن. بۆیە چارەسەرێکی سیاسی و چاکسازییانەی بنەڕەتیی گشتگیر پێویستە، کە پشت بەئیدارەیەکی هاوبەشی تێکڕای قەوارە و هێزەکان و هەموو نیشتیمانپەروەرە عێراقییەکان بەبێ جیاوازی ببەستێت. هەروەها جەختیش کرا لەسەر کارکردن بۆ چاککردنەوەی بارودۆخ و پاککردنەوەی ئەو شوێنەوارە سلبیانەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کەڵەکەبوون و هەروەها گێڕانەوەی وڵات بۆ سەر ئەو ڕێگەیەی بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوە دیموکراتییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تۆکمەکردنی پێگەی هاووڵاتیبوون دەچێت، ئەویش دوور لە هەر دیاردەیەکی دەستبەسەراگرتن و پێشێلکردنی دەستوور، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییە برایانەکانی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق.

بەشداربووانی دیدارەکە لەسەر ئیدانەکردنی تیرۆر بەهەموو کەرەسە و ناوەکانییەوە، هەروەها لەسەر نەرمینەنواندن و سازشنەکردن لەگەڵ ڕێکخستنە تیرۆریستی و تەکفیرییەکاندا کۆدەنگ بوون.

کۆبوونەوەکە ڕۆڵی قارەمانانەی پێشمەرگەی لە ڕووبەڕووبوونەوە و سووربوونیان لەسەر داکۆکیکردن لە هاووڵاتیان لە هەموو ناوچەکان کە هاوکاتیشە لەگەڵ پاڵپشتییەکی گەورەی میللی بەرز نرخاند.

دیدارەکە تەئکیدی کردەوە لەسەر ئامادەیی بەردەوام بۆ پێشوازیکردن لە پەنابەران و هاوکاریکردنیان، هەروەها بەشدارانی دیدارەکە بانگەوازێکی بەپەلەیان ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد تا ئاوڕێک لە ڕەوشی مرۆیی دەیان هەزار پەنابەر بدەنەوە و یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی کەمێک لە

ئازارەکانی ئەوان کەم بێتەوە و باری هەرێمی کوردستانیش کەمێک سووک ببێت.
پیرمام
17ی 6ی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 478
## لیژنەی باڵای فەتوا لەسەر کارەبا فەتوایەک دەردەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=20150129123238691 56

پرسیارێکی شەرعی ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کرا، سەبارەت بە بەکار هێنانی کارەبای نیشتمانی بەشێوەی نا ئاسایی ئایا حەڵاڵە و دروستە یان نا؟
لیژنەی باڵای فەتوا پاش لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی ئەم بابەتە و بە سوود وەرگرتن لە رای زانایانی فیقهی ئیسلامی، لە کۆبونەوەی رۆژی 2015/1/28، بە ڕای زۆرینەی ئەندامەکانی ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:
روون و ئاشکرایە کارەبای نیشتیمانی سامانێکی گشتییە، دەستپێوەگرتن و پاراستنی ئەرکێکی ئایینی و نیشتیمانی هەموو لایەکە، چ وەک تاک،چ وەک کۆمەڵ،چ وەک حکومەت، هەر زیادە مەسرەف و تجاوز بەکار هێنانی بەشێوەی نادروست و نایاسایی رێگە پێدراو نییە و دەچێتە خانەی حەرامەوە و بە غەش و دزی هەژمار ئەکرێت، چونکە:
1/پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:(من غشنا فليس منا)، واتە: هەرکەس و غەش و فێڵ بکات لە ئێمە نی یە.
2/هەروەها فەرموویەتی (البر ما إطمأن إليه القلب واطمأن إليه النفس، والإثم ماحاك في النفس، وتردد في الصدر،وإن أفتاك الناس وأفتوك) واتە:چاکە ئەوەیە دڵی مرۆڤ لەسەری چەسپاو و راوەستاو بێت، گوناهو تاوانیش بەدڵ و دەروون و ناخی مرۆڤدا هاتووچۆ ئەکات و پێی ناخۆشە کەس پێی بزانێ و ئاشکرا بێت.
3/هەر زیادەڕەویەک لەکارەبا پۆلین ئەکرێت لەبابی: إسراف، زانایانی فیقهی ئیسلامیش بەم شێوەیە پێناسەی(إسراف) یان کردووە ":الإسراف : صرف الشيئ فيما ينبغي زائداً على ما ينبغي"، واتە : ئیسراف برییتیە لە بەکارهێنانی شتێکی پێویست، زیاد لەپێویستی خۆی، هەروەها پێناسەکراوە بە :" الإسراف:ما زيد بعد المطلوب. هەر شتێ زیاد لە پێویستی خۆی بەکاری هێنا ئیسرافە، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (ولا تسرفوا إن الله لايحب المسرفين). واتە : زیادە ڕۆیی مەکەن،چونکە بێگومان خوا زیادەڕۆکەرانی خۆش ناوێ، زانایان رێگەیان نەداوە بەزیادەڕۆیی هەتا لەئاوی دەست نوێژو خۆشوردن و خواردن و هەر شتێکی تر.
4/لەڕوانگەی ئەم ئایەت و فەرمودانەوە هەر زیادەرەوی و تجاوزێک لەکارەبادا بکرێت لەهەرێمی کوردستان چ وەک تاک، چ وەک هەر دەزگایەک حکومی بێت، یان رێکخراوەکان حەرامە و دروست نییە.
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فەتوا
27/1/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 479

## لێدوانی دامەزراندن سیستەمی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستانKODAR

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050523145176083



لەم قۆناخەی مێژوودا، سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بۆ گەلان و نەتەوەکان جیا لە شەڕ و ژینۆساید هیچی تری لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە. شەڕی نێوان هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و هێزە ستاتۆپارێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە لوتکەدا بەرێوە دەچێت و لەلایەکی تریشەوە هێزە دیمۆکراتیکەکانی گەلان لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە قووڵەن کە سەرجەم هەرێمەکەی لە خۆوە گرتووە. دەتوانین بڵێین کە شەڕی جیهانی سێهەم لە ئارادایە. ئەم شەڕە، لە بواری پانتایی و مەوداداا، لە هەر دوو شەڕی جیهانی رابردوو، قووڵتر و درێژ خایەنترە. هێز و پۆتانسیەلی خۆنوێ کردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لە هەرێمەکەدا نابینرێت. ئەو شتەی کە روودەدات، تەنیا داڕزین و هەڵوەشانی سیستەمە. دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوەندگەرای کلاسیک، ئیتر ناتوانن بەردەوامی بە هەبوونی خۆیان بدەن و وەڵامدەرەوە نەبوونیان هەر دەچێ زیاتر ئاشکرا دەبێت. مۆدێلی دەوڵەت- نەتەوە و رێگەچارەگەلی نەتەوەگەرایانە نەک تەنیا تێکۆشانی گەلان و بەتایبەت گەلی کوردی بە ئەنجام نەگەیاندووە، بەڵکوو داوێنی قەیران و کێشەکانی بەرفراوانتر و قووڵترکردۆتەوە. لە سەر ئەم بنەمایە داڕشتن و پێکهێنانی مۆدێلی دیمۆکراتیکی ئاڵتەرناتیف، کە توانای تێپەڕبوونی لە بنبەستی سەرچاوە گرتوو لە عەقلیەتی دەوڵەت- نەتەوەی هەبێت، خاوەن گرینگی مێژوویی و ژیانییە.

گەلی کورد و بزووتنەوە شوناسخواز و ئازادیخوازیەکەی بە ساڵانە بۆ پاراستنی هەبوون و ئازادی، تێکۆشان دەکات. بە پێی ئەزموونی مێژوویی خۆی، دەوڵەت- نەتەوەگەرایی تێپەڕاندووە و بە پشتبەستن بە رێکاری نەتەوەی دیمۆکراتیک، ئاڵتەرناتیڤێکی نوێی بۆ چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی پێشکەش کردووە. رۆژهەڵاتی ناوەراست لە یەک لە قەیراناویترین قۆناخە مێژووییەکانی خۆیدا تێپەڕ دەبێت و رژێمی ئێران سەرەرای ئەوەی کە لە بەدیهێنانی ئەم قەیرانە رۆڵی بەرچاوی هەیە، زیاترین بەشیشی لەم قەیرانە بەر کەوتووە. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین بلێین کە دەرکەوتنی ئێران لە رەوشی هەنووکەیی و سەقامگیر بوونی دیمۆکراسی لەم وڵاتە، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت. وڵاتی ئێران موزائیکێکی دەوڵەمەندی پێکهاتوو لە نەتەوەکان، کولتوورەکان، ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە کە بە درێژایی مێژوو بە بێ کێشە و بە کەڵک وەرگرتن لە دەوڵەمەندییەکانی یەکتر، بەیە کەوە ژیانیان بەسەر بردووە. ئەم پێکەوە ژیانە مێژووییە، بە درێژایی سەدەی رابردوو و دوای سەقامگیر بوونی دەوڵەت نەتەوە و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی رەها، هەتا ئاستێکی زۆر رووبەرووی زیانی جیدی هاتۆتەوە. هەر دەچێت ئەم راستیە زیاتر ئاشکرا دەبێت کە سسیستەمی دەوڵەت نەتەوە وەڵامدەرەوە نییە و لە گەڵ راستینەی تاریخی و کولتووری ئێران یەک ناگرێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە سەقامگیر کردنی مودێلێکی دیمۆکراتیانە کە سەرجەم جیاوازییەکانی ئەم وڵاتە

لەخۆی بگرێت، پێداویستیەکی مێژوویی و حاشا هەڵنەگرە. لەو باوەرەداین کە هەڵ و مەرج و دەرەتانی سەرجەم ئەو مۆدێلانەی کە لە لایەن هێزە دەرەکی و هەرێمیەکان دەسەپێنرێت، لە ئارادا نەماوە.
مۆدێلی کۆنفەردرالیزمی دیمۆکراتیانە و خۆبەرێوەبەری دیمۆکراتیک تاکە رێکار و رێچارەیە بۆ تێپەراندنی سەرجەم کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی ئێران .
چارەسازبوونی سیستەمی کۆنفێدڕاڵیسمی دیمۆکراتیک بەتایبەت بە هۆی یەکانگیر بوونی لەگەڵ ناوەرۆکی فرەرەنگی کۆمەڵگا، مزگێنیدەری دەستپێکردنی سەردەمی دیمۆکراسی راستەقینە بە پێشەنگایەتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە .
پرەنسیپە بنەرەتییەکانی سیستەمی کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان (KODAR) بەم شێوەیە:
.1دەوڵەت- نەتەوە و نەتەوەگەرایی، ئاستەنگییەکی جدییە لە بەرامبەر بە دەزگابوون و بڵاوبوونەوەی دیمۆکراسی و ئازادی لەناو کۆمەڵگادا. کۆمەڵگایان وەها تێگەیاندووە کە تاکە رێگای گەیشتن بە ئازادی و بە ئیرادە بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی ئەم مۆدێلەیە. هێزە هەژمۆنیخوازەکانی سیستەمی سەرمایەداری بۆ گەیشتن بە بەهەرەی لەڕادەبەدەر، بەردەوام لە رێگەی سیاسیەتی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە و هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوان گەلان، کەڵک لەم سیستەمە وەردەگرێت. مۆدێلی دەوڵەت- نەتەوە بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکدەست و یەک رەنگ، دژایەتی و نکۆڵی لە هەموو ئەو رەنگ و جیاوازیانە دەکات کە لە نێو کۆمەڵگادا هەبوونیان هەیە. سیستەمی KODAR لەبەرانبەر ئەم رەوشە، مۆدێلێکی نادەوڵەتی و دیمۆکراتیکە کە ئازادی و ئیرادەی گشت جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆوە دەگرێت و بە تێپەڕ کردنی عەقلیەتی بەرژەوەندیخوازی سیستەمی سەرمایەداری، قەیرانەکان تێپەڕدەکات و ئاشتی و پێکەوەژیان بەدی دەهێنێت .
.2سیستەمی KODAR لەبەرامبەر ئەو تێروانینەی کە کۆمەڵگا بە هیچ دەزانێ و هەروەها ئەو روانگەیە کە تاکگەرایی رەهای لیبراڵ پەرە پێدەدات، تێکۆشان دەکات و هاوسەنگی نێوانی کۆمەڵگا و تاک بە بنەما دەگرێت .
.3لە سیستەمی KODAR ناوەندی بڕیاردان کۆمەڵگا بۆخۆیەتی. گفتوگۆ، بڕیاردان و جێبەجێ کردنی، لەلایەن هێزە دیمۆکراتیکەکانی کۆمەڵگا و لەسەر بنەمای هەڵبژاردن پێکدێت. دیمۆکراسی بە شێوەی راستەوخۆ و بە بەشداری سەرجەم جیاوازییەکانی کۆمەڵگا، بە گونجاوترین شێواز بەڕێوەدەچێت. لەم سیستەمەدا کەسانی هەڵبژێردراو و بەڕێوەبەر، تەنیا مافی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵگایان هەیە .
.4لە سیستەمیKODAR ، بڕیار و پەسەندکراوەکان لەلایەن مەجلیسی گوند، ناوچە(بەخش) و مەجلیسی گەرەک و هەرێمەکانی شار وەردەگیردرێت. باوڕپێکراوترین دەزگای بڕیاردان، مەجلیسەکانی گەلن. بڕیارەکان لەلایەن کۆنسەی بەڕێوەبەر کە نوێنەرانی هەموو جیاوازیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەکەوێتە بواری کردارییەوە .
.5سیستەمیKODAR ، سیستەمێکی دیمۆکراتیکە کە تێیدا هەموو چین و توێژ و جیاوازیّ کۆمەڵایەتیەکان و لە سەروی هەمووان ژنان و جەوانان، لەسەر بنەمای هاووڵاتی ئازاد و یەکسان، مەجلیسەکانی هاووڵاتی ئازاد و یەکسان پێکدەهێنن. هێزی خۆی لە هەموو گۆرەپانەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری، زانستی، هونەری، سیاسی، پاراستنی، دیپلۆماتیک و حقووقی، لە هێزی زاتی رەنگەکانی ناو کۆمەڵگا وەردەگرێت .
.6دان و سەندنەکانی سیستەمی KODAR لەگەڵ دەوڵەت، بەرێگای

فۆرموولاسیۆنی "دەوڵەت + دیمۆکرسی" ڕێکدەخرێن. بنەمای ئەم بابەتە، ڕێککەوتنێکی بە پرەنسیپە کە بەپێی پەسەند کردنی دووڵایەنەی دەوڵەت و سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک وەدی دێت .
KODARبە بێ ڕەد و نکۆڵی کردنی دەوڵەت و یاخود پەیوەستبوون بە دەوڵەتەوە، مۆدێلێکە کە سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی لە کۆمەڵگا بە بنەما وەردەگرێت .
.7کەمترین مەرجی پێویست بۆ ئەوەی کە KODAR بتوانێت لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لەژێر بانێکی سیاسی هاوبەش بەسەربەرێت، پەسەندکردنی ستاتۆی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک لە لایەن دەوڵەتەوەیە. دەبێت ئەوە دەستنیشان بکرێت کە ئامانج لە خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک بەشدار بوون لە پێکهاتەی دەوڵەت نییە، بە پێچەوانەوە پێکهێنانی بەڕێوەبەری یا ئۆتۆریتەی دیمۆکراتیکی کۆمەڵگایە لەچوارچێوەی سنوورەکانی ئێستای ئێران دا. ئاشکرایە کە گەیشتن بە وەها ستاتۆیەک لە ڕێگەی یاسای بنەڕەتی دیمۆکراتیک پێکدێت کە نیشاندەری ڕێککەوتنی نێوان کۆمەڵگای دیمۆکراتیک و دەوڵەتە. لە دەرەوەی ئەو حاڵەتە، KODARبە شێوەیەکی تەک لایەنە بۆ پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەری دیمۆکراتیک هەنگاو هەڵدەگرێت .
.8ئازادی ژن، یەکێک لە پرەنسیپەکانی سیستەمی KODAR ە. ئاستی ئازادی کۆمەڵگا، پەیوەستە بە ئاستی ئازادی ژنانەوە. بی ژن، سیاسەتی دیمۆکراتیک بەڕێوە ناچێت و ناتوانرێت پەرە بە ئاشتی بدرێت و پارێزگاری لە ژینگەش بکرێت. ژنان بە شێوەی کۆنفیدڕاڵ، ئۆتۆنۆم و تایبەت لە سیستەمیKODAR دا جێگە دەگرن و خۆیان بە ڕێکخستن دەکەن .
.9جەوانان، خاوەن ڕۆڵێکی پێشەنگ و بناخەیی لە سیستەمی KODAR ن. جەوانان هێزێکی دیمۆکراسیخواز و ئازادیخوازن کە لە پێشخستنی کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و سیاسی ڕۆلێکی بەرچاویان هەیە. جەوانان بە شێوەی پێکهاتەیەکی کۆنفیدڕاڵ و ئۆتۆنۆم، لە سیستەمی KODAR دا جێگا دەگرن و خۆیان بە ڕێکخستن دەکەن .
.10مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەڕێگەی سەرمایەپەرەستی، ئەندۆستریالیزم و دەوڵەت- نەتەوە گەرایی، زیانی جیدیان بەسەر ژینگە هێناوە KODAR .بە هەستیاری و هۆشیارییەوە لەگەڵ پرسی ژینگە هەڵسوکەوت دەکات و لەگەڵیدا هاوئاهەنگ و تەبایە. بە ڕێبازی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگای ژینگەپارێز، لەبەرامبەر فەتح گەرایی، کاولکاری و داگیرکاری بەربەرەکانێ دەکات و ئابووری و کۆمەڵگایەکی ژینگەپارێزانە بە بنەما وەردەگرێت.
.11 KODAR، لەبەرامبەر هەڕەشەی هێزە هێرشکارە دەرەکییەکان و دەستێوەردەانی هێزە پاوانخوازە ناوخۆییەکان و هاوکات دەستێوەردان و هێرشی چینی دەسەلاتخوازی ناوکۆمەڵگا، خاوەنی هێزی پاراستی زاتییە. لە سیستەمی KODAR هەر یەکینەیەکی کۆمەڵایەتی بە پێی بنەمای گەردوونی پاراستنی زاتی، پارێزگاری لە خۆی دەکات، بەڵام ئەمە بەواتای ئەرتەشسالاری نییە. ئەگەرچی یەکینەکانی پاراستنی زاتی دەستپێشخەری پێویستیان هەیە، بەڵام لەژێر چاودێری ئۆرگان و دەزگاکانی سیاسەتی دیمۆکراتیک دان .
دامەزراندنی KODAR دەستکەوتی تێکۆشانی بەردەوامی گەلی کورد و هەزاران شەهێدێکە کە لە پێناو ئازادی ژیانیان بەخت کردووە. کۆمەڵگای دێمۆکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان KODAR شیاوترین وڵام بۆ فیداکاری و لەخۆبردوویی گەلی کورد و ڕەنجی سەرجەم ئەو دایکانەیە کە ماندوونەناسانە لە پێناو ژیانێکی ئازاد و شەرافەتمەندانە تێکۆشانیان کرد. بەشداری لەم سیستەمە هەنگاوێکی مێژوویی بەرەو ئازادی و دیمۆکراسی دەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە بانگ لەسەرجەم گەلی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەکەین کە بە بەشداری خۆیان، خاوەندارییەتی لە ناسنامەی دیموکراتیکی خۆیان بکەن. هاوکات بانگ لەسەرجەم سازی، ڕێکخستن، پارت، ڕووناکبیران و کەسایەتیّ ئازادیخوازەکانی کورد دەکەین کە پشتیگری و بەشداری لە سیستەمی KODARبکەن. دامەزراندنی KODAR بەواتای قۆناخێکی نوێی لە تێکۆشانی دیموکراتیک و ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە. لەو باوەڕەداین کە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێک هێنانی بەرەی گۆڕانکاری دێموکراتیانە لە ئێران رەخساوە. لەسەر ئەو بنەمایە بانگی پشتگیری و هاوکاری بۆ ئەم قۆناخە نوێیە لە تێکۆشان، لە سەرجەم ئەو هێزانە دەکەین کە داخوازی گۆڕانکاری دیموکراتیک، پێکەوە ژیانی گەلان و چارەسەری دیموکراتیکی کێشەکانیان لە ئێران دا هەیە .
کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستە دامەزراندنی KODAR وەک دەرفەتێک بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە گەلانی ئێران بنرخێنێت و دەست لە ڕەوانگەی ئاسایشی لەبەرامبەر سەرجەم گەلانی ئێران بەربدات. لەو چوارچێوەیەدا KODAR کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد و کێشەکانی دیموکراسی لە ئێران بانگهێشتی دیالۆگ و موزاکەرە دەکات و ئامادەبوونی خۆی لە پێناو کرانەوەی دیموکراتیانە ئیعلان دەکات .
لە کۆتاییدا دامەزراندنی سیستەمی کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان KODAR لەسەرجەم گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان و هەموو تێکۆشەران و ئازادیخوازان پیرۆزبایی دەکەین .

هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری
کۆمەڵگای دیموکراتیک و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانKODAR —
5ی گوڵانی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 480

## لێدوانی سەرۆکایەتیی هەرێم سەبارەت بە کوژرانی ڕۆژنامەنوسەکە و کاردانەوەکانی ئەو ڕووداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=201403242252362031

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نیگەرانی و دڵتەنگیی خۆی بۆ گیان لەدەستدانی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس دکتۆر محەمەد بدێوی رادەگەینێت کە لە ڕووداوێکی نەخوازراودا لە رۆژی 2014/3/22 لە شاری بەغدا بووە قوربانی .

هەر بەم بۆنەیەوە هاوخەمیی خۆمان بۆ بنەماڵەکەی و سەرجەم میدیاکاران رادەگەیەنین.
هیواخوازین دادگایەکی عادیلانە ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بگرێتە بەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و یەکلاکردنەوەی ئەم دۆسیەیە.

لەم چەند ڕۆژەدا بەهۆی بەدواداچوونی وردی ڕووداو و لێدوانەکان هیوامان دەخواست ئەم بابەتە لە سنووری یاسایی خۆی دەرنەچێت و پێمان باشە یاسا و دەسەڵاتی قەزایی دوور لە دەستێوەردانی

سیاسییەکان ڕۆڵی بێلایەنانەی خۆی بگێڕێت.

دوای ڕووداوەکە لێدوان و هەڵوێستی هەندێ کەسایەتیی سیاسیی عێراقی بوونەتە هۆی نیگەرانیی شەقامی عێراقی و دەچنە چوارچێوەی هەڕەشە لە ئاشتی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عێراق و فراوانکردنی ئاڵۆزییەکان و نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان هاووڵاتییاندا. لێرەدا بە پێویستی دەزانین رای گشتی عێراقی ئاگادار بکەینەوە کە نابێت رێگا بە هیچ کەس و لایەنێک بدرێت درز بخاتە ناو برایەتیی پێکهاتەکانی عێراق و بازرگانیی بە گیانی دکتۆر محەمەد بدێوی بکرێت.

جێگەی داخە لە دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە سەرۆک وەزیرانی عێراقی وشەی نامۆ و ناشرینی خوێن لەبەرانبەر خوێنی بەکار هێناوە کە دوورە لە بنەماکانی باڵادەستیی یاسا و دەوڵەتداری و کولتووری پێکەوەژیان و دیموکراسی. لە سایەی زێدەڕۆیی هەندێ لایەن و ئەم دۆخە ئەمنییە نالەبارەی لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە خەڵکێکی زۆر کوژراوە و لەم چەند ساڵەدا 400 مامۆستای زانکۆ لە عێراقدا تیرۆر کراون و کەس خۆی نەکردە خاوەنی خوێنیان و دەسەڵاتی بەغدا هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ دۆزینەوەی تاوانباران. ئێستا کە هاووڵاتییەکی کورد لایەنێکی ئەم ڕووداوە نەخوازراوەیە دەیانەوێت لەڕووی سیاسییەوە ئیستغلالی بکەن و بیکەنە بابەتێکی زۆر مەترسیدار و هەوڵێک بۆ نانەوەی فیتنەی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق. بۆیە بەرپرسیارێتیی هەر ڕووداو و کاردانەوەیەکی ئەم ڕەوشە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی دەیانەوێ ڕووداوەکە بۆ مەرامی سیاسی بەکار بهێنن.

ئەگەر دەستەڵاتدارانی عێراقی بەم لۆژیکە سەیری ڕووداوەکان دەکەن پرسیار ئەوەیە کێ خوێنی 5000 شەهیدی هەڵەبجە و 182000 ئەنفال و 8000 بارزانی و 12000 فەیلی دەداتەوە؟ سەرباری ئەم قوربانییە مەزنە گەلی کورد لەپێناو بنیاتنانی ژیانێکی تازە و هیوایەکی نوێ هیچکات ئامادە نەبوو بڵێ: " خوێن لەبەرانبەر خوێن."

لێرەدا بەناوی گەلی کوردستان دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە لەم کەیسەدا قەزا دوور لە حەزی ناڕەوای سیاسییەکان ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە و چیتر ڕێگە نەدرێت دەنگی ناقۆڵا بەرز بێتەوە و ئیستغلالی ئەم ڕووداوە بکەن. گەلی کوردستان بڕیاری داوە بە برایەتی و تەبایی و پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا بژییت. ئەگەر دەستەڵاتدارانی بەغدا ئەم برایەتییەیان نەوێت و هەر ڕۆژێک بە بیانوویەک کێشە دروست بکەن با بێن و پێکەوە دانیشین و کۆتایی بەم پەیوەندییە پڕکێشەیە بێنین.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
24ی 3ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 481

## لێدوانێک لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150808102101857773

دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا "پنتاگۆن" ڕایگەیاند، دوێنێ پێنجشەممە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەسرین ئەسعەد ئیبراهیم، ناسراو بە "ئوم سەیاف" کە پێشتر لە سووریا دەستگیرکرابوو، لەلایەن ئەمریکییەکان رادەستی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان رادەستکردنەوەی ناوبراو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەگرنگ دەزانێت، بەتایبەتی کە ئوم سەیاف رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە بەکۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچانی ئێزیدی، لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا کچێکی بەکۆیلەکراوی ئێزیدی لە

ماڵەکەیدا دۆزراوەتەوە.
هیوادارین و دڵنیاشین وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە وردی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەم تیرۆریستەدا دەکات، بەتایبەتی لە دۆسیەی بەکۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچانی ئێزیدی و زانیاری گرنگ بە دەست دێت بۆ دووبارە نوێکردنەوەی بەرنامەکانی تایبەت بە رزگارکردن و مامڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆسییە و هەوڵەکانی رزگارکردنی ئەوانەی تا ئێستا لەدەستی تیرۆریستانی داعشدا ماون.
پێشتر خاتوو برنادیت میهان، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا رایگەیاندبوو کە هاوسەرەکەی "ئەبو سەیاف"،رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە چالاکییەکانی داعش، بەتایبەتی دۆسیەی بەکۆیلەکردنی ژنا ن و کچانی ئێزیدی.
شایانی باسە هێزەکانی ئەمریکا، لە 15ی ئایاری رابردوو، لە یەکەمین پرۆسەی سەربازی کە لەسەر زەوی دژ بە رێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەنجامی بدات، ئوم سەیافیان لە سوریا دەستگیرکرد.
ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
هەینی 2015/8/7

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 482

## لێدوانێک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕەوشی کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20141007230028777 12

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای هەڕەشە و پەلامارەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، پاڵپشتی کۆبانێ و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بووە و سەرۆک بارزانی زۆر بە پەرۆشەوە بەدواداچوونی بۆ بارودۆخی ئاوارەکان و ڕەوشی کۆبانێ کردووە و لە 19ـی ئەیلوولی 2014 لە پەیامێکدا داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە کۆبانێ لە هەڕەشەی تیرۆریستان بپارێزن و پەلاماری داعشی بۆسەر کۆبانێ بە نەفیرعام لەدژی گەلی کورد وەسف کرد.

پاش ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو و چڕتربوونی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەخت لە هەمان هەڵوێست دەکاتەوە و داوا لە وڵاتانی بەشداربوو لە هاوپەیمانێتیی شەڕی دژی داعش دەکات کە هاوکاری خەڵک و خەباتکارانی کۆبانێ بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش. سەرۆک بارزانی داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات بە هانای خەڵکی کۆبانێ و پەنابەران بچن کە لەبەر هەڕەشەی داعش پەنایان بۆ ئەو دیوی سنوور بردووە.

لەم دۆخە نالەبارەی کۆبانێ تێیکەوتووە سەرۆکایەتیی هەرێم و گەلی کوردستان پاڵپشت و هاوپەیمانی خوشک و برایانی خۆیان لە کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان.

د. فواد حوسێن
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

7ـی ئۆکتۆبەری 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 483

## لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی لە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141220212337118370

نووسینگەی ڕاگەیاندنی نوری مالیکی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە ڕاگەیێندراوێکدا کە لە ڕێکەوتی 18ـی 12ـی 2014 بڵاوکراوەتەوە باسی ئەوەی کردووە کە سەبارەت بە دروستبوون و جموجۆڵ و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش بەر لە کەوتنی موسڵ لە حوزەیرانی ڕابردوو سەرۆک بارزانی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق نەکردووە.

لێرەدا بە گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقی لە مەترسیی دروستبوونی داعش و هەڕەشە و جموجوڵەکانیان لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و شاری موسڵ ئاگادار کردووەتەوە و پێی ڕاگەیاندووە کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە بەهۆی ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش یارمەتیی هێزەکانی عێراق بدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەشە و بەهێزبوونی تیرۆریستان لەو ناوچەیەدا بگیرێت. بەڵام سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق ئەم ئاگادارکردنەوە و پێشنیارەی سەرۆک بارزانی بە هەند وەرنەگرت و گوێی لێ نەگرت. بەڕێز سەید عەمار حەکیم و د. ڕۆژ نوری شاوێز جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و باڵیۆزی ئەو کاتی ئەمەریکا لە عێراق شاهیدی ئەوەن کە سەرۆک بارزانی لەڕێی ئەوانەوە سەرۆک وەزیرانی عێراقی لەو مەترسیە ئاگادار کردووەتەوە.

سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق لە کەوتنی موسڵ و شکستی سوپای عێراق بەرپرسیارە و ناتوانێ بەمجۆرە لێدوان و ڕاگەیاندراوانە شکست و بەرپرسیارێتیی خۆی دابپۆشێت. لەو ماوەیە هەرچی نەهامەتی و ناسەقامگیری و قەیران کە بەسەر خەڵکی عێراق هاتووە و هەروەها شکستە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی عێراق ئەوە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و دەورووبەرەکەی لێی بەرپرسیارە.
سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی لە نووسینگەی سەرۆک
20-12-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 484

## لێکدانەوەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی تورکیا

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی تورکیا بووە جێگای مشتوومڕو هەڵوێست وەرگرتنی لایەنە سیاسیەکان نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهانیش لێکدانەوە و بۆچوون و هەڵویستگیری جۆراجۆری لەخۆگرت.لەم بارەیەوە لێکدانەوەی ئێمە بەمجۆرەیە :

.1ئەو گۆرانکاریانە لە هاوکێشەی سیاسی و دەسەڵاتی بۆرجوازی لە تورکیادا بەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ئەمسالدا پێشهات، ئاکامی ناڕەزایەتی بەرفراوانی جەماوەری سکولارو مۆدێرنی خەڵکە لە بەرامبەر سیاسەت و هەنگاوەکانی حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان(ئەکەپە)و ئۆردوگان بۆ زاڵکردنی یاساو نەریت و بنەمافکریەکانی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگای مۆدێرنی تورکیا و دەوری ئەو حیزبە بوو لە هاوکاریکردنی هێزێکی دڕندەی ئیسلامی وەکو داعش. ئاکامی نارەزایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو لەبەرامبەر قەیرانی ئابوری، بێکاری، هەژاری و هێرشەکانی حکومەتی ئەکەپە و ئۆردوگان بۆ بەرتەسکردنەوە و سەرکوتکردنی سەندیکا و رێکخراوە کرێکاریەکان و سەندنەوەی دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لەو وولاتە. ئاکامی نارەزایەتی و تورەیی سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز بوو بەرامبەر بە نەخشە و پلانەکانی ئوردوگان و حکومەتەکەی بۆ گۆرینی دەستورو شێوازی حوکمرانی بەوجۆرەی کە بچوکترین ماف و ئازادیەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کۆمەڵگا لەقاڵب بدات. ئەم نارەزایەتیانەی خەڵکی ئازادیخوازو کرێکاران لەماوەی ڕابردوا لە پارکی غازی و لە ئایاردا لە مەیدانی تەقسیم لە ئەستەمبوڵ نمایشی گەورەی خۆی کردو دڕندەیی پۆلیس و دەزگا سەرکوتگەرەکانی حکومەتی ئەکەپەو دەوڵەتی بۆرژوایی تورکیای لەئاستێکی فراوان و جیهانیشدا ئاشکرا کرد.هەروەها لەلایەنێکیدا ئاکامی مامەڵەی حکومەتی ئۆردوگان بوو لەگەڵ پرسی کێشەی کورد کە سەرەنجام بەشێکی دەنگدەرانی کوردزمان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا روویان لە ئەکەپە وەرگێراو دەنگیان بۆ پارتێکی سیاسی دا کە لەناو خێزانی ناسیۆنالیزمی کورد و وەکو باڵی سیاسی پەکەکە سەری هەڵداوە. بەم دەنگدانە خەڵکی تورکیا تۆڵەیان لە ئەکەپە کردەوە لەسەر ئەو سیاسەت و هەنگاوانەی. توانیان نەخشەیەک کە ئۆردوگان دایناببوو بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی خۆی و حیزبەکەیدا، پووچەڵ بکەنەوە .

.2واقعیەتی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە چوارچێوەی پێداویستی هاتنەپێشەوەی ئالوگۆڕێک لە مەوقیەت و دەسەڵاتی بۆرجوازی لە تورکیادا سەرچاوەی گرتبوو، ئەویش ئەوەبوو کە بەهۆی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەکەپەوە، دوای دەورانێک لە گەشانەوەی ئابوری دوبارە ئابوری تورکیا ڕووی لە نشێوی کردەوە و ڕەونەقی پێشوو گۆڕدرا بۆ قەیران و دابەزینی ئاستی گەشە و بێکاری و گرانی و قورسکردنی باری سەرشانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و زەحمەتکێشی ئەو وولاتە. بۆرژوازی تورکیا بە ئومێدی ئەوەی کەلەسەر دەستی ئەکەپەدا تورکیا بچێتەناو بازاڕی هاوبەشی ئەوروپاوە، وە ئەکەپەش لەو پێناوەدا کۆمەڵێک هەنگاوی هەڵهێنایەوە، کورسی حوکمرانی دایە دەستی ئەکەپە، بەڵام بەسەرئەنجام نەگەیشتنی ئەو پرۆسەیە، زیاتر ئاراستەی سەرنجی حکومەتی ئەکەپەی بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆری، کە ئەم روو وەرگێرانە دەوڵەتی تورکیای خستە سەر ئەوەی وەکو بلۆکێکی سیاسی –ئابوری لەناوچەکەدا جێگای خۆی قایم بکات. ئەمەش بەو ئاقارەدا ڕۆیشت کە قاچی تورکیا بخاتە ناو کێشمەکێشکی سیاسی ناوچەییەوە کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی دیکەی ناوچەیی و جیهانی تێیدا کەوتونەتە بەرامبەر یەکتری. ئەوەبوو تورکیا کەوتە تەرەفی سعودیە و قەتەر لەبەرامبەر بلۆکی ئێرانداو قاچی خزایە ناو شەڕی ناوخۆیی سوریا. بەمجۆرە ئەو ئومیدەی حکومەتی ئەکەپە کە بەهۆی جێگاوڕێگای سیاسی و سەربازیەوە لەناوچەکەدا دەسکەوتێکی ئابوری بەدەست بێنێ، پوکایەوە و دەرگای بوژانەوەی ئابوری بەرەو داخران چوو وە تورکیای خستەوە بەردەم دوریانی قەیرانی ئابوری قولتر. ئەم بارودۆخە دەسەڵاتی سیاسی لە تورکیای خستە ژێر پرسیاری جدیەوەو بوەهۆی ئەوەی کە قەیرانێکی سیاسیش لەسەر ئاستی دەسەڵات و شێوازی حاکمیەتی بۆرژوازی کە لە دەسەڵاتی ئەکەپەدا بەرجەستە بووبوو، دروست بکات و پاشەکشە بە سیاسەتەکان و مەوقیەتی ئەکەپە و ئۆردوگان لە هاوکێشەی سیاسی نیوان رەوت و هێزەکانی بۆرجوازی لەناوخۆی تورکیادا بکات. ئەوەبوو لەکێشمەکێشی هێزە سیاسیەکان و بانگەشەی هەڵبژاردنیدا ئەکەپە نەیتوانی سەرنجی دەنگدارانی بۆ وەڵام بە پێداویستی ژیان و گوزەرانیان راکێشن و ئایندەیەک لە گەشانەوەی ئابوری نیشان بدەن.چ ئەکەپەو چ هێزە سیاسیەکانی دیکەی بۆرژوازی لەتورکیا قورسایی پروپاگەندەی خۆیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر پرسە سیاسیەکان دانابوو. بەڵام سەرەنجام گرفت و

قەیرانی ئابوری بەناچاری لە دەورەی داهاتوودا قورسایی کێشەو ململانێی نێوان لایەنەکانی براوەی هەڵبژاردن داگیردەکات .
لەلایەکی ترەوە دوای تەوابوونی هەڵبژاردنەکەو سەرنەکەوتنی ئەکەپە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەتەنیا خۆی، دەرگای بەرووی کۆمەڵێک ئەگەری سیاسیدا کردۆتەوە، کە کاریگەری زۆرتر لەسەر بارودۆخی ئابوری ئەو وڵاتە دروست دەکات. بەتایبەتی کە بۆرژوای تورکیا پەشوێن جێگیری سیاسی و حکومەتیدا دەگەڕێت و دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەت دەبێتەهۆی دوودڵی و نیگەرانی بۆرژوازی، سەرەنجام ململانێی نێوان هیزە سیاسەکانی ناو پەرلەمان زیاتر لەبەرامبەر کێشەو دۆخی نالەباری ئابوری و سیاسی ئێستای تورکیادا چەق دەبەستێ و دەبێ وەڵام بە پێداویستیە ئابوتی و سیاسیەکانی ئەم قۆناغەی بۆرژوازی تورکیا بدەنەوە !
.3ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی لەم هەڵبژاردنەدا رکابەریان دەکرد بە گشتی ئەو هێزانەی بۆرژوای بوون کە بەسەر رەوتە سیاسیەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، ناسیۆنال ئیسلامی تورکی و ناسیۆنالیزمی کورد بوون و هەریەکە بە ئەجندای سیاسی خۆیەوە هەوڵی دەدا کە لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا بەشی خۆی بەربکەوێ و نەخشی خۆی وەکو هێزێکی سیاسی بۆرژوازی بەجێ بەگەینێت. لەناو ئەو هێزە تەقلیدیەکانی بۆرژوازیدا، هێزێکی دیکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەڵبژاردنەکنی تورکیادا دێتە ناو کێشمەکێشی هەڵبژاردنەوە وەکو حیزبێکی سیاسی کە ئەویش حیزبی دیموکراسی گەلان (هە دە پە) یە. ئەم حیزبە وەکو حیزبی باڵی چەپی ناسیونالیزمی کورد وڕەوتێکی سیاسی کومەلایەتی بۆرژوازی کورد بەشداری لەو رکابەریەدا کردو توانی بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ کە 10%ی دەنگەکان بوو. بەوەش کاریگەری لە سەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی ئاکەپە کرد، بەوهۆیەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشێکی دەنگەکانی ئەکەپە لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیاوە هاتوە، کە ئەمەش بوەهۆی ئەوەی هاوسەنگی هێز بە زیانی ئاکەپە ئاڵوگۆر پێبکات .
ئەم قەیرانەی دەسەڵات و مانەوەی کێشەی کورد بە هەڵواسراوی کە پریاربوو لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاگربەستی نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکەدا کەبەناوی "پرۆسەی چارەسەری" ناودەبرا، بەجێگایەک بگات و بۆرژوازی کورد بەنوێنەرایەتی پەکەکە جێگایەکی لە بەشە دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادا پێببڕێت، ئەو دەرفەتەی بۆ هەدەپە رەخساند کە سوود لەو کەلێنە وەربگرێت و بە پشتیوانی پەکەکە ئەمجارەیان بەشێوازی دەنگدان و بەشداریکردن لە پەرلەماندا وەکو حزبێکی سیاسی بواری کردەوە بۆ بەشداری بورژوا ناسیۆنالستی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیدا. بەڵام بە جیا لەهەر بانگەشەو بانگەوازێک کە هەدەپە دەیکرد لە سەر مەسەلەی کورد و یەکسانی ژنان و پیاوان و وبەرگری لە مافی مەیلی سیکسی کەسەکان.. بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا، نەک ناتوانێ جێگاو ڕێگاو دەوری ئەو حیزبە وەک حزبێکی بۆرجوازی و ناسیۆنالست و دەورو نەخش و بەرنامەی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بۆرجوازی و پاراستنی سەرمایەداری لە تورکیا و وەستانەوەی لەبەرامبەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا ئاڵوگۆڕ پێبکات، بەڵکو لە نزیکترین کاتدا سیاسەت و رێکەوتنی بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەداران و دەسەڵاتی بۆرجوازی و حزبەکەی خۆی بەو پەری دڵسۆزی و پەیگیریەوە ڕادەگەیەنێت و دەردەکەوێت.
لەهەمانکاتدا هەدەپە ناتوانێ لەرێگەی پەرلەمان و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کورد لە تورکیا کۆتایی پێبهێنێت و کێشەی کورد چارەسەر بکات. چونکە بۆرژواز ناسیۆنالیستی کورد لە مانەوەی ستەم و کێشەی نەتەوەیی بەهرەکێشی دەکات و سوودی لێوەردەگرێت بۆ درێژەدا بە جێگاورێگای خۆی وەکو "نوێنەری نەتەوەی کورد" لەبەرامبەر نەتەوەکانی دیکەو هێزە سیاسیەکانی دیکەدا .
.4جێگاورێگاو نەخشی سیاسی هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا لەدرێژەی هەمان ئاسۆی سیاسی و هەڵسورانی سیاسی چەند ساڵەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورددایە لە تورکیا کە پەکەکە و ئۆجەلان نوێنەرایەتیان کردووە. ئەو سەرکەوتن و دەنگانەش بەدەستی هێناون هەر لەهەمان جێگاورێگای سیاسی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەیان گرتووەو درێژەی شەرو کێشمەکێشی نێوان بۆرژوا ناسیۆنالیستی تورک و کوردە، بەڵام ئەمجارەیان بەرەی سەرەکی شەڕەکە لە شاخەوە دەگوێزێتەوە بۆناو پەرلەمان و بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو وولاتەدا.ئەم سەرکەوتنەش نەک هیچ نزیکایەتی و پەیوەندیەکی بەخواست و ئامانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازەوە نیە، بەڵکو ئەم بەشداریەی هەدەپە وەک هێزیکی سیاسی بۆرژوا ناسۆنالستی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی تورکیا و لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی بۆرژوایی ئەو وولاتە لەو هێزە کۆنەپەرستانەی کە براوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانن، ناتوانرێ

پێشبینی بەدیهێنانی هەلومەرجێکی لەباریشی لێبکرێت بە قازانجی خەبات و نەبەردەکانی داهاتوی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش، بۆیە بانگەشە بۆ پشتیوانی لە هەدەپە تێنەگەیشتنە لە جێگاورێگای هەدەپە وەک هێزێکی بۆرژوازی پارێزەری سەرسەختی بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداری، لەهەمانکاتدا مانای بانگەوازکردنی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی تورکیایە بۆ شوێنکەوتنی بەرژەوەندیەکانی هێزێکی بۆرژوازی و بۆرژوازی کورد و چاوپۆشین لە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی و لەئاکامدا چەواشەکردنی کرێکاران و بەلاڕێدابردنی خەباتی چینایەتی کرێکارانە .

.5هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی کوردو کۆتاییهێنان بە ستەمی میللی و چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەرجەم چینی کریکاری تورکیا و پتەوکردنی گیانی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی کرێکاران و کۆتاییهێنان بە دابەشکردن و جیاکاری نێوان کرێکارانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە رادەوەستێت. بەرەچاوکردنی ئەم پرەنسیپە سەرەتاییەی کۆمۆنیزم، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لایەنگری ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی تورکیا دوور پێناسەی نەتەوەیی و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی یەکسان دابمەزرێت. بەپێچەوانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەت و سیستەمێکی سیاسیدا کە پێناسەی نەتەوەیی هەبێت و جیاکاری نەتەوەیی دژی هاوڵاتیانی کوردی خۆی بەڕێوەبەرێت، تەنها رێگایەک بۆ چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بەو جیاکاری و ستەمە نەتەوەیی و ئەو خۆشکردنەی ئاگری رق و نەفرەت و دورەپەرێزی نەتەوەیی، گەڕانەوەیە بۆ رای خەڵکی کوردستانی تورکیا بۆ بڕیاردان لەسەر پەیوەندی سیاسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا. ئەوەی کە واپیشان دەدرێ ئەم هەڵبژاردنەو چوونی هەدەپە بۆناو پەرلەمان ئەم مەسەلەیەش دەخاتە سەر رەوتی چارەسەری ئاشتیانە، نزیکایەتی لەگەڵ لێکدانەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا سەبارەت بە مەسلەو کێشەی میللی نیە .

.6سیستەمی پەرلەمانی سەرباری ئەوەی کە خۆی سیستەمێک نیە دەسەلات بدات بەهاوڵاتیان، بەڵکو وەرگرتنی پەنجەمۆری جەماوەری دەنگدەرە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەردەوامیدان بە کۆنترۆلی بۆرژوازی بەسەر ئایندەو چارەنوسی کۆمەڵگەوە. نوێنەرانی پەرلەمانی ئەمجارەی تورکیا وەک هەر دەورانێکی تر بە دوای هەڵبژاردنەکاندا نەک نوێنەرایەتی خۆشگوزەرانی و ئاڵوگۆر بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان ناکەن، بەڵکو ئەمجارە نوێنەرانی پەرلەمان لەژێر ناوی نەتەوەو ئایندا دابەش دەبن، کەسەرەتای دەستپێکردنی لێکترازانی رەسمیی کۆمەڵگەی تورکیا دەبێت بە ناوی کورد و تورک و ئیسلام و..تاد.بەوجۆرە بێجگە لە کێشەو گرفتە ئابوریەکان، دەرگای کۆمەڵەکێشەیەکی دیکەی سیاسی بۆ کۆمەڵگای تورکیا دەکرێتەوە .

.7ئەم هەڵبژاردن و پەرلەمانە نەک نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی تورکیای نە کردووەو نایکات، بەڵکو دەورەیەکی تر لەهەوڵی تەواوی بۆرژوازی تورکیا بە ڕەنگە جیاوازەکانیەوە، بەرجەستە دەکات بۆ رێکخستن و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی ئابوری بۆرژوازی لە تورکیا لە هەلومەرجێکی سیاسی کۆنەپەرستانە و نالەباری ناوچەکەدا و لە هەناوی کێشمەکێش و شەری نێوان قوتبە جیهانیەکان و وڵاتانی ناوچەکەو بوونی هێزیکی درندەی وەک داعش، کە بە هەمویان دۆزەخێکیان بۆ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە داخستووە. ئەو ئالوگۆرانەی لە ئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە هاتونەتەپێشەوە تورکیای خستوەتە سەر رەوەندیکی سیاسی وکومەلایەتی هەمەلایەنە و ئالۆز.زامنی بەرگرتن بە هەر سیناریۆو پێشهاتێک کە بەزیانی خەلکی ئازادیخوازو کرێکاران و زەحمەتکێشان تەواو بێت، هاتنە مەیدانی نارەزایەتی بەرفراوانی جەماوەریە بۆ وەستانەوە لەبەرامبەرتەواوی ئەو سیاسەت و پیلانگێرانەی کە لایەنەکانی بەشدار لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئایندەدا پەیرەوی دەکەن. هەر بۆیە ئاسۆو رێگایەک بۆ رزگاربونی چینی کرێکارو جەماوەی زەحمەتکێشی تورکیا بەگشتی لە هەلومەرجی پرکارەسات و نالەباری ئێستا نارەزایەتی و هەڵسان و شۆرشی جەماوەریە لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەو ووڵاتە .

.8حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی سیاسی سەربەخۆو ڕیزی بەرینی نارەزایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازو مۆدێرن و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی تورکیا دەکات لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی ئازادو یەکسان و خۆشگوزەران و کۆتاییهێنان بە دەورو نەخشی سیاسی هێزو بزوتنەوە کۆنەپەرستە ڕەنگاورەنگەکانی بۆرژوازی لە ڕاگرتنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی و هێشتنەوەی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری لەو وولاتەدا.هاوکات پشتگیری لەهەر هەوڵ و بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە دەکات لە کۆمەڵگای

تورکیادا کە بەئاقاری بەرینکردنەوەی ئازادی و مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کورتکردنەوەی دورودەخالەتی ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەکۆشێت .
21 /06/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 485

## لە 31 ئابدا داوا دەکەین: مەسعود بارزانی وەک بەرپرسی یەکەمی کوشتارو ماڵوێرانی خەڵکی کوردستان دادگای بکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082108435089123

31ئابی 1996 یەکێکە لەو ڕۆژە نەخوازراو و ئازاردەرانەی کە پارتی دیمکراتی کوردستان بە پێش لەشکری وپشتیوانی سوپاو وتانکی رژێمی سەدام حسین شاری هەولێرو ناوچەکانی کوردستانیان داگیرکرد بەو شیوەیە لەو کارەساتەدا بەدەیان کەس گیانیان بەختکرد، لەسێدارەدران، بەدیلی کوژران و بە دەیان کەس ئاوارەو زەرەرو زیانیان لێکەوت .
31ئاب یەکێکە لە ومیژووە ڕەشانەی هەرگیزاو هەرگیز لە بیرو زهنی خەڵکی کوردستان ناسرێتەوەو. هەمان ئەو سیاسەتە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان وەک تاکە حزبی باڵادەست لە ستراتیژو بەرنامەو پرۆژەیاندا بۆ داسەپاندنی حزبی بنەماڵە لە کوردستاندا دریژەی هەیە.
پارتی دیمکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتیمانی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و قازانج و بەرژەوەندی زیاترو بەدەستەوگرتنی فەرمانرەوایەتی لە کوردستاندا هیچ کات باکیان بە ژیان و چارەنوسی خەلکی کوردستان نەبوە و سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و بودجەو داهاتی نەوت و گازیان بە تاڵانبردوە. بەخاتری هاوسەنگی هێزی نێوانیان سڵیان لەهینانی دەستی رژێمی بەعس و ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە نەکردۆتەوە.
پەیامەکانی 31 ئاب بە دەخاڵەتی ئێستای پارتی دیمکراتی کوردستان لە بارودۆخی ئیستای سوریا و راوەستان لەبەرەی تورکیاو ئەمریکا ئاکامی زیانبارترو خۆێناوی تر دووبارەدەکاتەوە لەسەر ژیان و ئایندەی خەڵکی کوردستان. بۆیە ئیمە لەچەتری ئازادی لە یادی 31 ئابدا ئەو ڕۆژە ڕەشەدا داوای:
1.دادگایکردنی مەسعود بارزانی وەک کەسی یەکەم وبەرپرس لەو کوشتارو ماڵوێرانیەی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان ئەنجامدرا.
2.چارەنوسی قوربانیەکانو وونبوانی 31ئاب وشەری ناوخۆ ئاشکرا بکرێت،کەسوکاری قوربانیەکان وئەوانەی زەرەوزیانیان لێکەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە.
3.هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو دامودەزگا میلیشیایی و سەروو یاسایانەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و قەدەغەکردنی بەکار هێنانی چەک و هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی سیاسی.
چەتری ئازادی لە یادی 31 ئابدا گردبوونەوەیەکی نارەزایەرتی لە مەیدانی ووتاربیژی، مەیدانی سەرەکی لەندەن " سپیکەر کۆرنەر" ڕێک دەخات بۆ خستنەرووی قسەوباس لەسەر 31ئاب وئاکامە زیانبارەکانی وپاشان نامەی نارەزایەتی دەگەیەنریتە ئۆفیسی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن.
چەتری ئازادی داوا لە تەواوی ئازادیخوازان و ڕەوەندی کوردی دەکات لەم گردبوونەوە نارەزایەتیە دا بەشداری بکەن.

ڕۆژی شەمە 31 ئاب لە مەیدانی سپیکەر کۆرنەر"مەیدانی ووتار بێژی" لە ماربڵ ئارچ نزیکرین ئیستگای قیتاری Marble Arch لەسەر خەتی سور.
کاتژمێر: 2 بۆ 4 پاشنیوەڕۆ
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارەی تەلەفونی: هاوڕێ جاف بە ژمارەی:07428500737 وەیان گۆنا سەعید بە ژمارەی:07894252708 وەیان بە دەشتی جەمال ڕیکخەری چەتری ئازادی بە ژمارەی 07856032991
چەتری ئازادی
20-8-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 486

## لە حوسێن محەمەد عەزیزەوە بۆ مەسعود محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126013706119049



نامەیەک لە مامۆستا حوسێن محەمەد عەزیزەوە بۆ مەسعود محەمەد 1996

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری بڵاوکراوە: | ✒دەستنووس |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 487

## لە قایمقامی کۆیەوە هادی ڕەشید چاوەشلی بۆ مەسعود محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126132711119057



لە قایمقامی کۆیەوە - (هادی ڕەشید چاوەشلی) - دەربارەی پیتاک کۆ کردنەوە بۆ سولەیمانی 1957

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 488

## له موراد قەرەیلانەوە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوها پاداشتتان داینەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014081220170065501

ئێمە ووتمان ؛ ئامادەین شەنگال بپارێزین، کەرکوک و مەخمور بپارێزین " هەم بانگەوازیمان کرد و هەمیش هەڤالانمان لە بەشی پەیوەندییەکان چوون و ئەم پێشنیارەیان پێشکەش کرد. بەڵام قبولیان نەکرد. ئەگەر لەو بوارەوە ئامادەکاریی هەبوایە ئەمەی ئێستا رووی نەدەدا. ئەو گروپەی ئێمە ناردمان بۆ شەنگال دەستگیرکران".

"پێشنیارمان قبول نەکرا، گروپێکی پسپۆر، گروپێک بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکان بکات ناردمان، پێشمەرگەش ئاگاداربوون، (3)هەڤاڵ لەوانە 20 رۆژ بەرلەئێستا دەستگیرکران و تائێستا ئازاد نەکراون. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی ئێمە بەدەستمان کەوتوون لەزیندانی دهۆک راگیراون. لێرەوە لە بەرپرسانی ئەوێ دەپرسم (ئێوە ئەوانتان دەستگیرکرد و دەستیشتان لەشەنگال بەردا، شەنگالتان بەجێ هێشت، ئێوە شەنگالتان بەردا، بەڵام ئەوتان بەرنەدان. بۆچی هاتبوون بۆ ئەوێ، هەڵبەتە بۆ ئەوەی پشتگیری ئێوەبکەن، بۆ ئەوەی شەنگال بپارێزن هاتبوون، بەڵام ئەمە پاداشتی ئێوەبوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستانPKK -

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 489

## له مەلا مستەفاوە بۆ مەسعود محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126001157119045



هەشت نامەی مەلا مستەفا بۆ مەسعود محەمەد

سەرچاوە: مامۆستانێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری بڵاوکراوە: ✒دەستنووس

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 490

## له نامەیەک دا بۆ ئەنترپۆل، حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای دەسبەسەرکردنی قاتڵی شەهید قاسملوو دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101013050288354


Kurdistan Democratic Party
KDP - IRAN

To Interpol

According to information that we have received, Jafar Sahraroudi who was responsible for the assassination of the KDP-IRAN leader Dr. Abdul Rahman Ghassemlou in Vienna on 13th of July 1989 is a member of Iranian delegation to the Inter-Parliamentary Union (IPU) in Geneva.

Austrian police issued an international arrest warrant for the three Iranian terrorists on December 22, 1989, long after they had left the country. The arrest warrant, which is still valid today.
The presence of this wanted terrorist in Geneva, with a long record of terrorist activities abroad cannot be tolerated by Iranian and Kurdish People and we call for immediate arrest and handover of Sahraroudi to an international tribunal for war crimes and crimes against humanity.

Secretariat
Kurdistan Democratic Party
KDP-IRAN

بۆ پۆلیسی نێودەوڵەتی ئەنترپۆل!
بە گوێرەی زانیارییەکان، جەعفەر سەحراروودی کە بەرپرسیار بوو لە تێرۆرکردنی رێبەری حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو،ئێستا ئەندامی هەیئەتی ئێرانە بۆ بەشداری کردن لە رێکخراوی ئای.پی.یو لە ژنێف.
کاتی خۆی پۆلیسی ئوتریش لە رێکەوتی 22 مانگی 1989 بڕیاری دەستگیرکردنی ناوبراوی داو بڕیارێک کە ئێستەش هەر لر جێگەی خۆیەتی.
حزووری ئەم تێرۆریستەو بەشداری لەو کۆبوونەوەیە لە ژنێف جێگەی داخ و نارەحەتی خەڵکی ئێران و کوردستانە. بۆیە ئێمە داوا لە ئێوە دەکەین بەگوێرەی قەراری ئەو کاتی پۆلیسی ئوتریش ناوبراو دەسبەسەر بکرێ و بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی و بەرانبەر بە تاوانەکەی وڵامدەر بێت.
حیزبی دێموکراتی کوردستان
سکرتاریا
2013\10\10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 491

## لە هەڵەبجە ساڵیادی کیمیابارانی سەردەشت کرایەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062813415185652



بەناوی خوای گەورە
بیست و هەشت ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر یەکێک لە گەورە تاوانەکانی کۆتایی سەدەی رابردوودا، ئەویش تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو لەلایەن رژێمی روخاوی پێشووی عیراقەوە کە بووە هۆی شەهیدبوونی 116 کەس و برینداربوونی هەزاران کەس لە هاوڵاتیانی مەدەنی شارەکە بە بەرچاوی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، شاری سەردەشت نغرۆی گازی خەردەل و سیانید کرا.
بێدەنگی ئەوکاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوە جیهانییەکان لە ئاست ئەم تاوانە دڕندانەیەدا، جورئەتی زیاتری بەخشیە رژێمەکەی بەغدا، تا لەسەر زوڵم و ستەمەکانی بەردەوام بێت، بەجۆرێک دڕندەیی و تاوانکاری ئەو رژێمە لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا گەیشتە لوتکە.
بەڕێزان هەروەک چۆن رژێمی بەعس رسوای مێژوو بوو، بەڵێن دەدەین هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابانی سەردەشتدا لە خەبات و کاری رێکخراوەییماندا بەردەوام بین بۆ بەدادگایی گەیاندنی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە هاوکاری رژێمی بەعس بوون لە پرچەک کردنیدا، تا بەسزا گەیاندنیان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و زیان لێکەوتوان.
لێرەشەوە داوا دەکەین کە (کۆماری ئیسلامی ئێران) هاوکار بێت لە بەدەستهێنانی دۆکیۆمێنت و بەڵگەی پێویست لەسەر کیمیابارانی سەردەشت و هەڵەبجە.
بەڕێزان هەروەک چۆن شاری سەردەشتی خۆشەویستمان هەرگیز لەیاد

نەکردووە وەک دەستەخوشکی هەڵەبجە ناوزەدمان کردووە هاوکات هەموو ئامادەییەکی خۆمان دەردەبڕین لە هاوسۆزی و هاوکارییکردنی کەسوکاری قوربانیانی سەردەشت و بەرەوپێشبردنی دۆسیێی کیمیابارانی ئەو شارە لە هەر شوێن و لایەکی پەیوەندیداردا بێت.
بەڕێزان.. لەکاتێکدا یادی ئەم تاوانە گەورەیە دەکەینەوە ئێستاش لە کۆبانێ تاوانی رەشەکوژی تۆقێنەر رووبەڕووی هاوخوێن و هاونیشتیمانییەکانمان دەبێتەوە، دیسان تیرۆر منداڵ و ژنی کوردی داوەتەوە بەر دڕندانەترین شێوازی کوشت و پر .تکا دەکەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوانی مافی مرۆڤ چیتر رۆڵی تەماشاکەر نەبینن، بەهەر شێوەیەک هەیە رێگە بگرن لەم کردە دڕندانەی کە دژ بە هەموو بەهاکانی.
کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە
28-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| شارەکان: | سەردەشت |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 492

## لە یادی ئەنفالکردنی هەشت هەزار لاوی بارزانیدا: نا بۆ پێدانی پلە و پۆست و پارێزگاریکردن لە تاوانبارانی گەلکوژی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130731144941893 65

وەک ئاگادارین کە ساڵی 1974 و دوای هەرەسپێهێنانی شۆرشی کورد، رژێمی بەعس هەڵسا بە چۆلکردن و سوتاندنی گوندەکانی بارزان و گواستنەوەی خێزانی بارزانیەکان بۆ شاری(دیوانیە)ی خواری عێراق بەزۆرەملێ و دابەشکردنیان بەسەر گوند و ئۆردوگاکان و ناحیەکانی وەک (شافعیە، ئەلفادیر، فەوار) و گوندی (جحێش و مەرجوجە) و ئۆردوگای(1و2)ی (خێریە)دا نیشتەجێی کردن.

ساڵی 1980 رژێم بەبڕیارێک سەرجەم بنەماڵە بارزانیەکانی گەڕاندەوە بەمەرجێک کە نەچنەوە بارزان، بەڵکو لە ناحیەی قوشتەپە لە هەردوو کۆمەڵگەی (قودس و قادسیە) نیشتەجێی کردن لە شەڕی (عێراق-ئێران)دا ئەم ئۆردوگایە لەلایەن فرۆکەکانی ئێرانەوە بۆردومانکرا لەئەنجامدا (20) شەهید و (100) بریندارى لێکەوتەوە، پاشان بۆخۆیان هەڵسان بە دروستکردنی خانوو بە قوروو دارو حەسیر.

خەڵکەکە خەریکی ژیانی رۆژانەی خۆیان بوون و ژیانێکی سادە و ساکار دەژیان، رژێم بە مەبەستی لەناوبردنیان لە بەرەبەیانی(1983/7/31)دا دەوروبەری هەردوو ئۆردوگای (قودس و قادسیە)ی بەهێزێکی زۆری گاردی کۆماری و هێزی تایبەت گرت بەسەرپەرشتی تاوانباری گۆڕبەگۆر (بەرزان تکریتی). خەڵکی ئەم ئۆردوگایەی لەشیرن خەودا بەدەنگی زنجیری دەبابە و تانک و زرێپۆش و هلیکۆبتەر لەخەوی شیرن کرد و هەرچی مێرمنداڵ و پیاو بوون کە تەمەنیان لەنێوان (10-90)

ساڵیدا بوو دەستگیریان کردن، هەموو شوێنێکیان دەپشکنی هەرچی پارە و زێرو شتی گرانبەهاش بوایە بەتاڵانیان دەبرد دەنگی گریان و قیژەی ژن ومنداڵ بۆ باوکو رۆڵەکانیان ئاسمانی دەهەژاند، هەمان کارەسات لە (1983/8/10) بە سەر ئۆردوگای (بەحرکە-حەریر-دیانا) دا هات، هەروەها رژێم لە (1983/10/1) بۆ جاری دووەم ئۆردوگای (قادسیەی) چواردەورەداو ئەوانەی لە پرۆسەی یەکەم دەربازبیوون دەستگیریان کردن، ژمارەی سەرجەم قوربانیان (8000) لاوی بارزانی بوون. دوای ئەم تاوانەش رژێم چاودێریەکی
توندی خستبوە سەر ژن و منداڵەکانیان بۆ ئەوەی یارمەتی نەدرێن ئاو و کارەباشی لە سەر بڕین و چەندین منداڵی بچووک لە بەر برسێتی و گەرما و بێ خزمەتگوزاریدا مردن، دواتر سەرجەمیان کوشتن و لە ژێر لمدا و لە بیاباندا لە گۆڕی بە کۆمەڵدا کران بە ژێر خاکەوە، کە مەگەر هەر شێرکۆ بێکەسی شاعیری گەورە بتوانێت لە (گۆرستانی چراکاندا) وەسفی ئەو مەرگەساتانە بکات....

ئەم هەموو تاوانانە بەبیانوی کاری هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستانی عراق لەگەڵ سوپای ئێران بۆ هێرشکردنە سەرخاکی عراق لە ناوجەی حاجی ئۆمەران بولەساڵی 1983 دا لە گەرمەی شەڕی عراق ئێراندا،، کە خۆکژی خێڵێکی لێکەوتەوە ودواتر بوە گەلکوژی هەموو گەلی کوردستان..

ئێمە وەک رێکخراوی چێودێری کوردۆساید - چاک لامان وایە کە ئەو هەشت هەزار لاوە بارزانییە، قوربانییەکی تری دەستی رژێمی بەعسن و جینۆسایدێکی تری گەلەکەمانە، کە بە داخەوە هێشتا وەک پێویست لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ ناساندنیان نەکراوە، ئێمە لە و پروایەداین کە نە حکومەتی هەرێم وە نە پارتی دیموکراتی وکوردستان کە بارزانییەکان سەرۆکایەتی دەکەن نەیانتوانیوە وەک پێویست یارمەتی کەسوکاری قوربانییان بدەن و برینەکانیان سارێژ بکەن، تەنها ئەو گروپە نەبێت کە لە حزبەوە نزیکە. تەنانەت لە سەر ئاستی بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانیش هەنگاوی کرداری نەنراوە، جگە لە و تاوانبارانەی کە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا لەسەر ئەم کەیسە سزای داوان، هێشتا چەندان تاوانباری تری لە دۆسیەدا بە ئازادی دەسورێنەوە و بگرە هەندێکیان پلە و پۆستی باڵاشیان پێ دراوە وەک (شێروان حەیدەری) کە ئێستا وەزیری (دادا!!)ی حکومەتی هەرێمە و بەڵگەش هەیە لە تێوەگلانی لە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکاندا....

شێد بێت گیانی هەشت هەزار لاوی بارزانی
دادگایی بۆ سەرجەم تاوانبارانی کەیسی بارزانییەکان
نا بۆ پارێزگاری و شاردنەوە و پێدانی پلە و پۆست بە تاوانبارانی گەلکوژی

چاودێری کوردۆساید - چێک
2013/7/31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 493

**لەئاست ئەو کۆمەڵکوژییە بێ دەنگ نابین ڕوفاتی کوژراوەکانی شەڕی ناوخۆ بگەڕێننەوە بۆکەس و کاریان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051514450285315

چارەنوسی دیل و بێسەرو شوێنکراوانی شەڕی ناوخۆی کوردستان لە یادی تێپەڕبونی 21 ساڵەی ئەو شەڕەدا ئاشکرا کران و هەموو ئومێدی کەس و کاری قوربانییەکان و مرۆڤ دۆستان بۆ مانەوەی ئەوان لەژیاندا ، لەناو بران کە ژمارەی کوژراوانی ئەم تاوانە بە گوێرەی ئامارە نا فەرمیەکان زیاتر لە 12 هەزار کەسە و زیاتر لە 400 کەسیش بێ سەروشوێنن!!

ئێمە وەک ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید _ چاک وێرای ئیدانەکردنی بێباکی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر خەمساردی نواندنیان و دەستی بەدەستی کردنی کەس و کارەکانیان لە مەڕ چارەنوسی قوربانیەکان و دیلەکانی شەڕی ناوخۆ لە ماوەی 21 ساڵی رابردودا، سوربونی خۆمان لەسەر هەڵوسێتەکانمان دوپات دەکەینەوە بۆ دادگای کردنی تاوانبارانی شەڕی ناوخۆ لەداگایەکی دادپەروەرانە و سەربەخۆدا، چونکە لە پشتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی حیزبەکوردیەکاند لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی 1991 ، چەندین تاوانبا رهەیە کەدەبێت بەتاوانباری جەنگ و پشتگیرکردن لە کوشتنی خەڵکی کوردستان بدرێنەدادگا و مافی تاوانەکانی خۆیان وەربگرن.

ڕێکخراوی ئێمە لەئاست ئەم کۆمەڵکوژییە بێ دەنگ نابێت و لەهەنگاوی یەکەماندا وەک هەڵویستێکی شلگێرانە داوای ئاشکراکردنی شوێنی کوشتن و شاردنەوەکانیان دەکەین و دەبێت کەس و کاری دیل و بێ سەرو شوێنکراوەکان کە ئێستا چارەنوسیان ئاشکرا کراوە، ڕوفاتەکانیان بگەڕێنرێتەوە بۆکەس و کارەکانیان، بۆئەوەی وەک کەس و کاری ئەنفال کراوەکانمان لە چاوەڕوانی ئازیزانیاندا لەوەزیاتر فرمێسکی خوێنین نەڕێژن ؟!

داواکارین لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤ دۆستان پشتگیریمان بکەن بۆئەوەی ئەم تاوانە قیزەونانەی پارتە بەشەڕهاتووەکان فەرامۆش نەکەین و ڕێگە نەدەین جارێکی تر کورد بەدەستی کورد ئەنفال بکرێتەوە و بەکۆمەڵ بیان شارننەوە.

ڕێکخراوی چاودێری کوردۆ ساید –چاک

8/5/2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 494

## لەبارەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەڕلەمانی کوردستان و خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای هەموار کردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20150623133725856061

لەبارەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەڕلەمانی کوردستان و خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای هەموار کردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ هەموو لایەکی رایدەگەیەنین، کە ئێمە پێمانوایە مامەڵە کردن

لەگەڵ پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، دەبوایە لە چوارچێوەی سازانی نیشتیمانی بێت و لەم دۆخەدا هەر هەنگاوێکی تاکڕەوانە، دوور لە کۆدەنگی نیشتیمانی خزمەتی هیچ لایەنێک ناکات، چونکە ئەم یاسایە ڕەهەندێکی دەستووری هەیە و هەموار کردنی ئەم یاسایە، بە زۆرینە و کەمینە نایێت.
هەروەها رایدەگەیەنین، کە ئەو لایەنە سیاسیانەی دیکەی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەندە خۆسەپێن مامەڵەیان کردووە، بۆیە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە ئەم یاسایە ڕەهەندێکی نیشتیمانی هەیە و هەوڵی هەموارکردنەوەیشی لە کاتێکدایە، کە لیژنەی دەستووری کاروبارەکانیان بە باشی دەڕۆن، پێشکەش کردنی پرۆژەیەی لەم چەشنە، کە ئەرکی سەرەکی لیژنە دەستوورییەکەیە، بێبەهاکردنی ئەو لیژنەیەیە.
بۆیە بۆ رای گشتی چەند خاڵێک دەخەینەڕوو:
یەکەم: دانیشتنەکەی ئەمڕۆ پێچەوانەی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان بوو، چونکە بە گوێرەی ماددەی (54-یەکەم-4) دەبوایە پاش ئەوەی سەرۆکایەتی کردنەوەی دانیشتنەکە رادەگەیەنێت، ناوی ئەندامە ئامادەنەبووەکان بخوێنرێتەوە و ئینجا ناوی ئەوانەی کە بەبێ پاساو ئامادەنەبوون، دواتر پوختەیەک لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوو بخوێنرێتەوە و دوای ئەوە بچنە سەر بەنامەی کار، بەڵام لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆ، سەرۆکایەتی پەرلەمان خەرقی ئەو ماددەیەی پەیڕەوی ناوخۆی کرد و بەر لەو ڕێکارانە دەستیان بەر بەرنامەی کار کرد.
دووەم: ئەوەی جێگەی نیگەرانیمانە بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بێلایەنی خۆی لە دەست داو نەیتوانی لە ئاستی گەورەیی دامەزراوەی پەرلەمان مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بکات و کەوتە ژێر کاریگەری ئەو ململانێ حزبیەی لە پەرلەمان نەخشەی بۆ دانراوە.
سێهەم: ئەوەی ئەمڕۆ روویدا سەرەتایەکە بۆ تێکچوونی ئەو تەوافوقە سیاسییەی کە حکومەت و پەرلەمانی لەسەر پێکهاتووە و بەسەرەتایەکی باشی نازانین و بەرپرسیارەتییەکەیشی دەخەینە ئەستۆی ئەو لایەنانەی کە هۆکاری ئەم دۆخەن.
چوارەم: بە هەموو لایەکی رادەگەیەنین کە ئەو بابەتە سازان و تەوافوقی دەوێت و تاکە ڕێگای مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی گرنگی ئەوها سازانی نیشتمانی و دوور لە موزایەداتی حیزبی.
پێنجەم: ئێمە رۆڵی هەموو ئەو لایەنانە بەرز دەنرخێنین، کە پرواپان بە سازانی نیشتیمانی هەیە و ئامادە نەبوون بەشداری لەو جۆرە دانیشتنە بکەن.
شەشەم: هەر لێرەیشەوە خەڵکی کوردستان و جەماوەری پارتی دڵنیا دەکەینەوە کە بەبێ سازان هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت تاک لایەنە بڕیار لە سەر پرسێکی گرنگی وا بدات.
فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەڕلەمانی کوردستان
23-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 495

## لەبارەی: بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی بێ بنەما و ناڕاست لەبارەی شەهیدێکی نەمر و قارەمانی هێزەکانی پێشمەرگە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033021255285065

ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەوانی
ژمارە : 7
ڕۆژ : 30 / 3 / 2015

ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی
لەبارەی: بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی بێ بنەما و ناڕاست لەبارەی شەهیدێکی نەمر و قارەمانی هێزەکانی پێشمەرگە
بەهۆکاری ناتێگەیشتن و هەڵە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەبارەی لیستی ناوی شەهیدە نەمرەکانی بەرگری لە کوردستان کە لە هەواڵەکەدا ناوی شەهیدێکی نەمر و قارەمان بەناوی تیرۆرست هاتووە کە لێرەدا وێرای ناردنی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاک و پیرۆزی شەهیدی نەمر، کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدی نەمر (عمید /حذیفی سعید محمد علی بەرواری) دەخەینەڕوو کە زۆر بەداخەوە ناوی ئەم شەهیدە قارەمانە بەهەڵە و بە ناتێگەیشتن لەهەواڵەکەدا هاتووە:
شەهیدی نەمر (حذیفی) لە ساڵی (1967) لەدایک بووە ولەساڵی (1984) وە بۆتە پێشمەرگە لە لقی (1)ی دهۆک و لەهەمان ساڵ بۆتە فەرماندەی دەستە لەناوچەی ئامێدی و لە ساڵی (1988) و دوای کردەوە بەدناوەکانی ئەنفال ئاوارەی (تورکیا) بووە و لەساڵی (1991) بەشداری ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستانی کردووە و لە ساڵی (1994) بۆتە فەرماندەی سریە لە لیوای تایبەتی (2) و لە ساڵی (1996) بۆ فەرماندەیی دهۆک گوازراوەتەوە و لەساڵی (2003) گوازراوەتەوە بۆ فەرماندەیی (سەفین) و پلەی پێشمەرگەیی بۆتە (عەقید) و لە ساڵی (2013) بۆتە لێپرسراوی هەواڵگری فەرماندەیی سپیلک و لەپاشاندا لێپرسراوی ئۆپەراسیۆنی هەمان فەرماندەیی، و لە ڕۆژی (18/11/2014) و لە شەڕێکی قارەمانانەی دەستە و یەخە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ئەم پێشمەرگە دێرین و کۆڵنەدەر و قارمانە گیانی پاک و پیرۆزی بەخشییە پرۆسەی بەرگری و پاراستنی هەرێمی کوردستان لەشەڕی دژی گروپی داعشی تیرۆریست، هەزاران سڵاو لە گیانی پاک و پیرۆزی ئەم شەهیدە نەمرە و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی و بەرگری کوردستان و لێرەدا جارێکی تر داواکارین لە گشت برایانمان لە هێزەکانی پێشمەرگە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کە بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک هەڵوێستەیەک بکەن و کەمێک چاوەڕێ بکەن و پرسیار لەسەرچاوە فەرمییەکان بکەن لەبارەی ڕاست و دروستی هەواڵەکان بۆ ئەوەی گوناهێکی گەورە نەکرێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست وەکو ئەم هەواڵە کە بۆتە مایەی گوناهێکی گەورە بۆ مافی ئەم شەهیدە نەمرە و کەسوکار و بنەماڵەکەی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 496

## لەتیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی بێدەنگ نابین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120616112587389

-سەرجەم رێکخراوە ئەنتەرناسیۆنالەکانی بەرگریکار لە مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربرین و یەکێتی ئەوروپا لە تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی ئاگادار ئەکەینەوە
بۆ بەرێزان:
-پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا - کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ
-پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا - نوسینگەی گەشەپێدانی دیموکراسی پەرلەمانی
-پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا – کۆمیتەی گەشەپێدانی یاسا لەعێراق
-سەرۆکی نێردەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق - ستروان ستیڤنسن
-جێگری سەرۆکی نێردەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق - ئەستێر دێ لانگە
-تەواوی ئەندامان و کارگێرانی نێردەی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق (19 کەسایەتی لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان)
-یەکێتی ئەوروپا – کۆمیتەی سەروەری یاساEUJUST LEX
-یەکێتی ئەوروپا – نوسینگەی کاروباری دەرەوە
-وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵی بەلجیکا
-ئیمینستی ئینتەرناشیۆناڵ

-هیومان رایتس ۆچ
-پەیامنێرانی بێ سنور
-کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنوسانCPJ
بەرێزان ئاگادارتان ئەکەینەوە، کاوە محەمەد ئەحمەد ناسراو بە (کاوە گەرمیانی) دوێنێ شەو هاتە ڕیزی قوربانیەکانی ئازادی رادەربرینەوە. گەرمیانی شەوی 5 ی 12 ی 2013 لە لایەن چەند تاوانبارێکەوە لەبەر چاوی دایکی کوژرا .
بەو کردارەش لاپەرەیەکی تری ڕەش لە مێژوی هەرێمی کوردستان دژ بەو دەنگە ئازادانە تۆمار کرا.
ئەو قوربانیانەی کە خەڵکی کوردستان ناویان ناون شەهیدانی قەلەم.
هەرێمی کوردستانی ئێراق کە لە ساڵی 1991 وە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئێراقی سەردەمی سەدام حوسێن و پاش ئەو نەماوە و ئازادیەکی رەهای بە ناوی هەرێمی فیدراڵەوە هەیە. ئەو هەرێمە لە لایەن دوو پارتی سیاسیەوە کە بنەماڵەکانیان پۆستە سەرەکیە سیاسی و ئاسایشیەکانیان هەیە بەڕێوە دەبرێت.
دەزگا ئەمنیەکان و بەرپرسانی ئەم هەرێمە مێژوویەکی پڕ خوێناویان لە کوشتن و زیندانیکردن و راونان و ئازاری فیزیکی و دەم مردوکردن و سوکایەتی پیکردن وهەوڵی کڕینی ویژدانی ڕۆژنامەنوسان و دەنگە ئازادەکان هەیە .
راپۆرتەکان وهەواڵەکانی ڕێکخراوەکانی وەکو، پەیامنێرانی بێ سنور، ڕێکخراوی ئیمینستی ئەنتەرناشناڵ، هیومان رایتس ۆچ و کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنوسان CPJ و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە ماوەی دەسەلاتی ئەو هەرێمەدا ئاوێنەی روداوە تراژیدیاکانن بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان.
بۆیە لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی هەر دەستدرێژیەک بۆ سەر ڕۆژنامەنوسان پەنجەی گومان بەرەو دەزگا ئاسایشیە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕادەکێشرێت. ئەو دەزگایانە ئەگەر تاوانباری ڕاستەوخۆش نەبن و ئەنجامدەری تاوانەکان نەبن، ئەوا ڕێخۆشکەرو هاندەری تاوانن بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسان، لەبەرئەوەی لە دۆزینەوەی تاوانباران کەمتەرخەم و خەمسارد بون و خەمساردن. ئەگەر تاوانێکیش خۆیان ئەنجامدەری نەبن ئەوا ڕۆڵی تەماشاکەر دەبینن .
شێوازی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەکتێکی پلان بۆ دانراو بووە و بە ووردی جێبەجێ کراوە و بێ بنەما نیە کە پەنجەی گومان بۆ دەزگا ئاسایشیەکانی هەرێمی کوردستان رادەکێشرێت.
ڕێکخراوی کوردستان فۆروم لە بەلجیکا زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو تاوانە دەکات و داواکارە بە زووترین کات راستیەکان بخرینە ژێر تیشکەوە. بۆئەوەی کەیسی کاوە گەرمیانیش وەکو کەیسی رۆژنامەنووسان و چالاکانی تری تیرۆرکراو بەلاڕێدا نەبرێت، پێویستە بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنوسە و هاوکارانیان و ئەو دەستانەی لە پشتی ئەو تاوانەوە بون ئاشکرا بکرێن و بدرێنە دادگا و سزای یاسایی خۆیان بەسەردا بدرێت .
ئیمە وەکو ڕێکخراوێکی مەدەنی کوردستانی لە بەلجیکا بە ئەرکی خۆمانی دەزانین سەرجەم دەزگاو کۆمیتە پەیوەستەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا و حکومەتی بەلجیکی و ڕیکخراوە ئینتەرناسیۆناڵەکانی بەرگریکار لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی رادەربرین لەو تاوانە ئاگادار بکەینەوەو داواتان لێ بکەین کە گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەو مەبەستەی کە ئەم تاوانەش وەکو تاوانەکانی تر پشتگوێ نەخرێت و بە خەمساردیەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن، بەڵکو تاوانبارانی راستەقینە بدۆزنەوەو بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنن.
ڕێکخراوی کوردستان فۆروم بەلجیکا
6-12-2003برۆکسل
بۆ پەیوەندی:
پێشرەو ئیسماعیل عارف
0032497894232
kurdistanforum@hotmail.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | 🌍دەرەوە |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 497

## لەتیف هەڵمەت لەسەر گۆران رونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041315101575011

چەند رۆژێکە لە زۆرێک لە پەیج و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی فەسیبووکدا شیعرێک بڵاوکراوەتەوە بەناوی منەوە لێرەوە ڕایدەگەیەنم ئەوە شیعری من نیەو لە ئینتەرنێت و شتی وا نازانم، هەتا شیعری لەم چەشنە بڵاوبکەمەوە.
بەشانازییەوە یەکێک بوومە لە شاعیرە بێلایەن و ئازادەکان و تەناتەن لەشەڕی ناوخۆیی ساڵی 1996 بەپێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بێدەنگ بوومە و شیعرم نەنووسیوە و بێلایەنیم هەڵبژاردووە.
ئەوەی کراوە ئەوە دوژمنایەتییە بەرانبەری من دەکرێت و ئەوەیشی ئەو کارەی کردووە نەخۆشی دەرونی هەیە و نازانم ئەوەی ئەم کارەی کردووە کێیە و سەر بەچ لایەنێکە، من نە هەڵپەی پەرلەمان و نەهەڵپەی ئەنجوومەنی پارێزگام کردووە، ئیتر بۆچی ئەم کارە بکەم و شیعر دژی لایەنێک بنووسم.
شانازی بەوەوە دەکەم هەتا تا ئێستا نامەیەکی ساڵی 1983ی نەوشیروان مستەفای لای خۆم پاراستووە و لە پێشانگایەکی نامەدا بڵاومکردوەتەوەو هەڵمواسیوە.
لەتیف هەڵمەت
13-04-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 498

## لەسێدارەدانی 87 کورد بە رێکەوتی 24-08-1989

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081615091465497



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 499

## لەسێدارەدانی دڵشاد مەریوانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201208161504377216

0



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 500

## لەسەر پڕینی هێڵی ئینتەرنێت وەزارەتی گواستنەوەی هەرێم ڕوونکردنەوە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615154645766693



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 501

## لەسەر خەرجیی وەزیرەکان، حکومەتی هەرێم ڕوونکردنەوە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140825163519677741

ماوەیەکە لە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە گوایە چەند وەزیر و بەرپرسێکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هۆتێل ماونەتەوە و ڕۆژانە پرە پارەیەکی زۆریان خەرج کردووە.

لێرەوە ڕایدەگەیەنین لەسەر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران و تا کاتی دابینکردنی خانوو و شوێنی مانەوە بۆ وەزیران و ئەو بەرپرسانەی حکومەت کە لە شوێنەکانی دیکەوە هاتوونەتە هەولێر، ئەرکی نووسینگەی ئێمە بووە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەو بەڕێزانە بە شێوەیەکی کاتی و تا ئامادەبوونی شوێنی مانەوەیان لە هۆتێلەکان بحەوێنینەوە، بۆیە چەند ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونیان وەک میوانی ئاسایی حکوومەت لە هۆتێل ماونەتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەو هەواڵانە ڕاست نین کە گوایە ڕۆژانە پرە پارەیەکی زۆر بۆ مانەوەیان خەرج کرابێت.

شێرزاد ئازاد سولتان
بەرپرسی نووسینگەی پرۆتۆکۆل
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

25ی ئابی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 502

## لەنامەیەکی کراوەدا چەندین کەسایەتی کورد و جیهانی ئیدانەی سیاسەتی تورکیا دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080909572785840

خەڵکی مەدەنیی کوردستان سالآنێکە گیرۆدەی دەستی جەنگە، ماندووی سیاسەتی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان و جەنگی گروپە تیرۆریستەکان و کۆمەڵکوژیی و وێرانکاریی و پەناهەندەییە.
سەرهەڵدانی جەنگ دژ بە تیرۆری گروپی داعش و بەرگریی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان و داستانی کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان رەهەندێکی نێونەتەوەیی وەرگرت و هاوسۆزیی و پشتیوانییەکی گەورەی جیهانیی بۆ گەلی کوردستان دروستکرد. لەم چرکەساتە گرنگەدا کە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە باکوورەوە بۆ باشوور، لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، هاوشان لەگەڵ هێزە نێوتەوەییەکان، دژ بە تیرۆر، بەرامبەر بە دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) دەجەنگن، لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی لە بەرەی پێشەوەی جەنگدان و رۆڵێکی گەورە لە بەرگرتن لە مەترسییەکانی ئەم گروپە بۆ ئاشتیی ناوچەیی و جیهانییدا دەگێرن، دەوڵەتی تورکی و حیزبەکەی ئۆردۆگان بەرەیەکی تری جەنگیان بۆ گەلی کوردستان کردەوە. ئەم موغامەرە عەسکەرییەی تورکیا هێزە سیاسییە کوردستانییەکان رووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراوی مەترسیداری تر دەکاتەوە. پاشئەوەی ماوەی زیاتر لە ساڵێک ئەم دەوڵەتە بەبەرچاوی رای گشتیی و جیهانەوە کۆمەکی ئاشکرا و پەنهانی گروپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد، ئێستا و پاش جێبەجێنەکردنی خەونە سوڵتانییەکانی ئەردۆغان لە دواهەڵبژاردنی تورکیادا، ماشێنە گەورەکەی جەنگی ڕوو لە کوردستانی باشوور کردووە و کەوتۆتە کوشتنی خەڵکی مەدەنیی و وێرانکردنی ماڵ و ژیانیان .ئێمە وایدەبینین ئەم جەنگە چەندە دژ بە خەڵکی مەدەنیی ناوچەکە و پرۆسەی ئاشتییە، هێندەش دژ بە پرۆسەی دیموکراسییە لە تورکیا و، هەوڵێکە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ئیرادە سیاسییە مەدەنییەی کە لە 7ی حوزەیراندا لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە لە تورکیادا هاتەئاراوە .ئێمەی نووسەران و رۆژنامەنووسانی کوردستان، ناوچەکە و جیهان، لە رێگای ئەم نامە کراوەیەوە، ئیدانەی توندی سیاسەتی جەنگخوازانەی حکومەتی تورکیا دژ بە گەلی کوردستان دەکەین. داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دەکەین کە هەرچی زووتر فشارە سیاسیی و دیبلۆماسییەکانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی سنوورێک بۆ ئەم سیاسەتە عەسکەرتارییانەی تورکیا و حیزبەکەی ئەردۆگان دابنێن .ئێمە وایدەبینین کە پرسی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا پرسێکی سیاسییە. مێژوو ئەوەی سەلماند کە هیچ یەکێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە بە زەبری چەک ئەم پرسەیان بۆ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکەن. تاکە رێگایەک بۆ ئاشتی هەر ئاشتییە، نەک جەنگ. بەردەوامبوونی تورکیاش لەسەر ئەم سیاسەتە شەڕەنگێزییە تەنها پەلکێشانی گەلانی تورکیا نییە بۆ شەڕێکی خوێناوی، بەڵکو لەپاڵ ئەم نەهجە نوێ - کۆنەیدا مانای گرتێبەردانی ناوچەکەشە لەپاڵ ئەو ئاگرە گەورەیەی کە دەوڵەتی ئیسلامیی بۆ گەلی کوردستان و ناوچەکە و جیهانی دروستکردووە .ناوەکان: د. مینت یان فابەر، زانکۆی هۆستۆن، ئەمستردام- هۆڵەندا نوامی جافا، شاعیر، بەریتانیا تۆمی فلۆت، شاعیر، بەریتانیا نات هۆڵ، شاعیرو پەروەردەکار، سکۆتلەند ماگی زانگەر، پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئاریزۆنا، ئەمەریکا د. مەریوان وریا قانع، نووسەرو ئاکادیمی، هۆڵەندا رەووف بێگەرد، نووسەر، کوردستان ئاراس فەتاح، نووسەر، کوردستان د.شێرکۆ کرمانج، مامۆستای زانکۆ، مالیزیا حەیدەر سەعید، نووسەرو توێژەری عیراقی د.چۆمان هەردی، نووسەرو ئاکادیمی، کوردستان ئارام عەلی، شێوەکار، کوردستان هیوا فایەق، هومەرمەند، کوردستان ئارام سەعید، رۆژنامەنووس، کوردستان عەتا موفتی، دیزاینەر، بەریتانیا مروان علی/ شاعر کردی سوری حلیم یوسف/ روائی کوردی سوری بدرخان علی، کاتب و باحپ

کردی سوری محسن سیدا- کاتب و مدیر موقع مدارات کرد رجاو بن سلامه، أستاژه جامعیه، تونس فتح الله حسینی، شاعر کوردی سوری نارین دیرکی، شاعره و مترجمه کوردیه سوریه عزیز تبسی کاتب سوری حسین عمر کاتب سوری معارچ فیصل ابو المجد ناشگ سوریا چحی عاشور کاتبه سوریه فراس یونس کاتب سیاسی، سوریا غالب العربو ناشگ سیاسی، سوریا د. حین السیبرانی ناشگ سیاسی میشل سیروب کاتب سوری معارچ عگاالله ملیح ناشگ سیاسی سوری ابوعلی صالح ناشگ سیاسی بدرخان علی کاتب واعلامی عبدالعقیم عربو ناشگ سیاسی عدنان محمد ناشگ سیاسی جدعان ابو مغچب کاتب سوری ابراهیم الیوسف شاعر وکاتب سوری معارچ ایمان حمیدان کاتبه روائیه من لبنان هشام داود، باحپ فی الانپربولوجیه الاجتماعیه فی المرکز الوگنی الفرنسی للبحوپ العلمیه عمر فرحان العیسو، ناشگ سیاسی معارچ سوری، (معتقل سابق) کندا د.هاوار مورداى، پزیشک، سوید تارا جاف، هونەرمەند، بەریتانیا سەردار محەمەد، رۆژنامەنووس، کوردستان شیرین سائیب، پسۆری بواری سیاسەت، عێراق ئاسۆ کەمال، چالاکوانی سیاسی، بەریتانیا کاتی هوبارد، رێکخەری فێستیڤاڵ، بەریتانیا ئالان بەکلی، شاعیرو دەروونناس، ئۆکسفۆرد د.باربارا لەیکبێرگ، زانای بواری سیاسەتو چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەریکا مەلیسا کۆوێل، مامۆستای ئینگلیزی، بەریتانیا ویندی مەکنیل، مۆزیککارو نووسەر، کەنەدا رێبین هەردی، نووسەر، کوردستان باخچە محەمەد، بەڕێوەبەری پرۆگرام، هۆڵەندا ئەمی ل. بیم، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، خەڵکی ئەمەریکا، دانیشتووی کوردستان وەلات زەیدانلی ئۆغلو، بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردی، سوید ئازاد عەزیز، بەڕێوەبەری تاقیکردنەوە کلینیکییەکان، بەریتانیا د.ئارام رەفعەت، مامۆستای زانکۆ، مالیزیا دالیا ئەمین، چالاکوانی مرۆیی، ئەمەریکا د.سیڤان سەعید، بەشی سیاسەت لە زانکۆی ئێکستەر، بەریتانیا جەرەن شەنگول، خوێندکاری دوکتۆرا، بەریتانیا دەنیز ئێکینجی، توێژەری سەربەخۆ، ئەمەریکا هیوا س. خالید، مامۆستای زانکۆ، کوردستان ئەندرو کۆپسۆن، سەرۆکی یەکێتی مرۆییو ئەتیکی(IHEU) ، بەریتانیا چلووره هەردی، چالاکوانی بواری ژنان، کوردستان گۆنا سەعید، چالاکوانی بواری ژنان، بەریتانیا شەمێران سەعید، خوێندکار، سوید دینکۆ دەلیک، شاعیر، بۆسنە هەرسیک د.دەریا بایر، ئاکادیمی، بەریتانیا د.ئێزتەر سپات، توێژەر، ئەڵمانیا- هەنگاریا پیپا لیتڵ، شاعیر، بەریتانیا پێشرەو نامۆ، چالاکوان، بەریتانیا د. ئۆزلەم غالب، توێژەری پۆست دوکتۆرا، زانلۆی ئۆکسفۆرد د.موردا ئیسسی، زانکۆی پانتیۆن، یۆنان ئەرکان کەرەچای، ستوننووس، تورکیا کارۆل بێنێدیکت، توێژەری سەبەخۆو چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەریکا بۆب مۆڵ، بەریتانیا پێنلوپە شەتڵ، شاعیر، بەریتانیا کەریم عەبدولرەحمان، رۆژنامەنووس، بەریتانیا مارگۆت وێرنەر، هونەرمەند، بەریتانیا د.مانوێل بارڕێرا، زانکۆی مێترۆپۆلیتان، مینەسۆتا، ئەمەریکا میدای رەنگی، خوێندکاری دوکتۆرا، ئوستورالیا د.شانۆن برینکات، ئاکادیمی، ئوستورالیا شلێر ئەمینی، خوێندکاری دوکتۆررا، زانکۆی ئێکستەر فاتیح سەعیدی، خوێندکاری دوکتۆرا، زانکۆی گۆتینگن هەردی مەدە، مامۆستای زانکۆ، فەرەنسا روا حسەین، نووسەر، نەرویج سووزان پیێرس، نووسەر، نیو زیلاند ساعید شەمس، مامۆستای زانکۆی سۆران، کوردستان د.گۆران عەبدوڵلا، پزیشکو توێژەری تەندروستی د. وێندی هامەلینک، نووسەرو توێژەر، هۆڵەندا/ تورکیا ساشا ئەلسانجاکلی، خوێندکاری دوکتۆرا لە زانکۆی سۆربۆن، فەرەنسا د. جوانا بۆخۆنسکا، توێژەر لە زانکۆی جاگیلۆنیان، پۆلەندا سەنەم گونەشەر، رۆژنامەنووس، بەلجیکا نەوزاد جەمال، زانکۆی سەلاحەدین، کوردستان مارگرێت ئۆەین، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، بەریتانیا رۆبێرت ئالان جەیمسۆن، نووسەر، ئەدێندەرە-سکۆتلەند سوزان بۆبزین، فەیلەسووف، ئۆکسفۆرد، بەریتانیا د. بەهرۆز چامانارا، زانکۆی جۆرج ئۆگەست، ئەڵمانیا کارل پۆلارد، شاعیر، بەریتانیا پامێلا رۆبەرتسۆن پیێرس، هونەرمەند، بەریتانیا ناتالی تەیتلەر، هونەرمەند، بەریتانیا شوان عەتووف، هونەرمەند، کوردستان دانا ئەسعەد، رۆژنامەنووس، کوردستان کەمال چۆمانی، نووسەرو رۆژنامەنووس، کوردستان ئاسۆ جەبار، نووسەرو رۆژنامەنووسک ئەمەریکا تارا توانا، سۆسیالدیموکرات، ئەندامی ئەنجومەنی هەرێم، کوردستان ئاڵا لەتیف- رۆژنامەنوس- مامۆستای زانکۆ، کوردستان ئەحمەد میره - رۆژنامەنوس، کوردستان سارا قادر- رۆژنامەنوس مامۆستای زانکۆ، کوردستان رەحمان غریب- رۆژنامەنوس، کوردستان د. ابنتسام اسماعیل – مامۆستای زانکۆک کوردستان کاژاو جمال – رۆژنامەنوس، کوردستان ڤیان کمال - شانۆکار، کوردستان نەبەز گۆران- رۆژنامەنوس، کوردستان شۆرش خالید – رۆژنامەنوس، کوردستان عەتا محمد – چالاکوانی مافی مرۆڤ، کوردستان روبار خالید – چالاکوانی مافی مرۆڤ، کوردستان هیوا عمر- رۆژنامەنوس، کوردستان شوان محەمەد، رۆژنامەنووس، کوردستان ئاوارە حسێن، مامۆستای زانکۆ، کوردستان نەبەز جمال، مامۆستای زانکۆ، کوردستان

جەمال محەمەد امین، مامۆستای زانکۆ، کوردستان شوان محەمەد، رۆژنامەنووس، کوردستان رەهەند رەئوف مامۆستای زانکۆ، کوردستان فەرهاد جەلال مامۆستای زانکۆ، کوردستان ئەیوب محەمەد تەیب... مامۆستای زانکۆ، کوردستان مەهدی ئەبوبەکر.. مامۆستای زانکۆک کوردستان ڤیان فەرەج، نووسەر، کوردستان خانم رەحیم بەڕیوەبەری ریکخراوی ئاسودە، کوردستان نیاز حەمید نوسەر، کوردستان کەمال رەئوف رۆژنامەنووس، کوردستان زانکۆ ئەحمەد رۆژنامەنووس، کوردستان ئەلەند مەحوی رۆژنامەنووس، کوردستان سەرتیب قەشقەیی رۆژنامەنووس، کوردستان سعود هاشم رۆژنامەنووس، کوردستان فەرمان سدیق رۆژنامەنووس، کوردستان خالید سلێمان، رۆژنامەنووس، کوردستان یاسین تەها، نووسەرو رۆژنامەنووس، کوردستان ئاسۆس هەردی، رۆژنامەنووس، کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •-•زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 503

## لەیەک قەترە خوێنی خەڵکی کوردستان خۆش نابین!

http://www.kurdipedia.org/?q=201307121403689594

13 "هەمین ساڵیادی کوشتاری کۆمۆنیستەکان بەدەستی سەرکردایەتی یەکێتی"
13ساڵ بەر لە ئێستا،دوای ئەوەی کە بەرەی فراوانی ناڕازی ئازادیخوازان و پێشکەوتنخوازی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان رێگای دادگایان بۆ قەدەغەکردنی هەڵسورانی ئاشکرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەبەردەم یەکێتی نیشتیمانیدا داخست،سەرکردایەتی ئەو حزبە بە رابەری(نەوشیروان مستەفا) رێگای ناڕەوای گێچەڵی سەربازیان هەڵبژارد.
دوای گەمارۆدانی سەربازی بارەگاکانی حزب و دەستگیرکرنی دەیان کەس لە هەڵسوراوان و دۆستانی حزب و پرینی ئاووکارەباو تەلەفۆنی بارەگاکان وماڵەکانی دراوسێی، بارەگاکانی حیزب، رێک لەوکاتەدا کە وەفدی رابەری حزب لە گفتوگۆدا بوون لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیدا، هێزەکانی یەکێتی لە بۆسەیەکی لە پێشدا ئامادەکراودا لەگەڕەکی عەقاری، دەستڕێژی گوللەیان لە سەیارەیاکی حزب کردو هاوکاتیش هێرشیان بۆ سەر بارەگای کۆمیتەی رابەری رێکخراوی کوردستانی حزب دەستپێکرد. بەم شێوەیە پەڵەیەکی رەشی تریان خستە سەر مێژووی لێوان لێو لە تاوانیان و بەڕۆژی رووناک و بە بەرچاوی خەڵکەوە پێنج هاورێی ئێمەیان تیرۆرکرد.
بەڵام تاوانەکەیان هەر لێرەدا کۆتایی نەهات. سەرکردایەتی یەکێتی بە رابەری (نەوشیروان مستەفا) دوور لە کەمترین پرەنسیپی ئینسانی و لەترسی نارەزایەتی جەماوەر، هەر ئەو شەوە لاشەی بێگیانی هاورێیانمان دەکەن بەژێر گڵەوەو ئێمەو کاسوکاری هاورێیانمان لە دوا نیگاو ماڵئاوایی هاورێکانمان و جگەرگۆشەکانیان بێبەش دەکەن!
ئامانجی یەکێتی لەم کردەوە رەزیلانەیە بەسادەیی لە شکاتنامەکەی لیوا(نەزەر عەلی ئەکبەر) لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دادگای سلێمانی ئاشکراکراوە. لەو شکاتنامەیەدا ئەوە هاتوە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری داوای سەربەخۆیی کوردستان و یەکسانیی ژن و پیاوو گۆرینی یاسای باری کەسێتی عێراقی دەکات، بۆیە دەبێت هەڵسورانی ئەو حزبە قەدەغە بکرێت!
سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا چەند خولەکێک پێش کردنەوەی ئاگری چەکەکانیان،(نەوشیروان مستەفا) بە زمانی خۆی بە وەفدی حزبی وتبوو: (ئێمە فشاری حکومەتی بەعس و جمهوری ئیسلامی ئێرانمان لەسەرە کە نابێت ئێوە هەبن، ئێمەش شەڕی ئەو دوانەمان پێناکرێت). دوای تەنها دوو رۆژ لە هێرشەکە، جمهوری ئیسلامی سوپاسی تاڵەبانی کرد.
ئەمڕۆ 13ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێت و زیاتر لە دوو ساڵیش بەسەر تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی ئێمەدا لە دادگای سلێمانی بۆ بە دادگایی کێشانی خولقێنەرانی تاوانی

2000/7/14دا گوزەر دەکات و تا ئێستا بەرەوپێشەوەچوونێکی ئەوتۆ لەم دۆسیەدا بەدەر ناکەوێت. ماوەیەکی دوورو درێژ دادگا بێدەنگەی لە سکاڵاکەی ئێمە کرد بەبەهانەی ئەوەی بەڵگەی پێویست لە بەر دەستدا نیە. پاشان بۆمان ئاشکرابوو، کە نەوشیروان مستەفاو هاوەڵەکانی لە سەرکردایەتی ئەوکاتی یەکێتی، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە کوژرانی ئەو هاورێیانە بسەلمێنێت فەوتاندوەو تەنانەت لە فەرمانگەی(دادوەری پزیشکی)ش تۆمارنەکراون، کە ئەمەش تاوانێکی گەورەی ترە! بۆیە ناچار بووین دووبارە بە ئامادەبوونی نوێنەری دادوەری پزیشکی و ئاسایش و دادگا بەڵگەنامەی پێویست و یاسایی کە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو هاورێیانە بە فیشەک کوژراون بخەینەوە بەر دەستی دادگا. ئێستا ئیتردادگا لەبەردەم ئەزمونێکی مێژوویدایە کە سەربەخۆیی و شەرعیەتی خۆی بسەلمێنێ.
دۆسیەی ئاوات و ئامانج و ئارەزوویەک کە هاورێیانی ئێمە لە پێناویدا بوونە قوربانی ودەسەڵاتی هاندا
ئەوتاوانە ئەنجام بدات، لە هەموو کاتێک کراوە ترە. نەبەردی ی17شوباتی دوو ساڵ بەر لە ئێستای جەماوەرو قووربانیەکانی پێمان دەڵێت ئەو دۆسیەیە لە هەموو کاتێک کراوە ترە. ناڕەزایەتی قووڵی کرێکاران و دەستەنگانی کۆمەڵگەو ژنانی ستەمدیدەو لاوانی دڵ پڕ لەهیوای کوردستان پێمان دەڵێت لە هەموو کاتێک کراوە ترە. هەربۆیە پێداگری لەسەر بەدادگایی گەیاندنی بکوژانی 7/14 راوەستانە لە سەرنگەری خەبات بۆئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی.
ئێمە بەتووندی ئومیدمان بە هاتنەمەیدانی ئەو لەشکرە گەورەیە لە جەماوەری ناڕازی کوردستان هەیە کە پارێزگاری لە رۆڵەکانی خۆی بە ئەرکی خۆی دەزانێت و بە هەق خەو بە ژیانێکی شایستەی ئینسانیەوە دەبینێت .
گومانێک لەوەدا نیە،ئەگەر هەمووومان بتوانین بکوژانی 7/14 بدەینە دادگایەکی عادیلانە،جگە لەوەی کە دۆسیەی زیاتر لە22 ساڵی پڕ لەتاوانی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان دەکەوێتە سەر پشت، هاوکات رێگە نادرێت کە مشتێک دەستەوتاقمی تاوانباری مێژوو رەش چارەنووسی ئێستاو ئایندەی منداڵەکانمان دیاری بکەن.
لە یادی 13 ساڵەی کوشتاری هاورێیانماندا بەدەستی سەرکردایەتی ئەوکاتەی یەکێتی، بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین کە بۆئەوەی لە ژیانێکی ئارام و ئاسودە بەهرەمەندبن، دەبێت، سیستەمی سیاسی و دەسەڵات لە کوردستان لە بکوژانی هەزاران ژن، لە بڕیاردەران و سەبەبکارانی شەڕی ناوخۆو کوشتاری هەزاران کەس، لە بکوژانی سەدان هەڵسوراوی سیاسی و ئازادیخواز پاک بکرێتەوە .
ناکرێت کەسانێک کە تا ئانیشکیان بەخوێنی ژنان و هەڵسورِوانی سیاسی و نەیارانی یەکتری سوورە و دەبێت چاوەڕێی دادگاو زیندان بن، کەچی دەسەلاتدارو حوکمڕانی خەڵک بن. خەڵکی کوردستان شایستەی ئەوەن لە لایەن نوێنەرانی راستەقینەو خەباتکاری خۆیانەوە دەسەڵاتدارێتی خۆیان بەڕێوەبەرن.
مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
11ی تەموزی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 504

## مام جەلال دوو باخەوان دەردەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=201212221956457442
6

...



کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 505

**مانگی مەی مانگی و کوشتاری کاسبکاران و لەسێدارەدانی زیندانیان بوو. لانی کەم بیست و کەس لە سێدارەدران و شەش کاسبکار بە گوللەی هێزە حەمنیەکان کوژران**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060212460283043

مایی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 506

**ماڵئاواییی هێمن لە باشوور**

http://www.kurdipedia.org/?q=201412012146067811
0

...



کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 507

## متمانەدان بە وەزیری هەرێم: غازی سەعید سلێمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150317165637849

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 508

## مژدە و بانگ لە (کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی) یەوە K H K

http://www.kurdipedia.org/?q=20131124191633876

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی کە لە رووی بیروباوەڕەوە درێژکراوەی
دید و بۆچوونە فەلسەفی و هزرییەکانی کاژیک و پاسۆکین و خاوەنی خەباتێکی نەتەوەییانە و
شۆرشگێرانەی زیاتر لەپەنجا ساڵین لەشار و
شاخەکانی کوردستاندا و ماوەی چەند ساڵێکیشە چالاکییەکانمان لە رێی پێنووسەکانمانەوە،
بەزۆری، لە بواری هزریدا چرکردۆتەوە بۆ گەشەدان بەهۆشیاریی نەتەوەیی و بۆ ئەوەی بواریش
بخەینە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گێرانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و ئاراستەکردنی
قەوارە سیاسییەکەی باشوور بەرە و سەربەخۆیی. بەڵام بەداخەوە، ئەو دوو مەبەستە هیچ
هەنگاوێکی کردەییان بۆ نەنراوە بەهۆی شەڕی ناوخۆ و ململانێی حیزبایەتییەوە کە تا ئێستا ئەو
ململانێیە درێژەی هەیە و رێگرە لەبەردەم بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەکەمان، بەڵکو
مەترسییەکیشە لەسەر مانەوەی ئەو قەوارە سیاسییەمان کەبە خوێنی سەدان هەزار شەهیدی
نەتەوەکەمان هاتەدی. لەوانەش خراپتر، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی پەلی هەندێک لەو حیزبانە
بەدەستی یەکێک یا دوان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوەیە، وەک سەردەمی میرنشینیە
کوردییەکان، کە ئەوە بووە هۆی لە ناوچوونیان! هەندێ ئاماژەش ئەوە ئەگەیەنن کە ئێستا چەند
لایەنێکی دەرەکی، بەهاوکاریی نۆکەرەکانیان لەناو خۆی کوردستاندا، خەریکی پیلانێکن بۆ
کەرتکردنی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان، پشتبەست بەیاسای پارێزگاکانی عێراق
وەک هەنگاوی یەکەم و دەستبەردان لەناوچە داگیرکراوەکان وەک هەنگاوی دووەم و کۆتاییهێنان
بەقەوارەکەی هەرێم وەک هەنگاوی سێیەم! سەرباری کارە تیرۆرستییەکانی ئیسلامی سیاسی
کە پریشکیان گەیشتە هەولێری پایتەختیش!!
حیزبە گەندەڵەکانیش، بەهۆی شەڕە کورسیی پەرلەمان و پاراستنی تاڵانییەکانی خۆیانەوە،
کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەم مەترسی و پیلانانە و ئەوانیش کاری کردەیی بۆ گیرانەوەی ناوچە
داگیرکراوەکان ناکەن و دوورن لەئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەوە!
ئەی جەماوەری ستەمدیدەی نەتەوە قارەمانەکەمان : هەموو ئەو راستییە تاڵانە و پێویستیی
تەواوکردنی نامەی پیرۆزی هەردوو رێکخراوی (کاژیک و پاسۆک)ی خاوەن شانازی بەرابووردوە پڕ لە
تێکۆشان و پاکەکەیانەوە، بوونە هاندەرمان بۆئەوەی دەسکەینەوە بەخەباتی رێکخراوەییمان لە
کۆمەڵەیەکدا، نەک حیزب. لەو باوەڕەمانەوە کە نەتەوەیەکی داگیرکراو و بەشبەشکراوی وەک
کورد، بۆ حیزبایەتی ناشێ، بەتایبەتی ئەم شێوە حیزبایەتییە ستالینییەی حیزبەکانی
سەرتاسەری کوردستان پەیرەوی ئەکەن و بۆتە مایەی کەرتکردنی نەتەوە و گەندەڵی و ئەبێتە
هۆی نائومێدی و بەئامانج نەگەیشتنی نەتەوەکەمان!!
بۆیە لە ئەنجامی ژمارەیەک دانیشتنی هاوبیرانەدا، دواهەمینیان، لە گوندی سیتەک بە بەرواری
2013/10/25 بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هاوبیرانی دهۆک و هەولێر و کەرکوک و سنە و سلێمانی و
تاراوگە، بڕیاری کاراکردنەوەی چالاکییەکانمان لەم کۆمەڵەیەدا دا و ئەمڕۆش 2013/11/21

کارەکەمان ئاشکرا ئەکەین و مژدەی هەڵهاتنی خۆری ئەم کۆمەڵەیە بە سەرجەم نەتەوەکەمان ئەدەین و بانگی هەموو تاک و کۆمەڵێکی سەربەخۆییخواز و هەموو پێنووسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ئەکەین بۆ بەشداری لەم کۆمەڵەیەدا وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پیرۆز. سەرکەوتووبێ خەباتی لەپسانەهاتوومان لەپێناوی ئازادی و یەکسانیی کورد و سەبەخۆیی کوردستاندا.
کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی
K H K
21/11/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 509
## مۆڵەتی چەکهەڵگرتنی پیرەمێرد
http://www.kurdipedia.org/?q=20140604214226765927

31-01-1938

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: SAعەرەبی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 510
## مەترسی تەعریب کردنەوەی کەرکوک
http://www.kurdipedia.org/?q=20140930115417776707
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 511

## مەراسیمی ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد لە سلێمانی سازدەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110514080088033

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەین کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی9-11-2013 لە هۆڵی ئوتێل(پەرێز) لە سەرچنار/ خوارئوتێلی (ئەبوسەنا)، هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان و بنەماڵەی هاوڕێ ئازاد، هەڵدەستن بە سازدانی مەراسیمێک بۆ ڕێزنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.
هاوڕێ ئازاد ئەحمەد ئێوارەی ڕۆژی 30-10-2013 لەلایەن گرووپێکی تیرۆریستەوە لە شاری کەرکوک تیرۆرکرا.
مەراسیمەکە کاتژمێر 2،30 ی دوانیوەڕۆ دەست پێدەکات و تا کاتژمێر 4.30 ی ئێوارە دەخایەنێ. لە مەراسیمەکەدا سەرباری وتەی سیاسی و پەیامی لایەنەکان، یادەوەری و چالاکیەکانی هاوڕێ ئازاد پیشان دەدرێت.
بۆ پەیوەندیگرتن:
07707679334 - 07700475533 - 07709102237
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان
4-11-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 512

## مەرسومی یاسای کانتۆنی جزیرە، هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی جێگیرکردنو جێبەجێکردنی مافو ئازادیەکانی ژنان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111710095777974

رۆژی یەکی نۆفەمبەر، دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کانتۆنی جزیرە لە کوردستانی سوریا، مەرسومێکی یاسایی دەرکرد کە(پرەنسیپە سەرەتاییو حوکمە گشتیەکانی تایبەت بە ژنان) ی لەخۆگرتووە هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی جێگیرکردنو جێبەجێکردنی مافو ئازادیەکانی ژنانو دابینکردنی یەکسانی نێوان ژنو پیاو لە کوردستانی سوریاو بوژانەوەی رەوتو بزوتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان لەپارچەکانی دیکەی کوردستانو بگرە لەئاستی کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا .

ناوەرۆکی گشتی یاساکە روبەروبونەوەیەکی راشکاوانەیە، بەرووی یاساو نەریتی ئیسلامی و داعشی و ناسیونالیستیدا، یاساکە پێداگری دەکات لەسەر: یەکسانی لە نیوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی و تایبەتی، یەکسانی لەنێوان پیاو و ژن لە مافی کار و کرێ، یەکسانی لە نێوان شایەتی ژن و شایەتی پیاو لە ڕووی بەهای یاساییەوە.

بەپێی بەندەکانی یاساکە ژن مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن و وەرگرتنی هەموو پۆستەکانیان هەیە، مارەیی وەکو بابەتێکی بەکۆیلەو کاڵاکردنی ژنان هەڵوەشێنراوەتەوە،. فرە ژنی و شیربایی، ژن بە

ژن و ژن له جیاتی خوێن قەدەغەکراون، ژن و پیاو له پرسی میراتدا مافی چوون یەکیان هەیە، توندوتیژی و جیاکاری له دژی ژن قەدەغەیە. کوشتن به پاساوی شەرەف بەتاوانی ئەنقەست هەژماردەکرێت.

ئەم یاسایە یەکێکه له دەستکەوتەکانی خۆراگری و راوەستاویی ژنان و پیاوانی کۆبانی بەرووی هێرش و پەلاماری گروپی چنگ بەخوێنی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعشو بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی که ژن وەکو ئینسانی پله دوو، زەعیفەو کەم عەقڵ، وەکو ئامرازی منداڵ خستنەوەو خاڵی کردنەوەی هەوەسی پیاو، تەماشا دەکات. ناوەرۆکی ئەم یاسایە، تەواو ناکۆکه به نەریت و یاساو رێسای کوردایەتی، که زیاتر له دوو سەدەیه خاوەنی دەسەڵاته له کوردستانی عێراقدا، له ژێر سایەی یاسا دژە ژن و ئیسلامیەکانیدا، به هەزاران ژن له ژێر ناوی شەرەفدا، شەڵاڵی خوێن کراون، توندوتیژیان لەدژ ئەنجام دراوەو جیاکاریی و بێمافی و پله دووییان بەسەردا سەپێنراوە. ئەم خاسیەته رادیکاڵو یەکسانیخوازەی یاساکه بێگومان دەیخاته بەردەم رقو تورەیی هێزو بزوتنەوه کۆنەپەرستەکانی کوردستانو ناوچەکه .

کەنارخستنی یاساو ئەخلاقیاتو کەلتوری کۆنەپەرستو پیاوسالاریو نێرسالاری ئیسلامی-ناسیۆنالیستی زاڵ لەناوچەکەدا لەلایەن دەسەڵاتی کانتۆنی جەزیرەوەو پەسەندکردنی یاسایەک بەناوەرۆکێکی رادیکاڵو ئازادیخوازنه، که دەرگا بەرووی یەکسانیی ژنو پیاو دەکاتەوەو دەستکەوتێکی بەنرخه بۆ ژنان له کوردستانی سوریا. بێجگه لەوە له ئاستی ناوچەکەدا سەنگەرێکی دیکه به قازانجی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو پیاوان قایم دەکات، بۆیه شایستەی پشتیوانییو بەرگری لێکردنه. ئەم یاسایه دەسکەوتی رابون و ئیراده نواندنی ئازادانەی ئینسانانه بۆ بەرگری له ژیان و گوزەران و شکۆی ئینسانی، بەرهەمی هاتنه مەیدانی ژنانه هاوشانی پیاوان له نەبەردێکی کەم وێنەدا بەدژی رەشترین گروپی تیرۆریست و ئینسان کوژ و دژە ژنی ئیسلامیدا.

بێگومان ئەم دەستکەوت و ئیراده نواندنه لەبەردەم هەرەشەو پیلاندایه، بۆیه پاریزگاری لەم دەستکەوتە، هەوڵدانه بۆ بەرینکردنەوەیو گواستنەوەی خواستەکانو بەندەکانی ناو ئەم یاسایه بۆ شوێنەکانی دیکەو لەپێش هەموانەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. دەبێ خواستی بەرەسمی ناسینی یاسایەکی لەوجۆرەی کانتۆنی جەزیره سەبارەت به مافەکانی ژنان ببێته خواستی هەر ژنو پیاوێکی یەکسانیخوازو هەر هەڵسوراوو چالاکوانێکی بزوتنەوەی ژنانو لایەنگرانی مافو ئازادیەکانی ژنان له کوردستان. نابێ چیتر ئەوە له حکومەتی هەرێم قبوڵ بکرێ که به بیانوی پروپووچی جۆراوجۆرەوە مافەکانی ژنان و یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا له رووی یاساییەوە پشت گوێ بخاتو دەستی یاساو نەریتو کەلتوری کۆنەپەرستانەی دژە ژن بەسەر ژنان و کۆمەڵگادا زاڵ بکات. دەبێ حکومەتی هەرێـم شەرمەزار بکرێت که 23 ساڵه بەو هەموو ئیمکاناتەوه بیانووی ناوبەتاڵ بۆ بێمافکردنو زەلیلکردنی ژنان دەهێنێتەوە، بەڵام دەسەڵاتێکی دوو ساڵه که له حالەتی شەڕدایەو لەلایەن دڕندەکانی ئیسلامی سیاسیو داعشو هاوپەیمانەکانیەوه گەمارۆ دراوە توانیویەتی یاسایەکی لەوچەشنه پەسەند بکات .

ئەرکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەرەی ئینساندۆست و هەموو حزب و لایەنێکی سیاسی پیشکەوتنخوازه که به تەواوی توانایانەوه پشتیوانی لەم یاسایه بکەنو بەرامبەر به هات و هاواری کۆنەپەرستانو دوژمنانی ئازادیو یەکسانیو مافەکانی ژنان بوەستنەوە. ئیمه له حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، پشیوانی خۆمان بۆ ئەو یاسایه رادەگەیەنینو له کەنار بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوانو بەرەی ئینساندۆستدا بۆ بەشکستکێشانی هەرجۆره پیلانو هەڕەشەیەک بۆ سەر جێبەجێ بوونی ئەو یاسایه دەوەستینەوە. بانگەوازی ژنانی کوردستان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان و پیاوان دەکەین قوڵی خەباتکارانەی لێهەڵبماڵن و بۆ توردانی ئەو یاساو رێسا ئیسلامی و ناسیونالیسته دژی ژنانەی کۆمەڵگای کوردستانی کردۆته سەرزەمینێک بۆ کوشتاری ژنان و بێمافی و توندوتیژی و کۆیلایەتی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ناوەراستی نۆفەمبەری 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 513

# مەزنترین لایەنگیری دیمۆکراسی، سنگفراوانی و ئاشتیمان لە دەست دا

http://www.kurdipedia.org/?q=20131206201535387383

ئەمڕۆ جیهان سەرۆکێکی سیاسیی مەزنی لە دەست دا، سەرۆکێک کە دیمۆکراسی و ئاشتی بەلاوە گرنگتر بوو لە ژیانی بەفیرۆچووی خۆی لە زینداندا.
بە داخێکی پڕ پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی (نیلسۆن ماندێلا)مان بیست. ماندێلا بەرجەستەی خەبات بوو بۆ کەرامەتی مرۆڤایەتی، یەکسانی و هەستی دادوەری.
ئەگەرچی دەرفەتی سەردانی کوردستانی بۆ هەڵنەکەوت، ماندێلا هەستی بەهێزی خۆی بۆ دۆزی کورد لە چەندەها بواردا دەربڕی بەرامبەر بە خەباتمان بۆ مانەوە لە ژیاندا و هەوڵمان بۆ دابینکردنی دادوەری .
ماندێلا پێی وابوو کە خەبات و داوای ڕەوامان جیهانگیری بوو. ئێمەش هەستمان دەکرد کە گەلێک شتی هاوبەشمان هەیە لە گەڵ دیدی ماندێلا بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئێمە لایەنگیر و پاڵپشتی لێبوردەیی، سنگفراوانی، چارەسەری ناتوندوتیژی و چەسپاندنی ڕاستی و ئاشتبوونەوەی ئەو بووین.
ماندێلا بۆ ئێمە بیرخەرەوەیەکی مەزن بوو کە دەکرێت ساڵەهایەکی زیندانی و مەینەتی بکرێتە توانایەکی بێ هاوتا بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵ، کەرامەتی مرۆڤایەتی و سەرچاوەیەکی نوێی ئیلهام.
وانەیەکی هەرە گرنگ کە من لە ژیانی ماندێلا فێر بووم ئەوە بوو دان بە نادادوەریی ڕابردوودا بنێین و جەخت لە سەر چاککردنی ڕەوشتی مرۆڤ بکەین لە ئایندەدا.
ماندێلا فێری کردین کە ئێمە دەتوانین خۆمان و کۆمەڵگەکەمان بگۆڕین لە ڕێی ڕێگرتن لە تۆڵەسەندنەوە؛ ئەوەندەی لە توانای مرۆڤایەتیماندا بێت. بەو شێوەیە ئەو هەلومەرجی زیندانی خۆی، وڵاتەکەی و چاوەڕوانیی گەلێک سەرکردەی سیاسی گۆڕی .
گشت دونیای فێر کرد کە خۆبەنەرمی ڕاگری و پێداگرتن؛ لە هەمان کاتدا دەتوانێت ڕەوتی مێژوو بە ئاراستەیەکی بونیادنەرانەدا ببات.
ئەگەرچی ئێمە هەموومان یەکانگیرێکی مەزنمان لە دەست دا، وتە و ڕەفتاری ماندێلا لای چەندەها نەوەی ئایندە بەردەوام دەبێت لە خەباتی مرۆڤایەتیماندا بۆ هێنانەکایەی پێشبینییەکی گەشەدارتری مرۆڤایەتی.
ئێمە هەموومان لایەنگیرێکی مەزنی دیمۆکراسی، سنگفراوانی و ناتوندوتیژیمان لە دەست دا.
نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
6ی دیسەمبەری 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 514

# مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راگەیێندراوێکی لەبارەی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بڵاوکردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141030095144778555

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

پەلاماری تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو دڕندەیی و بێڕەحمییەی تیرۆریستان لەبەرانبەر گەلی کوردیان ئەنجام دا زۆر بەڕوونی نیشان دەدات کە تیرۆریستانی داعش تەنیا لەڕووی ئایینیەوە توندڕۆ نین بەڵکو زۆریان هەڵگری هەردوو توندڕۆیی ئایینی و ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیین. هەر بۆیەشە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیان کردە ئامانج و پەلاماری گەلی کوردییان دا.

جێگەی شانازییە ئێستا گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان قارەمانانە بەرگری لەخۆی دەکات و تیرۆریستانیان تووشی شکست و داڕمان کردووە. لەو کاتەی کۆبانێ لە لایەن تیرۆریستانەوە کەوتە بەر هێرش، یارمەتیدان و گەیاندنی هاوکاری بۆ خوشک و براکانمان ئەرکێکی نەتەوەیی بوو. بەڵام بەهۆی دووریی جیۆگرافی و ئابڵۆقەدانی کۆبانێ لە لایەن تیرۆریستانەوە گەیاندنی هاوکاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زۆر ئەستەم بوو. بۆیە هەموو هەوڵێکمان دا لەگەڵ دۆستانی گەلەکەمان کە هەوڵ بدەن کۆبانێ نەکەوێتە دەست تیرۆریستان .

بەدەنگەوە هاتنی هاوپەیمانان و وەشاندنی گورزی ئاسمانی و هەروەها گەیاندنی هاوکارییە سەربازییەکانی هەرێم لە لایەن فرۆکە ئەمەریکییەکانەوە، هەنگاوێکی کاریگەر بوو و جێگەی سوپاس و پێزانینە و یارمەتیی شەڕڤانانی کۆبانێی دا کە هێرشی داعش بشکێنن.

چوونی هێزی پێشمەرگەیش بۆ کۆبانێ بە بێ ڕەزامەندی تورکیا و هاوکاریی ئەوان و ئەمەریکا مومکین نەبوو. بەڕێز جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی ڕاگەیاندم کە لەگەڵ تورکیا خەریکن ڕێک بکەون بۆ ناردنی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیا. دوای چەندین کۆبوونەوەی دووقۆڵی و سێ قۆڵیی نێوان بەرپرسانی ئەمەریکا و تورکیا و هەرێم، بە ڕەسمی ئاگادار کراین کە تورکیا ڕەزامەندە و ئاسانکاری دەکات بۆ چوونی هێزی پێشمەرگە و ئەمەریکایش پشتیوانیی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە دەربڕی. ئەم بابەتە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان باسکرا و داوا لە پارلەمانی کوردستان کرا ڕێگە بدات هێز بنێرین و پارلەمانیش ڕەزامەندی لەسەر دا. چونکە بەپێی یاسا ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕەزامەندیی پارلەمانی کوردستانی پێویستە.

هەروەها پەیوەندیمان بە سەرکردایەتیی پەیەدە کرد کە ئامادەین هێزێکی زۆری پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بنێرین. ئەوان لە وەڵامدا گوتیان پێویستیمان بە هێزی شەرکەری پێشمەرگە نییە بەڵکو پێویستیمان بە هێزێکی پشتیوانییە. بۆیە لەسەر داوای ئەوان بڕیار درا هێزێکی پشتیوانیی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بنێرین.

ئەو هێزەی ئێستا بەرەو کۆبانێ بەڕێ کەوتووە تەنها هێزێکی پاڵپشتی و دابینکردنی ئاگرە. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم و هیوادارم بتوانن هاوکارییەکی باشی خوشک و براکانیان بکەن. هەر کاتێکیش بارودۆخی مەیدانی پێویست بکات و داوای هێزی زۆرترمان لێ بکرێت و ڕێگە هەبێت ئەوە هێزی پێشمەرگەی زیاتر بۆ پاراستنی کۆبانێ و تێکشکاندنی تیرۆریستان لە ڕۆژئاوا ڕەوانە دەکەین.

بۆ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان شانازییەکی مەزنە بتوانن لە هەر کوێ پارمەتیی شارێک یان گوندێک یان تاکێکی کوردستان بدەن. شانازیشە لە جیاتی مرۆڤایەتی شەڕی دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی بکەن.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

30ی 10ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 515

## مەکتەب سیاسی پارتی پەیامێک بۆ محەمەدی حاجی مەحمود دەنێرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112715492178079

بۆ بەڕێز محەمەدی حاجی مەحموود، سکرتێری گشتی
حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی بەڕێز(عەتا)ی کورتان و ئەندامی سەرکردایەتیی حزبتانمان بیست، کە لە سەنگەری بەرگری لە خاک و ئازادیی میللەتەکەمان گیانی بەخشی، لەدەستدانی کاکە عەتا مایەی داخ و کەسەرێکی زۆرە بۆ هەموو لایەک، داواکارین خوا سەبووریتان بدات و لە خەم و خەسارەتتان بەدوور بگرێ.

بێگومان رۆڵی بەڕێزتان و بنەماڵە سەربەرزەکەتان لە کاروانی شۆرش و خەباتی گەلەکەمان، روون و ئاشکرایە و مایەی شانازییە، هەر بۆیەش لەو پێناوەدا قوربانیی زۆرتان داوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکان و بەدیهێنانی مافەکانی گەلەکەمان.

جارێکی دیکە خۆمان بە هاوخەم و هاوبەشی ئێوە دەزانین و ئومێدەوارین ئەوە دواکۆستی بەڕێزتان و بنەماڵەکەتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 516

## مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەک لەسەر پارتی دیموکراتی

## کوردستانی سوریا دەردەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051820595276358

هاوڵاتیانی ئازیز
کوردستانیانی هێژا

وەک هەموان دەزانن، هەر لەو کاتەوە کە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە وووڵاتی سوریا، هەل و مەرجێکی نوێی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا هێنایە ئاراوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان و لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ئەرکی نەتەوەیی و هاوپشتی برایانەمان بەرامبەر کوردانی ئەو پارچە ئازیزەی کوردستان و لە پەرۆشیمان بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە بە قازانجی سیاسیی خەڵکی ڕۆژئاوا بشکێتەوە، دەستی هاوکاری و پشتیوانیمان بۆ هەموو لایەنەکان درێژ کرد و هەموو هەوڵێکماندا تا هەموویان یەک دەنگ و هاریکاری یەکدی بن و پێکەوە کاربکەن تا لە دوارۆژی ئەو ووڵاتەدا مافەکانی گەلی کورد زامن و مسۆگەر بن، بەڵام بەداخەوە حزبی پەیەدە هەر زوو لەم ڕەوتە هەڵگەڕایەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆ سیاسەتێکی تاکڕەوانەی قۆرغکارانەی خۆسەپێنی گرتەبەر و لەسەر ئاستی سوریا و سەنگەربەندیی هەرێمایەتیش، ڕۆژئاوای لە سیاسەتێکی شووم و نەزۆک و سەرکێشانەوە تیوەگلاند کە جگە لە مەترسی و ئایندەی نادیار هیچی دیکەی بۆ کورد لێ شین نایێت .

پەیەدە بەوەندەشەوە نەوەستا و تاکڕەوی و پاوانکاری گەیاندە ئاستی دژایەتییەکی پێشەرمانەی هێزە سیاسییەکانی دیکە و دەستنەپاراستن لە گرتن و ڕاوەدونان و دەرکردنی سەرکردە و کادیر و لایەنگرانی حیزبەکانی دیکە و بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا وەک لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی فراوان ڕوویدا .

لە سایەی ئەو سیاسەتە تاکڕە و و ناڕەوایەی پەیەدەدا، ئێستا ڕۆژئاوا لە جیاتی ئەوەی ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوانەی کورد لە خۆبەڕێوەبردنێکی دیموکراتیانە و فەزایەک بۆ ئازادی خەبات و هەڵسورانی سیاسیدا، کەچی خراپتر لە ناوچەکانی ئیدارەی ڕژێم، بۆتە جێیەک بۆ قۆرغکاری و سەرکوتکردنی ئازادی سیاسیی .

پەیەدە کە داوای ئازادی هەڵسورانی سیاسی و کرانەوەی پارچەکانی کوردستان لەسەر یەکدی دەکات کەچی بۆ خۆی بەو شێوازە دیکتاتۆریانەیە مامەڵە لەگەڵ تێکۆشەران و جەماوەری ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، مامەڵەیەک کە لە دونیای تێکۆشانی ئەم سەردەمەدا مۆدێلێکی قیزەونی بەسەرچووی نەفرەت لێکراوە و بە هیچ جۆرێک قابیلی قبوڵ نییە، بۆیە پێویستە پەیەدە دەستبەرداری ئەم سیاسەتە تاکڕەو و خۆسەپێنە بێت، کە بەهەموو پێوانەیەک زیانی گەورە بە بەرژەوەندی ڕۆژئاوا دەگەیەنێت، پێویستە پەیەدە وەڵامدەرەوەی ئیرادەی کوردانی ڕۆژئاوا بێت کە بەسەر حیزب و بیر و ڕای جۆراو جۆردا دابەش بوون و هەمووانیش خەڵکی ڕەسەن و ڕۆڵەی ئەو پارچەیەی کوردستانن و هیچ هێزێک بۆی نییە ئازادی تێکۆشان و کاری سیاسسیان لێ قەدەغە بکات .

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوپەڕی هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ خوشک و برایانی کوردی ڕۆژئاوا و تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ڕادەگەیەنین .

بە توندیش ئیدانەی ئەو شاڵاوی ڕەشبگیرە دەکەین کە لە لایەن پەیەدەوە دەکرێتە سەریان ..

جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە بەرژەوەندی ڕۆژئاوای کوردستان لە پێکەوەکارکردنی هەموو لایەنەکاندایە و پێویستە ئەم تاکڕەوی و خۆسەپاندنە کۆتایی بێت .

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
18 – 5 - 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 517

## مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک هەواڵی کۆچی دوایی فەرماندەو پێشمەرگەی دێرینی کوردستان، هەڤاڵ قادر خەبات ڕائەگەیەنێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100108001888438

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی ناسراوی کوردستان، فەرماندە و پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول و مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان کاک قادر خەبات رائەگەیەنین، کە ئێوارەی رۆژی 2013/9/30 لە شاری سلێمانی دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ تاهەتایە ماڵئاوایی لەکەس و کار و دۆست و هەڤالانی کرد.
قادر خەبات لە ساڵی 1937 لە گوندی خەزێنەی بناری چیای قەندیلیی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە. ساڵی 1955 چوتە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی 1961 بۆتە پێشمەرگە و چەندین پلەی پێشمەرگایەتی پریوە. دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول قادر خەبات وەک پێشمەرگەیەک لە چیای قەندیل دەمێنێتەوە و درێژە بەخەبات دەدات.
لە سەرەتای شۆرشی نوێی گەلەکەمان، لەسەر داوای سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە 1976/4/14 یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگە پێکدەهێنێت و بارەگای لە بناری قەندیل دەکاتەوە.
لەبەر لێهاتوویی و قارەمانیەتی چەندین پلەی پێشمەرگایەتی دەبڕێت و لە ساڵی 1979 دەبێتە جێگری هەرێمی 7ی باڵەک و دوای ساڵێک دەکرێتە فەرماندەی ئەو هەرێمە.
دوای پێکهێنانی تیپەکان، دەکرێتە سەرتیپی 74ی باڵەک و 93ی سەفین و 91ی پشدەر. ساڵی 1988 پلەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری پێدەبخشرێت. لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991 دەورێکی باڵا ئەبینێت لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکان و شاری هەولێرو رزگارکردنی کەرکوک و لە دوا ساتەکانی رزگارکردنی کەرکوکیشدا بەسەختی بریندار دەبێت.
لە دوای راپەرینیش وەک کادرێکی سەربازی لێهاتوو درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و دوا پلەی ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە .
قادر خەبات لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری و سەرپەرشتی دەیان داستان و نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە.
ئەندامی هەرسێ کۆنفرانسی کۆمەڵە و هەرسی کۆنگرەی ی.ن.ک بووە و مەدالیای ڕێزلێنانی وەک پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێی پێبەخشراوە.
بەداخەوە ئێوارەی ئەمڕۆ دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوتو ماڵئاوایی لە هەموو لایەک کرد. بەم بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی وێرای راگەیاندنی هەواڵی کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە، پرسەو سەرەخۆشیش ئاراستەی کەسوکارو دۆست و هاوڕێ و هەڤالانی دەکا هیوادارین ئەمە دوا ناخۆشی ئەو بنەماڵە بەڕێزە بێت و گیانی نەمری کاک قادر خەبات-یش هەمیشە شادو ئارام بێت.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
30/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 518

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی: داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی بۆردومانەکان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080112553585797

بەتوندی ئیدانەی بەردەوام بوونی بۆردومانەکانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان دەکەین بەتایبەتی ئەو بۆردومانانەی ئەمڕۆ بۆ سەر گوندەکانی بناری قەندیل کە شەهیدبوون و برینداربوونی چەندین هاووڵاتی لێکەوتەوە، بۆیە داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی بۆردومانەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانیش دەکەین، داواش دەکەین هەرچی زووە لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ درێژەدان بەپرۆسەی ئاشتی.
جگە لەشەهیدبوون و برینداربوونی هاووڵاتیان، جگە لەڕووخانی خانوو و سووتانی ڕەزو باخی هاووڵاتیان و زیانگەیاندنی زۆر بەناوچەکە، بەردەوام بوونی بۆردومانەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە دانیشتووانی ئەو ناوچانە بەناچاری ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و ئاوارە ببن، بۆیە داواکارین هەرچی زووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بێنە دەنگ و کار بۆ ڕاوەستانی ئەو بۆردومانانەو ڕاگرتنی قەتڵوعامی هاووڵاتیان و ئاوارەبوونی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بکەن .
عیماد ئەحمەد
وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
01-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
جۆری دۆکومێنت: ⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 519

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی: بێ هیچ بنەمایەکی بەڵگەدار ڕوی تاوانی کوشتنی کاوە گەرمیانی ئاراستەی یەکێتی دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120715035587371

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی، مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی کۆبووەوە.
لە کۆبوونەوەکەدا، دواکۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو وەفدی دانوستانی یەکێتی و پارتی تاووتوێکرا

که دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە بارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئەنجام درابوو. مەکتەبی سیاسی لەو بارەوە تەئکیدی لەسەر هەڵوێستەکانی یەکێتی لەبارەی ئەو کەیسە کردەوەو کۆبوونەوە هاوبەشەکەشی بە کۆبوونەوەیەکی دۆستانەو جدی و راشکاوانە هەڵسەنگاند و راسپاردەی پێویستیشی لە چوارچێوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، دایە لیژنەی دانوستانی یەکێتی تا لەدرێژەی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی تردا لەبەرچاو بگیرێن. هەروا کۆبوونەوە تەئکیدیشی کردەوە، کە یەکێتی ئیجابیانە مامەڵە لەگەڵ هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمدا ئەکات و لە روانگەی هاوپەیمانی و دۆستایەتییەکانی و پەرۆشی بۆ یەکڕیزی نیشتمانی هاوکاری جدی پرۆسەی دانوستانەکان ئەبێ .

تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە، تایبەت بوو بە ڕووداوی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی جوانەمەرگ کاوەگەرمیانی کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری کەلار شەهیدکرا. لەوبارەوە مەکتەبی سیاسی بە توندی ئیدانەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسی جوانەمەرگی کرد و پرسەو سەرەخۆشی یەکێتی بۆ کەس وکارو هاوڕێ و هاوپیشەکانی راگەیاند و تەواوی پشتیوانی خۆیشی لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون راگەیاند، کە ئێستا لەلایەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە ئەنجام ئەدرێ کە بەبڕیاری حکومەتی هەرێم پێکهێنراوەو هەڤاڵ عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆئەکا. هەر لەبارەی ئەو کەیسەوە مەکتەبی سیاسی نیگەرانی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتی بەدواداچوونی میدیایی هێندێ لە کەناڵ و سایت و پەیجەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی نیشاندا، کە بێ هیچ بنەمایەکی بەڵگەدار رووی تاوانەکە ئاراستەی یەکێتی و هێندێ لە هەڤاڵانی ئەکرێن و ئەو تاوانە بە سیاسی ئەکەن و ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانیش ئەشێوێنن و بەلاڕێدا ئەیبەن. لەو بارەوە مەکتەبی سیاسی وێرای تەئکید کردنەوە لەسەر سیاسەتی نەگۆڕی پشتیوانی کردنی یەکێتی سەبارەت بە ئازادی رادەبڕین و ئازادی میدیا و میدیاکاران لە چوارچێوەی یاسادا، سەرنجی ئەو میدیاو میدکارانەی بۆ ئەوە راکێشا کە پابەندبن بە ئیتیک و پیشەیی بوونی کاری میدیایی، بە تایبەت سەبارەت بە کەیسی تاوانی لەو جۆرە. هاوکات تەئکیدیشی کردەوە کە یەکێتی مافی یاسایی بەرگریکردن لەخۆی لە بەرامبەر تۆمەتبارکردنی بێ بنەما و ناڕاست، بەرامبەر ئەو کەس و کەناڵانە ئەپارێزێ .

تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە، تایبەت بوو بە کەیسی ئەمنی کەرکوک و کەیسی هەڵبژاردنەکان لە ناوچەکانی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم. لەوبارەوە مەکتەبی سیاسی، وێرای پرسەو سەرخۆشی بۆ قوربانیانی کردەوە تیرۆریستییەکەی کەرکوک، دەستخۆشی لە هەموو دامەزراوە ئەمنیەکانی کەرکوک و هەرێم و هەروا لە هەموو ئەو لایەنانە کرد کە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە کرد و سوپاسی هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی کەرکوکی کرد لە کاتی رووداوەکە. هاوکات مەکتەبی سیاسی پشتیوانی خۆی لە ئیدارەی کەرکوک و لایەنە ئەمنیەکانی تەئکید کردەوەو ستایشی پێشکەوتنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەی کردو نیگەرانی قووڵی خۆیشی پیشاندا سەبارەت بەو شاڵاوەی لە رێی میدیاوە ئەکرێتە سەر پارێزگار و بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی شارەکە، تەئکیدیشی کردەوە کە هاوئاهەنگی نێوان هێزە کوردستانییەکان لە کەرکوک و ناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێم، مەرجێکی سەرەکی وگرنگ و پێویستی یەکڕیزییە، وەک چۆن هاریکاری و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەو ئاین و مەزهەب و لایەنە سیاسییەکانی تری کەرکوکیش پێویست و گرنگە .

هاوکات کۆبوونەوە بەدواداچوونی وردو هەمەلایەنەی بۆ کەیسی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرد لە کەرکوک و پارێزگاکانی تری دەرەوەی هەرێم وسیاسەتی خۆی لەمەڕ پەیرەوکردنی یەک هەڵوێستی لایەنە کوردستانیەکان تەئکید کردەوە .

07-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 520

# مەکتەبی سیاسی یەکێتی: یەکێتی لەنێوان دوو بژاردەی نەخوازراودا بوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063023125189720

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی هەرێم و پرسی سازانی نیشتمانی لەسەر پرۆژەی دەستور پەسند کرد .
لەبارەی کەیسی دەستوور و کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەڵوێستی یەکێتی لەدوواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا وەک هێڵی گشتی و وردەکاریەکانی دیاریکرا.
پروامان وابوو کە پرۆژەی دەستور پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی ببێتە کۆکەرەوە خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان و رێکخراوە مەدەنیەکان و نەک ببێتە هۆی لێک ترازان و ئاشتی کۆمەڵایەتی نەکەوێتە مەترسیەوە. بە تایبەت لەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازەدا کە نەک هەر هەرێمی کوردستان بەڵکو کوردایەتی بە گشتی پیایا تێ ئەپەڕێ .
ئاشکرایە کە لەبارەی ئەو کەیسە تێز و بۆچونی جیاجیا و دژ بە یەک هەبوون، یەکێتی ئاراستەی خۆی لە هەموو ئەو تێز و بۆچونانە جیاکردەوە و سازانی نیشتمانی بە نەخشە رێگایەکی نەرم و کۆکەرەوە بینی کردیە ئاراستەی سیاسەتەکەی، کە وێرای دژایەتی کردنی دواجار ئاراستەی سازانی نیشتمانی بوە ئاراستەی کۆکردنەوە .
سەرۆکی پەرلەمان لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی هەرێم پرۆسەیەکی لەوبارەیەوە دەست پێکرد بۆدۆزینەوەی دەریچەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی بەهۆی کەیسی دەستورەوە بەرۆکی پرۆسەی سیاسی گرتبوو. هەروا یەکێتی کەیسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی بەستەوە بە چارەسەر کردنی کەیسی دەستورەوە.
وەدیهێنانی سازانی نیشتمانی بە و ماوەیەی کە بە پێی ئیسحقاقاتی هەڵبژاردنەکان و قوڵی ناکۆکییەکان سەبارەت بە مەسەلەی دەستورو تەوزیفکردنی سیاسی لەلایەن ئەم و ئەو لایەنی سیاسیەوە ئەوەی سەلماند کە سازان وەختێکی زورتری پێویستە .
مەسەلەکە کەوتە بەردەم دورییانێکەوە یان ئەبوایە موجازەفە بە دەستورەوە بکرێ و پرۆژەکە بخرێتە راپرسییەوە کە یەکیێتی لە گەڵ ئەو موجازەفەیەدا ناکۆک بوو، یان ئەبوایە دەرگا لەبەردەم ململانێیەکی خەست و خۆڵی سیاسی و کومەڵایەتیدا بکرێتەوە و کە قەیرانی زۆرترو دژوارتر بەروکی پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی کوردستانی بگرتایە و ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و پارێزگاکانیش بکەوتایەتە بەر رەشەبای ململانێکان و ئەزمونی هەرێمی کوردستان بکەوتایەتە بەر مەترسی لە دەستدانی شەرعیەتی یاساییەوە، کە ئەمە مەترسیێکی کەمەرشکێن ئەبوو و روخساری ئەزموونەکەمانی لە بەر چاوی ناوخۆو دەرەوە و لەبەر چاوی یار و نەیارانی ئەزموونی هەرێم ئەخستە بەردەم پرسیاری شەرعیەتەوە.
بۆیە یەکیەتی لایەنگری پاراستنی شەرعیەتی ئەزموونی هەریمی کردو لە نیوان دوو بژاردەی نەخوازراوی یەکیتیدا، ئەو بژاردەیەی پەسندکرد کە دەرفەت و ماوە بۆ هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستور و سازانی نیشمانی ئەهێڵێتەوە و شەرعیەتی ئەزمونی هەریمی کوردستان ئەپارێزێ. لە و روانگەیەوە پەرلەمانتارانی یەکیتی دەنگیان لەسەر ئەو پروژە یاسایەدا کە ئەمرو پەرلەمانی کوردستان پەسندیکرد.
هەر تەفسیرێکی پێچەوانەی ئەو تەفسیرو شیکردنەوەی سەرەوە، کە مەبەست و سیاسەتی یەکیێتی لەمەڕ مەسەلەی دەستورو پەیوەست بونی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەکەیسی دەستوور و دیدی یەکیێتی لەبارەی پێویستی هەموارکردنی پرۆژەی دەستورو سازانی نیشمانیەوە، ناوەروک و چوارچێوەکەی نەبێ، ئەوا تەفسیرێکە ئامانجی تر لەخۆ ئەگرێ و مەبەست لێی لێڵکردنی سیاسەتی روونی یەکیێتی و دواجار بەکارهینانیەتی لە دژی راستیەکانی سیاسەت و هەڵوێستی یەکیێتی.
مەکتەبی سیاسی
یەکیێتی نیشتمانی کوردستان

ئیوارەی 2013/6/30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 521

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی، داوای ئازادکردنی ئۆجەلان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140331203034678378

بەڕێز
هاوسەرۆک و سەرکردایەتیB.D.P

پاش ڕێز و سڵاو..
بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسیانەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و باکوری کوردستان، بەناوی مەکتەبی سیاسی-ەوە، پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەین، کە کاندیدە دڵسۆزەکانتان، لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی باکوری کوردستاندا، متمانەی زۆرینەی بەدەستهێنا، بەتایبەتی سەرکەوتنتان لە (11) شاری گەورەدا، لەوانە: مێردین، ئاگری و بەدلیس.. کە یەکەمینجارە تیایدا سەرکەوتوو دەبن.

بەڕێزینە!
ئەم سەرکەوتنانە، دەیسەلمێنێ کە پرۆسەی دانوستانی ئاشتی لەتورکیا، بۆ چارەسەری سیاسی کێشەی کوردو دابینکردنی مافە دیموکراسییە زەوتکراوەکان، پاشەکشەی بەدژەکانی چارەسەری دیموکراسی لەسەرانسەری تورکیادا کردووە، هەربۆیە دەبێت بگاتە ڕێککەوتننامەی سیاسی و سەرەنجامیش، دەشبێ جەنابی عەبدوڵڵا ئۆجەلان-یش ئازاد بکرێ، تاقە ڕێگەی ئاشتی، ئارامی، مافی مرۆڤ و تەواوی مافە دیموکراسییەکان، سەرخستنی پرۆسەی دانوستانە لەنێوان حکومەتی ئاک پارتی و پەکەکەدا؛ ئومێدەوارین، دوای سەرکەوتنی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و متمانەی جەماوەر بۆ کاندیدەکانی(B.D.P) ، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئیرادەی نەتەوەکەمان، بۆ مافە دیموکراسییەکان و ئاشتی و ئاوەدانی ڕاستەقینە، باشتر بەرجەستە کردبێ.

جارێکی تر، بەناوی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی-یەوە، هەڤاڵانی خۆشەویست گەرمترین پیرۆزبایی سەرکەوتنتان لێدەکەین.
هەربژین بۆ ئازادیی و ئاوەدانیی
باکوری کوردستان و تورکیا

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سلێمانی
31/3/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 522

# مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی، ژمارەی "شەهید" و بریندارەکانی 14-06-2014 رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615003254766771

لە کاتێکدا نوێنەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەڤاڵانمان لە مەڵبەندی8ی رێکخستنی خانەقین لە وتووێژی بەردەوام بوون لەچەند رۆژی رابردوودا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی فێدراڵ و سوپای عێراق ، سەرئەنجام گەیشتنە ئەو رێکەوتنەی کە هەردوولا پێکەوە هەماهەنگ و هاوکاربن بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەو ئاڵوزیانەی کە رووی کردووتە ناوچەکە لەسنوری پارێزگای دیالە بەتایبەت ناوچەکانی سەعدیە و جەلەولا ..

بە داخەوەوە ئا لەم کاتەدا هێزەکانی سوپای عێراق لە دوو بۆردومانی جیاوازدا بەفرۆکە و تۆپ باران، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کردە ئامانج و (6) پێشمەرگە شەهید و (23)ی تریش بریندار بوون،ئەمە لە کاتێکدا کە سەرکردە سەربازیەکانی ئێمە لە پەیوەندی بەردەوام بوون لەگەڵ گەورە ئەفسەرانی عێراق بۆ گەیشتنی ئەو هێزە سەربازییەی کە لە بەغداوە هات ، ئێمە وەکو مەڵبەندی 8ی رێکخستنی خانەقین بەتوندی ئەم دەستە درێژییە بۆ سەرهێزی پێشمەرگەی کوردستان ئیدانە دەکەین و داواکارین بە زووترین کات لیژنەیەکی هاوبەش بۆدۆزینەوەی تاوانبارانی ئەم رووداوە پێک بهێنرێت بۆ بەدوا داچوون و دەرکەوتنی راستیەکان و پاشان بە توندی تاوانبارانی ئەم کردەوەیە سزا بدرێن.

دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە لە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەین لە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا هەموو رێگەیەک دەگرینە بەر لەپێناو پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی، ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شارەکانی جەلەولا و سەعدییەبە تایبەت.

بەو هیواییەین کە ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراق بەهاوکاری هەموو هێزە نیشتمانیەکان لە کورد و عەرەب و سوننەو شیعە بەرەو کەناری ئارام تێپەرێنین و پرۆسەی سیاسی لە عێراق سەرلەنوێ بەشێوەیەک بنیات بنرێت کە هەموو پێکهاتەکان هەست بە بوونی خۆیان و نیشتمانی بوونی خۆیان بکەن و پلان و بەرنامەی تیرۆرستانیش هەڵوەشێننەوە.

لە کۆتایشدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بەکەس و کاری سەربەرزی شەهیدەکانمان رادەگەینێن وبەلێنیان پێی دەدەین کە خوێنی گەشیان بەفیرۆ ناروات، بۆ سەروەری ئەم خاک و نیشتمانەش ئەم کاروانە بەردەوامە، هیوای زووچاک بوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوزاین.

راگەیاندنی
مەڵبەندی 8ی رێکخستنی خانەقینی (ی.ن.ک

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 523

# نا بۆ تەعریب

http://www.kurdipedia.org/?q=20131122165835876899

بەریزان :
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان
وەزارەتی ئەوقافوکاروباری ئاینی.
پاریزگاری هەولیرو قایمقایمی کۆیە
کۆمەڵەو ڕێکخراوە مەدەنیەکان
جەماوەری خەلکی کوردستان
هەموولایەک شایەتی ئاسەوارە خراپەکانی سیاسەتی تەعریبن لە مێژووی کوردستاندا، ڕژێمەکانی دەوڵەتی عێراق هەمیشە بەرێگای جیاواز لەهەوڵی فراوانکردنەوەی بازنەکانی تەعریبوسڕینەوەی زمان و شیواندنی شوناسی کورددا بوون، لەپێناویدا بودجەی گشتییان خستووەتەگەڕ، شارە کوردنشینەکانیان تەرحیل کردووەو هاوڵاتی عەرەبیان لەخوارووناوەراستی عێراقەوە هێناوەوبە ئیمتیازی زۆرەوە لە شوێنیان نیشتەجێیان کردون. سوپایان هێناوەتە سەرکوردستانوئەنفالوگازبارانی خەڵکیان کردووەوخوێنیان ڕشتووەو کوری هەژارنی کوردو عەرەبیان لە شەڕی کوردستاندا بەکوشتداوە، هەوڵی سرینەوەوگۆرینی شوێنەوارو زمانوکلتوری کوردیان داوە. لە پەلامارەکانی ئەنفالدا دەیان شوێنەواری گرنگیان روخاندووە لەوانە قەڵای بۆگد لەقەزای کۆیە هێشتا هەربەروخاوی گەواهی ئەو راستییەیە.
ئەفسوس لە داوی راپەرینی ئازاری ساڵی (1991) ودامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هیچ پلان و نەخشە رێگەیەک بۆبەرپەرچدانەوەی سیاسەتی تەعریب بەدی ناکرێتوهەتا ئێستاش زەق بەبەرچاوانەوە بەشێوازی جیاواز بەپێشچاوی حکومەتی هەرێموخەڵکی کوردستانەوە ڕەگەزەکانی سیاسەتی تەعریب ئامادەن.
ناوانی منداڵانی تازە لەدایکبوو، بەزمانی عەرەبیوگۆرینی ناوی منداڵان لەکوردییەوە بۆعەرەبی دیاردەیەکی زەقوشەرمهێنەرەو ئەگەر مەبەستداریش نەبیت ئاودەکاتەوە سەرئاشی سیاسەتی تەعریب، سەلەفیەکان لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئازادی لەشاری کفری ناوەکەیان گۆری بۆ (تەقوا) لە تازەترین هەوڵیشیاندا دیسانەوە لەگەرەکی ئازادی شاری کۆیە دەیانەوێ ناوی (مزگەوتی ئازادی) بگۆرن بۆمزگەوتی (مەدینە).

بەداخەوە ئەوهەوڵانە ئەگەر لەسەروەختی دەسەڵاتدارێتی بەعس و پەلامارەکانی ئەنفالیشدا ئەنجامبدرانایە ئیستا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی ئەوقاف بەپشتیوانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی ناوەکانیان بگۆرییایەتەوە بۆبنەرەتی خۆیان و لەیەکەمین هەولیاندا هەردوو مزگەوتی تەقواو مەدینەیان بکردایەتەوە بە (مزگەوتی ئازادی)، کەچی ئەفسوس ئێستا لەسەردەمی ئازادی و لەژێر دەسەلاتدارێتی کورد خۆیدا ئەم دەستدرێژیە دەکرێتە سەرکلتوروشوناس و مێژووی کورد کە ئەوەش عەیبوشورەییەکی گەورەیەوتا ئەوپەڕی بێباکیە لەبەرامبەر داهاتووی نەتەوەی کورد.

ئێمە پێمانوایە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتوشوێنە گشتیەکان چەندە پیرۆزوگرنگیش بن نابیت بخرێنە خزمەتی ئامانجی سیاسیەوە ج چای بەناوی خێرخوازیەوە درێژە بەسیاسەتی تەعریب بدرێتەوە ؟ وەها هەوڵێک ئامانجەکەی هەر چییەک بێت رەوانیە ببێتە هۆی شێواندنی مێژووی شارێکومیللەتێک.
بۆیە داوادەکەین:
-1ئەم هەڵمەتی ترسناکە رابگیریتوچیتر رێگە نەدرێت زامانوشوناسوشوێنەواروکەلتوری کوردی

بشێویندرێ و مێژومان تەعریب بکرێت.
-2لە بڕۆژە یاسایەکدا پەرلەمان ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێت و هەموو هەوڵێکی تەعریب بە یاسا قەدەغە بکرێت.
-3ناوی مزگەوتەکانی تەقەواو مەدینە لەشاری کۆیەوکفری یان هەرشوێنێکی تر کە تە عریب کراون بگەڕێنەوە بۆ سەر بنەرەتی خۆیان بەتایبەتی ئەوانەی ناویانهاتووە کە هەردوکیان ناویان (مزگەوتی ئازادی) بووە. لەبەرئەوەی ناوەکانی پێشویان مێژویەکی دوور ودرێژیان هەیەودانیشتوانی ئەوشارانەوخەڵکی گەرەکە هەژارنشینەکان یادەوەری خۆیان لەگەڵیاندا هەیە، ڕێزگرتن لە یادەوەری و پاراستنی مێژوو مافیکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانودانیشتوانی ئەوشارانەیە و نەنگیە لەسایەی حکومەتی کوردیدا بکەونە بەرهەرەشەی تەعریب و لەناوچوون، بەپێچەوانەشەوە نیازێکی خراپەوهەنگاوی مەترسیدارتری بەدوادادێت.
بیدەنگی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەم مەترسیانەو بەرپرسیارێتی ئەم هەوڵی تەعریب کردنە دەخەینە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش هەردوو وەزارەتی رۆشنبیریوئەوقاف و کاروباری ئاینی و پارێزگاری هەولێرو قایمقامی شاری کۆیە بە بەرپرسیار و بێباک دەزانین.
لە دوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان کە ئامانج سرینەوەی شوناس و لە ناوبردنی کورد بوو نابێت رێگەی ئەمجۆرە هەولانە بدرێت کە لەسەرخۆ دەیانەوێ پێگەی پان عەرەبیزموشۆفێنیزم لێرە قایم بکەنەوە.
نابۆتەعریب کردنی کوردستان.

بەواژۆی:
-1پارتی سۆشیالیستی کورد (پاسۆک.(
-2گۆڤاری ئەنفالستان
-3گۆڤاری دیمەن .
-4دەزگای پێنوسەکان/ www.penusakan.com /بەریتانیا
-5ماڵپەری مالمۆ کورد- سویدhttp://www.malmokurd.com .
-6کۆمەڵەی سکۆنەکورد لە مالمۆ- سوید
-7سۆران کۆستە – نەرویج
-8عومەرمحەمەد – سلێمانی
-9شیروان محەمەد ئەمین سەرنوسەری جودی نیوز
-10هەورامان عەلی – فینلندا
-11عاصی فرود عەزیز – کفری
-12تاهیر رەحیم – نوسەر ئەلمانیا
-13نەسرین بابان – ئەلمانیا
-14مەلا تەحسین گەرمیانی رۆژنامەنوس
-15مامۆستا جمعە کەریم محمەد – شێوەکار
-16ئاوات کۆکەیی رۆژنامەنوس – سلێمانی
-17مەریوان تۆفیق وتەبیژی تۆری رۆژنامەنوسانی قەزای شارەزوور
-18شۆرش رەوف سەرمۆردی- جالاکوان – بیرەمەگرون
-19بیستوون رەفیق- شاعیر
-20کامەران کەریم، رۆزنامەنووس
-21عادل مەریوانی- رۆزنامەنووس
-22محمەد بەختیار رۆزنامەنووس
-23شاخەوان کەریم رۆزنامەنووس
-24بشتیوان نامیق رۆزنامەنووس
-25ئاکۆ ئەمین رۆزنامەنووس
-26دانا صالح رۆزنامەنووس
-27شەنکار عەبدوڵڵا رۆزنامەنووس
-28وەستا عەدنان تاهیر دەرویش- کاسب
-29رێگا ئەحمەد- ڕاگەیاندنکار
-30ئەیوب رەئوف – شیوەکار

-31پشکۆ خاڵدانی - رۆژنامەنوس چەمچەماڵ
-32رەوەست نەوزد- رۆژنامەنووس- هەولیر
-33جەمال عادل - پێشمەرگە – کەرکوک
-34سمکۆ سابیر رۆژنامەنوس – هەولیر
-35روناک شوانی چالاکوانی مەدەنی – سوید
-36ئارام کەریم - فۆتۆ گرافەر – سلێمانی
-37لوقمان حەسەن - مامۆستا – سلێمانی
-38هاورێ ئەحمەد - رۆژنامەنوس- سلێمانی
-39ئاسۆ شابان- نوسەر – هۆڵندا
-40محەمەد ئیسماعیل – خویندکار
-41رەنجدەر گراوی / چالاکی مەدەنی / هەولێر
-42مەریوان عبد لقادرصالح چالاکوانی ئەنفال
-43شوان بورهان محەمەد - چاودێری سیاسی - بەریتانیا مانجستەر
-44کاروان ئیبراهیم - رۆژنامەنوس و ریکخەری سەکوی کونکرەی رۆژنامەوانی.
-45صلاح محەمەد- جالاکوانی مەدەنی – کفری
-46سەرکۆ محەمەد رۆستەم - نوسەر- کەلار
-47ێستون ڕەفیق خوێندکاری زانکۆ- بیرەمەکروون.
-48هاوتا جبار سۆفی مۆزیکسیان- بیرەمەکروون.
-49گۆران سەرگەڵوی دەرهێنەر- بیرەمەکروون.
-50رێگر ڕزگار- خوێندکار-بیرەمەکرون.
-51ژوان جمال- پارێزەر- سلێمانی
-52ئاری فتحوالا - خوێندکاری زانکۆ-بیرەمەکرون.
-53دیار سەربەست سمکۆ چالاکوان- بیرەمەکروون
-54ئەمیر خورماڵی شاعیر_سلێمانی
-55رووف تحسین جبار- خوێندکاری زانکۆ _کەڵەک
-56خالید شەوکەت مجید - خوێندکاری زانکۆ_کەلار
-57عدنان ئەنوەربەگ -خویندکاری دکتۆراوسەرۆکی ئەنجومەنی بالای ریکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لە کوردستان- هەولیر
-58ێخال حسین -پارێزەر_هەولیر
-59رۆژ هەلەبجەیی- شاعیر –سلێمانی
-60هۆگر ڕەنجدەر- نوسەر- هەولیر
-61سەعید حەسەن پیشە مامۆستا... دانیشتووی سۆران
-62دانا کمال- خوێندکاری زانکۆ- سلێمانی
-63ئومید کەمال- نووسەر و شانۆکار- بیرەمەکروون
-64بەشدار ابوبکر- چالاکی مەدەنی- هەولیر
-65سەروەر حەمە ئەمین مارف/ سلێمانی
-66ئەمیر ئەمین فیزاللە- سیدصادق -نوسەر و شاعیر
-67رزگار تەڵعەت خدر –هەولێر-خۆێندکار
-68ئەمیر ئەمین فیزاللە- سیدصادق –نوسەروشاعیر
-69جیهاد حەمە کەریم – نوسەر – نەرویج
-70مەریوان مامە سالە - رۆژنامەنوس- کەلار
-71فەرهاد کەریم عبدولا- رۆژنامەنووس – سلێمانی
-72محەمەد غفور رەزا – نرویج
-73بەختیار شێخ عوسمان - نوسەر- سلێمانی
-74بەکر عەبدو الکەریم - کاسب – فینلاند
-75قاسم جمیل – سوید
-76پێشرەو حەمید نوسەر و ڕۆژنامەنوس فینلاند
-77صباح عەلی جاف- رۆژنامەنوس- کەلار
-78سێوە حەمە خدر – پیرەمەگرون

79-صلاح شێخ لەنگەری – کەلار
80-دکتۆر. ئومێد بەرزان - زانکۆی کەلار
81-حیکمت معروف – ماموستا- سلێمانی
82-عەدالەت عومەر صالح - چالاک لە بواری ئەنفال- هەولێر
83-سالار فتاح قادر – سلێمانی - بەرێوەبەری پلاندانان لەبەرێوەبەرێتی گشتی چاودێریی وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی
84-شوان داودی - رۆژنامەنوس – کەرکوک
85-شێرزاد حافز - پەرلەمانتار- چەمچەماڵ
86-عیماد جەبارحەسون بەربرسی بەشی ڕووناکبیری لەرۆژنامەی (الرأی العراقیە المستقلە)شاری سانبترس بۆرک رووسیا .
87-ڕازی زێتی - رۆژنامەنوس- بارزان
88-بەختیاری شەمەیی - نوسەرو وەرگێر- هۆڵندا
89-شوان خەفاف- رۆژنامەنووس و وەرگێر - هۆڵندا .
90-هونەر سالار محەمەد – گۆپتەپە
91-فریاد هدایت صابر رشید/ کەلار/ کەرمیان
92-مەریوان رەحیم - کاسب - هۆلندا
93-روناک مولود قادر- هۆلندا
94-شارۆخ مەریوان رەحیم - خویند کار
95-مسعود عوسمان- فەرمانبەر- هەولیر
96-دیرین تارق- ئەندازیاری کشتوکاڵ-سلێمانی
97-یادگار مەحمود - یاساناس- سلێمانی
98-هاوری جەبار عوسمان- پیشمەرگەی دیرین - هامبۆرک ئەلمانیا
99-کامەران جۆلا - زیندانی سیاسی- هامبۆرک ئەلمانیا
100-ئاسۆمەمەند- بیشمەرکەی دیرین- هامبۆرک- ئەلمانیا
101-تامان شاکیر نووسەر و رۆژنامەنووس – هە ولیر
102-ئاوێزە غەریب کەریم - فەرمانبەر- سلێمانی
103-ژیان محەمەد - یاساناس - بەڕێوەبەری ڕێکخراوی سەوزی ئەوروپی - کوردستانی – هۆڵەندا.
104-ئەمیرە محەمەد علی – هۆڵەندا
105-شەنگە رەحیم - رۆژنامەنوس- چالاکوانی مافی ژنان – سلێمانی
106-بەختیار هەلەبجەیی - پەیکەرتاش- هەلەبجە
107-پەروین عزیز سعید جالاکی مەدەنی - سلێمانی
108-عوسمان صالح زیندانی سیاسی – سلێمانی
109-لۆڤان عومەر محەمەد- خوێندکار- سلێمانی
110-شالیار کوردۆ / فینلەندا
111-زیاد ئەحمەد- شاعیر – رانیە
112-زانیار نەجمەدین - دیزاینەر- سلێمانی
113-عومەر ئیسماعیل مارف- نووسەرو رۆژنامەنووس- قەڵادزێ.
114-هەردی نەجم – کفری
115-بەناز صالح، چالاکەوانی مەدەنی
116-نجم الدین بۆلقامیشی راگەیاندنکار- پیرەمەگرون
117-نەوزاد شێردڵ - شاعیر - کەنەدا
118-ئازاد علی عەبدوڵڵا، کەرکوک کارمەندی پارێزگا
119-سامان حسێن، سلێمانی، گروپی گەنجانی شار
120-نازەنین محەمەد، سوید
121-ئایار جەلال لەتیف، فەرەنسا کارمەندی گواستنەوە
122-ئاران جەمیل تەها، کۆیە
123-گۆڤاری ئەلکترۆنی ماتریکس
124-کۆبەندی گەشەپێدان
125-ئەڤین جەمال محەمەد، پێنجوین

126-نیاز رەفیق سەلیم، هەولێر ناوچەی سۆران
127-جقات علی أكبر، ئاكرێ، گەلی
128-كەمال مستەفا سعید، دهۆک باڕۆشكێ
129-شیرین كەمال صۆفی، هەولێر
130-دەروێش حەمەعلی، گەنجانی سلێمانی
131-پەری قادر مەجید، سەرپەرشتیاری گرۆكانی هۆشیاری ئاگر، ڕانییە
132-توانا سەعدی مەحمود / ڤیەننا – نەمسا
133-بیار رشید عارف- مۆزیكژەن – سلێمانی
134-فریاد تاریق - خویندكار – پیرەمەگرون
135-نەبەز جەلال - پیشەوەر- ئەلمانیا
136-ابراهیم فرەج ئەمین - كاسب- ئەمەریكا
137-دانیار أبراهیم فرەج- خوێندكار- ئەمەریكا
138-شاناز أبراهیم فرەج- خوێندكار- ئەمەریكا
139-زانیار أبراهیم فرەج- خوێندكار- ئەمەریكا
140-نەجات فرەج ئەمین- كاسب –سلێیمانی
141-شێرزاد حەسەن - چیرۆک نوس - سلێمانی
142-سەردار سالار- كاسب- گۆپتەپەی شەهیدان
143-فایەق حەمە صاڵح - فۆتۆگرافەر- سلێمانی
144-هێمن رەوف – شاعیرو ڕەخنەگر - كەنەدا
145-خەندان محەمەد جزا، نەرویج
146-ئاری عبدالعزیز شفیق، ئەلمانیا
147-دلێر ئیبراهیم، بەریتانیا
148-چیا ڕێنوار، سوید
149-سەركەوت حەمەسعید، سلێمانی
150-فەریاد فایەق، هۆلەندا
151-هەریار جمیل رەنجبەر
152-فەتاح خەلیل زاخۆیی - وەزیری رۆشنبیری پێشوو- سلێمانی
153-هادی حەمەڕەشید- چاودێری سیاسی- هەڵەبجە
154-فەرەیدون فایەق - هونەرمەند- ئوستralیا
155-سەروەر سەعید - مامۆستا- سلێمانی.
156-كەژال نوری - چالاكوانی ژنان - هۆلەندا
157-دیار صلاح الدین عبد الحمید_كفری
158-هەورامان ئەنوەر - فەرمانبەر- سلێمانی
159-شیرین عارف - فەرمانبەر – سلێمانی
160-ئاسۆ بیارەیی- لیكۆڵەرونووسەر- سوید
161-فوئاد قەرەداغی- نووسەر - سلێمانی
162-هێمن كامیل. رۆژنامەنوس وخوێندكاری ماستەر
163-ئەحمەد عەلی - پێشمەرگە- كفری
164-حەسەن عەلی حاجی فەرج- تاقانەی ئەنفال- كفری
165-ابراهیم هەورامانی - شاعیر و نوسەر- هەڵەبجە
166-هاورێ باخەوان - نووسەر و بەڕێوەبەری رێكخراوی كوردیپێدیا – هولندا
167-عەزیز رەئووف- نوسەر- سلێمانی
168-ئاودێر زۆراب - فەرمانبەر – سلێمانی
169-بەختیار سەعید- نووسەرو رۆزنامەنووس- سلێمانی
170-ئاریان محەمەد (مەلا ئاریان) رۆژنامەنووس- سلێمانی
171-سەمەد ئەحمەد- نووسەرو مامۆستای زانكۆی سلێمانی.
172-ئارام جەمال- چالاكوانی كۆمەڵگەی مەدەنی- سلێمانی
173-جوتیار نەریمان حسێن- خوێندكار
174-چنار سەلام مەعروف - خوێندكار- سلێمانی

-175زانیار عمر ایسماعیل_ئەندازیاری کشتوکاڵ- پیرەمەگرون
-176ئارام حسێن- رۆژنامەنووس- سلێمانی
-177کارزان محەمەد - مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
-178توانا موسلیح / مامۆستا - خۆشناوەتی
-179سالار سۆفی- چالاکوانی ئەنفال- فینلەندا
-180موفق میراودەلی - نوسەر- قەڵاتدزێ
-181بێسون مەحمود- بەریوەبەری نوسین لە گۆڤاری رۆشنکەری – سلێمانی
-182کامەران عەزیز- بێکار- نەرویج
-183ئەمەل جەلال - چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی- سلێمانی
-184دیلمان سوران...خویندکار..سلێمانی.
-185دانا عەسکەر- نوسەر- کەرکوک
-186سۆران مجید..تویژەری کۆمەلایەتی- رزگاری
-187محەمەد ئەحمەد- ئەندازیار – رزگاری
-188شادمان مەلا حەسەن "نووسەر "هەولیر
-189د. گۆران عەبدوڵڵا- بەریتانیا
-190کمال غریب فەتحوڵڵاالله - کارمەند - سلێمانی
-191شەهێن فەرهاد رەسوڵ، مامۆستا، کۆیە
-192نیاز علی حەمە، فرۆشیار، هەولیر
-193دلشێر بەشیر قاسم، زاخۆ
-194کمال مستەفا، شۆفێر دهۆک
-195سلیمان عزیز سمی، بازرگان زاخۆ
-196لەتیف حسن حسێن، کارمەند، دووکان
-197جەمال محەمەد ئەحمەد، ئەفسەر سلێمانی
-198تۆفیق ڕەئووف حسن، بەنزین فرۆش کەرکووک
-199سیروان سالم حمید، خوێندکاری زانکۆ
-200دڵشاد عەلادین، نیگارکێش
-201جوانە مستەفا، پزیشک سلێمانی
-202ئومێدی وەستا جەلیل، چالاکەوانی سیاسی. شاربازێڕ
-203دارا علی حسن، کارمەندی ڕێکخراو
-204شەپۆل سەعید - ئنلاند
-205دەریا سەعید – ئینلاند
-206ئەمیر جەمیل مەجید- توێژەری کۆمەڵایەتی – هەولێر
-207
-208زمناکۆ محەمەد (عەلی هەڵەبجەیی) خویندکاری زانکۆ
-209رەزا مەنوچەهری رۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی
-210توانا حەمە عەلی - موزسیان- سلێمانی
-211ئیبراهیم عومەر سادق - مامۆستای زانکۆ- هەولێر
-212عومەر عەبدولکەریم - شاعیر – سلێمانی
-213نیاز عمر علی، چالاکوانی ژنان، سلێمانی
-214سەرکەوت نووری، کاسب سلێمانی
-215توانا حەمە هونەرمەند و نووسەر، سلێمانی
-216ڤینۆس کمال، مامۆستای ئابووری، سلێمانی
-217ئازاد کاکە ڕەش- چالاکوانی مەدەنی-هۆڵندا
-218فەرەیدون عارف - توێژەری کۆمەڵایەتی- سلێمانی
-219حسین علی حسین. فەرمانبەر- قەلاتدزێ
-220رێبوارمحەمەد سۆفی - ئادابی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سلێمانی
-221محەمەد قەرەداغی- چالاکی کۆمەڵی مەدەنی -نەرویج
-222کۆژین محەمەد قەرەداغی - نەرویج
-223لاڤین محەمەد قەرەداغی - نەرویج

-224حەسەن عەلی سەلیم - بەریوەبەری مۆزەخانەی سەرای سلێمانی.
-225ئازاد عەتار عباس -بۆلیس – چەمچەماڵ
-226سەوزە عەبدوڵلا- مامۆستا- رانیە
-227کاروان عوسمان شوانی - رۆژنامەنوس- تەکیە
-228د. پەروین نوری عارف- شارقە، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو
-229پڕیار عوزێر ئەحمد، مامۆستا- رانیە
-230کەمال ئەبوبەکر- مامۆستای زانکۆ- سلێمانی
-231ئامانج شارباژێری- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسان- سلێمانی
-232لوقمانی حاجی کەریم/ نوسەر/ بەریتانیا
-233ساڵح میراودەلی/ نوسەر/ بەریتانیا
-234خانزاد ڕەشید/ چالاکوان/ بەریتانیا
-235شێرزاد عەزیز/ سایتی مالمۆکورد- سوید
-236سیروان رەشید- رۆزنامەنوس- سلێمانی
-237هاوژین علی_ سویسرا
-238ئازاد حاجی - فەرمانبەر- سلێمانی
-239هیمن قادر حەمەڕەش..رۆزنامەنوس..تەق تەق
-240حەسەن مستەفا حوسێن - یاساناس، جالاکوانی کۆمەلکەی مەدەنی / سۆران
-241ڕێزان ساڵح / شانۆکار- نەرویج
-242محەمەد علی مراد _ مامۆستا- رزگاری
-243هیوا حسن محەمەد - مامۆستا - رزگاری
-244کارزان مەحمود- پارێزەر- سلێمانی
-245پەرچەم مەحمود حەمە- مامۆستا - سلێمانی
-246صلاح مەزن- نوسەر- هەولێر
-247بشتیوان رحیم وادی - تویزەری کومەلایەتی- چەمچەماڵ
-248کەمال رەوف - سەرنوسەری شار- سلێمانی
-249خانم رەحیم - بەریوەبەری رێکخراوی ئاسودە- سلێمانی
-250رەسووڵ بایز مەحموود (رەسووڵ سوڵتانی) شاعیرورۆژنامەنووس- هەولێر
-251بەشار عەزیز حەمەد- رۆژنامەنوس- سۆران
-252توانا تەها ئەحمەد - رۆژنامەنووس - سۆران.
-253محەمەد فەریق حەسەن- نووسەر- دانیمارک
-254کاروان یارەیس – رۆژنامەنووس-کلار
-255سەیوان سەعیدیان - شێوەکار- هەولێر
-256هونەرمەند صلاح رەشید- کەنەدا
-257بەلێن صالح - نوسەر- ئەمریکا
-258محەمەد پاکژ- شاعیر- سلێمانی
-259حاجی ریکانی _ماموستا_دهوک
-260سەرەتا محەمەد- پارێزەر و رۆژنامەنووس- هەولێر
-261نەبەز پێنجوێنی - شاعیر- سلێمانی .
-262زیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو -فەرمانبەر- سلێمانی
-263نیشتیمان محەمەد جەبار - مامۆستا- سلێمانی
-264دکتۆر بورهان یاسین – سوید
-265نەبەز مەلا کەمال- رۆژنامەنوس- سلێمانی
-266بێشەوا شێخ رەئووف -رۆزنامەنوس-جەمجەماڵ
-267شەیدا مەعروف مەحمود - شاعیروجالاکوان لەبواری مافەکانی زنان / سلێمانی
-268کاوان فەرەج عەلی - ژمێریار- سلێمانی
-269ڕێباز غالب – ماموستا- رزگاری
-270رزگار فەقی محمەد غێدان- مامۆستا- کە لار.
-271ئەیاد اسماعیل کاکەیی سەرۆکی لقی هەولێر - سە ندیکای پارێزەرانی کوردستان .
-272فریاد هیرانی - بەرێوەبەری رێکخراوی چاوی ئەمرۆ بۆ چاودیری کاری رۆژنامەوانی- هەولیر

-273چلورە هەردی، چالاکوانی مافی ژنان، سلێمانی
-274یوسف حسین -مامۆستا- رزکاری.
-275سەنگەرهادی - مامۆستا – رزکاری
-276پەرۆش محرم محممد- پێشمەرگەی دێرین- سوید
-277سۆران مەحمود سلیم سێوکانی.
-278یادگار شینکی - شانۆکار - هۆڵەندا
-279دڵکەش ساڵح - شانۆکار- هۆڵەندا
-280د. صلاحی گەرمیان - نوسەر- ئوستراليا
-281هێمن صمد ئۆمەربلی - کادری بزووتنەوەی گۆران
-282رازاو سەعید- ئوسترالیا سیدنی
-283شۆخان حەمە ئەمین حەمە سەعید- مامۆستا- سورداش
-284سەنگەرفائق- مافپەروەر- جێگری لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان
-285مەجید صالح - رۆژنامەنوس – سلێمانی
-286بەناز ئیبراهیم کەریم – رزگاری
-287ئارام کەرکوکی- ڕۆژنامەنوس- نوینەری چەند ریکخراوی مافدۆست بۆپرسی ئازادی رۆژنامەنوسانی هەریم لە تورکیا.
-288ئازاد قەزاز مامۆستای زانکۆ سایکۆتیراپیست نوسەر
-289ئارام مەلا نوری - رزگاری
-290ئاسۆ ساڵح مامۆستا- رزگاری
-291هیرش کەریم مامۆستا- رزگاری
-292عوسمان محەمەد مامۆستا- رزگاری
-293جەزا رەزا مامۆستا- رزگاری
-294سیروان سلێمان نوسەر- رزگاری
-295هەندرین شێخ راغب- نوسەر
-296ئارنۆ جبار جالاکی مەدەنی
-297جبار عزیز ابوبکر (ریکخەری فیدراسیۆنی کومەلی مەدەنی) سلێمانی
-298رزگار ئیبراهیم جەبار- دوزخورماتوو
-299ئەسعەد حسێن حەسەن – کرکوک
-300ئەردەلان هەلەبجەیی- رۆژنامەنوس
-301هیوا ناسیح -سەرپەرشتیاری چاودێری کوردۆساید - چاک- سویسرا
-302عەباس شوان- فینلاند
-303محەمەد هەورامی – خوێندکار-سلێمانی
-304هیمن علی نجم الدین-خویندکاری یاسا- هەلەبجە
-305خەلەف غفور عزیز رۆژنامەنووس- ڕزگاری
-306کەژال ئیبراهیم خدر – شاعیر- سلێمانی
-307فرمان عوسمان حمید- خویندکاری ماستەر بەریتانیا
-308سالح هەلاج - شاعیر- کەلار
-309دانا سەعید سۆفی - ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – هەولیر
-310فەرهاد مەلا حەسەن - رۆژنامەنووس - هەولێر
-311ئارام حەمە ساڵح - نووسەر - ئەمریکا
-312میران بەکر- رۆژنامەنووس – هەولیر
-313چنورعەلی - چالاکوان- سلێمانی
-314مەریوان نەقشبەندی - بەرێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف- هەولێر
-315کاوە قادر- ئەکتەر- سلێمانی
-316محەمەد بێبەش -چاودێری سیاسی- سوید
-317سەباح تاهیر- پارێزەرو رۆژنامەنوس- سلێمانی
-318دانا کەریم حەمە رەزا- دەرهێنەر - سلێمانی
-319شاخەوان رەحمان - فەرمانبەر- سلێمانی
-320سۆزان عەلی مەولود- سلێمانی

321-پێشەنگ کاوە قادر- خویندکار – سلێمانی
322-جەبار مەعروف - هونەرمەند - سلێمانی
323-جەزا حەمە سەعید- ئەکتەر – سلێمانی
324-بەهادین یوسف- رۆژنامەنوس – سلێمانی
325-کەریم سالح قەشانی- سوید
326-شێرزاد تۆفیق - سوید.
327-بەفرین سالح -لێکۆلەرەوەی دەرونی- سوید
328-فێنک محەمەد. یاسایی وکادێری - sos سوید
329-دەریا محەمەد- کۆمەلایەتی- سوید
330-ئەحمەد مەجید - ئە ندامی دەستە ی باڵای رێکخراوی چاودیری کوردۆسایە(چاک) گەرمیان
331-عومەرحسێن قادر (عومەر شاوری) - کادیری رامیاری وچالاکوانی کۆمەلگەی شارستانی
332-هەردی ئەحمەد - رۆژنامەنوس لە کەی ئێن ئێن- سلێمانی
333-حەمەرەشید عەلی سەعید- 0حەمەرەشید توکنی) - ئەفسەر- خورماتوو
334-جەمال حەمە - پارێزەر- هەڵەبجە
335-سەریاس ئیبراهیم سەمین- مامۆستا رزگاری
336-دورید سەلیم مامۆستا - رزگاری
337-توانا عەبدول رەحمان - فەرمانبەر- گاپلیون
338-بێستون تۆفیق سەعید – رۆژنامەنووس – سلێمانی
339-ئەنوەر حەمەلاو - چالاکوانی بواری ئەنفال - گەرمیان
340-بابان عوسمان شاعیر - سوید
341-سامان سالح فەرەج- رۆژنامەنوس
342-عیماد میرە- نوسەرولیکۆلەرەوەی دەروناسی کۆمەڵگە- سوێد
343-سەریاس ئبراهیم سەمین مامۆستا - رزگاری
344-کوردۆ محەمەد جاف تویژەری کۆمەلایەتی- سلێمانی
345-ئەمیر قادر - چالاکی مافی مرۆڤ- هۆڵندا پەروین محمەد قادر - هۆڵندا
346-هەنگاوە ئەمیر قادر هۆڵندا
347-شۆرش ئەمین - چالاکوانی مەدەنی - سلێمانی.
348-نامۆ مەجید. بەریوەبەری رێکخراوی csi
349-خالید سلێمان - نوسەر – سلێمانی
350-ئاسۆ وەهاب ئەحمد - چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی- گەرمیان
351-یونس ئەحمەد قادر- فەرمانبەر- سلێمانی
352-د. محەمەد رەفعەت (د.ئارام) – ئوستراليا
353-عەلی محەمەد ئەمین رۆژنامەنوس - سلێمانی
354-سیامەند مام غەفور - کارمەند – گەرمیان
355-سارا فایەق - فەرمانبەر- سلێمانی
356-کوێستان قادر سعید، ڕۆژنامەنووس سلێمانی
357-ژیان سعید چالاکی ژنان، نەرویج
358-روناک فەرەج رەحیم- چالاک وانی بواری ژنان- سلێمانی
359-محەمەد حەسەن- شانۆکار- کەلار
360-زارا حەسەن - شانۆکار- کەلار
361-نەجیبە مەحمود - چالاکوانی مافی ژنان- سوید
362-شاگوڵ عومەر - خوێندکار- سلێمانی
363-عەلی فەتاح مەجید ... رۆژنامەنوس- سلێمانی
364-عومەر فەتاح - وەستای کاشی – ماوەت
365-ئاسۆ قادر لەیل - مافناس- سلێمانی
366-کەریم حسێن ڕەشید شانۆکار --کەلار
367-ئەرسەلان ئەحمەد - فەرمانبەر- پیرەمەگرون
368-سەروەر عەبدوڵلا ئەحمەد - مامۆستا- سلێمانی
369-محەمەد عەشقی - شاعیر- کەلار

370-سۆران مەخموری - فەرمانبەر – کۆیە
371-سیڤان عومەرئیسماعیل - خوێندکاری خوێندنی باڵا پیرەمەگرون
372-ئیبراهیم زەریف سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگە باریزی گەرمیان
373-پشتوان عومەرخویندکاری زانکۆ . رزگاری.
374-کاوان عبدلله خویندکاری زانکۆ- رزگاری
375-قاسم حورشید کەسوکاری ئەنفالکراو
376-ئەحمەد جومعە لەدایک بووی دووبز لەشالاوی ئەنفالدا- رزگاری
377-ئەحمەدقادر کەسوکاری ئەنفالکراو - رزگاری
378-ئازاد عەتا تاقانەی ئەنفال – رزگاری
379-عومەر سۆفی شاعیرو هونەرمەند
380-سۆما جاف- شاعیر -
381-هیوای مەلا رەشید- مامۆستا- سەرقەلا
382-سمکۆ علی - کەسوکاری ئەنفالکراو
383-عومەر ئیسماعیل حەسەن - فەرمانبەر - پیرەمەگرون
384-خاتون سەعیدحەمە - ژنی ماڵەوە - پیرەمەگرون
385-زریان عومەر ئیسماعیل - خویندکار
386-زانیار عومەر ئیسماعیل - خوێندکار
387-ئامانج شێخ نوری- ئابوریناس وچالاکی سیاسی
388-پشتیوان عومەر خویندکاری زانکۆ
389-ئەحمەد جومعە لەدیک بووی دووبز لەشالاوی ئەنفال
390-قاسم خورشد کەسوکاری ئەنفالکراو
391-بابەکر درەیی - یاساناس و چاودێری سیاسی – سلێمانی
392-ڕوناک ڕەفیق - رۆژنامەنوس- سلێمانی
393-رێبوار ئەورەحمان رۆژنامەنوس- سلێمانی
394-یادگار عەبدوڵڵا علی - مامۆستای زانکۆی کۆیە
395-ئاسۆ ئەحمەد مەولود....بەکالۆریۆس- زمان وئەدەبی کوردی- زانکۆی سلێمانی
396-یادگار ئەورەحمان رۆژنامەنوس
397-دیلمان محەمەد سابیر – سلێمانی
398-ئاسۆ سەید مەجید- فەرمانبەر- چەمچەماڵ
399-بەختیار ئەورەحمان رۆزنامەنوس
400-کۆچەر رەشاد- فەرمانبەر- هەولێر
401-هونەرمەند حەمە ڕەشید هەرەس - کەنەدا
402-عیماد عەلی - رۆژنامەنوس- سلێمانی
403-سەرکەژ فرج محەمەد- مامۆستا-سلێماتی
404-سەلام فەتاح کەریم- سوید
405-داود محەمەد حسێن - نوسەر- سەرقەلای کفری
406-وریا قادر - هەڵسوراوی بزوتنەوەی گۆران- کەنەدا
407-ژیان صبری - مامۆستا- نەدا
408-یوسف حسکۆ بارزانی - خوێندکاری زانکۆ- هەولێر
409-مەلا بەهائەدین محەمەد – بەریوەبەری گشتی – سلێمانی
410-ئەدیب لەتیف – پارێزەر –سلێمانی
411-هیوا رەحیم محەمەد – فەرمانبەر- سلێمانی
412-تالیب محبَدین – فەرمانبەر – سلێمان
413-لەرێ جەمال – فەرمانبەر – سلێمانی
414-سوارە محەمەد فەرەج – فەرامنبەر – سلێمانی
415-بەختیار فەتاح – فەرمانبەر- سلێمانی.
416-ئامانج ئیسماعیل محەمەد – فەرمانبەر- سلێمانی
417-نەبەز عەبدول کەریم سەعید – پارێزەر – سلێمانی
418-ساماڵ عەبدولڕەحمان عەزیز – فەرمانبەر – سلێمانی

-419کەریم ئیسماعیل ئیبراهیم (مەلا نەوزاد) – پێشمەرگەی دێرین – سلێمانی
-420عومەر مەحمود محەمەد – فەرمانبەر – سلێمانی .
-421ئارام عومەر قادر – فەرمانبەر – سلێمانی
-422یەحیا صالح توفیق – فەرمانبەر – سلێمانی
-423کاروان عومەر کاکە ئەولا - یاسایی – سلێمانی
-424فەرهاد غەفور عەبدول – یاسایی – سلێمانی
-425گۆران مەجید – فەرمانبەر – سلێمانی
-426فەلاح مرادخان – پارێزەر – سلێمانی
-427سوعاد ئاورەحمان – توێژەری کۆمەڵایەتی – سلێمانی
-428سۆران رەوف عەلی – فەرمانبەر – سلێمانی .
-429رێبوار محەمەد میرزا- فەرمانبەر – سلێمانی
-430شنۆ نامیق محەمەد – فەرمانبەر – سلێمانی
-431شەهلا بەهادئەدین رەسوڵ – فەرمانبەر – سلێمانی
-432شادان صدیق حسێن- بەریوەبەری ئەنفال- سلێمانی
-433سەلوا حەمە مەحمود – فەرمانبەر- سلێمانی
-434درەخشان مەحمود محەمەد – فەرمانبەر - سلێمانی
-435حاجی ئەنوەر پێشمەرگەی دێرین و نوسەر- سلێمانی
-436ماکوان هەورامی، هونەرمەندو ڕۆژنامەنوس.
-437شەمیران سلیمان فەرەج -رێکخراوی پەرەپێدانی پەروەردەیی- رۆژنامەنووس
-438قمر فرحە - ژمێریار - کوردستانی رۆژئاوا
-439تارا علی عارف پارێزەر – سلێمانی
-440تاڤگە رۆف پارێزەر - سلێمانی
-441شۆخان حەمە رەشید- سلێمانی
-442دانا جەمیل - چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی _ سلێمانی
-443شلێر شەریف- رێکخراوی هاریکاری ژنان. سلێمانی
-444سمکۆ محمەمەد - ۆوژنامەنوس- هەولێر.
-445گوڵاڵە پشدەری- بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا بۆپشتیوانی تووشبووانی شێرپەنجە لەکوردستان- هۆڵەندا
-446بەختیارمستەفا قادر- رۆژنامەنوس – سلێمانی
-447شیلان فقی محەمەد(شیلان بیبانی) -ئەندازیار و نوسەر-هەولیر
-448کاروان عەلی - نوسەرو رۆژنامەنوس – خویندکاری دکتورا- سلێمانی
-449غەمبارجەباری- نووسەروروژنامەنووس-چەمچەماڵ
-450دلێر ڕەفیق ساڵەح - فەرمانبەر – سلێمانی
-451مەحمود عەلی (مەحمود نامۆ)- رۆژنامەنووس وخوێنکاری زانکۆ- کەرکوک
-452عەتا ئیبراهیم - گوندی ئۆمەربل
-453کاوە ئیبراهیم - گوندی ئۆمەربل
-454سۆران ئیبارهیم - گوندی ئۆمەربل
-455ئامینە حەمەد ملوان – هەولێر
-456یەحیا بەرزنجی رۆژنامەنوس – سلێمانی
-457موحسین ئەدیب - نوسەرورۆژنامەنوس - سلێمانی
-458هونەرمەندعومەر دەروێش- نەرویج
-459صلاح الدین عبدالحمید(م. صلاحی بەرلەمان) – کفری
-460عومەر حاجی عینایەت - نوسەر- هەلەبجە
-461عەبدوڵلا کەریم نەمەحمود نوسەرو ڕۆژنامەنوس
-462کنێر عەبدوڵلا - نوسەر- سلێمانی
-463دیار ئەحمەد- شاعیر - هەڵەبجە
-464ئەرسەلان مەحمود - رۆژنامەنوس - رانیە
-465شەهید ئیڤگین - سینەماکار – دهۆک
-466سەنگەر ئەحمەد عوسمان - بەریوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ- کۆیە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 524

# نا بۆ دەستگیرکرن و رفاندن و سزای سیاسی لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020312232484701

نا بۆ دەستگیرکرن و رفاندن و سزای سیاسی لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە
بۆ رای گشتی

-پەرلەمانی هەرێمی کوردستان
-حکومەتی هەرێمی کوردستان
-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
ـ نەتەوە یەکگرتوەکان

رۆژی 25ی 1ی 2015 ئاسایشی زاخۆی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان، (حەسەن ساڵح رەشید) ناسراو بە حەسەن زاخۆی دەسگیر کردوە. هۆکاری دەسگیرکردنەکەشی لەبەر ئەوەی کەسێکی چالاکی سیاسی و جڤاکیە و چ لەسەردەمی رژێمی سەدام و چ لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی هەرێمی سەر بەپارتی وەک کەسایەتیەکی ناڕازی و نەتەوەیی و دیموکرات دەرکەوتووە، هەربۆ دریژەدان بەهەمان کاروخەبات لە دوای ساڵی 2012 بەشداری کردوە لە کۆنفرانسی دامەزراندنی رێکخراوی هاولاتی ئازاد و یەکسان، پاشانیش لەگەڵ دامەزراندنی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان لەیەکەم کۆنگرەدا وەک ئەندامی سەرکردایەتی ئەو رێکخستنە هەڵبژێردراو، هەمانکات ئەرکی سەرپەرشتی دەڤەری بادینانیشی پێ سپێردراوە.

لەبەر ئەوەی هەڤاڵ حەسەن وەک بنەماڵە خەڵکی نیشتیمان پەروەرن ئەوەش وای کردوە کورەکانی هەڤاڵ حەسەنیش وەک چالاکوانی سیاسی و مەدەنی دەرکەون و زووش جیگای خۆیان لەناو خەڵک بکەنەوە، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی پارتی کورێکی لە دەڤەری بادینان راوبنێن و ئێستا وەک راگەیاندنکارێک لە دەرەوەی دەسەلاتی پارتی ژیان بگوزەرێنێ.

زیاتر لە هەفتەیەکە هەڤاڵ حەسەن لەدەستی ئاسایشی پارتیدایەو وەک ئاشکرایە بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی لەماڵەکەی ڕفێندراوە، ئاسایش وێرای نەبوونی بەڵگەی یاسایی بۆ دەسگیرکردنی، نە ئازادی دەکەن و نە زانیاریەک لەبارەیەوە دەدەنە خێزانەکەی و ناهێڵن نە پێخەف و ناخواردنیشی بۆ بچێ، هەر لە دوای دەستگیرکردنی نە 3 ڕۆژ هەر بە بریاری ئاسایشی پارتی دوکانەکەشی لە زاخۆ دادەخەن و نانی خێزان و منداڵەکانی دەبرن، و بەپێی قسەی خێزانەکەی تەنها کورێکی لە زاخۆ ماوە هەوڵی دەستگیرکردنی ئەویش دەدەن، بۆیە ئەو لە ئێستادا لە جێگەیەکی نادیار خۆی حەشارداوە،بەپێی زانیاریەکان حەسەن زاخۆیی لە یەکەم رۆژی ڕفاندنی مانی لە خواردن گرتوە. هەروەها ئاسایشی پارتی گوشاری لەسەر بنەماڵەکەی و منداڵەکانیشی دروست کردوە بۆ جێهێشتنی ئەو ناوچەیە.

ئەمە بۆجاری پێنجەمینە حەسەن لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە دەستگیر دەکرێت.

حەسەن تاونبارە بە مادەکانی پارتی:

-1بەردەوام لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن دایە و بەرەی خەڵکی هەڵبژاردوە.
-2کەسایەتیەکی نەتەوەییە کاتێک کوڕان و کچانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان شەهیددەبن حەسەن ئەچێ بەپیر تەرمی پیرۆزیان تا دەیگەیەنێتەوە دەستی بنەماڵی شەهیدەکان.
-3لەبەر ئەوەی ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرایەتی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستانە.

ئێمە وەک ئەم کەسایەتیانە بەتوندی هەر سزایەکی سیاسی و گرتنی حەسەن زاخۆیی و ئازادی و دیموکراتیخوازان لە هەر لایەن و دەسەڵاتێکەوە بێت، شەرمەزرا دەکەین و داوا دەکەین هەرچی زووە حەسەن زاخۆیی ئازاد بکرێت و قەرەبووی بکرێتەوە و بە هەموو شێوازەکان رێگا لە سزای س بگیرێت و هەر لایەنێک، دەسەڵاتیک ئەنجامی بدات روبەرووی دادگا بکرێتەوە.

کەسەکان:

1ـ محەمەد ئەمین پێنجوێنی سیاسەتمەدار
2ـ جەلال چوارتایی چاودیری سیاسی
3ـ سەلاح خدر ئاژانسی دەنگوباسی رۆژنیوز
4ـ د.محەمەد کیانی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق
5ـ بێریڤان محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان
6ـ د. کامەران بەرواری مامۆستای زانکۆ
7ـ د. فایەق گوڵپی پزیشک و چالاکی سیاسی
8ـ سەردار ستار چالاکوانی سیاسی
9ـ لەتیف فاتیح فەرەج نوسەر
10بەهار مونزیر چالاکی بواری مافەکانی ژنان
11ـ روناک ئەحمەد چاودێری کۆردۆساید کۆمیتەی ئەڵمانیا
12ـ عەلی مەحمود چالاکوانی سیاسی
13کەژال نوری چالاکی بواری مافەکانی ژنان
14ـ گۆنا سەعید چالاکی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان
15ـ لاوژە جەواد هەلسوراوی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان
16ـ نەجیبە قەرەداغی رۆژنامەوان
17شیروان شێروانی - روژنامەڤان - بادینان
18شەعبان زاخویی- چالاکڤانێ سیاسی - زاخو
19ـ عەباس بریفکی- چالاکڤانێ گەنجان- دهوک
20ـ ئەیهان سەعید- روژنامەڤان - دهوک
21ـ بەرەڤان عومەر- بێ کار – دهوک
22ـ بیلال سەنگەسەر چالاکوان
23ـ مەجید دلنیا ئوستراليا
24ـ ریبوار حەمید راگەیاند کار
25ـ هەژار کاکەیی پارێزەر و چالاکوان
26ـ هیوا ناسیح چالاکوانی مەدەنی
27ـ ئەمجەد حسین پەناهایی چالاکوانی مافی مرۆڤ
28ـ مەجید دلنیا نوسەر
29تارا حسێن جێگری هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی
30ئەرسەلان رەحمان ڕاگەیاندنکار
31ـ محەمەد عەبدوڵلا هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازاری
32ـ پەژمان ئیبراهیم چالاکی مەدەنی
33ـ ئارام هادی چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
34ـ ئاشتی عەزیز پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان
-35اسماعیل سعید محمد پەرلەمانتاری خولی پێشوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،
-36بابیز سابیر چالاکوان

-37پروا کامل عەتار هونەرمەندی شانۆکار
-38چالاک سدیق هونەرمەندی میوزیک
-39باییز عزیز چالاکوانی سیاسی
-40بەختیار سعید نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی شێوەکار
-41عماد علی لێکۆڵەری سیاسی و نووسەر
42زاهیر عەبەڕەش شانۆکار
43ژیان محمد پارێزەر
44۔ ئاری خالد حمید چالاکوانی سیاسی
45۔ خۆشی علی مامۆستا
46ژاڵە محمد مامۆستا
47۔ لوقمان حەسەن ئەندامی ئدەستەی بەریوەبەری تەڤگەری ئازادی
48۔ ڕێبین عومەر رۆژنامەوان
49بیوار رەشید رۆژنامەوان
50۔ رەوەز فەرهاد فەرەج خویندکاری ماستەر
51فەرهاد فەرەج چالاک و چاودێری سیاسیە
52کاردۆ فەرهاد فەرەج کارمەندی تەندروستی
53ڕۆژە فەرهاد فەرەج خوێندکاری زانکۆ
54۔ شیڤە فەرهاد فەرەج خوێندکاری زانکۆ
55۔ عەلی کەریمی – نوسەر
56۔ شۆرش مستەفا رۆژنامەوان
57۔ ئاسۆ جەوهەر رۆژنامەوان
58۔ جیهاد عەلی گولی- روژنامەڤان
59۔ فەتاح زاخۆیی چالاکوانی سیاسی
60۔ سەڵاح محمد هونەرمەندی شێوەکار
61۔ سەربەست خەسرە و عارف نوسەر و هونەرمەند
62۔ عومەر محەمەد ڕۆژنامەنووس
63۔ خالید مستەفی چالاکی مەدەنی
64۔ بەناز عومەر ئەحمەد چالاکوانی بواری ژنان
65۔ خویناو عوسمان چالاکی مافی ژنان
67۔ پەروین عەزیز چالاکی مەدەنی
68ئەحمەد میرە مامۆستای زانکۆ
69۔ عەزیز رەووف چالاکی سیاسی
70۔ فوئاد زیندانی رۆژنامەنوس و چالاکی مەدەنی
71۔ د شوان محەمەد چالاکوان ئەڵمانیا
72۔ عومەر حاجی میدیاکار
73۔ هەندرێن هەورامی رۆژنامەوان
74۔ ئەدیب لالۆ میدیاکار
75۔ زاهیر ئیبراهیم راگەیەندکار
76۔ م. کەلسووم حسێن چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
78۔ هێمن زاهیر چالاکی کۆمەلی مەدەنی
79۔ ئاکار بەکر حەسەن چالاکی کۆمەڵی مەدەنی
80۔ شۆرش سەرۆکی پیرەمەگروون، کارکیری ئەنجومەنی ریکخراوە مەدەنیەکان
81۔ سیروان عەبدولا بەرپرسی رێکخراوی را بۆ چاکسازی و بنیاتنان
82۔ ئەحمەد حەسەن زاخۆیی رۆژنامەوان
83سامی ڕێکانی – نوسەر و چاودێری سیاسی
84۔ جەمیل بەرواری – پارێزەر
85۔ بریندار زێباری – پێشمەرگەی کۆن
86۔ نزار بێجان نوسەر
87۔ موحسن عوسمان – پەرلەمانتاری بەغداد نوسەر

88ـ بەدەل بەرواری – بەرسی ڕێکخراوی پاڵ جاودیری سیاسی
89ـ نیاز عەبدوڵلا چالاکی مافی مرۆڤ
90ـ ئالا کەمال چالاکوانی مافەکانی ژنان
91ـ سەردار قادر مەحمود شاعیر و ئەندامی یەکێتی نوسەران
92ـ ئاوارە حسین مامۆستای زانکۆی هەلەبجە (ماستەر لە یاسای نیودەولەتی(
93ـ د. سالار باسیرە خاوەن بروانامەی دکتۆرا نوسەر
94ـ زۆسک چۆمانی - چالاک ورۆژنامەوان- چۆمان
95ـ پریار عبدالرحمن حسێن- رۆژنامەوان- رواندز
96ـ ئیبراهیم عەولا- چالاکی سیاسی - رواندز
97ـ نجات یوسف - راگەیاندنکار- سۆران
98ـ نجات یوسف - چالاکی مەدەنی - سۆران
99ـ ئەحمەد رەقیب – خویندکاری زانک
100ـ سنور کوردۆ- خوێندکاری زانکۆ
101ـ نەریمان ئەسعەد – خوێدکار و چالاکوان
102ـ جەواد نەورۆز – نووسەر و ماف پەروەر
103ـ بەهێز جەواد – چالاکوانی مەدەنی
104ـ د. رابیعە عەباس چالاکوانی سیاسی
105سەبری سلێڤانی – سیاسەتمەدار نوسەر
106ـ کاژاو جەمال رۆژنامەوان
-107شۆرش ئەمین چالاکی مافی مرۆڤ
108ـ نامۆ شەریف چالاکوان
109ـ هێرش عەبدوڵلا چالاکی سیاسی
-110سالار کوردۆ خوێندکاری پەیمانگا و چالاکی جڤاکی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 525

## نا بۆ موچەی نا دادپەروەرانەی خانەنشینی بۆ پارلەمانتاران و وەزیرەکان و سەرجەم پلە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130628211516897 72

بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان
پارلەمانی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
ئێمە ئەو کەس و لایەنانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە، دژ بە خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران و وەزیرەکانین بەو موچە زۆرەی بۆیان دیاریکراوە، پێمان وایە نوێنەرانی گەل نابێت موچەیان هەبێت بەڵکە لە پای کارەکەیان پێویستە پاداشت بکرێن بە موچەیەک بە پێی هێزی کرین ژیانێکی شەرافەتمەندانیان بۆ دابین بکات، خانەنشینکردنی پارلەمانتاران بە تایبەتی لە ماوەی 2 ساڵ وەک رویدا بۆ لاوەکانیان توێژێکی مشەخۆر لە کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنێت، ئەم نوێنەرانەی گەل لە جیاتی خزمەتکردنی کۆمەڵگا دەبنە بار بەسەر هاوڵاتیانی کوردستانەوە.
چ رەوای هەقە لە تەمەنی سەرەتای لاوێتیەوە تا مردن ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان کەسانێکی نا بەرهەم هێنەر بەو موچە زۆرەوە تا مردن بە سامانی گشتی بەخێوبکەین بە ناوی نوێنەرانی

گەلەوە.
داوا لە هەموو لایەک دەکەین دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بکەنەوە و ڕێگا نەدەن بەم شێوە نا دادپەروەرانەیە یاری بە سامانی گشتییەوە بکرێت.
داواکارین چاوێک بە موچەی خانەنشینی پارلەمانتارن و وەزیرەکانی خولەکانی پێشووی پارلەمان و کابینەکانی رابردووی وزارەتەکاندا بخشێنرێت ئەوانەی تەمەنیان کەمترە لە تەمەنی خانەنشینی لە حکومەت بە پێی ئەزمون و پسپۆری کاریان بۆ دابین بکرێت یاخود بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانی پێشویان و خانەنشینییەکانیان کۆتایی پێ بهێنرێت.
کەمپینی دادپەروەری لە موچە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 526

## نا بۆ ووتاری هەڕەشە و توندوتیژی و تۆقاندن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112134426845 95

بۆڕای گشتی...
کۆمەڵگای کوردی، چەندین ئاینی جۆربەجۆر و چەندین بیرکردنەوەی جیاوازی لەخۆ گرتووە. بەڵام، لەسەرووی هەموویانەوە، ئاینی ئیسلام، بەرفراوانترینیانە و بەهۆی فرهەنگی مێژینەی کوردیشەوە، خەڵک هەمیشە خۆیان لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک و ناکۆکییەک پاراسیووە. بەڵام، لەوەتەی پرۆسەی ئازادی لەکوردستاندا سەری هەڵداوە کۆمەڵێک بانگخوازی مسوڵمان، چ لەمیمبەری مزگەوتەکانەوە و چ لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە و چ لەڕادیۆکان و چ لەکۆڕو کۆبووەنوە و تەنانەت لەسایت و ماڵپەڕ و تۆڕەکانی فەیسبوکەوە، چەندین وتاری پر لە توندوتیژی و هەڕەشە و تۆقاندن بڵاو دەکەنەوە کە بووەتە مایەی دروستبوونی گرژیی ناو کۆمەڵگا و ناکۆکییان لەنوان خەڵک و بەتایبەت خێزانەکاندا ناوەتەوە. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و کۆمەڵگایان توشی دڵەڕاوکێ و ترس و دوودڵی کردۆتەوە. تەنانەت جۆرێک لەووتارخوێنەکان خەڵک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕادەربرین هان دەدەن و وێرای ئەوەی کێشەی زۆریان بۆ خەڵک ناوەتەوە و خەڵکیان بەیەکداداوە، لەجێگای خوداوە فەرمان دەردەکەن کەئەمە لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤی جیهانیدا یەک ناگرێتەوە و کوردستانیان کردووە بەسەردەمی دێرینی پێش زانست.
بۆیە لەسۆنگەی بەرپرسیارێتیمانەوە، داواکارین لەخەڵکی کوردستان، چ لەدەرەوە و چ لەناوەوە:
1-خۆیان لەناو ڕێکخراوێکدا لەژێر ناوی (نا بۆ ووتاری هەڕەشە و توندوتیژی و تۆقاندن) دا ڕێک بخەن.
2-بەووردی چاودێریی هەموو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ماڵپەڕ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و تۆڕەکانی فەیسبوک بکەن و هەموو ئەو دۆکۆمێنتانە کۆ بکەنەوە کە بوونەتە مایەی بارگرانی و نانەوەی کێشە لەڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا.
3-هەموو وتارخوێنی مزگەوتەکان، بەپێی یاسا چاک بکرێن و لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە ووتارەکانیان بدرێتێ و بێجگە لەو ووتارانە بۆیان نەبێت ووتاری سەربەخۆ بخوێننەوە.
4-تۆڕێک لە پارێزەر، ئامادە بکرێت و لەڕێگایانەوە کارە یاساییەکان بۆ داواکاری گشتی بەرز بکرێتەوە.
5-هەموو ئەوانەی دەیانەوێت و پێیان وایە کاتی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، بۆ چاکسازییەکانی کۆمەڵگا، هاتووە، ناوی خۆیان و ژمارەی پەیوەندی و ناونیشانەکانیان بۆ ئەم ئیمەیڵ ئەدرێسە بنێرن.
halmatgoran@yahoo.com
دەستەی ڕاگەیاندنی کەمپەینی (نا بۆ ووتاری هەڕەشە و توندوتیژی و تۆقاندن(

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 527
## نارەزاییی سەندیکای پارێزەکان لەبارەی هێرشی دوو پۆلیس بۆسەر پارێزەرێک و لێی دەدەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20150512150312121098



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 528
## نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان بەرهەق و ڕەوایە!
http://www.kurdipedia.org/?q=2015080810264769070

ماوەی چەندرۆژێکە لە چەندین شاروشارۆچکەی کوردستاندا نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە بەرامبەر کەمیی کارەباو نەبوونی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکاندا دەستی پێکردوە. لە هەندێ جێگا پۆلیس و دەزگا سەرکوتگەرەکانی حکومەتی بنکەفراوانی بۆرژوازی کورد پەلاماری خۆپیشاندەرانیان داوەو چەندین کەسیان برینداروو دەستیگرکردوە. شێوازی نارەزایەتی و دروشمەکان و دەربرینەکانی خۆپیشاندەران کە بەشێکی بەرچاویان لاوانن، ئاستی تورەیی ئەوان بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی بۆرژوازی "خۆماڵی" دەخاتەروو کە دوای زیاتر لە دوو دەیە سەرەتاییترین پێداویستی شاری و مەدەنی وەکو کارەبا، ئاوی خواردنەوە، ڕێگاوبان، فرسەتی کارو دابینبوونی ژیانی بۆ خەڵک فەراهەم نەکردوە .
دەسەڵاتێکی تاڵانچی کە ملیارەها دۆلاری بۆ خۆی و دەستەودایەرەکەی لە سەرمایەدارو دەوڵەمەندان لەسەر حسابی ژیان و گوزەرانی خەڵک کۆکردۆتەوە، بەڵام دەیان هەزار گەنج بێکارن و هیچ سەرچاوەیەکی ژیان و گوزەرانیان نیەو ئومێدیان بە ژیان و ئایندە بەرەو کوژانەوە دەبرێت!
دەسەڵاتێکی بێدەربەست و نا بەرپرس کە هەر رۆژە کێشەو گرفتێک بۆ خەڵک ساز دەکات و لەژێر دەسەڵاتی ئەودا لەم گەرمای هاوینەدا ئاوی خواردنەوەو کارەبا بوونەتە ئارەزوویەکی دوورەدەست بۆ هاوڵاتیانی کوردستان. دەسەڵاتێک کە بە هەموو بەش و پێکهاتە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەکەیەوە، خەریکی هەڵ لوشینی داهات و فڕاندنی پارووی دەمی خەڵک و ژیانی شاهانەی بەرپرسەکانیان، بەڵام هیچ باکیان بەوە نیە کە دەیان هەزار کارمەندی حکومی چۆن ژیانیان بەرێدەکەن و دەیان هەزاری دیکەش لە کەرتی تایبەتیدا بەهۆی وەستانی پرۆژەکان و قەیرانی ئابوریەوە چۆن نانی منالەکانیان دابین دەکەن !
خەڵک بە هەق لەم دەسەلاتە تورەن و مافی خۆشیانە کە بەوجۆرەی بۆیان دەکرێ و بۆیان گونجاوە

ئەو تورەییە نیشان بدەن. دەسەڵات و حکومەتێک کە خۆی ڕێگرە لەهەرجۆرە باشبوونێکی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵک، شایستەی ئەوە نیە بەرپرس بێت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خەڵکی کوردستان، بۆیە مافی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ئازادیخوازانی کوردستانە کەبیر لە شێوازێکی حوکمڕانی بکەنەوە تا لەگەڵ ئاوات و ئومێدو خواستەکانیاندا بۆ ژیانێکی یەکسان و ئارام و خۆشگوزەراندا بێتەوە. هەربۆیە مافێکی سروشتی خۆیانە کە یەخەی ئەم دەسەلات و حکومەتە بگرن و ئەم بێدەربەستی و بێمنەتیەی لێ قبوڵ نەکەن. هەرجۆرە هەوڵێکی دەسەڵات و دەزگا پۆلیسیەکانیشی بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی خەڵکی نارازی، ئەوەندەی دیکە بێگانەبوون و دژایەتی حکومەتی رەنگاورەنگی بۆرژوازی کوردی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ماف و ئازادیەکانیدا بەرجەستە دەکات و جێگای سەرکۆنەو ریسواکردنە لەلایەن هەر هێزو لایەنێکی سیاسی شۆرشگێرو سەرجەم جەماوەری ئازادیخوازەوە.

ئێمە لەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەپاڵ پشتیوانیکردن لە نارەزایەتیەکانی ئێستای جەماوەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان، هاوکات بە پێویستی دەزانین کە بۆسەرخستنی ئەم نارەزایەتیانەو گەیشتنی جەماوەری نارازی بە خواستەکانیان، ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەروو:

- 1 نارەزایەتیەکانی ئەم رۆژانەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان دژ بە نەبوونی کارەبا و خزمەتگوزاریەکان، بەشێک و گۆشەیەکە لە نارەزایەتیەکی گەورەو سەراسەری بەرینی کرێکاران و توێژە بێبەش و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان و جەماوەری ئازادیخوازە دژی نایەکسانی و ناعەدالەتی و بێمافیەکانی جەماوەر و پاوانکردنی داهاتی کۆمەڵگا لەلایەن دەستەیەک بەرپرس و سەرمایەداری تاڵانچی سەربە حزبە دەسەلاتدارەکان کە ژیانی خەڵکیان بەنادیار ورێکەوت سپاردوە!

- 2 ئەزمونی دەسەڵاتی حکومەتی بۆرژوازی کوردی بە دەسەڵاتی دوو حیزبی و فرەحیزبی بۆرژوازیەوە ئەوەی سەلماندوە کە ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان بێدەربەستەو بەبن بەست گەیشتوەو شکستی هێناوە لەدابینکردنی لانی کەمی ژیان و گوزەران بۆ خەڵک، لەکاتێکدا نارەزایەتیەکانیش رووبەرووی پەلامارو سەرکوتی دەسەڵات و حکومەت دەبنەوە، بۆیە تەنها رێگایەک کە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان ماوەتەوە تەنها نارەزایەتی و خەباتکردنە بەرامبەر بەم دەسەڵاتەو رێکخستن و بەرینکردنەوەی ئەو خەبات و نارەزایەتیانەیە بە ئاقارێک کە هێزی جەماوەری رێکخراو ببێتە فاکتەرێکی گرنگ لە هاوکێشە سیاسیەکان و ناوەندەکانی بریاردانی سیاسی لە کۆمەڵگادا .

- 3 لەسەر زەمینەی لاوازبوونی خۆشباوەڕیەکان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی و حکومەتی بنکەفراوان، دۆخیکی سیاسی تازە بۆ کریکاران و ئازادیخوازان و نارەزایەتیەکانیان هاتوەتە ئاراوە کە رێگاخۆش دەکات بۆ هاتنەمەیدانی بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی چینایەتی و جەماوەریی سەربەخۆو یەکگرتوو بەڕووی سەرتاپای هەلومەرجی سیاسی و ئابوری ئیستاو بەدژی دەسەڵاتی داسەپاوی 24ساڵەی بۆرژوازی کورد کەبەربەستە لەبەردەم بەدیهاتنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان. پاڵنەری سەرەکی بۆ هاتنە مەیدانی خەڵک، بەشداریکردن و کاریگەریانە لەسەر پریاری سیاسی و لە جومگەکانی دەسەڵات و ئیدارەی ژیانی سیاسی و ئابوری کوردستان و بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و پوچەڵکردنەوەی تەواوی ئەو سیاسەتانەیە کەلەسەرو ئیرادەی ئەوانەوە دادەڕێژرێت و یاری بە ژیان و چارەنوسیان دەکات.

- 4 بۆئەوەی خەبات و نارەزایەتیەکانی خەڵک بەسەرکەوتن بگات، دەبێ لەو حاڵەتەی ئێستای دەربچێت، هەم لەباری رێکخستن و یەکگرتوویی و یەکپارچەیی و سەراسەری بوونەوەی نارەزایەتیەکانەوە، هەم لەباری خواستەکانەوە، کە دەبێ هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەک ئامانجەکەی و خواستەکەی رۆشن و دیاریکراو بێت، هەم لەباری شێوازی نارەزایەتیەکانەوە، کە کام شێواز بگیرێتەپێش بۆ بەدیهاتنی ئەو خواستەی کە گروپێکی خەڵک هەیەتی بەجۆرێک کە بتوانێ جەماوەر بەشێوەیەکی فراوان، ژنان و پیاوان بەشداری تێدابکەن! بەداخەوە بەشێکی بەرچاوی خۆپیشاندانەکان لە تورەییەوە سەرچاوە دەگرن و بەشێوەی خۆرسک روودەدەن و هەر لەو چوارچێوەیەشدا دەمێننەوە. مانەوەی نارەزایەتیەکان لەم چوارچیوەیەدا لەلایەکەوە رێگا بۆ سەرکوتکردنی خۆش دەکات و لەلایەکی دیکەوە فرسەت بۆ هێزو لایەنە بۆرژواییەکانەوە دەرەخسێنێ بۆ بەکارهێنانی ئەو نارەزایەتیانە لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی خۆیان. رێکخراوبوون و رۆشنی خواستەکان و شێوازی جەماوەری هوشیارانەو شۆرشگێرانە رێگا لەوە دەگرێ کە خەباتی جەماوەر سەرکوت بکرێ یان بە لاڕێدا ببرێت!

حزبی کۆمۆنیستی کریکارایی کوردستان بەتەواویی تواناوە بۆ ریکخستن و سەرخستنی داواکاریەکانی ئەم نارەزایەتیانە لە مەیداندایە و هەنگاو بە هەنگاو بۆ یەکگرتووکردنی نارەزایەتیەکان و بە ئاکام گەیشتنی داواکاریەکان و دورخستنەوە یان لە هێرشەکانی دەسەلات و چەواشەکاری هەلپەرستە سیاسیەکان تیدەکۆشێت.
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
6-8-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-•زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 529

## ناسنامەی شێخ محەمەدی خاڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015030523014561905



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 530

## ناسنامەی شێخ مەحمودی حەفید

http://www.kurdipedia.org/?q=20150125155100119036



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 531

# نامە و پڕۆژەکەی بەهرۆز گەلالی بۆ یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031914440484920

بۆ بەڕێزان : کاک نۆشیروان،هێرۆخان،کاک کۆسرەت،مەلا بەختیار
سڵاوێکی گەرم
بەهیوای خۆشی و شادیتانین
هەموومان دەزانین کە بارودۆخی کوردستان ئەمڕۆ بە قۆناغێکی زۆر ناسک و هەستیاردا تێدەپەڕێ. میللەتەکەمان بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەکێتی و تەبایی و برایەتی نێوان لایەنەکانی هەیە. بەتایبەتیش ئەو لایەنانەی کە لە هەموو رووێکەوە لەیەکتری نزیکن. دیارە یەکێتیی و گۆڕان – یش لەگەڵ یەکتری کۆرپەیەکی غەریب نین..
ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتوە لە موجامەلاتی یەکتری دەربچین و جەسارەت بکەین، وە بڕیارێکی مێژووییانە بدەین.ئەویش هەوڵدان بەرە و(پرۆسەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گۆڕان و ئاشتکردنەوەی هەموو یەکێتییەکان)،واتە پرۆسەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان و ئاشتکردنەوەی هەموو ئەو هەڤاڵانەش کەڕۆژێک لەڕۆژان لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاریان کردووە و هێنانەوەیان بۆناو ماڵە گەورەکەی یەکێتیی.ئەم ماڵەی کە سەرکردەی مەزن و ڕابەری گەورەمان جەنابی مام جەلال و هەڤاڵەکانی دروستیانکرد.
هەڤاڵانی بەڕێز
کاتی ئەوەیە موبادەرەیەکی مەزن و گۆڕانێکی گەورەو وکارێکی وا بکەین گۆمەکە بهەژێنن و دڵی میللەتەکەمان و جەنابی مام جەلال، خۆش بکەین. ئەم لێکترازان ولێک دورکەوتنەوەیە لەیەکتری، باکۆتایی پێ بێنین. هەوڵی جدی بدەین، هەنگاوی عەمەلی بهاوێین، بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی یەکێتی و گۆڕان و کۆتایی هێنان بەم لەیەک ترازانەی کە بەداخەوە لەڕابردو ڕویدا، بەڕاستی کاتی هاتوە. ڕونیشە،مرۆڤی سیاسی گەورە،دەبێ بتوانێ کێشەی سیاسی گەورەش چارەسەربکات.
ئیتر هەمووتان دەخەمە بەردەم مەسئولیەتێکی مێژوویی زۆرگەورە. بەتایبەتی کاک نەوشیروان جەنابتان، دڵنیام کە ئێوە هەمووتان بڕیاردەری بڕیاری ڕۆژە سەختەکان و ناخۆشین.وە خوێندکاری قوتابخانەی ئەوسەرکردە گەورە و مەزنەی کەزیاتر لە65 ساڵی تەمەنی خۆی خستە خزمەتی کوردو کوردستان و هەمولایەک،کە ئەویش مام جەلالی پێشمەرگەو هەڤاڵ و سەرۆک و ڕابەرمانە.
یەکێتی و گۆڕان هەردولامان دوو جۆگەلەی یەک کانی و یەک سەرچاوەی سیاسین.ئیتر بەهیوای هیمەت و هەوڵتانین، مێژووش رەحم بەکەس ناکات،دڵنیام تەنیا دەستخۆشی لەو دەستوپەنجەو پێنوسانە دەکات کە یەکەم بەیانی یەکگرتنەوەی یەکێتی وگۆڕان دەنوسنەوە. پشتیوانیش لەئێمەو هەموولایەکمان،لەهەرکوێیەک پێویستی بکات،ئامادەین بۆهاوکاریکردنتان وپشتیوانیکردن لەم پرۆسەیە.
بۆ ئەم مەبەستەش بەندە ئەو پێشنیارەم کردووە و پرۆژەیەکم نوسیوە،لەگەڵ ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتانی دەنێرم. هیوادارم وەک دەستپێک،سودی بۆ پرۆسەکەمان هەبێت،(پرۆسەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی وگۆڕان وئاشتکردنەوەی گشت یەکێتییەکان....(
هەڤاڵتان بەهرۆز گەلالی ئەنکەرە 14-3-2015
)پرۆژەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان و ئاشتکردنەوەی گشت یەکێتییەکان(
قۆناغی یەکەم: بڕیار و جەسارەت
-1دەستکردن بەگفتوگۆی چڕوپڕ لەنێوان هەردوولادا،بۆ هەنگاو نانی عەمەلی، وەچۆنیەتی هەنگاونان بۆ یەکگرتنەوەکەیەکی پتەو،وە لەسەربنچینەی چاکسازی لەهەموو جومگەوبوارەکاندا.
-2ڕاگرتنی هەموو جۆرە پرۆپاگەندە و دژایەتیکردنێکی یەکتری لەهەردوولاوە.وە خۆشکردنی بنەماو زەمینە ئامادەکردن بۆ گفتوگۆیەکی مەسئولەنەو دۆستانەو هەڤالانە، لەنێوان هەردوولاداو یەکخستنی گوتاری ئیعلامی.
قۆناغی دووەم: هەنگاوانی جدی وعەمەلی
-1یەکخستنی هەڵوێستی سیاسی لەبەرانبەر ناوخۆ،بەغدا،دەروجیران ودەرەوە.وە لەسەر هەموو ئاست و هەموو جۆرە بابەتێکی: سیاسی،ئابووری،نەوت وگاز،بازرگانی،ئەمنی،ئیداری، دارایی.... هتد.
-2یەکخستنی هەردوو فراکسۆنی پەڕلەمانی یەکێتی و گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان وپەرلەمانی بەغدا.هەروەک یەکخستنی فراکسیۆنی هەردوولادا لە ئەنجومەنی پارێزگاکان.

-3یەکخستنی ئیرادەو و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان لە سۆنی سەوزدا لەنێوان هەردوولادا بەبێ جیاوازی.
قۆناغی سێیەم : بەرەویەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان
-1ئیمزاکردنی پلاتفۆرمێک لەنێوان سەرکردایەتی هەردوولادا،بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیەو ئیدارەدانی هەردوولا تا کۆنگرە.
-2دروستکردنی کۆنسەیەکی هاوبەش بۆ سەرکردایەتیکردنی یەکێتی و گۆڕان تا کۆنگرە.
-3زەمینە خۆشکردن و خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی هاوبەش لەنێوان یەکێتی و گۆڕان و ئاشتکردنەوەی هەموو یەکێتییەکان و ئەو ڕێکخراوە دیموکراتخوازانەی تریش کە دەیانەوێ بێنە ناو ئەو پرۆسە نوێیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گۆڕان.
بەهرۆز گەلالی ئەنکەرە 14-3-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 532

## نامەکانی مەسعود محەمەد بۆ عەبدول رەقیب یوسف 1983

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126012944119048



چەند نامەیەکی مەسعود محەمەد بۆ عەبدول رەقیب یوسف 1983

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری بڵاوکراوە: | ✒دەستنووس |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 533

## نامەکەی خالیدی کوری وەلید کەبۆ پاشای مەرگە و قەڵادزێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20130529205400078413

)قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّـهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّـهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ ﴿29﴾) سورة التوبة
لە خالیدی کوری وەلیدەوە، سەرلەشکری سوپای عەرەبی ئیسلام، بۆ سوپا سالاری کوردان، فروخ پاشا. بە باشی دەزانم ئاگادارت بکەمەوە بە کوێستان و قەڵای پتەو و سوپاکەت لە خۆت بایی نەبی. لەشکرو سوپای تۆ لە لەشکرو سوپای هەرقلی ئمپراتۆری رۆم و سوپا زەبەلاحەکەی فارس زیاتر نیە. تۆدەزانی چیمان بە کوردەکانی دیاربەکرو موسل و هەولێر و کۆیەو تکریت کرد! ماڵ و منالیان بوون بەغەنیمە و دەستکەوتی شەڕەکانمان. وازتان لێ ناهێنین تا دەتانکەین بە موسڵمان. یان بە سەرشۆڕیەوە،جزیەمان دەدەنێ. ئەگەر رازیش نابن بە جزیە؟ ئەوا شەڕتان لەگەڵ دەکەین. گەنجەکانتان بێ سەر دەکەین و ژن و ماڵ و منداڵتان دەبەین بۆ خۆمان. حوکمی

اڵڵەتان لەسەر جێبەجی دەکەین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 534

## نامەکەی ئەحمەد تورک بۆ جەلال تاڵەبانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042516360675981

گەورەی هێژا، زۆر بەڕێز سەرۆک کۆماری عیراق مامی گەلی کورد... مام جەلال مامی من..
لەقوڵڵایی دڵمەوە سڵاو و رێزی خۆمت ئاڕاستە دەکەم
بە زیاتر لە نیو سەدە خەبات لەپێناوی ئازادی و ئاشتیدا لەدڵی میللەتی کورددا جێگەی خۆت کردۆتەوە.
خەباتی ئاشتی و ئازادیی میللەتی کورد، ئەمڕۆ پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. کوردەکان خەبات دەکەن بۆ ژیانەوەو مانەوەی خۆیان، ئەوەتا ئەمڕۆ پێویستمان بە ئەزموون و رێنماییە بەرفراوانەکانی تۆیە، چونکە جەنابت ژیان و عەقڵ و دانایی خۆت بۆ ئازادی گەلی کورد تەرخان کرد .
لەم قۆناغە مێژووییەدا، ئومێد دەخوازم و باوەڕیشم وایە جارێکی دیکە بە تەندروستییەکی باش دەگەڕێیتەوە ناومان و دەبیتەوە رێنیشاندەری هەموومان. لەو قۆناغەدا کە لەژێر چاودێری پزیشکیدا بوویت، من و هاورێکانم بەردەوام پرسیاری تەندروستی جەنابتمان لە کاک بەهرۆز کردووە. لەم رۆژانەی دواییدا هەواڵی تەندروستی جەنابت و بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکەمان پێگەیشت. ئەمە گەورەترین بەختەوەرییە بۆ من .
ئێمەش و هەموو میللەتی کوردیش دەست بەدوعاین بۆ جەنابت. هیوادارم بە زووترین کات بگەڕێیتەوە ناو خانەوادەو میللەتەکەت، کە تێکۆشانێکی گەورەت لەپێناویدا کردووە. هەموومان چاولەڕێین. چرکە بە چرکە کات دەژمێرم بۆ ئەوەی دەستە موبارەکەکانی تۆ ماچ بکەم.

ئەحمەد تورک
سەرۆکی شارەوانی گشتی ماردین

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 535

## نامەی بۆردی دامەزرینەری ناوەندی سێکولار لە کوردستان بۆ لیژنەی نوسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061813471585574

راگەیاندنی ناوەندی سێکولار لە کوردستان سەبارەت بە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان
رەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە خراوەتەڕوو و ئێستا کاردەکەن بۆ هەموارکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ راپرسی، نەیتوانیوە بنەمایەک بێت کە ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکات و چوارچێوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوانەشی دانەناوە بۆئەوەی سیستەمی سیاسی و دادوەری و پەروەردەیی لەسەر بنەماکانی مافە جیهانیەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنە زانستیەکان لە بواری بەڕێوەبردن و جیایی ئاین لە دەوڵەت و بەشداری فراوانی جەماوەر لە یاسادانان و بەڕێوەبردنی لەسەر دابمەزرێ.

هەربۆیە ناڕەزایەتی چین و توێژ و حزب و ڕێکخراو و کۆڕ و ناوەند و کەسانی ئازادیخواز و یەکسانی خوازی لێکەوتۆتەوە، ناڕەزایەتی سەبارەت بە سیستەمی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، دەوری ئاین لە دەستوور و یاساکان، بەرتەسکردنەوەی ئازادی بیروراو و ئازادیە سیاسیەکان و ئازادی حزب و ڕێکخراوەکان، پێشێلکردنی مافی ژنان و منالان و کرێکاران و فەرمانبەران و توێژە کەم دەرامەتەکان، لەبەرچاونەگرتنی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان و بریاردانی لە چارەنوسی سیاسی کوردستانداو هتد ...

ئێمەش خۆمان بەبەشێک لە و ناڕەزایەتیە پێشکەوتنخوازانە و ئازادیخوازانەیە دەزانین کە ڕەخنەمان لەم ڕەشنوسەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەیە و ئامادەی کارکردنین لەگەڵ ئە و لایەنانەی کە خوازیاری گۆڕینی ئەم ڕەشنوسەی دەستوورن بە و شێوەیەی کە زۆرترین ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکات و ببێتە بنەمای دامەزراندنی سیستەمێکی ئازاد وسێکولار و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان. پێویستە لەلایەن دەزگا دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەوە پێش لە راپرسی پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور بکرێتە پرۆسەیەکی ئازادانە کە بەشداری فراوانی خەڵک مسۆگەر بکا و هۆیەکانی راگەیاندن فەراهەم بکرێت بۆ بەشداری جەماوەر لەم پرۆسەیەدا .

ئێمە وەک ناوەندی سێکولار لە کوردستان ئەوەندەی پەیوەستە بە ئامانج و کاری ئێمەوە، ڕەخنەی خۆمان سەبارەت بەم ڕەشنوسە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەوە ڕوو :

یەکەم: پرۆژەی یاسای دەستووری هەرێم لە ماددەی سێیەم پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "گەل سەرچاوەی دەسەڵات"ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەل یان نوێنەرەکانی هەم یاسادانەرو هەم دەسەڵاتی جێبەجێکار پێکدەهێنن. بەڵام ئەم مادەی سێیەمە بە ماددەی شەشەم لە پرۆژە یاساکە پوچەڵ دەکرێتەوە، بە و پێیەی کە ماددەی شەشەم پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە "بنەماکانی شەریعەی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان" و "نابێ یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام."

هەربۆیە ئێمە پێمانوایە کە دەبێت ئەم ماددەیەی شەشی دەستوور لە دەستووری هەمیشەیی هەرێم لابرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

ئە و ماددەیەی کە دەڵێت "بنەماکانی شەریعەی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکي یاسادانانە و نابێ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام" ناکۆکە لەگەڵ ئە و ماددەیەی کە دەڵێت "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە" چونکە لەوەی پێشەوە ئاین دەبێت بە سەرچاوەی یاسادان لەوەی دواتریش گەل دەبێت بە سەرچاوەی یاسادانان .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە مانای ئەوەیە کە هەرچی فەقیهە موسڵمانەکان لە ماوەی 1400 ساڵی رابردودا وەک فەتواو یاسا بەرهەمیانهێناوە و وەک یاسا دەریانکردوە دەبێت ببێت بە سەرچاوەی یاسادانان لە ئەمڕۆ و دواڕۆژی هەرێمدا. ئەمەش لەگەڵ سروشتی گەشە و گۆڕاوی کۆمەڵگەکان نەک یەکناگریتەوە بەڵکو دژایەتی دەکات .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە مانای ئەوەیە کە هاوڵاتیان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت بەڵکو لەسەر بنەمای موسڵمانبوون و ئێزیدیبوون و کرستیانیبوون و کاکەییبوون و شەبەکیبوون سوننیبوون و شیعیبوون مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەمەش پێچەوانەی ئە و بنەما سەرەکییەی دەوڵەتی مەدەنییە کە پێداگری لەسەر یەکسانبوونی هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا دەکات .

کاتێک کە بنەماکانی شەریعەی ئیسلام دەکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ یاسادانان ئەوە نایەکسانی ژن و پیاوی لێدەکەوێتە چونکە ژنان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی مافی یەکسانیان نە لە میرات نە لە شایەدی نە لە مارەبڕین و ژیانی خێزانی نییە. ئەمەش پێچەوانەی ناوەڕۆکی ماددەی بیست و بڕگەکانی پرۆژە یاساکەی دەستووورە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە "پیاو و ژن بەرامبەر بە یاسا وەک یەکن"، یان ئەوەی دەڵێت "حکومەت هەوڵدەدات هەموو کۆسپێک و ڕێگرییەک لە ڕێگای یەکسانیی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ئابورییەکاندا لابەرێ". لەڕاستیدا دانانی شەریعەتی ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی یاسادانان راست پێچەوانەی ئەم ماددەیەیە و دەبێتە کۆسپێک لەپێش گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە هەموو ئە و بوارانەی کە ماددەکەی ئاماژەپێکردوون .

بەپێی ئە و خاڵانەی سەرەوە دانانی شەریعەتی ئیسلام بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان پێچەوانە و دژ بە مافە جیهانیەکانی مرۆڤە و پوچەڵ کردنەوە و پێشێلکردنی ئە و مافانەی مرۆڤە کە

ئەم دەستوورە دانی پێداناوە .
دووەم: پرۆژە یاساکە هەر لە ماددەی شەشەم "دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستان."
ئێمە پێمانوایە کە ئەم ماددەیە دەبێت لە دەستووره هەمیشەیەکە لابرێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
هەرێم، وڵات یان دەسەڵات پێویست ناکات کە شوناسی هەبێت چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک لە یەک گروپی نەتەوەیی، ئاینیی، کەلتوریی پێکنەهاتووە. دانان بە هەر شوناسێک بۆ هەرێم مانای سەپاندنی شوناسێکی دیاریکراوە بەسەر ئە و گروپانەی کە شوناسەکە نایانگرێتەوە یان قەبوڵیان نییە .
دەوڵەت چوارچێوەیەکی یاسایی و دەزگاییە کەپەیوەندیی نێوان ئە و شوناسەجیاوازانە لەڕووی یاساییەوە و بەپێی ماف و بەرپرسیاریەت ییەک سانڕێکدەخات نەک دەزگایەکی خاوەن شوناس .
شوناسی کۆمەڵگەکان نەگۆڕ نین چونکە وەک سروشتی کۆمەڵگەکان لە گۆڕانکاری بەردەوامن بۆیە ناکرێت شوناس بۆ کۆمەڵگە لە گۆڕانهاتوو و فرە کەلتورییەکان جێگیر بکرێت و بسەپێنرێت .
دەستووری هەرێمی کوردستان دەبێت یەکسانیی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر یاسادا رابگەیەنێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ئاینیی، مەزهەبیی، بیرورا، بیرباوەڕ، جێندەر، نەتەوە و رەگەز و زمان.
سێیەم: ماددەی سییەم کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "نابێ حوکمەکانی باری کەسێتی پەیرەوانی ئاینێک لەسەر پەیرەوانی ئاینێکی دیکە بسەپێنرێت" وا دەردەکەوێت کە مافە ئاینییەکانی هاوڵاتیانی هەرێم دەپارێزێت بەڵام لە جەوهەردا کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئاین و ئاینزا لە یەک جیادەکاتەوە و لەبەرامبەر یاسادا نایەکسانیان دەکات. بۆنمونە چۆن دەکرێت موسڵمانێک ئەگەر دزی کرد ئەوە دەستی ببردرێت کەچی ئێزیدییەک ئەگەر دزی کرد ئەوە شەش مانگ زیندانی بکرێت. ئەمە نایەکسانی دەسەپێنێت نەک یەکسانی کە ئەرکی دەستوورە. بەم شێوەیە ئەم مادەیە شەریعەتی ئیسلامی و پەیرەوی ئاینە جیاوازەکان دەکات بەیاسا و هەموو هەموو بنەما مەدەنی و مۆدێرنەکان و یاسا مەدەنیەکانی باری کەسی دنیای ئەمڕۆ دەسڕێتەوە.
لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا پێویستە بنەماکانی یاساکانی باری کەسیی لەسەر پرینسیپە سیڤیل و مەدەنی و مافە جیهانیەکانی مرۆڤ دابنرێ و دووربن لە پەیرەوکردنی بنەماکانی هەر ئاینێک .
چوارەم: ماددەی نۆزدە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە نابێت "مزگەوت و کەنیسە و شوێنەکانی خواپەرستی بکرێنە گۆرەپانی چالاکی حیزبی و سیاسیی" کەچی شەریعەتی ئیسلام دەباتە نێو دادگاکان و دەیانکات بە بنەمای یاسادانان. ئەم ماددەیە تەواو ناکۆکە لەگەڵ ماددەی شەشەم. چونکە ئەگەر شەریعەت بکرێت بە سەرچاوەیەکی یاسادانان ئەوە دەبێت ئاسایی بێت کە مزگەوت و کەنیسە بکرێن بە شوێنی سیاسەتکردن. کاتێک کە بنەماکانی ئاینێک بکرێن بە سەرچاوە بۆ یاسادانان ئەوە هەر خۆی تێکەڵکردنی ئاینە بە سیاسەت، جا کە وایێت بۆ دەبێت شوێنی قسەکردن لەسەر ئاین لە کاری سیاسیی قەدەغەبکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 536
## نامەی بەهمەن قوبادی بۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا
http://www.kurdipedia.org/?q=2014100912254677737

ئەحمەد داوودئۆغڵۆ
سەرۆک وەزیرانی بەڕێزی دەوڵەتی تورکیا
لە چەند شەقاو نزیک سنوورەکانی وڵاتی ئێوەدا، یەکێک لە گرینگترین و مێژوویترین کارەساتەکانی ئەم دەیەی رابردوو خەریکە روودەدات. رووداوگەلێک کە هاوکات بووە لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکییەکانی ئێوە وەک سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی تورکیا و هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین کە داهاتووی سیاسی ئێوەش بێ شک بەم رووداوەوە گرێدراوە. بێ گومان، گرینگی ئەم رووداوە لە چارەنووسی سیاسی وڵاتی تورکیا و کەسایەتیی ئێوەدایە کە بەڕێزتانی هاندا چەند رۆژ پێش ئێستا، بە فەرمی رابیگەیەنن دەوڵەتی تورکیا بە هیچ شێوەیەک رێگە نادات کە شاری کۆبانی بکەوێتە دەستی داعشەوە. بەڵێی، باس لەسەر کۆبانی و کوردە بێتاوانەکانی ئەوێیە و رێک لەم کاتەدا کە من ئەم نامەیە بۆ ئێوە دەنووسم، دەیان کەس لە پیاوان و ژنانی کورد، سەربەرزیی و گیانی خۆیان ناوەتە لەپی دەستیانەوە و خەریکی داکۆکیکردنن لە مەتر مەتری خاکیی کۆبانی.
بەڕێز داوودئۆغڵۆ لەو کاتەدا کە داعش بە کردەوەی نامرۆڤانەوە پێی خستۆتە سەر گەرووی کۆبانییەوە و بە دڵرەقیی تەواوەوە دەیەوێت کە ئەوێی بکاتە کۆگایەک لە خاک و خۆڵ و خەڵکەکەی کوشتوبڕ بکات و ئەم خەڵکە بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان و شارەکەیان پێویستیان بە یارمەتیی نیزامی هەیە، هێزە نیزامییەکانی ئێوە لە چەند شەقام نزیک شاری بێتاوانی کۆبانی، بە کەرەستە و پێداویستیی تەواوەوە تەنیا چاو لە ڕووداوەکە دەکەن. لەبیرتان نەچێت پەیهاتەی ڕووخانی کۆبانی بە دەستی داعش، زیاتر لەو شتەیە کە بتوانرێت مەزندە بکرێت و بێگومان کاریگەری بەسەر ناوچەکە و وڵاتی تورکیاش زۆر بەربڵاوتر دەبێت. کەواتە هێزەکانی ئێوە چاوەڕێی چین؟ چاوەڕێی ژینۆسایدی تەواوی پیاوانی کوردی کۆبانی و بە دیل گرتنی ژنانی ئەم شارەن، تا لە کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە و تەقاندنیی چەند فیشەکێک بلًێین کە تەواوی هەوڵی خۆتاندا؟! داهاتووی سیاسی ئێوە لەم ساتە وەختەی ئێستادا دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. لە بیرتان نەچێت ئەگەر درەنگی ئێوە لە یارمەتیدانی کوردانی کۆبانی دەرئەنجامی تاڵ و قەرەبوونەکراوەی بە شوێنەوە بێت، نە تەنیا لە پێش چاوی خەڵکی دنیادا بەرپرس دەبن، بەڵکوو جگە لە کوردانی تورکیا و سەرتاسەری جیهان، بە خەڵکی مرۆڤدۆستی وڵاتەکەشتان، کە لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندییەکی ئینسانی و برایانەیان بەدەر لە سنوورە ساختە و جوگرافییەکاندا هەیە، دەبێت وڵامدەر بن. بێگومان ئەم رۆحییەتە جوامێرانە و داکۆکی لە رەگەزە نەتەوایەتییە هاوبەشەکان، لە ئێوەش و لە نەتەوەی تورکیشدا بوونی هەیە. هەر بەم هۆیەوە، لەوباوەڕەدام کە بایەخی ئەم یەکێتیی ئەخلاقی و ئینسانییە بە باشی هەستی پێدەکەن. لەبیرتان نەچێت، کوردەکان مومکینە لە لایەنی جوگرافییەوە نیشتمانێکی یەکپارچە و هاوبەشیان نەبێت و لە یەکتری دوور کەوتبێتنەوە، بەڵام تەنیا یەک رۆحن کە هەر بەشێکی لە شوێنێک بەجێیماوە. کوردەکانی کۆبانی مرۆڤن و سەد هەڵبەت دراوسێشتانن. چارەنووسی ئەوان لە ئێوە و ئەوانی دیکە و داهاتوو جوێی نییە. یارمەتیدانی کۆبانی یارمەتیدانی هەموو مرۆڤایەتییە و سەد هەڵبەت یارمەتیدانی خۆشتانە. چونکە لە سبەینێیەکدا کە زۆر دوور نییە و وڵاتی سەربەخۆ و تایبەت بە نەتەوەی کورد لە ژێر ئەم زام و ئێش و ئاور و خۆڵەمێشەدا سەرهەڵدەدات، خەڵکانی زامدار و یارمەتیدەر و یارمەتینەدراو، لە بیریاندەمێنێت کە چ کەسێک زیاتر لە هەمووان سارێژی برینەکانیانی دەکرد و داکۆکی لێدەکردن و چ کەسێک لەجیاتی یارمەتی تەنیا ریای کردووە. ئێستا بۆ هەمووی ئێمە کاتی کردەوە و نیشاندانی ئەو نییەتانەیە کە سەبارەت بەوان قسەکراوە. کاتژمێرێکی دیکە مومکینە بۆ هەمووان درەنگ بێت. ئەگەر تەنانەت رێزەیەک خەم لە دڵتان جێی خۆی کردۆتەوە، لەم هەمووە زامەی کە بەسەر جەستەی دەردەداری خەڵکانی بێتاوانی کورددا هاتووە، لانی کەم سنوورەکانتان بکەنەوە تا کوردانی بێئوقرەی نیشتمانەکەت تەنانەت بە دەستی بەتاڵیشەوە کە بکرێت خۆیان بگەیێنە کۆبانی تا دیسانەوە بۆ چەند هەزارەمین جار بە درێژایی مێژوو، شەڕەف و سەربەرزیی کورد لە داکۆکیکردنی بست بە بستی ئەو خاکەی کە تێدا ژیانی بەسەر دەبەن، بە خەڵکانی جیهان نیشان بدەن. بەڕێز ئەحمەد داوودئۆغڵۆ سبەی مومکینە زۆر درەنگ بێت. هەم بۆ کۆبانی و هەمیش بۆ ئێوە و هەمیش بۆ جیهان.
بەهمەن قوبادی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 537

## نامەی جەلال تالەبانی و چەند بەرپرسێکی یەکێتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150831102134684l6

ئەو نامانە بریتیین لەمانەی خوارەوە:
(1نامەی جەبار فەرمان بۆ جەلال تالەبانی1994 / 9 / 18
(2نامەی جەلال تالەبانی بۆ کۆسرەت رەسوڵ و جەباری 11/ 8 / 1966
(3نامەی بەهرۆز گەڵاڵی بۆ جەلال تالەبانی1995 / 2 / 19
(4نامەی عوزێر بۆ کۆسرەت رەسوڵ دەربارەی کوشتنی کەسێک 20 / 7 / 1995
(5نامەی شێرکۆ بێکەس بۆ خالید ناوێک داوای کارێکی نایاسایی لێدەکات 2 / 2 / 1994
(6نامەی جەلال تالەبانی بۆ کۆسرەت رەسوڵ و جەباری 14/ 8 / 1966
(7نامەی جەلال تالەبانی بۆ کۆسرەت رەسوڵ و جەبار، عومەر و هتد1965 / 9 /28
(8نامەی حاکم قادر بۆ مەلا یاسین1995 / 4 / 19
(9نامەی جەلال تالەبانی بۆ کۆسرەت رەسوڵ و جەباری 14/ 8 / 1966
(10نامەیەکی دیکە لەیەن بەرپرسێکی دیکەوە (هەر بەڕێزێک دەتوانێت ناوەکانی بناسێتەوە تکایە ئاگادارمان بکاتەوە.)
(11نامەی جەلال تالەبانی بۆ سەردار کازمی1966 / 8 /11
(12نامەی شێخ عەتا تالەبانی بۆ جەلال تالەبانی 26/ 6 / 1964
(13نامەی ئەحمەد شەریف بۆ جەلال تالەبانی 199428 / 6 /
(14نامەی جەلال تالەبانی بۆ کۆسرەت رەسوڵ و جەباری 14/ 8 / 1966
سەرچاوە: کوردستانپۆست

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 538

## نامەی دایکێک لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە بۆ کورە لە سێدارەدراوەکەی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122613594687070



سڵاو شەهید
سڵاو باهوز
سڵاو هەڤاڵ
سڵاو روڵە شیرینەکەی دایکت. ئەمڕۆ رۆژی لەدایک بوونتە. هەر ئەو رۆژەی کە خۆشیت خستە ناو دڵمان، هەر ئەو رۆژەی کە تۆ بویی بە کورە گەورەی دایکت. کورە جوانەکەم هەر لەم رۆژەدا بوو کە تۆیان خستە بەندیخانە.

ئەمانە بە باوەڕی خۆیان وایان دەزانی گەریلایەکیان لەبەند کردووە بەڵام نەیاندەزانی کە بیرو بۆچونت قەد زیندانی ناکرێت. کورە باڵا بەرزو و لێو بەپیکەنینەکەم. (54) رۆژە زەنگت بۆ دایە نەداوە. (54) رۆژە بەیانی باشت پێ نەگوتووم. ئەمڕۆ (54) رۆژ بە سەر شەهید بوونت تێپەڕ دەبێت و دایکت قەد باوەڕ ناکات کە تۆ ئیتیر نیت و قەدیش بە متمانە ناگات. چۆن دەزانی هەر چەند کە جەستەی نەرم و نیانت لەسەر زەوی نییە بەڵام بیرت، باوەڕت، رۆحت لەگۆشەو کەنارەکانی شاری سنە دەکەوێتە سەر ئاویەر.

سڵاو لەو کێوە بەرزە چۆن شانازیت پێوە نەکات، کاتێک لەدوایین نامەکەت هەڵی دەبژێری بۆ بە بیر هاتنی خۆت. لەو کاتەوە ناوی ئاویەرت بردووە بەرزتر بووە. پێشم وایێت ئەستوور تریش بووە. ئاویەر وا سەری بەرزە بە چی تر دانانەوێ چۆنکە بووەتە گۆلی بیرەوەری یەکانت.

رۆڵەی گەل و نیشتمان ئەی باهۆزی قارەمانم. جەلادەکان نەیانتوانی تۆ لەمن بگرن دەترسان لێت چۆن تۆ هەڤاڵ بووی، گەریلا بووی. لەباوەشی ئاویەر گەورە بووی. ئاوی کانیەکانی قەندیلت خواروەتەوەو بەرزیەکانی چیای شاهۆت تیپەڕ کردووە.

دایکت شانازیت پێوە دەکات لەناو گۆرانیەکانیان بوویت بە قارەمان. ئەو کاتەی تۆیان دەبرد ئێمە هەمووومان بووین بە ئاگر. هەندێکیشمان بووین بە گەریلا و زورتریشمان بووین بە شاعیر.

کورە باڵا بەرزەکەم جەلادەکان نەیان توانی تۆ لەبیرو باوەڕی ئازادی خوازی خۆت دووربخەن. کاتێک زیندان بە زیندان دەتیان گواستەوەو شار بە شار دەتیان برد لە پارچە کاغەزیک بو دایکت نووسی بوو : "بە دایکم بڵێن بوو بە زاوا. بڵێن تۆی نیشتمان ئامێزت کردوەتەوە تامنی زاوا لەئامێزی تۆدا خۆشترین شەوی ژیانم جەژن بگرم .

بە شاخ بڵێن برات زاوایە ئەویش وەکوو تۆ سەری بەرز دەبێت تۆ باشتر پەنام بیت بۆ ئەم ژیانە نووێیە."

زاوای کوردستان جەلادەکانی کۆماری سێدارە ئەو رۆژە لەسەر سێدارە راوەستابوون زۆر دەترسان دەیانزانی کەسێکی زۆر مەزنە ئەگەر باهۆزێکیش بڕوات باهۆزێکی زۆر گەورەتر پەیدا دەبێت .

)ئەی رەقیب) دەخوێنێت و لێو بە پێکەنینەوە دەڕوات بۆ سەر سێدارەو هەموویان دەترسان بەڵام ئەو هێشتا پێدەکەنێ چۆن دەیزانی هەڵهاتنی خۆر لەپێش هەموان دەبێت. ئازیزەکەم، باوانەکەم، شەهیدە بێ تاوانەکەم.

ئەوان نەیان دەزانی رۆحی تۆ لەناو خوشکەکان و براکانت زیندوو دەبێتەوەو هەر کامیان دەبنە باهۆزێک و دەڵێن :"ئێمە هەموومان باهۆزین " وە بیری ئازادی خوازی تۆ و رێگاکەت هەنگاو بەهەنگاو تێپەڕ دەکەین.

شێرە کورەکەم هەر چەند تەرمی تۆیان نەدایەوە بەڵام دەزانم لەهەر جێگایەک بیت خاک شانازی دەکات کە تۆی لەئامیز گرتووە.

تۆ شەهیدی شاری سنەی، شەهیدی نیشتمانی پر لەئیشەکەتی. دایکت شەهید بوونت بە دیاری دەبات بۆ هەموو هەڤاڵانت بۆ کوردستان چۆن تۆ تەنیا رۆڵەی من نیت رۆڵەی کوردستانی.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 539

## نامەی سمکۆی شکاک بۆ شێخ مەحموود

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112154947118750



بۆ حەزرەتی حوکمداری اعظمی کوردستان جەنابی شێخ مەحموود. ئەڤرۆ هەمی نیشان و توانایێ کوردستان بەر دەستی حوکمداریا تە دایە. بۆ تشتێ ئەم بێ ئەمری تە ناکەین. هەر تشتەکی بفەرمووی و بەرژەوەندی میللەتی کوردی تێدا بێت ئەم حازرن دەیکەین. ئەز ژ دەڤەرا خۆشناو ژ گوندێ بێتواتەم. من داوا دەکەم کە بێمە شاری سلێمانی هێندێک خەبەری کوردستانی ئێران بۆ جەنابی تە بێژم و حوکم کرانا ئیشی کوردستانی پێویست بە برادەری و دۆستیی ئینگلیسە.
ئیسماعیل شکاک
28-01-1923

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 540

## نامەی سێ زیندانیی گرتوخانەی محەتەی هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140209121716231129



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 541

# نامەی فتح الله گولەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141023172140117052

نامەی فتح الله گولەن سەروکی رێکخراوی خزمەت بو پێشمەرگە شەهیدەکان و لەشکەرەکانی سوپای ئێراق
ئیدانەی ئەو ستەمە وەحشیگەرانە دەکەم، کە لە لایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، بە خۆحەشاردان لە ژێر ناوی ئایندا ئەنجام دەدرێن. هاوکات دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو بانگەوازانەی لە
هەر چوار لای جیهانەوە دەکرێن بۆ کۆتاییهێنان بە کردە دژە مرۆڤایەتییەکانی ئەم رێکخراوە و راپێچکردنی بکەرەکان، لەزووترین کاتدا بۆ بەردەم دادگا.
هەموو جۆرە فشار، ستەم و هێرشێک بۆسەر کەسانی سیڤیلی بێتاوان بەتەواوی دژیەکە لەگەڵ بنەما
ئەڵماسییەکانی قورئان و سوننەتەکانی سەروەرمان)د.خ.(. شێونکەوتوانی)داعش(ئەگەر دەسکەلای
دەستی کۆمەڵێک هێزیش نەبن، ئەوا کۆمەڵە جاهیلێکن کە بە هیچ شێوەیەک کرۆکی ئاینی ئیسلام و
پێغەمبەرەکەیان نەناسیوە. بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەیکەن تیرۆرە و پێویستە هەر بەو ناوەش ناوزەد بکرێت.
ئامانجی ئاین بەدیهێنانی ئاشتییە لە سەرتاپای جیهاندا لەسەر بنەماکانی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ،
سەروەری یاسا و بەها بەرزە مرۆییەکان. هەموو لێکدانەوەکان بە پێچەوانەوەی ئەمەوە، بەتایبەت خراپ
بەکارهێنانی ئاین بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و پێکدادان دژیەکە لەگەڵ کرۆکی ئاین و بگرە
نیفاقە.
لە روانگەی بنەما سەرەکییەکانی فیکری ئیسلامەوە، ئەو رێگایانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ گەیشتن بە ئامانج،
دەبێت وەک ئامانجەکە رەوا بن. هەر بزووتنەوەیەک بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەوە بجووڵێتەوە، ئەوا (ماکیاڤێلی(یەتە.
بە بۆنەی ئەم رۆژە تاڵ و پر ئازارانەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم شەهیدانی
هێزەکانی پێشمەرگە و ئاکنجی تورکمان و سەربازانی سوپای عێراق دەکەم، کە لە بەرەکاندا گیانیان بەخت
کردووە. هاوسۆزی خۆشم دەردەبڕم بۆ گەلی کوردستان و عێراق، کە 9 بۆ 01 سەدەیە لەگەڵ گەلی
ئێمەدا وەک گۆشت و ئێسقان ئاویتە و تەواوکەری یەکدی بوون.
هاوکات سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم، کە لە عێراق و سوریا گیانیان لەدەست

داوە. بە تایبەتیش، کورد و عەرەب و تورکمان و ئێزیدی و نەتەوەکانی دیکە، بە سوننە مەزهەب و شیعە
مەزهەب و پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەوە، کە نەهامەتی دەچێژن لەدەست دێوەزمەی)داعش(. داوا دەکەم لە
خودای گەورە ئارامی و هێز ببەخشێت بە خانەوادە و خۆشەویستانیان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان.
نزاش دەکەم ئازاری بەم چەشنە نەچێژنەوە.
سەبارەت بە کۆبانێش، رۆژ بە رۆژ مەترسی لەسەر ئایندەی دانیشتوانە بێتاوانەکەی کە بە ژن و منداڵەوە
رژاونەتە سەرێ، دڵی مرۆڤ دەتەوسێننەوە. داوا لە زاتی خودای باڵادەست دەکەم کە کەسی ب کەسانە و
پەنای دەردەدارانە، چی زووە رزگاریان بکات لەو گێژاوی نەهامەتییە و هەمووومان لە جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و رێز و بەزەییدا کۆبکاتەوە.
هەموو لایەکیش بانگهێشت دەکەم)ئامین(بکەن بۆ ئەم نزایە.
فەتحوڵڵا گولەن

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 542

## نامەی ماڵئاوایی حەبیبوڵڵا گوڵپەری پور بۆ خانەوادەکەی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102810235288150

بە ناوی خوا
سڵاو
ماوەی چوار ساڵە بەتەواوەتی وەزەحمەتم خستوون. هیوادارم کە لەزەحمەتەکانم ببوورن. بۆ هەمووتان داوای سەرکەوتن دەکەم. بە دایکم بڵێن هەرکات دڵی تەنگ بوو دەتوانێ من لەئاوییەر ببینێ. من هەمیشە لە گەڵ ئەودا دەبم. کە وابوو با بیر لەمن نەکاتەوە. پێمخۆشە ڕۆژەکانی داهاتوو خۆشی بێت، منیش بە و جۆرە لەخۆشیدا دەبم. ئەگەر شادی منتان دەوێ کەوابوو ئێوەش دەبێ شاد و خۆشحاڵ بن .
باوکی خۆشەویستم سوپاس بۆ هەموو ئەو زەحمەتانەی لەگەڵ منت کێشا. لەوەی کە نەمتوانی کورێکی باش بم بۆت، داوای لێبووردنت لێدەکەم. بۆ هەموو خوشک و براکانم هیوای سەرکەوتن و باشترین ژیان بۆیان ئاواتەخوازم.
خوا بتانپارێزێ
حەبیبولا گوڵپەری پوور

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 543

## نامەی مەسعود بارزانی بۆ عیزەت ئەلدوری

http://www.kurdipedia.org/?q=2012052610194164884



لە بەڵگەنامەیەکی مێژوییدا کە لە ساڵی 1992دا بە دەستنوسی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ عیزەت دوری جێگری سەرۆکی کۆماری عێراقی ئەوکات نوسراوە.
لەم نامەیەدا دەردەکەوێت کە دوای راپەڕین پەیوەندی نێوان مەسعود بارزانی و بەرپرسانی بەعس نەپچراوە، کە بارزانی لە رێگەی ئەم نامەیەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی عیزەت دوری کردووە بە بۆنەی مردنی کەسێکی نزیکیەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 544

## نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ حەمەی کاک هەمزە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012030421082964369



برای بەڕیزم کاک محەمەدی کاک همزە
سلاوێکی گەرم هیوام خۆشی و بەختیاریتە
خۆت ئەزانی ولاتەکەمان بەرو کوێ دەڕوات ئەبێ هەمو دلسۆزەکانی میلەتەکەمان
هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئیتر توشی ناخۆشی و مەینەتی نەبین
ئیمە دلنیاین تۆ هەر پێشمەرگەکەی جارانی و هیوادارم لەو روەوە
هەرجیکت لە دەست بێ دریغی نەکەن
هەڵگری نامە بە ئیش و کاری یەکیەتی هاتۆتر خوارێ
هیوادارم ئەوپەڕی هاوکاری لەگەڵ بکەن یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی لە کارەکانی سەر کەوتوویێت.

دووبارە سڵاو هەربژی

نەوشیروان مستەفا.

28/1/1991

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 545

## نامەی هێمن بۆ سەید عەولای سەمەدی

http://www.kurdipedia.org/?q=201204232208576460
8



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 546

**نامەی هێمن بۆ عەزیز!**

http://www.kurdipedia.org/?q=201204232213146461



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 547

**نامەی وەزیری ناوخۆی سووریا بۆ جەلادەت بەدرخان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012080514535672055



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 548

**نامەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی بۆ پلینیۆمی 5ی یەکێتی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101214154288345

...

کویک ریسپۆنس کۆد:



بابەتی ژمارە: 549

# نامەی عیماد ئەحمەد لەسەر پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051311591776282

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان
دوای سڵاو
وەک روونە دووجار بەرەزامەندی و لەسەر داوای جەنابی مام جەلال و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیارێتی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمم لەکابینەی پێنجەم و حەوتەم سپێردرا، لەو پۆستەو تەواوی پۆستەکانی تر بەهاوکاری ئێوەو تەواوی ئەو ستافەی لەگەڵم بوون، بەجیدی کارم بۆ خزمەتکردنی دۆزی رەوای میللەتەکەم و بەدامەزراوەیی کردنی حکومەت و دەزگاکانی کرد، هەروا کارم بۆ خزمەتکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کرد، لەو سۆنگەیەوە کەیەکێتی کۆڵەگەیەکی سەرەکی کوردایەتی و هێزێکی بنەڕەتی پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستانەو پروام وابوو لەرێگەی خزمەتکردنی یەکێتیەوە هەمووومان خزمەتگوزاری گەلەکەمان دەبین و لەم قۆناغەشدا وەکو سەرەوەریەکانی رابردوو لەریزی پێشەوەدا دەبین.

ئێستا ئێمە لەبەردەم گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت داین، لەدواین کۆبونەوەی سەرکردایەتی پریاری ئەوە درا دوای وەرگرتنی بەرکەوتی شایستە بەخۆمان ئێمەش بەشداری حکومەت بین و جێگری سەرۆک وەزیرانیش بۆ یەکێتی دەبێت، لەم کاتەدا باسو خواسی ئەوە لەئارادایە کەکێ بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە دیاریدەکرێت، من لێرەوە بەئێوەی بەڕێزی رادەگەیەنم کەبۆ دیاریکردنی کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت دەستکراوە بن و کێمان بەشایستەزانی بەهەمووومان لێی دودڵ نەبین و منیش یەکەم کەس دەبم بۆ پشتیوانی هاریکاریکردنی، چونکە لای من داکۆکی بەرژوەندی باڵای خەڵکی کوردستان و یەکڕیزی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان گەورەترین و پۆست و داواکاریە.

براتان
عیماد ئەحمەد
12/5/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 550

## نامەیەک لە دایکی دوو شەهیدەوە بۆ دادگای تاوانەکان لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150322190207120584



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 551

## نامەیەک لە دوو کچی پاشماوەی ئەنفالەوە بۆ نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20130905172051921O3

ئێمە دوو وەکو دوو خوشکی پاشماوەی ئەنفال کە جگە لە باوەژنمان دەیان ئەندامی تری خێزانەکەمان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و خۆشمان گیرۆدەی دەستی دەستەڕۆیی و ژیانی کوللە مەرگین و رۆژگارەکانی ژیانمان لە ناحیەی رزگاری بە هەژاری و بەدبەختی بەسەردەبەین.
بەڕێزان... لە ژێر سایەی حکومەتی کوردیدا کە بودجەیەکی زەبەلاحی لەبەردەستدایە و کەم خێزان هەیە بەخێزانی موستەشار و کۆنە بەعسیەکانەوە لە و بودجەیە موچەی نەبێت، بەڵام ئێمە ئەم دوو خوشکە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە موچەکانمان پردراوە کە پێشتر هەریەکەمان موچەی مانگانەی 150 هەزاردینارمان پێدەدرا .
بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی.. ئێمە هەریەکەمان بە و 150 هەزار دینارە قانیع بووین، لەکاتێکدا 150 هەزار بەشی رۆژێکی خێزانێکی دەوڵەمەند و خۆپێداو ناکات کەچی حکومەت ئەو موچە کەمەشی پێرەوا نەبینین و بری.
لە چەند مانگی رابردووشدا کاتێک نێچیرەڤان بارزانی سەردانی کەلاری کرد خۆمان گەیاندە هۆڵی وەرزش و لاوان کە ئەو رۆژە کۆبوونەوەی لەگەڵ رێکخراوەکان هەبوو، بەڵام نەیانهێشت ببینین بەبیانووی ئەوەی موچەکانمان بۆ دەگێرنەوە، بەڵام دوایی دەستی دەستیمان پێکراو هیچیان بۆ نەکردین.
ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سوپاسی مامۆستا ئارام وەزیری شەهیدان دەکەین کە دوای پرینی موچەکانمان مانگانە لە نەسریەکەی پری سەد هەزار دینارمان پێدەدات، بەڵام داواتان لێدەکەین لە و بودجەیەی کە تەنها ئێمەی بەدبەخت و بەجێماو لەئەنفال لێی مەحرومین موچەکانمان بۆ ببەستنەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بە و موچە کەمە بەخێو بکەین.
)سارا قادرو ئەستێرە قادر(
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 552

## نامەیەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ نێچیرڤان بارزانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140619173655767742

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پیرۆزبایی لە خۆتان و هەموو ئەندامانی کابینەی نوێی حکوومەت دەکەم بەبۆنەی بەدەستهێنانی متمانەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و دەستبەکاربوونتان لە کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کورستان. هیوادارم لەم ئەرکە گرینگ و هەستیارەدا سەرکەوتوو بن و تواناکانتان بۆ خزمەتی گەل و وڵات بخەنەگەڕ.

ئێستا وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی تازەدا تێدەپەڕێت و ئەرکی ئێوەش گرانترە، داواکارم هەموولایەک هاوکار بن و لە ئاست راپەڕاندنی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە گرینگەدا بن کە ئەو قۆناغە نوێیە لێمان دەخوازێت. پێویستە بە یەک تیم و ڕۆحی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر گەل و نیشتیمانەکەمان کار بکەن و لەکاتێکدا بەردەوامیی بە هەنگاوەکانی کابینەکانی پێشووی حکوومەتی هەرێم دەدەن، هاوکات بۆ زیاتر پێشخستنی وڵاتەکەمان و دابینکردنی ژیانێکی ئارام و سەربەرزانە بۆ هاووڵاتییان، بە بەرنامەیەکی هاوبەش هەنگاوی مەزن بنێن.

هەر لێرەوە دەستخۆشی لە کابینەی حەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم و سپاسی ماندووبوونیان دەکەم، ئەرکی زۆریان کێشا و جێدەستیان دیارە.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

19/6/2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 553

## نامەیەکی ئازاد مستەفا بۆ ئەزمەڕ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140411213849100396



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 554

## نامەیەکی ئازاد مستەفا بۆ تەها

http://www.kurdipedia.org/?q=20140411213300700069

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 555

## نامەیەکی ئازاد مستەفا بۆ مامۆستا شێرزاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140325112937633806

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 556

## نامەیەکی ئازاد مستەفا بۆ مامۆستا شێرزاد 2

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327084931933078

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 557

## نامەیەکی ئازاد مستەفا بۆ مامۆستا هادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324115422599000



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی سۆسیالیستی کورد - پاسۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 558

## نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ مستەفا بارزانی لە 06-04-1963

http://www.kurdipedia.org/?q=20140609151527766628



سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2014-06-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 559

## نامەیەکی دڵشاد مەریوانی بۆ ئیسماعیل تەنیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20130605202307783500

04-04-1986

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 560

## نامەیەکی سەڵاح مەجید قادر حەمامچی لە زیندانی موسڵەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110708215317604431



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: موسڵ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 561

## نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر بۆ بەرپرسی دارایی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081409253267445



نامەیەکی شێخ مەحمودی نەمر کە بۆ بەرپرسی دارایی شۆڕشەکەی ناردوە کەلە و کاتەدا بارەگای شێخ مەحمود لەسەر سنوری ئێران ئێراق بووە وەک لە نامەکەدا دەر دەکەوێت شێخ مەحمود داوا دەکات کە هەواڵی دوژمن و حەرەکاتیان لە ناوشاری سلێمانی بۆ بنێرێت هەروەها داوا دەکات کە موچەی هێزەکان سەرف بکەن. بەڕێزان خۆتان دەتوانن خوێندنەوە بۆ نامەکە بکەن ئەم نامەیە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 85 ساڵ بەر لە ئێستا بۆ زانیاریتان مامۆستا ئەحمەد خواجە بەرپرسی دارایی شۆڕش بووە و لە هەمان کاتدا بەرپرسبووە لە کاری هەواڵگری.

داناز عەبدولرەحمان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 562

## نامەیەکی مستەفا بارزانی بۆ رەحیمی قازی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012062416320571177



25-02-1955

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 563

## نامەیەکی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ڕەحیمی قازی سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی مارکسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110810131526606 38



لەم بەڵگەنامە دەسنوسیەدا مەلا مستەفا بەرزانی پێی باش بووە کە کتێبەکانی مارکسیزم و لینینزم وەر بگێڕێنە سەر زمانی کوردی و ئامادەی هاوکاری دەر پریوە بۆ هەر کەسێک بتوانێت کارێکی وا بکات.
لەم نامەدا کە بۆ ڕەحیمی قازی ناردوە بارزانی نوسیویەتی (بۆ مەسئەلەی مارکسیزم و لینینزم تەرجمە بکرێن بۆ زمانی کوردی ئەوە زۆر باشەو لەوا باشتر نایێت(
مێژووی نوسینی ئەم نامەیە 1955/2/25
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە - حەسەنی قازی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 564

## نامەیەکی نهێنی شەهید بەکری دارتاش

http://www.kurdipedia.org/?q=20130519202107785 19



خێزانی زۆر ئازیزم / مناڵە خۆشەویستەکانم هیوام خۆشیتانە
.1من کەوتمە داوەوە بە هاندانی ( )، ( ) ئەوەی دیوارەکانی دوکانی بۆ رەسم کردین ئەو شاهید بوو بەسەرمانەوە، ئەمە بە شوێنی خۆی بگەیەنن.
.2من لە پیناوی نیشتماندا لە سێدارە ئەدرێم بۆیە داوا و تکام وایە جلی رەشم بۆ مەکەن چونکە پێمانەوە نایەت، رێکەی (تسجیل و رادیۆ و تەلەفزیۆن) لە مناڵەکان مەگرن بابەئارەزوی خۆیان بەکاری بهێنن، هیچ خەفەت بۆ من مەخۆن و ئاگاداری دواڕۆژی خۆیان بن، ئەوەی من ئەمەوێت تەواوکردنی قوتابخانەکانیانە.
.3هەوڵ بدەن ئەو شتانەی کە ئێستا ماون لە ماڵدا دوژمن ئەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت بۆ ماوەیەک پەرش و بڵاوی بکەنەوە تاکو بەردەستیان نەکەون، سەبارەت بە عەرزەکەی کە هەمانە من باسم نەکردووە ئێوەش تاکو وەزع بە بارێکدا ئەکەوێت باسی مەکەن کە وەزع کەمێک چاک بوو ئەو کاتە چیتان بەباش زانی وای لێ بکەن، ئەوەی لەسەرەتادا بووە هۆی توش کردنم (...............) بوو.
.4لەگەڵ سیروان لە دوکان شتم هەڵگرتبوو دەری بهێنن ئەگەر سودی هەبوو بۆخۆتان سودی لێ وەربگرن بە پێچەوانەوە بە ئارەزوی خۆتان، لە مخزن لە پشتی دەرگای سەرەوە بەینی دەرگا و تەبەدۆرەکە شتم هەڵگرتووە ئاگاداربن،ـــــ زۆر زۆر چاوی عبدللە ی برات ماچ ئەکەم لەگەڵ برا و خوشک و کەسەکانم، چاوی سیروان +شاخەوان+تۆڵە گیان + شێنێ ی خۆشەویستم ماچ ئەکەم شەوانە لە جیاتی من چاوی شیروان ماچ بکەن بەداخەوە ئەوەندە تەمەنم نەبوو تەنها جارێکیش لە باوەشم بگرتایە زۆر شانازی ئەکەم جێگام چۆڵ نی یە شانازی ئەکەم کە مناڵەکانم بونە مناڵی شەهید بەڵام داواکارم بە قسەی هیچ هاورێیەک نەکەونە داوەوە و سیقەیان زۆر کەم بێت.
لە کۆتایدا بە خواتان ئەسپێرم، ئێستا لە ژورێکی 2م × 2م پێنج کەسین من + کاک جبار + کاک عطا أحمد محەمەد + حمە رحیم + مامۆستا

أحمد چاوەڕوانی دوا ڕۆژی ژیانین(
سەرچاوە: ماڵپەڕیKNN

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 565

## نامەیەکی کارزان کەریم لە زیندانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20121031024577358 3



30-10-2012

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 566

## نامەیەکی کراوە بۆ کۆنسەی سەرکردایەتی کەجەکەو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150212105045847 58

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە هەستیارەی گەلەکەمانی پیا تێپەڕ دەبێ لەڕوی سیاسی و عەسکەریەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو هەمو قوربانیەی کوڕو کچانی گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان لە پێناو هێشتنەوەی سەلامەتی گیان و ماڵی هاوڵاتیانی باشور و ڕۆژاوا، بە هەستکردن بەو بەرپرسیارێتیەی تەواوی چین و توێژەکانی گەلی کوردمان لە باشور لە ئەستۆیەتی لەهەمبەر پاراستنی یەکریزی نەتەوەی و دانانی ڕێزو وەفا بۆ گیانی ئەو پێشمەرگەو گەریلایانەی لەبەرەکانی جەنگدا شەهید دەکرێن، وەک ڕێزو وەفایەک بۆ کەسوکاریان و دڵدانەوەیان لەوەی نەتەوەکەمان یەک نەتەوەیە گەرچی سنورە دەسکردەکان لێکیان داپریوین، بەڵام شەهیدەکانمان جا لەبەرگی گەریلادابن یان پێشمەرگە یان شەڕوان، هەر یەکەو هەر شکۆمەندن و تاجەگوڵینەی سەر سەرمانن. بۆیە بەباشی دەزانین پەیامێ ئاراستەی هاوخەباتانی گەلەکەمان بکەین لە ناو ڕیزەکانی کەجەکە لەوەی ئێمە بەیەکەوە جوانین و بەیەکیشەوە دەتوانین بە بەهێزی بمێنینەوە.
دەمانەوێ وەبیرتانی بخەینەوە سەرکەوتنەکانی کۆبانی دەسکەوتی یەکریزی و تەبایی و ئیرادەی پۆڵاینی گەلەکەمانە، ئێستا کە داعشی تیرۆریست تەواوی هێزەکانی بەرەو کەرکوک ئاراستە دەکا بە ئامانجی بەدیهێنانی خەونە گڵاوەکانی دوژمنانی کورد، ناکرێ هەنگاوی وا بنرێ بە ئاراستەی ترازانی سەنگەرەکان و هێزی بەرگریدا.
تیرۆریستان و دوژمنانی گەلەکەمان ئەمڕۆ لەهەمو کات زیاتر چاویان بڕیوەتە دروستکردنی کەلێن لەنێوانماندا، بۆیە پەیامی خۆمان ئاراستەی هەڤاڵانی کۆنسەی سەرکردایەتی کەجەکە دەکەین لەوەی داوایان لێدەکەین پاشگەزبنەوە لەهەوڵی کێشانەوەی گەریلاکان لە سەنگەرەکانی هێڵی بەرگری لە خاک و خەڵکی باشور و خوشکو برایانە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دژ بە دوژمنانی گەلەکەمان شانی مەردایەتی بخەنە ژێر باری ئەو ئەرکە مرۆڤی و نەتەوەی و نیشتمانیە.

ئێمەی کوردستانیانی باشور ئێوە بە کەسو کاری خۆمان دەزانین و ئێوەش لەماڵی خۆتان شەرەفمەندانە بەرگری دەکەن و کردوتانە، ناکرێ خوشک و براکانتان لەم وەختە تەنگاوەدا بەتەنها جێ بهێڵن، چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێنیتانین و دڵنیاین لە ئاست بەرپرسیارێتی مرۆیی و نەتەوەی و نیشتمانیدان.
هاوکات، داواش لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە دەکەین هەرچی زووە لەگەل فەرماندەیی هێزی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی گەل، فەرماندەییەکی هاوبەش و زمانحاڵیکی هاوبەش پێکبهێنن بۆ تۆکمەکردنی بەرەکانی شەڕ و پاراستنی گیانی پێشمەرگە و گەریلاو شەرڤانەکان.
)تکایە ناوی خۆتان و کارتان و شوێنی نیشتەجێبون بنوسن بە کۆمێنتێک، ئەوەش دەتوانێ با شەیری بکا تا زۆرترین ئیمزا کۆ بکرێتەوە..(
ئیمزاکان
-کەمال رەئوف
-نیازی حامد
-ڤیان مەجید
ئەوانەی تا ئێستا ئیمزایان بۆ ئەم کەمپینە کردوە،
.1شێرزاد عەزیز.. سەرنووسەری مالمۆکورد... سوید
.2ئازاد ئیبراهیم...ڕۆژنامەنووس...کوردستان
.3سەربەست محمد
.4هیمن بە رزنجی...هە لسوراوی گۆران.....ئە مریکا
.5کەیوان هەورامی... هەڵەبجە
.6محمد حمدامین هە ولیر
.7هانا عەلی، چالاکی بواری مافەکانی ژنان، کەنەدا
.8جەزا حەمەصاڵح والی/ توێژەری کۆمەڵایەتی / سلێمانی
.9یونس سلێمان ئەحمەد، ڕۆژنامەس
.10سە بری بە همە نی _ روژنامە نووس کوردستان
.11هاوکار حمە سعید. (بیشمەرکە. خویندکاری زانکۆ) کەلار
.12هەندرێن هەورامی/ ڕۆژنامەوان / بەلجیکا
.13جەبار عەزیز... ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاند
.14فەرهاد فەرەج عەبدولرەحمان... نەرویج
.15دیار عومەر کاکە -خوێندکاری دکتۆرا- بەریتانیا
.16رزگار ابراهیم خویندکاری زانکو. کوردستان
.17زاگرۆس ئەندەریاری - خوێندکار- سوید
.18عەبدولا ئە حمەد _روزنامە نوس
.19ڕوان باسل صابر
.20پێشمەرگە و خوێندکاری زانکۆ، شەقڵاوە
.21دانا سەعدی مەحمود - کارمەند - نەمسا
.22علی محمود،خوێندکاری زانکۆ،بەشی مێژوو،تەکێ
.23هاوکار... خوێندکاری ماستەر، باکوری کوردستان... وان
.24ئاریان محمد رۆژنامەنوس سلێمانی
.25ریژین جمال / ماموستا / سلێمانی
.26سۆران رەسوڵ- مامۆستا- سکۆتلەندا
.27ڕەشاد و کوردە.. هونەرمەند.. سوید
.28ئاریان مەحەمەد – خوێنکاری دکتۆرا- ئەمریکا
.29سەرهەنگ محەمەد /خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین- بەشی زمان / سەیدسادق- سلێمانی
.30ابوبکرصابر ئە لمانیا
.31ئازاد موکری دانیشتووی ئە مریکا ئازادی خواز
.32رۆستەم عەزیز...تانگەر
.33هێرش عەبدول... خوێنکاری دکتۆرا... ئەمریکا
.34ڕەوەند عمر جیهاد بەریتانیا ئازادی خواز

35.نەژاد نوری / سلێمانی
36.ئازادی خواز
37.رابەر رەشید- (پ.م)ی دێرین و سەرنووسەری پردێی ئازاد. کەرکوک- پردێ
38.مەریوان ئەخمەد... خوێندکاری ماستەر... ئەمریکا
39.ئاودێر حمەخان /مامۆستا/لندە ن
40.گۆران هەڵەبجەیی دانیشتووی دانمارک
41.بیلال ئەحمەد - قووتابی زانکۆ - هەولێر
42.سوران جاف- کاندیدی دکتورا/ امریکا
43.بختیار مغدید -هەولیر...رۆنامەنوس
44.شوان چاوشین... بەرێوەبەری کورد تیڤی... مەنەدا
45.خالید عومەر / چالاکی مەدەنی / ئەمریکا
46.دانا رەشید،ئەڵمانیا، کارگەر ی پۆست
47.د.محەمەد کیانی/ ئەندامی پێشوی پەرلەمانی عێراق
48.مەریوان بابان - ڕاگەیاندکار / سوید - یوتوبوری
49.أنور عپمان محمد/ مامۆستای زانکۆ
50.جەمال سەییدسادقی کەنەدا
51.بیلال سەنگەسەری بریتانیا
52.وەرزیر محمد/دەرچوی بەشی زانستەرامیاریەکان/هەڵەبجە
53.مــیران(شـارە زوریی) چالاکوانی مە دە نی بە ریتانیا
54.ناصر ئیمامی.هەولیر
55.مەهدی فەتاحی. ئەڵمانیا
56.هیوا کەریم، ئیرلەندا، میدیاکار
57.ئەحمەد ساڵح ئەحمەد، پارێزەر، کاندیدی دکۆرا،بەریتانیا
58.محسن علی احمد -زانکۆی پلیتەکنیکی سلێمانی - سلێمانی
59.ڕێبوار هەژار، ڕۆژنامەنووس، لەندەن
60.ڕێبوار شارەزووری بەریتانیا
61.لوقمانی حاجی کەریم/ نوسەر و ڕۆژنامەنووس/ بەریتانیا
62.فەرەیدون حەمەڕەشید / سویسرا
63.فریاد جمال بە ریتانیا
64.عوسمان محەمەد/خویندکار/بریتانیا
65.شـــالـــیـــار کوردۆ - خوێندکار - فـیـنـلـەنـدا
66.گۆران قادر- بەریتانیا- کاسبکار.
67.بیلال غفور رە حیم
68.شاری کایانی ولاتی فنلاند
00358465554741 .69یاسر گوڵی، ئاڵمانیا، هاوڵاتی
70.یاسر گوڵی، ئاڵمانیا، هاوڵاتی
71.سیامە ند حە مە شە ریف/ بە ریتانیا
72.صڵاح حەسەن ئەمین لە قەزای دوکان ـ فەرمانبەر
73.لوقمان موستەفا... دانیمارک
74.ئاوارە مجید
75.ئاکۆ صمد ـ سلێمانی
76.شکۆ عومەر/ شانۆکار/ کەرکوک
77.مشەخت دهوکی /پێشمەرگەی دێرین / دهوک
78.فە رهادە عوسمان
79.دڵشادهەرتەلی/رۆژنامەنووس/هەولێر
80.رەنج ساڵەیی - رۆژنامەنوس - ئاژانسی هەواڵو ردیۆ ناوخۆ
81.ئاسۆ هاشم..باریزەری راویزکار و رۆزنامەنوس
82.زانا احمد. سلێمانی. کاسب
83.ابراهیم محمد فرج / مامۆستا / سلێمانی

84.دانا علی فه رمانبه ر ڕانیه
85.کارۆخ محمد حمد - مامۆستای زانکۆ - هەولیر
86.د.ڕێبوار کریم محمود_مامۆستای زانکۆ_سلێمانی
87.دلشاد علی حمە- فەرمانبەر-سیدصادق
88.ئازار سه رچاوی- قه ره داغ
89.عومەر شیرەمەڕ
90.هوگر عمر احمد. خویندکاری ماستر لەزانستی سیاسی. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
91.احمد ره حیم فره ج. کاسب
92.لەتیف حسین- نووسەرو رۆزنامەنوس- سلێمانی
93.ئەیوب حسین قادر،ئەفسەر،کەلار
94.یونس سیڤەر رۆژنامەنوس هەولێر
95.ئاودیر شیخ عومەر
96.رۆژنامەنووس
97.سلێمانی
98.شیرزاد عبدالحافظ شریف
99.په رله مانتاری خولی پیشوی کوردستان
100.شاهۆ زیرەک سەرهەنگ ئەندازیار سلێمانی
101.جهانگیر ئەحمەد،ڕاگەیاندنکار،کفری
102.فلاح سەڵاح عەبدوڵلا.
103.خالید رەزا/ هۆڵەندا
104.ڕێبوار مەعروف.گۆرانی بێژ.فینلەند
105.هاوری توانا میرکه سه ری
106.هەورامان عەلی، نوسەر فنلەندا
107.ڕەوف گوڵبەدەن / فێنلاند
108.ەهدی حەمەرەشید -بەریتانیافلاح محمود-وەرگێر/ بريتانيا
109.شادمان ڕۆستەم بەگ - سويد
110.ئاوات عوسمان له بەریتانیا
111.پێشەوا حەسەن سەندیکای کرێکارانی سلێمانی
112.گۆران حەسەن.. خوێندکار... سلێمانی
113.ئاکار خالید ////// هەولێر/ رۆزنامەوان
114.عماد علی - خانەقین – رۆزنامەنوس
115.کەمال حوسەینی... فینلەندا
116.ئاراس عوسمان / رۆژنامەوان/ سلێمانی.
117.مەریوان قوربانی... فەرمانبەر... سلێمانی
118.کامەران کامیار... زانکۆی تاران
119.ئاکۆ هەورامی/هۆڵەندا.
120.کارزان زرار /رۆژنامەوان/ هەولێر
121.بێستون ژاڵەیی /ڕۆژنامەنووس وچالاکی مەدەنی_گەرمیان
122.سلێمان ئەبوبکر، هاورێ سێمان گولانی.
123.دلشادعەبدوڵلا حمه /ئەفسەری بۆلیس/سلێمانی
124.ئەرکان دارا، رۆژنامەنووس، سلێمانی
125.نەرمین وەیس... دانیشتوی ئەڵمانیا
126.ئاکو عبدالمجید/ سلێمانی
127.محەمەد عەلی وەلی/ ڕۆژنامەنووس/گەرمیان.
128.هیدی رانیەی سۆمالیە
129.مەهدی ئەبوبەرکر/ رۆژنامەنوس و مامۆستای زانکۆ.
130.سامان شۆرش نەرویج
131.شڤان دۆلبیشکی. سلێمانی. ئه ندامی کۆمه له ی گه نجانی وولاتپارێز
132.ئاری سەباح... بیرمینگام

133.ئامانج هەرتەلی /شکارتە
134.ئەندازیار فاتح عەبدوللا
135.بشتیوان باهر،مامۆستا،کەلار
136.دانا ئەسعەد، رۆژنامەنوس
137.ئاریز عمر - خویندکاری زانستە رامیاریە کان - سلێمانی
138.بەهرۆز رەحیم، راکەیاندنکار
139.پشکۆ ڕەسوڵ ژاژڵەیی - ڕۆژنامەنوس - سلێمانی
140.زانکۆ ئەحمەد
141.ئاراس انور. خوێندکاری زانکۆ.
142.ئاوارە -هەولێر
143.کاوە شێخ عەبدوڵڵا..
144.ئاریز داراپوور چاودیری سیاسی --- ئالمانیا
145.محمد نوری سەییدسادق خالید تاتانی
146.د.ئارامی حەمەی مینا
147.کوردۆ شوانی-- نوسەر و ڕۆژنامەنوس
148.هە زار احمد.. رانیە
149.سۆران ئەحمەد... رۆژنامەنوس – سلێمانی
150.هەلمەت گۆران نەرویج
151.عەلی کەریمی
152.فەرهاد محمد مانچستر بریتانیا
153.کارزان عبدالرحمن،مامۆستا، سلێمانی
154.حسن عزیز. فە رمانبە ر سلێمانی
155.سولەیمان ڕەحمانی،(ڕۆژهەڵات(
156.کاوان بهادین / کادری حزب/
157.شمال خلیل/ماموستا/کە لار
158.خدر زوحاک /چالاک وانی سیاسی /ئە ڵمانیا
159.ژیان محەمەد مامۆستا فلەند
160.کامیل احمد /المانیا/
161.حمد گولانی..دانیمارک
162.جابرعبدالله/خۆشنووس/سۆران
163.عەباس عەبدولقادر بازرگان
164.کەمال رەوف، سەرنوسەری شارپرێس، سلێمانی
165.ڤیان مەجید، نوسەر و کاندیدی پروانامەی دکتۆرا، مەدرید
166.نیازی حامد، ئەندازیار، هەولێر
167.پرۆفیسۆر کرمانج گوندی،زانکۆی تێنسی، ئەمەریکا
168.د.بێریڤان دۆسکی، چالاکوان و شاعیر، مەدرید
169.سلێمان عەبدوڵڵا یونس، رۆژنامەنوس، سلێمانی
170.کەمال چۆمانی، کوردستان
171.بەڵێن ساڵح، رۆژنامەوان، واشنتۆن دیسی
172.روناک شوانی، نوسەر، سوێد
173.چلورە هەردی، چالاکوان، سلێمانی
174.شەهلا حەفید، چالاکوان، سوێد
175.مریەم فەتحی، هەرێمی باسک، ئیسپانیا
176.د.نەوزاد رەشید، ئوستralیا
177.ئەنوەر ئەڵمان، نوسەر و وەرگێر، ئەڵمانیا
178.کوردۆ شوانی، نوسەر و رۆنامەوان
179.هەڤاڵ نەژاد، پارێزەر و نوسەر، هەولێر
180.بابان سەقزی، نوسەرو لێکۆڵیار، دانیمارک
181.محەمەد ئەحمەد، میدیاکار، سلێمانی

182.ئەڤین عەزیز (ڕێکپۆش)، ڕەفتارناس، سوێد
183.پشتیوان زاهیر، ڕۆژنامەنوس، سلێمانی
184.چۆمان عوسمان مەعروف، ڕۆژنامەنوس، کوردستان
185.تارا توانا، چالاکوان، سوێد
186.ئارێز ئەندەریاری، ڕۆژنامەوان، سوێد
187.نەوزاد بیلال، ئەندازیار
188.نەژاد سیوەیلی، کەنەدا
189.ستیڤان ئەحمەد سەید عەلی شەمزینی، نوسەر و ڕۆژنامەنوس، سلێمانی
190.ئازاد ئیبراهیم، ڕۆژنامەنوس، کوردستان
191.لەتیف حوسێن، ڕۆژنامەنوس، سلێمانی
192.وریا فەتاح، ڕۆژنامەنوس
193.شادمان مەلا حەسەن، نوسەر، هەولێر
194.شاسوار مامە، مێدیاکار، ئامەد
195.کاوە خوسرەوپور، چالاکوانی سیاسی، ئەڵمانیا
196.کاوە بێسارانی، چالاکی سیاسی و مەدەنی، بەریتانیا
197.سەباح مورادی(شەماڵ)، چالاکوانی سیاسی، ڕۆژنامەنوس، هەهۆڵەندا
198.قاسم شوانی، شاعیرو یاساناس، هەولێر
199.کامەران سەرسپی، هەولێر
200.زمناکۆ خەسرەو عەلی، پزیشکی دەرونی، ئەمەریکا
201.شنەخالید عەبدوڵلا، پزیشکی دەرونی، ئەمەریکا
202.میهرەبان مەجید فەرەج، بەڕێوبەر، سلێمانی
203.تالیب ڕەسول، هۆڵەندا
204.سەلمان عەلی، بەریتانیا
205.نادیە سەڵاح، سوێد
206.خالید تێکان، پزیشک، ئیسپانیا
207.موحسن عەلی، مێژونوس و لێکۆڵیار و پزیشکی گیای، کۆیە
208.کەریم مەرەسەنە، ڕۆژنامەنوس، سوێد
209.ڕەنجدەر گراوی، چالاکوانی مەدەنی، بەلجیکا
210.شادمان ڕۆستەم بەگ، سوێد
211.دڵڤین سادق، مافناسو کۆمەڵناس، ئوسترالیا
212.فەرمان محەمەد حەسەن، مامۆستا
213.ئەمین قادر، هۆڵەندا
214.بێریڤان محەمەد، ڕۆژنامەوان، سلێمانی
215.حەمید مستافا محەمەد، ڕۆژنامەنوس و هونەرمەند، سۆران
216.حەمە سەرتەکی، ڕۆژنامەنوس
217.بروسک ئیێڤەری، ئوسترالیا
218.ژیلەمۆ جاف، ڕۆژنامەوان، سلێمانی
219.شەیدا نادر فەیسەڵ، ڕۆژنامەوان، سلێمانی
220.شیلان شاکر، سلێمانی
221.ئاریان کەریم، پزیشکی دان، سوێد
222.پیرۆت ئەیزدخواۆ، خوێندکاری ماستەر یاسا، بەریتانیا
223.نەژاد نوری، ئازادیخواز، سلێمانی
224.نەژاد شوانی، ئەڵمانیا
225.والی شێخ عەلی، وەرگێر و ڕۆژنامەوان، سلێمانی
226.کوێستان داودی، چالاکوانی سیاسی، سوێد
227.فریاد عەلی قادر، چۆمان
228.ئیسماعیل شارەوانی، بزنسمان، بەریتانیا
229.نەجیبە قەرەداغی، بەلجیکا
230.قادر سەڵاح، هەولێر

231.یوسف مام تەیب، مەڵبەندی کەرکوک، کوردستان
232.ئاوارە قادر، کەرکوک
233.کۆچەر ڕەواندوزی، هەولێر
234.تەها فەرەج ئەحمەد، سلێمانی
235.ڕێباز رزگار، بەڵێندەر، سلێمانی
236.خالید سەعید، سۆران
237.فەرشید کوردستانی، سنە
238.سەلام عەزیز، مامۆستا، کەلار
239.سەلاح خدر، سەرنوسەری ئاژانسی رۆژنیوز، سلێمانی
240.شالاو محەمەد، مامۆستا، سلێمانی
241.شەماڵ حەمە عەزیز، فرۆشیار، ئەڵمانیا
242.راوێژ ڕێبین،
243.ئاگری باشور، چالاکوانی سیاسی، کەرکوک
244.ژیان دانا، سوێد
245.ئەحمەد ڕەجەب
246.بژار س، ش، خوێندکاری ماستەر لە یاسا، ئەمەریکا
247.کاروان ئیبراهیم، خوێندکاری ماستەرو رۆژنامەنوس، هندستان
248.مێگر ئازاد عەولا، چالاکوان، هەولێر
249.باهۆز شوانی، کادری حزبی ئایندەی کوردستان، کەرکوک
250.د. فایەق گولپی، پزیشک و سیاسەتمەدار
251.ئەردەڵان عەلی، راوێژکار لە ئەنجومەنی شارەوانی لایپزیک، ئەڵمانیا
252.جەزا ئەحمەد فارس، زانکۆی سلێمانی، باشوری کوردستان
253.قارەمان عومەر، ئەندازیاری میکانیکی، باشوری کوردستان
254.ڕێبوار حەمەساڵح حسێن، کەلار
255.حەکیم کەلهوری، بەڕێوبەر لە وەزارەتی تەندروستی، باشوری کوردستان
256.ڕێبوار جەمال حەسەن، باشوری کوردستان
257.عوسمان عەلی، باشوری کوردستان
258.ئیحسان مەلا فوئاد رۆژنامەنوس

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 567
## ناوی ئەو ئەفسەرانەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا خەڵاتیان وەرگرتووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150628194013124638
ئەم خشتانەی لێرە خراونەتە ڕو لەگەڵ زیاتر لە 200 بەڵگەنامەی جۆراوجۆردا دەست گۆڤاری ئەنفالستان کەوتوون و ئێمە لێرەدا بەپێی پێویست بڵاویان دەکەینەوە، ئەم ناوانە هەموویان سەر بە فەیلەقی یەک وفەیلەقی پێنجن و ناوەکان لە پێشەوای تیپەوە هەتا سەربازی ئاسایی (جندی مکلف) کە لیرەدا بە سەربازی راسپێردراو ناویان هاتووە هەموویان بەشداری تاوانی ئەنفالیان کردووەو فەرماندەیی فەیلەق وتیپەکان پێشنیاریان بۆ پێشەوایەتی گشتی هێزەچەکدارەکان کردووە بۆئەوەی خەلات وەربگرن لە هەندێک بەڵگەدا هاتووە کە دیارییەکانیان وەرگرتووە کە بریتیە لە سەعاتێکی دەستی کە بەوێنەی سەدام نەخشێندراوە. لەهەندێکیشیاندا ڕەزامەندیان لەسەر دراوە بەم شێوەیەی خوارەوە : نوسراوی ژمارە : أ / 24 / 5756 لە ڕێکەوتی / 6 / 11 / 1988 بۆ / دیوانی وەزارەتی بەرگری

بابەت / ڕێزلێنان
بەڕێز سەرۆکی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان خوا بیپارێزێ چاوی بەپێشنیاری ڕێزلێنانی هەڤاڵانی بەشداربوو کەوت لە پرۆسەی محمد رسول الله وە پرۆسەکانی ئەنفال، فەرمانی بەڕێزیان بەم شێوەیەی خوارەوە یە:
پێشەوایەتی گشتی بۆچونەکانی پێشکەش دەکات دەربارەی ئەو فەرماندانەی ڕێزیان لێنەنراوە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا بە پێی مافەکانیان بەبێ زیاد و کەم) لا زيادە ولا نقصان.(
تکایە بۆ کاری پَویست وە ئاگادارمان بکەنەوە ......... لەگەڵ ڕێزدا
فەریق روکن
علاو الدين كاظم حماد
ڕازگری گشتی هێزە چەکدارەکان

سەرچاوە: ئەنفالستان/http://www.anfalistan.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •ﻪزمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | SAعەرەبی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 568

## ناوی ئەو کەسانەی کە لە 31ی ئابدا سەرەونگوومکران

http://www.kurdipedia.org/?q=2014083113391374994



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 569

## ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی هۆشداری دەداتە سەرۆکی حکومەتی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123009172387010

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان..
بەڕێزان کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا.. سڵاو..

ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی کە ڕێکخراوێکی یاسایی یەو ناوەندێکی خێرخوازو بێ لایەنە بۆ پێکەوە ژیان و پشتگیری و یارمەتی کۆمەڵایەتی، بارەگاکەی لە شاری کۆلنی ئەڵمانیایە.

کارکردنمان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و کلتوری و ڕوناکبیرییە لەگەڵ گشت گەلانی جیهاندا.
ئامانجمان هەنگاونانە بەرەو لۆبی کوردی و بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی لە پێناوی بەرەوپێشچوونی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد.

لەم هەل و ساتانەی گەلەکەمانی پیادا تێپەڕ دەبێت، بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە حکومەتی هەرێم لەم چەند خاڵانەی خوارەوە ئاگادار بکەینەوە:
.1ناوبانگی هەرێمی کوردستان
لەکاتێکدا ئازادی ڕۆژنامەوانی لە مەترسیدایە ئەمە زیانێکی ئێجگار گەورەی هەیە لەسەر ناوبانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوبانگی گەلی کورد بەگشتی لەسەر ئاستی جیهان .
ئێمە لەگەڵ ئەوەی دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەین کە دەستبەجێ ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوانانی کردو هەنگاوی نا بە دەستگیر کردنی هەندێ لەوانەی کە ڕەنگە تاوانباربن. بەڵام هیوادارین هەوڵی جیدی بدری بۆ سەروەری یاساو بنەبڕ کردنی ئەم جۆرە تاوانانە بە سزادانی ئەنجامدەرانی بێ جیاوازی، ئەگەر لەهەر پلەو پۆست و ئاستێکی بەرزی حیزبی و حکومیشدابن.
.2هێڵی سوور
ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە یەکسانبێت بە تێپەڕاندنی هێڵی سوور چونکە خەباتی پڕ سەروەری گەلەکەمان لەکەدار دەکات.
گەلی کورد ئەمڕۆ لەهەمووکاتێ زیاتر پێویستی بە پەروەردەکردن و پێشکەوتنی گەنجانی بەتواناو ڕۆژنامەوان هەیە بۆ بەرەو پێشچوونی خەباتی خۆی.
.3گەرەنتی دیمۆکراتی
کاری ڕۆژنامەوانی هەنگاوە بەرەو دیموکراتی و مافی مرۆڤ، دیموکراتیش تەنها گەرەنتی بەدەستهێنان و بەرەو پێشچوونی مافە نەتەوایەتیەکانمانە لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهان.
پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بەرەو دیموکراتی، جێگای دەستخۆشیین، بەڵام هەنگاوی زۆر و کاری زۆر لەپێش گەلەکەمانە.
.4قەرەبووکردنەوە
ئێمە بەئەرکی یاسایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانین کە قەرەبووی ئەم جۆرە زیانانە بکاتەوە.
بۆیە پێویستە تێکڕای ئەو شەهیدانەی لەماوەی ڕابووردوودا لە پێناوی ئازادی ڕۆژنامەوانیدا گیانیان سپارد قەرەبوو بکرێنەوە.
هەروەها بەزووترین کات کەس وکاری ئەم شەهیدە(کاوە گەرمیانی) لەڕێ ی پسپۆڕی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە بەسەر بکرێنەوە، مووچەی پیویست بۆ هاوسەری شەهید و ئەو منداڵەی کە بە بێ باوکی هاتۆتە دنیاوە بیردرێتەوە.

لەکۆتایدا چاوەڕێی هیممەت و وەڵامتانین.
هیوای سەرکەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نیشتیمانی نوێ و بەرەوپێشچونی دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

وێنەیەک بۆ: ڕای گشتی

ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی
30.12.2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 570

## ناڕەزایی ژنە ئیسلامییەکانی ناو کۆمەڵی ئیسلامی و بەشدارینەکردنیان لە کۆنگرەی کۆمەڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150530093531854O9

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ: بەڕێزان لیژنەی باڵای کۆنگرە
بەڕێزان: ئەندامانی کۆنگرە
بابەت: ڕوونکردنەوە

ئێمە ئەو کۆمەڵە خوشکەی لە خوارەوە ناومان هاتووە، لە دامەزرێنەرانی کاری خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامین و خۆمان بە خاوەنی کۆمەڵی ئیسلامیی دەزانین و هەرگیز ڕۆژێک نەبووە بیرمان لەوە کردبێتەوە لەم خزمەتکردنە بە کاروان و ڕابوونی ئیسلامی دوور بکەوینەوە، چونکە پڕوای تەواومان بەوەیە کە کاری بە کۆمەڵ و تیم (گروپ) بەرەکەتدارە و خوای گەورە پشتیوانی دەکات، ئێمەش لە ڕابوردوودا زۆر هەوڵی بەردەواماندا کە ئەو کاروانەی سەدان گیانبەخشیی و فیداکاریی و هەزاران دەربەدەریی وماڵوێرانیی و زەحمەت و ماندووبوون و کۆڵنەدانی شەو و ڕۆژ گەیاندویەتییە ئەم قۆناغە، کە بە ئاراستەی ڕێک و ئەو بنەمایانەی کۆمەڵی ئیسلامیی لەسەر ڕاگەیەنراوە بمێنێتەوە و بەردەوام بین، بەڵام بەداخەوە (ئەم دڵسۆزیە یان پشتگوێ خرا یان خوێندنەوەی تری بۆ کرا... بۆیە بۆ ئەم وێستگە هەستیارەی لەبەردەم کۆمەڵی ئیسلامیدایە (کۆنگرە) بڕیارماندا بەشداری نەکەین لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

.1پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵی ئیسلامیدا هێندە نادیدە گیراوە کە هەستمان کرد ئێمە ئەندامی پلە دوو، بەڵکو خوارتری کۆمەڵی ئیسلامین) ئەمە وەکو پێگەی سیاسی .(

.2لەڕووی گەندەڵیی ئیداری و داراییەوە هەوڵدان بۆ یەکتر پەراوێزخستن لەناو کۆمەڵدا زۆر نزیکبووەتەوە لەو قۆناغەی کە لە یەکبوونی ئیسلامیدا هەبوو کە بەناچاریی گەیاندینییە لەدایکبوونی کۆمەڵی ئیسلامیی.

.3موراعاتکردن لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا وای لێهاتووە پۆست و ئیش دەکرێتە قوربانی کەسەکان و پۆست کاڵا بە باڵای کەسێک یان زیاتر دادەتاشرێت نەک بە پێچەوانەوە.

.4ماف لەناو کۆمەڵدا بۆ خوشکان بەرانبەر ماندووبونەکەیان نییە، بەڵام بۆ برایان جیاوازە کە ئەمە نادادگەریە.

.5نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامیی وەکو حکومەتی هەرێمی لێهاتووە، لەکەسی یەکەمەوە تا دوائەندام گلەیی دەکات، بەڵام ئامادەیش نین بەرنامەی چاکسازیی بەرپا بکەن و بێ ئیرادەیی هێندە لاوازە جێگەی هیوا نییە.

.6سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتیی بوونەتە فەرمانبەر لە کاتژمێر 9_3دەوامی بارەگاکان دەکەن و ئیتر نابینرێن تێکەڵ بە ئەندامان و خەڵک و ئازار و پێداویستییەکانی ئەندامان نابن، ئەمە هۆکارێکە بۆ بەجەماوەریی نەبوونی کۆمەڵ.

.7پرۆژە چاکسازیی و دڵسۆزییە بەخەرجدراوەکان کە ئاراستەی مەکتەبی سیاسی دەکرێت ئیتر لەوێ ئەرشیف دەکرێت وکاری پێ ناکرێت.

.8ئەوە کۆنگرەی سێیەمە، بەڵام تائێستا بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەم بۆ کاروباری خوشکان جێبەجێ نەکراوە.

.9ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی بەهیچ جۆرێک مامەڵەی جدی ناکەن لەگەڵ کار و ئیشەکانی خوشکان، بەتایبەتیی کەناڵی ئاسمانی پەیام بووەتە سەکۆی ئافرەتانی پارت و ڕێکخراوەکانی تر. کاتێکیش کە فلیمێکی دیکیۆمینتاری کۆمەڵی ئیسلامیی ئامادە دەکەن ڕۆڵی خوشـــکان پەراوێزخراوە.

.10لە رابردوودا هەر کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ مەکتەب سیاسی یان سەرکردایەتی کردبێت، بەشێوەیەکی گشتیی بێهیواتریان کردووین نەک هانمان درابێت بۆ کار و چالاکیی زیاتر.

.11کۆمەڵی ئیسلامی ئەندام و کادری دڵسۆزی زۆرە، بەڵام بەداخەوە مشەخۆرو مشورخۆر کەمتر لێک جودا کراوەتەوە و کار بەوە کراوە (ئەوەی لەپێش چاوانە لەپێش دڵانە ).

ناوەکان :
.1سەرگوڵ قەرەداغی پەرلمانتاری پێشوو
.2وەزیرە محەمەد ئەندام مەکتەب (ئەنجومەنی باڵای خوشکان)
.3گوڵاڵە رەزا ئەندام مەکتەب
.4بەهرە جەمال ئەندامی سکرتاریەتی خوشکان
.5خونچە محەمەد ئەندامی سکرتاریەتی خوشکان
.6نەرمین مستەفا ئەندامی سکرتاریەتی خوشکان
.7بەهار محەمەد ئەندامی سکرتاریەتی خوشکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 571

## ناڕەزایی کوردانی زەردەشتی دژی ئیسلامییەکان و سووکایەتییان بە جەژنی نەورۆز

http://www.kurdipedia.org/?q=20130313135535282566




کوردانی خۆشەویست
نەوەکانی کەیخەسرەو
ئێمەی زەردەشتیان، زۆر خۆمان گرت، بەڵام دیارە خۆگرتن و بێدەنگ بوون سوودی نییە. ئێمە پێمان وابوو ئەگەر ڕێزی لاپەڕەکە و دینەکەمان بگرین، ڕەنگە ئەوان بەخۆیاندا بچنەوە و هەستی شەرم کردن، بیان گرێ و وازبێنن لەم سوکایەتی پێکردنە بە نەتەوەی کورد. وەک خاتوو کەژاڵ، ئەڵێ: دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرپرسن لەم سوکایەتی و بێ ڕێزی کردنانەی کە بە کورد و کوردستان و بە موقەدەساتی زەردەشتی و یارسان و ئێزیدیەکان ئەکرێ. لەسەرو هەر ئاین و ماریفەتێکەوە ئەوانەی لەم وڵاتەیا دەژین کورد و مێژوو و کولتوری ڕەسەنی خۆیان هەیە. مەرج نیە یەکێ یان دوان و سیان لایەنگری بێگانە و نۆکەری ئەم و ئەون، ئیتر هەمو کورد و نوێژ خوێنان و مسولمانان وابن. بەلام لەمەودووا ناچارین بە

زمانی خۆیان و بەلەبز و مەعریفەی خۆیان هەڵوێستیان لەبەرامبەردا وەربگرین، ناچارین ئیتر بێدەنگی بشکێنین لەئاست ئەو هەموو سوکایەتی کردنە بە کولتور و مێژووی کورد و کوردستان دەکرێت.
ئیمە، ناچار نین لەمەڕ پرسە نەتەوەیی و ئاینیەکان هەڵبەینێ. بەلام، ئێمە، خۆمان بە نەوەی دیاکۆ و کەی خوسرەو ئەزانین، سەرشۆری و لەگۆکەوتن کار و رەفتاری ئێمە نیە. بەم زوانە بۆ هەر رەخنەیەک زمانێکی زبر و نەوعیانە بەکار دەهێنین، وەک چۆن سوکایەتی بە گەلێکی 60 ملیۆنیەوە دەکەن. بەڵام، لامان سەیرە کوردن و خۆیان بە کورد دەزانن کەچی ئەوپەری کۆیلە و نۆکەری عەرەب و تورک و فارس و.... ن، دەبێ فێربن پێ بەقەد بەڕەکەی خۆیان راکێشن. چونکە، خەڵکی وشیارە بە قسەکان و شارەزایە لەڕەفتاریان.
لەمەو دووا، ئێمەی زەردەشتیان و کوردانی نەوەی کەیخەسرەو، لەهیچ رەفتارێکی دژە نەتەوەیی بێدەنگ نابین و وەڵاممان دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 572

## نمونەی بەرگی ئیدارەی ماڵیات لە سەردمی کۆماری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031911152269129



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 573

## نوسراوێکی داعش لە جەلەولا کە تیایدا ئاماژە بە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمە) دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122210262578794

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-12-2014




تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 574

## نووسینگەی سەرۆکی هەرێم بەتوندی وەڵامی نوری مالیکی دەداتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122015303578241

نووسینگەی ڕاگەیاندنی نووری مالیکی جێگری سەرۆککۆماری عێراق لە ڕاگەیێندراوێکدا کە لە ڕێکەوتی 18ـی 12ـی 2014 بڵاو کراوەتەوە، باسی ئەوەی کردووە کە سەبارەت بە دروستبوون و جموجۆڵ و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش بەر لە کەوتنی مووسڵ لە حوزەیرانی ڕابردوو سەرۆک بارزانی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق نەکردووە.
لێرەدا بە گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقی لە مەترسیی دروستبوونی داعش و هەڕەشە و جموجوڵەکانیان لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا و شاری مووسڵ ئاگادار کردووەتەوە و پێی ڕاگەیاندووە کە، هەرێمی کوردستان ئامادەیە بەهۆی ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش یارمەتیی هێزەکانی عێراق بدات بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەشە و بەهێزبوونی تیرۆریستان لەو ناوچەیەدا بگیرێت. بەڵام سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق ئەم ئاگادارکردنەوە و پێشنیازەی سەرۆک بارزانی بە هەند وەرنەگرت و گوێی لێ نەگرت. بەڕێز سەید عەمار حەکیم و د. ڕۆژ نووری شاوێس جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق و باڵیۆزی ئەوکاتی ئەمەریکا لە عێراق شاهیدی ئەوەن کە، سەرۆک بارزانی لە ڕێی ئەوانەوە سەرۆکوەزیرانی عێراقی لەو مەترسییە ئاگادار کردووەتەوە.
سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە کەوتنی مووسڵ و شکستی سوپای عێراق بەرپرسیارە و ناتوانێ بەمجۆرە لێدوان و ڕاگەیاندراوانە شکست و بەرپرسیارێتیی خۆی داپۆشێت. لەو ماوەیەدا هەرچیی نەهامەتی و ناسەقامگیری و قەیران کە بەسەر خەڵکی عێراق هاتووە و هەروەها شکستە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی عێراق ئەوە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و دەورووبەرەکەی لێی بەرپرسیارە.

سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی لە نووسینگەی سەرۆک
20-12-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 575

## نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە دەڵێت واز لەهەموو شتێک دەهێنین لەپێناو کەرکوکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011812200486625

ئای دی: ANKARA420505

بابەت: نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە دەڵێت واز لەهەموو شتێک دەهێنین لەپێناو کەرکوکدا.
سەرچاوە: باڵیۆزخانەی تورکیا
بەروار: 20ی تەمموزی 2005
پۆلێن: زۆر نهێنی
پوختە:
نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئەنکەرە، بەهرۆز پێیراگەیاندین کە ئەوەی هەموو کورد لەدانوستانەکانی تایبەت بەدەستوردا دەیەوێت کەرکوکە، لەبەرامبەر دەستکەوتنی ئە و خەڵاتەدا، واز لەهەموو شتێکی دیکە دێنێت. ئە و سکاڵای هەبوو لەهەنگاوەکانی مادەی 58 (مادەی 140) کە زۆر بەخاوی دەڕوات بەڕێوە، هەروەها لۆمەی بارزانی کرد کە رێگرە لەوەی حکومەتێکی کاتی بەشێوەی تەوافوق پێکبهێنرێت. ئەم تێڕوانینەی گەلالی لەبارەی کەرکوکەوە جیاوازە لەوەی ماوەیەک لەمەوبەر تاڵەبانی لەبەغدا وتی .
رۆژی 19ی تەمموز، بەرپرسانی ئەمریکا لەگەڵ نوێنەری یەکێتی لەئەنکەرە، بەهرۆز گەلاڵی کۆبوونەوە. لە و دیدارەدا گەلاڵی وتی، بە و زووانە لەسەردانکردنی بەغدا و هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە. ئاماژەی بەوەش کرد لەلای تاڵەبانی بووە کە کاتێک جۆرج بوش تەلەفۆنی بۆ کردوە و پیرۆزبایی لێکردووە بەبۆنەی بەشداربوونی نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە لەلیژنەی داڕشتنەوەی دەستوردا. گەلاڵی ئەوەشی ڕاگەیاند کە بوش داوای لەتاڵەبانی کردووە پیرۆزبایی بگەیەنێتە مەسعود بارزانی بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان .
گەلاڵی: کەرکوکمان بدەنێ، ئەوانەی تر ئاسانە
گەلاڵی بەوتەی خۆی ئاگادارە لەدوایین ئە و داواکارییانەی کە کورد پێشکەشی لیژنەی دەستوریی کردوە. گەلاڵی ئاماژەی بەوەش کردوە کە هەڵویستی کورد ئەوەیە کە ئامادەیە بۆ گەیشتن بەچارەسەر .
لەبارەی ئەوەی کە چی وا لەکورد دەکات پشتیوانی لەدەستوری نوێ بکات، گەلاڵی رایگەیاند، ئەوە زۆر ئاسانە، نوێنەرانی کورد لەنووسینەوەی دەستوردا پێویستە ئەمانە بکەن:
-دیاریکردنی سنورەکان بەشێوەیەک کە ئە و شارو شارۆچکانەی سەددام لەکەرکوکی داپریون بگەڕێنرێنەوە سەر پارێزگای کەرکوک.
-دانان بەوەی کە کەرکوک "شارێکی کوردییە" و بخرێتە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.
بەهرۆز گەلاڵی تەئکیدی کردەوە کە پێویستە ئەمرێکا فشار بخاتەسەر هەر یەک لەعەرەبی سوننە و شیعە بۆ ئەوەی رازیبن بە و داواکارییە. ئە و هەولیدا دڵنیامانبکاتەوە لەوە کە کورد ئامادەیە لەنزیکەوە کار لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوکدا بکات، بەجۆرێک کە ئە و پێکهاتانە هەست بەبەختەوەری بکەن کە لەکەرکوکدا دەژین وەک شارێکی کوردی. راوێژکاری سەربازیی- سیاسیی ئەمریکا بەمجۆرە وەڵامیدایەوە: شکستی ئەوەی کە نەتوانراوە حکومەتێکی کاتی بەشێوەیەکی تەوافوق لەکەرکوک پێکبهێنرێت، نیشانەیەکی دڵخۆشکەر نییە. لەبەرامبەردا گەلاڵی لۆمەی بارزانی کرد کە رێگرە لەبەردەم گەیشتن بەتەوافوق و وتی، تاڵەبانی هەوڵ لەگەڵ بارزانی دەدات بۆ ئەوەی زیاتر هاریکار بێت. جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە قەرەبووی ئە و خێزانە عەرەبانە بکرێتەوە کە لەلایەن سەددامەوە هاوردەی شارەکە کراون و دەبێت کەرکوک چۆڵبکەن. ئاماژەی بەوەش کرد کە ماوەیەک لەمەوبەر گروپێک لە و عەرەبانەی کەرکوک چاوپانکەوتووە بەتاڵەبانی و باسیان لەوە کردوە کە ئەگەر بەزوویی قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی باشور.
گەلاڵی سکاڵای لەخاوو خلیچکی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی 58 (140) هەبوو.
کۆمێنێت:
گەلاڵی (بەپێچەوانەی هاوڕێکەی لەپارتی دیموکراتی کوردستان) بەگشتیی سەلماندی کە تەواو پەیوەستە بەسەرکردەی حزبەکەی خۆی و هەڵوێستی کوردانی عێراق بەگشتیی. ئێمە ئەوە بۆ هاوڕێیانمان جێدەهێڵین لەعێراق لەبارەی بۆچونەکانی گەلاڵی کە هەموو کورد ئەوەی لەدەستوردا دەیانەوێت بریتیە لەکەرکوک. بەتایبەتی لێدوانەکانی ئەمدوایەی تاڵەبانی بۆ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە وتبوی هەنگاوانی لەسەرخۆی پێباشە بۆ چارەسەرکردنی چارەنووسی کەرکوک.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-01-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 576

## نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، نامەیەک ئاراستەی کۆسرەت رەسول دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150520094484715

ڕێزدار: هاوڕێی خۆشەویست "کۆسرەت رەسول" جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە سەرەخۆشی خۆم رادەگەیەنم بۆ شەهیدبوونی لە ناکاوی فەرماندەی گشتی شێرکۆ فاتیح شوانی، (عەمیدی فەرماندەی یەکەی هێزی یەکی پێشمەرگە) و فەرماندەی گشتی حسین منصور، (عەمیدی فەرماندەی یەکەی دووی هێزی پێشمەرگە) و گشت ئە و پێشمەرگانەی ژیانی خۆیان بەخشی بەرامبەر ئە و هێرشە وەحشی گەریەی داعش کردیە سەر شاری کەرکوک لە چەند رۆژی رابردوو. هەروەها هاوسۆزی و خەمی هەموو ئە و خێزانانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەژین دەگەیەنین بە کەس و کاری شەهیدان.
بەرگری بێوێنەی پێشمەرگە نموونەی بەرخودانی درێژخایەنی ئێوەی بەرێزە لە بەرگری کردن. ڕۆلی بەرێزتان لەسەرکەوتنی شەڕی کەرکوک لە کۆتایی هەفتەی رابردوو و بەشداری کردنی کردنی بێ وێنەی لیوای سێی تایبەت بەرز دەنرخێنین هەروەها دەمەوێ پیرۆزبایی لە بەرێزت و سەربازە قارەمانەکنت بکەم بۆ ئە و سەرکەوتنەی پاراستنی کەرکوک و هاولاتیان لە هێرشی نا مرۆڤانەی داعش.
شەری جوامێرانەی ئە و کوردانەی کە ژیانیان بەخشی لە 30 و 31 ی مانگی یەکی 2015 نمونەی پاراستنی ئاشتیە.
ئەوان هاوڕێی تۆ بوون لە شەرەکە، هەوەها قوربانی ئەوان هەرگیز لەبیرناکرێت. لەناو بردنی ئە و هێزە شەرخوازانە و بەرگری کردن لە ئاسایشی هەرێمی کوردستا ن و عێراق دەبێتە باشترین پەند و وانە لە یادگاریەکانیان. نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوان دەبن لە هەماهەنگی و پاڵپشتی ئێوە و بەرخودانی ئێوە.
تکایە ڕێزو متمانەم قبووڵ بەرموون.
نیکۆلای. ی ملادینۆڤ
بەغدا 2015/2/3

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 577

## نێچیرڤان بارزانی لەبەڵگەنامەیەکی ویکیلیکسدا: مانەوەی کورد لەعێراق باشترە لەسەربەخۆیی بەبێ پشتیوانیی ئەمەریکا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033010005166988

دەقی بەڵگەنامەکە:
ئای دی: KIRKUK27005
بابەت: گەشتی واشنتۆن مانەوەی کوردان لەعێراقدا بەهێز دەکات
سەرچاوە: ڕێکخەری هەرێمی کەرکوک (عێراق(
بەروار: 8ی کانونی یەکەمی 2005

پۆلێن: زۆر نهێنی
پوختە:
نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستایشی سەرۆک بوشی کرد لەپای میوانداریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی. نێچیرڤان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمەریکا وێرای ئەوەی وریا بوە لەمەسەلە پرۆتۆکۆلیەکاندا، بەڵام واهەستیکردوە کە ئەمەریکا وەک سەرۆکی دەوڵەتێک پێشوازیی لەسەرۆک بارزانی کردوە. وتیشی، سەردانەکە یارمەتی نوخبەی کوردی داوە بۆ ئەوەی نیشانبیدەن کە بەدەستهێنانی مافەکانمان لەعێراقێکی دیموکراتدا بەپشتیوانیی ئەمەریکا، باشترە لەهەوڵدان بۆ سەربەخۆیی بەبێ پشتگیریی ئەمەریکا (یاخود هەر دراوسێیەک). بارزانی و فەلاح مستەفاش، بەرپرسی پەیوەندیە دەرەکییەکان، پێشبینی ئەوەیان کرد کە رێژەی دەنگدەران لەچاو ئەوەی مانگی تشرینی یەکەم زیاتر ببێت، هاوکات جەلال تاڵەبانیش لەبەغدا درێژە بەکارەکەی بدات و عادل عەبدولمەهدیش ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق. پارتی بەئاشورییە هاوسۆزەکانی وتوە لیستی تایبەت بەخۆیان هەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی نوێنەرانی غەیرە موسوڵمان بونیان هەبێت و هەر هەنگاوێک بەئاراستەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی پەکبخات.
گەشتێکی گرنگ بۆ واشنتن
نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت ستایشی سەرۆک بوشی کرد بۆ میوانداریکردنی مامی، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. رۆژی 6ی کانونی یەکەم، بارزانی بەجێگری رێکخەری هەرێمیی ئەمەریکای راگەیاند، لەکاتێکدا ئەمەریکا لەروی پرۆتۆکۆلەوە وریایانە مامەڵە دەکات، بەڵام واهەستیکردوە کە مامی وەک سەرۆکی دەوڵەتێک پێشوازیلێکراوە. ئەوان پرۆتۆکۆل و ناوەرۆکی سەردانەکەیان بەسەرکەوتنێکی مەزن ئەژمارکردوە. نێچیرڤان وتی، سەردانەکە یارمەتی نوخبەی کوردی داوە وای نیشانبدەن کە بەدەستهێنانی مافەکانیان لەچوارچێوەی عێراقدا بەپشتیوانیی ئەمەریکا، باشترە لەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەبێ پشتیوانیی ئەمەریکا (یاخود هەر دراوسێیەک .(
سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئە و تێروانینەی سەرۆک بوش هەیبوە بەرامبەر عێراق و پابەندبون بەجێبەجێکردنی. ئاماژەی بەوەش کرد کە کوردەکان پێشوازییەکی گەرمیان لەلایەن ئەمەریکاوە لێکراوە وەک پێزانینێک بۆ ئەوەی کورد لەرابردودا ئەنجامیداوە. هەروەها ئەمەریکا وێرای ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی باس لەعێراق دەکات وەک یەک قەوارەی سەربەخۆ، بەڵام وایدەبینێت کوردەکانیش شوێنێکی شایستە بەخۆیان هەیە لەعێراقی نوێداو وەک هاوبەشێکی ناو هاوپەیمانێتیەکەی خۆی حسابی کردون .
پێشبینیەکانی هەڵبژاردن (2005 (
نێچیرڤان بارزانی و فەلاح مستەفا بەجیا پێشبینیەکانیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەساڵی 2005 بەمشێوەیەی خوارەوە بو:
فەلاح: شیعەکان (80-100) کورسی. نێچیرڤان: (80-110) کورسی. (لەراستیدا 128 کورسی بردەوە(
فەلاح: هاوپەیمانی کورد (60) کورسی. نێچیرڤان: (45-55) کورسی. (لەراستیدا 53 کورسی بردەوە(
فەلاح: سوننەکان (45-50) کورسی. نێچیرڤان: زیاتر لە(40) کورسی. (لەراستیدا 44 کورسی بردەوە(
فەلاح: لیستەکەی عەلاوی (30-35) کورسی. نێچیرڤان: (25) کورسی. (لەراستیدا 25 کورسی بردەوە(
فەلاح: ئەحمەد چەلەبی (5-10) کورسی .
فەلاح: یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان (1-2) کورسی. (لەراستیدا 5 کورسی بردەوە(
هەردوکیان (نێچیرڤان و فەلاح مستەفا) پێشبینیانکرد رێژەی دەنگدانی ئەمجارە زیاتربێت لەوەی مانگی تشرینی یەکەم، کاتێک هەندێک لەکوردەکان دژی دەستوری عێراق وەستانەوە لەبەرئەوەی مافی سەربەخۆیی تێدا نەبو، هەندێکی تر لارییان نەبو لەدەنگدان، چونکە دڵنیابون لەوەی هەر تێدەپەڕێت. لەئێستادا پارتی هەڵمەتی جەماوەریی خۆی سەررێخستوە. بەوتەی خۆشیان بۆ بەشداربونی زیاتری دەنگدەرانە و پێویستیان بەوە نیە لەدژی پارتە کوردەکانی تر هەڵمەت بکەن. نێچیرڤان بارزانی گلەیی ئەوەی کرد کە قورسە گەنجان وایان لێبکرێت دەنگبدەن. لەلایەن خۆیشیەوە جێگری رێکخەر پێداگری لەسەر گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێخەوش کردەوە دور

لەهەڕەشەکردن لەکەمینەکان یاخود پارتە کوردەکانی دیکە. (تێبینی: ئەم گفتوگۆیە لەپێش هێرشەکانی دهۆک بۆ سەر یەکگرتو ئەنجامدراوە). فەلاح وتی، پارتی پێشوازیی لەچاودێرانی نێودەوڵەتی دەکات .
بارزانی باسی لەوە کرد کە بەئاشورییە هاوسۆزەکانیان وتوە لیستی تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ هەڵبژاردن، نەک بچنە پاڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان. پارتی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا دەیویست غەیرە ئیسلامیەکان لەپەرلەمانی عێراقدا هەوڵی شیعەکان بەرە و دەوڵەتێکی ئیسلامی پەکبخەن. پارتی لەلای رونە کە دەتوانێت لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئاشورییەکاندا پێکبهێنێت .
بارزانی وتی، پارتی هانی ئەیاد عەلاوی دەدات بۆ ئەوەی بەشداری لە و حکومەتە بکات کە دڵنیابو لەلایەن عادل عەبدولمەهدییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە کێشە دروستدەکات لەحاڵەتی بونی عەلاوی بەسەرۆک وەزیران. ئەحمەد چەلەبیش پۆستێک وەردەگرێت، بەدەر لەپۆستی سەرۆک وەزیران. ئێران لەئەمەریکا زیاتر هەڵبژاردنەکانی عێراقی بەهەند وەرگرتوە. ئێران موچەی مانگانەی بۆ سیاسییەکان پریوەتەوە و هەڵبژاردنەکەش بەدەرفەتێکی مێژویی دەزانێت. ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق نزیکەی 6 هەزار لایەنگری خۆی خزاندوەتە ناو وەزارەتی ناوخۆوە. بەعسیەکان خەریکن باشتر رێکدەخرێنەوە و پشتیوانیی ماددییش دەکرێن، بارزانی پێیوابو سوریا پشتیوانیان دەکات. عەرەبە سونەکانیش تاکە گروپێکن کە ئەزمونی راستەقینەیان هەیە لەبەڕێوەبردنی عێراقدا. بۆیە ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە، مانای ئەوەیە جەنگی ناوخۆ روودەدات .
کاتێک پرسیاری ئەوە کرا کە ئەگەر سەرۆک تاڵەبانی پۆستی سەرۆکایەتی لەدەستبدات و بچێتەوە ماڵەوە، سیاسەتی هەرێم گۆڕانی بەسەردادێت، فەلاح مستەفا رەتیکردەوە شتی وا روبدات. کوردێک پێویستە ببێتە سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران یاخود سەرۆکی پەرلەمانی عێراق: تاڵەبانی پاڵێوراوی کورد بوە. هەروەها پێشبینی ئەوەشی کرد کە کوردەکان ببنە گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمانی عێراق، بەڵام پێیوابو کە هیچ کێشەیەک رونەدات لەوەرگرتنەوەی یەکێک لە و پۆستە سەرەکیانەی سەرەوە. وتیشی، پێویستە کورد لایەنەکان لەوە دڵنیابکاتەوە کە کوردەکان دەیانەوێت وەک بەشێک لەعێراقێکی نوێی دیموکراتدا بمێننەوە، بەمەرجی بەشداربونێکی دادپەروەرانە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 578

## نەوشیروان مستەفا.. هەمیشە پیلان و بوختان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070800292089657

نەوشیروان مستەفای رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆران دەستی بە بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێک کردووە، کە بە حسابی خۆی دیکۆمێنتارییە و گوایە نهێنی کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی و کۆمەڵێک باسی تر لەخۆ دەگرێت، ئێوارەی ئەمڕۆش لە کەناڵەکانی خۆیدا چەند پەرەگرافێکی لێ بڵاوکراوەتەوە.
ئێمە وەک دەسپێکێک بۆ ئاشکراکردنی ناراستیەکانی و ناساندنی رەفتاری پیلانگێرانەی نەوشیروان لەناوخۆی یەکێتی و قین هەڵگرتنی لە هەڤاڵانی ئەوساو و سیاسەتی خۆباڵادەستکردن و خۆزاڵکردنی لەسەر حسابی یەکێتی و هەڤاڵانی ئەوساشی، ئەم بۆچوونانەی خوارەوە بڵاو دەکەینەوە، کە دواتریش، ئەگەر پێویستی کرد، قسە و بەڵگەی زۆرتر سەبارەت بەناساندنی روونتر و بەڵگەدارتری سیاسەت و پیلان و باری سایکۆلۆژی نەوشیروان مستەفا ئاشکرا دەکەین

ئەگەر ئەو دۆکیۆمێنتانەی بڵاویان دەکاتەوە هی ئەو سەردەمەبن کە نەوشیروان مستەفا و هێندێ لە هاوڕێبازانی لە پۆست و پلەی باڵای یەکێتی دابوون، بەتایبەتی دەفتەری مەکتەبی سیاسی و بەڵگەنامەی نهێنی یەکێتی بەکار بێنێ، ئەوا ئەمە نەک هەر بە رەفتارێکی ناشایستە و ناشیرین حساب دەکرێت، بەڵکو کارێکە لەگەڵ ئەخلاق و دەستپاکی سیاسی و بگرە کۆمەڵایەتیشدا یەک ناگرێتەوە و تەواو ناکۆکە، بۆیە گومانی تیا نیە هەر کەسێک بیکا بە تەواوی لە و پرنسیپانە دائەشۆرێ. ئۆباڵی لێکەوتەکانی ئەو رەفتارەش دەکەوێتە ئەستۆی خودی نەوشیروان مستەفا.
خۆ ئەگەر ئەو دۆکیۆمێنتانە هی قۆناخی دوای جیابوونەوەی نەوشیروان بێت لە یەکێتی، دیسانەوە دەچێتە چوارچێوەی جاسوسی کردن بەسەر حزبەکان و ئەمەش پێچەوانەی یاسایە و کاردانەوە و لێکەوتەی خۆی دەبێ.
نەوشیروان مستەفا، ئەو سەردەمەش کە لە ناو یەکێتیدا پۆستی باڵای هەبوو، هەموو هاوپەیمانی و دۆستایەتیێکی لەگەڵ دەرەوەی یەکێتی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانی خۆی لەناو یەکێتی و لێدانی ئەو سەرکردانە بەکار دەهێنا کە لەگەڵ رای ئەودا نەبوون و بە دڵ و خواستی ئەو هەڵنەدەسوڕان. هەر بۆنموونە کاتێ کە بڕیاری یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم درا، نەوشیروان تەنها لەپێناوی ئەوەی هەڤاڵێکی ئەوسای لەناو یەکێتیدا نەیێتە سەرۆکی حکومەتی یەکگرتووی هەرێم، پێداگری زۆری کرد لەسەر ئەوەی کە ئەو پۆستە بدرێتە سەرکردەیەکی پارتی. هەروا ئەو کاتەی لەبەغداشدا تا رادەیەکی کاریگەر بڕیاربەدەستی یەکێتی بوو، لایەنگری ئەوەی نەکرد کە کەسایەتییەکانی یەکێتی ببنە وەزیری بەرگری و دەرەوەی عیراق، بەڵام زۆر پەرۆشی ئەوە بوو محەمەد تۆفیق رەحیمی زاوای ببێتە وەزیرو هەرواشی کردو دووجار زاواکەی کردە وەزیری پیشەسازی عیراق .
دواجار دەڵێین، ئەگەر نەوشیروان مستەفا ململانێکە بباتە ئەو ئاستە و بە و بێ پەروایە سنوورەکانی ئەخلاقی سیاسی ببەزێنێ، دەبێ چاوەڕوانی ئاشکراکردنی دۆکیۆمێنتە رەشەکانی خۆی بکا کە دڵنیاین تاکو ئێستا لای بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ئاشکرا نین .
بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێین: نەوشیروان مستەفا بەهۆی دۆخی خراپی سایکۆلۆژی ئێستای خۆی و بێ ئومێد بوون و مایە پووچبوونی لە ئایندە سیاسییەکەی، خۆی فڕێ دەداتە ناو چوارگۆشەیەکی ئەوتۆ کە بەهاو شەرعییەتی خۆی دەدۆڕێنی.
بۆ مێژووش ئەمڕۆ یەکێتی بیروبۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە گەیاندۆتە نەوشیروان مستەفا .

مەکتەبی راگەیاندنی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
7/7/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 579

## هاوپەیمانێتیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی هەموی بزە و خەندە نیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131208091634873 67

بابەت: هاوپەیمانێتیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی هەموی بزە و خەندە نیە
سەرچاوە: باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا
ئای دی: BAGHDAD44306

بەروار: 13ی شوباتی 2006
پۆلێن: زۆر نهێنی
پوختە: لەئاهەنگێکی ئێوارە خوانی رۆژی 8ی شوباتی 2006، لەماڵی بەرهەم ساڵح، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان گومانی قوڵی نیشاندا بەرامبەر حزبە رکابەرەکەی کە یەکێتیە و تەئکیدیکردەوە کە یەکگرتنەوەی هەردو کابینەی هەولێرو سلێمانی رەنگە ئەوەندەی ئارایشت بێت ئەوەندە واقعی نەبێت. بارزانی بەدوورودرێژی سکاڵای لەدژی یەکێتی کرد. ئە و بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو کەوتە بەرگریکردن بەرامبەر ئە و راپۆرتانەی باس لەزیادبونی پێگەی پارتی دەکەن لەخانەقین و ئە و دەستپێشخەریانەی بۆ وەبەرهێنان دەکرێن لەپارێزگای سلێمانی. ئە و کاردانەوە سلبیەی مەسرور ئە و دەنگۆیانە پشتراستدەکاتەوە کە دەوترێت هاوپەیمانی نێوان یەکێتی و پارتی قورسە بەڕێوەببرێت .

کاردانەوەی مەسرور بەرامبەر یەکێتی
مەسرور بارزانی کاردانەوەیەکی سەیری نیشاندا، کاتێک کەوتە باسکردن لەبارەی ئە و مەسەلانەی پەیوەندی بەیەکێتیەوە هەیە. کاتێکیش راوێژکارە سیاسیەکەی ئەمریکا پرسیاری کرد لەبارەی ئە و دەنگۆیانەی باس لەجموجوڵی ئاژانسی پاراستنی پارتی دەکەن لەناو خانەقیندا، دەستبەجێ مەسرور وتی، "کێ ئەمەی پێوتن؟ یەکێتی؟ عەرەبەکان؟ گرەودەکەم ئەوە یەکێتی بوە، وانیە؟ بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوە بکات، بارزانی بۆ ماوەی بیست خولەک باسی لەوە کرد کە چۆن ئەندامێکی پارتی بەشێوەیەکی شەرعی پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقینی بردۆتەوە. وتیشی، یەکێتی هەمیشە بەدرۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوان خاوەنی دەسەڵاتن لەخانەقین، لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژو پارتی پێگەیەکی گەورەتری هەبوە لە و ناوچەیەدا. بارزانی باسی لەوەش کرد، کە "هەمو جوڵەی پارتی بۆ خانەقین تەنها یەک پیاو بوە، ئەویش بەڕێوەبەری نوێی پۆلیس بوە."

پاش کەمێک وەستان، مەسرور بارزانی بابەتی دەستپێشخەریەکانی ئۆپیکی هێنایە پێشەوە کە مەبەست لێی پێشخستنی کەرتی وەبەرهێنانە لەعێراق. هەروەها داوای کۆبونەوەی کرد لەگەڵ بەرپرسانی ئۆپیک بۆ باسکردنی ئەوەی بۆچی پرۆژەکانی ئۆپیک هەر لەسلێمانین. وتی، "دەزانم بۆچی کاروچالاکیەکانی ئە و رێکخراوە بەزۆری لەسلێمانیە، لەبەرئەوەی بەرهەم ساڵح نزیکە لەرۆبێرت مۆسباچەر، سەرۆکی ئۆپیک و پیارەکانیشی ژێربەژێر دەچێتە خانەی بەرژەوەندی یەکێتیەوە". بارزانی ئاماژەی بەوەش کرد کە هەولێر زۆر پێشەکەوتوترو شیاوترە بۆ وەبەرهێنانی تایبەت .

دەستگیرکردنی کەمالی سەید قادر هەڵە بو
لەوەڵامی پرسیاری راوێژکاری سیاسیی ئەمریکا لەبارەی بارودۆخی د. کەمال سەید قادر، کە رەگەزنامەی نەمسایی هەیە و لەسەر قسەوتن بەبنەماڵەی بارزانی بۆ ماوەی 30 ساڵ حکومدرا، مەسرور بارزانی وتی، ئە و دەستگیرکردنە هەرگیز نەدەبو روبدات. وتشی، ئەگەر لەکاتی دەستگیرکردنەکەی لەناو هەولێردا بوایە، ئەوا نەیدەهێشت دەستگیری بکەن. ئاماژەی بەوەش کرد کە بەرپرسانی هەولێر هیچ رێگەچارەیەکی تریان لەبەردەم نەبوە جگە لەلێپرسینەوەی، لەسەرئەوەی قوربانیەکانی دەستی کەمال سکاڵای یاساییان تۆمارکردبو. هاوکات بارزانی باسی لەوەش کرد، ئە و حاڵەتەی کەمالی سەید قادر مەسەلەیەکی عەقڵی بوە کە تەنها پێویستی بەئاگادارکردنەوە هەبوە. وتیشی، "بەتایبەتی لەلای من دانی بەوەدا ناوە کە ئەوەی بۆیە کردوە تا هەمو خەڵک ناوی بزانن، هەروەها دانی بەوەشداناوە کە هەرچیەکی وتوە درۆ بوە." بارزانی ئاماژەی بەوە کرد، جێگەی داخە میدیای خۆرئاوا ئە و روداوەیان گەورە کردوە. هەروەک سوربو لەسەر ئەوەی کە دەبێت دادگاکانی کوردستان لەکاتی خۆیدا ئە و مەسەلەیە تاوتوێ بکەن. بارزانیەکان ناتوانن داوا لە دادگا بکەن قادر ئازاد بکات بێئەوەی بەرێوشوێنە یاساییەکاندا نەڕوات .

کۆمێنت:
مەسرور بارزانی کوری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانیە. ئە و زۆر بەباشی ئاگاداری شێوازی بیرکردنەوەی حزبەکەیەتی. ئە و کە کارەکتەرێکی

سیاسیی کاریگەرە، بەردەوام روخسارێکی نەرمونیان نیشانی دنیا دەدات. دەشێت مەسرور بارزانی خۆی وەک کەسێکی کاریگەر دەربخات لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ راوێژکارە سیاسیەکەی ئەمریکا، بەڵام ئە و جۆرە وەڵامدانەوە توندەی لەبارەی یەکێتیەوە ئەوە نیشاندەدات کە کاردانەوەکانی کوێرانە بوە. هەڵوێستی مەسرور راپۆرتەکانی پێشو پشتڕاستدەکەنەوە کە پارتی بەردەوام بەدگومان بوە بەرامبەر جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان. پارتی وای نیشاندەدات کە خۆشحاڵە بەرێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی بۆ پشتوانیکردن لەتاڵەبانی تا ببێتە سەرۆکی عێراق و لەبەرامبەردا مەسعود بارزانی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بەڵام پارتی ترسی لەوە هەیە ئەم رێککەوتنە دەسەڵاتی زۆرتر بداتە یەکێتی لەبەغدا. لەراستیدا، چەندین ئەندامی پارتی بەراوێژکاری سیاسیی ئەمریکایان راگەیاندوە کە وەک پارتی هەستدەکەن لەدابەشکردنی پۆستەکاندا لەبەغدا کەمیان بەرکەوتوە. لەدو ساڵی رابردودا کوردەکان بەتایبەت لەبەغدا بەهێزبون بەهۆی کارکردنیان وەک یەک بەرە، لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژو کێشەی ئەوەیان هەبوە نەیاتوانیوە یەکگرتویی خۆیان بپارێزن تەنانەت لەبەرامبەر یەک دوژمنی هاوبەشیشدا. ئێمە هەستدەکەین ئیدارەدانی پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی شتێکی زەحمەتە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 580

## هاوسەرەکەی کاوە گەرمیانی پەیامێک بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131210080105873

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە
خەڵکی ئازادی خواز مامۆستایان و خوێندکاران و ڕۆژنامەنوسان و هاوڵاتیان من کە شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی دەستێکی تاریک و ترسنۆک هاوسەرەکەمی کاوە گەرمیانی تیرۆر کرد لە بەرچاوی دایکیدا و ژیانی منی بۆ هەتا هەتایی بەرەو تاریکی و تەنهای برد، من کە لە ناڵەی خۆمدا دەنگم خامۆشە تەنها ئومێدم ئێوەیەو تخوا بێدەنگ مەبن و حەقی کاوەم بۆ وەرگرن چونکە کاوە لە پێش چاوی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی ئەم ناوچەیەوە شەهید کرا، کاوەی من شەهیدی قەڵەم و حەق و ڕاستیە داوا لە ئێوەی ئازادی خواز دەکەم گەر حەق و ڕاستیتان ئەوێت بێدەنگ مەبن چونکە من هیچ ئومێێکم بەدەسەڵاتی کوردی نیە چونکە دەستەڵات خودی خۆی بەرپرسە لە کوشتنی کاوە، کاوەی من کە 250 دیناری حەرامی نەخواردووە بۆ یەک ساڵی زەواجمان لە نێو یەک خانوی کرێدا بەسەر برد گەر کاوە پارەی قوت بدایەو خاوەنی ڤێلاو سەیارە بوایە ئەوا لە دژی قەڵەمە ئازاکەی لە پێش چاوماناو لە حەوشەداو لەبەر دڵی پیرۆزی دایکیدا ئەو هەموو فیشەکەیان پێوەناو ئەنجام من لەبەر گڕی دەروونم ئەو هەموو خوێنەی کاوە لە ئەرزەکەدا بخۆمەوە.
خەڵکانی ئازادی خواز من کە بێ دایک و باوکم و باوکم و کەسوکارەکەم زۆریان ئەنفالە ئەم حکومەتە کوردیەش کە بەخوێنی شەهید و ئەنفالەکان دروست بوو بەڵام ئەوا لە ژێر ئەم دەستەڵاتەدا دیسان ئەنفال و شەهید دەکرێینەوە، من کە بێ دایک و باوک بوم و کاوەش بەبێ باوکی گەورەبووە ئەوا دیسان مناڵەکەشمان بەبێ باوکی گەورە دەبێت کە هێشتا 15 ڕۆژی ماوە بێتە دنیاوە کاوە زۆر تامەزرۆی بینینی بوو بەدوای ناوا دەگەڕا بۆی بەڵام ئەو دەستە تاریکە هەموو هیواکانی لە لەحزەیەکدا فەنا کرد، دەستێک کە خواو ئاسمان و دڵی زەمینیش بەلایەوە ئەرزشێکی نیە دەستەڵاتێک کە دڵی دایک بەلایەوە لە یاری مناڵان دەچێت ئەو کاتەی کورەکەی بەبەرچاویدا کورەکەی بەخوێنێ ڕەنگ دەکات کە ڕەنگەکەی دەچێتە سەروی سورەوە من کەدایک و باوکم نەبوو کاوە هەمووکەسم بوو بەڵام ئەم دەستە تاریکانە جگە لە تاریکی هیچیان پێنیە بۆ مرۆڤایەتی.
مافی مروڤ و دیموکراسی درۆیەکی گەورەی ئەم دەستەڵاتەیەو کاتێک لە پێش چاوی ئەو هەموو دەزگای پۆلیس و ئاسایشانەوە و بەبێ دەمامک کاوەی من تیرۆر دەکەن و بۆیان نادۆزرێتەوە بەڵام بکوژی کەسێکی ئاسایی لەسەعاتێکدا دەدۆزرێتەوە ئەمە چ درۆیەکی گەورەیە تکایە بێدەنگ مەبن .

جا داوا لە ئێوەی خوێندکارو مامۆستایانی زانکۆو ئازادی خوازان دەکەم بێدەنگ مەبن و خوێنی کاوەکەم بۆ وەرگرنەوە، چونکە ئێمە دادگاو دەستەڵاتمان نیە ژیانی منیان تاریک کرد ئێوە بێدەنگ مەبن لە خوێنی کاوە بۆئەوەی ئێوەش لە داهاتوودا تاریک نەکرێن و خوشکەکانی ئێوەش وەک و من منالەکانیان لە بێ باوک نەکرێن بەر لە هاتنە دنیایان سوپاسی هەڵوێست و دەنگتان دەکەم .
خوشکتان شیرین ئەمین .
هاوسەری کاوە گەرمیانی
09-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 581

## هێرش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەرکەکانی ئێمە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140808152221346 37

لە چەند رۆژی رابردوودا هێرشی گەورە و جەنایتکارانەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی چەند ناوچەیەک، رەوتی رووداوەکانی خستە قۆناخێکی نوێوە .

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ئەزمونی هەرێمی کوردستان، پاراستنی ئەم دەسکەوتە گرنگەی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستانی بە ئەرکی خۆی زانیوە، بە هاتنی داعش و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی عێراق و مەترسی گەورە بۆ سەر هەرێم، هەڵوێستی روون و ئامادەبونی خۆی بۆ هەرچەشنە هاوکاریی و هاوخەباتیی و بەشداریی لە بەرخۆدان و پاراستنی هەرێمی کوردستان دەربریوە.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان خوازیاری ئەوەیە:
- 1 حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم ماوەدا هەرکام بە جیا هەڵوێستی خۆیان دەربریوە و ئامادەبونی خۆیان بۆ بەشداریی لە مەقاومەت و شەڕی نیشتمانی راگەیاندوە. هەلومەرجی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان و داهاتوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان لە رۆژهەڵات، بانگەوازی هەموان دەکات کە هێزەکانمان یەک بخەین و بە دروستکردنی ئۆرگانێکی هاوبەشی سیاسی و پێشمەرگانە یەکریزی و یەکگرتوویی بزووتنەوەی کوردستان لە رۆژهەڵات، کە داخوازی هەمو گەلی کوردستانە و پێویستی بزووتنەوەکەیە، مسۆگەر بکەین و بە هێز و وزەیەکی یەکگرتوانە ئەرکی خۆمان بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بە ئەنجام بگەیەنین.
- 2 کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بانگەوازی لاوانی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە بۆ بەشداری لە مەقاومەت و بەرخۆدان لە دژی داعش و پاراستنی هەرێمی کوردستان، بەریزەکانی کۆمەڵە پەیوەست بن و لە ئامادەباشیدا بن .
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
17ی گەلاوێژی 1393/ 8ی ئەگۆستی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 582

## هێرشی ئەلقاعیدە دژی کورد لە سوریە مەحکومە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080610270589269

هەر لەسەرەتای ئازادبونی بەشێک لەخاکی کورد لەسوریە هێزە کۆنەپەرستەکان بەهەموو شێوەیەک دژ بەکورد کەوتنە خۆ. وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی تورکیە بەهەموو توانای خۆیان پشتگیری جبهەی نەسری سەر بەئەلقاعیدەیان کرد تا سەری کانی بگرن و چەندین جار شکەستیان هێنا.

ئێستاش چەند رۆژێکە جبهەی نەسر هێرشی خۆی بۆ سەر گوندو شارۆچکەکان و خەڵکی سیویلی کوردستان دەستپێکردوەتەوە، هەروەتر هێزی ئەرتەشی ئازادی سوریەش بەرەو قامیشلوو کە شاری گەورەی کوردستانی سوریەیە جولاون.

تا ئێستا هێزی پێشمەرگەو موقاوەمەتی جەماوەر شکەستی بەم پیلانگێریانە هێناوە. ئێمە وێرای مەحکومکردنی ئەم هێرش و تەجاوزەی ئیسلامیەکانی سەر بەقاعیدە، دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لەکوردستانی سوریە مەحکوم دەکەین.

لەهەمانکاتدا داوا لەهێزە سیاسیەکانی کورد دەکەین لەم هەلومەرجەدا هەموو حەولی خۆیان بۆ یەکگرتوویی بخەنە گەڕ و کێشەی لاوەکی وەلا بنێن. بەتایبەتی روو لەپارتی یەکگرتووی دێموکراتی کورد داوا دەکەین، بەبەرپرسایەتی لەبەرانبەر ئەم هەلومەرجەدا بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی چڕوپڕ لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیکە هەنگاوی جیددی هەڵبگرێ. ئەورۆ کوردی سوریە بەرەو رووی ئەزموونێکی مێژوویی بۆەتەوەو تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپشتی دەتوانێ سەرکەوتوانە ئەم دەورەیە تێپەر بکات.

هەروەها خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان و هێزە سیاسیەکان پێویستە پاڵپشت و یارمەتیدەری خەباتی رزگاریخوازی کورد، دژ بەهێزە تاریکی خوازو ئینسان کوژەکانی ئەلقاعیدە بن. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هاوسۆزی و پشتیوانی خۆی بۆ خەباتکارانی کورد لەسوریە دەردەبڕێ و ئامادەی هەموو کارێکە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
3/8/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 583

## هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەدەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی بەرپرسیارێتی مەڵبەندی سلێمانی حیزبەکەی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2013093020053688440

دەقی دەستلەکارکێشانەوەکە :

کوردستانیانی بەڕێز....

کادرو لایەنگرە تێکۆشەرەکانی (ی.ن.ک....(

هاوڵاتیانی خۆشەویستی سلێمانی...

کەبڕیارم دا ئەرکی بەرپرسیارێتی لە مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەرگرم، لەو کاتەدا یەکێتی و سلێمانی لە بارودۆخێکی خراپدابوون و سەرجەم هەوڵەکانیش بۆ باشکردنی ئەو دۆخە بوو، ئەم بڕیارەشم تەنها لەبەر خاتری (ی.ن.ک)نەبوو، بەڵکو بەئامانجی خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی خۆشەویستی ئەم شارە بوو. لەو کاتەشدا حزبەکەمان لەم شارەدا ڕوبەڕوی تەحەدایەکی گەورە بوو بووەوە، زۆر کەسیش دودڵ بوون لە هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارێتی یە، هەربۆیە بڕیارمدا شان بدەمە بەر ئەو ئەرکە سەختە.

هەرچەندە من هەرگیز ئەوەم نەشاردۆتەوە کە کوردستانیم، بەڵام وا بیر ئەکەمەوە ئەگەر مرۆڤ شارەکەی خۆی خۆش نەوێت ناتوانێت کوردستانەکەی خۆش بوێت.

ئێستا نزیکەی چوار ساڵە لە مەڵبەندی سلێمانی کار ئەکەم، لەم ماوەیەدا هەوڵم داوە خزمەتی شارەکەم و خەڵکەکەی و باقی تری گوندو شارەکانی کوردستان بکەم، ئەمەش ئەرکێکی گرنگی یەکێتییەکانە لە هەر پۆست و پلەیەکی حزبی و حکومی بن و لەهەر شارو شارۆچکەیەک بن.

لەم ماوەیەدا لە زۆرێکی کێشەکانتان ئاشنا بووم و، زۆر هەوڵمدا دڵسۆزانە هەندێک لە ناڕەواییەکان ڕاست بکەمەوە، بەتایبەتیش کێشەکانی تایبەت بە موڵکدارێتی، خزمەتگوزاری گشتی، کرێکاران و فەرمانبەران و خوێندکاران و ئەو دواى توێژەکانی تری هاوڵاتیان.

بەڵام ئەم کێشەو داخوازیانەی ڕۆژانە ڕویان دەکردە مەڵبەند، زۆرێکی تریش لە کێشەکان چارەسەریان لای حکومەتی هەرێم بوو، هەوڵی نێوەندگیریمان دا لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت بۆ جێ بەجێکردنی داواکاریە ڕەواکانی خەڵک، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا تەنها بەڵێنمان پێدراو کێشەکان چارەسەر نەکران.

بەداخەوە پاش ئەوەی کە نەمتوانی جێی ڕەزامەندی زۆربەتان بم، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە مەکتەبی سیاسی و ئەرکی کارکردن لە مەڵبەندی سلێمانی بۆ کەسانی تر جێ بێڵم.

دڵنیاتان ئەکەم کە سلێمانی لە دڵی مندا هەر شارە حەیاتەکەیە، شایەنی هەموو شتێکی جوان و باشترە، لە هەر کوێ بم بە پێی تواناى خۆم خزمەتی ئەکەم.

زۆر سوپاسی سەرجەم ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەکەم و سوپاس بۆ کادیران و ئەندامانی مەڵبەند و دڵنیاتان ئەکەم ئەگەر هاوکاری ئێوە نەبوایە ئەرکەکەم زۆر قورستر ئەبوو.

داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم وەکو پێویست نەمتوانی خزمەتتان بکەم و جێی هیواتان بم.

دڵسۆزتان

هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

سەرچاوە: سایتی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 584
## هێزەکانی 70ی پێشمەرگە وەڵامی مستەفای سەید قادر، دەدەنەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014042614405975985

ڕوونکردنەوەیەک لە هێزەکانی 70 ی پێشمەرگەوە مستەفای سەید قادر کاندیدی گۆڕان بۆ پۆستی وەزیری پێشمەرگە لە ئاخاوتنێکیدا هەڕەشەی سزادان و نانپرینی لە فەرماندەو پێشمەرگەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە، ئێمە لە هێزەکانی 70 بەو کاندیدەی گۆڕان بۆ پۆستی وەزیری پێشمەرگە دەڵێین لەکاتی دەستبەکاربوونیدا بڕیارەکانی چەند لە سەر هێزەکانی 80 و زێرەڤانی لەهەولێرو دهۆک جێبەجێ دەکرێ، ئێمەش لە سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان و شارەزوور و ڕاپەرین دوو ئەوەندە جێبەجێی دەکەین. بەداخەوە ئێمە وامانزانی کاندیدی گۆڕان بۆ پۆستی وەزیری پێشمەرگە پرۆژەیەکی نوێی پێ یە بۆ بەهاوچەرخکردنی وەزارەتی پێشمەرگەو پرچەک کردنی هێزەکانی پێشمەرگەو مەشق پێکردن و ڕاهێنانیان لەسەر شێوازی نوێ سەربازی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان، نەک لەئێستاوە هێشتا کە سوێندی یاسایی نەخواردووەو لەپۆستەکەی دەستبەکارنەبووە هەڕەشەی سزای سیاسی و نانپرین لە فەرماندەو پێشمەرگەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات.

لیوا مەردان چاوشین، یاریدەدەری بەڕێوەبردنی هێزەکانی (70)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 585
## هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و پێداویستییە لۆجستیانەی کە دێن بۆ هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بە فەرمی و بە لیست و نوسراو وەردەگیرێن
http://www.kurdipedia.org/?q=2014090915562777355

ماوەیەکە لە لایەن هەندێ کەسی سیاسی و لە لایەن هەندێ ڕاگەیاندنەوە باسی ئەو چەک و تەقەمەنیانە دەکرێ کە لە لایەن وڵاتانی دۆستەوە دەدرێ بە هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی (داعش) وە باس لەوەی دەکەن کە ئەو چەک و تەقەمەنیانە دێن بۆ کوێ و چۆن دابەش دەکرێن، هەندێکیان پرسیار دەکەن هەندێکی تر گومان دەکەن و هەندێکیش بەبێ بەڵگە هەواڵی ناڕاست بڵاودەکەنەوە، دیارە هەندێکی زۆریش دڵنیان لە وەرگرتن و جۆری دابەش کردنیان.

بۆیە دەمەوێ بە ناوی خۆم و وەزارەتی پێشمەرگەوە بە ڕاشکاوی بە هەموو لایەک ڕابگەیەنم کە

هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و پێداویستییە لۆجستیانەی کە دێن بۆ هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بە فەرمی و بە لیست و نوسراو وەردەگیرێن و وە لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەشەوە بەپێی رێ و شوێنی گونجاو و لەسەر داواو پێویستی ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن و یەکەکانی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دابەش دەکرێن.

دڵنیاتان دەکەینەوە کە لیستی هاتوو و دەرچوو پارێزراوە لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئامادەین بۆ هەموو بەدواداچونێکی لایەنە دۆستەکانمان کە یارمەتیان داوین و هەروەها بۆ ئەو کەس و لایەنە رێگە پێدراوانەش کە پێویست بکات ئاگادارین بۆیە هیوادارم هیچ گومانێک لای کەس نەمێنێ چونکە دوورە لە راستیەوە.
هێزی پێشمەرگەی قارەمان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی قارەمان دڵنیا دەکەینەوە کە هەموو ئەو چەک و تەقەمەنی و پێداویستیە لۆجستیانە بۆ ئێوەیەو بۆ شەڕی دژی (داعش)ە داواکارین بە باشی بیان پارێزن و بە باشی بەکاریان بهێنن، وە سوپاسی خۆراگری و ئازایەتیتان دەکەین.

لێرەشەوە سوپاسی هەموو ئەو وڵاتە دۆستانە دەکەین کە یارمەتیان داوین و یارمەتیمان دەدەن.

هەروەها سوپاسی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکەین کە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیان کردووە بەو شێوازەی کە بۆیان لواوە.

سەری رێز و وەفا بۆ گیانی شەهیدەکان دادەنوێنم و هیوای چاک بوونەوەی زووش بۆ برینداڕەکان دەخوازم.

مستەفا سەید قادر
وەزیری پێشمەرگە
9 / 9 / 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 586

## هەموو کۆمەڵانی خەڵک مافەکانی ژنان بە رەسمی بناسن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140308232109343 97

هاوکات لەگەڵ ئەوەی 8ی مارس وەک رۆژی رێزلێنان لە روومەت و پێگەی ژن پیرۆز دەکەین. یادی نارەزایەتیی دەیان ساڵەی ژنانی رەنجدەر و کرێکار بەرز رادەگرین، کە رێک لە هەمان رۆژدا بە نوێنەرایەتی دو چین و توێژی بنچینەیی کۆمەڵگا، واتە ژنان و کرێکاران رسکان لە دژی سیستمی چەوسێنەر و باڵادەستی پیاوسالار و سەرمایەیان کردە کانگای نارەزایەتی و راپەڕین. ئەوەش لە هەناوی بەرەنگار بوونەوە لە دژی چەوسانەوەوە هەڵقوڵاوە.
زۆربەی کات ژنان بۆ وەدەست هێنانەوەی مافی زەوتکراوی ئینسانی خۆیان و نەهێشتنی هەرجۆرە جیاوازییەک لە ناو کۆمەڵگا، دەستپێشخەر بوون. لەو کاتەوە کە هەستی نابەرابەری و جیاوازی بینراوە، ئەو تێکۆشانانەش دەستیان پێکردووە و بەردەوام بۆ بەرفراوانکردنی داخوازییە ئازادیخوازانەکانی خۆیان و کۆمەڵگا پێداگریان کردووە و لە پێناوەدا نرخ و بەهایەکی زۆریان داوە. هەر لەبەر ئەوەشە ژنان لەو رۆژەدا لەسەرانسەری دونیادا دەسکەوتەکانیان وەبیر دەهێننەوە.
بەڵام سەرەڕای تێپەڕینی ساڵیانێکی زۆر لە دەستپێکی ئەو جۆرە لە خەبات و هەروەها گرینگتربوونی رۆڵی کۆمەڵگاکانی مەدەنی و سازدانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ناونەتەوەیی و تێکۆشانی بەردەوامی ژنان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ لەو ساڵانی دواییدا، ئێستاش بەو جۆرەی، کە پێویستە ئەو توێژەی کۆمەڵگا بە مافەکانی خۆی نەگەیشتووە و بەردەوام لە سەرانسەری جیهاندا رووبەڕووی زۆرترین زوڵم و توندوتیژی دەبنەوە.

ئەو وەزعە لە رۆژهەڵاتی ناوین و ئەو وڵاتانەی، کە شەڕ و ئاڵۆزیان تێدایە، یان ئەو وڵاتانەی، کە لە ژێردەسەڵات و کاریگە ریی دین و نەریت و دەمارگرژیدان قورسایی زیاتر بەسەر شانی ژنانەوە دەکات. زاڵبوونی فەرهەنگی عەشیرە و ئیسلام بە سەر یاساکاندا، بوونی یاسای جیایکاریکردن لەو وڵاتانەدا وەک زەوماوەند لە گەڵ زر کور و زرکچ، یاساکانی فرەژنی، پشکدانان لەسەر بنەمای رەگەزی، تۆقاندن و سەرکوت و دەستگیرکردنی داکۆکیکارانی مافی ژنان، ئەشکەنجە و سێدارە و دوورخستنەوە، لەو نموونانەن، کە ساڵانێکی زۆرە بوونەتە رێگرێ گەورە لەو بەردەم هاتنەدیی مافەکانی ژنان و دیموکراسی و دادپەروەری لە کۆمەڵگادا.
لە لایەکی دیکەشەوە بە فەرمی نەناسینی ئەو رۆژە لە لایەن دەوڵەتێکی وەک ئێرانەوە، خۆی لەخۆیدا بە مانای قەبوڵ نەکردنی خەبات و مافی بەرحەقی ژنانە.
ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگا و هەموو دام و دەزگا و رێکخراوەکانی مافي مرۆڤە تا لە پێناو نەهێشتنی داب و نەریتە ڕزیوەکان، بە نووسینەوەی یاسای نوێ و هەوڵدان بۆ سازکردنی کولتوری نوێ و سازکردنی کۆمەڵگایەکی ئارام بەرەوهەلومەرجێکی رەخساو بۆ مافەکانی ژنان هەنگاو بنێن تا هەر چی زۆرتر شایەتی گەشەکردنیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بین.
بەو پێیەش کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان جارێکی تر 8ی مارس لە هەموو ئازادیخوازان بە تایبەت ژنان پیرۆز دەکات و خوازیاری ئەمەگداری و پێزانینی بایەخەکانی ژنان و بە فەرمی ناسینیانە لە لایەن هەموو کۆمەڵگاکان، بە بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی فکری و نەژادی، زمانی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی و نەتەوەیی.
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 587
## هەواڵەکانی بزووتنەوەی گۆران چەواشەکارییە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014050215533776048
وتەیێژێک لە مەکتەبی راگەیاندنی(ی. ن. ک) لەبارەی چەواشەکارییەکانی بزوتنەوەی گۆران لە سەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەم روونکردنەوانەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

-1هێشتا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئەوانی تریش یەک لایی نەبۆتەوە بە تایبەتی جیاکردنەوە و ئەژمارکردنی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت بۆیە رمڵ لێدانی گۆران بۆ بردنەوەی پارێزگای سلێمانی بێ بنچینەیە، بەڵام رەنگە ئەمە باشترین گوزارشت بێت لە سەر شڵەژاوی ئەم بزوتنەوەیە و شۆکیان بەرامبەر دەرئەنجامی کۆتای هەڵبژاردنەکان لە هەرێم و عیراقدا.

-2سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش لەسەر تاسەری هەرێم و ناوچە داپڕێنراوەکانی کوردستان و عیراق ئەوا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە(ی. ن. ک) لە هەموو ئاستەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە (ی. ن. ک) بە شانازییەوە یەکەمی کوردستانە کە بەزاراوەی ئیتیفاقییەی سێڤر کوردستانی جنوبی (ویلایەتی موسڵ) ی پێدەڵێن واتا ئە و کوردستانەی کەمەلیک مەحمودی نەمر و هەموو بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان نزیکەی سەد ساڵە خەبات بۆ سەلماندنی ناسنامە کوردستانییەکەی دەکەن (ی. ن ک) و دەنگدەرانی (ی. ن. ک)لە شێوەی دەنگدانێکی ریفراندۆم ئاسادا ناسنامەی کوردستانییەتی ئە و نەخشە مێژوییەیان سەلماندەوە، ئەمەش هەم شانازییە بۆ یەکێتی و هەمیش ئەرکی قورسی خەبات دەخاتە ئەستۆمان.

-3سەبارەت بە مانای بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتیش ئەوا هێندە دەڵێین شارەزایانی بواری هەڵبژادن پێیان وایە ئەگەر ڕێژەی دەنگەکانی حزبێک لە نێوان دوو هەڵبژادنی چوار ساڵیدا لە سەدا پێنج بەرزبێتەوە ئەوا بەڵگەی سەرکەوتنی ئە و حیزبەیە، یەکێتی ڕێژەکەی زیاتر لە سەدا بیست بەرزبۆتەوە بە ڕەچاوکردنی کورتی ماوەی نێوان هەردوو هەڵبژادنی 21/9 /2013 و 2014/4/30 ئەم ڕێژەیە بۆ سەرتاسەری کوردستان و بە خودی پارێزگای سلێمانیشەوەیە.

-4ئاکامی بە دەست هاتووی هەردوو لا (ی. ن.ک و بزوتنەوەی گۆران) لە هەڵبژادنەکاندا دەرخەری ئە و ڕاستییەیە کە کۆمەڵانی خوڵکی کوردستان دەرکی سیاسەت و ناسنامەی هەدوولا دەکەن.

خەڵکی کوردستان بە گشتی و ناوچە داپڕێنراوەکانیش بە تایبەتی سەلماندیان کە بزوتنەوەی گۆران بزووتنەوەیەکی لۆکاڵییە، وە ئەرکە قورسەکانی چارەسەری ڕاست و ڕەوا و ژیرانەی کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا، دۆسییەکانی بودجە و پێشمەرگە و ماددەی 140 و شەراکەتی ڕاستەقینە بە(ی. ن. ک) سپاردووە ڕوبەڕووبونەوەی تیرۆر و تەعریب و شۆڤێنیزمیان بە یەکێتی سپاردوە و ئە و متمانەیەیان پێداوە.

-5ئێمە وەک حزبێکی دیموکرات و باوەڕمەند بە متمانەی جەماوەر چاوەڕێی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و تێکرای هەرێمی کوردستان و هەڵبژادنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکەین و وە ئاکامەکەی هەرچییەک بێت قبوڵی دەکەین و هیواداریین بزوتنەوەی گۆرانیش هەر لەئێستاوە رایبگەیەنێت کە ئەنجامەکە قبوڵ دەکات.
لەگەڵ دەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژادنەکانیشدا قۆناغی نوێی سیاسی لە کوردستان و عیراق دەستپێدەکات (ی. ن. ک) یش خۆی بۆ ئە و قۆناغە نوێیە ساز و ئامادە دەکات.

وتەبێژێک لە مەکتەبی ڕاگەیاندن
2014/ 2/5

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 588

## هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێم تەنها بۆ سەرمایەداران و پارتەکانیانە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060113262178390

ئەنجومەنی کۆمیسیارانی باڵای هەڵبژاردنەکان بەڵگەنامەی سیستەمی تۆمارکردنی قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە کەناکۆکی بنەرەتی هەیە لەگەڵ سیستەمی ئازادانەی خۆکاندیدکردنو دەنگدانی هاوڵاتیاندا، بەڵکو لەگەڵ پێوانە بۆرژواییەکانی هەڵبژاردنو دەنگدانیشدا نایەتەوە. ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەکەوە مافی خۆکاندیدکردن بۆ سەرمایەدارانو دەوڵەمەندانو حیزبەکانیان قۆرخ دەکات، لەلایەکی دیکەوە چەندین مەرجی یاسایی و مادی داناوە لەبەردەم خۆکاندیدکردنی کرێکاران و هاوڵاتیانی کەمدەرامەتدا. جگەلەمەش داسەپاندنی پێناسەی قەومی و ئەتنیکی بنەمایەکە بۆ دەنگدەرانو کاندیدبوونی هاوڵاتیان کە مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانی بۆبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا سڕیوەتەوە و ناوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانەی قەومی و ئەتنیکی پێبەخشیوە. هەمووئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن کەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بەشداری هاوڵاتیان تیایدا، هەر لە سەرەتاوە بە قازانجی حزبە دەسەڵاتدارەکانی وەک پارتی و یەکێتی بڕواتە

پێشەوە.
دیاریکردنی ئەنجامدانی چەند هەڵبژاردن لەیەک کاتدا، کە کۆمیسیۆنی ناوبراو ئامادەیی نیشان داوە بۆ ئەنجامدانی، لەوانەش هەڵبژاردنی پەرلەمانو پارێزگاکانو سەرۆکایەتی هەرێم لەهەمان رۆژدا، جگە لەوەی مافی دەنگدان لەبەردەم هاوڵاتیاندا قەتیس دەکات، تەنها بۆیەکجار ئەومافەیان پێدەدات. هاوکات فەزایەکی ئاڵۆز و فرسەتی سەر لێتێکدان بۆ خەڵک پێکدێنی و بواریش بۆ تەزویرکردن بۆ حزبەکانی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنی بۆرژازی دەخوڵقێنێ.
دانانی هەڵبژاردنەکانی ئێستا بەداخراو یان نیمچە کراوە گونجاو نیەو فرسەت نادات بە هاوڵاتیانی کوردستان بە ئازادانە خۆیان کاندید بکەنو خەڵکیش دەنگیان پێبدەن، بەڵکو خەڵک ناچار دەکەن دەنگ بە حیزب یان گروپێک بدات کە فڵان کاندیدی جێگای رەزامەندی ئەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەسیستەمی هەڵبژاردن پێویستە بەشێوەی کراوەیی ئەنجام بدرێ تا خەڵک ناچار نەبێ بەوشێوەیە دەنگ بدات. شێوەی هەڵبژاردنی کراوە رێگا دەکاتەوە بۆ خەڵک نوێنەرەکانی خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن جا ئەو نوێنەرە سەر بە هەر حزبێک بێت. لە هەمانکاتدا دەوری دەبێت لە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی راستەوخۆی حزبەکان لەکاروباری پەرلەمان و حکومەتدا.
لەمادەی سێیەم، خاڵی 2ی بەڵگەنامەکەی کۆمیسیۆندا هاتوە: دانانی پری(دە) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ قەوارەی تاکو پری (پەنجا)ملیۆن دینار بۆ قەوارەی سیاسی(حیزب یان کۆمەڵە)...
بەئاشکرا مافی خۆکاندیکردن بەسەرمایە و داهاتەوە دەبەستیتەوە و هاولاتیەک کەئەگەر ئەو ئیمکانەی نەبێت لەمافی خۆکاندیدکردن بێبەری دەکرێت، لەولاشەوە تاکی خاوەن سەرمایەو دەوڵەمەند و ئەو حیزب و لایەنانەی کە سەر بەوچینەی کۆمەڵگان، بەهۆی ئیمکاناتی مادی و بودجەی پێدراوایانەوە، لەم مافە بەهرەمەند دەبن. ئەمەش جیاکاریەکی ئاشکرایە و دژایەتیکردنی پرەنسیپی مافی بەشداریکردنی یەکسانە. ئەمە لەکاتێکدایە کەدانانی مەرجی تەعجیزی لەم جۆرە لەو وولاتانەدا کە سیستەمی دەنگدان مێژویەکی دورودرێژی هەیە، بەرچاو ناکەوێ.
لە هەمان مادە، لەخاڵی 7دا هاتوە: کە قەوارەی ناوبراو دەبێ لیستێک کە کەمتر نەبێ لە(دووهەزار)دەنگدەری لێهاتوو پێشکەش بکات. ئەمەش بە ئاشکرا پێچەوانەیە بە ئازادی خۆکاندیدکردنو دەنگدان. ئەم مەرجە زیاتر بە قازانجی ئەو کەس و لایەنانە دانراوە کە لەپێشەوە دەنگەکانیان مسۆگەر کردوە نەک لەناو پرۆسەی هەڵبژاردنداو لەسەر جۆری پلاتفۆرمی سیاسیان خەڵک دەنگیان پێ بدات. بۆنمونە بۆ حیزبێک کە هەزاران ئەندامی هەیەو ئەندامەکانی ناچارن دەنگی پێبدەن یان بۆ سەرۆک عەشیرەتێک کە سەدان کەس رەعیەتی هەبێ دەگونجێ، بەڵام بۆ هاوڵاتیەکی ئازادی کۆمەڵگای هاوچەرخ یان حیزبێکی سیاسی مۆدێرن کە لەپرۆسەی دەنگداندا هاوڵاتیان بە پلاتفۆرمەکەی ئاشنابن و دەنگی پێبدەن، ناگونجێت. ئەمە پێچەوانەی مافی یەکسانی خۆکاندیدکردنو هەڵبژاردنە.
مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بایەخی پێ نادرێ، دابینکردنی هەلومەرجی یەکسانە بۆ سەرجەم کاندیدەکان.. لەهەر وولاتێکی دیموکراتیکدا بۆئەوەی فرسەتی یەکسان دابین بکرێ بۆ کاندیدەکان بۆ ناساندنی بەرنامەی خۆیان بە هاوڵاتیانو دەنگدەران، دەوڵەت پشتیوانی مالی دەکات لە کاندیدەکان بۆ ریکلام کردن.. لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا ئەو حیزب و لایەنانەی کە لەسەر داهاتی خەڵکو لە پارەی بودجەو سەرمایەی کۆمپانیاکانیان دەتوانن کەناڵی راگەیاندنی جۆرواجۆرو کەناڵی ئاسمانیان هەبێ دەتوانن کاریگەری لەسەر دەنگی هاوڵاتیان دابنێن، بەڵام کەس و لایەنێک کە ئەو ئیمکانەی نەبێت ئەو فرسەتەی نابێتو بەوجۆرە مافی یەکسانی خۆ کاندیدکردن دەبێتەقسەو هیچی تر.
ئەو خاڵانەی سەرەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی کەسیستەمی هەڵبژاردنی کوردستان بەپێی پێرەو و بەڵگەنامەیەک کەکۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەسەری دەروات، بەتەواوەتی دوورە لەوەی کە فرسەت بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد لەبەردەم هاوڵاتیانو لایەنو حیزبەکانی کوردستاندا بکاتەوە.
بۆیەدەبێ خەڵکی کوردستان بەهوشیاری زۆرەوە لەمافی خۆیان پروانن و نابێ ریگا بە یاسا و شیوازێک بدەن کەکۆمیسیۆن لەدژی ماف و ئازادیەکانی ئەوان لەم هەڵبژاردنانەدا بەدەستیەوە گرتووە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پێشنیاردەکات کەئەم خالەنەی خوارەوە وەک بنەمایەک بۆ سازدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو یەکسان پەیرەویان لێبکرێ:
/1مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بنەمای بەشداری و خۆکاندیدکردنی هەر تاکێکە کەدانیشتووی کوردستانە و بەم پێیەش خۆکاندیدکردنی هەر هاوڵاتیەکی تەمەن سەروو 18ساڵ، بەبێ جیاوازی قەومی و ئاینی و رەگەز و بیرورا، کەلەرووی عەقڵیەوە ئەهلیەتی هەبێ، وەک پرەنسیپێکی

سەرەکی و پارێزراو چاوی لێبکرێ.
/2دەبێ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگاکان، لێک جیابکرێنەوە و هەرکامەیان بەسەربەخۆ رێکبخرێن. هاوکات دەبێ سیستەمی هەڵبژاردنەکان بەشێوەی کراوەیی لەهەریەک لەم ئاستانەدا ئەنجام بدرێ، تا زۆرترین بوار بدات بە هاوڵاتیانی کوردستان بە ئازادانە خۆیان کاندید بکەنو هاوڵاتیانیش دەنگیان پێبدەن و ناچار نەکرێن دەنگ بە حیزب یان گروپێک بدەن.
/3هەڵگرتنی هەرجۆرە رێگری و مەرجێک بۆ خۆکاندیدکردنی هاولاتیان، لەوانە دانی پارەو هێنانی ژمارەیەک دەنگی پێشوەخت.
/4دابینکردنی کەناڵی راگەیاندن و ئیمکاناتی پێویست لەبەردەم کاندیدەکان، بەیەکسانی لەلایەن حکومەتەوە .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەمەبەستی دابین کردنی فەزایەکی ئازادانە بۆبەشداری کرێکاران و هەلسوراوانی جەماوەری وهاولاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا، بانگەوازدەکات کە مل بەیاساو شێوازەکانی ئیستای کۆمیسیۆن نەدەن و بۆ هەلوەشانەوەی دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن.
مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
29-5-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 589

## هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆنەیەک نییە بۆ یاساشکێنی

http://www.kurdipedia.org/?q=201309091134598841

سلێمانی، 9ی ئەیلول 2013:
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت دەبێت هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێتە بۆنەیەکە بۆ رێز گرتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و پریارو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، نەک پێشێلکردنیان.
لە(10) رۆژی یەکەمی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 28ی ئابی 2013 دەستیپێکردوە، 18 رۆژنامەنوس کەیسەکانیان لە سەنتەری میترۆ تۆمارکردوە .
کەیسەکان لە نێوان 28 بۆ 6ی ئەیلولی تۆمارکراوە، وەک رۆژنامەنوسان ئاماژەیان پێکردوە کێشەکانیان زۆربەی لەگەڵ جەماوەری لیستە رکابەرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بووە.
کەیسەکانیشیان بریتی بوون لە دەستگیرکردن، رێگری و هەڕەشە، پەلاماردان، دەست بەسەراگرتن، شکاندنی جامی سەیارە، بریندارکردن، فشارو رێگری، تەقەکردن. کە هەمووی پێچەوانەی ئەو مافانەن کە یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان بۆ رۆژنامەنوسانی زامن کردوە.
دەستگیرکردن
ئێوارەی رۆژی چوارشەممە سەرنوسەری گۆڤاری باشور بە سەنتەری میترۆی راگەیاند ئەمرۆ رۆژنامەنوسێکمان بە ناوی نزار بێجان، لەکاتی سەردانی ئاسایشی زاخۆ دەسبەسەرکراوە.
شێروان شێروانی بە میترۆی ووت" پێشتر نە سەندیکاو نە گۆڤارەکەمان ئاگادارکراوە لەسەر ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی نزار کراوە". لەمادەی هەشتەمی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستاندا لە کاتی گرتنەبەری رێکاری یاسای بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار ئەکرێتەوە .
رێگری و هەڕەشە

زمناكۆ ئیسماعیل، پەیامنێری سایتی سبەی وتی کاتژمێر 6ی ئێوارەی رۆژی هەینی بەرواری 30ی ئابی 2013 لە گەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی، لە کاتی کردنەوەی مەکۆیکی بزوتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێ گەنج هەڕەشەیان لێکردم. جەختیکردەوە" میلی چەکیان لێ هێنامەوە جنێویان پێدام". بە پێ قسەکانی زمناکۆ تیمی کەناڵ KNN لە شوێنی روداوەکە بوون و شاهێدن بەسەر وردەکاری روداوەکە. هەروەها رۆژی شەممە 31ی ئاب لە گەرەکی توی مەلیک لەکاتی وێنەگۆتندا رێگریم لێکراوە.

پەلاماردان

حسین حسن پەیامنێری کەناڵی KNN لە زاخۆ رایگەیاند کاتژمێر 11ی شەوی هەینی، رێکەوتی 30ی ئاب، لەکاتی وێنەگرتنی هەڵمەتی هەڵبژاردن هێرشکرایە سەرمان جەختیکردەوە" کۆمەڵێک بە بێ هۆ پەلامار دراین و نەیانهێشت وێنەبگرین". عەبدوڵڵا ئەحمەد وێنەگری کەناڵەکە بە میترۆی ووت" لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەی بەرامبەرمان ئەنجامدرا کامێراکەمان شکا"

بەردباران

هادی ئەحمەد، پەیامنێری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە میترۆی راگەیاند شەوی هەینی 30ی ئاب، لەکاتی پەلاماردانی بنکەیەکی یەکێتی بریندار رکرام. هادی وتی " پەلاماردەران دەیانزانی من رۆژنامەنوسم بەڵام بە بەبەرد هێرشیان بۆ هێنام و بریندار بوم دەیانوت دەبێت وێنەکان بسڕیتەوە"

قەدەغەکردنی روماڵ

ئامانج ئیسماعیل پەیامنێری KNN بە میترۆی راگەیاند رۆژی هەینی 30ی ئاب لەکاتێکدا لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان سەرقاڵ روماڵکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون لە لایەن چەند لایەنگرێکی لیستێکی هڵبژاردن لە ناو بازاڕی قەزای رانیە هەڕەشەیان لێکراوە و رێگریان لێکردون وێنە بگرن وتی" پێان وتین وێنەگرتن قەدەغەیە و لاچن لەم ناوە ئەمە وێڕای هەشەکردن"

دەست بەسەراگرتن

ئاراس عوسمان، پەیامنێری سایتی ئاوێنە بە میترۆی راگەیاند سەرلە بەیانی رۆژی شەممە 31ی ئاب، لە کاتی وێنەگرتنی بارەگای سەرکردایەتی پارتی لە شاری سلێمانی نزیکەی کاتژمێرێک دەستبەسەرکرام. وتی " دوو چەکدار پاش رێگریکردن بۆ لەناو ئۆتۆمبێلێکدا بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دەستبەسریانکردم"

فشارو رێگری

ئەبوبەکرحسێن پەیامنێری کەناڵی KNN لە قەزای سەید سادق، بە میترۆی راگەیاند کاتژمێری 11ی پێش نیوەرۆی سێ شەممە لە بانکی سیقەوە وێنەی کۆمیتەی یەکێتیمان دەگرت، بەرپرسانی ئەو بانکە رێگریان لێکردین وێنە بگرین. هەوەها هەڵۆ سعداللە وێنەگری کەناڵی KNN کە لەگەڵ ئەبوبەکرد لەهەمان شوێندا بون بە میترۆی ووت"فشاریان بۆ دەهێنایین کە ئەو گرتانە بسڕینەوە کە وێنەمان گرتون"

برینداركردن

عبدارحمن ئەبوبکر پەیامنێری کەناڵی KNN لە شاری سلێمانی بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کاتژمێر 9:15 دەقیقەی شەوی سێ شەممە 3ی ئەیلول لەکاتی پەلاماردانی بنکەی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان من لەگەڵ تەلان کۆسرەتی وێنگری کەناڵەکەمان لەوێ بوین. وتی، " بە دەبە و دار هێرشکرایە سەرم لاچاوم بریندار کرا "

شکاندنی جامی سەیارە

بەختیار ئەحمەد پەیامنێری کەناڵی زاگروز رادیۆی دەنگی کوردستان، بە میترۆی راگەیاند کاتژمێر 1:30 شەوی شەممە 5ی ئەیلول، لەکاتی روماڵکردنی روداوی تەقەکردنەکەی شەقامی توی مەلیک پەلامار دراوە. بەختیار وتی " جامی سەیارەکەیان شکاندم و چەند شوێنێکی تری سەیارەکەم زەرەری بەرکەوتوە" جەختیکردەوە" پەلاماردەران ئێمەیان دەناسی"

راونان

هاوکار یاساین پەیامنێری کەناڵی گەلی کوردستان بە میترۆی راگەیاند کاتژمێر 9:45 شەوی شەممە 6 ئەیلول. لەگەڵ بەڵێن واحید وێنەگر لە کاتی روماڵکردنی بانگەشەی هڵبژاردن لە سەهۆڵەکە کۆمەڵێک کە ئاڵای لیستێکی دیارکراویان پێ بوو هێرشیان بۆ هێنایین. وتی" بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت لە و شوێنە نەماین بەڵام ئەوان وازیان نەدەهێنا".

لێدان

تارای بایز اغا پەیامنێری کەناڵی زاگروز بە میترۆی راگەیاند شەوی شەممە 6ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان بە ناوی دانەر عەبدولخالق بە دەبەی ئاو هێرشکراوەتە سەریان پاشان لێیان

دراوە. تارا وتی" ئێستاش شوێنی دەبە ئاوەکان بە گیانی خۆم وێنەگرەکەمانەوە دیارە" تەقەکردن
ئاوات محەمەد وێنەگری کەناڵی گەلی کوردستان بە میترۆی راگەیاند شەوی شەممە 6ی ئەیلول لە کاتی بەرنامەی راستەوخۆی کەناڵەکەمان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپترا دوو گەنجی تیا بوو تەقەیان بەسەرماندا کرد، پاشان خۆیان رایانکردو ئۆتۆمبێلەکەیان جێهێشت.
هەوەها سوزان ئومێد پەیامنێری هەمان کەناڵ سوکایەتی پێکراوە بە میترۆی وت" فشاریان بۆ هێنام سوکایەتیم پێکرا"
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت پێویستە جەماوەری لیستە رکابەرەکانی هەرێمی کوردستان رێز لە یاسای کاری رۆژنامەنوسی بگرن و هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان نەکەنە بۆنەیەکە بۆ پێشێلکاری و یاساشکێنی.
میترۆ جەختدەکاتەوە پێویستە قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رێز لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش یاسای کاری رۆژنامەنوسی بگرن سەرباری رێزگرتن لە بریارو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە مامەڵەی تەندروست لەگەڵ راگەیاندن و راگەیاندنکاران.
میترۆ داوا دەکات هێزەکانی ئاسایش ناوخۆی هەرێمی کوردستان، رۆژنامەنوسان لە هێرش و توندوتیژی لیست و جەماوەرەکانیان بپارێزن.
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە لە ناوەراستی ئابی ساڵی 2009 لە شاری سلێمانی لە لایەن، کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس و پارێزەر(رازاو شەریف، هیوا عوسمان، عمار الشابندر، توانا عوسمان، رەحمان غەریب) دامەزراوە، تا کۆتایی ساڵی 2010 لەلایەن پەیمانگای رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی (IWPR) پاڵپشتی کراوە. لە تەموزی ساڵی 2010 لە کۆنفرانسێکدا لە شاری هەولێر ئەندامانی بۆردی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردران .
میترۆ لە بە پاڵپشتی رێکخراوەکانی (پاڵپشتی میدیای نێودەوڵتی (IMS لە ساڵی 2011 و ڕێکخراوی فریاگوزاریی میللەتی نەرویجی (NPA) دوو راپۆرتی ساڵانەی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە. دوو راپۆرتی وەرزیشی هەبوە. میترۆ ساڵی 2012 توێژینەوەیەکی سبەبارەت بە ئازادی رۆژنامەنوسی بڵاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 590

## هەڵویستی یەکێتی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی یەک لیستی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121023191887322

هەر لەسەرەتاوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پرواى بەوە هەبووە کە لە کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان کە لەدەرەوەی هەرێمن، لایەنە کوردستانییەکان بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی عیراق بکەن. ئەم هەڵوێستەی یەکێتیش لە پێناوی پاراستن و قوڵکردنەوەو بەرجەستەکردنی یەکریزی گەلەکەمان لەو ناوچانەدا، هەموو ئاماژەکانیش لەو بارەوە پشتیوانی هاووڵاتیانی کورد و پەرۆشانی تر لە نەتەوەو ئاین و مەزهەبە جیاجیاکان لە کەرکوک و ناوچەکانی تر، زۆرتر هانی ئەدایین کە لە پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی کوردستانیدا دەستپێشخەر و بە پەرۆش بین.

لەو چوارچێوەیەدا بەرپرسانی یەکێتیمان لە کەرکوک و ناوچەکانی تر راسپارد کە بۆ وەدیهێنانی

یەک لیستی کوردستانی دەستپێشخەر و کارا بن. دواتر هاودەنگێکی باشمان لەلایەن حزبەکانی ترەوە هەست پێکرد و بەو جۆرە دوو رۆژ لەمەوبەر لیستی کەرکوکی کوردستانی بە بەشداری و ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو لایەنەکان راگەیێندراو ئەمەش بووە هۆی دڵخۆشی هاووڵاتیانی کوردستان و بەشێوەی جۆراوجۆر هاووڵاتیان شادمانی و پشتیوانی خۆیان بۆ لیستە هاوبەشەکە دەربری و وەک دەسکەوتێک درایە قەڵەم. کۆبوونەوەی نوێنەری حزبەکانی کوردستان لە کەرکوک لەسەر هەموو وردەکارییەکانی یەک لیستییەکە رێکەوتبوون.بەڵام بە داخەوە دوای بیست و چوار سعات لە راگەیاندنی لیستە هاوبەشەکە، بەهۆی نارازیبوونیان لەسەر ناوی سەرۆکی لیست، کشانەوە .

هاووڵاتیانی تێکۆشەری کەرکوک و کوردستان
هەموو لایەک ئەو راستیە ئەزانن، کە بە حسابی دەنگ و کورسی یەکێتی لە کەرکوکدا هێزی یەکەم و زۆرینەیە، بەڵام هەرگیز لەبەرامبەر وەدیهێنانی یەکڕیزی گەلەکەمان لە کەرکوک حسابی زۆرینەو کەمینەمان نەکردووەو بێ دوودڵی لایەنگری ئەوەبووین کە هەموو لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە بین و بە بەرجەستەکردنی یەکڕیزی گەلەکەمان دەسکەوت و دواجار سەرکەوتنێکی کوردستانیانە لە کرکوک وەدبیێنین، بە تایبەت کە هەستیاری دۆخ و ئایندەی کەرکوک بەسەر هەمووماندا ئەسەپێنێ کە بەرژەوەندییەکانی تەسکی حزبایەتی وەلا بنێنین و کۆسپەکانی بەردەم یەکڕیزی نەهێڵین و یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین.

ئێستا، کە ئەو لایەنە بەڕێزانە هەڵوێستێکی پێچەوانەی یەکڕیزیان گرتەبەر و لیستە هاوبەشەکەیان هەڵوەشاندەوە، ئێمە وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وێرای نیگەرانیمان لەو هەڵوێستە، بۆ خەڵکی کوردستان و کەرکوکییەکان تەئکید ئەکەینەوە، کە سەرەڕای ئەو هەڵوێستەش ئێمە لەسەر سیاسەتی راستی خۆمان لەبارەی یەک لیستی لایەنە کوردستانییەکان بەردەوامین و پێشمان وایە، کە ئەرکی کوردستانییانەمان داوا لە هەموو لایەکمان ئەکا، کە بە توندی دەست بە یەک لیستییەکەوە بگرین. هەر لەو روانگەیەشەوە داوا لەو لایەنە بەڕێزانە ئەکەین لە سۆنگەی پەرۆش بوون بۆ یەکڕیزی و یەکلیستی بەو بڕیارەی خۆیاندا بچنەوە .

دواجار ئەبێ ئەو راستیە تەئکید بکەینەوە، کە ئۆباڵی هەڵوەشاندنەوەی لیستی کەرکوکی کوردستانی ناکەوێتە ئەستۆی یەکێتی و هەر بۆیەش دیسانەوە بانگی برایانمان لە لایەنە کوردستانییەکان ئەکەین کە دەرفەتی یەکلیستی لەدەست نەدەین و بەرژەوەندییە حزبییەکانمان بکەینە قوربانی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە کەرکوک.
10-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 591

## هەڵوێستنامە : ئێمە بارزانییمان وەک سەرۆکی هەرێم قبوڵ نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070509352989694

ماوەیەکە بابەتی دانانەوەی بارزانیی بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتیی هەرێم، قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێت. سەرەنجام پارلەمانی کوردستان لەرێگەی پارلەمانتارەکانی پارتیی و یەکێتییەوە، بەبڕیارێکی گاڵتەجاڕییانەی هاوشێوەی پارلەمانی سوریا، 2ساڵیان بۆ بارزانیی لە سەرۆکایەتیی

هەرێمدا درێژکردەوە.
ئیمە پێمانوایە، جگە لەوەی بارزانی لەڕووی قانونییەوە، مافی ئەوەی نییە خۆی هەڵبژێرێتەوە، هاوکات ئەو کوودەتایەی پارلەمانتارانی پارتیی ویەکێتیی لە 30ی مانگی حوزەیراندا، ئەنجامیاندا، پەنابردنێکی مەترسییدارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەقە قانونییانەی خۆیان دایانڕشتووە. ئێمە بەڕاشکاوانە دەڵێین کاتی ئەوە هاتووە، کۆتایی، بەوە بهێنرێت، چیتر بارزانیی و بەرپرسانی تری هەرێم، لەحکومەت و پارلەمان درێژە بە حوکمڕانیی هەرێم نەدەن، چونکە ئەزموونێکی زۆر مەترسییدار و خراپیان لەحوکمڕانیی پێڕۆکردووە. لە تاڵانیی لە بودجەی وڵات و داهاتی نیشتمانییەوە بگرە، تا بە گەندەڵیی ئیداریی دەگات، کە بە هەموو بنج و بناوان و لوتکەی دامودەسگاکان گەیشتووە.
یارییکردن بە قانون و بەپێی میزاجی حیزب و بەرپرسان و تیرۆری سیاسیی، لێنەپێچینەوە لەهیچ بەرپرسێکی سیاسیی کە هەر تاوانێکی کردبێت، یان تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و چالاکوانان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، کە سالانە لەناوەندە جیهانییەکاندا وەک هەرێمێکی دژە ئازادیی و دژە دیمۆکراسیی و دژە مافی مرۆڤ دەناسرێ. وێرای بەبنەماڵەکردنی دامودەسگاکانی هەرێم، تا ئاستی ئەوەی کۆی هەڵبژاردنەکانیش بەشێوەی ناسروشتیی بەڕێوە چووە، پربووە لەساختەکاریی و بەکارهینانی داهات و دەسگا ئیدارییەکان لەخزمەت خۆیاندا، سەرەنجام تا دەگاتە ئابڵۆقە خستنە سەر کوردانی کوردستانی خۆر ئاوا و شکستی گەرانەوەی ناوچە کانی تری کوردستان.... بۆیە ئیمە ئەوانەی واژۆی ئەم دەقەمان کردووە بەهەموو شێوەیەک، دژی دانانەوەی بارزانیین.
داوا دەکەین:
-1بارزانیی بەهیچ شێوەیەک بۆی نەبێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرێتەوە، چونکە ئەزمونی 8 ساڵ لە دەسەڵاتداریی ئەو، ئەزمونێکی شکستخواردوو و فەسادکردنی کۆمەڵگە بووە.
-2پارلەمانی کوردستان بەڕەسمیی داوای لێبوردن لەخەڵکی هەرێمی کوردستان بکات بەرامبەر ئەو ئەتککردنەی قانون و سەپاندنی بریاری 2 حیزب بەسەر خەڵکدا.
-3داوادەکەین خەڵکی کوردستان ناڕەزایەتیی دەربرن دژ بە و سیستمە سیاسییەی لەکوردستاندا هەیە، کەکۆمەڵگەی کوردیی بەرەو کۆمەلگەیەکی زۆر ناتەندروست و مەترسییدار دەبات.
ناوەکان
چالاکوانی مەدەنی سوید قادر نادر/ -1
روناک ئەحمەد / چالاکی مەدەنی..ئەلمانیا -2
هیوا ناسح .... نوسەر و چالاکوان ...سویسرا -3
کامیار سابیر ... نوسەر ... ئوستراليا -4
سەباح عەلی قارەمان ... نوسەر ...کوردستان -5
مستەفا حەسەن گەورە .... نوسەر، دانیمارک -6
د. سالار باسیرە ... تۆێژەری سیاسی ئەڵمانیا -7
لوقمانی حاجی کەریم ...نوسەر ...بەریتانیا -8
عەبدول رەحمان ئەبوبەکر رۆژنامەنوس/کوردوستان-9
خالید رەزا پیشمەرگەی دیرین / هۆلەندا -10
رێکخراوی ماڵی کوردو ئەلمان کۆڵن -11
محەمەد موسا /زیندانی سیاسی/ئەڵمانیا -12
هیوا عەبدولا رۆژنامە نوس /بەلجیکا-13
د پشتیوان عەبدولا... چالاکوانی مەدەنی و پزیشک...هەولێر -14
فەرمان خێلانی چالاکوانی مەدنی و رۆژنامەنوس..بەلجیکا -15
نەوزاد کەریم پێشمەرگەی دێرین/نەرویج-16
پێشرەو جەمال محەمەدخوێندکار/هۆڵندا-17
ئیدریس سابیر/چالاکی سیاسی نەرویج-18
کەژال نوری، چالاکوانی پرسی ژن، هۆلەندا-19
فەرهاد مارف... یاساناس..بەریتانیا -20
شیروان شیروانی..رۆژنامەنوس...دهۆک-21
شیرزاد عەزیز... نوسەر و پێشمەرگەی دیرین...سوید -22
ماڵپەری مالمۆ کورد لەسوید -23
رەنجدەر گراوی..چالاکوانی مەدەنی...هەولیر -24

شیرزاد حەمید... چالاکوانی مەدەنی،...سوید -25
کاوە گەرمیانی.... سەرنوسەری گۆڤاری رایەل کەلار -26
خەبات نەوزاد، رۆژنامەنوس.... سلێمانی -27
کامەران محمەد... رۆژنامەنوس...هەولێر -28
میران سالح... چالاکوانی بواری مەدەنی..ئەلمانیا -29
عەبدول قەرەقولی...چالاکوانی بواری مەدەنی...سوید -30
رزگار شیخ سالح...پێشمەرگەی دێرین و نوسەر..هولەندا -31
هیمن رەئوف.... نوسەر..کەنەدا-32
ئارام رەفعەت..نوسەر...ئوسترالیا -33
توانا سەعدی..کرێکار..نەمسا-34
جەمال سەید سادق..چالاکوانی مەدەنی...ئوسترالیا -35
نەژاد سیوەیلی..نوسەر،.... کەنەدا-36
شاخەوان شۆرش... نوسەر...دانیمارک -37
شەمال عەلی..هەلسوراوی سیاسی...سوید -38
گۆنا سەعید.. چالاکوانی بواری یەکسانی ژنان و پیاوان...بەریتانیا -39
محمەد گۆران...رۆژنامەنوس..هەولێر -40
رەگەز کەمال...ئەندازیار... مالیزیا -41
کاروان کەمال شەریف...پاریزەر... بەریتانیا -42
سەفین مەلا سابر... چالاکوانی مەدەنی...سلێمانی -43
گۆران دوکانی..رۆژنامەنوس... ئەمەریکا-44
نازە عەلی - خوێندکاری زانکۆی سلێمانی-45
یاسین ئامێدی - چالاکی مەدەنی - بەلجیکا-46
نەجم عەبدولقادر - کرێکار - بەلجیکا-47
هاورێ فەتاح - خوێندکاری ماستەر - لەندەن-48
هیوا عەبدوڵڵا - چالاکی مەدەنی و خوێندکاری زانکۆ - بەلجیکا -49
پێشرە و ئیسماعیل - چالاکی مەدەنی - بەلجیکا -50
رێزان سەلاح - چالاکی مەدەنی - برۆکسل -51
دیار عەلی نەجم - خوێندکار - بەلجیکا -52
ئەیوب گەرمیانی - کرێکار - بەلجیکا -53
چنار عەلی - خوێندکاری زانکۆی سلێمانی -54
زامدار ئەحمەد - رۆژنامەنووس - کۆیە -55
ناصیح عەبدولرەحیم - چالاکی مەدەنی و رۆژنامەنووس - هەڵەبجەی شەهید-56
لوقمان مەحمود - زیندانی سیاسی - بەلجیکا-57
ماهر قادر - کرێکار - بەلجیکا-58
ئاکۆ کەریم - رۆژنامەنووس - سلێمانی-59
سەربەست زاهیر - سلێمانی-60
چۆمان زێوەیی - خوێندکار - بەلجیکا -61
بەختیار شارەزوری /نوسەر /سلێمانی-62
نیهال جەلال/مامۆستای کوردی..ئەلمانیا -63
هیدایەت ئیبراهیم/ رۆزنامەنووس-64
حەمە گۆپاڵە نوسەرو بەرپرسی رایەڵەی لێهاتوانی سوید65
هاورێ رەش... شاعیر-

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 592

# هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی 24ی جۆزەردانی ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060607495478348

لە 24ی جۆزەردانی ئەمساڵ دا، لە ئێران دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکانی شار و دێ بەڕێوە دەچن. حیزبی دیموکراتی کوردستان روانین و هەڵوێستی خۆی لە بارەی ئەم هەڵبژاردنانەوە بەم جۆرە رادەگەیەنێ:

باوەڕی قووڵ بە دەسەڵاتی خەڵک و هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکانی سیستمی بەڕێوەبەریدا یەکێکە لە و بنچینە خەڵکی و دێموکراتیانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی و پێداگری لە سەر مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، تێکۆشانی سیاسیی ئازادی لێ قەدەغە کراوە و مافی بەشداریی قانوونی لە پرسە سیاسییەکانی وڵات_ یەک لەوان بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی_ دا، لێ زەوت کراوە.

پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا، لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرنگیی هەبووە. ئەو هەڵبژاردنانە لە لایەکەوە بە هۆی نێوەرۆکی سیستەمی سیاسیی وڵات و دەستێوەردانی راستەوخۆی بەیتی رێبەری و زاڵبوونی ئۆرگانە ناخەڵکی و داسەپاوەکانی وەک شووڕای نیگابان، لە هەموو تایبەتمەندییەکی دێموکراتیک بەتاڵ کراونەوە. لە لایەکی دیکەوە لە چوارچێوەی بارودۆخی سیاسیی ئێراندا، هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکی بەرتەسک بوون بۆ هاتنەگۆڕی داخوازەکانی خەڵک و وەستانەوە و ململانێی ئەوان لە گەڵ ناوەند و دەستە و تاقمەکانی نێو رێژیمی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشە بە سیاسەت وبەرنامەکانیان .

بە تێگەیشتن لە و راستییە و، باوەڕهەبوون بەسوودوەرگرتنی خەڵک لە لانیکەمی شانسەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەندین پرگە و قۆناغدا،هاندەری خەڵک بە گشتی و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی نێوخۆی کوردستان بە تایبەتی بووە کە دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ خستنەڕووی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆیان بقۆزنەوە. لەم روانگەیەوە هەڵوێستی سیاسیی خۆی بە لێکدانەوەی هەلومەرجی تایبەتیی کاتی هەڵبژاردنەکان و چەند و چۆنی شوێندانانی خەڵکی کوردستان لە سەر رەوتی هەڵبژاردنەکان دیاری کردوە. هەر بۆیە هەر فاکتەرێک کە لە خزمەت پاشەکشە بە سیستەمی سیاسیی وڵات و دابینکردن و جێبەجێبوونی مافی خەڵک دابووە، بە چاوێکی ئەرێنی لێی روانیوە و هاندەر وپشتیوانی بووە. ئەو کاتەی هیچ بوار و شانسێکی بۆ شوێندانان لە سەر رەوتی هەڵبژاردن بە قازانجی داخوازەکانی خەڵک بەدیی نەکردبێ، داوای تەحریمی هەڵبژاردنەکەی کردوە. هەر کاتێکیش، کەمترین ئیمکان بۆ سەرکەوتنی خواست و ئیرادەی خەڵک لە رێگای دەنگدانەوە هەبووە، خەڵکی بۆ بەشداری لە دەنگدان و پشتیوانی لە کاندیدای دڵخوازی خۆیان هان داوە و بەمجۆرە چۆنیەتیی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەڵبژاردنی کردوە بە مەیدانێکی دیکەی بەربەرەکانیی خەڵک و رێژیمی دەسەڵاتدار.

هەڵبژاردنی جۆزەردانی 1392 لە ئێران هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئاڵۆزە. رێبەریی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی ئەوە بووە ئەم هەڵبژاردنانە، بۆ یەکدەستکردنی هەر چی زیاتری دەسەڵات لە و رێژیمە دا بە کار بێنێ و ململانێی نێوخۆیی نیزامەکەش بە قازانجی خۆی یەکلا بکاتەوە. هەڵبژاردنی ئەمجارە، بۆ خەڵکێکیش کە دەنگەکانیان لە دەیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لێدزرا و کاندیدا دڵخوازەکانیان دەسبەرکران، هەر وەها بۆ هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی سیاسیی تا رادەیەک کراوە و دۆزینەوەی رێگایەک بۆ دەرچوون لە و قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی تووشی وڵات بووە، هەلێکی ئارەزووکراو بوو. هەر وەها بۆ ریفۆرمخوازان و قۆڵ و تاقمە رقەبەرەکانی دیکەی نیو ئەو نیزامەش، کە خەریکە دەخرێنە پەراوێزەوە، ئەم هەڵبژاردنە دەرفەتێک بوو بۆ هەڵسەنگاندنەوەی هێز و دیاریکردن و قایمکردنی جێی پێی خۆیان لە شەترەنجی سیاسیی داهاتووی دەسەڵات دا. بەڵام وەک دەبینین رێبەریی کۆماری ئیسلامی، هەلبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماریی لە رێگای رەتکردنەوەی سەلاحیەتی زۆربەی هەرەزۆری کاندیداکانەوە بە جۆرێک موهەندیسی کردوە کە نەک کاندیداکانی نزیک بە خەڵک، بەڵکوو کاندیداکانی سەر بە نیزامیش کە پرواپێکراوی بە تەواویی شەخسی خامەنەیی نین لە مەیدانی رەقابەت وەلاناوە. دیارە لە پێوەندیی لە گەڵ هەڵبژاردنی شووراکانیش دا، سیاسەتی وەلانان و رەتکردنەوەی سەلاحییەتی زۆربەی هەرە زۆری ئەو کاندیدایانەیان گرتووەتەبەر کە لە خەڵک نزیکن و تەنانەت رەحمیان بە و بەشە لە مۆرە و دەستوپێوەندەکانی خۆشیان نەکردوە کە بۆنی لایەنگری لە هێندێک تاقم و کەسایەتیی رقەبەرو

ناڕازیی نێو نیزامیان لێ دێ .
حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی دەورەی پێشووی سەرکۆماری دا سەرەڕای تەحریمی بەرینی هەڵبژاردن لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان و ئێران، لە و ڕوایە دابوو کە بە تەحریم نەکردنی هەڵبژاردن و هاندانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە و کاندیدایانە کە هەڵگری بەشێک لە داخوازەکانی ئەوانن، دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بەرەورووی کێشە بکاتەوە و یارمەتی بە کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی بکا. لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەو هەلوێستە دابوو کە توانی هاندەری هاتنەگۆڕی داخوازە نەتەوەییەکان و دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان لە بەرنامەی هێندێک لە کاندیداکان و باسە سیاسییەکانی ئەو کات دابێ. ئەمجاریش سەرەڕای جیاوازیی نێوان هەلومەرجی سیاسیی ئێستا و چوارساڵ لەمەوبەری ئێران، لە چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنەوە قۆستنەوەی کەشوهەوای هەڵبژاردن بە قازانجی هێنانە گۆڕی پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی کرد بە ئامانجی کاری سیاسی لە سەر ڕەوتەکە. هەوڵدان لەم پێناوەدا لەگەڵ پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی دڵسۆز لە نێوخۆی وڵاتیش بەرەوروو بووە.
هەستیاربوونی خەڵکی کوردستان لە ئاست پرسی نەتەوەیی خۆیان و ڕوانینیان لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵبژاردن و کاندیداکانی سەرکۆماری، بووە بە هۆی ئەوە هێندێک لە کاندیداکانی ئەم دەورەیەش، بە هەر مەبەستێک بووە کەمتاکورت باس لە پرسی نەتەوە بندەستەکان و هەڵاواردن وپشتگوێخرانیان لە ئێراندا بکەن. ئێمە لەم پێوەندییە دا بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانینە هەوڵی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی دڵسۆزی نێوخۆی وڵات و بە هەر ڕادەیەک لە سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونیان لە سەر بناغەی گرنگیدان بە پرسی نەتەوەیی لە فەزای سیاسیی ئێستای کوردستان و ئێران دا خۆشحاڵ دەبین. بەڵام وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەندە ئاوردانەوەیەی کاندیداکانی سەرکۆماری لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، زۆر بە بچووک و ناتەواو و تاکتیکی دەزانین. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ گەرەنتی و شانسێک بۆ پارێزرانی دەنگی خەڵک نابینین و هیچ دوور نیە هەر وا کە جاری پێشوو ڕێبەری نیزام و سوپای پاسداران، سەرەڕای حوزووری دەیان میلیۆنیی دەنگدەران و وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی ریفۆرمخوازی،توانیان کەسی دەستنیشانکراوی خۆیان لە سندووقەکان بێننە دەر، ئەمجاریش ئەگەر پێویست بێ،هەمان سناریۆ دووپات نەکەنەوە. بە سەرنجدان بە هەمووی ئەو ڕاستییانە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵبژاردنی24ی جۆزەردان بایکۆت دەکا .
ئێمە وێڕای ڕێزمان بۆ تەشخیش و بڕیاری خەڵک لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووراکان دا،چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بێئەوەی دەسکەوتێکیان بۆ خەڵک بە دواوە بێ، بە زیانی خەباتی ئازادیخوازیی خۆیان لە کوردستان و ئێران دەزانین. هەر لە و حالەش دا بە وریایی و هەستیارییەوە بەدواداچوونی ڕووداو و ئالوگۆڕەکانی پێوەندیدار بەم هەڵبژاردنە و ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکەین و بە پێی پێویست خوێندنەوە و پەیام و هەڵویستی گونجاوی خۆمان، ڕادەگەینین.
حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
15ی جۆزەردانی 1392
5ی ژوئەنی 2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 593
## هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر ئازاد کردنی مەلا کرێکار
http://www.kurdipedia.org/?q=20150125221526652232
سەبارەت بە ئازاد بوونی و گەڕانەوەی م کرێکار زۆر پرسیار لە هەڵوێستی کۆمەڵ دەکرێت:

ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامی خۆشحاڵین بە ئازادبوونی مامۆستا کرێکار و سەبارەت بە گەڕانەوەشی بۆ کوردستان، ئێمە پێمان وایە مافێکی سرووشتی هەموو کەسێکە کە لە نیشتمانی خۆی بژیات و دەربارەی گەڕانەوەی مامۆستاش ئەوە پرسێکە پەیوەندی بە خۆی وکەس و کارییەوە هەیە و ئەوان خۆیان باشتر دەزانن کەی و چۆن ئەو بریارە ئەدەن.
وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 594

## وازبێنن لە تیرۆرکردنی گەلی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030710105834201

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 595

## وتار بە زمانی تورکمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201404131759157581
6



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 596

## وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند کە وەک ئاگادارکرابووین بەرنامەی مەراسیمی بیست و حەوتەمینساڵیادی کارەساتی ئەنفال، بە

# هیچ شێوەیەک هەستانەوە بۆ سروودی ئەی ڕەقیبی تێدا نەبوو، هەر بۆیە وەفدی کۆمەڵ لەبەر سروودەکە هەڵنەساوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041420130365794



بە ناوی خوای گەورە

ئەمڕۆ 14ی نیسانی 2015، مەراسیمی بیستوحەوتەمینساڵیادی کارەساتی ئەنفال لە شاری کەلار بەڕێوەچوو و شاندێکی باڵای کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەلی باپیر ئامادەی مەراسیمەکە بوو.

دوێنێ لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری مەراسیمەکەوە بەرنامەی مەراسیمەکەمان بۆ نێردرا، کە بە هیچ شێوەیەک هەستانەوە بۆ سروودی ئەی ڕەقیبی تێدا نەبوو، دواتریش تەئکیدمان لەو بەڕێزانە کردەوە کە مەراسیمەکەیان بەڕێوە دەبرد، پێیان ڕاگەیاندین کە سروودی ئەی ڕەقیب لە بەرنامەی کاردا نییە، هەر بۆیە شاندی کۆمەڵ لەبەر سرودی ئەی ڕەقیب هەڵنەسایەوە و هەندێ دەزگای ڕاگەیاندنیش بابەتەکەیان زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورە کرد.

لەناو مەراسیمەکە و لە کاتی سروودەکەدا، چەند کەسێک ڕەخنەیان لە شاندی کۆمەڵی ئیسلامی گرت لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک گرژی دروست نەبووە و هیچ کەسێکیش داوای نەکردووە شاندەکەی کۆمەڵ لە مەراسیمەکە بکشێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا دوا ساتی مەراسیمەکە ماوینەتەوە و تاجە گوڵینەی ڕێزلێنانیشمان لەسەر مەزاری شەهیدان داناوە، بەشداریی شاندەکەی کۆمەڵیش جێگەی ڕێز و خۆشحاڵیی ئامادەبووان و کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال بوو.

ئێمە پێمانوایە گەورەکردنی ئەو بابەتە و بەستنەوەی "هەڵنەسانەوە بۆ سروودی ئەی ڕەقیب و بێڕێزیکردن" پێکەوە، بۆ مەرامی سیاسی، دوورە لە ئەتەکێتی کاری ڕۆژنامەوانی و زیان بە ناوبانگ و متمانەی دەزگاکە دەگەیەنێت.

هەروەک چوونی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و شاندە باڵاکەی هاوڕێی لە هەولێرەوە بۆ کەلار، خۆی لە خۆیدا ڕێزگرتنە لە مەراسیمەکە و خەم و ئازاری کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان، هەڵنەسانەوەش لەبەر سروودێک کە ناکۆکیی لەسەرە، بێڕێزی نییە بە خەم و قوربانییانی کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەڵکو خزمەتنەکردنی کەسوکاری قوربانییان و باش نەکردنی ژیان و گوزەرانیان و دادگایی نەکردنی تاوانبارانی ئەو کارەساتە، نەک بێڕێزی، بەڵکو سووکایەتییە بە میللەتێک کە سەدان قوربانیی وەک کیمیاییباران و ئەنفالی لە پێناو ئازادی و ژیانێکی شەرەفمەندانەدا بەخشیوە.

محەمەد حەکیم
14ی نیسانی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 597

# وتەبێژێک لە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا بارودۆخی ئێستای عیراق و باس دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615203024767 00

بەداخەوە لەکاتێکدا پارێزگا سوننە نشینەکانی وەک سەلاحەدین و نەینەواو قەزای حەویجەو دەوروبەریان و چەند شارۆچکەیەکی تری سوننەنشینی عیراق، دووچاری شەرێکی نەخوازراو بوونەتەوە کە هەڕەشە لەژیانی خەڵکی ئەو ناوچانە دەکات، سوپای عیراقیش لەڕووبەڕووبوونەوەیاندا دووچاری دۆخێکی نەخوازراو بووەوە، لەکاتێکدا ئێمە وەکو لایەنی کوردستانی هەمیشە پابەندی عیراقێکی دیموکرات و فیدراڵ بووین، پابەندی ئەوەبووین کە کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان، نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق لەشیعەو سوننەو لەکورد بەشێوەی گفتوگۆو دەستوری چارەسەر بکرێن، ئێستاش ئەم دۆخە هاتۆتە پێشەوە، ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەم کێشانە بەکێشەی خۆمان دەزانین و چیمان پێبکرێت درێغی ناکەین .
لەکاتێکدا کە هەڵوێستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵوێستی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە نەخوازراوەدا روون و ئاشکرایە کە پاراستنی گیان و ژیانی هاووڵاتیانی نەتەوەو مەزهەبە جیاجیاکانی ئەو ناوچانەیە کە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەداخەوە لەوکاتەدا هەندێک ئەندام پەرلەمانی عیراق و کەسانی تریش لەجێی ئەوەی بیرێک لەچارەسەری ئەم دۆخە بکەنەوەو پێشنیازی بنیاتنەرانە بکەن بۆ چارەسەری کێشەکان بەجۆرێک کە پەیوەندیی نێوان پێکهاتە جیاوازییەکانی عیراق ئاسایی ببێتەوە، بەجۆرێک کە ئەو درزەی بوو بەمایەی ئەم کێشانەو بەهۆی داعش و گروپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە دروست بووە، ئەوانە لەجیاتی ئەوەی کە وانەیەک لەم بارودۆخە وەربگرن و بیر لەپێشکەشکردنی چارەسەر بۆ حکومەتی عیراقی و لایەنە ناکۆکەکانیش بکەنەوە، دەیانەوێت بەلێدوانی جیاجیاو توانجی جیاجیا بەشێکی ئەوکێشانە بخەنە ئەستۆی کورد.
لەکاتێکدا ئێمەو هەموو لایەنەکانمان پێویستمان بەکەشێکی دۆستانەی گفتوگۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گەڕانەوە بۆ ئەو بنەما دەستوورییانە کە پەیوەندیی پێکهاتەکان رێکدەخات و کێشەکانیان چارەسەر دەکات، ئەم بەڕێزانە بەگەورەکردنی کێشەی بچوک و لابەلا دەخوازن کەشێکی نەخوازراوی سەرباری ئەم کەشە سەربازی و ئەمنییەی دروست بووە بهێننە کایەوە، ئێمە گومانمان هەیە لەدڵسۆزی ئەوانە بۆ پێکهاتەی شیعەو پەرۆشییان بۆ پەیوەندییەکی دروستی نێوان پێکهاتەکانی عیراق لەگەڵ برایانی شیعە، ئێمە سەرباری ئەوەش هەموو تواناکانی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەین عیراق لەم دۆخە رزگاربکەین و نەهێڵین هیچ دەستێکی گوماناوی پەیوەندیی لەمێژینەی نێوان و کوردو شیعەو سوننە تێکبدەن، هەوڵدەدەین زمانی مەنتق و زمانی دیالۆگ و دیموکراسی بۆ چارەسەری کێشەکان زاڵببێت و کێشەکانی عیراق بەرەو فیدراڵییەت و دیموکراسییەکی راستەقینە روو لەچارەسەر بکات و لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە رێگە نەدرێ بەشێواندنی ئەولەویاتی ئێستا لەعیراقدا، ئەویش ئەولەویەتی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و رزگارکردنی ئەو ناوچانەی عیراقە کە لەلایەن داعش و هاوپەیمانانی داگیرکراون و هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە، بەبێ جیاوازی رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن و سەربڕین و کەرامەت شکاندن بوونەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 598

# وروژاندنی پرسی "پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەستور" تەنها بۆ درێژکردنەوەی دەسەلاتی گەندەڵی بۆرژوازی کوردە بەسەرسەری خەڵکی کوردستانەوە!

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052210083185352

دوای دووساڵ تێپەربوون بەسەر ئەو کێشمەکێش و ململانێیەی لەجەرگەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لە نێوان حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتەکەی مەسعود بارزانی بەڕێوەچوو، جارێکی تر ئەم پرسە کەشوهەوای سیاسی کوردستانی داگیرکردۆتەوە و بووە بە بابەتیکی گرنگی ململانێ و دانوسانی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکانی بۆرژوازی کورد، بەو جیاوازیەوە کە ئێستا هەرسێ حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو (گۆران و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی) لەگەڵ هەردوو پارتی دەسەڵاتداری پێشوو (یەکێتی و پارتی)دا لەدەسەڵاتدا بەشدارن.
ئاشکرایە کەدووساڵ لەمەوبەر بەرێکەوتنی پارتی و یەکێتی، ویلایەتەکەی مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی دوو ساڵ لەکردەیەکی نایاسایی و پێچەوانەدا بەخودی دیموکراتیەتێک کەئەم حزبانە بانگەشەی بۆدەکەن درێژکرایەوە. سەرەنجام مەسعود بەرزانی و دەسەلاتەکەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا داسەپێندرایەوەو مەسەلەی دەستوری هەرێمێش خرایە کەنارەوە. بەڵام ئەوەی لەم جارەدا بەرچاوە، ئەوەیە کە حزبەکانی ئۆپۆزیسۆنی دوێنێ بوونەتە بەشێک لەپەیکەرەی دەسەڵاتی هەرێم و لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا سپاردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم بەمەسعود بارزانیان بەهەموارکردنەوەی دەستورو بەپلەی سەرەکی بە سەڵاحیاتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە گرێداوەتەوە. بەڵام سەرەرای گرفتە یاساییەکان کە لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا، خودی دانوسانە بێسەمەرو پرگرفت و گۆڵەکانی نیوان پارتی و لایەنەکانی دیکە، نیشانەی ناتەباییەکی ئاشکرایە لەدەستەی باڵای فەرمانڕەوایی بۆرژوازی کورد دا.
ڕیشەی ئەم ناتەباییەی چینی دەسەڵاتدارو حزبە پێکهینەرەکانی حکومەتی ئێستا، لەلایەکەوە ئاکامی فەشەلی سیاسیانە لە پەیوەند بە شەریان لەدژی داعش و لە لایەکی دیکەوە ئاکامی شکستی ڕیکەوتنی هەرێم و بەغدا و بنبەست و شلەژاویانە لەبەڕێوەبردنی کۆمەلگاو دابین نەکردنی موچەو وەڵام نەدانەوە بەژیان و بژێوی هاوڵاتیانی کوردستان. لەکاتێکدا کە شەڕی داعش حیزبە سەرەکیەکانی دەسەڵاتداری هەرێمی بەسەر بلۆکبەندیە ناوچەییەکان(ئێران و تورکیا)دا دابەشکردووە، هاوکات لەسیاسەتی چاوەروانیدا بەدیار کێشمەکێشی دەولەتانی ناوچەکەوە گیرۆدە بوون. لەم پەیوەندشدا و لە ئێستادا جێگاورێگای پارتی وەکو هێزی یەکەم و پریاردەری بۆرژوازی کورد کەوتۆتە ژێر پرسیارەوەو ناچار بەوەبووە کە بۆ بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ مەسعود بارزانی، مل بدا بەسازش بۆ لایەنەکانی دیکەی ناوحکومەت، بەتایبەتی یەکێتی و گۆران و دانی بەشی زیاتر لە دەسەڵاتدارێتی هەرێم پێیان.
بەڵام ئەوەی کەلە ململانێ و بانگەشەکان و سازانی حزبەکان لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەستوردا بەرجەستەیە، خولانەوەی هەموو ئەم لایەنانەیە لەناو ئەڵقەی ڕاگرتنی سیستەم و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کوردا، کە بەنوینەرایەتی بەرزانی و حزبەکەی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوەن. ئاکامی ئەم سازش و سازانە ئەگەر بۆ حیزبەکانی وەکو گۆران و یەکێتی بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئیمتیازی سیاسی بێت لە پارتی، وە بۆ بەرژەوەندی پارتیش وەرگرتنەوەی بەیعەتی ئەو لایەنانە بێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم بۆ 4 ساڵی دیکە، ئەوا بۆ خەڵکی کوردستان درێژکردنەوەی چوار ساڵی دیکە دەبێت لەژیانکردن لەناو گێژاوی سیاسی و نائارامی و بێکاری و هەژاری و بێمافی و کۆنەپەرستی سیاسی و دەیان دەردو مەینەتی تردا. مەسعود بەرزانی و سیاسەتەکانی وەکو سەرۆکی هەرێم ئەگەر لە قازانجی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان و پارەدارانی نێوحزبەکان بێت، ئەگەر کەسایەتیەکی شیاو بێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان و

قۆرخکاری داهاتی کوردستان، ئەگەر هاورای پیاوانی ئاینی و کۆنەپەرستان و شەریعەتی ئیسلامی بێت، ئەوا خۆی و سیاسەتەکانی، بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازانی کوردستان کۆسپ و لەمپەرێکە بۆ گەیشتن بەژیانێکی شایستەی ئینسانی. کارنامەی چەند ساڵی رابردووی سەرۆکایەتی بەرزانی و باڵادەستی حزبەکەی، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆسەلماندنی ئەم راستیە. بەدەستەوەگرتنی پرسی دەستورو دانوسانەکانی پارتی لەگەڵ لایەنەکانی تردا تەنها بۆئەوەیە کەهەمویان پێکەوە فێڵێکی سیاسی لە خەڵکی کوردستان بکەن. لایەنەکانی دیکەش کە دەسەلاتی ئێستای پارتی یان قەبوڵکردووە، پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەستوریان وەک بابەتێک بۆ بەدەستهێنانی پۆستی زیاترو ئیمتیازات بەدەستەوەگرتووەو لەژێرەوە وەک ئەڵقیەکی تەواوکار بۆ دانانەوەی مەسعود بەرزانی و تێپەرکردنی دەستور بەو ناوەرۆکە دژی خەڵکیەوە کەهەیەتی قەبوڵدەکەن و ڕۆڵدەگێرن ودەیانەوێت تێی پەرێنن. ئەمانە کەکاندیدێکیان لەبەرامبەر مەسعود بارزانیدا نیەو لیرەولەوێ، دانانەوەی مەسعود بەرزانی بەمەرجی کەمکردنەوەی سەلاحیەتەکانی سەرۆک و گۆرینی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆپەرلەمانی دەبەستنەوە، بەڵگەی ئەوەیان بەدەستەوەداوە، کەباڵادەستی پارتی و فەرمانڕەوایەتی مەسعود بەرزانیان قەبوڵە. ململانێیەکێش کەئەم لایەنانە لەسەر پرسی دەستور دەستیان بۆبردووە شتێک نیە بێجگە لە چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی وەکو کەرەستەیەکی پروپاگەندەی سیاسی بۆ داپۆشینی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەناوی خەڵکەوە. بەتایبەتی ڕەخنەکانی ئەو چوارلایەنەی ناو حکومەتی هەرێم لەپارتی، لەپرسی دەستوردا بەتەنها لەسەر ئە و مادانە چەقی بەستووە کە تایبەتن بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و سەلاحیەتەکانی و هەموو ئە و بەنەما و مادانەش فەرامۆش دەکەن کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەماف و ئازادیەکان و ژیانی هاولاتیانی کوردستانەوە هەیە. لەکاتێکدا کێشەی ئەسڵی ئەم دەستورە ئەوەیە کە سەرتاپا دەستورێکی کۆنەپەرست، دژی ئازادی، دژی ژنان و مافەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشە. گرنگترین ئەو بنەمایانەی ئەم دەستورەی لەسەر داڕێژراوە بریتییە لەوەی:
ئەم دەستورە مۆرکی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و ئیسلامی لێدراوەو پیرۆزیە ئاینی و نەتەوەییەکانی کردۆتە شتێکی ئەبەدی و رەها بەسەر کۆمەڵگادا. هاوڵاتیانی کوردستانی بەسەر کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاسوری و ئەرمەندا دابەشکردوەو لەسەر ئەم بنەمایەشەوە مافەکانیان بەپێی ژمارەی زۆرو کەمی دیاریکراوە. فیدڕالیزمی قەومی کردۆتە بنامەی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نیوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق و لەسەرو بریاری خەلکی کوردستانەوە کوردستان بەدەوڵەت و دەستورێکی عروبی و ئیسلامیەوە ئیلحاق دەکاتەوە.
شەریعەتی ئیسلامی کردوە بەبنەما وسەرچاوەیەکی سەرەکی یاساکان و نابێ هیچ یاسایەک دەربکرێ کە ناکۆکی هەبێ لەگەڵ بنەما نەگۆرەکانی ئیسلامدا. ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕ و عەقیدەو ناکۆکە لەگەڵ بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانیدا.
خاوەندارێتی تایبەتی بۆرژوایی و جیاکاری چینایەتی پیرۆزو ئەبەدی دەکات. ئازادیەکان سنورداردەکات. لەجێگای بەڕەسمی ناسینی ئازادی سیاسی، باسی فرەیی سیاسی دەکات. سەبارەت بە ئازادی دامەزراندنی حیزبەکان و قەوارە سیاسیەکانیش، مەرجی ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان و سرودە نیشتمانیەکەی دادەنێت، کە بەمەش هەر لەسەرەتاوە مافی بزوتنەوەو قەوارە سیاسیە ناتەباو جیاوازەکان لە ناسیۆنالیزم و بۆرژوای دەسەنێتەوە. لەدەستوردا مافی کوشتنی یاسایی دەداتە دەستی دەوڵەت و بەوجۆرە سزای سێدارە دەکاتە بەندێکی دەستوری هەرێمی کوردستان. دەستورێک کەمادە و بڕگەکانی ئاو لەم بنەمایانە دەخواتەوە، سەرتاپا کۆنەپەرستانەیە و ناکۆکە لەگەڵ ژیان و ئازادی و یەکسانی و مافەکانی هاولاتیانی کوردستاندا. ئەم دەستورە نەشایستەی خەڵکی کوردستانە و نەچاکسازی هەڵدەگرێ، بۆیە دەبێ بەخەباتی جەماوەری هەڵبژینی دەنگی ناڕەزایەتی فراوانی کرێکاران و ژنان و لاوان و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی کوردستان، ڕەتبکرێتەوە و بەزبڵدانی مێژوو بسپێردرێت.
خەڵکی کوردستان نابێ ڕێگابدەن پارتی و لایەنەکانی تریان چەواشەیان بکەن و خۆڵ بکەنەچاویان. نابێ ڕیگا بدەن جارێکیتر مەسعود بەرزانی بەسەر ژیان و چارەنوسیاندا داسەپێندریتەوەو دەستورێکی دژی خەڵکی و کۆنەپەرستانە ژیانی ئێستاو داهاتووی نەوەکانیان لەقاڵب بدا.
مەسعود بەرزانی نەمافی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە بێتەوە بە سەرۆکی هەرێم و نەهێشتنەوەی لەپۆستەکەیدا کارێکی شەرعی و قانونیە، بۆیە دەبێ بەهێنانە مەیدانی ڕیزی یەکگرتوو خەباتگێرانەی خۆیان هەولەکانی پارتی و لایەنەکانی تر بەشکست بکێشن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدایە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
20/5/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 599
## وڵامێکی کورت بە پروپاگەندەی ژەهراوی دژی خەڵکی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2015031216365367078

لەم رۆژانەی دواییدا و بەدوای بڵاوبوونەوەی ڕێکەوتننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وێرای پشتگیری کردن و پێشوازی بەربڵاو، شەپۆلێک لە پروپاگەنەی نارەوای بەلاڕێدا بەری راگەیاندنەکانیش سەبارەت بەم ڕێکەوت نامەیە کەوتە رێ کە روونکردنەوەی ئێمە ئیمزاکرانی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ بیرو ڕای گشتی خەڵکی ئێران پێویستە.
بەشێک لە پروپاگەندەی راگەیاندنەکان وەها دوور لە راستی و قێزەون و وەها نزمە و ئاوێتەی عەوام فریوییە کە شیاوی ئەوە نییە وڵامێکی جیدی لە لایەن ئێمەوە پێبدرێتەوە. کەسانێک کە داوای تۆبە لە ویلایەتی فەقیە دەکەن وستایشی سەرکوتی گەلی کورد دەکەن و رایدەگەیەنن کە ئامادەن بۆ هاوکاری لەم سەرکوتە، دەستی رژیمی سەرکوتگەری دەسەڵاتدار ماچ بکەن، تا بەخەیاڵی خۆیان بەر بە لەبەریەک هەڵوەشانی ئێران بگرن، چ وڵامێک دەکرێ بدەیتەوە؟
خەڵکی کوردستان ئەم بێحورمەتی و هەڕەشانەیان زۆربیستووە و لەبەرچاویان نەگرتووە. بەڵام داخی ئێمە لە شەمشیرکێشانی کەسانێکە کە لە بەشێک لە روشنبیر و سیاسیە هەڵکەوتوووەکانی ئێران پێک هاتوون و ئێستا لە بەیاننامەیەکی سەرتاپا ناڕاست کەوتونەتە ترس نانەوە و بەلاڕێدا بردنی بیروورای گشتی و کەشی بەدگومانی و دوژمنایەتی لە نێو خەڵکی ئێراندا بڵاو دەکەنەوە.
ئیمزاکەرانی بەیاننامەکە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بە درووشمی "دیفاع لە یەکپارچەیی "و "خەبات دژی لە بەریەک هەڵوەشان" واتە چەکێک کە تا ئێستا پەرەپووشکەری گشتیی سەرکوتەکانی رژیمی دەسەڵاتدار لە کوردستان بووە، دێنە مەیدان. خودی مانشێتی بەیاننامەکەی ئەوان واتە پارێزگاری لەسەربەخۆیی و یەک پارچەیی ئێران، سەرەتای هەرجۆرە کارێکی بنەڕەتی سیاسی، لە سەر بنەمایەکی بەراوەژوو و نادێموکراتیک دادەنێ.
بە باوەڕی ئێمە سەرەتای هەرکارێکی سەرەکی سیاسی کە بکرێ ئەمڕۆ بنەمای یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز بێ و لە داهاتوودا یاسای بنەڕەتی لەسەر بوونیادبنرێ، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و فرەچەشنی و بەرەسمی ناسینی مافی نەتەوەکان و ملکەچ بوون بۆ پەنا نەبردن بۆ توندوتیژی لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خەڵکی ئێرانە و رێک لە بەرچاوگرتن و پابەندبوونی بەم بنەمایە کە دەتوانێ بە باشترین شێوە یەکێتی ئێران و سەربەخۆیی راستەقینەی وڵات، کە ئێمەش بەخاترجەمی پارێزگاری لێ دەکەین، دەستەبەر و دابین بکا. جێی داخە کە دۆستانی دێموکراسی خوازی ئێمە کە لەخاڵی دیکەدا بە ئاسانی ستایشی دیموکراسی دەکەن و سەرمایەیەک لەو بۆخۆیان دروست کەن بەڵام کە دەگاتە کوردستان و مافی نەتەوەیی کوردەکان، دیفاع لە دیموکراسی وەها دژوار دەبینن و لە بەرامبەردا وەها نامەسئوولانە پەنا دەبەنە بەرهەڵخڕاندی هەست و پەنادەبەنە بەر گۆپاڵی هەڕەشە و بێ هیچ ترسێکی ئەخلاقی خۆیان لەگەڵ تیمسارەکانی دوێنێ و سەردارانی ئەمڕۆ یەک دەنگ و هاودروشم دەکەن.
ئەم دیاردەیە بەڕوونترین شێوە دەیسەلمێنی کە لەوڵاتێکی فرە نەتەوەیی ئێراندا هەڵسوکەوتی

دروست بەکێشەی نەتەوەکان و بە ڕەسمی ناسینی مافی ئەوان چ سەنگی مەحەکێکی باشە بۆ ناسینەوەی دیموکراسی خوازی ڕاستەقینە.

بۆئێمە بەتایبەت جێی داخە کە ژمارەیەک لە دۆستانی ئیمزاکەری بەیاننامەکە وێڕای ئاشنایی نزیکیان لەگەڵ بزوتنەوەی کوردستان و حیزبە کوردیەکان و زانیاریان لە سەر باوەڕ و هەڵوێست و کردەوەی دەیان ساڵەی ئێمە و دوای تەمەنێک کە خۆیان لە گەڵ خەباتگێڕانی کورد پەیوەندییان بووە و هەروەها لە رابردوودا خۆیان بە لاینگری مافی دیاری کردنی چارەنووس و سیستمی فیدڕاڵی بۆ ئێران دەزانی، ئێستا هەموو شتێکیان لە بیربردوەتەوە و لەگەڵ تەرجیع بەندی "جیاخواز دەبێ ئیعدام بکرێ" هاودەم بوون. ئایا ئەم دۆستانە نازانن کە پێکهێنانی ترسی ناراست سەبارەت بەدابەش کردنی ئێران ئاوێکە ڕاستەوخۆ دەچێتە ئاشی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و تەنیا بە پێکهێنانی دووبەرەکی و دڵساردی لە ریزی بزووتنەوەی گشتی ئازادی خوازانی ئێران خزمەت دەکا. ئەویش لەهەلومەرجێکدا کە زیاتر لە هەرکاتێکی تر کە نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژیم کۆماری ئیسلامیی و بوونیاد نانەوەی ئێران پێویستی بە یەکڕیزی و بەرنامەی هاوبەش هەیە.

ئێمە ئیمزاکەرانی ڕێکەتننامەی هاوبەشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری دووبارە لە سەر بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە رایدەگەیەنین کە مەبەستی ئێمە دابین کردنی خواستە بەرحەقەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و فێدڕاڵ و سێکۆلارە. ئێمە ئەم هەڵوێستە نەک بۆ دڵخۆش کردنی ئەم و ئەو بەڵکو بە پێی باوەڕمان و لە پێناو بەرنامەی سیاسی دەیان ساڵەی حیزبەکانمان وەرگرتووە. ئێمە بەڕاشکاوی لە سەر پێویستی بەرقەرارکردنی نیزامێکی فیدڕاڵ لە ئێران پێداگری دەکەین و پێمان وایە وەها نیزامێک نەک خواستی گەلی کورد و باقی نەتەوەکان ئێران بە باشترین شێوە دابین دەکا، بەڵکو هەنگاوێکی گەورەیە لە پێناو دێموکراسیزەکردنی ئێران و قەوارەی سیاسی دەوڵەت لەم وڵاتەدا و هەروەها بەهێزترین زەمانەتی پاراستنی یەکگرتوویی ناوخۆیی کۆمەڵگای ئێران، پێکەوە ژیانی هێمنانەی خەڵک و پاراستنی یەک پارچەیی وڵاتی ئێرانە. بزوتنەوەی کورد هەرگیز پەرەی بە کینە و نەفرەتی قەومی نەداوە و پێداگری لە سەر نەکردووە، بەڵکوو لە ناوەرۆکێکی تەواو دێموکراتیک و پێشکەوتن خوازانە بەهرەمەندە.

خواستە نەتەوییەکانی کوردیش کە ئەمڕۆ لە دروشمی فدڕالیزم دا بەیان دەکرێ لەشێوازە ستاندارده دێموکراتیەکان و پەسەندکراوە جیهانییەکان پەیڕەوی دەکا و لەدژی هیچ نەتەوە و زمان و فەرهەنگێک نەبووە بەڵکوو دژی ساختاری نادیموکراتیک و تۆتالیتێری دەوڵەت لە ئێران و سەرکەوتنی خۆشی لە پێکهێنانی گۆڕانکاری دیموکراتیک لە وڵات دا دەبینێ، نەک لە ڕێگای دوژمنایەتی هیچ بەشێکی دیکەی کۆمەڵگای ئێران.

ئێمە بە پشت بەستن بە کردەوەی دەیان ساڵی خۆمان تاکید دەکەین کە کوردستان مەکۆی پتەوی ئازادی خوازیی و دیموکراسی خوازی لە ئێران بووە و دەبێ، لەدژوارترین هەلوومەرجیش دا لە هیچ جۆرە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ خەباتکارانی سەراسەری ئێران دەرێغی نەکردوووە، بەڵکوو هەمیشە پاڵپشتی گشت ئازادی خوازانی ئێران بووە. ئەمڕۆش نزیکی و هاوکاری چڕوپڕی حیزبە خاوەن پێشینەکانی کورد کە گەورەترین پێگەی جەماوەری و متمانەی جەماوەری بەرینیان لە پشتە، لە چوارچێوەی ئەم ڕێکەتننامەیەدا، بە بەشی خۆمان بەرەی خەبات دژی سەرەڕۆیی حاکم لە ئێران بەهێزدەکا و دەتوانێ وەک بەرەیەکی بەهێز لە پێکهێنانی هەرجۆرە هاوپەیمانییەکی ئۆپوزوسیۆنی دیموکراسی خوازی ئێران دەور ببینێ و هەر بۆیە دەبی لە ڕاستی دا لەگەڵ پێشوازی ئۆپۆزسیۆنی دێموکراسی خوازی سەراسەری بەرەوڕوو بێ و بەسەرەتایەکی باش سەیری بکرێ.

ئێمە وێڕای ڕێزی تەواو بۆ هەموو ئەو دۆستانەی کە لە بەرامبەر ئەم جۆرە هێرشە ناڕەوایانەدا دیفاعیان لەگەلی کورد و خواستە بەرهەقەکانی و دیفاعیان لە حیزبە کوردستانییەکان کردووە، ئەو ئاژیتاسیۆنی دوژمنانەیەی کە لە دژی گەلی کورد و حیزبەکانی کەوتۆتە ڕێ مەحکووم دەکەین و لە سەر ئەو باوەڕەین ئەم جۆرە زمان و پڕوپاگەندە، نامەسئوولانە و نادێموکراتیکە، تەنیا فەزای سیاسی ژەهراوی و ئاڵۆز دەکا و لە هەموو لایەکەوە توندڕەوی پەرەی پێدەدا و بزوتنەوی ئازادیخوازی و دژی سەرەڕۆیی گشتی لە ئێران لاوازدەکا. هەربۆیە داوا لەگشت روناکبیران و کەسایەتیکان و هێزە سیاسیەکان دەکەین وێڕای مەحکووم کردنی ئەم هاتوو هاوارە تەبلیغاتییە ژەهراویە، یارمەتی دابین کردنی فەزایەکی گونجاو بۆ دیالۆگی بوونیادنەر و هێمنانە بدەن.

حیزبی دیموکۆاتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

22ی خەرمانانی ساڵی 1391 ی هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 600

## وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رونکردنەوەیەکی لەبارەی گواستنەوەی خوێندنگا ئایینیەکان بۆ سەر وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا بڵاوکردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150416203737765582

پڕیاری گواستنەوەی قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگا ئیسلامیەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بۆ سەر وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا "دوای دیراسەیەکی قوڵ و گفتوگۆیەکی فراوان و هەمەلایەنەی وەزارەتەکانی ئەوقاف و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ناوخۆ و رۆشنبیری و لاوان و راوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاینی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و چەندین کەس و لایەنی شارەزای بواری ئیسلامی بووە و لەبەرژەوەندی گشتی خوێندنی ئیسلامی و مامۆستا و قوتابی و خوێندکارانی قوتابخانە و پەیمانگا ئیسلامیەکانی کوردستانە و بەپێویستی دەزانین سوودەکانی ئەم پڕیارە بەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

1- قوتابی و خوێنکارانی قوتابخانە و پەیمانگە ئیسلامیەکان لەپاڵ وانە ئیسلامی و فیقهیەکاندا"وانەی زانستی و مرۆیی زیاتر دەخوێنن کە شارەزایی زیاتریان لەبوارە جیاجیاکاندا پێدەبەخشێ.

2- هەلی درێژەدان بەخوێندنی باڵا و قبوڵکردنی زیاتریان لەکۆلیژ و پەیمانگەکانی کوردستان و هەژمارکردنی پروانامەکانیان لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ فەراهەم دەکات.

3- مامۆستایانی پەیمانگە و قوتابخانە ئیسلامیەکان هەمان ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی مامۆستاکانی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵایان دەبێت.

4- سیستمی خوێندنی ئیسلامی باشتر یەکدەخرێت و رێکدەخرێتەوە و کۆتایی بەو فرە تەفسیر و شیکردنەوەی دەق و فەرمودانە دێت کە لەوانەکاندا هەبوو "وەهەندێ جار دەبووە هۆی شپرزەکردنی قوتابیان لەڕوی فیکریەوە" .

5- وەزارەتی ئەوقاف دوای ئەم پڕیارە زیاتر دەستکراوە دەبێت بۆ گرنگیدان بەحوجرەکان و پێگەیاندن و ئامادەکردنی وتارخوێن و پێشنوێژی شارەزا و لێهاتوو بۆ مزگەوتەکانی کوردستان و باشتر دەپەردەژێتە سەر رێکخستنەوە و باشتر بەکارهێنانی وەقفەکان و سیستمی حەج و عومرە و پێکەوەژیانی ئاینی و پرۆژە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وەزارەت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 601

# وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیەندراوێکی توند لەسەر داعش بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062815443676826

ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی
فەریق جەبار یاوەر مەندە
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە
وئەندام ووتەبێژی فەرمی
فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم
لە بارەی:
هەلو مەرجی گشتی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان و هەرەشەکانی گروپە تیرۆرستیەکان و هەلوێستی هەرێم:
-لە دوای رۆژی 10/6/2014 و لە پاش ئە و ئالوگۆرە خیرا و کت و پرەی رویدا لە رووی ئیداری و سەربازی و ئەمنیەوە لە پانتاییەکی جوگرافی فراوان لە سنوری پارێزگاکانی (نەینەوا + صلاح الدین + ئەنبار + هەندی ناوچەی سەر بە پارێزگای کەرکوک + هەندێ ناوچەی سەر بە پارێزگای دیالی) کە بە شێوەیەکی گشتی هیچ جۆرە ئیدارەیەکی حکومی و هیچ جۆرە هێزێکی سەربازی و ئەمنی سەر بە دام و دەزگاکانی حکومەتی عیراقی ئیتیحادی لە و سنورانەدا نەما و لەجیاتی ئەوان کۆمەلێکی گروپی چەکدار دەستیان گرت بەسەر گشت دام و دەزگا ئیداری و سەربازی و ئەمنیەکانی سنورەکە و چەک و تفاقی جەنگی زۆریان بەردەست کەوت لە و ناوچانە و لە ماوەی کەمتر لە یەک هەفتەدا و بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر بوونە هاوسێی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا هەلوێستی خۆیان لەبارەی ئە و هەل و مەرجە نوێیەدا ئاشکرا کرد کە بە هیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان نابێتە لایەنێک لە ململانێی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و داکۆکی دەکات کە گشت کێشەکان بەشێوازی گفت و گۆی هێمنانە و سیاسیانە چارەسەر دەکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو تواناى خۆى هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان لە هەر هەرەشەیەکی دەرەکی و تیرۆرستان دەپارێزێت و بەهیچ شێوەیەک کاری سەربازی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان ئەنجام نادات.

بەڵام ئەوەی بەدی کرا و دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر رون و ئاشکرا و لە پاش 10/6/2014وە هەندێ گروپی تیرۆرست چەند جارێک و لە زۆر شوێنی جیاجیای هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی تری پاراستنی کوردستان دەدەن و جگە لەوەش تۆپبارانی ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی هاولاتیانی سڤیل دەکەن لە سنوری ناوچەکانی (جەلەولا و دەوروبەری کەرکوک و توزخورماتوو و حەمدانیە و قەرقوش و رەبیعە و شەنگار...هتد) و بەتایبەت لەم چەند رۆژەی دواییدا زیاتر لە (15)پازدە جار و لە چەند قۆلێکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان داوە لە سنوری (حەمدانیە) و جگە لەوەش هاولاتیانی سڤیلی ناوچەکەشیان تۆپباران کردووە...

لێرەدا دوپاتی دەکەینەوە کە گشت هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان بە هەموو تواناوە بەرگری لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکان دەکەن و سەرەنجی ئە و گروپە تیرۆرستیانە رادەکێشین کە هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان بەسەبرن ئەما بە زەبرن.

و جەخت دەکەینەوە بۆ جارێکی تر تەنها و تەنها هەر ئێمەی ئەندام و ووتەبێژی فەرمی فەرماندەیی

گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم بە فەرمانی ڕێزدار (سەرۆک بارزانی)سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم،ووتەبێژی فەرمی هێزەکانی پاراستنی هەرێمین و هەرچی دەگوترێت لە دەرەوەی ئەودا نافەرمی و ناراستە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 602

## وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر خۆرئاوای کوردستان ڕاگەیێندراوێک بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140919211718 77547

پەلاماردانی دڕندانەی داعش بۆ سەر کوردانی ڕۆژئاوا هێرشی داعشی تیرۆرستی جیهانی بۆسەر کوردانی برامان لە کوبانێی ڕۆژئاوای کوردستان مەترسیەکی ترە بۆ سەر گەلی کوردستان بە گشتی، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، پشتیوانی و هاوکاریان بکەین بەهەر شیوەیەک پێویست بکات و لە تواناماندا بێت، ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەرای ئەو ڕووبەڕووبونەوە فراوانەی لە ئەستۆمانە لە باشوری کوردستان ئامادەین هەرچی لە توانامانداية لەو پێناوەدا بیکەین و داواش لە ولاتانی هاوپەیمانمان دەکەین هاوکاری پێشکەش بە کوردانی ڕۆژئاوا بکەن چونکە هەمان دوژمن پەلاماریان دەدات. وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
19 \9\2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 603

## وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی پێشمەرگە چاوەڕێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەن لەبارەی ڕووداوی تەقەکردنەکەی نێوان پێشمەرگەو تیمەکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150317113507 84889

ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی لەبارەی: ڕوونکردنەوەیێکی پێویست لە لایەن نووسینگەی تایبەتی ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕووداوی هەڵە و دڵ تەزێن و نەخوازراوی شەهیدبوونی سەربازێکی قارەمانی هێزەکانی هاوپەیمانی ولاتی کەندا و برینداربوونی سێ سەربازی قارەمانی تریان لەهەمان ڕووداو وەک لە ڕاگەیاندراوی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە ژمارە (3) ی ڕۆژی (2015/3/8) دیاری کرا، ڕووداوێکی دڵتەزێن و هەڵە و نەخوازراو بو و بوە مایەی دڵگرانی و دڵتەنگی وەزارەتی پێشمەرگە و گشت هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و دەست بەجێ وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە لە و ڕووداوە دڵتەزێن و نەخوازراوە و لەبەر ئەوەی چەند لێدوانێکی نافەرمی لە و بارەوە بڵاوکرایەوە لەسەر هەمان ڕووداو، لێرەدا و لەم ڕوونکردنەوەدا جەخت دەکەینەوە کە یەکەم :
وەزارەتی پێشمەرگە وهێزەکانی پێشمەرگە چاوەڕێ دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەن لەبارەی ئە و ڕووداوە .
دووەم : وەزارتی پێشمەرگە بانگهێشتی نوێنەرانی هێزەکانی هاوپەیمانی ولاتی کەنەدا دەکات لە کوردستان کە بەشداربن لە لێکۆڵینەوە لەگەڵ لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەت ئەگەر دەخوازن

لەوبارەوە .
سێیەم: جگە لە و راگەیەندراوە فەرمی یە کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە دەرچووە و بڵاوکرایەوە لەکاتی خۆیدا هەر لێدوان ولێکدانەوە و هەواڵێکی تر لە لایەن هەر کەس وناوەندێکی ترەوە لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەبارەی ئە و ڕووداوە وترابێت و بڵاوکرابێتەوە نافەرمی یە وشەخسییە و پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نییە .
چوارەم: جەخت دەکەینەوە بۆ جارێکی تر کە تەنها و تەنها و بەپێی فەرمانی هەرێمی ژمارە (1) ی ساڵی 2007 وتەبێژی فەرمی هێزەکانی پێشمەرگە و پاراستنی هەرێمی کوردستان فەریق جەبار یاوەر مەندەیە، کە ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەندام وتەبێژی فەرمی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم و بەفەرمانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم وهیچ وتەبێژێکی تر لە وەزارەتی پێشمەرگە نییە بۆ ئاگاداری هەموو لایەک لەوبارەوە.
سکرتێری ڕۆژنامەوانی ئەمینداریەتی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە 17 / 3 / 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 604

## وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیەندراوێک لە بارەی دامەزراندنی دوو لیوای پێشمەرگە بە نیزامی خۆبەخشی بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150414091011168527

لەبارەی : دامەزراندنی دوو لیوای پێشمەرگە بە نیزامی خۆبەخشی
لە پێناوی زیاتر بەهێز کردن وتۆکمە کردن وبە سیستماک وستانداردتر کردنی یەکەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بەمەبەستی هاوبەش کردنی بەشداربوونی گشت چین وتوێژەکانی هاوڵاتیانی کوردستان لە پرۆسەی ئەرکی نیشتمانی ئەویش بەرگری کردن و پاراستنی کوردستانی ئازیزمان، پاش دیاری کردنی ڕێوشوێنی گونجاو لە لایەن ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگەوە لەبارەی چۆنیەتی هەنگاونان بۆ پێکهێنانی یەکەکان ومەرجەکانی وەرگرتن وچۆنیەتی مەشق پێ کردن و لەپاشاندا جێگای جێگیر کردنی یەکەکان بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی نیشتمانی و دوای ئەوەی فەرماندە ولێپرسراوە باڵاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای هاوپەیمان بەڵێنی دابین کردنی گشت پێویستیەکانی چەک وتەقەمەنی وئامێر وکەرەستە وکەل وپەلی پێویستی یەکەکانیان دا، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری پێشتری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ورەزامەندی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا:
دوو لیوای پێشمەرگەی ڕێکخراوی خۆبەخش دامەزرێنی کە گشت چین وتوێژەکانی هاوڵاتیانی کوردستان تێدا بەشدار بن بەبێ جیاوازی وتەنها مەرجەکانی پێشمەرگایەتی لە بەرچاو دەگیرێ کە لە ئایندەیێکی نزیکدا لە گشت هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە وگرنگ تریان مەرجەکانی (تەمەن وپلە زانستی وجێگای مەشق وجێ بەجێ کردنی ئەرکە) کە دەبێت تەمەنی خۆبەخش لە نێوان (18 - 30) ساڵ بێت وئەگەر ژمارەی خۆبەخشکەران لە پێویستی میلاکی هەردوو لیواکە زیاتر بو، ئەوە ڕێژەی تەمەن دێتە خوارەوە وپلەی زانستی لەشەشی سەرەتایی بۆ سەرەوە دەبێت وبەهەمان شێوە ئەگەر ژمارەی خۆبەخشکەران زیاتر بوو ئەوە ئاستی پلەی زانستی بەرز دەبێتەوە و دەبێت خۆبەخشکەران ئامادەبن لە هەر ناوچەیێکی کوردستان بێت بەشداری مەشق وجێ

بەجێ کردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی بن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 605

## وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە 09-08-2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140809150619574O9

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان گرنگیەکی زۆر دەدات بە سەلامەتی و ئاسایشی هەموو کارمەندانی پیشەسازی نەوت و چالاکیەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا.

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە پەیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە بارودۆخی ئاساییش لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و بەردەوام هەموو زانیاریە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ بەڵێندەرەکانیدا هاوبەشی پێدەکات.

تاکو ئێستا، دوژمن نەیتوانیوە چالاکیەکانی نەوت لە هەرێمدا بکاتە ئامانج، بەڵام وەک رێوشوێنێکی ئامادەباشی، هەندێک لە چالاکیەکانی بەدواداگەڕان لەو ناوچانەدا کە نزیکن لە ئەگەری رووداونی شەڕ بەشێوەیەکی کاتی وەستاون و کارمەندانیش گوازراونەتەوە.

بەڵام بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمدا کاری تێنەکراوە و بەردەوام بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوە دەنێردرێت. لە راستیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕواندەکات کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەرهەمهێنانیان لە چەند هەفتەی داهاتوودا زیاد بکەن لە کاتێکدا بەرەپێشچوونەکانی ژێرخانی هەناردەکردن تەواو دەبێت هەروەک نەخشەی بۆ داڕێژرابوو.

کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەردەوام پشکی خۆیان لە بەرهەم و داهاتی هەموو بەکارهێنانەکانی ناوخۆی نەوت وەردەگرن و هەروەها ئامۆژگاریش کراون کار بکەن لەسەر فرۆشی پرەکانی هەناردەکردن بۆ بەدەستهێنانی پشکی خۆیان لە نەوتی هەناردەکراو.

لە هەمان کاتدا، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بیری کۆمپانیا کارکەرەکان و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری هەرێمی کوردستان دەهێنێتەوە، کە هیچ هەنگاوێک نەنێن بەبێ هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا لەبەرئەوەی لەوانەیە ببێتە مایەی دروستبوونی ئاڵۆزیی ناپێویست و لە هەندێ حاڵەتدا زیان بە بەرژەوەندی کۆمپانیا کارکەرەکان و پێویستیە گشتییەکانی هەرێم بگەیەنێت.

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەردەوامە لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت لە بەندەری جیهان و پێشوازی لە پشتگیری و وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی نەوت دەکات لە هەرێمی کوردستاندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 606

## وەزارەتی کاروباری شەهیدان روونکردنەوە لەسەر هەڵکەندنی کێلی گۆڕستانی شەهیدان دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041818013585127

ڕۆژی 2015/4/16 لە کاتی مەراسیمی یادی 28 ساڵەی کیمیابارانکردنی دۆڵی خۆشناوەتی کەسێک بەناوی خانەوادەی یەکێک لە شەهیدە سەربەرزەکان لە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کێلی گۆڕی شەهیدەکەیان لە گۆڕستانی شەهیدان هەڵگرت کە گوایە ناوی لە لیستی ئەو خانووانە دەرهێندراوە کە ڕۆژی 2015/4/15 لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەڕێز مەحمودی حاجی صالح وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دابەش کراون و بە قسەی ئەو غەدریان لێ کردووە کە گوایە بەهۆی ئەوەی کە لایەنێکی سیاسی بووە بۆیە ناویان دەرهێناوە.
وەکو وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ڕای گشتی ڕوونی دەکەینەوە کە میکانیزمی دابەشکردنی ئەو 150 خانووەی کە لە بالیسان دابەش کرا بە هەماهەنگی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و یەکە ئیدارییەکانی بالیسان و نوێنەری کەسوکاری شەهیدانی سنورەکە ئەنجام دراوە و بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە، لیستەکان ئامادە کران.
ئێمە لە کاتی بەڕێوەچوونی یادەکەش لەسەر زاری وتەبێژی وەزارەت ئەوەمان ڕوونکردەوە کە هەرچەندە کاری زۆرمان بۆ ئەوە کرد کە دادپەروەری دەستەبەر بکەین، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هیچ پرۆسەیەک بێ گلەیی نابێت، لێرەولەوێ دەنگی سکاڵا بەرز دەبێتەوە و دروست دەبێت، دەرگای وەزارەت و شەخسی وەزیر کراوەیە بۆ هەر گلەیی و هەر کەش سکاڵای هەبوو و هەست بەوە دەکات کە غەدری لێکراوە دەتوانێ سەردانمان بکات و بەوپەڕی سنگفراوانیەوە پێشوازی دەکەین و بەدواداچوون بۆ گلەییەکانیان دەکەین،
بۆیە هەرزوو بەدواداچوونمان بۆ پرسی ئەم خانەوادەیە کرد و بۆمان دەرکەوت کە ناوبراو خانەوادەی (شەهید ڕەشید عەلی مەحمود)ە کە وارسەکەی (لیمۆ ڕەشید عەلی)ە، (ئەوەی کێلەکەی شکاندووە کوری شەهید)ە، شەهیدی ناوبراو دوو خانەوادەی هەیە، وارسی دووەمی شەهید بەناوی اسماعیل ڕەشید عەلی ناوی لەو لیستەدا بووە کە خانوویان وەرگرتووە. لەمەوبەریش خانەوادەی شەهید بە وەرگرتنی زەوی سودمەند بوون.
لە کاتێکدا کە هەڵکەندنی کێلی گۆڕستانی شەهیدان لە هەر شوێنێک بێت دوورە لە نەریتی بەرزی کوردایەتی لە هەمانکاتدا ئەو گۆڕستانە موڵکی گەلی کوردستانە بۆ هیچ کەسێک نییە زەرەری پێ بگەێنێ. بۆیە ئیدانەی ئەم کارە دەکەین و دڵگرانی خۆمان بۆ ئەنجامدانی ڕادەگەیەنین بۆ ئەوەی نەبێتە پێشینە وەکو وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە ڕێگای بەشی یاسایی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کارە دەگرینەبەر.
جارێکی تر سەری ڕێز لە ئاست گەورەیی شەهیدانمان دادەنەوێنین و بە کەسوکارەکانیان ڕادەگەیەنین کە ئێمە ئەو ساتانە ئاسودەین کە بتوانین خزمەتی ئێوەی تێدا بکەین.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 607

## وەزارەتی ئەوقاف، بەیاننامەیەک لەسەر د. عەبدولواحید دەردەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033021272385066

بەیاننامەیەک لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیەوە
چەندین وتاری کەسێک بەناوی(د.عەبدولواحید محمد) کە پیشەی پزیشکە و لەهەمان کاتیشدا مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی "لەهەندێ کەناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆتەوە کەتیایدا ناوبراو وەک بانگخوازێکی ئیسلامی قسە دەکات و هەرجارە و سوکایەتی بەتوێژێکی کۆمەڵگە و بەپێکهاتە

ئاینیەکانی کوردستان دەکات و دواجاریش لەم ماوەیەدا کە هەموو گەلی کورد ڕوبەڕووی هێرش و
دڕندەیی تیرۆرستانی داعش بۆتەوە "ناوبراو لەپیرۆزیی خاک و ئاڵاو بەرگریکردنی پێشمەرگە
لەخاک و خەڵکی کوردستان کەمدەکاتەوە و ئەمەش نیگەرانیەکی زۆری چین و توێژەکانی
جەماوەری کوردستانی لێکەوتۆتەوە و لەم ڕۆژانەی دواییدا چەند یاداشتێکی نارەزایی لەلایەن
رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مامۆستایانی ئاینی و
پێشمەرگە و ڕۆشنبیرانی کوردستانەوە خراوەتەڕوو کە هەندێکیان ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و
کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە،
و هەر لەسەر سوکایەتی و هاندان دژی کەمینە ئاینیەکانی کوردستان و هەوڵی شێواندنی
ئاسایشی کۆمەڵایەتی کوردستان"زیاتر لەساڵێکە بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف لەداواکاری
گشتی و لەدادگا سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمارکردوە و ئێستاش کەیسەکەی لەدادگای
سلێمانیە
"ئێمە لەگەڵ ناڕەزایی و ئیدانەکردنی وتار و لێدوانەکانی ئەم کەسە "تەئکید دەکەینەوە کەوا
بەرگریکردن لەخاک و نیشتیمان لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا بەشێکە لەعیبادەت و ئەو گەلەی
خاکی نەبێت ناتوانێ خواپەرستیەکی تەندروست بکات و ئەم راستیەش لەلایەن وتارخوێنی
مزگەوتەکانی کوردستانەوە رونکراوەتەوە و بەردەوام مامۆستایانی ئاینی ستایشی رۆڵی
قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن"
بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم کەسە فەرمانبەری ئێمە نیە و دامودەزگاکانی ئێمە بۆ وتارە ژەهراویەکانی
بەکارناهێنێ "ناتوانین لەسەرئەم بابەتە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار بکەین"بۆیە داوا لەداواکاری
گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەقسە خراپەکانی ئەم پزیشکە دەکەین ڕێوشوێنی یاسایی
لەگەڵدا بگرنەبەر و داوا لەهەردو وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی تەندروستیش دەکەین چاو
بخشێننەوە بەمۆڵەتی کارکردن و خراپ بەکارهێنانی پیشەکەی"
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان
30/3/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 608

## وەزارەتی تەندروستی ڕوونکردنەوەیەک لەسەر سزای کارمەندەکانی دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150607142027855502

لە کاتێدا بەداخەوە هەندێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وە لەرێگەی هەندێک میوان کە میوانداریان
دەکەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوەزارەتی تەندروستی هەتاوەکو ئێستا کەسی سزانەداوە،
لێپرسینەوەی نی یە لەبەر ئەوە سەرەرای دەست خۆشی وسوپاسمان بۆپزیشکان وکارمەندانی
دڵسۆز کە سەرەرای دواکەوتنی موچە و نەمانی هەندێک لە هاندان بەرامبەر بەئەرکەکانیان بەڵام
بوێر و خۆراگرانە ئەرکەکانیان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان و بەرەکانی جەنگ هەروەها
لەخزمەتی ئاوارەکان بەردەوام بوون بۆیە بە هەزاران سوپاس و پێزانینمان پێداون بەرامبەر ئە و
دڵسۆزیی یەیان، هەروەها بەشایەدی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)دەزگا
تەندروستیەکان وپزیشکان وکارمەندان بە باشترین شێوە خزمەتی ئاوارەکانیان کردووە و
بەشێوازێکی زانستیانە مامەڵەی دروستیان کردووە، وەرێگەیان گرتووە لەسەرهەڵدانی نەخۆشیە
درمیەکان لەنێوئاوارەکان هەرچەندە مەترسیەکە گەورەبووە وەک پێشگری لەبڵاوبوونەوەی
نەخۆشیەکانی ئیفلیجی منداڵان و کولێرا و سورێژە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەپێویستی دەزانین
هەندێک داتا بڵاوبکەینەوە کە بەتەنها هی ساڵی (2014)یە کەتیایدا زیاتر لە(160)لێژنەی

لێکۆڵینەوە پێک هاتووەلەوەزارەت و دەزگا تەندروستیەکانی ترکە نوێنەری داواکاری گشتی تیایاندا ئەندام بووە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەم شێوەی خوارەوە بووە: کۆی گشتی ئەوپزیشک وکارمەندی تەندروستی وکارمەندی کارگێریانەی دراونەتە دادگا ژمارەیان(39) فەرمانبەرە، هەروەها کۆی گشتی ئە و فەرمانبەرانەی کە سزا دراون (67) فەرمانبەرە لە پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کارمەندی کارگێری.
لەگەڵ داخستنی دۆسیەی(12)لێژنەی لیکۆڵینەوە بەهۆکاری یاسایی دوای لێکۆڵینەوە،هەروەها چەندەها کۆمپانیای دەرمان دراونەتەدادگاو ڕێکاری یاساییان لەگەڵدا گیراوەتە بەر،وە چەندەها نەخۆشخانەی تایبەت و سەنتەری ئەهلی سزادراون هەندێکیان دراونەتە دادگا. هاوڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە وەک وەزارەتی تەندروستی بەردوام دەبین لەئەرکەکانمان لەبەدواداچوونی کارەکان و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە ودەست خۆشی لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی دەست خۆشی وسزا.
دووبارە دەست خۆشی لەسەرجەم پزیشکان و کارمەندان و فەرمانبەرانی دەزگا تەندروستیەکان دەکەین.
ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی
7-6-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 609

## وەزیری ناوخۆ، رۆژنامەنوس تیرۆرست نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140312203957390 14

ئەمڕۆ 12ی ئازاری 2014 تیمی کەناڵی (ئێن ئاڕ تی) لەکاتی رومالکردنی کۆنفراسێک لەبارەی رەوشی ژنان، لەلایەن وەزیری ناوخۆو بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، هێرشیان کراوەتە سەرو کامێراکەیان شکێنراوە، دواتریش هەڕەشە لەپەیامنێرەکە کراوە، کە ئەمەش ئە و پەری بێڕێزیکردنە بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان و تاکی ئەم وڵاتە، ئەگەر بەرامبەر پرسیارێک سوکایەتی و هەڕەشە لەرۆژنامەنوس بکەن ئەی دەبێت ئە و وەزیرو بەرێوەبەرە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئە و کەسانە بکەن کە حوکمیان بەسەردا دەکەن؟.
ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە: دەبێت رەوشی ئازادی لەم وڵاتە چۆن بێت کە بەردەوام سەرکردەکان شانازی بە ئازادی و دیموکراسی بوونی وڵات دەکەن؟! ئایا ئازادی و دیموکراسی لەلای ئەوان تێکشکاندنی شکۆی رۆژنامەنوس و مرۆڤەکانە، یاخود رۆژنامەنوس ئەگەر پرسیار بکات وەک تیرۆرست سەیری دەکەن، سەلماندتان ئەوەی دەیڵێن بۆتە وێردی سەر زمانتان بۆ پەردەپۆشکردنی داپلۆسین و سەرکوتکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان.
پەلاماردان و هەڕەشە و شکاندنی کامێرای تیمی کەناڵی (ئێن ئاڕ تی) لەلایەن وەزیری ناوخۆ (کەریم سنجاری) و (حاکم تاریق گەردی) بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، ئەوەی سەلماند کە ئازادی لەم وڵاتە تەنها بەناو بوونی هەیە، وەک ئە و ئازادیەی لەکاتی حوکمڕانی حزبی بەعس باسی لێوە دەکرا.
لێرەوە وەک رێکخراوی زار بۆ بەرگری لەئازادییەکان داوا لەسەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین کە بەرامبەر ئەم پێشێلکاری و بێڕێزییەی وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بێدەنگ نەبن و هەڵوێستیان هەبێت بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان و لێژنەی مافی مرۆڤ و ناوخۆو سەندیکای رۆژنامەنوسان و سەرجەم رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەلی مەدنی و رۆژنامەنوسان، بۆ ئەوەی چیتر لەلایەن کەسانی خاوەن پلە و پۆستی حیزبی و حکومی پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان و تاکی ئەم وڵاتە نەکرێت.
ئەگەر سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بەفعلی دەڵێن ئازادی و دادپەروەری هەیە، با لێپێچینەوە بکرێت لەوەزیری ناوخۆو ئە و بەرێوەبەرە لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی

بیسەلمێنن یاسا و سزادان بۆ هەموانە.
ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لەئازادییەکان
12ی ئازاری 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 610

## وەزیرێک پری 20 ملیۆن دۆلار بەرتیلی وەرگرتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150322021484990



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 611

## وەسیەتنامەی شێرکۆ بێکەس

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062022334678299

"من نامەوێت لە هیچ کام لە گرد و گردۆڵەکاندا بنێژرێم کە دیارن و ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەرئەوەی پربوونەتەوە و دووەم لەبەرئەوەی من حەز بە قەرەباڵغی زۆر ناکەم، من ئەمەوێ ئەگەر سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم ڕێگەم پێبداو ئەوەم پێ ڕەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیدا و بە تەنیشت مۆنۆمێنتەکەی شەهیدانی "1963"ی سلێمانیەوە بمنێژن، ئەوێ خۆشترە و تەنگەنەفەس نابم، من حەز ئەکەم بە مردویش نزیکی ئەو خەڵکە و ژن و پیاوی شارەکەم و دەنگی مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و یانە جوانەکانی ئەو پارکە بم.
با کتێبخانەکەم و دیوانەکانم و وێنەکانم ببرێن بۆ شوێن مەزارەکەم، با کافتریایەک و باخچەیەکی بچکۆلانە لەو شوێنەدا هەبێت بۆئەوەی شاعیران و نوسەران و کچ و کوری دڵدار ببنە میوانم، من ئەمەوێ لە ئێستەوە بەچاوی خەیاڵ تەماشای ئەو پارکە بکەم و دوای مردنی خۆم ببینم، ئەمەوێ بەدەم چریکەی دیلان و ئەڵلاوەیسیەکەی مەردان و سرودی (خوایە وەتەن ئاواکەی)ەوە ئاڵای کوردستانم تێوە پێچرابێ و بنێژرێم، من ئەمەوێ لە پرسەکەمدا مۆسیقا لێبدرێت، لەناو مەزارەکەمدا تابلۆی جوانی هونەرمەندانی شارەکەم هەڵبواسن، من ئەمەوێ دوای خۆم و بەناوی (بێکەس)ەوە خەڵاتێکی ساڵانە تەرخان بکرێ و بدرێت بە جوانترین دیوانە شیعری هەڵبژێردراوی ئەو ساڵە و خەرجی ئەم خەڵاتەیش لەو میراتە بدرێ کە جێیدەهێڵم".

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 612

## وەسێتنامەکەی پێشەوا قازی محەمەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013033113064279163

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •زمانی یەکەم

شارەکان: مەهاباد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 613

## وەڵامی (341) زانای ئاینیی بۆ رونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فەتوا دەربارەی (سرودی ئەی رەقیب)

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112412080792635

پاش ئەوەی لە (2013/11/19) لیژنەی باڵای فتوای کوردستان ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە و ئیشکالیەت و مشتومڕەی لەسەر هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دروست بوو، بەپێویستی دەزانین وەک کۆمەڵێک لەمامۆستایانی ئاینی و بانگخوازان چەند بەرچاو ڕونییەک بۆ جەماوەری مسوڵمانی کوردستان بڵاوبکەینەوە:

-1ڕونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فتوا شیرزەیی زۆری پێوەدیارە و هەستیش بەوە دەکرێت کەلایەنێک لەپشت جوڵاندنی ئەم مەسەلەوەیە تاکو لیژنەی ناوبراو ڕونکردنەوە لەسەر (هۆنراوەی ئەی ڕەقیب) بڵاوبکاتەوە.

-2لەخاڵی یەکەمی ڕونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فتوای کوردستاندا بۆ شەرعیەتدان بەسرودەکە پشت بەوە بەستراوە کە ئەو سرودە بەئامادەبوونی چەندین مەلاو زانای ئاینی و گەورەپیاوانی کۆماری کوردستان لەمهاباد لەبەری هەستاونەتە سەرپێ، دیارە ئەوەش ناکرێتە بەڵگە بۆ ئەوەی هۆنراوەکە کێشەی شەرعی لەسەر نەبێت.

-3ئەکادیمیای کوردی ئەوەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە سرودەکە (مارشی نەتەوەیی) یە نەک سرودی نیشتمانی کەگوزارشت لەهەموو هاونیشتمانیان بکات.

-4لەخاڵی دووەمی ڕونکردنەوەکەیاندا لیژنەی فتوای کوردستان سەبارەت بەکۆپلەی (دینمان و ئاینمان هەر نیشتمان) دەنوسن : " وشەی (هەر)ی بۆ زیاد کراوە کەلەهۆنراوە ئەسڵییەکەدا وشەی (هەر) بوونی نیە و مەبەستیش ئەوەیە کە (بەهێندەی دین و ئاینمان نیشتمانمان خۆش دەوێت)، لێرەدا لیژنەی باڵا ئەوە ساغ دەکاتەوە کەمەبەستی شاعیر ئەوەبووە خۆشویستنی (دین و ئاین) یەکسانە لەگەڵ (خۆشویستنی نیشتمان) ئەگەر وادابنرێت ئەم لێکدانەوەی لیژنەی باڵای فتوا بۆ هۆنراوەکە بەوجۆرەیە، ئەوا یەکسان کردنی خۆشەویستی دین و ئاین وەک نیشتمان بەتەواوی پێچەوانەی چەندین دەقی قورئانە، هەرچەندە ئینسانی مسوڵمان لەسەری پێویستە نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت بەڵام هیچ کات ئەو خۆشەویستییە یەکسان نییە بەدین و ئاینی.

-5لێرەوە لەلیژنەی باڵای فتوای کوردستان دەپرسین: ئایا دەتوانن ئەوەمان بەبەڵگەی شەرعی بۆ

بسەلمێنن کە دین و ئاین لەخۆشویستندا هاوتای نیشتمانە؟ کەئەگەر وایێت ئەوە نەتەوەپەرستی و نیشتمان پەرستییە نەک نیشتمان خۆش ویستن، خوای پەروەردگار دەفەرموێت : (والڒین ێمنوا أشد حبا للّه) البقرە -165-.
-6وشەی دین هیچ تەئویلێک هەڵناگرێ و هەبوون یان نەبوونی وشەی (هەر) لەسەر ئەو کۆپلەیە هیچ لەماناکەی ناگۆرێت، چونکە وشەی دین زاراوەیەکی قورئانییە و خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : (وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) المائدە -3- هەروەها دەفەرمووێت : (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللهِ الإِسْلَامُ) ال عمران -19-.
قسەکردنیش لەسەر مەبەستی شاعیر لەسەر ئایدیاو تێروانینی پێشوی شاعیرەکەیە وەک دەبینین لەهۆنراوەیەکی تریدا کەبیروبۆچونی شاعیر (دڵدار) دەردەخات دەڵێت:
بڵێ کوردستان تۆ منت خولقان
تۆ منت خولقاند پێت بەخشیم ژیان
چونکە کوردستان کوردستانی جوان
قیبلەی منی دینمی خوای بێگومان
-7لیژنەی باڵای فتوای کوردستان لەم ڕونکردنەوەیدا سەلماندویەتی کە هۆنراوەی ئەی ڕەقیب ئیشکالیەتی هەیە و سرودێکی نەتەوەییە، بۆیە پێویست دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی ئەوە بدەن هەرێمی کوردستان بیێت بەخاوەنی سرودێکی نیشتمانی کەتەعبیر لەهەموو نەتەوە و ئاین و پێکهاتەیەک بکات، یان ئەم سرودە (ئەی ڕەقیب) بەتەواوی لاببرێت، یان لەکەمترین حاڵەت دا تەعدیل بکرێت و ئەو کۆپلانەی لاببرێت کە مشت و مڕی لەسەرە.
واژۆی 341 مامۆستای ئاینی لەسەرجەم کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 614

## وەڵامێک بۆ دەزگا میدیاییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانPKK

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090121424988990

لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و تەلەڤزیۆنەکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان PKKهێرشێکی بەربڵاویانکردە سەر تۆڕی میدیایی ڕووداو، بەمەبەستی دژایەتیکردنی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی.

دەزگا میدیاییەکانی PKK ئەوەیان بڵاوکردووەتەوە گوایە بەڵگەنامەیەکیان دەستکەوتووە کە تۆڕی میدیایی ڕووداو بەپارەی دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت) بەڕێوەدەبرێت بۆ دژایەتیکردنی PKK و پارتی یەکێتی دیموکراتیPYD ، پارتە درێژکراوەکەی PKK لە ڕۆژئاوای کوردستان.

ئێمە لێرەدا بەشێوەیەکی ڕوون بە میدیاکانی PKK دەڵێین: فەرموون ئەگەر بەڵگەیەکتان لەسەر ئەوە لەبەردەستە کە ڕێککەوتن لەنێوان تۆڕی میدیایی ڕووداو و میت دا هەیە بڵاویبکەنەوە، نەک شتێکی دەستکرد بهێنن کە کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە و بەخۆتان دروستتانکردووە بۆ لێدانی ڕووداو.

ڕووداو پێویستی بە پەیوەندی و پارەی دەزگای میتی تورکیا نییە. سەرکردەکانی PKK وPYD ش دەتوانن لەکاتی دانیشتنەکانیاندا لەگەڵ میت ئەوەیان لەگەڵ باس بکەن و لێی بکۆڵنەوە.

PKKو PYD دەبێ میدیا و هیچ دەزگایەکی میدیایی نەکەنە ئامانجی خۆیان. پێویستە هەموو

ڕێگرییەکانیشیان لەکاری ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە ڕۆژئاوای کوردستان هەڵگرن.

ئێمە وەک تۆڕی میدیایی ڕووداو بە PKK ڕادەگەیێنین کە ئەگەر ئەوان هێرشەکەشیان لە دەزگاکانیاندا درێژە پێبدەن دژی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەوکاتیشدا ڕووداو لە میتۆدە پیشەییەکەی و لە پرۆفیشناڵێتی خۆی دەرناچێت بەرامبەر PKK و بەهیچ شێوەیەک هێرشکردنە سەر PKK و ئەو حیزبانەی سەر بەPKK ن، ناکاتە کار و ئامانجی خۆی. بەڵامPKK یش دەبێ وەک هەموو حیزبەکانی دیکە ئەوەی قبوڵ بێت کە تۆڕی میدیایی ڕووداو، نایێتە چاونووقاوی بەردەم کەموکورییەکان و نایێتە سەکۆی پروپاگەندەکردنیش بۆ حیزبەکان. ئێمە تەنیا ڕاستییەکان و زانیارییەکان و ڕووداوەکان دەگوازینەوە و دیبەیتیان لەسەر سازدەکەین. هێرشکردن و پەسندان کاری ئێمە نییە. لەبەرئەوەش تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لەلای هەموو کوردێک زیاتر دەبێتە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان.

داوا لە دەزگا میدیاییەکانی PKK دەکەین واز لە سیاسەتی ڕەشکردنی ڕووداو بێنن. لەهەمانکاتیشدا ئۆباڵی ژیانی هەموو هاوکارانی ڕووداو، لەئەنجامی ئەو هێرشی ڕەشکردنەدا دەخەینە ئەستۆی ئەوان وPKK.

تۆڕی میدیایی ڕووداو
1/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 615

## ڕاگەیاندراوی پارتی سەربەستیی کوردستان لە پێوەندی بە ڕووداوەکانی شنگاڵ و ناوچەکانی دیکە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080616511028009

کۆڕو کۆمەڵانی مرۆڤدۆستی جیهانی
خەڵکی وڵاتداگیرکراوی کوردستان
بە هۆی هێرشی گروپی تروریستی داعشەوە زیاد لە 200 هەزار کوردی دەڤەری شنگاڵ و دەوروبەر ئاوارەی شاخەکانی شنگاڵ و گوند و ناوچەکانی دیکەی باشوری کوردستان بوون. بەشێکی زۆر لە شاخەکانی شینگاڵ گیریان کردوە، بە داخەوە بە هۆی دەست پێڕانەگەیشتنی هاوکاری خۆراک و دارو پێداویستی دیکە، بە دەیان کەس کە زۆربەیان مناڵ و پەککەوتەن بە هۆی برسێتی و نەخۆشییەوە کۆچی دواییان کردوە. لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیشەوە باس لە ڕفاندنی سەدانی ژنی یەزیدی دەکرێت.

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان وێرای سەرەخۆشی خۆمان لە کەس و کاری قوربانیانی ئەم کارەساتە، داوا لە گشت ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی دەکەین، کە بە پەلە بە هانای کوردانی یەزیدی دەڤەری شنگاڵەوە بچن. و لەو کارەساتە دڵتەزێنانە نەجاتیان بدەن، بە تایبەت ئەوانەی کە لە شاخەکانەوە گیریان خواردوە، هەوڵیش بدرێت بۆ رزگاری ئەو ژنانەی کە دەستبەسەرکراون.
هەر لەو پێوەندییەدا داوای یەکریزی ویەکگرتووی زیاتری گشت کوردستانیان دەکەین، کە پێکەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێزی هاوبەش پێکبێنن بۆ پاراستنی شنگاڵ و گشت سنوورەکانی

ئێستای باشوری کوردستان. واتە ئەو بەشەی کوردستان کە بووەتە ڕووناکی و دڵخۆشی هەموو کوردێکی رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان. جێی خۆیەتی کە دەستخۆشی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگەی باشوری کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل بکەین، کە لە ناوچەکانی رەبیعە یەککگرتووانە تروریستان دەردەپەرێنن .

بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان داوا لە گشت کوردانی خۆرهەڵاتی کوردستانەکەمان دەکەین، بە تایبەت سەرمایەداران کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتن، هاوکاریی دارایی و مرۆیی خۆیان بگەیەنە خوشک و برایانی کوردی یەزیدیمان لە شنگاڵ و ناوچەکانی دیکە، هەروەها هاوکاریش کۆکەنەوە بۆ پێشمەرگەکانی پاراستنی کوردستان لە گشت ناوچەکانی مەترسی لەسەر.

گەلی هەمیشە خۆراگری کوردستان: داواتان لێدەکەین کە بە هاوکاری و پشتیگری هەموو ئێوەی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەر: بە نەیارانی کوردستان زیاتر بسەلمێنین، کە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دروستبکەن، هەر دەم گەلی کورد پشتیوانی یەکتربوون و بەردەوامیش لە پێناو پاراستنی کوردستان هاوکاری یەکتر دەبن.

کوردستانیانی ڕزگاریخواز: هەروەک ئاگادارن کە لە ماوەی 2مانگی ڕابوردودا باس و خواسی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵان زیاتر سەریهەڵدابوو، ئەمەش بووە هۆکاری نیگرانی بۆ وڵاتانی داگیرکەر و نەیارانی کوردستان. هەر بۆیەش پێمان وایە دەستی تایبەتی وگەلەکۆمەی چەند لایەنە لە پشت هێرشەکەی گروپی تروریستی داعش بووە، بۆ سەر ناوچەکانی شنگاڵ و دەوروبەر، بۆ ئەوەی بیرۆکەی سەربەخۆیی خوازی لە کوردستان لاواز بکەن .
پارتی سەربەستیی کوردستان، جارێکی دیکە پشتیوانی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوری کوردستان و خەڵکی لێقەوماوی شنگاڵ دەردەبرین. دەستخۆشانە ئاراستەی گشت پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەین کە ئەمرۆ شێلگیرانە لە سەنگەری بەرگریدان.
هیواداین پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان هەر درێژەی هەبێت و ئەمجۆرە پلانانە هیچ کاریگەری لەسەر ئەو پرۆسە پیرۆزە نەبێت.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان
14ی گەلاوێژی 2714ی کوردی بەرامبەر بە 5 / 8 / 2014 زاینی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 616

## ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە: بانگەوازی بارزانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20150617113547855б8

رۆژی 2015/6/13 مەسعود بارزانی رۆژی 20ی مانگی ئابی داهاتووی وەکو رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دیاریکرد. ئەم ڕاگەیاندنەی بارزانی دوای ئەو مشتومڕە دێت کە ماوەیەکە لەنێوان لایەنە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەربارەی پۆستی سەرۆکی هەرێمو سەڵاحیاتەکانی بەرپابووە. هەریەکە لە یەکێتی نیشتمانیو بزوتنەوەی گۆران لەسەر ئەم مەسەلەیە کەوتونەتە بەرامبەر پارتیەوەودەیانەوێ لەرێگای توندکردنەوەی فشارەکانەوە لەژێرناوی جێگیرکردنی سیستەمی پەرلەمانی بۆ کوردستانو هەموارکردنەوەی دەستوردا پلەیەک پارتی لە دەسەڵاتی رەهای بەسەر کوردستاندا بکێشنە خوارەوەو خۆیان جێگای بگرنەوە. پارتیش لەبەرئەوەی پێیوایە سەرۆکەکەی کە ئیستاش سەرۆکی هەرێمە، پێویستە دوبارە بۆ خولێکی دیکە

بیێتەوە بە سەرۆکی هەرێم، راستەوخۆ ئەم بێنەوبەردەیە بە هێرشو پیلان بۆسەر خۆی لێکدەداتەوە. بۆیە ئەم بڕیارەی بارزانی پەیامێکی سیاسیە بۆ یەکێتیو گۆڕانو سەرجەم نەیارەکانی پارتی تا پێیان رابگەیەنێت کە ئەوان ناتوانن چارەنوسی ئەو وەکو سەرۆکی هەرێم دیاری بکەن، بەڵکو ئەوە خۆیو حیزبەکەیەتی بڕیاردەری سەرەکی کوردستانن!

ئەوەی کە ئەم هەڕاوزەنایەی هەریەکە لەو حیزبانە ناویانەتەوە ناتوانێ تائەوسەری رێگاکە ببڕێت، گومانێکی تێدا نیە، چونکە بەرژەوەندیەکی واقعی لەپشتی ئەم پروپاگەندانەوەیە کە ئەو سێ حیزبە بە شوێنیەوەن. لەلایەکەوە هەریەکە لە یەکێتیو گۆڕان کاندیدێکیان نیە بەرامبەر بە مەسعود بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، بۆیە شەڕەکەیان بۆ کەمکردنەوەی سەڵاحیاتەکانی سەرۆکی هەرێمە، بێجگە لە بەدەستهێنانی چەند ئیمتیازێکی سیاسی ئەوەندەی بۆیان بکرێت. مەسعود بارزانیش ئەمە دەزانێت، بۆیە رووبەرووی ئەم بڕیارەی کردونەتەوە. بەڵام هاوکات بارزانی لەوە تێگەیشتوە کە ئەگەر لەگەڵ ئەو لایەنانەدا سازان نەکات، ئەوا ناتوانێ بیێتەوە بە سەرۆکی هەرێم. بارزانیو هەموو کەسێکیش دەزانێ کە یەکەم هەڵبژاردنی مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم بە هەڵبژاردنی گشتی بەبێ پشتیوانی یەکێتی و خودی تاڵەبانی مەیسەر نەدەبوو!

بەڵام سەرەنجام یەکگرتنی بەرژەوەندیەکان، وەکو پێکدادانیان، ئەگەرێکی مومکینەو ئەو لایەنانەی بۆرژوای دەسەڵاتدار لەسەر بەشکردنی دەسەڵات لەنیوان خۆیاندا رێدەکەون. ئەوەی لەونێوەدا دەگوزەرێت سەرقاڵکردنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشو کەمدەرامەتی کوردستانە لەلایەن ئەو هێزانەوە بە کێشەیەکەوە کە روخساری راستەقینەی کێشەکانی خۆیانیان لەبیربەرنەوەو بەرەو جێگایەکی دیکەی ئاراستەبکەن. گوایە کێشەکەیان لەسەر مافەکانی خەڵکو بەرینکردنەوەی ئازادیەکانو سیستەمی دیموکراسیو رێگرتنە لە دیکتاتۆریەت!

گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان نایانەوێ حوکمی بنەماڵەیی لە کوردستاندا جێگیربێتو بارزانیش بیێتە سەرۆکو مەلیکی کوردستان و جارێکی دیکەش بیێتەوە بە سەرۆکی هەرێم، هەروەکو لە قازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشو ئازادیخوازانی کوردستانیش نیە کە ئەو بیێتەوە بە سەرۆکی هەرێم، بەڵام ئەم بازاڕگەرمکردنەی یەکێتیو گۆڕان لەدەوری پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئەو راستیە وون دەکات کە خەریکن پاشقولێکی گەورە لەخەڵک دەگرن، ئەویش داسەپاندنی دەستورێکی کۆنەپەرستو تاسەر مۆخ دژی ئازادیو دژی مەدەنیەت و دژی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستانە. دەستورێک کە دەیانەوێ بە وەرگرتنی دەنگی خەڵک خۆیان بیکەنە ملۆزمێک بەسەر خۆیانو نەوەکانی دوای خۆشیانەوە. بۆیە خەڵکی هوشیاری کوردستان دەبێ لەم گەمەی دەستورو سەرۆکی هەرێمەدا نەکەونە شوێن پروپاگەندەی هیچ کام لەو لایەنانەو بە دەنگی بەرز بڵێن کە دەستورێکی سیکولار و سیستەمێکی دەسەڵاتداریتیان دەوێ کە مرۆڤو بەهاکانو ژیانو گوزەران و کەرامەتو ئایندەی مرۆڤەکان کارنامەی سەرەکی بێت !

16ی حوزەیرانی 2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 617

## ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی پارتی لەسەر شەڕەکەی پەرلەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032611072284996

ڕوونکردنەوەیەک لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە
سەبارەت بەو ڕووداوە نەخوازراوەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان ڕوویدا، ڕایدەگەیەنین: ڕووداوەکە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سیاسەتی ئێمەوە نییە و وەک دۆخێکی کەسایەتی نەخوازراویش سەیری دەکەین، کە لە نێوان چەند پەرلەمانتارێکدا درووست بووە. نموونەی ئەوها لە پەرلەمانی وڵاتانی دیموکراسیشدا دەبینرێ و بە هیچ شێوەیەک هەولی گەورە کردنی ئەم بابەتە خزمەتی پرۆسێسی دیموکراسی ناکات.
هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو ڕووداوە بە هیچ شێوەیەک گوزارشت لە سیاسەت و جۆری پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ناکات، هەم وەک دوو هێزی سیاسی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان و هەم وەک دوو فراکسیۆنی سەرەکیش لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوەڕوانی ئەنجامی بەدواداچوونی ئەو لیژنەیە دەکەین، کە لە سەر داوای بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆ ئەو ڕووداوە درووستبووە.
هەروەها نیگەرانی خۆیشمان لە بەرانبەر ئەو بەیاننامەیە دەردەبڕین، کە لەلایەن فراکسیۆنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامییەوە دەرکراوە، چونکە بڕیار بوو بە یەکەوە ئەو بەیاننامەیە دەربکەین و دەبوایە ئەو بەیاننامەیە بەبێ ئێمە دەرنەکرابا.
محەمەدعەلی یاسین
وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان
25/3/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 618

## ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن - 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=201503121619266643

خەڵکی بەشەرەفی کورد
ژنان و پیاوانی خۆراگری کوردستان
هەروەک دەزانن ڕۆژی 8ی مانگی مارس لە لایەن ڕێکخراووی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو ڕۆژی جیهانی ژنان دەستنیشان کراوە تا لەو ڕێگاوە هەرساڵە ڕای گشتی جیهان ئاوڕێک لە کێشەو گرفت و هەروەها بارودۆخی توێژی ژنان بدات و وێرای ڕێز لێنان لە کەرامەت و پێگەی بەرزی ژن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئیدامەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەو توێژە لە ڕێگای ڕزگاری و یەکسانیان، وەبیری هەموو مرۆڤێکی ئازاد و یەکسانخواز بێنێتەوە. 8ی مارس دەرفەتێکە بۆ چڕکردنی خەبات و پتەو کردنی ڕیزەکانی ژنان لە هەموو جیهان.
بێگومان سەرەرای هەموو پێشکەوت و دەسکەوتەکانی ئینسان لەم سەردەمەدا، بەداخەوە دەبینین کە ژنان تاکوو ئێستاش نەیانتوانیوە لە دەستی کولتوری هەڵاواردن و پیاوسالارانە بە تەواوەتی ڕزگاریان بێت و تەنانەت لە هێندێک وڵات و ناوچە وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بارۆدۆخ ڕووی لە خراپی ناوەو دەبینین کە لەو هەرێمەدا لە لایەک بە دەستی حکوومەتانی دیکتاتۆری دژە ئینسان و لەلایەکی دیکە بە دەستی داب و نەریتی پیاوسالارانەی دوواکەوتوو، ژنان دەکەونە بەر

زوڵم چەوساندنەوە. ئێستاش و لە ماوەی یەک ساڵی رابردووش کارەساتێکی گەورەتر لەو بوارەدا خووڵقا کە ئەویش سەرهەڵدانی هێزێکی ئەهریمەنی و تاریک پەرەست بە ناوی داعشە کە نەک لە گەڵ ژن کەچی لە گەڵ ئینسان و کەرامەتی ئینسانی دژایەتیەکی ئایدۆلۆژیک و کرداری هەیە.
هەروەها لە مەڕ ژنی کووردیش دەبێت بڵێین ئەگەرچی لە چاو ساڵانی رابردوو هەلوومەرجی ژنی کورد لە ناو دڵی کۆمەڵگای کوردی رووی لە باشی بووە بەڵام بە داخەوە دیارە تا گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانی ژنان بۆ نەمانی هەڵاواردن و نایەکسانی کاتی زۆر ماوەو خەباتی زۆرتر پێویستە.
لەم نێوانەدا کۆماری ئیسلامی وەکوو حکوومەتێکی دینی و لە راستیدا برا گەورەی "داعش" بە پێچەوانەی رەوتی مێژوو، ساڵ لە دووای ساڵ توندرەوتر دەبێت و زیاتر لە جاران پەنا بۆ شەریعەت دەبات و لە ترسی هەر جۆرە گۆرانکاریەک لە ناو کۆمەڵگا دەستی داوەتە داخستنی درگاکان کە لەم نێوانەدا سەرکوتی ژنان و زیندانی کردنیان لە ناو ماڵان بەشێکی هەرە گرنگ و کاریگەری سیاسەت و پیلانەکانی ئەوو حکوومەتەیە.
ئێمە لە هەلوومەرجێکی لەو شێوەدا یادی رۆژی جیهانی ژنان پیرۆز رادەگرین، دەزانین کە سەدان ژنی بێتاوان لە ماوەی یەکساڵی رابردوو بوونە قوربان یاساو نەریتە دوواکەوتووەکانی زاڵ بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست کە هەڵبەت ژنانی چەوسێندراوی کورد بەشێکی گەورەی ئەو ئازارەیان لەسەر شان بووە. بە سەرنج دان بەو بارۆدۆخەو بە لە بەر چاو گرتنی ئەو راستیە کە ژن نەک نیوەی کۆمەڵگایە بەڵکوو راهێنەری ئەخلاقی و ئاکاری و پەروەردەیی هەموو کۆمەڵگایەو تەنانەت نەوەو جیلی داهاتوو راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری ئەو توێژەن، ئێمە لەو باوەرەداین کە پاراستنی ژن لە بەرامبەر رادیکاڵیسم و توندرەویی، توندوتیژی و هەڵاواردن ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایەو لەم نێوانەدا رۆڵ و ئەرکی پیاوان نەک کەمتر لە خودی ژنان نیە کە بە پێچەوانە پیاوان ئەرکە لەسەر شانیان بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو شان بە شانی ژنان دژی هەر چەشنە نایەکسانی و دواکەوتوویی تێبکۆشن و خەبات کەن. راستە ژنان بۆ خۆیان دەیان ساڵە بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان خەباتیان کردووەو قوربانیان داوە، بەڵام ئەو کارەساتە درەنجامی فەرهەنگی پیاوسالارانەی کۆمەڵگایەو بۆ بنبڕ کردنی ئەو نەریتە دژە ئینسانیە ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوە کە بە پێی توانای خۆی خەبات بکات. بێگومان کۆمەڵگایەکی تەندروست و روو لە گەشەکاتێک پێک دێت کە هەموو توێژەکان و بە تایبەت بە ئامادەبوونی ژنانی ئازاد و خاوەن کەرامەت و ئیرادە، بەشداری لە ئیدارەو بەرێوەبردنی بکەن. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش لە یەکەم هەنگاو دەبێت کولتوری توندوتیژی و توندرەوی لە ناو ڕەوات کە بەشێکی برچاوی دەرەنجامە کارەساتبارەکانی ئەو رادیکاڵیسمە ژنانی هەرێمەکەی گرتووتەوەو پێویستە هەمووان بۆ نەمانی توندرەوی و پاراستنی ژن لە بەرامبەر ئەو دیاردەیە قۆڵی لێ هەڵماڵن و هاوکاری و هاوخەباتی بکەن.

سەرکەوێ خەباتی ژنان
کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
8ی مارسی 2015 زایینی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 619

## ڕاگەیاندنێک لەبارەی ئیختتاف وگیان لەدەستدانی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەندامی کۆمیەتی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013103121263288104

ئەم کۆستە هەرگیز شوێنی پڕنابێتەوە!

ڕاگەیاندنێک لەبارەی ئیختتاف وگیان لەدەستدانی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەندامی کۆمیەتی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان.

دوێنێ کاتژمێر شەش ونیوی ئێوارە، هاوڕی ئازاد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەکاتی گەڕانەوەیدا، لەشاری کەرکوکەوە بۆ سلێمانی، لەلایەن گروپێکی تاوانباری تیرۆریستیەوە، دەفڕینرێ وپاشان دەیکوژن وئاگر لەسەیارەکەی بەردەدەن .

هاوڕێ ئازاد لە شاری ڕانیە لەساڵی 1971لەدایک بووە ولەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە وەک ئەندامێکی "ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست" لەڕانیە دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە ولەیەکەمین ڕۆژەکانی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە، ساڵی 1993، بووتە ئەندام وسەرەتای دەورەیەکی پڕ لەهەڵسورانی سیاسی وکۆمۆنیستی لەڕیزەکانی حزبدا دەست پێکردوە وچەندین ئەرک وبەرپرسیارێتی جیاوازی لەئەستۆگرتووە، لەوانە بەرپرسی کۆمیتەی رانیە وئەندامێتی لەکۆمیتەی رابەرایەتی ڕێکخراوی کوردستان وئەندام لەکۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا. هەروەها هاوڕێ ئازاد لە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا ساڵی 2008وەک ئەندامێکی دامەزرێنەربەشداربووە ولەیەکەمین پلنۆمدا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

هاوڕی ئازاد ئەحمەد کەسایەتیەکی ناسراو وکۆمۆنیستێکی جەسوری ڕێگای خەباتی راوەستانەوە بووە بەدژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی قەومیو ئیسلامی لەکوردستانو لەم ڕیگایەشدا ڕیخەری چەندین مەیدانی سیاسی و جەماوەری بووە. وەلەسەر ئاستی عێراقیش هاوڕی ئازاد لەژیانی سیاسیدا بەرپرسیارێتی جۆراوجۆری ڕیکخراوەیی وسیاسی لەئەستۆگرتووە و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لەبردنەپێشەوەی ئەرکەکانیدا تێکۆشاوە .

هاوڕی ئازاد ئەحمەد، نمونەیەکی ڕاستەقینە وخەباتگێڕێکی کۆمۆنیست وکەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی ناسراو وخۆشەویستی جەماوەریبووە. هاوڕی ئازاد بەهەق هەستێکی پرلەگەشبینی کۆمۆنیستی وئینساندۆستی بووە، بەدڵسۆزیو قوربانیدانەکانی لەجوڵانەوەی کۆمۆنیستی وحزبەکانیدا جێگایەکی گەورەی هەبوو. بەلەدەستدانی ئەو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەعێراق وکوردستان وحزبەکانی خەسارەتێکی گەورەی لێکەوت ویەکێک لەسیما سیاسیو ناسراوەکانی لەدەستدا. مەرگی هاوڕی ئازاد بۆشاییەکی هەرگیز پڕنەکراوەیە بۆ بزوتەنوەکەمان.

لەم کارەساتەدا هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق وکوردستان هاوبەشی خەمی خۆیان دەردەبڕن بۆ هاوڕی ساکار سەعیدی هاوسەری ومناڵەکانی(ژیلاو ئارین) وخێزان و کەسوکار ودۆستان وئەندامانی حزب و چینی کرێکار وئازادیخوازان ویەکسانی خوازان. هاوکات هەردوو حزب سوربونی خۆیان لەبردنە پێشەوەی ڕیبازیک ڕادەگەیەنن کەئەو بۆی تێکۆشاو لەپێناویدا گیانی سپارد.

نەمری وسەربەرزی بۆ یادی هاوڕی ئازاد!

بژی ئازادی و یەکسانی!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

31/10/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 620

## ڕاگەیێندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەبارەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140504164457760 67

سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕادەگەیێنین کە پۆستی سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ مافی گەلی کوردستانە و بەهەموو توانایەکەوە پێداگیری لە وەرگرتنی ئەم پۆستە لە لایەن گەلی کورد دەکەینەوە. هەر کەسێکیش بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بپاڵێورێت پێویستە ڕەزامەندیی پارلەمانی کوردستانی لەسەر بێت چونکە ئەم پۆستە ئیستحقاقی گەلی کوردستانە .

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان 4ی 5ی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 621

## ڕاگەیێندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەوڵی داپڕاندن و بەکانتۆنکردنی شنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=20150118005029805 67

دوای ئازادکردنی دەڤەری شنگال لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەڕانەوەی هیوا بۆ خوشک و برایانی ئێزیدی و هەوڵی دامودەزگەی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕاندنەوەی ژیان و سەقامگیری لەم دەڤەرە بە داخەوە لە ڕێکەوتی 14ی 1ی 2015 تاقمێک بەشێوەیەکی نایاسایی هەڵساون بە ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنێک بەناوی ئەنجوومەنی ئێزیدییەکانی شنگال بۆ ئەوەی زەمینە بۆ دامەزراندنی کانتۆن لەم دەڤەرە خۆش بکەن.
لێرەدا بە گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە ئەم ڕەفتارە دژی ویستی خەڵکی ئێزیدی و تێکڕای خەڵکی کوردستانە. شنگال بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە و دامودەزگەی فەرمی و ئیداریی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەرکی بەڕێوەبردن و یارمەتیدانی خەڵک و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و پاراستنی شنگال لەسەر شانی ئەم دامودەزگەیە و، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە هیچ جۆرە ئیدارەیەکی کارتۆنی و لەدەرەوەی ویستی خەڵکی شنگال بەسەر ئەم دەڤەرەدا بسەپێنێت و، بە پێچەوانەوە

ڕووبەڕووی کاردانەوەی توند دەبنەوە. خەڵکی خۆشەویستی شنگالیش لەوە دڵنیا دەکەینەوە کە شنگال بە شێوەیەکی فەرمی دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.
سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
17ی 1ی 2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 622

## ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ حزبە سیاسییە کوردستانییەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140617221116767 15

دیداری ڕاوێژکاریی حیزبە کوردستانییەکان بەسەرۆکایەتیی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باسی پێشهاتە مەترسیدارەکانی کەوتنی شاری موسڵ و چەند شار و شارۆچکەی دیکەی پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە و کەرکووک کرد، ئەوەیش دوای پاشەکشەی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ناوچانە و دوای شکستی چارەسەری سیاسییانە لە ئەنبار و فەللوجە.

دیدارەکە، لە ئاست لێکەوتە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانی ئەم ڕەوشە نوێیەدا هەڵوەستەی کرد، هەروەها ئەو هۆکارانەی بوونە بنەما بۆ ئەوەی داعش بتوانێت ناوچەگەلێکی پڕ دانیشتووانی فراوان داگیر بکات و زیانی مرۆیی و ماددی و سەربازییش بەسوپا بگەیەنێت.

لە دیدارەکەدا، تەئکید لەوەکرایەوە پاشەکشەی پرۆسەی سیاسی و بەتاڵکردنەوەی پرۆسەکە لە ناوەرۆکە دیموکراسی و نیشتیمانییەکان، ڕۆڵی نەرێنی هەبووە و بووە هۆی داخوران و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی هێزە پەیوەندیدار و دامەزرێنەرانی پرۆسەی سیاسی، هەروەها بووە هۆکاری پەیڕەوکردنی نەهجێکی سیاسی دژ بەدەستوور و تەوافوقەکان و بنەماکانی دەستپێکی پرۆسەی سیاسی، ئەو بنەمایانەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیان لەسەر دامەزراوە.

کۆبوونەوەکە جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە سەر لە نوێ متمانە لە نێوان هێزە عێراقییەکان و پێکهاتە نیشتیمانییەکاندا بنیات بنرێتەوە و دەستپێشخەرییەکی نیشتیمانیانەی سیاسی بهێنە ئاراوە کە ئیعتیبار بۆ کرۆکی پرۆسەی سیاسی بگێڕێتەوە، هەر لە نەهێشتنی سیاسەتی وەلانان و پەراوێزخستن و ئەو ئاراستانەی دەمارگیری و تایفییەت دەچەسپێنن، هەتا جێهێشتنی دیاردەی تاکڕەویی دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی کەشوهەوایەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە تایفییە تەسکەکان دەکات و دەبنە هۆکاری تەنگاوکردنی پێکهاتە هاوبەشەکانی کاری نیشتیمانی. هەر لەم ڕووەوە، دانیشتنەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە چارەسەری سەربازی و ئەمنی بەتەنیا، عێراق ڕووبەڕووی لێکەوتەگەلێکی مەترسیدارتر دەکاتەوە کە هەڕەشە لە سەلامەتی نیشتیمانی دەکەن.

بۆیە چارەسەرێکی سیاسی و چاکسازییانەی بنەڕەتیی گشتگیر پێویستە، کە پشت بەئیدارەیەکی هاوبەشی تێکڕای قەوارە و هێزەکان و هەموو نیشتیمانپەروەرە عێراقییەکان بەبێ جیاوازی ببەستێت. هەروەها جەختیش کرا لەسەر کارکردن بۆ چاککردنەوەی بارودۆخ و پاککردنەوەی ئەو شوێنەوارە سلبیانەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا کەڵەکەبوون و هەروەها گێڕانەوەی وڵات بۆ سەر ئەو ڕێگەیەی بەرەو بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوە دیموکراتییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تۆکمەکردنی پێگەی هاووڵاتیبوون دەچێت، ئەویش دوور لە هەر دیاردەیەکی دەستبەسەراگرتن و پێشێلکردنی دەستوور، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییە برایانەکانی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق.

بەشداربووانی دیدارەکە لەسەر ئیدانەکردنی تیرۆر بەهەموو کەرەسە و ناوەکانییەوە، هەروەها لەسەر نەرمینەنواندن و سازشنەکردن لەگەڵ ڕێکخستنە تیرۆریستی و تەکفیرییەکاندا کۆدەنگ بوون. کۆبوونەوەکە ڕۆڵی قارەمانانەی پێشمەرگەی لە ڕووبەڕووبوونەوە و سووربوونیان لەسەر داکۆکیکردن لە هاووڵاتیان لە هەموو ناوچەکان کە هاوکاتیشە لەگەڵ پاڵپشتییەکی گەورەی میللی بەرز نرخاند. دیدارەکە تەئکیدی کردەوە لەسەر ئامادەیی بەردەوام بۆ پێشوازیکردن لە پەنابەران و هاوکاریکردنیان، هەروەها بەشدارانی دیدارەکە بانگەوازێکی بەپەلەیان ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد تا ئاوڕێک لە ڕەوشی مرۆیی دەیان هەزار پەنابەر بدەنەوە و یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی کەمێک لە ئازارەکانی ئەوان کەم بێتەوە و باری هەرێمی کوردستانیش کەمێک سووک ببێت.

پیرمام 17ی 6ـی 2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 623

## ڕاگەیەندراوێکی سەربازیی لە فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121813084878231

پشت بە خوای گەورە و ئیرادەی پۆڵایینی گەلەکەمان، ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا، سەرکەوتنێکی مەزنیان کردە دیاری بۆ گەلی کوردستان.
سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، چوارشەممە 17ـی 12ـی 2014 هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە باشووری زووممار هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش لەم میحوەرەدا دەست پێکرد و گورزێکی گورچکبڕیان لە تیرۆریستان وەشاند.
لەم هێرشەدا پێشمەرگە قارەمانەکان توانییان گوندەکانی فەقیرۆک، گرگامێش، کۆبانکێ، حوگنە، کارێز، قەسەریج و هەردوو بەرشۆری گەورە و بچووک ئازاد بکەن. هەر لەم هەڵمەتەدا ئەو سێریانە ستراتیژییەی موسڵ و کەسکێ بە عوێنات و زوممار دەبەستێتەوە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کرا و بەوەیش پاشماوەی تیرۆریستان لەم ناوچەیە بە تەواوەتی شپرزە بوون.
ئەم سەرکەوتنە مەزنەی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆز ڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان و درێژەدانە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.
بژی کوردستان
بژی پێشمەرگە
سەرچاوەیەکی باڵای سەربازی لە فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە
17ـی 12ـی 2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 624

## ڕزگارکردنی کۆبانی، سەرکەوتنێکی گەورەی مقاوەمەتی جەماوەری وبەرەی ئازادیخوازی!

بەدوای چەندین مانگ لەبەرگری جەماوەری، پاککردنەوەی کۆبانی لە هێزەکانی داعش ڕاگەیەندرا. ئەمە مژدەی سەرکەوتنێکی گەورەی نەک هەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستانی سوریاو ناوچەکەیە، بەڵکو هەنگاوێکی گەورەیە لەراستای خەبات بۆ دەستکۆتاکردنی یەکجاری تەواوی کۆمەڵگای بەشەریە لەچنگی ئیسنان کوژی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، کەڕیاریداوە لەڕێگای تیرۆرو جەنگ و کاولکاری و بازار فرۆشی ژنان و یەخسیرکردنی منالان و ئاوارەکردنی ملیۆنەها ئینسان و داسەپاندنی شەریعەتەوە، باڵێکی هاری بۆرژوازی لەنێو سیستەمی سەرمایەداری و قەیرانێکدا کەدەرگیریەتی، بەدەسەڵات بگەیەنێ.
ئەوەی لەم سەرکەوتن و هەنگاوەدا بەپلەی یەکەم بەرجەستەیە، بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی ئەمریکاو ماشینە میلیتاریستەکەیەتی کەلەلایەن ژورنالیزمی نوکەری سەر بەدەوڵەتانی سەرمایەداریەوە، وەک "فریشتەی نەجات"، بانگەشەی بۆدەکرا، گوایە دونیا بەبێ ئەمریکاو ئیمکاناتە سەربازیەکانی ناتوانی لەبەرامبەر داعش و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و تیرورو تاوانەکانیدا خۆی ڕاگرێ. بەڵام کۆبانی سەلماندی کەئەم هەمو پروپاگەندە پروپوچە، شتێکی تر نەبوو جگە لەوەی کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، چاولەبەرو دەستەوەژن ۆ بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاو دەوڵەتەنی ڕۆژئاواوە، ڕاوەستن و ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و سەرپەراندن و کاولکاری و خۆینرێژی بۆ جەندین ساڵی تر تەحەمول بکەن، تا ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەبەرانبەر ڕوسیاو چین و ئیران و هیزە نەیارە ناوچەییەکانیاندا، سەرکەون و ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەپیی قازانج و بەرژەوەندیەکانی بازاری سەرمایەیان سازدەدەنەوە .
لەسەرێکی ترەوە ڕزگارکردنی کوبانی زەربەیەکی بەکردەوەیە لەتەواوی ئەو سیاسەت و هەڵویستانەی کەحزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، لەپێشیانەوە بارزانی و حزبەکەی، لەدەورەی سەرهەڵدانی داعشدا، تائەمرۆ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لەسوریاو عێراق گرتیانەبەر. سیاسەت و هەڵویستێک کەسەرەتا هاتنی داعشی بە"فرسەتێکی زێرین بۆ کورد' لێکدایەوە و هەوڵیدا پەککستنی مقاوەمەتی کۆبانی وەک دیاریەک پێشکەش بەعەرشی ئۆردوگان بکات، تا تۆڕی ڕاکێشانی بۆری نەوت و بازرگانی کالا و هاتنی سەرمایە لق وپۆپی زیاتر لەسەر حسابی بەتاڵانبردنی ڕەنج وماندوبونی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان دەرکات. لەراستیدا بەرزانی و دەسەڵاتەکەی لەناخەوە ناتوانن دڵخۆشبن بەسەرکەوتنی کۆبانی، چونکە ئەوە هەرئەوان بوون کەلەسەرەتاوە بەسیاسەتی خەندەق لێدان و گەمارۆدانی خەڵکی سوریا و دژایەتی کردنی کانتۆنەکان، بەدوای بەکردەوە دەرهێنانی سیاسەت و ئامانجەکانی تورکایەوە بوون.
تەنانەت ئەوە هەر بەرزانی بوو کەبۆ وەدەرنانی مالیکی و وەرگرتنی ئیمتیازات لەحکومەتەکەی عەبادیدا، دەستی خستە نێو دەستی ڕەوتەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی و سوننەکانەوە و ژێربەژێر لەراکێشانی هێزەکانی داعشدا بۆسەر موسڵ ڕۆڵی گێرا، دواتریش کەپەلامارەکانی داعش ڕووی لەکوردستان کرد، بەبەهانەی ئەوەی "پێشمەرگە چەکی کارای لەدەستدا نییە"، کەوتە جەنگێکی ناشێلگیرانەوە، ڕووداوەکانی "گوێر" بەدوای سەرەوژێر بوونەوەی چەک و تەقەمنی و کۆمەکە سەربازیەکانی دەیان دەوڵەتانی دونیا، بەڵگەن بۆئەوەی کەبارزانی لەشەڕی دژ بەداعشدا نەک هەر پەیگیر نەبوە و نییە، بەڵکو ئامادەشە ژێربەژێر لەگەڵیدا بکەوێتە بازرگانیەوە .
ڕزگار کردنی کۆبانی، سەلماندنی ئەو حەقیقەتەیە کەهەرکات هێزی جەماوەری ئازادیخوازی لەژنان و پیاوان، پەی بەبەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان بەرن و یەکگرتوانە لەڕیزێکی سەربەخۆی سیاسی و شۆرشگێرانەدا و بەدوور لە ئاسۆو سیاسەتی باڵەکانی بۆرژوازیدا ڕاوەستن، دەتوانن نەک هەر درندەترین و پرچەکترین هێز بەچۆکدا بدەن، بەڵکو داهاتوی ژیانی خۆیان و نەوەکانی داهاتووش بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگای ئازادو یەکسان لەدەست بگرن. بەڵام هەروەک چۆن کۆبانی لەمیحنەتی جەنگ و پەلامارەکانی داعشدا تەنها نەبوو، وەلەلایەن بەرەی ئازادیخوازی جیهانەوە پشتیوانی و هاوپشتی فراوانی لێکرا، ئاوەهاش ئەم سەرکەوتنە دەستکەوتێکی بەنرخی بەرەی ئازادیخوازی جیهانە .
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ویرای ئەوەی پیرۆزبایی خۆی لە سەرکەوتنی ژنان و پیاوانی بەرگریکاری کۆبانی و ئازادیخوازان لەسەراسەری جیهاندا ڕادەگەیێنێ، هاوکات بەهەنگاوێکی گەورە لەخەبات بۆ کۆتایی هینان بەداعش و ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا دەیناسێنێ.
حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان

27-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

شارەکان: کۆبانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 625

# ڕونکردنەوەیەک لە فایەق موستەفا ڕەسول وە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150807014951125074

ڕوون کردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی
دوای بەکارهێنانی چەندین شێوازی جۆراوجۆر بۆ سنوردارکردنی کارو چالاکیەکانم لەسەرەتای کارکردنمەوە وەک پەرلەمانتارێک دواجار بەبەکارهێنانی تواناى موخابەراتیی و سوود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای ئەلیکترۆنی کە بەنرخی سەدان ملیۆن دۆلار لەقووتی خەڵک ئەو بەرنامانەیان بەدەست هێناوە پەنایان بردە بەر لەکەدار کردنی کەسێتیم بەدروست کردنی گرتەیەکی ڤیدیۆیی مۆنتاژ کراو بەشێوازێکی تەکنیکیی بەجۆرێک کە بەشێک لەبینەران بگەیەننە ئەو ئاستەی کە ئەوە واقعیە، دەستپێکی ئەو هەوڵەشیان بەپەیوەندیەکی تەلەفونیی لەڕۆژی 23 ی حوزەیران لەکاتژمێر (09:13) دەستپێکرد بۆ ڕێگریی کردنم لەبەشداریی کردن لەکۆبونەوەی ئەو ڕۆژەی پەرلەمان کە لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بوو و پێشتریش ژمارەی مۆبایل وپەیوەندیەکە بەدەنگ لەبەشێک لە پەیجەکانی فەیسبوکەوە بلاو کراوەتەوە و لەلای خۆشم پارێزراون.
پێش دابەزاندنی گرتە مۆنتاژ کراوەکەش لەهەمان ئەو پەیجانەوە کە بۆ ئەو مەرامە سیاسیە دروست کراون بەنوسین هەڕەشەی ئەوە کرابوو کە ئەگەر هەر سووربم لەسەر بۆچون و هەڵوێستەکانم لەسەر ئەو پرسە ئەوا کاری لەو جۆرە ئەنجام ئەدەن، کە ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوەن کە مەرامێکی سیاسی لەپشت ئەو هەوڵە نەزۆکەوەیە و تاکە ڕێکاریان ئەوەیە بەو بەهاو نرخە نزمە ئامانجە نەخوازراوەکانیان بەدی بێنن کە نیشانەی شکست هێنانیانە لە ڕێکارە سیاسی و یاساییەکان و لەمەیدانی ململانێی سیاسیدا بەشکستی تەواو گەیشتوون!! کە هیوادارم وانەبوایا بەلام بەڵگەکان حاشا هەڵنەگرن.
منیش و هەموو ئەوانەی کە پێشتر و دواتریش کەوتونەتە بەر ئەو شالاوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەر بە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بگرن لە ڕیشە کێش کردنی گەندەڵیی و ئەنجامدانی چاکسازیی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەگۆڕینی سیستمی حوکومڕانیی و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و بەدیهێنانی داد پەروەریی کۆمەلایەتی کە بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەو هێزە سیاسیەدا نیە کە تەنها لەپێناو بەرژەوەندی حیزبەکەی باکی بە ئایندەی خەڵک و خاکی کوردستان نیە، کە بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە هەولانەیان لەقازانجی خۆیان و هیچ کەسێکدا نیە و ئێمەش لەکارو چالاکیی بەردەوام ناوەستێنێ بەڵکو بەگوڕێکی زیاترەوە بەردەوام دەبین و شکست بەو هەولانەیان دێنین و بێمنەتیی و بێباکیی تەواویی خۆمان ڕادەگەیەنین بەتایبەتیش کە دەستەکەیان بەتەواویی ئاشکرایە، و هەر حیزب و لایەنێکی سیاسیش بۆ مەرامە سیاسیەکانی ئەم جۆرە هەولە شکست خواردوانە بەکار بهێنێ دڵنیام کە ئایندەیەکی تاریک و شکستێکی کەمەرشکێن دەبێتە نسیبی.
سەبارەت بەڕاستیی و ناڕاستیی گرتە ڤیدیۆییەکە کە لەلای هەندێ لەبینەران گومانی دروست کردوە جارێ تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە ئەگەر کاری واقعیی لەو جۆرە لەژیانمدا هەبوایە ئەوا بێمنەتانە وەلامی ئەو پەیوەندیە تەلەفونیەم نەئەدایەوە کە لەڕۆژی 23ی حوزەیران بۆ هەڕەشەکردن لەسەر ئەو بابەتە ڕووبەڕوم کرایەوە و لایەنی بەرامبەریش ئەگەر بابەتەکەیان بەمۆنتاژ کراوی ئامادە بوایە بۆ توند کردنەوەی زیاتری هەڕەشەکەیان و ڕێگریی کردنی ڕاستەوخۆ لەبەشداریی کردنم لەکۆبونەوەکەی پەرلەمان ئەو گرتەیەیان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ ئەناردم،ئەوە سەرەڕای ئەوەی

که لەداهاتودا ڕاستیی و ناڕاستیی ئەو گرتەیە بۆ ئەو کەمایەتیەش دەردەکەوێ کە تا ئێستا گومانێکیان هەیە.
جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو هەڵەیە بۆ ماڵپەڕی (وشە) ڕاست بکەمەوە کە گوایە لەلێدوانێکمدا من ووتومە (من خۆم بەخاوەنی ئەو گرتە ڤیدیۆییە ئەزانم) کە ڕاستیی لێدوانەکەی من بەم جۆرەبوە (من لەنێوان بەشداریم لەکۆبونەوەی پەرلەمان لەڕۆژی 23ی حوزەیران و بلاوکردنەوەی هەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی بەناوی منەوە بەشداریی کردنم لەکۆبونەوەکە هەڵبژاردوە و بێ باک بووم لەهەر کاردانەوەیەکی تۆمەت ئامێز کە دەرهەق بەمن دەکرێ) و ئەمەش وەک بەڵگە بەدەنگ لەلای خۆم پارێزراوە، کە هیوادارم ئەوە هەڵە تێگەیشتن بێت لەلایەن ئەو ماڵپەڕەوە نەک بەمەبەست کرابێت.
ماوتەوە ئەوەی کە سەبارەت بەو بابەتە سوپاسی هەڵوێست و پشتگیریی هەموو ئەو پەیج و ماڵپەرو ئەو ژمارە زۆرەی هاوولێتیان بکەم کە بەشێوازی جۆراو جۆر پەیوەندیان کردوە و بۆ بەرگریکردن لەڕاستیەکان پشتیوانیی و هاوکاریی خۆیان دەرپریوە بەهەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانەوە.
دواکەوتنی ئەم ڕوون کردنەوەیەش تەنها هۆکار ئەوەبوو کە لەکات و ساتی خۆیدا لەڕێگای چەند لێدوانێکمەوە ڕوون کردنەوە و ڕای خۆم خستبوە ڕوو، بەڵێم لەسەر داوای زۆرێک دۆست و ئازیزانی خۆشەویست ئەم ڕوون کردنەوە تایبەتەم خستە بەرچاوی ڕای گشتی.
فایەق مستەفا ڕەسوڵ
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
فراکسیۆنی گۆڕان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 626

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان - 2014-08-30

http://www.kurdipedia.org/?q=2014083110120770749

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان وەک هەمووان دەزانین دۆخی هەرێمی کوردستان بەچ قۆناغێکی دژواردا تێدەپەرێت هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی هەزارو پەنجا کیلۆمەتر لە سەنگەری بەرگری خاکو نەتەوەکەیاندان هەرێمی کوردستانو خەڵکەتێکۆشەرەکەی باوەشیان بۆ یەک ملیۆنو نیو ئاوارە کردۆتەوە، نەخۆشخانەکانمان لە پێشوازی دەیان بریندارى سەنگەرەکانی بەرگرین، ئێمەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی سەوز ڕۆژانە لە خزمەتی خانەوادەی شەهیدانو بریندارەکانو پرسی پێشمەرگەو ئاوارەکانو خەمی خەڵکین، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێک پەرلەمانتارو ڕاگەیاندنی نابەرپرس کە درکی هەستیاری دۆخی کوردستانو یەکریزی نیشتیمانی ناکەن وەک پیشەی هەمیشەییان کەوتونەتە وێزەی یەکێتیو دوکەڵیکیان دروست کردوە کە بۆنی ئاگرێکی گەورەی لێدێت.

ئێمە لێرەوە ئاگاداریان دەکەینەوە ئەگەر لەم ساتە بەدواوە کۆتایی بەو چەواشەکاریەکانتان دەهێنن باشە ئەگینا ئێمەش بێدەنگی دەشکێنینو هەرچی بەڵگەنامەی فەرمی کە لامان پارێزراوە دەیخەینە بەردەم ڕای گشتی، ئەوسا دەردەکەویت کێ لەخەمی خەڵکەو کێش شەری خۆی دەکات، بۆیە ئەم ڕاگەیەنراوە کۆتایی پشوو درێژیمانە بەرامبەرتان، چونکە خواستی ئێمە هەست کردنە بە بەرپرسیاریەتی دۆخەکەو، خەڵکی کوردستانیش باش دەزانن بە چ مەرامێک تەنها

دژایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن.

فراکسیۆنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان
2014/8/30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 627

## ڕۆژێک بۆ مانگرتن دژ بە خیانەتی نیشتیمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082921261989034

خەڵکی کوردستان لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بن، ئەوانەی بە ویژدانەوە لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان دەڕوانن لە نزیک بوونەوەی بەرواره تاڵەکەی 31ی ئابدا پڕ دەبن لە دڵگرانی و یادەوەری ناخۆش و بێزارکەر. هەرچەندە خیانەت لە نیشتیمان بەتەنها لە 31ی ئابدا کۆتایی نایەت و بەتەنها لایەنێک ئەنجامی نەداوە، بەڵکو (تاوانی شەڕی براکوژی بە دەستی هەموو ئەو پارتە سیاسیانەی ئەنجامدەر بوون،
پێشڕەوی کردنی سوپای ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان تێدایە لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و شەڕی براکوژی و جاشایەتیدا، ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی حیزبە کوردستانیەکان بە ڕژێمەکانیان لەلایەن لایەنە کوردیەکانەوە، کوشتنی هاونیشتیمانی بێدیفاع و هەوڵدان بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی حیزبە بچوکەکان) کۆمەڵە تاوانێکن لە چوارچێوەی خیانەتی نیشتیمانیدا و هەرگیز لەبیر ناچنەوە. بەڵام تاوانی 31ی ئاب ئەو پرۆسەیەبوو بەهۆیەوە برینی جەرگی سەدان خانەوادەی ئەنفال کولایەوە و کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەی گریاندەوە جارێکیتر. سەرەڕای بێزارکردن و خەمبارکردنی خەڵکی خۆراگری کوردستان کە چۆن دەبوو جارێکی تر لە تەنیشت دەبابە و پازدار و جاش و جەیشی داگیرکەران ژیان بگوزەرێنن .
وەک دەبینین هەمو ساڵێک لە نزیکبوونەوەی بەرواری 31ی ئابدا، دەویسترێت خیانەت لەبیری خەڵک ببرێتەوە و بە هێنانەوەی دەیان بیانوی جۆراوجۆر لە گرانی ئەو کردە نامرۆڤانەیە کەم بکرێتەوە. جگە لەوەش حیزبە دەسەڵاتدارەکان و هەموو ئەو لایەنانەی بەشداربوون، هەمیشە هەوڵی هاتنەدەرەوە دەدەن لەو خیانەتە، بەڕادەیەک لە ئێستادا بە دەنگی بەرز و ڕاشکاوانە شانازی بەو ڕۆژانەوە دەکەن و بە خەبات و ڕۆژی پاککردنەوەی کوردستان لە دز و پیاوکوژان ناوی دەبەن .
ئێمە لەم بەیاننامەیەدا دەمانەوێت بە هەموو شێوەیەک ئەو پاساو و قسە و قسەڵۆکانە بەرپەرچ بدەینەوە و هیچ بیانویەک بۆ ئەنجامدانی کردەی خیانەت بە ڕەوا نازانین. دەمانەوێت بڵێین پێویستە خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆژانە لەبیر نەکەن و هەمیشە لەو یادەدا سەرکۆنە و شەرمەزاری خیانەت لە نیشتیمان بکرێت. دەمانەوێت هەموو ساڵێک بیری بەرپرسان و ئەنجامدەرانی ئەو خیانەتەی بهێنینەوە کە ئەوەی ئێوە کردتان ناپاکی بوو بەرامبەر بە خاک و خەڵکی کوردستان و ئەگەر دادگایەکی دادپەروەر نیە بۆ وەرگرتنی سزای خۆتان، ئەوا لە دەرونی ئێمەدا سزادراون و لەبیری ناکەین .
بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە پوچەڵ بکەینەوە کە دەیەوێت خیانەت لە نیشتیمان لەبیری خەڵک بباتەوە، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین ڕۆژی 31ی ئاب وەک ڕۆژی مانگرتن و بێدەنگی دژ بە خیانەت لە نیشتیمان ئەژمار بکەن و هەموو چالاکیە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕابگرن. داواکارین لەو ڕۆژەدا هەر بۆنەیەک یاخود هەر جۆرە بابەتێک وروژێنرا بەبێدەنگی و خۆ بەدورگرتن لە

بەشداریکردن تێیپەڕێنین. هەتا بۆ لایەنی پەیوەندیداری بسەلمێنین ئێمە دەمانەوێت خیانەت دووبارە نەبێتەوە و ببێتە کردەیەکی بێبەری و ئەستەم لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پارت و کەسایەتیە سیاسەکاندا. وە بەم مانگرتن و بێدەنگیە پێتان دەڵێین خیانەت لەبیر ناکرێت. هەتا ئەو کاتەی دەسەڵاتێکی دادپەروەر و مەدەنی دێتەکایەوە و لە بەدەنگەوەچونی قوربانیانی خیانەت و هەموو قوربانیانی کوردستان ڕۆژێک بەفەرمی وەک "ڕۆژی مانگرتن و بێدەنگی لە دژی خیانەت لە نیشتمان" جێگیر دەکرێت و دەچێتە داتاکانی حکومەت و پەرلەمانەوە .

تێبینی: ئێمە ڕووی دەممان لە تەنها لایەنێک نیە و نامانەوێت هەوڵەکەمان ببێتە لێدان لە لایەک و چەند لایەنێکی تر بە سود و قازانج بۆخۆیانی بقۆزنەوە.. لەسەرەتای شۆرشەکان و خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی هەتا ئێستا هەر کەسێک خیانەتی لە نیشتیمان کردبێت، ئەم نامەیە دەیگرێتەوە و لێی دەرناچێت.

ناوەکان:

هێمن ڕەئووف – ڕێکخەری کەمپین - کەنەدا

1/فەرمان خێڵانی - رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی - بەلجیکا

2/عەبدول قەرەگۆلی - چالاکی مەدەنی- سوید

3/هانا عەلی – چالاکی مەدەنی و مافەکانی ژنان - کەنەدا

4/گۆران ڕەحیم - شاعیرو چالاکوانی سیاسی - واشنتۆن

5/گۆران دوکانی – ڕۆژنامەنوس – ئەمریکا

6/ستارە عارف – ڕۆژنامەنوس – باشوری کوردستان

7/ئاسۆ جبار – نوسەر – ئەمریکا

8/قادر نادر – نوسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید- سوێد

9/مەریوان مەغدور – چالاکی سیاسی – دانیمارک

10/عەبدوڵلا سلێمان مەشخەڵ – شاعیر - کەنەدا

11/توانا عومەر – جێگری سەرنوسەری گۆڤاری هۆنیا – باشوری کوردستان

12/حەمە کاکە ڕەش – شاعیر – سوێد

13/کەژاڵ نوری – شاعیر و چالاکی پرسی ژنان – هۆڵەندا

14/بەڕێز تاسان – بێکار – هەولێر

15/کامەران موحەمەد – ڕۆژنامەنوس – هەولێر

16/کامەران عەزیز – نوسەر – ئەڵمانیا

17/کۆشان عەلی زەمانی – ڕۆژنامەنوس – هەولێر

18/جیهاد حەمە کەریم _ نوسەر و چالاکی مافی مرۆڤ – نەرویج

19/تریفە ئەمین – چالاکی بواری ژنان - ئەڵمانیا

20/تەنیا محەمەد – شاعیر و تەنزنوس – ڕانیە

21/نەژاد سیوەیلی – ڕۆژنامەنوس – کەنەدا

22/دکتۆر کەمال میراودەلی – نوسەر و سیاسەتوان – بەریتانیا

23/پشتیوان عەلی - دەرچووی بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی

24/رەنجدەر گراوی - چالاکی مەدەنی - هەولێر

25/پێشرە و ئیسماعیل - چالاکی مەدەنی - بەلجیکا

26/هیوا عەبدوڵلا - رۆژنامەنوس و چالاکی مەدەنی - بەلجیکا

27/رێکخراوی گەنجانی ئازادیخواز لە کوردستان

28/رێکخراوی کوردستان فۆروم - بەلجیکا

29/یاسین ئامێدی - چالاک لە رێکخراوی ئاسۆ - بەلجیکا

30/لوقمان مەحمود - زیندانی سیاسی - بەلجیکا

31/سەوسەن سەعید - چالاکی مەدەنی - بەلجیکا

32/دیار عەلی نەجم - خوێندکار - بەلجیکا

33/ناز عەلی - خوێندکاری زانکۆی سلێمانی

34/ئاکۆ کەریم - رۆژنامەنوس - سلێمانی

35/چنار عەلی - خوێندکاری زانکۆی سلێمانی

36/ڕۆمان سەلام – شانۆکار – بەریتانیا

37/ساڵح میراودەلی – خاوەن ئیمتیازی سایتی پێنوسەکان – بەریتانیا

/38مستەفای حەسەنە گەورە – نوسەر- سلێمانی
/39سۆران کۆستە – نوسەر و چالاکوان -
/40زریان کاکە – خوێندکار- بەریتانیا
/41دانا عومەر – خوێندکار – سلێمانی
/42پێشڕەو حەسەن – ئەڵمانیا
/43موحەمەد ئەحمەد – سوێد
/44کاوە سور – نوسەر – کەنەدا
/45جوتیار چۆمانی – ڕۆژنامەنوس – هۆڵەندا
/46خالید ڕەزا – پێشمەرگەی دێرین – هۆڵەندا
/47خەندان حەمە جەزا – چالاکوانی بواری ژنان – نەرویج
/48کاوە ئەحمەد – شێوەکار – ئەڵمانیا
/49بەناز ساڵح – نەرویج
/50ئەیوب حسێن مەعروف – چالاکی سیاسی – ئەڵمانیا
/51کۆچەر فواد حەمە ڕەشید – ئەڵمانیا
/52نەریمان ئەحمەد – کارمەندی کۆمەڵایەتی – سویسرا
/53ڕێکخراوی کۆبەندی گەشەپێدان – کوردستان
/54بەختیار ئەمین – دانیمارک
/55ئارام ئەحمەد عەلی – نوسەر – هۆڵەندا
/56سالار یاسین – کەنەدا
/57هێمن کەمال عەبدوڵلا – ئەڵمانیا
/58ئاوات عەلی " ئاواتی خاڵە" – سوێد
/59ئاسۆ گۆران – چالاکی مەدەنی – بەریتانیا
/60ڕاوکەر خدر – ڕۆژنامەنوس- سلێمانی
/61چۆمان عوسمان – ڕۆژنامەنوس – هەڵەبجە
/62هەردی ئەحمەد – شاعیر و چالاکی مەدەنی – بەریتانیا
/63ئیبراهیم فەرەج ئەمین – ئەمریکا
/64زریان ڕەسوڵ – بەریتانیا
/65ڕێباز مەحمود – شاعیر – هۆڵەندا
/66کامیل ئەحمەد مام دەروێش – چالاکی مەدەنی – ئەڵمانیا
/67دکتۆر هۆشمەند عەلی - مێژووناس و شارەزا لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوین – ئەمریکا
/ 68د.چۆمان هەردی – نوسەر
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 29-08-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 628

## کادرانی یێک داوای کۆنفرانسیی بەپەلە دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20131023104809882322

بەڕێزان/جێگرانی سکرتێری گشتی ی ن ک
مەکتەبی سیاسی ی ن ک
ئەنجومەنی ناوەندی ی ن ک

مەکتەبی راگەیاندنی ی ن ک
مەکتەبی رێکخستنی ی ن ک
لە روانگەی دڵسۆزیمان بۆ یەکێتی و قوربانیدان و خوێنی شەهیدان و گێرانەوەی راگەیاندن بۆ سەر ڕێچکەی راستەقینەو کاریگەریی رابردووی، بۆ چارەسەری کێشەکان وچارەکردنی پەرتەوازەیی گوتاری راگەیاندن و فرە مینبەری لە کاری راگەیاندنماندا.. بۆ گۆرانکاری لە میتۆدو روخسارەکانی راگەیاندن و رۆڵی میدیاکەمان لە راستکردنەوەی باری لاری ئێستای یەکێتی.. کە بەهۆی بەرژەوەندخوازییەوە بەم دۆخە گەیشتوەو بەهۆیەوە ژمارەیەکی بەرچاو کادر فەرامۆش کراون و دوور خراونەتەوە..
بەهۆی زۆربوونی تێبینی و گلەیی و گازندەی ژمارەیەکی زۆری کادرانی راگەیاندن..
لەپێناو دۆزینەوەی رێگاچارەی خێرا بۆ گرفت و کەموکورتیەکانی راگەیاندنەکانی ی ن ک..
دەمانەوێت بەشێوازی سیستماتیکی حزبی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین......
ئێمە ژمارەیەک لە کادرانی راگەیاندنی ی ن ک کە لەخوارەوە ناومان هاتوە، داواکارین لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا کۆنفرانسێکی تایبەت بە راگەیاندنەکانی ی ن ک ساز بکرێت.
لەو کۆنفرانسەدا هۆکارەکانی دۆخی نەخوازراوی ئێستای ی ن ک دیاری بکرێت، بەمەبەستی چاککردن و چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو هەڵەو کەموکورتیانەی کەلەچەندساڵی رابردوودا دووچاری یەکێتیەکەمان و راگەیاندنەکەی بوونەتەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەبوون.
پێویستە لەو کۆنفرانسەدا کادرانی راگەیاندنی ی ن ک بە پلەو پۆستیان بەشداری نەکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای دڵسۆزیی و پیشەیی و ماوەی خزمەتیان بەشدار بن..
هەر لەو کۆنفرانسەدا پریاری کادرانی راگەیاندنی ی ن ک بە پریاری باڵاو یەکلاکەرەوە بناسێنرێن..
سەرجەم تەوەرەکانیش بە دەنگدانی راستەوخۆو ئاشکرا پەسەند بکرێن، هەر تەوەرێک بواری جێبەجێکردنی هەبوو پێش وادەی بەستنی کۆنگرە جێبەجێ بکرێت.. سەبارەت بەو کێشانەش چارەسەریان لەدەسەڵاتی کۆنفرانسدا نیە، هەر لەو کۆنفرانسەدا پاکێجێک ئامادە بکرێت تا لە کۆنگرەی چوارەمینی ی ن ک دا چارەسەر بکرێن..
ناوەکان
کاروان ئەنوەر
ژوان ئەحمەد سەعید
هەڵۆ حەسەن
محەمەد عوسمان
هەوار شاڵی
فازل سوحبەت
عبدالواحد دوکانی
د.دانا ئەحمەد سەعید
دانا حەمید
لەتیف حسێن
شوان داودی
کاروان شێخ عوسمان
21/10/2013
سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 629

## کوشتنی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی شەرمەزار دەکەین!..

http://www.kurdipedia.org/?q=20131206163826873877

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کوشتنی ڕۆژنامەنوس و چالاکی مەدەنی کاوە گەرمیانی هەمووماني هەژاندەوە، کە شەوی 5-12-2013 لە کردەوەیەکی قێزەوندا درایە بەر دەستڕێژی گوللە.
گەرمیانی ئەنفال ڕوبەڕوی هەمان کۆستی سۆرانی کەرکوک و سەردەشتی هەولێر بویەوە و لە شەوێکی تۆفاناویدا ئەمجارەیان جەستەی کاوە پڕ بوو لە فیشەک و خوێن و نیشتمانیش بوو بە دەریایەک لافاوو گریان..
نەفرەت لە بکوژان و ئە و دەستە ڕەشانەی گەندەڵی کە نەیانتوانی مەردانە ڕوبەڕوی کاوە گەرمیانی ببنەوە و شەرەفمەندانە دان بە گەندەڵییە دزێوەکانی خۆیاندا بنێن و بۆ بێدەنگکردنی حەق فیشەکیان کردە خەڵاتی نەوەی نوێ..
زۆر بەداخەوە سیستەمی میلیشیایی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆتە لانکەی جۆرە مشەخۆر و سەرکردەیەک کە باکیان نیە بە تاڵانکردنی وڵات و هیچ جۆرە رەخنە و فیکرێکی ئازادیان قبوڵ نیە. دیارە ئەگەر سیستمێکی حوکمرانی و سیاسی تەندروست لەهەرێمی کوردستاندا هەبوایە دەمێک بوو دادگا ئاراستەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرت و کاتێک کاوە ڕوبەڕوی هەڕەشەی کوشتن دەبۆوە لانیکەم بەدواداچونێکی جدی بۆ ئەم پرسە دەکراو لایەنی هەڕەشەکار سزای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرت ..
وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم تاوانە بە مەترسی و شەرمەزارییەکی گەورە دەزانین چونکە ئەمجارەیان ڕوخساری بکەرەکان زۆر نامۆ نیە و بەدەنگ و ڕەنگی ئاشکراو لە ڕۆژی ڕوناکدا هەڕەشەی کوشتنی لە کاوە گەرمیانی کردووە، ئەمجارەیان کاوە دەبێتە سومبولی بەدیهێنانی دادوەری و ئەگەر ئە و دەستەی لە پشت کوشتنی کاوەوەیە سزا نەدرێت و ڕیسوا نەکرێت ئەوا سیستمی میلیشیا ئاسای حیزبەکانی کوردستان سەدان هێندەی تر ڕیسوا دەبێت و وەک دەسەڵاتێکی ستەمکاری گەنج کوژو دژە ئازادی دەناسرێت..
نەمری بۆ رۆحی کاوە و سەردەشت و سۆران و سەرجەم ئازادیخوازان..
سەرشۆری بۆ میلیشاو مرۆڤ کوژەکان..
فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی /سلێمانی
6-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 630

## کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە پەیامێکدا پەرۆشی خۆی بۆ باری تەندرووستی مام جەلال رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312165925673233

بەرێز مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
لە گەڵ ریز و سڵاو
هەواڵی تێکچوونی کوت و پری باری تەندروستی برای گەورەمان جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقمان پێگەیشت، بێشک ئەم هەواڵە سۆزی هەموو گەڵی کوردی هەژاند ونیشانی دا

کەبەرێزیان لە دڵی جەماوەردا خاوەنی پێگەیەکی زۆر تایبەتە و هەموو کەس بۆی بەپەرۆشن. ئێمە بەناوی سەرکردایەتی کۆمەڵە و سەرجەم کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هاوسۆزی و بەپەرۆش بوونی خۆمان بۆ باری تەندروستی جەنابی مام جەلال دەردەبرین و هیوای تەندروستی خێرایان بۆ دەخوازین و پێداگری لەسەر دۆستایەتی و هاوپەیمانی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەینەوە .
کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
19دسامبری 2012
29سەرماوەزی 1391ی هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 631
## کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی 2013 ی زاییندا
http://www.kurdipedia.org/?q=20140104115133886847
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 632
## کۆبەندی بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی مای 2013دا
http://www.kurdipedia.org/?q=20130607090322278341
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 633

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ئاوریلی 2013دا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050422334278676

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 634

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ئۆکتۆبری 2013دا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110217440592537

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 635

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ژوئەنی 2013 دا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070721300489663

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 636

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی نوامبری 2013 دا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120212041392695

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 637

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مانگی ژووئیەی 2013 دا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080122184692056

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 638

**کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان مانگی سێپتامبری 2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100121032288434

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 639

# کۆدار: سیاسەتەکانی رژێمی ئێران سنوری ئەخلاقی بەزاندوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062613223985633

سیاسەتەکانی رژێمی داگیرکەری ئێران سنووری ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەزاندووە گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەدۆخێکدایە کە ئامێزی بۆ ئازادی و دیموکراسی کردووەتەوە، ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئیدی گەلی کورد ئیرادەی خۆی رادەستی زهنیەتی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێران ناکات و لێگەڕینی بۆ سیستەم و رێبازێکی نوێی ژیان هەیە. بەڵام ڕژێمی داگیرکەری ئێران لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە تا بە ئەمڕۆ دانی بە ناسنامەو ئیرادەی ئازادی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورددا نەناوە. تایبەت بۆ لەناو بردنی ئیرادەی ئازادی ناو کۆمەڵگا بە سیاسەتی ناشیاو و دوور لەئەخلاقی مرۆڤایەتی دەیەوێت کۆمەڵگای کوردەواری بکاتە کۆمەڵگایەکی بێنرخ و بێبایەخ. رژێمی ئێران لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ ئەوەی راستیەکان چەواشە بکات، لەناو بردنی بەها و نرخەکانی کۆمەڵگای کردوەتە ئامانج. بە تایبەت رژێمی شەڕی تایبەتی ئێران بۆ ئەوەی گەلەکەمان لەتێکۆشان و ئازادی دووربخاتەوە، هەڵمەتی ڕەشکردن و کەمپینی دوورخستنەوەی لەنرخی شۆڕش و کۆمەڵگای لە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردووە. ئامانجی ئەو هەڵمەتەش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی شک و گومان و دوودڵی و لەناو بردنی سەنگەرەکانی ئازادی و دیموکراسیە. ئەوەش ڕاشکاوانە دەردەکەوێت کە ئەو کردەوەی رژێم بە واتای پاکتاوکاری و نکوڵی لە چەمکی وڵاتپارێزی و بەرخۆدانە. تایبەت رژێمی شەڕی تایبەتی ئێران و دەزگاکانی بە هەڵمەتی بانگەشەی ناڕەواو دوور لەڕاستی دەیەوێت راستیەکان چەواشە و درۆکان وەک ڕاستی دەرخواردی گەل بدات. رژێم بە ڕەش‌کردنی بزاڤی ئاپۆیی دەیەوێت ڕۆخساری درندەی خۆی جوان و شۆرشگێرەکانیش تیرۆریست و گێرەشێوێن نیشان بدات. تایبەت ئەو رژێمە رۆڵەکانی کورد دەستگیر دەکات و ئەشکەنجەو لەسێدارەیان دەدات و بە پلانگێری چەپەڵ و بەهێرش کردنی ناڕەوا ڕۆڵەکانی گەلی کورد شەهید دەکات. بەڵام لەلایەکی تریشەوە بنەماڵەکانیان بەسەر دەکاتەوەو سەرەخۆشیان لێدەکات و بەڵێنی بێبنەمایان پێ دەدات و بەوەش دەیەوێت کاردانەوەی گەل لەدژی خۆی دابمرکێنێت و بە رژێمێکی دادپەروەر خۆی لەقەڵەم بدات. تایبەت لەم دواییانەدا لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ناوچانەی وزەی شۆرشگێری تێدا بەهێزە، بەکرێگیراوانی رژێم بەنیازی زۆر چەپەڵ بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانی گەلەکەمان بەسەر دەکەنەوەو بە بەخشینی پرێک ماددیات هەوڵی لەناو بردنی نرخی مەعنەوی ئەو بنەماڵەیە کە بەخوێن نەخشاندوویانە بدات. واتا رژێمی داگیرکەری ئێران بە فرت و فێل و پەیرەوکردنی سیاسەتی هۆڤانە هەڵمەتی بێنرخ کردنی بەهای مەعنەوی بنەماڵە سەربەرزەکانمانی بە بەخشینی چەند پەتوو و سەلاجەو پرێک کەل و پەلی ناو ماڵ و خواردەمەنی دەستپێکردووە. ئەوەش گەورەترین سووکایەتی ئەو رژێمە بە میراتی بەرخۆدان و ڕەنجی بێوچانی گەلەکەمانە کە سنووری ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەزاندووە. هاوکات کاربەدەستانی رژێم لەکاتی شەهید بوونی گەریلایەک بنەماڵەی ئەو هەڤالە بەسەر دەکاتەوە تا بەڵگەیەکی بە ناو دەزگای شەهیدانی رژێمی ئێران واژۆ بکات، ئەو داخوازە چەپەڵەی رژێم لەکاتێکدا کە ئەو بنەماڵەیە لەناو ئێش و ئازارێکی مەزندایە، لەو کات و ساتانەدا رژێم دەیەوێت ئەو داخوازەی کە هەیەتی بنەماڵەکان قەبووڵی بکەن و بە بێ ئەوەی بنەماڵەکان ناوەڕۆکی نووسراوەکە بزانن واژۆیان پێ دەکات. دەبێت بنەماڵە شۆرشگێرەکانمان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی رژێمی شەڕی تایبەتی ئێران ئاگادار بن و بە وریایی و هەستیاریەوە بجووڵنەوە و هیچ جۆرە بەڵگەیەکی رژێم لەو کات و ساتانەدا

واژۆ نەکەن. لەبەرامبەر ئەو هێرشانە پێویستە بنەماڵەکانمان یەکێتی ریزەکانیان پتەوتر بکەن و بە خاوەندارێتی لەرەنجی رۆڵەکانیان ئەرکی مێژوویی و مرۆڤایەتی کەوتۆتە سەرشانیان جێبەجێ بکەن و بەوەش گەورەترین گورز لەسیاسەتی نەگریسانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەن و سیاسەتەکانیان مایەپووچ بکەنەوە. لەکۆتاییی دا بەکرێگیراوانی رژێمی داگیرکەری ئێران ووشیار دەکەینەوە کە لەئەگەری بەردەوام کردنی ئەو رێبازە چەپەڵە هەڵوێستی پێویست دەگرینە بەر و پێویستە رژێم بە زووترین کات دەست لەسیاسەتی دوور لەپێوانی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بەربدات و ڕێز لەنرخ و ئێش و ئازاری گەلەکەمان بگرێت.
کۆمیتەی شەهیدانی کۆدار

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 640

## کۆسرەت رەسول عەلی پەیامێک ئاراستەی حزب و لایەنەکان دەکات 16-03-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150316115009848 77

دەقی بەیاننامەکەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان:
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
ئامادەبووانی خۆشەویست ...
لە "27"ەمین ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، جارێکی تر بە خەمناکیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدانی ئەم کارەساتە ویژدان هەژێنە و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان دەکەم .
دیارە ئەمساڵ یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هاوکاتە لەگەڵ پەسەندکردنی یاسای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە، کە ئەمەش جێگای دڵخۆشی و ئومێدی هەموومانە و دەمێک ساڵیشە گوتوومانە هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان شایستەی زۆر لەوە زیاترن کە بۆیان بکرێ، بۆیە لێرەوە و لە پاڵ هاوخەمی بەم کارەساتە جارێکی تر پیرۆزباییەکی گەرم لە خەڵکی پارێزگای هەڵەبجە دەکەم و ئومێد دەکەم بە پارێزگابوونی شارەکەیان بەشێک لە خەمەکانیان کەم بکاتەوە.
هەروەک بە پێویستی دەزانم لێرەوە داوا لە سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان بکەم کە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و پۆست و پلە وەلابنێن و هەرچی زووە رێک بکەون لەسەر دەستبەکاربوونی ئیدارەی پارێزگاکە و هێنانەدی خەونی هەمووماں، بۆ ئەوەی هەڵەبجەییەکان خۆیان خزمەتی خۆیان بکەن و ئێمەوونانیش پاڵپشت و پشتیوان بین.
کۆسرەت رەسول عەلی
جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 641

## کۆسرەت رەسوڵ لەگەڵ سیستەمی پەڕلەمانییە و لەگەڵ سازانی هەموو لایەنەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624021028856l4

لەو ماوەیەدا و دوابەدوای پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کۆمەڵێک ماڵپەڕ و کەناڵی راگەیاندن نابەرپرسانە بابەتی دوور لە راستی بڵاودەکەنەوە و لە خۆیانەوە را بۆ کۆسرەت رەسوڵ دادەتاشن، لێرەوە بە پێویستی دەزانین بەم روونکردنەوەیە وەڵامی ئەم درۆ و چەواشەکارییانە بدەینەوە:
یەکەم: کۆسرەت رەسوڵ هەمیشە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و گەلەکەمانی لا لە هەموو شت گرنگتر بووە و هەمیشەش لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی بووە و دژی رای تاکەکەسی و فەردانیەتە و ئاشکراشە کە جەنابیان لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیە بۆ هەرێمی کوردستان.
دووەم: هەمیشە و بە درێژایی پێشهات و رووداوەکان، بەڕێز کۆسرەت رەسول لەگەڵ سازان و لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنەکان بووە و رای وابووە تەنانەت لەگەڵ نەیار و ناحەزانیش دەبێت بە گفتوگۆ و سازان و لێک تێگەیشتن پرسەکان چارەسەر بکرێن دوور لە دەمارگرژی و بەکارهێنانی زمانی زبر.
سێیەم: دەربارەی رای رەسمی "ی.ن.ک" لە ئێستادا وتەبێژی رەسمی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نوێنەرایەتی رای حزب دەکات و هەر شتێکی رەسمی و تایبەت بە حزب هەبێت لەلایەن عیماد ئەحمەدەوە رادەگەیەنرێت.
نووسینگەی رۆژنامەوانی کۆسرەت رەسوڵ عەلی
24-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 642

## کۆسرەت رەسوڵ نامەیەک ئاڕاستەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150810024117858842

براو هاورێکانم لە فەرماندەییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان
سڵاوێکی گەرم:-
بەناوی خۆم و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانەوە دەست خۆشیتان لێدەکەم سەبارەت بەو بەیانامەیەی کە ئاڕاستەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستانتان کردوە.
هەڤاڵانم..لای هەموان ئاشکرایە کەلەم ساتە وەختەدا عێراق بەبارودۆخێکی نالەبارو تونێلێکی تاریکدا گوزەر دەکات، بەڵام هەرێمەکەی ئێمە لەڕێگەی قوربانیدان و گیانفیدایی پێشمەرگەکانی کوردستانەوە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەبەشەکانی تری عێراق لەسەرجەم بوارەکانی (ئاشتی و ئازادی و ئارامی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و.(...
بۆیە لەم ساتە وەختە هەستیارەدا ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی هەموومان لە سەرکردایەتی هەموو حزبە سیاسیەکان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بۆ جیهانی بسەلمێنین ئێمە شایستەی وەدەستهێنانی خەونە مێژوویەکەمانین لەسەربەخۆیی، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆرمانداوەو بەردەوامیشین لە خەباتکردندا، هەمیشەش باوەڕمان بەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان هەبووە لە ڕێگەی گفتوگۆو دانوستاندنەوە، ئێمە دژی توندڕەوی و بەکارهێنانی چەک

بووین لە دژی دوژمنەکانمان، چ جای چەک بەکاربهێنین دژی یەکدی و شەڕی نەگریسی ناوخۆو کورد کوژی هەڵگیرسێنین..لەوڕێگەیەشەوە ئازادیخوازانی جیهانیش پشتیوان و هاوکارمان دەبن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی.
هەڤاڵە پێشمەرگەکانم..
من وەک پێشمەرگەو باوکە شەهیدێک تێدەگەم لە ئازاری بە سوێی کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانمان، ماندووبونی پێشمەرگە قارەمانەکانیش بەرز دەنرخێنم، هیوادارم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەوڕاستیە بزانن " کە ئەو بارودۆخەچۆن و بە چ شێوەیەک هاتۆتە ئاراوە، بە چ قوربانیدان و فیداکاریەک وخوێن بەخشینێک ئەو ئازادیەمان ڕەخساندوە.
پێویستە هەموو لایەکمان تواناکانمان یەک بخەین وەگەڕی بخەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەو نەهامەتی و کەمی خزمەتگوزاریەکانی خەڵکی کوردستان لە (ئاو، کارەبا، مووچە، دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی ژیان)، ژیان و گوزەرانی باش و شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان وپێشمەرگە قارەمانەکان دابین بکەین، بۆیە دەست خۆشی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کوردستان دەکەم کە جارێکی تر ماوەکەی درێژکردەوە تاوەکو هەموو لایەک بگەنە سازانێکی نیشتمانی.
بژی پێشمەرگەی کوردستان
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان.
براتان
کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی
جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان
09-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری دۆکومێنت: •⊶زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 643

## کۆمەڵکوژی عەشیرەتی جوحێشی بەرهەمی زهنیەتی داعشە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126113604119056

بۆڕای گشتی و گەلەکەمان
لە گوندەکانی ئوم خوبارە و ئوم سەبابیای نێوان ڕەبیعە - شەنگال و لە گوندێکی دیکەی عەرەب، کۆمەڵکوژیەک لەناو عەشیرەتی جوحێشی ئەنجامدراوە و پەکەکەش بە ئەنجامدەری ئەو کۆمەڵکوژیە تۆمەتبار دەکەن، ئەو بانگەشەیە لەکۆمەڵێک ئاژانس و میدیادا بڵاوکراوەتەوە، ئێمە وەک هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رادەگەیەنین کە هیچ پەیوەندیەکمان بەو کۆمەڵکوژیەوە نیە و کوشتنی ئەو کەسە مەدەنیانە بەتوندی مەحکوم و شەرمەزار دەکەین.
ئەو هێرشەی کراوەتەسەر گوندی عەرەبەکان لە ناوچەی شەنگال – ڕەبیعە هیچ پەیوەندیەکی بە هێزەکانی ئێمەوە نیە، ئەو کۆمەڵکوژیەی لەناو عەشیرەتی جوحێشی دا لە گوندەکانی ئوم خوبارە و ئوم سەبایا و گوندێکی تری عەرەب ڕوویداوە، هیچ جیاوازیەکی نیە لەو کۆمەڵکوژیەی چەتەکانی داعش لەناو کەسانی مەدەنی وەک ژن و منداڵ ئەنجامیانداون و هەمان شتە، ئەو کۆمەڵکوژیە بۆ نانەوەی ئاژاوە و دوبەرەکی لەنێوان گەلان و باوەڕیە جیاوازەکانی ناوچەکانی شەنگال و موسڵ ئەنجامدراوە، هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئەو هێرشە و زهنیەتی تیرۆری داعش دا نیە کەلە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبات.
ئەم هێرشە لە کاتێکدا ئەنجامدراوە کە هێزەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان لە کەرکوک،

مەخموور و شەنگال و زۆر جێگەی تر لەبەرامبەر فاشیزمی داعش لە تێکۆشاندایە بۆیە دەیانەوێت ئەو هێرشەی لە دەرەوەی بەها ئەخلاقیەکان کراوە بیخەنە ئەستۆی ئێمە و دیارە ئامانج لەوەش ئەوەیە کە گومان بخەنە سەر ئەو تێکۆشانەی ئێمە کەبەرامبەر چەتەکانی داعش بەڕێوەی دەبەین. ئێمە بەتوندی هەر هێرشێک ئیدانە و شەمەرزار دەکەین کە ژن و منداڵ و کەسانی مەدەنی دەکاتە ئامانج و ئەو کەس و لایەنانەش ڕسوا دەکەین کە هەوڵ دەدەن تۆوی کین و دوبەرەکی لە نێوان گەلانی ناوچەکەدا بچێنن.
فەرماندارى پریارگەی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە لە شەنگال
26-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستانPKK -

شارەکان: شنگال

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 644

## کۆمەڵی ئیسلامی راگەیەندراوێک لەسەر دۆخی چەقبەستووی هەرێم بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033116314467643

بسم الله الرحمن الرحيم
جەماوەری سەربەرزی کوردستان حیزب و لایەنە سیاسییەکان ماوەیەکە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین گرفتی سیاسی و دارایی و ئیداری و کۆمەڵایەتی بوەتەوە، زیاتر لە شەش مانگە لایەنی براوەی یەکەم سەرکەوتوو نەبوە لە پێکهێنانی حکومەت و پرۆسەی دانوستان و گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان نەگەیشتوەتە ئەنجام.

ئێستاش لەپاش تێپەڕبوونی ئەو ماوە دورودرێژە،کاتی ئەوە هاتووە لایەنی براوەی یەکەم وەک چۆن بەرپرسیاریەتی پێکهێنانی حکومەتی لە ئەستۆگرت بە هەمانشێوەش ئەرکیەتی بۆ جەماوەری کوردستانی ڕوون بکاتەوە کە بۆچی سەرکەوتوو نەبووە لە پێکهێنانی کابینەی نوێدا و گرفتەکان چین و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی کێدایە !! ئێمە پێمان وایە سەرەکیترین گرفت قبوڵ نەکردنی بەشداربونی لایەنە براوەکانە بە پێی پێگەو دەنگی بە دەستهاتووی خۆیان و ڕازی نەبونە بە سیستەمی خاڵبەندی لە دابەشکردنی پۆستەکان و ئەو گۆڕانکاریەی لەتەرازووی هێزەکاندا ڕوویانداوە.

بێگومان ڕازی نەبون بەمانەش ڕازی نەبونە بەبەشداری ڕاستەقینەی لایەنە سیاسیەکان لە پێکهێنانی حکومەت و بریاری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی، بەمەش قۆرخکردنی پۆستەکان وەک جاران بەردەوام دەبێت. سەبارەت بەو هەوڵانەش لە پەرلەمان دەدرێت بۆ وەگەڕخستنی ئەو ناوەندە تەشریعیە، لەبەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان کراون بەیەک پاکێج و بریاردان لای لایەنە سیاسیەکانە نەک پەرلەمان، بۆیە هەر هەوڵێک لەو شێوازانە جەماوەر بە موزایەدەی سیاسیان دادەنێن و دەزانن چارەسەری گرفتەکان لای کێن و لە کوێن. بۆیە ئێمە لەکۆمەڵی ئیسلامیەوە جەخت دەکەینەوە لەزەرورەتی کۆتایی هێنان بەم دۆخە چەقبەستووە، کەهۆکاری سەرەکی سەرجەم قەیرانەکانە و داوا لەلایەنی براوەی یەکەم دەکەین ڕاشکاوانە و بەفەرمی هۆکارەکانی دواکەوتنی کابینەی نوێ ڕابگەیەنێت چونکە پێکنەهێنانی حکومەت لەم شەش مانگەدا بوەتە جێگەی سەرنجی جەماوەرو دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش و پرسیاری زۆری سلبی لەسەر دروست کردووین. ئەگەر نا ئیدامەدان بەم دۆخە نائاساییە بە بیانووی نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و پارێزگاکان چەند مانگی دیکە درێژە دەکێشێت و

جەماوەری کوردستان هێندەی تر بێزار دەکات و ڕازی نابن دەنگەکانیان بەویستی هیچ لایەنێکی سیاسی بێ ڕێزی پێ بکرێت و حسابیان بۆ نەکرێت. ئێمەش لای خۆمانەوە دووپاتی دەکەینەوە کە هەرگیز بەشێک نەبووین لە گرفتی پێکنەهێنانی حکومەت،وە هاوکارێکی دڵسۆز دەبین بۆ چارەسەری گرفتەکان.

هیواداریین لایەنە براوەکان بە تایبەت براوەی یەکەم بەجدی لەم قەیرانە بێتە پێشەوە تا هەرێمی کوردستان لەم دۆخە چەقبەستوییە قووڵە دەرباز بکەین.

والسلام علیکم ورحمە الله.

مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان/ عێراق

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 645

## کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان - ڕوونکردنەوەیەک سەربارەت بە ڕۆیشتنی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=20131208214458873 59

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 646

## کۆمەڵێک سەرنوسەر هۆشیاری دەدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140421142504759 09

چەند شەوێکە باری ئارامی پارێزگای سلێمانی تێکچووە، لە دوو شەوی رابردوودا لە ناو سلێمانیدا تەقە لەدوو بارەگای پارتی کرا، شەوی 18-4 پاسەوانی بەرپرسێک و پۆلیس دەبێتە دەمەقاڵیان و ئەفسەرێکی پۆلیس و دوو هاوڵاتی تر بریندار دەبن، لەوەش خراپتر هەموو رۆژێک لە پارێزگای کەرکوک بەهۆی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیەوە پێشبینی شەڕوتوندونیژی گەورە دەکرێت و تا ئێستا چەند کەس بریندارببوون.
ئێمە ئەم رووداوانە بەکارێکی ئاسایی نازانین، بەڵکو ئەمانە ئەنجامی ئە و وتارە توند و گەرمانەی هەندێک بەرپرسی سیاسی و ئەمنیی ئەم دەقەرەن، کە لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و پەرلەمانی عێراقدا، لە

میدیاکاندا بڵاودەکرێنەوە.
ئەگەر لایەنەکان بەتایبەتی بەرپرسانی یەکێتی لەسلێمانیو، لە کەرکوکیش پارتی و یەکێتی مامەڵەیەکی تەندروست و بەرپرسانە لەگەڵ ئەم بارودۆخە نائاساییەی چەند رۆژی رابردوودا نەکەن، ئەوا بەدڵنیایەوە پێشبینی تێکچوون و خراپبوونی زیاتر و توندتیژی زیاتری لێدەکرێت.
لای هەمووان ئاشکرایە کە هەمووی چەند رۆژێکی تر خەڵکی کوردستان و عێراق دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ بەشداریکردن لەدوو پرۆسەی گرنگدا، ئەگەر هەرێمی کوردستان لەبارودۆخێکی ئارام و بێ توندوتیژی و ساختەکاری ئەم پرۆسەیە بەئەنجام بگەیەنی، ئەوا بەدڵنیایەوە کوردستان قۆناغێکی تری پرسە دیموکراسییەکان دەپڕێت و دەتوانێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش وێنەیەکی جوان نیشان بدات کە ئەم هەرێمە جیاوازە لەچواردەورەکەی.
ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئێمەیە، ئەگەر ئەم رووداو و توندتیژیانە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بن، ئەوا خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سلێمانی و کەرکوک لەبری تۆمارکردنی پرۆسەیەکی دیموکراسی نمونەیی کە سەرمەشقی شارەکانی تر بێت، لەهەلومەرجێکی زۆر نا ئاسایی و نا تەندروستدا دەچنە نێو پرۆسەی دەنگدانەوە.
پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستی بەبارودۆخێکی ئارام و تەندروست هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە سلێمانی و کەرکوک دەگوزەرێت کە لەژێر زەبری توندوتیژی و چەک و ترسدا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەرێوەبچێت، ئاماژەیەکی مەترسیدارمان پێدەدات کە سبەینێ پرۆسەی دەنگدانیش تەندروستانە بەرێوەنەچێت، هاوکات ئەم کەشە نائارامەی لە ئارادایە زەمینەیەکی لەبار بۆکاری ساختەکاری و تەزویر دەخولقێنێت.
بۆیە ئێمە لەروانگەی بەرپرسیارێتیمانەوە بەرامبەر پارێزگای سلێمانی و کەرکوک و سەرتاسەری هەرێم کە پرۆسەیەکی ئارام و دیموکراسی ئەنجام بدرێت، لەپارێزگای سلێمانی روودەکەینە بەرپرسانی حکومی و حیزبی بەپلەی یەکەم یەکێتی و ئەوجا حیزبەکانی تر کە کۆتایی بەم دروستکردنی فەزای ترس و توندتیژییە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بهێنن، هەروەها روویدەممان دەکەینە بەرپرسانی پارتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کە زەمینەی هەڵبژاردنێکی راستەقینەی بێ خەوش و فشار بۆ سەر هاولاتیانی کوردستان بهێننە ئاراوە کە لەئاستی قوربانییەکانی گەلەکەماندا بێت .

کەمال رەووف- شار پرێس
ئاسۆس هەردی- ئاوێنە
ئەحمەد میرە- لڤین
کاژاو جەمال- هاوڵاتی
شوان محەمەد- سپی میدیا
21-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 647

**کۆمەڵێک نامەی دەستنووسی شێخ مەحمودی حەفید بۆ حاجی مەلا عومەر ئەفەندی موتفیی هەولێر**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150314123512119705

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 648

## کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات بۆ یەکەم جار رێککەوتنامەیەکی هاوبەش ئیمزا دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312162724667575

لە درێژەی دیدارو دانیشتنە هاوبەشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ باس و لێکدانەوە و تاوتوێ کردنی پرسە گرینگەکانی ناوچەو پێوەندیدار بە مەسەلەی ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، هەروەها لە درێژەی باسەکان بۆ گەڵاڵە کردنی رێککەوتنامەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاری و هاودەنگی نێوانیان کە ماوەیەک بوو لە لایەن هەیئەتی راسپێردراوی هەردوو لاوە کاری بۆ دەکرا، رۆژی سێشەممە رێکەوتی 31ی گەلاوێژی 1391ی هەتاوی بەرامبەر بە 21ی ئووتی 2012ی زایینی، هەیئەتێکی رێبەریی هەر دوولا لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بە سەرپەرەستی بەرێزان عەبدوڵلای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە و مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات کۆبوونەوە.

دوو هەیئەت لە دانیشتێکی 5 ساعەتی دا وێرای باس لە پرسە گرینگەکان، بارودۆخی ئێران و ناوچەو کوردستان، باسەکانی پێشوویان لەسەر گەڵاڵەی رێککەوتننامە بۆ هاوکاری نێوانیان درێژە داو بەم شێوەیە ئەو رەوتەیان بە ئاکامی کۆتایی گەیاند و رێککەوتننامەکە لە لایەن بەرێز کاک مستەفای هیجری و بەرێز کاک عەبدوللای موهتەدی وە واژۆ کرا.

هەروەها هەردوو لا هیوایان خواست کە نێوەرۆکی ئەو رێککەوتننامەیە زەمینەخۆشکەر بێ بۆ هاوکاری بەرینتری هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

31/5/1391ی هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 649

## کۆمەڵەی ژنانی کوردستان پەیامێک بۆ بنەماڵەی شەهید ڕەنگین دەنێرن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102813553177844

سڵاو لە ڕۆحی ئەو ژنانەی لە سەنگەرەکان بەرگری لە خاک و وڵات و کەرامەتی ژنان و گەلی کورد دەکەن.
سەرتا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهید نەقیب رەنگین یوسف و کەسوکاری هەموو ژنانی کوردستان و گەلی کورد دەکەین. هیواداریـن داوا خەمی بنەماڵەکەیان بێت، شەهید رەنگین تەنیا شەهیدی بنەماڵەکەی و باشوری کوردستان نییە، بەڵکو شەهیدی هەر چوار پارچەی کوردستانە.
تێکۆشانی گەلی کورد ئەمرۆ بە پێشەنگایەتی ژنانی کورد گەیشتووەتە لوتکە، دوژمنانی گەلی کورد لەبەرامبەر ئیرادەی ژن و خۆراگریان لە هەموو سەنگەرکانی وڵات تێک دەشکێن، هەتا شەهیدانی وەکو ئارین و رەنگین هەبن کەس ناتوانێت خاکی پیرۆزی کوردستان داگیربکات. ئەوان ئەو ژنە قارەمانانەن کە گیانی خۆیان دەکەن بە قەڵغان و ڕێگا بە هیچ هێزی داگیرکار نادەن کە پێلاوی گڵاویان بێتە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان.
شەهید رەنگینیش یەکێکە لەو شەهیدانەی بە کار و خەباتی خۆی لە هەرێمی باشوری کوردستان توانی رۆڵی پێشەنگایەتی خۆی چالاکانە بگیرێت. شەهید نەقیب رەنگین یوسف یەکەم شەهیدی ژنە کە لە هەرێمی باشوری کوردستان لەم قۆناغەدا توانی مێژووی ژنەقارەمانەکانی وەک لەیلا قاسم و هەموو ئەو ژنانەی کە لە پارچەی کوردستان هەمیشە خاوەن ڕۆڵی پێشەنگایەتی بوون زیندوو بکاتەوە. هەروەها ژنی کورد لە یەکێتی نەتەوەیش خاوەن ڕۆڵ بوون، ئێستاش ئەوەی لە سەنگەرەکان و لە پرۆسەی ئاشتی و گۆڕەپانی سیاسەت چالاکانە ڕۆڵ دەگێرن ژنان. ژنانی کورد لە ئاستێکدا وڵات دەپارێزن و تێکۆشان دەکەن کە هەموو جیهان بە بوێریان سەرسام بووە.
ئێمە وەک کۆمەڵەی ژنانی کوردستان(KJK) درێژە پێدەری ڕێگای ئەو قارامانانە دەبین بۆ یەکتی گەلی کورد و یەکێتی نەتەوەیی، هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەر و بەهەموو هێزی خۆمانەوە کاردەکەین بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی ئەو شەهیدانە. بە بەرزراگرتن و خاوەنداری کردن لە شەهیدان لە هەموو گۆڕەپانەکانی کاروخەبات، بە ڕۆحی شەهید رەنگین و ئارینەکان تێکۆشان دەکەین.
سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان
ڕووڕەشی بۆ دوژمنان و داعش
کۆمەڵەی ژنانی کوردستانKJK
13-10-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 650

## کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێرشی موشەکی و خۆمپارەیی بۆ سەر کەمپی موجاهیدینی خەلق مەحکوم دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031309352368154

بە پێی هەواڵە بڵاوکراوەکان سەرلە بەیانی دوێنی 9 فێبرواری بەرابەرلەگەڵ21ی ڕێبەندان دانیشتووانی کەمپی ئازادی سەربە موجاهیدنی خەلقی ئێران هێرشێکی موشەکی وخۆمپارییان کراوەتە سەر وتائێستا 6 کەس لەدانیشتوانی ئەم کەمپە گیانیان لەدەست داوەوزیاترلە 50 کەسی تریشیان بریندار بوون.بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ دەوڵەتی عێراق بەری بەئامبولانسەکانی گواستنەوەی بریندارەکان بۆنەخۆشخانەکانی شاری بەغداو دەورووبەری گرتووە وهەربەم هۆیەوە

دۆخی ژمارەیەک لەبریندارەکان لە مەترسی دایە.
هێرش کردن بۆسەرکەمپی لیبێرتی کە دانیشتوانی ئەم شوێنە بەرەزامەندی نەتەوەیەکگرتووەکان ودولەتی عێراق وچەند دامەزراوەیەکی تر نێودەولەتی لەم کەمپە نیشتەجێن پێشلکردنی ئاشکرای عورف ویاسا ورێسا نێودەلەتیەکان. وهەرچەشنەمافێکی پەناخوازییە وهەمووان دەزانن کەرژیمی دژە ئینسانی وتیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەپشت وەها تەرح وگەلالایەکە وسینارۆی ئەم کردەوە قێزونانە لەلایەن سەرانی رژیمی ئێرانەوە دادەرێژرێت.عامیلانی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە دەبێ وەلام دەروەبن ونەتەوەیەکگرتووەکان وکۆمەلگای نێودەولەتی پێویستە گوشاریان بخاتە سەر واێکۆلینەوە لە م جینایە تە بکرێت.کۆمەلە ئەم کردەوە دژە ئینسانی ونامرۆڤانەیە مەحکوم دەکات وداوا لە دامەزراوە مرۆڤ دۆستەکان دەکات بە هانای برینداارانی ئەم هێرشانەوە بچن .
سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
10فێبرواری2013 بەرابەر بە 22ي رێبەندانی1391 هەتاوی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 651

## کۆمەڵەی خوێندکاران: دەزگا ئەمنییەکان بە شێوەیەکی مەدەنی مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران ناکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150622041066403

بەڕێز / پەرلەمانی کوردستان
بەریز /سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز / وەزارەتی پەروەردە
سڵاوی زانست و خەبات...
بەڕێزان.... ساڵانە لەگەڵ دەست پێکردنی تاقی کردنەوەی وزاری قۆناغی 12 ی ئامادەیی دەنگۆی ئاشکرا بوون و بازرگانی کردن بە پرسیاری تاقی کردنەوەکان بڵاو دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی دوو دڵی و دڵە ڕاوکێ لای خوێندکاران، بەداخەوە ساڵانە ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە ئەم ساڵیش لەگەڵ دەسپێکردن بەتاقی کردنەوەکان چەند کەسێک دەسگیر کران و بەڵگەی دزەکردن و ئاشکرا بوونی پرسیارەکان بڵاو بۆوە، بۆیە ئێمە لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان داواکارین وەزارەتی پەروەردە کاری جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بکات بۆ ئەوەی ماندوو بوون و شەو نخونی خوێندکاران بێ ئەنجام نەبێت، لەهەمان کات دا نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین لە هەڵسوکەوتی دەزگا ئەمنییەکان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بە شێوەیەکی مەدەنی مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران ناکەن هەر بۆیە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی خوێندکاران دەکەین کە ئەمڕۆ 25/6 لە خۆپیشانێک دا خستیانە ڕوو، بەڵام بەداخەوە مامەڵەیەکی نەشیاویان لەگەڵ کرا کە ئێمە وەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ئیدانەی هەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریکی نامەدەنی دەکەین، داواکارین لە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵام و هەنگاوی جدیان هەبێت بۆ بەدەمەوە چوونی کێشەکانی خوێندکاران.
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت
25-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری دۆکومێنت: •-زمانی یەکەم
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 652

## کۆنترین بروانامەی کورانە لە ساڵی 1903، ڕەئوف ئەفەندی وەری گرتوە لە قوتابخانەی ڕەشیدیە لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150406195927673 87



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 653

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پەیامێک ئاڕاستەی ئێزدییەکان دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415100156677 21

چوارشەممەی سوور یان سەری ساڵ، چوارشەممەی سەری نیسان، ڕۆژی ئافراندن و دەستپێکردنی ژیان و هەبوون و گەردوون، جەژنی کوردستانە. چەژنی جڤاکی ئێزیدی، خاوەن واتایێکی ئایینی و مێژوویی یە. ئایینی ئێزیدی یەکێکە لە ئایینەکانی هەرە کۆنی کوردستان و جیهانە. چوارشەممە سوورەیش جەژنێکی گەورە و واتاداری دەستپێکی ژیان و هەبوونیەتی.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کنک، ئەم جەژنە لە جڤاکی ئێزیدی، گەلی کورد و تەواوی گەلانی کوردستان و هەرێم پیرۆز دەکات.

ئێمە بەو هیوایەین کە جەژنی چوارشەممەی سوور بە گوێرەی واتاکەی، نرخ و پیرۆزیە مێژووییەکەی، ئایین و باوەڕیەکەی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە بێتە پێگە و ئەساسی ئاشتیەکی نمونەیی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گەلان دا.

ئێمە جەژنی چوارشەممەی سوور و سەرساڵی ئەمساڵ لە ناو بارودۆخێکی خەمگینیدا پێشوازی لێ دەکەین. ئەو کارەساتەی کە بەسەر گەلەکەمان لە شەنگال هات، هەرگیز لە یاد ناکرێت. ئەو کارەساتەی تاوەکو ئێستایش بەردەوامە .هێشتا نیوەی شاری شەنگال لەژێر داگیرکەری هێزی دڕندەی داعش دایەو، هێشتا زۆرێک لە مرۆڤەکانمان لەناو دەستە چەپەڵەکانیان دا دەناڵێنن، هێشتا زۆرینەی خەڵکی شەنگال کۆچبەرن و لەنێو بارودۆخێکی سەختدا ژیان بەسەر دەبەن. لەبەرامبەر ئەو هێزە وەحشەتناکەی داعش بەرخوەدان و خۆڕاگری هێزەکانمان بەردەوامە و لەو باوەڕەداین کەلە ماوەیەکی نزیکدا مژدەی سەرکەوتن و ڕزگاریمان پێ دەگەیەنن.

هەر وەک ئاشکرایە کە گەلی کوردیش لە ناویاندا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پرۆسەیەکی مێژوویی دا تێدەپەڕێ. لە ڕۆژئاوای کوردستان شۆرشی گەل هەیە، لە وێ و لە باشووردا شەڕی پاراستن و دژی داعش بەردەوامە، لە باکووری کوردستان پرۆسێسی چارەسەریی دیموکراتیک

هەیە. دوژمنانی گەلی کورد لەهەمان کاتدا کە دوژمنانی کۆمەڵ و گەلانی هەرێمەکەیشن. لە تێکبردن، روخاندن، وێرانکاری، قڕکردنی فیزیکی و کەلتوری دا درێغی ناکەن. لەهەمان کاتیشدا گەل و پێکهاتەکان لەیەک جیاناکاتەوە و چاوناپۆشێ. بۆیە گەلی کورد، گەلانی کوردستان هەمووی، خاوەنی هەر باوەڕیەک بێت، پێویستە بە بەرپرسایەتیەوە لە بەرامبەر ئەم دۆخە تێبکۆشن. دەبێ لە دژی دوژمنە دڕندانەو داگیرکارانە لەناو یەکیەتیەکی دڵسۆزانە دا ببزوێن، لەگەڵ یەکتر و لە پێناو ژیانێکی شەرەفمەندانە بۆ ئایندەیەکی سەرفرازانە، بەپێی نرخ، واتا و پیرۆزیەکانی مێژوویی لە تێکۆشاندا بەردەوام بن .

بە ئازادی و بەختەوەری پیرۆکردن و یادکردنەوەی جەژنە و بۆنەکانمان، بە سەرکەوتنمانەوە گرێدراوە و پەیوەستە. واتاو مانای چوارشەممەی سووریش، ئەم بەرپرسیارەتی و باوەڕیە لە ئێمە دەخوازێت.

بەو هیوا و داخوازیەوە، ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – کنک جەژنی چوارشەممەی سوور – سەری ساڵ – چوارشەممەی سەری نیسان لە جڤاکی ئێزیدی و ئێزیدیخان، گەلی کورد و تەواوی گەلانی ناوچە و هەرێمەکە پیرۆز دەکەین.

کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – کنک
- 15.04.2105برۆکسل

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: 🌏دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد: 

---

بابەتی ژمارە: 654
## کێشەی بارزانی باوک (مستەفا بارزانی)
http://www.kurdipedia.org/?q=20150304114730848
ئای دی: STATE209897_b1976
بابەت: کێشەی بارزانی باوک (مستەفا بارزانی)
بەروار: 1976/8/28
کات: 17:20 سێ شەممە
پۆلێن: نهێنی
لەلایەن: وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا
بۆ: تاران و بەغداد
.1بارزانی چەند نامەیەکی لەدەسەڵاتدارانی ئێرانەوە پێگەیشت، کە باسیان لەوە دەکرد ئەوان سور نین لەسەر گەڕاندنەوەی دە ستبەجێی بارزانی بۆ تاران وەکو مەزەندە دەکرا. یەکێک لەهاوەڵەکانی بارزانی پێیراگەیاندین کە لەڕاستیدا شا لەڕێگەی ساواکەوە گفتوگۆی لەگەڵ بارزانی دەکردو پێیراگەیاند، کە هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت بێت بۆ تاران و ئەگەر ویستیشی بۆ چارەسەر بگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا، ئەوە هیچ ڕێگرییەک نایێت لەبەردەمیدا. ئەفسەرەکەی ساواک گەڕایەوە بۆ تاران.
.2لەهەمانکاتدا، بارزانی و هاوەڵەکانی گواستیانەوە بۆ گەڕەکێکی هەرزان بەهاو دەگەڕان بەدوای خانویەکی کرێدا لەواشنتن.
.3بەلایەنی کەمەوە سێ کەس لەهاوەڵانی بارزانی کە یەکێکان کوڕێکی خۆی بو، پێیان باش بو بگەڕێنەوە بۆ ئێران یان لەگەڵ خانەوادەکانیان بگەڕێنەوە بۆ شوێنێکی تر. بۆ نمونە: دکتۆر عومرانی کە پزیشکی تایبەتی بارزانی بو، پێیوتین کە خوازیارە بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی لەندەن بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیدا یەکبگرنەوە. کە بەنیاز بو لەماوەیەکی نزیکدا بەپاسپۆرتە

ئێرانییەکەی پروات. لەوانەیە عومرانی دواترو بۆ ماوەیەکی کەم بگەڕێتەوە واشنتن، بەڵام سەرئەنجام حەزی ئەکرد لە لەندەن نیشتەجێ بێت، لەبەرئەوەی دکتۆر دەیتوانی لەوێ بەردەوام بێت لەسەر خوێندنی پزیشکی و هەروەها پراکتیکیش.
.4سەرباری ئە و نائارامییانەی کە بەدی دەکران، دەتوانین بڵێین کە هەمو هاوەڵەکانی بارزانی بەتەواوی دڵسۆز بون بۆ سەرکردەکەیان و ئەگەر بارزانی بیویستایە لەوێ دەمانەوە.
.5جگە لەمانەوەی لەئەمەریکا، بارزانی ئامانجەکانی تری بۆ ماوەیەک رون نەبون. بارزانی بە بەڕێوەبەری نوسینگەی کاروباری عێراقی وت، کە ئامادەیە واژۆ بکات لەسەر قایل بونی کورد بە و لێبوردنە کە لەم ماوەیەدا لەلایەن عێراقەوە دەرچوە بۆ ئە و کوردانەی کە لەئێران ماونەتەوە، بەمەرجێک ئەوە بچەسپێت تیایدا کە کوردەکان بچنەوە زێدی خۆیان لەباکورو ناوچە سنورییەکان. بارزانی تاڕادەیەک بەناڕاستەوخۆ ئاماژە ی بەوەدا کە ئەگەر ئەم لێبوردنە واژۆ بکات، ئەوا کارێکی باشی ئەنجامداوە بۆ کوردە ئاوارەکانی ئێران هەروەکو چاوەڕوانکراو بو لەم کاتەدا. لەئێستا بەدواوە بارزانی هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر ڕژێمی عێراق، بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970.
.6تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە، کە دەتوانین بۆ ماوەیەک چاوەڕوان بین و چاودێری بارودۆخەکە بکەین. مانەوەی بارزانی لەئەمەریکا سەرئەنجامی کەمێک لەفشار بو، بەڵام چارەسەرێکی ڕێژەییان دەستەبەر کرد. ئێمە هەست بەوە دەکەین کە نابێت فشاری بخەینە سەر، لەبەرئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بگەڕێت بەدوای یارمەتیدا لەچەند دۆستێکی خۆی لێرە. یان هەڵایەکی ڕۆژنامەوانی دروست بکات، سەرەنجام ڕە نگە داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکات، بۆ ئەمەش خاوەنی دۆزێکی سەرەکی و بەهێزە، ناتوانین بەئاسانی ڕەتی بکەینەوە.
.7بەم شێوەیە داوامان لەوەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی بارزانی و هاوەڵەکانی بۆ سێ مانگ، هەروەها ڕێگەماندا بەهەندێک لەهاوەڵەکانی لەوانە دکتۆر عومرانی و موحسین دزەیی کە سەردانی لەندەن بکەن و بگەڕێنەوە.
.8کۆمێنت و ئامۆژگارییەکانتان بەرز دەنرخێنین لەبارەی مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی بارزانیدا. هەڵوێستی شیاوی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێرانمان لەبەرچاو گرت. بۆ باڵیۆز هێلمس: سوپاس و پێزانینی تایبەتمان هەیە بۆ رونکردنەوەکەت لەبارەی هەڵوێستی شاو حکومەتی ئێران. ڕەنگە بەرە و درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی بارزانی بێت لەئەمەریکاو ئەگەری داواکردنی مافی پەنابەرێتی سیاسی لەلایەن بارزانییەوە. کەیسنجەر/ نهێنی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-03-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: 🌏دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 655
**کێشەی وەزیری پێشمەرگە و بریکارەکەی**
http://www.kurdipedia.org/?q=20141227013223118522



...
تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 656

**کەجەکە لەسەر کشانەوەی گەریلاکانیان لە بەرەکانی باشوور لێدوانی فەرمی دەدات 08-02-2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150208161927784726

بۆ ڕایگشتی و گەلە وڵاتپارێزەکەمان
لەم ڕۆژانەی دواییەدا لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی بەپێشەنگایەتی حزبێک بەشێوەیەکی نهێنی سیاسەت و پروپاگەندەی چەپەڵ و شاراوە دژی پارتەکەمان بەڕێوەدەچێت.
)ئێمە ئامانجمان پاراستنی حکومەتی باشوورە(
گەلەمان لە باشووری کوردستان شاهیدی زیندووی تێکۆشین و ئەخلاق و ژیانی هێزی گەریلا و پارتەکەمانن، تا ئێستاش ئێمە بەرژەوەندیەکانی گەل، ئازادی و دەستکەوتەکانی مان بە بنەماگرتوە، لەبەرامبەر هێرشی چەتەکانی داعش لەدۆخێکی هەرە هەستیاردا بە ماوەیەکی کەم هێزەکانی گەریلامان گەیاندە، شەنگال، مەخموور، کەرکوک و شێخان، تەنها ئامانجی ئێمەش پاراستنی هەبوونی گەلەمان لە باشووری کوردستان، ئازادی و دەستکەوتەکانیان، خاک و حکومەتی باشوورە، لەدەرەوەی ئە و ئە و بانگەشانەی گوایە هەوڵی دروستکردنی کێشە و گرفت بۆ حکومەتی باشوور و پارچەکردنی باشوور دەکەن، دوورن لە ڕاستیەوە، ئێمە وەک تەڤگەرەکەمان هەمیشە گەلی باشوور و دەستکەوتەکانیمان پاراستوە، ئەوەشمان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی سەر شانمان زانیوە، ئەمڕۆ گەریلاکانمان بە کەمترین ئیمکان، بەڕۆحی فیدایی و قارەمانێتی لەباشوور بەرگری دەکەن و زەبری گەورە لە چەتەکانی داعش دەدەن، تا ئێستاش هێچ پێداویستیەکی سەربازی، یەک چەک و یەک گولەیان نەداوە بە و گەریلایانەمان کە بەرامبەر داعش شەڕ دەکەن، ئێمە لەشەڕی دژە داعش دا بێئەوەی چاوەڕێی هیچ شتێک بکەین، شەڕ لە پێناو گەلەکەمان دەکەین.
ئێمە وەک تەڤگەرێک کە زۆرێک شەهیدمان داوە و شەڕ دەکەین، تا ئێستاش لە باشووری کوردستان لە شەرت و مەرجێکی بێ ناسنامە و بێ ستاتۆدا تێدەکۆشین، ئەمە لەکاتێدایە کە هیچ ناسنامەیەکیان بە تەڤگەرەکەمان نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانمان کە دژی چەتەکانی داعش شەڕ دەکەن لەکاتی ئاڵوگۆری جێگاکانیان، کێشە و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروست دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گەریلا لەپێناو گەلەکەیاندا شەڕ دەکەن، هەر لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوایی نەکردنی تەڤگەرەکەمان و نەدانی ناسنامەیەک بۆ هاتووچۆی هێزەکانمان لە باشوور، چیدی مایەی قبوڵ کردن نیە.
)ئێمە هیواکانی داعش مان لە گەرویاندا تاساند(
گەریلاکانمان لە شەنگال بۆ بەرگرتن بە سەرلەنوێ کۆمەڵکوژی کردنەوەی ئێزدیەکان، بۆ بەرگرتن لە داگیرکردنی کەرکوک و پاراستنی ئاسایشی هەولێر، شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگە بەرخۆدان و بەرگریان کردوە، ئێمە هیواکانی داعشمان لە گەرویاندا تاساند، کاتێک قسەیێتە سەر پاراستنی هەبوون و ئازادی گەلەکەمان، بێ ئەوەی هیچ پارچەیەک لەبەرچاو بگیرن، بەرخۆدان بۆ ئێمە دەبێتە ئەرکێکی نەتەوەیی و سیاسی و ئەخلاقی.
)پروپاگەندەی چەپەڵ بەڕێوەدەبەن(
ئەوکاتەی گەلەکەمان لە شەنگال بۆ پاراستی خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی، ئیرادەی دیموکراتی خۆی

بەرفراوان کرد و ئەنجومەنێکی بۆ خۆی ئاواکرد، یەکسەر دوای ئەوە دەستیان کرد بە پروپاگەندەی ڕەشکردنی تەڤگەرەکەمان، بانگەشەی ئەوەیان لەناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە کە گوایە پەکەکە تیرۆریسە و هێزەکانی گەریلا داگیرکەرن، بانگەشەی درۆ و چەواشەیان دەکرد گوایە پەکەکە دژی حکومەتی باشوورە و دەیەوێت باشوور پارچەبکات، بۆئەوەش هەوڵ دەدەن هەموو حزب و ڕێکخستنەکان و حکومەتی باشوور و گەلەکەمان بدەن بە گژ تەڤگەرەکەماندا.
ئێمە ئەم دۆخە بەگرنگ دەبینین، ئە و گەریلایانەی بەرامبەر فاشیزمی چەتەکانی داعش شەڕ بۆ هەبوون و ئازادی گەلەکەمان دەکەن، شەهید دەبن و بەرگری دەکەن، لەبەرامبەردا پروپاگەندەی بەتیرۆریست و داگیرکەر نیشاندانیان، لەلایەن هیچ هێزێکی خاوەن ویژدانەوە قبوڵ ناکرێت و ڕەوشێک نیە شایانی پەسەند کردن بێت.
)کشانەوەی گەریلاکانمان خستوەتە بەر باس(
ئێمە لەبەرامبەر هەموو ئەم هەڵمەتە نەرێنی یانە، کشانەوەی ئە و گەریلایانەمان خستوەتە بەرباس کە بەرامبەر چەتەکانی داعش شەڕ دەکەن، گفتوگۆکانمان لە و بارەیەوە بەردەوامە، بەڵام بۆچوونی گەلەکەمان لە باشووری سەبارە بەکشانەوەی گەریلا و ئیرادەی ئەوان بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی بەرپرسیارێتی گەلەکەمان لەسەر شانە، بەهەمان شێوە پێش ئەوەی بڕیار لەسەر کشانەوەی گەریلاکانمان بدەین، چاوەڕێی هەڵوێستی هەموو حزب، تەڤگەر و لایەنە مەدەنیەکان دەکەین کە هەڵوێستی خۆیان لەوبارەیەوە بە ئاشکرا نیشان بدەن.
ئێمە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین هەموو گەلە وڵاتپارێزەکەمان، هەموو ڕێکخستن، دەزگا و کەسایەتیەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە و پێشکەوتنانە ئاگاداربکەینەوە.
جارێکی تر دەڵێین، شەرت و مەرج و کێشەکان چی دەبن بابن، ئێمە هەمیشە بە ئیرادەی گەلەکەمانەوە پەیوەستین و لەپاڵ گەلەکەمانداین.
هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوبەری کەجەکە
08.02.2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 657

## کەسوکاری ئەنفالکراوان هۆشداری دەدەنە وتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050109202885194




ئێمە وەک بەرەی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان وکیمیاباران بەسەرنجدان لە لێدوانە رۆژنامەنووسیەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان گەیشتوینەتە ئەو باوەڕەی کە ئەم پیاوە لەپاڵ بوختانی یاساشکێنی و تلیاکی بووندا بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان،هەمیشە دەشکۆشێت گومان لەسەر کەیسی ئەنفال دروست بکات و کەسوکاری ئەنفاکراوەکان بخاتە قەفەسی تاوانەوە، لەسەرێکی تریشەوە دەڵێت "جاش وموستەشارەکان ڕاپەڕینی بەهاری 1991 یان ئەنجام داوە!" بۆیە لێرەوە بۆ دواجار هۆشداری ئەدەینە وتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری کە چیتر یاری بە ئاگر نەکات و خۆی نەکاتە زامە سەختەکەی کەسوکاری ئەنفال و چیتر سەنگەریان لێنەگرێت،چونکە ئەگەر بەمجۆرە بەردەوام بێت،ئەوا ئێمە

لەبەرەی جاش وموستەشارەکاندا حسابی بۆ دەکەین.
هاوکات هۆشداریش ئەدەینە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک گەرمیان کە لەبەلاغە دوور و درێژەکەیدا داوای سزادان و بەدادگا گەیاندنی کەس وکاری ئەنفالکراوەکان دەکات، لەکاتێکدا دەبوو ئەم دادگایە بە شوێن بەدادگا گەیاندنی جاش وموستەشارەکانەوە بوایە و فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ لایەنی کەمتەرخەم لە دەسگیرکردنی جاش و موستەشارەکان دەربکردایە،هەر لێرەشدا دەبێت سەرۆکایەتی ئەم دادگایە و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بزانن، هەر دەسبردنێک بۆ کەس وکاری ئەنفالکراوەکان و چالاکان و ڕۆژنامەنووسانی هاوسەنگەریان بەزاندنی هەموو هێڵەسوورەکانە و دەرگای جەهەننەم لەو کەس ولایەنانە دەکاتەوە کە بیری لێدەکەنەوە.
هەر لەم بۆنەیەشدا جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە کە هەر هەوڵێکی شێواندن و بەلاڕێدا بردن وچەواشەکاری لە دۆسیەی ئەنفالدا و هەر داڵدەدانێکی تۆمەتبارانی ئەم کەیسە تەنیا شەرمەزاری و رسوایی بۆ ئەوانەی ئەنجامی ئەدەن بەشوێنەوە دەبێ و ئێمەش لەم جموجوڵە بەرفراوانە مەدەنیەی ئەمجارەماندا چیتر ئەم سوکایەتی و بێڕێزیانە بە کۆستی نەتەوەیی ئەنفال و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان قبوڵ ناکەین،هەروەک ئەم شۆرشە سپیەش تا جێبەجێکردنی هەموو ئەم داواکاریانەمان بەردەوام دەبێت:
.1لابردنی دەسبەجێی سەرۆکی دادگای تاوانەکانی کەرکوک گەرمیان.
.2گەڕاندنەوەی دادوەر "هاوژین حامد" کە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان دوورخراوەتەوە.
.3جارێکی تریش جەخت دەکەینەوە لەسەر بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە دەسگیرکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال کە 423 کەسن و 258 کەسیان لە کوردستانن.
.4ئەنجومەنی دادوەری فەرمانی دەسگیرکردن بۆ ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەربکات،کە فەرمانی دەسگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال جێبەجێ ناکەن.
بەرەی پێشمەرگە و کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان وکیمیاباران
گەرمیان 30 /4 /2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 658

## کەمپینی بەرگرتن بە سوکایەتی پەرواز حسێن; بۆ بەرگرتن بە سوکایەتی دەنگی نارەزایەتی دەربڕن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052916233683028

کەم ڕۆژ هەیە لە کور دستاندا مەلاکان و ئیسلامیەکان سوکایەتی هەرەشەی کوستن لە خەڵکی ئازادیخواز نەکەن کەم ڕۆژ هەیە مەلا لەم کۆمەڵگایە لە بڵنگ گۆی مزگەوتەکانەوە سوکایەتی نەکات یاخود لەسایت وپەیجەکانەوە دەکەونە هێرشی توند بۆ سەر ژنان و ئازادیخوازان لە تۆرەکانی کۆمەڵایەتی فەسیبووک کەوتونەتە هاککردن و سوکایەتی بە دەنگی ئازادیخوازی هەر دوێنێ بوو

فتوای رۆژنامەنوس و نوسەر (سۆزان جەمال) درا هەر دوا بەدوای ئەویش کەوتنە سوکایەتی بە (هودا خەلیل) هەر لە دوای ئەوەش بەوە نەوەستان کەوتنە سوکایەتی بێ ڕێزی بە (پەرواز حسین) ئەگەر ئەم سوکایەتیە بەری پێ نەگیرێت هیزی گەورەی بۆ بەرێ نەخرێت مەلاکان ئەوەندەی تر دەکەونە سوکایەتی هەرەشە بۆیە دەبێت چیتر لەم هەرەشەو سوکایەتی پێ کردنە بێ دەنگ نەبین بزوتنەوەی بەرینی ئازادیخوازی بهێنیە مەیدان وگوشار بخەینە سەر دەسەڵاتی کوردی تا فتوا دەران وئەوانەی سوکایەتی وهەرەشە دەکەن بدەنە دادگا و چیتر ڕێگە نەدەین مەلاکان پارە وەربگرن لەو لاشەوە رۆژانە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە بکەونە سوکایەتی پێ کردن ئیمە لێرەوە داوا دەکەی

-1هەرچی زووە مەلا مەسعودو هەموو ئەو مەلاو کەسانەی هەرەشە وسوکایەتی دەکەن بدرێنە دادگاو سزای یاسایی بدرێن

-2داوا دەکەین کەوا یاسایەک دیاری بکریت کەوا چیتر پیرۆزیی ئینسان نەخرێتە ژێرپێوەو

-3ئازادی رادەربرین و کارو چالاکیە فەردییەکان بە یاسا رێک بخریت و هیج گروپ و تاقمێک نەتوانن ئازادییە کەسییەکان پیشێل بکەن

پشتیوانی کەمپین

27/5/2013

کاتژمێر 9 بە کاتی کوردستان

ئەمەش لیستی یەکەمی ناوەکانە

-1رۆژ عەزیز / نوسەر / تورکیا

-2هاورێ شوشە / نوسەر

-3زیاد جوامیر

-4سامان عەول کریم / سویسرا

-5سۆران ئەحمد / هەولێر

-6هیوا سەید سەلیم رەواندزی

-7رۆژان رەشید / کەرکوک

-8سۆزان سەعید / سلێمانی

-9ئاسۆ جەمال موختار / هونەرمەند / سلێیمانی

-10ڕێکان زکی رەسوڵ / هەولیر

-11صلاح عوسمانی / نەرویج

-12نامۆ ئاری / هۆڵندا.

-13صلاح عوسمانی / نرویج

-14مروان دنانی. ألمانیا

-15شوان صدیق شەریف / هەوڵیر

-16نیاز عبدوڵله / ئەندازیار / هۆڵندا

-17فەرهاد احمد / پێشمەرگەی دێرین / سوید

-18واحید رەشید علی / مامۆستا / هۆڵندا

-19شاناز احمد / کەنەدا

-20حاجی موعگصم / فیللەندا

-21ژوان بەکر موصگفا / سویسرا

-22کەژاڵ علی

-23هێرۆ مەولودی / راگەیاندنکار

-24سەروەت کۆیی / لەندەن

-25کەژاڵ علی / شاعیر داکۆکیکاری ژنان

-26شنۆ محەمەد

-27لارا عمر

-28قەشەنگ رەشید / کەرکوک

-29هەستی مەجید / کەرکوک

-30هەنگاو رەشید / کەرکوک

-31حمزه فلاح / سلێمانی
-32تاهیر ئیسمائیل پوور
-33خەندان محەمەد جزا.نەرویج
-34جەمال شەریف) فینلاند
-35تنۆک تەها /.سەید سادق/ مامۆستا
-36سامی عبدلرحمن /هەولێر/قوتابی
-37شاخەوان عەلی - روسیا
-38ئەرسەلان پیرۆت
-39حسن عارف
-40لیزان عبدوڵله / سلێمانی
-41سیروان ئەمین لگیف
-42کوردستان زرار، توێژەری کۆمەڵایەتی / هەولیر
-43بەڵێن اسماعیل/ هەلسوراوی کرێکاری/ سلێمانی
-44ئاسو انور نجیب
-45راماڵ خونچە مریەم/ لێکۆڵەری زمانەوانی/ هەولێر
-46سەلاح فەتحوڵا / فینلاند
-47هەفاڵ مەجید / سلییمانی
-48مەریوان رحیم
-49روناک مولود
-50شاد رحیم
-51شاهرۆخ رحیم
-52ئاراس رەشید / کەنەدا / کادری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان
-53یاد قادر کوردی / سلێمانی
-54هیوا مجید / نەرویج
-55پەروین محەمەد
-56لوقمان موصگفا عبدولله
-57هیرو محەمەد / سوید
-58عصمت محەمەد بدل - نووسەر -دهوک
-59ئازاد حامید /لیفەرپۆڵ
-60تۆله مەهدی خۆشناو \مافناس- هەولێر
-61سەعید موصگفا /usa / خویندکار
-62رۆفان ئەنوەر / خویندکار / کفری
-63شاباز مەحمود/ چالاکی مە دە نی /سلێمانی
64شوکاک عبدالستار/حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
-65سەردار عەبدوڵلا
-66بێخاڵ وەهاب محەمەد/کارمەندی تەندروستی/ سلێمانی
-67جەمال جەمیل / فەرمانبەر شارەوانی عەربەت
-68کاروان جافر. مامۆستای ئینگلیزی
-69چیمەن قەرەداغی/ رێکخراوی ئەستێرە//، / فینلاند
-70زانا سالح/ کاسب
-71شێوەکار کامیل ئەحمەد المانیا
-72سەریاس ئەحمەد..سلێمانی...مامۆستا
-73سیما نەجم
-74بڵند سەعید
-75رێزان هە ردی، پزیشکی پسپۆر،ئەڵمانیا
-76گوڵی سور
-77گۆنا سەعید - چا لاکی بواری یەکسانی ژن و پیاو
-78ئامەد سلیمان / نوسەر / سلێمانی
-79شنە مارف

80-حسين صالح هه لسوراوى كريكارى
81-ئاراس نورى ئەحمەد تەها / وەزارەتى كۆمەڵايەتى، تەندروستى، خێزان لە ئەڵمانيا/ بەشى پۆليتيک بۆ ژن/ جێبدەر
82-محەمەد ابراهيم كريم \ کەلار/ خوێندكار
83-هەرمن احمد / بلجيكا
84-هيمن حەميد ئاڵى / سلێمانى
85-دانا حاتم / سلێمانى
86-جەلال هۆرێنى / رۆژنامەنووس
87-أديب على ئه ندازيار له ئه لمانيا
88-زمناكۆ حاجى / دەربەنديخان
89-روخۆش احمد / بەريوبەرايەتى بەرەنگاربونەوەى تونتوتيژ دژى ئافرەتان / سلێمانى
90-شاهۆ محەمەد / دەربەنديخان
91-على شيشه
92-شنه سلێمانى
93-زكى امين بابان|باريزه ر
94-جەبار حەمەد،،،شانۆكار،،،كەنەدە
95-فؤاد خليل بازركان
96-رەوا نەجم / سويد
97-هۆشمەند عبدولله / هۆڵندا
98-سيفەر احمد /سلێمانى
99-جيمەن محەمەد رەشيد / نوسەر
100-دڵشاد حەمە-نوسەر
101-دانا هەڵەبجەيى-هۆڵەندا
102-ئارى ئاريان
103-سيروان جاف
104-ئارام سايەخان / کەلار
105-ئەسرين محەمەد / ئەمريكا
106-ارشد دنانى /المانيا
107-لوقمان موصگفا/ دانيمارک
108-هەلگورد سويد
109-عباس ئسماعيل
110-مەريوان پەرويز مريوانى
111-عگا كلهور
112-باران له مهاباد
113-جوان على / سويد
114-پەيام جەمال / هۆڵندا
115-ئامانج شاكەلى، نووسەر و وەرگێر، كوردستان- هەولێر
116-هيوا موكرى / لەندەن
117-ئامانج مصگفى صالح - سلێمانى
118-زاگرۆز زەردەشتى / سلێمانى
119-هيمن خوشناو / سويد- ستوكهولم
120-خاليد ميرۆ / ستۆكۆڵم
121-ارشد دنانى /المانيا
122-ئه ڤين ميكائيل فائق
123-ئاوات هەرسين..هەولير
124-رۆژگار گالب شوكور
125-سەروەر سۆفى : رۆشنبير- كوردستان - سلێمانى
126-باخان عزيز / دانيمارک
127-موزەفەر عەبدولا.ئوستراليا -سدنى

-128جنور صالّح / نەرویج
-129نامۆ مەجید ریکخراویcsl
-130ئاکۆ سیرینی
-131دارا / یۆنان
-132رەوەند جەلال / خویندکار / کەرکوک
-133گە رەئوف / نوسەر
-134جاسم غفور، هونەرمەندی شێوەکار، بەریتانیا
-135نالی بە هات حسیب
-136دابان دانا موحەمەد
-137حەسەن مەعروف، ئوستراليا
-138خیلان حسین / بەریتانیا
-139کارزان توفیق غریب/ سلێمانی
-140جزا حمە سعید،ئە فسە ر لە بولیسی / سلێمانی
-141نەبەز حمە شکور / سلێمانی
-142لبتیسام عەباس / سوید
-143جمال کریکار / فیلەندا
-144فە رهاد حە یدە ر،، دانیمارک
-145کارزان محەمەد / لەندەن
-146فلورین کورکیس سیودین- عنکاوە هە ولیر
-147کەریم فرمێسک / فیلەندا
-148تەنیا کەریم / سینارست ودەرهێنەری سینەمایی / هەولێر
-149بەروار کامل/ هەولێر
-150یاسین قادر سەعید / سلێمانی
-151حەسەن ئەحمەد
-152عامر صابر
-153چیمەن عارف (ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) ئوستوراليا
-154جوانا علی / سوید
-155جرۆ فەرج سلێمانی
-156هۆشیار عاصی / هۆلندا
-157ئاراس بکر /هەولیر / کۆلیزی هونەرە جوانەکانی هەولیر
-158ئومید احمد موسگف
-159گوڵە گەرمیانی- کەلار
-160تارا ئەحمەدی - مهاباد کوردستانی رۆژهەلات
-161سعدیە احمد علی /سوید
-162دەشنێ کەریم / هۆڵندا
-163قادر رە سولی نوریژ
-164ئاسۆ جەپی / دانیمارک
-165شارا حەسەن /سلێمانی
-166لانە ئاراس / سلێمانی
-167شوکر سەعید/شیوەکار
-168پەیمان خەمبار / ئوستوراليا
-169هەلمەت مەحمود \ سلێمانی
-170ڕامان وەتمان/ رۆژهەڵاتی کوردستان
-171تەرزە عەباسی چالاکوانی سیاسی.ڕۆژهەڵاتی کوردستان
-172حسن عەبدوڵڵا عمر _ مامۆستا
-173جەبار حەمەد..شانۆکار،،کەنەدە
-174کویستان عومەر / فەرمانبەری زانکۆ/ سلێمانی
-175شوان ئیسماعیل
-176باران....ێموزشگای ێرایشگری....مهاباد

-177مەسعود عومەر _ سوید
-178شفان شوانی، قوتابی لە وولاتی بەریتانیا
-179رزگار شەریف / سوید
-180کەمال سوڵتان / هەولێر
-181بنار امین / سوید
-182نەبەرد خالید احمد / سوید
-183سەردار حمەرەشید / فیلندا
-184بەهزاد احمین / سلێمانی
-185ئاراس بکر / هەولیر
-186ئاری محەمەد / سلێمانی
-187جلیل / ستۆکهۆلم
-188سیرۆ قادر
-189شۆخە غە فوور/سلێمانی/قوتابی
-190ئەیوب کەمال / مامۆستا، دەرجووی کۆلێژی هونەر/شەقڵاوە
-191ئەلەند هیوا
-192ئاریا ئوستادئیبراهیمی /مهاباد-جاکارتا
-193سیران امین / پەرستیار / فیلەندا
-194گالیب خەیات / سلێمانی
-195بانو شەمیران سلێمانی
-196هەوراز گەردی قوتابی ماستەر لە ولاتی قبرص
-197شوان گیب / کارمەندی هونەری زاگرۆزtv
198نیکار عوسمان/سلێمانی
-199ئاودێر عبدولله
-200تەنکۆ ساڵح / سلێمانی
-201کاروان جاف / هەولیر
-202هونەر غازی / پاریزە ر - تورکیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 659

**کەمپینی داوای قەرەبوو بۆ جینۆسایکراوانی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140607144132100636

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 660

## یاداشتنامەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەبارەی قسەکانی بەناو مەلا مەزهەر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032712480582620

بەڕێز/ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی
بەڕێز/یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان
بەڕێز/ سەرجەم مامۆستایانی ئاینی کوردستان
هاوڵاتیان وجەماوەری بەشەرەفی خەڵکی کوردستان

لەژمارە 370ی هەفتەنامەی (ئاوێنە) دا، کە ڕێککەوتی 26ی ئاداری 2013 دا بڵاوبۆتەوە، بەناو "مەلا مەزهەر"ێک، کە وەک ڕۆژنامەکە دەیناسێنێت، پێشنوێژووتارخوێنە لەیەکێک لەمزگەوتەکانی شاری هەولێردا، بێڕێزی زۆر بەرامبەر بە چالاکوانانی بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان وئافرەتان دەکات لەکوردستاندا .

پێمان وایە، ئەو بەناو "مەلا مەزهەر"ە، بەر لەهەموو شتێک بێڕێزی بەرامبەر بە خودی مامۆستایانی ئاینی کوردستان دەکات، کە مامۆستایانی ئاینی بەڕێز، بەڕێزەوە لە مێژووی گەلەکەیان و چالاکوانان وکۆمەڵگای مەدەنیان ڕوانیوە، تەنانەت بەشێکی زیندووی مامۆستایانی ئاینی بەڕێز بەردەوام لەکاری مەدنیدا بوونیان هەیە، بگرە جگە لەئەرکی ئاینیان بەشێکی باشیان لەکاری مەدەنیدا چالاکوانن، تەنانەت ئەوەی ئێمە دەزانین یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستانیش بەشێکی زیندووی کۆمەڵی مەدەنین لە هەرێمی کوردستاندا .

ئەو بێڕێزییەی بەناو "مەلا مەزهەر" لەدرێژەی بێڕێزییەکانی دیکەی دێت کە بەرلە چەند ڕۆژێک بەرامبەر بە چەژنی نەتەوەیی گەلەکەمان کردبووی. بۆیە پێمان وایە ئەم بە ناو مەلایە کە شایەنی ئەوە نیە ئەو ناوەی لێبنرێت، دەبێت هەموو لایەک هەڵوێست وەربگرن لەبەرامبەری و ئەم داواکاریانە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەخەینەروو :

1-داوا لە بەڕێز وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی دەکەین، دەستبەجێ ڕێگە بەو بەناو مەلایە نەدات بچێتە سەر مینبەر وتارخوێنین وپێشنویژی کردن، چونکە لە ڕاستیدا شایستەی ئەو شوێنە پیرۆزە نیە.

2-داوا لە بەڕێز یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستانی دەکەین، کە هەڵوێست لەهەمبەر ئەو بەناو مەلایە وەربگرێت و ئەگەر ئەندامی ڕێکخراوە بەڕێزەکەیانە لەریزەکانی دەریبکات، چونکە شایستەی ئەو ڕێزە نیە کە لەبواری کۆمەڵی مەدەنیدا بوونی هەبێت وبەر لەهەموو کەسێکیش بێڕێزی بەرامبەر بە ڕێکخراوەکەی ئەوان کردووە .

3-داوا لەمامۆستایانی ئاینی ومەلا بەڕێزەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکەین، لەوتاری ڕۆژی هەینی داهاتوودا ئەو قسانەی بەناو مەلا مەزهەر ڕەتبکەنەوەبەتایبەتی ئەوانەی کە لەبارەی نەورۆزو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە کردویەتی .

ئێمە لەوکاتەی کە ئەم داواکارییانە دەخەینەروو، دەست بەهەنگاوو ڕێوشوێنی یاسایی دەکەین لەبەرامبەر ئەو بەناو مەلایە، کە بەهیچ شێوەیەک شایستەی ئەو ناوە نیە وپێویستە ئەو نازناوەی لێوەربگیرێتەوە تا ناشرینتری نەکردووە .

ئێمە ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی دەگرینە بەر، نەک لەوەی ئەو پێی وابێت و ڕاستییەکانی لەموسڵمانانی بەڕێز چەواشە بکات کە لەبەر حەزرەتی عومەر دەیگەیەنینە دادگا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بێریزی کردووە بەرامبەر بە حەزرەتی عومەر وئاینی ئیسلام ومیللەتی کورد و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی .

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:

1-ڕێکخراوی مەسەلله بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان
2-ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت
3-ڕێکخراوی هاریکار
4-ڕێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان
5-ڕێکخراوی ستارت
6-ڕێکخراوی ئاینده بۆ پرسەکانی گەنج
7-ئەنیستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ
8-بەرەی بەشداری خەڵک
9-kurdistan without genocide
10-سەنتەری کات بۆ هوشیاری و راهێنانی لاوان

-11ڕێکخراوی باباگورگور بۆ سامانە سروشتییەکان
-12ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکان
-13ڕێکخراوی لەگەڵ ئێوە کاردەکەین
-14ڕێکخراوی پەیمانگای ناتوندوتیژی کوردستان
-15گروپی گەنجانی خۆبەخش بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ
-16کۆمەڵەی هیوا
SDO-17
-18گروپی ناتوندوتیژی
-19گروپی چاودێرانی مافەکانی مرۆڤ
-20کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 661

## یاداشتنامەی نارەزایی دەستەیەک لەرۆژنامەنووسو چالاکانی مەدەنی لەهەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140124122252928222

لەدوای شەهید کردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی و ئەو هەوڵانەی بۆدۆزینەوە و دادگایی کردنی تۆمەتباران دەستی پێکرد دڵخۆش بووین، بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردووین ئەگەری بەلارێدابردنی دۆسیەکە و ونکردنی تۆمەتبارانی سەرەکیە لەو تاوانەدا، بەجۆرێک دادگا بەخێرایی پریار دەدات و ئاسۆکانی دۆزینەوەی تاوانباری سەرەکی لێڵتر دەبن.... ئێمە پرواامان وایە کە یاسا سەروەر بێت و هەمیشە داواکار بوین کە دەسەڵاتی دادگەری لەم وڵاتەدا بَیلایەنانە حوکم بکات وەک یەکی لە جێبەجێکردنی برگەو مادەیاساییەکان، بەڵام ئەوەی لێرە مایەی گومانی ئێمەو نیگەرانی شەقامی کوردیە ئەوەیە لەدۆسیەیەکی ترسناکی وەک تیرۆر کردمی شەهید کاوە گەرمیانیدا کە بە ماددەی (406) ی یاسای سزادان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت کوێرا دادگای لێکۆڵینەوە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وەدەست خست ئایا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەم شێوەیە هاوکاری دەسەڵاتی دادگەری دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی هەموودۆسیەکان، لەگەڵ بوونی ئەو تێبینیانەی کە چەندین کەسی شارەزای یاسایی لە سەرتەکیف کردنی ئەم مادەیە هەیانبوو کە پێیان وابوو لە بری مادەەی (406) یاسای سزادان دەبێت بە پێی مادەەی (2) تیرۆر تۆمەتباران لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرایە. لەبەر ئەوەی ئەم مادەیە لەگەڵ دۆخی تاوانەکەدا دەگونجێت، چونکە ئەم تاوانە بەرگیکی تەواو سیاسی هەیە، تا ئێستاهیچ دۆسیەیەک لە کوردستاندا هێندەی ئەم دۆسیەیە بە خێرایی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە. کاری دادگا ئەوە نیە وەک نمایش کردن خەڵک بانگهێشت بکات، بەڵکو دادگا گۆرەپانی دادگەری و شوێنی گەڕاندنەوەی مافە بۆ خاوەن ماف، هەر دادگاکانن تیماری برینە قوڵەکانی ئەم ئازارە دەکەن، لە سۆنگەی ئەم دۆسیەوە تێروانینەکانمان بۆ سەربەخۆیی و بێلایەنی دادگاکان کاڵتردەبێتەوە ترسێکی بێشومار داماندەگرێت، ناچارمان دەکات متمانە لە دادگاکان وەربگرینەوەو دەنگامان بڵندتر دەکەینەوەو میکانیزمی دیکە بگرینە بەر..

ئێمە ئەم پەیامە ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندی دار دەکەینەوە، چونکە بریارەکانی دادگا هێندەی تیرۆر کردنەکە ئازار بەخشن، داگاکان پێمان دەڵێن تەنها شوێنی تاوانبار کردنی هەژارانن، ئاماری مەترسیدار هەن لەسەر ئەوەی سەدەها تۆمەتبار لە بنکەکانی گرتن و گواستنەوەی تۆمەتبارو دام و دەزگا ئەمنیەکانی تر ماوەی چەندین ساڵە تەنانەت لێکۆڵینەوەشیان لەگەل نەکراوە وە چارەنوسی دۆسیەکانیان نادیارە، ئەمەش وێرای ئەوەی کە پێچەوانەی سەرجەم بنەماکانی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی عیراق و هەرێمی کوردستانە، دیسان پێچەوانەی

هەموو ئەو ڕێکارە یاساییانەیە کە لە م دۆسیەیەدا ئەنجام دراون..
لێرەدا گرنگترین کارکتەر کە دەبێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ بەر گرتن بەم کارە دەزگای داواکاری گشتی یەوێرای ئەوەی کە بەرپرسیاریەتێکی یاساییە و ڕووبەڕووی ئەرکێکی مێژوویی گرنگ دەبنەوە دەتوانن متمانە بۆ دەسەڵاتی دادگەری هەرێم بگێرنەوە و ڕێگربن لەو هەموو بێڕێزیەی کە بە تاکی کورد دەکرێت، چونکە بێدەنگبوونی داواکاری گشتی و رۆڵ نەبینینی دادگاکان بوو وای کرد تاوانی شەهیدکردنی سۆران و سەردەشت و عەبدوستار تاهیر بەبێدەنگی تێپەڕێت بۆیە ئێستا لەدۆسیەی شەهید کاوەدا بێدەنگ نین تا چیتر کۆتایی بەم تیرۆرە بهێنرێت و هیچ کەسێک نەتوانێ ڕێگە بەخۆی بدات لەژێر هەر ناو و پاساوێکدا خوێنی رۆژنامەنووسان پڕێژێت ..

دەستەیەک لەرۆژنامەنووسو چالاکانی مەدەنی لەهەڵەبجە
24/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 662

## یاداشتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە توندوتیژییەکان لەسەر پێکهاتەکانی (مەسیحی و یەزیدی و شەبەک) لە شاری موسڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072111483377055

بۆ/ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
بۆ/ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ
بۆ/ حکومەتی فیدراڵی عیراق
بۆ/ حکومەتی هەرێمی کوردستان
رای گشتی...

ماوەی چەند رۆژێکە و بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری موسل و هاتنی چەکدارە توندڕەوەکان بۆ ئەم شارەو دەوروبەری، هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی بەگشتی و پێکهاتە ئاینیەکانی تری وەک (مەسیحی و یەزیدی و شەبەک) ی دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانە رووبەروی کوشتن و دەرکردن و سەرانە وەرگرتن بونەتەوە لەلایەن گروپە چەکدارەکان، ئەوەش تەنها بە هۆی جیاوازی ئاینی و تایفی ئەو خەڵکەیە لەگەڵ ئەو گروپانە، کەلە کاتێکدا ئەو جۆرە کارانە دژی هەموو ئاینێک و ئازادی بیرکرنەوە و بەها مرۆییەکان و برگەکانی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە، کە هەموو مرۆڤەکان ئازادن لە مافی ژیان و هەڵبژاردنی ئایین و بیرکردنەوە. بۆیە ئەوەی ئێستا لەو ناوچانە رووەدەدات دەچێتە چوارچێوەی کارەساتێکی مرۆیی و پێشلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ و داگیرکردنی موڵک و وێرانکاری بۆ سەر ماڵ و گیان و خاکی ئەو خەڵکە رەسەنی نیشتەجێی شاری موسڵ و دەوروبەری، کە ئەو چەکدارانە دەیانەوێ لە ژێر فشارو بەرنامەیەکی داڕێژراو کۆتایی بەو ئایین و میللەتانە بهێنن کە جیاوازن لە بیرکردنەوەی ئەوان، ناسنامە و کەلتوری رەسەنی دانیشتوانی ئەوناوچانە کۆتایی پێبینن. بۆیە ئێمە لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان وێرایی ئیدانەکردنی ئەو هەڵمەتی قڕکردن و لە ناوبردن و کارە دژە مرۆڤایەتیەی بەرامبەر بە ئاینزاو و نەتەوە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە دەکرێت، داواکارین لە حکومەتی عیراق و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەموو هەوڵ و رێگایەک بگرنەبەر بۆ رێگرتن لەو کارەساتە مرۆییە و بەهانای ئەو خەڵکە چەوساوەو

لێقەوماوە بێن کە لە سەر خاک و ماڵ و جێگەی خۆیان دەربەدەر دەکرێن و لە ناودەبرێن و ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبن، چونکە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرە بۆ هەرێمی کوردستان بەدەرە لە توانای حکومەتی هەرێم بەتەنها کە لە ئێستا دا لە بارودۆخێکی نە خوازراوو سەخت ژیان بەسەر دەبەن و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو هاوکاریی و ئاسانکاریەک بکات بۆ دابین کردنی شوێن و پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان
20/7/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: موسڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 663

## یادداشتێکی بەپەلەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان سەبارەت بە رەوشی دژواری ئاوارەکانی شنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=20140805134212225894

یادداشتێکی بەپەلەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان سەبارەت بە رەوشی دژواری ئاوارەکانی شنگال
بەڕێز/
- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی
- لێژنەی بارودۆخی ژنان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانCSW
- دەستەی ژنان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانUN-Women
- ئاژانسەکانیUNAMI- UNDP- UNICEF- UNHCR- UNESCO- IOM – WFP
- گشت کونسوڵگەری و نوێنەرایەتییە نێودەوڵەتییەکان
- لێژنەی سیداو
- رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ(HRW)
- رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشیوناڵ
- ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبی
- رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی
- ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەبی
- یەکێتی نێودەوڵەتی رێکخراوەکانی خاچی سوور و مانگی سوور
- کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی
- رای گشتی جیهانی....

ماوەی چەند مانگێکە بەهۆی شەڕی تایفەگەری و مەزهەبییەوە، سەدان هەزار خێزانی عێراقی رووبەرووی سەختترین بارودۆخی ژیان دەبنەوە لەلایەن گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە، رۆژانە هاووڵاتیانی سیڤیل دەکەونە ژێر مەترسی کوشتن و سوکایەتی پێکردن و دەستدرێژی سەخت. دواترین ئەو زنجیرە تاوانانەش رووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی بوو، کە بەرامبەر خەڵکی سیڤیلی یەزیدی لە ناوچەی شنگال ئەنجامدرا، ئەم بارودۆخەش بووە هۆی ئەوەی بەسەدان خێزان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن و زۆربەیان روو لە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و ماڵ و حاڵیان بکەوێتە دەست گرووپە چەکدارەکانی داعش، سەرەڕای وێرانکردنی کەلەپووری

مێژوویی ڕەسەنی ئەو پێکهاتەیەی، کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن و شێواندنی پەرستگە و پیرۆزییەکان، ژمارەیەکی زۆر بەدڕندانەترین شێوە بکوژرێن و ئافرەتانیش لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە وەک کۆیلە برفێندرێن و لە بازاڕەکان بفرۆشرێن یان بە بەرچاوی خەڵکەوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان لەگەڵ چەندین تاوانکاریی تر کە دوورن لە بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە.
ئەوەی ئێستا بەرامبەر بە پێکهاتەی یەزیدی دەکرێت کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن، جینۆسایدێکی ڕاستەقینەیە بۆ نەهێشتنی ئەو پێکهاتەیەو گشت کلتوور و پیرۆزییەکانیان.
بەهۆی ئەم بارودۆخە دژوارەوە بەدەیان منداڵ و بەساڵاچوو بەهۆی ئاوارەبوونیان بۆ سەر چیای شنگال، بەهۆی برسیەتی و تینوویەتی گیانیان لەدەستداو بە سەدانی تریش بەهۆی ئەم ڕەوشە دژوارەوە ڕووبەڕووی مردن و نەخۆشی و مەترسی دەبنەوە، ڕۆژانە ژمارەی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندان و ژنان و منداڵان لە بارودۆخێکی ئەوتۆدادەژین کە کاریگەری مەترسیداری لەسەر دواڕۆژی نەوەیەکی تەواو کردووە.
هەروەها ئاسەواری کۆمەڵایەتی سەخت لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بەجێدەهێڵێت.
داواتان لێدەکەین وەک ئەرکێکی مرۆیی بەپەلە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکرێت:
-1کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری گەلی کوردستان بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.
-2فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق کە بە پەلە بگەیەندرێتە سەر چیای شنگال بۆ ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە لە مردن لە بەر بێ ئاوی و بێ خۆراکی.
-3داوا لە وڵاتانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە هاوکاری مرۆیی بەپەلە و زیاتر بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکەن کە لە ڕەوشێکی زۆر دژواردا، لە ناوچەکانی تری کوردستان، ژیان بەسەردەبەن.
-4ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هاوکاربن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەو ناوچانە.
دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانەش ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، هەماهەنگیان لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، هەروەها لەسەر ئاستی ڕێکخراوە کوردستانییەکان کاری فریاگوزاری بەپەلە بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەرک و پێداویستییەکان زۆر لەسەروو ئەم توانایەوەیە.. سەرەڕای هەلومەرجی سەختی دارایی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی پڕینی بودجەوە لەلایەن حکومەتی عێراقی، خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێم بەگشت دامەزراوە فەرمییەکانەوە هاوکاری ئەو خێزانە ئاوارانە دەکەن، بەڵام گرفتەکە زۆر لەوە گەورەترە و لە توانای حکومەت و خەڵکی مرۆڤدۆستی کوردستان و هیچ حکومەتێکی تری دنیا دانیە کە بەتەنها ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە ببێتەوە، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ئەرکێکی نێودەوڵەتییەو پێویستی بە هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتی هەیە .

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان
5/8/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 664

## یادی 25 ساڵەی تاوانی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر (قەلا سێوکە- دەشتی کۆیە) - ئەنفالی چوار

http://www.kurdipedia.org/?q=20130505104900082770

25ساڵ لەمەو بەر لە ئێوارەی ڕۆژی 1988/5/3 دا سوپای داگیرکەری بەعس لە20 بیست قۆڵەوە

به هاوکار خۆفرۆشانی کورد له جاش و موستەشاری فەوجە سوکەکان هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر ناوجەکانی قەلا سیوکە (گۆپتەپە-عەسکەر- خاڵخالان..هتد) و دەشتی کۆیە........
ئەم شالاوە بەر بلاوە لەژێر ناوی ئەنفالی چوار دا بووبۆ سەرناوچەکە،، سەرەتای هێرشەکە بە بۆمبارانکردنی گوندەکانی یادی 25 ساڵەی تاوانی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر(قەلا سێوکە-دەشتی کۆیە)-ئەنفالی چوار
گۆپتەپەوعەسکەر بو بەچەکی کیمیاوای،کە ناوجەیەکی ئاوەدان و پر دانیشتوان بون لەنزیک زێ دوکان،وەهێزەکانی پێشمەرگەی سنوری قەرداخ و گەرمیان هەمویان پاشەکشەیان کردبو بۆ ئەو ناوچەیە،،بۆیە رژێم لە وکاتەدا هێرشی دەست پێ کرد تاکو هێزی پێشمەرگە نەتوانێ خۆی رێکخاتەوە،، ئاوی بەنداوی دوکانی هەموو بەردابویەوە تاکو ئاستەنگی بخاتە پەرینەوە و هاتوچۆی پێشمەرگە، گوندەکانی ئە و سنورە هەردەم جێگەی حەسانەوەی پێشمەرگەو پشتیوانی شۆرش بون،،پاشە بۆمبارانی چەکی کیمیاوی لەگوندی گۆپتەپەو عەسکەر کە بوە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە 500 هاولاتی ئەو دەڤەرە کە هەمویان خەڵکی سڤیل بون،وەسەدان کەسیش بریندار بوو ئەم هێرشە بەچەکی کیمیاوی تەنیا ناو گوندە کانی نەگرتەوە بەڵکو لەچەند شوێنێکی تر کە بەرەی جەنگ وروبەڕو بونەوە بوو لەگەڵ پێشمەرگە بەکار هات،،و بوە هۆی شەهیدبونی دەیان پێشمەرگەی قارەمان،،شەڕی دەستەو یەخە زیاتر لە شەش رۆژ بەردەوام بو کە لەرۆژی 1988/3/5 دەستی پێ کردتاکو 1988/5/8 کۆتایی هات لەئەنجامدا زیاتر لە 28550 هاولاتی ئەم ناوجەیە لەژن و منالّ و پیرو لاو دەستگیرکران پاشان رەوانەی سەربازگەی تۆپزاوی کەرکوک کران،،ئینجا بەرەو دۆزەخی بیابانەکان و زیندە بەجاڵکردنیان، یان رەوانەی یەکەی کوشتنی مرۆڤەکانیان دەکرد،،کە یەکەیەک بو بۆ تاقی کردنەوەی جەکی بایۆلۆجی و چەکی کیمیاوی رژێم دای مەزراندبوو شایانی وتنە لەم شالاوەدا چەندین خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگە دەستگیرکران و بە کۆپتەر لەئاسمانەوە بەردرانەخوارەوە و گیانیان سپارد..
)گوندی جەلەمۆرد دەکەوێتە ئەم سنورەوە کە زیاتر لە (485) کەسیان ئەنفال و بێ سەروشوێن کراوە وە نزیکەی سەد کەسیان لە نوگرەسەلمان شەهید کراوان(
لەم شاڵاوە بەرفراوانەدا کە سنوری یەکە ئیداریەکاني (کەرکوک، شووان، ئاغجەلەر، پردێ، تەقتەق، چەمچەماڵ، تەکیە، خەلەکان، دوکان، دێگەڵەڕێدار، سورداش و کۆیە) ی گرتەوە وزیاتر لە (150) گوند وێران کرا و خەڵکەکەی دەسبەسەر و ئەنفال کران مال و موڵکیان(ئاژەڵیان) بەتالان برا رەزو باخیان سوتێنرا
سەرەڕای بەشداری کاریگەری سوپای بێ شوماری سەدام و بەکارهێنانی هەموجۆرە جەکێک و هێزی ئاسمانی و تۆپی دورهاوێژ یەکەی ئەندازیاری بۆ روخاندنی گوندەکان،،سەرانی رژێم خۆیان لەنزیکەوە بەشدارو سەرپەرشتی کەری ئەم شالاوە بون بەم شێوەیە:
لیوا روکن سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی یەک و سەرکردایەتی شالاوەکەی دەکرد
فەریق روکن عەدنان خێروللە وەزیری بەرگری، سەرپەرشتی کەری شالاوەکە بو
عەلی کیمیاوی بەرپرسی بیرۆی سیاسی حزبی بەعس لەباکور
نزار خەزرەجی بەرپرسی مەیدانی شالاوەکە بوو کە لەناو گوندی عەسکەردا لەسەربانی ماڵی پێشمەرگەیەک وێنەی گرتوە لەرۆژی 5/3 دوای گرتنی گوندەکە
هەریەک لە حسێن رەشید تکریتی و سابیر الدوری،فەرحان موتلەگ جبوری لەو شالاوەدا بەشداری راستەوخۆی مەیدانیان هەبوە
خۆفرۆشان و خائینای کوردیش بەشداری کارایان لەم شالاوەدا کردوە کە ناوی ئەمانە لە بەڵگەنامەو رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارەدا تۆمار کراوە کە خۆیان چیرۆکی سەرکەوتنەکانیان گێراوەتەو و یان نیشانەی ئازایەتیان وەرگرتوە لە پاداشتی ئەم خیانەتەیان کە دژی گەل و نەتەوەکەی خۆیان ئەنجامیان ئەدا

.1قەدری ئەحمەد محەمەد زێباری فەوجی ژمارە (1(
.2ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری فەوجی ژمارە (20(
.3عاسف ئەحمەد ئاغای زێباری فەوجی ژمارە (23(
.4تارق فایق ولد کاکەیی زەنقەری فەوجی ژمارە(37(
.5مامەند حەمەد مەولود گەردی فەوجی ژمارە (51(
.6کامیل هادی شی خنوری بەرزنجی(سۆڵەیی) فەوجی ژمارە (55(
.7فواد کریم محەمەد کابایز هەمە وەندی فەوجی ژمارە (72(
.8رەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی فەوجی ژمارە (78(

.9جەلال رەزا ئەسعەد چەرمەگایی فەوجی ژمارە (79(
.10محمەد عمەر ئەمین جەمیل باساکی فەوجی ژمارە (81(
.11فارس تاهیر مستەفا ئاغا کۆیی فەوجی ژمارە (85(
.12عوسمان عمر مام یەحیا کۆیی فەوجی ژمارە (86(
.13سەلیم مەمەند رەسوڵ ئاغای میراودەلی فەوجی ژمارە (98(
.14تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری فەوجی ژمارە (99(
.15محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک فەوجی ژمارە (107(
.16ئاکۆ عەباس بایز مامەند ئاغای سەرکەپکان فەوجی ژمارە (132(
.17عومەر ئەحمەد عەلی جاف(عومەرە بچکۆل) فەوجی ژمارە (171(
.18تەحسین شاوەیس سەعید رۆژبەیانی فەوجی ژمارە (172(
.19حسێن محد عسمان پشدەری فەوجی ژمارە (175(
.20لەتیف محەمەدئەمین قادر جاف زرگوێزی فەوجی ژمارە (195(
.21محمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی فەوجی ژمارە (204(
.22میرزا ئیسماعیل شریف رەزا(میرزا کۆیی) فەوجی ژمارە (207(
.23رەزاتەها محیەدین بەرزنجی (سەی مانگا) فەوجی ژمارە (211(
.24عدنان عەبدوڵلا نجم جاف(عدنان دیسکۆ) فەوجی ژمارە (212(
.25قاسم کریم ئەحمەد مەحمود شینکی فەوجی ژمارە (237(
.26سابیرئەحمەد ئەمین فەوجی ژمارە (248(
.27محەمەد عبدالکریم قادر بەرزنجی فەوجی ژمارە (257(
.28ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵح فەوجی ژمارە (356(
.29سابیر رەقیب سورچی فەوجی ژمارە (2(
.30محەمەد قادر عەزیز ئاگای سورچی فەوجی ژمارە (19(
.31شیخ معتسم عبدالکریم بەرزنجی فەوجی ژمارە (64(
.32سەعید مەحمود باریکەیی فەوجی ژمارە (73(
.33برهان محەمەد مستەفا شوانی فەوجی ژمارە (92(
.34عمر حمە عەلی رۆستەم چەرمەگایی فەوجی ژمارە (104(
.35عزیز حمەد مەولود (مەلا عوزێر) فەوجی ژمارە (130(
.36شێخ جلال شیخ نەجمەدین شیخ کەریم ساڵەیی فەوجی ژمارە(135(
.37شیخ مەحمود سەی گوڵ کارێزەیی فەوجی ژمارە(137(
.38هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری فەوجی ژمارە (140(
.39زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی فەوجی ژمارە (150(
.40سلاحە دین خدر رەسوڵ نەقشبەندی فەوجی ژمارە (241(
.41عدنان عەبدوڵلا جەباری(سەید عەدنان جەباری) فەوجی ژمارە (321(
.42مەدحەت توفیق مەنسور داودی فەجی ژمارە(47(
.43روناک ئیبراهیم مەدحەت داودی (شیخ روناک) فەوجی ژمارە(138(
.44تحسین محەمەد رەشید زەنگەنە فەوجی ژمارە (179(
.45حەسیب محەمەد نەجم ژمارەی نەزانراوە
.46محەمەد حمە رەحیم ژمارەی نەزانراوە
هەروەها ئەم سەرەک مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات ی جاشەکان بەشداریان کردوە
.1یوسف فەتحولله گۆرانی(قەرهەنجیری) مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77(
.2جیهاد موساقەرهەنجیری
.3خەیرولڵا کەریم مەولود(خەیرواللە دوزی(
.4عەبدوڵلا کاکە مین ساڵح(عەبە کەرکوکی(
.5حاجی عەلی نەبیاوە
.6محەمەد حسێن نوری
.7محەمەد کاوانی
یادکردنەووی ئەنفالی چوار لەکاتێکدایە کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە هێشتا ئازادن،و دوای پرۆسەی ئازادی عراق دامەزراندی دادگای بالای تاوانەکان بۆ ئەوەی دادگایی ئەو کەسانە بکرێ کە لەحکومەتەکی سەدام دا تاوانیان ئەنجام داوە دژی گەلی عراق...بەلام مەخابن تاکو ئێستا

تاوانبارانی ئەنفال بەئازادی دەژین لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەنراوە بۆ دادگایی کردنیان،
بۆیە لێردا پیوست دەکات جارێکی تر جەخت بکەینەوە لە بەرز راگرتنی یادی ئەنفالەکان و هەموڵەکان بەیەکگرتویی چرتر بکەینەوە بۆ بەجیهانی ناساندنی ئەم تاوانە لە سەرانسەری جیهان و لەسەرئاستی ناوخۆی کوردستان و عراق پێوستە تۆمەتبارانی ئەنفال دادگایی بکرێن،ژیانی ئاسودە بۆ کەسوکاری قوربانیان مسۆگەر بکرێ، گۆرە بەکۆمەڵەکان و هەڵبدرێنەوە و روفاتی ئازیزان بهێنرێتەوە زێدی باوباپیرانمان،،وە داوا لەحکومەتو پەرلەمانی کوردستان دەکەین چێتر خەمسارد نەبن بەرامبەر بەم کەیسەو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال
دادگایی نەکردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران بەسزا نەگەیاندنیان لە کوردستان و عراق،هاندەرێکە بۆ ئەوەی کە ئەم مەرگەساتە جارێکی تر دوبارە بێتەوە،
هەروەک ئیستا بەجاوی خۆمان دەبیینین کە رژێمەکەی ئەسەد چەکی کیمیاوای بەکار هێناوە دژی خەڵکی سڤیلی کورد لەرۆژئاوای کوردستان
ڕاگەیاندن- 2013/5/3
ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید- چاک

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 665

## یاساکانی جەنگ پەیرەو بکەن و هەر کەسێکیش پابەندی بڕیارەکە نەبێت بە توندترین شێوە سزا دەدرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020211300677815

ئاگادارییەک لە کۆسرەت رەسوڵ عەلی
جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە
پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانی کوردستان،پارێزەرانی خاک و نەتەوە، وێرای دوبارە دەستخۆشیمان لەو بەرگریی و هەڵمەتە قارەمانانەتان بۆ پاراستنی بست بە بستی خاکی کوردستان لە شەمشەمە کوێرەکانی تاریکی و پارێزەرانی نەریتی وەحیشگەری تیرۆریستانی داعش، بەڵام لە دوایین هێرشی ئەوان و تێکشکاندنی لەلایەن ئێوەوە، لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا دیاردەیەکی نوێی قێزەونی دور لە کەلتورو نەریت و ئاکاری کوردانەو کوردەواری بڵاوبۆتەوە، کە سەربڕینی داعشێکە، بە راستی ئەو کارە دژو پێچەوانەی ئاکاری شۆرشگێرانەی پێشمەرگەی کوردستانە، بە درێژایی دەیانساڵی بەرگری و مقاوەمەتی ئەم گەلە ستەمدیدەیە لەپێناو مانەوەیدا، ئەوە یەکەمجارە لە یاساو رێساو نەریتەکانی ئەم گەلە جوامێرەدا ئەو کارە رووبدات، بە درێژایی مێژوی شورش و بەرەنگارییەکانمان ئێمە یاساکانی جەنگمان پاراستوەو بە گوێرەی بنەماکانی کەلتورو ئاینەکانمان هەڵسوکەوتمان لەگەڵ کوژراوەکانی دوژمنانمان کردوەو بە گوێرەی یاسا پەیرەوکراوە نێودەوڵەتیەکانیش رێزمان لە دیلەکان گرتوە، هەرچەندە ئەوان دڕندەو بێبەزەیش بوون.

پێشمەرگە قارەمانەکان: داعشی دوژمنی ئەمجارەمان، دەیانەوێت ئێمە لەگەڵ خۆیاندا یەکسان بکەن لە توندوتیژی، بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەو نیەت و مەرامەیان بن، ئێوە دیفاع لە خاک و نەتەوەیەک دەکەن، ئێوە بە ناوی مرۆڤایەتیەوە دژی دوژمنانی مرۆڤایەتی دەجەنگن، مرۆڤایەتیش ئەو کارانە رەتدەکاتەوە.
بۆیە ئاگادارتان دەکەمەوە لە دوبارە نەبونەوەی ئەو کارانەو ئەوەشی لە بەرپرس و پلەدارو پێشمەرگەش ئەو کارانە ئەنجامبدەن، یان رێگە بدەن بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بە توندترین شێوە

سزا دەدرێت.
بژین بۆ پاراستنی کوردو کوردستان...

کۆسرەت رەسوڵ عەلی
جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان
2-2-2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 666

## یاسای ئەنجومەنی شووورای هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818111544858886

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-٥زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 667

## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999

http://www.kurdipedia.org/?q=20130608231723783325

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عیراق

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (11)ی رۆژی (2007/4/18) ی خۆیدا، بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

یاسای ژمارە(6)ی ساڵی 2007
یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999لە هەرێمی کوردستان عێراق

ماددەی یەکەم:
ماددەی شەشەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
ماددەی شەشەم:

کۆکردنەوە لە نێوان ئەندامێتی سەندیکاو فەرمانبەرییە گشتییەکاندا ناکرێت.
ماددەی دووەم:
ماددەی پازدەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
ماددەی پازدەم:
یەکەم: رەسمی تۆمارکردنی ناو لیستەکە وەک ئەمەی خوارەوە دەبێت.
(75000) -1حەفتاو پێنج هەزار دینار بۆ ئەو کەسەی لە (40)ساڵ تێپەڕ بێت وزیاتر لە (3)ساڵ بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رابوردبێ.
(50000) -2پەنجا هەزار دینار بۆ ئەو کەسەی کەپێشتر کاری دادوەری کردبێ یان بۆ ماوەیەکی بەردەوام کەلە (3)ساڵ کەمتر نەبێت سەرۆکی داواکاری گشتی یان داواکاری گشتی یان راوێژکاری یاسایی لە فەرمانگەکانی هەرێم بووبێ یان بۆ ماوەی کەلە (5)ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێت جێگری داواکاری گشتی بووبێت.
(45000) -3چل و پێنج هەزار دینار بۆ ئەو کەسەی لە (40)ساڵ تێنەپەڕیبێ و، (3) ساڵیش بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رانەبوردبێ و، هەروەها بۆ ئەو کەسەش کە ماوەیەک پارێزەرایەتی کردبێ لە (3) زیاتر نەبێت.
(80000) -4هەشتا هەزار دینار بۆ ئەو کەسەی کە تەمەنی لە (40) ساڵ تێپەڕیبێ و، ماوەی (3)ساڵ بەسەر وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاسا یان هاوتاکەیدا رانەبوردبێ.
(90000) -5نەوەد هەزار دینار بۆ ئەو کەسەی کە پێشتر بەحوکم، ناوی لە لیستەکەدا دەرکرابێ.
دووەم: رەسمی فراوان کردنی دەستەڵات (رەسمی پلە بەندی) وەک ئەمەی خوارەوە دەبێت:
(30000) -1سی هەزار دینار لە مەشقکارەوە بۆ موماریس.
(50000) -2پەنجا هەزار دینار لە موماریسەوە بۆ راوێژکار.
سێیەم: ئابوونەی بەشدار بوونی ساڵانە وەک ئەمەی خوارەوە دەبێت:
(30000) -1سی هەزار دینار بۆ پارێزەری مەشقکار.
(40000) -2چل هەزار دینار بۆ پارێزەری موماریس.
(50000) -3پەنجا هەزار دینار بۆ پارێزەری راوێژکار.
ماددەی سێیەم:
یەکەم: بڕگەی (1) لە (یەکەم) ی ماددەی شازدەهەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
-1بریکار کردنی خەڵک لەو داوا مەدەنیی و ناکۆکییە دادوەرییانەی کە بەهایان لە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار تێ ناپەڕێت.
دووەم: بڕگەی(3) لە دوومی ماددەی شازدەهەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.
-3گرێبەستی بە سیفەتی راوێژکاری یاسایی لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یان هەر پرۆژەیەکی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان نووسینگەکانی قۆنتەرات و بەڵێندەرایەتی زانستی و هونەری و بازرگانی دەبەستێ کە سەرمایەکەی لە (75000000) حەفتاو پێنج ملیۆن دینار تێپەڕ نەبێت.
ماددەی چوارەم:
بڕگەی (أ) لە (2) لە (یەکەم)ی ماددەی شازدەهەم هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
أ- ئەو داوایانەی کە یەکێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەت لایەنێک بێت تێیدا بەهاکەی لە (3750000) سێ ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نییە.
ماددەی پێنجەم:
ماددەی بیست و پێنجەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
یەکەم: لەسەر کۆمپانیا نیشتیمانییە بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری یان راوێژکارییە هاوبەشەکان یان ئەوانەی خاوەن بەرپرسیارییەتییەکی دیاری کراون و سەرمایییەی لە (37500000) سی و حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارکەمتر نەبێ و ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە لەهەرێمدا کار دەکەن یان لقیان تێدا هەیە، گرێبەست لەگەڵ پارێزەرێک یان زیاتر ببەستن بۆ ئەوەی راوێژکاری یاساییان پێ بدات.
دووەم: بڕی (15000) پانزە هەزار دینار غەرامەی دواخستن لەسەر هەر رۆژێکی دواخستن دەسەپێنرێت، ئەگەر لایەنەکانی ناوبراو لە بڕگەی (یەکەم) ی ئەم ماددەیە لە جێبەجێکردنی

حوكمەكانی دواكەوتن.
سێیەم: پارێزەر بۆی نیە لەگەڵ پتر لە دوو كۆمپانیایی نیشتیمانی ودوو كۆمپانیای بیانی بۆ مەبەستەكانی ناوبراوی بڕگەی (یەكەم)ی سەرەوە گرێبەست بكات.
چوارەم: لەسەر ئەو لایەنانەیە كەلەبڕگەی(یەكەم)ی سەرەوەدا ناوبراون ڕێژەی 10% لە جیاتی پێشكەش كردنی راوێژكاری یاسایی پارێزەر بۆ ماوەی ساڵێكی تەواو بدەن و پاشماوەی ساڵیش بۆ مەبەستی رەسمەكەو ناردنی پارەكە بۆ سەندیكا تاوەكو داهات تۆماری بكات بەساڵی تەواو دەژمێردرێت، بەمەرجێك لە (100000) سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.
پێنجەم:وا دادەنرێت كەپارێزەر گرێبەستی لەگەڵ لایەنە ناوبراوەكانی بڕگەی(یەكەم)ی سەرەوە لە رۆژی پەسەند كردنی گرێبەستەكە لەلایەن سەندیكاوە مۆر كردووە.
ماددەی شەشەم:
ماددەی بیست و شەشی یاساكە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
ماددەی بیست وشەشەم:
نابێ هیچ كۆمپانیایەكی پیشەسازی یان بازرگانی یان كشتوكاڵی یان بەرهەمهێنەری نیشتیمانی یان بیانی تۆمار بكرێت هەتا گرێبەستی دامەزراندنی یان تۆمار كردنی لقەكانی لەلایەن پارێزەرێكی بەلایەنی كەم موماریسەوە رێكنەخرابێت.
ماددەی حەوتەم:
بڕگەی (یەكەم) لەماددەی سی وشەشی ئەم یاسایە هەمواردەكرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
یەكەم: دادگا حوكم بەدانانی (إنتداب) پاێزەرێك دەدات تاداكۆكی لەو تۆمەتبارە بكات كە پارێزەری بۆ داكۆكی كردن لەخۆی لەبەردەم دادگای لێكۆڵینەوەو دادگای كەتن و تاوانەكان و نەوجەوانان رانە سپاردووە و دەست حەقی پارێزەرەكەش لە (60000) شەست هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (120000) سەدو بیست هەزار دیناریش زیاتر نەبێت و ئەم پارەیەش لە گەنجینە دەدرێت.
ماددەی هەشتەم:
بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی سی و نۆی ئەم یاسایە هەموار دەكرێتەوەو بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
یەكەم: پارێزەر بۆی هەیە لەگەڵ بەوەكیل دانەرەكەیدا لەسەر گرێبەستێكی نووسراو ڕێك بێت، كەلەلایەن سەندیكاوە پەسند دەكرێت بەرامبەر بەرەسمێكی دیار كراو كە (5000) پێنج هەزار دینارە.
ماددەی نۆیەم:
ئەنجومەنی سەندیكابۆی هەیە پێرەوی ناوخۆیی بۆ رێكخستنی كاروبارەكانی سەندیكا دەربكات.

ماددەی دەیەم:
كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یا بریارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.
ماددەی یانزدەم:
لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكانە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.
ماددەی دوانزدەم:
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

عەدنان موفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان عیراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 668

**یاسای ژمارە (16)ی ساڵی/2002 یاسای تەسدیقکردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120614195687391

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 669

**یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان عێراق ژمارە (18)ی ساڵی 1999**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060909353178319

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان عیراق

پشت بە حوكمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار كراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان عێراق، ئەنجومەنی نشتمانیی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (11)ی ڕۆژی (2007/4/18) ی خۆیدا، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:
یاسای ژمارە(7)ی ساڵی 2007
یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان عێراق ژمارە (18)ی ساڵی 1999

ماددەی یەكەم:
بڕگەی (یەكەم) لە (دووەمدا) لە ماددەی شەشەمی یاساكە هەموار دەكرێ ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.
یەكەم: بڕی بەشداریی كردنی ساڵانە بەپێی ماوەی تۆماركردنیان،لە پارێزەران بەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێت.
أ (30000) -سی هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵا بەسەر تۆماركردنی تێنەپەری بێت.
ب (40000) -چل هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵا بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.
ج (50000) -پەنجا هەزار دینار ئەگەر (پێنج) ساڵ بەسەر تۆمار كردنی دا تێپەری بێت.
د (60000) -شەست هەزار دینار ئەگەر(دە) ساڵا بەسەر تۆماركردنی تێپەری بێت.
ە (70000) -حەفتا هەزار دینار ئەگەر (پازدە) ساڵا بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.
و (75000) -حەفتا وپێنج هەزار دینار ئەگەر (بیست) ساڵا یا زیاتر بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.
ماددەی دووەم :

ماددەی (15) لە یاساکە هەمواردەکرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:
مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (2000) دوو هەزار دینار بۆ هەر مانگێک بۆ ماوەی خانەنشینی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وبۆ ئەم مەبەستەش بەشی مانگی دوایی بەمانگی تەواو دادەنرێت.
ماددەی سێیەم: ماددە (16) لە یاساکە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:
دەکرێت مافی خانەنشینی پارێزەرایەتی وفەرمانبەریەتی یا کارکردن یا هەر مافێکی خانەنشینی لە سندووقێکی تر بخرێتە سەر یەک بە مەرجێک هەمووی لە (750000) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار تێنەبەرێت.

ماددەی چوارەم: بڕگەی دووەم لە ماددە (20) هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ
دووەم: لە کاتی ئیعتیرازکردنی پارێزەر یا خانەنشین لەلای ئەنجومەنی وردەکاریی(15000) پازدە هەزار دینار وەک پارمتە لێوەردەگیرێ وکاتێک کە دەرکەوت لە ئیعتیرازەکەی خاوەن هەقە ئەوا پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.
ماددەی پێنجەم: ماددەی (21)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە ئەمانە دەبەخشێ:
-1خێزانی ئەو پارێزەرانەی کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان عیراق شەهید بوون مووچەیەکی خانەنشینیان پێ دەدرێ کە مانگانە (400000)چوارسەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.
-2خێزانەکانی ئەو پارێزەرانەی کۆچی دواییان کردووە لە دوای کشانەوەی دەستەڵاتی مەرکەزی لە کارگێریی کوردستان لە 1991/10/23وە تاکو دەرچوونی یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی 1999 مووچەیەکی خانەنشینیان پێدەدرێ مانگانە لە (300000) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.
ماددەی شەشەم:
حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو پارێزەرانەش دەگرێتەوە کە پێشتر بەر لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون ومووچەکانیان بەو پێیە هەموار دەکرێ.
ماددەی حەوتەم:
کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیاریک ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.
ماددەی هەشتەم:
پێویستە لەسەر وەزیرە تایبەتمەند ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی نۆیەم:
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

عەدنان موفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان عیراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 670

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(3) ی ساڵی 1998ی یاسای کوژاندنەوە و لێکجیاکردنەوە(إفراز)ی زەوی وزار لە ناو سنووری

## شارەوانیەکاندا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060823285678323

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عیراق

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (9)ی رۆژی (2007/4/16) دا بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا .

یاسای ژمارە(5)ی ساڵی / 2007
یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە(3) ی ساڵی 1998ی یاسای کوژاندنەوە و لێکجیاکردنەوە(إفراز)ی زەوی وزار لە ناو سنووری شارەوانیەکاندا

ماددەی یەکەم:
برگەی(2)ی ماددەی دووەمی یاسای کوژاندنەوەو لێک جیاکردنەوەی زەوی وزار لەناو سنووری شارەوانیەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 هەموار دەکرێ وبەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
-2خاوەن مافی تەسەڕوفی ئەو زەوی وزارانە بەرێژەی (12%) لە کۆی رووبەری زەوییە کوژێنراوەکە قەرەبوو دەکرێتەوە ووەک موڵکی سرف بەناوی تۆماردەکرێ.
ماددەی دووەم:
برگەی(2)ی ماددەی سێیەم هەمواردەکرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:
-2خاوەنی ئەو زەویانە بەرێژەی(20%) لە کۆی رووبەری ئەو زەوییەی کە بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ بەشێوەیەکی (عەینی) قەرەبوو دەکرێتەوە وئەو رووبەرەی کە پێی دەدرێ بە جیاکراوە دادەنرێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵا بەکارهێنانەکانی بریاری بۆ دراوە ناکۆک نەبێ.
ماددەی سێیەم:
حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو زەویانەی ناو سنووری شارەوانی دەگرنەوە کە بریارەکانیان پلەی یەک لاکەرەوەی وەرنەگرتووە.
ماددەی چوارەم:
کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بریاریک ناکرێت گەر لەگەڵا حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بن.
ماددەی پێنجەم:
دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم:
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

عدنان موفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان عیراق

-هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە-
بۆ بەدیهێنانی داد وهاوسەنگی لە نێوانی بەرژەوەندی تایبەتی خاوەن تەسەروف وخاوەن زەوی وزاری کشتوکاڵی وبەرژەوەندیی گشتی وبۆ یەکخستنی یاسا وبریارەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 671

# یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20130630140300089739

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عیراق

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی سالّی (1992) ی، هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق، ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (7)ی رۆژی (2007/4/11) ی خۆیدا، بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

یاسای ژمارە(8)ی سالّی / 2007
یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:
یەکەم: هەرێم : هەرێمی کوردستان- عێراق.
دووەم:وەزارەت : وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێم.
سێیەم: وەزیر : وەزیری وەرزش ولاوانی هەرێم.
چوارەم: بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێم.
پێنجەم: لاوان: ئەو توێژەیە کە تەمەنیان لە نێوانی 14 تاکو 30 سالّە.

-کارو ئەرکەکانی وەزارەت-
ماددەی دووەم:
وەزارەت هێنانەدی ئەم ئەرک وئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
یەکەم: بلّاو کردنەوەی چەمک وپرێنسیپە باشەکانی بزووتنەوەی ئۆلۆمپی ووەرزشی لە کۆمەلّدا.
دووەم: بەرزکردنەوەی گرنگی بزووتنەوەی وەرزشی وچالاکییەکانی بە جۆرێک کە رێک بکەوێ لەگەلأ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.
سێیەم: بنیاد نانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی وپیشەیی وسایکۆلۆجی وپەروەردەیی وکۆمەلّایەتی تاکو ببێتە ئەندامی باش لە کۆمەلّدا لە رێگەی هاوئاهانگی کردن لەگەلأ وەزارەتەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمدا.
چوارەم: هاوئاهەنگی وهاوکاری کردن لەگەلا وەزراەتی لاوان ووەرزش لە حکومەتی فیدرالّی بەمەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش ولاوان لە هەرێمی کوردستان وعیراقدا.
پێنجەم: هاوئاهانگی وهاوکاری کردن لەگەلأ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان لە پێناوی پەرەپێدانی واقیعی وەرزش لە کوردستانی عیراقدا.
شەشەم: دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ خولّقاندنی راپەڕینێکی وەرزشی لە هەموو کەرتەکانی وەرزش ولاوان لە هەرێمدا.
حەفتەم: کارکردن لە پێناوی فەراهەمکردنی پێویستیەکانی بزووتنەوەی وەرزشی هەر لە یاریگا وهۆل و بینایە وهەرچی بەشداریی بکات لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.
هەشتەم: بایەخدان بەلاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت ودەست گرتنیان وبەرزکردنەوەی ئاستی هونەریان.
نۆیەم: پشتگیریی کردنی یانە ویەکێتییە وەرزشیەکان وتیپە میللیە وەرزشیەکان لە رووی ماددی

ومەعنەوی بەڕادەیەکی وا بینەمایەی پەرەپێدانی ئاستەکانیان.
دەیەم: چاودێری کردنی وەرزشوانان وبەهرەدارو بەتواناکان وپاڵەوانەکان ورەخساندنی بار وریگای گونجاو بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر بەخششەکانیان لەوبوارەدا.
یازدەم: ئامادەکردنی کادیری هونەریی لەبواری وەرزشی ورێکخستنی شارەزاییان بە دواکارە نوێکان وزانیاری زانستی تازە.
دوازدە: بووژاندنەوە وهاندانی وەرزش ویارییە میللیە کەلەپووریەکانی کوردستان ورێکخستنیان.
سێزدە: کارکردن لە پێناوی درێژکردنەوەی پەیوەندیی دۆستایەتی وهاریکاری لە نێوان لاوانی هەرێم ولاوانی دیکەی عیراق،لە رێگەی بنیاتنان و بە هێزکردنی پەیوەندیی وەرزشی لەگەڵ رێکخراوو لیژنە دەوڵەتیە پەوەندیدارەکان وکارکردن لە پێناوی پتەوکردنی هاوکارییان لەگەڵ وەرزشوان ولاوانی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوەی هەرێم دا.
چواردەم: رواندنی چەمکی دیموکراسی وڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ وچەسپاندنی گیانی ئینتیما لە نێوان لاوان وپەروەردەکردنیان لەسەر خۆشویستنی نیشتمان.
پازدەم: گرنگی دان بە وەرزشی ئافرەتان وهاندن وکارکردن لە پێناوی فراوانکردنی و پەرەپێدانی ئاستەکانی ورەخساندنی دەرفەتی بەشداریی کردنی کارا لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەرزش لە هەرێمدا.
شازدەم: رەخساندنی چاودێریی تەندروستی وەرزشوانان و دوزینەوەی کەل وپەلی پێویست بۆیان.
حەڤدەم: گرنگی دان بە باس ولێکۆڵینەوەی پەروەردەیی ووەرزشی وسوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وەرزشی وبەرزکردنەوەی تواناکەی.
هەژدەم: سەرپەرشتی کردنی یانە وقوتابخانەی وەرزشی ولاوان وپەیمانگا ئەهلیەکان وئاراستەکردنیان بەپێی سیاسەتێکی پەسندکراو لەلایەن وەرزاەرتەوە.
نۆدەم: بەربەرەکانی کردنی بەکارهێنانی مادده گورجکەرەکان وئەوشێوازانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەن.
بیستەم: ئاراستەکردنی بەپیشەکردنی وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونی حکومەتی هەرێمیی کوردستاندا بگونجێ، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.
بیست ویەکەم: بەشداریی کردن لە پەرەپێدانی هۆیەکانی راگەیاندنی وەرزشی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.
بیست ودووەم: کارکردن لە پێناوی دابین کردنی بەشداریی کردنی هەریمی کوردستانی عێراق لە کۆنگرە وبەیەکگەیشتنەکانی وەرزشی ولاوان لەسەر ئاستی هەرێمی وقاڕی ونێو دەوڵەتی وبەشداریی کردن لە چالاکیەکانیاندا.
بیست وسێیەم: مۆڵەتدان بەیانە وقوتابخانەو پیمانگا ویاریگا وهۆڵەکانی وەرزشی ئەهلی دوای وەرگرتنی رەزامەندنی وەزارەتی ناوخۆ وبۆی هەیە بەپێی یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.
بیست وچوارەم: هاندانی کەرتی تایبەت لەبواری وەرزش ولاوان بەپێی یاسا.
بیست وپێنجەم: هاوکاری وهاوئاهانگی کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ پشتگیریی چالاکییەکانی وەرزشی قوتابییان.
بیست وشەشەم: بڵاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی وگیانی کارکردنی بەکۆمەڵ لە نێو ریزەکانی وەرزشوان ولاواندا.
بیست وحەوتەم: کارکردن لە پێناو بتەوکردنی بیری کارکردنی خۆبەخشی لەلای وەرزشوان ولاوندا.
بیست وهەشتەم: رواندن ورەخساندنی دەرفەت لەبەردەم بە هرەی زانستی ورۆشنبیریی وهونەریی لە لای لاوان لە پێناوی شیاندنی توێژیکی باوەڕ بەخۆی رۆشنبیرو داهێنەر.
بیست ونۆیەم: کارکردن لە پێناوی رێکخستنی بزووتنەوەی لاوانی هوشیار وزیندوو.

-پێکهاتەکانی وەزارەت-

ماددەی سێیەم:
وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێک دێ:ـ
یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا وسەرپرشتی وچاودێری کردنی چالاکییەکانی و، لەوەوە ئەو بریارو فەرمان ورێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت وپێکهاتەکانی ودەستەڵات وهەموو کاروبارە هونەری وکارگێریی ورێکوپێکی

بەپێی حوکمەکانی یاساوە هەیە ولەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەوناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا وبۆی هەیە هەندێک لە دەستەڵاتەکانی بدات بەو کەسە کە لە وەزارەتدا بە گونجاوی دەزانێ.
دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتەی کە وەزیر پێی دەدات ودەبێ پروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.
سێیەم:راوێژکاران: وەزیر راوێژکاری دەبێت ونابێ ژمارەیان لە چوار پتر بێت ویارمەتی وەزیر دەدەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت وجێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەمەش بەپێشکەش کردنی راوێژ وپێشنیازی پێویست بۆی و، وەزیر بەپێی پێویستی وەزارەت لە کەسایەتی خاوەن پسپۆری جیاجیا هەڵیان دەبژێرٍ ی وراستەوخۆ بە وەزیرەوە بەستراونەتەوە.
چوارەم:نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.
پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت وچەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن .
شەشەم:بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن وپەیوەندییەکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت بو ماوەیەک لە (10) دە ساڵ کەمتر مەبێ.
حەوتەم: بەرێوەبەرایەتیی گشتی پلاندان وبەدواداچوون: بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەرێوەی دەبات،کە پروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەنی شارەزایی وکارامەیی بێت.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێریی و دارایی: بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەرێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت بۆ ماوەیەک لە دە ساڵکەمتر نەبێ.
نۆیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ویارییە میللییەکان:بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت بۆ ماوەیەک کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ .
دەیەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا:هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات کە پروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت بۆ ماوەیەک کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
ماددەی چوارەم:
وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاریی دەبێت ولەمانە پێک دێت:
-1وەزیر: سەرۆکە.
-2وەکیل وەزیر: ئەندامە ولەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.
-3راوێژکارەکان: ئەندامن.
-4بەرێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن.
-5هەرشارەزایەکی پسپۆری لێوەشاوە لەناو وەزارەت یا لە دەرەوەیدا وەزیر هەڵی دەبژێری: ئەندامە
-6نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر بانگهێشتی وەزیر: ئەندامن.
ماددەی پێنجەم:
وەزارەت بۆی هەیە پڕۆێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێ، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێ بە مەبەستی رێکخستن وپەرەپێدانیان .
ماددەی شەشەم:
وەزارەت بۆی هەیە گرێ بەست لەگەڵ کەسی سروشتی ومەعنەوی خاوەن شارەزایی وپسپۆری لەناو هەرێم یا دەرەوەیدا بکات، تاکو ئەو ئەرک وکارانەی کەپێیان دەسپێردرێ لەوماوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ ئەنجام بدەن لە پێناوی بەجێگە یاندنی ئامانجەکانی وەزارەت وماف وئەرکەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دوای وەرگرتی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسنیشان دەکرێ.
ماددەی حەوتەم:
یەکەم: ئەرک وتایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت وتەخسیساتیان بە پێرەویک دەسنیشان

دەکرێن.
دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی تازە یا بەش یا هوبەکان لەناو پێکهاتەی وەزارەت دابنێ یان لێکیانبدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستەکانی کار لەکاتی پێویستی دا.
سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.
ماددەی هەشتەم:
وەزیر بۆی هەیە نوێنەریکی خۆی وەک ئەندامێکی کارا لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دەسنیشان بکات ونوینەرێکیش بۆ بەشداریکردن لە (کونفیدراسیۆن)ی وەرزش ولاوان دابنێ.
ماددەی نۆیەم:
وەزارەت بۆی هەیە ساڵانە یارمەتی ماددی بدات بە ڕێکخراوی وەرزشی ولاوان بەپێی چالاکیەکانی هەریەک لەوانە وڕێکخراوەکانیش پێویستە ساڵانە پرۆژە وەرزشی ولاوانەکانیان بەپێی ڕێنمایی تایبەت بەوەزارەت پێشکەش بکەن بە جۆرێک کە لەگەڵا چەمکی دیموکراسی دا بگونجێ.
ماددەی دەیەم:
مولکایەتی هەموو دەزگا ویاریگا وەرزشیەکانی کە هی وەزارەتەکانی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو کەرتی تایبەت نەبن دەبنە مولکی وەزارەتی وەرزش ولاوان.
ماددەی یازدەم:
کار بەهیچ بەیاسایەک یا بریارێک ناکرێ گەر لەگەڵا حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.
ماددەی دوازدەم:
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی سێزدەم:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

عدنان موفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان عیراق

-هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە-
سەبارەت لەو فراوانبوونەی کەرتی وەرزش ولاوان و چاودێری زانستی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا ولە پێناوی ڕەخساندنی چاودێری وئاراستەکردنی پێویستی ئەم کەرتە تاکو دەوری پێویستی خۆی ببینێ وئەم وەزارەتەش لایەنی باڵایە لە کرداری پەرەپێدانی کۆمەڵگا لە لایەنی وەرزش ولاوان وبۆ ڕۆیشتنی لەگەڵا ئارەزووی حکومەتی هەرێم بۆ ڕەخساندنی ڕێگەی پشتگیریی کردنی پێویست بۆ کەرتی وەرزش ولاوان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 672

## یەکگرتووی ئیسلامی: کۆبانێ بە قەڵای بەرگری کوردان دەمێنێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062613412585634

خۆراگریەکانی خەڵک و شەڕەڤانانی کوبانێ و یەکریزی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کورستان و پشتیوانیەکانی پێشمەرگە، لە ماوەکانی ڕابردوودا توانی شاری کوبانێ ی ڕۆژئاوای کوردستان لە کەوتن و داگیرکردنی تیرۆریستان بپارێزێت کە بەداخەوە تا هەنوکەش دەست و چاوی ڕەشی تیرۆر بەرۆکی ئەو شارە مەینەتبارە بەر نادات. بە داخەوە جارێکی تر کوبانێ خەڵتانی خوێ

دەکرێتەوە و چەند ڕۆژێکە گوێبیستی هەواڵی پەلاماردانەوەی دەبینەوە لەلایەن چەکدارانی ڕێکخراوی داعش و بوونە قوربانی دەیان هاوڵاتی سڤیلی ئەو شارە بووین و جارێکی تر خوێن و ترس و تۆقاندن لەم مانگە پیرۆزەدا کرایە دیاری هاوڵاتیانی مسوڵمانی کورد لە ڕۆژئاوا و ئاوەرە و دەربەدەر کرانەوە. ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتوو وێڕای ئیدانەکردن و مەحکوم کردنی ئەو هێرشانە، خوازیارین، بە پشتیوانی خوای گەورە و خەڵک و شەڕڤانانی کوبانێ جارێکی تریش خۆڕاگرانە ڕووبەڕوی هەڕەشە و مەترسیەکان ببنەوە و ئەم جۆرە هێرش و پەلامارانە دەبێت زیاتر یەکڕیزی و هاوسەنگەری نێو ماڵی کورد لە سەرجەم کوردستان بتەوتر بکات. هەروەک دەبێت لە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بە هەستیاریەوە مامەڵە بکرێت و هەمیشە بە ئاگابین لەوەی تیرۆریستان زەفەرمان پێ نەگەیەنن و بواری نەدرێت لە هیچ دەرفەتێک سوود وەربکرن، سەربەرزی بۆ گەلی کوردستان، دوعای بەهەشتی بەرین بۆ کوژراوەکان و شیفای خێرا بۆ بریندارەکان دەخوازین.
فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
26-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| جۆری دۆکومێنت: | ⊶زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 673
## یەکێتی پیرۆزبایی لە هەڵەبجەییەکان و کوردستانییان دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=20140101160916867
خەڵکی تێکۆشەری هەڵەبجە
کوردستانیانی خۆشەویست

بەبۆنەی دەرچوونی بڕیاری بە پارێزگا بونی شاری هەڵەبجە لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و ناردنی بڕیارەکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی گەرم لە شاری هەڵەبجەی خۆڕاگر و قوربانیدەر، پیرۆزبایی گەرمیش ئاراستەی یەکە یەکەی هەڵەبجەییەکان و سەرجەم کوردستانیانی ئازیز ئەکا. ئەمەش گەرچی لەچاو قوربانیدانی ئەو شارە سەربەرزە، قەرەبووکردنەوەیەکی بچوکە، بەڵام لە رووی رەمزییەوە بەبەرزی ئەینرخێنین.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە پێشەنگی تێکۆشانی بە پارێزگابوونی هەڵەبجەبوو و لە پاڵ هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو داوایەی هەڵەبجەییەکان، کە خۆشبەختانە ئەو هەوڵانە لە کابینەی شەشەمی حکومەتەوە چووە ناو بەرنامەی حکومەتی هەرێم و کابینەی حەوتەم و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو کەیسەیان گەیاندە ئەم قۆناخە پێشکەوتووەی ئێستا.

بەو بۆنەیەوە، سوپاسی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و وەزیرە کوردەکانی کابینەکەش ئەکەین، کە بە دەست و بردەوە ئەو پێشنیارەی حکومەتی هەرێمیان زووبەزوو پەسەندکرد و ناردیانە ئەنجومەنی نوێنەران.

لێرەوە داوا لە فراکسیۆن و لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکەین، کە بە گیانی پەرۆشی و هاوخەمییەوە پشتیوانی لەو بڕیارە بکەن و لە راستیشدا هەر ئەو چاوەڕوانییەمان لە نوێنەرانی گەل هەیە لە بەغدا.
هاوکات داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەکەین کە پێش تەواوبوونی خولی پەرلەمانی ئێستا کەیسی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بخەنە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی نوێنەران.

هاوکات داوا لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی و فراکسیۆنەکانی تری کوردستان ئەکەین لە بەغدا، کە هاوئاهەنگ و پێکەوە هەوڵەکانیان لە گەڵ فراکسیۆنەکانی تر بخەنە گەڕ بۆ دابینکردنی دەنگی پێویست بۆ پەسەندکردنی بڕیارەکە.

پێشمانوایە هەستی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری تەواوی نوێنەرانی گەل لە ئەنجومەنی نوێنەراندا تا ئەو ئەندازەیە کاریگەری ئەبێ، کە بە زۆرینەی هەرەزۆری نوێنەران بڕیارەکە پەسەند بکرێ.

هەر بەو بۆنەیەشەوە، داواکارین لە حکومەتی هەرێم، لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014، بودجەی پارێزگاکە دەست نیشان بکرێ. لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە پەرلەمان یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانیان ئەوەیە کە لە وەختی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بەرگری زۆر لە دیارکردنی بودجەی پارێزگای چاوەڕوانکراوی هەڵەبجە بکەن و بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی کوردستاندا هاوئاهەنگی بکەن و پێکەوە بەرگری لێ بکەن .

دووبارە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە خەڵکی هەڵەبجە بە تایبەت کەسوکاری قوربانیان ئەکەین و گەلەکەمان سەلماندییەوە کە هەرگیز هەڵەبجە بە تەنیا جێناهێڵن.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
1/1/2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 674

## یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان راگەیەندراوێک لەسەر دۆخی قەیراناوی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015081711560885865

راگەیاندنێکی بەپەلە
ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێکدا بە رەوشێکی ناسک و هەستیاردا تێپەڕ دەبێت باشترین چارەسەر لەوەدایە کە پێویستە هەموو لایەک بەرپرسانە بێنە پێشەوە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان لە چوارچێوەی سازانی نیشتیمانی و سیاسی و یاسایی بە دیالۆگ دوور لە توند و تیژی و کاردانەوەی نا دروست لەو چوارچێوەدا پەنابردنە بەر هەر رێگایەکی تر جگە لە نەهامەتی و

ناسەقامگیری هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، خولْقاندنی ئاڵۆزی و قەیران لە بەرژەوەندی میللەتەکەمان دانیە رووداوەکانی ئەم دوواییە ئەوە دەسەلمێنێ کە لێکترازان دەبێتە هۆی زیاتر شێواندنی دۆخەکە و ئاراستەیەکی نەخوازراوە و ناشارستانیە بە تایبەتی لە پەرلەمانتاران لە رێگەی سایتی ئەلیکترۆنیەکان و رێگرتن لە هاتوچۆیان مایەی ناڕەزایی یەکێتیەکەمانە و بارودۆخەکە زیاتر بەلاڕێ دەبات بەوەی پەرلەمانتاران بکرێنە ئامانج لە بری ئەوەی هەمووان ببینە بەشێک لە چارەسەر.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داوا دەکات و ئاواتە خوازە هەموو لایەک کە تەنیا دیالۆگ و تەبایی و یەکڕیزی دەمان گەیەنێتە ئامانجی گەلەکەمان بە تایبەتی لەو بارودۆخەی کوردستان و ناوچەکە پێیدا گوزەر دەکات.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

16-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری دۆکومێنت: | •-زمانی یەکەم |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باشوور - سۆرانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 675

## یەکێتی دووبارە بەڵگەی تاوانباریی خۆی دەخاتەوە روو!

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091920433088659

یەکێتی دووبارە بەڵگەی تاوانباریی خۆی دەخاتەوە روو!

دەربارەی بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی بە خوێنی (5)کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا تاوانی کوشتاری هاوڕێیانی حیزبی ئێمەی لەساڵی 2000دا خستە ئەستۆی نەوشیروان مستەفا کە ئەو کاتە کەسی دووەمی ناو یەکێتی بوو. ئەم کردەوەیەی یەکێتی تاوانێکی ترە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و کەسوکاری هاوڕێیان و حیزبی ئێمەدا.

ئەنجامدانی ئەم تاوانە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسی ئەوکاتی یەکێتیدا بوو کە لەلایەن تاڵەبانیەوە بڕیاری لەسەر درابوو وە لەسەردەستی نەوشیروان مستەفادا جێبەجێکرا، بەڵام فڕێدانی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانە لەئێستادا بەتەنها بۆسەر شانی نەوشیروان مستەفا، لەبەرئەوەی نەیاری یەکێتیەو لەوەش قێزەونتر لەناو بانگەشەی هەڵبژاردندایە، بەئاشکرا ریسوایی سیاسی ئەو حیزبە دەخاتەروو کە هێشتا بەشێک لە تاوانبارانی ئەو روداوە لەناو سەرکردایەتی یەکێتیداو بڕیار بەدەستی ئەوحیزبەن!

نزیکەی دووساڵە کەیسی ئەو هاورێیانەمان لەناو دادگاکانی کوردستان و سلێمانیدا دێتو دەچێت، بەڵگەی پێویست و حاشا هەڵنەگر سەبارەت بە تاوانەکە پێشەکەشی دادگاو دەزگا بەرپرسەکان کراوە، بەڵام یەکێتی وەکو بابەتێکی مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەوکەیسەدا هەڵسوکەوت دەکات و ئێستاش لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردند بۆناوزراندنی نەیارەکەی بازرگانی بە خوێنی هاورێکانی ئێمەوە دەکات و ئازاری ویژدانی ئێمەو کەسوکاری ئەو هاورێیانەمان دەدات! بۆیە ئەم کارەی یەکێتی جێگای نارەزایەتی و بێزاری ئێمەو هەر ئینسانێکی خاوەن بەهاو ویژدانی مرۆڤایەتیە و مەحکومە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناو ئەم گاڵتەجاری هەڵبژاردنەدا ناتوانێ خۆی لەژێرباری بەرپرسیارێتی ئەو تاوانەدا دەربازبکات. سەرکردەکانی ئەوکاتەی یەکێتی، جیاواز لەوەی ئێستا لەناو یەکێتیدا ماونەتەوە یان لەناو سەرکردایەتی گۆراندان، بەرپرسی یەکەمی ئەو تاوانەن. ئێستا

یەکێتی خۆی دان بەوەدا دەنێ ئەو (5)کادرەی ئێمە تیرۆرکراون، بۆیە لانی کەم دەبێ ئەو چەند کەسایەتیەی سەرکرادیەتی ئەوکاتی یەکێتی کە ئێستا لەناو یەکێتیدا ماون و ناویان لە دادگایە تەسلیم بە دادگا بکات تا زەمینەی بانگکردنی نەوشیروان مستەفاو ئەوانی ناوگۆڕانیش بۆ بەردەم دادگا فەراهەم بکرێت.

سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
18/9/2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 676

## یەکێتی روونکردنەوەیەک لەسەر رووداوەکەی کۆیە بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150306125718687 94

لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا لە کامپێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کاردانەوەیەکی راگەیاندنی چاوەڕەوان نەکراومان گوێ لێبوو، دەمانەوێت بۆ رای گشتی رایبگەیەنین لە رۆژی بیستنی رووداوەکەدا دەستبەجێ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی سلێمانیمان ئاگادارکردۆتەوە کە ئەگەر ئاسایش و پۆلیس لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگادا هەر پێشێلکارییەکیان لە کەمپەکەدا کردبێت، دەبێت سزا بدرێن، ئاسایشی گشتیش لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو مەسەلەیە دانا.

بێگومان بەپێی یاساو ئەرکی خانەخوێی و رێزو میوانداریشیان لەسەرمانە، بەڵام لەکاتێکدا کێشەیەکی لەمجۆرە روودەدات کەناڵی تایبەتی سیاسی چارەسەرکردن هەیە نەک رێگاکانی تری راگەیاندن.

لەگەڵ رێزدا.....

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک
6/3/2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 677

## یەکێتی زانایان لەسەر وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی هاتە دەنگ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060414483785479

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای (راکێشانی مایە)ی پەسەند کرد، کە بەمەستی وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتییە، قسەو باسێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا بەتایبەتی لەلایەنی حەڵاڵی و حەرامی ئەم کارە.

سەرەتا رووی گلەییمان دەکەینە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە بابەتێکی وەها هەستیاردا پێویست بوو وەکو خولەکانی پێشتری پەرلەمان پێشتر بە هێمنی راو سەرنجی لایەنە پێوەندیدارەکانیان وەرگرتبا، کە ئەم بابەتە راسەوخۆ پەیوەندی بە زانایانی ئایینیەوە هەیە، بۆ ئەوەی کۆرایەک دروست بکراباو بە هێمنی و دروستی خرابایە گفتوگۆوە.

بە هەر حاڵ بابەتێک پەیوەست بێت بە ژین و دینی خەڵکی کوردستانەوە پێویستە بە روونی قسەی لێوە بکرێت، ئێمە لێرەوە قسە لە سوودو زیانە ئابووریەکانی ناکەین، کە لە پسپۆری ئێمەدا نییە، بەڵام بۆ لایەنی شەرعی باسەکە، دوای راوێژکردن بە لێژنەی باڵای فەتواو کۆمەڵێک زانای ئایینی و پسپۆرانی شارەزا لەم بوارە، پێمان وایە وەرگرتنی قەرز بە زیادەوە دەچێتە بابی ریباو سوو خواردن، ئەمەش بە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان، کەواتە ئەوانەی گفتوگۆ لەم بارەوە دەکەن، پێویستە بەوپەری بەرپرسیارێتیەوە قسە لەم باسانە بکەن، بۆیە بە هەموو لایەکی رادەگەیەنین کە قەرزی بە زیادەوە حەرامە، بەلام هەموو حەرام و قەدەغەکراوێک حاڵەتی تایبەتیان هەیە، کە زانایان بە پشتبەستن بەو ئایەت و فەرموودانەی دۆزی تایبەتی و زەروریان جیاکردۆتەوە، کۆمەڵێک قاعیدەیان داناوە رێگە دەدات بە قەدەر پێویستی و بۆ حاڵەتی ناچاری لە قەدەغەکراوەکان جیادەکرێنەوە.

وەک ئەو قاعیدانەی دەڵێن:(الضرورات تجيز المحظورات)، (المشقة تجلب التيسير)، (إذا ضاق الأمر اتسع)، (الضرورات تقدر بقدرها) کە وەرگیراون لە ئایەتەکانی: (وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ وَإِنَّ كَثِيرًا لَيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ)، (إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ.(

بۆیە لەژێر رۆشنایی ئەم بنەمایانەی زانایان بە هەڵێنجان لە قورئان و فەرموودە دایاناون: (ئەگەر هەرێمی کوردستان هەموو دەرگا دروستەکانی بە روو داخران و، ژیان و گوزەرانی خەلکیش کەوتە ناخۆشی و پشێویەوە، دروستە بە ئەندازەی پێویستی ئەم قەرزە بکات و بژێوی ژیانی خەلکی پێ دابین بکات، بە شێوازێک کە ئەم قەرزە بەکار بهێنرێت بۆ گەشەدانی ژێر خانی ئابووری و بە شێوازێکی شەفاف و چاودێری کراو سەرف بکرێت، ئەمەش باسێکی روونە لە لای زانایان و دەولەتانی ئیسلامیش بە پشت بەستن بەم قاعیدەوە لە کاتی پێویست پەنا بۆ قەرزی نێودەولەتی دەبەن.)

بەو ئومێدەی ئەم دۆخە زوو تێبپەڕێت و پێویست بەم هەنگاوە قورسە نەکات .

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان.

04-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 678

## یەکێتی زانیانی ئاینی بەیاننامەیەک لەسەر چونی گەنجانی کورد بۆ شەڕەکانی سوریا بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033019303067582

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

دوای دروستبوونی شەڕ و ململانێکانی سوریا، کۆمەڵە گەنجێکی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردنی شەڕەکە چوونەتە سوریا، ئەمەش جۆرە پشێویەکی کۆمەڵایەتی و ئەمنی دروست کردووە، تا ئێستاش کەس خۆی لە ناردن و ڕەوانەکردنیان نەکردووەتە خاوەنو، هەموو لایەکیش خۆی لێ بەری ئەکات، لە بەرامبەردا هەوڵێکی وەکو پێویست نەدراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پشت ناردنی گەنجانو، دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ڕێگرتن لە ڕۆیشتنیان، ئەوەی کراوە پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بوو، بەڵام وەک دیارە ئەم لێژنەیە نەیتوانی هیچ شتێکی پێویست لەم بارەوە پێشکەش بکاتو، هۆکار و چارەسەرەکان بخاتە بەر دیدی لایەنە پەیوەندیدارەکان، یان پێشنیازەکانیان بە هەند وەرنەگیراون.

لێرەوە وەکو یەکێتی زانایان جارێکی دیکە مەترسی خۆمان لەم بارەوە دەخەینە ڕوو، پێشمان وایە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەنگاوی وردتر و جددیتر بهاوێژن بۆ ئەم پرسەو، پێویستە بە پەلە کۆنفرانسێکی زانستی ورد لەم بارەوە ببەسترێتو، لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک پارتە ئیسلامیەکان و وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و تەواوی سەنتەرو ناوەندە ئیسلامیەکان و شوێنکەوتوانی بیری عیرفانی تێیدا بەشدار بنو، تاوتوێی بابەتەکە بکەن، سەرەنجام بە کۆدەنگیەکی تەواو لە کۆنگرەکە دەربچنو، ڕێنمایی و ڕاسپاردەی پێویست و ڕوون لە بارەیەوە رابگەینن، بۆ ئەوەی بتواندرێت بە باشترین شێوە پارێزگاری لە گەنج و لاوی وڵاتەکەمان بکەین، بە و هیوایەی کە بتواندرێت بەم هەنگاوە زیاتر ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەییمان بپارێزین.

مەکتەبی تەنفیزی

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 679

**بڕیارا سەروکێ هەرێما کوردستانێ کو ل روژا ٢٠١٢/١٢/١٢ دەرچوویە دەربارەی بکار ئینانا زاراڤێ ناڤچەیێن کوردستانی ژ دەری هەرێمێ ل جهێ ناڤچەیێن ناکوکی ل سەر**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121617002174360

بڕیارا سەروکێ هەرێما کوردستانێ کو ل روژا ٢٠١٢/١٢/١٢ دەرچوویە دەربارەی بکار ئینانا زاراڤێ ناڤچەیێن کوردستانی ژ دەری هەرێمێ ل جهێ ناڤچەیێن ناکوکی ل سەر

سەرچاوە: ماڵپەری سەروکایەتی هەرێمی کوردستان

تایبەتمەندیێن بابەتی

زمان - شێوەزار: ک. باکوور

وڵات: باشوورا کوردستانێ

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 680

## بەیاننامەیەك پارتیا دوزا ئازاد دەربارەی ڕویدانێن دویماهیێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20141230162026118562

بەیاننامەیەك پارتیا دوزا ئازاد دەربارەی ڕویدانێن دویماهیێ

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 681

## دەقی وتاری سەروکی هەرێمی کوردستان لە کونگرەی ئاسایی ئاکەپە لە تورکیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20141020234402117033

دەقی وتاری سەروکی هەرێمی کوردستان لە کونگرەی ئاسایی ئاکەپە لە تورکیا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 682

## ڕاگەهاندنەك ژ بنەمالا میرێن ئیزدیان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102612554477820

ئەم کۆمەکا گەنجین بنەمالا میرێن ئێزدیان ل عیراقی و جیهانی هەلویستێ خوە رووهن وئاشکرا دکەین ل سەر کورداتیا ئێزدیان چونکو پێش چوار هزار سالە ئێزدیان یا سەلماندی ب ئول و کەلتورێ خوە کو ئێزدی کوردن.

ئەم دبینن گوتارا میری ئیزدیان یا کەنالێ عەرەبیە هاتیە پەخشکرن ل ژێر فشارا هندەك رەوشەنبێرین لایەنێن سیاسی یە ل ئەلمانیا هەمان هزرین قرێژی رژێما گۆر ب گۆر یا ژناڤچوویی نە کو چەندین جاران هەولدان کرینە ناسنامەیا ئێزدیان ب گوهوریت وبکەتە عەرەب، لێ ئێزدیان هەر کورداتیا خوە پاراستینە چوو کەس ولایەن نەشێن ڤێ چەندی ڤەشێرت ئێزدی دێ هەر مینن کورد وکوردستانی.

بارێ تەندروستییێ میر تەحسین بەگ نە یێ جێگیرە، ئەڤە ژی بوویە ئەگەر کارتێکرن ل میری

بهێتەکرن ل وێ چەندێ گوتبوو ئێزدی کورد نینن ئەم بخوە ژی وەکو گەنجێن بنەماله میرێن ئێزدیان نه دگەل وێ گروپێ نه یێن پیشتەڤانییێ ل جەنابێ میری کرین، چونکو زێدەتر ژ 70 فرمانان ژبەر کوردینا ئێزدیان ب سەر ئێزدیان هاتینە وفرمانا ڤێ دووماهیێ ژی یا شنگال ژبەر هندێ بوویه کو ئێزدی کوردن.

مە نەڤێت بەرپەرێن میژوویی تێکفەدەن چونکو هەموو دونیا شاهد کوردینا ئێزدیانە و ئیزدیان هزارەها شەهید وقوربانیێ پێخەمەت پاراستنا ئاخا خوە پیروز ل کوردستانێ داینە هەموو جهێن پیروزێن ئێزدیان ل کوردستانێ نە، ئێزدی کەڤنترین دینێ دەڤەریێە دیرۆك شاهدە ل سەر ڤێ چەندێ.

ئەم دوویات دکەین کو کوردێن ئێزدی دبن دادپەروەریا بارزانی دا دێ هەموو مافێن خوە شاد بن و سوپاسیا هەموو خەلکێ خوشتڤیێ هەرێما کوردستانێ دکەین ، ب تایبەتی ژی خەلکێ دهۆکا داسنیا بۆ پیشتەڤانیا وان ل ئاوارەیێن کوردێن ئێزدی.

داسن فاروق بەگ
ئێك ژ میرێن ئێزدیان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 683

## سبەی چوارشەممە 16ی نیسانی 2015 جەژنی سەرسال...

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041421175165512

سبەی چوارشەممە 16ی نیسانی 2015 جەژنی سەرسال، "چارشەمبوا سۆر"ی کوردانی ئێزدییە، بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان برووسکەیەکی ئاراستەی خوشک و برایانی ئیزدی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

ئیسال د دەمەکێدا جەژنا سەرسالێ "چارشەمبوا سۆر" یا خوشك و برایێن مە یێن کوردێن ئێزدی ڤەدگەڕیت، کو ب هەزاران مالباتێن وان ژبەر تیرۆرێ ژ وار و جهـ و مال و حالێن خوە دوورن و ژیانا ئاوارەییێ دەرباز دکەن، هەروەها ب هەزارێن دن ژی هاتنە بێسەروشوونکردن، شەهیدکرن و ڕەڤاندن. ئەم ژ دل و جان هەڤسۆزی و هەڤخەمیا خوە دگەل خوشك و برایێن مە یێن ئێزدی دەردبرین و هیڤیدارین کو جەژنێن بێن، جەژنێن سەرکەتن، ڕزگاربوون و ئازادکرنا هەموو جهێن کوردستانێ ب گشتی و جهـ و وار و دەڤەرێن خوشك و برایێن ئێزدی ب تایبەتی بیت.

د دەمەکێدا کو ئەم سەرسالێ ل هەموو خوشك و برایێن ئێزدی ل کوردستانێ و ل هەر جهەکێ جیهانێ بن، پیرۆز دکەین، جارەکا دی هەموویان پشتراست دکەین کو حکوومەتا هەرێما کوردستانێ دێ ل سەر هەولێن خوە یێن ژبۆ ناساندنا کارەساتا ئێزدیان وەك جینۆساید ب هەر ئاوایی بەردەوام بیت و ژبۆ ڤێ یەکێ دێ هەموو کارین و شیان و کەنالێن خوە یێن سیاسی و دیپلۆماسی ب کار ئینیت.

حکوومەتا هەرێما کوردستانێ هەروەها ب هەر ئاوایی دێ ل سەر هەولێن خوە یێن ڕزگارکرنا خوشك و برایێن مە یێن ئێزدی یێن ڕەڤاندی بەردەوام بیت هەتا هەموو تێنە ئازادکرن. هەروەها ژی دێ د هەولێن بەردەوامدا بیت ژبۆ پێشکەشکرنا هەموو تەرزێن هاریکاری و خزمەتگوزاریان و ئاڤەدانکردنا وان جهـ و دەڤەرێن وان یێن کو ڕۆژانە ژئالییێ پێشمەرگێن کوردستانێڤە تێنە ڕزگارکرن .

هەڤسۆزی یا هەڤخەمی یا خوە دگەل هەموو خوشك و برایێن مە ئێزدی دووبارە دکەین و جەژنا

هەموویان پیرۆز بیت.

جڤاتا وەزیرێن هەرێما کوردستانێ

14.4.2015

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 684

## مەرجێن پارتیا کارکەرێن کوردستانێ بو پێڤاژویا ئاشتیێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20141229220955118558

شەش مەرجێن پارتیا کارکەرێن کوردستانێ بو پێڤاژویا ئاشتیێ:
١ - دابەشکرنا تورکیا ل سەر ٢٥ ئەیالەتا
٢ - ئازادکرنا ئوجالانی.
٣ - دان و ستاندنا مافێ خوەسەریێ
٤ - ئینانا سەروکێن ئەیالەتا بو پارلەمەنتویا تورکیا
٥ - ڤەشارتنا مافاێ خوەسەریێ
٦ - دروستکرنا هێزێن ئاسایشێ بو هەر ئەیالەتەکێ

تایبەتمەندیێن بابەتی

بەلاڤکەر: بلاوکراوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 685

## نامەیا ئوجالان ل نەوروزا ٢٠١٥ێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20150323143816120648



ئەز نەوروزا هەمی گەلێن مە ، گەلێ مە یێ پشتەڤانێ ئاشتیێ و هەڤالێن مە سلاڤ دکەم ، مایتێکرنەکا بلەز پێدڤیەکا بەرپرسیارەتیا رەوشتی ، سیاسی و باوەرییێن مە یێن دینی یە .
بەرهنگاریا ئەم رێڤە دبەین ئەڤروکە د ئاستەکێ هەستیار دایە ، کا چەوا بەرهنگاریا مە یا چل سالی ئەوا ب نەخوشی دەرباز بووی ڤالا نەچوو وەسا گەهشتیە ئاستەکێ بەردەوامی پێ نەهێتە دان.
د سەردەمێ ڕاگەهاندنا بەیاننامە دەهـ ماددەی ئەوا بو مە هاتی دیار کرن ل کوچکا دولماباخچە ، ئەم بەرامبەری دەستپێکرنا سەردەمەکێ نوی نە، ئەز دبین کو دڤێت پارتیا کارکەرێن کوردستانێ کونگرەکی بکەت دا کو خاباتا چەکداریا دژی کومارا تورکیا دکەت بو دەمێ ٤٠ سالە ب دویماهی بینیت.
دڤێت کونگرە بهێتە بەستن و سەردەمەك نوی دەست پێ بکەت، دڤێت دەست ب هەڤوەلاتی بوونا دەستوری ، ژیانا ئازاد و یەکسانی بهێتە کرن

، ئەم یێ د سەردەمێ ئاشتیێ دا پشتی شەڕی.
دگەل کونگرەی دێ سەردەمەك نوی دەست پێ کەت ، د سەردەمێ نوی دا د ناڤ کومارا تورکیادا ئەم دێ چین د سەردەمێ ژیانا د ناڤ ئاشتیێ دا و برایەتی وەك جڤاکەك دیموکراتیك ، خودان ناسنامەیەکا دیموکراتیکی د بنەمایێ هەڤوەلاتی بوونا یەکسانی یا دەستوری و ئازاد.
ئەم بەرەڤ پاشەروژەکا ب ئاشتی دچین و دەرباز دبین ژ ڕابردوویێ تژی شەڕ و پێکدادان یا مێژوویا کوماری یا نوت سالی، یا هەژی مێژوویا راستەڤینەیا نەوروزێ ئەم سلاڤ دکەین.
دویماهیك زورداری ب دیمەنێ داعش پەیدا بوویە ، ئەڤ رێکخراوا ڕامانا دڕندایەتییێ زەحمەت دئێخیت ، بێی بەرچاڤ وەرگرتنا ژن و زاروك زوردارییێ ل خەلکێن دەڤەرێ دکەت و کوشتارێن هوڤانە ئەنجام ددەت ، ب رێکا ئەڤرو ئەز ژن و گەنجا گازی دکەم کو پتریا ڤێ زورینەیا کومبوونێ پێك دئینن ئەکتیف بن د بەرهنگاریا یەکسانی و ئازادیێ دا و هوین سەرکەڤن.
سلاڤ ل کوبانی
هەروەسا سلاڤی سەرکەفتنا بەرهنگاریا کوبانی ئەوا بو دەڤەرا مە و بو جیهانێ ژی ڕامانەکا مەزن هەی دکەم ، ئەز سلاڤی گیانێ ئەشمە بکەم کو سەمبولەکێ مێژوویا نوی یە دناڤبەرا گەلێن مە دا، ئەڤە گازیەکە بو دووبارە نویژەنکرنا ڤەژەنا جڤاکی ، بژیت نەوروز ، بژی براتیا گەلان.
عبدللە ئوجالان - زیندانا ئیمرالی

تایبەتمەندیێن بابەتی
زمان - شێوەزار: ک. باکوور
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 686
## نامەیا نەوشێروان مستەفا بو ئەندامێن فراکسیونا گوران ل پەرلەمانێ کوردستانێ
http://www.kurdipedia.org/?q=2012012813101564080
بەرێزان.. ئەندامێن فراکسیونا گوران ل پەرلەمانێ کوردستانێ
پشتی رێز و سلاڤا

ئەز وەکو کەسەک من بەشداری د دروستکرنا لیستا گوران و بزاڤا گوراندا کری هەروەسا وەکو هاولاتیەکێ کوردستانێ، ئەز مافی ددەمە خو ئەز ڤێ نامەیێ ئاراستە بکەم:

ئەڤە زێدەتر ژ دوو سالە وەکو نوێنەرێ سەدان هزار هەڤوەلاتیا ل پەرلەمانێ کوردستانێ هەوە سویند خواریە، ژ بەری هوین ببن ئەندام پەرلەمانی هەوە ل بەردەم رایا گشتی سویند خواریە کو پابەند بن ب پەیام و کارناما لیستا گوران، خەلکێ کوردستانێ ل سەر بنەمایێ پەیمانێن لیستا گوران دەنگێ دا هەوە و مە.

من و هەڤالێن خو ب شانازی ناڤێن خو دان دگەل ناڤێن هەوە دا کو پێکڤە باوەریا خەلکێ ب دەست بینین، د هەوا هەلبژاتناندا هەڤوەلاتی ب هێڤیەکا مەزن کەفتنە سەر جاددەیا، چوار هزار هەڤوەلاتی ژ ئەگەرێ پشتەڤانیا لیستا گوران هاتنە سزادان و هزاران لایەنگرێن گوران روی ب روی هێرشێن کوشتن و زیندان و قوتانێ بوون، بەلێ ئەو بەردەوام بوون و خوبەخش بوون بو پشتەڤانییێ، هزارەهان پێشمەرگەیێن کەڤن، سەدان چاڤدێرێن خوبەخش ل سەر سندوقێن

دەنگدانێ، سەدان روژنامەڤان، نڤێسەر، هونەرمەند و کەسانێن چالاک پشتەڤان بوون، هەڤالان ل روژناما روژنامە، ل تەلەڤزیونا کەی ئێن ئێن، رادیویا گوران، مالپەرێ سبەی، کەنالێن کومپانیا وشە... مەزنترین کەمپینا راگەهاندنێ بو هەلبژاردنا ساز دا. چەندین داهێنانێن نوی پیشکێش کرن، ئازادیا خو بەخشین بو سەدان هزار هەڤوەلاتیا ژ پیخەمەت ب ئازادانە بەشداریێ د هەلبژاتنناندا بکەن، و ب ئازادانە دەنگ بدەن .

هەلبەت ئەم هەتا نوکە ژی ئومێدا مە ب هێزە ب هەوە، ئەم دزانین هوین پێگرن ب هێلێن گشتیێن بزوتنەوەیا گوران، ئەم کا چەوا پێخوشین بچینە پەرلەمانی هەروەسا ب ئومێدین ل نوکە و ل پاشەروژێ وەک کەسایەتیەکا بلند د ناڤ خەلکێ دا بمینن، بلا ئەڤە ژی ل دەڤ هەوە روهن بیت، نە ئەم و نە هەڤالێن مە، نە ژی هەڤوەلاتیێن کوردستانێ حەسویدیێ ب هەوە نابین، چاڤێ مە ل ئیمتیازاتێن هەوە نینە، بەروڤاژی گەلەک جارا مە دەست خوشیا هەوە یا کری، مە شانازی ب هەڤالینیا هەوە بریە، چەندین جارا ل چەندین هەلکەفتا مە پەسنا هەوە یا کری، مە هوین زانینە وەکو ئێکەم پلەیا خەباتا پەرلەمانی، بەلێ پشتی ژ دوو سالا زێدەتر دەمێ هندێ هاتیە چەند پەیڤا بێژم:

من ل ژیانا پێشمەرگایەتیێ هەتا نوکە شێرە ژن و جوامێر ب هندێ تاقیکرینە کو ل بەردەم پارەی و پوستا خوراگر بن و چوکێ ڤەنەدەن، دەمەکی ل خەلکێ هەڵ ببیت ل خو نەگهورن و خەلکێ ل خواری خو نەبینن، ناڤەشێرم هندەک ژ هەوە د ئێکەم تاقیکرنێ دا لاواز دەرچوون، ل بەردەم شوقە و ڤیلا و ترومبێل و زێرەڤان و ئیمتیازا خوراگر نەبوو، بەلێ هەتا نوکە من ل چ ئورگانێن رەسمیێن بزوتنەوەیا گوران ب رەسمی لومە ژ هەوە نەکرینە، من د پەروەردا سیاسی دا حەز ل ئاموژگاری و وەعزا نینە.

من حەزا هندێ ژی نینە کو کەسێ ژ ترسا من یان ژ ترساندنا رێک و پێکیا حزبێ ژی نینە، بەلکی ترسا هندێ یە کو هەڤوەلاتی ژ مە دویر بکەڤن و ترسا موحاسبەیا وژدانا خو بکەت،من باوەری ب وێ پەندا هندیێن سور هەیە کو دبێژن:

ل دەمێ خودانکرنا زاروکی دا ل خو بگەڕهە کا دێ چەند جارا خەلەتیا کەت و باجا خەلەتیێ بدەت، وی دەمی دەستێ وی بگرە و چەند گوتنەکا بێژیێ.

نوکە پشتی چەند خەلەتیێن هەین، هەوە ب خو ژی ژ بەر وان خەلەتیا هەوە باج دا، من دڤێت ل دەڤ هەوە روهن بیت کو بزوتنەوەیا گوران ئامادە نینە باجا خەلەتی و تەماعی یا هیچ کەسێ بدەت، خو ئەگەر روناهیا چاڤێ من ژی بیت، چونکی ئەگەر بێخنە گوشەیەکێ و مە ئاگەهدار بکەن دناڤبەرا سومعەتا بزوتنەوەیا گوران و ژ دەتدانا باوەریا سەدان هزار هەڤوەلاتیا ژ ئەگەرێ دەرکرنا چەند ئەندام پەرلەمانتارا، بێ دوو دلی دێ یا دووێ هەلبژێرم، بەلێ هێشتا نەچووە و د دەمێ ڤێ سالێ و چەند هەیڤەک ماین هوین ژ پەرلەمانی ب خو بچن ڤان کارا بکەن:

– 1ئەو ئەندام پەرلەمانێن گوران کو داخوازیا کرین و تاپوکرنا شوقە و ڤیلایێن پەرلەمانی کرین، مە ئاگەهدار کربوون کو ب رونکنەکێ داخوازێ لێبورینێ ژ خەلکێ کوردستانێ و دەنگدەرێن خو بکەن، چونکی وانا پەیمان دابوو بەرگریێ ژ مافێ گشتی بکەن نەک ژ ئیمتیازاتێن خو، بەلێ ئەڤە نەکر، دڤێت دەست ژ کارێ خو بکێشن، ئەگەر نە ئەم بو رایا گشتی دیار دکەین کو ئەو ئەندام پەرلەمانێن گوران نینن و پێگر نەبوون ب پەیمانێن هەلبژارتناندا.

- 2فراکسیونا هەوە بلا پروژە یاسایەکی پێشکێش بکەت بو کێمکرنا مووچەیێ ئەندام پەرلەمانا و هەمی ئەو ئیمتیازاتێن وەکی ترومبێل، شوقە و ڤیلا نەدەن ئەندام پەرلەمانا، کو مووچەیێ ئەندام پەرلەمانی وەکهەڤ بهێتە کرن لگەل بلندترین مووچەیێ فەرمانبەرەکێ حکومی، مەبەستا من ئەو فەرمانبەر نینن یێن پلەیا تایبەت هەین.

– 3بلا فراکسیونا هەوە پروژە یاسایەکی پیشکێش بکەت بو هەلوەشاندنا خانەنشینا ئەندام پەرلەمانی، هەلوەشاندنا هەمی ئەو یاسایێن کو ئەندام پەرلەمانی د ژیێ خانەنشینیێ دا خزمەتا

مەدەنی پێ دهێته خانەنشین کرن، پروژە یاسا بلا گەرەنتییێ هندێ بدەت کو ئەندام پەرلەمان بگەڕیته سەر کارێ خو یێ ژ بەری ئەندام پەرلەمانیێ، ئەوێ کار نەهەی بلا بو دەمێ سالەکێ مووچە پێ بهێته دان هەتا کارەکی بو خو ببینیت، ئەڤ پروژە یاسایە د بەرژەوەندیا خەلکێ دا یە چونکی ئەندام پەرلەمان دهێته هاندان کارێ باش بکەت دا کو جارەکا دی باوەریا خەلکێ وەربگریت و ببیتە ئەندام پەرلەمان ڤە.

– 4فراکسیونا خو ل سەر چەند گروپەکا دابەش بکەن (وەکی نموونە پێنج گروپ) حەفتیانە هەر پێنج گروپا سەرەدان پێنج ناڤچەیێن جیاوازێن کوردستانێ بکەن، ژ نزیک گوهێ خو بدەنە داخواز و پێشنیارێن خەلکێ، پێشنیار و داخوازێن وان ب نڤێسین ببەنە بەر دەستێ بەرپرسان و بەرپرس و یەکەیێن ئیداری و وەزیرا، نوسخەیا ژی لێ بدەن ب سەروکێ پەرلەمانی و د لژنان ژی دا دویڤداچوونێ ل سەر بکەن، هەر گروپەک بلا حەفتیانە راپورتا خو بدەتە (سەید عومەری سەید عەلی) کو کومکەرێ فراکسیونا هەوەیە، د راپورتاندا وێ ژی تومار بکەن کی ئامادە نەبوو و ئەرکێن خو نەکرینە و عوزرا وی چ بوو، هەروەسا وەک د پروژە دەستورێ بزوتنەوەیا گوران دا هاتی، کو بو هەرئەنجومەنەکێ باژێرەکی ئەندام پەرلەمان دا هاتیە دانان ل سەر پێدڤیە وی ئەرکی ژی جێبەجێ بکەت.

– 5ب تاک و بەلاڤە پروژەیی پێشکێش نەکەن، پێکڤە ب شیرەت لگەل کومکەر و ژوورا یاسایی و ژورا ئابوری، ژوورا ڤەکولینا سیاسی پروژەیی پێشکێش بکەن بزانن گونجایە لگەل کارناما گوران یان نە،هەر پروژەیەکی ژی دەمێ خو هەیە.

– 6مالپەرێ رەسمیێ یێ بزوتنەوەیێ و راگەهاندنا مە د راسپێرم ب گرنگیدانا چالاکی و پروژەیێن فراکسیونا هەوە، بەلێ دڤێت ئەڤە ژی ل دەڤ هەوە روهن بیت کو هوین چووینە د ناڤ پەرلەمانی دا دا کو پتر نێزیکی خەلکێ بن نەک هەردەم د راگەهاندنێ دا دەرکەڤن، ئەم ژی وەکو بزوتنەوەیا گوران ژبلی مە دوو فراکسیونێن دی هەنە، نێزیکی دەه ژوور و چل ئەنجومەن ل کوردستانێ داخوازێ ژ مە دکەن چالاکیێن وان تەختیە بکەین، بەلێ ئەم دگەهینە چالاکیێن گرنگر، باوەری مە ب کارمەندێن راگەهاندنا خو هەیە کو ب دلسوزی بو بزوتنەوەیا گوران و بەرژەوەندیا خەلکێ کار دکەن.

ل دویماهیێ... ئومێدهوارم ل بەر روناهیا ڤێ نامهیێ، لاپەرەکێ نوی ل ژیانا خو و ل ژیانا خەباتا پەرلەمانی ببنە سەر، ب سەربەرزانە بچنە ناڤ خەلک و دهنگدەرێن خو، ئەز و هەڤالێن خو پشتەڤانێن هەوەینە، هێڤیا هەمی باشیان بو هەوە دخوازم و هەر بژین.

ل جهێ بزوتنەوەیا گوران
هەڤالێ هەوە
نەوشیروان مستەفا
23/1/2012

تایبەتمەندیێن بابەتی
پارتی: گۆڕان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 687
**Lîsteya Damezrênerên PAKê**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150117211947118886

1. Abdullah Özten
2. Abdulmecit Hezer
3. Abdurahman Ecer
4. Abdurahman İnal
5. Abidin Akkoyun
6. Abit Bayram
7. Adnan Özbingöl
8. Adnan Yıldız
9. Ahmet Boğa
10. Ahmet Çetinok
11. Ahmet Mirza Eyüpoğlu
12. Ahmet Nergiz
13. Ahmet Toprak
14. Ali Buran
15. Ayşe Roza Kaplan
16. Aziz Özdemir
17. Bahattin Ayaz
18. Bedran Acar
19. Behzat Baskın
20. Bilal Görgü
21. Birsen Özbey
22. Cemil Aydemir
23. Cengizhan Güngör
24. Cesim Türköz
25. Cevdet Ayaz
26. Ercan Sezgin
27. Eyüp Kıran
28. Eyüp Alacabey
29. Fahrettin Tütüncü
30. Faiz Eşin
31. Ferman Laçin
32. Feyat Bakay
33. Fırat Bayram
34. Fikri Işık
35. Giyasettin Özbey
36. Hacı Açar
37. Hamza İşlek
38. Hanifi Turan
39. Hatip Yapıştıran
40. Hayrettin Alp
41. Hikmettin Ata
42. Hüsamettin Acar
43. Hüsamettin Turan
44. Hüseyin Kızıltaş
45. İbrahim Baykal
46. İdris Anık
47. İhsan Zoroğlu
48. İsmail Ediş
49. İsmet Elçi

50. İzzettin Bayram
51. Kadir Budak
52. Kasım Ergün
53. Kenan Bağlık
54. Kutbettin Yıldız
55. M. Ali Yıldırım
56. M. Feyyaz Ekmen
57. Mehmet Ali Akın
58. Mehmet Ali Yılmaz
59. Mehmet Aydın
60. Mehmet Bilen
61. Mehmet Burhan Geçit
62. Mehmet Dilan
63. Mehmet Dörtyaman
64. Mehmet Emin Baltaş
65. Mehmet Gül
66. M. Kasım Kahramaner
67. Mehmet Mert
68. Mehmet Nasır Yaşasın
69. Mehmet Nuri Canpolat
70. Mehmet Nuri Erdoğan
71. Mehmet Salih Kılıcaslan
72. Mehmet Salih Özgökçe
73. Mehmet Tahir Bilik
74. Mehmet Tanrıverdi
75. Meral Kahramaner
76. Mesut Yaşar
77. Mizgin Ekmen
78. Mirza Akar
79. Muaz Ayas
80. Mustafa Dora
81. Mustafa Kanbal
82. Mustafa Kılıç
83. Mustafa Özçelik
84. Nesrin Askar
85. Nihat Akar
86. Nimet Aydin
87. Niyazi Çetinok
88. Nuri Sınır
89. Nurullah Fikri Timur
90. Nusret Taş
91. Orhan Kaya
92. Osman Çınar
93. Osman Tatar
94. Ömer Aksu
95. Ömer Erdem
96. Ramazan Kahramaner
97. Ramazan Yalçın
98. Reşit Sönmez

99. Rıfat Barış
100. Salih Kaplan
101. Serap Aldemir
102. Serhat Aba
103. Seval Mert
104. Seyda Alpşen
105. Seydo Kinno
106. Siracettin Kırıcı
107. Süleyman Alış
108. Süleyman Damar
109. Şaban Aslan
110. Şaban Çıkman
111. Şakir Tutal
112. Şehmus Ünal
113. Şirin Ağahatun
114. Şuayip Adlığ
115. Vahit Aba
116. Yemlihan Özkan
117. Zeki Bayır
118. Zeki Sönmez
119. Zozan Özgökçe

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 688

## 11 september 2013 KCK Statement

http://www.kurdipedia.org/?q=20130911214805888l3

TO OUR PEOPLE AND THE PUBLIC OPINION

The offences and coercion policies the AKP government used to apply in Kurdistan are now being put into practice all over Turkey. In all demonstrations one or two demonstrators are intentionally killed. According to the estimations of the AKP, they would be able to suppress the social opposition this way. In order to oppress the opposition the AKP government has not only increased the number of police forces but also has equipped them with new sophisticated techniques. Turkey has been transformed into a police state.

The police state has committed its last crime in Hatay by killing Ahmet Atakan. Using violence against the student demonstrations in ODTU (The Middle East University of Technique) was protested in Hatay and many other places. The police attacked these protests again. While protests are going on against police attacks, the police is insisting on attacking the protesters. In fact, the police is attacking any demonstration of any scope, just reminding everyone of the bull and the red rag. In the last days the offences of the police against the Alevis, protesting assimilation plans, clearly showed the government’s approach towards any democratic demonstrations. The AKP government is

suffering the Gezi Park Syndrome. It is afraid that leaving the demonstrations unsuppressed will result in a new Gezi Park resistance which can result in the overthrow of the government.

The AKP government, which did not take any steps towards democratization and the settlement of the Kurdish question, is in fear of the unity of the democratic circles in Turkey with the Kurds' struggle for democratic settlement. It is trying to get rid of that fear by getting the police attacking the people. The AKP government is behaving like all those power circles devoid of a democratic mind-set. In order to strengthen its hegemony, the government has preferred upgrading the level of suppression to taking democratization steps and reconciling with the society.

Our Movement halted the withdrawal of the guerrillas due to the hegemonic mindset of the AKP which turns a blind eye on the democratization of Turkey. It will upgrade the democratic struggle to ensure taking democratization steps. Therefore it will support the democratic struggle of democratic circle in Turkey. It will side with freedom and democracy forces against the offences of AKP on the opposition. It will unite the Kurdish people's freedom and democracy struggle with the Turkish peoples' democratic struggle. It will continue this struggle until the AKP government takes serious democratization steps and resolve the Kurdish question.

We condemn strongly the police offences in Hatay and renew our position of siding with the people of Turkey and democratic circles. We call on the Kurdish people to upgrade their freedom and democracy struggle shoulder to shoulder with democratic forces in Turkey and fulfill their responsibilities with regard to the democratization of Turkey and settlement of the Kurdish question.

At a time when cemeteries are being attacked, dams are being built with the purpose cultural genocide, the KCK detainees and ill prisoners are not being freed, the freedom of Kurdish People's Leader has not been ensured, education in the mother tongue and the right of self-rule are still rejected, and the police is still attacking the people, we call on the Kurdish people to promote the level of their serhildans (uprisings) until the democratic demands are met and the offences come to a halt.

THE COPRESESIDENCY OF KCK EXECUTIVE COUNSIL

11 SEPTEMBER 2013

Items Property

North Kurdistan Country - Province:

GB English Language - Dialect:

Kurdistan Workers Party PKK Party:

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 689

## AN OPEN LETTER TO THE GUARDIAN

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012216352586558

